**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢

١٩٩٤ ـ بەرگی دوانزدەیەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

**له بڵاوكراوه‌كانی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

**ناوی كتێب: ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**پرۆتۆكۆله‌كانی ١٩٩٤ـ به‌رگی دوانزده‌یه‌م**

**چاپی یه‌كه‌م: ١٩٩٨**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**ژماره‌ی سپاردنی به‌ كتێبخانه‌ی نیشتمانیی هه‌رێمی كوردستان: ٢٠٧**

# پێرست :


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٦ ــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٧ ــــــ ل٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٨ ــــــ ل٧٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٠ ــــــ ل١٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٢٥ ــــــ ل١٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/٩ ــــــ ل١٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/١١ ــــــ ل٢٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/١٢ ــــــ ل٢٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/١٦ ــــــ ل٣٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/١ ــــــ ل٣٥١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢ ــــــ ل٣٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٤ ــــــ ل٤١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٦ ــــــ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٧ ــــــ ل٤٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٣ ــــــ ل٤٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٤ ــــــ ل٥٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٥ ــــــ ل٥٥٣


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٧ ــــــ ل٥٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٩ ــــــ ل٦٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٠ ــــــ ل٦٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢١ ــــــ ل٦٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٢ ــــــ ل٦٧٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی کردنەوەی
# خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤

سێ شەممە ڕێکەوتی ٦/٩/١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی كردنەوەی
# خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤
## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٩/٦

***كات ژمێری (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٩/٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆك نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی كردنەوەی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكەی چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

**بەرنامەی كار:**

ڕێ و ڕەسمی كردنەوەی خولی دووەمی ساڵی سێیەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ئەم دانیشتنەمان دەست پێ دەكات.

**بەڕێز كاك مەسعود بارزانی.**

**بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی.**

**بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

بە بۆنەی كردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ی پەرلەمانی كوردستانەوە گەرمترین بەخێر هاتنتان دەكەین. هیوادارین ئەم خولە خولێكی سەركەوتووبێت لە ئیش و كارەكانیدا چونكە ئەركی تایبەتمەندمان لە پێشە. بەڕێزان هەر وەكو ئاگادارن لە ماوەی خولی ڕابردوو و دژ بە هەست و خواستی هەموومان، دژ بە هەست و خواستی خەڵكی خۆراگری كوردستان هەر لە سەرەتای مانگی ئایارەوە تووشی شەڕێكی خۆ كوژی بووین، قوربانییەكی زۆر درا چ بە لەدەست دانی سەدەها پێشمەرگە و هاووڵاتی بێ تاوان و گرتن و ئەشكەنجە دان و تاڵان كردن وراونان و ئاوارە كردنی هەزاران كەس و خێزانی كوردی بێ چارەو بێ گوناه و، چی بەفیڕۆ چوونی سەرو سامانێكی زۆری

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەبوایە بۆ ئاوەدان کردنەوە وگەشە پێدانی ولات و بوژاندنەوەی ژیانی خەلکی خۆڕاگری کوردستان بەکار هێندرابان بە تایبەتی بۆ خێزانی شەهیدان و مووچە خۆران و خانەنشینەکان و ئاوارەو لێ قەوماوان، هەروەها ئەو شەڕە خۆ کوژییە بووە مایەی گرژ بوونی ژیانی ئاسایی و کزبوونی تەبایی و، هەژاندنی بنیاتی دامەزراوو کۆمەلگای دیموکراتی و تێکچوونی باری ناوخۆ زەمینەیەکی باش و لە باری خولقاند بۆ کەسان و تاقم و توێژی شەڕخوازی بەکرێ گیراوی شرەخۆر، چونکە لەو ماوەیەدا ئەوەی خوداو ئاین و بناماکانی مرۆڤایەتی و ویژدان نەفرەتی لێ کردووە رووی دا، لەو ماوەیەشدا ئەم ولاتە، بووە گۆڕەپانێکی تاقی کردنەوەی هەمە جۆری، هەموو جۆرە کردەوەیەکی نامەسئوولانە و ناخۆش و قولّ کردنی گیانی رق و کینەو دوو بەرەکی، تۆلّەو تالانن. سەرباری ئەو هەموو تاوانانەش کێشەی کوردو ئەزموونەکەمان کە هەمیشە خۆمان و ئەوانەی پشتیان ئەگرتین شانازیمان پێوە ئەکرد کەوتە کێشەیەکی پڕ مەترسی و ئیحراجێکی زۆری دروست کرد بۆ دۆستانمان، هەلّبەتە ئەم جۆرە کردەوانە جێگای دلّخۆشی وگەشبینی دوژمنانی کورد بوون کە هەمیشە لە پیلان و ئۆین بوون و خەونیان بە رۆژێکی واوە ئەبینین ئەوەی رەچاو نەئەکرا ئەوە بوو کە قوربانی مالّ وێرانی و نەفرەتی خەلّکی کوردستان دژ بەو شەڕەو، رەنگ دانەوەی سەلبی ئەو کارەساتە لەسەر کێشەی کورد لە دەرەوەی ولات و لە لای لایەنەکان بە تایبەتی و خەلّکی کوردستان بەگشتی شاراوە نەبوو، کەچی ئەو ئاگرە، رۆژ بە رۆژ گەرمترو مەیدانەکەشی فراوانتر دەبوو سەرەڕای هەولّێکی زۆر لە لایەن هێزەکانی نێو بەرەی کوردستانی و هێزی خەلّکی بەشەرەفی کوردستان، رێکخراو و کۆمەلّە و کەسانی کورد لە دەرەوەی ولات و هێزە سیاسییەکان و کەسانی عێراقی و گشت دۆستانی کورد، بەتایبەتی دۆستی بەوەفاو خەم خۆرمان مادام میتران و چەندەها پەرلەمانتارو کەسانی تری رۆژ ئاوایی، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو رێککەوتننانەی کە ئیمزا ئەکران و هەرچەندە شەڕ جار بەجاریش رائەوەستا، بەلاّم ئاگرەکەی هەر بەگڕتر ئەبوون وەکو پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی کۆتایی مانگی شەشی ئەمسالّ ئاماژەمان بۆ ئەو هەولاّنە کرد و سوپاسی گەرمان کردن، ئێستاش جارێکی تر رێزو پێزانینمان دوو پات ئەکەینەوە سوپاسی هەموو لایەک ئەکەین.

بەڕێزان، وەکو ئاگادارن پاش زنجیرە کۆ بوونەوەکانی مانگی شەش و سەرەتای مانگی حەوت، ئێوەی بەڕێز گەیشتنە ئەو قەناعەتە ئەبێ چیتر مەجالی ئەم کارەساتە نەدەین و چیتر ماوەی ئەوە نەدەین ئەو کێشەیە بەرەو هەلّدێر بمانبات، ئەوە بوو هەلّوێستی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی ٧/٢٥ لە (١٩) خالّدا کۆکرایەوە. بەتێکرایی دەنگ بەرنامەی ئاسایی کرنەوەی کوردستان خرایە پێش بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال و لایەنەکان و خەلّکی بەشەرەفی کوردستان شان بە شانی ئەوەش لە کاتی گەرمەی شەڕو پێکداداندا دوو وەفدی پەرلەمانی کە بریتی بوون لە زیاتر لە

( ٤٠ ) ئەندامی پەرلەمانی چوون بۆ سەردانی تەوەرەکانی شەڕو، بۆ ئەو جێگانەی کە ئاڵۆزن. یەکەمیان بەسەرۆکایەتی بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی و دووەمیان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک حازم یوسفی پاشانیش وەفدێکی تر بۆ تەوەری شەقلاوە و چۆمان چوون کە بەسەرۆکایەتی کاک عەبدولخالق زەنگەنە بوو، بە هاوکاری سەرۆکایەتی لایەنەکان وهەستی بەرزی بەرپرسە مەیدانییەکان وتەدەخولی راستەوخۆی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود شەڕو پێکدادان ڕاگیراو دەرفەتێکی باش رەخسا بۆ دانیشتنی نائاسایی (٨/١٥ )ی پەرلەمان کە لەو دانیشتنەدا پەرلەمانی کوردستان لەسەر پێشنیاری هەردوو وەفدی پەرلەمان یادداشتێک پێشکەش بە بەڕێزان کراو دانیشتنی ٨/١٥ بە هەڵوێستی ئێوەی بەڕێزو بە بەدەنگەوە هاتنی هەردوو بەڕێزان، هەر لەسەر هەمان رێباز زەمینە خۆش کرا بۆ دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٨/٢٨ دا بوو، هۆی ڕاگەیاندنی یادداشتی حکومەتی کوردستان و پشتگیری پەرلەمان لە هەڵوێستی ئەنجوومەنی وەزیران، پاشان ئەو زنجیرە کۆبوونەوانە بەسەر پەرشتی هەردوو بەڕێزان و لە پەرلەمانی کوردستان و لە ئەنجوومەنی وەزیران و پشتگیری و بەدوادا چوونی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان و دۆستانی گەلەکەمانیشی بەسەردا هاتن، لە زنجیرە کۆبونەوەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستانیشدا لەو بارەیەوە چەندەها بریاری وەرگیراوە، کە هەنگاوی باش نراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارانە لەوانە دامەزراندنی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگاکان بە سەرۆکایەتی پارێزگارەکان ئەو کارەش بەردەوامەو لەو میانەوە چەندەها بریاری باشیان وەرگرتووە، هەروەها دامەزراندنی لیژنەیەکی سەربازیی باڵایش بۆ سەرپەرشتی کردنی لیژنە سەربازییەکان شارو شاروچکەکان، بۆ دەستنیشان کردنی جێگای هێزەکان، لە دەرەوەی شار و شارۆچکەکان و چۆڵ کردنی هەموو شارو شارۆچکەکان لە هێزی چەکداران و، خۆش بەختانە دوێنێ ئێوارە لیژنەی سەربازیی باڵایش لەگەڵ لیژنە فەرعیەکاندا گەیشتن بەبریاری تەواو و، هەموو ئەو جێگایانە دەستنیشان کرا و قەولە ئەمرۆ دەست بکەن بە ئاسایی کردنەوە و، لەماوەی پێنج ڕۆژدا ئەگەر خوا حەز بکا ئەبێ ئەو کارە ئەنجام بدرێ، دەستنیشان کردنی ژمارەی جێگای بارەگا سیاسییەکان و لایەنە سیاسی یەکان و رێکخراوە جەماوەریەکانیش لەشارو شارۆچکەکاندا لە لایەن لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگاکانەوە ئەویش لە زۆر پارێزگا ئیشی بۆ کراوە، بە تایبەتی لە هەولێر وابزانم زۆر جێگایان دەستنیشان کردووە ئەویش ماوەیەکی بۆ دانراوەو قەولە لە ماوەی هەفتەیەک ئەنجام بدرێت، هەروەها گەڕانەوەی ئیداراتی کوردستان و کارمەندانی بۆ سەر ئیشوکاری خۆیان کە کۆبوونەوەی پێری بریارێک وەرگیرا بۆ ئەوەی ئەو کارمەندانە هەمووی لە ماوەی هەفتەیەکدا بگەڕێنەوە، وابزانم بۆ ئەوەش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بریاری تایبەتی دەردەکا بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە بووە هۆی رووداوەکان، گەڕانەوەی بارەگای لایەنەکان بۆ شارو شارۆچکەکانی

کوردستان و گەڕانەوەی لێ قەوماو دەربەدەرەکان بۆ جێگای خۆیان، بەرەڵلا کردنی دیل و گیراوەکان، راگرتن و قەدەغەکرنی هەموو جۆرە گرتن و تالآن و راونان و چوونە سەر مالآن و کەفالەتی سیاسی بۆ ئەمەش لەڕاستیدا بە تایبەتی بۆ خالّی دوایی ئیجرائات باش کراوە و زۆر لە وانەی کە گیراون بەرەڵلا کراون، وابزانم شتێکی وانەماوە لەلای لایەنەکان و دوێنێ بەڵێن درا ئەوەی کە هێشتا کەسێکی بەگیراوی ناوەکان بدات بە لیژنەی ئاسایی کردنەوە.

بەرێزان، ئەبێ ڕووداوەکانی ئەمساڵ بکرێن بە دەرس و عیبرەت و بنەمایەک بێ بۆ نەهێشتنی دیاردەی پەنابردن بۆ چەک و شەڕو پێکدادان و، گرتنە بەری ڕێبازێکی روون ئاشکرا بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانەو سارێژکردنی شوێنەوارەکانی و پتەو کردنی گیانی هاوبەشی و ژیانی فرە حزبی و پێکەوە ئیش کردن بە ئاشتی، ئەبێ هەوڵ بدەین خوێنی کورد لە کورد حەرام بکەین. حکومەت و یاسا سەقام گیر بێت، هەموو ووزەو تواناکانمان بخەینەگەڕ، بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونەو چاک کردنی باری ژیانی خەڵکی کوردستان و ئاوەدان کردنەوەی ولآت و ساز کردنی باشترین دەرفەت بۆ کەم کردنەوەی بێ کاری، ئەبێت هاوولآتی کوردستان دڵنیا بێت لە ژین و ژیانی خۆیان رێزی یاساو دابونەریتی کۆمەلآیەتی و مرۆڤایەتی و ئایینی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و قەوارەی دیموکراسیمان بەتەواوەتی بگیرێت. لە خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤دا پەرلەمان جگە لە بنبڕکردنی شەڕو چەسپاندنی ئاسایش وگەڕانەوەی حکومەتی هەرێم بۆ سەر کاروباری خۆی وەکو حکومەتی سەر تاسەری هەرێم و، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی (٧/٢٥ ـ ٨/١٥)ی پەرلەمان و یادداشتی (٨/٢٥ )ی حکومەتی هەرێم، کۆمەڵێک شاکاری تر چاوەڕوانمان ئەکات لەوانەش پێش هەموو شت:

١ـ ئەوە مانگی نۆیە تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم میزانیەی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی ئامادە نەکراوەو پەسەند نەکراوە لە لایەن پەرلەمانەوە هەر چی بێت گیروگرفت پێویستە پەلە لەم کارە بکرێت و ئەم کێشەیە تاکو زووە تەواو بێت.

٢ـ چارەسەر کردنی باری ژیانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی هەموار کردنی مووچەی موچە خۆران و زیاد کردنی مووچەکەیان بە ڕێژەیەکی گونجاوی وا، کە لەگەڵ بارودۆخی ئابووری هەرێمدا بگونجێ و چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینەکانیش کارێکی پەلەیە و قابلی دواخستنی پێوە نەماوە.

٣ـ لەمەیانی هاوکاری و پشتگیری و بەدواداچوون و چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم خولە داکۆکی لەمانە بکات:

١ـ ئەنجام دانی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (٥) لە ١٩٩٢/٨/١ دەربارەی سەرژمێری لە کوردستان و، پەلەکردن لە دابین کردنی کەرەسەی ماددی و تەکنیکی و کۆمەک و هاوکاری دەرەوە بۆ ئەنجامدانی.

٢ ـ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کە ناسراوە بە ڕۆژی حکومەت و ئەم کۆبوونەوانە زیاد بکرێن

تاکو لەو ڕێگایەوە هەم پەرلەمان و هەم حکومەت و هەم خەڵکی کوردستانیش لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان و کاری هەردوو لایەن بن.

٣ ـ تەئکید بکرێ لە سەر جێبەجێ کردنی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان، لە پێشەوەی هەمووشیان یاسای حزبەکان و یاسای چەک و یاسای ڕێکخراو کۆمەڵەکان.

٤ ـ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ هەمواركردنی یاسای هەڵبژادن و بخرێتە بەردەمی پسپۆڕان و لایەنە سیاسی یەکان و ڕێکخراوەکان و خەڵکی کوردستان بۆ دەوڵەمەند کردنی، هەروەها هەموارکردنی یاسای ژمارە (٢)یش.

٥ ـ پەرلەمان بڕیار لە سەر نەهێشتنی دیاردەی دوو دەسەڵاتی لە دام و دەزگای هەرێم دا بدات.

٦ ـ پاش ئەم دوو ساڵە لە ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سێ یاسایە گرنگی خۆیان هەیە بە باشی ئەزانین پەرلەمان پەلە بکات لە ئەنجام دانی:

أ۔ یاسای دەستەی چاودێری دارایی کوردستان.

ب ـ یاسای ئەنجوومەنی نەخشەدانانی ناوەندی باڵای کوردستان.

جـ ـ یاسای ئەنجوومەنی ڕاژە (خدمة).

٧ـ کاتی خۆی بڕیار درا بوو دەست کاری لیژنەکانی ناو پەرلەمان بکرێت لە ڕووی چەندی و چونیەتیەوە، هیوادارین ئەمەش لەم خولە دا ئەنجام بدرێت.

٨ ـ یاسای پارێزگاکان بۆ قۆناخی ئەمڕۆی کوردستان لەوەیە پێویستی بە هەموارکردن هەبێت، ئومێدەوارین پرۆژەی پێویست ئامادە بکرێت و بتوانین لەم خولەدا بڕیارێکی لەسەر بدەین.

بەڕێزان، ئەمە چەند نموونەیەک بوو، چاوەڕوانی هیمەتی هەردوو ئەنجوومەن ئەکات، پرۆژەیەکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت. پەرلەمان هەمیشە هەوڵی داوە کاری حکومەتی کوردستان ئاسان کات و لە کاتی پرسین و لێ پرسینەوەشدا هەمیشە هەل و مەرجی ئەم قۆناغەو گیروگرفتەکان و کیشەی دەسەڵاتی لە وڵات دا ڕەچاو کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی بۆ کرابێ چاوی لە کەم و کوڕی ئەنجوومەنی وەزیران و دام ودەزگای ئیداراتی کوردستان نەپۆشیوە، ئەمەش مافێکی پەرلەمانە، یاسا بۆی دیاری کردووە و ئەگەر کەمتەرخەمی بکات گوناهبار ئەبێت. لەگەڵ ئەم ئەرکانە هەمووی، کێشەی ئاشتی و ئاسایش و چەسپاندنی یاساو نەهێشتنی دیاردەی چەکداریش لە وڵاتدا ئەرکی پیرۆزی هەردوو ئەنجوومەنە بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم بارەیەوە پەرلەمانی کوردستان بەردەوام ئەبێت لە پشتگیری کردنی ئەم ئەنجوومەنە هەرچەندە دوو دەسەڵاتی جیاوازن، بەڵام لە ڕاستیدا یەک تەواوکەری ئەوی ترن، ئەبێ لیژنەی بەدواداچونی بڕیارەکانی ٧/٢٥، ٨/١٥ی پەرلەمانیش بەردەوام بێت لەسەر کاری دیاری کراوی خۆی. بەڕێزان، ئەرکەکانی ئەم قۆناغەو خوێنی شەهیدانمان و خواستی خەڵکی کوردستان داوای دابین

کردنی ئەمن ئاسایش و نان و کارمان لێ ئەکەن، با پێکەوە دەست لە ناو دەست و پشت بە خودای مەزن و هاوکاریی هەموو دڵسۆزانی میللەتەکەمان و پشتگیری دۆستەکانی گەلی کوردستان بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە هەنگاوی جیددی بهاوێین.

بەڕێزان، لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا لە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان چوار خول بەستراوە لە ١٩٩٢/٦/٤ تاکو ١٩٩٤/٨/٣١ و(١٧٦) دانیشتن بەستراوە تەنها (٤) دانیشتنی داخراو بوو و (١١٧) یاساو بریار ئەنجام دراون. جگە لە کۆڕو دانیشتنی نا رەسمی، بۆ ئەمەش بەسەرپەرشتی جەنابی سکرتێری پەرلەمان برام کاک فەرسەت بەشی کاروباری ئەنجوومەن پوختەیەکی ئەو کارانە بە شێوەی پەرتوکێکی تایبەت ئامادە کردووە و بڵاو کراوەتەوە بەسەر هەموو ئەندامانی بەڕێزدا بۆ ڕێکخستن وگەشە پێدانی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکان و بەسەرپەرشتی جەنابی جێگری سەرۆک پەرلەمان برام کاک نەژاد دیارە بنەمای نەخشەیێکی باش ئامادە کراوە. زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ پشتگیری کردن و بەسەرکردنەوەمان جا ئێستاش بەڕێزان ئەگەر وتەیەک پێشکەش کەن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەبۆنەی خولی یەکەمی ساڵی سێیەم زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز کـــاک مـــســـعـــود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**خوشک و برایانی بەڕێز.**

زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەکەین، کە بە بۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی سێیەم و بە خۆش حاڵییەوە ئەتوانین بڵێین لە کاتێکدا ئەم خولە دەکرێتەوە کە باری کوردستان بەرەو ئارامی دەڕوات و شەڕی خۆکوژی خەریکە بنبڕ دەکرێت و ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەوەی، کە لە کۆتایی شەڕەکەدا پەرلەمان دەوری خۆی بینی، ئێمە زۆر سەربەرزین بەوەی کە پەرلەمان لە سێ چوار کۆبوونەوەی رابردوودا هەتا ئەگەر ناوی لێ بنێین دادگاش، دادگاییان کردین کە پێمان خۆشەو بۆ ئێمە جێی شانازییە، بەراستی لەو شوێنە موحاسەبە بکرێین ئەو شوێنە کە هەموو شتێکی لێ باس بکرێ ئەم شوێنەیە نەک شوێنێکی تر، لە بەر ئەوە هەرچی پەیوەندی بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە هەبێ لێرە باس بکرێ و بریاری لەسەر بدرێ، من نامەوێ درێژە بە قسەکان بدەم، تەنها ئەمەوێ جارێکی تر تەئکید بکەمەوە کە زۆر سەربەرزو خوشحاڵین بەم بارە تازەیە، کە لیژنەکانی «ئاسایی کردنەوە» کەوتوونەتە کارو بریاری زۆر چاکیان داوە وابزانم میللەتەکەش هەستی بەوە کردووە، کە ئەم جارە زۆر بە جیددییە، ئومێدەوارین کە پەرلەمان لەسەر چاودێری خۆی بەردەوام بێ ئەو بریارانەی کە لیژنەی ئاسایی کردنەوە دەری کردوون هەرچی زووترە جێبەجێ بکرێت لێرەدا تەئکید دەکەمەوە، کە ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە هیچ

کەسێک ناتوانێ سەرپێچی لەو بڕیارانە بکات، دەبێ ئەو بڕیارانە زۆر بە جیددییەوە زۆر بەپەلە جێبەجێ بکرێن و من دڵنیام کە بەهەمان دەستوور برای بەڕێزم مام جەلال بە برایانی یەکێتی ئەدات و من لەو قەناعەتەدام کە قواعدی هەردوولاو بەرپرسانی هەردوولاو میللەتەکە هەمووی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، کە جگە لە برایەتی و تەبایی و هاوکاری، ڕێگەی تر نییە و هەروەها من خۆشحاڵم، کە هەموو بەسینگێکی فراوانەوە ئەم جارە بتوانین بڵێین ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانییە، کە هەموو لایەنەکان، چ بزووتنەوە چ حزبەکانی تر هەمووی بگەڕێنەوە ببنە بەشێک لە کاروانی دیموکراتی لە مەسیرەی ئاشتی، چونکە هەرچییەکی بێ، ئێمە برای یەکین. ئەو کوردستانە هی هەموومانە ئەبێ ئاوەدانی بکەینەوە، نەوەکو ویرانی بکەین، هەروەها خۆشحاڵین کە لە دەرەوەش زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەڕواننە ئەم هەنگاوانەی ئەم دواییەوە ئومێدێک بۆ دۆستەکانیشمان دروست بۆتەوە، کە بڵێین میللەتی کورد ئەتوانێ چارەسەری کێشەکانی خۆی بکات وئیتر ئومێدەوارین، کە پەرلەمانیش وەکو هەمیشە بەرهەمی زۆر بێ و بەرهەمی زیاتر بێ، هەروەها لە نێوان پەرلەمان و حکومەتیش، هەر خۆشی بێت و خۆشتریش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی، بەڕێز مام جەلال با بفەرمووێ.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

**برای بەڕێزم جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان،**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. بەناوی خوای گەورەوە پیرۆزباییەکی زۆر گەورەتان لێ دەکەم، پیرۆزبایی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم کە بەراستی بۆتە ئەنجومەنی راستەقینەی نیشتمانیی کوردستان لەم دواییەدا بە تایبەتی لەم مانگەی دوایی دا سەلماندتان بۆ خەڵک کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەوری خۆی دەزانێت و پێ هەڵدەستێت و بگرە نەک هەر لە ئاستی بڕیاردان، بڕیاری باش دەرکردن دەوەستێ بەڵکو هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنیشیان ئێمە پشتیوانی بڕیارەکانتان بووین و پشتیوانی لێ دەکەین زۆریشمان پێ خۆش بوو کە بەشداریتان کرد لە جێبەجێ کردنی بەهۆی وەفدەکانتانەوە بەهۆی کۆبوونەوەکانتانەوە، بەهۆی دەوری رۆژانەو چاودێری رۆژانەتانەوە وە هیوادارین ئەم هەڵوێستانە دەوام بکات نێوانی حکومەت و پەرلەمانیش هەروا خۆش بێت و، بڕیارەکانتان وەکو یەک کە پێکەوە داوتانە بە چاودێری هەردوو لاتان جێبەجێ بکرێت، ئەو کۆبوونەوەیە مژدەی ئاسایی بوونەوەی بارەکەش دەداتەوە بەخەڵکی کوردستان بە دۆست و دوژمنانیش، دوژمنان بێگومان زۆریان پێ ناخۆش دەبێ مژدەیەکی کوردانەیان بۆ دەنێرین، دۆستانیش زۆریان پێ ناخۆش دەبێت بە تایبەتی ئەو وەفدانەی لەم دواییەدا هاتن و ئەو بارە تازەیان دیت زۆر بەگەشبینی یەوە گەڕانەوە

و دڵیان زۆر خۆش بوو بە ئاسایی بوونەوەی بارەکەوە وەکو کاک مەسعوود فەرمووی ئەمجارە وا دیارە بە هەموو لایەک بە راستیەتی کۆمەڵانی خەڵکیش خەریکن باوەڕ دەکەن کە بڕیارەکان جێبەجێ دەکرێن و، دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە کە (ی. ن .ک) بڕیاری دوایی ئەوەیە کە ئەوە دوا شەڕ بوو بێ لە کوردستان و، بەهیچ شێوەیەک جارێکی کە ماوەی شەڕ نەدرێت بۆیە زۆر باشە کە پەرلەمان بیری لەوە کردۆتەوە و، بیرەکەی بێنێتەدی کە یاسای تەحریم و تەجریمی شەڕی ناوخۆ دەکات و سزای بۆ دابنێت بە جۆرێک کەوا لەو شتانە بێت کە بە هیچ جۆرێک نابێ لە کوردستان رووبداتەوە و، هەموو ناکۆکیەکان و جیاوازیەکان بە رێگای برایانە و گفتوگۆ و رەخنەو، پێکەوە دانیشتن وبە یەک سەلماندن چارە بکرێ. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەو هەنگاوانەی ئەم دواییە سەلماندی کە لە کوردستان دیموکراسی زیندوە و، ئەو دیموکراسیەی کە ئێمە هەموومان هەڵمان بژاردوە بۆ جۆری ژیان و گوزەرانی خۆمان وامان لێ دەخوازێت وای گەرەکە کە هەموو ناکۆکیەکان و گیروگرفتەکان بە شێوەی دیموکراتی چارە بکرێن کە دەکاتە لە پێش هەموو شتێک وازهێنان لەچەک و توندو تیژی و بە گژیەکدا چوون، منیش هاوبیری کاک مەسعودم کە فەرمووی تاکە رێگا لە پێشمان رێگای برایەتی و ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیانە، رێگاکەی تر رێگای خۆکشتن و کورد کوشتنیشە، رێگای کوشتنی یاخود کوشتنی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو رێگای فەوتاندنی کوردایەتی و کوردەواریشە و، رێگای ئەوەیکە ئەو هەلە مێژووییینە نایابەی کە بۆمان هاتۆتە کایەوە بیدورێنین کە بێگومان ئەوە تاوانێکی گەورە دەبێت بۆیە دەبێ بە هەموو هێزو توانامانەوە هەوڵ بدەین کە برایەتی و تەبایی لە سەرتاسەری کوردستان لەناو هەموو هێزو تاقم و گروپەکاندا بە جیاوازی بیرو باوەڕیان بچەسپێت و جێگیر بێت و بەشێوەیەکی تر رەفتاری پێ بکەین بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆمان چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان و بۆ چوونە جیاجیاکان. لێرەدا بێگومان هەموومان دەزانین کە نێوانی پارتی و یەکێتی گرنگی یەکی تایبەتیان هەیە لە چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و، لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیش لە کوردستانی عێراقدا ئەگەر ئەم دوو حزبە وەکو بڕیاریان داوە بڕیارەکانیان جێبەجێ بکەن ببنەوە براو هاوکارو هاریکار لەناو بەرەی کوردستانی دا کە دەبێ بژێتەوە و بخرێتەوە گەڕ ئەو هاوکاریە رەنگ بداتەوە لەگەڵ هەموو هێزەکانی تری هەموو حزبەکانی تری دەرەوەی بەرەی کورستانیش هاوکاری و هاریکاری بکەن، بێگومان دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەو تاقیکردنەوەمان سەردەکەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکتر دەچەسپێت و، پەرلەمانی کوردستان چاکتر سەرمان بەرز دەکاتەوە لە دەرەوەی وڵاتدا و، خەڵک زیاتر متمانەی پێ دەکات. بۆ خۆشتان ئەوە خولی سێ یەمە لە ئێستاوە ئەبێ بزانین کە متمانەی خەڵک و بیروڕای خەڵک زۆر گرنگە بۆ هەڵبژادن لەبەر ئەوەمنیش ئەو خۆزیایەی کاک مەسعوود دەخوازم کە لە سەرەتای مایسەوە پەرلەمان ئەو دەورەی

خۆیان دەدیت کە لەو مانگەی دواییدا دیتی. پەرلەمان نوێنەری کۆمەلانی خەلکی کوردستانە رەنگدانەوەی داخوازی و ئاواتەکانیش لە ئەستۆی ئەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە لە کوردستانی ئێمەدا دیموکراسی حوکم دەکات بە تایبەتی ئەو هەلوێستانەی ئەم دواییەتان نیشان دەدا کە بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بەسەر بیروباوەڕی حزبایەتی تەسک و نابەجێ وە دەری دەخات کەمیللەتی کورد تا ڕاددەیەکی باش پێشکەوتووە لەبەدیهێنانی دیموکراسیدا ڕاستە ئەو کارەساتە زۆر ناخۆش بوو زۆر زەرەری لیداین بەلام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە چارەسەرکردنی بەو شێوەیەی ئێستا کردمان و چەسپاندنی، ئەو چارەسەر کردنانە و جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمان داویەتی و لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە داویانەو حورمەت و هیبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و خەلکی کوردستان لە دەرەوەو لەناوەوە بەرز دەکاتەوە و ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە کورد خۆی دەتوانێ گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات و، دەتوانێ بازدا بە سەر کارەساتی وا گەورەداو، هەندێ جار مایەی سەر سوڕمانی دۆستانی بێگانەیە بە تایبەتی لەم هەل ومەرجە ناسکەدا تاقیکردنەوەکەمان پێیدا دەروات کە بەداخەوە هەندێ لە دەرو جیرانەکانمان ترسی نابەجێ و نارەوا دەردەبڕن لەسەر پەرلەمان و هەلبژاردن و فیدراسیۆن و ئەو شتانەی کە ئێوە بڕیارتان لەسەر داوە، چونکە وەکو هەموومان دەزانین ئەو فیدرالیەی کە رامان گەیاند بۆ ئەوە بووکە یەکێتی ڕاستەقینەی عێراقی بەهێز کەین بۆ ئەوە بوو کە ئێمە لە کاتێکدا بەکردەوە سەربەخۆین وهیچ حوکمێکی مەرکەزمان لەسەر نییە بۆ ئەوە بوو کە دووپاتی بکەینەوە کە ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت بە پێچەوانەوە ئێمە یەکبوونەوەمان دەوێت نامانەوێ جیا ببینەوە لە عێراق بەلکو دەمانەوێ ببینەوە بەشێک لە عێراقێکی دیموکراتی فیدرالێ کە مافەکانمان بۆ دەسەلمێنێت و جێبەجێ دەکات بۆ یە ترسی ئەوەی کە گوایە ئەو فیدرالیەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئیعلانی کردووە بەرەو جیابوونەوەی دەبات ترسێکی ناڕاستە و نارەوایە وە بەجێش نییە، فیدڕال لە دونیا بۆ یەکخستنی گەلان هاتووە و، بۆ ئەوە هاتووە کە بەشە جیا جیاکانی ولاتان یەکخات تەنانەت ئەلمانیا یەک میللەتە یەک زمانە کە چی فیدرالی هەلبژاردوە بۆ بەڕێوەبردنی خۆی چونکە ئەوە جۆرێک لە پیادەکردنی دیموکراسیشە کە هەموو ناوچەکانیش ڕاستەو خۆ حوکمی خۆیان بکەن. بۆیە انشاء الله جیرانەکانیشمان لەو ڕاستییە دەگەن کە ئێمە ئەوەی دەیلێین بەڕاستمانە و، لە خوای گەورە لە میللەتی خۆمان نەبێ لەکەسی تر ناترسین لە دەربڕینی ئارەزو ویست و دروشمەکانی خۆمان بۆیە ئەوانەی کە دەیلێین ئەوەیە کە **باوەڕمان پێیەتی کە پێمان وایە** ڕاستەو واقعیە هەقی خۆشمانە حکومەتی **خۆمان هەبێت لە ناوچەی کوردستانی خۆماندا** کاروباری ولاتی خۆمانی بەدەست بێت و ئەو **حکومەتەی ئێمەش حوکمەتی یاسا بێت و حکومەتی** ئاوەدان کردنەوەبێت و حکومەتی خزمەتکردنی **کۆمەلانی خەلکی کوردستان بێت و بێگومان لەو**

هەنگاوە پیرۆزانەتان واهەڵتـان ناوە و هەڵی دێن بەرەو بەدیهێنانی بریارەکـان ئێـمە پشـتـوانی تەواو دەبین و یاریدەدەرتان دەبین و هاوکـارتان دەبین و هیـواداریـن ئێــوەش بەتەوژم ترو بەو چالاکیەی کەدەستان پێکردو بە هەمان رەوت درێژە بدەن بۆ جێبەجێ کردنی هەموو بریارەکانتان و، گەر خوا حەزبکات هەمـوتان سەرکەوتوو دەبن وبەسەر بەرزیەوە پەرلەمانی کوردستان تەمەنی یەکەم جاری خۆی دوایی پێ دێنێت و لە ناو میللەتەکانداو لەناو مێژووی کوردا جێیەکی دیارو بەرز بۆ خـۆتان دەگـرن زۆر زۆریش سـوپاس بۆ بانـگ کـردنەکـەمـان سـوپاسـیش بۆ مـحـاکـەمـە کـردنەکـەمـان بۆ لێپـرسـینەوەکـان کـە ئەوەش دەلیلێکی زیندووەتی پەرلەمـانە و، هیـوادارین سەرۆکایەتی سنگی فرەوان بێت و، هەموو برادەران کە دەیانەوێ قسەبکەن لە لایەکی تردا دۆستە دێرینەکەی من هەر وەکو دەیانەوێ دیموکراسی بچەسپێنن بەسەر ئێمەدا بەسەر خۆشیاندا بیسەپێنن و زۆر سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ بەرێز مام جەلال، سوپاسی جەنابی کاک مەسعوود دەکەین، بۆ ئەو وتە بەنرخانە، بۆ ئەو بەڵێنانـە، بۆ ئەو دەورە، بۆ پشـتـگیـری کـردنی پەرلەمـان و بریـارەکـانی، بۆ پشـتـگیـری کـردنی بریارەکـانی لیـژنەی ئاسـایی کـردنەوەی کـوردسـتـان، من دڵنیـام چ لە دەسـتـەی سـەرۆکـایەتی، چ ئەندامانی پەرلەمان بە تێکڕا ئەو داخوازییەیان هەیە، کە هەردوو بەرێزان راستەو خۆ، بەردەوام بن لە پشتیگری، بەردەوام بن لە هاندانی برادەران بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارانە، وەکو هەر دووکیان فەرموویان ئەوە ئاوات و خەونی میللەتەکەمانە، زۆر سوپاستان دەکەین، فەرموو کاک د.کەمال.

**بەرێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بێگومان ئەم کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی کردنەوەیە، کۆبوونەوەی یەکەمی دەوری یەکەمی ساڵی سێیەمەو زۆر شتێکی باشە و لە جێگەی خۆیەتی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا بمێنێتەوە کە ئێوە خۆتان دەستنیشانتان کرد، لێرەدا مەسەلەیەک هەیە، حەز دەکەم بە بیری بخەمەوە لە زنجیرەی کۆ بوونەوەکـانی خـۆمـاندا هی سەرۆکـایەتی پەرلەمـان و سـەرۆکـایەتی هەردوو فـراکسـیـۆنەکـان و نوێنەرانی لیسـتی مۆر یەکێک لە بریارەکانمان ئەوە بوو کەلە مەولا ماوە نەدەین بەو کەسانەی کە چەکدارن بێنە ناو پەرلەمانەوە، بەپێی زانیارییەک کەوا ئێستا بە من گەیشتووە کە لەو بەرگرییەی لەسـەرەوە دانیـشـتـوون خـەڵکی چەکـداریان تێدایە، تکایە داوایان لێ بکەن کـەوا بـچنە دەرەوە چەکـەکـانیـان دابنێـن، ئینجـا بێنە ژوورەوە و، با ئێـمـە چەک دامـاڵین و لە پەرلەمـانەوە دەست پێ بکەین و هیوا دارم لەمەولا چەک تەنیا بەرامبەر بە دوژمنانی مەسەلەی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەکار بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە بڕیارێکی پەرلەمانەو هەمـوو کەس ئاگادار کراوەتەوە، ئینجا داوا دەکەین ئەو برادەرانەی لە سەرەوە میوانن و ئەگەر چەکیان پێیە تکا دەکەین چەکەکانیان دانێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خۆم و برا وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم بە بۆنەی دەست پێکردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی سێ یەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەرلەمانەی کە ئاوات و ئامانجی گەلەکەمان بوو لە سەرانسەری کوردستان و ئاواتی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان بوو، کە پەرلەمانی خۆمان هەبێ لە کوردستان و ئەو پەرلەمانەش ئەوە ساڵی سێ یەمە کە بەردەوامە بە رەغمی ناحەزانی گەلەکەمان و دوژمنانی کوردستان کە دەیانەوێت ئەو ئەزموونە دیموکراتیە لە کوردستانی عێراقدا کە خۆی لە حکومەت و پەرلەماندا دەنوێنێ کە تەمەنی زۆر زۆر کورت بێت و بەردەوام نەبێ و لە ماوەی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، دیارە کێشەو گرفتی زۆر هاتۆتە پێشەوە لە کوردستاندا ئەو کێشانەش بەشێکی هەرە زۆری ناحەزانی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە لە بۆیان دروست کردینە چ کێشەی ئابووری بوبێ چ سەردەمێکیش ئاژاوە نانەوە و پیلان گێری بووبێ لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و تەقاندنەوەی بنکەکان و باڵەخانە بوو بێ بە داخەوە لەم دواییەدا خۆمانیش بەشداریمان کرد لەوەی کە دڵی ناحەزانی گەلەکەمان خۆش بکەین و، ئەو شەڕە خۆکوژیەی کە لەچوار مانگی ڕابردوو کە ڕوویدا ئەوەش زیانێکی زۆری لەو ئەزموونە دیموکراتیە دا چ لە ناوەوە چ لەدەرەوە، خەڵکێکی زۆریش لە براکانمان و لە خۆشەویستەکانمان شەهید بوون بەبێ ئەوەی کە هیچ ئامانجێکی تێدا بێت و ئێستاکەش، جێگای خۆش حاڵییە کە پەرلەمانی کوردستان وەکو باسم کرد زۆر ناحەزان و دوژمنان کە دەیانویست کە ئەو پەرلەمانە سەرنەکەوێت کەچی پەرلەمان بەردەوامەو دەوری کاریگێریشی بینی لەو دواییەدا لەوەی کە ئەو شەڕە خۆکوژییە بەیەکجارەکی لەبن و بنەڕەتەوە کۆتایی پێ بێت و باری کوردستان ئاسایی بێتەوە، هەروەها حکومەت و پەرلەمان هاوکار بوون کە مەترسی گەورە هاتە سەر میللەتەکەمان لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەوەی کە باری کودستان دەبێ ئاسایی ببێتەوە ئەو بارەی کە هاتە پێشەوە کۆتایی پێ بێت و هەروەها لە بۆ داهاتووش بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ کە بەراستی بەرپەرچییەک هەبێ کە جارێکی تر، ئەو شەڕە خۆکوژیە لە کوردستاندا دووبارە نەبێتەوە و ئێمە هەموومان و هەموو وزەیەکی میللەتەکەمان لەناو شەرعییەت دابێ لەناو حکومەت و پەرلەمان دابێ و بەهەڵوێستێکی هاوبەشیش داوامان لە جەنابی کاک مەسعوود و مام جەلال کردوە کە ئەوانیش بەرپرسێتی حکومەت و پەرلەمان وەربگرن ومەسئوولەکانی تری ناوحزبەکانیش و بەتایبەتی ناو یەکێتی و پارتی ئەوانیش بێنە ناو حکومەتەوە، کە بڕیارە لە شوێنی شەرعی بدرێت و ئەگەر هاتوو ئەو ئەزموونە دیموکراتییەکە حکومەت و پەرلەمانە سەرنەکەوێ پێمان وا نیە

که حزبەکان سەرکەوتنیـان لە بۆ بمێنێتـەوە بە پێچـەوانەوە ئەگەر ئەو ئەزمـوونە دیموکراتییـە سەر بکەوێت پێم وایە حزبەکان و هەموو خەڵکی کوردستان سەرکەوتوودەبن و پێشم وایە ئەگەر هاتوو هەموو توانای حزبە سیاسییەکان و بەتایبەتی یەکێتی و پارتی لەناو حکومەت و پەرلەمان بێت خەڵک تەرکیـز دەکاتە سەر کوردایەتی سەر خزمـەتی خەڵک نەک سـەر حزبایەتی بەڵام ئەگەر توانا کە لە دەرەوەی ئەم دوو شوێنە بێ من پێم وایە دیسان تووشی کێشە و گیروگرفت دەبین لەبەر ئەوە ئەمن بەناوی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان جـارێکی تر داوا لەم دوو بەرێزە دەکـەم و پەرلەمـانیش پێم وایە ڕای وایە و ئەوانیش نابێ لە ڕای میللەت و لە ڕای حکومەت و پەرلەمان دەربچن کە ئەوە ئاواتی هەمـوو لایەکمان بووە ئەو جارە ئێمە دەبینە سەرباز لە بۆیان کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین ئیراداتی هەرێمی کوردستان هەموو لە خزمەتی گەلی کوردستان بێت بە یەکسـانی و بەعـەدالەت دابەش بکرێ و ئەو خەڵکەی کـە ئێـسـتـاکە بەتایبەتی فـەرمـانبـەران و خانەنشینان و کەس و کاری شەهیدەکان کە یارمەتییەکانیـان ئەوە نیە کە بەڕاستی بەشی پێنج ڕۆژێ بکات، ئەگەر بێتو هەموو توانات لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمـان دەرچوونە جێبەجێ بکرێن پێم وایە دەتوانین ئەو خەڵکانەی کە باریان زۆر خراپە باری ژیانیان باش بکەین ئەمن و ئاسایش لە کوردستان پیادە بکەین و هەروەها دۆستەکانیشمان بەڕاستی ئێستـاکە هاتینە سەر ئەو ڕاستییە کە مامەڵە لەگەڵ حکومەت و پەرلەمان دەکەن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەزمـوونە دیموکراتییە دەکەن پێیان وایە پێشـتر کە مـامەڵەیان لەگەڵ حزبەکان کردووە ئەوەش هۆیەک بووە کە ئەو حکومەت و پەرلەمانە سەرکەوتوو نەبێ، بۆیە ئێستاکە ئەوەی کە ئێمە بینیـمـان هەمـوو لایەک دەیانەوێ حکومـەت و پەرلەمـان بەڕاسـتی دەوری خۆی ببـینێ خـەڵکی کوردستانیش ئەوەی دەوێ کە حکومەت و پەرلەمان دەوری خۆی ببینێ و پێشم وایە ئەگەر خۆمان بمانەوێ یانی ئەو یەکسانی و ئەو یاسایانە لە کوردستان لە سەرووی هەموویانەوەبێ دەتوانین زۆر شت بکەین یانی ئەوە نییە یانی زۆر وڵات هەیە کە هەر بەترانسێت دەتوانێ خزمـەتی میللەتی خۆی بکا گوزەرانی بۆ دابین بکا. هەر چەندە کوردستانی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە و ئێستاکەش بەو هەموو بارەی کە هاتە پێشەوە کێشاندنەوەی (٢٥) دیناری لە بازار و شەڕی ناوخۆ هەموو لە ناو حکومەت نەبووە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیتی شتی باش بکات ئەگەر بەراورد بکەی بەو هەمـوو کۆسپ و تەگەرەی کە لەپێشی بوو لە ماوەی ڕابردوو چ لە کۆنترۆڵ کردنی چ لە زیادکردنی هەندێ مـووچە لە بۆ هەندێ توێژ وەکـو دوکـتـۆری زانکۆ و پزیشکی پسـپـۆڕو دادوەرەکـان ئەو شوێنانەو هەروەها لە بۆ خـێـزانی شـەهیـدان و ئێـسـتـاکـەش پێم وایە هەمـوومـان بمانەوێ باری گوزەرانی گشتی کوردستانی چاک بکەین ئەمن و ئاسایش لە کوردستان دابین بکەین یاسای چەک جێبەجێ بکرێ میلیشیات چارە بکرێ و پێشبڕکێی چەکداریی نەمێنێ لە نێوان حزبەکان ئەوەی کە لەو ڕێگایە خـەرج دەکرێ لە خزمـەتی خـەڵکی کـوردسـتـان خـەرج بکرێ چونکە ئەو ڕاسـتـییـە هەموومان دەیزانین کە نەوکاتەی کە خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ بوو ئەو حکومەتە زل و زەبەلاحەی

بەعس کە (٢٣) ساڵ لە کوردستان بنکەی هەبوو هەڵمان تەکاندو کە خەڵک بە خەونیش بیری لێ نەدەکردەوە کە ئەو هەموو دام و دەزگایە بە ماوەیەکی کورت بە ماوەی هەفتەیەک بە کەرکوکەوە لە کوردستان نەمێنێ دەربەدەر بکرێت و ئاسەواریشیان بسڕێتەوە پێم وایە ئێستاکەش ئەگەر خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو حکومەت و پەرلەمانە بێ و لەگەڵ ئەو لایەنانە بێ کە ئێستا بەرپرسیاریی مێژوویی‌یان لەسەرە کە یەکێتی و پارتینە ئەوان بەرپرسیارن کە ئێستاکە خەڵک متمانەی پێ دان و هەتا دەورەیێکی تر هەڵبژاردن دەکرێتەوە تا ژیانی خەڵکی چاک بکەن ئەمن و ئاسایش لە کوردستان دابین بکەن. ئەوە پێم وایە زۆر شتی زۆرمان پێ دەکرد بەڵام ئەگەر هەر بێینەوە سەر هەردوو حزبەکەو یان ئەو کۆمەڵەی چەکدارانەی خۆمان هەمانە وەک ئەو هێزانەی کە هەمانە کە هیچ هێزێک میللەتی لەگەڵ نەبێ ئەنجامی نییە. هیوادارین لە مەولا هاوکاری حکومەت و پەرلەمان بەردەوام بێت و ئەو پەیوەندیە چاکەی کە ئێستاکە لەو دوا دواییەدا هەیە لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا، بەڕاستی بەرهەمی باشیش هەبوو هەم لە بۆ ئەوەی کە بەڕێزان هاوکاری لەگەڵ حکومەت و پەرلەماندا بکەن بێن لێرانە زۆر بە شێوەیەکی دیموکراتیانە ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان هەموو بینی کە زۆر پرسیاریان لێ دەکردن هەندەک لە پرسیارەکان زیادەڕۆییش بوون، بەڵام خەڵک هەقی بوو، چونکە زۆر لە دڵیدا پەنگی دابۆوە زۆر مابۆوە کە لێرە جێیەکی شەرعییە هەقی خۆشیەتی ئەوەش ئەنجامی ئەوەیە کە حکومەت و پەرلەمان یەک هەڵوێستی هەیە ئێستاکەش هیوادارین ئەو بارەی کە ئێستا هەیە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان با لە کوردستان بەردەوام بێ و بتوانین هەموو لایەک مان بەڕاستی سارێژی ئەو برینانە بکەین، چونکە ئەگەر ئیشی زۆری لە بۆ نەکەین ئەو بارەی کە هاتە پێشەوە برینی زۆری خستە گیانی هەموو لایەکمان خەڵکی زۆر بەڕاستی شەهید بوون کەس و کاری شەهیدەکانیش، ئێستا کەس وکاریان هەموویان دەیانەوێ ئەو بارە چەندی زووە و ئەو برینە بەگورجی سارێژ بکرێتەوە داوامان لێ دەکەن نەک خەڵکی تر شەهید بێ و قوربانی بێت، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامی هەبێ، خەڵک حەز دەکات کە کوڕی خۆی لە پێناوی ڕزگار کردنی کوردستان شەهید بێ، نەک لە ململانێیدا و، ئەزموونێکمان هەیە خۆمان تێکی بدەین ئینجا سارێژ کردنی ئەو برینەش بەڕاستی ماندوو بوونی زۆری دەوێ، کۆششی زۆری دەوێ پێم وایە ئێستاکەش زەمینەش زۆر لەبارە بە تایبەتی لە بواری دەرەوەدا دەمێنێتەوە لەسەر خۆمان لەناوەوە لە ناوەوەش هەم دیسان زەمینە لەبارە، بەڵام بە جیددی هەموو ئیشی لە بۆ بکەین شتەکان سارد نەکەینەوە مرداری نەکەینەوە زوو بە پیریەوە بچین و زوو ئەو جەولاتانەی کە باس کران بەڕاستی لەپاش ئەوەی مەقەراتەکان کە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان هەر یەکە جێگای لە بۆ دیاری کراوە پابەندی بکرێ، کەس نەکا هەر بە شێوەی بلێن ئەوە بڕیارێک درا و فلان بنکەی لێ یە فیسار بنکەی لێ یە، دیسان هەمان بەزممان بۆ دروست بکەنەوە لەناو شار بەدەیان ئۆتۆمبێل بدزن و ئەمن وئاسایشی خەڵک تێک بدەن تووشی شەڕ ببینەوە هەقە هەموو لایەنەکان ئەو شوێنەی کە لەبۆیان دادەنرێت پابەندی پێوە بکەن و متابعەی بکەین

ئەو لیـژنە بالا عـسكەرەیەی كـە دانراوە هەر كـەسـێـك كـە الـتـزامی نەكـرد لەبەردەمی پەرلەمـان لەبەردەمی تەلەفزیۆن لەبەردەمی جەمـاوەر بلـێین فـلان لایەن الـتـزام ناكـات یان فلان لایـەن بەلـێن شكێنی دەكات و هەروەها پاش ئەوەی بارەگاكانیان و ئیداراتیش دەگەرێنەوە، من دیسـان تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە بەڕێزان مام جەلال و كاك مەسعوود لە زاخۆوە هەتاكو خانەقین گەشتێك بكەن و داوای لێ بووردن لە خەلـك بكەن و دلـی خەلـك بدەنەوە و كـۆبوونەوە بەو كـەسـانە بكەن كـە پككەوتە بوون و سـەقـەت بوونە و لە ئەنجـامی ئەو شـەڕەدا و ئەوانەش بەڕاسـتی حیسـابەكی تایبەتیشیان بۆ بكرێ ئەوا زۆر شتێكی پیرۆزیشەو هیواداریشین ئەوا دووا ناكۆكی میللەتەكەمان بێت و ئەوەش ببێتە ئەزموونێك و گرفتی وا گەورە نەبێتەوە زۆر سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەناوی دەستەی سەرۆكایەتیەوە پشتگیری هەموو ئەو قسەو پێشنیارانەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەكەم و بەلێن دەدەین كە هەمیشە وەكو جەنابی كاك جوهر وتی تەبایی وهاوكاری لەگەل حكومەتدا پتەو ببێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی كە كران لە هەردوو لاوە جێبەجێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمرۆمان كۆتایی پێ هات، لێرە سبەینێ سەعات (١٠)ی بەیانی دانیشتنمان بەردەوام دەبێ، زۆر سوپاستان دەكەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سكرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن** | **سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ۱۹۹٤/۹/۷

***کاتژمێر (۱۰) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ۱۹۹٤/۹/۷ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (۱)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (۱۹۹٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***۱ـ خستنە ڕووی ئاکامی چالاکی وەفدەکانی پەرلەمان کە بەدوادا چوونی جێبەجێ کردنی برگەکانی هەردوو بەڵگەنامەی پەرلەمانی تایبەت بە هەڵوێستی لە ڕووداوەکانی مانگی ئایارو حوزەیران ۱۹۹٤ و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ و چەسپاندنی ئاسایش لە کوردستانیان پێ سپێردرا بوو.***

***۲ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، خستنە ڕووی ئاکامی چالاکی وەفدەکانی پەرلەمانە لە بە دووا داچونی جێبەجی کردنی برگەکانی هەردوو بەڵگەنامەی پەرلەمان بەتایبەت کە بوو بە هەڵوێستی ڕووداوەکانی مانگی ئایار وحوزەیران وئاسایی کردنەوەی بارودۆخ وچەسپاندنی یاسا لە کوردستان کە ئەرکێک بوو لە پەرلەمانەوە بەو برایانە سپێردرا بوو، ئەگەر تازە بابەت یا شتێک نەبێت بادەست بە بەرنامەی خۆمان بکەینەوە، کەرەم کە کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە لای جەنابتان کە باری ئابووری ئەم خەڵکە زۆر نارەحەتە خۆتان دەزانن کە بەکولە مەرگی دەژین ژیانیان زۆر ناخۆشە. کاتی خۆی پێشی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانەی دووایی، بڕیار وابوو کە کۆمپانیاییێکی هەرێم دابمەزرێ بۆ ئەوەی بتوانێ مونافەسەی ئەو بازرگانانە بکات کە

شت هەڵ دەگرن و بە ئارەزووی خۆیان گرانی دەکەن وئەگەر ماوە بدەن با کاک ئازاد قەرەداغی لە بارەی ئەم بابەتەوە کە کاتی هات قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەمال تەلەفۆنی کرد لەوانەیە نەتوانێ ئەمڕۆکە بێ لەگەڵ کاک نەژاد دا هەندێ ئیشیان هەیە. جا ئەگەر جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک برادەران بێتە پێشەوە، ئەوە پێشنیارێک هەیە لەلایەن فراکسیۆنی کەسکەوە لە بارەی باری ئابووریەوە بەتایبەتی کۆمپانیای هەرێم کە بیخەینە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە؟، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەوە بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا. کە برگەیەکەمان تەواو کرد دێینە سەر برگەی دووەم. بەرنامەی ئەمڕۆمان وەکو باسمان کرد باس کردنی ئاکامی سەردانی لیژنەکانی پەرلەمانە بۆ ئەو جێگایانەی کە ئالۆز بوون، لە ئەنجامی ئەو سەردانە، سەرکەوتووانەش، هەموو لایەنێکیان هەڵسەنگاند، هەموو لێپرسراوە مەیدانییەکان وخەڵکی ئەو ناوچانەیان بینی، ئەنجامە کەشی ، ئەو ئاگر بەستە بوو وئەو هێمن کردنەوەیە بوو کە خۆش بەختانە هەتا ئەمڕۆکە بەردەوامە، هەر ئەوە نا بەڵکو کۆمەڵێک هەنگاوی تریش نراوە، بەتایبەتی ئەو بریارانەی کە لیژنەی ئاسایی کردنەوە داویەتی، هەروەها ئەو بریارانەی کە لەو کۆبوونەوانە دراون کە هەردوو بەڕێزان لە سەرەتاوە سەرپەرشتیان کردووە، لە ناو پەرلەمان ویەک دوو کۆبوونەوەش لە دەرەوەی پەرلەمان کراوە. من یەک دوو تێبینیم هەیە وحەز دەکەم عەرزی بەڕێزتانی بکەم. هیوادارم ئەمڕۆکە لە کوردستان هەموو لایەک ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بێ وبەڕای من دروستیش بووە وخەڵکەکە ئەو ئومێدەی لەلا پەیدابووە کە ئەم جارە ئاسایی کردنەوەکە بە ئاستێکی باشدا دەڕوات وهەست دەکرێ کە جیددیەتێک لەلایەن هەموو ئەو لایەنانە پەیدا بووە کە بەشدارن لە بەرەی کوردستانی وخەڵکی خێر خواز کە هەنگاوی جیددی ئەنرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئاسایی کردنەوەکە، بەتایبەتی جیدیەتی بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال کە هەمیشە تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە وئەم ئاسایی کردنەوەیان لە بەر چاو بووە ڕەچاویان کردووە. دووەم: لەوانەیە برایانی وەفد لە کاتی هات وچۆیاندا تووشی تەنگە نەفەسی وسەخڵەتی بووبن، جا چ لێپرسراوی مەیدانی بن وچ خەڵک بن وچ لە کاتی ڕووداوەکەدا، لەوانەیە هەندێ ڕووداو قەوما بێت ئەوە تەبیعەتی ئیشەکە وایە، ئەوە هەر کەسێک ناوبژی بکات دەبێ ئەوە بزانێ کە لەسەرەتاوە بەگوڵ پێشوازی ناکرێ، دەبێ باش بزانێ دەچێتە ناوچەیەک کە خەڵک دەماری گرژە وشەڕە ولێی کوژراوە وخەڵکی کوشتوەو خۆێن ڕژاوە وتەققەو تۆپبارانە. ئەگەر ئەو شتە نەبوایە باوەڕ ناکەم ئەو تەوەرانە پێویستییان بەوە بوایە کە، ئێمە سەردانیان بکەین، ئەگەر وانەبوایە ئەوان خۆیان چارەسەری بارەکەیان دەکرد، جا لەبەر ئەوە مادامکی ئێستا هەنگاوەکان بەرەو ئەوە دەڕوات وئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دا مەبەستمان نییە کە ئێستا بڵێین تەقییم بکەین و بێین وبڵێین لە فلان جێگا فلان خراپ بوو، فلان باش بوو، فلان لایەن وابوو، نەخێر لەڕاستیدا فرمانی ئەوەمان نییە، چونکە ئێمە

نەگەیشتووینەتە ئەو رادەیەی کە بڕیارێک بدەین بێین هەڵوێست وەربگرین، ئێستا تەقەلای خۆمان دەخەینە روو. وتمان: ئەو تەقەلایانە کە خۆش بەختانە وا خەریکە ئەگەن بە ئەنجامێکی باش. ئەمڕۆ ودوێنێ لەڕاستیدا محەک بووە بۆ ئەم (٥) رۆژە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئێمە بە جیددی بەدواداچونەکەمان بەر دەوام بێت، تەنیا ئەو تێبینی یەم هەبوو بۆ برادەران کە لە هەندێ جێگا تووشی هەندێ ناخۆشی یاخود کاردانەوەیەک بوون، وابزانم پێویست ناکات لە هۆڵی پەرلەمان باس بکرێت.

دەبێ باز دەین بەسەر ئەم شتانەدا، گرنگ ئەوەیە ئەنجامی کردەوەکانتان باش بێت. دەمانەوێ بزانین وەفدەکانی ئێمە چیان کردووە، بزانین چ پێشنیارێک هەیە بیخەینە ڕوو، کە ئەگەر پەیوەندیی بە لیژنەی ئاسایی کردنەوەوە هەبوو، پوختەیەکی لای من هەیە عەرزی ئێوەی دەکەم یاخود ئەگەر کاک عەبدولخالق هاوکاریم بکات چونکە ئەویش جگە لەسەرۆکی وەفد ئەندامی لیژنەی ئاسایی کردنەوەیشە، جا ئێستا وەفدەکان با دەستی پێ بکەین تەوەر بە تەوەر، لە تەوەری قەلادزەوە دەست پێ بکەین، پاشان تەوەری سلێمانی و پاشان تەوەری شەقلاوەو چۆمان. ئێستاش فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک وبرایانی بەڕێز، پێشەکی جێی خۆش حاڵییە کە لە کاتێک دا دەربارەی ئەو چالاکیانەی کە وەفدەکەمان ئەنجامی دا قسە دەکەم کە شکور بۆ خودای مەزن وسوپاس بۆ خێرخوازان بارەکە، باری کوردستان کە هەموو لایەکمان پێی نارەحەت بووین، وا بەرەو ئاسایی بوونەوەو خۆش گوزەرانی دەڕوات، سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ئەم دەرفەتەی پێ دام کە لە بەردەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسی چالاکی یەکانی وەفدی تەوەری قەلادزێ و ڕانیە بکەم، کە من شەرەفی ئەوەم پێ درا بوو سەرۆکایەتی بکەم ولێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە خوشکانمان ئەندامانی پەرلەمان ئەو پەڕی ئامادەییان پیشان دا کە بەشداری لەوەفدەکە دا بکەن و گومانمان ئەوە نییە کە هەستی نیشتمان پەروەرییان جێگەی ڕێزی هەموو لایەکەو، زۆر بواری تر هەیە کە ئەوان بێ گومان خەباتیان بۆ کردووە وبەردەوام بوون لە سەر ئەنجام دانی ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان، نەک خوانەخواستە بۆ ئەوەی دەوریان کەم بکرێتەوە بەڵکو وجودیان لە ناو پەرلەمان ئەوە دەسەلمێنێ. کە خوشک وبرایانی بەڕێز دوای پێکهاتنی لیژنەی بە دوادا چوونیان کردبوو، کە لە (١٦) ئەندام لە ئەندامانی پەرلەمان پێک هاتبوو دوو خوشکیشمان لەگەڵدا بوو، کە یەکێکیان خوشکە گەلاوێژ جەباری وئەوی تریان خوشکە فەوزییە عیزەدین بوو وبە ئاراستەکردنی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەفدەکەی ئێمە بۆ جاری یەکەم لە رۆژی ١٩٩٤/٨/٩ بەرێ کەوتین بەرەو رانیە لە دواییش دا بۆ قەلادزێ و وەفدەکەمان پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە: کاک نهاد نوورەدین، کاک وریا دزەیی، کاک یوسف میران، مامۆستا

مەلا تەڵحە، مامۆستا دێرشەوی، مەلا هادی، کاک ئەکرەم عاشوور، کاک حەسەن بەرزنجی مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی، قادر ئاغای مامەندئاغا، ئەحمەد دزەیی، شێخ مەزهەر هیرانی، حەسەن کانەبی، محەمەد سەعید یەعقوبی. پاش ئەوەی لە سەرکردایەتی هەر سێ لاو پارتی ویەکێتی وبزووتنەوە کە هاوکاری لەگەڵ وەفدەکەمان بکەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ وئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە ڕاسپێردران کە ئەم کارە ئەنجام بدەن. لە ڕانیە چاومان بە بەڕێزان برایانی مەڵبەندی هەشت لە ڕانیە کەوت، ئەو کاتە ئەرکی وەفدەکەمان بۆ ڕوون کردنەوە هەروەها لە قەلادزێ چاومان بە بەڕێز موستەفا سەید قادر کەوت کە جێگری لێ پرسراوی مەڵبەندی هەشتە وئەندامی پەرلەمانە، کە داوامان لێ کرد کە وەکو پەرلەمانتارێک هەڵس وکەوت بکات، نەک وەکو لێ پرسراوێکی مەڵبەند ولەراستیدا هەروا ڕەفتاری کرد لەگەڵ ئێمە، دوای ئەوە کەوتینە ڕێگا بەرەو دارەشمانە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ برایانمان لە پارتی وبزووتنەوە بکەین، دوای هەندێ نارەحەتی ودوای گەیشتنی کاک جەلیل فەیلی، گەیشتینە دارەشمانە ودوای کۆبوونەوەیەکی یەک سەعاتی لەگەڵ کاک جەلیل فەیلی، چونکە نوێنەری برایانی بزوتنەوە ئامادە نەبوون، بەڵێنمان لێ وەرگرت وەکو لێ پرسراوێکی پارتی کە بۆ ماوەی یەک هەفتە هیچ جۆرە تەقەیەک نەکرێت، بۆ ئەوەی ماوە بدرێت کە پەرلەمان بتوانێت هەنگاوی تر بهاوێت بۆ نەهێشتنی شەڕو شوێنەوارەکانی، دوای ئەوە گەڕاینەوە ڕانیە ولەوێ چاومان بە کاک مستەفا سەید قادر کەوت وداوامان لێ کرد کە دەبێ هەمان بەڵێنمان بداتێ وەکو کاک جەلیل فەیلی داویەتی ودوای ئەوەی باری ناوچەکەی بۆ ڕوون کردینەوە، بەڵێنی ئەوەی پێ داین کە ئەوانیش بتوانن بۆ ماوەی (٥) ڕۆژی یا (٧) ڕۆژ ئاگر بەست بکەن وکۆنترۆڵی پێشمەرگەکانیان بکەن. دوای ئەوە وەفدەکەمان گەڕایەوە وزیارەتێکی بەڕێز کاک مەسعوود بارزانیمان کردو ئەنجامی سەفەرەکەمان پێشکەش کرد وئەویش خۆش حاڵی خۆی دەربڕی وپشتگیری خۆی دووپات کردەوە. سەفەری جاری دووەممان لە ڕۆژی (٨/١٢) دا بوو وپەیتا پەیتا برووسکەمان لە هەموو لایەکەوە بۆ دەهات بۆ ئەوەی کە ماوەی ئەو(٧) ڕۆژە تەواو بووە، ئەگەر بێتو هەنگاوی عەمەلی نەهاویشترێ بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە بتەقێتەوە و هەرواش بوو، ئەوە بوو ڕۆژی (٨/١٩) برای بەڕێزم کاک حازم یوسفی لە (٨/١٨) لە جیاتی من چوو لە قەلادزێ ولە ڕانیە مایەوە بۆ بەیانیەکەی (٨/١٩) کەمن چوومە ئەوێ ئەوان نامەیەکیان ناردبوو بۆ ئەوەی بتوانن برایانی بزووتنەوە وبرایانی پارتی چاویان پێک بکەوێت، ئەوە بوو کە وەفدەکەی ئێمە گەیشتە ڕانیە داوامان لێ کردن کە ئەوان بگەڕێنەوە، کە ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان ئەنجام بدەین تا نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە واتە ڕۆژی (٨/١٩) کاتی نیوەڕۆ بوو کە وەڵامی برایانمان بۆ هاتەوە، دیمان وەڵامەکە ئیجابی نەبوو، بۆیە ئێمە لەگەڵ برادەران گفتوگۆمان کرد وئەم کارەمان بە پێویست زانی چونکە باری ناوچەکە بەرە بەرە ئاڵۆز دەبوو، ئاگر بەستەکە بەرەونەمان دەچوو، تەق وتۆق بەردەوام بوو، وامان بە باش زانی کە بچین سەردانێکی بەڕێز مام جەلال بکەین لە قەلاچوالان بۆ ئەوەی بارەکەی لەگەڵ باس بکەین وپێشتریش لەگەڵی

باس کـرابوو کـه بەڵێنێکی وامان هەبوو، ئەوە بوو ئێـمـه سـەعـات (٦ر٥)ی هەمـان رۆژ بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین، بەڵام بەداخەوە بارودۆخەکە وابوو رێک نەکەوت کە چاومان بە بەڕێز مام جەلال بکەوێت وگەڕاینەوە هەولێر ولێرە ئاگاداری سەرۆکی پەرلەمانمان کرد کە بارەکە چۆنە، دوای ئەوەی کە بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال هاتنە پەرلەمان وتەئکید لە سەر ئەوە کرا، بیوورن بڕیار درابوو کە (٢٤)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو خاڵانەی ئەو بەڵگە نامەی کـه لە پەرلەمـان بڕیاریان لەسەردا بوو، عـەرزیان بکرێت وتەئکیـدیان لەسـەر بکرێتەوە، رۆژی (٨/٢٣) بەڕێز مام جەلال بروسکەیەکی کرد بوو داوای ئەوەی کردبوو وەفدێک بچێت وپێشنیارێکی هەبوو، کەمنیش لەگەڵ وەفدەکە بچم، ئەمە بوو من وبرای بەڕێزم کاک حازم ومامۆستا مەلا تاهیر لەگەڵ کاک عوسمان دزەیی بەڕێ کەوتین بەرەو قەلاچوالان، لە قـەلاچوالان دانیشتنێکی دوو سەعاتیمان کرد لەگەڵ بەڕێز مام جەلال وبەڕێزی دەری خست کە لە بەر هەندێ پەیوەندیی خۆی ناتوانێ (٢٤)ی مانگ ئامادە بێ، بەس بۆ (٢٥)ی مانگ دەتوانێ ئامادە ببێ وبێ بۆ پەرلەمان وهەردووکیان بڕیاریان لەسەر بەڵگەنامەکاندا و تەئکیدیان لەسەر کردەوە، و بەڵێنیان داینێ کە هەموو هەوڵ وتەقەلایەکیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانن بارەکە ئاسایی بکەنەوە وکاروباری وڵاتەکە بێتـەوە سەر باری ئاسایی خۆی، دوای ئەوەی ئەو رۆژەی (٨/٢٧) ئێـمـە دووبارە روومان لێنرا کە سەفەرێکی تر بکەین بەرەو قەڵادزێ، چونکە باری ناوچەکە زۆر نائارام بوو وشەڕ وشۆڕ و پێکدادان ئێکجار زۆر بوون، هەواڵی ناخۆش ناخۆشمان پێ دەگەیشت ئێمەش هەر هەمـان رۆژ کە بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود لێرە بوون سوور بوون، کە دەبێ ئێستا جەولە بکەن، ئێـمـە کەوتینە رێ بەرەو تەوەری ڕانیـە وقـەڵادزێ، هەمـان وەفد هەندێ برادەرانی ترمان کە لە ناو وەفدەکە بوون لەگەڵ وەفدی تەوەرێکی تر چوون، ئەوانەی کە خرانە سەر وەفدەکە ئەگەر لەیادم نەچووبێ کە بەڕێزان کاک شێخ یەحیا وکاک حسێن عەلی کەمال داوای لێ بوردن دەکەم ئەگەر کەسم لە بیر چووبێ، کە گەیشتینە ڕانیە و سەیرمان کرد بارەکە زۆر ناخۆشە لە هەموو لایەک هێز هەیەو، بارێکی نارێکە ئەوەی لەیادمە کە ئێمە وەرەقەیەکمان درا بوویێ، هەر دوو بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود ئیمزایان لەسەرکرد بوو کە ئێمە هەموو تخویلێک کراوین بۆ شەڕ ڕاگرتن، ئەمە بە سەرکردەکانی مەیدانی بکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە، کە چووینە ڕانیە کاک جەبار فەرمان لەوێ بوو دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا، لەڕاستیدا هەڵوێستێکی ئیجابیمان لێ دی ومن پێم گوت لەوانەیە برادەران بزانن ئەگەر یەک پێشمەرگە بەرەو قەڵادزی جوڵە بکات، ئێمە دەگەڕێینەوە، چونکە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە تجاوبەکە وەکو ئێمە دەمانەوێ وانیە ولەڕاستیدا بەڵێنی داینێ کە ئەو هێزەی لەوێ هەیە کە بەشێکیان بگەڕێننەوە وهەر واش بوو دوای ئەوە رۆژی پاشتر بۆ بەیانی لەگەڵ ئەوەش کە برووسکە وشتی واکرا بوو، ئێمە توانیمان بە جیهاز پەیوەندی بە کاک قادر قادرەوە بکەین کە لێپرسراوی پارتی دیموکراتی یەکگرتووە، لەوێ خۆم بەجهاز قسەم لەگەڵ کرد کاک سەید حەسەن وابزانم لام وەستا بوو، پاش ئەوەش مامۆستا عەلی باپیر بە هەمان

شێوە بەجهاز توانیمان قسەی لەگەڵدا بکەین زۆر بەخێر هاتنیان کردین، ئەوە بوو سەعات (١)ی دوای نیوەڕۆ ئێمە لە قەڵادزێ وە بەرێ کەوتین تا دوو بارە بۆ جاری دووەم گەیشتینە گوندی دارەشمانە ولەوێ کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ دا کردن وئەو نامەیەی کە بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال ئیمزایان کردبوو، دامان بە کاک قادر قادر، نامەیەکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامیش کە لە سەلاحەدین وەرمان گرتبوو دامانە مامۆستا عەلی باپیر، لەڕاستیدا هەڵوێستی هەردوو لێ پرسراومان دی زۆر ئیجابی بوو، وتیان ئێمە پابەندین بەو ئەمرانەی کە بۆمان هاتوون وئاگادار کراوین، بێگومان ئەوە جێگای خوشحاڵی هەموو برادەرانی وەفدەکە وهەموومان بوو، دوای ئەوەی کە ئەوەمان تەواو کرد ئیتر گەڕاینەوە بەرەو قەڵادزێ وهاتینەوە ڕانیە. لە ڕانیەشدا لەگەڵ برایان کاک شێخ یەحیا ومامۆستا مەلا محەمەدئەمین وەفدێکی ڕانیەمان بینی کە هاتبوونە قەلادزێ وکە چۆن ئەزیەت دراون وچۆن خەڵکیان لێ کوژراوە وئێمەش دڵمان دانەوە و وتمان ئەوە ئەنجامی ئەو کارەساتەیە کە بەسەر میللەتەمان دا هاتووە وئومێدەوارین کە پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری هەموو لایەک بتوانێ ئەم بارە ناخۆشە چارەسەر بکات ونەیهێڵێ و بەبارێکی باشی بگۆڕی دوای ئەوە ئیتر گەڕاینەوە بۆ ئێرە وئاگاداری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیمان کرد بە ڕاپۆرتێک. من لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان بکەم بۆ ئەو تەوجیهاتەی کە هەمیشە لەگەڵمان بوو، ئەو هەستە گەرمەی کە هەردەم هانی دەداین وهەموو شتەکانی بۆ ئاسان دەکردین ولە هەمان کات دا سوپاسێکی بێ پایان بۆ برایان لە هەر سێ گەشتەکە واتە ئەندامانی وەفدەکە، کە بەبێ هاوکاری ئەوان وئامۆژگاری ئەوان لەوانە بوو من نەتوانم زۆر شت بکەم وجێگەی سوپاسە ودەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە سوپاسێکی گەرمی برایان سەرکردەکانی مەیدانی وهەموو لێپرسراوانی بکەین لە بارەی ئەو هەڵوێستە ئیجابیەی کە بەرامبەر بە وەفدەکەمان نواندیان وزۆر ڕێزیان لە هەڵوێست و وەفدی پەرلەمان گرت، ئەوەی لە کۆتای دەمەوێ بیڵێم وەکو عەرەب دەڵێن (واخیراً ولیس اخراً) لەڕاستیدا جێگەی ئەوەیە کە سوپاسی بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال بکەین بۆ ئەوەی کە بەسنگێکی زۆر فراوانەوە لە ناو هۆڵی پەرلەمان هەموو گلەییەکی ئێمەیان پەسەند کرد، کە مافی خۆمانە ولەڕاستیدا وەکو خۆشیان وەصفیان کرد بە زمانی میللەتەکەمان هەموومان دواین دوور لە هەموو هەڵوێستێکی سیاسی دەستنیشان کراو وجێگای ئەوەیە کە من بە ناوی وەفدەکە سوپاسی هەردوو بەڕێزیان بکەم وئومێدەوارین هەردەم سەرکەوتوو بن و، لەدوایدا من پێشنیار دەکەم کە پێویستە نەک هەر وەفدەکان بەڵکو هەموو ئەندامانی پەرلەمان سارد نەبینەوە، بەڵکو سوور بین لە سەر بەدواداچونی ئەو بڕیارانەی کە دراون وئەوەی کەبووە شتێکی باشە، بارەکە شکور بۆ خودا زۆر باشە، بەڵام دەبێ سارد نەبینەوە، بەدواداچونمان هەبێ، بەدواداچونی مەیدانی هەبێ وداوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەم کە وەکو یاریدەی داوین، هەردەم یاریدەمان بدات، پێویستمان بە ڕێنمایی ئەوانەتا بتوانین چاودێری ئیش وکارەکانمان بکەین تاکو بارەکە بەتەواوی ئاسایی

ببێتەوە، بتوانین ئەو یاسایانەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەرچوون پیادەی بکەین کە لە بەرژەوەندی گەلەکەمانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــــەن.**

پێشەکی سوپاسی هەموو لایەک دەکەم، سەرۆکایەتی پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان وهەردوو بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود وهەموو سەرکردە مەیدانیەکان ئەوانەی کە ئێمە لەو ماوەیەدا سەردانمان کردن وهەموو لایەک وهەموو کەسێک کە یارمەتی ئێمەیان داوە لە ماوەی مانگی هەشتەوە کە ئێمە توانیمان ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین کە ئێمە بەڕاستی بەش بە حاڵی خۆم بە ئەرکێکی زۆر پیرۆزی دەزانم کە ئەوە دوو ساڵە ئێمە لە پەرلەمانین هەندەی ئەو دوو مانگە ئیشمان نەکردووە ،کە هەندەی ئەوە پیرۆز بێ، چونکە ئێمە بە کۆششی خۆمان، بەکۆششی سادەیی خۆمان توانیمان لە چەسپاندنی ئاشتی ونەهێشتنی شەڕدا بەشدار بین. جا لە (٧/٢٥) کە کارنامەی پەرلەمان دەرچوو کە هەڵوێستی پەرلەمان بوو بەرامبەر بە شەڕی ناوخۆ، شەڕی براکوژی، لیژنەی بەدواداچون پێک هات لە ناو ئەندامانی پەرلەمان ولە چەندین کۆبوونەوە لە نێوان ئەو لیژنەیە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ونەخشەیەک دانرا کە بتوانین چاودێری جێبەجێ کردنی کارنامەی پەرلەمان بکەین، ئەوە بوو، لە (٦)ی مانگ هەندێ ڕووداو روویان دا لە قەلادزێ ولەم لاو لەولا لەسەر سنوورەکان لە ڕۆژانی (٧-٨)ی مانگ ئێمە لیژنەی چاودێری لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دیسان دانیشتین وئەوە بوو بڕیاردرا دوو وەفد پێک بێت وەفدەک بە سەرۆکایەتی من و وەفدێکیش بە سەرۆکایەتی برای بەڕێزم شێخ عەدنان، لە (٨/٩) دا هەردوو وەفدەکە بەرەو هەردوو تەوەرەکە سەفەریان کرد، وەفدەکەی ئێمە بەرەو سلێمانی چوو کە تەوەری هەڵەبجە وپێنجوین بوو کە پێک هاتبوو لە ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزان عەفان نەقشبەندیی وکاکەڕەش، حسێن عەلی کەمال، ئەیاد حاجی نامق، ئەحمەد سالار، عوسمان دزەیی، مامۆستا مەلا تاهیر، سیروان کاکەیی، د. حەسەن حسێن بەفری، جوهر شاواز ولە سلێمانی برادەران مامۆستا جەلال جوهر، د. فایق، د. عیزەدین موستەفا، ئەکرەم عیزەت، کەمال شاڵی، کەمال جەلال غریب گەیشتنە وەفدەکە وبە ئەرکەکان هەستان کە ئەوە ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بوو، کە هەرچی ئەندامی پەرلەمانە لە سلێمانی پێم خۆشە لەگەڵتاندا بەشدار بێ لەو ئەرکە. ئێمە (٩)ی مانگ واتە (٨/٩) گەیشتینە سلێمانی، لەوێ هەر هەمان شت ولە هەمان شەودا سەردانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەمان کرد لەوێ وکۆبوونەوەیەکمان سازدا وهەستمان کرد کە لیژنەی ئاسایی کردنەوە بەکاری خۆی هەڵنەستاوە وەکو پێویست ئەوەش هۆیەکەی ئەوە بوو کە لە ناو لیژنەکەی ئاسایی کردنەوە هەندێ شت ڕووی دا بوو لە ناوچەی قەلادزێ بۆیە لیژنەی ئاسایی کردنەوە نەیتوانی بوو وەکو پێویست کاری خۆی بکات ودیار بوو هەندێک کەم وکووڕیش هەبوون لە ناو لیژنەی ئاسایی کردنەوە لە سلێمانی و، دوای کۆبوونەوەکەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوە وبەیانی یەکەی (١٠)ی مانگ سەردانی بەڕێز پارێزگاری سلێمانیمان کرد وتوانیمان

هەندێ کەم وکوڕی لیژنەی ئاسایی کردنەوە چارەسەر بکەین، ئێمە لە ڕۆژی ١٠ی مانگ، دوای ئەوەی سەردانی بەڕێز پارێزگارمان کرد، سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانمان لەسلێمانی کرد ولەوێ چاومان بە بەڕێز نەوشیروان موستەفا کەوت ولە پاشان سەردانی بەڕێز مام جەلالمان کرد لە قەلاچوالان و، دوای نان خواردن مام جەلال بە ئاشکراو بەڕاشکاوی لەگەڵ وەفدەکە قسەی کرد وهەڵوێستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی دیاری کرد بۆ وەفدی پەرلەمان، دوای ئەوە پێشوازی گەرمی لێ کردین ولە پێشان ڕای خۆی دەربڕی بەرامبەر بە کۆششی ئەندامانی پەرلەمان بەرامبەر بەو ئەرکە پیرۆزەی سەرشانیان. مام جەلال لەوێ تەئکیدی لەسەر هەندێ خاڵ کرد، ئەوانەش ئەمانەن کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لایەنگیری ئاشتی یە ولایەنگیری هاوپەیمانێتی ئیستراتیجی یە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و، لایەنگیری ئەوەیە کە حکومەت وپەرلەمان بکەونە کار، لایەنگیری ئەوەیە کە جێبەجێ کردنی هەموو ڕێکەوتنی نێوان پارتی ویەکێتی جێبەجێ بکرێ و، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتنی نێوان پارتی ویەکێتی و بزووتنەوە پەشیمان نەبووینەوە، بەڵکو ئامادەین جێبەجێ ی بکەین. ئێوارەی (١٠)ی مانگ وەفدی پەرلەمانمان سەردانی سەید سادقیان کرد لەوێ دوای ئەوە پەیوەندیمان بە بەڕێز عارف تەیفوور کرد کە لەوە وپێش لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان وبەڕێز مەسعوود بارزانی برووسکەی بۆکرا بوو، ئێمەش نامەمان بۆ نارد وئەویش خۆش حاڵی خۆی دەربڕی وئەوە بوو ئێمە گەیشتینە هەڵەبجە وپێشوازی گەرمی لە وەفدەکە کرد وبۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێک لەگەڵ کاک عارف تەیفوور وئەندامانی لقی (٣)ی پارتی دیموکراتی دانیشتین وگفتوگۆمان کرد لەسەر مەسەلەی نەهێشتنی شەڕ و ڕاگرتنی شەڕو ماوە نەدان بە ڕوودانی هیچ خەرقێک لە مەسەلەی شەڕ ڕاگرتن، ئەوە بوو کاک عارف تەیفوور زۆر بەگەرمی یەوە پشتیوانی خۆی دەربڕی بۆ مەسەلەی نەهێشتنی شەڕ وپابەندی خۆی بەبڕیاری ڕاگرتنی شەڕ دەربڕی کە هیچ خەرقێک لەلایەن ئەوانەوە نەبێت وئەگەر هاتو هێرشیش بێتە سەریان، دوای ئەوە مامۆستا مەلا عەلی سەردانی ئێمەی کرد لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، دیسان پێکەوە دانیشین ودوای گفتوگۆیێکی زۆر لەسەر مەسەلەی شەڕو شۆڕ، برادەرانی بزووتنەوە هەمان هەڵوێستیان هەبوو وگوتیان ئێمە پەلامار نادەین ئەگەر هاتوو هێرش نەیەتە سەرمان. ئێمە لە سەید سادق گەڕاینەوە بۆ سلێمانی ولەوێش کە هاتینەوە سلێمانی دیسان لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوە دانیشتین وڕۆژی دووەم بەیانیەکەی سەعات (١١) لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوە دانیشتینەوە وسەردانی پارێزگاری سلێمانیم کرد ولەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوە دانیشتین لەوی (عمید طلال عبیدی) ئامادە بوو لە کۆبوونەوەکە وبە ئاشکرا باسی مەسەلەی ئاسایی کردنەوەمان کرد وهەموو لایەک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ پەلە لە ئاسای کردنەوە بکرێ وسەقفێکی زەمەنی دابنرێ بۆ مەسەلەی ئاسای کردنەوەکە وئاکاری ئاسایی کردنەوە وەکو پێوست بەڕێوە بچێ وهەموو لایەک وهەموو لێپرسراوێک جەختی ئەوەیان کرد کە ئامادەن بۆ تئاسایی کردنەوەی بارەکە بۆ نەهێشتنی شەڕ، بەڵام دیار بوو لەم لاو ئەو لا هەندێ ڕووداو ڕووی

دا ومـاوەی ئەوە نەبوو کـە برادەرانی بەر پرس لەوێ ئاسـایی کـردنەوەکـە وەکـو پێـویست بەڕێوە ببات، ئێمە گەڕاینەوە لەگەشتەکەو چاومان بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کەوت وبەڕێزی پێی باش بوو کە سەردانی بەڕێز مەسعوود بارزانی بکەین، ئەوە بوو ئێمە لەگەڵ وەفدی تری پەرلەمان کە بە سەرۆکایەتی کاک عەدنان نەقشبەندیی بوو بۆ تەوەری ڕانیە وقەڵادزێ، پێکەوە چووینە خزمەتی بەڕێز کـاک مـەسعـوود بارزانی ولەوێ چاومـان پێی کـەوت وخۆش حاڵی خـۆی دەربڕی بەرامبـەر کۆششی پەرلەمـان وبەرامبەر بە هەڵوێستی بەڕێز مام جەلال وئامـادەیی خۆی دەربڕی وئامـادەیی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانی خـسـتـەروو بۆ ڕاگـرتنی شـەڕو نەهێـڵانی شـەڕ لە بنەڕەتەوە وچارەسەرکردنی مەسەلەکە وەکو ئاشتی وتەبای وبرایەتی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا. ئەوە بوو ئێمە هەردوو وەفد داوامان کرد وبەرابەریی کردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە دانیشتنێکی نائاسایی بکرێت ولە (١٥)ی مانگ دانیشتنەکە بەسترا وئێمە هەموو ئەفکاری هەدروو وەفدە پەرلەمانیەکەمان بۆ تەوەری ڕانیەو قەلادزێ وبۆ هەڵەبجە وپێنجوێن و پێشنیار و ڕاسپاردەکان و ڕای خۆمـان خـسـتـە یادداشـتـێک وئەو یادداشـتـەمـان پێـشـکەش بە بەڕێزان مـام جەلال وکـاک مەسعـوود وبە سەرۆکـایەتی پەرلەمـان کرد وئەوە بوو لەلایەن بەڕێزان مام جەلال وکـاک مـەسعـوود مـۆرکـرا وبەتێکڕای دەنگ ئەو یادداشـتـە وەکـو بڕیارێـکی لێ هات وپەرلەمـان پەسـەندی کـرد وپابەندی بە جێبەجێ کردنی کردو داوای کرد کە هەموو لایەنەکان جێبەجێی بکەن، بەڵام بەداخەوە لە دوای (١٥)ی مـانـگ دیارە هەندێ ڕووداو ڕووی دا لەم لاو لەولا، دیسـان لەسـەر سنوورەکـان وهەتا لـە شـەقـلاوەش ڕوویدا، بەڵام بە هەوڵ وکـۆشـشی هەمـوو لایەک توانرا کـۆنتـرۆڵـی لەسـەر بکرێت وبەتەئکیـد کـۆشـشی پەرلەمـانی تێدا بوو وبە هاوکـاری وهاریکاری لەگـەڵ بەڕێزان مـام جەلال وکـاک مـەسعـوود ولەگەڵ هەموو لێپرسراوانی هەر دوو لا یاخود هەر سێ لا بوو، بەگشتی ئەوە بوو ئەو ڕووداوانەی قـەلادزە دیسـان ڕوویاندا، ئەوە بوو مـن (١٨)ی مـانـگ لەگـەڵ چەند برادەرێکی دیکەی پەرلەمـان سـەفـەرمـان کـرد، دوای ئەوە کـۆبوونەوە کـرا لەلایەن سـەرۆکـایەتی هەردوو لا واتا هەردوو فراکسیـۆن ولیستی مۆر لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەباشیان زانی کە وەفدێک بچێتە قەلادزێ، هەر هەمان ڕۆژ لە (٨/١٨) بچن وبزانن مەسەلەکە چیە؟ چونکە دیارە هەواڵ دەهات کـە تۆپ باران هەیە وشـەڕ قـەومـاوە لە ناوچەی قـەلادزێ، ئەوە بوو لەگـەڵ چەند برادەرێک لەوانە کاک ئەحمەد سالار وماموستا مەلا تاهیر وعوسمان دزەیی ومەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی وشێخ جەعفەر بەرزنجی، لێم ببوورن کە چ ناوێکم لە بیر چووبێ، سەردانی ڕانیەمان کرد و، بەشـەو سـەردانی قـەلادزێمـان کـرد، لە ڕانیـە ئەندامـانی مـەڵبـەندی هەشـتمـان بینی ولە قەلادزێ کـاک مـستـەفـا سـەید قـادرمان بینی و، دیار بوو لە دەوروبەری قـەلادزێ هەندێ ڕووداو وتەقە هەبوو، شەڕیش هەبوو و، برووسکەم لە بۆ سەرۆکی پەرلەمـان وبۆ بەڕێزان کـاک مـەسعـوود ومـام جەلال کـرد کـە شـتێکی وا هەیە، تکـاتان لێ دەکـەین کـە تەدەخولی ئەم مـەسـەلەیە بکەن، شتێکی وا هەیە نەک خوانەخواستە ئەو شەڕە فراوان بێ وشوێنی تر بگرێتەوە. لە ڕۆژی (١٩)ی مانگ مـوعدم لەگەڵ برای بەڕێزم شێخ عەدنان هەبوو، کە خۆی لەگەڵ وەفدەکەدا دیسـان بگەنە

ڕانیە وکە ئەو گەیشتە ڕانیە، لەوێ نامەیەکمان نارد بوو. بۆیی بەڕێز کاک شێخ عەدنان ئاماژەی کرد بۆ کاک عەلی باپیر ودیارە وەڵامەکەی کاک عەلی باپیر ئیجابی نەبوو، ئێمە لە بەر ئەوە بەڕاستی نەمان توانی سەردانی برادەرانی پارتی وبزووتنە لە ناوچەکەدا بکەین، ئەوە بوو گەڕاینەوە و کە هاتینەوە لەگەڵ شێخ عەدنان بە وەفد چووینە سلێمانی وچاومان بە مام جەلال کەوت. ئنجا گەڕاینەوە بۆ هەولێر، ئەوە بوو ڕۆژی دووەم کە دەکاتە (٢٠)ی مانگ واتە (٨/٢٠) چووینە خزمەت بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی من وکاک عوسمان دزەیی ومامۆستا مەلا تاهیر وشێخ جەعفەر بەرزنجی، لەوێ ئێمە ئەنجامی سەردانەکەمان خستە ڕوو بۆ بەڕێز کاک مەسعوود ونامەکەی عەلی باپیرمان پیشاندا. بەڕاستی کاک مەسعوود بەو نامەیە زۆر ناڕەحەت بوو وپێی باش نەبوو کە ئەم هەڵوێستەی هەیەو، جەختی لەسەر ئەوە کرد وگوتی ڕەنگە ئەوە هەڵوێستی بزووتنەوە نەبێ، بەڵکو هەر هەڵوێستی عەلی باپیر بێ لە ناوچەکەدا، چونکە شەڕ هەیە وئاڵۆزی هەیە لە بەر ئەوەیەکە ئەو هەڵوێستەی نواندوە وجەختی لەسەر ئەوەش کرد کە ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو سوورین لە سەر ئاشتی ولە سەر تەبایی ولە سەر برایەتی ودەبێ ئاشتی یەکە سەرانسەر بێ وئاشتی یەکە گشتی بێ وبەپەلە لە هەموو کوردستان بەر قەرار بێ وپێویستە ماوە بدەین بە بزووتنەوەی ئیسلامی کە بێنە ناو مەسیرەی ئاشتی نەک ئەو مەجالەیان پێ نەدەین، بەڵکو ئەگەر ماوەیان پێ بدەین هەر کاتێ زانیمان بە خۆیان نایێنە ناو ئاشتی ئەوکاتە خۆیان تەحەمولی مەسئولیەت دەکەن وئێمە وەکو پارتی مەسئوول نین لەو هەڵوێستە، ئەو کاتە لە ڕۆژانی (٢١-٢٢-٢٣) ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنمان کرد وگفتوگۆمان لە سەر ئەوە کرد کە دانیشتنێکی دیکەی نائاسایی لە پەرلەمان ببەسترێت وپێویستە پەرلەمان کۆببێتەوە وگفتوگۆ وتوویژی لەسەر بکات واتە لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە لە تەوەرەکانی شەڕ، چونکە ئێمە لە (٨/١٥) یادداشتمان پێشکەش بە بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال کردو هەردوو بەڕێزان ڕەزامەندییان دەربڕی لە سەر کە لیشەکە، بەڵام بەداخەوە لە دوای (٨/١٥)ی دیار بوو ڕووداوەکان هەر بەردەوام بوون وشەڕ هەر بەردەوام بوو ومەترسییەکی گەورە لە بەرچاومان بوو وئەندامانی پەرلەمان وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان هەستیان بەمەترسییەکە کرد وبڕیارباندا کە دەبێ هەڵوێستیان هەبێ بەرامبەر بەو ڕووداوانەو بەرامبەر بەسەرکردایەتی بەتایبەتی سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە وبەرامبەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی وهەر لایەک ئەگەر سەرپێچی بڕیاری پەرلەمان بکات، دەبێ پەرلەمان هەڵوێستی هەبێ، ئەوە بوو گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە دەبێ دانیشتنێکی نائاسایی لە پەرلەمان ببەسترێ وپێشنیاری ئەوە بوو کە (٢٣-٢٤)ی مانگ ئێمە دابەش کراین لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان کە سەردانی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بکەین کە برای بەڕێزم شێخ عەدنان بوو و من وکاک عوسمان دزەیی ومامۆستا مەلا تاهیر بووین، سەردانی بەڕێز مام جەلالمان کرد لە ڕۆژی (٢٣)ی مانگ کە ڕۆژی (٨/٢٤) کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێ، بەڵام مام جەلال لە بەر التزاماتی خۆی کە موعدی هەبوو لەگەڵ وەفدێکی بیانی عوزری هێنایەوە وتی: من ڕۆژی ٢٤ی مانگ ماوەم نییە وناتوانم

ئاماده ببم بەڵام (٢٥)ی مانگ من ئامادەم لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئامادەبم ئەوە بو پەیوەندیمان بە بەڕێز مام جەلالەوە کرد کە رۆژی (٢٥)ی مانگ ئێوارەکەی لە پەرلەمان بێ وگەڕاینەوە سەردانی بەڕێز کاک مەسعوودمان کرد رۆژەکە (٢٤)ی مانگ بۆ هەمان مەبەست داوامان لێ کرد ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی وئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد وسەرۆکایەتی پەرلەمانیش خۆش حاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم مەسەلەیە وئەوە بوو لە (٨/٢٥) کۆبوونەوەی پەرلەمان ساز کرا کە بە بۆچوونی من کۆبوونەوەیەکی مێژووی بوو ولە یادی کەس ناچێتەوە نە ئەندامانی پەرلەمان ونە خەڵکی کوردستان کە دیارە ئەم سنوورەی دانا بۆ ئەم شەڕە وسنووری دانا بۆ کارەسات وخوێن ڕشتن بەتایبەتی خوێن ڕشتنی گەنجی کورد، دیارە مەسەلەی تر هەبوون بوونە هۆی نەهێشتنی شەڕ، بەڵام لەسەرەوەش ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان دەوری پەرلەمانمان زۆر بە دەورێکی پیرۆز دانا، بە تایبەتی لەو دوو سێ دانیشتنە نائاساییەی کە بەستران وئەندامانی پەرلەمان هەڵوێستی خۆیان دەربڕی وبەهەستی کوردایەتی وبە هەستی نیشتمان پەروەری وبەهەستی کۆمەڵانیی خەڵکی کوردستان کە ئەم شەڕەیان نەوێ، وتیان ئەو شەڕە نەمێنێ وهیچی تر خوێنی گەنجەکانی کورد بە فیڕۆ نەچێ، ئەوە بوو لە (٨/٢٥) دانیشتنی پەرلەمان بە ئاشکرای وبەروونی قسەمان کرد وئەندامانی پەرلەمان بەگشتی قسەیان کرد لەگەڵ بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود وئەوە بوو بڕیار درا کە بە یەکجارەکی شەڕ ڕابگیرێ لە هەموو کوردستان وبرووسکەیان کرد وبەیانیان بەروونی دەرکرد بۆ هەموو سەرکردە مەیدانی یەکان لەسەرتاسەری کوردستان، نابێ هیچ گوللەیەک بتەقێنرێ، نابێ هیچ شەڕێک ببێ و، هەر کەسێک سەرپێچی ئەو فرمانە بکات، ئەوا بەرپرسیاریی لەئەستۆیدا دەبێت ومحاسەبە دەکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە ولەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لەلایەن هەردوو بەڕێزانەوە، من لە بیرم ناچی لێرە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سوپاستان بکەم دوو بارە زۆر هەڵوێستی ئیجابییان دەربڕی لە بەر دەمی پەرلەمان وئەمەش جێگای ڕێزو شانازەیە کە ئەوانە خضوعیان کرد، بەڵکو بۆ ئیرادەی پەرلەمان وهەم بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان هەستیان کرد بە هەڵوێستی خەڵکی کوردسان کە ئەم شەڕەیان ناوێ وبڕیاری یەک لاکەرەوەیان دا کە چیتر هەردووکیان بەرپرسیاری هەڵناگرن ئەگەر هاتوو شتێک ببێ لە جێگایەک لە کوردستان، ئەوانە تەحەمولی مەسئولیەت ناکەن واعلانی ئەوەیان کرد کە ئێمە بەپێی توانای خۆمان موحاسەبەی هەر کەسێک دەکەین لە سەر پێچی لە بڕیارەکان بکات، ئەوە بوو (٢٥ــ ٢٦)ی مانگ و (٢٧)ی مانگ لە پەرلەمان کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو لاو، بڕیاری چاکیان دەرکرد، لە (٢٧)ی مانگ کە دیسان لە پەرلەمان دانیشتنێکی نائاسایی بەسترا ئەوە بوو لە دوای دانیشتنەکە بڕیاریان دا کە دیسان دەبێ چارەسەری هەموو خروقاتێک بکەن، چونکە هەندێ خەرق نەک شەڕ هەبوو، لە چەند شوێنێک لە کوردستان وبڕیاریان دا کە دەبێ وەفدی پەرلەمان دیسان سەردانی تەوەرەکان بکەن وئەم جارە وەفدی سێیەمیش دروست بوو کە بەسەرۆکایەتی بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە بوو، بۆ تەوەرەی شەقلاوە ناردران وبەنیسبەت وەفدەکەی ئێمە ئەم جارە کە لە (٢٧)ی مانگ پێک هاتبوو بریتی

بوو له برادەران ئەندامانی پەرلەمان کاک عەفان نەقشبەندیی، سیروان نەورۆلی، ئەیاد حاجی نامق، ئەحمەد سالار، شێخ جەعفەر بەرزنجی، محەمەد تاهیر زین العابدین، جەلال جوهر، بەکر حاجی سەفەر، حەمید سەلیم میران. ئێمە رۆژی (٢٧)ی مانگ سەفەرمان کرد بەرەو سلێمانی، دیار بوو لەوێ هەواڵمان پێ گەیشت کە هەندێ خروقات هەیە لە تەوەرەکان، ئێمە هەر لە هەمان شەودا کە شەوی (٢٨/٢٧) بوو، سەردانی مەڵبەندی(١)ی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانمان کرد، لەوێ چاومان بە بەڕێز عومەر سەید عەلی کەوت کە پێشوازی گەرمی لە ئێمە کرد وچاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ دا کرد، وەکو وەفدی پەرلەمان لەگەڵ کاک عومەر وەکو لێپرسراوی مەڵبەندی(١)ی یەکێتی لە سلێمانی لەوێ توانیمان هەندێ شت روون بکەینەوە وهەڵوێستی پەرلەمان بگوێزینەوە بۆ سلێمانی بۆ مەڵبەندی(١) لەوێ چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیمان لەگەڵ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دا کرد و، ئەرکی وەفدی پەرلەمانم باس کرد بۆ خەڵکی لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن لە سلێمانی کە دیارە بە شاهیدی برادەران تەئسیری هەبوو ودڵنیایی خستە ناو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی کە دیارە دیسان پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ وهەست بە بەرپرسیاری خۆی دەکات وئیش دەکات بۆ ئاشتی ودیسان دووبارە ئەو وەفدەی پەرلەمان هاتەوە بۆ سلێمانی بۆ سەردانی تەوەرەکانی شەڕ، بە یانیەکەی رۆژی (٨/٢٨) سەردانی ملازم عومەرمان کرد وبەڕێز کوردۆ قاسم وئەندامانی مەڵبەندو سەرکردەکانی مەیدانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەکەدا زۆر بەگەرمی پێشوازی ئێمەیان کرد وخۆش حاڵی خۆیان بەرامبەر بەمەسەلەکە دەربڕی وڕێزیان لە ئەرکی پەرلەمان نا بۆ ئەم کارە پیرۆزەو ئامادە بوون وبەڵێنیان دا کە ئێمە سەرپێچی بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ ناکەین. ئەو بڕیارەی کە دراوە لە بەردەم پەرلەمان لە رۆژی (٢٥)ی مانگی (٨) لەلایەن بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود و، تەئکیدیان کرد کە ئێمە ملتزم بووین بەرامبەر بەم بڕیارە وهیچ خەرقێکیان نەکردووە لە ناوچەکە، ئەوە بوو نامەمان نارد بۆ بەڕێز کاک عارف تەیفوور لە هەڵەبجە ودوای ئەوە چووین سەردانی هەڵەبجەمان کرد ولە گردەمازێ کاک نووری حەمە عەلی لە پێشوازیمان دابوو و، لەوێ کەوتینەڕێ وکاک عارف تەیفوور بەگەرمییەوە پێشوازیمانی کردو پێ خۆش حاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە کۆششی پەرلەمان ودووای دانیشتنێکی یەک سەعاتی لەگەڵ کاک عارف تەیفوور دیار بوو هەموو لایەک رێکەوتبووین و، ئێمە لەگەڵ برادەرانی یەکێتی کە کۆبووینەوە لە سەراوی سوبحاناغا، هەموو لایەکمان رێکەوتبووین لەسەر چەسپاندنی ئاشتی ونەهێشتنی شەڕ والتزام کردن بە بڕیارەکانی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بۆ راگرتنی شەڕ، دوای ئەوە سەردانی مەڵبەندی بزووتنەوەی ئیسلامیمان کرد لە هەڵەبجەو چاومان بە مامۆستا مەلا عەلی کەوت کە برادەرانی تریش لە سەرکردایەتی بزووتنەوە ئامادە بوون لەوانە کاک مەلا ئەحمەد ومەلا سلێمان، دیسان ئەوەی راستی بێ هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ هەڵوێستی رۆژی (٨/١٠) دا، چونکە کە ئێمە لە رۆژی (٨/١٠)دا بزووتنەوەی ئیسلامیمان بینی کە دیسان مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز بوو، لە (٨/٢٨) خەرقمان بینی وتێبینیمان کرد وبە

تەئکیدی ئەم جارە بەڵێنیان دا کە ملتزمن بەڕاگرتنی شەڕ وئەوانیش ملتزمن بەو برووسکەیەی کە کراوە لەلایەن بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوودەوە وهەروەها مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە کە التزام بە ڕاگرتنی شەڕ بکەن ونابێ، هەر کەسێک سەرپێچی ئەم بڕیارە بکات حسابی لەگەڵدا دەکرێ و وەفدەکە لە ڕۆژی (٨/٢٩) سەردانی سەراوی سوبحاناغایان کرد وڕای برادەرانی بزووتنەوە وپارتیان بۆ کاک ملازم عومەر نەقل کرد وئەمنیش پێی شاد بووم، کە هەڵوێستیانمان دی وهەموو لایەک ملتزمن پێی بۆ ڕاگرتنی شەڕ، ئەوە بوو وەفدەکە کەوتە ڕێ بەرەو پێنجوێن، لە پێنجوێن وەفدەکە چاوی بە برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی کەوت کە لێپرسراوی سەربازی و سیاسی لە لیژنەی ڕێکخستنی پێنجوین ئەوان تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد کە ملتزمن بە برووسکەکە، کە هەتا ئێستا هیچ سەرپێچیان نەکردووە لە بڕیارەکانی ڕاگرتنی شەڕ،دوای ئەوە کە نامەمان نارد بۆ کاک برووسک نووری شاویس کە ئێمە سەردانی کاک برووسکمان کرد، کۆبوونەوەیەکی زیاتر لە یەک سەعەتیمان لەگەڵ کاک برووسک کرد ومن لێرەدا بەڕاستی لە بیرم ناچێ وبە ئاسایی باسی هەڵوێستی کاک برووسک دەکەم. لەو کاتەی کە دەچووینە لای هەندێ لە لێپرسراوەکان دەیان گوت: ئێمە شەڕ ناکەین وملتزمین بە بڕیاری شەڕ وەستاندن ودەست پێشخەری لە شەڕ ناکەین ئەگەر پەلامار نەدرێین. بەڵام کاک برووسک دەیگوت: ئەمن ملتزمم بە شەڕ ڕاگرتن بەبێ هەموو شتێک وبەبێ قەید وشەرت، چونکە من کابرایێکی ئاشتی خوازم وبرووسکەشم بۆ هاتووە لە مام جەلال وکاک مەسعوودەوە وئەمن شەڕ ناکەم وئامادەیی خۆی دەربڕی. کە ئێمە وەکو وەفدی پەرلەمان چی بلێین ئەو ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی ودوای ئەوە زۆر سوپاسی پەرلەمانی کرد کە دەوری خۆی بینیوە لەم قۆناخە ترسناکە کە میللەتی کوردی تێدایە، ئێمە ڕۆژی ٢٨ی مانگ کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی برووسکەیەک هات لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە، دیار بوو ڕووداوێک لە تەوەری سەید سادق – هەڵەبجە ڕووی دا بوو، داوای لە ئێمە کرد کەلێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکەین ودیسان دوو بارە سەردانی هەڵەبجەمان کرد، ئەوە بوو ئێمە (٣٠)ی مانگ دووبارە چوین بۆ هەڵەبجە ولەوێ کاک عارف تەیفوورمان بینی و، سەردانی ئەحمەداوامان کرد، لەوێ مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیزمان بینی و ڕووداوێک لەوێ ڕووی دا بوو وسێ لاشەی سێ پێشمەرگە لەسەر جادە کەوتبوون، ئێمەش وەکو وەفدی پەرلەمان لێکۆڵینەوەمان کرد ولێکۆڵینەوەکەش دیسان هەتا ئێستا بەردەوامە، دوایی ئێمە لە ڕاپۆرتێک دا پێشکەش بە سەرۆک پەرلەمانی دەکەین وئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی پێشکەش دەکەین ولە هەمان ڕۆژدا خەبەرەک هات، گوتیان: ئەوە دیارە هێزێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە بەحر پەڕیوەتەوە بۆ لای هەڵەبجەو، هەندێک ئالۆزی پەیدا کردووە لە ناوچەکەو ئێمە کە سەردانی کاک عارفمان کرد، پێشتر سەردانی کاک کوردۆمان کرد بوو، کاک کوردۆ بەڵێنی داو گوتی: هیچ هێزێک دەرباز نەبووە، دیارە ئەوە هەڵەتێگەیشتنە لەمەسەلەکە، لەسەر ئەوەش ئێمە چووین سەردانی کاک عارفمان کرد، لەڕاستیدا دەرچوو کە هیچ هێزێک دەرباز نەبوو بوو بەڵکو چەند کەسێک دەرباز بوو بوون کە حەوت کەس بوون، بۆ ئیش وکاری خۆیان، وەکو ئاگادار کران لەلایەن

لێ پرسراوێکی سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ناوی حەمە سەعید بوو کە گوتی: دڵنیاتان دەکەم کە هیچ هێزێک دەرباز نەبووە، بەڵکو حەوت کەس بوون کە بۆ ئیش وکاری خۆیان بووە، دیارە هەڵەتێگەیشتن لەمەسەلەکە پەیدا بووە لەلای هەردوولای وەفدەکە لە رۆژی ٨/٣١ بەباشمان زانی کە هەر چەندە شەڕیش نەبوو، بەڵام گوتمان باسەردانی دەربەندیخان بکەین وسەردانی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی ومەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەین، ئەوەش هەر بۆ ئەوە بوو کە هەواڵی خۆشمان پێ دەگەیشت کە لە هەولێر کۆبوونەوەکانی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بەردەوامن لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکایەتی حکومەت ولیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە. ئەوە بوو هەواڵی خۆشمان پێ دەگەیشت کە لیژنەکانی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان دروست بووە وبرووسکە بۆ سلێمانی هات کە لیژنە کان دروست بکرێن، بۆیە بەباشمان زانی کە سەردانی پارێزگای کەرکووک بکەین، ئەوە بوو رۆژی ٨/٣١ سەردانی پارێزگای کەرکووکمان کرد وسەردانی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان کرد، کە چاومان بە کاک عیماد ئەحمەد کەوت، هەر دوو لا زۆر پێ خۆش حاڵ بوون بۆ ئەم سەردانەمان وسوپاسی پەرلەمانیان کرد بۆ ئەو ئەرکەیان وهەروەها سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانیان کرد وئێمە بەم سەفەرەی دەربەندیخان کۆتاییمان بە گەشتەکەمان هێناو گەڕاینەوە هەولێر کە گەیشتین چاومان بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کەوت لە رۆژی (٩/١) و لە هەمان رۆژیش کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، پێش نیوەرۆکەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دانیشتین وخۆش حاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە چوونی وەفدی پەرلەمان بۆ تەوەری هەڵەبجە وپێنجوێن وسەردانی بۆ دەربەندیخان وئێمە هەندێک پێشنیارمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد و، من لێرەدا لە بیرم ناچێ کە هەموو جارێک وەفدی ئێمە بە برووسکە ئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمانمان دەکردەوە وڕۆژ بە رۆژو سەعات بە سەعات لەگەڵ بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال وبەلەحظە وەڵامی پەرلەمانمان وەر دەگرت و وەڵامی کاک مەسعوود ومام جەلالمان وەردەگرت کە سوپاسی کۆششی ئەندامانی پەرلەمانیان دەکرد و، هەروەها توانیمان ئەگەر هاتو هەندێک خەرق هەبێ یا هەندێک سەرپێچی هەبێ لە هەندێ شوێن لەگەڵ تەقەلای هەموو لێپرسراوانی هەموو لایەک بتوانین کۆنترۆڵی ئەم مەسەلەیە بکەین ونەهێڵین هیچ شتێک روو بدات یان فراوان بێ لەم ناوچەیە وکار لە سەر بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ بکات، ئێمە لەوێ بە باشمان زانی وبرووسکەشمان کرد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بەڕاستی دیارە هەموو لایەک هەوڵیان داوە وسوپاسیان دەکەین بۆ ئەم مەسەلەیە کە هەموو لایەک جیددین بۆ مەسەلەکە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان و، بۆ چەسپاندنی ئاشتی، بەڵام ئێمە هەستمان کردووە کە تا ئێستا سستی هەیە لەمەسەلەکە وئێمە بەڕاستی وەکو ئەندامی پەرلەمان، دەمانەوێ زیاتر جیددیتر بین لە مەسەلەکە ونەهێڵین شتەکە سارد بێتەوە وجەختمان لە سەر ئەوە کردەوە وهەم بە برووسکە وهەم بە پێشنیار وئێستاش جەختی لەسەر دەکەین کە دەبێ مەسەلەکان جیددیتر وەرگیرێن. بەڕاستی دیارە ئەم جارە توانیتمان بە هەموو لایەک شەڕ ڕابگرین بە یەگجاری وئاشتی بچەسپێنن، لەوانەیە ئێمە

به باشمان زانی بۆ لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە سەردانی پارێزگاکان بکات وئەم پێشنیارەمان پێشکەش کرد، کە لیژنەی ئاسای کردنەوە سەردانی هەموو پارێزگاکان بکات لە کەرکووکەوە تاکو سلێمانی ودهۆک تاکو لە نزیکەوە ئاگاداری بارەکە بن ولەگەڵ لێپرسراوان ولیژنەی ئاسای کردنەوەی پارێزگاکان کۆببنەوە وباس لە مەسەلەکان بکەن، بەڵام دیار بوو ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە خۆیان سەردانی پارێزگاکان بکەن، دەعوەتی لیژنەکانی پارێزگاکانمان کرد بۆ ئێرە ولێرەدا کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کردن وئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەندامانی سەرکردایەتی، نوێنەری لایەنەکان بن لە پارێزگاکان، بەبۆچوونی ئێمە وەکو وەفدی پەرلەمان گەیشتنە ئەو قەناعەتە، ئەگەر هاتو نوێنەری هەر لایەک ئەگەر ئەندامی سەرکردایەتی بێ لە ناو لیژنەی ئاسای کردنەوەی پارێزگا، لەو حاڵەتەدا دەتوانێ زیاتر ئیش بکات وزیاتر دەتوانێ ئەرکی سەر شانی جێبەجێ بکات، چونکە هەتا ئەگەر هاتوو بڵێین فلانە کەس راستە ئەندامی سەرکردایەتی نییە بەڵام دەستەڵاتی هەیە، ئەوە رەنگە خەڵکی وا هەبێ لە ناو حزبەکان بەڵام ئەندامی سەرکردایەتی نەبێ. بۆیە دەڵێم واباشە ئەندامی سەکردایەتی بێت، چونکە خەڵک حیسابێکی بۆ دەکەن وخۆیشی دەسەڵاتی زیاترە ودەتوانێ زیاتر بڕیارەکە پتەو بکات وبڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئێمە ئەو پێشنیارەمان کرد بۆ لیژنەی ئاسایی کردنەوەو گوتمان دەبێ هەموو شتەکان بە درێژی لە لیژنەی باڵادا باس بکرێن، چونکە دیارە بەراستی هەتا ئێستا هەستمان کردووە هەمان برایەتی وتەبایی وئاشتی لە نێوان بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود ولە نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بەرپا بووە، بەڵام تاکو ئێستا نەچۆتە خوارێ ونەکەوتۆتە ناو بنکەو لێپرسراوانی مەیدانی لە بەر ئەوە گوتمان: پێشنیاری ئەوە دەکەین کە هەموو بڕیارەکان بە درێژی باس بکرێن وبڕیاریان لەسەر بدرێ لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی باڵا ولیژەنەکانی پارێزکاکان جێبەجێ بکرێن وئەو پێشنیارەشمان پێشکەشی لیژنەی ئاسایی کردنەوە کرد وئێمە پێش هەموو شتێک داوای ئەوەمان کردووە کە دەبێ ڕێگاوبان ئاسایی بکرێنەوە ونابێ ئێمە بچین لە قەڵادزێ یان لەسەر سنووری دارەشمانە یان هەڵاڵەوە یان سەید سادق بارودۆخەکە ئاسایی بکەینەوە، کە چی لە تەنیشتمان لە هەولێر هەتا ئێستا ڕێگاوبان ئاسایی نەبۆتەوە، ئێمە ئەوەی لێرە دیسان تەئکیدی لەسەر دەکەین وبە پێویستی دەزانین ودەبێ زوو بە زوو هێزەکان لە دووری یەکتر دابنرێن ودوور بخرێنەوە، کەبەراستی چەند ئەو هێزانە بەرامبەر یەکتر بن، ئەوەندە مەترسی دروست دەکەن، لە بەر ئەوە دەبێ پێش هەموو شتێک ئەو هێزانە نەیەڵین بەرامبەر یەکتر (٢٤) سەعات دەستیان لەسەر لوولەی تفەنگ بێ، ئیتر هەر لە دەرفەتێک بتەقێتەوە. ئێمە پێشنیاری ئەوەشمان کرد کە لیژنەکانی پەرلەمان چاودێری ئیشەکانیان وئیشی لیژنەکانی پارێزگاکان بکەن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخەکە، چونکە پێش ئێستاش گوتمان: دیارە هەستی برایەتی وتەبایی وئاشتی بە تەواوەتی نەچۆتە خوارێ بۆ قەواعید، لە بەر ئەوە دەبێ پەرلەمان سارد نەبێتەوە لەم مەسەلەیە وبە بۆچوونی ئێمە دەبێ ئەندامانی پەرلەمان زیاتر گەرم بن لەسەر مەسەلەکەو کۆششی خۆیان بەخت بکەن کە ئەم ئیشە پیرۆزەیان کردووە، ئەبێ بە تەواوی بیکەن وبە چاکی ئەنجامی بدەن. لێرەدا من

دوو باره سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو ڕێنماییەی بۆ وەفدەکانی، بەتایبەتی سەرۆکی پەرلەمان کە بەتەئکید لە پەرلەمان بووە ورێنمایی ئێمەی کردووە بۆ ئیش وکاری خۆمان وسوپاسی بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال دەکەم کە تەحەمولی ئێمەیان کردووە کە هەندێ جار ڕەنگە قسەی وشکمان کردبێ وهەندێ جار ڕەنگە زیاتر بەڕاشکاوی قسەمان لەگەڵ دا کردبن، بەتایبەتی کە ئێمە لە سەردانەکانیان بەڕاشکاوی قسەمان لەگەڵ دا کردوون وپێمان گوتوون وەکو پەرلەمان هەڵوێستی لەوە زیاترمان دەبێ دژی ئێوە، هەر دووکتان بەشخصی یانی ئیتر من لە بیرم ناچێ کە دووبارە سوپاستان بکەین کە تەحەمولی ئێمەیان کردووە لەم زرووفە ولەم ماوەیە کە بەراستی ماوەیەکی پڕ مەترسیی بوو بۆ میللەتی کورد وسوپاسی هەموو لایەک دەکەم وسوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بەتایبەتی ئەندامانی وەفدەکە وسوپاسی سەرکردایەتی مەیدانی هەموو لایەک دەکەم بۆ هاوکاری وهاریکاری کردنیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت لیژنەکەی ئێمە، لەسەر بڕیاری پەرلەمان لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٧دا لەم بەڕێزانەی خوارەوە دروست بوو:

عەبدولخالق زەنگەنە، شێروان حەیدەری، مەزهەر کاکی هیران، مەلا تەڵحە، مەلا سەعید، مامەند محەمەد ئەمین، ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی، ئەکرەم عاشور، مەلا هادی خضر، جوهر ئەحمەد شاواز، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاک جوهر ناردی بەشوێنمان ولەگەڵمان کۆبووەوە و گوتی: زوو جووڵە بکەن بۆ ئەوەی بچینە ئەو مەیدانە چونکە هەندێک ئاڵۆزی هەبوو لەو ناوچەیەدا بۆیە ئێمە هەر هەمان ڕۆژ سەعات (٥)ی ئێوارە بۆی دەرچووین و نزیکی خۆرئاوابون گەیشتینە شەقلاوە، لەوێ لەگەڵ مەسئوولەکانی کۆبووینەوە ولەگەڵ عەمید غازی نوێنەری پارتی وکاک تەحسین کاوانی کە نوێنەری یەکێتی یە ویەکسەر لەگەڵیان دا دراسەتی مەیدانی بارەکەمان کرد ودیار بوو لەو بەینانەش، شەوێک پێشتر نەختێک بارەکە ئاڵۆز بوو لە ئەنجامی شەڕی ناوچەی بالیسان وناوچەی تر، ئنجا هەر لەوێ ئەم دوو برایە عەمید غازی وکاک تەحسین کاوانی هاریکارییەکی زۆریان لەنێوان دایە ولەرووی مەیدانیدارییەوە لە یەکتر نزیکن وهەر لە یەک بارەگاش دادەنیشن لە بەر ئەوە هاریکارییەکی باش هەبوو، هەر یەکسەر ڕێنماییەکەمان پێدان کە بڕیارەکانی پەرلەمان بوون، هەروەها برووسکەی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوودمان پێ ڕاگەیاندن ورێنماییمان پێدان وئەوانیش یەکسەر اجراءاتیان وەرگرت ودوو سێ ڕەبیە هەبوون دایان گرتن وکارێکی هەست پێ کراویان کرد وئەو شەوەش ئێمە لە شەقلاوەماینەوە بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکە بگەین وبزانین چۆن کار جێبەجێ دەکەین وبرووسکەش بکەین، بۆ ئەو جێیانەی بنێرین کە بۆیان دەچین، بەراستی خەبەر هەبوو کە پەشێوی هەیە، هەروەها بۆ بەیانی یەکەی ڕۆژی (٨/٢٨) سەعات (٥و٨) بەرەو سپیلک ڕۆیشتین، لەوێش لەگەڵ لیوا بەکر دانیشتین ودەرسێکی مەیدانی

بارەکەمان کرد، بەتایبەتی شەڕی ناوچەی دۆڵی بالیسان کە شەڕو تەقە هەبوو بەرامبەر بە یەک وەستابوون وقسەش هەبوو کە شەڕ هەیە لەو شوێنانەی دەوروپشتی. بەراستی لیوا بەکر زۆر دەدەنگمانەوە هات وگوتی: منیش ڕێنماییم بە شەو پێ گەیشتووە وبەڕێز کاک مەسعوود فرمانیدا کە نابێ تەقە بکرێ ودەبێ ئیجرائاتی هەستپێکراو جێبەجێ بکرێ وراستە من هەندێ شوێنم هێشتا ئاگەدار نەکردبوو، بەڵام هەتاکو نیوەڕۆ گشت شوێنێک دەبێ ئاگادار بکرێ و،جارێکی تریش هەوڵ دەدەین گشت بڕیارێک جێ بەجێ بکرێن، ئێمەش لەوێوە یەکسەر سەعات (١١) بەرێ کەوتین بەرەو قەزای سۆران ولەوێ لەگەڵ کاک مستەفا نێرەویی ومەسئوولەکانی لقی (١٠)ی پارتی دانیشتین وبڕیارەکانی پەرلەمان وبرووسکەکەی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوودمان پێ ڕاگەیاندن وئەوانیش تەجاوبێکی بەشیان هەبوو وئامادەیی خۆیان پیشاندا کە تەقە نابێ وپێ درێژی ڕوونادات ولە هەمان کاتیشدا شکایەت هەبوو لە بارەی گرتنی هەندێ کەس لە بازگەکان وهەندێ کێشە هەبوون لە نێوان قەزای سۆران لەگەڵ شاری ڕەواندز، بۆیە وەفدەکە سەعات (١٢) چوو بۆ ڕەواندز ولەگەڵ کاک عەبدوڵڵا بۆر و لێپرسراوەکانی کۆمیتەی یەکێتی لەڕەواندز دانیشتین ئێمەش بڕیارەکانی پەرلەمان وبرووسکەکانی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوودمان پیشاندان، شکاتیشیان هەبوو لە سۆران کە ئابڵووقەیان لە سەر داناون، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەییان پیشاندا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو برووسکەو بڕیارانەو. ئەو تەجاوزانە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا بوو، چونکە متمانە لە نێوانیاندا نەبوو، بۆیە ئەمان و دڵنیایی لە لای هەردوو لادا نەبوو و، هەر ئەو شەوە لەوە گەیشتین کە بارودۆخ لە ناوچەی خانەقا خەراپەو لە ناوچەی چۆمان داوایان کرد کە بچینە لایان، بۆیە وەفدەکە یەکسەر چوو و گەڕایەوە سۆران، لە سۆرانیش یەکسەر چوو بۆ ناوچەی خانەقا ولەوێ لەگەڵ بەرپرسەکان چاوپێکەوتنی کرد بەتایبەتی لەگەڵ کاک ئازاد جندیانی وچەند لێپرسراوێکی دیکەی یەکێتی ولەوێ بڕیارەکانی پەرلەمان وبرووسکەی بەڕێزانمان پێشکەش کردن بەس لەوێ بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو، دیار بوو ئەو برادەرانە پێش بینیان دەکرد لە ماوەی چەند سەعاتێکدابێ لە ناوچەی چۆمان ولە هەندرێنەوە بێت. لە بەر ئەوە زۆر ناڕەحەت بوون و، هەروەها داوایان کرد وەفدەکە بچێتەوە، چونکە تەوەقوع دەکەن لە ماوەی سەعاتێک هێرش ببێ وزۆر هەوڵمان دا قەناعەتیان پێ بکەین وپێمان گوتن: کاکە وەڵڵا هێرش نییە وئێمە لەگەڵ برادەران بووین ولەگەڵ لێپرسراوە سەربازییەکانی برادەرانی پارتی بووین هیچ ئامادەیی یەکمان نەدیوە، بەس بڕوایان نەکرد بە قسەکانمان وداواشیان کرد ئەگەر بمێنێتەوە لەوانەیە کێشە دروست بێ، بەڵام ئێمە لەگەڵیاندا کۆبووینەوەو بڕیارمان وەرگرت لە بەر ئەوە بارودۆخەکە تەلەزگەیە، بۆیە ئێمەی وەفد، بووینە دووبەش پێنجمان ماینەوە لەوێ وپێنجەکەی تریش گەڕانەوە بۆ ناوچەی سۆران وئەو پێنجەی ماینەوە من (عەبدولخالق زەنگەنە)، مەلا تەها، مەلا تەڵحە، شێخ مەزهەر، کاک ئەکرەم عاشور وبرادەرانی کەش کاک شێروان وبرادەرانی دیکەش گەڕانەوە بۆ سۆران بۆ ئەوەی بۆ بەیانی یەکە یەکتر بگرینەوە لە سۆران وبچین بۆ ناوچەی دۆڵی

بالیـسـان، شـەوەکـە مـاینەوە لە دەرگـەڵە وبەڕاستی بۆمـان سـەلماندن کـە هێـرش نیـە ونـاکـرێ و قسەکانیشیان موبالەغەی تێدابوو، گوتمان باش نییە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکرێ، نەختێک هەواڵەکـان وردکـاری بکەن پێش ئەوەی بێ، ئەوە بوو شەو مـاینەوە لەسـەر بەرپرسیـیەتی خـۆمـان لەگەڵیان دا گەڕاینەوە کە بێگومان هێرش نابێ، چووین سەردانی ئەو ناوچانەمان کردو لەگەڵیاندا کە توقع دەکرا هێرشی لێبیەوە بکرێ، بەڕاستی ئەو ناوچانەمـان بە چاوی خـۆمـان دیتن، بەتایبەتی ناوچەی قـەسرێ وئەو شوێنانەی کە نزیکی گرمەندیلن ئەو شوێنانە گشتی سووتا بوون وپێش دوو سێ ڕۆژ شـەڕی لێ کـرابوو چەند کـەسـیـشی لێ کـوژرا بوون، بریندارێش هەبوون لە هەر دوو لا وناوچەیەکی زۆر تووشی زیان بـوو بوو، بە ملیـۆنەها دیناری زەرەر لێ کـەوتبـوو وبە تەئکیـد کێڵگەی کشتوکاڵی جوتیارەکان سووتا بوون وخەڵکەکەش دەورەیان گرتین وداوایان لێ کردین کە ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێ قەرەبوویان پێ بدرێ ئەوە بوو ئێمە دوای شەوێک لە دەرگەڵەماینەوە ئەو (٥) کەسە گەڕاینەوە و، لە ڕۆژی ٢٨ی مانگ لیـژنەکە جارێکی تر یەکتری گرتەوە لە سۆران لەوێش باش بـوو کـاک شـێـروان حەیدەری هاتبوو بۆ نـاوچەی سەلاحەدین لەوێش دوا زانیـارییـان وەرگرت بوو وپەیوەندیمان کرد بـوو بە سەرۆکی پەرلەمـان، بۆ ئەوەی دوا هەواڵی لیـژنەکەمـانی پێ بدات لە بەر ئەوەی جـهـازمـان نەبوو ڕاپۆرتمان ئەدا بەس نەمـان دەزانی دەگـەیشت یان نا، ئنجـا دووای ئەوەی کـە لە سۆران یەکترمـان گـرتەوە دوو سێ کێـشـەش هەبوو هینی گـرتنی ئەمـە وئەوە چارەسەرمان کرد بوو، لە ناوچەی ڕەواندز ولە ناوچەی سۆران گەڕاینەوە بۆ سپیلک ودوای ئەوەی کە شێروان حەیدەری گەڕایەوە لە ناوچەکە خەبەری پێ داین کە بەڕاستی شەڕ بووە وکوشتارێکی گەورە بووە لەوێ، ئەوە بوو هاتینەوەو، دەوری بەیانی یەکەی سەعـات (١١) ئەو کاتە لە سپیلک بووین ولەگەڵ لیوا بابەکر دانیـشتین ولەگەڵ برادەرانیش کۆبووینەوە وپێ کەوتین کە ئەو شەڕە چۆن بووە وبۆ ئەو خەرقە بووە وئەوانیش ڕاستییـان دەرخست وشکاتی خۆشیان پێشکەش کرد بەرامبەر لیـژنەکـە وداوایان کرد لیـژنە هەڵوێسـتی هەبێ ودەبێ سنوورێکیش دابنێ بۆ ئەم کێشـەیە، چونکە برادەرانی یەکـێـتی لە ناوچەی دۆڵی بالیـسـان هێـرشـیـان کـردبوو وناوچەیەکـیـان گـرتبـوو وچەند شەهیدێکیان هەبوو وئەوە برادەرانی تریش چەند بریندارێکیـان هەبوو ئەوە بوو دیمان بارەکە نیمچە مـەترسیـەکی لە سەرە، کە ئێمـەش هێرش دەکەین بەرانبـەر بەوان هێـرش دەبەین؛ ئێمـەش پێمـان گوتن: نابێ بیـکەن دەبێ بە تێکڕایی ڕای گرن، ئەوان خەرقیـان کردووە ئێوە نـابێ خەرقی بکەن، گـوتی: ئەگـەر وایە دەبێ بڕۆن بە دەوری خـۆتان هەڵسن ودەبێ ئیـدانەی ئەو بارە بکەن وئەوە بوو لیـژنەکـە بەرەو ناوچەی شـەڕ ڕۆیشت کـە ناوچەی بالیـسـان بوو ولەوێ لەگـەڵ ئەو برادەرانەی کـە بەرپرسیـان لەو هێرشەدا هەبوو دانیشـتین کە پێشی ڕۆژێک لە سەعـات ٥ی ئێواره هێرشیان کرد بوو، ئێمە چووین لەگەڵیاندا لە ناو ڕەزەکان دانیشتین و ئەو ناوچەیەشمان بە چاوی خۆمان دی کە چەند سـووتاوە وبەڕاسـتی بە ملیـۆنەها دینار زەرەرو زیان لە مـیللەتەکـە کـەوت بوو، ڕەزەوانەکـان ڕەزەکـانیـان گـشـتی سـووتا بوو لەگـەڵ زەرعـاتێکی زۆر، لەسـەرەوەش تەقـە دەکـرا بە دۆشکەو بە

هاوەن، بێ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکەن بەرامبەر بە موڵک ومالّی خەڵک لە هەردوو لاوە نەک تەنها لەیەک لا، چونکە هێرشەکە لەشاخەوە بوو، ئێمەش چووین لەگەڵیان دانیشتین، لەگەڵ ئەو براەدەرانەی کە لێپرسراو بوون و، ئەوەی کە سەرکردایەتی ئەو هێرشەی دەکرد کاک مەحموود سەنگاوی وبرادەرێکیان بوو کە بەرپرسی سەربازی یە وناوی ڕێبینە وهەروەها برادەرێکی تریش لەوێ بوو بە هەڵکەوت ناوی کاک موحسن بایز بوو. ئێمەش بەڕاستی لەگەڵیان دا قسەمان کرد کە ئەو بارە بۆ وای لێ هات؟ گوتیان: ئێمە درۆ ناکەین لەگەڵیان، هێرشمان کردووە وهێرشەکەش ئەوەیە کە لە ٢٤ی مانگەوە شەڕ بەردەوامە وبە هیچ شێوەیەک شەڕەکە ڕانەوەستاوە وتەقە ڕانەوەستاوە وئێمە هیچ زانیارییەکمان نەبووە، تەنیا بۆ بەرگریی لە خۆکردن بووە وئێمە ترساوین بۆیە هێرشمان کردووە وئەوەندە شەهیدەمان داوە و ئەوەندە زەرعاتەشمان سووتاوە. ئێمەش گوتمان: باشە ئەی مەسئوولیەتی ئەم زەرەرو زیانە؟ گوتی: ئێوە لە جووتیارەکان بپرسن، یانی ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەو برادەرانە هێرشیان کردووە هەر چەندە کە نامەیەکی کاک جەبار فەرمانیشیان بۆ هاتووە پێش ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ کە نابێ هێرش بەرن ودەبێ لە شوێنی بەرگری بن وبەس، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشیان کردبوو، دەیان گوت: ئێمە مافی بەرگریمان هەیە، عاردمان لێ گیراوە، ناوچەمان لێ گیراوە دەبێ بیگێرینەوە، ئەوە بوو ئێمە پێمان گوتن وتەبلیغیشمان کردن بەهەموو بڕیارەکانی پەرلەمان وبرووسکەی بەڕێزمان پێشکەش کردن کە نابێ بە هیچ شێوەیەک خەرق بکرێن وناوچەکانیشمان دەستنیشان کرد وگوتمان: ئێوە ڕێنمایی ڕەسمیتان لە کوێ وەرگرتوە؟ گوتیان: لە ناوچەی ڕانیە. ئەوە بوو ئێمەی لیژنە لەوێ دوو ڕامان هەبوو، بچین یا نەچین؟ ولە دوایدا بڕیارمان وەرگرت بەمەرکەزیەتێکی تەواو، من گوتم: دەبێ بڕۆین بۆ ئەوەی زانیاریەکەمان بە تەواوی پێڕابگەیەنن و بزانین بۆچی ئەو تێپەڕکارییە بووە، ئەوە بوو چووین بۆ ڕانیە لەوێ بەداخەوە لە مەڵبەند لێپرسراوەکانمان نەدیت، هەندێکیان چوو بوون بۆ قەلادزێ وئێمە نەگەیشتین، دوای نیوەڕۆ دەوری سەعات ٥ر١ کەسمان لەوێ نەدی ولە دوایی دا توانیمان هەندێکیان ببینین وزانیارییەکانمان پێ گوتن وهاتینەوە وبۆ ئێوارەکە گەڕاینەوە، لە ڕێگەی خۆمانەوە بۆ سپیلک پێمان ڕاگەیاندن کە کاکە مەسەلەکە وایە ودەبێ ئێوە نەچنەپێش، ئێوە تێپەڕکاریتان کردووە، دەبێ بچێتە لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە بۆ بەڕێزان وبۆ پەرلەمان کە خۆی هەڵوێست وەرگرێ. ئەوە بوو هاتینەوە وئێمە شەوێکی درەنگ سەردانی مالّی بەڕێز کاک جوهرمان کرد، بەڕاستی شەوێکی درەنگ بوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەگەرمییەوە پێشوازی کردین وڕاپۆرتێکی زارەکیمان پێشکەش کرد ودوا گۆڕانکاری بارەکەمان پێشان دا، ئەوە بوو داوامان کرد لە بەڕێزی ئەگەر بتوانێ وادەیەکمان بۆ وەرگرێ تاکو بچینە لای بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود، ئەوە بوو بۆ بەیانیەکەی پەیوەندیان کردبوو بەسکرتاریەتی مام جەلال و وادەیەکیان بۆ دانایین بۆ سەعات (٣٠ر٥)ی ئێوارەی (٣٠)ی مانگ، ئێمە چووین بۆلای مام جەلال، لیژنەکە بەتەواوی لەگەڵ برادەرانی لیژنەی تەوەری قەلادزە پێکەوە چوونە لای بەڕێزی و وێنەیەکمان پێداو گوتمان: شتێکی

وا بووه، خەرقێکی وا رووی داوه و بارەکە لە دۆڵی بالیسان بەو جۆرەیە وبەرامبەربە یەک وەستاون ومەترسی هەیە، چونکە بەگوللەی کلاشینکۆف لە یەک دەدەن، ئێمە لەوێ بووین و گرژییەکی گەورە هەیە، داوا دەکەین هێزەکان بکێشنەوە هەندێک لە یەک دوور بن وداوامان کرد ئەو هێزە هەر لەوێ نەمێنێ، چونکە هیچ پاساوێک نیە بەڕاستی ئەو هێزەی لە دۆڵی بالیسان بوو هێزی بیانیی بوو، خەڵکی ناوچەکە نەبوون، هەندێکی لە دهۆک وئەو ناوچانە هاتوون، بەشێکی دیکەی لەگەرمیان هاتوون، ئەوانە زۆر بە بەرپرسییەوە هەڵسوکەوت ناکەن بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە، ئەوەی کە تەقە لە دەرەوە دەکات حیسابی ئەوە ناکات کە رەزەکە دەسووتێنێ یان نا، خاوەنی ملی بشکێ ئەوە بوو زۆر مان پێ ناخۆش بوو، بەڕاستی مام جەلالیش زۆر بە رێزەوە پێشوازی وەفدەکەی کرد وبەدەنگەوە هاتنێکی باشیش هەبوو، هەر لە هەمان کات بریاری دا وگوتی: هەرچی لیژنە داوای دەکات ئامادەین جێبەجێی بکەین منیش گوتم: با برادەرانی یەکێتی بکشێنەوە بۆ ناوچەی (توێمە) وبەڕێزیشی یەکسەر وەرەقەیەکی دەرکرد وبرووسکەیەکی نووسی وناردی وداوای لێ کردن کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچەیە. ئێمەش دوای ئەوە بە رۆژێک بەشێک لە ئەندامانی لیژنەکەمان، واتە چوار کەسمان من وبەڕێز شێروان حەیدەری وکاک مەزهەر وکاک ئەکرەم عاشوور چووین بۆ ئەوەی بزانین جێبەجێ کردنەکە چۆنە؟ ئایا پابەندی کراوە ؟، ناوچەکەمان بەجێ هێشت، هەندە دڵخۆش نەبووین، ئەوجا چووین بۆ سەردانی سپیلک وسۆران وجارێکی تریش چووینەوە رەواندز وجەولەیەکی باشمان کرد، بەڕاستی لەو شوێنانە هەستمان کرد بارەکە زۆر گۆڕاوە، هیچ تەقەیەک نەبوو، لە (٢٨)ی مانگ تاکو ئەو رۆژەی ئێمە رۆیشتین، دڵنیای یەک پەیدا بووبوو، نەختێک متمانە هەبوو و، بۆمان دەرکەوت ئەم جارە ئاسایی کردنەوەکە جیددی یە وشەڕ راوەستاوە وهەستمان کرد لە ناو خەڵک کە متمانە بە پەرلەمان پەیدابووە، بەڵام داوایان دەکرد دەبێ پەرلەمان چاکتر بە ئەرکی خۆی هەستێ وسوپاسی تەقەللای پەرلەمانیان دەکرد لەو ماوەیە ئەوەی هەستمان پێ کرد ئەوەبوو دەبێ ئەو بارە ناو ناوە چاودێری بکرێ وەک چۆن بەڕێز کاک حازم یوسفی گوتی وبەڕاستی ئەگەر لە سەرەوە متمانە هەبێ ودروست بووبێ، ئەوا هێشتا لە کادیرەکانی پلە دوو وسێ واتە لە خوارەوە ئەو متمانەیە وئەو دڵنیاییە هێشتا نییە، لە بەر ئەوە بەڕاستی بەدواداچوون گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەیە ودەبێ ئێمەش هەوڵ بدەین ئەو لایەنە گرنگیی تەواوی پێ بدەین لە ئیش وکارماندا، لە بەر رووناکی بریارەکانی ئاسایی کردنەوە ولیژنەی باڵای سەربازی کە بەڕێز کاک جوهر نامق دەورێکی سەرەکی هەیە، مرۆڤ بۆ خوا بڵێ، دەتوانم بڵێم رۆژانە (١٨-١٩) سەعات لەم پەرلەمانە دانیشتووە چاودێری ئیشەکان دەکات، بەڕاستی من خۆم کە ئەندامێکم لە لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە، هەست دەکەم کە ئێستا پەرلەمان بەرزترین دەسەڵات وباڵاترین دەزگای دەستووریی دیموکراتی یە لە کوردستاندا بە ئەرکی خۆی هەڵ دەستێ، لە بەر ئەوە دەبێ پیرۆزبای لە خۆمان بکەین کە میللەت متمانەی پێ داوە ومتمانەی بە ئێمە داوە، دەبێ ئێمەش ئەو متمانەیە پتر بچەسپێنین ئەویش بەهۆی بە

پەرۆشیمان بۆ ئەنجامدانی ئیش و کارەکانمان وبەدواداچوونمان بۆ ئەوکاروبارانە، هەروەها دەبێ لەمەودوا هەڵوێستمان هەبێ، ئەوەی خەرق بکات، ئەوەی تەجاوز بکات، دەبێ چاوی لێ نەپۆشرێ، دەبێ پەرلەمان لەو مەسەلە نەختێ تەجاوزی مەسەلەی حزبایەتی بکات، تەجاوزی مەسەلەی گچکەلە بکات بەڕاستی ئەوەی خەرق بکات دەبێ بلێین خەرقی کردووە، ئێمە لیژنەکەمان کۆمەڵێک پێشنیارمان بە ڕاپۆرتێک پێشکەش کردووە، لە بەر ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان داوای کرد کە ڕاپۆرتەکە بەزارەکی بێ وکورت و پوخت بێت، بۆیە ئێمە داوامان کرد کە بەزووترین کات هێزەکان دوور بکرێنەوە، بەتایبەتی هێزە بیانییەکان با بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان وئەگەر بکرێ هەر بە تێکڕایی هێزەکە نەمێنێ، وابزانم ئەو بڕیارانە هەموویان لیژنەی ئاسایی کردنەوە لە ماوەی (٥) ڕۆژ دەبێ گشتیان جێبەجێ بکات وئەو ڕێگایانەی کە گیرابوون وەک ڕێگای خەلیفان ورانیە وڕێگای ڕەواندز وخەلیفان بکرێنەوە وهەروەها ڕێگا لە پردی حافیز وزۆر شوێنی دی گیراون بکرێنەوە وبازگەی ناشەرعی هەڵگیرێن ونابێ بمێنن، وابزانم لیژنە بەڵێنی ئەمەی وەرگرت کەنەی هێڵێ. ئەوەی ئێمە زۆر پێی دڵگران بووین وبە چاوی خۆمان دیمان، ئەو زەرەرو زیانانە بوون کە بەو خەڵکە گەیشتبوون. کە بە ملیۆنەها دینار دەخەملێندرێ، ئنجا پێمان خۆشە ئەو مەسەلەیە لەبەر چاو بگیرێ وشەڕیش ئەگەر ببێ با نەختێک بەئازایانە بێ نەک بەو شێوەیە لە دوورەوە ماڵی خەڵکی بسووتێنن، ئەمە کارێکی زۆر دوور لە لێپرسینەوەیە، خەڵکەکە داوای قەرەبوو دەکەن، بەڕای من ئەم بارەش دەبێ لەلایەن حکومەت وپەرلەمانەوە بە جیددی وەربگیرێ و، ئەوانەی کە زەرەریان پێ کەوتووە بەتایبەتی خاوەن ڕەزەکان وتووتنەوانەکان، بەڵام ڕەزەوانەکان زیانیان زۆرترە، چونکە زەرەریکی هەمیشەییە، کەچی زەرەری توتنەوانەکان هی بەرهەمی ساڵێکە. خاوەن ڕەزەکان لەسەردەمی حکومەتیش هەندێکیان تووشی ئەو زیانە بوون. بۆ مەسەلەی بازگەگانیش لە هەندێ شوێن هەندێ کەس دادەگرن لە بەر ئەوەی پارتی یە یان یەکێتی یە، ئەو دیاردەیەش هەر بەردەوام بوو، ئێمەش بە توندی داوامان کرد وهەندێ عەریزەمان هێنا لە لیژنەی ئاسایی کردنەوە پێشکەش بە بەڕێز کاک جوهرمان کردو، بە ئەندامانی لیژنەکانیشمان دان. کێشەیەکمان هەبوو هێن فەرمان، لە رانییە ویستمان ئەویش چارەسەری بکەین ولە ئەنجامدا هەردوو لایەنەکە لە سەر پێشنیاری ئێمەو لە سەر بڕیاری لیژنەی ئاسایی کردنەوە هەردووکیان بەردران وزۆر سوپاستان دەکەم. چونکە من ئەم مەسەلەی گرتنی خەڵکم زۆر بە جیددی وەرگرتبوو، بەلای منەوە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادرێ، بەڵام گەر کابرا تاوانێک یا خەرقێکی گەورەی کرد، ئەوە هەیە ویاسا هەیە ئیجرائاتی خۆی وەربگرێ. بەڵام گرتن لەسەر بنەمای سیاسی واتە لە بەر هۆیەکی سیاسی بە هیچ جۆرێک ڕێگای پێ نادرێ. ئێمە زۆر نموونەی باشمان لە ناوچەی شەقڵاوە بینی ئەویش مەسەلەی هاریکاری لێپرسراوە سیاسی وسەربازییەکانی هەردوو لا بوو، کە نزیکن لە یەکەوە وهەدرولا بەیەکەوە دانیشتوون، هەر ئیجرائاتێک دەبێ بەیەکەوە دەیکەن و زانیاری کە دێن لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن. ڕووداوێکی زۆر سەیریان بۆ گێڕاینەوە خۆیان

بۆیان باس کردین وگوتیان: کابرایەک چۆتە بارەگەی پارتی واتە ناوچەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان وتوبەتی ئەوە (٥٠) کەسی یەکێتی چووە، ئەو ڕێیەی گرتووە وهێرش دەکەنە سەرتان ولە هەمان بارەگا دەرچووە وچۆتە بارەگاکەی یەکێتی ولە هەمان کات لەوێش وتوبەتی ئەوە پارتی فلان ڕەبیەی گرتووە و(٥٠) کەسی هاوردووە!! بەڵام چونکە لە نزیک یەکن وزانیارییان ئاڵۆگۆڕ کردووە بۆیان دەرکەوتووەکە ئەو کابرایە گومان لێکراوە، کابرایەکی خراپە بۆ ئاژاوە نانەوە ئەو کارەی کردووە. هەروەها لە شوێنی تریش شتی وامان دی وزانیمان مەسەلەی زانیاری ئاڵۆگۆڕ کردن زۆر پێویستە دەربارەی بەرپرسەکانەوە، بەتایبەتی بەرپرسی سەربازی بێ یان سیاسی، تا گەر هەواڵێکی بۆ هات زوو ساغی بکاتەوە بزانی ڕاستە یان نا؟ چونکە دوژمن زۆرن ئەوانەی بەرژەوەندیان لە شەڕو ئاژاوە دایە، لە بەر ئەوە دەبێ بەرپرسەکانمان هەندێک هوشیاربن لەو بوارەدا، ئنجا لە بەر ئەوە پێمان خۆشە بەرپرسیارە سەربازی وسیاسیەکان لەیەکەوە نزیک بن وکۆبوونەوەی هاوبەشییان هەبێت، ئەوەش وا بزانم بە بڕیاری لیژنەی ئاسایی کردنەوە چارەسەر کرا کە لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە لە گشت شاروشارۆچکەکان دروست کران، هەروەها لیژنەکانی سەربازیش، جا ئەم کێشەیە لە لانی کارکردن چارەسەر دەکرێ و، ئەوەی کە هەستیان پێ کرد کە بەنسبەت ئێمە پێویستە، لیژنەکانی پەرلەمانی وبەدواداچوونو جێبەجێ کردنی ئەو ئیشانەیە وئەوە پێشنیارمان بوو، لیژنەکە بەدواداچوونی هاوبەشی هەبوو وئاسانکاریەکی زۆری پێشکەش کردین بۆ ئەوەی لیژنەکەمان بە کاری خۆی هەستێ، چونکە لیژنەیەکی زۆر فراوانە وناوچەکەیشی زۆر فراوانە. ئیتر جارێکی تریش سوپاستان دەکەم و، بڕیار وابوو کورت بێت بۆیە ڕاپۆرتەکەم بە کورتی پێشکەش کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ناو وەفدەکەی ئێمە سێ بەڕێزی تێدا بوو، کە دووانیان نوێنەری ناوچەی قەڵادزێ بوون وکاک حەسەن کانەبی نوێنەری ڕانیە بوو کە یەک ناوچەن ولەڕاستیدا من بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم، هەر چەندە کوردستان هەمووی وەکو یەکە، بەس وا دیارە مافی خۆشیانە کە داوا بکەن، قەڵادزێ بارێکی تایبەتی هەیە وبەشێوەیەکی تایبەت سەیر بکرێ، چونکە لە ڕاستی دا باری ئاوو کارەبا و باری گشتی یان زۆر نارەحەتە، بۆ ئەوەی چیتر برادەرانی ئەو ناوچەیە تەماشای من نەکەن کە پشت گوێ خرابێ، بۆیە من ئەوە دەخەمە بەردەمی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەندامانی پەرلەمان وبە هیمەتی ئێوە وبە پشتیوانی خوای گەورە انشاء الله بارەکە ئاسای دەبێتەوە، بەڵام ئەم ناوچەیە پێویستە گرنگی یەکی زۆر تایبەتی پێ بدرێ ئەوە یەک، دووای ئەوەش سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم کە ماوەی دامێ وداوای لێبوردن لەو برادەرانە دەکەم کە ناویانم لە بیر چوو بوون ویەکێک لەو برادەرانە کاک

عەفان بوو کە ئامۆزامە ولە یەکێک لە سەفەرەکاندا لەگەڵمان بوو، دووەم: لە خوێندنەوەی ناوەکان ناوەکەیم لە بیر چوو بوو، داوای لێ بوردنی لێ دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەنجامی ئیشی ئەو سێ وەفدە بوو کە برایان سەرۆکی هەر سێ وەفدەکە بەتێروتەسەلی باسیان کرد، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێگەی ڕۆژنامەو رادیۆکانەوە یان لە ڕێگەی ئامادە بوونیانەوە لە پەرلەمان ئاگاداری زۆر لایەنی ئەو تەقەللایە بوون کە لەڕاستیدا جێگای ڕێزو ستایشن، ئێمە سوپاسیان دەکەین، چونکە لەڕاستیدا ماندوو بوون وزۆر جاریش تووشی کێشە بوون ومن هەر لە سەرەتاوە ئاماژەیەکی گچکەم بەوەدا، بەڵام مادام باسی نموونەیان کرد، لەڕاستیدا لە قەلادزێ گەیشتە ئەو رادەیەی کلاشینکۆف رابکێشن لە برادەران ولە سەرۆکی وەفد کاک عەدنان خۆی بداتە بەرێ، لە ناوچەی تەوەری سلێمانیش نابێ تەقەللای کاک حازم لە بیر بکەین، چونکە لەڕاستیدا وەکو سەربازێک سەرێکی لە پێنچوێن بوو، سەرێکیشی لە دەربەندیخان بوو، ماوەیەکی زۆر، هەفتەیەک لەمەوبەریش بێ راوەستان دەورێکی بالای هەبوو لەگەڵ برادەرانی دیکەدا بۆ خولقاندنی ئەم بارە، کاک عەبدولخالقیش ئەوەی باسی کرد جێگای ڕێزلێنانە کە ئەندامانی پەرلەمان لەو ئاستەدا دابن و هەست بە لێپرسینەوە بکەن بەپێی ئەو دۆخەی کە دروست بووە وبە پێی ئەو زانیاریەی کە هێرش دەبرێ وپەلاماریان دەدرێ وئەوان بەشداری بکەن ولەوێ بمێننەوە بۆ دڵنیایی وئەمە لەڕاستیدا هەمووی هەست کردنە بە لێپرسینەوە ومرۆڤ بە ئەنجام و قەناعەتێک دەگات، ئەویش ئەوەیە کە بار دەکەوێتە مەترسیەوە، تەنها هۆیەی نیشتمان پەروەریی دەمێنێتەوە و هەست دەکەی لایەن ولایەنگیری نامێنێتەوە. ئەمەش لەڕاستیدا لە سەرەتای مانگی هەشتەوە نەک هەر لە پەرلەمانی کوردستان ئەم دیارە دەیە روون بوو، بەڵکو لە هەموو بەرەکانی شەڕیش کە کێشەیان هەبوو، بەڵام لە ناو هەموو هێزەکان وناو خەڵکەکەش هەست بە لێپرسراوی کرا ودەرکەوت کە هەستێکی بەرزی بە لێپرسینەوە هەیە لە هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە بکوژێتەوە وسوپاس بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو کۆششە کە ئێستا گەیشتووینەتە ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە بڵێین ئێستاکە تەقە نەماوە وچووینەتە ناو هەنگاوی دووەمەوە ، ئەگەر شتێک پێویست بێت بۆ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان، فەرموون باسی بکەن.
هەروەها وامان کرد ئەو برووسکانەی کە لە لیژنەکانی سەربازی ولەلیژنەکانی ئاسایی کردنەوەی کوردستانەوە دەرچوون بۆ تەوەرەکان وجێگاکان لە رۆژنامە ولە هۆیەکانی راگەیاندنەوەشدا بلاویان بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئاگادارین لەم بارە وجار جاریش ئەگەر رەخنەیەکمان لە هەڵوێست ببوایە دیسان چ بە برووسکە بێت یان بە بریار بێت، ئەویشمان داوە بە راگەیاندن، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان دەری بخەین کە پەرلەمانی کوردستان ئەو بریارانەی داوە وئەو زنجیرە کۆبوونەوانەی کردووەو بەڕێزان ئەزیەتیان کێشاوە وتەشریفیان هێناوە بۆ ئێرە وئەم بریارانەیان داوە وئەو سنگ فراوانیەی کە دەریان بریوە بەرامبەر بە ئێوە وبەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەریان

بڕیوه چ به نامه وچ به برووسکه یاخود به دیتن وسەرپەرشتی کردنی کۆبوونەوانەوەکان، ئەمانه وایان کرد که بارێکی و به ئاسایی کردنەوە چاکی بڕوات وجەخت له سەر ئەوه دەکەین که تەنها (٥) ڕۆژ دانراوه بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکە. من لێرەدا به بڕیارەکان دا ناچمەوه چونکه هەموویان بڵاوکراونەتەوه وهەموویان له بەر دەستتان دان وئەو برادەرەی که پێویستی پێیەتی ئێمه دەتوانین له پەرلەمان مەلەفێکی بۆ بکەینەوه تاکو ئەو بڕیارانەی لەبەر دەست دابێ. چونکه داوامانن به لیژنەکان وداوامانن به فراکسیۆنەکان وهەر برادەرێکی تریش که پێویستی پێ هەبێت، ئەو بڕیارانه هەموویان کۆپی کراون وئێمه نسخەتان پێ دەدەین وئەوەی زۆر زۆر گرنگه لەراستیدا خاڵی دووەمه که دامان ناوه بۆ جێبەجێ کردنی هەر بڕیارێک له لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستاندا مێژوویەک دابنێین بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێ، چونکه ئێوه له پەرلەماندا بڕیارتان داوه تاکو ئەنجامێکی هەبێ، یا هەر هیچ نەبێ هەڵوێست وەربگرین بەرامبەر بەو لایەنه یان ئەو لایەنانەی که التزام بەو بڕیارانەوه ناکەن که پەرلەمان دەیدات وئێمەش بەڵێنمان دا به خەڵکی کوردستان بەرامبەر به لایەنه سیاسییەکان تاکو سەقفه زەمنیەکەمان دیاری کرد هەتا بەپەله جێبەجێ بکرێت، هەم بۆ ئەوەش که بەدواداچوونی ئاسان بێت تاکو بزانین چ لایەنێک جێبەجێ ناکات وئەگەر پاکانەیەکیش هەبوو به دڵنیاییەوه ئێمه لەگەڵ ئەوەین که دراسەتی ئەو مبرره بکرێ، هەروەکو چۆن له لیژنەی ئاسایی کردنەوەی شارو شارۆچکەکان ولیژنه سەربازییەکاندا مێژوویان دانابوو، که بۆ (٢)ی مانگ ئەو ئیشانه تەواو بکەن، بەڵام تۆزێک کێشه کەوته ئالیەتی جێبەجێ کردنەکەیەوە، بۆیه دامانا تاکو (٥)ی مانگ ئەنجام بدرێ. خۆش بەختانه (٥)ی مانگیش هەموو لایەک گەیشتن به بڕیار، لیژنەی باڵای سەربازی ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێکی ترتیب کردو لەو ڕاپۆرتەدا هەموو ئەو خاڵانه دەستنیشان کراون که دەبێ ئەو هێزانه له هەموو ئەو پارێزگایانه له جێگایەک کۆببنەوه که بۆیان دیاری کراوه وله دوێنێوه بڕیار وایه جێبەجێی بکەن وسەقفه زەمەنیەکەش (٥) ڕۆژه، لێرەدا لەراستیدا ئێمه وەکو پەرلەمان دیسان جارێکی تر دەڵێم وەکو برادەرانی سەرۆکی وەفدەکانیش هەر سێکیان جەختیان لەسەر کرد، دەبێ چاودێریمان گەرمتر بکەین وهەوڵ بدەین لەگەڵ لایەنه سیاسییەکان له پەیوەندیی کردندا بین و هەر وەکو دەوێنێش وپێرێش لەگەڵ فراکسیۆن دا ولەگەڵ سەرۆک وەفدەکان دا کۆبووینەوه وقسەمان کرد، دەبێ بۆ (١٠)ی مانگ ئەم بڕیارانه هەموو جێبەجێ کرابن ویەک لەو بڕیارانشه ئەوەیه که هەرچی هێزی چەکدار هەیه بگوازرێنەوه بۆ ئەو جێگایانەی که بۆیان دیاری کراوه وله هەر پارێزگایەکدا چەند جێگایەک بۆ ئەم مەبەسته دیاری کراون بۆ هەموو لایەنەکان که هەر یەکو جێگای خۆی هەبێ، ئەوەش سەقفه زەمەنیەکەی ڕادەی بەرزی (٩-١٠) مانگ دەبێ تەواو بێت، چونکه (١٠)ی مانگ دەبێ که دوا ڕۆژه وله (٦)ی مانگەوه دەست پێ دەکات، هەروەها بۆ لیژنەی ئاسای کردنەوەی شارەکانیش که به سەرۆکایەتی پارێزگارەکانه، ئەوانیش دەبێ له ماوەی نزیکەی(٧٢) سەعاتدا ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد بێ وئەبێ دەستنیشانی جێگای بارەگاکان بکەن وبزانن

بەژمـارە لە هەر شـارو شـارۆچکەیەک چەند بارەگـای حـزبەکـان هەبێت ولەکوێ بێت، هەروەها لیژنەکانی پارێزگاش دەستەلاتیـان پێ دراوە، لیژنەی فـەرعی دروست بکەن بۆ قەزاکان، ئەوەی کە مرۆڤ زیاتر دڵی پێ خۆشە ئەوەیە کە ئیش بەردەوامە ولەو رۆژەوە کە ئەو بریارو فەرمانانەیان بۆ چووە وا خـەریکن ئیـشی خۆیـان دەکەن، هەر دوێنێ برادەرانی پارێزگـای کەرکـووک پاش دوو رۆژ کـۆبوونەوە، کـۆمەڵێک کـاروکرداریان بەباشی ئەنجام داوە ولیـژنەیـان بۆ هەمـوو قـەزاکـان دروست کـردووە وئەوان دەست بەکـارن ونوێنەری هەمـوو لایەک لە پارێزگـادا کـۆبونەتەوە وکـاری باشـیـان کردووە. هەروەها لە ناوچەی دهۆک کۆمەڵێک بریاری باشیان داوە ولە سلێمانیش وا خەریکن ولە هەولێریش قـەول وابوو دوێنێ ئەنجامی کۆتایی ئەو بابەتانە دەرکەوێ، ئەوە لەراستیدا هەمووی لە ناو ئەو سەقفە زەمەنیەدایە کە بۆیان دیاری کراوە، جا هیوادارین بۆ (١٠)ی مانگ ئەو بریارانە هەموویان جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئازاد کردنەوەی رێگاو بانەوە هەیە کە بریارێک بوو بە سەرپەرشتی بەرێزان مام جەلال وکاک مەسعوود، وەکو لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستـان رۆژی ٨/٢٨ یەکێک لەوانە ئەو خاڵە بوو کە رێگە ئازادە بۆ هەمـوو کەسێک، کە لە سەرتاسـەری کوردستـان لە زۆر جێگە جێبـەجێ بووە، بەڵام لە هەندێ جێگایان ماوە بۆ ئەمـەش دەبێ لیژنەی سەربازی ولیژنەکانی پارێزگا بەردەوام بن بۆ هەڵگرتنی ئەو دیاردەیە، هەروەها دوێنێ شەو سەرکردایەتی هەردوو حزب بەڵێنیان داوە کە ئەو شتە جێبەجێ ببێ وهیوادارین ئەم رۆژانە هیچ شتێک لەم بابەتانە نەمێنێت. بۆ خاڵی تر کە گەرانەوەی ئیداراتە بۆ جێگەو رێگەی خۆیان وبریار دراوە لە مـاوەی (٥) رۆژ لە مـێـژووی (٥)ی مـانگەوە دەسـتی پێ بکرێ وئەنجـوومـەنی وەزیران دەبێ دوێنێ یان ئەمرۆ بریارێکی دەرکردبێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرچی ئیجرائاتێک کە کراوە بۆ ئەو گۆرانکاری وئالوگۆری یەی کەبووە لە پاش ١/٥، ئەوەی پەیوەندی بە رووداوەکانەوە هەبـووە، بۆ مـەسـەلەی خـانوو بەرەی خـەڵکیش کـە لەم رووداوانە تووشی زیان بـوون، دیسـان ئەنجـوومـەنی وەزیران بریارێک دەردەکـەن یان لەوانەیە دوێنێ یان ئەمرۆ دەریان کـردووە، بۆ ئەوەی ئەو خانوو بەرانە بگەرێنرێنەوە بۆ خاوەنی خۆیان کە پێش ١/٥ تێیـان دابوون، بۆ مەسەلەی دیل وگیراوەکان هەنگاوی باشیـان بۆ نراوە، لە دوا کۆبوونەوەی لیژنەی ئاسایی کردنەوە کە لە(٥)ی مـانگ بوو، لە لیژنەی ئاسای کردنەوە هەندێ رەد وبەدەل هەبوو، داوامان لە لایانەکانیش کرد بۆ ئەم بابەتە ولایەنەکان گوتیان: کەسی وامان لەلانەماوە تاک وتەرا نەبێت و، داوامان لێ کردن بۆ کـۆبـوونەوەی ئاینده هەر لایەنێک ئەگـەر خـەڵک لای لایەنێکی تر مـاوە با بە لیـست بیـدات بە لایەنەکەو بیدات بە لیژنەی ئاسـای کردنەوە، بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بکەینەوە، کە بۆچی هەتا ئێستا ئەوە جێبەجێ نەبووە؟ یان گەر پێویست بوو بە تەدەخول کردن بوو، بکرێت و ئەوەی تریش ئەنجام بدرێت. هەتاکو ئێستاکە کار بەم شێوەیە رۆیشتووە، بەش بە حاڵی خۆمان، لیژنەی ئاسایی کردنەوە رازین لەو هەنگاوانەی کە نراون، بەڵام هێشتا مەترسیەک ماوە، ئەویش لە جێبەجێ کردنی، دوو سێ بریاری سەرەکی کە دەبنە مایەی دروست کردنی کێشە بۆ ئێمە، یەکەم مەسەلەی

دیاردەی چەکداری یەو چۆڵ کردنی شارەکان وشارۆچکەکانە لە دیاردەی چەکداری، کە ئەمڕۆیەو هیوادارم هەموو ئەندامانی پەرلەمان جیددی دوای ئەو مەسەلەیە بکەون، وەفدەکانیشمان بەردەوام بن، هەر یەک لە تەوەری خۆی ئەو بەدوادا چوونەوە بکات، لیژنەی بەدواداچوون کە لە پاش ٧/٢٥ دروست بووە لەناو پەرلەمان بەردەوام دەبێ لە چاودێری کردنی وهەروەها لیژنەی ئاسایی کردنەوەش با بەردەوام بێ، چونکە مەحەک ومصداقیەتی بڕیارەکان لە ماوەی ئەم (٥-٦) ڕۆژەدا دەردەکەون و، ئەو کاتە لەوانەیە دڵنیاییەک لەلامان پەیدا ببێ، کەوا هەنگاوی دروست دەنێین، هەرچەندە من دڵنیام هەموو لایەک سوورن لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە، بەڵام وەکو گوتمان: ئەزموونی ناخۆشمان هەیە، پێش ئێستاکە چەندەها کۆبوونەوە دەکراو بڕیاری باش وەردەگیرا، بەڵام بەداخەوە لە ئالییەتی جێبەجێ کردنیاندا تووشی کێشە دەبووین، بەڵام دیارە ئێستاکە هەموو لایەک سوورن لەسەری ودوێنێش هەردوو بەڕێزان بەڕاشکاوی جەختیان لەسەر ئەم بابەتە کردەوەو ئێمەش دەبێ بەردەوام بین لەسەر بەدواداچوونی تا ئەو رادەیەی کە هەموو شت تەواو دەبێ و، ئەگەر خوانە خواستە لایەنێک یان دوو یان سێ لایەنیش لە خاڵێکدا کەم تەرخەمیان کرد، ئەوە وەکو پەرلەمان بەڵێنتان داوەو دەبێ هەڵوێستێکی ڕاشکاومان هەبێ بەرامبەر بەم بارە ئەگەر خوا حەز بکات ناگاتە ئەو رادەیەو، هەموو لایەک ئەو بڕیارەی کە داویانە جێبەجێی بکەن و بەش بەحاڵی خۆم من هەر ئەوەندەم بەباش زانی لەوەی کە پەیوەندی بە لیژنەی ئاسایی کردنەوەوە هەیە باسی بکەم، چونکە وەکو گوتم: هەموو خاڵەکان روونن وسەقفی زەمەنی زۆرشت هێشتا تەواو نەبووە هەتا ئێستا. بەڵام با هەر بەردەوام بین لە سەر ئیشوکاری خۆمان و هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەک دەکەم، هەموو ئەو لێپرسراوانەو هەموو ئەو برادەرانەی کە خۆیان ماندووکردووە لەم پڕۆژەیە، پڕۆژەی بنبڕکردنی شەڕی خۆکوژی و ئاسایی کردنەوەو گەڕانەوەی حکومەت بۆ سەرتاسەری هەرێم، بۆ ئەوەی یاسا حوکمڕان بێت لە وڵاتی ئێمەدا. دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە سوپاسێکی بێ پایانی بەڕێزان کاک مەسعودو مام جەلال دەکەین بۆ ئەو بایەخەی کە نواندیان و دەینوێنن بۆ چەسپاندنی ئەم پڕۆژەیە و بەتەئکید دەوری ئەو دوو جوامێرە هەموو کات هەر پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیەو دیسان سوپاسی برایانی وەفدەکان دەکەین و، ئنجا ئەگەر هەندێ تێبینی هەیە بۆ ئەوەی چی بکەین و چ پێشنیار دەکەن بۆ ئەو پڕۆژەیە تاکو بەرەو پێشی ببەین و سەقامگیری بکەین و بەدواداچوونەکەمان تەواو بێت و هیوادارام برادەران هەر یەک لە بواری خۆیدا ئەو تێبینییە گرنگ وئیجابییانە بچەسپێنێ، پاشان بەیەک ڕا دەرچین لێرەو هیوادارم لە کاتی گفتوگۆی پێشنیارەکاندا لە هەندێ دیاردە تێپەڕین، کە پێویست ناکات ئێستا باسی بکەین، ئەم دانیشتنە، بەڕاستی هی هەڵسەنگاندنی ئەو گەشتەیە کە ئەو برادەرانە کردوویانە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداربن کە چی کراوە و چی نەکراوە؟. ئێستاش حەز دەکەین گوێمان لە پێشنیارەکان بێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەم پڕۆژەیە دەوڵەمەند بکەین و بیچەسپێنین. ئێستا (١٥) برادەر دەیانەوێ قسە بکەن، کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

من پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە، ئەویش ئەوەیە، پاش ئەوەی ئەو بڕیارانەی بەپێی هەڵوێستی پەرلەمان و بەپێی ئەو کۆبوونەوانەی کە لە پەرلەماندا کران، چەند خاڵێک باس کران، ئەوە بوو ئەو خاڵانە وردکرانەوەو لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە چەند بڕیارێکی دا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارانەو هەڵوێستی بەڕێزان کاک مەسعودو مام جەلال لە ناو پەرلەمان و پەیوەست بوونیان بەو بڕیارەی کە دراون، ئێستاکە چەند لیژنەیەکی ئاسایی کردنەوەو لیژنەی سەربازیی هەیەو دەست بەکارن، من پێم باشە ئەگەر بێت و بۆ هەر پارێزگایەک، دیسان چەند وەفدێکی بچووک دروست بکرێت، ڕۆژی هەینی بەڕێ بکەون، چونکە لێرەوە تا هەینی سەقفی زەمەنی لیژنەکانیش تەواو دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. قــاسم مــحــەمــەد قــاسم:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە سەر دەنگی تۆ، تا سوپاسی برادەران بکەین، کە ئەو ئەرکەیان ئەنجامداوەو زەحمەتیان کێشاوە بۆ ئەم کارە خێرخوازییە، ئێستاش چەند پێشنیارێک هەیە دەمەوێ بیانخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، کە هەر تێپەڕکارییەک خوانە خواستە ڕووی دا دەست نیشان بکرێ و پەردە لە ڕووی ئەو لایەنە هەڵماڵدرێ کە ئەو تێپەڕکارییانە دەکات و بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆ، من پێشنیار دەکەم بە زووترین کات یاسای حەرام کردنی شەڕی ناوخۆیی دەربهێندرێ ئەو کەسەی سەرپێچی یاسا بکات لێتۆژینەوەی لەگەڵ دا بکرێت. دووەم ئیشوکاری ئەو لیژنانە موتابەعە بکرێن واتا لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە، هەروەها پێشنیار دەکەم ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە سەر بە چ ناوچەیەکن ئەوان سەرپەرشی ئەو لیژنانەی ئاسایی کردنەوە بکەن لەو ناوچانەداو ئاگاداری پەرلەمان بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حــســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئـەنجــومــەن.**

بێگومان ئەوەی پەرلەمان پێی هەڵستاکارێکی زۆر باش بوو، ئێستا ئەو میللەتەی کە دەنگی بە ئێمە داوە پەشیمان نیە و، بڵێ دەنگم بە خەسار چووەوجارێکی تر ناچمەوە بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن. ئەوەش جێی شانازییە، شانازییەکی مێژوویی بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی سەرۆکی پەرلەمان، کێشەکەمان کردە چەند قۆناغێک ئەوەش شتێکی باش بوو، چونکە هەمووی بە یەکەوە لەتوانادا نییە چارەسەر بکرێ. قۆناغی یەکەم کە شەڕ ڕاگرتنە، زۆر لێی سەرکەوتوو بووین، شەڕەکە ڕاگیراولە سەرتاسەری کوردستان تەقە نەماوە، قۆناغی دووەم کۆکردنەوەی هێزەکانە، ئەوەش تا ئێستا ناڵێم (١٠٠٪) لێی سەرکەوتووین، بەڵام دیارە ئەوەی بیری لێ بکەمەوە تەنیا ئەو ملیشیاتەیە کە ئێستا بە قۆناغ هێناومانە، قۆناغی سێیەم چی بکەین ئەو

هێـزانه كـۆبكەینەوە لەو شـوێنانە بۆچی دەمـێنن لەو شـوێنە؟ چیـان لێ بكرێ؟ پێم وایە ئێسـتـا دەستەلاَتە جێبەجێ كردنەكە نییە، ئەوە جێبەجێ بكەن ولە شوێنێكیان دابنێین، بەڵكو ئێمە دەبێ زەمینە یان بۆ خۆش بكەین، چی دەكەین لەو زەمینە بۆ خۆش كردنە؟ هەر لە سەر خاڵی سێزدەم هەر لەكارنامەكەی ئێمە هاتووە كە میلیشیا نەمێنێ لە خاڵی سێزدەم نەمانی میلیشیات چۆن زەمینەی بۆ خۆش بكرێ وئەو میلیشیاتە بە یەكجاری نەمێنن، ئاسایی دەبێ هێزی چەكداری رێك وپێك لە پۆلیس وئاسایش لە وەزارەتی پێشمـەرگە یا وەزارەتی بەرگری هەبێ هەتا ئەوانیش نەمێنن، بەلای منەوە پێشنیـارێكی محددم هەیە، چونكە ئەوە خـاڵی سێ یەم وا دێتـە جێ، ئەو هێزە كۆدەبێتەوە ئەو هێزە هی وای تێدایە لەوانەیە برای كوژراوە، خەڵكی كوژراوە، خەرق كردن زۆر دەبێ، شتی سەیر روودەدات، بەلای منەوە ئێستا دوو لیژنە لە ناو پەرلەماندا هەیە، لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی پێشمـەرگە، هەر لە ئێسـتـاوە كـۆببێـتـەوە بۆ چارە سـەری ئەو هێـزانە چیـان لێ بكەین؟ ئێمە كە خارجی ئەو لیژنانەین، هەمـوو ئامادەین یارمەتییان بدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هێزانە نەیەڵین، چونكە كـە كـۆمان كـردوونەتەوە بۆ ئەوەی نییـە ئامـادەیان بكەین بۆ شـەڕێكی تر یاخود بیان هێلینەوە، ئەگەر حزبەكان ئەو هێزانەیان هێشتەوە، مـانای وایە كە نیەتی شەڕیان هەیە وئامـادەن دووبارە شـەڕ بكەنەوە، دەبێ دیسـان ئەو هێزانە نەمـێنن، ئنجا بۆ ئەوە حـەز دەكەم وەكو پێشنیارێك هەردوو لیژنەكە پەیوەندی بەوە هەیە لیژنەی (پ.م) ولیژنەی ناوخۆ لە ناو پەرلەمـان كۆبوونەوەیەكی هاوبەش بكەن وچارەسەری ئەو هێزانە بكەن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

بەدوادا چوونێكی گچكەم هەیە. وەكو ئاگادارن یەكێك لە خاڵەكان كە سەقفی زەمەنی بۆ دانراوە، گەڕانەوەی ئیدارەو سەیتەرە كانی رێگاوبانەو دەبێ ئەمن وئاسایشی شارەكان بدرێن بە پۆلیس وئاسایش كە ئێستاكە هەیە، ئەوە یەكێك لەو خاڵانەیە، كۆكردنەوەی ئەو هێزانەش لەو جێگایانە بەس ئەوە نیە بارەگایان بۆ دەستنیشان بكرێ وهەر چی چەكدار ئیتر لە ناو شارەكان نەمێنن ولەو جێگایانە كۆبكرێنەوە. لەراستیدا لەو لیژنانەی ئاسایی كردنەوەدا دوو سێ شت باس كران ولەوێ بۆ نموونە خاڵێك دانراوە بۆ حزبی (أ) كە چەندە چەكداری خۆی هەیە لە وێ كۆی كردۆتەوە، ئەو چەكدارەی لەوێ یە بەلاَم دەتوانێ مۆڵەتی پێ بدات وبچێتـەوە مـاڵی خۆی، بەلاَم دەبێ كـابرا كە دێتەوە ناو شار چەكی خۆی دانێ ئنجا بێتە اجازە، دیاردەیەك لە شەقلاَوە هەستی پێ كراو چەند چەكدارێك هی لایەنێك هاتبوونە ناو شار كە دروستە بەبێ چەك بێن، بەلاَم ئەوان بە چەكەوە هاتبوونە ناو شار. لەلایەكی دیكەشەوە رێككەوتنی پاریس بەڕێوەیە، لەوێندەری كۆمەڵێك خاڵ چەسپێنراون ئەگەر ئەو خـاڵانەش جێبەجێ بكرێن، ئەوا ئەو كێشـەیەی كە فەرمـووتان چارەسەر بووەو، لە لیژنەی ئاسایی كردنەوەش یەكێك لە خاڵە گرنگەكان كە لەسەری رێكەوتین مەسەلەی محـاویرو هێـڵی بەیەك گـەیشتن لەگەڵ دوژمن، بە تەئكیـد ئەو هێـزانە زۆربەی زۆریان لە هێـڵی بەیەك گـەیشـتن لەگـەڵ دوژمن دائەنرێن، بەرامـبـەر بە هێـزەكـانی رژێم و، دوور لە شـارو

شارۆچکەکان، بەڵام هەموو چاکەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوێ کە ئێمە توانیمان ئەو هێزانە لە دووری شار کۆبکەینەوەو شارەکان لە چەکدار چۆڵ بکەین و بارەگاکان دیاری بکرێ وپاسەوانی بارەگاکان دەستنیشان بکرێن کە پۆلیس ڕەسمی بن، فەرموو کاک ئەکرەم عاشوور.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی ئاشووری سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم وسوپاسی هەر سێ سەرۆکی وەفدەکانیش دەکەم من پێشنیارێکم هەیە تەنیا بەنسبەت ئەو پێشنیارانەی کە دەکرێن، پێویستە بە هەر ڕێگایەک هەموو جیهان بزانێ لەو پەرلەمانە چ دەبێت وچ دەقەومێ وتەعلقێکم لەسەر وتەکانی کاک حازم هەیە کە گوتی: دەریا هەیە لە هەڵەبجە، من دەمەوێ گەشتێک لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان بکەم وبچینە هەڵەبجە ودەریاکە ببینین لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وتی لە پشتی هەڵەبجەوە پێی دەڵێن (بەحر)ـەکە وبرادەرانی شارەزوور دەتوانن دوایی باسی بکەن، لەوێ وا بڵاوە وبەسەر زمانی خەڵکەوەیە ودەڵێن لە بەحرەکەوە، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەم هەڵوێستەیان کە لەم دواییەدا دەریان بڕی وسەلماندیان کە پەرلەمانی کوردستانە و، خۆزگە ئەم هەوڵ و کۆششانە لە سەرەتای مانگی (٥) بووایە، هەروەها سوپاسی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەین بۆ چوونیان بۆ میحوەرەکان وجێگەی دەستیان دیارە لە ئیشەکەدا، بەڕاستی من هەندێ تێبینیم هەیە لە سەر هەندێ لە ئیشەکانی برایانی لیژنە، زیاتر بۆ ئەوەیە کە هەوڵ وکۆششە ئاشتیانەکەیان چڕترو پڕتر بێ وپەرلەمانی کوردستان ئەم هەنگاوانەی بۆ چارسەرکردنی ئیشەکان هاویشتووە، بۆیە هەقە زۆر بە ڕاشکاوی وبوێرییەوە خاڵ بخەینە سەرپیتەکان، وەکو برای بەڕێز کاک د. رزگار گوتی وبە بوێرییەوە ئەوانەی کە خروقات دەکەن وئەوانەی کە زیاتر بارەکە ئاڵۆز دەکەن ناو بنرێن وناوببرێن ودەستنیشان بکرێن، بۆ ئەوە هەم جەماوەریش بیان ناسن وهەم لایەنەکانیش خۆیان بۆ خۆیان ئەوانە بناسن، بۆ نموونە ئەوەی بەڕێز کاک شێخ عەدنان باسی کرد کە ئیجابی نەبوو، پێویست بوو بڵێین ئیجابی نەبوو، کێ بوو هۆی ئەو ئیجابی نەبوونە؟ کەئەنجامەکەی بوو بەهۆی جەولەیەک شەڕ وکوشتار کە زیاتر لە (١٠٠) کەس لە سەرانسەری کوردستان کوژراوە، پێویستە ئەو ئیجابی نەبوونە دەستنیشان بکرێ، کێ بوە؟ بۆ ئەوەی کارەساتەکە زووتر کۆتایی پێ بێت بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەکانی ١٥-٨/١٦ی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەم دوو برادەرەی کە لێرە بوون، بڕیاردرا کە شەڕەکان ڕابگیرێن وبڕیارەکان بدرێن، بەنسبەت کاک حازم کە باسی ئەوەی

کرد که چوویته فلاّن شوێن سێ جەنازە کەوتبوون، ئەو جەنازانە چی بوون کەوتبوون هی کێ بوون وکێ کوشتبوونی ودوای کەی؟ دووای شەڕ وەستان ودوای بروسکەکان دوای بڕیارەکانی پەرلەمان، مەفروزە ئەوانە ناو ببرین ولێ یان بپرسرێتەوە، کەوتی لە ڕاپۆرتەکەی من قەناعەتم وایە ئەو سێ جەنازەیە سێ کەس بوون بە دیلی کوژرابوون دوای بڕیارەکانی پەرلەمان ودوای هاتنی لیژنە. بەنسبەت برای بەڕێز کاک عەبدولخالق، دیارە زۆر بە باشی باسی میحوەرەکەی خۆیانی کرد بەلاّم تێبینی یەکم لەسەر قسەکانی ئەویش هەیە دەبوایە وەکو باسی فلاّنە بەرپرسی کرد، وەکو وتی: دەبێ ئێمە هێرش بکەین، مەفروز بوو بیوتایە لە وەلاّمی فلاّنە هێرش ئێمە ئەو هێرشە دەکەین کە لە فلاّنە شوێن دوای ٨/١٥ یا ٨/١٦ دەستی پێ کرد، مەبەست ئەوەیە هەموو شتەکان وەکو خۆی بێ ولاستیکی بەکاریان نەیەنین، ئێمە بەراستی وبەڕاشکاوی وبە بوێرییەوە لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە بدەین کەوا کێشەکان بن بڕ بکەین وبا تەجاوزکاران بناسرێن وپێشنیارێکم بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە بەتایبەتی لە لیژنەی بالاّی ئاسایی کردنەوە، بەنسبەت لیژنەی سەربازییەوە ئەم لیژنە سەربازییانەی کە لە سەرانسەری کوردستان دا هەنە. من لەگەڵ برایانی تریش دا قسەم کردووە، بەراستی زۆربەیان کۆکردۆتەوە لە سەربازگەکانی زەمانی بەعس، ئەم سەربازگایانەی زەمانی بەعس بۆ ئابلوقەدانی شارەکانی کوردستان بووە، نەک بۆ ئەوەی کە ئاسایش لە شارەکانی کوردستان بپارێزێت، بۆیە ئێستاکە باسی فلاّنە شار دەکەن دەڵێن لە سەربازگای سەلام بەنسبەت سلێمانی، لە سەربازگەی تانجەرۆ وشاخی ئەزمەر هێزەکان کۆبکرێنەوە بۆ ئابلوقەدانی شاری سلێمانی نەک بەرامبەر بە هێزی داگیرکەری عێراق یا سەر سنوورەکان دابنرێت. یان لە هەولێر یان لە هەر شوێنێکی تر. بۆیە لە هەر دەمەقاڵی یەکی دوو بەقاڵ لە ناو بازاڕدا هێزەکان دێنە ناو شار وهەموو تەقەلاکان بەفیڕۆ دەچن. بۆیە من پێشنیار دەکەم کەوا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وکاک عەبدولخالق ئەم بابەتە بەڕاشکاوی بڵێن. هەنگاوی یەکەم کۆکردنەوە، بەنسبەت شوێنێکی وەک هەڵەبجە لە سەربازگەی زەمەقی سەربازگەی دەڵەمەڕ وسەربازگەی باوەکۆ چک وهەر یەکێتی لەوێ، پارتی لەوێ، ئیسلامی لەوێ وئەمە هەر بۆ ئابلووقەکردنی شارەکانە وئێستاش خەڵکی لێرەوە بڕوا بۆ سلێمانی سەربازگای سەلام لە سەر جاددەکەیە، واتە دوای ٥ دەقیقە دەچنە ناو شارەکان. بەنسبەت شوێنی دیکەی وەکو ڕانیەش هەروایە وقەلاّدزێش هەر وایە وناوچەکانی تری وەک هەولێر هەروایە. پێویستە وەکو کاک سەید حەسەن باسی کرد هەوڵ بدرێ بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزانە بەرامبەر بەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی ئەوانەی کاک شەوکەت باسی کردن، لەڕاستیدا کاری وەفدی پەرلەمانی ئەوە نەبوو بچێت شت هەڵسەنگێنێ یانی بڵێ خەتای فلاّن لایەنە یان گوناهی ئەو لایەنەیە ئیش وکاری ئێستای ئێمە نییە، کە وەزعەکە هەڵسەنگێنین یاخود لایەن گوناهبار بکەین، کە ئەوەی نەکردووە،

یانتەجاوبی نەبووە. لەسەرەتای هەموو ئیشێکیش، کە گرژی هەبوو، تەوەتریش پەیدا دەبێ، بەڵام گرنگ ئەنجامەکەیە، ئەمڕۆ ئەو هێمنایەتییەی کە لەو جێگایانەدا هەیە مایەی دڵخۆشی یە وهەوڵ وتەقەللای هەموو لایەکی تێدایە، دەبێ مەسەلەی ئەو جێگایانەی کە دیار کراون لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەدا باس بکرێن و، لەگەڵ هەر دوو بەرێزانیشدا دەوێنێکە باس کران کێشە ئەوەیە لە زۆر جێگا جێگە نییە، بەتایبەتیش ئەوە بەرەو زستان دەڕۆین ئەوەش باش دەزانین کە ئەو هێزانە خەڵک بۆ کوێ یان بیات کە ئێستا بەرامبەر یەکیان گرتووە وتۆ هێزت لە چەمچەماڵ بردووەو هێناوتەتە لای رانیەو لای قەڵادزێ و لەلای دهۆک و زاخۆیشەوە هێناوتەتە لای خانەقاو ئێستاش بەم زستان و بێ جێگەییە بۆ کوێیان دەبەی؟! بڕیارێکی کۆتایی بۆ ئەمە نییە. هەنگاوی دووەم ئەوەیەکە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێ هەنگاوی ترەوە وەک مەسەلەی گەڕانەوەی حکومەت لە سەرتاسەری کوردستان وپرۆژەی پاریسیش هەیە گەر خوا حەز بکات لەم مانگەدا ئیمزا دەکرێ وتەواو دەبێ وبە چاکی پیادە دەکرێ، ئەگەر ئەوەی پاریس تەواو بوو واتە: ڕێکەوتننامەکە ئیمزاکرا، ئەوەی جەنابت باست کرد وئەو کێشانەی کە خستتانە ڕوو ومەترسیتان لێ هەیە، من وای بۆ دەچم هەموویان چارەسەر دەکرێن، لەبەر ئەوە ئەو دوو لیژنەیە بەکۆمەڵێ پێشنیاری باشەوە دەردەچن بۆ ئەوەی حازر بێ بۆ لیژنەی ئاسایی کردنەوە بۆ هەردوو لا. ئەوە ڕێکەوتنێکی تەواوە لە لیژنەی ئاسایی کردنەوە بۆ مەسەلەی هێڵی پێگەیشتن بۆ ناوچەی کەرکوک، ئەوە هێزەکانی هەر سێ لایەنەکە لە ناوچەی کەرکوک وگەرمیان هێڵی خۆیان هەیە، لە هەولێریش لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون وزۆر شتیان دارشتوە، یانی دەمێنێتەوە بۆ خەتی سلێمانی بۆ هێڵی پێگەیشتن دەبێ لەگەڵ برادەرانی کەرکوک ڕێکەوتنێک بکەن، ئەوە زۆر جار لە کاتی بەرەی کوردستانیشەوە ئەو گلەییە هەر هەبوو، جا هیوادارم هەنگاوی یەکەم، جارێ ئێمە بیچەسپێنین وئەگەر ئێمە بارەگامان دەستنیشان کرد لە شارەکاندا ئیستغلال نەکرێ، ئەو ڕۆژە باسیان کرد، کە لە هەولێر سەدو کسوور، یا دوو سەدو کسوور بەس بارەگا هەنە، بلێ هەولێر (٢٠٠) بارەگا وهەر یەکەشیان (١٠) چەکدار حیمایەی بکات لە ماوەی (٢٤) سەعات ئەوە دەکاتە (٢٠٠٠)چەکدار. ئنجا لەولا ولەملاشەوە چەکداری تر دێنە ناو شارەوە، ئەو کاتە ئەگەر ئێمە توانیمان لە شارەکاندا بارەگا دەستنیشان بکەین ئەوە مانای وایە شتێکمان کرد، وەکو بیستم دەوێنێ لە برادەرانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی هەولێر، گوایا بۆ هەر لایەکی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) دوو، یان سێ بارەگایان داناوە، جگە لە مەکتەبی سیاسییان. کوا بوو هەر حزبە دەتوانێ (٢-٣) بارەگا بکاتەوەو بۆ لایەنەکانی تریش یەکیان داناوە جگە لە مەڵبەندی سەرکردایەتییان، بەمە لەڕاستیدا زۆر کێشەمان چارەسەر دەبێت وئەگەر لە ناو شاردا دیاردەی چەکداری نەما ئەو کاتە ئەگەر دوو دەمەقاڵێش ڕوویدا ئەوە مرۆڤ دەتوانێ دوو چەپۆک بە سەریاندا بدات و بێدەنگیان بکات، نەک دوو هێزی سەرەکی بێنە بەرامبەر یەکتری. من وای بۆدەچم ئەگەر هەنگاوی یەکەم ئێمە سوور بین لە سەری، ئەو دوو سێ خاڵەی کە باسمان کردن لەسەقفی زەمەنی خۆیاندا چارەیان بکەین، گەر

خواحەزی کرد ئەو مەترسییانەی کە باست کردن زۆر کەم دەبنەوە، بالیژنەکانمان ئیشی خۆیان بکەن. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو جەنابت ئاماژەت بۆ کرد، بەنسبەت ئەو سەقفە زەمەنییەی کە دانراوە لەلایەن لیژنەی ئاسایی کردنەوەوە، هەتا (١٠)ی مانگ بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکانی لیژنەی بالای ئاسایی کردنەوە. من پێشنیار دەکەم لە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارانە، دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکان تەکلیف بکات کە (١٠)ی مانگ ئە سەقفە زەمنیە تەواو، دەبێ لە (١١)ی لیژنەکان هەر یەکەیان بجولێنەوە بۆ ناوچەی خۆی، بۆ ئەوەی بزانن ئایا چۆن بریارەکانی ئاسایی کردنەوە جێبەجێ بوون یان نەبوون؟ ئەوە لەلایەکەوە، لە لای دووەمیشەوە ئەوەی ئێمە هەستمان پێ کرد کە لە ناوچەکان دەگەراین، بەراستی تواجدی مەیدانی ئەندامانی پەرلەمان لەو ناوچانە لە ناوچەی شەڕ لە شارەکان ولە شارۆچکەکان هەموو شوێنەوارێکی مەعنەوی خۆی هەیە لە ناو هاوولاتییان وبەرای من پێشنیاری کاک ئەیاد پەسەندە ومن پشتگیری دەکەم پاشی (١١)ی مانگ مەرج نییە هەموو ئەندامانی لیژنە بچن با هەندێ لە ئەندامانی وەفدەکە، هەر سێ وچوار کەسێ لە وەفدەکان بچن سەردانێکی بکەن وراپۆرتێک بدەن بە دەستەی سەرۆکایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالق وئەوەی کاک ئەیاد زۆر بە جێیە، لەراستیدا لەوانەیە ئێمەش پێش (١١)ی مانگ پێشنیار بکەین، کە برۆن، بۆ ئەوەی، چونکە کاتەکە (١٠)ی مانگ تەواو دەبێ، لیژنەی ئاسایی کردنەوە (١١)ی مانگ دادەنیشێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو چەند خالانەی کە باسمان کردن، جا هیوادارین ئەندامانی وەفدەکەی پەرلەمان سەردانی ئەو ناوچانە بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە هەندێ کێشە هەبن هاوکاربن بۆ چارە کردنیان بۆ ئەوەی بۆ (١٠)ی مانگ کە (١٠)ی مانگ دوا رۆژە بگەرێنەوە، ئەوانیش شێوەیەکی روونیان داوەبە ئێمە، ئێمەش لە لیژنەی ئاسایی کردنەوە وەکو نوێنەری پەرلەمان دەتوانین لەوێ بە دلنیاییەوە ئەوە بکەین. فەرموو کاک د.سەلاح.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی چەسپاندنی یاسای چەک، باشترین هەلە کە ئێمە ئێستاکە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین، وەکو بەڕێزت باست کرد و گوتت لەو خالانەی کە میلیشیات کۆدەبنەوە دەستورێک هەیە، کە بە چەکەوە نەیەنە ناو شار، کەواتە ئەوەی لە ناو شار دایە وباشترین دەرفەتە بۆ پیادەکردنی یاسای چەک بە سەر ئەوانەدا بۆ ئەوەی یەکسەر بن بڕ بکرێ تاکو ئەو کارەساتانە روو نەدەن. خالی دووەم وەکو بەڕێزت ئاماژەت بۆ کرد، با ئەم دەورەی پەرلەمانە شەرەفی ئەوەی هەبێ کە یاسای تەجنید

دابنێ وەکو ڕێکەوتننامەی پاریس باسی کردووە، بۆ ئەوەی کە بنەڕەتی چارەسەری کێشەی ملیشیات بکرێ یانی ئێمە ئەگەر بتوانین لەم دەورەیە ئەوە بکەین ئەوە کارێکی زۆر باشە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە پێشکەشی دەکەم وەدەڵێم کە لە لیژنەی بالای ئاسایی کردنەوە وەکو د. سەلاحەدین فەرمووی، لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێکی چەکدار لەو ئۆردوگایانەوە بەچەکەوە هاتە ناو شار بەڕای من چ لیژنەی ئاسایی کردنەوە یا خود لیژنەیەکی ئینزباتی دابنرێ لە ناو شاردا بۆ گرتنی ئەو جۆرە خەڵکە چەکدارانە ولێیان بپرسی بۆچی بە چەکەوە هاتوون. من ڕام وایە چەکەکانیشیان دەستی بەسەردا بگیرێ ونەیان درێتەوە بەڵکو لەدوایدا نەبدرێتەوە بە حزبەکانیان ونە بەخۆیان بەڵکو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە پێشنیارم بوو بۆ لیژنەی بالا. پێشنیارێکی دیکەشم هەیە، ئەگەر لیژنەکان لە مەو دووا بۆ هەر شوێنێک چوون کە مەبەستم لە لیژنەی پەرلەمانییە، من ڕام وایە کە هاتنەوە ڕاپۆرتەکەیان بخوێننەوە، بەڕای من سەر گوزشتە هیچ سوودێکی نییە، یانی ئەو بەڕێزانەی کە سەرۆکایەتی لیژنەکانیان کرد بوو، من ڕام وایە ئەو قسانەی کە بە زۆری کردیان، تۆ تەرکیزی بکەیەوە کە لە جیاتی سێ سەعات تەنیا لە ماوەی سەعاتێکدا قسە بکات. بەڕای من گێڕانەوەی سەر گوزشتە باش نییە، ئەگەر ڕاپۆرتێک هەبوایە، ئەوە تەنیا ئەو ڕاپۆرتە پوختەیەیان بخوێندابایەوە، جا پێشنیارێکیشم هەیە وەک دەڵێ: کە لیژنەیەک هەڵدەبژێردرێ دەچێ بۆ شوێنێک وهەموویان ئەندامی پەرلەمانن، کە برادەرێکیان دەبێ بە سەرۆکی لیژنە پێم جوانترە ئەو برادەرە نەڵێ من وام کردو من وام کرد، چونکە بەڕاستی من خۆم لە هیچ لیژنەیەک دا نەبووم، بەلام ئەو ئەندامانەی تر کە لە لیژنەکە بوون مافی ئەوەیان هەیە، چونکە بەشدارییان تێدا کردووە دەبێ بە ناوی هەمووان قسە بکات، تاکو دەوری ئەوان نەسووتێ. دوای ئەوە قسەیەکیشم بۆ کاک شێخ عەدنان هەیە، شێخ عەدنان فەرمووی ژمارەی ئەوەندە ئەندامی پەرلەمان چووین ودوو خوشکیشمان لەگەڵ دابوو وابزانم کە وترا ئەندامی پەرلەمان ئیتر جیاوازی نییە ژن وپیاو، چونکە خوشکیش هەر ئەندامی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەفدەکان لەراستیدا هەر یەک بۆ جەولەکەی خۆی ڕاپۆرتی داوە بە پەرلەمان، کە بە مورەکەزیی نووسراون ولێرەدا سەرۆک وەفدەکان خاڵە سەرکیەکانیان دووپات کردەوە خوشکان کەمینەن لە ناو پەرلەماندا، ئێمە ئەگەر بەدیاریان بخەین بەڕای من شتێکی باشە، ڕاستە خوشکان لێرە کەمن و هەموویان (٥-٦)کەسن لە ناو پەرلەماندا، بەلام ئەگەر بەشداری لە لیژنەیەکی وادا بکەن وئامادەیی وا پیشان بدەن ئەوە جێگای ڕێز لێنانێکی تایبەتین، هەقە ئێمە

هانیـان بدەین، لەسەر ئەو بابەتە، من هەستم نەکرد برادەرانی سەرۆکی لیژنەکان بلـێن (من من)، بەڵام بێگومـان وەکـو سەرپەرشتی لیژنەکانیـان کردووەو زۆر جاریـش هەر ئەوان قسـەیان کردووە، ئینجـا لە بەر ئەوە من وای بۆ ناچم ئەوە دەست درێژی بێ بۆ مـافی کـەس کـرابێ لە ئەندامی پەرلەمـان و، هەمیـشـە کە برادەرێک دەبێت بە سەرۆکی لیـژنەیەک، خۆی وەکیلی هەمـوو لایەکە ونوێنەری ئەوانیشە. کاک د. فایق فەرموو.

**بەڕێـز د. فـــایق مـــحـــمـــەد گـــولپی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێشنیـارێکم هەیە و، دەڵێم: گەلی ئێمە، گەلی شۆڕشی رزگاریخوازی کورد، زۆر ناخۆشی و کارەساتی چەشتووە بە دەست براکوژی یەوە، لە بەر ئەوە هێندە دەهێنێ کە بیری لێ بکەینەوە وەکو پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر دەربکەین کەوا شەڕی براکوژی حەرام بکرێ وکۆمەڵێک مەرج دابنرێ بۆ ئیدانە کردن ودادگایی کردنی ئەو کەسانەی کە دەست پێشخەری دەکەن لەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس دوکتۆر، ئێمە کاتی خۆی لە دانیشتنەکانی کۆتایی مانگی (٦) گوتمان (حەرام کردنی خوێنی کورد لە کورد)، وابزانم ئەوە ئێستـاکە خەریکین شتێـک لەو بابەتەوە ئامادە دەکەین وگەر خوا حـەز بکات وەکـو پرۆژەیەک دەخرێتـە بەردەم پەرلەمـان ولیژنەی یاسـاو لەوێشـەوە دەیدەین بە راگەیاندن پێش ئەوەی پەرلـەمان بڕیارێکی لەسەر بدات بۆ ئەوەی بە باشـترین شـێوە دەوڵـەمـەند بکرێت، شتێکی بەجێیە. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جــەعـــفـــەر عـــەلی عـــەبدولعـــەزیز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من جەخت لەسەر پێشنیـارەکانی برای بەڕێزم کاک حازم دەکەم کە بە ناوی لیژنەکەمـان پێشکەشی کـرد، جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـەمـەوە بەتایبـەتی ئەوەی لیـژنەی باڵا سـەردانی مـەیدانیی هەبێ بۆ شـوێنەکـان، ئەوە زۆر پێـویسـتـە، بۆ ئەوەی لە مـەیدان چارەسـەری کـێشـەکـان بکرێن، نەک بە برووسکەو برووسکەکاری، دووەمـیش بۆ ئیش وکـاری ئەندامـانی پەرلەمان زۆری ئەوەی من ئەم ویست بیڵێم کاک شێروان باسی کرد بەڵام من زیادەیەکم هەیە ئەویش، ئەندامـانی پەرلەمان مادام ئیشـەکانیـان ئێستـا جیا جیایە، ئەوە لەوێ هەندێ برادەر ئیشی سەربازی دەکەن وهەندێ برادەر ئیش وکاری ئاسایی کردنەوە دەکەن وئەندامانی پەرلەمان بەو ڕێنماییە بچن کۆمـەڵێک برادەر بۆ سەرپەرشتی ئیش وکاری سەربازی بچن وکۆمـەڵێک برادەری ئەندام بۆ کاروباری ئاسایی کردنەوە بچن ودوای گـەڕانەوەی ئەو وەفدانە وەکو کـاک سـەید حـەسـەن گـوتی. ئەوانە دەتوانن ڕاپۆرتێک پێـشـکەش بـکەن بۆ چارەسـەری ئەو کـێشـانە کـە دروست بوون ولەبارەی ئەو حـاڵـەتەش کـاک شەوکەت باسی کرد، هەر چەندە من ئەوە بەجێ دێڵم بۆ برای بەڕێزم کاک حازم بەڵام ئەوەی کاک

حـازم وتوويەتی ئەوە رای ئێـمـەیە وئەوە دەتوانرێ باس بکرێ چونکە بەڕاستی ئەم کـێشـەیە زۆر ئاڵۆزە وشـتی دیکەی تیکەڵ بـووە. دەربارەی ڕۆیشتنی وەفـدی پەرلەمانـی من وای بە باش دەزانم پەرلەمان لەمەو دووا سەیارەی هەبێ وئارمێکی هەبێ بۆ ئەوەی وەفدەکان دیار بن وزۆر کێشەمان تووش نەبێ، ئیتر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بیر لەئۆتۆمبیل بکەینەوە خراپ نییە، بەڵام ئارم چ بکەین یانی وەکو (I.N.C) ئێـمـەش ئاڵا هەڵبگرین گەر خوا حەز بکات ئەو ناتەواوییانەش کەم دەکەینەوە. فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــەمـــەد نەورۆڵی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە بەنسبـەت بردنە دەرەوەی هێزەکان بەڕاستی لە هەندێ شوێندا وەکو هەر لە شارەکان دابن وایە، یانی دەورو بەری شارەکانیان گرتووە، بۆ نموونە: ئێستا ئەو هێزەی لە (باوەکۆچک) دانراوە، ئەو هێـزەی لە (زەمـەقی) دانراوە لەراسـتـیـدا خـۆیان گـەرەکـێکن لە هەڵەبجە جـا وا دیارە هیچ نەکراوە، جـا بۆ شوێنەکـانی دیکە بۆنموونە لە سلێمـانی لە سەربازگـەی سەلام لە بەکـرەجۆ دانراوە بەڕاسـتی هەقـە ئەوە شـوێنێکی تایبـەتی وایان بۆ دابنرێ، دووربن لە بنکەی شـارەکـەوە یانی لە ڕاسـتیـدا بەم حـاڵەتە زیاتر بۆ خۆ سازدان وخۆ ئامـادەکردن دەبن بۆ حـاڵەتی نا ئاسـایی کە لە ناو شـارەکـان دا رووبدات، جـا مـن پێشنیـاری ئەوە دەکەم، وەکـو جەنابتـان لە لیـژنەی باڵای ئاسـایی کردنەوە فەرمووتان شوێنی دوور تریان بۆ دابنرێ، یانی هیچ نەکراوە، ئنجا لێرە کێشـەیەکی دیکە دێتە ئاراوە، دیارە هەمـوو فـەرمانێک کە دەردەچێ لە پاش ( ١٠ ) رۆژ ئینجا دەتوانرێ تارادەیەک جێبەجێ بکرێ؟ و ئەمە خەتای کـەسی تێدا نییـە وسروشتی وڵاتەکە وایە. جا لەو ( ١٠ ) رۆژەدا دەتوانرێ چی بکرێ، دەتوانین یاسای حزبەکان یاخود یاسای چەک بەسەر ئەم خەڵکەدا جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی ئەو هێـزە وئەو ملیـشـیـانە بەم شـێـوەیە نەمـێننەوە یانی ئیـجـرائاتی چی دەکـرێ وهەنگاوی چیـتـان ناوە لە پاش ئەوەی کـەوا ئەوهێـزانە کـۆ دەکـرێنەوە دیارە بەڕای من مـەسـەلە سەربازییەکە لە پێشترە لە مەسەلە سیاسییەکەو گەڕاندنەوەی بارەگاکان، خەڵک کە سیاسی بێ، جا لە مـاڵ بێ یان لە ئەشکەوت بێ یا لە هەر شـوێنێک بێ سیاسـەتی خـۆی هەر دەکـات و ڕێز لە حزبەکـەی خـۆی دەنێ، بەڵام ئەم هێـزە چەکـدارەی کـەوا بـەو شـێـوەیە هاتووەتە دەرەوە، بەڕاسـتی لەوانەیە ئایندەمـان لێ تێک بدات و، چارەسـەرێکی بۆ بکرێ، جـا چۆن چارەسـەر دەکـرێ لە بڕگەیەکی یان سەقفێکی زەمەنی. ئەو سەقفە زەمنییەی بۆ دابنرێ، بەڕاستی لەلایەکەوە بتەقێتەوە دووبارە کێشەکـەمان لێ گەورە دەکەنەوە. حاڵەتێکی کەش هەیە ئەو یاسایەی کەوا کاتی خۆی باسمان کرد هی حزبەکان، ئێستا دەرفەتێکی باشە بەکاری بێنین وزوو جێبەجێی بکەین. شتێکی تریش ئەویش برادەران لە بیریان چوو، لەڕاستیدا لەکاتی گەشتی لیژنەکان ئەو لیژنانەی کەوا لە میحوەرەکان گەڕانەوە، کۆبوونەوەیەکیان لە ژووری جەنابتدا کرد وبڕیار درا کەوا سەردانی بارەگای

بزووتنەوەی ئیسلامی بکرێت، دیارە چوونەتە بارەگای مەکتەبی سیاسییان، هەق وابو ئاماژە بەوە بدرایە کەوا ئەوان دەورێکی ئیجابییان هەبوو لەو حاڵەتە، جا ئەوە بۆ یادکردنەوەی ئەو برادەرانەی کە کاک شێخ عەدنان وکاک حازم وبرادەران ئەو ڕایەیان هەبوو هەقە ئەوە باس بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم لە قسەکانی برادەراندا باس کراوەو ئیجابیاتی هەموو لایەک گوتراوە، من پێشنیارێکم هەیە و، دوایی لەوانەیە بیخەینە سەر ئەم بابەتە. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دەمەوێ ڕێز لە کۆشش وماندوو بوونی لێپرسراوانی لیژنەکانمان بگرم، بەڕاستی حرصێکی تەواویان هەیە لەسەر بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان، کە زۆر پێویستە ڕەچاوی ئەو بەرژەوەندییە بکرێت هەروەک بەڕێزتان هەستیان پێ کردوە وسەلبیاتی هەموو گەشتەکانیان بەجی هێشتوە ئەوەی کە ئیجابیاتە خستووتیانەتە روو، یانی ئەگەر بێتو ئێمە ئەوەی کە سەلبیاتە باسی بکەین بەڕاستی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە ولە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا نییە، دیارە (الحمدلله) لایەنێکی ئاشتی هەیە، هەر لە سەرکردایەتییەکانەوە هەتا قەواعید هەتا میللەتەکەمان، دەمەوێ ئاماژە بۆ شتێک بکەم، ئێمە دەمانەوێ منەت بەسەر میللەتەکەماندا بکەین کە (الحمد لله) شەرمان لێ ناکات وئێمە لە پەرلەمان شانازی بەوەوە دەکەین کە میللەت لێمان بپرسێ چیمان کردووە بۆی وئێمەش بڵێین وا شەرمان لێ لاداون و، با میللەت چاوەڕێی خێر بێ، بەڕاستی میللەت چاوەڕوانی خێر بکات. لە لایێکی تریشەوە بەڕاستی بڕیاری باش دراوە ،واش دەزانم ئالیەتی جێبەجێکردنیان زۆر باشە، لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە بە هەموو سەرباز ومەدەنی وسیاسی یەکەیەوە، وابزانم هەموویان بە باشی کاردەکەن وتەئکید لە سەر بۆ چوونی برادەران دەکەم کە لیژنەی چاودێری و بەدواداچوون بۆ پارێزگاکان هەر ئێستا نەک دوای (١٠)ی مانگ بنێردرێن وهەر لە ئێستاوە دابنرێن وبرۆن چاودێری و بەدواداچوونی بارەکە بکەن وچی پێویستە بیکەن وبە بوێریەوە کێ نەیکرد بڵێین فلان نەیکرد، لەراستیدا کێ کەمتەرخەمی کرد بڵێین فلان کەمتەرخەمی کرد. پێشنیارم ئەوەیە کە بڕیارێک دەردەچێ لە ناو مەلەفەیەک بنرێ وبا هەموو ئەندامێک لەلای هەبێ هەر لە ئەلفەوە تاکو یاء، واتە هەموو بڕیارەکانی پەرلەمانی تێدا بێ. چونکە ئەندامانی لیژنەکان ئەو بڕیارانە لە ڕۆژنامە وهۆیەکانی ڕاگەیاندن وەرگرن با وەکو مەلەفەیەک لەلایان بێ، تاکو بتوانن بەدوادا چوون و چاودێریەکەیان زۆر ڕێک وتەواو بێ بەڕاستی ڕۆیشتنی لیژنەکان بۆ ئەو میحوەرانە کارێکی باش بوو ئێمەش ئەندام بووین، بەڕێزەوە وەرگیراین وئەرکەکەمان ئەوکاتە سێ شت بوو، شەڕ وەستاندن وخەرق نەکردنی، هەر کەسێکی خەرقی کرد دەستنیشان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مـــزهر عـــەلی كـــاكی هیـــرانی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەو قسـەیەی كە من جەختی لەسەر دەكەم، لە میحوەری خۆمـانەو خەڵكێكی زۆری ئەو گوندو دێهاتانەی كوردستان چاوەڕوانی بەرهەمی ئەم ساڵی خۆیان دەكرد كە رەزو باغـەكانیان بەرهەمی چاكیان ببێ وبیفرۆشن وزستـانی ئەم ساڵەی پێ بەڕێ بكەن وپێی بژین، كەچی لە ئەنجامی ئەم بارە ئەوەشیان لە دەست چوو، ئەو ڕۆژە هەندێ لە ئەنجوومەنی گوندەكان هاتبوونە پەرلەمان ولای من دانیشتن وهەر بۆ ئەم مەبەستە هاتبوون. بۆ یە من پێم باشە ئەگەر بتوانرێ لیژنەیەک دابنرێ تا ئەم بارە دیراسەت بكات. راستە باری دارایی كوردستان تا رادەیەک باش نییە، بەڵام بۆ دوارۆژ دەتوانرێ شتـێكیـان بۆ بكرێ لە بەر ئەوەی زیانێكی زۆریان لێ كەوتووە، بەڕاستی ئەوان زیاتر چاوەڕوانی پەرلەمان دەكەن، چونكە ئێمە چووینە ناویان دەزانین مـەبەستیان چ بوو، ئەوە كاك عەبدولخالق ئاگای لێ بوو بەتایبەتی ئەوانەی دۆڵی خانەقاو ناوپردان و، ئەو ناوە ودۆڵی بالیسان وزۆربەی ناوچەكان ئەو زەرەرو زیانەیان لێ كەوتووە، جا هیوادارم هیممەتێكیان بۆ بكرێ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

بەڕاستی ئەم مەسەلەیە سەرتاسەرییەو لە هەمـوو جێگایەک شەڕو پێكدادان بووە، ئەو دیاردەیە هەیە، جا ئەوە ئەگەر لە دانیشتنێكدا لەگەڵ حكومەت داو ئەگەر حەز دەكەن باسی بكەن. چونكە تەنیـا حەصر نیـە لە ناوچەیەک بەڵكو لە هەمـوو جێگایەک كە شـەڕ بووە كـەم یا زۆر ئەم بابەتە هەیەو ئەگەر زانیـمان لەتوانادا هەیە، ئەوە لەگەڵ حكومەتدا باسی دەكەین، بەڵكو دانیشـتنێكی تایبەتیشی بۆ بكرێ. مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین فەرمووو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەكیم محەمەد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەڕاستی برادەرانی سەرۆكی لیژنەكان بە چاكی بەسەر مەسەلەكاندا رۆیشتن، بەتایبەتی كاك شێخ عـەدنان وكاك حازم یوسفی باسی هیچ خروقـاتێكیـان نەكرد من بەش بە حاڵی خۆم زۆر بە چاكی دەزانم كـە ئێـمە رۆیشـتین خروقـاتێكی زۆر كـراون، بەڵام پێویست ناكـات، ئێـمە وەكـو جـەنابت فـەرمووت چووین بۆ زانینی راستیـەكـان نە چووین بۆ ئەوەی راستـە وراست ئیـدانەی خـەڵكێک بكەین كەكـردوویانـە، واقـیـعی هەندێ شـتـمـان بینیـوە لەم دواییـەدا، وەكـو لیـژنەی قـەڵادزێ كـە گـۆڕانكارێكی زۆر سـەیری تێدا رووی داوە، بۆ نموونە جـاری پێشـوو چووین جـەنابی كـاك شـێخ عـەدنان بەڕاستی كـە ئایەتی(أشـداء علی الكفـار) خـوێندرایەوە یەكسـەر خـۆیدایە بـەر لوولەی تفەنـگ یانی نەی هێشت هیچ كـارەسات روو بدات وهیـچ كـارەساتێک نەبوو، بەڵام جاری دوایی ئـەوە بـووبـوو بـە(لا إكـــراە في الدین) هەر بە جارێ هەڵوێستـەكە زۆر گـۆڕا بوو، یان بەراوردی هەڵوێستی جاری پێشوو لەگەڵ ئەم جارە جیاوازییـان زۆرە، سوپاس بۆخوا دیارە نیاز لە هەموو

لایەکەوە پاک وپیرۆزە وکاریگەرییەکی ئیجابی بووە وزۆر چاک بووە وتەنانەت یەکێ لە قسەکانی مەلا عەلی باپیر دەڵێ ئێمەش وەکو خەڵکی ترو حزبی تر سیلاحەکانمان عەرز دەکەین کێ لێمان دەکرێ وکێ لێمان ناکرێ، ئەوە خوا بەرپرسیارە لێیان، بۆیە دەڵێم ئەمە گۆڕانێکی باشە وئەگەر لەسەر ئەو نەهجە بڕۆین کەس پەست نابێ. یان هەڵوێستی کاک جەلیل فەیلی کە جاری پێشوو چووین، لەگەڵ ئەم جارەی هەڵوێستی کاک قادر قادر هەر چەندە خوا هەڵناگرێ جەلیل فەیلی بۆ خوا دەی لێم کە بینیومانە هیچ شتێکی نارێکی نەوتووە لەگەڵماندا، بەڵام لە عەرزماندا وتمان بۆ جێگای ٧/١٩ بگەڕێینەوە، ئەوە بوو باسی ئەوەی کرد ئێمە ناگەڕێینەوە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە، کەواتە شەڕمان بۆ کردووە؟ کەچی ئەم جارە قادر قادرمان بینی بە ڕاشکاوی گوتی: حەز دەکەن هەر ناوچەکە چۆڵ دەکەین، چیتان دەوێ ئەیکەین وهەرگیز لە قسەتان دەرناچین وئەمری کاک مەسعوودیش لای ئێمە(دەقە) هەتا بۆ خۆشی گوتی: ئەگەر کاک مەسعوود ئەمر بکات ئێمە جێبەجێی نەکەین ئێمە هەر تەڵاقمان دەکەوێ، سوپاس بۆخوا نیازەکان زۆر پاک وپیرۆزن کەواتە ئێمە بەرێزان بگەڕێیننەوە بۆ ئەوەی شتی وا بکەین کەوا ئەو کارەساتە هەرگیز روونەداتەوە وشوورەو بەربەستی بۆ دابنێین وجارێکی دیکە ببڕای ببڕای، وەکو جەنابت باست کرد یاسایەک دروست بێ، ئەوە زۆر باشە پرۆژەی وا پێشکەش بکرێ وئەوە حەرام بکرێ وکەسێک هەرگیز نەوێرێ جارێکی دیکە شتی وا بکاتەوە. ئێمە لە ناوچەی قەڵادزێ شتی زۆر گەورەمان هەست پێ کرد، پێویستە جەختی لەسەر بکرێ کە ئێمە لیژنەی قەلادزێ بووین، ئەو کارەساتەی بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، خەڵکەکەی تووشی دەردێک کردووە کە ناتوانن لە هیچ کەسێک ببوورن هەتا ئێمە ئەو چوار کەسەی یەکەم جار چووین، من وجەنابی کاک مامەند ئاغا و کاک شێخ مەزهەروجەنابی مەلا هادی، نەمان توانی تەنانەت وەکو پێویست قسەیان بۆ بکەین! بۆ؟ لە بەر ئەوەی چەند جارێک شەڕ بووە چەند جارێک شەڕ دووبارە بۆتەوە، ئنجا ئەو کارەساتەیان هەموو بە سەر هاتووە، بۆیە بەراستی تەقەبولی ئەوە ناکەن جارێکی دیکە ئەو میللەتەمان وای لێ بقەومێتەوە، بۆیە پێویستە زۆر بەربەستی گەورە دانێین، یەک لەو مەسەلانەی کە پێویستە لە ناوچەی قەلادزێ باسی بۆ بکرێ وئاماژەی بۆ بکرێ، پێویستە مەسەلەی میراودەلی یەکان زوو چارەسەر بکرێ و، من داوای لێ بوردن دەکەم، بەراستی لەگەڵ ئەوە نەبووم برادەران ئەوها ئەو شتانە بخوێننەوە، چونکە ئەوەی کە لە راپۆرتەکە دانووسراوە دەبوایە راپۆرتەکان بخوێنرابانەوە و، ئیمزای هەموو ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر هەڵوێستەکان لەسەرە، ئەو پێشنیارە رێکو پێکانەی لەسەرە کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئیمزایان کردووە، بۆ نموونە راپۆرتەکەی ئێمە (١٤) کەس ئیمزای کردووە، چەندین پێشنیاری لە باروچاکمان هەبووە. بۆچی ئەوە نە خوێندراوەتەوە، برادەران لەوانەیە هەندێ شتیان لە بیر چووبێ بۆ ئەم کارەساتانەی کە بە سەرمان هاتوون، پێویستە بەراستی لیژنەیەک لە پەرلەمان دابنرێت ئەو زەرەرو زیانانە تەقدیر بکات، ئەو لیژنەیە ئامارێکی

هەموو زیانەکانی کوردستان بکات، من نالێم ئێمە وەکو حکومەت دەتوانین هەمووی ببژێرین، باکەمێکی ببژێرین بەلام قەبارەی ئەو زیانە بزانین ورای بگەیەنین بۆ خەلک با بزانین لەو کارەساتە چەندمان زەرەر کردووە وچمان بەسەر هاتووە؟ خوانە خواستە ئەگەر ئەو زەرەرە جارێکی کە دووبارە بێتەوە چ کارەساتێکی تر بەو میللەتە دەگەیەنێ وقەبارەی ئەو زەرەرو زیانە هەموو خەلکەکە بیزانێ، هەر بۆ ئەوەی بە خۆماندا بچینەوە، بزانین چ هەلەیەکی گەورەمان کردووە وبەدەستی خۆمان مالی خۆمان ومیللەتەکەشمان ویران کردووە؟ پێویستە ئەو لیژنەیە دابنرێ بۆ بەدوادا چوونی کارەکان، بەراستی من پێم وایە بۆ هەر پارێزگایەک چەند ئەندامێکی خەلکی ناوچەکە کە شارەزاییان هەیە وئاگاییان لە مەسەلەکە هەیە، شوێنەکان پێ دەزانن وستراتیجیەت لە رێگەو جێگاکان دەزانن، ئەندامی پەرلەمانی ئەو ناوچەیە لیژنەی لێ دروست بکرێ، هەر دوا بە دوای ئیشەکانی ئەو یان لەگەل ئیشەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوە دا ئەوا بەدوادا چوونی ئەو کارانە بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر پێشنیارێکیان هەبوو پێش (١١)ی مانگ پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، بۆ ئەوەی لە رێگەی خۆیەوە بکرێ بۆ ناو شارەکان. بەرێزان پێویستە لیژنەی ئینزباتی هەبن جا ئیتر لە هێزی هاوبەش دروست دەکرێ یان نا وهەرگیز نەیەلین بێنە ناو شارەوە، یا لە شاخەوە شەرەکە نەیەتە ناو شار، کابرا دێ چوار مەفرەزەی لەگەلدا دەبێ، من ئەم بەیانییە کۆمەلێک میوانم هاتن مەفرەزەیەک بوون چەکدار بوون هەموویان، وتمان باشە ئەوە بەم جۆرە ئاسایی کردنەوە دەکرێ؟ کاکە لەوانەیە لەرێدا تووشی کۆمەلێک دەبێ ئەوانیش چەکدارن ولێت مۆر دەبنەوە، دیسان شتێکمان بۆ دروست دەبێ، هەر چەندە ئەوەش هەر هەتا سەر نابێ، بەلام بۆ ئەوەی چارەیەک وسنوورێک بۆ ئەوە دانێین کە چەکدار نابێ جارێکی تر بێنە ناو شار، چ پێویست دەکات برادەرێک پێشمەرگەیە چەکەکەی خۆی لەگەل خۆی دا بێنێ؟ با لە سەربازگەی خۆی دایبنێ وبا بفەرمووێ ئیشی هەیە لە شار بابێ تەواوی بکات وبگەرێتەوە وبا لیژنەی ئینزباتمان هەبێ بۆ ئەو مەسەلانە، سوپاس.

**بەرێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وائەزانم برایان کە باسی کۆششی لیژنەکانیان کرد دەبوایە ئەوەش بوترایە کەوا ئەم کۆششانە زۆر ئاسان نەبوون، گۆرەپانەکە ئا بەو جۆرە تەخت نەبووە کە باسی مەسەلەی کاک مامەند ئاغا کرا بە ناوی(اشداء علی الکفار)ەوە، ئەگەر کاک شێخ عەدنان لەو کاتە(رحماء بینهم) نەبوایە هەر بەتەواوی کلیلمان لە دەست دەرچوو بوو، دوو جاری دیکە تەقەکرا لە وەفدی پەرلەمانی لای سەید سادق و، لە شەقلاوە، رۆژی ٢٥ی مانگ، ئەوەی شەقلاوە هەر تەواو بوو ئەگەر بۆ کوشتن بوو لە پاشان با بوترێ ئەوانە باشترە لە دواتر لە گردەنازێ ئەگەر بە هێمنی نە جووڵابایەنەوە ئەو(٥) ئەندامەی پەرلەمان کاک جەلال جوهر، کاک ئەکرەم عیزەت، کاک کەمال شالی وکاک کەمال

جەلال غەریب کەمنیشیان لەگەڵدا بوو، کە ڕۆژی چوارشەممە بوو، ئەو فەقێ جمعەیە ڕێی لێ گرتین، بە زوویی لە دەستی دەرنە ئەچووین و گەڕاینەوە وئیهانەش کراین، ئەمەش بوترێ بۆ دووا ڕۆژ خراپ نییە، ئەوانە هەر چەندە ئێمە دەڵێین لاپەڕە هەڵدەدەینەوە لەو یەک دوو برادەرەی باسی پشدەریان کرد من شارەزای ناوچەی پشدەرم، وائەزانم ئەو مەسەلە پێشنیارە بۆ جەنابتان هەر لەئێستاوە لیژنەیەک دروست بکەن کە ئەرکی هێمن کردنەوەی پشدەر بگرێتە ئەستۆ، چونکە مەسەلەکە پێش ئەم شەڕی خۆکوژییە بوو بووە مەیدانی بەیەکدادان، دەبێ لە ڕەگەوە چارەسەر بکرێ، بە بۆچوونێکی تازە لەلایەن جوتیارەوە ولە لایەن ئاغاوە، لەلایەن هەموویانەوە کە ئەم مەسەلەیە چارەسەرێکی بن بڕی بۆ بکرێ ولیژنەیەکی پەرلەمان بە هێمنی خەریکی بێ و، چارەسەری بکات، ئەگینا دیسان پشدەر لەوانەیە بارەکەی ئاڵۆز ببێتەوە. بۆ مەسەلەی بژاردنی ئەو زیانانەی کە لە خەڵک کەوتوون دەبێ زوو شتێک بکرێ وبکرێت بە ماڵ وشتێکی ڕاستەقینە بێ وحکومەتی کوردستان چارەسەری بکات. ئێمە جاران بە دوژمنمان دەگوت (نەک مەی ڕژاوە وا ڕەز ئەسووتێ!) بەڵام خۆمان هەموو ڕەزمان سووتا!!. من تێبینی یەکی ترم هەیە لەگەڵ سوپاسدا بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە لە دەرەوە ولە ناوەوە خەریکی ئەوە بوون کە باری کوردستان هێمن بکەنەوە، بەڵام وا ئەزانم ئەوە بخەینە پێش چاو لە سەیتەرەکاندا با کورد دابنیشێ یان هیچ نەبێ کورد بڵێ پێناسەکەت، نەک بەزمانی تر پێم بڵێین (هویتك!!) کەوا بە فلاش باگ جانازانم دێتەوە پێش چاو. کە ئەڵێین پێشمەرگە کۆبکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ کۆکردنەوەدا هەوڵ بدرێ مۆڵەتیان بدرێتێ وبێ چەک بڕۆن ورەنگە ژمارەکەیان کەم بکرێتەوە. پێش ئەوەی بێمە سەر باسی لیژنەی کلتوور، باسی بەحری دوکان ودەربەندیخان کرا، ڕاستە خەڵکەکە بەو گۆماوانە دەڵێن بەحر، بەڵام کە مامۆستا بەشیر موشیر باسی ئەنقەرە وتارانی دەکرد دەیگوت لە ئەنقەرە سواری پاپۆڕ بووم لە تاران دابەزیم. کە وتیان لە نێوانیان دابە حرنییە! وتی: نەخێر هەیە ئەوکاتەی کە من چووم لە ئەنقەرە وتاران هەبووە، کەواتە گەر لە ئەنقەرە وتاران بەحر هەبێ، بۆچی لە دەربەندیخان بە بەحر ناو نەبرێ. لە باسی لیژنەی کلتوور دا دەڵێ: ئێمە لیژنەی کلتوور کۆبووینەوە چەند جار، ئەم هەفتەیە وبەرنامەیەکمان پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد و بەتەماین کە بەڕاستی لەگەڵ ئەم چالاکی یەی پەرلەماندا کۆمەڵێک گورج وگۆڵی بنوێنن و بکەوینە کۆڕبەستن لە تەلەفزیۆن ولە هۆیەکانی تری ڕاگەیاندندا وئەگەر ڕێک بکەوێ لە جەنابی کاک مەسعوود وجەنابی مام جەلال دەست پێ بکەن، ئەوسا بێینە سەر لێپرسراوەکان وئێستا بەرنامەکەمان بۆ هێمن کردنەوەو ئاسایی کردنەوەی بارەکە بێ، بەڵام دوای ئەوە وەک چۆن لە ناو پەرلەماندا ئێمە پرسیار لە وەزیرەکان ولە کار بەدەستان ئەکەین ولێیان دەپرسینەوە لە کاریان ورەخنەیان لێ ئەگرین، لە بەردەمی تەلەفزیۆنەکاندا لیژنەی کلتووری پەرلەمان بتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ وئەو دەورە بەکەڵکە ببینێ و بە جۆرێک کە ببێ بە لیژنەیەکی ڕاستەقینە، ئەمەش سەرەتایە کە بۆ پەیدابوونی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مــەحـــمــود یوســـفی:**
**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پێشەکی سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە تایبەتی ئەوانەی تێبینی یان هەبوو لە سەر قسەکانمان، من بەڕاستی یەک دوو شت هەنە دەمەوی روونیان بکەمەوە لە جێبەجێ کردنی ئیشوکاری ئێمە ولە سەردانەکانی ئێمە بۆ هەموو شوێنێک ولە هەموو جێیەک وەفدەکە تووشی هەندێ حاڵەتی نارەحەتی بووە. من لە ڕاستیدا دەم ویست باسی ئەو بارە بکەم، چونکە ئێمە ئەگەر باسی ئەوە بکەین کە خەڵک دەڵێن بابە ئەوە دەکوژرێ وئێوە تەحەمولی ئەوە ناکەن، لە بەر ئەوە بەڕاستی نەم ویست باسی ئەوە بکەم، ئەوە لە هەندێ بازگەدا تووشی باری ئاوا بووینە، یەک دوو پێشمەرگەی نامەسئوول قسەیەکی باشی نەکردووە، یان قسەیەکی ناخۆشی کردووە، بەڕاستی ئەوە بەڕای من شتێکی گرنگ تووشی ئەوە بووە یا لەیەک نەگەیشتنێکی موعەییەن رووی داوە لە خاڵێکی دیاریکراودا کە ئاگادار نەکراوە ئەوە وەفدی پەرلەمان لێرە تێپەڕ دەبێ، تەقەیان لە ئێمە کرد، من نەم ویست باسی ئەو مەسەلانە بکەم وداوای لێ بوردنیش دەکەم بە تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە لەگەڵ وەفدەکەی ئێمەدا بوون، ئەگەر باسم نەکردبێ، بەڵام من بە عەمدی باسی ئەو مەسەلانەم نەکردووە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە کەسی ئەندامانی پەرلەمان، بەکەسی ئێمەوە، بە وەفدەکەوە کە خۆمان نارەحەت بووین، ومەجبوورین تەحەمولی ئەو نارەحەتیە بکەین تاکو بتوانین ئیشوکاری خۆمان جێبەجێ بکەین، ڕەنگە ئێمە لەوە گەورە ترمان بەسەر هاتبی کەچی باسمان نەکردووە. بۆ نموونە: لە سەراوی سبحان ئاغا، لە هەڵەبجەو لە ئەحمەداوا لێپرسراوی گەورەم بینیوە هی هەر سێ لا بە تەئکیدەوە بەڵێنیان داوە کە ئیلتزام بە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ دەکەن، کەچی لە سەیتەرەیەک ئەگەر قسەیەکی ناشیرین بکرێ نابێ لە بەر هەستی برایەتی وئاشتی وتەبایی مەسەلەکە گەورە بکەین. چونکە جارێ ئەو هەستە نەهاتۆتە خوارێ بۆ قەواعید، لەوانەیە هەندێ پێشمەرگە هەڵسوکەوتی نارێک بکەن، چونکە جاری استیعابی ئەو مەسەلەی ئاسایی کردنەوەی بارەکەیان نەکردووە. هەر بۆیەش بوو من باسی ئەوەم بەدرێژی نەکرد، کە برای بەڕێزم کاک شەوکەت باسی کرد کە کوشتنی ئەو دیلانە، مەسەلەیەکە بەڕاستی پێویست بە لێکۆڵینەوە دەکات و،ئەوە برووسکە هات لە سەرۆکی پەرلەمانەوە، وتی خەبەرێکمان بۆ هاتووە دەڵێ مەسەلەیەک بووە دەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکەن، ئێمە چووین ڕۆژی (٢٩)ی مانگ برادەرانی یەکێتی لە سەراوی سبحان ئاغا وتیان: ئەوە سێ لاشە لە خەستەخانەی سەید سادق کەوتوون ئەوانە لەلایەن بزووتنەوە کوژراون ئێمە وەکو وەفدی پەرلەمانی پێویستە قسەکانی برادەرانی یەکێتی روون بکەینەوە ودەمەوێ لێرەدا شتێک روون بکەمەوە، من ڕاستە کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستانم، بەڵام لە بەردەمی پەرلەمان سوێندم خواردووە کە بە ئیشی پەرلەمان چووم دەبێ وەکو پەرلەمانی یەک ڕەفتار بکەم، لە بەر ئەوە لەوی دەچووم مامەڵەم لەگەڵ هەرسێ لایەن بەباشی دەکرد وبەشانازییەوە دەیڵێم: من لەگەڵ یەکێتی ولەگەڵ پارتی ولەگەڵ

بزووتنەوە وەکو یەک مامەڵەم کردووە، چونکە وەکو پەرلەمانییەک چووم ومەکەللەف نەبووم لەلایەن یەکێتی یان لەلایەن لایەنێکی دیکەوە بچم ئەم ئیشە بکەم، لە بەر ئەوە دەبێ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەکە بکەم ولە ڕاستیشدا لیژمان کۆڵیوەتەوە وهەر کاتێک ئەنجامەکەی دەرچوو، لە ڕاپۆرتەکەشدا دەینوسین وپێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەین ومن ئامادەم لە بەر دەمی ئەندامانی پەرلەمان بە دوور ودرێژی باسی بکەم وئێستاش بە درێژی گەر باسی مەسەلەکە بکەم دەبێ هەموو قسەکانی برادەرانی یەکێتی بڵێم و، هەموو قسەکانی برادەرانی پارتی بڵێم وهەموو قسەکانی برادەرانی بزووتنەوە بڵێم وقسەکانی خزم وکەس وکاری ئەو کەسانە بڵێم کە شەهید کراون لەوێ وئەوەی کە ئێمە هەندێ زانیاریمان هەیە، دەمەوێ لێرە باسیان بکەم، بەڵام ناچمە ناو درێژی بابەتەکە، ئەو سێ کەسەی کە بینیمانن هەتا ئێستا یەکێکیان ناوی زانراوە، بەڵام دووەکەی ترمان ناویان نەزانراوە، یەکەمیان لێکۆڵینەوە کرا وساغ بووەوە کە لەلای بزووتنەوە بووە لە خورماڵ لە بارەگای سەربازگەکە بووە. برادەرانی یەکێتی قسەی خۆیان هەیە ودەڵێن ئەو کەسەی کە ناوی زانراوە ولاشەکەی لە خەستەخانەی سەید سادقە دیل بووە، لەلای برادەرانی بزووتنەوەمان بینیوە. ئەوە قسەی برادەرانی یەکێتییە، ڕەنگە ئەوانیش پاساوی خۆیان هەبوو بێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کەسە ناوی(ئەسعەد سالح ڕەحیم)ە و، دیل بووە لەلای بزووتنەوەی ئیسلامی لە بارگەیەکی خورماڵ، چۆن کوژرا؟ ئێمە دەبێ بە تەواوی لێکۆڵینەوە بکەین هەموو ئەندامانی وەفدەکە ئیمزای بکەن، مەسەلەی ناو هێنانی بەحرەکەش لەلایەن کاک ئەکرەم عاشوورەوە، خەڵکەکە لەو ناوچەیەدا دەڵێن بەحر هەتا ئەگەر هەڵە نەبم برووسکەی سەرۆکی پەرلەمان هاتووە دەڵێ: بەحر ئەوە ڕەنگە ئاواتی ئێمە بێ، کە خۆزگە بەحرێکمان هەبایە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێک لە وتەکانی کاک حازم، وتەکانی منیان تەواو کرد، بەڵام بە کورتی با وەڵامی ئەو برادەرانە بدەمەوە. بەڕێز کاک شەوکەت تێبینی یەکەی ئەوە بوو کە ئێمە لایەنی سەلبیاتمان نیشان نەدا، لەڕاستیدا لێیان ناشارمەوە ئێمە کە چووینە ناو ئەو بابەتە، دەمان زانی بابەتێکی ئاسان نیە ولەوانەیە زۆر شتی کە دیومانە تووشیان ببین، چونکە شەڕێکی گەورەیە خەڵکێکی زۆر کوژراوە، خەڵکێکی زۆری نەفام چەکی بەدەستەوەیە، هەموولایەکمان سروشتی میللەتی خۆمان دەزانین، ئێمە ئەگەر باسی شتی سەلبیمان بکردایە، سەلبیات زۆر بوون، لەوانەیە هەندێ شت هەتا کە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە پێویستە بگوترێ وبۆی بگێڕمەوە، بۆم نەگێڕایەوە، بۆچی؟ چونکە ئێمە ئەو شتانەمان گێڕاوەتەوە کە خزمەتی شەڕ ڕاگرتنەکە دەکات، لەڕاستیدا ئامانجی بنەڕەتی ئەوە بووە، شەڕەکە ڕاگرین وهێزەکان لێک دوور بخەینەوە، ئەگەر بمان زانی بایە

هەر شتێکی سەلبی وهەر کەسێک یان هەر لایەنێک بایی مسقالە زەرەیەک خزمەتی ئاشتی دەکات بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕاگرین، باسمان دەکرد، کە باسی شتی سەلبیمان نەکردووە، هۆکەی ئەوە بووە، چونکە بە قەناعەتی ئێمە وەکو وەفدێک خزمەتی ئەو ئیشە ناکات کە کردوومانە، کەهەمووومان دڵە ڕاوکێمان بوو، دووعامان دەکرد کە بە هەموو جۆرێک ئێمە بتوانین شەڕەکە ڕاگرین. بەنسبەت ئەوەی کاک شالاو فەرمووی من لێتان ناشارمەوە کە ئافرەتان وژنان نیوەی کۆمەڵن وهەندێ لە خۆشکان گلەیی یان کرد وپێش هەمووشیان خوشکە پەریخان گلەیی کرد کە بۆچی بەشدار نەبن؟ بێگومان ئەمە جێی ڕێزو پێزانینە، خوشکانی تریش گلەییان کرد، بەڵام بەتایبەتی خوشکە پەریخان ئەو گلەییەی خستەڕوو، ئێمە ویستمان دەوریان بەدیار بخەین کە لەراستیدا دەورەکەیان دیارە و هەبونیشیان لە ناو پەرلەمان چاکترین بەڵگەیە بۆ ئەوە، ئێمەش لە لیژنەی بەدواداچوون وتمان لەڕاستیدا (تحصیل حاصل)ە، لیژنەی بەدواداچوونی پەرلەمانن وئەندامی پەرلەمانن، ئەوەشتان لێ ناشارمەوە کە من لیستەکەم لانەبوو، چونکە لیژنەی بەدواداچوونەکە (١٦) ئەندام بوون و هەر ناوی ئەو دوو خوشکەم لە بیر بوو ئاماژەم بۆکردن. ئەوەی کاک سیروان فەرمووی، لەڕاستیدا ئەوەی ئێمە گێڕانەوەیەکی کورت بوو، لەگەڵ سەرۆکایەتی وارێک کەوتبووین و من ئەگەر ئاگاداری ئەوەتان بکەم کە من قسەکانم کردو، گوتم کاتێک چوینە دارەشمانە، ئەو کاغەزەی کە کاک مەسعوود ومام جەلال ئیمزایان کردبوو دامان بە کاک قادر قادر کە لێ پرسراوی پارتی بوو، نامەیەکیشماندا بە مامۆستا عەلی باپیر وبە دڵنیاییەوە نامەی وەرگرت وداوای لێ بوردن دەکەم، چونکە ئێمە نەمان ویست زۆر بچینە ناو درێژەی بابەتەکەوە، دوا شت مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین فەرمووی بەڕاستی مامۆستا ناهەقی ناگرم، چونکە لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە ناردمان بۆ قەلادزێ، ئەو هەڵس وکەوتەی لەگەڵی کراوە دیارە هەر لە خەیاڵی ماوە، منیش لە خەیاڵم دەرناچێ، بەڵام نەمان ویست بچینە ناو درێژەی بابەتەکەوەو، هەروەکو وتم: جەنابی ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە(مر الکرام) بەسەری تێ پەڕین لەراستیدا (مر الکرام) بوو، بەس هۆیەکەی ئەوە بوو کە باسم کرد، لە بەر ئەوە نەبوو، درێژەپێدان زۆرە ئەگەر بکەوینە ناو درێژەپێدانەوە ئەمما بۆچی ڕاپۆرتەکە نەخوێنرایەوە؟ ڕاپۆرتەکە بەبێ خلاف ولە هەمان ڕۆژی سەفەرەکانی تریش پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کراوە، دەست بە دەست، تەنیاسەرۆکایەتی بۆچوونی بەو شێوەیە بوو کە من وبرادەرانی بەڕێز کاک حازم وکاک عەبدولخالق تەنیا بیگێڕینەوە بەبێ ئەوەی بچینە ناو درێژەی بابەتەکە، بۆ ئەوەی برادەران ئەندامانی پەرلەمان لە شێوەی بابەتەکە بگەن ، لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم ئەوەی کە پێویست بوو باس کراو من حەز دەکەم ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرت و پێشنیارانەی هەر سێ لیژنەکە دەبێ زۆر بەپەلە جێبەجێ بکرێت ولە لیژنەی ئاسایی کردنەوە دا

بکرێت بەبڕیار وچاودێری بکرێت. هەندێ خاڵی تر ماوەتەوە، ئەوە هەتا بارەکە ئاسایی نەبێتەوە گرانە هەنگاوی تری بۆ بنێین، وەکو چاک کردنەوەی باری قەڵا دزێ وجێگەی تر یاخود مەسەلەی زەرەرمەندیی وئەو شتانە، ئەوەی باس کرا، ئەوە پوختەیەک بوو لە ئیشەکە، ئەگەر تەماشای بڕیارەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان بکەن، زۆر لەو پێشنیارانەی کە ئەو بەڕێزانە کردوویانە، واجێبەجێ دەکرێن وهەنگاوی بۆ دەنرێ، ئەوەی کە پێویستە لێرە کۆتایی پێ بێت، ئەوەیە کە هەموو لایەک ڕێکەو تبوون لە سەر دەزانین ئەو سێ وەفدە بۆ ئەو سێ تەوەرە بەردەوام بن لە بەدواداچوونی ئەو بڕیارانەی کە دەردەچن لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان و، تاکو (١٠)ی مانگ سەردانی خۆیان بەپەسەندی وسەردانی مەیدانی ئەو جێگا مەیدانییانە بکەن، سەردانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگاکانیش بکەن بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی (١٠)ی مانگ وێنەیەکی تەواو و روونمان لە بەردەمدا بێت، ئەوەی کە جێبەجێ کراوە وئەوەی کە جێبەجێ نەکراوە، هەموویمان لا روون بێت ئەوە ئیتر لیژنەکان خۆیان بەرنامەی خۆیان دەزانن. خاڵی دووەم: ئێمە لیژنەیەکی بەدواداچوونمان هەیە بۆ بڕیارەکانی پەرلەمان، ئەو لیژنەیەش هیوادارم بەردەوام بێ لە سەر ئیشوکاری خۆی، ئەوەی پێویست بوو ئاماژەی بۆ بکرێ ولە پەرلەمان دانیشتنی بۆ بکرێ، وەکی دی وابزانم بەدواداچوونی ئیشوکاری هەموو ئەندامانی پەرلەمانە. ئەم دانیشتنە لێرەدا تەواو دەبێ. سبەی سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی دادەنیشنەوە، دانیشتنەکەشمان لە سەر کۆمەڵێک یاسا دەڕوات و ئەگەر تازە بابەتیش هەبێ لێی دەکۆڵرێتەوە. ئێستا سەعات(١)و وابزانم کاتەکە تەواو ئێمە بۆ سبەی ئاگاداری وەزیری داراییش دەکەین، چونکە بابەتێکی وا پەیوەندی بە وەزیری داراییشەوە هەیە. ئەم گفتوگۆیە دەخەینە یەکێک لە خاڵەکانی بەرنامەی سبەی و، لەگەڵ وەزارەتیشدا قسەی لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی ئامادە بێ، تاکو وەڵامتان بداتەوە. زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## پێنج شەممە رێکەوتی ٨/٩/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٨

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (٢) ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ پرۆژەی یاسای رەسمی تۆمارکردنی خانووبەرە.*

*٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر باری ئابووری و هەنگاوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای هەرێم.*

*٣ـ راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان و ئاوەدانکردنەوە دەربارەی تێکچوونی ڕێگای هەولێرـ دهۆک.*

*٤ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە.

(١) پرۆژەی یاسای رەسمی تۆمار کردنی خانووبەرەیە،

(٢)گفتوگۆیە لەسەر باری ئابووری و هەنگاوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای هەرێم کە دوێنێ وەکو پێشنیارێک خرایە بەرنامەوە، بەڵام نەمانتوانی لێی بدۆین، بەڵکو ئەمڕۆ بتوانین باسی لێوە بکەین. (٣) راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان و ئاوەدان کردنەوە دەربارەی تێکچوونی ڕێگای هەولێرـ دهۆک. تازە بابەتیش ئەگەر خاڵێک هەیە، کاک حازم کەرەم کە.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە خاڵی دووەم کە گفتوگۆ کردن لەسەر باری ئابووری لە کوردستاندا، بە بۆچوونی من پێش هەموو شتێک دەبێ باسی وارداتی گومرگ بکەین، هەموومان دەزانین کە ئابووری کوردستان بنچینەکەی وارداتی گومرگە، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیار دەکەین کە خاڵێک وەکو خاڵێکی بنەڕەتی لەناو ئەو تازە بابەتە کە دوێنێ بەڕێز شێخ عەدنان باسی کردووە، باسی وارداتی گومرگی هەرێم بکرێت لەچوار مانگی ڕابردوودا لە داهاتیشدا ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خاڵێک باسی وارداتی گومرگ بکرێ لە هەرێمدا.

دووەم: ئەرکی سەرشانمانە وەکو پەرلەمان کە چاودێر بین و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە بکەین. لەناوچەی کەلەک کە هێزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چووە، برادەرێکی بەرپرسیار لە هێزی پارتی دیموکراتی کوردستانەی هێشتووە پێشوازی ئەو هێزە بکرێت و وتوویەتی من قبووڵ ناکەم کە هێزی یەکێتی بێتە ئێرە، من داوا دەکەم لیژنەیەکی پەرلەمانی لەچەند کەسێک پێک بێت، یان لیژنەی پەرلەمانی بەرپرس لە کەرتی هەولێر رووی لێبنرێ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بچن سەیری بکەن و بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچن و جێبەجێ بکرێت بەپێی بڕیاری لیژنەی پارێزگای هەولێر، چونکە خوانە خواستە ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ دیارە ئاسایی کردنەوە بەشێوەیەکی ئاسان ناچێتە سەر، لەبەرئەوە دەبێ، ئێمە وەکو پەرلەمان زۆر ئاگامان لەو مەسەلەیە بێ و بەدوایدا بچین و نەیەڵین شتی بچووک گەورە ببێ، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، من ئەندامی لیژنەی ئاسایی کردنەوەم،کاک عەبدولخالقیش لێرەیە هەردووکمان شتی وامان گوێ لێ نەبووە، بەڕاستی ئەوەی ئێستا جەنابت دەڵێی، بەڵام با سۆراخێک بکەین، ئێمە لیژنەی سەربازیمان هەیە و لیژنەی پارێزگامان هەیە با پەیوەندیەک بەوانیشەوە بکەین، لەوانەیە (١٠) پێ شێل کردنی وا هەبن ڕۆژانە، بەڵام لەڕاستیدا با جەخت لەسەر بارەکە بکەین، ئەو کاتە ئەگەر خروقات کرابێ و پێویستی کرد لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێ با لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ بنێرین و بەدوای دابچین، با ئێستا بڕیار کە بدرێ لیژنە بچێ، دەبێ ئەندامی پەرلەمان بەردەوام بەڕێگاوە بێ، ئێمە لیژنەی سەربازیمان هەیە بۆ تەوەرەکان، لیژنەی پارێزگامان هەیە، لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بالامان هەیە، کە سێ لیژنەن. کە دەبێت چارەسەری ئەو پێشێلکارییانە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ خۆتان دراسەتی بارەکە بکەین و بزانین چۆنە و چییە؟.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دووپاتی قسەکەی کاک مەسعوود بارزانی دەکەمەوە کە فەرمووی هیچ کەسێک نییە لەناو

پارتی ببێتە لەمپەر و کۆسپ لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە دەردەچن، ئێستاش جەختی لەسەر دەکەم هیچ کەسێک حددی نییە و بۆی نییە و ناتوانێ ئەوە بکات و ڕۆژێ زۆر لەو وردە شتانە دێن، بەڵام تا ئێستا ئێمە هەوڵمان نەداوە لێرە بیخەینەروو و نائومێدی یەک بدەینە میللەتی خۆمان، کاک عومەر فەتاح نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە لە لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارە، ڕۆژانە ڕەنگە (١٠) برووسکەی بۆ دەکەین کە لە فلان شوێن شتێکی وا بووە لە فیسار شوێن شتەکی وا بووە، وەڵاممان دەداتەوە نیوەی بەدرۆ دەردەچێ من پێم وایە کاک حازمیش پێویست بوو بەکاک عومەر بڵێ، بانگی کاک فازڵ بکەن، هەردووکیان لێرەن لە هەولێرن، ئەمڕۆ بچن بانگی ئەو لێپرسراوە بکەن، تا بزانن ئەو پیاوە زەریفە کێیە کە بتوانێ خۆی بکاتە کۆسپ لەبەردەم ئەم ڕێبازە ئاشتی یە، کە بە ئیمانەوە و لە دڵەوە بڕیاریان لەسەرداوە. من قەناعەتم نییە لەبەر ئەوە داوای لێ توێژینەوەیەکی ورد دەکەین و لاریشمان نییە کاک عەدنان و برادەران بچن لێی بتۆژندوە یان لیژنە... پرسیار لە لیژنەی باڵابکەن کەچی واش نییە، بەڵام ئەگەر واش بێ کاک فازڵ سنووری بۆ دابنێ لەگەڵ سوپاسمدا.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕای من با لیژنەی ئاسایی کردنەوە و لیژنەی سەربازی باڵا بزانن چییە، ئەوکاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە لە پێشرا گوتمان و، نامانەوێ بچینە ناو درێژەی بابەتەکەوە چونکە دیارە ئەگەر بچینە ناو درێژەی بابەتەکەوە زۆر دەخایەنێ، بەڵام وەکو پێشنیار من مەبەستەکەم ئەوەیە و دەمەوێ پەرلەمان ئاگای لە هەموو شتێک هەبێ ئێمە بەڕاستی بیلێین بۆ ئەو خەڵکەی کەسی سەربازی بن یا سیاسی هەردوولا بەبۆچوونی من شتەکە بەڕێوە ناچێ، لەبەرئەوە بەڕای من دەبێ پەرلەمان ئاگای لە هەموو شتێک هەبێت، هەر شتێک لە شوێنێک لەسەرتاسەری کوردستان هەبێت دەبێ پەرلەمان وریا بێ ئەگەر شتێکی وا هەبێ دەبێ لێی بتوژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کاکەحازم جەنابت سەرۆکی وەفدێکی، دوێنێ بڕیارماندا وەفدەکان بەردەوام بن لە بەدواداچوونی ئیش و کاریان و،بۆ ئەو تەوەرەی کە جەنابت باسی دەکەی وەفدێکمان هەیە هەقە ئەندامانی ئەو وەفدە ئەو لێ توێژینەوەیە بکەن و، ئیتر پێویست ناکات ئێستا ئێمە لێرە لەناو پەرلەماندا بارێک باس بکەین کە ئەندامانی پەرلەمان هیچ ئاگایەکیان لێی نییە، هەتا وەفدەکەش ئەو خەبەرەی نییە ،وەکو وتمان ئەگەر ئێمە بڕۆین بەدوای مەسەلەیەکی وادا بگەڕێین، دەبێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە هەموو سەعاتێ بەڕێوە بێ، ئێمە وەفدمان هەیە بۆ هەر سێ تەوەر، هەقە ئەگەر ڕووداوێکی وا هەبوو، بێ ئەوەی لێرە باسی بکەین ئەو برادەرانەی کە ئەندامی ئەو وەفدانەن

پەیوەندی بکەن بە لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە، لیژنەی باڵای سەربازی هەیە، لیژنەی سەربازی ناوچەکە هەیە، لیژنەی پارێزگاش هەیە. ئەو برادەرانەی کە عایدی ئەو تەوەرەن، دەتوانن هەر ئەمڕۆ پەیوەندی بکەن بەو تەوەرانە و بەو بەرپرسانەوە، کە شتێک هەبوو بابێن باسی بکەن، هەر لایەنێک بوو، ئەو کاتە هەمووتان لە قاوی بدەن، بەڵام ئێستا بابەتێک بکەین بە خاڵی باس، وەفدی بۆ بنێرین، ئەوا راست نیەو پێویست ناکات، چونکە ئێمە بریارێکمان هەیە، با ئەو وەفدانە چاودێری بکەن، ئەوە ئیبیشی ئەوانە، ئیشی ئەو وەفدانەیە کە بچن بۆ خۆیان لێ تۆژینەوە بکەن و بە قەناعەتەوە و راپۆرتێک بدەن بە پەرلەمان و، بڵێین بابەتێکی وا هەیە، ئێمە ئەگەر پێویستی کرد دەیخەینە بەرنامەوە و رەوانەی ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، چونکە هێشتا مەسەلەکە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە هەڵوێست وەربگرین دوێنێش بە درێژی باسمان کرد و ئەنجامەکەی گەیشتینە ئەوەی کە هەتاکو رۆژی (١٠)ی مانگ دەبێ لیژنەکانی پەرلەمان راپۆرتیان لەسەر ئەم پرۆسەیە ئامادە بکەن، کێ پێ شێلی کردووە؟ ئەمە ئاسان نییە، حەز دەکەم روون بێت، بەڵام بریارێکی روون هەیە، چ لە پەرلەمانەوە چ لە لایەنەکانەوە، دەبێ ئەم پرۆژەیە سەر کەوێ پێنج رۆژمان داناوە بۆ لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە بۆ جێبەجێ کردنی، ئەوە یەکێک لەو خاڵانەیە کە جەنابت باسی دەکەی، ئێستاش دێمەوە سەر خاڵی تازە بابەت، کاک فرەنسۆ خاڵی تازە بابەت نییە؟... سوپاس. یەک خاڵی تر هەیە بۆ ئەمڕۆ ئەویش واریداتی گومرگە کە باس بکرێ و بیخەینە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کراو بوو بە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا... ئەوەی گومرگ بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی ئەگەر بتوانین ئەمڕۆ ئەوە تەواو بکەین. ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی یەکەم، پرۆژەی یاسای رەسمی تۆمارکردنی خانووبەرە. ئەگەر برادەرانی یاسایی کەرەم بکەن، بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین فەرموون.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەئەحمەد یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرۆگرامی ئەمڕۆ لە برگەی (١)دا هاتووە و دەڵێ باس کردن لە پرۆژەی یاسای رەسمی تۆماری خانووبەرە، لای جەنابت ئاشکرایە ئەوە داهاتێکی گەورەیە و ساڵانە ملیۆنەها دینار دەکات و دێتە خەزینە دادگا لە مادە (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی دا دەڵێ:

(تقوم هيئة الرئاسة بتشكيل الهيئة الرئاسية بشكل جماعي بتنظيم جدول الاعمال قبل يومين علـى الأقـل) پێشکەش بکرێت و ئەمە ئێستا بە ئێمەیان داوە، ئەمە شتمان ئامادە کردووە کە بەرامبەر ئەو یاسایە قسان بکەین بۆیە داوای دواخستنی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا کاک سەعید هەموو جار ئێمە دێینەوە سەر ئەو بابەتە، بەداخەوە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەراستی محرج دەبین کەشت دووبارە بکەینەوە، تکاتان لێ دەکەین کارێکی وامەکەن

که ئێمـه شت دووباره بەکەینەوە، ئەم پرۆژەیە لە(٧/٣)ەوە دراوە بە فراکسیۆنی ئێوە، ئەمڕۆش (٩/٨ )ە واتا دوو مانگ و هەفتەیەکە ئەم بەرنامەیە لای ئێوەیە لە ڕۆژی ٨/٥يشەوە دراوە بە لیستی مۆر و دراوە بە فراکسیۆنی سەوز، یانی چوار مانگ بەر لە ئێستا ئەم پرۆژەیە دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، جا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بەدوادا چوونەوەی بەریدی خۆیان نەکەن، دەستەی سەرۆکایەتی چی بکات؟!.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ڕاستە ئەم پرۆژەیە دابەش کراوە، بەڵام خۆی دابەش کردنی ئەم پرۆژەیە دەستەی سەرۆکایەتی لەوە نابووریت کە پێویستە کە( ٢٤ ) سەعات پێشتر بەرنامەی کار دابەش بکات، لەوانەیە ئەو پرۆژەیە خوێندراوەتەوە، ئەگەر دوێنێ وەرگیرابایە لەوانەبوو ئەو برادەرە ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی دەی هێناو و دەیزانی بەرنامەی کاری ئەمڕۆی ئەوەیە ئیشی تێدا بکات، خۆی دابەش کراوە ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە واتای وانییە دەستەی سەرۆکایەتی لە دابەش کردنەکەی سەرکەوتوو بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەت بدە کاکەرەش لەمەودووا ئێمەش داوا لە لیژنەکان دەکەین بەپێی یاسا لەماوەی ( ١٠ ) ڕۆژدا کە پرۆژیەکیان پێ دەگات بیگەڕێننەوە بۆمان، بەسەرچاو هەموو جار وامان کردووە و هەموو جاریش دەزانین بەرنامەی ڕۆژی تریش چییە، هەموو جار ئەم بابەتەمان باس کردووەو وابووبە ( ١٠ )جار باسی بکەین لەم خولە، ئیستاش بابێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەم پرۆژەیە لە مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٩٣ وە هاتووە، لە مانگی پێنجەوە لە لیژنەی یاسایی دەرچووە، لەبەرئەوەی فیکرەیەکتان بدەمێ، کە مەسەلەکە چییە؟ کە ڕەسمی تۆمارکردنی خانووبەرە تا ئێستا دەکرا و هەمووی پیادە دەکرا و ئەو کەونەیەش ئاسایی ( ٥٠٠ ) فلس لە ڕەسمی سەندێک و ئەو ( ٥٠٠ ) فلسە نازانم لەبەرئەوەی دراوی عێراقی گۆڕاوە و زۆر زۆر هەرزان بووە، ئەو نرخەی هەموو رسووماتەکان بەرزکراوەتەوە، هەربۆ ئەوە وبۆ ئاگادراپتان مەسەلە لە خاڵی یەکەم ( ٥٠ ) دینار لەبۆ ئەو معامەلاتانە کە لەپێشان (٥) دینارە ئەوانەی بوونەتە (٥) دنیار لە پێشدا هەمووی ( ٥٠٠ ) فلس بووە، تێکڕاکەشی وەزارەتی داد لە دوای تۆماری یاسایدا هاتووە ( ٥٠٠ ) فلس بووە کراوەتە (٥) دینار، لێرە ڕادەی بەرزی دادوەر و ئەوانە کە بۆیان کۆدەبێتەوە لە مانگێکدا پێشتر ( ٧٠ ) دینار بوو ئێستا هەتا ( ٥٠٠ ) دینار دەتوانی کە پارەی ڕەسم وەرگرێ ئەوەی کە بۆی حساب نابێت ئەوە کورتەی گشتی یەکەیە بڕیاری ئێستا کاک ئەیاد مادە بە مادە بۆتان دەخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / مايلي:

اولاً: يستوفي رسم مقطوع مقداره (٥٠) خمسون ديناراً عن اجراء المعامالات الآتية الخاصة بالتسجيل العقاري.

١- تأشير الوصية في السجل العقاري أثناء حياة الموصي.

٢- تغيير الوصي أو المتولي أو الناظر أو تغيير الوقت من حيث التولية أو الادارة أو جهة الموقف عليها.

٣- تسجيل إزالة منشأت أو محدثات أو مغروسات على العقار.

٤- تسجيل تغيير طريقة إستعمال العقار.

٥- كشف أو مسح أو تثبيت حدود العقار.

٦- تأشير الحقوق الناشئة من المغارسة غير المسجلة بصورة نهائية أو التنازل عنها بعوض أو بدونه.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس کاک ئەیاد، خاڵی یەکەم ئەو برادەرانەی کە تێبینیان هەیە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵ ئەم خاڵەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەم خاڵە پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ثانياً: يستوفى رسم مقطوع مقداره (٥) خمسة دنانير عند طلب أحد الأمور التالية والخاصة بالتسجيل العقاري.

١- سند عقاري بالحقوق العينية الاصلية او التبعية.

٢- صورة السجل العقاري.

٣- صورة الخارطة للعقار.
٤- استشهاد بيان معلومات من السجل العقاري أو طلب صورة الأوراق أو المحاضر،
هەمووی ئەوە نیو دینار بوو بەڵێ بەپێی پێشنیاری وەزارەتی دادیش هەر ئەوهایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەمیش ئەو پارەیە کراوە بە (٥) دینار، کاتی خۆی نیو دینار بووە، ئەوە وەزیری دارایش لێرەیە ئەگەر حەز دەکات با کەمێ روونی بکاتەوە، ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەر خاڵی دووەم؟

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر پرسیارێکم هەبوو، رەنگە لیژنەی ئابووری زیاتر وەڵامان بداتەوە، هەیە (٥) دینار تۆ بچیت سەنەدێکی خانووبەرە دەربێنی یان وێنەیەکی تۆماری خانووبەرە دەربێنی لە باری نرخی پارەی ئێستا کەم نییە وەکو ئیراداتێک بۆ دەوڵەت کابرایەک خانوویەکی هەیە دەیەوێ وێنەیەکی تۆماریی وەرگرێ نرخی عەقارەکە رەنگە سەدەها هەزار دینار بێ، ئەگەر (٢٠) دینار بدات و (٣٠) ش بدات بە نسبەت ئەوەوە زۆر شتێکی زۆر نییە، تۆش زۆر لە چینێکی هەژارو چەوساوە وەرناگری، لەوەی کە عەقاری هەیە، دوکانی هەیە، خانووی هەیە وەردەگری، وابزانم ئەوە (٥) دینارە برادەرانی ئابووری تۆزێ زیادی بکەن باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیشی وەزیری داراییە لیژنەی پەرلەمانی هەمیشە لەگەڵ کەم کردنەوەی باجدان، لە دنیادا وایە، باشە کاک جەمیل دەستی بەرزکردۆتەوە با ناوەکان بنووسین. فەرموو کاک حەسەن کانەبی.

**بەڕێز حەسەن کانەبی دەزیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادەزانم شتەک کەمە لەو خاڵە رەسمی بۆ دانەنراوە ئەویش (تثبیت حدود العقار)ە یەکێک بیەوێ سنووری عەقارێک بچەسپێنێ وا ئەزانم ئەوە ناتەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حەسەن برادەران ئاماژەیەکیان دا کە لە خاڵی پێنجدا ئەوە نووسراوە (کشف أو مسح أو تثبیت حدود العقار) ئەگەر جەنابت تەماشای بکەی و دەنگیشمان لەسەر داوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنج دینار زۆر زۆر بەسە، لە جێی خۆیدایە، چونکە ئەوە یەکەم یەک وەرەقەیە تەنها وێنەی تۆمار دەگوازرێتەوە، ئەڵێین ژمارەی عقار ئەوەندەیە و رووبەرەکەی ئەوەندیە و نرخی ئەوەندەیە، و پێش ئەوەش (٥٠) دیناری دیکەی داوە. بۆیە دەڵێم ئەوەندە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ چونکە دەڵێن ڕەسم دەچێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و پەیوەندی بەوانەوە هەیە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی لە نێوانی ڕەسم و لەنێوان قەرەبوودا هەیە، ڕەسم ئەرکەکەی نابێت و لەو خزمەتەی کە حکومەت پێشکەشی دەکات پتر بێ، جا لەبەر ئەوە بەڕای من (٥) دینار زۆر باشە، چونکە لەپێشەوە بڕگەیەکی تێدایە (٥٠) دینارە، بەڵام ڕەسم لە هەموو دونیادا تەکالیفەکەی لەو خزمەتە دەرناچێ کە حکومەت پێشکەشی دەکات بە هاووڵاتییان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڵام پرسیارێکی گچکە، ئەو (٥٠) دینارە کاتی خۆی چەند بوو (٥٠٠) فلس بوو، بەڵێ کردتان بە (٥٠) دینار، وەزارەتی داد پێشنیاری (٥٠) دیناری کرد.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ یەک ئاماژە بدەم، برادەران تێ بگەن، چونکە ئەو (صورة تسجيل عقاري) یە شتێکی کاتی یە، لەوانەیە کابرا لەماوەی ژیانی (٢٠) جار بتوانێ ئەوە دەربێنێ لە ماوەی مانگێک دەفەوتێ هەر وێنە تۆماری خانووبەرە کە ڕەسم دەدات وەری دەگرێ بۆ مامەڵە پێشکەشی دەکات، مانگی بەسەردا بڕوات ئەو (صورة سجل عقاري في دوائر) وەرناگیرێ، دەبێت دووبارە سەریداتەوە، لەبەرئەوە پێنج دینارەکە زۆر کافیە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە لە بەردەستی ئێوەدایە، پێشتر ئێمە لەگەڵ وەزیری داد دا باسمان لێ کردووە و کاتی ئەو پرۆژەیە پێشکەش کراوە ئەو کاتەش دینار نرخێکی تری هەبوو، کە ئێستا هەیەتی واتە ئەو (٥٠) دینارەش کە کاتی خۆی پێمان باش بوو پێم وایە ئەگەر بکرێ بە دووقات ئینجا وەکو ئەو تقدیرەی لێ دێت کە کاتی خۆی کراوە، ئەمە یەکەم، دووەم هەموو مامەڵەیەک لە مامەڵەکان لەسەر ئەو خانووە دەکرێ بایی ئەگەر سەدان هەزار نەبێ بایی لە ملیۆن دینار تێپەر دەکات لەبەرئەوە یەکێک پێویستی بەوە بێ خانوو ئەفرۆشێ و خانوو ئەکڕێ ئەوە ئەکرێ پێویستی بە سەد دیناری ئەوە نییە گیرفانی پێ کون بێ و ئیتر نەتوانێ ئیشوکاری خۆی ببات بەڕێوە، بەڵام حکومەت لە ئەنجامی هەزاران مامەڵە ئەو مەبلەغێکە کە ئەتوانێ لەشتێکدا سوودی لێ وەرگرێ، بۆ خاڵی دووەم (يستوفي رسم مقطوع مقداره (٥) دنانير) ئەمیش بە هەمان شێوە بە هەمان مەبەست دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ، چونکە ئەو شتانەی کە لێرە هاتوون هەمووی لەسەر کاغەزن، ئەگەر ئەوە پارەی کاغەزەکەی دەرهێنا، ئەو کاتە هەقە ئێوە بیڵێن زۆرە و پێویست ناکات ئەو

پارەیە لە خەڵک بسەنرێ لە ساڵێکدا یەک دوو جار پێویستی پێی دەبێ یەکێک لەو شتانەی کە داوا کـراوە (صورة خارطة العقار) خۆی ئیشێکی هونەریی یە فۆتۆکۆپی دەکرێ لەوانەیە پەڕەی گەورە بێ، تایبەتی بێ، چۆن ئەوە ئێستا بە پێنج دینار دەکرێ واتە هیچ نەبێ ئێوە حسابی ئەوە بکەن کە دەبێ مەسرەفەکەی وەربگیرێتەوە، ئێمە نامانەوێ قازانجی لێ بکەین، بەڵام ئەوەندە بێ مەسرەفەکەی وەربگرێتەوە، بەڕای من ئەو (٥) دینارە ئەبێ بکرێ بە (١٥) دینار و ئەو (٥٠) دینارە ئەبێ بکرێ بە (١٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوەی (١٠٠) دینار و ئەوەی (٥٠) دینار ئێمە دەنگمان لەسەر داوە و تەواو بووە، ئەوەی کەپێشنیارێکی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری هەیە بۆ خاڵی دووەم بۆ پێنج دینار و ئەو برادەرانەی کە حەز دەکەن لەسەر ئەو مەسەلەی پێنج دینارە قسە بکەن با ناویان بنووسین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پاراستنەی بەڕێز وەزیری دارای و ئابووری لەسەر ماڵی دەوڵەت جێی ڕێزە، بەڵام کە پرۆژەیەک دێت بۆی دەبوایە بە جیددی وەری گرتبایە. زۆر جار دەوڵەت کە شتێک دەکات هەموو جار ئەمە بازرگانی نییە چەندی قازانج بێ بەڵێ پێویستە وابێ، پێویستە دەستکەوت و داهاتی دەوڵەت زیاد بکەین، بەس پێویستە حکومەتیش وەکو دەستەڵاتێک، هەتا ئەگەر لەسەر حسابی تیۆری عەقدی کۆمەڵایەتیش بێت خزمەتگوزاریی بۆ میللەت دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر روون کردنەوەیەکم هەبوو لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیری دارایی بێگومان (٥) دینار زۆر بەسە، لەبەر هۆیەکی زۆر سەرەکی، ئەوەی بەڕێز کاکەرەش ئاماژەی پێ کرد شتەکە کاتییە و ماوەیەکی کەمی هەیە و خەڵکێکی زۆر داوای دەکات، لەهەمان کاتدا ئەوە کار لەسەر رسومی تۆمارکردنی خانووبەرە ناکات، ئێستا ئەو رسومەی لێرە هاتووە تەنیا رسوومی چەند بوارێکی دیاری کراوە، رسومی تۆمارکردنی خانووبەرە لە بواری کڕین و فرۆشتن، رسومی خۆی هەیە (٣٪)ی لێ وەردەگرن لەو خەملاندنەی کە دەکرێ، واتا پارەیەکی ئێجگار زۆریان لێ وەردەگرن، بەس لەو بارەدا تەنها چەند بوارێکی دیاری کراوەو زۆر دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتووە، رەسم (٥) دینارە وەکو وتی زۆر جێی خۆیەتی، **لێرە نەگوتراوە نەخشە دروست دەکەین،** (صورة خارطة العقار) جەنابی وەزیری دارایی بزانێ **(صورة خارطة العقار) نەخشەکان موجودن** تەنیا وێنەیەکی لێ وەردەگیرێ و تصویر دەکرێ، **ئەوەش بە دینارێکە یان دوو دینارە بە قەڵەمی**

سوور نیشانەی دەکات و دەڵێ پارچەی ئەوەندە لە سوچی ڕۆژهەلات، یان ئەو پارچە وەکو هی ئەم برادەرەیە، لەبەرئەوە (٥) دینارەکە بەسە و بەڕێزی باسی خانووی کرد وەکو فرۆشتن نرخیی (١٠٠) هەزار دینارە، وەکو برادەری بەڕێز کاک بەختیار فەرمووی ئەوە شتێکی ترە، ئەوە ڕەسمی فرۆشتنە وەری دەگرێ (٣٪)یە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئەگەر یارمەتیم بدەن بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە کە ڕۆیشتین بەڕێوە، لە زەمانی کۆنیشدا هەر ئەوە بووە، هاوولاتی هەموو شتێکی بدرێتێ. بەباوەڕی خۆم هاوولاتی ئەگەر بەشداری بکات تۆزێ زیاتر لەو خەرجیانەی کە دەوڵەت دەیکات، ئەوە شتێکی زۆر باشە، دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی وەکو بەریتانیا پردێک دروست دەکات کە پێویستە ئەو پردە بکات هەرچی ئۆتۆمبێلێ بەسەر ئەو پردەدا دەڕوا، ناتوانێ تێپەڕبێ ئەگەر پارە نەخاتە ئەو جێگایەی کە بۆی کراوە، ئینجا ماوەی دەبێ بڕوات ڕەنگە حکوومەتی بەریتانیا تا ئێستا سێ چوار جار پارەی پردەکەی دەرهێنابێت، بەڵام ئەوە مساهەمەیەکی خەڵکە لەوە، جا ئێمە ئەگەر بەوەوە وەری بگرین و باسی ئەوە بکەین کە ئەوە هینی هەژارە و لەسەرئەو وەتەرە لێ بدەین، من وا دەزانم ئەوەی کە خانووی هەبێ یا دوکانی هەبێ لەو صنفە تەضیف ناکرێ ئەگەر بچوکیش بێ دوکانەکە (١٠) مەتریش بێ، دوکانی (١٠) مەتری هەیە ئێستا ڕەنگە بەچارەکە ملیۆنێ، بە نیو ملیۆن ئەفرۆشرێ، لەبەرئەوە ئەگەر دوو سێ جار پێنج پێنج دینار بدات کە ئەکاتە (١٥) دینار ئەمە داهاتێک دەبێ بۆ حکوومەت ناچێتە گیرفانی خەڵکەوە، ئەم داهاتە ئێمە داوا دەکەین حکومەت پشتگیریی فلان شت بکات، ئەمە یەکێکە لەو بەشداری کردنەی کە تۆزێکە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو شتانە بکات، واتە حکومەت جیاواز نییە لەگەڵ ئێمەو لەو هاوولاتیانە، یانی داوا دەکەین حکومەت ئێستا مووچەی فەرمانبەران زیاد بکات یان موچەی خانەنشینان زیاد بکات، دەبێ ماوەی ئیرادی ببێ و ئەگەر تۆزە تۆزە بێ زۆر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوترا ئەوانەی کە ئەو رسمە دەدەن باری داراییان باشە، مەسەلەی عەقارات کە یاسای بەکرێدان دیاری بکرێ بڕی دەسکەوتەکەی کرد (٣٠) ساڵە گۆڕاوە، ئایا بەکرێدان بەرزکراوەتەوە تاکو ئێمە ئەرکی خاوەنەکانی زێدە بکەین با ماوە بدرێ یاسای بەکرێدان بگۆڕدرێت، ئەو کاتە نەک (١٠٠) دینار بەڵکو ئەگەر (١٠٠٠) دیناریش بدات، خاوەنەکانیان بیدەین هەر کەمە، ئەگەر ئێمە ماوە بدەین یاسای بەکرێدان بگۆڕدرێت نەک رسومات زۆر دەبێ بەڵکو باجی خانووبەرەش کە ئەویش دەچێتە خەزینەی حکومەت بە میلۆنەها دینار زیاد دەبێ، من زۆر لام سەیرە بەچ پێوەرێک ئێمە

میللەت و حکومەتی خۆمان دەپێوین بە حکومەتی بەریتانیای؟ کە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەک بۆ هاوولاتیان دابین دەکات، ئایا بۆ هاوولاتی کورد چی دابین کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووی بە پارە کراوە هیچی بەبەلاش دابین نەکراوە، هەتا ماڵ و گەڕەک پاککردنەوەش پارەیان لێ دەسەنن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی (٥٠٠) فلس و (٥) دینار دەکەین، ئەگەر ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان هەر ئێستا هەندێک بێتەوە بیرمان پێنج دینار چ دەکات یانی نرخی (٥) دینار ئێستا لەدەرەوە چەندە لەراستیدا منیش لەگەڵ ڕای بەڕێز وەزیری داراییم، کە لە کاتی خۆیدا ئەمە هاتووە، وابزام پێش (٨)مانگ شتێکی وا بوو، ڕەنگە (٥) دینارەکە نرخی زیاتر بووبێ لە ئێستا. دوایی باسی سەنەدی عەقاری (بالحقوق العينية، صورة السجل العقاري، صورة خارطة العقار) دەکەین، بە ڕای من ئەوە لە هیچ هەژارێک داوا ناکات وەکو کاک نەژاد گوتی ئەو کەسەی بێت داوای ئەم ڕەسمانە بکەن هیچ نەبێ (١٠٠) مەتر زەوی هەیە دوو ژووری لەسەر ئەو زەوییە هەیە، ئەوە کەی پێویست بەو مەسەلانە دەبێ، بە ئەم سەنەدی عەقاری و (صورة سجل العقاري) دەبێ، ئەگەر مامەڵەی هەبێ، ڕەنگە (١٠) ساڵ جارێک پێویستی پێ نابێت، ئەو کەسەی موڵکی هەبێ و پێویستی بە مامەڵەیەک هەبێ بەبۆچوونی من ئەو (١٠) دینار و (٢٠) دینارە هیچ نرخی نییە، بەڵام ڕەنگە بەنسبەت حکومەتی هەرێم واریداتێکی زۆر بکات، چونکە ئەوانەی لە خانەقینەوە تا زاخۆ داوای صورەت قەیدی ئەو مامەڵانە دەکەن زۆرن و ئەو هەموو (٥) دینار و (١٠) دینارە بۆ خەزینەی هەرێم شتێکی زۆر دەکات و بەنسبەت هاوولاتی هیچ ناکات و خەڵکی هەژاریش داوای ئەو مەسلانە ناکەن، لەبەرئەوە من پشتگیری ڕای وەزیری دارایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش بەدواداچوونێکی بچووکم هەیە، وەزیری دارایی و ئابووری هەق نییەئاوا بۆ مەسەلەکە بچێت، چونکە پێش چوار مانگ بەر لە ئێستا (٥) دنیارەکە زۆر باشتر بوو لە ئێستاکەو، ئەمڕۆ نرخی هاتۆتە خوارەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەوە لای من گرنگ نییە (٥)دینارەکە دەکرێتە **(١٥) دینار بەس ئەو پێوانەیەی کە** ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کاک **حازم فەرموویان گوایە (٥) دینار پێش (٨ )مانگ** چ نەبوو ئێستا دۆلار بۆتە (٤)هەزار، ئەو کاتی بوو بووە **(٦-٧ )هەزار، بەڵام خۆی پارەکە لە**

بنەرەتدا هەر بێ بەهایە، (١٠) سالی تریش بەو شێوەیە بمێنێ هەر بێ بەهایە پارەکە، بابەتیش ئەوە نییە (٥) بێ ئەو پرۆژەیە لە وەزارەتی دادەوە هاتووە، ئەمە وەک لیژنەی یاسایی کە چوویتە لیژنەی دارایی یان نەچووە، بەراستی ئەوانیش دەستیان لێ نەداوە بەو ناوەی پێشنیاری وەزارەتێکە، خۆیان تەقدیریان کردووە لەسەر ئەو بنچینەیە ئێمە دەستمان لێ نەداوە و ئەوە بەڕێز وەزیری داراییش فەرمووی کە گوایا هەماهەنگییەک هەبووە لەنێوان ئەو و نێوان وەزیری داد بۆیە دەستمان لێ نەداوە، تکاش دەکەم هەروەکو خۆی هاتووە وەزیری داد کە بەو شێوەیە بڕوات لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارە بە ڕای لیژنەکانەوە و ڕای لیژنەی دارایی من پێم سەیرە کە هەر جارەی ئیشەکان دوا دەکەون، لێرەدا ڕایەک دەدەن واتا تا ئێستا لیژنەی دارایی ڕایان نەناردووە، دووەم شت ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هەر کردوومانەتە پیشەش کەم شت هەیە ئەگەر زۆر هەڵەی تێدا نەبێ، دەستکاری ژمارەکان ناکەین، بەڵام لێرەش من بە مافی خۆمی دەزانم وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی وەکو ئەندامێکی پەرلەمانیش هەندێ شت هەنە ڕاستن لەوانەیە لێرە قەناعەت دەگۆڕن واتا ئەوە شتێکی زۆر سەیر نییە کە لیژنەی یاسایی هەندێ جار تووشی ئەوە دەبن کە هەندێ ژمارە بگۆڕن من یەک کۆمەڵە شت دێنمە بەرچاوی خۆم، ئێمە وەکو پارێزەر هەمیشە ئەو شتانەمان لەبەرچاو بووەو مامەڵەمان لەگەڵ فەرمانگەی تاپۆ هەبووە یانی بابێن ئێمە ئەو پارەیە وارد کەین لەبۆ حکومەت چونکە ئەمە مەسەلەی مەسرەفی ئیداری و مەسەلەی بەکارهێنانی کاربۆن و کاغەز و دەرهێنانی تۆمارە و بەکارهێنانی قەڵەم ئیستەمپە و مەرەکەبە و لەکار کردنی موادی سەرەکی فەرمانگەیە، باشە مەسرەف و لەکارکردنی ئەمانە ناکاتە (٥)دینار؟ بەخوا دەکاتە (١٠) دینارو زیاتریش، بۆ من ڕام وایە زیاتریش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان دوو شت لێکتر جیابکەینەوە باج و رەسم. باج لە نرخی زەویەکەیە یا خانووەکەیە دەگیردرێتەوە، رەسم بەرامبەر بەو خدماتەیە کە دەکرێ، لەبەرئەوە نرخی دیناری عێراقی کەمە، بۆیە رەسمەکە زیاد کراوە و لە (١٠) دراوە، واتە دەهەندی خۆی زیادکراوە، وابزانم ئەمە بەسە، هاوولاتی یەک دەچێ وێنەیەکی تۆماری خانووبەرە دەردێنێ (٥) دینار دەدات پاش (١٠) دەقیقەی تر دێت، سی ترە (٥) دیناری دەدات، ئەمە لەبەر ئەوەی نییە زۆری هەیە زۆری دەدات، تەئسیر دەکات تەئسیر ناکات، بەڵکو لەبەرئەوەیە بەرامبەر بە خەدەماتە ئەو پارەیە وەردەگیرێ، وەکو باجێک نییە نرخی عەردەکە یان لە نرخی خانووە وەرگیرێ. بۆیە دەڵێم ئەو (٥) دینارە بەسە و لیژنەی یاساییش هەروای لەلا رەوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. وابزانم روونە، رایەک هەیە کە مەسەلەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و رایەکیش هەیە دەڵێ زیاد بکرێ، پێشنیاری وەزارەتی داراییش دەڵێ: دەبێ بکرێ بە (١٥) دینار ئەمە پێشنیارێکە هەرچەند من تێبینی یەکم هەیە ولەراستیدا ئوسوڵ وایە لە هەموو دنیادا دەبێ حکومەت بەرگری لە پرۆژەی خۆی بکات، واتا ئەگەر هاتوو ئەندامانی پەرلەمان ویستیان کەمی بکەنەوە یان زیادی بکەن، هەمیشە وایە ئەگەر مەسەلە پارە بێ وەزیری دارایی دەڵێ دەبێ زیادی بکەن، رێزم هەیە بۆ کاک دارۆ، بەڵام تەبیعەتی کارەکە وایە، هەمیشە کە دێتە بابەتی پرۆژەیەک کە لە حکومەتەوە پیشکەش کراوە و ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەیەکی رەسمی بڕیاری لەسەردابێ وەکو پێشنیارێک و ناردبێتی، بەڕای من هەقە نوێنەری حکومەت بەرگری لە پرۆژەی حکومەت بکات. دووەم من دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر ئێمە بەو پێوانەیە بڕۆین بە مانگ حیسابی نرخی دۆلار و دینار بکەین دەبێ هەموو مانگێ هەرچی رسومات هەبێ بیانگۆڕین، ئێستاش دوو پێشنیار هەیە وەکو گوتم پێشنیارێک هەیە کە ئەو رەسمە بکرێ بە (١٥)دینار ئەمەش لە لایەن حکومەتەوە کراوە و پێشنیارێکیش هەیە کە (٥) دینارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا / جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەرەتاوە کە پێشنیارەکەم کرد بۆ زیادکردنی پەیوەندیی نەبوو بە هەڵوێستی وەزیری دارایی، چونکە وەزیری دارایی پاش من قسەی کرد و من لەو مەبدەئەوە وەرم گرت کە بەڕاستی جەماوەر بەشداری لە زیاد کردنی دەخلی حکومەت بکات، بەتایبەتی لەو شتەی کە زۆر کاری لێ ناکات و، زۆر کار لە چینە زەحمەتکێشەکان ناکات من گوتم ئەو (٥) دینارە زیاد بکرێ کە ئەمە پەیوەندیی نەبوو تەنیا، لە گفتوگۆکەدا هات مەسەلەی نرخی دۆلار ئەمڕۆ یا لەپێش هەشت مانگ ئینجا من وەک ئەندامێکی پەرلەمان ئەم پێشنیارەی خۆم دەخەمە روو نەک پێشنیاری وەزیر، ئەویش ئەوەیە کە زیاد بکرێ بۆ (٢٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ با بزانین کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ئێستا دوو پێشنیار هەیە. پێشنیارێک هەیە دەڵێ زیاد بکرێ و پێشنیارێکی تریش هەیە دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە بەوناوەی ئەم (٥) دینارە زیادکراوەوکاتی خۆی (٥٠٠) فلس بووە. ئێستا وەزارەتی داد لە ئەنجوومەنی وەزیران و لە لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی ناو پەرلەمان بەتێکرایی بڕیاریان داوە کە لە(١٠)ی بدرێ و کردوویانە بە (٥) دینار، ئێستا پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێ با زیاد بکرێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە رەسمەکە هێشتا زیاد بکرێ؟ ئەمە زیاد کراوە و لە(١٠) دراوە. ئەم رەسمە کاتی خۆی (٥٠٠) فلس بووە و حکومەت پێشنیاری کردووە کە بکرێ بە (٥) دینار و لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەی راستاندووە، ئێستاکە پێشنیارێکی تر

هەیەو دەڵێن: نەخێر ئەوە کەمەو هێشتا زیاد بکرێ، جا من دەڵێم کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو رەسمە هێشتا زیاد بکرێ؟

**بەڕێز کاک نەوزاد ئەحمەد عەزیز/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام (٥) دینارە و پێشنیاری زیادکردنی هەیە ناگوترێ هێشتا زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پرۆژەیەکە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە لە(١٠)یان داوە لەلایەن لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاساییەوە پەسەند کراوە و بریاریان لەسەر داوە، ئێستا پێشنیارێک هەیە دەڵێن نەخێر ئەمە کەمەو هێشتا زیادبکرێ، من تەئکید دەکەمەوە کە دەبێ هێشتا زیادبکرێ، چونکە هەر کاتێک پەرلەمان ئەم پێشنیارەی پێشکەش کرد ئەو کاتە بۆمان هەیە و ئەڵێین داوا دەکرێ زیاد بکرێ، بابەتەکە روون و ئاشکرایە.. کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ سوپاس مادامام وایە(٥) دینارەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: تستوفى الأجور عن المعاملات التي تقتضي الانتقال المذكور ادناه الى خارج مقر عملهم من صاحب الطلب على أن يكون الانتقال خارج أوقات الدوام الرسمي و ذلك على وجه الآتي:

أ- ١٥ خمسة عشر ديناراً للحاكم أو القاضي.

ب- عشرة دنانير للمنفذ العدل أو الكاتب العدل أو مدير رعاية القاصرين أو مدير التسجيل العقاري.

ج- خمسة دنانير لبقية الموظفين.

د- ديناران وخمسمائة فلس لموظف الخدمات.

٢- تسجل الأجور المستوفاه وفق الفقرة (١) اعلاه أمانةً باسم الحاكم أو المنفذ العدل أو الكاتب العدل أو مدير رعاية القاصرين أو مدير التسجيل العقاري و تصرف للمستحقين في نهاية كل شهر على أن لا يتجاوز ما يتقاضاه كل منهم على (٥٠٠) خمسمائة دينار شهرياً و يسجل الباقي ايراداً لخزينة الاقليم وتستثنى هذه الاجور من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر خاڵی سێ×××یەم هەیە؟

مادام نییە با بیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رابعاً: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوەش خاڵێکی ڕۆتینیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کی لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خامساً: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خاڵی پێنجەم کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سادساً: ينفذ هذا القرار بعد مرور ثلاثين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئایا چ تێبینی لەسەر خاڵی شەشەم لە لایەنی زمانەوانی یەوە نییە؟ باشە. کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەوەش پەسەند کرا. ئەم بڕیارە تەواو بو ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەگشتی وەکو بڕیار پاش ئەو گۆڕانکاریە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بە تێکڕای دەنگ ئەم بڕیارە پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵـلا حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم بڕیارەی کە دەنگی لەسەر درا من تەنیا روون کردنەوەیەکم هەیە دەمەوێ بیخەمە روو، ئەویش ئەم بڕیارە دوو یاسا هەموار دەکات، یەکیان یاسایی رسوومی دادە، کەلەلایەن وەزارەتی دادەوە جێبەجێ دەکرێ، دووەم یاسایی تۆماری خانووبەرەیە کە لەلایەن تاپۆ جێبەجێ دەکرێ، واتە بڕیارەکە پەیوەندی بە هەموار کردنی دوو یاساوە هەیە، یەک یاسای رسوومی دادی و دووەمیش یاسای تۆماری خانووبەرە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس واتا چ کێشەیەک نییە کاک شێروان.. بەڵێ.. سوپاس کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەممەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕیارەکەدا هاتووە و دەڵێ (ینشر في الجريدة الرسمية) بە قەناعەتی من بووترێ (ينشر في جريدة البرلمان). چونکە زۆر شت هەیە لە دادگاکان دەردەچێن، لە وەزارەت دەردەچێ پێویستە لە ڕۆژنامەی رەسمی بڵاوبکرێتەوە کە دێ بۆ پەرلەمان دەڵێن بڵاو ناکرێتەوە، چونکە ڕۆژنامەیەکی رەسمی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مەبەست ڕۆژنامەی پەرلەمانە، چونکە ئێمە ڕۆژنامەی رەسمیمان ڕۆژنامەی پەرلەمانە و ئەم بڕیارەی ئێمەش دەرچووە.

خاڵی دووەمیش ئەوە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری لێرەیە و دوێنێ پێشنیارێک هەبوو دەربارەی کۆمپانیای هەرێم چ هەیە و چ نییە؟ گەیشتە کوێ و چ پێویستە بکرێ؟ بۆیە پێشەکی وابزانم کاک ئازاد قەرەداغی دەسنیشان کرا و باس دەکات و لەم بابەتەوە دەدوێ و پاشان وەزیری دارایی و برادەرانی تر ئەگەر تێبینیان هەیە با بیچەسپێنن و دوای ئەوەش ئەگەر وەزیری دارایی و برادەران تەواو بوون و ئەگەر لاریبیان نەبێ، ئەوا خاڵی دووەممان هەیە و هەر پەیوەندی بە وەزیری داراییە یەوە هەیە ئەویش داهاتی گومرگە و چۆنە و چییە و چۆن دەڕوات و چی بەسەر هاتووە؟ لە ئایندەدا چی بەسەردێت جا ئەم دوو خاڵە بەیەکەوە باس دەکەین، لەبەرئەوە خاڵی سێ یەم دەبێ بە خاڵی چوارەم. ئێستاش کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە ماوەی چەند ڕۆژێکە نرخی خواردەمەنی هاتبووە خوارێ، بەڕاستی بۆ جەماوەر و دانیشتونی کوردستان جێگای دڵخۆشییە، بەڵام لە هەمان کاتدا شتێک نییە کە چەسپاو بێ، شتێک نییە کە خەڵک پشتی پێ ببەستێ یان بینای ژیانی خۆی لەسەر دابنێ، چونکە هەر ڕۆژە و بارە ئابووری یەکە دەگۆڕێ، چونکە بەدەست کۆمەڵە خەڵکێکی بازرگانەوەیە، بەدەست خەڵکێکە کە پارەیان هەیە، ئەگەر هەندێکیشیان لە کۆگاکاندا دا کردووە، ڕۆژێک هەرزانی دەکەن و پاش سێ ڕۆژی تر گرانی دەکەنەوە و بەڕای من ئەگەر ئەو کۆمپانیایەی هەرێم بکەوێتە کار و تۆ بتوانی ململانێ بازاڕی رەشی پێ بکەی ڕەنگە خەڵکی کوردستان بتوانێ بینای ژیانی خۆی لەسەر دامەزرێنێ کە زۆر پێویستەو، پرسیارمان ئەوەیە بۆچی هەتا ئێستا نەکراوە و بۆ ئەوەی بۆ دانیشتوانی کوردستان ڕوون بکرێتەوەو هۆکەیشی چییە دەربخرێت؟، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەبارەی کۆمپانیای هەرێم و، ئەو پێشنیارەی کە دوێنێ خرایە ڕوو و کاک ئازاد قەول بوو بیخاتە ڕوو، جارێ پێشەکی کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ با ناوەکان بنووسین، تکایە با برادەران جێگەی خۆیان نەگۆڕن.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد تاهیـــر نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەوەی دڵخۆشکەرەوە بوو، ئەوە بوو لەبارەی کۆمپانیاکەی هەرێمەوە کە لەکاتی خۆی ئەو هەوڵ و کۆششەی بۆ کرا کە لەلایەن ژووری بازرگانی یەوە و گوایا حکومەت هاوبەشە لە مەسەلەی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایەی هەرێم، بەڵام ئەو هەوڵ و کۆششەی کە میللەت چاوەڕوانی بوو، بە ئومێدی بوو کە بەرەکەی بخوات و ئەو کەرەستە سەرەکییانەی کە بنەمان لە بۆ ژیان وەک ڕۆن و ئاردو شەکر، خەڵکەکە بە نرخێکی گونجاو لەو کۆمپانیایە بیان کڕی، بەتایبەتی ئەوانەی دەسکەوتیان محدودە، کەچی بەداخەوە میللەت هەر چاوەڕوان بوو و هیچ ئەنجامێکی وەدی نەکرد و چەند جارێک بەتەمابووین کە بەڕێز وەزیری دارایی بێت و ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام ئەم شەڕو شۆڕە دوای خست ئێستاش بزانین ئایا ئەو کۆمپانیایە وجوودی ماوە و هەیە، نییە؟ لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

سوپاس. جا مادام وایە باوەزیری دارایی باسێکی کۆمپانیاکە بکات، ئەو کاتە زۆر لە برادەران ڕەنگە وەڵام بدرێنەوەو ئەگەر قسەیەک هەبوو لەسەر قسەکەی وەزیر یا ئەگەر ئەو برادەرانە حەزیان کرد بەدوادا چوونێک بکەن، ئەوا ناوەکانیان بە نووسراوی لەبەردەممان دایەو پاشان ڕێگەیان دەدەین ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن، باوەزیری دارایی کەرەم بکاتە ئێرە.

**بـەڕێـز دارۆ شـــــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بـەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

مەسەلەی کۆمپانیای هەرێم بیرۆکەیەک بوو کە ئێمە بۆ ئەو مەبەستە خستمانە ڕوو کە خۆتان باستان کرد، بۆ کارکردنە سەر نرخی بازاڕ و پێشکەش کردنی کەلوپەل یا خۆراک بە نرخێکی هەرزانتر لەبازاڕ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەمە مەبەستی سەرەکی بوو لە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیای هەرێم و، ئێمەش بەپێی یاسای کۆمپانیاکان بڕیاری ئەوەماندا کۆمپانیایێکی هاوبەشی تیکەڵاو دروست بکەین کە بەپێی یاسای کۆمپانیاکان (٥١ ٪)ی سەرمایەکەی هی حکومەت بێ و (٤٩ ٪) بەشێوەی پشک دەفرۆشریت بە هاووڵاتیان، پاش ئەوەی هەموو مەسەلە یاساییەکانمان جێبەجێ کرد و فرۆشتنی پشک و بەشەکانیان ڕاگەیاند کە ناومان لێ نابوو (پشکەکان) هەر کەسە بتوانێ بەپێی توانای خۆی سەهم بکڕێ و هەر پشکێکی (سەهمێکی) بە (١٠) دینار نرخاندرا بوو، بەڵام ئەوەی زۆر جێی داخە، بەدەنگەوە هاتنی بۆ کڕینی سەهمەکان نەبوو یان زۆر زۆر کەم بوو، بۆ نموونە لە شارێکی زۆر گەورەی وەک شاری سلێمانی بایی دەوری (٧٠) هەزار دینار سەهم فرۆشرا بوو بەپێی هەمان یاسا دەبێ کۆمەڵێک هەبن کە پێیان دەگوترێ کۆمەڵەی دامەزرێنەر ئەمانە دەبێ پشکەکان بکڕن و لەوانە بن کە دەبنە خاوەنی دەستەڵات، تاکو کۆبوونەوەی گشتی هەموو خاوەن پشکەکان ئەکرێ، ئێمە بۆ ئەوەی کە

فریای ئەوە بکەوین، بەروبوومێکمان هەبێ، بریاماں دا و وتمان ئەو ئەنجوومەنی دامەزرێنەرە کە پێک هاتبوو لەچەند بازرگانێک و لەگەڵ چەند فەرمانبەرێک کە نوێنەری حکومەتی هەرێم بوون، چونکە حکومەتیش هاوبەشەو خاوەن سەهمە پێکمان هێناو وتمان ئەگەر بکرێ ئێوە هەندێ ئیش وکاریش دەست پێ بکەن، هەتا شتەکانی تر وردە وردە جێبەجێ دەبێ، لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی زۆر تایبەتی یە و دەمانەوێ بەزووترین کات جموجۆڵ بکەوێتە ناو ئەو مەسەلەیەوە، ئەوەی جێی داخە ئەو برادەرانەی کە وەک دامەزرێنەر هاتبوونە ناو مەسەلەکانەوە کە هەر یەکێک بە مبلەغێک هاوبەشیان کردبوو، کەوتنە بیرکردنەوە لەوەی کە ئایا ئەم کۆمپانیای هەرێمە لە قازانجیانە یان نا؟ چونکە ئەمانە لە کاری بازرگانیدا ئیشیان دەکرد، ئێمە هەوڵماندا وتمان وەکو تاقی کردنەوەیەک با کەمیەیەک شەکر بێنن بۆ کوردستان و بەهۆی ئەم شەکرەوە کار بکەینە سەر بازار، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی نوێنەرەکانی بگەنە سەرچاوەی شەکر کرین، نوێنەری بازرگانەکان چووبوون وتبوویان ئاگاتان لە خۆتان بێ، ئەوانە حکومەتن هاتوون، حکومەتی کوردین و ئەوانە ئیتر بازرگانی قەدەغە دەکەن و ناهێڵن کەسی دیکە بازرگانی شەکر بکات و، بازرگانی کەل وپەلی خۆراک بکات، لەبەرئەوە نوێنەرەکانمان کە چوو بوونە لای کۆمپانیای شەکر کرین و پێیان وتبوون کاکە ئێمە ناتوانین شت لەگەڵ ئێوە مامەڵە بکەین، ئێمە ناتوانین شت بە ئێوە بفرۆشین یانی بەشێوەیەکی وا کە ئێمە ناچار بووین چاو بەمەسەلەکەدا بگێڕینەوە کە ئایا بوونی ئەو خەڵکانە لە قازانجمانە یان لەزەرەرمانە، ئەو مەسەلەی کۆمپانیای هەرێم بەو قۆناغە تێپەڕبوو کە لە بری ئەوەی هاووڵاتیان وەکو خۆشتان ئاگادارن ئێمە لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە لە رێگەی تەنانەت بەرنامە میللی یەکانەوە و، لە رێگەی رۆژنامەکانەوە، رامانگەیاند کە هاووڵاتیان دەبێ بێن و بەشداریی بکەن و نرخی سەهم ئەوەندەیە بەداخەوە کەسێک نەهات بەدەنگمانەوە یاخود خەڵکێک هاتن بەدەنگمانەوە، بەڵام ئەوەبوون خاوەن بەرژەوەندی خۆیان بوون و زەرەریان دا لە فکرەی ئیشەکە و ئەوانی دیکەش کە هاتبوون هاووڵاتی بوون، ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو لە چاو پارەی سەرمایەکەی کەبۆی دەسنیشان کراوە کە (٧٥) ملیۆن دینارە ناکاتە لە هەزارا یەکیش یا لە چەند هەزارا یەکێک، کە ئەوەش ئیشی کۆمپانیاکەی پەک خست و، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان نیو ملیۆن دینارمان تەرخان کرد کە ئەوە بەشی حکومەت بێ وەک دەست پێ کردن و لە هەولێر بارەگا گشتی یەکەیمان بۆ ئاوەدان کردەوە، هەموو شتەکانیان ئامادەن و حەز دەکەم بۆ ئاگاداری بەرێزتان بڵێم، ئێمە بەتەما بووین کۆمپانیای هەرێم بەشێوەیەکی گەورەو فراوان بکەین و توانای تەواوی بخەینە ژێر دەستی یەوە کە بتوانین لە هەموو بوارێکی پێویستدا بەشداریی بکات و تەنانەت بەشداریی لە کارگەی دروست کردنی دۆشاوی تەماتەش بکەین لە هەولێر، هەروەها بەتەما بوون ئاودیوی بکەن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەپەلە کۆمپانیای هەرێم چوون کریانەوە تاکو ببێتە خاوەنی و دەست بە بەرهەم هێنان بکات و ئێستا ئەوە خەریکی بیناکەن کە تەرتیبی بکەن و، کارگەی دۆشاوی تەماتە لە هەولێر دابمەزرێ، جگە لە پرۆژەی تر کە هەمان

بوون، بەڵام بەداخەوە بەشداریی نەکردنی هاووڵاتیان لەدەستی داین، دەبێ ئێمە کارێکی وا بکەین ئەو کۆمپانیایە لە هاوبەشی یەوە و لە تێکەڵاوەوە بکەین بە کۆمپانیایەکی حکومەتی، ئەوەش لەگەڵ یاساکە ناگونجێ کە بەپێی دامەزراوە، ئینجا ئێستا ئێمە جگە لەماوەی (٥) مانگی پێشوو بە هۆی کارەساتی شەڕی ناوخۆوە نەک تەنیا کۆمپانیای هەرێم، هەموو دامودەزگاکانی حکومەت ئەگەر بە تەواویش پەکیان نەکەوتبێ، ئەوا نیمچە پەک کەوتەیە و کۆمپانیای هەرێمیش یەکێک بووە لەو دامودەزگایانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زیندوو کردنەوەی ئەو کۆمپانیایە و هەموو ئامادەیی یەکی خۆمان تەرخان دەکەین بۆ سەرخستنی و سەرمایەکەی وەکو خۆیەتی، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بزانن کۆمپانیایەک ئەمڕۆ بیەوێ لە کوردستان بازرگانی خواردەمەنی بکات دەبێ سەرمایەیەکی یەکجار زۆری لەبەردەستدا بێ، چونکە نیو ملیۆن دینار بەشی ئەوە ناکات کەلوپەلێکی پێ بکڕی و بیهێنیەوە بۆ کوردستان و بە نرخی هەرزان بیفرۆشێ و بتوانێ منافسەی نرخی بازاڕی پێ بکەی، بۆیە دەبێ چاو بە مەسەلەی سەرمایەکەی و توانای کۆمپانیاکەشدا بخشێینەوە، سەرژمێرێکی بە پەلە بکەین تاکو بزانین پێویستی یەکانی هەرێمی کوردستان لەو کەرستە سەرەکیانەی خواردن و پێویستی مرۆڤ چەندن کە بریتین لە ئاردو ڕۆن و شەکر و چا و برنج، ئەم (٥) مادەیە سەرەکین و بەلایەنی کەمەوە دەبێ نزیکەی مانگانە ئەگەر بمانەوێ بەپێی بیتاقەی تەموینی بیدەینە هەموو خێزان و هاووڵاتی یەک و هەر یەکە بەشی خۆی وەربگرێ، ئەو حیسابەی ئێمە کردوومانە نزیکی چوار ملیۆن و نیو دیناری دەوێ بۆ هەر مانگێک، بۆیە بەڕێزان چەند جار باسی ئەوە کراوە کە حکومەتی هەرێم دەبێ خواردنی پشتگیراو بە هاووڵاتیان بدات، خواردەمەنی پشتگیراو دەکاتە ئەوەندە ملیۆن دینارە لە مانگێکدا ئەوە لە توانای حکومەتی هەرێمدا نییە لە دوارۆژێکی نزیکدا بتوانین کاری وابخەینە ئەستوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە ڕاستیەکە دەبێ هەمووومان بیزانین، بۆیە کاتی خۆیشی کە باس لەوە دەکرا یارمەتی خەڵک بدرێ، فەرمانبەر یارمەتی بدرێت، من لەگەڵ ئەوە بووم کە بەشێوەیەکی کە بتوانین یارمەتی یان بدەین کە بڵێین خواردەمەنیتان بۆ دەهێنین، یان بە هەرزان بۆتان دەهێنین. واتە ئەو پارەیە کە لە توانستی حکومەتدا نییە خۆشتان دەزانن توانستی حکومەتەکەی ئێمە چییەو چی نییە؟ بۆ مەسەلەی گومرگەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بابەتێکی ترە با مەسەلەی کۆمپانیای هەرێم تەواوی بکەین، بە تەئکید لەوانەیە برادەران بەدواداچوونیان هەبێ.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەبارەت بەکۆمپانیای هەرێمەوە جەنابی وەزیری دارایی وای پیشاندا کە توانستێکی زۆری دەوێ، بەڵام جگە لە کۆمپانیای هەرێم دەبێ شتی بچووکتریش بکەن، بۆنموونە کۆمپانیای

هەرەوەزی لە گەڕەکەکان دابنرێ و ئەمەش چ ئەرکێک ناخاتە سەر بودجەی حکومەت یان وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە زۆر جێگای تریش ئەو جۆرە کۆمپانیا هەرەوەزیانە هەیە و، لە هەر گەڕەکە ئامارێک دەکرێ و کەکرا تۆ پارەو پشکێکی لێ وەردەگری کە پارەی لێ وەردەگری تو مکلەفی بەوەی کە مانگانە وەکو پلیتی کەل وپەلی خۆراک شتی بۆ بێنێ، هیچ شتێک ناکەوێتە سەر حکومەتی هەرێم، ئەگەر پەیڕەوێکی ڕێکوپێکی هەبێ، ئەوە لە گەڕەکەکاندا، لە شارەکاندا، جا لە یاسای پارێزگاکانی دەیکات و یا وەزارەتی دارایی و ئابووری دەیکات، ئەوە هیچ ئەرک و شتێکی ناکەوێتە سەر حکومەتی هەرێم، تۆ پارەکە وەردەگری دەبێ مانگانە شتی بۆ بێنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ناونووس کراون، با بێینەوە سەر لیستەکەو، ئەوەی کە کاک دارۆ باسی کرد، وەکو تریش ئەگەر بەدوادا چوونی زێدە هەیە، فەرموون د. سەلاح.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی وەزیری دارایی دا دەرکەوت کە بەڕاستی لەم کات و بارودۆخەی کوردستاندا، کەرتی تایبەتی متمانەی نەماوە بە حکومەت، بۆ ئەوەی کە پارەی خۆی دابنێ لەو کۆمپانیایەدا، شتێکی زۆر سروشتی یە، هەروەکو خەڵک چۆن متمانەی بە بانق نەماوە و پارەی خۆی ناباتە بانق، کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە پارەکەی لە ماڵەوە دابنێ دزو جەردە بچن بۆ سەری و پارەکەی لێ بسەنن، تاوەکو ئەو متمانەیە بدرێتەوە بە حکومەت تا ئەو کاتە ئێمە چی بکەین باشە؟ بە ڕای من بەڕێز وەزیری داراییش ئاگادارە کە مۆڵەتی هاوردە هەیە کە ئەو بازرگانانەی دەچن کەلوپەل دەهێنن لە دەرەوە، خواردەمەنی دەهێنن پێویستە مۆڵەتیان هەبێ لە وەزارەتی دارایی و جۆرە ڕێکخستن و مەرجیشیان بۆ دابنرێ، بۆ ئەوەی کە بزانین بەچ نرخێک لە سەرچاو کە دەیهێنن و، مەسرەفی گواستنەوەی چەندەو لێرانە قازانجێکی ماقووڵیان بۆ دابنرێ ئەوە وابزانم کە ئەو قازانجە ماقووڵە لە (٢٠٪)، (٥٪) بێ نەک لە (٥٠٠٪)و (١٠٠٠٪) بێت، کە ئێستا دەستیان دەکەوێت، ئەگەر ئەو کارەبکەین وابزانم لەگەڵ بازاڕی ئازادیشدا لەگەڵ ئابووری سەربەستیشدا هیچ لارییەکی نییە، چونکە تەنانەت لە ئابووری سەربەستیشدا، لە هەموو دونیادا لەکاتی ئەزمات و لەکاتی جەنگدا و، لەکاتی ناخۆشیدا حکومەت دەستی تێوەردەدات بۆ نموونە وەکو ئەزانین لە بەریتانیا کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەگەر ئەو کارە بکەین وابزانم دەتوانرێ نرخی شتەکان نەختێک دابەزێ و دەتوانین کار بکەینە سەر بازاڕ تا ئەو کاتەی خەڵک متمانەی دەبێ و ئێمەش دەتوانین کۆمپانیای هەرێم دابمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر لە بازاڕی ئاردیش مەسەلەی نرخ بەو شێوەیە ئازاد نییە، کە ئەو خەڵکە تێگەیشتووە لە

یاسای منافەسە و (خستنەروو وداوا کرد)، لەڕاستیدا دەست تێوەردانیش لە زۆر وڵات و ڕێکخراوی تایبەتیەوە و، وابزانم کاک دارۆ ئاگادارە کە ئەم شتە لە زۆر وڵاتدا هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وتەکانی بەڕێز وەزیری دارایی وا دەردەکەوێ کە گیروگرفتێک بۆ دروست کردنی کۆمپانیای هەرێم هەیە. بەڵام بە بۆچوونی من با ئیشەکە وا بەرووتی وەرنەگرین و لێی بترسین و، ئامانجیش لەکۆمپانیا ئەوە نییە هەموو پێویستیەکانی خەڵکەکە داپۆشێ، ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی هەر ئەوەندە ملیۆن، چوار ملیۆن دینار بۆ هەموو مانگێک پێویستمانە بۆ ئەم خەڵکە. بەڵکو ئامانج لە دامەزراندن کۆپانیاکە ئەوەیە کەوا بێتە بازاڕ وەکو بازرگانێک با نەڵێین زۆر دەتوانین هەموو شتێ بێنین، خەڵکەکە دەتوانن سوود لەو کۆمپانیایە وەرگرن و نرخی بازاڕیشی پێ دادەبەزێ، بۆیە ئەگەر ئەم کۆمپانیایە بەشتێکی کەمیش دەست پێ بکات بەڕای من هەر باشە و خەڵکەکە متمانەی بە حکومەت دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم محەمەد بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی، کە بەڕێز وەزیری دارایی دەربارەی کۆمپانیای هەرێم دوا و، تۆزێ بێ ئومێدی کردین، من دوو تێبینیم هەبوو لەسەر ئەو کۆمپانیایە، ئەویش یەکێکیان کاک د.سەلاح ئاماژەی بۆ کرد دەربارەی ئەو پارەیەی کە وەزارەتی دارایی خۆی تەرخانی کردووە و لەڕاستیدا تەمویلی کۆمپانیاکەی نەکردووە و، دوو تیبینی دیکەشم هەیە، کە کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد لەڕاستیشدا ئێمە مەرج نییە کە وەزارەتی دارایی یان حکومەتی هەرێم هەرپێنج مادەکە لە ماوەیەک بدات بە خەڵکەکە، وەکو بازرگانێک بێتە بازاڕەوە، بەڵام ئەگەر توانی نەبێ با بە مادەیەک دەست پێ بکات، بەڵام ئێمە لێرەدا چی بکەین کە کۆمپانیای هەرێم وەستاوە و لەکاردا نییە، ئەمڕۆش نرخی بازاڕ بەم جۆرەیە، جەماوەریش ئەمە حاڵیەتی و ئەمڕۆکە پەریشانە لەڕاستیدا پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی کوردستان و نەمانی شەڕی براکوژی و سوپاس بۆ خوا کە تەواو بووە، مژدەیەک بوو بۆ خەڵکە کە ئاستی نرخی شتوومەک دابەزی، لێرەدا بەڕاستی من وای بەباش دەزانم حکومەت دەوری ئەوە ببینێ، وەزارەتی دارایی یا ئەو لیژنەیەی دەست بەسەر بازاڕدا بگرێ و بتوانێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەناو بازاڕەکاندا هەبێ، بازاڕی هەولێر و بازاڕی دهۆک زۆر جیاوازیان هەیە، بەڕێزان یانی ئەو بازاڕەی کە لە زاخۆ لەم ڕۆژانە کە دابەزیوە، لێرە بە دوو سەد دیناریش جیاوازی بووە، لەگەڵ ئێرەدا بۆ هەندێ شت. دوای کەم کردنی شتوومەک لە بازاڕدا، لەو کاتەدا کە شتوومەک دادەبەزێ، تەماشا دەکەی لە بازاڕی ئێرە نرخەکەی کە دادەبەزێ دەبینین شت لە بازاڕدا نامینێ و هەمووی دەشاردرێتەوە، چونکە هەندێ کەسی هەلپەرست ئەمە دەکەن، هەق

وایە حکومەت هەڵوێستی هەبێ بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە و محاسبەیان بکات و بە توندی سزایان بدات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی کاتی خۆی مەسەلەی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە، هیوایێکی زۆری خستە دڵی هەندێ کەس. ئەوانەی کە نزیک بوون لە مەسەلەی دامەزراندنی یان هەر بەبیستنی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە چەند دەورێکی گرنگی لە بوژانەوەی باری ئابووری دەدی، لەوانە بەشداریی کردنی کەرتی تایبەت لە کۆمپانیای تێکەڵاو (مختلط) لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بۆ دروست کردنی ئەو کۆمپانیایە بڕوایەکی دارایی بۆ حکومەتی هەرێم پەیدا کرد، چونکە دەبووە هۆی دروست بوونی حەرەکەیەکی دارایی بانقی و بازرگانی لە کوردستاندا و، هەروەها ئەو کۆمپانیایە دەیتوانی دەورێکی تەواو ببینێ لە ڕادە بۆ دانان و سەقامگیریی نرخی ئەو ماددانەی کە مامەڵەتی پێ دەکات، لەوانە نرخی کەلوپەلی خۆراکی سەرەکی لە بارەی کڕین و فرۆشتندا لە بازاڕ و هەروەها ئەو کۆمپانیایە دەتوانێ تارادەیەک دەوری مەسەلەی تەحەکوم لە نرخی بازاڕ ببینێ دی. ناڵێم تا ڕادەی (١٠٠٪) بەڵام بە ڕێژەیەکی باش و ئەو کۆمپانیایە دەیتوانی دەوری بازاڕی مەرکەزی بەگەڕ بخاتەوە، بەهۆی ڕێکخستنی پلیبیت بۆ فەرمانبەران و خانەنشینان و بۆ خێزانی شەهیدان، من لێرەدا ناڵێم بە نرخێکی پشتگیری کراو بەڵکو بە پشتگیری کردنی قازانجەکەی، بۆنموونە ئەو قازانجەی کە لە کەلوپەلی خۆراک وەری گرت ئەگەر لە بازاڕدا، بازرگانی تاک فرۆش یاخود بازرگانی کۆ لە نێوان (٢٠٪ تا ٣٠٪) هەتا ورد دەکراوە، ئەو کاتی کۆمپانیای هەرێم دەیتوانی تەنها پارەی خەرجی کارگێریی وەربگرێ و لێرەدا کێشەیەک دەمایەوە، کێشەی بەشداربووەکان، ئایا بەو قازانجە ڕازی دەبوون؟ کۆمپانیای هەرێم دەیتوانی بۆنموونە(٧٠٪) بازرگانییەکەی خۆی بە کەلوپەلی خۆراک تەرخان بکردبا و (٣٠٪) بۆ ئەو کەلوپەلانەی کە قازانجیان زۆرە و واردیان هەیە، لەوانە جگەرەو شتی دیکەیە. بەڵام من هۆی بەشدار نەبوونی هاووڵاتیان و، هۆی ئەو ساردیەی کە تووشی ئەو کۆمپانیایە هات، دەگەڕێتەوە سەر چەند خاڵێک، یەکەمیان ئەوەیە سەرمایەی حکومەت بەراستی کەم بوو، دەبوایە سەرمایە کە لەو (٧٥) ملیۆنە لە (٧٥٪)ی سەرمایەکە هی حکومەت بوایە، تا خەڵکەکە متمانەی تەواویان لەلا دروست بووبایە، تاکو بەشدار بن لە کڕینی پشک (سهم)، هەروەها وەکو زانیاریم پێ گەیشتووە، پارەکە حساب نەکراوە و تەحویل نەکرا وەکو حسابی ڕۆژانە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر کردنەوەی کۆمپانیاکە و تاوای لێ هات ئەو بازرگانانەی کە بەشدارییان کردبوو، پارەکەی خۆیان کێشایەوەو گەیشتە ئەوەی بڵێین حکومەتی کوردستان بەپارەی ئەوان ئیش دەکات بۆیە پرۆژەکە وای لێهات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر هیچ ئاماژەی نەدا کە ئایا ئەو کۆمپانیایەی هەرێم هیچ وەجبەی هێناوە یان نا؟ بێگومان ئێمە ئاگادارین، لە دهۆک وجبەیەک یان پتریان هینا بوو و چۆن دابەش کرا بزانین؟ باشە لە لایێکی ترەوە پێشنیاری کاک ئازاد کە لەسەرەتادا لەسەر نرخی بازاڕ دوا کە بەشێوەیەکی گشتی نرخ لە بازاڕی ئازاد دا، ئازادە، بەس من وابزانم ئەجهزەی وەزارەتی دارایی و پارێزگاکان و قایمقامەکان لە ڕێگەی چاودێری بازرگانی و لە ڕێگەی دەسەڵاتی پارێزگاو قایمقامەوە دەتوانن کار لە نرخی کەلوپەل بکەن، بەتایبەتی نرخی کەلوپەلی خۆراک یان وەکو گواستنەوە و پارەی ئوتێل و چێشتخانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندی ئەو کۆمپانیایەی هەرێم زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر دەستی پێ بکرێ نرخی بازاڕ دەگۆڕێ و دادەبەزێ، دەووەم: کە بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ لە توانای ئێمەدا نییە چوار ملیۆن دینار مانگانە خەرج بکەین بۆ ئازووقە، نەخێر (مالا یدرک کله، لا یترک کله) یانی بەقەدەر توانا هەندێ شت بێنین هەتا بڕەک هەرزانی بکەوێتە ناو شارەکە، ئەگەر ئەو بازرگانانەی شار هەر بزانن کە کۆمپانیای هەرێم دەستی بە ئیش کردووە، یەکجار وا گەمە بە نرخ ناکەن، شتومەک ئەوها گران نابێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەمووومان دەزانین کە بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخی شتومەک بەتایبەتی شتوومەکی پێویست بۆ ژیانی مرۆڤ بووەتە دیاردەیەکی باو، لەبازاڕی شارەکانماندا گەمە بە نرخی شتومەک دەکرێ بازاڕی ڕەش کە پێشی دەگوترێ (سوق حرة)، لە بەرژوەندیی پارەدار و سەرمایەدارەو، دیارە لە هەموو بارێکدا خەسارەتمەند تەنها هەژارو نەدارو بێ دەست مایەکانە، هەر ئەوانیش سەرمایەی هێز و توانای هەرێمن و بەم خاکەوە نووساون، بەخاکی وڵاتی خۆیانەوە و بەهەژارو نەدارانەوە نووساون، من پێشنیار دەکەم تاکو خەونی دروست بوونی کۆمپانیای هەرێم دێتە دی، لە هەر پارێزگایەک و لەهەر قەزایەک حکومەتی هەرێم لەژێر چاودێری ئیدارات چەند کەسێکی لێ هاتوو، جا فەرمانبەربن یان خەڵکی بازرگانی ناو شارەکە بن، مۆڵەتیان بداتێ و سەرمایەیێکی گونجاویان بداتێ تا شتوومەکی پێویست بهێنێ و بیخانە بازاڕی قەزاو پارێزگاکان، بەوە یارمەتی هەژاران دەدات و بازاڕیش نیمچە سەقامگیرییەک وەردەگرێ کە خەونی بەدی هاتنی ئەو کۆمپانیایەی هەرێم دێتە دی، ئەوانەی لە بازاڕی ڕەش کار دەکەن پەکیان دەکەوێ و، چیتر ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان شت هەڵگرن و احتکاری بکەن و نرخ لە خۆیانەوە بەرز بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ هەموو ڕایەکان، وەکو قەناعەتی من حکومەت ئەو گرنگییەی داوە بە دروست کردنی کۆمپانیاکە کە ئەگەر دەوری زیاتر بوو، دەوری مراقەبە و اشراف لەسەر نرخی شتومەک زیاتر کاروباری بازاڕی ڕێک دەخات، بۆیە دەڵێم ئەو کۆمپانیایەی هەرێم دروست بێت دەبێتە منافسێک بۆ بازرگانەکان، بۆیە ئەوانە وایان کرد سەرنەکەوێت، ئەمەیەک، دووەمیش ئەگەر حکومەت توانای هەبێ دەتوانێ باشتر سەرپەرشتی بازاڕ بکات و چاودێری نرخ بکات و، ئەگەرحکومەت بتوانێ پشتگیری لەو شتومەک کڕینە بکات تاکو بە نرخێکی کەمتر بگاتە دەستی بەکاربەر زۆر باشترەو، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخافتنا من دووبەشە، یەکی لە دەربارەی کۆمپانیای هەرێمە، جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی وەکو خەڵکێکی متمانە بەکۆمپانیا نینە وەکو سلێمانیە بەس بای( ٧٠) هەزار سەهم بەشداربان کردووە، لە پشک کڕین، پرسیاری من لە جەنابی وەزیر لە پارێزگای دهۆکێ چەند ملیۆن ل بازرگانی دهۆک، هاوبەش ئەو کۆمپانیایەیان کردوە، ئەوە یەک، پارەی لەوکۆمپانیایە دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی دانیابا، ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی ئەڤ پارەیەی تحویل کرد بۆ حسابا کۆمپانیا کە زیاتر بوو لە (٣٨) ملیۆن دینار پشکا، ویان وەزارەتی خۆشی زۆر خەمخۆر نەبوو بۆ کاری ئەو کۆمپانیایە، هێژا سەرۆکی پەرلەمانێ لە کابینەی یەکەمدا وەزیری دارایی کە د.سەلاحەدین حەفید بوو، هەرچی گرێ و کێشەیەک هەبا زۆر جار ئەوەی باس دەکرد بۆمان و جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە نابێ هیچ تەگەرەیەک یا کۆسپێک بەرامبەر هێنانی ئازووقە بۆ کوردستان هەبێ، دەبێ دەرگای کوردستان کراوەبێت بۆ ئازوقە هێنان بەتایبەتی هێنانی ئاردو برنج و ڕوون بۆ هەرێمی کوردستان، بارودۆخی ئەو کاتە چاکتر بوو لەلایەنی ئابووری یەوە لەچاو ئێستا. بەڵام بەداخەوە کەکابینەی دووەم دەستی پێکرد، بەڕێز دارۆ شێخ نووری بوو بەوەزیری دارایی و ئابووری مامەڵەتەکە گۆڕا مەرجی جەنابی وەزیر بۆ هێنانی ئازووقە بۆ هەرێمی کوردستان، هەر وەکی مەرجی هێنانی وێسکی و براندی و بیرەیە، بەڵکو قورسترە، لەبەر ئەوە پرسیارم لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ئەوەیە گەر جەنابی ماوە بدات مەرجی مۆڵەتی هێنانی ئازووقەی وەک برنج و ڕوون وئاشکرا بوو ئێستا بۆ پەرلەمان بخوێنێت، هەروەها مەرجی مۆڵەتی هێنانی وێسکی و براندی و بیرە، داوا لە بەڕێز وەزیر دەکەم هیچ مەرجێک نەمێنێ لەمەر هێنانی ئازووقەی برنج و ڕۆن و شەکر وچا و پەتاتە بۆ هەرێمی کوردستان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەی برادەران تەواو. ئێستاش فەرموو کاک دارۆ.

**بەڕێز دارۆ شــــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێزان لەو تێبینی یانەی کە بەڕێزان دەریان بڕی، ئەوەندەی کە پێویست بە وەڵام و تێبینی و ڕای من هەیە، ئێستا بۆتان دەخەمە ڕوو، پێشەکی ئەوەی بەڕێز کاک ئازاد باسی کرد مەسەلەی هەرەوەزی و هەرەوەزییەکانی گەڕەکەکان، بێگومان ئەوە کارێکی زۆر پیرۆزە و من بەش بە حاڵی خۆم چی پێویست بکات بۆ هاوکاری و یارمەتی ئامادەم و، پێشتریش ئەوانەی کە هەبوون کۆمەڵەی هەرەوەزیان دروست کردووە، هاتوونەتە لای ئێمە، ئێمە زۆر ئاسانکاریمان بۆ کردوون، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕێگەیەوە خزمەتی هاووڵاتیان بکەین، هەرچەندە ئەوە دامەزراندنەکەی لە ئەستۆی ئێمەدا نییەو کاک ئازاد خۆی فەرمووی یان لیژنەی گەڕەک یا خەڵکی گەڕەک یان مەرج نییە هەرگەڕەک بێ، یانی کۆمەڵە فەرمانبەرێک یان دەستە مامۆستاییێک، خۆیان بە ئەرکەکە هەستن، بەڵام ئێمە بە هاوکاری و یارمەتی و ئاسانکاری پشتیان دەگرین، بەسەرچاو ئێمە هەر یەکێک لەوانە هاتبێ، یان تا ئێستا، هاتوون بۆمان کردوون و لەمەو دوواش بێن بۆیان دەکەین بەزیاتریشەوە، بەڵام حەز دەکەم یەک تێبینیتان بدەمێ، هەندێ جار لەگەڵ ڕێزمدا هەندێ کۆمەڵە دروست دەبن بەس بەناو و قەوارەیە بۆ ئەوەیە کە خزمەتی بازرگانیی خۆیانی پێ بکەن، یانی بە ماناییکی تر مەبەسەتە بازرگانییەکانی خۆیانی پێ ڕایی دەکەن، چونکە ئاسانکاریان بۆ دەکەین، ئەوان ئەو ئاسانکارییە دەقۆزنەوە دەکەن بۆ مەسەلەی بازرگانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر ئامادەین، چونکە ئەتوانین ڕەش و سپی لێک بکەینەوە و بەتایبەت لە خاڵە گومرگی یەکاندا. ئەوەی کاک د. سەلاحەدین فەرمووی دەربارەی مۆڵەتی هاوردن و نرخ و بەدواداچوونی، بەڕاستی تا ئێستا کردوومانە ئێمە حەز دەکەین بۆ ئاگاداری بەڕێزتان جگە لەوەی کە چاودێری نرخ بەئاشکرا دەکەین و، بۆ نموونە چاودێری نرخی گەنم دەکەین و شەکر دەکەین واتە شتە سەرەکییەکان، لە هەمان کاتیشدا چاودێری بازاڕی ناوخۆشمان دەکەین، هەتاکو کوردستان بەو شێوەیە مشغوول نەبووبوو، ڕۆژانە لە هەرسێ پارێزگا سەرەکی یەکانەوە، لە دهۆک و لە هەولێر و لە سلێمانی یەوە سێ جار نرخمان وەردەگرت هەر لە نرخی دۆلار و پارەوە هەتاکو نرخی کەرەستە پێویستی یەکانی خواردەمەنی وەکو ئاردو برنج و ڕۆن و شەکر و چا... تا دوایی و ئێستا نموونەکانی هەموو لە وەزارەتدا هەنە، هەریەکێ لە ئێوەی بەڕێز ویستی دەتوانێ بێت و ڕۆژ بەڕۆژ هی هەموو ئەو ماوانەی پێشوو پیشانیان دەدەین و دەتوانن بزانن لە ڕۆژی ئەوەندەی مانگی ئەوەندەی ساڵی ١٩٩٣ نرخی ئارد لە دهۆک چەند بووە، لە هەولێر چەند بووە، لە سلێمانی چەند بووە؟ هەموو ئەوانەمان لەلایەو وبەدوایدا چووینە و ئاگاداری هەموو گۆڕانکاری یەکی بازاڕ بووین، بەڵام بەڕێزان حەز دەکەم ئەوە بزانن ئێمە دەسەڵاتمان هەرچەندە بەسەر بازاڕی خۆماندا هەبێت بەڵام ناگاتە ڕادەی دەسەڵات بەسەر دۆلاردا. حەزدەکەم هەمووتان ئەو ڕاستییە بیزانن، چونکە پەیوەندیی دینار و دۆلار پەیوەندی یەکی وایە ئێمە دروستمان نەکردووە وبڕیاری ئێمەش

نیـیـه، کـه کـاری تێ دەکـات. بۆ نموونه: هاتنه خوارەوەی یان بەرزبوونەوەی نرخی دینار لە مـاوەی هەفـتـەی پێشـوودا ئەوە کارێک نەبوو ئێمە کردبێتـمان و بەند بوو بەوەی کە دەنگێک هەبوو کە ڕێکەوتنی بازرگانی نێوان تورکیاو عێراق بەستراوە. لەلایەکی ترەوە عێراق هەوڵدانێکی هەبوو بۆ لابردنی ئابڵـووقـەی ئابووری کـە نزیـک بۆتەوە و نزیکەی (١٠-١٢) ڕۆژی تر جـارێکی دیکە بڕیاری لەسەر دەدرێ، کە جوولە دبلۆماسیەکە لەگەڵ ئەوەی کە کەوتبووە گرتن و کوشتنی سەڕاف و ئەو خەڵکانەی بازرگانی بە پارەوە دەکەن، ئەوانە هەمووی کاری کردە سەر باری دینار، کە دینار لای ئێمە نرخی بەرزبووەوە، ئەم هۆیانە بەتایبەتی بۆ وایە، بەڕێزان ئێوە هەمـووتان دەزانن دیناری عێراقی بە یاسایێکی عێراقی دەرچووە و ئێمە ئێستاکە وەک دراوێک بەکاری دەهێنین، نە لە زیاد کردنی نرخی و نەلەکەم کردنەوەی نرخی و نە لە چاپ کردنی ئێمە ئاگادار نین و لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئێمەدا نین و، نە ئێوەی بەڕێزیش تاکو ئێستاکە یاسایەکتان دەرکردووە بۆ ئێمە کە چیتر بەپێی ئەو یاسا عـێراقی یە کـار نەکـەین، مـەبەست لەوە نیـیە ئێـمە پێشنیـارمـان کـردووە یان نەکـردووە یاسـایەکی خۆمـاڵی دەربچێت، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا تاکـو ئێـسـتـاکـە شتـی وا دەرنەچووە بەقەدەغە کردنی ئەوە یاخود ئەوەی کە ئێمە دراوی تایبەتی خۆمـان هەبێ، مـەبەست لەوە نیـیە، ئینجـا لەبەرئەوە نرخی هەمـوو ئەو کـەلوپەلانەش کـە لە دەرەوەی وڵات دێن و ئەوانـەش کـە لەلای خۆشـمـان ئێـسـتـا بەرهەم دەهێنرێن، هەمـوویـان بەندن بەو نـرخـە جـوڵاوەی دۆلارەوە، دۆلار بەرز دەبێـتـەوە، بە واتاییێکی کـە دینار بەرزدەبێـتـەوە نرخ دێتـە خـوارەوە، کـە دینار نزم دەبێـتـەوە نرخ دەچێـتـە سەرەوە ئەوەش بەپێی ئەو مـتـابعـەیەی کە کـردوومـانە ئەوە بۆ نزیکەی دوو سـاڵ دەچێ بۆمـان دەرکەوتووە کە ئەمە زیاتر پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی نرخی دۆلارەوە، کە ئێمە دەسـەڵاتی ڕاستەوخۆ نین و توانای ڕاستەوخۆشمـان نیيە لە گۆڕانیدا لە مـەسەلەی وەکو کاکەڕەش فەرمووی کۆمپانیای هەرێم، مەرج نییە هەموو پێویستی یەکانی هاووڵاتیان جێ بەجێ بکات، زۆر ڕاستە و ئێمەش هەرگیـز بەو نیازە ئەوەمـان نەکردووە کە کۆمـپـانیای هەرێم دەتوانێ، ئەگەر وابێ خۆی ئەوە مـانایەکی خراپتری هەیە کە مانای ئیحتکار دەگرێتەوە کە کۆمپـانیـای هەرێم بیەوێ هەر هەمـوو خـوادەمـەنی کـوردسـتـان بێنێ، مـانای وایە کـەسی تر ناتوانێ بازرگـانی بکات، ئێـمـە هەرگـیـز مەبەستمـان ئەوە نەبووە، بەڵام تەنیا مـەبەستمان ئەوە بووە کە بتوانین کار بکەینە سەر نرخ، بەڵام وەکـو بۆم باسکردن لە پێـشـدا کـۆمـپـانیـای هەرێم بەو شێـوەیە گـەشـەی کـرد یانی لە بری ئەوەی هاووڵاتیـان بەدەنگی یەوە بێـن و دەوڵەمـەندەکـانی کـوردسـتـان بە دەنگی یەوە بێن، بەداخـەوە دەوڵەمەندی کوردستان ئێستا بەو شێوەیە بەتەنگ مەسەلەکانەوە نین و، بەدەنگی ئێمەوە نەهاتن بۆیە حـەزدەکـەم بەڕێزتان ئاگـادار بکەم، بەلایەنی کـەمـەوە (١٠) جـار زیاتر بازرگـانەکـانی کوردستان، بەتایبەتی گەورەکانیان یاخود نوێنەرەکانیانمان کۆکردنەوە لە باڵەخانی وەزارەتی دارایی خـۆمـان و لە باڵـەخـانەی سـەرۆکـایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیران کـۆبوونەوەمـان لەگـەڵدا کـردوون و بارودۆخی کوردستانمان تێ گەیاندوون، ئەرک و واجباتی سەرشانی ئەوانمان بۆ ڕوون کردوونەتەوە،

کـە چۆن دەبێ بەرەو پیـری ئەم بـارە بچین و ئـەنجـامـەکـەی هەر ئەوە بووە کـە خـۆتـان ئاگـادارن و نیشـانەم بەوەدا کە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی یەکمـان هەیە کە پێی دەڵێین (رقـابة السـوق) و ئـــەوە دەورێکی زۆر گـرنگی هەیە، حـەز دەکـەم بزانن ئـەگـەر مـەسـەلەی گـۆڕینی نرخی دۆلار نەبێ ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە دەتوانێ دەورێکی زۆر گـرنگ ببـینێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە کەپێشـتـر پێـیان گـوتووە (رقابة الـسوق) پەیوەندی بە بازاڕەوە نەبوو و پەیوەندیی بەچەند کۆمپانیایەکی حکومی عێراقی یەوە هەبووە، وەکو کۆمپانیای ئۆتۆمبێل، وەکو کۆمپانیای (المواد الانشائیة) و (الاسواق المرکـــزیـة) ئەمـانە دائیـرەیەک بوون بۆ چاودێری کردنی ئەو کەلوپەلانەی حکومـەت ئیـسـتیـرادی دەکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا بە فەرمانبەرەکانی دەفرۆشێتەوە یان بە هاوولاتیـان، ئەوانە مـراقـبـە بکەن ئایا ئەو شـتـانە ئەگـەنە دەست خـەڵکی کـە حکومـەت بڕیاری داوە بەو نرخـانە بفرۆشرێن، بەڵام ئێمە ڕەقابەی بازاڕمان گۆڕی ئەویش ئەوەیە کە چاودێری بازاڕی ئازاد بێت، واتە بازاڕی ئازاد و لەڕاستـیـدا ئەو خەڵکانەی کە دانراون لە هەمـوو شـارەکـان هەر لە دهۆکـەوە تاکـو سلێمانی ڕۆژانە بەبازاڕدا ئەگەڕێن، متابعەی ئەو شتانە ئەکەن کە پێشتر ئەرکی سەرشانی ئەوانە، بۆنموونە گونتکی هەویر کە دەبێ چەند غرام بێت، بە هەویری چەند بێت و بە برژاوی چەند بێ، کە بەگـەرمی لە تەنوور دێتـە دەرێ و، بە سـاردی چەند بێ، ئەوانە هەمـووی کـاری ئەوانە، ڕۆژانە ئەگەڕێن بەسەریاندا، بەڵام ئەو لیـژنەیەی یان ئەو دائیـرەیە ئێـستـا لە توانایدا نییـە کـە بڵێ ئەوە نرخکەشی کە بۆ دانراوە بەیەک دینار نابێ بیکەی بە دینار و روبعێک چونکە کە دۆلار دەگۆڕێ حیسابی خۆی دەکات . من بۆم ناکرێ تەنوورەکەی داخەم، چونکە کابرا دەڵێ ئەگەر وای نەدەم بۆم دەرناهێنێ، چونکە کابرا خۆی ئاردەکە دەکڕێ و دەیکات بەنان. بەڵام ئەگەر هاتوو حکومەت توانی ئاردی هەمو نانەواکـان بهێنێ و بەنرخێکی وایان پێ بفرۆشێ کە شایانی گۆڕان نەبێ و و چەسپاو بێ، ئەو کـاتە نرخیش دەبێ چەسپاو بێت و ئەوکـاتە پێی دەڵێی ئەوە ئەفرۆشی بە نیـودینار و گـەر بیدات بە نیـو دینار و (١٠) فلس دەتوانێ محاسبەی بکەی، بەڵام ئێستا ئەو سەرچاوەی کە لێی وەردەگرێ، بازاڕی ئازادە، بازاڕی ئازادیش لە گۆڕانکاری دایە، کاک، شێخ یەحیـا ئامـاژەی بەوەدا کە جیـاوازی لەنێوان بازاڕی ئێرەو بازاڕی دهۆک هەیە، ئەوە ڕاستە بەڵام ئەو جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ مـەسـەلەی گـواسـتنەوەو نزیکی دهۆک لە بازاڕی سنوورەوە، یانی لە سنووری تورکیـاوە، کـە زۆربەی سەرچاوەی شتەکە لەوێ یەو متابعەی ئەوەمان کردووە ئەو جیاوازی یە تاڕادەیەک ناتوانین بڵـێین لە (١٠٪) زیاترە یاخـود بڵـێین (١٠٠٪) وایە، بەڵام نزیکەی ئەوەندە دەچێـتـە هەقی حەماڵی و بـارکردن و گـواستنەوە و داگـرتنەوەی لێرەو خـستـنە کۆگـا و دەرهێنانـەوەی بۆ فرۆشتن، یانی ئەگەر ئەو نرخانە حیـسـاب بکەی ئەو جیـاوازی یە دەکـات و لەنێـوان هەولێر و سلێـمـانی دیسـان جیـاوزای هەیەو لەنێوان سلێمـانی و کفری و کـەلاریش جیـاوزایەک هەیە، ئەوەیش هەر لەمەسەلەی دوورو نزیکی ڕێگاکانەوەیە. بەڕێز کاک ئەیاد وتی: ئەبوو کە سەرمایە (٧٥) ملیۆنە، دەبوایە (٧٥٪)ی ئەو پارەیە حکومـــەت خـــۆی داینابایە، ئەوە کـــاک ئەیاد خـــۆی یەکـــێکە

لەوبراخۆشەویستانەی کە بەشدارییان لە ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسای کۆمپانیاکەدا کردووە، خۆی ئەزانێ بەپێی یاسا دانراوە کە لە (٥١٪) هی حکومەت بێ و لە (٤٩٪) هی هاوولاتیان بێ بەشێوەیەکی گشتی کە یاری بەنرخ کرا کە ئێستا نرخ لە بازاڕدا چەندەو نرخی شتومەک چەندن و؟ چەند سەد قات قازانج دەکرێ و شتی وا باوەڕتان بێ بەو شێوەیە نییە، بەتایبەتی من تەنیا کەلوپەلی خۆراکی سەرەکیتان بۆ باس دەکەم، کە هەقیشم بەسەر ئەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دۆلار بەیانییەکەی بە (٤٩) و دوای نیوەڕکەی بە (٥٣) دینار بوو، دواییش ئەبێتەوە بە (٤٦) دینار، ئەو جۆرە گۆڕانکاریەی هی ئەو کەسانەیە کە ئاڵوگۆڕ بە دراوی قاقەز دەکەن لە کوردستاندا، چونکە پڕوپاگەندەیەک بڵاودەکەنەوە کە فلان شت وابوو، یەکسەر سێ چوار دینار نرخی دۆلار جیاوازی دەکات، ئەکرێ دوای ئەوە ئاسایی بێتەوە ئینجا دەیفرۆشێ، ئا لەوە قازانجێکی زۆر گەورەیان کردووە و ئەیکەن، بۆیەش نرخ و نرخی کەلوپەل لە بازاڕدا جێگیر نییە، ئەوە کاری زۆری کردۆتە سەر نرخەکان، بەڵام وەکو دەڵێن تەنێک لە فلان مادەی س یا ص بە (٢٤٠) دۆلارە لە تورکیا کە دێتە زاخۆ ئەفرۆشرێ بە (٢٤٥) دۆلار و ئەوە هەر شتێکی ئاساییە قازانج کردنی بازرگان لە نیوانی (٥-١٠) دۆلارێک دەکاتە (٢-٣٪)ی قازانج یانی کە دەگاتە هەولێر دەگاتە سنووری (١٥-٢٠) دۆلارێک جیاوازی هەیە لە ئەنجامی گواستنەوە، بۆیە ئەو زیادەیەی دەچێتە سەر، ئەگەر وانەبێ کەس نە ئارد نە شەکر نە ڕۆن، نە چای پێ ناکڕی یانی ئەگەر (١٠٠٪و ٢٠٠٪) و سەدی ئەوەندە قازانج وەربگیرێ لە تەنێکدا کە من ئەم شتانەش دەڵێم ئەوە لانەیە باشیەکانی بازاڕی ئازادە یانی ئەگەر گرفت لە ئیش و کاریدا نەبوو، لە هاتووچۆیدا نەبوو لە هینان و بردنیا نەبوو، لە وەرگرتنی مۆڵەت و مۆڵەت کاری دا نەبوو و منافسەی خۆی دەسنیشانی نرخ دەکات، و ئەمە باری بازاڕ و بازرگانی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دەمـەوێ ئەوە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی دووپات بکەمەوە کە بەڕاستی ڕێزێکی تایبەتی لەلای هەمووومان هەیە، منیش و برادەرانی ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد ئەم بابەتە ئەگەر ماوە بدات لای خۆمان لە فراکسیۆنەوە چارەسەری دەکەین و حەز دەکەین ئەو بابەتە لەسەر ئێمە حسێب بکات، ئێمە دوایی لەوانەیە بۆ دانیشتنێکی تایبەتی باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەڕاستیدا من تێبینیەکی گچکەم هەیە، ئەوە ی کاک جەمیل باسی کرد لەسەر کاکە دارۆ، ئینجا ئەندامی پەرلەمان کە پرسیاری وا دەکات لەوانەیە شێوەکەی لە دەربڕیندا وا دەربکەوێ، بەڵام ئەوە بە پەلاماری شەخسی دانانرێ، چونکە لە تەعبیر کردن و لە دەربڕینی شێوەی پرسیارەکە یاخود ڕایەکە وادەردەچێ و، هەر مرۆڤێک لەقسە کردندا شێوەیەکی دیاری کراوی خۆی هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین و ئەوە مەجال نادرێ لە پەرلەماندا لەو دابونەریتەی کە تا ئێستاکە لەسەری

ڕۆیشتووین تیپەر بێ. بەڵام پرسیارەکەی لەوە نییە کە فەرق ناکات، حەزدەکەم جەنابت بەدیقەت وەری بگری کە مەرجی مۆڵەتدانی ئازووقەو ویسکی چییە؟ داوای ڕوون کردنەوەی کرد، هەقە جەنابت ئەو بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکەیتەوە، کاک جەمیل پرسیاری ئەوەی کرد کە بزانێ مۆڵەت لەسەر چ بناغەیەک دەدرێت؟! ئینجا ئەگەر وەکو یەکە، یا ئەگەر دارایی و ئابووری؟ جیاوازییەکی ئەوتۆ هەیە ئەوا هەقە ڕای خۆت ڕوون بکەیتەوە بۆ ئەندامان، ئەوە ناوەرۆکی پرسیارەکەیە لەوەش زیاتر نییە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کابینەی یەکەمدا ئەو شتەی پێی دەڵێن مۆڵەتی ئیستیراد نەبوو، لە تەمەنی کابینەی دووەم دا بە مانای مۆڵەتی ئیستیراد جۆرێکە لەوەگرتنی ڕەسم یانی پەیوەندی بەوە نییە تاکو ئێستا ئەوە دیاری نەکراوە بڵێی ئەو ماددەیە دێ بۆ کوردستان و ئەمە نایە، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی خەڵکەکە، بازرگانەکان هێشتا نەکەووتوونەتە ئاستێکەوە کە ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، جاری وا هەیە، ئەچێ بۆ ئەوەی گەنم بکڕێ، ئەقڵی نابڕێ لەو سەرەوە شتێکی تر ماددەیەکی دیکە ئەهێنێ لەگەڵ خۆی، لەبەر ئەوەی هێشتا بازرگانەکانیشمان پۆلێن نەکراون لە کوردستان و وەکو هەموو شتەکانی ترمان لەسەرەتاوە کاتی خۆی بەشێک بوون لە بازرگانیی گەورەی عێراق و ئێستا سەربەخۆییەکی بازرگانییان دۆزیوەتەوە، هێشتا ڕانەهاتوون لەگەڵیان وردە وردە ئەوە ئەکەن، ئیجازەی ئیستیراد پەیوەندی بە پارەوە هەیە، یەکێک دێ و دەڵێ من بایی ئەوەندە ملیۆن دینار خواردەمەنی ئەهێنم، نازانم چی شێوە خواردەمەنییەک ئەهێنم، جگەرە ئەهێم، هەرشتێ ئەهێنم، مەبلغەکەی کە ئەو وتوویەتی، ئێمە پارەی ڕەسمی مۆڵەتی لێ وەردەگرین، هیچ شتێکی دیکە پەیوەندی بەوەوە نییە، ئەگەر وتی ئەچم خواردن ئەهێنم ئێمە دیاریەکی بدەینێ و ئەگەر وتیشی ئەچم خواردنەوە دەهێنم ڕێی پێ نەدەین ئەبێ ئەوەندە پارە بدەی. مۆڵەتی هاوردە لە هەموو دونیادا حەزدەکەم بچن بپرسن تۆ لە نرخی گومرگیدا یانی لە باجی گومرگیدا خەرجی ئەکەی ئێمە لە تەنێک خواردەمەنی بۆ ناو کوردستان سەد دینار وەردەگرین بەڵام بۆ یەک کارتۆن جگەرە ئەگەر یەک کەڕەت و دابەشی بکەین دەکاتە سێ سەد قاتی خواردەمەنییەکە، چونکە ئەوەیان ڕەمزی یە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای داخە کە گوێم لە بەڕێز دارۆ شێخ نوری بوو کە دەڵێ شتەکی تایبەتی هەیە، بەپێچەوانەوە من نیازم هەر ئەوەیە خزمەتی هەرێمی کوردستان بکەین، خزمەتی هەژاران بکەین، وەکو ئێستا ئەم دانیشتنە بۆ ئەوەیە ئەم کێشەیە چۆن چارە ئەکەین و مەرجی هاوردنی مەشروباتی روحی وەک ویسکی و براندی لە هیچ جێگایەک نابێ هەمان مەرجی کەلوپەلی ئازووقەی بێت کە نانە، برنجە، ئاردە، نانی هەژارانە و ئەمە شتێکی زۆر قورسە، مەسەلە نابێت مەرجی ئیجازە لە ملیۆن دینار

کەمتر بێ، باشە (١٠) تەن ئارد دەکاتە (٨٠) هەزار دینار، کەواتە ئەوە هەقی نییە بێنێت، تەنیا ئەوە بێنێت کە بازرگانێکی زۆر گەورە بێت و لە ملیۆنێک زیاتر شت بکڕێ جا چ شتی وەکو وێسکی و براندی بێت یانیش ئارد بێت، ٥ هەزار دینار ئەوە ئەڕوا بۆ ئیراد و ناگەڕێتەوە بۆ خەزینەی دەوڵەت وەکو یەک، کەفالەی مەسرەفی نابێ کەمتر بێ لە (٢٥٠) هەزار دینار بۆ وێسکیش بۆ ئاردیش، ئۆتۆمبێلی جگەرەش (٢) ملیۆن و (٨٠٠) هەزار دینار ئەکاتن یەک ئۆتۆمبێلی جگەرە و هی وێسکی یان براندی یان بیرە زیاتریش ئەکات کەواتە بازرگان دەتوانێ یەک ئۆتۆمبێل شت بێنێ و بە ئازادیش گومرگیشی لەسەر دووقات ناکرێت و بێ کێشە و بەڵام هی ئارد ئەوەی (١٠) تەنیش بێنێت هەقی نییە، چونکە مۆڵەتی ڕاهێنانی ئەوە (١٠) تەن دەکاتە (٨٠)هەزار دینار هەقی نییە، نابێ لە ملیۆن دینار کەمتر بێ، کەفالەی مەسرەفی قوربەسەر چارەگە ملیۆن دینار لە کوێ دابنێ، هەمووی لە سەر کێ حیساب دەکرێ؟ لەسەر هەژاران، کاتێک سایەقێکی تورکی (١٠) تەن ئارد دێنێ، چونکە هەقی نییە مۆڵەتی ئیستیرادی ناداتێ و دەڵێ کەمە بەپێی ڕێنمایی وەزارەت دووقات گومرگی لێ وەردەگرێ هی برنجیش هەروەها هی شەکریش هەر بەم جۆرە، بەڵام هی وێسکی و براندی، چونکە ئۆتۆمبێلەکەش بە خۆی دێنێ یەک ئۆتۆمبێل یەک ڕەسم دەدات، چونکە بەخۆی لە ملیۆن تێپەڕێوە، پرسیارەکەم ئەوە بوو مامەڵەتی وێسکی و براندی و بیرە هەمان مامەڵەت بێ لەگەڵ ئاردو برنج و و نانی هەژاران، ئەوە پرسیارەکەمەو، بەڕێز دارۆ شێخ نوری دڵنیا بێ مەبەستم بەس خزمەتی ئابووری کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی مۆڵەتی هێنانی کەلوپەلی خۆراک لەوەیە پێویستی بە لیکۆڵینەوەیەکی باشتر هەبێ، چونکە گفتوگۆکەمان لە سەر مەسەلەی کۆمپانیای هەرێم بوو، ئێمە دوو خاڵمان ماوەتەوە لەڕاستیدا یەکێکیان پەیوەندی بە ڕاپۆرتی نەخشەکێشان و ئاوەدان کردنەوەوە هەیەو ئینجا ئەوە کاتژمێر(٥ر١٢)ـە وزۆری کێشا، ئەگەر ئەتانەوێ بحەسێنەوە و ئەم گفتوگۆیە هەڵگرین بۆ ڕۆژی شەممە گفتوگۆی واردات گومرگ بکەین. کە خاڵێکی تری گفتوگۆیە، ئەتانەوێ بیخەینە دوای نیو سەعات حەسانەوە؟ یا بەردەوام بین لە گفتوگۆکردن لەسەر گومرگ و ئەوەی نەخشەکێشان بخەینە دوایی؟ من وای بۆدەچم بابەتی گومرگیش تەواو بکەین، بەڵام دڵنیام مناقەشەی گومرگ وای بۆناچم زۆر دەوڵەمەندتر دەبێ، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا وتووێژمان لەسەرکرد، جەنابی وەزیری داراییش هات بۆ گفتوگۆکردنی ئێرە بۆ یەک بابەت هات، کە چی ئێستا ئێمە بۆ بابەتی وارداتی گومرگ یەخەی ئەگرین ولەوانەیە خۆی بۆ ئامادە نەکردبێ و لەوەیە بیەوێ شتی تر بڵێ، لەوەیە مسائلی تری هەبێ، ژمارەی پێویستە هەروەها یارمەتیی برادەرانی تریش، بۆیە ئەگەر ماوە بدەن ئێمە پێشنیارێکمان هەیە، داوا دەکەین لێیەوە بدوێین، من تۆزێ لەگەڵ فراکسیۆنەکانیشدا باسم کردووە، ئەو ڕۆژە جارێکی تر لە خولی پێشتر باسمان کرد ئەویش بۆ مەسەلەی تازە بابەت

که بەم شێوەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆی دەچین هەر فراکسیۆنێک تازە بابەتی خۆی هەیە با پێش وەخت ئاگادارمان بکات، یەک دوو ڕۆژ پێشتر بلێ بابە لەم بەرنامەی ئایندەدا ئێمە حەزدەکەین ئەم بابەتە باس بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمەش بڵاوی بکەینەوە بەسەر ئەندامانداا، فەرموو ئێستا باسی کۆمپانیای هەرێمتان کرد، من ڕێزم هەیە بۆ برادەران کە قسەیان کرد لە سێ خاڵ زیاتر تێ نەپەڕێ، دەمەوێ بابەتی تازە بابەت پێشتردراسە بکرێ لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە و بە پێشنیاری ڕێکوپێک و بەرنامەی ڕێکوپێکەوە پێشکەشی بکەن. هاتن، منیش پرسیارەکەی کاک نەژاد دەکەمەوە، ئەوەی کە گوتی چەند ئەندامی پەرلەمان ڕۆیشتوونە لە وەزارەتی دارایی تەعقیبی کۆمپانیای هەرێمییان کردووە تاکو بزانن سەرمایەی چەندە؟ چۆنیەتی سەرمایەکەی چییە؟ چۆن بەکارهاتووە؟ تەگەرەکانی چییە؟ چونکە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ئ[وەیان بکردایە ئەوا زۆر لەو پرسیارانەیان نەدەکرد.

ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی گومرگ، من ئەڵێم چەند برادەر ڕۆیشتوون و سەردانی گومرگەکانیان کردووە خۆیان بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم مەسەلە گرنگە ئامادە کردووە و چۆنن چۆن نین؟ من باوەڕ دەکەم وەزیری داراییشمان ئێستاکە بەتەواوی خۆی ئامادە نەکردووە بۆ بابەتێکی وا، جگە لە هێڵی سەرەتایی و ئەو زانیاریانەی کە لە مێشکی خۆی خەزن بووە، بەڵام بابەتێکی وا گرنگ کەمن بەش بە حاڵی خۆم هەست دەکەم دانیشتنێکی تایبەتی دەوێت، ئەمە یەکێکە لەو خاڵانە کە چارەنووسی هەرێمی ئێمەی پێوە بەندە، چارەنووسی گەڕانەوەی حکومەت وەکو حکومەت، چونکە ئێوە لە پەرلەمان داواتان کردووە کە حکومەتی سەرتاسەری بگەڕێتەوە، ئەوە یەکێکە لەو کێشانە، من نازانم چۆن ئێستاکە بە نیو سەعاتی سەرپێیی ئا ئاوا باسی بابەتێک بکەین کە پەیوەندی بە ملیۆنەها کەسەوە هەیە، پەیوەندی بە سەرجەم کێشەکانەوە هەیە، جا هیوادارم لە مەودووا تازە بابەت و پێشنیار کۆ بکەینەوە و لە هەفتەی ئایندە یان بۆ شەممە بیانێرین بۆ فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی زوو لێیان بکۆڵنەوە. تا ڕزگار بین لەم جۆرە هەڵوێستە کتوپڕانەی کە، هەم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان، هەم بۆ ئەو وەزیرە بەڕێزانە کە دێنە ئێرە ناخۆشە.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ من نازانم پرسیارەکە چییە؟ تا ئێستا بلێی گومرگ من خۆم ئەوەندەم پێیە باسی بکەم، پێم بلێ پرسیارەکە چییە؟ بۆ ئەوەی خۆمی بۆ ئامادەبکەم، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

وا دیارە دوو شت تێکەڵاو بوون، لێرە مەسەلەکە پرسیار نییە و ئاگاشمان لە وەزیری دارایی نەبووە، مەسەلەکە تازە بابەتە و لە بەرنامەی کاردا هاتووە و هەتا ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەری ڕۆیشتووە، نووسراوە تازە بابەت، تازەبابەت کە خستمانە ڕوو و ئەندامێکی پەرلەمانیش

که سەر بەلیستی سەوزە د.سەلاح داوای کردووە لە فراکسیۆن کە ئێمە وەکو تازە بابەت بیخەینە روو و باس بکرێ و بزانین وارداتی گومرگ لە چوار مانگی ڕابووردوودا و لە دوا ڕۆژدا چی لێ دێ و، ئێمە بەس گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین و ئاگاشمان لە وەزیری دارایی نەبووە، ئەو مەسەلە روون بێ و پرسیاریش نییە، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگایەکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی تازە بابەت با پێمان بلێ... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێمان گوتن لە خولی پێش ئێستاکە و لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنیشدا باسی ئەم بابەتانەمان کرد و تەئکیدمان لەسەر لایەنەکانی کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان چەسپاندووە لە بەرنامەی کاردا و ئەڵێین ئەم شێوەیە لە خستنە رووی تازەبابەت هەڵوێستی ناخۆش دروست دەکات، سەعات و نیوێک ئێمە بەکۆمپانیای هەرێم کاتمان کوشت و بابزانین ئەنجامەکەی چییە؟ فەرموو چ هەڵوێستێک وەرگرین؟!. ئێستاکە کاکە حازم باسی داهات دەکات، بەڵام ئایا وەزیری دارایی ئەرقامی پێیە؟ ئاماری پێیە؟ بەڵام من ئەڵێم ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دەبێ بمانگەیێنن بە ئەنجامێک، نەک تەنها بۆ باسکردنی بێ وبەس. لە خولی پێش ئێستادا ئێمە بەو شێوەیە ڕێکەوتین و گوتمان لە مەودووا مەسەلەی تازە بابەت بۆ ئەو بابەتانە و بۆ شتێکی ئانی وکتوپڕە. کۆمپانیای هەرێم شتێکی کوتوپڕ نییە، وارداتی گومرگ شتێکی کوتوپڕ نییە، بەڕاستی دەتوانرێ بەشێوەی پرسیارێک لە فراکسیۆنەوە بینێرن بۆ وەزیری دارایی، وەزیری داراییش لە ماوەیەکی یاسایدا کە (١٠) ڕۆژە ئەگەر وەڵامەکەتان نەدەداتەوە ئەوا بانگی دەکەین بۆ ئێرە کەرەم بکات و، قسەتان بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە مەسەلەکەمان خستە روو بۆ تازەبابەت وەکو داوامان نەکردووە تەنیا لەم ساتەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت با سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار بدات و بلێ هەفتەی داهاتوو گفتوگۆی لەسەر دەکەین و خۆتان ئامادە بکەن ئەندامانی پەرلەمان و، وەزیری داراییش بانگ دەکەین، ئەمە گرنگ نییە کە بابەتەکەمان خستۆتە ڕوو، باسی بکەین بە بۆچوونی ئێمە مەسەلەی داهاتی گومرگ لە هەموو شتێک گرنگترە، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی کە ئەڵێین ئاشتی لە کوردستان چەسپاوە و ئەم شەڕە نەماوە، بەڕاستی دەبێ بگەڕێینەوە ئایا ئەم حکومەتە بەچی ئەتوانێ ئیدارەی کوردستان بکات، لەبەرەئەوە بابەتێکی گرنگە و داوامان نەکردووە ئێستاکە مناقەشە بکرێ چۆن باشە با ڕێگایەکی بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەمە هەڵگرین بۆ بەرنامەی کاری هەفتەی ئایندە، ئینجا بڕیار ئەدەین، چونکە ئێستا کاری ترمان هەیە، کە سێ خاڵمان هەیە لەم بەرنامەیەدا، خاڵی وارداتی گومرگ باشتر وایە لەسەرەتای

هەفتەدا بێتەوە یان شەممە یان یەک شەممە باسی لێوەبکەین هەم وەزیری دارایی و ئابووریش خۆی بۆ ئامادە بکات و هەم ئەندامانی پەرلەمانیش لێی بکۆڵنەوە و شت ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ببێت بەدانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە گرنگە. دووەم بۆ راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان ئەگەر ئەوانیش لاریان نەبێ ئێمە دەیخەینە رۆژی شەممەی ئایندە و دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم خاڵە و ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی و ئابووریش ئامادە نەبێ بۆ رۆژی شەممە ئەوە ئەیخەینە شەممە، یان یەک شەممە ئەوە ئەهێڵرێتەوە بۆ جەنابی، چونکە بەراستی پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، شەممە باشە چونکە دەمانەوێ ئەم دوو خاڵە بچەسپێنین لە بەرنامەی ئایندەماندا بۆ رۆژی شەممە. لێرەدا دوو سێ بابەتی تریش هەنە حەزمان کرد باسیان بکەین، بۆیە گوتم ئەم دانیشتنە دەبێ هەندێ زوو تەواو بکەین، چونکە لەم هەفتەیەدا ئیشمان هەیە، ئێوە دەزانن (١٠)ی مانگ دەکەوێتە رۆژی شەممە و (١٠)ی مانگیش دوا رۆژی ئەو سەقفە زەمەنیەیە کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکان و زۆر لە خاڵە بنەرەتەکانی پەرلەمان، ئێمە سێ وەفدی پەرلەمانیمان هەیە، دوێنێش لەسەر ئەوە رێکەوتین کە بکەونە ئیش لەم دوو سێ رۆژەدا،.. من وای بۆدەچم کە پێویستی بە هیمەتێک هەیە بە تایبەتی ئەمرۆ و سبە ودوو سبەش لەوەیە، لێرە کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان، کە نزیکەی(٤٠) ئەندامن وەفدن و ئەگەر هەموویان پێکەوە جەولە بکەن، یا ئەو سێ وەفدە ئەبێ ئەو دوو سێ رۆژە مشغوول بن ئینجا دابەش ئەبن، لەوانەیە هەندێ جێگا هەتا ئێستاکە زۆر لەو رێکەوتن و بریارانەی تێدا جێبەجێ نەکرابن و لە هەندێ جێگا وەکو کاک حازم ئاماژەی پێدا لەوانەیە گرژی هەبێ، بۆیە وای بۆدەچین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی و وامان بەباش زانی کە ئەمرۆ برادەرانی وەفد ئەوانەی نزیکن و پێیان دەکرێ سەردانی ئەو جێگایانە بکەن، جارێ با لیژنەی ئاسایشی پارێزگا دەست پێ بکەن و لەوێوە و ئەگەر لەجێگایەکی وا نزیک گرژی هەیە، یەکسەر سەردانی ئەو جێگەیە بکەن بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە هەوڵ بدەن چارەسەری ئەم بابەتەمان بۆ بکەن و دەبێ لەم دوو سێ رۆژەدا خۆیان ماندوو بکەن و، برۆنە تەوەرەکان وبەدوای جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەدا بچن هەتاوەکو رۆژی (١٠)ی مانگ و بە بۆچوونێکی دیاری کراوەوە بێنەوە بۆ لامان وبزانین، چ کراوە و چ نەکراوە؟ چونکە (١١)ی مانگ کۆبوونەوەی لیژنەی بالای ئاسایی کردنەوەیە، دەبێ بۆچوونێکی تەواومان هەبێ لەسەر هەموو ئەو بابەتانە. لەلایەکی دیکەیشەوە ئێوە دەزانن ئەو رۆژە لەگەڵ فراکسیۆنەکان بریارماندا کە لیژنەی پەرلەمانی کۆبوونەوەی خۆیان زیاد بکەن و دەبێ بکەونە گەڕ و ئەو کەم و کوریەی کە لە خولەکانی تردا هەبوون، دەبێ لەم خولەدا نەمێنن و، دەستەی سەرۆکایەتی لەنێوان خۆماندا رێک کەوتین کە ئەم هەفتەیە بێتەوە لە شەممەوە دەست پێ بکەین لەگەڵ لیژنەکان دانیشین و چ کەموکوریەک هەیە چارەسەری بکەین، هەروەها داوا لە هەردوو فراکسیۆن ولیستی مۆر دەکەین بە شێوەیەکی خەست و بە پەلە بەڵکو لە هەفتەی بێتەوە ئەو پرۆژەیەی کە کاتی خۆی بریار درابوو لەسەری، بۆ تەسک کردنەوەی و مەسەلەی لیژنەکان ئەنجام

بدەن، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدەین کە ئەویش خاڵێکی زۆر زۆر بەپەلەیە، ئەمە بوو ئەو چەند بابەتەی کە حەزمان کرد باسی بکەین. بۆ تازە بابەتیش وەکو وتمان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵێک پێشنیار ئەدەین بە فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی دراسەتی بکەن و پاشان هەر لە هەفتەی بێتەوە بەڵکو بڕیارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی چوونی وەفدەکان و داواکانی جەنابتان بەسەرچاو، بەس زۆرن، یانی وەکو لە امتحاناتدا دێ و دەڵێ «اجب عن السؤالين التاليين» تەرکی تێدا نەبێت من و کاک حازم هەردووکمان جێگری فراکسیۆنین، لەڕاستیدا مەجال بێ لەوانەیە شەممە جەولە بکەین ئێستا پێنج شەممەیە، ئەو برادەرەی کە پارەی لەلا دادەنێین کاک سەید حەسەن پارەکە وەردەگرێ یان هەندێ تەدابیری سیارەش وەرگرین و هەوڵبدەین بۆ شەممە بڕۆین، بەڵام پێمان ناکرێ، چونکە ناکرێ هەم خەریکی ئەوەش بین و هەم ئیشوکاری فراکسیۆنیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک عەدنان هەریەکێ لەمانە سەرۆکی فراکسیۆنی خۆی هەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی فراکسیۆن، من کەمتەرخەمیم نەکردووە بۆ جەنابتم باس کردووە، دەبێ واقیعی قسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمڕۆ (٨)ی مانگە و، دوو سبەی (١٠)ی مانگە ودەبێ هەموو ئیش تەواو بوو بێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئێمە برادەرمان هەیە ئێستا سەیارەی بۆ هاتووە و تەکلیفیان لێ کردووە و جێی سوپاسە لەوانەیە ئێستا ئامادە نەبێ سەیارەی خۆی بێنێ، ئەو بابەتە بەو شێوەیە نییە کە بڵێین بڕۆ با سواربین و، لەڕاستیدا هەندێ شتی دەبێ، بۆ ئامادە بکرێ و، تەوفیری کاتەکەی بۆ بکرێ، ئەو برادەرانەی هاتوون، جارێ جێی سوپاسن و جێیان ئامادەکردووە و بەنزینیان بۆ کراوە ولەوانەیە شتی تریشیان بۆ کراوە، سیارەی خۆی هێناوە و لەوانەیە ئێستا ئامادە نەبێ، لەوانەیە ئۆتۆمبیلەکەی خەلەلی تێدا بێ یان باری لەبار نەبێ، بەڵێ هەموومان ناچین، لەوانەیە دووکەسمان یان سێ کەسمان دەچین بەس بارەکە بەو شێوەیە یانی پیاو هەموو ئیشەکان بکات و ئەوە ئیدعایەکی نا واقعییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك عەدنان، ئێوە وەفدن، ئەرك وكاری بنەڕەتی سەرۆك وەفدەكان لە ئەستۆتاندایە و ئەمەش بڕیاری پەرلەمانە ئەگەر پاشگەزبی لێ دەكەن ئەوە پەرلەمان بەرپرس نییە و ئێمە تەنیا بەدوای كارەكانی پەرلەماندا دەچین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

جا ئەگەر ماوە بدەی سەرۆكی ئەنجوومەن، قسەكانم تەواو بكەم، ئێمە پاشگەزبی ناكەین، چونكە بەڕاستی مەسەلەیەكی چارەنووسی یە بەنسبەت ئێمە، بەس لەم دەمەدا من و كاك حازم لەكاری فراكسیۆن بەرپرس نین تا ئەو ئیشانە تەواو دەكەین، چونكە بەڕاستی ناتوانین ئیش بكەین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئیشی فراكسیۆنەكانە، ئیشی دەستەی سەرۆكایەتی نییە، لەڕاستیدا دەستەی سەرۆكایەتی بەتێكڕای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان سێ لیژنەی دەسنیشان كردووە بۆ بەدواداچوونی ئەم ئیشە، هەمووش دوو ڕۆژی ماوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من ئەو كارە بەگرنگتر دەزانم، لەوەی ئێمە كەبچین سەردانی ئەوە بكەین، ئەوە زۆر گرنگترە لەوەی بچین دانیشین و گفتوگۆ لەسەر شتی تر بكەین، بەڵام بەڕاستی یەك شت هەیە ڕەنگە تاڕادەیەك پشتگیری برای بەڕێزم شێخ عەدنان بكەم، مەسەلە بەنسبەت لیژنەی ئێمە، ئێمە هەر ئەمڕۆكە ناتوانین بچینە هەڵەبجەو پێنجوین و بێینەوە، بۆ شەممە هەر پێ ڕاناگەین، لەبەرئەوە من ئەگەر ئەمڕۆش سەفەر بكەم، ئەمڕۆ لە سلێمانی دەبم، سبەی زۆر زۆر دەتوانم سەردانی هەڵەبجە و ئەحمەداوا و خورماڵ بكەم، مانای ئەوەیە من دەتوانم سەردانی پێنجوین بكەم، هەر ئەو خاڵە هەیە، لەبەرئەوە دەبێ ئالیەتێك دانێین و چۆن ڕێكی بخەین و بتوانین پێ ڕابگەین سەردانی ناوچەكان بكەین و بگەڕێینەوە و بەلایەنی كەمەوە بۆ ڕۆژی یەك شەممە بێ نەك شەممە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

هەرچۆنێك بێ، كاكە ئێمە وەكو سەقفی زەمەنیی بۆ ئەم بڕیارە ( ١٠ )ی مانگمان داناوەو تەواو دەبێ، ( ١١ )ی مانگ لیژنەی ئاسایی كردنەوە دراسەتی ئەم بابەتە دەكات، ئێوە ئەگەر ١٠ی مانگ نەگەڕێنەوە، چونكە ( ١١ )ی مانگ سەعات ( ٤ )ی ئێوارە لیژنەی ئاسایی كردنەوە كۆ دەبێتەوە، هێشتا ماوەتان هەیە یانی مەبەستی من ئەوەیە بتان خەمە سەر صورەتەكە و وازبێنن لەو بەدواداچوونە لەو سێ ڕۆژەو، دوێنێ زۆر باسی ئەم بابەتەمان كرد، زۆر جەختمان لەسەر كرد

که یەکسەر بڕۆن و متابەعە بکەن وگوتم (٢-٣ ) ڕۆژی ماوە لەم (٢-٣) ڕۆژەدا دەبێ شتەکە تەواو بێ.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەبێ ئێمە ئەم ئیشە سارد نەکەینەوە و، لەهەموو دانیشتنەکانیشماندا جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە نابێ سارد بینەوە لەو مەسەلەیە و، زیاتر بەدوای دابچین ئەو ئیشوکارانە بکەین و، ئەوەی کە ئێمە باسیشی دەکەین هەر بۆ ئەوەیە نەیەڵێن و ماوە نەدەین بەوانەی خوارێ کە ئیتر گرێ بخەنە پێش ئیشەکەوە و، لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە زیاتر گەرم بین لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام ئیدی ماوەکە کەمەو دەبێ حسابی ئەوە بکەین، حیسابی چوونی وەفدو گەڕانەوەی وەفدەکە بکەین یانی باسی ئەوە دەکەین، و ئێمە ناڵێین ناچین! لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

هەرچۆنێک بێت با ئەم دانیشتنە تەواو بکەین، دوایی دێینەوە سەر ئەم بابەتە، چونکە ئەمە بابەتێکی ترە ولە دەرەوەی بەرنامەی کارمانە، ئێستاش ئەم دانیشتنە تەواو بوو، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٣)

## شەمە ڕێکەوتی ١٠/٩/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٣)

## شەممە ریکەوتی ١٠/٩/١٩٩٤

***کاتژمێر (٥ر١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی شەممە، ریکەوتی ١٠/٩/١٩٩٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی داهاتەکانی گومرگ.***

***٢ـ راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان و ئاوەدان کردنەوە دەربارەی تێکچوونی رێگای هەولێر ـ دهۆک.***

***٣ـ تازە بابەت.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەوە میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، پرۆگرامی ئەمرۆمان دوو خاڵی سەرەکییە، یەکێکیان دەربارەی داهاتەکانی گومرگەو ئەوی تریان ئەو راپۆرتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەیە کە لە بارەی تێکچوونی رێگای هەولێر ـ دهۆکەوە هاتووە، ئەگەر تازە بابەت هیچ هەبێت؟ نییە.. دوێنێ ئاگاداری وەزیری داراییمان کرد کە ئەمرۆ سەعات(١٠) لێرە بێ، بەڵام ئەوە ئێستا نیو سەعاتیش کۆبوونەوەمان دوا خست، لەبەر خاتری جەنابی، بەڵام نەتەلەفۆنی کرد ونەدیاریشە وئەمە یەکەم جار نییە کە وەزیری دارایی بەو شێوەیە تەعامول لەگەڵ پەرلەمان دەکات، من بەش بەحاڵی خۆم رەخنەیەکی توندم هەیە لەتەعامولی وەزیری دارایی، هەر لەرۆژانی بوودجە هەتاکو ئێستاکە بۆیە ئەمە بەشتێکی باش دانانێم وەزیرێک ئاگادار بکرێت کە لەدانیشتنێکی وادا ئامادە بێت بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتێکی وا گرنگیش کە پەیوەندی بەداهاتی کوردستانەوە هەبێ، نیو سەعاتیش دانیشتنی پەرلەمان لەچاوەرواندیدا رابگیرێ لەبەر خاتری جەنابی کە بەڵکو بگات، کەچی ئەو تەلەفۆنیش نەکات، ئەوە دیاردەیەکی باش نییە وەزیرێک کە ئەوە (٩) مانگە بوودجەکەی پەسەند نەکراوە،

حکومـەتێک کـە وەزیری ئاوا بەپرسی دارایی و بەرپرسی خـەرج کـردنێـتی و کـە بێ تەصـدیقی میزانیە لەلایەن پەرلەمانەوە دەستیان خستۆتە پارەو داهاتی کوردستانەو بەئارەزوو لێی خەرج دەکەن، دیارە دەبێ جێی رەخنە بن. لەکـاتێکدا ئێـمە بەنووسراوە لە پەرلەمـانەوە (٣. ٤) جـار ئاگادارمان کردۆتەوەو تەئکیدمان لێ کردووە بیرخەرەوەمان بەئەنجوومەنی وەزیران داوە، دەربارەی ئەو بابەتە، کەچی تا ئێسـتاکە چ وەڵامی نییـە نازانم لەچ دنیـایەک، لەچ کۆمـپانیـایەک لەچ فەرمانگەیەک لەکوێ لەچ حکومـەتێکی دیموکراتی، دکتـاتۆری، عـەشائری کێ دەتوانی، بەبێ میزانیەی تەصدیق کراو حکومڕانی بکات، ئەوە بەبۆچوونی من کارێکی باش نییە، ئەمە دەلیلی هاوکاری نییە لەنێوان حکومەت وپەرلەماندا، حەق نییە بەڕاستی ئەمە بایەخ نەدانە بەکۆبوونەوە، کە کـاتی خۆی گفـتوگۆی بودجەمـان کـرد وەزیری ئابووری ئەگـەر ئامادە بوایە لە کۆبوونەوەکـانی سەرەتایی پەرلەمان وبودجە، ئێستاکە ئێمە کێشەی بودجەمان تەواو کردبوو، بە دووسێ کۆبوونەوە تەواو دەبوو، وای بۆ دەچووم کـە ئێـمـە (١٠) کـۆبوونەوەمـان کـرد لـەسـەر بودجـە هەمـوو جـاریش دوامـــان دەخـــست بێ ئەوەی هیچ هۆیەک هەبێ دواکـــەوتنی ئەم وەزیری دارایـیـــە نەبێ، ئەم دواکەوتنەی ئێستاش هەر هەمان شتە، ئێمە رۆژی چوار شەممە بوو (پێنج شەممە) بوو بڕیارمان دا، کە ئەمڕۆ سەعات (١٠) کۆببینەوەو گفتـوگۆی بابەتێک بکەین کە خۆی موهتەممە پێی و لەلایەن برایانی فـراکسـیـۆنی کەسکەوە خـرایە ڕوو، کەچی دوای نیـو سـەعـاتیش تەنانەت بەتەلەفۆنیش، نەمان دۆزیەوە، حەقە ئەندامانی پەرلەمان بەرامبەر بەم جۆرە سلوکە لەمەودوا دەنگی خۆیان بڵند بکەنەوە چونکە ئەمە مافی ئێوەیە، مافی پەرلەمانە وەزیرێک ئەتوانێ عوزر بێنێتەوە، یا با دوێنێ رۆژی پێنج شەمە بێ ووتایە من ناتوانم و بیـخـەنە رۆژی یەک شەمە، بیـخـەنە چوار شەمە، پێنج شەمە. بەپێچەوانەوە ئێمە هاوکاریمان کرد تەنها بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات با ئەویش بیوتایە من یەک شەم دێم دووشەم دێم ئەوسا هیچ کـێشـەیەک نەبوو، بەڵام بڵێ ئامـادەم، کە ئامـادەش نەبوو ئاگادرامـان نەکاتەوە؟! پەرلەمانێک نیـو سەعات (٤٠) دەقـیقـە دوابخەین ئەوە دیاردەیەکی خراپە ئەگەر مۆڵەت بدەن ئێمە ناچارین ئەم گفـتوگۆیە لەسەر ئەم خاڵە نەکەین، ئەمێنێتەوە یەک خاڵ، کاک سەلاح فەرموو.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەو خاڵە کە لەتازە بابەتدا دانرا، هەفتەی پێشـوو منیش لەگەڵ جەنابت دا، رایەکەم وایە، هەموو خاڵێک کە دائەنرێ پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، نەک هەر بۆ ئەوە بۆ هەموو شتێکی تر، چونکە بڕیارێک ئابووری بێ، سیاسی بێ، پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، بۆ ئەوەی بڕیارەکە گونجاو بێت، بەڵام ئەو خاڵەی کە پەیوەندی بە داهاتی گومرگەوە هەیە، کە لەلایەن فـراکسیۆنی کەسکەوە خرایە ڕوو پەیوەندی بە بڕیارێکەوە هەیە، بڕیاری پەرلەمـان پەیوەندی بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە نییە، بڕیارەکەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە نییە جا ئەگەر ڕێگەم بدەی من باسی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا کاکە دکتۆر ئەو بڕیارەی کە جەنابت ئەیڵێی و کە پەیوەندی بە واریداتی گومرگەوە هەیە، دوێنێ وتمان وەزیری دارایی دێتە ئێرە، ئامادە ئەبێ، گفتوگۆ ئەکرێ بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی گفتوگۆ نەکرێ، کە ئەوی خاوەن پەیوەندیی ئامادە نەبێ، ئێمە چۆن گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی وا گرنگ بکەین؟!.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی نییە بەشێتک کە بڵێی چۆن بوو برگەکان کۆبکرێنەوە پەیوەندی بە تەجاوزێک هەیە، بەسەر داهاتی گومرگەوە، کە لەسەرەتایی شەڕی براکوژییەوە، ئێستا ئەو داهاتە لایەنەکان وحزبەکان بردوویانە، کە موڵکی میللەتە، پێویستی بە بڕیارێک هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەو بڕیارە وەربگیرێ، کە هێزی یاسا هەیە، بۆ ئەوەی ئەو داهاتە بگەڕێتەوە، ئەگەر ڕێگەم بدەی من ڕاڤە بکەم.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی برای بەڕێزم کاک حازم، پێشنیاری کرد، هەر بۆ پاراستنی برایەتی و تەبایی، من پشتگیریم لێ کرد، ئەگەر نا موجیب نەبوو، لێرە باس بکرێ، چونکە لەو پرۆژەی کە حکومەت پێشکەشی کردووە هەر ئەو خاڵە نییە زۆر خاڵی تریشی تێدایە، پێویستە پەرلەمان چاودێریی جێبەجێ کردنی هەموو ئەو خاڵانەی کە هاتوون بکات نەک ئێمە لێرە دانیشین خاڵێک هەڵبژێرین، وبڵێین وەرن با بڕیارێکی لەسەر بدەین، هەموو ئەوشتانە تێکەڵاون یەک لەدوای یەک چاودێری بکرێ ئەو بڕیارەی کە پەرلەمان داویەتی ئەو پرۆژەی کە حکومەت پێشکەشی کردووە ئەگەر هەموو خاڵەکانی تر جێبەجێ کرابن، لەسەر ئەوە مابێ بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەوەین بڕیارێک وەربگیرێ، بەڵام بەڕاستی نازانم ڕاستیش نییە لەو بارودۆخە تەنیا خاڵێک دەربێنین لەناو هەموو خاڵەکان ئاماژەی بۆ بکەین، بەبێ ئەوەی وەزیریش ئامادە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چۆنێک بێ، وابزانم بابەتەکە ڕوونە ئەگەر مەبەستی بڕیارەکانی پەرلەمان و، لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان وەفدەکانی پەرلەمانەو، ئەگەر نیازی د.سەلاح ئەوەیە، ئەوە هێشتاکە لەژێر دیراسەت دایە وهێشتاکە لەژێر جێبەجێ کردن دایە ویەک بەوەکەی دیکەوە بەستراوە، لەڕاستیدا ئێمە ئەو ڕۆژە بەدرێژی باسی ئیش وکاری وەفدەکەمان کرد، جا ئەگەر واریداتی کوردستان جیا بکرێتەوە لەو خاڵە ئەوە کارێکی باش نییە، بەڵام نە وەزیر حازرە، منیش بەش بەحاڵی خۆم وای نابینم کە ئەو بابەتە جیا بکرێتەوە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە ئەم خاڵە جیا بکرێتەوە لەخاڵەکانی

بڕیارەکانی پەرلەمان، چونکە یان ئەبێ هەموو بەیەکەوە باس بکرێن، یان خاڵ بە خاڵ باس بکرێن کاک سەلاحەدین، فەرموو.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

من کە ئەم خاڵەم باس کردووە، نەهاتووم هەرگیز خاڵ دەربێنم لەو بڕیارانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران داویەتی، بەڵام یەک حەقیقەت هەیە، کە ئەم بڕیارە ئەگەر بیدەین مەسەلەی کای کۆن بەبا کردن نییە، مەسەلەی ئەوە نییە برینەکان بکولێنینەوە، نەخێر هەرگیز من بەلای ئەوەوە ناڕۆم، بەڵام بەلای حەقیێکەوە ئەڕۆم کە مافی میللەتە کە چوار مانگ ونیوە نزیکەی ( ٤٠٠ ـ ٥٠٠ ) ملیۆن دینار ئەکات تا ئێستا ئەگەر ئەکرێ بە بڕیارەوە، دیزە بەدەر خۆنە ئەکرێ، وچاوی لێ ئەپۆشرێت، ومافی میللەت ئەخورێ، لەو بارەیەوە من مەبەستم هەر بۆ ئەو شتەیە، سوپاس

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس کاک د.سەلاح، جەنابت ئابووری زانی حکومەت کە میزانییەکی ملیارێک وقسور کەچی هەتا ئێستا بودجەکەی پەسەند نەکراوە، کەچی لێی خەرج دەکا ئایا ئەوە ماڵی میللەت نییە؟! بەڕای من ئێمە حەقە ئەوە باس بکەین، یەک ملیار ونیو بەحساباتی خۆیان، بەحسێبی میزانیەکەیان، کە هەتا ئێستا تەصدیق نەکراوە، ئەوە(٩) مانگە حکومەتەکەمان پارە سەرف دەکات! حەقە ئێوەی ئابووری زانی ناو پەرلەمان ئەو مەسەلەیە بوروژێنن منیش لەگەڵتم لە ( ١٠٠٪ )، خۆزگە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین بە ئامادەبوونی وەزیر، جا خۆزگە پەرلەمان هەر ئێستا، هەر ئەمڕۆ، بیر لەشتێکی وا بکاتەوە، هەردوو فراکسیۆنەکە لەگەڵ ئێمەدا، لە دانیشتنێک دا بەپەلە باسی بودجەی حکومەت بەگشتی بکەین، لە ماوەی ئەم ساڵەدا، وبزانین بۆ هەتاکو ئێستاکە حکومەتی هەرێم نەکردووە، ئەوە گرنگە، کاکە دکتۆر جەنابت وەزیری دارایی بووی. و ئابووری زانی، باش تێدەگەی حکومەتێک (٩) مانگ بودجەی تەصدیق نەکرابێ وپارە خەرج بکات، بەڵام وارداتی گومرگ تەنها بەشێکە، بە بۆچوونی من بیر لەوە بکەینەوە، با دەفەرتێک بدۆزینەوە گفتوگۆ لەسەر تێکڕایی وارداتی حکومەت بکەین، با لە بودجەی حکومەت بکۆڵینەوە بۆ تائێستاکە تەصدیق نەکراوە؟ بۆ ئەبێ پەلەی لێ بکەین؟ ئەوە ساڵ تەواو دکتۆر، دوومانگمان ماوە، ئەبوایە ئێستا کۆتایی ئەم مانگە ئێمە ئیش لە بودجەی ١٩٩٥ بکەین، بەپێی ئەو ڕێنماییەی لەدەورەی پێشی ئێستاکە بڕیارتان لەسەری داوە، کە کۆتایی مانگی ( ١٠ )ی هەموو ساڵێک ئەبێ بودجەی حکومەت بگاتە پەرلەمان.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

گفتوگۆ کردنی بابەتی داهاتەکانی گومرگ، ئەوە پێشنیارێکە کراو دەنگی لەسەر درا، ئەبێ

بەخاڵێک بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوەو، چووە بەرنامەی کارەوە من لەگەڵ کاک جوهر دام، کە لێرەدا بەوەزیری دارایی وترا، سەعات (١٠) رۆژی شەممە، موافقە و بۆ ئەوەی کە ئامادە بێ، وتیان زۆر باشە ومنیش لەو رایەم کە ئەوە بەچاو پۆشین، لەو شتانەی کە باس کرا، مادام بووە بەخاڵێک باس دەکرێ بەڵام وەکو لەسەری رێکەوتین، بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی باس دەکرێ، مەسەلەی بودجە منیش لەگەڵ ئەوەدام، وەکو خاڵێکی تایبەتی، باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە لەمەسەلەی بودجە ئێمە بەتەواوەتی لەگەڵ رای جەنابتین ئەوە ئەمرۆ مانگی (٩)یە بودجەی حکومەتی هەرێم، تائێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە بەڕاستی هەر واشەو هیچ حکومەتێک هیچ کۆمپانیایەک هیچ دەزگایەک، لەدنیادا بەبێ بودجە بەم شێوەیە ناچێتە سەر، وئێمەش دیارە لەکاتی خۆی گفتوگۆی زۆر کراوە لەسەر بودجە، خەریک بووین تەواوی بکەین، بەڵام ئەم مەسەلەی شەڕی ناوخۆیەی هاتە سەر چوار مانگ دوای خست، ئێمە ئێستاش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی دەستەی سەرۆکایەتی کە داوا لەحکومەتی هەرێم بکەین، بەزووترین کات بودجەی هەرێم پێشکەش بکات، بە پەرلەمان تاپەرلەمان بتوانێ بڕیاری لەسەر بدات، ولەهەمان کات دەست بە بودجەی ١٩٩٥ بکات، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کە بابەتی داهاتی گومرگمان خستەڕوو، مەبەستمان هیچ نییە تەنیا ئەوە نەبێ بتوانین وەک داهاتێک بۆ حکومەتی هەرێم باسی بکەین وداهاتێک بۆ حکومەتی هەرێم پەیدا بکەین، چونکە دیارە وەزعی حکومەتی ئێمەش رەنگە لەمەترسی دابێ، ئەگەر هەروا بچێتە سەر لایەنەکان وداهاتی گومرگ بۆخۆیان ببەن وبۆ حزبەکان بیبەن لەبەر ئەوە بەڕاستی، ئێمە دەمانەوێ لەجیاتی ئەوەی داهاتەکان بۆ لایەنەکان بن با بۆ حکومەتی هەرێم بن، سوپاس

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک حازم لەراستیدا وایە، بەڵام من یەک تێبینی کچکەم هەیە، من هیچ هۆیەک نابینم لە بابەتی دواخستنی بودجەی حکومەت، ئێمە مانگی (٤) ناردمانەوە بۆیان مانگی (٥ ـ ٦) هیچ کێشەیەک نەبوو نەهێڵێ کە وەزیر دارایی وئابووری، بودجەی خۆی ئامادە بکات، ئەوە مانگی(٧) تەواو بوو، ئەمە مانگی (٨)یش تەواو بوو، مانگی (٩)یش خەریکە تەواو دەبێ، من ناڵێم ئەندامانی پەرلەمان لەحکومەت حکومەتتر بن، بەڵام ئەگەر حکومەت کە خۆی ئامادە نییە بێتە ئێرەو، بەرگری لەوارداتی خۆی بکا، ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو مافە نادەن بەخۆیان ئەوان داوا بکەن، بڵێین حکومەتی هەرێم کوا بودجەکەت؟ کوا وارداتت لەکوێیە؟ با حکومەت بێتە ئێرە وەزیری دارایی هاوار بکاو بڵێ گومرگەکانم نادەنەوە. ئێمە لێرە دانیشتووین بۆ ئەوەی دوو ئەرکەی خۆمان جێبەجێ بکەین کە یەکێکیان تەشریعە و ئەویتریان بەدواداچوونە، ئێستاش تەئکید دەکەمەوە، (٩) مانگ ئێجگار زۆرە، من گلییەکی زۆرم هەیە لە فراکسیۆنەکان،

بەحەقیقەت ئەوە ئیشی فراکسیۆنەکانە، ئیشی دەستەی سەرۆکایەتی نییە، بەڵام زۆر جار ناچارمان دەکەن کە ئێمە ئەم قسانە بکەین، من ئومێدم وابوو یان وامان پێ باش بوو لە دەستەی سەرۆکایەتی ئێوە بێنە ئێرەو، بڵێین چۆن پەرلەمانێک لە حکومەتێک بێ دەنگ دەبێ کە (٩) مانگ بودجەی پەسەند نەکرا بێت؟!.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە، نازانم ئەگەر مەبەستت قسەکانی من بێ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەمن جەخت لەسەر ئەوە دەکەم ئێمە هەر لەسەرەتاوە تا ئێستاش هەر لەسەر ئەوەین دەبێ بەزووترین کات بودجەی حکومەتی هەرێم بێتە ناو پەرلەمان، چونکە بە بۆچوونی ئێمە ناکرێ حکومەتێک بەبێ بودجەی تەصدیق کراو لەلایەن پەرلەمانەوە کار بکات، ئەگەر خاوەن پەرلەمان بێ ئەو مەسەلەم بۆیە هێنا گوتم دەبێ چوار مانگی ئێمە لێ دەربکەین یانی لەمانگی (٥ ـ ٦ ـ ٧ ـ ٨) چونکە مەسەلەکە لە بارێکی نائاسایی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وتمان مانگی (٥ ـ ٦) شەڕ بووە بەڵام فەرمانبەرانی دارایی وئابووری دەوامیان کردووە وەزارەتی دارایی وئابووری هەموو ڕۆژێ دەوامی خۆی کردووە لەمانگی (٥ ـ ٦). هەولێریش سوپاس بۆ خوا هیچ شتێکی لێ نەبووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەی مانگی (٧و٨) بۆ ئەوەیان نەکرد؟!.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چۆنێک بێ پاساو بۆ وەزارەتی دارایی ناهێنین بەڵکو هەر ئاماژە بۆ مەسەلەکە دەکەین، ئەو دەمە بارەکە ئاسایی نەبوو ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە کە ئێستا داوا دەکەین کە بەزووترین کات ئەو بیرخەرەوەی دەستەی سەرۆکایەتی کە چووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە لایەنگیری دەکەین کە بەزووترین کات بودجەکە بێتە ناو پەرلەمان وتەصدیق بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینیەکەم هەر ئەوەبوو، بەڕاستی لەناو شەڕەکەش دا، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەموو ڕۆژێ دەوامی خۆیان دەکرد.

دێینەوە سەر خاڵی لیژنەی نەخشەکێشان، لیژنەی نەخشەکێشان ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە، کاتی خۆی باسی بابەتی ڕێگای نێوان هەولێرو دهۆک کرا، دیاربوو ڕەخنە هەبوو لەسەر چۆنێتی چاک کردنی، ئەوەبوو لیژنەی نەخشەکێشان سەردانیان کردو، چەشنە پرسینەوەیەک و جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر کرد، ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی ئێمە کردووە ئێمەش وامان بەباش زانی ئەو ڕاپۆرتە بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان بکرێ بەئامادەبوونی وەزیری تایبەت کە لێرەیەوسوپاسی

دەکەین ئەگەر ئەندامانیش چ تێبینییان هەیە تۆماری دەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەم بابەتەش تەواو ببێ، ئەگەر پێشەکیش راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە خراپ نییە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان دەزانن پار پرۆژەیەک هەبوو پرۆژەی پاراستنی ڕێگای دهۆک وهەولێر، کە ڕێگا نەبوو وخۆمان ڕێگاکەمان دیت بوو هەمووی تێکچوو بوو بەتایبەتی لە وەرزی زستان، ئەوەش ڕێکخراوی(SCF) بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن ئەو ڕێگایە قیرتاو کرا، بەتایبەتی ڕێگای ئەتروش وقەندیل وخەبات و قەسرۆک دروست کردنی پردی قەسرۆک. تەبیعی ئەوەش پێش وەرزی زستان دەست پێ دەکات دوو مانگ مابوو هەندێ هۆی هەبوون کە ئەو ڕێگەیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێناو بەرە بەرە تێکچوو، وخۆمان دەزانین کە بەرپرسە سەرەکییەکەی(OFDK) بوو ئەو تەمویلی دەکرد بەپارە (SCF) ئیشەکەی بە هەم ئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن کرد تەبیعی پاش ئەوەی کە ڕێگاکە زۆربەی تێکچوو، وراگەیاندن زۆر باسی ئەو ڕێگایەی کردو ئێمە پێشنیارمان کرد کە سەردانی ئەم ڕێگایە بکەین لەهۆیەکانی بکۆڵینەوە بزانین چ لایەنەک بەر پرسیار بووەو، چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو ڕێگایە بکەین و، ئێمەش دەزانین کە ئێستا دووبارە دەست پێ کراوەتەوە وتائێستا یەکەم بۆ تێکچوونی ڕێگاکە، ئەو راپۆرتەمان نووسی وحەز دەکەم بیخەینە بەردەم بەڕێزان، تا ئەگەر هەر پرسیارێکیان هەبوو لێی حالی بین بزانین هۆیەکانی چی بوو وچۆنیش چارەسەر دەکرێ، بۆ ئەوەی دووبارە تێک نەچێتەوە (راپۆرتەکەی خوێندەوە)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان بوو، لە ٨/٣یشەوە ئەم راپۆرتە دراوە بەفراکسیۆنەکان، جا ئەگەر ئەندامانی بەڕێز تێبینیان هەیە با ناوەکان بنووسین. باگوێمان لەرای وەزیریش بێ، پێش ئەوەی برادەران پرسیار بکەن با وەزیر کەرەم بکات پاشان ئەندامان ئەگەر ویستیان تێبینییەکان پێش چاو بخەن، فەرموون کاک یۆنادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ بەر لەقسە کردن باسی مواصفات ڕێگاکە بکەم وبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بێزار بکەم بەمەسەلەی مواصفات وژمارە، ئەمەوێ هەندێ مەسەلەی بنەڕەتی وەکو مبادیء کە لەکوردستان زۆر ئاشکرایە بۆ هەمووتان بەکورتی باس بکەم ، هەڵبەت زۆر جێگای خۆشحالیە کە لیژنەی نەخشەکێشان ئەم موتابەعەیەیان کردووە، خۆزگە زووتریش هەر لەکاتی خۆی شتەکە روویدا، بەبێ ئەم دواکەوتنە ولە (٦) مانگ زیاترە خۆزگە زیاتر موتابەعە بکرێ، نەک بەس بۆ ڕێگا وبان بەڵکو بۆ هەموو پرۆژەکانی تر، ئەمن دەبینم کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەجێگەی خۆی

له ئەوروپا گەڕایەوە ڕەخنەیەکی ئێجگار زۆری هەبوو لەسەر هەندێ مواصلاتی (NGO) وڕێکخراوی ئینسانی چ کوردستانی چ هی دەرەوە بن وقسەکانی له جێگای خۆی بوو چونکه ئەو پارەی کە سەرف کرا لەکوردستان، ئەتوانم بڵێم سێ جار کوردستانی پێ ئاوەدان دەکرایەوە ئەگەر بەرێگەیەکی باش ڕێک وپێک و بەپێی نەخشەو بەرنامەی حکومەت سەرف بکرابایە ئەم ڕێکخراوانە، بەڕاستی هیچ ڕۆژێک نە پرسیان بەئێمە کردووە وەکو حکومەت، نەبەپێی بەرنامەی حکومەت ئیشیان کردووە لەدواییدا بەناوی بیانوویەک کە ئێمە ناتوانین لەگەڵ حکومەت ڕاستەوخۆ تەعامول بکەین لەبەر ئەوە زۆر جار نەک هەر ڕێگا، لەوانەیە ئێستا گەلێک گۆم کرابێ، بۆ حیوان یان، قوتابخانە دروست کراون و خێزانیان تێدایە، نەمامۆستا ونەقوتابخانە کەڵکی لێ وەر ناگرن ڕێگای ئێمەش هەروەکو کێشەکانی خۆمان لەحکومەتی هەرێم ئەمەش یەک لەخاڵەکانە لەبەر ئەوە گرنگترین خاڵەکانی ئێمە وەکو لایەنێکی تەکنیکی دەبێ ئەو لایەنە کە ئیشەکە دەکا بەسترا بێتەوە بە هەندێ مواصەفات، بەهەندێ هەل ومەرجی گشتی لەعێراق ویان لەدنیادا هەمووی جێبەجێ کراون ئەو ڕێکخراوە مرۆییانە دێن هەر لەبەینی خۆیاندا پرۆژەی بەرچاو دەکەن بەبێ ئەوەی کە کام پرۆژە بەپێش بەپێش کامیان بکەوێ وبەبێ پرس کردنی ئێمەش، زۆر نووسراومان هەیە لەبۆ گۆڕانکاری پرۆژەیەک لە ناوچەی ترو نازانم کوێ؟ هەندێ لە بەرپرسانی حکومەت، بەرپرسانی حزبەکانیش داوایان لەمن کردەوە کە زۆر لە پرۆژەکە گرنگترە بۆ کوردستان نووسینێکی وا ئاراستەی من کراوە، لەدواییدا ئەڵێ ئەتوانێ نوسخەیەکی ئەو نووسینەش بە نووسینگەی سەرۆکیش بدەی، یانی بۆ بەرگری کردن لەهەڵوێستی خۆت، ئێمە بەقسەی ناکەین نوسخەیەک لە نووسراوی ئێمە بدە بە مەکتەبی سەرۆک بارزانیش کە ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیە ئەگەر زۆریش قسە بکەن ئێمە دەی گوازینەوە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی قەت لەگەڵتان مامەڵە ناکەین یانی مەبەستم بریار لە ئێمەوە دەرنەچووە لەبەر ئەوە سێ کێشە هاتە پێش یەکێ مەرجە گشتییەکانی مقاولات نییە لەکوردستان ئەو ڕێکخراوە مرۆییانە لەگەڵ مقاولی ئەهلی بێ لەگەڵ کۆمپانیایەک لەگەڵ لایەنێک کە ئیش دەکات، هیچ گرانییەک نییە نەبۆ پردەکە نەبۆ ڕێگاکە نەبۆ بینایەکە کە بکرێتە مەرجی گشتی مقاولات، لەزەمانی مەلەکیش هەر هەبووە ئێستا لە کوردستان ئەو مەرجە گشتییانە جێبەجێ ناکرێن، بەکەیفی خۆیان خەڵک بانگ دەکەن ئیش دەکەن خواحافیزی دەکەن دوای (٦ )ڕۆژ یاخود(١٠) ڕۆژ ئەگەر بەتەواوی ڕووخان، کەس بەرپرس نییە ئەمە یەک، خاڵی دووەم دەربارەی مواصفاتی تەکنیکی بەڕێزان ئەندامانی وەفد بۆ بڕۆکسل لەبیریانە، کە من هەڵسام قسەم کرد، گرنگترین خاڵ ئەوەبوو هەم مەرجە گشتییەکانی مقاولات هەم مەرجەکانی مواصفاتی تەکنیکی کە هەندێ لەبرادەرانی خۆمان گلەییان لەمن کرد گوتیان ماڵێکی بچووک بۆ مواصفاتی فەننی! گوتم کاکە ئەو قوم و زیخەی لە سەقفی ئەو ماڵە بچووکە بکرێن دەبێ فحص بکرێ قومەکە ئایا قبوول کراوە یان نەکراوە، بەڵام ڕێکخراوەکانی مرۆیی تا ئەو دەمەیە خۆیان بەگەورەتر دەزانن یان ناوێری قسەش بکەی ئەگەر قسەشمان کرد خۆیان

دەکێشنەوە لەو ناوچەیە ئەمە مەرجی گشتی مواصفاتە تائێستا لەسەرتاسەری کوردستان نەمانتوانیوە فەرزی کەین لەسەر ئەو رێکخراوانە واتا چ رێکخراوەکانی دەرەو چ کوردستانی بن لەدوایی خاڵی سێ یەم خراپترین خاڵە کە تێکدانی سیستەمی فەرمانگەکانی حکومەتە، بۆ نموونە رێکخراوی مرۆڤایەتی دێن یەک تەلیس دینار بەکەیفی خۆی بەخشش ئەداتە فەرمانبەران یان بەکەیفی خۆی لە فەرمانگەکاندا ئەڵێ ئازووقە دابەش دەکەم، بۆ فەرمانگەیەکی تر دابەش ناکات ئەمەش ئەبێتە کێشەیەک هەندێک لە ئەندازیاران زوو زوو وەری دەگرن هەندێکی تریان هیچ وەرناگرن ئەمەش کێشەیەکی زۆر بۆ ئێمە پەیدا دەکات، بۆیە ئیشەکان بە باشی ناڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم تکات لێ دەکەم برۆ ناوەرۆکی باسەکەوەو، وەڵام بدەوە، ئێستاکە ئینجازاتی وەزارەتی ئەشغال داوا نییە، رێگای هەولێر دهۆک خراپە، لیژنەی گەشەپێدان وئاوەدان کردنەوە لەپەرلەمان تەعقیبیان کردووە تێبینییان نووسیوە، لێرەدا وەڵامی ئەوانە بدەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشەکی بوو ئێستاکە دەچمە ناو بابەتەوە یەکەم ئەڵێ: رێگای دهۆک ـ هەولێر ئەمە وەکو تەزەخومێکە کە راست نییە، بەرای من ئەبێ بگوترێ رێگای قەسرۆک ـ ئەتروش یانی (٤ ـ ٥) کم لە ئەتروشەوە دوورە، نەک رێگەی هەولێر ـ دهۆک رێگەی ئەتروش قەسرۆک بابڵێین، ئەمە یەک، دوایی وەکو باسم کرد ئەمە پاراستنی رێگایەک بوو نەخشەی ئێمە نەبوو، لێمان داوا کرا بوو (١٥)سم چەو برێژرێ کە ئێمە زۆر سەرکەوتووانە تەواومان کرد لەکۆتایی مانگی (٨) سەرەتای مانگی (٩) وگوتیان ئەگەر زەحمەت نەبێ پرانکۆچ بکەن گوتمان ئەوەش باشە پرانکۆچمان کرد بەڵام رێگەکە دروست ئەکرێ دەبێ پشکنینێکی تەواو لە ئەساسی ژێر رێگاکە بکرێ ئەوجا دوایی ئەساسی بۆ دابنرێ دوایی نازانم مواصەفاتی هونەری زۆرە نامەوێ باسی بکەم هیچ نەکراوە تەنیا ئەوە (١٥)سم لێمان داوە کە (١٥) سم لەناو گۆڕەپانی کۆلیژ وگۆڕەپانی ناوەوە بۆ پارکێکە کە ئۆتۆمبیل بووەستێ لەناو ماڵان دا (١٥ ـ ٢٠) سم چەو ئەرێژێ لێرە ئەوە وانییە ئێمە بەس لێمان داوا کراوە وەکو کرێ گرتەیەک کردوومانەوە وخۆمان سوودمان وەرگرتووە مەکینەکان وکارگە والیاتی خۆمانمان پێ زیندوو کردوونەوە دوایی مەسەلەی تر کە بۆ کرا بۆ نەکرا؟ بۆ مواصەفات وئەو شتانە پارە و بریار بەدەستی ئەوان بووە، ئێمە هەوڵمان داوە کە هەموو شتەکە بەپێی مواصەفات بێ، وەڵامی ئێمە زۆر رەق بووە لەلای ئەوان و ئەوانیش وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە بۆ نموونە: یەک برووسکەی زۆر کورت ئەخوێنمەوە کە ئەوان رێکخراوی(SCF) کە خاوەن پارەو بریارن ئێمە کە ئاراستەی موختەبەری ئەشغالی دهۆکمان کردووە وەڵامی موختەبەری دهۆک بەمن ئەڵێ چی ئەڵێ (برقیتکم فی ٩/٦) تازەکە دەستمان پێ کردبوو ئەڵێ لدی اتصال منظمە(SCF) (تبین ان لاعلاقة للوزارة بتمویل المشروع او الاشراف علیە ولذلك)، ئەڵێ

یانی ئیشی ئێوه نییه ئەمن وەڵامی چم دایه (لاحاجة للاتصال باية جهة حيث ان المشروع حيوي وطريق عام ومن مسؤولية هذه الوزارة فعليه استوجب اخذ نماذج واجراء فحوصات فورا واعلام (SCF) في حالة فشل وعدم السماح لهم بتصرف كيفي وحثهم على تطبيق الشروط والمواصفات) دیسان ئەوان هەر پابەند نەبوون یانی هەر چەندە ئێمە هەوڵمان دا ئەڵێ پارە محددە، ئێوە حەقتان نییە لەسەر ئێمە کە شتێک بسەپێنن پارەی خۆمانە ئێمە بە ئارەزووی خۆمان ئیش دەکەین ئەمەیە حاڵی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە (مداخل) بۆ باس ناکەی؟ چییە؟ ئەندامانی پەرلەمان حەقە بزانن ئەو شتە چییە؟ ئەگەر بە ڕاگەیاندنیش بێ قەیدی چییە با هەموو بیزانن وئاگادارین.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم خوشکە نەهلە باسی کرد شوێنی پردەکەی کرد ئێمە هیچ پەیوەندیمان بە بڕیار دان بەسەر جێگاکەی نەبووە خۆیان بە ئارەزووی خۆیان جێگاکەیان دیاری کردووە لەوێ بیکەن کە دەستیان بەئیش کرد، سەیر دەکەین خەڵکی ئەوێ دێن، گوتمان ئێمە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ بەئیش ونەخشەکێشان ودروست کردنی پردەکان هەڵدەستین، ئەو شتانە قۆنتەراتچی ئەهلیان ناوێ گوتیان ئێوە حەقتان نەبێ پارەی خۆمانە بەکەیفی خۆمانە، قۆنتەراتچیەکی ئەهلیان هێنا لەگەڵ خۆیان یەکەم هەندێ ووشەی فەننی بەکاردێنم بۆ نموونە پرد کە تصمیم دەکەن دەبێ بزانن تەحەمولی چەندە چ جۆرە لۆرییەک لەوێ ڕەت دەبێ لەجیاتی نزیکەی(٦٠) تەن یان (٥٩) تەن بوو تەسمیمەکەی ئەنجامەکەی برادەران دیتیان پردەکە(١٩)تەنە لەجیاتی (٥٩) تەن واتە پردی قەندیل کەوتنەکەی لەوەوە بووەو، دووەم توانای ئاوەڕۆی ئاوەکە لەو شوێنە بەپێی دراساتی عێراقی بیرو ڕووبارەکانی عێراق دەوری(٥٥٠) م سێ جا (مكعب) لەسانیەیەکە هەندێ جاریش تاکو(٦٠٠)ە، بەڵام هێزی تەصریفی پردەکان بەداخەوە نەدەگەیشتە(٤٠٠) یانی بارانێکی گەورە لافاوێکی گەورە پردەکەی بەگشتی دەبرد ئێمە لەکاتی ئیش کردندا بووین ناچار بووین ئارامکۆیەکی (٦) مەتری دروست بکەین لەڕاستیدا ئەو ئارامکۆیەش ئەم پردەی ڕزگار کرد، ئەمساڵ ئەگەر ئەم ئارامکۆیە دروست نەکرابایە پردەکە هەر ئاو دەیبرد، ئێستا سێ پایە لم هەیە لەو ئەستوندەکانە کە لەسەر عەردێکە هەر پەیوەندی بەڕووبارەوە نییە(١٨) پایلە کە لەوێ قەت پێویستی بە(٦) ناکات (١٨)پایلە، پایل وەکو دینگە لەناو عەرد دەچەقێ چونکە قۆنتەراتچیەکی ئەهلی بوو دەی کرد سەر بە ئێمە نەبوو نەیان دەهێشت نزیکی ئەوێ بین، ئینجا ئەو سێ هەڵە گەورە هەم هێزی تەسریفی قوەتی بەرگەگرتن هەم درێژایی پردەکە هەم شوێنەکە هەموو ئەو شتانە وایان کرد ناچار بووین لەسەرخۆ بەهێمنی قسەمان کرد لەگەڵ (ئۆفدا) کە ئۆفدا هاتە سەر ئیشەکە بەداخەوە هەڵوێستێکی زۆر توندی وەرگرت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەی(SCF) تەئییدی وەزارەتی کرد ئەتوانم بڵێم ئەوەبوو

خاڵی(تحول) له (تعامل) ناچار بوون ڕێزی خەبیرەکانی ئێمەیان گرت ناچار بوون تعامل لەگەڵ ئێمە بکەن و ئەمەیە حاڵی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە وەڵامی وەزیر بوو دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە بەتێرو تەسەلی، ئینجا ئەو برادەرانەی کە تێبینییان هەیە با ناوەکانیان بنووسین، کاک یونادم باسی هەموو لایەنێکی کرد، ئێستاش هەقی ئێمەیە لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە، حەقی وەزارەتیشە کە ئەو پێشێلکارییە هەموو بە بیرخەرەوەیەک بدا بە مەرکەزی ئەو ڕێکخراوەو، بلێ ئەو ڕێکخراوە ئەو ئیشەی کردووە ئەمەش ناتەواوکانیەتی.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە لە واشنتۆن بەناوی(SCF) مۆر کرابوو پارە بەناوی ئەو(SCF) بوو ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو (SCF)ە تێکمان دابایە مەبەستم چییە ئەو پارەیە دەگەڕایەوە واشنتۆن تا قۆنتەراتچی تر یا ڕێکخراوی دیکە پەیدا بکەی یەک ساڵی تر دوادەکەوت، بەڵام ئەوەبوو ئیمزامان کردو تەواو بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە قسە ئەکەن (١٠) کەسن، د.سەلاح فەرموو.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ڕێگا وبان بەشێکە لەوەسیلە وئەداتێکی گەورەیە بۆ پێش خستنی وڵات، خۆزگە لەسەرەتای دروست بوونی حکومەتەوە هەموو مانگێک بەدوای پرۆژەکانمان برۆشتنایە، ئا ئاوا ڕاپۆرتیان بدایە هەڵبەتە حاڵمان نەدەگەیشتە ئەو وەزعیەتە، ئەو ڕێکخراوانە کە دێنە کوردستانەوە تا ئێستا بەداخەوە وا بەرەو سێ ساڵ دەڕوا گوێمان لە وشەیەکە کە هاریکاری ناکەن لەگەڵ حکومەتدا بە ئارەزووی خۆیان وەکو بەڕێز وەزیر ئاماژەی پێکرد مەرکەزی ئەو ڕێکخراوانە لە دەرەوەن خێرخوازن و پارە کۆدەکەنەوە کە ئەوانە دێن بۆ کوردستان هەڵبەتە دەبێ بزانین ئەو پارە چۆن خەرج دەکرێ یانی ئێمە بزانین ئەو پارەیە چۆن خەرج دەکرێ بەداخەوە ئەیڵێم ئەو ڕێکخراوانەش هەر یەکە لەلایەنە سیاسییەکان بوونەتە دەلیل بۆ هێنانیان بۆ کوردستان جا لەپێشەوە ئەبێ ئێمە ڕەخنەمان لەو لایەنە سیاسیانە هەبێ کە ئەوان دەلیلی ئەم ڕێکخراوانەن کە دێن بۆ کوردستان ئەم پارەیە چۆن خەرج دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەلاح، گفتوگۆی ڕاپۆرتەکە بکە خوێندراوەتەوە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پارەیە وەکو باسیان کرد بەفیرۆ چووە ئەبوایە بەڕێز وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن هەر بەوە اکتفای نەکردبایەکە(SCF) لێرە لەگەڵیاندا هاریکاری نەکردووە خۆشی بەڕێزی لە دەرەوەیە بڕۆشتایە لەوێدا لەمەرکەزی ڕێکخراوەکە ناڕەزایی بکردبایە تکالیفەکەی بۆ بردبان وەزعەکەی بۆ روون بکرنایەوەو بیگوتبایە بەراووردی بکردبایە بەڕێزان کە ئێوە ئەم پارەی خێر ئەدەن ئا ئاوا خەرج دەکرێ بێگومان لەوانە هەڵوێستێکیان دەبوو بەرامبەر بەو وەزعەوە ئەو وەزعە وای لێ نەدەهات، سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری ئەشغال سەبارەت بە ئێمە وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتیمان هەیە ئەو شکایەتە کە لە(N.G.O)کان دەکرێت، وابزانم تازە نییە کۆنە، من لەبیرمە وەختی یاسای کۆمەڵەکان لێرە گفتوگۆ دەکرا لیژنەی پەیوەندییەکان دیسان هەمان شکایەتیان وت، ئایا ئەو بابەتە لە ئەنجومەنی وەزیران چۆن باس کراوە وئایا ئەوان نەیان دەتوانی تەنسیقێک بکەن لەڕێگەی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی یەوە بۆ ئەوەی ئەو بابەتە ئەگەر هەمووشی نەتوانن چارەسەری بکەن هەندێکی تەواو بکەن؟ یان نەیان توانی پرۆژەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش بکەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چارەسەری وەزعی ئەو(N.G.O)یانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەقسەکانی بەڕێز وەزیری ئەشغال دا ئەوە دەردەکەوێ کە ئەمان وەکو قۆنتەراتیچێکی لاوەکی ڕێکخراوی(SCF) بەریتانی کار دەکەن دیارە ئەوانیش هەر قۆنتەراتچی بوون لەئۆفدا وەریان گرتووە، وەزارەتی ئەشغالی خۆشمان دیارە لەوانی وەرگرتووە بەڵام بەڕای من هەڵەکەی کە وەزارەت کردوویەتی ئەمانە خەڵکی هونەرکاریان هەیە پێویست بوو ئەوان رازی نەبانایە بە ئیشێک کە لەسەر مواصەفاتی هونەری نەبێت ودوای ئەوە رام وایە ئەو ئیشەی کە ئەمان تەواویان کردووە راستە پردەکەیان چاک کردۆتەوە بەڵام بەپارەیەکی زۆرتر، و کەچی ئێستا ئەو هەموو پارەی کە خەرج کراوە کابرایەکی قۆنتەراتچی ئەهلی تاوانەکەی بۆ کوێ ئەچێ کابرا کە مواصەفاتەکانی نەکر دووە، ئیشەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە، یانی کابرا پارەی خۆی لێ قازانج کردووە خستوویەتیە گیرفانی بەڕای من دەبوو هەندێ شتتان بکردایە ئێوە وەرتان نەگرتبایە لەبنەڕەتدا بۆ ئەوەی کابرای قۆنتەراتچییەکی ئەهلی تووشی سزا بووبایە وئێوەش خۆتان تووشی عەیبەیەک نەکردبایە کە وەزارەتێک بەو هەموو کادیرە هونەرییەوە نەتوانێت ئیشێکی وا جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی لیژنەکە دەکەم کە ئەو کارەی کردووە بۆ کەم کردنەوەی کەم وکوڕی وئەزیەتی ئەو کەسانەی کە هاتوچۆ ئەکەن لە ئیبراهیم خەلیلەوە با بڵێین لەشاری دهۆکەوە هەتا وەکو دوا شوێن کە ئەگەینە هەولێر ئەو ڕێگایە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لەراپۆرتەکەیاندا باسی ئەو شتانەیان کرد کە بووە بە هۆی سەرنەکەوتنی پرۆژەکەی ڕێگاکەو لایەنی قیرتاو کردنەوە کەسەرنەکەوتووە، بەڵام باسی نەختێک شتی تریان نەکرد کە بۆتە هۆی ئەو ناتەواوییە دەبوایە سیاجێک لەسەر ئاوەکە دروست بکرێت تاکو مەترسی نەهێڵێ، سوپاس

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەهلە خان فەرمووی مواصفاتی ڕێگا لە(٩٥ ٪)ی هندسی تەواو بوو، ئەم وتەیە سەرنج ڕاکێشە، ئەگەر لە (٥ ٪) مواصفاتی هندسی تێدابا بەدوو مانگ ئەو ڕێگایە خرانە دەبوو، هەروا فەرمووی ڕێکخراوەکە دەڵێ ئەمە ڕێگەی سەرەکییە لەبەر ئەوە تەحەمولی ئەو گرانییە ناکا، وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن هەموو ڕێکخراوەکان باش ئەزانن ئەمە ڕێگای سەرەکییە وخوێنبەری ژیانە لەناو هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوە دەبێ بەڕاستی لیژنە بیگوتبا خەم ساردی و غەش هەبوو لەچاک کردنی ڕێگاکەدا، دەربارەی ڕێگاو پردی قەسرۆک لەڕاستیدا و جێگای پردی حوسەینیە(٥)کم نزیکی ئەو پردەیە یانی پێویستی نەدەکرد ئەو پردە لەوێ بێت لەجێگای ئەو لەبەردە ڕەش بوایە زیاتر قازانجی تێدابوو زیاتر بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانی تێدابوو وهاتوچۆش ئاسانتر دەبوو کە ئەو شێلمان وئاسنانە هەمووی لەلایەنی تورکی بەیارمەتی هاتووە بۆ ئیبراهیم خەلیل هەتا لایەنی تورکی گوتی حصار لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە ئەمە دەرفەتێکە بۆ پرد چاک کردن. گوتیان دەرفەتێکە ئەم ئاسنە وئەم شێلمانە هەمووی تەحویلی ئەو بکرێ گوتی بەڵکو ئێوە لە ڕێگایەک کە زۆر پێویستە پردێکی تر چاک بکەن لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز وەزیری ئەشغال فەرمووی(٤٥٠) هەزار دۆلاری تر هەر بۆ ئەو پردە تەرخان کراوە ئەوەش لەم وەختە ئەکاتن تقریبا (٣٠) ملیۆن دینار و جەنابی وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن دەبێژێ نابێ هێچ ڕێکخراوێک بە کەیفی خۆی ڕێگا چاک بکاتەوە، وەزارەت بەرپرسە لە ڕێگاو بان لەهەرێمی کوردستاندا من جارێکی تر ئەڵێم ئەو پارەیە هەمووی بەلاش ڕۆیشتووە ئەوە ڕێگەو پرد نییە، سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ویستم دوا کەس قسە بکەم ئەگەر برادەران قسەی منیان بکردایە بۆ ئەوەی من قسە نەکەم.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەو وەزیر دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوانە دیارە لەراپۆرتی لیژنەوقسەکانی وەزیر، کە پردی قەسرۆک بووەتە تەگەرەو سەر نەکەوتووشە، دەستنیشانی جێگاکە وئیش کردن لەو پردە، من لێرە پرسیارێکم هەیە بۆ جەنابی وەزیر پردێکی تر هەیە لەسەر رێی ئاکرێ و موسڵ وادەزانم (٥) یان (٦) کم لەقەسرۆک دوورە ئایا لەتوانای وەزارەت دا نییە ئەو (٥)کلیۆمەترە قیرتاو بکات؟ تاکو بیێتە یەدەگ بۆ پردی قەسرۆک یان بەدیلێک بۆ پردی قەسرۆک، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ئەگەر برادەران پرسیاریان هەیە، تەنیا حەسری بکەن لەسەر ئەو پردەی قەسرۆک حەز دەکەن شتەکانی تر بەشێوەیەکی تر بیخەنە ڕوو، نەوەک وەزیر ئامادە نەبێ بۆ وەڵام دانەوەی، چونکە گفتوگۆی ئەم راپۆرتەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوایی کە راپۆرتمان دا بە وەزارەت دەستی بەئیش کرد لێرە راپۆرتێکی دیکەم پێشکەش بە لیژنە کرد لەسەر ئەم ئیشەی تازەی بەڵام نەخوێندرایەوە، لەبەر ئەوە من لێرە باسی ئەو راپۆرتە دەکەم، لەکاتێکدا کە لیژنەکەی ئێمە لەڕاستیەکانی کۆڵیبیەوە بۆ ئەو سەرنەکەوتنەی پرۆژەی رێگای نێوان ئەتروش وقەسرۆک، کە وەزارەتی ئەشغال دەیکات وەزارەت ئەوسا زۆر ئیدیعای دەکرد کەوا هۆی سەرنەکەوتنی دەگەرێتەوە بۆ مادەی قیر و ئەو ئیدیعایەو ئەو بیانووەی دەگرت کە قیرەکە توانای تەواو نییە. دووەم رێگای گەرم کردنی ئەو قیرە بە رێگای سەرەتایی بووە کە بۆتە هۆی سوتانی ئەو قیرەو بەکەڵکی ئێش نەدەهات، لەبەر ئەوە رێگاکە تێکچوو ئەمە بیانووە بە هێزەکانیان بوو. هی رێکخراوەکان وەزارەتیش کەوایان دیار دەکرد بۆ ئێمە کەوا (لاحول منهم ولاقوة) یانی ئەو قیرە مەوجوودە وچیتر مان نییە هەر ئەوەش لەکوردستان ئەبێ ئەم قیرە بەکار بێنن وئەوە بوو بە هۆی تێکچوونی رێگا دوای ماوەیەکی کورت کە راپۆرتی خۆمان عەرزی جەنابتان کرد لە سەرۆکایەتی دەستیان کرد بەدووبارە قیرتاو کردنی رێگاکە ودیسان هەر ئەو قیرەیان بەکارهێنا ئالێرە کێشە دروست دەبێت حەز دەکەم بەکورتی قۆناغەکانی ئەو ئیشە بگێرمەوە لەسەرەتادا چۆن ئەو رێگایە دروست کرا و، هۆی سەرنەکەوتنی لەساڵی هەشتاکانەوە، ئەو رێگایە دروست کرا، رێگایەکی وا کە بۆ گوندان بچێ وهەروەها بۆ خزمەتگوزاری هێزەکانی عەسکەریش بوو، زۆر هاتوچووی لەسەر نەبوو هەروەها بۆ ئەنفالی ئەو میحوەرە بوو، واتا ئۆتۆمبیلی قورس بەسەری دا نەدەرۆیشت، لەبەر ئەوە ئەوها مایەوە واتە خراپ نەبوو بەڵام دوای راپەڕینە مەزنەکە رێگاکە بوو بەرێگایەکی سەرەکی ستراتیژی دهۆکی بەست بە هەولێرەوە لەنێوانیان دا هاتوچوون زیاد بوو قورسایی یەکی زۆری کەوتە سەرو، زۆر خراپ بوو، تەبیعی ئەم شتە لەکاتی تەصمیم دا وەرنەگیرا

بوو کە ئەم ڕێگایەیان دروست دەکرد بۆیە ئەو ڕێگایە بەتەواوی تێکچوو یەعنی هیچی لێ نەما، ئێستەکە لەساڵی ١٩٩٣ ئەسپاردەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن کرا لەلایەن ڕێکخراوی (SCF) کەوا ڕێگاکە سازکەن وچاکی بکەن دەبێ وەزارەت لێرە تەکلیفی بەباشی دەرس بکردبا ونەخشەی بۆ دانابا کە بەشی لێکۆڵینەوە و نەخشەمان هەیە ئیش وکارەکانیان ئەوەیە کەوا پرۆژەیەک دەربچێت لێی خەرج بکرێ و تەماشای ئیش بکرێت، بزانێت هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو ڕێگایە چی بوو لەبەر چی تێکچوو؟ تاکو چارەسەری بکرێت هەروەها ئەو مادەی قیرەی کە بەکار هات دەبایە فەحس بکرابا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە گفتوگۆی ڕاپۆرتەکە دەکەین، کە ئێستاکە ئەو خاڵانەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پارە بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کراوە کە کولفەکەی ملیۆنێک و (٢٥٠) هەزار دۆلار بوو. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ چەند کیلۆمەتر؟

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئۆفدا بەو ناوەوە کە ئەوان ئەڵێن صیانەیە، صیانەی ڕێگای دهۆک ـ هەولێر ئەمە ملیۆنێک و (٢٥٠) هەزار دۆلارە وابزانم نەک ئیشەکی پەزێرایی ئاسایی دەبێت یەعنی اعتبار دەکرێ بەپرۆژە، پارەیەکی ئێجگار زۆرە ئەگەر باسی ڕێکخراوەکانیش بکەین ئۆفدایەو (SCF) حەلەقەکی زیادە ڕێگاو بان قۆنتەراتچی محەلی دروست ناکرێن وەزارەت بەتەنها لەلای ئێمە دەتوانێ ئەو ڕێگایە دروست بکاتن.

مەسەلەی منداڵ پارێزەران و (SCF) شتێکی وایە، بە ئەندامانی پەرلەمانم گوت ئەوە ڕێکخراوێکی منداڵانە هیچ پەیوەندی نییە ڕێگایەکی ستراتیژی دروست بکات لە نێوان دهۆک و هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو (٦٠) هەزار دۆلارە هی چییە وەریان گرتووە، ئایا عومولەیە؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر مەسرەفی ئیداری خۆیانە، واتە وەک بڵێین ئەوان ساحێبی ئیشی خۆیانن بەس حەماڵن وابزانم هەر دەبێت کرێی ئۆتۆمبیلیان بدەینێ، لەزاخۆوە ئیشی ئەندازەیی پرۆژەی گەورەترە بەبێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی موختەبەری ناکرێت ئیشی پرۆژەی کۆنکریت وقیرتاوە، واتە دەبێ

پشكنینی كیمیایی وفیزیایی هەبێت تاكو تەقدیری بكات ئەم ئیشە مواسەفاتی چۆنی تیا بەكار هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چەند تێبینییەكم هەیە وەكو پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری بكەم هەر چەندە لێرە ئامادە بووە و تەشكوری دەكەین، ئەگەر وەڵام بداتەوە، پرسیارەكە، لەراپۆرتی لیژنە وا هاتووە وبەڕێز وەزیریش تەئكیدی كرد كە قۆنتەراتچی جێبەجێ كردنی پرۆژەی چ پردێ چ ڕێگایەک قۆنتەراتچی ئەهلی بووە، وەزارەت پەیوەندی پێوە نەبووە، لێرە پرسیارەكەی من ئەوەیە ئایا بۆچی وەزارەت وەختێ ئیشەكە تەواو بوو ئەوەی وەرگرت؟ بۆچی پشكنینی خۆی نەبوو؟ بۆچی سەرپەرشتی لەسەر نەكرد؟ وەكو راپۆرتێک وەری گرت وئەو مقاولە جێبەجێی نەكرد، دووەم بەڕێز وەزیر لەراپۆرتی دا تەئكیدی كرد كە ئەزانێت بودجەی پرۆژەكە چەندە، بۆچی هەوڵی نەدا لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار كە وەزارەتی سەرچاوەی تەموینە تابزانێ بودجەكە چەندە چوون سەرف دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم لە بەڕێز وەزیری ئەشغال هەیە، لەهەردوو لای پردی قەندیل هەموو درێژاییەكە (١٣ـ١٤)كیلۆمەترە ئەوە ساڵی دووەمە هەتا ئێستا ئەوە ئەمڕۆ پێی دا هاتیمە(٣)كیلۆمەترو نیو قیرتاو كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیسان تەئكید دەكەین تكایە لەناو بابەتی ئەم پرۆژەیە پرسیار بكەن، چونكە ئەوە پەیوەندی بەو پرۆژەیەوە نییە، كاک رەجەب با تەعلیق ومداخلە تەنیا پەیوەندی بەمەوە هەبێ.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من، پرسیارەكانی من هەندێكی كران، سەبارەت بەوەی كە وەزارەت یەكەم جار هیچ ئاگای لە بابەت نەبووە هیچ دەستەیەكی كەشفی نەناردووە تابزانێ ئەو ڕێگەو ئەو پرۆژە یە چی پێویستە وچ نەخشەیەكی بۆ بكەن بۆ ئیش و لەوانەیە (٧٤) هەزار دیناری لێ مابێتەوە دراوە بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای دهۆک بەڵام لیژنەكە خۆیان دیاریان كردووە كە ئەڵێن ئێمە نازانین ئەصلی پارەكە چەند بووە كاک ئیبراهیم ئاماژەی پێكرد كە ئەوەندە بووە، بودجەی ئەو پرۆژەیە بەدۆلارە و ئەو(٧٤) هەزارەی كە ماوەتەوە بەدینارە بۆیە نەلیژنەكە ئەزانێ پارەكە چەند بووە نە وەزارەت. بە بۆچوونی من پێویست بوو زیاتر لێی بپرسێتەوە ئایا ئەوە چی بەسەر هاتووە، سوپاس

**بەڕێز مـــەلامـــەحـــمـــود فندی دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من دوو پرسیارم هەیە پرسیاری یەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر دەیزانی ئەم رێگایە بۆ ژیانی میللەتی کورد پێویستە چۆن وا بەنارێکی وەری گرت، دوو ئەو پارەیەی کە لەپردی قەسرۆک خەرج کرا ئەگەر نیوەی پارەکە بۆ پردی حوسەینی سەرف کرابایە پێی تەواو دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من دوو سێ قسەم هەبوو ئاماژەیان پێدا، بەڵام تەواویان نەکرد، یەکەم کاک یەعقوّ زۆری گوت لەسەرەتادا ویستی هەندێ پاساو بێنێ ورێگەی تریشی تێکەڵ کرد کە پەیوەندی بەو مەسەلەوە نەبوو وای نیشاندا کە(SCF) یان ئۆفدایە ئەو نووسراوەی بۆ نووسیون گوتوویەتی وێنەش بدە بە نووسینگەی سەرۆک، من پێم وایە ئەوە چ پەیوەندیی بەو شتەوە نەبوو، دوو من وەزارەت بە کەمتەرخەم دەزانم بۆ خۆی دەڵێ لە ٦/١٠ نامەمان نووسیوە مانگی(١١) وەڵام هاتەوە ئەگەر مەبەستی بوایە بۆ ئەوەندە چاوەڕێی دەکرد؟، خۆ وەزارەتەکان هەندە لێک دوور نین بۆ نەچوو خۆی بەدوای دابچێ، بۆ فەرمانبەرێکی نەنارد متابعەی بکا بۆ پێی دانەگرت؟ بۆ چاوەڕوانی کرد لەمانگی (٦) تا مانگی(١١) ئینجا وەڵامی بێتەوە؟، من ئەوە پرسیارێکە پێویستی بە وەڵامێکی راستەقینە هەیە، دوو باسی پردی قەسرۆک دەکات خۆی دەڵێ کووکە (فەزیحە) بوو کە شەرحی کرد من هیچ فەزیحەم لێ نەدیت دوای ئەگەر فەزیحە بوو بۆ خۆی چوو کردیەوە؟ کە کردیەوە بۆ مقابەلەیەکی تەلەفزیۆنی کرد؟ چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کردو بەشاکاری و زارەکی لەقەڵەم دا کە پردی قەسرۆکمان کرد وتەواومان کرد ورێگە ئازادە مەترو نیوێک خۆی وەکو دەڵێ ئەو پەڕی(١٠) سم با هەڵە بکەن مەترێک وچەند سم، (٦)سم هەڵەیان کردبوو چۆن پێش وەرگرتنی ئەو وەکو ئەندازیارێک وەکو وەزیرێک چۆن هەستی پێ نەکردو وەریگرت؟ سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە تەواو، چ تێبینی نەما، جا ئێستا لەوانەیە لیژنەیش تێبینییان هەبێت، با ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن، دوا وشە ئەدەین بە کاک یۆنادم.

**بەڕێز حـــەمـــــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

چەند خاڵێک هەیە حەزم دەکرد، روونی بکەمەوە هەندێ قۆنتەراتچی هەڵدەستن بەئیش، لەئەنجامی ئیشەکەیان سەرکەوتوو نابن، ولەلای ئێمە ئێستا لێیان قبوڵ دەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا ئیشەکەیان ئەڕوات وپارەکەشی وەردەگرن وئەمانە لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای مەدەنی عێراقیدا مادەیەک هەیە ئەوە دەقەکەیەتی ژمارەکەی نازانم ئەڵێ (یکون المقاول والمهندسون المعماریون مسئوولین عن کل تهدم کلي او جزئي یحصل للمنشآت التي اقاموها لمدة سنوات وتبدأ مدة

الصيانة من يوم اتمام العمل وتسليمه ويكون كل شرط لاغياً للحد من هذا القانون) ئەم یاسایە لایزال ئێمە وەکو بەشێک لەیاسای ئێمە بەستراوەتەوە بەو یاسایە لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە سەیر ئەکەی قۆنتەراتچی ئیشێک ئەکات تەسلیمی ئەکات وسەرکەوتووش نابێ، پارەکەشی وەردەگرێ و دەش ڕوات، کەسیش لێی ناپرسێتەوە ئەمە پرسیارێکە ئێمە نازانین ئاراستەی کێی بکەین؟، ئەمە لایەنێکە لایەنی دووەم ئەوەی کە فەرمووتان (٧٤) هەزار دۆلار خۆی(٧٤) هەزار دۆلار نییە(٧٤)هەزار دینارە ئەمە وصولاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی دهۆکە لەو ئیشەی کە کردوویەتی پارەی سەرف کردووە لە ئەنجامی سەرف کردن ئەوەندەی لێ ماوەتەوە وئەو وەفرانەش هەر ئەوەندە نییە لە فەرقەکانی دهۆکیش دوو ملیۆن وشتێکیش وەفر ماوەتەوە وئەم وەفرەش گوایە ئیشیان کردووە وئیشەکە تەواو بوو، ئەو پارەیان زیاد ماوەتەوە بۆخۆیان و بۆ وەزارەتە تەنها ویستم ئەو دوو خاڵە ئاماژەی پێ بدەم، سوپاس

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک جەمیل سندی باسی ئەوەی کرد، کە لەتەقدیرەکەدا گوتم لە (٩٥٪) پرۆژەکە بەگوێرەی مواصفاتی ئەمەریکی سەرکەوتووە، ئەوە قسەی من نییە قسەی تاقیگەی بیناسازی دهۆکە، کە زیارەتی هەر جێگەیەکمان کردیە ودوایی ڕای تاقیگەمان نووسیوە ئەوە قسەی من نییە دەڵێین تاقیگەی بیناسازی دهۆک وای گوتووە، لەوانەیە ڕاست نەبێ لەوانەیە ڕاست بێ، دوای ئەوە ڕای خۆم لە دوایی زیاد کردووە یەک، سەبارەت بە پردی قەسرۆک کە زۆر باس کرا بەڕاستی ئێمەی لیژنە بەقەناعەتەوە دەڵێین کە وەزارەت هیچ بەرپرسیار نییە لەدروست کردنی ئەو پردە ئەگەر سەرۆکایەتی ڕێگەم بدات ئەو نووسراوە بخوێنمەوە کە بەڕیوەبەرایەتی ڕێگاو پردی دهۆک ئاراستەی ڕێکخراوی(SCF) ی بەریتانی کردووە نووسێتی:

الى/ منظمة (SCF) البريطانية

م/مشروع طريق وجسر قسروك

ان الاعمال الانسانية في جسر قسروك يختل في نهايتها وبهذه المناسبة نود ان نعلمكم فيما يلي، حيث نحن لنا جهة مصممة ومنفذة للجسر وانما جهة حمل مستقبل الجسر.

١- في نظرنا تصميم الجسر غير متكامل للاسباب التالية:

أ- الجسر تحتل منخفض وادي بعمق اكثر من (٣٥٠)م طول.

ب- الركائز الجسر تم دفنها بعدد قليل وبعمق قليل لا يتناسب مع الموقع والاثقال.

ج- سرعة المياه اثناء الفيضان قد تصل الى (٢) م للجسر مما يؤدي الى حدوث تعرية المقتربات.

٢- نقترح اعادة دراسة مشتركة لتصميم الجسر حيث لايزال بالامكان رفعها او اضافة قناة الآرامكو اضافية او انشاء جزء آخر من جسر من مقتربات يرجى اعلامنا مع التقدير)،

لێـره هەمـان وەڵامی(SCF) هەیە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوەی خوێندمەوە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای دهۆک بوو بۆ ڕێکخـراوی (SCF) ئەگـــەر ڕێگەم بدەن وەڵامی (SCF) بخوێنمەوە دەڵێ:

الی/مديرية طرق وجسور دهوك

م/ مشروع طريق وجسر قسروك

اشارة الى كتابكم الصادرة في ٧/١١/٩٩٣ المتعلق بالموضوع اعلاه عليه لابد من التعليق على ماورد من ملاحظات وآراء في كتابكم بعد مشاورات عديدة وجدية تقرر انشاء جسر قسروك نوع بيري في موقعه للاسباب التالية:

١- نظرا لقلة ومحدودية المواد في كوردستان فإن عبور النهر في قسروك كان غير ممكن وبالتالي الاعمال الانشائية باستعمال قناة الآرامكو، كما ان منظمتنا ادى الى التخلي عن عملية العبور وقد حدث ذلك و ان بامكانهم الاستفادة من الاجزاء الباقية التي تركت في الموقع في مقتربات جسر ابراهيم الخليل لذا ولطول الجسر نقترح قيام منظمتنا بتغيير الموقع (٤٠٠) م تقريبا شمالا لنقطة العبور الاصلية.

٢- ان محل ركائز وبثبوتها العام تعد ركيزة ذات العنصر الانشائي ينبغي وضعه داخل الارض عمودياً لاغراض دعم الاثقال الجانبية والعمودية عندما يعجز سطح الارض باتساعه عن اكتسابه اعمال الجسر المقبولة ويرجى تبديل ماذكرته في كتابكم تحت عنوان تم دفن الركائز بكميات قليلة وبعمق قليل بشكل لايتناسب مع الموقع والاثقال.

٣- ان منظمتنا علمت بموضوع ارتفاع سيول الفيضان وقد عالجت الوضع بتاقمات شرقية بدمج

الاجنحة والجدران السائدة مع اضافة قناة ارامكو وبالاضافة امكانية ترابية كما ان لمنظمتنا فضل بالحصول على قناة ارامكو في حين فشلت دائرتكم في ذلك مما اخر من عمل قناة اكثر من ستة اسابيع وختاما اقترح عليك) ئەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاو پردی دهۆک نووسیویەتی (بان تركز اهتمامك على المشاريع فقط بهدف الانجاز دون النظر الى اخره وكما اننا لنا من المهندسين ومراقبين اكفاء في العمل وكان لهم دور فعال في تقديم انواع المساعدة لكم ولو لاهم لما كنتم في الحال التي انتم عليه الآن/ المخلص ريتشارد باركر) ئەوە نووسراوی ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو وەڵامە، ئەبوایە بدرایە بە ڕاگەیاندن وەرەزیل بکرایە لەسەر ئەو ئەنجامە، چونکە بەڕاستی ئەوە ئیهانەیە بۆ حکومەتی ئێمە، لەسەر ئەوەندە من بەش بەحاڵی خۆم وەکو ئینسانێک ،وەکو سەرۆک پەرلەمانێک بەتووندی لەدژی ئەو جۆرە مخاطبانەم، چونکە ئەوە ئیهانەی میللەتی ئێمەیە، یارمەتی مرۆڤایەتی نادرێ بە ئێمە بۆ ئەوەی کە ئیهانەمان بکەن، یارمەتی مرۆڤایەتی ئەدرێ بە میللەتی ئێمە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی هاوکاری نێوانمان و، میللەتی

ئێمە لەسەر پێی خۆی راوەستێ و نەفس بەرزی خۆی بپارێزێ نەک بەو شێوەیە ئیهانەی بکەن.
ئەوەی بینێرن بۆ لیژنەی یاسایی وەکو پێشنیارێک، پاشان ئامادەم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم،
سوپاس نەهلە خان بۆ ئەو روون کردنەوەیە فەرموو.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە کاک ئیبراهیم سەعید خۆی لەگەڵمان بوو کە سەردانی (SCF) مان کرد چاومان بە لێپرسراوی یەکەمی(ئۆفدا) کەوت لەزاخۆ خۆی کاک ئیبراهیم سەعید یەک لەوانە بوو کە سەردانمان کردن تەبیعی خۆی دەزانێ لەدهۆک من کۆمەڵێکی ئاوەدان کردنەوەم دیت کە پەیوەندییان بە(ئۆفدا)وە هەبوو بۆ دروست کردنی(٢٠٠٠) شوێنی ئاکنجی بوون لەهەولێر مشکلەیان هەبوو وتیان سەردانی ئۆفدامان کردووە ئۆفدا رازی نییە هەم ئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکات لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، ئەگەر تۆش وەکو سەرۆکی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە بچێ لەگەڵیان قسە بکەی با(SCF) هەم ئاهەنگی لەگەڵ ئێمە بکەن، (SCF) نەبێتە بابەتەکەوە وەک ئالقەی وصل نەبێ لەمابەینماندا، ئەمنیش مەوجوود بووم لەزاخۆ لەگەڵ لێپرسراوی یەکەمی (SCF) قسەم کرد ئەو بابەتەم باس کرد گوتم کاکە ئێمە وەزارەتمان هەیە توانامان هەیە بۆ ئێوە نایەن وەک ئۆفدا راستەوخۆ هەم ئاهەنگی لەگەڵ ئێمەدا بکەن؟ بۆ(SCF) وەکو قۆنتەراتچی دادەنێین هەتا زیاتر پارەکە بە بەلاش بڕوا بۆچی، گوتیان وەڵلا تۆ راست دەڵێی ئێمە پار(٢٠٠٠) لەسلێمانی کرد راستەوخۆ ئیشمان تێدا کرد، بەڵام ئێستا سەرچاوەی سەرەکیمان موافقە ناکات ئێمە راستەوخۆ بێن لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە هەم ئاهەنگی بکەین، بەڵام دەڵێ دەبێ(SCF) وەکو لە مابەینی ئێمە و وەزارەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس نەهلە خان زۆرمان وت، ئەگەر قسەی تر هەیە فەرموو.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یارمەتیم بدەی لەبارەی پردەکەوە هەندێ روون کردنەوەم هەیە بیکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە راپۆرتتان نووسیوە تازە چی ئەخوێننەوە هەموو شتێک روون کرایەوە، چ عەیبی هەیە باس کرا، کاکە یونادم فەرموو ئەگەر بە خەستی وەڵامی برادەران بدەیتەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن هەندێ پێشنیار کردن لەلایەن ئەندامانی بەڕێز وەکو کاک د.سەلاحەدین حەفید

وەكو چەند بەڕێزی تر بەڕای من تەنیا ئەوە بەرپرسیارییەتی وەزارەتی ئەشغال نییە ، ئەمە بەرپرسیاریەتێكی بەهاوكارییە نەک تەنها وەزارەت وەكو كابینە ، هەموو ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ پەرلەمان ئەوە هەر سێكمان پێكەوە كە بەڕاستی دەبێ بزانێ ئەو سەرف وئەو پارە وئەو شتانە یانی ئەوە ئالیەتێكی بۆ دابنێ بەرپرسییەتی تەنها وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ كردن نییە ، چونكە لەگەڵ ئێمەدا تەنیا نین لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵن لەگەڵ ئاوەدان كردنەوەن لەگەڵ تەندروستین، لەگەڵ پەروەردەن، لەگەڵ هەموو وەزارەتەكان ئیش دەكەن ئەوانە یانی تەنیا كێشەی ئێمە نییە كێشەی هەموو وەزارەتەكانە ، لەسەرەتا باسم كردئینجا ئەگەر شتێک هەبێ لەپەرلەمانەوە بڕیارێک یاسایەک هەبێ دابنرێ ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران پابەندی پێ بكەین هەموومان بەرپرسی هاوكارمان هەبێ بەرامبەر ئەو كۆمەڵانە نەک وەكو وەزارەت ناگاتە هیچ شوێنێک یانی زۆر ئەو اسلوبەی كە كاک جوهر زۆر لێی تورە بوو لەمە خراپتریش هەیە، زۆر شوێن كراوە دەبێ هەڵوێستێكی هەبێ هەڵوێستێكی گشتی یانی پەرلەمان وحكومەت پێكەوە ڕێزی ئەم هەرێمە بگرن ڕێزی ئەم شوێنە بگرن كاک عەدنان نەقشبەندیی وتی هەم ئاهەنگی لە نێوانی ئێمە و وەزارەتی ڕۆشنبیری هەبێ نەک هەر ئێمە وبەس وەزارەتی مرۆڤایەتیش. دوایی خوشكە فەوزیە ئەڵێ رسوم ئەمە قسەیەكی زۆر معقول بوو ئێمە كاتی خۆی هەرچەند كاک فەرەنسۆ بەینی پردی قەسرۆک و پردی قەندیلی تێكەڵ كرد، خۆی كردنەوەكەی باس كرد ئەوە پردی قەندیل بوو نەک قەسرۆک، قسرۆک تا ئەم كاتەش نەكراوەتەوە، برادەرانی بادینان دەزانن لەسەری دا تێپەڕ نابن، بەڵام مەسەلەی پارەكە وەرگیرێ بەڕێز كاک د.سەلاحەدین حەفید ئامادەیە لە كاتی خۆی وەزیری دارایی بووە، لەگەڵ من كە سەحبمان كرد لەگەڵ كاک مەلا محەمەد وەزیری ئەوقاف كە وەزیری ناوخۆ بوو بە وەكالەت كە پێویستی هەبوو هەر سێ لا هاوكارییەكیان هەبێ وەكو خاڵی گومرگ وەكو ئەمن وئاسایشی ئەم شوێنە وەكو ئەشغال ونیشتەجێ كردن، بەڵام كاک سەلاحەدین حەفید گوتی دەمەوێ وەزارەتی دارایی ئەو شتە بكات لەلایەک لەدەستی من وەرگیرا كە بۆتە مسئوولیەتی دارایی، بەڵام نازانم تا ئەو ساتە چەند ملیۆنیان وەرگرتووە چیان كردووە باوەڕناكەم هیچ شتێكیان كردبێ ئەو فیشەیەی كە باسی دەكەن لەكوێیە نازانم(٤٠) دیناری وەردەگرت(٥٠) دیناری وەردەگرت ئێمە وتمان (١٠)دیناریش بێ زۆرە، بەڵام تا ئەم ساتە ڕێگە بەمە نەدراوە بە رەسمی لەئەنجوومەنی وەزیران، بەو ناوەی كە ئەمە ئیشی داراییە، ئەوەش ڕاستییەكە كاكە دكتۆر بۆ شاهێدی لێرەبوو كاک جەمیل سندی باسی مواصفات (٩٥٪)ی كرد هەر چەند خوشكە نەهلە باسی كرد، بەڵام من لێرە ئەمەوێ شتێک روون بكەمەوە، ئێمە بەرپرس بووین لەو (١٥)سانتیمەی چینی دوایی لەگەڵ ئەو ئیسفەلتە، بەڵام بناغە بناغەكەی ئێمە لێی بەرپرسیار نەبووین، كە بڕیاری لەسەر هەبوو نەلە نەخشەی ئێمەشدا بوو گوتیان وەرە ئەو(١٥)یە بكە، كردم ئەو (١٥)یە لە (٩٥٪)ی ناجح بوو، بەڵام ئەگەر(١٠٠٪) ناجح بێ لەسەرەوە و لەژێرەوەش هیچ وپووچ بێ هەر ئەشكێتەوە ئەوە ڕاستیەكەیە كاک ئیبراهیم باسی كرد لەقسەكانی خۆی

بنچینەکە ئەگەر هیچ بێ هەر چەند ئەو ئەسفەلتە ناجح بێت ئەو چینە هەر دەشکێتەوە و تەحەممولی نییە لەسەرەوە راستە ناجح بوو، بەڵام لەخوارەوە سەرکەوتوو نەبوو بێجگە لە هۆی دیکە کە باسی کرد کاک ئیبراهیم بە زانستی قسەی کرد من نەم ویست درێژەی پێ بدەم وبە زانستی باسی بکەم عەردەکە کەم نەزیرە، بەڵام بنچینەکەی هیچ بوو. دوایی باسی پردی قەسرۆک کرا دیسان ئەڵێم من باسم کرد بڕیاری ئێمە نەبوو نەخشەی ئێمە نەبوو، بەڵام ئێمە زۆر هەوڵمان دا لەگەڵ ئۆفدا و(SCF) ئەو ڕێیە هەر نەچێتە خوارێ و بگەڕێتەوە سەرەوە ڕێک لەگەڵ شاخەو شاخ بچێت ڕێگەی کۆنی زەمانی شۆڕشی ئەیلول کراوە ئەو ڕێگەیە ویستمان دیسان بیکەینەوە، بۆ تەصمیمی پردەکە (٤٠) هەزارو(٥٠٠)دۆلار بوو نەک ئەوە (٤٥٠) ئێستا تەرخان کراوە لەئەتروشەوە تا قەندیلیش بۆهەمووی ڕێگە قیرێژ کردن ودروست کردن وچارەسەری کردبوو، کاک مەلا طە باسی قیرتاو کردنی ئەو شوێنەی کرد ئەو شوێنەش نەخشەی ئێمە بوو بەڵام لە نەبوونی تواناو وپارە یانی وازمان لێ هێناو، نەمان توانی بیکەین کاک ئیبراهیم دیارە تێبینی خۆی بەر لە دانیشتنەکە نووسی بوو ومەسەلەی هۆی سەرنەکەوتنەکە نەک تەنیا قیر بوو قیر فەشەل بوو بنچینەشی هەبوو نەک هەر یەک فەشەل، فەشەلی موتەراکم بوو، بۆ مەسەلەی ئەو پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە لەو بارەیەوە تەنیا چواردە لەسەدی چل و هەشت ملیۆن بوو، کە حەوت ملیۆنم بۆ سەرف کراوە لەسەرجەمی چل وهەشت ملیۆن، ئینجا تصور بکەن کە چواردە لەسەدی بودجە بەمن بدرێ سەرف بکرێ لەدارایی چ ئەتوانم بکەم، واتە هەشتاو شەش لەسەد نەگەیشتۆتە دەستم لەوانەیە هەندێ وەزارەت لە سەدا سەد بۆی گەیشتبێ، بەڵام من ئەوەبوو حەقیقەتێک و ئەوەش ئەتوانرێ لێی بکۆڵدرێتەوە واتە چەندم بۆ سەرف کراوە تائێستا نامەوێ دەربچم لە بابەتەکە وسیاسەتمان ئەوەیە هەر چەند بتوانین لەڕێکخراوەکانی (N.G.O) کەسب بکەین باشترە بەمەرجێک هاریکاری لەگەڵ وەزارەتدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەروخسەتتان، با من موقاتەعەیەکی گچکەی جەنابی وەزیر بکەم، نازانم ئەتوانی موراجەعەی (UN) بکەی کە مونەسەقی ڕێکخراوەکانە؟ چونکە وەزیفەی ئەوانە و دەزانن، هەر ڕێکخراوێک چی ئەکات.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا/ وەزیری ئەشغال :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جوهر ئەوە مەبەستم (١٫٢٥٠) ملیۆنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەتوانین تەئکید کەین وبزانین ئایا دراوە یان نەدراوە، پێویستە ئەوە بکرێت.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ منیش لەگەڵتانم کە( SCF) بازنەیەکی ئیضافییەو چونکە ئەوان ئیشیان منداڵ پارێزیی یە نووسینگەکانیان مەسەلەن ئیشی منداڵان بکەین یان شتێک بۆ منداڵ بکەن، بەڵام ئەوان لێیان داوا کرد خۆیان رەتیان کردەوە کە حەلەقەی وەصل بن، بەڵام سەپێندرا لەسەریان کە بەردەوام بن چونکە خۆیان بەڵێنە کۆنەکە بەناوی ئەوانە، خۆیان نەیان دەویست مەسەلەی خەرجی ئیداری راست دەکات کە زۆر گەورەیە یەکجار زۆر گەورەیە، یەعنی لەدەستی ئێمەدا نییە ودەبێ هەروەکو گوتم حکومەت وپەرلەمان حەرەکەت بکەن پێکەوە، کاکە د.رزگاریش ئەڵێ بۆ وەزارەت وەری نەگرت ئەو ئیشانە بۆ قۆنتەراتچی گرتی، ئێمە ناتوانین شەرە بۆکس بکەین لەگەڵ ئەو قۆنتەراتچییانە ولەگەڵ ئەو رێکخراوانە ئێمە تەنیا بەنووسراو ئاگادارمان کردوونەتەوەو هەڵوێستمان وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێ لە مەرجەکانی کارکردنی ئەو رێکخراوانە ئەوەیە کە مولزەمن بەیاساکانی ئەو وڵاتەوە کە کاری تێدا دەکەن، بۆیە دەبێ پێیان بڵێین.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان دەگەڕێمەوە سەر باسی(٧٤) هەزارەکە د.رزگار لەزۆر شوێن کە عەقدێک دەکرێ لەگەڵیان پارە دەمێنتەوە دەتوانرێ بەو پارەیە شتی دیکەی پێ بکرێ. بۆ نموونە: ئەمڕۆ کارمەندانی دهۆک هەردووک فەرمانگەی ئێمە پاسیان نەبوو لەو پارەی پاسیان پێ کری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بەخەستی وەڵام بدەرەوە، هەی بێ قەزابی.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لە برۆکسل بووین باسی ئینجۆیەکان و پەیوەندییان کرا، بەڵام تەنیا قسە بوو تا ئێستاش قسەیە کاکە بەداخەوە بریارەکانی ئەوێ تائێستاش قسەیە، بەڕێز مەلا مەحمود دێرەشەوی ئەڵێ (کیف تم أستلام الطریق) واتە ئێمە وەرمان نەگرتووە لەبەرئەوە ئێستا لەسەری بەردەوامین، لەسەر ئیشەکە بە پێچەوانەوە ئێمەش لەگەڵ ئەو رایەین کە ئەو خەلەلە هەبوو وەرمان نەگرتووە تا ئەم لەحزەیەش رێگاکە وەرنەگیراوە ئەو رێکخراوەی کە ئۆفداش منسجم بوو لەگەڵ رایمان ئێمە کە ئەو پارەیەی کە مابووەوە ئەگەر ئێمە وەرمان گرتبایە، ئەمڕۆ ئەم ئیشەمان بێ تەواو دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، راپۆرت خوێنرایەوە، رەخنە گیرا، وەزیر رای خۆی روون کردەوە، ئەی چارەکەی چییە؟!. ئایا بڵێین خواحافیز وتەواو؟!. بەداخەوە ئێمە عادەتەن کە گفتوگۆی راپۆرت، یان بابەتێک دەکەین تەنها گفتوگۆی دەکەین بێ ئەوەی ئامانجەکە دیاری بکەین، بەڵام ئەمە کێشەیەکە پەیوەندی بەیەک ملیۆن و(٢٥٠) هەزار دۆلارەوە هەیە، کە نزیکەی نیوەی بودجەی ساڵێکمانە، چی بکەین باشە؟ یا هەروەها وازی لێ بێنین؟!. من حەزدەکەم دوو رەئیم گوێ لێ بێت، دوو کەس دوو برادەر را بدەن کە چ بکەین.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راپۆرتی وەزیری ئەشغال هاتووە دەڵێتن من دەست نیشانی خەلەلەکەم کرد، بەجەنابی سەرۆک وەزیرانم گوت سەرۆک وەزیرانیش بەمنی گوت خۆت کرکە وئیشەکەی بڕوێنە ئەوە یەک قۆنتەراتچی کەمتەرخەمە چی بەرامبەر کرا چونکە بەگوێرەی یاسا..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید تکا دەکەم ئێمە چی بکەین؟ ئەمە گفتوگۆ کرا وهەمووی دووبارە کرایەوە. بەڵام ئێمە ئێستاکە لەم دانیشتنەدا چی بکەین؟!.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محاسبە، محاسبەی کەمتەرخەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من محاسبە کردنی کەمتەرخەم نامان گەیێنێتە.هیچ، تەنیا ئەوەیە ئەو خەڵکانەی کە کەمتەرخەمییان کردووە لەئیش وکارەکانی خۆیان بەسزا بگەن، بۆ ئەوەی (عسی ولعل) لەدوایی با دووبارەی نەکەنەوە، بەڵام من دەڵێم یاسای رێکخراوەکانی مرۆڤایەتی کە دەبێ دەربکرێ چونکە هەتاکو ئێستا لە پەرلەمانەوە هیچ شتێکی وانییە وەئیشارەتێکیش دراوە بەوە، بڕیارێکی تایبەتی پێ دەردەچێ ئەمە یەکەم، دووەمیش بەزووترین کات لیژنەیەکی نەخشەکێشان یا ئەنجومەنی نەخشەکێشان یاخود وەزارەتی نەخشەکێشان هەر چ ناوێکی هەیە کە سەر بەسەرۆکایەتی وەزیرانە بەسەرۆکایەتی هەرێمە بەهەر چ جێگایەک دابنرێت بۆ ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان ئەمە ئامانجێکی سەرەکیمانە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەی ئۆفدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەگەڕێرەوە تکایە، ئێستا چ بکەین یەک پرسیارە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بکەین لیژنەیەک لەسەرچاوەی ئۆفداوە بێت پرۆژەکە وەرگرێ ئەگەر ئەو پێی رازی بێت ئێمەش پێی رازین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تەواو رایەکە روونە ئەگەر بکرێت، ئێمە باسی نەخشەکێشانمان نەکرد، بەلام لەپێشنیارێکدا هەیە کە یاسای نەخشەکێشانی ناوەندی کوردستان پەلەی لێ بکرێت، وابزانم پرۆژەیش بەدەستەوەیە لەوەزارەتدا ئەگەر ئیشتباهم نەکردبێ ئەوە با پەلەی لێ بکەین ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی (N.G.O) یەکانیش دەبێ پەلە بکەین لیژنەیەک دروست بێت لەپەرلەمان بەپەلە ئەو کاتە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆندا قسە دەکەین بۆ ئەوەی بە هەم ئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکات، لیژنەی ئاوەدان کردنەوەش با بەردەوام بێ لە بەدواداچوونی ئەو راپۆرتە، ئەمە پێشنیاری ئێمەیە لەراستیدا با بەردەوام بن لەسەر ئەوەو لایەنە کەمتەرخەمە کە دیاری بکەن مادام ئەوان هەموویان گەلالە کردووە، ئێستاکە زۆریشی تیا نەماوە بە بەرچاویان روونە بابزانین ئەو لە رێکخراوی ئۆفدا ئەو کەمتەرخەمە کێیە؟ بۆمان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی چەن مەسەلەیەکی تریش هەن ئەگەر هاتنە پێشەوە باسی ئەکەین. بۆ بابەتی ئێستاش ئێمە وتووێژێکمان کردووە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆندا، رێکخراوی (N.G.O)ی کوردستانی و ، رێکخراوی (N.G.O)ی دەرەوەش زۆرن لەکوردستاندا، کەچی هەتاکو ئێستاکە نەپەرلەمانی کوردستان نە حکومەتی هەرێمی کوردستان نازانن ئینجازاتی ئەمانە چیەو چنە، فەرموو هەمووتان وئەوە لیژنەی گەشەپێدانی ناو پەرلەمانیشە با هەڵبستێ بلێ ئەوەندە خانوو ئاوەدان کراوەتەوەو، ئەوەندە نووسینگەیان هەیە وئەوەندە پرۆژەیان هەیەو ئەوەندە پارەیان خەرج کردووە. بۆیە پێشنیارمان کرد لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنیش قسەمان کرد کە دوای ئەم دانیشتنە بەهاوکاری لیژنەی گەشەپێدان لیژنەیەکی پەرلەمانی بەزووترین کات دابمەزرێنین، ئەگەر دەست پێ بکات لەهەفتەی ئایندەدا سەردانی هەموو رێکخراوەکانی کوردستان ورێکخراوەکانی دەرەوەش بکەن بۆ ئەوەی نەخشەیەکمان بۆ بێننەوە وبزانین ئینجازاتیان چ بووە لەکوردستانداو با لەژووری گەشەپێداندا نەخشەیەک هەبێت بلێ ئەوەندە دێیە، ئەوەندە قوتابخانەیە، ئەوەندە نەخۆشخانەیە ئاوەدان کراونەتەوە، ئەوەندە

ڕێکخراویشـمان هەیەکە لەساڵی ١٩٩١ بەم لاوە ئەوەندە پارەیان هێناوەتە کـوردسـتـان و ئەوەندە بەرهەمـیـان هەبووە. جـا تکا دەکـەین کـە ئەمـڕۆ پێش ئەوەی دەرچن با هەردوو فـراکسـیـۆن بێنە سەرەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو بابەتەیان لەگەڵدا باس کەین کە هەر دووکیـان گرنگن. سوپاس، سبەی وەفدەکانیش بەتەئکید حەرەکەت دەکەن لەبەرئەوە ئەوڕۆش دانیشـتنەکە هەبوو، بۆیە حەرەکەتیـان نەکرد لیـژنەی ئاسایی کردنەوەی کـوردسـتـانیش بڕیارە ئەمڕۆ سـەعـات (٥) کۆببێـتەوە لەجیـاتی سبەی ئەویش لـەبەر هەندێ کێشـە کە هەیە، لیـژنەی پەرلەمـانی خـودا حەزبکات سبـەی دەڕۆن بۆ جێگای خۆیان، هەر یـەک بۆ تەوەری خۆی لیـژنەکـانی پەرلەمـانیش لەسبـەوە سـەردانیـان دەکـەین کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵیاندا، لیژنەی کەلتووریش دەبێ سبەی ئامادەبن بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەی کە پێشـکەشی کرد باسی بکەین لەگەڵیاندا و بەزووترین کات دەستی پێ بکەن و لەم هەفتـەیەدا ئیشی خۆیان بکەن لەو بەرنامەیەی کە دایان ناوە. سوپاستان دەکەین دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## دەقی راپۆرتی لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدان کردنەوە
## ژمارە: ٢٣، بەرواری ١٩٩٤/٨/٣
## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

## ب/ راپۆرت

لەسەر پێشنیاری لیژنەکەمان و رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لیژنەکەمان هەڵسا بەلێکۆڵینەوە دەربارەی تێک چوونی رێگای هەولێر ودهۆک کەلەلایەن وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن ئەنجام درا، چاک کردنی ئەم رێگایە لەلایەن رێکخراوی SCF و وەزارەتی ئەشغال وەک موقاویل ئیشەکە بەرێ کراوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارە لەسەرچاوەوە هی رێکخراوی ئۆفدای ئەمریکیە کە بەرێگەی رێکخراوی SCF سەرف دەکرێت نەک راستەوخۆ.

* رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٤/١٦ لیژنەکەمان سەردانی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنی کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئەشغال کۆبۆوە، لەهۆیەکانی تێک چوونی رێگاکەی کۆڵییەوە وهەندێک پرسیاری لەو بارەیەوە وەڵام داینەوە لەنێو ئەو پرسیارانە دا ئەمانەی خوارەوە بەدی دەکرێن:

أ- وەزارەت بۆدجەی ئامادە کراوی نەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وەکو بەڕێزی ووتی، بەشی زۆری مەکائن وسەیارات وکارگەکانیان پەکیان کەوتبوو هەوڵیان داوە رێگایەک بدۆزنەوە ئیشێک بکەن بۆ ئەوەی هەندێ پارەیان لێ ی دەسکەوێ بۆ چاک کردنەوەی هەندێ لەم پێویستیانە لەگەڵ ئەوەشدا کە چاک کردنی رێگای دهۆک بەئیشی خۆیان دەژمێردرێ، رێکخراوی SCF هەندێ پارەی لەئۆفدا وەرگرتووە ئەمان نەیانزانیوە پارەکە چەندە وئۆفداش ئاگاداری هیچ لایەنێکی نەکردووە لەبری پارەکەی کەدانراوە بۆ ئەم کارە و وا دەردەکەوێ کە ئەوانیش بەدەفعات پارەیان وەرگرتووە ئەوەی لەسەرچاوەی سەرەکی خۆیان داوا کراوە.

ب- لەبارەی مادە (فلر) کەلە ئیشی قیر کردنی رێگاکە دا بەکار نەهێنراوە بەڕێز وەزیر ووتی ئەو کاتە من لەدەرەوە بووم وەزیر بەڕێز کمال شاکربوو، لەبەرێوە بەرایەتی رێگاوبانی دهۆک نووسراوێک ئاراستەی وەزارەت کراوە کە پێویستە (فلر) بەکاربهێندرێ لەئەنجامی نۆرینی تاقیگەیی، بەڵام رێکخراوی SCF رازی نەبوو بەسەرف کردنی پارە بۆ ئەم مەبەستە و ئەگەر بهاتبا مادەی چیمەنتۆیان بەکار هێنابا نزیکەی ملیۆن دینار بەرەو ژووری دەویست وئەگەر (فلر) یان لەبەرد دروست بکردبایە، هەندێ پێویستی تایبەتیان دەویست وەکو (طاحونە ـ ئۆتۆمبێل ـ گواستنەوە ـ اجهزە ـ کوادر) کەئەمەش تەکلیفی زۆرە، لەو کاتەدا بەڕێز وەزیر

بەوەکالەت لەبەر ئەوەی ئەو پارەیە لە بۆدجەی خۆیان نەبووە ونەی توانیوە لەسەر حسابی وەزارەت سەرف بکات بۆیە ناچار بوو داوا بکات، بۆ نەوەستانی کارەکە ئیشەکە بێ فلر ئەنجام بدەن وکاتەکەش پێش وەرزی زستان بوو ئەگەر دواکەوتبایە ئیشەکە نەدەکرا بەم جۆرە ئەو تەبەقە قیریە کەلەجۆری STABLIZER دروست کراوە بەبێ فلر.

ج- ئەو قیرەی کەوەزارەت هەیەتی لەساڵی ١٩٧٥ وە کراوەتە چاڵەوە نزیکی زاخۆ وهەندێ شوێنی تر لەوێ نیشتوویانە ـ حفظ کراوە، ڕێگای گەرم کردنی قیرەکە بۆ دەرهێنانی لەچاڵەکە ڕێگەیەکی بەرایی یە کە کاردەکاتە سەر توانای قیرەکە ئەویش ڕێگای گەرم کردنەکەی بەپرێمز.

* ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤/١٨ لیژنەکەمان بەرەو دهۆک بەرێ کەوت ولەرێگا سەردانی پردی قەسرۆک وڕێگای قەسرۆک ـ بلان مان کرد بەئامادە بوونی بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبانی وەزارەت وزۆربەی ئەندازیارانی کەسەرپەرشتی ڕێگاوبانیان دەکرد وسەیری ئەو شوێنانەمان کرد کە تێک چوون، زۆربەی ئەستووری تەبەقەی قیر نەدەگەیشتە (١٠)سم معدل لە (٧)سم تێ نەدەپەری.

* ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٤/١٩ لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی دهۆکمان کرد کەبەشێک لەئیشی چاک کردنی ڕێگاکە بەوان سپردرا بوو کەئەویش:

١- صیانەی ڕێگای زاوێتە ـ ئەتروش ـ بلان درێژیەکەی (٤٤) کیلۆمەترەیە کەلەناو ئەتروش ـ ئازاخ تەنها چاڵەکان پر کراونەتەوە بەبەردی شکاو ومەوادی چینی (BINDER) درێژی ئەم بەشە (٣٨) کیلۆمەترەیە.

٢- داپۆشینی ڕێگاکە لەئازاخ بۆ گەلی بلان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

أ- هەڵگرتنی ئەساسی کۆنی ڕێگاکە وتەعدیل کردنی.

ب- دانانی چینێک بەردی شکاو بەئەستووری (٢٠)سم وکوتانەوەی.

تێبینی ئەم دووخاڵە (أ،ب) ی سەرەوە درێژیەکەیان (٦) کیلۆمەترەیە.

٣- داپۆشینی ڕێگاکە (وضع طبقة) بەچینێک لەجۆری(BINDER) بەئەستووری (٧)سم لەپاش پەستانەوەی وبەبەردی شکاو لەجیاتی چەو و لم بەدرێژایی (٥)کیلۆمەتر.

٤- دانانی چینی STABLIZER بەئەستووری (١٠)سم پێش کوتانەوە بەدرێژی یەک کیلۆمەتر، ئەم کارە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆک پێی هەڵساوە.

کولفەی ئەو ئیشانە کەئەشغالی دهۆک پێی هەڵساوە کەلەرێکخراوی **SCF** وەرگیراوە (٩٨١٠٠٠) دینار هەتا تەواو بوونی ئەم کارە بڕی (٩٠٧٠٠٠) دینار سەرف کراوە و (٧٤٠٠٠) دینار ماوەتەوە وەکو زیادە (وفر) بۆدائرەی ئەشغال.

رای بەرێوەبەرایەتی ئەشغالی دهۆک سەبارەت بەئیشەکەی ئەمانە خوارەوەیە:

ـ ئەم کارانە زۆربەی لەوەرزی زستان ئەنجام دراون ماوەیەکی کورتی هەبوو لەو ماوە کورتە ئەم هەموو ئیشە گرانە بەگوێرەی پێویست ئەنجام نەدراوە.

ـ (فلر) یان چیمەنتۆ بەکار نەهێنراوە لەتەبەقەی قیرەکە ئەمەش کاردەکاتە سەرئیشەکە.

ـ لەپێشان رێکخراوی SCF رازی نەبوو بۆ ئەو تەجاوزاتانەی تاقیگەی بیناسازی (فحوصات مختبریە انشائی) لەسەر کارەکە لەدوایی دا رێکخراوی ئۆفدا رازی بووە کە فحوصات بکرێ، بەڵام ئەنجامەکەی چاک ناکرێتەوە،

ـ شانەکانی رێگاکە (اکتاف الطریق) لەلایەن موقاویلی ئەهلی ئەنجام دراوە وفحوصاتی لەسەر وەرگیراوە وزۆربەشی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام رێکخراوی SCF پارەی موقاویلەکەی سەرف کردووە بەبێ ئەوەی ئیشەکەی پێ چاک بکاتەوە ئەوەی کەسەرکەتوو نەبووە.

* لەهەمان رۆژدا رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٤/١٩ لیژنەکەمان سەردانی بەرێوەبەرایەتی رێگاوبانی دهۆکی کرد باسی لەچۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ئیشەی ئەم رێگایە کرا کە بەرێوەبەرایەتی رێگاوبانی دهۆک پێی هەڵسا بوو، ئیشەکەی ئەم بەرێوەبەرایەتیە بریتی بوو لەوانە:

أ- رێگای بلان ـ قەسرۆک (١٨) کم لەپێچەکانی قەسرۆکەوە هەتاوەکو دەگاتە بلان.

ب- دانانی (١٥)سم تێکەڵە پاش لابردنی قیری سەر رێگا بۆ بەهێز کردنی طبقەی ئەساس. لەسەرەتاوە داوای SCF ئەوەبوو کە رێگاکە تەنها ئەم چینە، لەتێکەڵە بێت.

جـ- لەدواییـــدا SCF بەهەوڵی خۆی لەگەڵ رێکخراوی ئۆفدا پارەی تریان وەرگرت بۆ ئەوەی چینێک STABLIZER بە ئەستوری ١٠ سم پێ کوتانەوە بخرێتە سەر (١٥)ی سم پێشوو وزۆربەی ئەم ئیشە لەسەرەتای وەرزی زستاندا بووە. رای بەرێوەبەرایەتی رێگا وبانی دهۆک لەبارەی سەرنەکەوتنی کارەکە ئەوەیە:

١- ئەصلی ئەم رێگایە دروست نەکراوە بۆ ئەوەی ئەم گرانیەی بەسەر دابێت.

٢- (فلر) لەچینی STABLIZER بەکار نەهاتووە.

٣- رێگای گەرم کردنی قیر لەچاڵە قیرەکان رێگایەکی (بدائی) بووە، کە دەبێتە هۆی خراپ بوونی قیرەکە.

* لەهەمان رۆژدا لیژنەکەمان سەردانی پارێزگاری دهۆکی کرد لەگەڵیان کۆبۆوە بەدووردرێژی باسی لەم مەسەلەیە کرد وبەرێز پارێزگاری دهۆک تەئکیدی لەسەر ماندووبوونی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی رێگاو بانی دهۆکی کرد کە تاشەوئیشیان کردووە وئەوەش جێی داخە کە هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبووبێ.

* رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٤/٢٠) چاومان بە بەرێوەبەری تاقیگەی بیناسازی دهۆک کەوت ئەویش رای ئەوە بوو:

١- فحوصات نەکراوە لەسەر بنچینەی رێگاکە چونکە رێکخراوی SCF داوای ئەوەی نەکردووە ئەساسی لابېردرێت ورێگای تازە دروست بکرێت تەنها ئەوەبوو دانانی (١٥) سم تێکەڵە.

٢- فحص کراوە لەسەر ئەو تێکەڵەیە کە (١٥) سم دانراوە.

٣- فحوصات لەسەر تێکەڵە بەرێژە ی لە (٩٥٪) مواصفاتی ASTM ی ئەمریکی هەر (٢٠٠)م نموونەیەک وەرگیراوە.

٤- نۆرینی کەرستەی قیری کراوە هەندێ جار ئەنجامەکەی سەرکەوتوو نەبووە هۆیەکەی ئەوەیە کە (فیلر) ی تێ نەکراوە.

رێکخراوی SCF وتی من ئامادە نیم بۆ پەیدا کردنی پارەو سەرف کردن، بۆیە وەزارەت داوای کردووە بێ (فیلر) ئیشەکە ئەنجام بدرێ.

* رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٧ لیژنەکەمان سەردانی رێکخراوی SCF ی کرد لەهاوینە هەواری شەقلاوە ولەگەڵ لێپرسراوی رێکخروەکە (خاتوو برونە ریویس) وئەندازیاری سەرپەرشتکاری ئیشەکە کۆبووە باسی لەئەنجامدانی رێگاکە کرد بەم جۆرەی خوارەوە و، راو بۆ چوونی ئەوان بۆ سەرنەکەوتنی کارەکە ئەمانە بوون:

١- لەرێکخراوی SCF وەپێیان راگەیاندین کە ئەم کارە کارێکی کاتی یە بەس بۆ گەیاندنی شتومەکی فریاکەوتنە (مواد الاغاثە) لەکاتی خۆیا ولەسەرەتاوە بریتی بوو لەدانانی چینی (١٥) سم ئەساس، ئەم کارەش بەماوەی (٦٠) رۆژ ئەنجام درا، پاش ئەوە پێیان راگەیاندین کەپێویستە لەسەر ئەم چینەش چینی STABLIZER دابنێین.

٢- جۆری قیرەکە لەقیری ژمارە (١٣٠) یە ئەو جۆرێکە بۆ کاری اسفلت بەکار ناهێندرێ و نەمانتوانی قیر لەدەرەوە بهێنین.

٣- گەرم کردنی (تاوانەوە)ی بەرێگایەکی سەرەتایی بووە لەناو چاڵە قیرەکاندا ئاگری پرێمزەکان ئەو قیرەی کەلەدەوروبەری پرێمزەکەوە بووە دەسووتا وهێشتا بەشێکی تری ساردبووە، بەم جۆرە کاری دەکردە سەر توانا وهێزی قیرەکە ـ ئەمەش لەچاڵە قیرەکانی زاخۆ ـ بەڵام لەچاڵەکانی سەرسەنگ کەبەمنظومەی هەیدرۆلیکی گەرم دەکرا زۆری لەهیدرۆلیکەکە لەبۆریەکان دەچووە ناو قیرەکە (لیکی تێدا بوو) ئەمەش کاری دەکردە سەر توانای قیرەکە.

ئەم رێکخراوەش هەمان رای هەیە کەئەم رێگایە رێگای سەرەکی نییە بۆیە تەحەمولی ئەم جۆرە قورسایی یە ناکات.

## ڕای لیژنەکەمان:

### بەڕای ئێمە هۆی سەرنەکەوتنی ئەم ڕێگایە دەگەرێتەوە سەر:

١- ئەم ڕێگایە هی ئەم بارە قورسانە نییە وڕێگاکە لەسەرەتاوە بەگشتی پێویستی بەوە هەیە چینێکی تازە لە BINDER بخرێتە سەری دەنا لەماوەیەکی کەمدا هەموو ڕێگاکە تێک دەچێ وبەشی زۆری قیری سەر ڕێگاکە ڕوبی وە چەوی لێ بۆتەوە وزبر بووە.

٢- ئەنجامدانی بەشێک لەم کارە لەزستان کراوە، کە کاری قیر ناو ئاودا سەرکەوتوو نابێت.

٣- ئەو چینەی تێکەڵە کە دانراوە بۆ ئەم شوێنە بە ١٥ سم کە خۆی شوێنێکی زراعیە وئاوی ژێر زەمینی نزیکی (٥٠)سم و، لەژێرەوە بەبەردی شکاو چینی (فلتر) ئاو پالێوی بۆ دانرابا ولەکەناری جادەکە جۆگەی سەرف کردنی ئەو ئاوەی بۆ ئەنجامدرابا بەقوڵایی ٧٠ سم - ١م بۆ تەصریفی ئاو ودەبوایە لایەنی فەننی لەوەزارەت پێش کردنی کارەکە سەردانی ئەو شوێنانەیان بکردایە، هەر شوێنی بەپێی پێویست چارەسەریان بۆ دانابایە، یان بە نووسین ئاگاداری ڕێکخراوەکەیان بکردبایە کە (١٥)سم تێکەڵە چارەسەری ئەمە ناکات خۆتان لێپرساون لەئەنجامەکەی.

٤- دەبوو هەوڵ بدرایە کە فلر پەیدا بکرێت یان چیمەنتۆ بەکار بهێندرێت لەجیاتی فلر ئەگەر نا دەبوو بەمەوادی ووردیلە (مواد ناعمة) تێکەڵ بەو مەوادانە بکرایە کە بۆ STABLIZER بەکاردەهێنرێت کە شوێنی فلر دەگرێتەوە.

٥- ئێمە واتێ گەیشتین کە ڕێکخراوەکە کادری فەننی کەهەیەتی لەمستوای بریار دانین بۆ ئەم جۆرە ئیشانە چونکە ڕەنگە شارەزاییەکی تەواویان نەبێت لەکاری جادە دروست کردن یان چاک کردنی جادە ئەگەر ئەوەیان ببوایە دەبوو هەر شوێنێک بەگوێرەی پێویستی شوێنەکە ئەنجام بدرایە، لەهەموو کاتێکدا ١٥ سم تێکەڵە بەس نییە بۆ ئەساسی ئەم ئیشە.

٦- چینی STABLIZER کەدانراوە بە (١٠)سم پێش کوتانەوە کە لەپاش کوتانەوە ٧سم دەردەچێت بەس نییە بۆ ئەم جۆرە کارە پێویستی بە (٢) چین هەبوو یەکێک (١٥) سم STABLIZER و ئەوی تریان (٧)سم BINDER هەردووکی پاش کوتانەوە.

٧- پردی قەسرۆک ڕێکخراوەکە دروستی کردووە لەڕێی موقاویلی ئەهلیەوە، پاش ئەوەی بە موقاوەلەکە تەواو نەکراوە، داویانە بە وەزارەتی ئەشغال تەواوی بکات لەپاش مادەی پردی (بێرلی) کە بۆ پردی ئیبراهیم خەلیل هاتووە، لەبەر ئەوە ئێمە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن بە لێپرسراو نازانین لەشوێنی پردەکە لەگەڵ ئەساس وپایەکانی پردێکی تر هەیە دەبوو هیچ نەبێ (٢٥)کم یان (٣٠)کم لەسەر پردی حسێنیە بوایە، ئەمە درێژی ڕێگاکەشی کورت دەکردەوە بەڵام پێویستی بەوە هەبوو (١٥)کم ڕێگای بۆدروست بکرێت.

٨- ئەو پردە پێویستە ئاگاداری هەمیشەیی بکریت لەکۆی زستان داو بەبەردەوامی سەیری ژێر پایەکانی وئەم بەرو ئەوبەرەکەی بکرێت وهەر کاتێک دیترا کە لایەکی لافاو بردوویەتی لە جۆگەلەکەی دەوروپشتی پایەکان، دەبێت بەردەوام پر بکرێتەوە وئاویش دابەش بکرێت بەسەر بۆشاییەکاندا **River Rendaring**.

٩- ئەو قیرەی کە **Grad**ی لە ١٣٠ یە بۆ ئەم کارە بەکار ناهێندرێ خۆی **Grad** ی ٨٠،٦٠ بۆ ئەم کارە بەکاردەهێنرێت ئەگەر فیلرەیان بەکاربهێنایە ئەو ناتەواوی قیرەی پردە کردەوە، لەبەرئەوە رووبەرووی مادەکانی زیاد دەکرد، یەکگرتن زیاتر دەبوو، رێژەی قیر زیاتر بەکار دەهات و، لەکاتی کوتانەوە دا باشتر یەکی دەگرت.

١٠- رێکخراو ئۆفدا ئەم ساڵ هەندێک پارەی تەرخان کردووە، بۆ چاک کردنی ئەو بەشەی رێگاکە ودوو شوێنی تر کەبریتین لە:

أ- قیرتاو کردنی چینی **BINDER** بۆ ئەم بەرو ئەوبەری پردی قەندیل.

ب- قیرتاو کردنی چینی **BINDER** بۆ ئەوبەرو ئەوبەری پردی قەسرۆک.

ج- دانانی چینی **BINDER** بۆ سەر ئەو بەشەی بلان ـ قەسرۆک کەسەرکەوتوونەبووە بەرای ئێمە ئەم کارە ئەم ساڵ ئەگەر بەباشی ئەنجام بدرێ وچاودێری یەکی باشی بکرێ لەلایەن هەموولایەکەوە زۆربەی ناتەواویەکان پر دەکاتەوە.

١١- بەرای ئێمە هەموو لایەنێک لە (وەزارەت ـ ئۆفدا ـ **SCF** ـ رێگاو بانی دهۆک تاقیگەی بیناسازی دهۆک) لێپرساوون لەسەر نەکەوتنی ئەم کارە.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٢٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٢٥

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- خستنەڕووی هەوڵ وکۆششەکانی ئەو وەفدە پەرلەمانییانەی کە کاری بەدواداچوونی چەسپاندنی ئاشتی وئاسایی کردنەوەی باری کوردستانیان پێ سپێردراوە.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خاڵێکە، ئەویش خستنە ڕووی ئەو هەوڵ و کۆششەیە، کەهەر چوار وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان ئاسایی داویانە ئەو برایانە لە دوا سەردانیان بۆ تەوەرەکان، هەروەفدێک تێبینی خۆی دا بەسەرۆکایەتی، ئەوەبوو جگە لە کۆبوونەوەکانی دیکە، لیژنەی ئاسایی کردنەوە لەدوا کۆبوونەوەیدا، بەڕێزان هەردووکیان ئامادە بوون تێیدا، لەو ێندەرێش بۆ چوونی خۆیان باس کرد لەبارەی ئەو بارەو ئەنجامەکەشی بووبە ئەو بڕیارانەی کە هەموو لایەکتان ئاگادارن، جا ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆمان تەرخان کرد، بۆ ئەوەی برایان، سەرۆکی وەفدەکان بەتێرو تەسەلی باسی ئەو بارە بکەن و تەقەللای خۆیان باس بکەن و تێبینیەکانی خۆیان دیاری بکەن و بەتەئکید پێشنیاریشیان هەیە، چونکە کێشەی ئاسایی کردنەوە لەسەرەتاوە هەنگاوی باشی نا، بەڵام دوایی سەبر سەبر ساردبوونەوە و مەترسی یەک لە لای خۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، لەلای خەڵکە، لە لای زۆر لە ڕێکخراوەکانیش سەری هەڵداو سەردانی ئێمەیان کرد، لەوە دەترسان خوانەخواستەئەم تەقەلایەش کەلەم دواییە درا ئەویش وەکو تەقەللاکانی پێش ئێستاکە دراون مردار بکرێتەوە و بارەکە بەرەو ئاڵۆزی بڕوات، جا ئێوەش ئەگەر تێبینییەکتان هەیە، لەسەر چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە یاخود لە ئایندەدا چ

بکەین ئەوە پاشان ئەبێتە جێگای گفتوگۆ. ببورن من تازە بابەتم لەبیرچوو تازەبابەتیش ئەگەر شتێ هەیە بفەرموون؟

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەرچەندە هەقە، لە ئێستاوە ئێمە خەریکی بودجەی ساڵی ١٩٩٥ بین، بەڵام لەبەر ئەوەی بودجەی ساڵی ١٩٩٤یش تا ئێستا تەواو نەبووە وقسەی لەسەر نەکراوەو نەچەسپاوە، من پێشنیار دەکەم نەختێ قسە لە سەر بودجەی ساڵی ١٩٩٤ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێشنیارێ لەلایەن برایانی فراکسیۆنی پارتییەوە هەیە، کە باسێک لەسەر بودجەی ١٩٩٤ بکەین وەکو پێشنیارێک کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟

کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بەزۆربەی دەنگ قبوڵ کرا کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە. ئێستاش دێینەوە سەرخاڵی یەکەم: کەراپۆرتی وەفدەکانە، کاک حازم سەرۆکی وەفدی سلێمانی و کەرکوک بوو، کـاک عـەدنان سـەرۆکی وەفـدی ڕانیـەو قـەڵادزە کـاک د.ڕزگـار ناوچەی دهۆک و کـاک عـەبدولخـالق سـەرۆکی وەفـدی هەولێـر و دەوروبەری بوو. جا باکـاک حـازم بفـەرمـووێ ڕاپۆرتی وەفدەکەیان پێشکەش بکات.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەندامـانی پەرلەمـان ئەوانەی لەگـەڵ ئەو وەفدانە دەچن زۆر نارەزایی خۆیان نیشـان دەدەن، زۆر دەڵێن ئێمە لە دوا جار لەگەڵ کاک عەدناندا کە چووبوون بۆ قەڵادزە خەریک بووین نەچین دەیان گوت خۆ ئێمە پۆلیس نین لەگەڵیان دەچین، یان ئێمە حیمایەی ئەوان نین، نەپرسێک بە ئێمە دەکرێ نە ئێمە بانگ دەکرێین، دەیان گوت ئێمەش هاتوچۆ ناکەین ئەگەر هەر سەرۆک وەفد شت بێ لەوێ باچەند پۆلیسێک لەگەڵی بچن. یا پێشـمەرگـەیەک لەگەڵی بچێ هەقـە ئێمـە نەچین، چونکە ئەوەی گوتم قسەی من نییە هەقە ئەوان بۆ خۆیان قسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئنجـا ئەبوایە لە کـۆبوونەوەی وەفدەکـە ئەوەبابەتەیان باس بکردایە، منیش نازانم بەڕاسـتی ئەو بابەتە چییـە؟ بەڵام هەمیشـە کـەیەکێ سەرۆکایەتی لیژنەیەک ئەکات، پاش ئەوەی لەگەڵ لیژنەی خۆی دائەنیشێ ئەوجا ڕاپۆرتی خۆیان ئامـادە دەکـەن، ئەوە حەز دەکـەی دوایی لەگەڵ لیـژنەکـان دادەنیشین ئەگەر چ کەمووکوڕیەک هەبوو پاشان باسی دەکەین، بۆ ئەوەی نەیان هێڵێن.

**بەڕێز ســـــیـروان مـــــحـــــمـــــەد نەوروڵی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە ئەوە چوار ڕۆژە ئەو لیـژنەی باڵایە دووبارە کـۆبۆتەوە، ڕووی لەوانە ناوە کـەوا بەو کـارانە

هەڵسن، واتە ئەوە چوار ڕۆژی بەسەرچووە، بەڕاستی حەز دەکەین ئەگەر لەم چوار ڕۆژەدا هیچ کراوە بزانین، چونکە ئەوە چالاکی هەموو لیژنەکانی بەستووە لەو هەفت تەوەرانە کۆبوونەتەوە جا ئەگەر کرابێ، بۆ چی ئێمە خۆمان بەوەوە مەشغول کەین بەڕاستی هەقە ئاماژەیەکی پێ بدەن، ئێمە زانیاریمان هەیە تا ئێستا ئەو بەڕێزانە دەست بەکارنەبوون، هەمووی چوار ڕۆژی ماوە بۆ ڕۆژی پێنج شەممەی داهاتوو گەر بڕیاریان داوە بارەکە ئاسایی بێت جا ئەگەر بکرێت تۆزێ ڕوون کردنەوە هەبێ لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنانە کۆبوونەوەی خۆیان کرد و پاشان ئەو بڕیارە درا کە لەماوەی هەفتەیەکدا ئەو هەفت بڕیارە جێبەجێ بکرێ، ئەوخاڵە سەرەکیبیانەی کە لە هەڵوێستی پەرلەمان و لە بڕیاری ٨/١٥ و لە یاداشتی حکومەت داهاتوون وەکو هەنگاوی سەرەتایی، کە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستانیش دەستی بەکار کرد، بەتایبەتی پاش ٨/٢٩ چونکە لەوێش کۆبوونەوەیەک کرا کە هەردوو بەڕێزان ئامادەی بوون لەماڵی بەڕێز مام جەلال لەوێندەریش (٦) بڕیار درا وەکو سەرەتایەک بۆ ئیش کردن، ئەوە بوو بەرنامەیەک دانرا کەدەتوانم بڵێم هەموو ئەو خاڵانەی کە ئێستاکە ئێمە لێی ئەدوێین بەگشتی گرتەوە، دوای ئەوەش لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان زنجیرەیەک کاری کرد، لەسەرەتاوە حەزم دەکرد بڵێم کە زۆرجار گلەیی ئەکرا، کە گوایە بەرنامەی کار نییە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە لیژنە ئاسایی کردنەوەی کوردستان ئەمجارە بەرنامەیەکی کاری تەواوی هەیە، شتێکی تەواو کە بریتی بوو لە هەڵوێستی پەرلەمان لە ٧/٢٥و ٨/١٥ و بڕیارەکانی پەرلەمان، یان بڕیاری پەرلەمان و یاداشتی حکومەت ئەوە زەمینەیەک بوو یاخود بەرنامەیەک بوو کە ئەشێ کاری بۆ بکرێ وەکو لێرەش چەند جارێک تاکیدی لەسەر کرایەوە وزۆر جاریش لە ڕاگەیاندن دەنگی دایەوە. بەڕێزان هاتنە ئێرە. کە زۆر زۆر گرنگ بوو شەڕ ڕابگیرێ و لێرە دەرنەچوون هەتاکو بروسکەیان کرد، بەڵێ یەک دوو ڕۆژی خایاند، بەڵام شەڕ ڕاگیرا.

هەروەها کێشەیەکی تریش هەبوو کە خەڵک باسی دەکرد ئێوەش باستان دەکرد، کە جێی مەترسی بوو، داخوازیەک بوو بۆ مەسەلەی ڕاگرتنی ئەو شەڕە ڕاگەیاندنە بوو، کە بڕیاردرا نەک بەس ڕابگیردرێ، بەڵکو لیژنەیەکی بەرپرس لەم دواییەدا دروست بوو و، چەند بەرنامەیەکی ئیشی هاوبەشی بۆ ڕاگەیاندن دانا ئێستاکە لە خەزمەتی ئاسایی کردنەوە دایە، ئەمە سەرەتایەک بوو، بە بۆچوونی ئێمە، هەنگاوێکی زۆر زۆر باش بوو، ئەمە بەرنامەیەک و ئالیەتێک بوو، بەس نییە (٦ـ٧) کەس دابنیشن لە ژوورێک و بڕیار بدەن و جێبەجێ نەکرێ، بۆ ئەوەش بەبەرژەوەندمان زانی، لیژنەیەکی سەربازی باڵا دروست بێت کە سەر بەلیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان بێت، ئەرکەکەشی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە بێ کەپەیوەندی بە بارە سەربازییەکەوە هەبێ. ئەوانیش وەک لیژنەیەکی باڵا پێویستیان بە ئالیەتێک هەیە هاوکارییان بکات و، بڕیاردرا لیژنەی شارو قەزاکان دروست بکرێن، بۆ ئەوەی لەو تەوەرانەی کە گەرم و ئاڵۆزن دابنیشن لەگەڵ یەک و، خاڵی یەکەم جێبەجێ بکرێت ئەوەیش دەسنیشان کردنی جێگای کۆ کردنەوەی هێزی لایەنەکان و، چۆڵ

کردنی شارو شاروچکەکانە لە چەکدار، بۆ ئەمە ئەو لیژنە سەربازیە باڵایە چەند کۆبوونەوەیەکی کرد و لیژنەکانی شارو شارۆچکەکانیش چەند کۆبوونەوەیەکیان کرد، لە ئەنجامدا هاتنە پەرلەمان و لێرە ئەو بریارانە پەسەند کران، هەروەها بریارێک درا بۆ دروست کردنی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی شارۆچکەکان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری لە قایمقامەکان، جگە لەوە ئێمەش بریارێکی ترمان دا کە لیژنەکانی پەرلەمانی بۆ بەدواداچوونی ئەو ئیشانە بەردەوام بن، خوا هەڵناگرێ هەر چوار وەفد کە لەم دوایەدا وەفدێکی ترمان پێکهێنا بۆ ناوچەی دهۆک هەموویان بەردەوام بوون لەئیشوکارەکەی خۆیان، کاک حازم و ئەوان جاری وا بوو هەفتەیەک نەدەگەرانەوە، کاک عەبدولخالق و ئەوان لە هەندێ جێگا کەهەستیان دەکرد لەتەوەرێک کێشە هەیە لێی ئەمانەوە هەر بۆ دڵنیا کردنیان، هەروەها کاک عەدنان و برادەرانی دهۆک ئەمجارە جەولەی خۆیان کرد و بەگشتی ئەو وەفدانە زیاتر لە سەفەرێک و دوو سەفەریان کرد بۆ ئەو تەوەرانە. گفتوگۆیان ئەکرد، بەشدارییان لە دروست کردنی بریارەکان دەکرد لە ئەنجامدا هەستیان کرد کە پرۆسەکە بەرەوخاوی دەروات، بەرەو ساردبوونەوە دەروات، بۆیە هەوڵێکی تر درا جیددیەت بخەینەوە بابەتەکە، بۆیە وەفدەکان جارێکی تر پێیان خستە سەر جەرگی خۆیان و چوون بۆ ئەو ناوچانەو ناشڵێم لە هەموو لایەکەوە گوشار هەبوو، بەڵام هەوڵماندا کە بەتایبەتی هەردوو سەرکردایەتی ئەو دوو حزبە بەگرانی خۆیان بێنە بابەتەکەوە،و داوامان کرد هەردووبەرێزان جارێکی تر بێن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بارە، ئەو ساردبونەوەیەو ئەو خاوبونەوەیە چارەسەر بکەن، ئەوە بوو خۆشبەختانە هاتنە ئێرەو، ئێستا مرۆڤ ئەتوانێ بڵێ گەیشتین بەو قەناعەتەی کە دووشتی باشمان کردووە، (یەکەم) ئەو بریارانەی کە تائێستا کە جێبەجێ نەبوون، جێبەجێ بکرێن، (دووەم) لیژنەیەک وەکو ئالیەتێک پێک بهێندرێ، جا ئیتر لەو لیژنە بەرزترمان لەمەو دوا پێ دروست ناکرێ، بەقەناعەتی من ئەگەر ئەمجارە خوانەخواستە ئەم شتانە جێبەجێ نەکرێن، ئنجا ئەبێ بچین بۆ لای کێ و هاواربۆکێ بکەین؟ ئەوکاتە دێینە ناو پەرلەمان و ئەیخەینە بەر دەستی هەردوو بەرێزان، ئەبێ ئێوەی بەرێزیش بریارو هەڵوێستتان هەبێت. یەک دوو کۆبوونەوەش لە نێوان کاک مەسعود و مام جەلال دا کرا، ئەمرۆش کۆبوونەوەیەک دەکرێ لەنێوان هەردوو سەرکردایەتی حزبەکان، گەرخوا حەزبکات دوای ئەمرۆش لەوانەیە وەفدەکان ئیتر دەست پێ بکەن بە جێبەجێ کردنی ئەو بریارانە، دیارە ئەو دووسێ کۆ بوونەوەیەی کە تا ئێستا کراون و ئەوەیشی کە پێویستە ئەمرۆ بکرێت باشتر زەمینە خۆش دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بریارانە.

**بەرێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەو برادەرانەی کە ئێستا لەوێ دانیشتوون، ئەبوایە زۆر زۆر لەوە پێشتر بوایە، پێشی دروستِ کردنی ئەو لیژنەیەی کە ئێستا لیژنەکان دروست کران بۆ تەوەرەکان، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان هەموویان شێوەیەکی روونیان لەبەردەم بوایە، چونکە کە گەرانەوە ئێستا برادەرانی پەرلەمان دانیشتوون ئەوەی لەوەفدەکان نەبووە نازانی هەر وەفدێک کاری چ بووە یان هی

وەفدەکەی تر نازانێ چییە؟ برادەرانی پەرلەمان واتێ گەیەنراون کەنابێ جێی بێڵێن، پێویست بوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکرابایە، بەوانە تا ڕاپۆرتی خۆیان بنووسیبایە، چونکە برادەران سەرۆکەکانی وەفدەکان کە دێنە دەستەی سەرۆکایەتی، دادەنیشن، کۆدەبنەوە زۆر جاران ئەو قسانە دەکرێن کە بۆچوونەکانییان هەموو وەکو پێویست ناگوێزرێنەوە، یان ئەو سەلبیاتانەی کە هەنە وەکو پێویست لەوێ دەستینشان ناکرێت و ناگوترێ، لەو ڕاپۆرتەیان و بەشێکی نە نووسراوە، تا ئێستا سەلبیاتەکان وەکو پێویست دەسنیشان نەکراون، پێویستە ئەوانە بهاتبانە ئێرە، لەدوایی دا پەرلەمان بڕیار بدات و ئایا پەرلەمان کاک مەسعود و مام جەلال دوو بارە داوادەکاتەوە و وەفدێک پێک دێنێت؟ تا دەچنە لای ئەوان داوا لە لیژنەی بەرزی ئاسایی کردنەوە دەکات دەڵێ، ئەو شتانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ڕێزم هەیە بۆت کاکەڕەش، چونکە هەرچی بڕیار دراوە هەمووی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە، دووەم هەرچی لیژنەی ئاسایی کردنەوە بڕیاری لەسەر داوە هەمووی لەو بڕیارانەوە هەڵقوڵاون کە لە هەڵوێستی پەرلەمان و لە بڕیارەکانی ٨/٢٥ و لە یاداشتی حکومەتی هەرێمدا هاتوون، کە ئێوە لەپەرلەماندا پەسەندتان کردوون و لەدەرەوەی ئەوانە هیچ شتێ نەکراوە، لیژنەی ئاسایی کردنەوە پابەندە بە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەوە، ئەگەر بە گشتیش نەبێ بەلایەنی کەمەوە ناوەڕۆکەکان و خاڵە بنەڕەتییەکانی جێبەجێ بکرێ، هەوڵی داوە لەگەڵ وەفدەکانی پەرلەمانی بۆ تەوەرەکان، بۆ تەشخیص کردنی کێشەکان، بۆیە ئێمە ئەبێ هەوڵ بدەین تێ بکۆشین بۆ ئەوەی ئەوپەڕی مرونەت بەکار بێنین و ئەوپەڕی جیددیەت لەگەڵیدا، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە ئەوەی مومکن بوو جێبەجێ بکرێت و، وەکو لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان گەیشتین بەقەناعەت کە بارەکە خەریکە بەرەو خاوی دەڕوات داوامان کرد لەسەرکردایەتی ئەو دوو حزبە ئامادەبن لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان لەگەڵ هەرچوار نوێنەری وەفدەکەدا دانیشن، گەیشتن بەو قەناعەتەی کە پێویستە ئەو بەڕێزانە بێنە ئێرە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوەدا دابنیشن، ئینجا ئەگەر جێبەجێ ئەبێ یان جێبەجێ نابێ ئەوە ئەو کاتە عەرزی پەرلەمانی دەکەین. بەڵام بە داخەوە هیچ شتێ جێبەجێ نابێت، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن پەیوەندیان کردووە بەسەرکردایەتی ئەو دوو حزبەوە، بۆیە من تەصەوور ناکەم هیچ شتێ کرابێ لەدەرەوەی ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمان داویەتی، وەفدی پەرلەمانیش کە چوون بۆ تەوەرەکان لە دەرەوەی بڕیارەکانی پەرلەمان هەڵسوکەوت و ئیشوکاریان نە کردووە و بە بۆچوونی لیژنەی ئاسایی کردنەوەو برادەرانی وەفدەکانیش چ شتێکی وایان نەهاتۆتە پێش پێشەوە کەئێمە داوای دانیشتنێکی ڕاستەوخۆ بکەین، بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی تازە وەربگرین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ قسەکەی کاکەڕەش دووبارە کەمەوە، بەڵام هەمان ناوەڕۆکی هەیە بەپێی ڕوون

کردنەوەکانی جەنابت و بە پێی ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا گوێمان لێی بووە سستیەک هەبووە، کێشەیەک هەبووە، کە ئەو لیژنەی ڕابوردوو نەیتوانیوە ئیشەکان وەکو خۆی جێبەجێ بکات پێویست بوو ئەم کۆبوونەوەیە پێش دروست بوونی ئەم لیژنە بالآیەی کە ئێستا هەردوو بەڕێزەکەی تێدایە بکرابایە، بۆ ئەوە تەگەرەیان بخرابانە پێش چاوان ئنجا باسی دروست کردنی لیژنەکە بکرابایە، بەڵام ئێستا کراوە و لیژنەی تر دروست بووە لیژنەکەش وەکو کاک سیروان باسی کرد هەنگاوی هێشتاکە وا نەنراوە بزانین بۆ جێبەجێ کردنی ئیشەکان سستییەکانی چارەسەربکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم ئەنجامی هەبووە یان نەبووە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی ئاسایی کردنەوە قەناعەتمان هەیە کە ئەنجامی هەبووە و ئەو لیژنەیەش کە دروست کراوە، ئەوە یەکێ لە ئەنجامەکانیەتی، چونکە هەندێ خاڵ هەبوون جێبەجێ نەدەکران، داوامان کرد جێبەجێی بکەن ئەویش بەو شێوەیە پێشنیارکرا، ئەو دوو بەڕێزانە سەرپەرشتی ئەو بارە بکەن، لەبەر ئەوە ئەوەش شیاوی گفتوگۆ کردنە کە ئایا پێویستە یان پێویست نییە؟!، ئەندامانی پەرلەمان زۆر داوایان کرد کە دانیشتنێک بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەنجامی ئیشوکاری وەفدەکان چۆن ئەڕوات، واتا ئەمە لەسەر داخوازی زۆربەی برادەرانە کە زۆر جار هاتوونە داوایان کردووە ، بەڵام ئەگەر پێویست نەبێت ئەوە حەز دەکەن دانیشتنەکە دادەخەین وکۆتایی پێ دێنین، ئەگەر ئەزانن پێویست ناکات، فەرموو کاک حازم.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەفدی پەرلەمان، وەفدی سلێمانی و کەرکوک کەمن سەرۆکی ئەو وەفدە بووم و پێک هاتبوو لەبەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان کاک عوسمان دزەیی و مەلا تاهیر، ئەیاد حاجی نامق، عەفان نەقشبەندیی، بەکر حاجی سەفەر، سیروان کاکەیی، جەلال جوهر، شێخ جەعفەر بەرزنجی، سیروان نەورۆلی، حەمید سەلیم میران، لەڕۆژی ٩/١٤ وەفدەکە سەفەری کرد بەرەو سلێمانی لەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشمان کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان وئەمانەی تێدا هاتووە:

١- ڕۆژی ١٩٩٤/٩/١٤وەفدەکە گەیشتنە سلێمانی لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی سلێمانی کۆ بۆوە جگە لە سەرۆکی لیژنەی ئاسایی کردنەوە کە ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو بەهۆی ئەوەی کە تەعزیەی هەبووە، قسەو باس لەسەرمەسەلەی ئاسایی کردنەوەی هانگاوەکانی کرا.

٢- ڕۆژی ٩/١٥سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی لە بارەگای حزبی شیوعی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ وەفدی ئاسایی کردنەوەی پارێزگای کەرکوک بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی ئاسایی کردنەوە بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاکە حاجی، تەنها نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی ئامادە نەبوو، باس لەبارەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگای کەرکوک کراو کۆبوونەوەکە زۆری ئیجابی بوو هەڵوێستی پارێزگاری کەرکوک جێی ڕەزامەندی هەموو لایەک بوو.

٣- ڕۆژی ١٩٩٤/٩/١٦ سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی وەفدی پەرلەمان لەگەڵ هەرسێ لیژنەی

سەربازی سلێمانی و کەرکوک وهەڵەبجە کۆبۆوە ئەم کۆبوونەوەیە دووبەش بوو ئێوارەی هەمان ڕۆژ دیسان کۆبوونەوەیان کردووە، بەسەرکەوتوانە کۆ بوونەکە تەواو بوو ئیسپاتی سەرەوەش هاوپێچی ئەم راپۆرتەمانە.

٤- سەعات (٧)ی ئێوارەی ١٩٩٤/٩/١٦ لیژنەی ئاشتی و برایەتی، وەفدێکیان کە بریتی بوو لە (٤٢) ئەندام ،سەردانی وەفدەکەمانیان کرد، لە دانیشتنێکدا بەڕێز سەرۆکی وەفدو بەڕێز کاک شێخ جەعفەر بەرزنجی و مەلا تاهیر زەین لعابدین تیشکێکیان خستە سەر پوختەی کارەکانمان و وەفدەکە سوپاسی هەوڵ و کۆششی لیژنەی ئاشتی و برایەتیان کرد، پاش چەند و چۆنیەک، کۆبوونەوەکە تەواو بوو لە ئەنجامی گشتی کۆبوونەوەکان. ئەو خاڵانەی خوارەوەمان بۆ روون بوونەوە:

(١) سەبارەت بە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگای سلێمانی بۆ دیل و گیراوەکان، برایانی بەڕێز من حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەو راپۆرتە (١٨)ی مانگ بڵاوکرایەوە و جەولەکەمان لە (١٤)ی مانگ تا (١٧)و(١٨)ی مانگ بوو، (١٨)ی مانگ نووسراوە دیل و گیراوەکان تا ئێستا ئەم برگەیەیان بەتەواوی چارەسەرنەکراوە بەقسەی هەموولایەنەکان دیل و گیراوەکانیان لای ئەوانی تر هەن، لەکاتی ئەوەی کەوەفدەکە لەوێدابوو هەر گیراوێک لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بێ بەرەڵڵا کران ودران بەنوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش بەدەوری خۆی ناوی (١٣) کەسی پێشکەش کرد کە گوایە بەربوون لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستا دانی بە ئازادبوونی (٩)کەسی تر نا کە ئازاد کراون لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە، سەبارەت بە دیلەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لای بزوتنەوە، هەڵوێستی نوێنەری بزوتنەوە بەم جۆرە بووە کەوتی هەتا دیلەکانی ئێمە بەرنەبن ئێمە دیلی کەس بەرنادەین ئەوە فەرمانی سەرکردایەتیمانە کە دەبێ نییەت باشی بەرامبەری خۆم بزانم.

(٢) کوشتن و ڕاونان بەپێی زانیاری وەفدەکەمان نییە.

(٣) گەڕانەوەی فەرمانبەران یان ئیدارات تا ئێستا فەرمانبەران نەگەڕاونەتەوە، چونکە کێشە هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی چەند دەزگایەکی حکومەتی لەبەرئەوەی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی نارەزایی هەیە لەسەر گەڕانەوەی بەڕێوەبەری هاتوچۆ و بەڕێوەبەری چیمە نتۆی سەرچنار، هەروەها نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان داوای گەڕانەوەی گشت فەرمانبەرانی بۆ شوێنی جارانیانی کرد و ڕازی نییە لەسەر ئیعتیرازەکە، یانی بە ئێمە یان گوت یان دەبێ هەموویان پێکەوە بگەڕێنەوە یان کەسیان ناگەڕێنەوە.

(٤) بارەگاکان بەپێی بڕیارەکان دەبێ بارەگای سەرەکی لایەنەکان لەشارەکاندا بدرێتەوە برادەرانی پ.د.ک داوای باڵەخانەی بەرامبەر باڵەخانەی حەسیب صاڵحیان دەکرد کە گوایە ئەمە بارەگای سەرەکییانە، بەڵام برادەرانی «ی.ن.ک» دەڵێن گوایە ئەوە بینایەی سەرەکی نییە بەڵکو ئەوەیە کەلای هەیکەلەکەیە و، بارەگای بزوتنەوەش نەدراوەتەوە.

(٥) هەروەها شارو شارۆچکەکان بە گشتی لەچەکدارەکان چۆڵ نەکراون.

(٦) بازگەکان: بازگەی ناشەرعی نەماوە و سەیتەرە شەرعییەکان تەسلیمی ئاسایش و پۆلیس کراون سەبارەت بەرێگاو بان ئاساییبە بۆ هاتوچۆ کردن، هێزەکانی پێشمەرگەی لایەنەکان بەپێ ڕێکەوتنی لیژنەی باڵای سەربازی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوە لە لیژنەکانیدا لیژنەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەڵەبجە رەفزی ئەوەیان کردەوە کە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بگەڕێتەوە شوێنە دیاری کراوەکانی لەبناری سووین و لەشیوەمەروکانیسکان و دەزگەکانی چنارە، بیانووشیان ئەوە بوو وەفدی پەرلەمان دەوری ئەوەیان دی کە لایەنەکان لەسەر ڕێکەوتنێکی ناوخۆیی پێک بێن و دەست بکرێت بە کۆکردنەوەی هێزەکان لەو شوێنانەی کە لەڕێکەوتنەکەدا هاتووە، واتە هاوپێچی ئەم راپۆرتەمانە.

(٧) خانووەکان: تائێستا خانوەکان چۆڵ نەکراون و تەسلیمی ئەو کەسانە نەکراون کە پێشتر تێیدای بوون.

پارێزگای کەرکووک: سەبارەت بەگەڕانەوەی فەرمانبەران کارگێرییەکانی پارێزگاری کەرکووک بەتەواوی ئەوەی کە ئامادەیە پێشوازیان لێ بکات و بگەڕێنەوە، بەڵام تا ئێستا خۆیان نەگەڕاینەوە، سەبارەت بە جێ گۆڕینی لێپرسراوی کارگێرییەکان و فەرمانبەران کەسێک نەگۆڕاوە لەکاتی شەڕەکانداو کەسیش لەشوێنەکانیان دانەمەزراندراون سەبارەت بە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ ڕێگا گرتنێک نییە لەبارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەیی تەسلیم کردنی نیشان درا بوو. سەبارەت بە بارەگای بزوتنەوە، کە ئێستا هێزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی تێدایە، ئیعتیراز لەلایەن خەڵکی گەڕەکەکە بەقسەی پارێزگار هەیەو هەروەها ئیداراتیش ئیعتیرازیان هەیە لەسەر دانەوەی ئەم بینایە، چونکە خەڵک داوای ئەوە دەکەن و دەیانەوێت هیچ لایەنێکی سیاسی تێدا نەبێ، نەیەکێتیی و نەبزوتنەوە لەبەر ئەوەی ئەکەوێتە ناو جەرگی شارەکەوە دەنوارێتە سەرماڵەکان لەلایەکی تر «٥» بینایەی تر هەنە لەدەربەندیخان بۆ بارەگا.

گیراوی پارتی دیموکراتی کوردستان هەن لە ئاسایشی دەربەندیخان گیراون برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێن سەربە ئێمەن، برادەرانی یەکێتی دەڵێن لەسەر جاسوسی گیراون هەروەها بە بڕیاری حاکم گیراون.

هیچ بازگەیەکی ناشەرعی نییە، شایانی باسە کە نوێنەری بزووتنەوە تەنها لە یەکەم کۆبوونەوەی وەفدەکەدا لەبەشێکیدا لە کۆبوونەوەی سەربازیدا ئامادە بوو، پێشنیارەکانی وەفدەکەمان پێشکەش بە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود بکرێن تاکو بەیەک بروسکە ئاراستەی هەموو لیژنە سەربازی و ئاسایی کردنەوەکانی بکەن هەتا لەماوەیەکی زۆر کورتدا بڕیارەکان جێبەجێ بکەن.

٢. لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی کوردستان سەردانی پارێزگاکان بکەن و لەنزیکەوە سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان بکەن.

٣. نوێنەری لیژنەکانی پارێزگاکان لەئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکانە.
٤. پێویستە سەرکردایەتی حزبەکان و لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی کوردستان ئاگاداریی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان و جەماوەریان بکەن، تاکو گەڕانەوەیان دروشمی ئیستفزازی هەڵنەگرن بۆ ئەوەی شیرازەی کارەکان تێک نەچن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حازم، فەرموو کاک عەبدولخالق ئێوەش ڕاپۆرتی وەفدی خۆتان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکامان لیژنەی هەولێر ـ سۆران ـ چۆمان کە لەڕۆژی ٨/٢٧ دروست بوو لەسەر بڕیاری تێکڕایی پەرلەمان لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: کاک شیروان حەیدەری مەلاتەها، شێخ مەزهەر، ئەحمەد شێخ تاهیر، مامەند محەمەد ئەمین، ئەکرەم عاشور، مەلا هادی، جوهر ئەحمەد شاواز ومنیش لیژنەکەمان لەو ڕۆژەی کە دروست بوو، هەر هەمان ڕۆژ چوو بۆ ناوچەی شەقڵاوەو سوران ورەواندوز لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە لە ٢٧وە هەتاکو ئەورۆ ٩/١٧ ئەتوانم بڵێم سێ جار لەو ناوچەیە گەڕاوە لە جەولەی یەکەم گشت ئەندامانی لیژنەکە ئامادەبوون، لەدووەم و سێیەم و چوارەمدا ئەتوانم بڵێم زۆربەی ئەندامانی لیژنەکە ئامادەبوون. جارێکیان شەش برادەربوون جارێکی تر (٧) برادەر بوون لەبەر کێشەی ئۆتۆمبیل، لەلایەکی تریشەوە خۆتان دەزانن ئەو جەولانە مەرج نییە هەموو ئەندامانی لیژنەیان تێدا بێ ئینجا ئێمە هەر چۆنێک بێت گەڕاینەتەوە بەیەک گەیشتنێکی بەکۆمەڵمان کردووە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ،هەروەها ڕاپۆرتێکی نووسراویشمان پێشکەش کردوون دوا ڕاپۆرتمان لە (١٩)ی مانگ پێشکەش کراوە، دوای کۆبوونەوەی خۆمان کە کردوومانە بە دووبەش یەکیان لەبارەی هێڵی شەقڵاوە و سۆران و چۆمان، بەشێکی تری دەربارەی شاری (هەولێر)ە ،دوا جەولەمان لەسەر تەکلیفی سەرۆکی پەرلەمان بوو لە بۆ ئەوەی کەبزانین بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەت و لیژنەی ئاسایی کردنەوە جێبەجێ بووە، یان جێبەجێ نەبووە؟ بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش بکەین بە پەرلەمان ئەوە بوو ڕۆژی (١٤)مانگ گەڕانمان کرد لەسەعات (١٠/٣٠) دەقیقە گەیشتینە قایمقامیەتی سۆران لەوێ کۆبووینەوە لەگەڵ کاک ئیسماعیل مەحمود بە ئامادەبوونی لیژنەی سەربازی ئەو ناوچەیە کە لە بەڕێزان کاک شێردڵ و طارق شێخ نووری و موستەفا دروست بووبوو، ئەوە بوو لەگەڵیان دانیشتنین و ئەندامانی لقی ٠(١)ی سۆران ئی پارتی ئامادە بوون، پرسیارمان لێ کردن کەوا چی جێبەجێ کراوە و چی جێبەجێ نەکراوە لەبڕیارەکانی پەرلەمان بۆمان دیارکەوت بەشێکی زۆی ئەم بڕیارانە لەچۆمان جێبەجێ کراون، بەڵام بەشێکی تری بنەڕەتی دەڵێم هێشتا جێبەجێ نەکراوە لە لەناویاندا مەسەلەی کێشانەوەی چەکدارەکان بۆ شوێنی خۆیان و هەروەها گەرانەوەی بارەگاکانی حزبەکان و موڵک وماڵی خەڵک و حکومەت کە دەستگیر کرا بوون لە دیانە کۆبوونەوەیەکی دوورو درێژمان کرد لەلقی (١٠)ی پارتی بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک جەلیل فەیلی بەڕاستی دوای

گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، کاک جەلیل فەیلی ئاسایی کردنەوەی کۆتایی ناوچەکەی بە باری سلێمانیەوە بەستەوە، کە ئەگەر لە سلێمانی ئاسایی کردنەوە نەکرێ و نەبێ و بارەگاکانمان نەگەڕێنەوە ئێمە ناتوانین لێرە بە شێوەیەکی تەواو ئاسایی کردنەوە بکەین، بەڕاستی ئێمەی ئەندامانی لیژنەکە ئەو قسانەمان پێ ناخۆش بوو، پێمان گوتن هەق نییە وا بکەن لەبەر ئەوەی کە ئێمەی ئەندامانی ئەم کەرتە بەڕاستی نالێین ئاسایی کردنەوەی گشتی مومکن نییە لە کوردستان بەگشتی بکرێت بێ ئەوەی کە لە سلێمانی یان لە دهۆک نەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرتی ئێمە هەتاکو ئێستا بارەکە باش بەرەوپێش چووە و زۆربەی بڕیارەکان جێبەجێ کراون ئەو بڕیارانەی کە جێبەجێ نەکراوە بەڕای ئێمە پەیوەندی هەیە بەخۆمانەوە، بەناوچەکەوە و هەقە بەیەکەوە هاری کاری یەکتر بکەین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ تارادەیەک قەناعەتی کرد، بەڵام قسەکانمان زۆر یەک نەبوون. دوای ئەوە، ئێوارە کەی چوین بۆ قەزای چۆمان، قەزای چۆمان ئەوە یەکەمین جار بوو چوو بووین بۆی، لەبەر ئەوە ئێمە کێشەیەکمان هەبوو نەمان توانی بچینە ئەو جێیانە، لەبەر ئەوەی (حزب الله شۆڕشگێڕ) لەوێ بوون، ئەوانیش ئامادەییان نەبوو بۆ ئەوەی کە ئێمە لەگەڵیاندا هاریکاری بکەین، ئارەزوویان وابوو کە ئەبێ لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە بێن دەنا هاریکاری ناکەن لەگەڵ لیژنەکانماندا، ئێمە لەسۆران دیدەنییەکمان کرد لەگەڵ لیژنەی مەکتەبی حزبەکەیان و ئاگاداریان کردن کە بڕیاری لیژنەی ئاسایی کردنەوە وایە کە ئێوە لە لیژنەی سۆران و چۆمان و، حاجی ئۆمەران دابن و بەشداریی لیژنەی سەربازی بکەن ئەوانیش گوتیان ئێمە بەشداری ناکەین، چونکە رابەرمان داوای کردووە ئەبێ ئێمە لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی باڵا بین، جا ئەگەر لەلیژنەی ئاسایی کردنەوەی باڵانەبین ئێمە بەشداری ناکەین لەو لیژنانەشدا نابین. ئەو کارەشمان کرد کە ئەو کاتەی سەری قەزای چۆمانمان دابوو لەویش سەردانی قایمقامیەتمان کرد، قائمقامان نەدی دەرچوو بوو، لە ناوچەش برادەرانی پارتی لەوێ نەبوون چووین سەردانێکمان کرد و هەروەها گەڕاینەوە بۆ بارەگای قەزا لەوێندەر لەگەڵ ئەندامانی ناوچەی پارتی و ئەو برادەرانەی یەکێتی بەگشتی یانەوە ئەو ڕۆژە کە گەیشتین، قسەمان لەگەڵ کاربەدەستان کردو ڕێککەوتنمان کرد، بەڕاستی کەباری قەزاکە باش بکرێت و نوسینگەی حزبی بکرێنەوە و ئیشوکارەکانیان زەبت بکرێت و هەروەها توانیمان بەهاریکاری گشتی ئەو واقعە چارەسەر بکەین، ئینجا گەڕاینەوە بۆ ناوچەی ڕەواندوز، لەڕێگاماندا دووسێ کرێکارمان بینی بینایەکی حکومەتیان دەڕوخاند ئەویش کاک نیازی جەلال بەگ لەوێ دووسێ کرێکاری هاووردبوو لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو بینایە کە سەر بە وەزارەتی اشغالە ئەبێ بیڕوخێنێ، چونکە موڵکی خۆیەتی ولەسەر ئەرزی ئەو دروست کراوە، ئەوە بوو تێمان گەیاند کەئەوە نابێ و بەهیچ هەقێک ناتوانێ ئەوە بکات، قەناعەتی کرد وازی لێ هێنا، وادەزانم برادەرانی یەکێتی داوای ئیجرائاتیان کردبوو بەرامبەری، دوای ئەوە چووین بۆ ناوچەی ڕەواندوز لەوێ بەڕاستی دیاردەیەکمان بینی ئەوە بوو کەبرادەران لەسۆران شکایەتیان هەبوو، کە چەکدارەکان هاتونەتەوە جارێکی تر بۆ ناو ڕەواندوز لەدیانە ئێمە لەگەڵ برایان عەبدوڵلا بۆرو کاک ئاراس دانیشتین و ئەوانیش دیاربوو

چەکدارەکانیان کەبردبوو بۆ جندیان گەڕاندبویاننەوە وتمان ئەوە بۆچی وادەکەن هاوردبوویان بۆ ئوتێلی سیاحی بەڕاستی ئەو ئوتێلەش وێران کرابوو دیارە لەوەو پێش پاکیان نەکردەوە، وتیان بابە ئەوە بۆ وادەکەن بەپێچەوانەوەو پێویستە چەکدارەکانتان ببەن وتیان وەڵاهی لەبەرئەوەی کەبرادەرانی پارتی لە کەرکوک و لەهەندێ شوێن دۆشکەیان داناوە ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە بمێنین چەکدارەکانمان بکشێینەوە و شارەکە بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەوان، ئەوە بوو دانیشتین زۆر بەڕاشکاوی و بەتوندی لەگەڵیاندا قسەمان کرد کە ئەوە نابێت بکرێت، ئێوە لەباتی ئەوەی بڕیارەکان جێبەجێ کەن چەکدار دێنەوە بۆ ناو شارەکان، ئەوەبوو قەناعەتیان وا بوو کە ئەو کێشەیە ئەبێت لەسەرەوە چارەسەر بکرێت دەنا ئێمە ناتوانین ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەین، ئەمجا گەڕاینەوە بۆ قەزای سۆران لەگەڵ قایمقامدا جارێکی تر دانیشتین و وتمان ئەبێت ئەو لیژنەیەی کە دامەزراوە لەوێ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی قەزای سۆران بە ئیشوکارەکانی خۆی هەڵبستێ و هیچ تەگەرەیەک نەیەتەرێی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان، لە ئەنجامی سەردانەکانماندا بۆ ئەو ناوچەیە بۆمان دەرکەوت بازگەکانی ڕەسمی و نارەسمی لەشەقڵاوە تاکو چۆمان نەماون بەگشتی هەڵگیراون تەنیا ڕێگای دەربەند ـ حاجی ئۆمەران نەبێ کە ئەویش بەدەستی (حزب الله)یە، ڕێگاو بانەکان گشتی کراونەتەوەو بۆگشت کەسان هاتو چۆهەیە، کێشە نییە، دیلەکان ئەوانەی کە گیرابوون گشتی بەربوون قایمقامەکان، قایمقامی شەقڵاوە دەستی کردۆتەوە بە ئیشوکاری خۆی قایمقامی سۆرانیش دەستی داوەتە کاری خۆی، قایمقامی چۆمان دەستی کردووە بە ئیشوکاری خۆی یەک شتمان مابوو کە ناوچەی کۆیسنجاق هێشتا ئاسایی کردنەوەی پێی نەگەیشتبوو هەتاکو قایمقامیش نەگەڕابۆوە بۆ سەر ئیشوکاری خۆی، ئێمە دوایی هاتینەوە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر کەسەرۆکی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی هەولێریشە کۆبوونەوەیەکمان کرد دەربارەی چەکداری، ئەوە بوو کەهەستمان کرد لەگشت شارو شارۆچکەکان هێشتا وەک خۆی ماوەو دیاردەی چەکداری لەناو شارەکان لەناو شەقامەکان ماوە هێزە چەکدارەکانیش نەگەڕابوونەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەوا بۆیان دیاری کرابوو تەنیاکەمێ لە ناوچەی شەقڵاوە نەبێ کە ئەوان بەنموونەیی بڕیارەکانیان جێبەجێ کردووە، جا تێکڕای قەزاکان و شاری هەولێریش جێبەجێیان نەکردووە، ئەوەی کە سەربە حکومەتیشە بەڕاستی هیچی ئیجرائاتێکی لەسەر نەکرابوو تاکو بگەڕێنەوە بۆ خانوەکانی خۆیان و هەروەها هەندێ دیاردەی ناشرینمان دی وەکو وتمان ئەو مەسەلەیەی ڕوخاندنی خانویەک کە هی هاوولاتیەکە لەلایەن شێخ محەمەد محەمەد خەلیفەی سەربە برادەرانی پارتیەکە خانووەکەی بەشەو ڕوخاندبوو ئیجرائاتیش وەرگیرابوو بەرامبەری بانگ کرابوو بۆ سەلاحەدین بۆ ئەوەی ئیجرائاتی دەرحەق بکرێت، هەروەها لە ئوتێلی سیاحی وەکو گوتم ئەو خانووە بەگشتی رووخێنراوە و نیازی جەلال بەگیش بەڕاستی ئەو بڕیارەی خۆی وەرگرتبوو کە ڕاگیرا، مالیک هەبوو هی وەزارەتی ئەشغالدەستی کردبوو بە ڕوخاندنی و بەشێکی زۆری ڕوخاندبوو. جا بەنسبەتی ئێمە ئەوە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکەمانە، بەشی دووەمی ڕاپۆرتمان بەڕاستی ئەوە پەیوەندی هەیە بەناو شاری هەولێرەوە: ئێمە لە ٩/١٥ لیژنەکەمان لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێز پارێزگای

هەولێـر کۆبووینەوە کـە خۆی سەرۆکی لیـژنەی ئاسایی کـردنەوە بوو ، لەو میـانەش دەستـمـان کـرد بەقسە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان کەئێمە زۆر شت دەبینین لەشاری هەولێر جێبەجێ نەکراون، ئەوەی بۆمـان دەرچوو کـەباری هەولێـر لە هەفـتـەی دووەم بڕیارەکـان لە (٢٧)ی مـانگەوە باش ڕۆیشـتـبـوون نەختێ هێـمنی هاتبـووە ناو شـارەکـەوە، بەڵام بەداخـەوە لە هەفـتـەی ڕابوردوودا کۆمەڵێک لە ڕووداوی کوشتن و ڕفاندن و دزین لەناو شارەکە بەرپابووبوو کە ئێمە داوامان کرد لە پارێزگـار بە هاوکاری لەگـەڵ ئاسایی کـردنەوەو لیـژنەی سـەربازی ئەبێ سنوورێک دابنێین بۆ ئەو دیاردەیە، چونکە بەڕاسـتی خـەڵکەکـە زۆر ناڕاحـەتە و، لە حـالەتێکی زۆر ناخـۆش دایە ڕێگاو بانەکان هەمـوویان کـراینەوە، تەنیـا گـومـانێک هەبوو لە ڕێگایەک ئەویش چارەسەر کـرا بەنسبەت گیراوەکـان هەمـوویان بەربووین هیچ کێشەیەکی وا گەورە ڕووی نەدابوو لەو ماوەیە تەنیا دووسێ ڕفاندن (خطف) نەبێت، ئەویش دوو هاووڵاتی سەفین ئیبراهیم و عەزیز خالد خضر گیرابوون و برادەرێکیش بەناوی کاوە عەبدولمەجید ڕفێندرابوو و کوژرا بوو. مەسەلەی چەکدارەکان، بەڕاستی لە هەولێر نەکێشرابوونەوە بۆ شوێنەکانی دیاریکراویان کە (١٤) شوێنیان بۆ دیاری کراوە و لەوێ زۆر جەخت کرا لەسەر ئەم بابەتە، دەرچوو برادەران لەناوچەی لیژنەی سەربازی بڵێین ئەو هێزانە لە جیاتی بگەڕێنەوە بۆ ئەو (١٢) خاڵە. هاتبوونە ناو شاری هەولێرەوە، لەشار یشەوە ئەوەبوو کە کاک سەفین مەلاقەرە وکاک جەمالیش کە هێزەکانیان هاورد بۆ ناوشارەوە یەکێکیان لەناوچەی ئوتێلی شیـراتۆن دای نابوو ئەوەکـەی تریش لەناوچەی حی عـەسکەری دانابـوو بەڕاسـتی ئەویش دیاردەیەکی زۆر سەلبی بوو، نارەحتیـەکی زۆری دروست کـرد لەناو شـار ئەوە بوو بڕیار وەرگـیـرا دوای کـۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لیـژنەکـانی ئاسـایی کـردنەوەی گشـتـی لەگـەڵ ئاسـایی کـردنەوەی هەولێـر ئەو قـەزییـەش چارەسـەر کـرا. یەکێ لەو کـێشـانەی لەنـاو هەولێـر ڕووی دا بـوو مـەسـەلەی گـەڕانەوەی بارەگـاکـانی حزبەکـانی تربوو بەتایبـەتی بارەگای حزبی بزوتنەوەی ئیسـلامی کـە ئەو کـێشـەیە هەتاکـو کـۆبوونەوەی (٢١)ی مـانگیش چارەسـەر نەکـرا بوو، ئەو بارەگـای سـەرەکـیـان دیاربوو برادەرانی یەکـێـتی هەتا ئێـسـتـا بڕیاریان لەسـەر نەداوە بۆ گـەڕانەوەیان. ئەوە پوخـتـەی ڕاپۆرتەکەمانە، ئێـمە بەڕاسـتی ئەو ڕاپۆرتەمـان کە پێشکەش کـرد بەرێککەوتنی گشت ئەندامان بووە و مۆریشـیان کردووە، هاوکـارییـەکی باشیش لەنێوان ئەندمـانی لیـژنەکەوە هەبووە و من زۆر سوپاسی تەقەللای ئەو برادەرانەش دەکەم کە بەڕاستی زۆر بەرێکو پێکی ئیشوکارەکـانییان کردووە و قەناعەتم وایە کە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ٩/٢١بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و سـەرۆکی حکومـەت و نوێنەرانی لایەنەکـانی تر بەڕای من قـۆناغـێکی تازەیە و ئەبێ گـشـتـمـان هەوڵ بدەین بەعـەمـەلی ئەو حالەتە ڕزگار کەین و لەو قـۆناغە دەربـازبین بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بین بۆ ئیشـوکـاری پەرلەمـانی خـۆمـان حکومەتیـشـمـان دەست بەتاڵ بێت بۆ چارەسـەری کـێشـەکـانیی میللەتەکەمان کە کێشەیەکی زۆری هەیەو لەبارێکی ناخۆشدا دەژین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، با وەفدی قەڵادزێ و ڕانیەش بفەرموون ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راپۆرتی لیژنەی قەڵادزەو ڕانیە لە ڕۆژی ٩/١٤ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکەمان کات ژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی کاک عەدنان نەقشبەندیی و سەید حەسەن و وریا دزەیی، مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم، وحەسەن کانەبی. شێخ یەحیا، حسێن عەلی کەمال ومحەمەد سەعید یەعقوبی بەرەو ناوچەی قەڵادزێ بەرێ کەوتین بەمەبەستی ئاگادار بوونمان لە هەنگاوەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوە کات ژمێر ٢/٥ پاش نیوەڕۆ بەئامادە بوونی قایمقامی قەڵادزی و بەڕێز موستەفا سەید قادر لێپرسراوی مەڵبەندی «ی.ن.ک» و کاک قادر قادر لێپرسراوی عەسکەری (پ.د.ک) و مەلا کەمال محەمەد نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی و کاک سەلیمە سوور نوینەری حیزبی شیوعی کوردستانی عێراقی کۆبوونەوەمان ئەنجام دا و پرسیارمان لێ کردن هەتا چ ڕادەیەک بڕیارەکانی ئاسایی کردنەوەی باڵا جێبەجێ کراون، ئێستاکەش بەرنامەیان چییە لە پاش وتوویژ کردن لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەرکەوت:

١. هەموو بازگەکان لە هەولێر هەتا دەگاتە قەڵادزی هەمووی بەدەستی حکومەتەوەیە کە ژمارەیان (١٢) بازگەیە.

٢. تا ئێستا لە هەموو قەزاکانی «ڕانیە و قەڵادزە» لیژنەی ئاسایی کردنەوە دروست نەکراوە هەرچەندە بڕیاروابوو لە هەموو قەزاکان لیژنەی ئاسایی کردنەوە دروست بکرێت بە سەرۆکایەتی قایمقامەکان.

٣. هێزە سەربازی یەکان هی هەموو لایەک چوونەتە جێگای دیاری کراوی خۆیان تەنها هێزی پارتی دیموکراتی کوردستانی نەبێت کە بڕیار بوو بچنە ناوچەی سەروچاوە و بێتواتە ئەوەش لەبەر ئەوەی لیژنەی باڵا وای بڕیار دابوو کە ئەم هێزە لەنێوان سەروچاوە و بێتواتە جێ نیشین بکرێن، ئەم هێزە داوا دەکات کە بچنەسەر ئەشکەوتەک ئەم خاڵەش بەناوی لێپرسراوانی (ی.ن.ک) لەوناوچە ڕوون نییە ئێستاکە هێزێکی (ی.ن.ک) لەسەر ئەو ئەشکەوتە هەر هەیە.

٤. بزوتنەوەی ئیسلامی وەک پێویست چوونەتە جێی دیاری کراوی خۆیان لە هەردوو قەزادا.

٥. هەندێک هێزی (پ.م)ی ناوچەکانی گەرمیانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە ماونەتەوە، کاک قادر قادر ڕای گەیاند کە هۆی مانەوەی ئەو هێزە ئەوە تا ئێستا لە ناوچەکانی گەرمیان ئاسایی کردنەوە نەکراوە، هەتا لەوێ ئاسایی کردنەوە نەکرێ ئەوە لێرە دەمێنێتەوە لەمەوقیعی دۆڵە بەفرە، هەندێ هێزی (ی.ن.ک) هێشتا لەوێ مابوون، بەڵام وەعدی ئەوەیان داوە کە چۆڵی بکەن.

٦. هیچ لایەکیان نە بەندیان لایەو نەبەندییان هەیە بەقسەی خۆیان.

٧. هەردوو قایمقامی قەڵادزەو ڕانیە موباشەرەیان کردووە ودەست بەکارن لە ئیشوکاری خۆیان تا ئێستا بارەگاکان و لق و ناوچەکانی پارتی و بزووتنەوە نەگەڕاونەتەوە ڕانیە و قەڵادزێ هۆی

سەرەکیە کەشی ئەوەیە لیژنەی ئاسایی کردنەوە تا ئێستا دروست نەبووە لەو دوو قەزایە.

ڕاو تێبینی و پێشنیارەکانی لیژنەکەمان: لیژنەکەمان دوای گفتوگۆ کردن و ڕاوێژکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکە ئەم خاڵانە دەخاتە ڕوو:

(أ) پێویستە یەک لیژنەی ئاسایی کردنەوە لە هەردوو قەزای (ڕانیە و قەڵادزە) دروست بکرێت بۆ ئەوەی بەپەلە دەست بەکاربێ بۆگەڕانەوەی بارەگاکان و لقەکان و ناوچەکان وجێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەش خراوەتە ئەستۆیان.

(ب). زۆر پێویستە دەزگای پۆلیس وئاسایش بە هێز بکرێن وژمارەیان زیاد بکرێ وهاوکاری ماددی و مەعنەوی بکرێن، تاکو بتوانن دیاردەی چەکداری لە هەردوو شارەکە بنبڕ بکەن.

(ج). هێزی هەموو لایەنەکان ئاگاداربکرێنەوە کە چی تر و بەهیچ شێوەیەک بە چەکەوە هاتوچۆی ناو شارەکان نەکەن و دیاردەی چەکداری و دیمەنی استفزازی پێوە دیارنەبێ چ لە ڕەنگ چ لە دروشم.

(د). پێویستە دەسەڵاتەکانی ئیداری ناوچە بەتایبەتی هەموو شوێنەکانی تریش بە هێز بکرێن و دەسەڵاتەکانیان دیاری بکرێت و کەس ڕێگەیان لێ نەگرێ لە بەکارهێنانی دەستەڵاتیان بۆ ئەوەی وەکو حکومەت کار بکرێت و یاسا بەرپابێت، پێویستە زۆر بەپەلەکێشەی زەوی و زار چارەسەربکرێت بەتایبەتی لەو ناوچەیەی کە ئەو کێشەیە زۆر زەقە و کاری کردۆتە سەر بەرقەرار بوونی ئاسایش و هێمنی و ئارامی، کە تا ئێستا چارەی پێویستی بۆ نەدۆزراوەتەوە لەگەڵ ڕێزماندا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دووشت هەیە ئەوە پوختەی ڕاپۆرتەکەیە لە تەوەری ڕانیە و قەڵادزێ ئەم بڕیارانەش جێبەجێ کراون:

(١) هەموو بازگەکان لە هەولێر تاقەڵادزە بەدەست دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوەن.

(٢). هێزە سەربازییەکانی لایەنەکان چوونەتە جێگای دیاری کراوی خۆیان تەنیا هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت.

(٣). هەموو دیل و گیراوەکان ئازاد کراون و هیچ لایەک بەندو دیلی لانەماوە.

(٤). هەردوو قایمقامی ڕانیە و قەلادزە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان دەست بەکارن لە ئیشوکاری خۆیان. ئەم بڕیارانە جێبەجێ نەکراوون:

١. تاکو ئێستا لیژنەی ئاسایی کردنەوەی هەردوو قەزای ڕانیەو قەڵادزە دروست نەکراون.

٢. تا ئێستا بارەگای وەکو ناوچەکانی پارتی و بزوتنەوە نەگەڕاونەتەوە ناوشاری قەڵادزێ و ڕانیە.

تێپەڕکارییەکان:

(١). تاکو ئێستا هێزەکان (ی.ن.ک) ناوچەی سەروچاوەو بێتواتەیان چۆڵ نەکردووە کە لیژنەی باڵا بڕیاری لەسەر دابوو بۆ جێگەی هێزەکانی (پ.د.ک)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد سەعید یەعقوبی، ئێستاش با وەفدی دهۆک کەرەم بکەن و ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەفدی پەرلەمانی دهۆک لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو کە ژمارەیان (١١) ئەندام بوو، د.ڕزگار سەرۆکی وەفد بوو د.عیزەدین و محەمەد حەسەن باڵتە و سەعید عەلی خان و عیدوبابەشێخ و بوترس سەخریا و شفیقە خان و سەفەر محەمەدو، حەسەن ئەحمەد عەلی، عومەر ئیبراهیم سەعید، ئەم وەفدە لە ڕۆژی ٩/١٣ دەستی بەکاری خۆی کرد بۆ ماوەی (٥)ڕۆژ تا (١٨)ی مانگ زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگا کرد بەکورتی ئەم ڕاپۆرتە عەرزی جەنابتان دەکەم:

کۆکردنەوەی هێزەکان لەسەری ڕێک کەوتوون دوای ئەوە برایان لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕای خۆیان گۆڕی بەرامبەر بەو ناوچانە لەبەر هەندێ هۆی ئەمنی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی پارێزگا ئەو پێشنیارەی یەکێتی بەرزکردەوە بۆ لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە و هەتا ئێستا چاوەنواڕی وەڵامین. دوو شار چۆل کران لە هێزەکان جگە لە ژمارەیەکی دیاری کراو بۆ ئێشک لێگرتنی بارەگاکانیان، زۆربەی فەرمانبەران گەڕاونەتەوە بۆ سەرئیشی خۆیان وەکو جێگری پارێزگار ویاریدەدەری پارێزگار وکیلی بەڕێوەبەری پۆلیس و ئەوانی تر، جگە لە بەشێک لە فەرمانبەرانی گومرگی (ئیبراهیم خەلیل)، هەروەها هی پەیوەندی و ئەویش ئومێدەوارین کەوابە زووترین کات بگەڕێنەوە لەسەر بەڵێنی پارێزگار و بەرپرسانی تری ناوچەکە، هەموو بارەگاکان گەڕاندرانەوە بۆ خاوەنەکانیان هەموو بڕیارەکانی ئیداری هی دامەزرانی فەرمانبەران هەڵوەشێنرانەوە ئەوانەی دوای ١/٥/کە دەرچوو بوون لە پارێزگای دهۆک هیچ گیراوێک ویان موحتەجەزێک بەهۆی کاری سیاسی نەبووە تەنیا حالەتێک هەیە ئەویش پارێزگار جەختی لەسەر کرد کەوا لەبەر هۆی ئاسایشیەوە گیراوە، بەڵام ئەویش لەسەر داوای برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی بەربووە، لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە لە هەموو شارەکان و قەزاکان، دروست بوون و ماوەیەکە دەستیان بەئیشوکاری خۆیان کردووە و لەگەڵ ڕاپۆرتەکەمان نوسخەیەک لەمەحزەری لیژنەی سێمێل و لیژنەی زاخۆ هەیە و هیچ کێشەیەک نییە، دوو حاڵەت لە پارێزگای دهۆک هەبوو کەسەیتەرە لەسەر خانووی هاووڵاتیان کرابوو یەکێکیان لەسێمێل بوو ئەویش گەڕایەوە بۆ خاوەنەکەی، خاوەنی ئەصلی، ئەوی تریش لە ئۆردوگای (دێرەلووک)ە، پارێزگاریش بەڵێنی داوە بەزووترین کات ئەویش بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنی. هەموو بازگەی نا نیزامی لا بردراون، هەروەها پۆلیس و ئاسایش وپۆلیسی گومرگ شوێنی خۆیان لەجیاتی میلیشیاکان گرتووە، دیاردەی حزبایەتی لەخاڵی بازگەو وبینایەی گشتی نەماوە، بارەگاکانی حزبەکان دیاری کراون، بە دوو بارەگا لەمەرکەزی پارێزگا و بارەگایەک لە قەزاکان، ئەویش گەڕاندرانەوە بۆ حزبەکەی خۆی ئەمە بە شێوەیەکی گشتی پوختەی ڕاپۆرتی دهۆکە و سوپاسی هەموو لایەک دەکەین بۆ یارمەتی دانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، ئەوە بە خەستی و بەروونی هەر چوار وەفد ڕاپۆرتی دوایی و بۆچوونی

خۆیان خستۆته کاغەزو پێشکەشی پەرلەمانیان کرد، وەکو گوتمان لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەوە، لە ئەنجامی ئەو راپۆرتانەو، هەنگاوی تر لە لایەن لیژنەی ئاسایی کردنەوە وەنراون بۆ جێبەجێ کردنی بریارەکان. ئێستاش بابرادەران تێبینی خۆیان تۆمار بکەن با پێشتریش ناو نووسیان بکەین و هیوادارم تۆزێک ئاگاتان لەکاتیش بێت د.عیزەدین فەرمووە.

**بەرێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەرێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجــــــومـــــــەن.**

هەر ئەمجارە چۆن یەکەم جارقسەت دامێ دیارە ئەو برادەرانەی بادینان کە لەگەڵمان بوون لەوێش و لێرەش قسەکە هەر ئەخەنە سەرشانی من، من بەراستی درەنگ چووم، وەک ئەزانن کەمن چووم برادەران چوو بوون بۆ زاخۆ چو بوون بۆ ئامێدیش لەبەر ئەوە ناڵێم ئاگام لەباری زاخۆو ئامێدی نییە، تەنیا لەو دوو کۆبوونەوەیە کە لەگەڵ پارێزگاری دهۆک و لەگەڵ نوێنەری INC کە سەرۆکی بالای سەربازی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان لەوێ کۆبووینەوە وچووینەلای لێپرسراوێکی گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان، من لەوێ لەو کۆبوونەوانە گوتم شێوەی گاڵتەو نیوە گاڵتە راستە نییە، ئەوەی کە لە دهۆک کراوە، کابرایەک گوتی بەتەمام ژن بێنم لە ٥٠ ٪ی تەواو بووە خۆم و دایکم و باوکم رازین هەرخۆی و باوک و دایکی ماوە، لە دهۆک مەسەلەی یەکەم بەخۆش بەختانە ئەو شەرە نەبووە، ئەوشەرە خۆکوژیەی کەبووە لەوێ خوێنی تێدا نەرژاوە، بەخوێن رشتنیش نەبووە لەبەر ئەوە زۆر مەسەلەکە ئاساییە بە هێمنی ئەتواندرێ بکرێتەوە وەکو گەرانەوەی بارگەکان کە برادەران پێش من چووبوون بارگاکانی یەکێتی نیشتمانیان چ لەزاخۆ چ لە دهۆک کردەوە، بەڵام ئەوەی کە نەکراوە و گرنگترین شتەو باس کراوە لەراپۆرتەکە شماندا هەیە مەسەلەی گومرگ و گومرگی (ئیبراهیم خەلیل)ە هێشتا نەدراوەتەوە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوێ لیژنەی ئاسایی کردنەوە دەڵێ ئەوە لە دەستەڵاتی ئێمەدا نییە، پارێزگاریش دەی گوت ئەمە دەستەڵاتی من نییە بە (ئیبراهیم خەلیل) بڵێم گومرگەکە بەرنەوە، لەبەرئەوە شتی یەکەم کە بکرێ ئەبێ گومرگ بدەنەوە بۆ ئەوەی هەمووشت ئاسایی بێتەوە ئەمە یەک، دووەمین هەرچەند لەگەڵ د.رزگارم کە ئەڵێ بەشێک لەفەرمانبەرانی گومرگ نەگەراونەتەوە، بەڵام ئەو برادەرانەی کە چوون حەزدەکەم بەخۆیان قسەبکەن کاک سەعید سلێڤانی و کاک عیدۆو کاک حەسەن باڵتە ئەڵێن کەس لەفەرمانبەرانی گومرگ ئەوەی کەسەربە یەکێتی بێ نەگەراوەتەوە، هی پەیوەندیش کەس نەگەراوەتەوە پارێزگار بیانووەکی هەبوو، بۆ ئەوە دەیگوت ئێمە دەمانەوێ فەرمانبەرانی خۆمان بگۆرین، چ هی گومرگ چ هی پەیوەندییەکان، چاوەرێ بکەن کە لەگەڵ ئەواندا کە گۆران ئەمانیش داوا بکەنەوە.

ئاسایش: ئێمە رۆژی پێنج شەممەی رابوردو بوو پێیان وتم بەیانی بەرێوەبەری ئاسایشی دهۆک لەگەڵ هی زاخۆ چوون کە دەوام بکەن، لەسەعات (١٠) وتبوویان دەوام مەکەن وئەوەی زاخۆ خۆی هاتبۆوە بەس هی دهۆک دەوامی کرد، کەبە قسەش پرسیان ئەڵێن ئێمە هەندێ شت بەستراوە بە

سلێمـانیـەوە ڕەنگە بەرەسـمی نەیلێن، بەڵام لەلاوە ئەیلێن من وائەزانم ئەو هاوکێشـەش هەڵەیە سلێمـانی ئەڵێ تـا دهۆک نەیکات نایکەم، دهۆک بڵێ تا سلێمـانی نەیکات نایکەم، لەبەر ئەوە یەک کات یەک دەقیقە دابنرێ بۆ ئەوەی هەمـوو کارەکان بکرێن کۆمەڵێک خەرق و شت هەبوو لەو لاوە ئێمە بیسـتمـان برادەرانی یەکێتی لەبارەگاکە پێیان وتم کە لای پارێزگار خستمانە ڕوو وتی زۆربەی جـێبـەجێ کـراوە هەندێ بازگـەی نارەسـمی هەبوون ئەوانیش ئەو عـەمـیـدەی کـەسـەربە (INC)ە وتی هەندێکی ئەمـڕۆ ماوە دوایی لا ئەبرێ. ئوتۆمبیلی جێگری پارێزگار و جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس نەدراوە تەوە هێـشـتـا کـۆمـەڵێ تەلەفـۆن هەیە نەدراوە تەوە، پارێزگـار بەڵێنی داینێ کەلەم چەند دۆژانەدا بیـان داتەوە، کاک د.ڕزگـار بەمنی وت کە لەڕاپۆرتەکە نووسیـوومـانە، وتی نا ئەوە بکوژێننەوە چونکە دراوەتەوە، کـە ئەو دوای من هاتـەوە بۆ ئێـرە، کـەچی برادەران کـە هاتـوون لە دهۆکـەوە ئەڵێن نەدراوەتەوە بە هەمـوو حـاڵێک من وا دەزانم مـەسـەلەی گـومـرگ و گـەڕانەوەی ئەو خـەڵکە نەبێ لە زاخـۆ ئەوی دیکە شـتی ڕۆژانەیە، ڕۆژانە چارەسـەر ئەکـرێ و بارەکەش بەهێـمنی چاک دەکرێ، ئەمێنێتەوە ئەو خاڵەی بەرەو سووریایە ئەویش هێشـتا نوێنەرانی یەکێتی نە چوونەتەوە شتێکی تایبـەتی وت پارێزگـار وا ئەزانم وائەبێ لەگەڵ مـام جەلال دا باس بکرێت کە ئەوانە ڕازی نین کە لەو خاڵە نوێنەری ئەوان هەبێ و هۆیەک هەیە نازانم تایبەتیە کە بە هەمـوو حاڵێک هێشـتا لەوێش هەر نوێنەری پارتی هەیە، جا پێشنیـارەکە وائەزانم کـاک ئیبراهیم پێش هەمـوو شتێک ئەوە بکات یەکەم شت ئەمەیە گومرگ بدرێتەوە بە حکومەت کە ئەوە درایەوە، وا ئەزانم ئەوانی تر ڕۆژانە چارەسەر دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

کاک سەعید کـاک حازم کاک عـەبدولخالق پێرێ دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیـان لەیەکێک لە کـەناڵەکانی پایتـەخت کـرد زۆر بە دوورو درێژی و، زۆر بەتێـروتەسـەلی لەوەی کە لێـرە باسـیـان کـرد زۆر زیاتر باسیـان کـرد من پێم وایە هیچ نەبێ مـوجب بەوە نییـە جارێکی دی، قسـەکانی ئەوان لەتەلەفزیۆن بڵاوبکرێنەوە، دەترسـێم نـاکـۆکی هەبێ، دەترسێم قـسـەی زیاتر هەبێ، مـن وەکـو بەدواداچوومـەوە نزیکەی دووسـەعـات دەوامـیـان کـرد لە کـۆڕەکە و هەر دەم هێناو دەم بردەوە هەر ئێوە بوون ئەوەتان دەکـرد و پێم وایە هەندێ گلەییـتـان کـە هەیـەو نییـە و، پێم وایە دەبوو بڵـێ هەبوو نەبوو، چونکە ئەوەی کەباس دەکەن هەمووی کـۆنە لەوانەیە ئێـستـا زۆر شت لەوێ گـوڕابێ زۆر ئیجرائات کرابێ و دیسـان دڵنیـام و گەشبینم بەیـانی تا دووبەیانی لە ئیبراهیم خەلیلەوە تا خانەقین هەمـوو شـتێک وەکو خۆی لێدێتەوە هیچ شتێک نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر ئـەحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

من دەمـەوێ زنجیـرەی قسـەکـانی ئەو برادەرانە لەیەکەوە لە کاک ئیبراهیم دەست پێ بکەم ، چونکە

پێم وایە ئەو کێشانەی باری ئاسایی نەکردنەوە لە هەموو شوێنەکانی لەیەک سەرچاوە خۆی ئەبینێ ئەویش لەبابەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلە ئەگینا فلانە بارەگا لە فلانە شوێن بێ پێم وایە ئەگەر ئێمە بمانەوێ چەند لایەنێکی سیاسی بێێن ئیش بکەین لە کوردستاندا پێویستە هەمووشتی بارەگای لەناو شارەکاندا هەبێ و خانووی حکومەتیش ئەگەر هەبێ بەوانە بدرێ هیچ کێشە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی گومرگ کاک د.عیزەدین باسی کرد، بەڕای من ئەو بابەتانەی کە باس کران هەق نییە بچنەوە سەری ئەگینا ناچارین موقاتەعەی ئەوانە بکەین کە بەسەریدا دەچنەوە و بابەتەکە دووبارە دەکەنەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ گومرگی ئیبراهیم خەلیل بخرێتە پێش هەموو شتێک بەنسبەت کاک حازم، کاک سەعید باسی بارەگاکانیان کرد، من نازانم ئەو جیاوازییە بۆچی؟، جاری پێشووش باسمان کرد لە فلان شاخ بوو بۆ لەسەر سنوورەکان نەبێ، سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بۆ بارەگاکان لەوێ دانەنرێن یانی پێویستە لەسەر ئەوە خلاف بێ نەک لەسەر ئەوەی لە فلان شاخ بارەگا دابندرێ یان فلان شاخ بۆ فلانە حزب بێ، من داوا دەکەم ئەمجاریش لە لیژنەکان ئەوە ڕەچاوبکرێت، چونکە بنچینەیە لە نزیکی شارەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو برای بەڕێز کاک فەرەنسۆ گوتی گەشبینم، بەڕاستی جووڵانی ئەو وەفدانەی کە چوون بۆ تەوەرەکان هەنگاوێکی باشە، بەتایبەتی کە لیژنەی باڵا دروست بووە هەمووڵایەک گەشبینین کە ئەنجامی دەبێت و بە ئومێدی خوا، بەڵام من لە ڕاپۆرتی برای بەڕێزم کاک ئیبراهیم سەعید هەروەها لەڕاپۆرتی برای بەڕێز کاک حازم کە من ئەندام بووم تێیدا، ئەمەوێ ئاماژە بۆ شتێک بکەم باسی ڕێکەوتنی خۆماڵی ئەکرا ئاسایی ئێمە وەکو لیژنە کە ڕۆیشتین بۆ وێنە، لە ڕێکەوتنەکانی خۆماڵی وەکو بڕواشم وابوو لەوێ و ئێستاش هەر بڕوام وایە کە ئێمە نە چوو بووین بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی خۆماڵی دروست بکەین، چونکە کاری ئێمە ئەوە بوو بەڕاستی بچین بزانین چی کراوە لەو بڕیارانەی کە وابوو، چی نەکراوە، مانع کێ یە مانع بەڕاستی بۆ ئەوە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی کە هاتینەوە جوولەیەک بدەین بەو ئالیەتە ئەو ئالیەتە باڵایە دروست بێت تاکو بڕیارەکان بەتەواوی جێبەجێ بکرێن. تێبینییەکم هەیە وەکو ئەندامێک لەوەفدەکە لەو وەفدە پەرلەمانییە ئەوەی کە ئەمان بینی لەوێنەکە بڵێین کۆکردنەوەو کۆکردنەوەی هێزەکان، من بەڕاستی وەکو ناوچە شارەزام من پێی ناڵێم کۆکردنەوەو جیاکردنەوەی هێز بۆ زانیاری با ئەندامانی پەرلەمان بزانن، چونکە ئێمە بە ئومێدی خوا بە هیوای ئەوەین کە ئاسایی بێتەوە بەشێوەیەکی وا کەوا دوژمن چاوی کوێربێ بەرامبەر بەمیللەت و دۆستان هەموو بگەشێنەوە میللەت بگاتەوە حاڵەتێکی ئارامی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی هێزو ڕوبەڕو بوونەوەیهێزەکان هەنگاوی یەکەمە لەناو ئەو خاڵانەدا کە هاتوون و دەبێ جێگەیدیاری بکرێ بۆ ئەو هێزانەی کە دوور دەخرێنەوە لە هەندێ جێگا، وابزانم لە کۆبوونەوەی دوایشدا باس کرا کە هەنگاوی دوای ئەوە چی بکەین.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من هەندێکی ڕاست کردنەوەیەو هەندێکی زیادکردنی زانیاریە بۆ برادەران، کاک حازم باسی بەڕێوەبەرایەتی مرورو بەڕێوەبەرایەتی چیمەنتۆی سلێمانی کرد کە گوایە برادەرانی پارتی نارەزاییان لەسەر ئەو مەسەلانە هەیە، بەڵام بەڕاستی ئەبوو لیژنەکە لەهەمان کاتدا کە نارەزاییان هەبووە بگەڕابانەوە بۆ هۆی لاری بوونەکە کە چین، ئایا لاری بوونەکە لە جێی خۆیەتی یا هەروا ئەکرێ؟، من ئەمەوێ پێشتان بڵێم کاتی خۆی ففتی ففتی یەکەی کە بەحسابی هەموومان ئیدانەمان کردووە لەسەر ئەو حیسابەیە کاتی خۆی بەڕێوەبەرایەتی مرور و بەڕێوەبەرایەتی چیمەنتۆ دراوە بەیەکێتی نیشتمانیی لەسەر لیستی ئەوان بووە ئەوە بوو زیادکردنی زانیاری. دوای ئەوەی بارەگاکان گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان و تایبەتی سلێمانی من ئەمەوێ بزانم بارەگای لق مەبەستم کە ئەڵێن بارەگا سەرەکیەکان بارەگای لقە یاخود بارەگا بچکۆلەکانی ترە، ئەگەر بارەگای لقە ئەوە هەمووکەس دەزانێ لەسلێمانی کە بارەگای لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوێ بووە و کامەشە و کامانەی تر بارەگاکانی لابەلان، من ڕام وایە مەسەلە بنەڕەتییەکەی نەگەڕانەوەو هەوڵدانی شێواندنی ئاسایی کردنەوەیە لە پارێزگای سلێمانی مەسەلەکە دوو بینابووە یەکیان ناوچەبووە کەبەرامبەر (حسیب صالح)ە کە یەکیان بینای لق بوو کە گوایە برادەران داوای ئەو بینایە ئەکەنەوە ئەڵێن بینایەی لق بووە، جا ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێ بێت هەندێک برادەرانی هەتا سەربازییەکان کە جێگاکانیان بۆ دانرابوو لەشارۆچکەکانیش گەڕابوونەوە بۆ ناو سلێمانی، بۆ نموونە برادەران هەندێک هاتنە سەربازگەی سەلام، هەندێک چوون بۆ چەمچەماڵ وبەڕاستی هەندێ وەکو دەروێشی قادری هاتە پێش چاومان گەڕانەوە، بەڵام دوای ئەوە کە هاتنەوە هۆکەی چی بوو؟ تەنیا هۆکەی ئەو بینایە بوو کەئەو برادەرانە داوایان دەکرد کە گوایە ئەوە بینای ئەوانە کە بەڕێز کاک عارف تەیفور باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو بینایە نەگەڕێتەوە، منیش ناهێڵم یەک فەرمانبەر کەسەربە لیستی زەردە دەوام بکات، و بەڕاستی هەق بوو لیژنەکە ئەوەشی ڕەچاو بکردایە، یانی ئەو مەسەلەی کە لە بواری شەخصی باسی دەکەن لەگەڵ لیژنەکاندا بگوترێ ئەوە ڕای لێپرسراوەکانە. کابرایەک بەرپرس بوو لەشوێنێک ڕایەکی نا ڕاستەوخۆ دەدات **لەگەڵ برادەرێکی** پەرلەماندا ئەوە ڕای لێپرسراوەکانە کەناهێڵی. **دوای ئەوەش کاک عەبدولخالق باسی هەندێ** کێشەی کرد من بەبیرم دێ کاک حازم شتێکی پێشنیا**ر کرد لەگەڵەک ڕوداو بوو باسکرا کە هیچ** نەبیستراوە و دوای ئەوە کاک فرەنسۆ بەخۆی **تەئکیدی لەسەر کردەوە کەشتێک بووە، کاک**

عەبدولخالق بڕیاربوو هەرزۆر بەپەلە بڕوات نازانم هیچ باسێکی ئەم بابەتەی نەکرد، دوای ئەوە کە باسیشی ناکەی من ڕام وایە شتەکان وەکو خۆی بگیردرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەربکرێ. کاک ئیبراهیم باسی ئەو فەرمانبەرانەی کرد کە لەدهۆک هەموویان گەڕاونەتەوە بەبێ کێشە، بەڵام باسی ئەوەی نەکرد، ڕاستە ڕۆژی یەکەم زۆربەی فەرمانبەر گەڕابوونەوە لەهەمان ڕۆژدا پارێزگاری دهۆک بەتەلەفۆن تەبلیغی کردن کەنابێ کەستان دەوام بکەن، دەبێ چارەسەری ئەو شتانە بەگشتی بکرێت و هەمووشیان باس بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بەکورتی باسی بکە، چونکە باسی فەرمانبەریان کرد، ئەو خاڵانەی کە باسکراو، تکایە دووبارەی مەکەنەوە.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵەکەی من ئەوەیە مەرج داندراوە لەسەر گەڕانەوەی هەندێ فەرمانبەر لەگومرک و لە پەیوەندییەکان نابێ هیچ کەسێک چ ئەندامی سەرکردایەتی حزبێک بێت، چ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبێک بێ، لە ئیبراهیم خەلیل مەرجیان داناوە بۆ گەڕانەوەی فەرمانبەر هەرگیز پەسەند ناکرێ دوای ئەوە باسی ئەوە دەکرێ کە وەفدێک چووە بۆ بادینان، وەفدێکی پەرلەمان بۆ پارێزگای دهۆک وەفدەکە زۆر پەپرژ پرژی ڕۆیشت برادەرێک پارەی وەرگرتبوو ڕۆیشتبوو دوای ئەوە دووبرادەرەکەی دیکە ڕۆیشتبوون دوای ئەوە خوشکێک بە جێمابوو ئەویش بەدوایانا ڕۆیی دوای ئەوەکاک عیزەدین دوایی، ئەوە بەڕاستی بەوەفد نەدەچوو ئەوە بەوە دەچوو هەر کەس بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی و سەردانی کەس وکاری خۆی بکات، وەفد ئەوەیە کەئەبێ بەیەکەوە سەردانی شوێنەکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەیر ئەوەیە ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن هەموو لیژنەکان ولەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ئیمزا کراوە، ئێستا دەبینین هەندێ مەسەلە دەخرێتە ڕوو، تکایە لەمەو دوا ئەو برادەرانەی کە ڕاپۆرتیان خوێندەوە نوێنەری ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە ڕۆیشتوون و هەموو لایەنەکانی تێدا بووە و ئیمزایان کردووەو، وبۆچوونی خۆیان پیشان داوە، پاشانیش هەندێ مەسەلە هەنە ئەبێ برادەران بزانن کۆی هەموو ئەو ئیشانە، بریتییە لە خاڵێک ئەویش ئەوەیە کە بارەگا دراوەتەوە یان نەدراوەتەوە، واتا بارەگا چۆڵ کراوە یان چۆڵ نەکراوە؟!. تێ ناگەم ئەندامێکی پەرلەمان لێرە چۆن ئەتوانێ بڵێ ئەوە بارەگای سەرەکی فلانە، ئەمەش بارەگای سەرەکی فلانە، ئەولایەنە خۆی دیاری دەکات. حەق نییە بەو شێوەیە بکەن، وەفدێکی پەرلەمانی کە نوێنەری پەرلەمان بووە وبەتێکڕا چوون زیارەتیان کردووەو ڕاپۆرتێکیان داوە، کە بۆچوونی هەمووولایەک پیشان دەدات، دەبێ گوێ یان لێ بگرن ئەگەر شتێکی ترتان هەیە بیخەنەسەری، ئەگەر شتێکی ترتان نییە، پرسیارێک یان

ڕوونکردنەوەیەک هەیە بیکەن، بەڵام هەق نییە هەم لەجیاتی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی شارەکان وەڵام بدەنەوە، هەم لەجیاتی حکومەت وەڵام بدەنەوە، هەم لەجیاتی پەرلەمان وەڵام بدەنەوە، هەم لەجیاتی حزبەکانیش وەڵام بدەنەوە .ئێوە ئەندامانی پەرلەمانن و پرۆگرامێکتان هەیە، کۆمەڵێک خاڵتان هەیە کە لەسەری ڕێک کەوتوون، هەقە لەئەندامی پەرلەمان بپرسن بڵێن کاکی خۆم یەکێ لە خاڵەکان ئەوەیە شارەکان چۆڵ بکرێن، ئایا کراوە یان نەکراوە، ئەگەر نەکراوە پێمان بڵێن نەکراوە، بڕیار بوو ئەو هێزانە کۆبکەنەوە لەفلان خاڵ کە ڕاگەیەندراوە، جێگەکانیان کوێیە و ڕۆیشتوونە یان نەڕۆیشتوونە؟ بۆ چی نەڕۆیشتوونەتەوە؟!. پێت ئەڵێ بۆ نەڕۆیشتونەتەوە، خەڵک گیراون و بەرەڵڵاکراون؟ بەڵێ بەرەڵڵاکراون، هەمووی نەخێر لایەنەکان ئەو ئەڵێ وا و ئەویتر ئەڵێ واو حکومەت، حکومڕانی خۆی دەکا لەسەرتاسەری کوردستان؟، نەخێر، چونکە ئەم خاڵە هەیە ئەم خاڵەش، بەڕای من شەش حەوت خاڵ هەن ئەندامانی پەرلەمان ئەبێ لەو خاڵانە گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەن، نەک بێن بەبریکاری حزبەکان، بێن بەبریکاری پارێزگار، بێن بەبریکاری ئیدارە، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیار لەجەنابی کاک حازم دەکەم لەسەرچی بارەگای سلێمانی ئەوەی بەرامبەر بینایەی پارتی دیموکراتی کوردستان تائێستا نەکراوەتەوە؟ پرسیاری دووەمیش، ئایا خانووەکان کە ئەو خەڵکانەی کەلێی دەرکراوون و تەلەفۆنەکانیان بردرابوون گەڕاونەتەوە بۆ خاوەنەکانیان یان نا؟ پرسیاری سێ یەمم لەجەنابی کاک (عەبدولخالق)ە ئەو کەسانەی کە احتفاظ کراون ئایا تا ئێستا ئێوە هیچ پرسیارێکتان کردووە دەربارەیان یان هەر ئەوەندە لیژنەکە ڕۆیشتوون دیتتان کە احتفاظ کرا بوون؟ پرسیاری چوارەمم لە کاک (سەعیدیەعقوبی)یە، بۆ چی تا ئێستا لیژنەی ئاسایی کردنەوە لە ڕانیە و قەڵادزێ دروست نەکراوە؟ بەڵام دەربارەی ئەوەی لقی سلێمانی کە کاک شاڵاو باسی کرد، ئایا پێش ئەوە سەر بەیەکێتی بووە یان پارتی وا ئەزانم خاوەنەکەی ناوی عەباس قادر بوو سەربە پارتی دیموکراتی کودستان بوو، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرەتاوە من ڕایەکی ڕوونم هەبوو، هەرگیز ڕام وا نەبووە ئێمە بچین، هەر بچین بزانین چی کراوە، بەلای منەوە هەر دەستنیشان کردنی هەموو تاونبارێک دەستنیشان کردنی هەموو خروقاتێک بکرێ و ڕایەکی کاکەرەش هەیە کە هەموجار دەی لێت من پشتگیری دەکەم کە ئەندامی پەرلەمان دەچێتە شوێنێک هەموو شتێکە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە هەموو خروقاتێک دیاری بکات، ئەو کارەساتانەی کە ڕوویان داوە بەڕاستی کارەساتی وا گەورەی تێدا بوو کە نەئەبوو وەک ڕێبوارێک بەسەریدا بڕۆین ئەبوایە باسی بکرایە، ئەوە من ڕام بووە لەسەرەتاوە کەمتر

باسی خروقات کراوە، ئەو راپۆرتەی کە جەنابی کاک سەعید یەعقوبی بەناوی لیژنەی قەلادزێ و رانیە خوێندیەوە، ئەوە دوا راپۆرتە کە ئێمە پێشکەشمان کردووە، بەڵکو ئێمە چوار سەفەرمان کردووە بۆ ئەوێ و سێ راپۆرتمان هەبووە یەکیان ٨/٩ یەکیان لە ٨/٢٧ بووە یەکیان ئەم دوا راپۆرتەیە کە لە ٩/١٤بووە، یەکێکیان ئەو جارە بوو کە بەداخەوە کە ئەو کارەساتە دل تەزێنەی لەدوایی دا بوو لەلایەن ئەو شەڕەی دوایی کە ئەو راپۆرتەمان ئامادە نەکردبوو، بەڵام لە هەموو حالەتەکان ئێمە لەگەڕانەوەدا ئاگاداری سەرکردەکانمان کردۆتەوە، بەڵام جاری یەکەم کە چوینە قەلادزێ لوولەی تفەنگەکان لەیەکەوە نزیک بوون دوای بۆردومانەکە شەڕی قەلادزێ بوو کە چووین ئاگاداری کاک مەسعوودمان کردەوە، ئێمە لەلای خۆمانەوە کە ئەگەر فریانەکەون شەڕ دروست دەبێتەوە. بەڵام بەداخەوە هێز جیانەکرایەوە ئەوە بوو کارەساتەکە دروست بوو، من هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە کاک سەعید پێشکەشی کرد، حەز دەکەم وەکو پرسیارێک لای خۆی وەلامم بداتەوە بزانم ئەو برگەیەی دوایی لەکوێ هێنا؟ کە ئەڵێ لەدەروازەی پێشێلکاریدا هێزێکی یەکێتی نیشتمانیی لەو ناوچەیەدا هێشتا چۆڵی نە کردووە، چونکە بەڕاستی ئەو برگەیە نەلە راپۆرتی ئێمەدا هاتووە و نەباس کراوە ئێمە (٩) ئەندام بووین ئەوە «٩» ئەندامەکانیش زۆر بەیان لێرەن و ئێمە وەک عەرزم کردن لەسەرەتاوە حەزم لێ بووە باسی پێشێلکاری بکرێ، چونکە ئەگەر باسی خروقاتمان کرد بەڕاستی پێشێلکاری ئەوەندە زۆرە، یانی کارەساتی قەلادزێ بۆ یەکەم جار کە ئێمە چووین لەگەڵ ئەو برادەرانە دانیشتین پێمان گوتن کاکە بۆ بۆردومانی شاری قەلادزێ کراوە؟ وەلامیان دایەوە یەکێتی لەوێوە تەقەمان لێ ئەکات، جا بۆیە ئێمە بۆردوومانمان کردووە، لەمەحزەرەکەدا هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی خزمەتی گشتی ناکات برادەران سوور بوون لەسەر ئەوەی نەنووسرێ ئێمەش نەمان نووسی، ئیتر نازانم بۆچی بەخشکەیی کاک سەعید دەیەوێ باسی پێشێلکاریەک بکات لەسەر لایەنێک کە هەر بەشێکی سادە سادەیە چەندین پێشێلکاری گەورە گەورە بووە، ئێمە هەر باسیشمان نەکردووە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لەمەودوا ئەم لیژنانە، لیژنەی موحافەزە دروست بێت سەر لەپارێزگاکان بدات و ئیتر بەسە ئێمە با باسی پێشێل کاری نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ دووسێ خاڵ باس بکەم، ئەو پێشێلکاریە و ئەو راپۆرتانەی کە ئێستا برادەران خوێندیانەوە ئەوە لە دوا کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا خوێندرایەوە و دەسنیشانی ئەو خاڵانە کران کەوا جێبەجێ نەکراون و لەبەر ئەوەش بوو کە لەکۆبوونەوەکەدا مام جەلال گوتی ئەبێ هەنگاوێکی حاسمی شۆڕشگێڕانەی بەپەلە بهاوێین، هەتا سێ رۆژی دانا بوو کە ئەو لیژنانەی کە لە رپۆرتەکەدا هاتبوو دابنرێ و کاک مەسعودیش پشتگیری کرد و گوتی من لەگەڵ هەموو ئەو شتانەم کە مام جەلال گوتی و ئەبێت ئەو لیژنەیە بەزووترین کات پێک بێت، سێ رۆژەکە ئەو پێشێلکاریەی کە

هەیە و لەراستیدا هەیە، بارەگا هەیە نەگەڕاوەتەوە، دیل هەیە بەرنەبووە، خانوو هەیە هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ خاوەنی فەرمانبەر هەیە نەگەڕاوەتەوە، تا ئێستا داهاتی گومرگ چ هی ئیبراهیم خەلیل بێ چ هی جێگای تربێ نادرێ بە حکومەتی هەرێم، ئەو خروقاتەی کە ئێستا باس دەکرێن لەسەر ئەو شتانە بوون دەبێ چارەسەری ئەمانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە کاک سەعید یەعقوبی هەیە باسی (١٢) بازگەی کرد لە هەولێرەوە تاکو قەڵادزە ئەڵێ بەدەست حکومەتەوەیە بەبۆچوونی من رەنگە ئەو تەنها جلەکانی بینیبێ، ئایا ئەو پۆلیسانە هی کێن و هی کێ نین؟ حەز دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەم بداتەوە، بەنسبەت ئەو سێ برادەرەی کە لەدەربەندیخان گیراون، تێبینی هەیە لەسەریان ڕەنگە خەڵکی تریش هەبن کە تێبینی یان هەبێ لەسەریان و سەر بەرژێم بووبن تا ئێستا نەگیراون ئەوە تەحقیق بکرێت بۆ لەم کاتە ئەم سێ کەسە دەستنیشان کران کە ئەمانە سەربەحکومەتن؟. بەنسبەت بەڕێوەبەری چیمەنتۆی سەرچنارو مروری سلێمانی، هەق وایە بگەڕێنەوە بۆ پێش بڕیارەکانی ٥/١ ئەو کاتە تێبینی لەسەر دەربڕێ ئایا سەربەکام لیستن، باسی گومرگ کرا هەر لە ئیبراهیم خەلیل نییە لەکەرکوکیش هەیەو لەقەڵادزەش هەیەو، پێویست وایە باسی ئەوەش بکرێ بۆ چی ئەویش نەگەڕاونەتەوە بۆ حکومەت ئەو حیسابەی لەسەر بکرێ، کۆمەڵێ دیل بە ناوی حکومەتەوە گیراون تا ئێستا بەرنەبوون، هەق وایە ئەویش هەر لەبارەی ئەم زرووفە بووە کە ئێستا دوای ٥/١ ئەو ڕووداوانە روویان داوە و هەمووشیان بەیەکەوە بەستراون ئەوە باشترە بڵێین ئەم شتانە نەکراون لە دهۆک نەکراوە نەک بیبەستینەوە بەشوێنی ترو بڵێین لەکەرکوک نەکراوە لە سلێمانی نەکراوە، نەک بیبەستینەوە بەوەی بۆ فلان کەس گیرا؟ بۆ فیسارەکەس بەرنەبوو؟، بەقەناعەتی من ئەو شتانەی کەبووە چ لەدهۆکەوە تاکو خانەقین هەمووی بەستراون بە ڕووداوی ٥/١ تاکو ئێستا، جا ئەوەیە بابەتەکە و دەبێ چارەیەکی بن بڕ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵانەی کاک ئازاد لەبارەی فەرمانبەرانەوە گوتی کە نەگەڕاونەتەوەو بارەگا نەگەڕاونەتەوە، لەڕاستیدا من حەز دەکەم دووسێ خاڵ ڕوون بکەمەوە. ئێمە کۆمەڵێک بڕیارمان وەرگرتبوو و هەمووتان ئاگادارن کە بڕیارەکان هەموویان بڵاو کراونەتەوە لەڕۆژنامەکاندا تەبلیغ کراون، لە ڕادیۆ خوێندراوەتەوە و لە تەلەفزیۆن وخوێندراوەتەوە، خولاسە ئیشی ئەم لیژنانە یاخود لیژنەی ئاسایی کردنەوە ئەوە بوو کەڕۆژی ٢١ی/مانگ ئەو کۆبوونەوەیە کرا و(٧) خاڵ بوو، بەڵام نە بارەگا لەزۆربەی جێگاکان دراوەتەوە، نەهێزەکان لەزۆربەی جێگەکان چۆڵ کراون و چوونەتە جێگای خۆیان، نە سەیتەراتیش نیزامی وپاساییە، بەڵکو هەریەک بە دەستی ئەو لایەنەیەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، با بە ڕونی قسە بکەین، برادەران هەموو شت ئەزانن، بەڵام من تێ ناگەم بۆ برادەران لەهەندێ شت خۆیان گێل دەکەن؟!. بۆ پرسیار ئەکرێ؟ خۆی روونە کە ئەڵێ کەرکوک و

سلێمانی یانی پۆلیس و بازگەکان لیستی سەوزن و، کە ئەڵێ دهۆک، ئەوە لیستی زەردن، لەوانەیە لە هەولێر حکومەتێکی هاوبەشمان هەبێ، ئەوە پێویست بە پرسیار ناکا، بۆ خۆمان گێل بکەین؟!. کەئەڵێین فەرمانبەرەکان نەگەڕاونەتەوە یان گەڕاونەتەوە ئەمە روونە، کە نەگەڕاونەتەوە، یا لە کوێ نەگەڕاونەتەوە لەکوێ و کوێ گەڕاونەتەوە؟، لەکوێ خاڵەکان دیاری کراون؟ دەبێ لەم مەسەلانەوە بدوێین. کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدواداچونێکم هەیە لەسەر قسەکانی د.عیزەدین، کە فەرمووی برادەرانی بادینان نە لە بادینان قسەیان کرد نەلێرە، ئەوە ئێمە لە بادینانیش قسەمان زۆر کردووە و لێرەشەوە قسە ئەکەین، ئەوە تەعقیبە لەسەر قسەی کاک د.عیزەدین و و تەعقیبێکیش لەسەر قسەی کاک شالاو کە گوتی هەرکە سەک بۆ خۆی چوو دوو کەس لەم لاچوو دووکەس لەو لاچوو، راستە هەندێک ئۆتۆمبیلی خۆمان هەبوو بەئۆتۆمبیلی خۆمان چووین، بەڵام لە دهۆک بەتەلەفۆن پەیوەندیمان بەیەکەوە کردو (١٣)ی مانگ هەموومان کۆبووینەوە لەیەک جێگا و موشاوەرەمان کرد رێکەوتین و گفتوگۆمان کرد، ئنجا چووین بە جەنابی پارێزگار گەیشتین و بە لیژنەی ئاسایی کردنەوەگەیشتین ئەوەش تەعقیبە لەسەر قسەی ئەو دووبرادەرانە، بەنسبەت راپۆرتی کاک ئیبراهیم کە خوێندیەوە راستە ناوچەی بادینان وەکو هیچ ناوچەیەکی تر نییە، ئەو بارەی کە لەبادینانمان دی ئەتوانم بڵێم زۆر بەی زۆری ئەو خاڵانەی کە لە پەرلەمان دەرچوون ئاسایی کراون، بەڵام هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو راپۆرتە، راستە خاڵەکانی بازگە کە ئێمە چووین هەبوون وراگەیاندنی حزبیش هەبوو لەسەر خاڵەکان بۆ بەیانی بەسەرۆک لیژنەی ئاسایی کردنەوەمان گوت و بروسکەی کرد هەموو هەڵگیران، هیچمان نەمان، بەڵام ئەمڕۆکە ئێمە هاتین لەبازگەی ئەتروش و قەندیل و قەسرۆک ئەو دروشمانە هێشتا هەر مابوون لەبازگەکان و بازگە حکومیەکانیش دوای خاڵی بازگە یەک خاڵ هەیە ئەوە بابەتی ئانشکە لەنێوان عمادیە و لەنێوان دهۆک خاڵی ئانشکی ئەوە وائەزانم خاڵی بازگە نییە، بەڵام قائمقامی ئامێدی گوتی ئێمە لەسەر جاددەی گشتی لادەبەین کە لەسەر جاددەی گشتیان لابرد ئەو خاڵەش دەبێتە خاڵێکی حکومی، بەنسبەت خانووەکانی سەکەنی، خانووی سەکەنی لە کۆمەڵگاکان ئەوە ئێمە لە دهۆک (١٤)ی مانگ بووینە، دوو وەفد وەفدێکمان چوو بۆ ئامێدی وەفدێکیش چوو بۆ زاخۆ، من لەگەڵ وەفدی ئامێدی بووم خاڵی خانووی سەکەنی لە ئۆردووگای سەکەنی خرایە روو کە پاشی ٢/٥ هەندێ جەماعەتی یەکێتی لە هەندە خانوودا بوون لە ئۆردووگای سەکەنی لە کاتی ئەو رووداوانە دەرکراون، بەڕای من ئەو پێشنیارە پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی کاک سەعید یەعقوبی یەک خاڵ هەیە ئەویش فەرمووی (١٢) بازگەی رەسمی هەیە

بەڕای من (١٢) بازگەی ڕەسمی لەنێوان هەولێرو ڕانیە زۆرە ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی نییە کە ئەڵێن بازگەی ڕەسمی یانی لە حاڵەتی ئاسایی دا هەبووبێ مەسەلە بۆ بەڵگە لەسەر پردی دێگەڵە هات من لەوەوپێش نەم دیبوو، یانی مەبەست لە بازگە ئەوەیەکە لەحاڵەتی ئاساییدا بازگە هەبووبێ ئەگینا هەر ناوی بنێن بازگەی ڕەسمی، بازگەی ڕەسمی نییە، بە نیسبەت بڕیارەکەی سلێمانی کەمن خۆم یەکێک بووم لەوانە ئەو بەندانەی کەوا هەیە لە پارێزگای کەرکوک کەوا بلێین . لەدەربەندیخان ڕەنگە لە سلێمانیش هەندێکی تر هەبن ئەڵێن بۆ لایەنی ئەمنی یە گوایە ئەوانە تومەتی تەجەسوسیان لەسەرە، ئەمانە بەڕای من لەهەموولایەک لە سلێمانی لە دهۆک لەدەربەندیخان بدرێن بەدادگایەکی بێ لایەن وەکو دادگای هەولێر لێرە دادگایی بکرێن بۆ ئەوەی گوشاری سیاسی هیچ لایەکیان لەسەر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من هەرچەندە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەیە، ئێستاکەش هەندێ بروسکەو ڕێنمایی لەلایەن هەندێ برادەرانەوە دێن، لەلایەن ئەو برادەرانەوە بۆمان دێن کەوا تەوەری پەرلەمان بەسەریان دابەش کرا بوو، بۆ نموونە یەک لەوانە دوێنێ برادەرێک پێی ڕاگەیاندم وتی بەرلە ئێستا کابرایەک تەعەدای لە هەندێ ژنان کرد، لەبازاڕی سۆران لەسەر ئەوەی کە قردیلەی کەسک وشتی وایان بەستووە، بەڵام تاکو ئێستا برادەران دەڵێن وەکو پێویست ئیجرائاتیان نەکردووە جامن مەبەستم ئەوەیە ئایا لەمەو دوا ئەوە لیژنەی باڵا دروست کرا بەڕێزان سەرۆکی وەفدەکان بوونە ئەندام لەو لیژنانە، ئایا دەوری ئەو لیژنە فەرعیانەی پەرلەمان چۆن ئەبێت؟ و پێویستە برادەران بزانن لەمەو دوا لیژنەی باڵا دروست بووە ئەوپەیوەندی یە، پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەو لیژنە باڵایانە بکرێ لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیوادارین وەکو ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێینەوە سەر ئیشوکاری خۆمان و، لەمەودواش ئەگەر شتێک بوو ئەوە لەهەر ناوچەیەک ئەندامی پەرلەمان هەیە با ئیشوکاری خۆی بکات و بابزانین جارێ هەتاکو ئەو لیژنانە هەنە و ئەندامانی ئەم چوار وەفدە ئەندامن ونوێنەرایەتییان هەیە لەو لیژنانە لەو (٥ـ ٦) ڕۆژەی کە دانراوە چی دەکرێ، وابزانم ئەم کێشەیەش تەواو دەبێ، خوا یار بێت زۆری نەماوە، کەتەواویش بوو وجێبەجێ کرا ئەوکاتە ئیتر پێویست ناکات، نەبەو وەفدەو نەبەخەڵکی تر.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ برادەرانی لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوە و برادەرانی پەرلەمان، بەنسبەت بارەگاکانەوە ئایا ئەو بارەگایانەی کە کاتی خۆی گیراون بینای حکومەتییان تێدا نییە؟ بۆ نموونە

لەسلێمانی یا لەدهۆک یا لە هەولێر ئەو بینایانەی کەکاتی خۆی بەدەستی حزبێکەوە بوون ئێستا حزبێکی تر گرتویەتی بۆچی بگەڕێتەوە بۆ ئەو حزبە بۆچی نەگەڕێتەوە بۆ جێی حکومی خۆی و هەندێ گرفتمان بۆ چارە دەکات، بەڕاستی ئێستا هەندێ بینایەی حکومەت بۆچی بگەڕێتەوە بۆ ئەو حزبەی کە کاتی خۆی تێدا بووە؟ هەرچی بینای حکومەتە من پێشنیار دەکەم بدرێتەوە ئەو دائرەی کە کاتی خۆی بەدەستی بووە بەڕاستی چونکە کێشەی بارەگاکان وا چارەسەر ناکرێن بەڕای من وا چارەسەر دەکرێ، بدرێتەوە بەوان. چونکە باسی مەسەلەی گومرگی و ئیبراهیم خەلیل کرا و بەڕاستی ڕاستگۆیی پارتی و یەکێتی گەڕانەوەی داهاتە بۆ حکومەت بە چ یاسایەک بە چ بڕیارێک یەکیەتی گومرگ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێ داگیر بکرێ، یان پارتی بە چ یاسا یەک داگیری بکات، ئەوە هی میللەتە نەهی پارتییە نە هی یەکێتییە هی هەموو لایەکە لەبەر ئەوە دەبێ بەڕاستی ئێمە هەڵوێستێکی زۆر بەڕاشکاوی وەربگرین بە زووترین کات، ئەو داهاتانە بگەڕێنەوە بۆ حکومەت.

دووەم بەنسبەت کاک حازمەوە من ئێستاش لەهەڵەبجەو ناوچەی هەڵەبجە زانیاریم لەسەر ئەسیرو بەند هەیە یانی داوای پارەیان لێ کردوون بە پارە بەربن، نازانم ئەو زانیاریانە لای ئێوە هەیە؟ یان نییە؟ ئێمە مەعلوماتمان بۆ دێ بۆ سلێمانی دوایی خاڵێک هەیە بەنسبەت فەرمانبەر ئەو برادەرانەی کەسەر بە فراکسیۆنی زەردن خۆیان دەوام ناکەن لە سلێمانی، من خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان گەڕاوم ماڵ بە ماڵ کەبێن دەوام بکەن خۆیان نایەن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی هەموو بۆ چوونێک ڕێکەوتنێک لەسەر ئەوەیە کە لەو خاڵانە کەباس کران هەموو شت بگەڕێنەوە بۆ پێش ٥/١ ئنجا بە هێمنی هەنگاوی سیاسی ئەنرێ بۆ ئەوەی ئەو بارە سیاسیەی کەپێش ٥/١ بوو، ئەوەش نەهێڵدرێ بۆ ئەوەی بارێکی باشتری سیاسی دروست بێت دەربارەی حکومەت و دەربارەی پەرلەمان، جا ئەگەر فکرەکە وابێ ئێستا ئەم خانووە بۆ بگەڕێتەوە؟ ئەمە موڵکی حکومەت بووە یان ئەو فەرمانبەرە بۆ بگەڕێتەوە چونکە باش نییە ئەوە ئەمانخاتە گێژەنێکەوە کە مانای وایە ناگەڕێنەوە پێشی ٥/١، چونکە ئەوەندە خانوو هەیە هی حکومەت هەموو حزبەکان داگیریان کردووە بۆ چی ئەبێ تەنها ئەو خانووە ئەو بارەگایە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەبێ بڕیارێکی تەواو بێت دەربارەی هەموان نەک دەربارەی بارەگای حزبێک یان فەرمانگەیەکی دیاری کراو، گەڕانەوەی ئەو کەسانەی لەسەر ئیش بوون ئەبێ بگەڕێنەوە پێش ئەو جێگایانەی خۆیان کە پێشی ٥/١ لێی بوون، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەکانم زۆربەیان کرا، بەڵام دوو تێبینی بچووکم هەیە، یەکیان: لەسەرەتای دانیشتنەکە

بەڕێز کاک فرەنسۆ ئاماژەی بەباری قەڵادزێ کرد و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژەیەکی وای دا کەدوایی باس دەکرێ جارێکی تر باسی لێ دەکرێتەوە، بەڕاستی لیژنەی قەڵادزێ، تەوەری قەڵادزێ ئەگەر شتێکیش بووبێ بەو شێوەیە نەبوو کە کەس پۆلیس بێ، بەڵام حەز دەکەم باشتر باس بکرێ. دووەم باری تەوەری قەڵادزێ بەستراوە بەپارێزگای سلێمانیەوە بەڕێز جەنابی کاک حازم وەکو لیژنەی تەوەری سلێمانی سەیریان نەکرد، ئەگەر لیژنەی ئاسایی کردنەوە فەرعیەکان بەڕاستی دروست بوایە لە قەڵادزێ و لەڕانیە زۆر شت بڵێین چارەسەر دەکرا. تکا دەکەم لە کاک حازم با ئاماژەی بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش زۆربەی قسەکانم کران بەڵام یەک تێبینیم لەسەر قسەی مامۆستا محەمەد حەسەن هەیە، ئەویش باسی ئەو کەسەی کرد کە گیراوە لە پارێزگای دهۆک کە پارێزگار گوتویەتی ئەوە ئەمنە ئەوە سیخوڕە ئەگەر هەرچی بێ دەڵێ ئێمە پشتگیریان کرد، بەڕاستی هیچ لەگەڵ ئەوەدا نیمە کە لیژنەی پەرلەمان پشتگیری قسەکی بکات ئەگەر لێپرسراوێک کردی، ئەی دادگا بۆچی داندراوە؟، پێویستە ئەو کەسە بدرێتە دادگا، دادگا بڕیار دەدات ئایا ئەو کەسە تاوانبارە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەڕاستی من دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە ئێمە زۆر پێویستە بگەڕێینەوە سەر گیانی جاران و لەبیری نەکەین، بەڕاستی پێویستە پەرە بەو گیانە بدەین و کارنامەو هەڵویستی ٧/٢٥و ٨/١٥ ئەو کۆبوونەوە ئیجابیانەی لێکەوتەوە کە بەیەک گیان و بەیەک دەنگ بەبێ ئەوەی کەس هەست بکات کام برادەر سەر بەکام لیستەو کام برادەر سەربەکام حزبەو بەو گیانەوە ئێمە هەڵوێستمان نواندو دەبێ ئێستاش بەهەمان گیان کار بکەین و یا لە دانیشتن و هەڵوێستی خۆمان بەردەوام بین، هەردوو بەڕێزان یارمەتیمان بدەن و لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە و لیژنە سەربازییەکان بەگیانێکی برایانە کاربکەن تاکو بگەینە ئەنجامێکی چاک، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم وەڵامی برادەران لەو بڕیارانەی کە دراون و بڵاوبۆتەوە لەڕاستیدا لەوێندەر هەیە من وای بۆناچم هیچ شتێکی بخەینە سەر ئەوەی کە ئێستا هەیە هەمووی بەڵێ سەرجەمەکەی جێبەجێ نەکراوە واچاوە ڕوان دەکرێ لە ماوەی ئەم هەفتەیە جێبەجێ بکرێ ئەگەر کەم و کورییەکیش لە ئیشوکاری لیژنەکانیش هەبووە زۆر ئاسایی یەو، تێبینی ئێوەش کە دراوە لەسەر ئەو بابەتانە تۆمار بکرێن هیوادارم هەموو لایەک بەهەمان رووحیەت و بەهەمان گیانی دوای ٧/٢٥ کاربکەن کە کردمان بە هەڵوێست، هێشتاکە زۆرمان ماوە وای بۆ نەچن تەواو ئیتر دنیا شامی شەریفە،

هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی ئەو بارە ئاسایی بکرێتەوە زیاتر پێویستمان بەو گیانە هەیە، بە بۆچوونی من وەکو پەرلەمان بەردەوام بن لەسەر ئەو بابەتانە ئەو ووردە ئیشانە کارمان تێ نەکات، سەرجەمی ئیشوکاری ئێمە بریتی یە لەو خالآنەی کە لە و چەند بروانامەیەدا هاتوون با بەتەواوی جێبەجێیان بکەین. منیش لەگەڵ برادەرانم کە باسی دەکەن، بەڵێ ئەگەر گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پێویستی بە هەڵوێست بوو دانیشتنێکی بۆ ساز دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەر داوای لێ بووردنتان لێ دەکەم ،من هەر وای بۆ نەدەچووم بەو بۆچوونەی ئێوە پرسیارمان لێ بکەن یان باسی مەسەلەکان بکەن، من هەموو جارێ هەروەفدێک چۆتە شوێنێک بەخەڵکەکەمان گوتووە ئێمە دەمانەوێ بەرووحیەت و بۆچوونی پەرلەمان و ئەو دوو بەڕێزە مام جەلال و کاک مەسعوود بێتە خوارێ کەچی بەپێچەوانەوە وای لێ هات وەڵلا من ئەو رووحیەتەی نێوان عوسمانی حاجی مەحمود وفوئاد فەرەیدوون زۆر باشتر بووکە ئەمرۆ تێبینی دەکەم بەڕاستی هەرچی لەسەر فراکسیۆنی زەردە هەوڵی داوە کە دەسنیشانی هەڵەکە بکات لەلایەن یەکێتی یەوە هەرچی لەفراکسیۆنی سەوزە هەوڵی داوە دەستنیشانی خەلەلێک بکات لەلایەن پارتیەوە بێ، من بەڕاستی پێم سەیرە، داوای لێ بووردن دەکەم، حەزم دەکرد بەگیانێکی جیددی وەفدەکان سەیری ئەم مەسەلەیە بکەن، چونکە ئەوا خەریکە برادەران ئیتر لەسەر هەموو شتێک رێک بکەون و هەموو شتێک تەواو بووە، ئەمرۆش کە سەرۆکی پەرلەمان لەسەرەتای ئەم دانیشتنەدا باسی کرد لە ڕۆژی چوارشەممە ٩/٢١شتەکان هەمووی تەرخان کراون هەڵەکان بەڕاستی هەق نەبوو بەو شێوەیە لەسەرەوە باس بکرێن و، من یەک دوو تێبینیم هەیە ئەگەر ماوەم بدەنێ بەڕێز کاک فرەنسۆ دەڵێ لەتەلەفزیۆن زۆر بە دووردرێژی بوو ئێمە ئازاد بووین، بەڵام لێرە موقەیەد بووین ڕاپۆرتەکەم خوێندەوە لەبەر ئەوە بەو شێوەیە هاتووە، شەفیقە خان بۆ نموونە پرسیاری ئەوەم لێ دەکات، ئەوەی کە دوو پرسیاری کرد هەردووپرسیارەکە لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووەو، وتومانە ئەو بارەگایانە کە نەگەڕاونەتەوە، بۆ نەگەڕاونەتەوە؟ لەوانەیە لە جیاوازی بۆ چوونی لێپرسراوانی یەکێتی و پارتی بێت هەق نییە بچنە ناو درێژەی بابەتەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، واتا ئەوە روونە، چونکە شێخ یەحیا مەبەستی ئەوەبوو سەربە پارێزگای سلێمانیە، کاک عەبدولخالق فەرموو، بەڵام تکایە بەخەستی.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت قسەکانی کاک فرەنسۆ بەرانبەر بە قسەکانی منەوە ئەوە سەکۆی سەربەست بووە، رامان داوە نەدوەکە (٤٧) دەقیقە بووە، بەنسبەت کاک شالاو بەداخەوە کاک شالاو ئەو ماوەیە هێشتا

لیژنەکە دروست نەبوو بوو ئێمە لە (٢٧)ی مانگ وەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەو راپۆرتە پێشکەش کراوە «١٩»ی مانگ ئەو رووداوانە پێش دامەزراندنی لیژنەکەمان بووە و بەڕێزان کاک عەدنان نەقشبەندیی و کاک حازم چوون بۆ ئەو ناوچانە، لەبارەی خوشکە شەفیقە بەڕاستی بەنسبەت ئەوانە رفێندراون و ناسراون و بەشێکیان شەهید کراون و لە راپۆرتەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە بەدرێژیی ئیدانەمان کردووە و کاک نەژادیش هەتا نامەیەکی بۆ من نارد وتی هێشتاش کورتی بکەوە من بەتەواویش نەم خوێندەوە بەنسبەت پێشێلکاری، لەراستیدا پێشێلکاری بووە ،زۆر ئاساییە ئەو برینە قووڵە و واشی بۆ ناچین ئێمە بەگۆچانی سحری مووسا چارەسەر بکەین، بەڵام هیمەت وایە و گەش بینیمان هەیە کە کۆبوونەوەی (٢١)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی حاسم بێ و حەسمی شتەکان بکات من لەگەڵ ئەو رایەم کە بێگومان مەسەلەی ئەو دروشمی حزبیە کە لە بازگەکان و بارگەکانی حکومەت هەنەو هەروەها ئەو ئاڵایانەی کە دادەندرێن لەلای بازگەکانی گشتی ئەبێ هەڵبگیرێن بەرای من ئەوە دەبێ بڕیارێک لە پەرلەمان وەربگیردرێ بەڕاستی ئەو سوورو سەوزو زەردەو ئەوە نەبێتە مایەی کێشە ئەوە تەنیا بۆ هەڵبژاردن دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین دەڵێ لە راپۆرت نە نووسراوە کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی لەسەروچاوە لایان بردووە، ئەوە ئەگەر مامۆستا سەیری راپۆرتەکە بکات لەلاپەرەیەکدا خاڵی سێی تێدا هاتووە و روونە دەڵێ ئێستا هێزێکی «ی.ن.ک» لەسەر ئەشکەوت هەیە، ئەو ئەشکەوتەش لەدامێنی بێتواتەیە یانی لەنێوان سەروچاوەو بیتوێن کەلەلایەن لیژنەی سەربازی ئاسایی هەیە هەروەها لەو راپۆرتەی کە پێمان دراوە لەلایەن بڕیارەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کودستان لەوێشدا ئەو خاڵە هەیە، بەنسبەت بەڕێز کاک حەمید میران و کاک ئازاد قەرەداغی کە دەڵێن بۆچی (١٢) بازگە هەیە لەنێوان هەولێر هەتا دەگاتە رانیە ئێمە بەس لەسەرمانە بژمێرین چەند بازگەی لێیە و هی کێن، بازگەکان هەموو نین بەڵام زۆرە یاکەمە، یانی کێ دایناوە یان لابرێ یان لانەبردرێ ئەوە ئیشی ئێمە نییە بەڕێز خوشکە شەفیقە دەپرسێ لەقەڵادزەو رانیە بۆچی لیژنەی ئاسایی کردنەوە دانەنراوە؟ ئاسایی ئێمە لەسەرمانە کە دەسنیشان بکەین کە چووینەوێ لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە هەیە یان نییە، دیتمان نییە ئێمە نووسیمان نییە ئنجا بۆ دانەنراوە ئەوە هۆیەکەی سەربە ئێمە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کاک حازم شەرحێکی باشی کرد لە سەر هەڵوێست، نەمان گوتووە کەوا لەدهۆک لە ١٠٠٪ بووە بەڵام دەتوانین بڵێین هەتا لە ٩٠٪ بووە و ئەوەش قسەی عەمید عیزەدین نوێنەری

(INC) یە لە دهۆک لەلای هەمـوومـان باسی کـرد کـەوا ڕێژەی ئاسـایی کـردنەوە لە دهۆک بە تەقـدیری ئەو هەتا کـو لە (٩٠٪)ە و ئومـێـدەوارین لەو ڕۆژە نزیکانەدا کـە ئەو وەفدانەی تازە دروست کراون هەرچی کێشەی کە ماون چارەسەریان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من یەک دوو ڕوون کردنەوەم هەیە، کاک حازم گلەییەکەی زۆر لەجێ بوو، کە لەهەردوو فراکسیۆنە بەڵام من پێم وایە کە ئاراستەی ئێمەی کرد، فراکسیۆنی زەرد یەکەم قسەکەر من بووم کە قسەم کرد و ئەمڕۆ یەکەم قسەکەر لەفراکسیۆنی سەوز کاک د.عیزەدین موستەفا ڕەسول کردی ئەو کەم وکووڕیی لەناوچەی دهۆک باس کرد، من کە هەستام قسەم کرد هیچ قسەیەکی وام نەکردووە کەبۆنی ناتەبایی لێ بێ بەپێچەوانەوە، دوایی من کاک شەوکەت هەستاو گەرمتری کرد دوای ئەو مەلا محەمەد تاهیر هەستا یەک قسەی نەکردووە کە بۆنی ناتەبایی لێ بێت ئنجا کاک شالاو هەستا، هەقە لێرە لەناو پەرلەمان کاک حازم کەقسان دەکات هەق بوو ئاراستەی منی بکات، یان ئەوەی ئەو «البادئ اظلم» ئەوەی ئەبوایە تۆ خۆت ئامـاژەت پێ بکردایە کێ کـردی، ئێـمـە هەر هەمووماـن ئەندامانی پەرلەمان هاوار هاواریان لێ هەستابوو ڕاگەیاندن ڕاگرن شەڕی ڕاگەیاندن ڕاگرن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مەبەستت ڕوونە، بەڵام کاک فرەنسۆ، لەوانەیە بابەتەکە تۆزێ ئیلتباسی تێ کەوتبێت، دەنا ڕای تۆ ڕوون بوو.

**بەڕێز حـازم ئـەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڕاستی کاک فرەنسۆ من باسی تۆم نەکردووە وباسی هەموو ئەندامانم کرد بە گیانێکی برایانە وحەزم دەکرد زیاتر تەبابان، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

زۆر سوپاس، لەڕاستیدا دیسـان دەگەڕێینەوە بۆ هەمان بەرنامەی خۆمان وبەو شێوەیە کەباس کراوە، بەڵام ڕاسپاردەکە ئەوەیە، کاک حازمیش من قەناعەتم هەیە مەبەستی لەهەموومان بوو، بۆ چوونیەکەشی وابوو کە ئێستا باسی کرد کە بەهەمان بەگیانی پێش ئێستایە، بەڵام قسە، قسەڕادەکێشی و هیوادارین لەمەو دووا کەگفتوگۆی باری ئاسایی ئەکەینەوە، پێش هەموو شتێ بگەڕێنەوە بۆ بڕیارەکانی خۆمان، هی پەرلەمان وئێمە دووسێ بەڵگەمان بە دەستەوەیە، با بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەکان و بزانین لەو بەڵگانەی کە هەمانە چی کراوەو چی نەکراوە. ئامانجمان دەبێ جێبەجێ کردنی خاڵەکانیان و بەهێز کردنی ئەو هەنگاوانەبێت کە ئێستاکە بەرێگەوەن، خاڵی دووەممان مەسەلەی بودجەی ١٩٩٤کە کاک فرەنسۆ پێشنیاری کرد و بەزۆربەی دەنگ

پەسەند کرا کە بیخەینە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، جا یەک پرسیار هەیە، ئایا حەز دەکەن بەردەوام بین لەسەر بەرنامەکەمان؟ بەردەوام بین، باشە، بەڵام پێویستە وەزیری دارایی ئامادەبێ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من کە پێشنیـارم کردووە باسی بودجە و (میزانیە)ی ساڵی ١٩٩٤ بکەین مەسەلە ئیستجوابی وەزیر و ئەوان نییـە، با وەکـو پەرلەمـان هەوڵ بدەین دەرچوونێک و چارەیەک بۆ ئەم مـەسـەلەیە بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

مـەسەلەی بودجە وای بۆ دەچم ئەگەر بەئامادە بوونی وەزیری دارایی موناقەشەمـان بکردایە زۆر باشتر بوو، بەڵام ئەگەر هەر پێتان خۆشە ئەوە ئێستـا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، هەرچەندە من دڵنیام کە ئەگەینەوە هەمان ئەوەی کە ئەبێ وەزیری دارایی لێرە ئامادە بێت ڕای خۆی دەربڕێ کە بۆ هەتا ئێستـاکە بودجەی ١٩٩٤ی ناردووە؟!، ئەگەر بەپەسەندی ئەزانن لەدانیشـتنی سبەینێ ئەمە ئەکەین بەخاڵی یەکەم.

**بەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

دیارە ئێوە لەبیر دەکەن کاک شێخ دارۆ ڕەنگە سبەو دووسبەش لێرە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

جا با بزانین برادەران ڕایان چییە؟، با ئەوانیش ڕای خۆیان دەربڕن بزانین وگفتـوگۆ دەگاتە کوێ؟ ئێمە پەیوەندی بە وەزارەتی داراییشەوە ئەکەین کە بزانین کەی دێن؟.

**بەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن من هەمواری پێشنیـارەکەم دەکەم، ئەگەر لیژنەی دارایی هی پەرلەمان هی دوو فراکسیۆن پەیوەندییەک بەوەزارەت بکەن چ ئەوان بچنە لایان چ ئەوان بێن دابنیشن شتێک بکەن لەو کێشـەیە دەربچین ئێمـە تەواوی بکەین، دەتوانم بڵـێم بوویتـە عـەیب ڕۆژنامـەوانی باسـمـان دەکات خەڵک باسمان دەکات، من مەبەستم ئەوەیە کە هەوڵبدرێ کۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

منیش هەر پشـتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم، ئێمـە باسی چی بکەین؟ باسی بودجە گەیشـتۆتە ئەو ڕادەیەی کـە هەتا ئێسـتـا پەسـەند نەکـراوە، بەڕاسـتی ئێـمـە وەکـو پەرلەمـان ئەبێ مـەخـرەجێک ببینینەوە بۆ ئەوە، ئەوەش بە بۆ چوونی من لەنێوان لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی ئەگەر باس

بکرێ و ئەوە وەزیری دارایی بزانێن هەفتەی داهاتوو ڕۆژی شەممە یان یەک شەممە دێت ئیتر بەڕاستی دابنیشین چارەیەک بۆ ئەمە ببینینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەخودا کاک حازم هەق نییە ئێمە خۆمان بگەڕێین ڕێگەی دەرچوونێک، یا پاکانەیەک بۆ ئەم کەمتەرخەمییە ببینینەوە، حکومەت ئەبێ خۆی ببینێتەوە، سەیر ئەوەیە حکومەتی ئێمە ناگەڕێ بۆ مەخرەج، یانی وەزیری دارایی ئێمە ناگەڕێ بۆ مەخرەجێک لەگەڵ پەرلەمان ولەگەڵ لیژانی ئێمە، هەق نییە ئێوە بگەڕێن بۆ مەخرەج، چارەسەری کێشەکە ڕوونە، یاسا ئەڵێ ئەبێ بودجە لە فلان کات پەسەند بکرێ، ئەوە نەکراوە، ئەوە مانگی(١٠)یە، بەڕاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری، خۆی ئەبێ مەخرەجێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە نەک ئێمە بۆی بگەڕێین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەری نیسانێ بودجەی ١٩٩٤ هاتە زۆراندن بۆ وەزارەتی دارایی تاکو چەند ناتەواوی تێدایە چاکی بکات، سەرۆکی وەزیرانیش هەرمانگی نیسانێ داوای لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کرد و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیڤا تەمووزێ دیسا تەئکید کرد، لەبەر ئەوە دەبێ بەپەلە وەزارەتی دارایی ئیشی خۆی بکات وبۆمان بنێرێ ئێمە لێرە لیژنەی دارایی سەیری ئەکەین و ڕای خۆمان دەنووسین پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین و ئەنجامی کۆتاییش ڕای پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پەیوەندییان پێوە دەکەین پاشان لەدانیشتنی سێ شەممە لە ئەنجامەکەیشی ئاگادارتان دەکەینەوە، ئەم خاڵە دەخەینە بەرنامەی ئایندەی کارمان، ئەگەر بزانێن وەزیری ئابووری ئامادە دەبێت، بەڵام ئەگەر ئامادە نەبوو، چۆن گفتوگۆی لەسەر دەکەن؟ ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان وەکو پەرلەمان هیچمان نەهێشتۆتەوە، ئەگەر نووسراوە کراوە و گەر مەسەلەکەش گەیشتە ڕادەیەک ئێمە بیرخەرەوەیەک ئەدەین بە ئەنجومەنی وەزیران وێنەش ئەدەین بە فراکسیۆنەکان، کەباسی بودجەمان کردووەو بابەتەکە بەم جۆرەیە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوە خەریکە تەواو دەبێت لیژنەکانی پەرلەمان پێم وایە بەدەوری خۆیان هەستاون ماندوو بوون چوون و هاتن، ئێستا لەناوچەکان وادەرچوون کە لیژنەکان نەماون وا دەرچوو لیژنەی لەوان بەرزتر پێک هاتووە، من پێم وایە شتێک دەربچێ، بەیانێک دەربچێ تەقدیری دەوری ئەو لیژانانە بکرێ لەپەرلەمان کە چۆن باسی ئەوەش بکرێ کە لیژنە تازە پێک هاتبوو لە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود و خەڵکی ترو سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی وابزانم تێبینییەکم گوت، وای بۆ دەچم دەوری لیژنەکانی ئێمە تا ئەم پێنج شەممەیەش تەواو دەبێ، پەلە مەکەن هیچ لیژنەیەکی تازەش دروست نەبووە لەڕاستیدا تەنیا لیژنەی ئاسایی کردنەوە هەیە، کاک حازم ئەو پێشنیارەی وەکو سەرۆک وەفدێک بۆ تەوەرێک جێگیر کردبوو و، برادەرانی وەفدەکانی تریش هەمان ڕایان هەبوو، پشتگیریان لەو پێشنیارە کرد، کە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان بڕوا بۆ پارێزگاکان مەیدانیا لەوێ خۆیان سەرپەرشتی بارەکە بکەن، کە ئەو بابەتەش هاتە پێشەوە ئەوە بوو ئەو دوو بەڕێزە کاک مەسعود و مام جەلال، ئەو دوو جوامێرە گوتیان ئێمە خۆمان ئامادەین سەرپەرشتی ئەو وەزعانە بکەین، بۆیە یەکێ لە هەولێرو یەکێ لە سلێمانی دەست بەکار بوون، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا هیچ لیژنەی تازە دروست نەبووە ومەسەلەکە هەر ئەوەیە کە ئەو دوو جوامێرە زیاتر وەکو ئەڵێن خۆیان سەرپەرشتی مەیدانی و سەرپەرشتی وەزعەکە دەکەن، جاران پێیان وابوو کە بەبروسکەو بەنامە شتەکە چارەسەر دەکرێ، بەڵام ئێستا خۆیان سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکەن و لیژنەی ئاسایی کردنەوەش بەشێکی ئەڕوا بۆ ناوچەی سلێمانی وبەشێکی ئەڕوا بۆ دهۆک، بەشێکیش لە هەولێر دەمێنێتەوە و هەرچوار وەفدەکەی پەرلەمانیش لەم لیژنەیەدا نوێنەریان هەیە، یان سەرۆک وەفدەکان خۆیان لەوێ دەبن لە ئەم چەند ڕۆژەشدا ئیشەکە تەواو ئەبێت، ئەگەر ئیشەکەش تەواو بوو، ئەوە لێرە کۆنفراسێک، یادانیشتنێکی کراوەی پەرلەمان دەبەسترێ و، لەوانەیە دەعوەتی لایەنەکانیش بکەین، بێگومان برادەران ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی وئەو وەفدانە بەڕاستی پێویستان بەسوپاسێکی گەرم هەیە و ئێمە داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاتو نەهلە محەمەد سەعدەڵلا و بەڕێز حەمید سەلیم میران، ئیبراهیم سەعید عەبدولخالق زەنگەنە، شەمائیل نەنو، د.قاسم، د.عیزەدین، فەوزیە عیزەدین، جەمیل عەبدی، د.سەلاحەدین د.فایق گولبی، د.حەسەن حسێن، شاڵاو عەلی عبدالله، کاکە ڕەش محەمەد، ئەیاد حاجی نامق، مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو نامە هاتوون ئێمە پێشکەشمان نەکردوون دوو ناوی ترمان لەجیاتی پێشکەش کردبوو، گۆڕاون ئێمە ناوی کاکەڕەشمان نەدابوو ناوی بەختیار حەیدەرمان دابوو ناوی خوشکە فەوزیەمان نەدابوو ناوی خوشکە شەفیقەمان دابوو هی ڕێکخراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

داوا دەكـەم تكاش دەكـەم ئەندامـانی لیـژنەی یاسـا بەڵكو تەفەروغ دەكـەن بۆ كـاروباری یاسـایی، چونكە كارمان زۆر لەسەر ماوە تەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەوانەیە ئەو پێشنیارەی سـەید حەسەن لەجێگای خۆی بێ، بوار بدەن بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی زۆرشت ماوە بیكەن، ئێمە ئەم هەفتەیە پێویستمان بە یەک دوو یاسایی هەیە بۆ تەواوكردنی.

**بەڕێز عـــوســـمـــان حـــەســـەن دزەیی:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە لیژنەی پەروەردە یەک ئەندامان لەو لیژنەیە دانیبە لەبەر ئەوەی پەیوەندیەكی تایبەتی بە ئێمەوە هەیە لە زۆر لایەنەوە، بۆیە هیچ ناومـان نیـیە، ئنجا پێشنیـارمان ئەوەیە ئەگەر كـاک عـەفان لەو لیژنەیەدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕاستی وەكـو بنەما كە كـاتی خۆی قسـەمان لەسەر ئەم بابەتە كرد داوامان كرد دوو سێ لیژنە تەركیـزیان تیـا بكرێ، ١ ـ لیـژنەی ئاوادان كـردنەوە، ٢ ـ لیـژنەی پەیوەندییـەكـان نوێنەری پەیوەندییەكان بێ، ٣ ـ لیژنەی ئابووری و لیژنەی ئاسایش وتمان بەلایەنی كەمەوە پارێزەرەكانیان لەگەڵدا بێ كە لەوانەیە هەندێ مـەسـەلەی یاسـایی پێـویسـتیـان پێی بێ، هەروەها وتمان لیژنەی ئابووریش برادەرێكی تێدابێ چونكە لەوانەیە هەندێ مـەسائل بێـتـە پێـشـەوە، بۆ ئەوەی هەندێ مـەسـەلەی ئـابووری بێت وەكـو لیـژنەیەكی ئابووری هەندێ مـەعلومـاتیـان هەبێ لەسـەر بابـەتەكـە لەلایەن فراكسیۆنەكانەوە ئەم پێشنیارە كراوە.

**بەڕێز مـــەلا هـادی خـــضـــر كـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەناو پەرلەمان هەندێ لیژنەی هەمیشەییمان هەیە وابزانم ئەو لیژنانە خۆمـان پەكمان خسوون و تائێسـتـا هیچ ئیشـوكاریان نییـەو تەنیـا شتی ڕۆتینی نەبێ و، ئەوەیە كـەوا ڕۆژانە شـتی پێ بنووسین وەكو ڕاپۆرت، ڕاپۆرتەكانیشمـان تا ئێسـتا وەڵامان پێ نەگەیشـتووە، بەڵام بۆ ئەم جۆرە شتانە پێشنیار دەكەم بەلای كەمی یان سەرۆک یان جێگری سەرۆكی ئەو لیژنەیەو هەر لیژنەیەكی هەمیشەیی بەشدار بێ لەوجۆرە ئیشـانە، بۆ نموونە لیژنەی پەروەردە ئەو شتانە زۆر پەیوەندییـان بە لیژنەی پەروەردە هەیە خزمـەتگوزاری زۆر زیاترەلە ئاوەدان كردنەوە، دەوری هەیە خزمـەتگوزاری پێویستە یەكێک لە لیژنەی خزمەتگوزاری بەشدار بایە نەک ناو وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

جا ئەم بابەتانە پەیوەندی بە فراكسیـۆنەكانەوە هەیە، كە ئێمـە داوامـان كرد لە فراكسیـۆنەكان

نوێنەری خۆیان بنێرن ئەوان دراسەتیان کردووە و هەندێکیان ناردووە، بەڵام ئەگەر یەک دوو لیژنەی هەمیشەیی ئیشی خۆی نەکا، ئێمە چیان لێ بکەین؟!. ئەوە دوو ساڵە ئێمە هاوار هاوارمانە، لیژنە هەمیشەییەکان ئەگەر ئیشی خۆیان بکەن، لیژنەی پەیوەندییەکان، بۆ نموونە ئەیتوانی زۆر لەو کێشانە پێش دوو ساڵ چارەسەر بکات. لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، لیژنەی خزمەتگوزاری، ئەگەر هەریەک لەوانە بەپێی خۆی بواری خۆی کاری بکردایە دیارە کە ئەیزانی زیاتر لە (٣٠ـ ٤٠) رێکخراوی کوردی وبیانی لێرەیەو کەسێک رۆژێک لەیەک لیژنە مبادەرەیەکی نەکرد، زۆر جاریش ئێمە زیاتر تەئکیدمان کردووە و تکامان لێیان کردووە کە دەکەین کۆبوونەوە بکەن راپۆرتەکان دەنێرین وئێمە تکایان لێ دەکەین کە ئەگەر فلان شت بکەن باشە وئەگەر فلان شت بکەن باش نییەو، ئەوە ئیشی ئێوەیە بیکەن بە پرۆژە، پرۆژە ئامادە بکەن و بینێرن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی تا ئێمەش بیخەینە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەناو پەرلەمان لیژنە هەمیشەییەکان هەنە، هەموو چالاکی چ ئابووری چ کۆمەڵایەتی بێ بە هەر شێوەیەک بێت ئاوەدان کردنەوە بێ، لیژنە هەیە لە ناو پەرلەمان کەموتابەعەی ئەم شتانە بکات، ئیتر لە لایەن حکومەتەوە بێ، لەلایەنەکانی تریشەوە وا دروست بووە بە رێکەوتن لەنێوان هەردوو فراکسیۆن و سەرۆکایەتی پەرلەمان کەدوایی بەبڕیار دەرچوو کە پێک بێت لە نوێنەری لیژنەی یاسا لیژنەی دارایی لیژنەی پەیوەندییەکان و لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، ئەم لیژنانە پەیوەندییان هەیەو ئەوە نەبووە بڵێین هەر لیژنەیەک دوو کەس بێتە ناو ئەو لیژنەوە لەسەر ئەو ئەساسەوە دروست بووە بەبۆ چوونی ئێمەش باشترین لیژنەش دروست بووە ڕەنگە ئیشوکاریان کاتی بێ، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدەڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕۆژەی کە ئێمە وەک لیژنەی ئاوەدان کردنەوە راپۆرتەکەمان خوێندەوە، وا ڕێکەوتین کە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە لیژنەیەکی تر یارمەتیان بدەن و پێکەوە بچن ئەو سەردانانەش بکەین وئێستاوامان بیست کە لیستەکە بەس دووکەس لە لیژنەکە ناوی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئێمە (٥) کەسین لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و شارەزایی زۆرمان هەیە، چونکە سەردانی زۆربەی ڕێکخراوەکانمان کردووە دووبارە دەڵێم کە هەر پێنجمانی تێدا بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دوو کەس هەریەک دەکەوێتە لای لیژنەیەکەوە کە ئێستاکە (١٦) کەسن، باشە بیکەین بە چەند کەس مەقبووڵە، کەی بچن بۆ ڕێکخراوەکان؟ کە لەراستیدا زۆرن.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لەسەر داوای بەڕێزتان کە دیاریتان کردبوو دووکەس لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، ئێمە کاک ئەبو کوردۆ (ئیبراهیم سەعید) و کاک (حەمید سەلیم میران)مان تەرشیح کردبوو لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، گوتیان یەکێک لە لیژنەی دارایی خوشکە شەفیقە لە لیژنەی داراییان تەرشیح کرد، گوتتان یەکێ یاسایی کاک بەختیار ئەندامی لیژنەی یاسایی نییە، بەڵام ئێمە بەختیارمان وەکو یاسایی لەوێ داناوە و لەوێ بێت و، لە پەیوەندییەکان، د.ڕزگارمان دانا، یانی ئێمە وەکو ئێوە داواتان کرد ئەو لیژنانەی کە گوتتان تێدابێ ئێمە وامان کرد، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

بەڵام لێرە لە لیژنەی ئابووری کاک جەمیل عەبدی دانراوە، کاک جەمیل کاغەزی ئێوە بەوشێوەیە هاتووە، لێرەشدا دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات و هیوادارین ئەو لیژنانەی کە باسمان کرد هەموویان ئامادەبن چونکە هەندێ مەسەلە هەنە کە دەبێ لەگەڵیاندا باس بکرێ، لیژنەکانی تریش دەبێ سبەی لەپەرلەمان بن و هەندێ مەسائل هەنە کاک نەژاد و کاک فەرسەت دەیانەوێ زیارەتیان بکەن، لیژنەی یاساییش، ئەوە وەکو ئەوەی کاک سەید حەسەن باسی کرد. سوپاستان دەکەین دانیشتنەکە کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٩/ ١٠/ ١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٩/ ١٠/ ١٩٩٤

كاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ٩/ ١٠/ ١٩٩٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژماره (٥)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

بەرنامەی كار:

١- پرۆژەی بڕیاری دانانی سالی خوێندنی ١٩٩٣- ١٩٩٤ بە سالی نەكەوتن (سنة عدم رسوب).

٢- ناو نیشان گۆڕینی فەرمانبەرانبەری (موظف تضمید) بۆ برین پێچ (مضمد).

٣ - پرۆژەی بڕیاری یەكسانی كردنی بڕوانامەی قوتابییە ئایینیەكان.

٤ - پرۆژەی بڕیاری بە مولک كردنی زەویوزاری ئەمیری كە تەرخان كراون لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بۆ گەشتو گوزارەوە.

٥- پرۆژەی بڕیاری ئیفرازكردنی زەویو زاری كشتوكالی.

٦- پرۆژەی بڕیاری دوو بارە تۆماركردنەوەی زەویو زاری كشتوكالی بەناوی خاوەنەكانیانەوەو بەناوی وەزارەتی داراییەوە بۆ مەبەستی چاک كردنی كشتوكال.

٧- ڕاگرتنی بڕیارەكانی ژماره(٤٤٥)ی ڕۆژی ١٩/ ١٢/ ١٩٩١، (٧٧٤)ی ٢١/ ٩/ ١٩٨٨، (٢٣٧)ی ٢٠/ ٧/ ١٩٩١، (٨٧٥)ی ٢١/ ١١/ ١٩٨٧، یاسای ژماره(٣٣)ی سالی ١٩٧٩. یاسای هەموار كردنی باجی مولک و خانووبەره (ضريبة العقار).

٨ - بابەتی ئامادە نەكردنی بودجەی سالی١٩٩٤ كە وەک تازە بابەتێک لە كۆبوونەوەی ژماره((٤)ی ڕۆژی ٢٥/ ٩/ ١٩٩٤دا فراكسیۆنی پارتی پێشنیاری كردووە.

٩- تازەبابەت.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان دانیشتنەكەمان، بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، ماوەیەكە دانیشتنمان نەكردووە. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان(٨) خالە برا وەزیرەكانیش ئاگادار

کراونەتەوە ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بەو خاڵانەوە کە لەوانەیە بە دانیشتنێک یا بە دوو دانیشتن تەواونەبن، ئەگەر تازە بابەت هەیە، فەرموون.

**بەڕێز کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەتازە بابەتدا بە پێویستی ئەزانم کەوا هەندێک لەلێپرسراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان جێگرەکەی، یا وەزیری ناوخۆ بانگ بکەین بۆ پەرلەمان هەر ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بزانین لەبارەی ئەو هەواڵانەی دواییدا کەبڵاوکراونەتەوە و، بێگومان هەموو بیستووتانە لەبارەی جموجۆڵەکانی ڕژێمی عێراقی وئەو توندی وگرژیەی کەوا لەناوچەکانی خوارووی عێراقدا هاتونەتەکایەوە بەڵکو پرسیاریان لێ بکەین بزانین لەو بارەیەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چ ئیجرائاتێک وەرگیراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەو بابەتە سەرۆک وەزیران ئاگادارە. بەتەلەفۆن قسەمان کرد ئەو ڕۆژە قەول بوو بێت، ئەزانێت ئەمڕۆ دانیشتن هەیە بڕیار بوو بێت وهەر لەسەر ئەو بابەتەش کەباسمان کرد گوتمان سبەی دانیشتنمان هەیە سەعات(١٠)، ئەوە ئەزانێ بەنووسراو ئاگادار کراوەتەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەبوو، بۆ تازە بابەت. پێشنیار دەکەین تازە بابەتەکە بخرێتە پێشەوەی بەرنامەی ئەمڕۆو ماوە بدرێت کەبەتێرو تەسەلی قسەی لەسەر بکرێ، چونکە بەباوەڕی ئێمە بڕوا ناکەین سەدام (مغامرە) لەگەڵ کوێت بکات ولەسەر کوردستان پێویستی بەتەحشودێکی یەکجار زۆر نییە، لەبەر ئەوە ئەبێ بزانین چ ئامادە کراوە وچ ئامادە نەکراوە بۆ ئەو بارەی کەهاتۆتە پێش، بۆیە پێشنیار دەکەم، ئەگەر کاک کەمالیش پشتگیری بکات کەگفتوگۆ کە بخرێتە پێش بەرنامەکە و گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناکۆکیمان لەسەر ئەوە نییە، بەڵام ئەوە کێ بیکات ئەگەر سەرەک وەزیران و وەزیری ناوخۆ نەیەن؟!، سەرەک وەزیران ئاگادارە ئەوە کە بوو بێت وئەزانێ ئەمڕۆ سەعات (١٠) دانیشتن هەیە و ئاگادارکراوە بەڕەسمی. جا بارودۆخی ئێستای کوردستان بابڵێین ئەو بارەی کەئێستا هەیە وەکو کاک د.کەمال پێشنیاری کردوو، پشتگیری لێ کرا لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە ئەوە با بیخەینە بەرنامەی کارەوە ،کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس کێ لەگەڵی نییە؟ بە تێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کارەوە. ئێستاش ئێمە دەست دەکەین بەئیشی خۆمان ئەگەر سەرۆک وەزیرانیش گەیشت ئەوکاتە بابەتی بوودجەی ١٩٩٤ دەکەین بە بەرنامەی کارمان و ئەیخەینە پێشەوە، چونکە

بابەتێکی گرنگە. خاڵی یەکەمی ئەمڕۆ پرۆژەی بڕیاری دانانی ساڵی خوێندنی(١٩٩٣-١٩٩٤) بەساڵی نەکەوتن ، واتا بە ( سنة عدم رسوب) حساب بکرێت. وابزانم پرۆژەکە دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان کە لەلایەن کۆمەڵێک لەئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و دراوە بەلیژنەکان، لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەروەردەی باڵاو لیژنەی یاساو ئەگرێتەوە و، پرۆژەکە بڵاوکراوەتەوە بەسەر ئەندامان دا حکومەتیش ئاگادار کراوەتەوە جائێستا دەرگای ئەو بابەتە دەکەینەوە و، کاک دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو داخوازییەوە یان ئەو پرۆژەی بڕیارەو کەوا هاتووە، بەباشی ئەزانم ئەوانەی پسپۆڕن کە لەو مەسەلەیە قسە بکەن، چونکە وەکو بیستوومە وەزارەتەکان لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕازی نەبوون جا ئەوە بەڕێز وەزیری پەروەردە لێرەیە با لەو بارەیەوە قسە بکات و، هەروەها ئەندامانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمان لەو بارەیەوە قسەی خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن سەرنجی ڕاکێشام کەفەرمووی چەند ئەندامێک ئەمەی پێشنیار کردوە ڕاست وایە بیکەینە پێشە، ئەمە ئیشی وەزارەتە وئیشی ئەنجومەنی وەزیرانە( ١٠ ) ئەندام کە پرۆژەیەک پێشنیار دەکەن پێم وایە ئێمە پێش ئەوەی بخەینە بەرنامەوە دەبێ باری سەرنجی وەزارەتی تایبەت وەربگیرێ یان بپرسین ئەو( ١٠ ) ئەندامە بۆ ئەو پرۆژەیە یا برایەکیان ڕاسب بوو ئایا کوڕێکیان ڕاسب بووە لەسەر چ بنچینەیەک کەدەسەڵاتی ئەو نییە مافی دەزگایەکی ترە بۆ ئێمە یاسا دانانێین هەقە ئێمە لەهەموو کەسێک زیاتر یاسا بپارێزین و، ماوە بۆ خەڵکی خاوەن دەسەڵات و خاوەن ماف بەجێ بێڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە لە( ٣٠/٧)ەوەئامادە کراوە، ( ١٠ ) ئەندام ئەگەر زیاتریش نەبن ئەوەیان ئیمزا کردووە. وە ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە لە فراکسیۆنی زەردن، ئەمە وابزانم یەک ناو نەبێ کە لەفراکسیۆنی سەوزە . پرۆژەکە بەو شێوەیەیە ئێنجا ئێستا ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوانەی کەئەم پرۆژەیان پێشکەش کردووە ئەم بەڕێزانەن: حسێن عەلی کەمال و، کاکە ڕەش نەقشبەندیی و، کانەبی دزەیی، نیهاد نورەدین، ئازاد میران، جەمیل سندی، ئەکرەم عیزەت ، عەفان نەقشبەندی و ووریا دزەیی، شالاو عەلی عەبدوڵڵا، د.سلیم ، فەوزیە عیزەدین ڕەشید، جەعفەر شێخ عەلی، یوسف جەمیل میران ، ئەحمەد سالار، نەوشیروان فوئاد مەعرووف، ئەمە ئەو ئەندامانەن کە ئیمزایان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە، پەیڕەوی ناوخۆش لە ڕاستیدا ڕێگە ئەدات کە ئەگەر( ١٠ )

ئەندام پرۆژەیەکی پێشکەش کرد ئێمە بینێرین بۆ لیژنەکانی تایبەتی وئاگاداری حکومەتیش دەکرێتەوە لەو پرۆژەیە لیژنەی پەروەردەش ئاگادار کراوەتەوە وخوێندنی باڵاش ئاگادار کراوەتەوە لیژنەی یاساش ئاگادارە ولە لیژنەکانیشدا نوێنەری هەر دوو فراکسیۆن ولیستەی مۆریشیان تێدایە، ئەگەر بەشتێکی باش نەزانرابایە ئەوە باشتروا بوو لەوێندەرێ، لەلیژنەکانا وتووێژ بکرابایە ورایەکمان پێ بدرابایە پاشان بەهەردوو حاڵەت ئێمە ئەبێ لەپەرلەماندا باسی بکەین، لەهەردوو حاڵەت هەتا ئەگەر لیژنەکانیش تێبینی نەکەن یان ڕایەکی تایبەتییان هەبێ، دەبێ لە پەرلەمانەدا بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ئێمەش گفتوگۆی وەزیری تایبەتیش دەبێ ئامادە بێ و ئەوکاتە ڕای خۆیان بدەن ئەگەر برایانی ئەندامانی پەرلەمانیش زانیان لە بەرژەوەندیدا نییە، ئەوا زۆربە چ بڕیارێکی دا ئێمە ئەوە دەکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆچوونێکم هەیە لەو جۆرە پرۆژانە هەر وەکوو کاک جوهر فەرمووی(١٠) ئەندام مافی ئەوەی هەیە چ بڕیار بێ یاخود یاسا بێت پێشنیاری بکات. بەڵام لەزۆر کاتیشدا هەر لەناو ئەو پەرلەمانە کەپێشنیارێکی وائەبوو بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی وەهابێ، باسی ئەوەمان دەکرد ئایا ئەمە ببێ بەپرۆژەو باس بکرێ ویاخود هەر لیژنەی فێرکردن باس بکات؟ لەوحاڵەتەدا فێرکردنی باڵاو پەروەردە بچن پەیوەندی بکەن بەوەزارەتەکانەوە ئەو پرۆژەیان لەگەڵدا باس بکەن وڕای ئەوان وەربگرن و، ئەو کاتە بیر بکرێتەوە کەبکرێ بەپرۆژە، چونکە بەڕاستی لەگەڵ هەموو ڕێزمدا من زۆر جاریش ئەوەم دووبارە کردۆتەوە کەئەو جۆرە پرۆژانە و ئەوانی کە ئیمزاشیان کردووە جارێکی دیکەش ئەڵێم لەگەڵ ڕێزمدا بە تیروتەسەلی دانەنیشتوون هەر(١٠)یان باسی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەرچۆنێک بێ ئێمە ئەوە دووساڵ وقسووره لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕۆین هەتا ئێستا بەدەها پرۆژەمان لەم پەرلەمانە ئەنجامداوە چ بەسەرکەوتنی ئەو پرۆژانەوە، چ بەسەرنەکەوتنیان. بەڕای من هەق نییە ئێستاکە بێین گفتوگۆی چۆنیەتی پرۆژەیەک بکەین کە لەسێ لیژنە تەواو بووە و حکومەتی لێ ئاگادار کراوەتەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی گفتوگۆکە لەسەر ئەوە نییە کەئەوە شتێکی یاسایی نییە وەیاخود بەپێی پەیرەوی ناوخۆ نییە. لەڕاستیدا شتێکی یاساییە، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی یە، تەنیا ئەوەیە ئایا شێوەکە شیاوە باشتر بکرێت لەوانەیە ئەو (١٠) ئەندامە بچن سەردانی وەزارەت بکەن هەوڵ بدەن لەگەڵیاندا بەوە ڕێگەیان لێبگرن پاشان بێن بیکەن بە پرۆژەیەک باسی ئەوە نییە بڵێی سەرۆکایەتی کەم تەرخەمی هەبێت لەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، مەسەلە سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو وامان کردووەو تا ئێستاکە شێوەکە وا ڕۆیشتووە، جەنابیشت سەرپەرشتی لیژنەکان دەکەی خۆ ئەوە شتێکی تازە نییە، تکایە بابێینەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە چەند جارێکە ئەو ئەندامانە تاوانبارمان دەکەن گوایە ئێمە شت ناخوێنینەوە، ئاگامان لێ نییەو لێمان نەکۆڵیوەتەوە. لەراستیدا لە ڕۆژنامەکان پێش ئەوەی پرۆژە ئامادە بکرێت قوتابیان و خوێندکاران داوایان دەکرد کەگوایە ئەم ساڵ ساڵێکی خراپە، بارێکی نارێک بەسەر قوتابیاندا ڕۆیشتووە، خەڵکێکی زۆر نەیتوانیوە دەوام بکات، خەڵکێکی زۆر لەسلێمانی ودهۆک نەیتوانیوە بێتەوە ئێرە دەوام بکات، وئەوانە بوونە هۆی راسب بوونیان، وبەشتێکی ئەوتۆش کەخۆیان هیچ دەسەڵاتیان لەو بابەتە نەبووە، ئێمەش بێگومان کەئەندامانی پەرلەمانین باوەڕمان بەوە هات کەوا ساڵی ئەو ساڵ ساڵێکی زۆر سەخت بوو سەبارەت بە قوتابیان لەهەموو ڕوویەکەوە چ لەڕووی ئابووری یەوە چ لەباری ئاسایشی کوردستانەوە بارەکە وای لێهات کە خەڵکەکە هاتوو چۆ یەکەی زۆر ئاسان نەبوو ئەو پرۆژەمان لەسەر ئەو بنەمایە پێشکەش کرد، تاکو ئەو قوتابییانە زەرەرمەند نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا با ئەو برادەرانەی کە ئیمزایان کردووە با بەرگری لە پرۆژەکەیان بکەن.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بەرنامەکە دەکەم ئەو هۆیانەی کە کاکە ڕەش باسی کرد باسی ناکەمەوە. بڕوا ناکەم هیچ ساڵێک قوتابیان وایان بەسەر هاتبێ. وهۆیەکەشی کەم تەرخەمی کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە بووە، کە پرسیار ئاشکرا بوو. بەڕاستی زوڵمێکی زۆر لەقوتابیان کرا. سەرباری هەموو ئەوانەش ئێستا ئێمە ئەگەر بێین، دەرفەتێکیان بدەینێ شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر مۆڵەت بدەی بێینەوە سەر پرۆژەکەو ئەوکاتە کە پرۆژەکە باس کرا ئەو برادەرانە چ تێبینیان هەبێت باپێشکەشی بکەن، ئێستا بابێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان، وتمان خاڵی یەکەم ئەو بابەتەیە، جا ئێمە وتووێژێکمان لەگەڵ لیژنەی یاسا کرد بۆ ئەوەی لەمەودوا لیژنەی یاسا ئەزیەت نەدەین و نەیەنە ئێرە، چونکە ئەوان خاوەن پرۆژە نین لە ڕاستیدا لێرە جەنابی سکرتێر ئەیخوێنێتەوە ئەگەر بەعەرەبی، یا ئەگەر بەکوردیش بێت دوایی ئەگەر پرۆژەکە هینی

حکومەت بێ تەبیعی ئەوە نوێنەری حکومەت یا ئەوانەی کە پێشکەشیان کردووە مافی خۆیەتی بەرگری لەپرۆژەکەی بکات.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ڕایەکی ترم هەیە. بەڕاستی بۆ هەموو پرۆژەکان نابێ ئەوە، چونکە... بۆ ئەوانەی(١٠)ئەندامی لەبرادەرانەوە کە(١٠) ئەندام وبابڵێین زیاتر کە پێشکەشیان کردووە بۆ ئەوە ئەبێ، بەڵام بۆ پرۆژەی تر ئەوەی کە لەلایەنەکانی ترەوە هاتبێ زیاتر ئەوە لیاتەکان دەکەوێتە لیژنەی یاسایی ئەوان زیاتر ئاگاداری درێژی باسەکەن، لەکوێوە ڕاپۆرتەکەمان بۆ هاتووە بەتایبەتی مەسەلەکە ئەوەی کە یاسایی سرف بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیاری برایانی لیژنەی یاسا بوو لەسەر ئەو بابەتە، کە زۆر جار ئیحراج ئەبن، چونکە ناچارن ئەوان خۆیان بکەن بەخاوەن پرۆژەکەو وبەرگری لەهەندێ مەسەلە بکەن، بەڵام ئەوە ڕای ئەوانە لەراستیدا پێمان خۆشە وەکو چۆن کراوە هەموو جارێک وابێ.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو نووسراوەی ئێمە کەبۆ سەرۆکایەتیمان نووسیوە دەڵێین لەمەودوا ئێمە نابینە بەدیلی خاوەن پرۆژە. ئەو جا چ وەزارەت بێ یان ئەندامێ بێت ئەمە لەبارەی دارشتن و لەبارەی یاسایشەوە وەک ئەندامێکی پەرلەمان بۆمان هەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ئێستا بریارەکە بخەینە روو و بزانین کێ تێبینی لەسەر هەیە؟...

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا /سکرتێری ئەنجوومەن:**

(بسم الله الرحمن الرحيم)

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة/(١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة١٩٩٢وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٤مايلي:

١ـ تعتبر السنة الدراسية (١٩٩٣-١٩٩٤) سنة عدم رسوب للطلبة الراسبين في المراحل

الدراسية (المتوسطة والاعدادية والمعاهد والجامعات).
ب - يحق للطلبة الراسبين في مرحلة الثالث المتوسط الدور الأول للسنة الدراسية (١٩٩٣-١٩٩٤) الأشتراك في الأمتحانات الوزارية (البكالوريا) الدور الثاني.
جـ - يحق للطلبة الراسبين في الجامعات والمعاهد الدور الأول للسنة الدراسية (١٩٩٣-١٩٩٤) الأشتراك في امتحانات الدور الثاني.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

برگە(١) ئەگەر چ تێبینی هەیە و حەز دەكەن لەسەر ئەم بابەتە قسەبكەن با ناونووسیان بكەین، بەڵام ئایا سەرەتا قسەكردن بدەینە وەزیر یاخود وەزیر گوێ بگرێ وپاشان رای خۆی دەربڕێ؟. وای بۆدەچم سەرەتا واباشترە گوێمان لەڕای حكومەتیش بێت پێش ئەوەی گفتوگۆ بكەین، چونكە بەوناوەی لەناو پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر كراوەو لیژنەكان باسیان كردووە پرۆژەیە جا وەزیریش با برگەبە برگە رای خۆی دەرببڕێت وپاشان دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەدرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سوپاستان دەكەم كە جارێكی تر ئێمەتان بانگ كرد بۆ ئەوەی بەشداری لەگفتوگۆ كردنی ئەم پرۆژەیەدا بكەین. لەراستیدا ئەم پرۆژەیەی كەهاتووە ئەمەلە ئەنجامی گیروگرفتێكی دوورو درێژ كە كاری كردۆتە سەر هەستی هەموو قوتابیانی كوردستان، بۆیە ئەمڕۆ ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەم ئەندامە بەرێزانەوە بەرز كراوەتەوە بۆ بەردەمی ئێوە وبۆ ئەوەی وەكو بریارێك دوا بریاری لەسەر بدرێ. پێش ئەوەی ئەم پرۆژەیەی ئێوە بەرز بكرێتەوە ئەمە لەئەنجوومەنی وەزیرانیشدا كاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر كراوە لەكۆبوونەوەی ژمارە(٦١)ی ئەنجوومەنی وەزیران كە لە(١٦)ی مانگ وەڵاممان دایەوە. ئێمە وەكو وتم راستە گفتوگۆمان لەسەر كردبوو، كەچی بە ساڵی نەكەوتن بریاری لەسەر نەدرابوو بەڵام لەنووسراوای ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتبوو كەكراوە بەساڵی نەكەوتن. ئێمە وەڵاممان دانەوە بەم شێوەیە لەهەمان رۆژدا كەلە(٣٠)ی مانگ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەی باڵای تاقی كردنەوە كاك عەبدوڵڵا كە ئیمزای كردووە بەناوی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێ ئەو بریارە لەئەنجوومەنی وەزیران دراوە وكۆتایی پێهاتووە، ئێمە هیچ گفتوگۆیەكمان لەسەری نەكردو، دوای لەكۆبوونەوەیەكی تری ئەنجوومەنی وەزیران دوای وتووێژێكی دوورو درێژ هەموومان گەیشتینە ئەو باوەڕەی كە ئەنجوومەنی وەزیران بریاری دا كەبكرێت بەساڵی نەكەوتن، پاساودانەوەی من چی بووكە نەكرێت بەساڵی نەكەوتن، پاساودانەوەی ئەوانیش چی بوو كەبكرێت بەساڵی نەكەوتن ئاسایی كە بریار درا ئەزمونەكان سەر لەنوێ دووبارە بكرێنەوە هیچ رەوا نییە پێش ئەوەی تاقی كردنەوەكان دەست پێ بكەن ئێمە ساڵی نەكەوتن رابگەیەنین، ئەمە رێ خۆش كەرە بۆ ئەوەی كە زۆربەی زۆری قوتابیان بەشداری ئەزموونەكان نەكەن ئەمە گیروگرفت دروست كردنە بۆ ئەوەی لەرێگەی قوتابییانەوە، لە راستیشدا راگەیەندراوە و لە رۆژنامەكانیشدا باسی لێ

کرا، لەلایەکەوە ئێمە ئەزموونەکانمان دووبارە کردەوەو لەلایەکی تریشەوە ئێمە سالّی نەکەوتمان ڕاگەیاندووە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز کاک شالاّو ئەڵێ لەبەر هۆی کەم تەرخەمی وەزارەتی پەروەردەیە ئەگەر بۆ ناوەندی و ئامادەیی ئەمە کەم تەرخەمی وەزارەتی پەروەردەیە ئەی بۆچی پەیمانگەو زانکۆکان ئەلێرەش لەناو پرۆژەکەی ئێوە هاتووە لەئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەر دەرچوو خۆ پرسیاری پەیمانگای مەرکەزی یان پرسیاری پەیمانگای تەکنەلۆجی لەگەڵ زانکۆ ئاشکرا نەبوون بۆ ئەو بڕیارە دەرچوو بەهەر حاڵ ئێستا ئەم بڕیارە وەکو بڕیارێک ئاگاداری هەموو قوتابیان کراوەتەوە هەموو قوتابیانی کوردستان ئاگاداری ئەو بڕیارەی ئێوەن مەبەستم بەبڕیاری سالّی نەکەوتن کە دەبووایە لێرە لەئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەم بڕیارە دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وایە ئەوە ڕای حکومەتە، ڕای وەزارەتی پەروەردەیە، جا نازانم چ تێبینی هەیە، یا نییە؟ ئەوەی کەلەگەڵ نییە باقسە بکات ئەگەر ڕایەکی هاودژی هەیە، چونکە ئەوە ڕای لیژنەی یاساو ڕای لیژنەی پەروەردەشە کە ناردویانە بۆمان، خوێندنی بالاّش ئەگەر ڕایەکی هاودژی هەیە باگوێمان لێ بێ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە خالّی یەکەم کە حساب ئەکرێت بە ( سنة عدم رسوب) من پرسیارێکم هەیە؟ قوتابی هەیە (غەش) دەکات و بە بۆنەی غەشەوە ئەو سالّە (راسب) نەبێ، ئەو بابەتە حەز دەکەم جەنابی وەزیری پەروەردە یان ئەو برادەرانەی ئەو پرۆژەیان پێشکەش کردووە ڕوونی بکەنەوە کە ئایاقوتابیان دەگرێتەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەوانەی کە (قۆپیە)یان کردووە ئەوە شتێکی ترە، سالّی نەکەوتن ئەوانە ناگرێتەوە، چونکە غەش حالّەتێکە و، اعلان کردنی ئەوە حالّەتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من پرۆژەکە چەن برگەیەکە، چونکە لەئەنجوومەنی وەزیران بابەتی ئەزموونەکانی بە بڕیار دەرچوواندووە لەبەر ئەوەی تەنیا خالّی یەکەم برگەی(١) بەتەنیا ببێتە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەو وەلاّمەی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ بابەتی (قۆپیە) یان (غەش) دایەوە، ئێمە لەزانستگا نانووسین «راسب» ئەڵێین «فەسڵ»بووە، سالّێک ئەو قوتابیە فەسڵ کراوە، ڕاسب

نەبووە. فەسلّ ئیتر بۆ ساڵێکە یان بە هەتاییـیە ئەوە جیایە لێرە ئەڵێین رسوب. رسوب جیایە وفەسلّ جیایە. هەروەها نازانم کۆمەڵێ گفتوگۆ کراوە ئێمە وەکو لیژنەی خوێندنی باڵا ڕەنگە بمان گرێتەوە. لێرە وائەزانم ئەو میکانیزمەی دانراوە لەپەرلەمان تائێستا بەجۆرێکە، جەنابتان فەرمووتان ئەگەر شتێکی تر هەیە ئەبێ پەیرەوی ناوخۆی بۆ ڕاست کەینەوە، بۆ ئەم مەسەلەیەش من ئێستا ئەزانم کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریان داوە جا دەسەڵاتی ئەوانە یان هی ئێمەیە ئەوە شتێکی کەیە. بەڵام بەهەرحاڵ پەرلەمان گەورەترین دەسەڵاتە، تەنانەت ئەگەر بڕیاری هەڵەش دەربکات دەبێ پێدابچێتەوە. من دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، لە هاتنە دەرەوەدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کەسەرۆکی ئەنجوومەنی باڵایە قسەم کرد ئەوانیش لەگەڵ ئەوە بوون، بەڵام نازانم هەندێ لێپرسراو هەنە بەداخەوە تا ئێستا لەساڵی نەکەوتن یانی (عدم رسوب) نەگەیشتوون، لایان وایە وەکو زەحفەکەی عەبدولکەریم قاسمە، قوتابی بەدەرچوو دائەنێ نەخێر قوتابی چوارساڵە خوێندنەکەی هەقی هەیە(٦)ساڵ لەزانکۆ بمێنێتەوە بەپێی یاساکانی عێراقی هەرچەندە لەبەغدا ئێستا ئەوەش هەڵوەشێنرایەوە ئێستا رسوب نەماوە(٢) عبوریش لەیەک مادده لەبەغدا گەڕایەوە ئێستاکە قوتابیان داوای ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت لەگەڵی؟

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ من لەگەڵیم و، بە نووسینیش من نووسیبوم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وتمان تەنیا ئەو برادەرانەی لەگەڵ نین ڕای خۆیان بڵێن، جا ئەو برادەرانەی کە بەرهەڵست نین، با خۆیان ماندوو نەکەن.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پرۆژەیە پێش ماوەیەکی زۆر توێژینەوەی لەسەرکرا، و لەسەر حەقل وشوێنی خۆی بوو. بەڵام ئێستا هەر(٣) برگەکەی تەواو بووە، بێگومان سەبارەت بە برگەی(ب،ج) جێبەجێ کراوە ورۆیشت هیچ شتێکی نەماوە سەبارەت بە برگەی (١)ەوە ئەویش کتاب گەیشتوەتە ناوەندییەکان و گەیشتوەتە پەیمانگەکان بەاعتبار کەئێستاکە ئێمە ئەو پرۆژەیە دەرئەکەین ئێمە بە إعتبار خەڵک سەری سوڕ ئەمێنێ چونکە ئەنجوومەنی وەزیران پێشتر پەسەندی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاساییە، یاخود یاسایی نییە، ئەوە ئەبێ یاساییەکان وەڵامم بدەنەوە کە ئەوە یاساییە. بڕیارێک

دەرچێ لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە کەساڵەکە بە (سنة عدم الرسوب) حیساب نەکات، ئەوە بەڕای من یاساییەکان ئەبێ وەڵامم بدەنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی یەکەم (٣) بڕگەیە، بڕگەی یەکەم دەمێنێتەوە بڕگەی یەک، چونکە لەبڕگەی (ب،جـ)تاقی کردنەوەی دەوری دووەمە لەوکاتە ئێمە لە٨/٢ ئەو داڕشتنەمان کردووە ئەوکاتە تاقیکردنەوەی دەوری دووەم نەکرابوو، بەڵام ئێستا تاقیکردنەوەکە کراوە تەنیا (سنه عدم رسوب)ەکە بمێنێ و یاسایەتی بدەینێ، جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لای هەموو برادەران ئاشکرایە، بەتایبەتی ئەوانەی لەپەروەردەن لەهەر قۆناغێک لەقۆناغەکانی خوێندن ماوەیەک دانراوە بۆ خوێندن لەقۆناغی ناوەندیی، هەیە بەچوار ساڵ ئامادەیی تەواو دەکات، ئەوی تر بەپێنج بەشەش ساڵ تەواوی دەکات وەکو د.ئاماژەی پێدا ئەوە بەیاسا دیاری کراوە، هەر درێژخایەنێک مانای وایە تۆ ئیستا ساڵێک ئەگەر وادانەی (سنة عدم رسوب) واتا دەرفەتێکت هەیە تاناوەندی ئەبێتە (٥) ساڵ ئەگەر ئەو کابرایە راسب بێت دیسان یان لەئامادەیی هەمان شت لەبەر ئەوە ئەبێ بەیاسا بێت بەبڕیار نەبێت، ئەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە برادەران لە ئەنجوومەنی وەزیران یان لەئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بڕیاریان دا دووبارە تاقیکردنەوە بکرێتەوە، چونکە شتەکی تەکنیکی یە و عیلمی یە و، پەیوەندی زۆر بەیاساوە هەیە، بڕیاردانی ساڵێک کە (سنة عدم رسوب) بێ یاسایەکی بۆ دەرچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران کە وەکو کاک د.عیزەدین ئێستاکە وتی، پەروەردەکان ئاگادارکراون بە(عدم رسوب). بەڵام ئایا ئەو بڕیارە یاساییە یان یاسایی نییە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لەقسەکانم دا بە دیار دەکەوێ کە یاسایی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ واتە یاسایی نییە، ئینجا چۆن چارەسەری ئەو بڕیارە بکەین؟

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر چونکە ئێمە ئەگەر لێرە یاسامان دەرچوواند دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە بزانێ کەئەوی ئەو دەری کردووە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەڕێمەوە سەر پێشنیارەکەی پێشوو تکایە داوا بکەن ئەوکەسانەی پسپۆڕن لەو مەسەلەیەدا قسە بکەن و، بەڕێز وەزیری پەروەردە لێرەیە قسەی کرد ئەندامانی کۆمیتەی پەروەردە و، هەروەها کۆمیتەی خوێندنی بالا و، هەر کەسێکی تر لەو بارەیەوە شارەزایی یەکی هەبێت. من دەربارەی ئەومەسەلەیەوە حەز دەکەم ئەوەتان بۆ باس بکەم لەزانستگاکانی دەرەوە ئەو جۆرە مەسەلانە ئەنجومەنی زانستگا خۆی بڕیار دەدات تەنانەت ئەومەسەلەیە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ دەسەلاتێکی بەرزتر، لەوێ هەر قوتابییەک مافی ئەوەی هەیە دووجار لەمادەیەکدا تاقیکردنەوە بکات، ئەگەر جاری دووەم دەرنەچوو مافی ئەوەی هەیە دوو جار لەمادەیەکا تاقیبکاتەوە ئەگەر جاری دووەم دەرنەچوو مافی ئەوەی نییە کە جارێکی تر بچێتەناو تاقیکردنەوە بەبڕیاری ئەنجومەنی ئەو زانستگایە نەبێ و کە لەمادەیەکا دەرچوو، کە دەرچوو مانای ئەوە نییە کەئەگەر لە(٢) مادە یان (٣)مادە دەرنەچوو ئیتر ئەوە ئەبێ هەموو ساڵەکە دووبارە بکاتەوە خۆی لەرووی زانستەوە ساڵەکە هەر دوا ئەکەوێ بەڵام تەنیا ئەو مادانە دووبارە ئەکاتەوە کە تیا دەرنەچووە و ئەویش دوو جار مافی هەیە، بەڵام هەندێ جار زرووفی ئەو قوتابییە رەچاو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر، خۆی روونە، ئەنجومەنی وەزیران ساڵەکەی بە (عدم رسوب) داناوە، بەڵام ئەمە یاسایی نییە و، دەبێ بە یاسایەک چارەسەری بکەین.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینی یەی کە بەڕێز د.کەمال دیاری کرد راستە، ئەو تێبینی یە لەوانەیە لەدانیشگایەک یان لەپەیمانگایەکدا یان لەقوتابخانەیەکدا پەیوەندی ئەگەر بەقوتابییەکەوە هەبێ، ئەو بڕیارە لەو شوێنە بدرێ کە ئایا ئەو قوتابییە (ناجح) بکرێت یاخود (راسب) بکرێ: کە چارەسەری کێشەیەکی بکرێت بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەهەموو قوتابییانی کوردستانەوە هەیە، سوپاس. پێویستە لێرە بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چۆنێ بێ بابەتەکە کۆتایی پێ هاتووە یەکەم بڕیارێک دەرچووە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو بڕیارە بەپێی بۆچوونی یاسا ناسانی ئێمە یاسایی نییە، **بەڵام ئایا ئەکرێت هەموو جارێ ئەنجومەنی وەزیران بەئارەزووی خۆی بڕیارێک بدات و ئێمە دوایی بەناچاریی بچین دوای (٢) مانگ یاسایەک دەرکەین و شتەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران پەردەپۆش بکەین؟ .. ئایا ئەمە** رەوایە..؟!.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بنەمایەک کەباسمان کرد، پێویستە هەموو پرۆژەیەک لەدەستەلاتی جێبەجێکردنەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بێتە ئێرە، بەداخەوە ئەبوایە ئەم کارە کاتی خۆی لە وەزارەتی پەروەردە لەئەنجوومەنی باڵاوە بهاتایە بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بڕیاری یاسایی لێ وەربگیرێت! هەروەها بۆ هەموو شتێ لەخۆمانەوە بەسەر پێیی(١٠)کەس بڕیار دەدات، بابڕیار نەدات، هەموو شتێ لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوە ئەبێ و دەبێ بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئینجا پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کاک دکتۆر بابرادەرانیش قسەی خۆیان تەواو کەن.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر بنەماکە نارازی نیم، بەڵکو لەگەڵیم. بەڵام وابزانم کەمن بیخوێنم وابزانم موتلەقی تێدا هەیە ئەویش روون بکرێتەوە وان ئەوێت کو بڕیار دەرچن بۆ فەسڵی، چونکە یاسا ئەو فەسڵە بە (سنة رسوب) حسابە جا لەبەر ئەوە ئەوی غەشی کردووە بڕگەیەکی بخرێتە سەر یان رستەیەکی بخرێتە سەر کە لە راستیدا ئەو یاسایە مستثنایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من روون کردنەوەم لەسەر قسەی برای بەڕێزم کاک د.کەمال فوئاد هەبوو من پێم وایە پێویستی بەبڕیارێک ویاسایەکی مەرکەزی هەیە، چونکە کێشە، کێشەی تەنیا زانستگایەک نییە یان کێشەی قۆناغێک بەتەنیا نییە بەڵکو کێشەی خوێندنە لەسەرتاسەری کوردستان لەبەر ئەوە بەڕای من پێویستە بەبڕیارێک ویاسایەکی مەرکەزی دەربچێ کەقسەم کرد لەسەر شێوەی کارەکە بوو من پێم وایە ئەبوایە وەزارەتی پەروەردە ئەم پرۆژەیە پێشکەش بکات. یەکەم کەقسەم کرد نەک دژی پرۆژەکە بووم دژی شێوەکە بوم ئەبوایە وەزارەتی پەروەردە ئەم پرۆژە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی ئەگەر نەیان کرد ئەوسا ئێمە چی بکەین؟!. ئێستا (١٠) ئەندام پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە، خۆزگە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بکرایە، پێش ئەوەی ئەو بڕیارە نا یاسایی بدەن، خۆزگە بدرایە بەلیژنەکان و لەوێندەرێ دیراسەت بکرایە. بەڵام بۆ کاک د.سەلاح، کە مەسەلەی (عبور)ی پێشنیار کرد، لە راستیدا ئەوە دیراسەت کراوەو پرۆژەی هەیە، ئینجا لەبەر ئەوە جەنابت خۆت ئەوەت پێشنیار کرد ئینجا بەڕای من بالیژنەی پەروەردەی باڵاو ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا

پرۆژەیەک پێشکەش بکەن ئەوکاتە لێی دەکۆڵینەوە، ئێستا دێینەوە سەر بابەتەکەو وەکو برادەران عەرزیان کرد بیخوێنینەوە و بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئەبێ هەموار بکرێت بەپێی ئەو پێشنیارەی کە کراوە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلایەن ئێمەوە لەلایەن لیژنەی خوێندنی باڵاوە دیراسەت کراوە وپرۆژەی بڕیارێکیشم هەیە کۆمەڵێ ئەندام ئیمزایان کردووە، چونکە ئەگەر ئێستا نەکرێ، واتە ناکرێت چونکە هەفتەیەکی کە دەوام دەست پێ دەکات ئێمە پاش(٢)مانگی کە بڕیار بدەین ئەمە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە بەزمانی خۆتان لێرە ئەڵێن پرۆژەکانی ئێمە دیراسەت نەکراون جا ئەگەر شتێ هەیە با(١٠)ئەندام، یان لیژنەی پەروەردە، یان لەلایەن حکومەتەوە ئەگەر پرۆژەیەکی وا هەیە بابیخەنە روو بۆ ئەوەی بدرێت بەلیژنەکان و وەکو هەر پرۆژەیەکی تر ئاگاداری حکومەتیش بکەینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام پەلەی لێ بکەن.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پرۆژەیەو ئامادەیە ئێمە ویستمان بەناوی پرۆژەوە بیدەن، بەڕێز کاک سەید حەسەن فەرمووی بەناوی لیژنەوە نابێت یان(١٠)کەس یان حکومەت ئەوە لیژنەکان خۆمان وچەن کەسێکی کە ئیمزامان کردووە باپەلەی لێ بکرێت، چونکە ئەگەر پەلەی لێ نەکرێت وەکو بڕیارێک ئەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک دکتۆر جەنابت ئەندامی پەرلەمانی چەندەها پرۆژە پێشکەش کراوە و، پرۆژە هەمیشە ئەگەر لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت(١٠) کەس ئیمزای دەکات ئەو کاتە رێگەی خۆی وەرئەگرێت، ئەگەر لەحکومەتەوە بێت ئەویش بەهەمان شێوە ئەنێردرێ لەبەر ئەوە پێویست ناکات لەناو هۆڵی پەرلەماندا وەرەقەیەکت بەدەستەوەیە بڵێی ئەمە پرۆژەیەکە، بەڵکو دەبێ بەڕێگای ئوسوولی خۆیەوە بێت. ئەم پرۆژەیە دراسەت کراوە وتەواو بووە، سێ لیژنە تەواوی کردووە. ئێستا بڕگەی یەکەم ئەخوێنینەوە جارێکی تر(أ)، چونکە تێبینی لەسەر (ب،جـ) هەیە وەکو کاکە ڕەش وبرادەران وتیان.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

أ- تعتبر السنة الدراسية (١٩٩٣-١٩٩٤) **سنة عدم رسوب للطلبة الراسبين في المراحل** الدراسية المتوسطة والاعدادية والمعاهد والجامعات.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەم خالانەی(ب،ج) هەر پێویست ناکات، ئەتوانین هەڵی گرین بەس لێرە بۆ ئەوەی بەنادیاری نەمێنێتەوە بڵێین (لایشمل هذا القرار الطلبة المفصولین بسبب الغش) خۆی ئەوە شتێکی یاساییە و لای ئێمە نایگرێتەوە بەس بۆ ئەوەی نادیار نەمێنێتەوە یاساییش شتی نادیار پەسەند ناکات لەبەر ئەوەی ئەگەر برگەیەکی وا یاساییەکان بیدۆزنەوە ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر، برادەران وتیان فەسڵ ودەرکردن جیاوازە وابزانم ئەگەر روون بکرێتەوە باشە، مادام (أ) وایە باجارێ با دەنگ لەسەر برگەی (١) بدەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قوتابیانەی کە فەسڵ دەکرێن لەبڕیاری فەسڵەکە خۆی دیاری دەکات (یفصل ماتبقی، یفصل نهائیاً من المدرسة)، واتە خۆی بڕیار دەدات تۆ خۆ سزای نادەی هەم (عدم رسوب)ی بۆ حیساب نەبێ هەم ئەو ساڵیشی بفەوتێت ئەگەر لەبڕیارە تایبەتییەکە خۆی هاتبوو (یفصل نهائیاً) ئەوە دەرئەکرێ، تەواو وبڕایەوە وچ مافی نەما. (عدم رسوب)ی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە روونە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەکە دێتە پێشەوە لەلایەن ئەنجومەنی زانستگاکانەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت، بەڵام ئەو روون کردنەوەی وەزیری پەروەردەش لە شوێنی خۆیدایە، چونکە پەیوەندی بەقوتابییەک ودوان وسێیانەوە نییە یان پەیوەندی بەیەکێ لەزانستگاکانەوە نییە، بۆ هەموو قوتابخانەو زانستگاکانە، پێویستە بڕیارێکی گشتی و یەکگرتووی لەسەر بدرێ، بەڵام بەڕاستی ئەو بڕیارە ئەبوایە لەلایەن وەزارەتەکانەوە بوایە ئەبوایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر، مەسەلە نەوێران نییە، بابەتەکە مەسەلەیەکی یاساییە ئەمەی کەباسی ئەکەن برادەران ئێستاکە بۆتە پرۆژەیەک، ئەمە یاسا داناوە و ئەبێ بەیاسا بگۆرێ ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی داوە بڕیارەکەی نا یاساییە و، کەس لەئەندامانیش باسی ئەو نایاساییەی ئەنجوومەنی وەزیران ناکات و، بەسەریا باز دەدەن ئەمەیە پرسیارەکە، واتە ئەوەی جەنابت ئەیڵێیت مەسەلەی جورئەت نییە، نەخێر مەسەلە ئەوەیە ئەم مادەیەی کە ئێستاکە جێگەی وتووێژە دەبێ بەیاسا بگۆرێ، کێ

لەگـەڵ ئەوەیە بڕگـە(١)(أ) ببێ بەیەک؟ کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسـەند کـرا، لە پرۆژەکـەشـدا هاتووە کـە بڕگـەکـانی (ب،جـ) نەمـێنن، چونکە تەواو بووە، کێ لەگـەڵ ئەوەیە کـە بڕگەکانی (ب،جـ) نەمێنن؟ سـوپاسـتـان دەکـەین. کێ لـەگـەڵ نـیـیـە؟ بەتێکڕایی دەنگ (ب،جـ) لابردران، وەکی دیش ئەبێ بە(٣،٢)و ئاسایی ئەمێنێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

٢- على المجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار وإصدار التعليمات اللازمة لتسهيل التنفيذ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە(٢)ە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

٣- لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە (٣)یە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ بڕگە(٣)ش پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

٤- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگـەڵ بڕگە چوارە؟ کێ لەگەڵ نییـە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسـەند کـرا. ئێسـتـا وەکـو بڕیار کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم بڕیارە پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.
دێینە سەر خاڵی(٢) لەبەرنامەی کار کە گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەری برین پێچە (مـوظفي تضميد) بۆ (برين پێچ ـ مضمد) کە بەکوردی دەبێتە (برين پێچ).

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

(بسم الله الرحمن الرحيم)
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
**قرار**
أستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق أصدر المجلس القرارالآتي:-

اولاً: يبدل عنوان (موظف تضميد) في وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى عنوان (مضمد) في ملاك الوزارة.

ثانياً: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثاً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ با ڕای جەنابی وەزیری تەندروستی لەسەر پرۆژەکە بە تەواوی وەربگرین، ئەگەر جەنابی بفەرموێت پاشان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە.

**بەڕێز د. کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەراستی ئەو مەسەلەیە کێشەیەکە لەپێشمان ودوو سێ جار باسی لێکراوە، لەلایەن لیژنەی گۆڕینی ناونیشان لەدیوانی وەزارەت ئەو کێشەیە کۆنە لەکاتی خۆیدا کەپێویستیان بەکادیری تەندروستی بووە. زەمانی ڕژێم دەوراتیان کردۆتەوە (٣) مانگەو (٦) مانگەو هەیە، ساڵێکە، بۆ ئەوەی کەوا بۆ دەرزی کوتان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دەرەوە بۆ تەندروستی ریفی پێشان ناوی (عامل تضمید)کرێکاری برین پێچی بوو ،دوای ئەمە کە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) و (١٥٠) دەرچوو کرێکاری کردە فەرمانبەر ئەوانیش بوونە فەرمانبەری تەندروستی (موظفي تضميد) ئەوان بێگومان هەندێکی وایان هەیە(٦)ی سەرەتایی تەواو کردووە هەندێکی وا هەیە هەر خوێندەوارە، ئەمە کێشەکەیە لەو مەسەلەیە سەیرمان ئەکرد برین پێچ ئەبێ دوای پۆلی(٦) سێ ساڵ بخوێنێ کەواتە ناوەندی تەواو کردبێ لێرە مەسەلەیە دیاری ئەبێتە هاوکێشەی بروانامەکە واتە لەوێ ئەگەر(٦)ی هەبێ یان هەیە نیەتی برینپێچیش(٣)ساڵ دوای خوێندنی هەیە لە قوتابخانەی برینپێچی دەرچووە، بەڵام حاڵەتێکی تریش هەیە ئەوانەی کەوا لەو ئیشەدا کار دەکەن ئێستا تقریبا ئەوە(١٥) ساڵە (١٧)ساڵە خزمەتیان هەیە هەر ئەو ئیشەش دەکەن واتە شارەزاییان وەرگرتیە لە خزمەتەکەیان، هەیە لێیان ئێستا کەوا لە نەخۆشخانەی ڕزگاری قاوشێک بەڕێوە دەبات واتە ئەو گرفتە هەبوو کە مەسەلەی خوێندنەکەیە لەو لایەنەوە ئەوانیش لەخزمەت و لە ئیشکردن و وەرگرتنی مەسئولیەتیش لەراستیدا ڕۆڵێکی باشیان هەیە ئێمە چەند جار تاقیمان کردونەتەوە، چەند کەسێک ئەوەی داوای گۆڕینی ناونیشانی کرد سێ دکتۆری پسپۆڕمان دانان بۆ ئەوەی کەوا تاقییان بکەنەوە ئەگەر لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرچوون گۆڕینی ناونیشانیان دراسە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە وەکو حکومەت، ئەم بڕیارە بێ هەموارەکردن و وەکو خۆی پەسەندی دەکەن، وەکو چۆن حکومەت ناردوویەتی؟!.

**بەڕێز د. کـەمـاڵ شـاکـر/وەزیری تەندروسـتی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر هەموارکردنێک ببێ، پێویستە شتێکی دیاری کراو بێت و کراوە نەبێت بۆ زۆر حاڵاتی دیکە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە وەکیلی حکومەت لەگەڵ پرۆژەکەیە. ئەوەی دژی پرۆژەکەیە باقسە بکات.

**بەڕێز د.کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من دژی پرۆژەکە نیم، بەڵام ئەو پێشنیارەی دوایی کەوا بەڕێز وەزیری تەندروستی پێشکەشی کرد ئەوە بەپێویست دەزانم، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە پەیوەندی بەسەلامەتی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێتوو رستەیەکی وای بخرێتە سەر کەوا ئەو ناونیشانە ئەگۆڕن بەمەرجێک لەتاقی کردنەوەیەکدا دەربچێ، سوپاس.

**بـەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خوودی پرۆژەکە بەو شێوەیە نییە. پرۆژەکە ئەوان کەداوایان کردووە گوتیان ئێمە(١٠-١٥)ساڵ خزمەتمان هەیە، هەندێ مجالیداوە داوایان کرد ناونیشانیان بگۆڕن بەو شێوەیە لیژنەی ئابووری پشتگیریان کرد کە ئەوانەی (١٠-١٥)ساڵ خزمەتیان هەبێ (من لە خدمة لاتقل عن عشر سنوات وبعد اجتیازهم دورة صحیة)، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس،کۆمەڵێک خەڵک ئێستاکە خزمەت دەکەن و هەموو کەسێک هەست بەو خزمەتگوزاریەیان دەکات، ئەم پرۆژەیەش بۆ ئەوانەیە کە ئێستاکە لەخزمەتدان و خەڵکی تر ناگرێتەوە کە لە خزمەتدا نین.

**بەڕێز د. فـایەق مـحـەمـەد گـوڵپی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خوشک وبرایانی بەڕێز لەبارەی گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەری برین پێچ، کە پرۆژەیەکە یەکەم جار بۆ لیژنەی تەندروستی نەهاتووە وئەم بەیانیە پرۆژەکەم خوێندەوە لەلایەن چەند برایەکی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، سەرەتا ئەبوایە وەکو چۆن وەزارەت رای هەبووە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەبوایە لیژنەی تەندروستیش رای هەبوایە. ئێمە گفتوگۆمان لەسەر نەکردووە ئەم بۆ چونانەی من ئێستا نابێتە رای لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە برینپێچەوە لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا بەڕێز وەزیری تەندروستی ئێستا رای بۆ زۆربەی مەسەلەکە دەربڕی و(٢) شێوەمان هەیە کاتی خۆی ئەو (عامل تضمید)انە کە(٦) مانگ

دەورەیان دیوە بوونەتە (موظف صحي) فەرمانبەری تەندروستی یان (موظف تضمید) فەرمانبەری برینپێچی، جۆرێکی ترمان هەیەکە(٣) ی ناوەندی تەواو دەکەن، دوایی(٣)ی ناوەندی ئەوە پێی ئەوترێ ئامادەیی برینپێچی. جۆرێکی تریش هەیە کە بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی کرد هی قوتابخانەیە، وابزانم ئەوە لەدوای پۆلی(٦)پێی ئەڵێن (مدرسة ممرضات) قوتابخانەی برینپێچی کچان یان (مدرسة مضمدین) قوتابخانەی برینپێچی کوڕان، ئەمانە کەدەرئەچن ناونیشانیان ئەدرێتێ. ئێستا ئەمڕۆ لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر (مضمد و ممرضة و معاون طبي)مان هەیە، لەبەر ئەوە هیچ پێویستیمان بەوانە نییە. کەناونیشانەکەیان بگۆڕین کێشەیەکی وانییەو ئێمە جەماوەرێکی زۆری برینپێچمان هەیە، ئەوانەی کەقوتابخانەی برینپێچیان تەواو کردووە وئامادەیی برینپێچیان تەواو کردووە ئەوانە(٣)هەزار، (٤)هەزار ئەبن، ئەمانیش کەوەکو لەپرۆژەکەدا هاتووە ژمارەیان لە(١٩٥)ەو ئەگەر ئەم بڕیارەی ئێمە بۆ ڕازی کردنی ئەو (١٩٥) کەسە بێت بۆ نارازی کردنی ئەو(٣) هەزار (٤)هەزار کەسە بێت؟ لەو ڕووەشەوە دیسان من لەگەڵ بڕیارەکاندا نیم، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەم بڕیارە بپێچڕێتەوە وئەوەی وەزیری تەندروستی پێشنیاری دوایی کرد ئەگەر هاتوو ئەوکەسانە خۆیان شیاو بون بۆئەوە وەیان داوایان کرد تاقیکردنەوەیان پێبکرێ لەو ناحیەوە ئیشەکە بڕواو پێویستی بەبڕیارێکی وانییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژەیە لە٩/٣/١٩٩٤ بۆ ئێمە هاتووە لە ٢٣/٣/١٩٩٤دا، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوەی لە وەزارەتی تەندروستی کردووە کە ڕایان لەسەر ئەو پرۆژەیە چییە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی ناردووە کە بە پێشنیار نووسراوتان ژمارە ئەوەندە، ئەمانەوێ ئاگادارتان بکەینەوە جیاوازی یەکی زۆر هەیە لەنێوان نازناوی (تضمید)و نازناوی (مضمد)، چونکە کارمەندی (تضمید) دەرچووی خولی(٦)مانگی یەو مووچەی کرێکاری هونەری دامەزراوە کاتی خۆی، بەڵام نازناوی (مضمد) دەرچووی قوتابخانەی (تەمرض)ن وبۆماوەی (٢)ساڵ تا (٣) ساڵ خوێندنیان تەواو کردووە وەناسنامەی ئەم قوتابخانە دراوە بەدەرچوونی ناوەندی لەبارەی موچەو لەکاتی دامەزراندنیان ولەبەر ئەم هۆیانەی باس کران لەسەرەوە ناتوانین بەپێی یاسا ئەم گۆڕینە ئەنجام بدەین لەگەڵ ڕێزماندا. پاشان ئەمە هەر لەبەر ئەوە بوو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی ڕاست دەکات، ڕای لیژنەی تەندروستی نەهاتووە بۆ ئەو پرۆژەیە لە (٩/٣)وەیە تا ئێستا نەهاتووە، بەڵام تەنیا لەسەرۆکایەتیەوە ڕای وەزارەتی تەندروستیمان بۆ هاتووە ئێمەش ئاماژەمان بەنووسراوی خۆمان کردووە لەو نووسراوەی کە لەلیژنەی یاساوە هاتووە و بۆتان ڕەوان دەکەین و بۆ ئاگاداریتان

وەزارەتی تەندروستی ڕای لەگەڵ ئەم پرۆژەیە نییە هەر بۆ ڕوون کردنەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری کێشەکەبن لەگەڵ سوپاس دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای وەزارەتی تەندروستی روونە ولەبەر ئەو هۆیانەیە کە باس کران و، مەسەلەی خوێندن وئەوانەی کەباس کران لەسەرەوە، ناتوانین بەبێ یاسا ئەمەی کە داوا کراوە بیکەین، ئەبێ بەیاسا بکرێ وەزیری تەندروستی لێرەیە ئەو تەنیا یەک تێبینی پێشاندا جا ئەگەر یەکێ هەبێ یان دوو هەبێ، ئەوە ئەویش دەکرێ، بەڵام دیسان هەر ئەبێ یاسا بڕیار بدات، کاک حسێن عارف فەرموو.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەر لەڕووی زانستییەوە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا نیم، چونکە تێکەڵ کردنێکی تێ ئەکەوێ لەنێوان بێ بڕوانامەو خاوەن بڕوانامە، بەڕای من ئەتوانرێ بەجۆرێکی تر یاریدەی ئەو کەسانە بدرێ کە ئەو ئیشە دەکەن ئەتوانرێ لەڕێگەی دەرماڵەوە یان لەڕێگەی ئیمتیازاتەوە کارێکی وابکرێت کە مافی خۆیان بدرێتێ بۆ ئەوەی کە لەو لاشەوە پارێزگاری بارە زانستی یەکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو پرۆژەیەم ئیمزاشم کردووە، لێرە مەسەلە چۆنە؟ مەسەلەکە ئەوەیە: بەڕاستی هەندێک لەوانە پێشمەرگەنە، ڕۆڵی خۆیان دیتووە، لەچیای دەورەیان دیتووە، لایەنی فریاگوزاری لەوێ بوینەو گەلێ (پ.م)یان تەواوی کردووە، بەڕاستی مافی ئەوەیان هەیە کە ئێمە بتوانین لێرە تەنیا گۆڕینی ناونیشانیان بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مزهر عەلی کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کاک د.فایق بەدرێژی قسەکانی کرد، من ئەوە تەنیا دووبارەی یەک خاڵ دەکەمەوە، پێم وایە خەڵکێکی زۆر لەدەرەوە بووەو شۆڕشگێر بووەو وەکو(پ.م)ئەو دەورەی بینیوە، لەوانەیە هەیە خاوەن شارەزایی و ئەزموونێکی باش بووبێ، تەنانەت بەقەد دکتۆرێک کاری کردبێ، واتە زۆربەی برینپێچەکان ئەو ڕۆڵەیان بینیوە، بەتایبەتی هەندێکیان کەبڵێین وەکو(پ.م) بوون لەوانەیە هەیە نەشتەرگەرییان کردبێ، بەڕاستی، واتە ئەوانە هەقە ئیمتیازاتێکیان پێ بدرێ زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو برادەرانەی کەناو نووس کران کە لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆ بکەن، تەواو بوون. تەنیا یەک پێشنیار هەبوو لەلایەن جەنابی وەزیری تەندروستییەوەو برادەرانیش پشتگیریان لێ کردو زۆر لەوانەی کە قسەیان کرد، ئەڵێن ئەبێ ئەو بڕگەیەی بخرێتە سەر.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

أولاً:-يبدل عنوان (موظف تضميد) في وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى عنوان (مضمد)في ملاك الوزارة شريطة إجتياز المشمول بهذا القرار أختباراً أمام لجنة طبية يعين اعضاءها وزير الصحة والشؤون الأجتماعية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی ئەخرێتە سەر، ئەگەر ڕاتان لەسەر یەکەمە پاش ئەو هەموارکردنە کەکەوتە سەری بابیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

أولاً: يبدل عنوان(موظف تضميد) في وزارة الصحة والشؤون الأجتماعية الى عنوان (مضمد) في ملاك الوزارة بعد إجتياز المشمول بهذا القرار إختباراً أمام لجنة طبية يعين أعضاءها وزير الصحة والشؤون الاجتماعية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئەو هەموارکردنە بووکە خرایە سەر(١)و ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەم برگەیە لەسەر پێشنیاری جەنابی وەزیری تەندروستی و پشتگیری ئەندامانی پەرلەمان. کێ لەگەڵ یەکەمە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ثانياً: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٢) چ تێبینی یەک نییە. کێ لەگەڵ دووەمە؟...کێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ثالثاً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٣)، چ تێبینی یەک هەیە؟ کێ لەگەڵە؟...کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

رابعاً: ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٤)، چ تێبینی یەک نییە. کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. کێ لەگەڵ نییە؟...بەتێکڕای دەنگ(٤)یش وەکو خۆی مایەوە. بڕیارەکە پاش ئەوەی خوێنرایەوە بەو شێوەیە کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بڕیارەکە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. دکتۆر تازە تەواو دوایی من وتۆیش وتووێژێک لەسەر ئەمە دەکەین.

ئێستاش دێینە سەر خاڵی(٣)ی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە پرۆژەی بڕیاری یەکسانی کردنی ئەو

بروانامـانەیە، کە دراون بەو کـەسانەی لەلای زانا ئاینییـەکان خـوێندوویانە واتا ئەوانەی کە لای مەلایەکان خوێندوویانە پرۆژەیەکی واش هەیە و لیژنەکان تەواویان کردووە، ئێستا ئامادەیە، ئەوە وەزیری ئەوقافیش لێرەیە با دەستی پێ بکەین، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تأريخ القرار/

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، أصدر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩القرار الآتي.

أولاً: تعادل الاجازة العلمية الممنوحة لعالم الدين من قبل أحد العلماء المشهورين بالعلم بشهادة خريج ثانوية الدراسات الأسلامية.

ثانياً: يقوم المجلس العلمي لوزارة الأوقاف والشؤون الأسلامية بإجراء الأمتحان الأصولي لحاصل الأجازة في الفقرة اعلاه لغرض التعادل.

ثالثاً: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

رابعاً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

خاڵی یەکەمی دووبارە کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوە بدەن پێش ئەوەی بێینەوە سەر ئەم مادەیە باجەنابی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئەگەر تێبینییەکی هەیە باپێش ئەوەی بچینە ناو گفتوگۆ ودەنگدانەوە، بیخاتە پێش چاو.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە هەتا ئێستا ئەو یاسایە کەبەو شێوەیەی داڕێژراوە، هەندێ ناتەواوی تێدا دەبینم، و کەم و کورتی تێدا هەیە لەیاساکە. یەکەم دەڵێ (أحد علماء المشهورين) بێگومان (أحد العلماء المشهورين) کێیە مەسەلەی ئەمە دیار نییە، چونکەی زۆری مەلاکان ناو بانگێکی باشیان هەیە بەڵام مەلایەکی باشیش نییە، ئیجازەش دەدات، کەچی خۆی ئیجازەی وەرنەگرتووە، پاشان دەچێ

ئیجازەش بەخەڵک دەدات. بەڕاستی ئەمە ئەبێ دیار کرێت ئەوە بەڕای من بەو شێوەیە ئەو زانا دینیانەی کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دیاری بکرێت، کە ئیجازە بدات ئەوە ئەبێ بکرێت بە ماددەیەک ئەمە یەک. دوایی بەدراسەی ئیسلامیش نەبێ، چونکە زۆر جیاوازە لەگەڵ دراساتی ئیسلامی، ودیراساتی ئیسلامی سەربە وەزارەتی پەروەردەیە، ئێمە قوتابخانەی خۆمان هەیە، وەزارەتی ئەوقاف قوتابخانەی ڕەسمی بەرنامەی خۆی هەیە، بڵێین هەموار بکرێت بڕوانامەی(المدراس العلمية التابعة لوزارة الأوقاف) ئەم دوو هەموارکردنە بەڕای من زۆر زۆر پێویستە، چونکە زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندنەکان تەنانەت لەگەڵ هی ئێمەش هەیە، بۆ نموونە قوتابخانەی دینی ئێمە(٣) مادە ئەخوێنن، ئەوان نایخوێنن، وانەی ئینگلیزی دەخوێنن، قوتابیەکانی ئێمە ئەوانەی کەبڕوانامەی (١٢)ی زانستی(علمی) وەرئەگرێ نایخوێنێ، مێژووی کورد ئەخوێنین ئەوان نایخوێنن، زمانی کوردی دەخوێنین ئەوان نایخوێنن. بەڕاستی جیاوازیەک هەیە لەبەرنامەکە من حەز دەکەم مەسەلەی (عاطفة) سۆز زاڵ نەبێ بەسەر مەسەلەی زانست ودین وئەوانە مەسەلەی (علم)ە زانستە، لێرە ئەبێ هەموارکردنەکە بەشێوەیەک بێت کەخزمەتی زانستیش بکات لەهەمان کاتیشدا خزمەتی دینیش بکات، چونکە ئێمە هەر کوڵکە مەلا دروست کەین وهیچ لەدین ئەزانن بەڕاستی ئەمە شتێکی خراپە، ئەوە بەڕای من باش نییە لەبەر ئەوە من حەز دەکەم ئەم دوو هەموارەی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەگەر زەحمەت نییە جارێکی تریش هەمواری یەکەم بخوێنینەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمواری یەکەم (أحد العلماء) بۆنموونە (المعينين) یان (المعينين المشخصين) چۆنە نازانم هەموارەکەی (من قبل وزارة الأوقاف) کە وەزارەتی ئەوقاف دیاری دەکات یا (المجازين من قبل وزارة الأوقاف)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پاش ئەو (من قبل أحد علماء المشهورين والمجازين). بگوترێ (من قبل وزارة الأوقاف).

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەوە هەموارەکەی بەو شێوەیە یە (للدراسات الأسلامية) نەبێ، بەڵکو بگوترێ (بشهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە چیتان هەیە لە(المدارس الدينية)؟

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە (مالدارس الدينية) قوتابخانە ئاینییەکان ئێستا کەهەمانە وکاتی خۆی ڕژێم داینابوو، لەعێراق هەیە، ئەمانە لە(٦)ی سەرەتایی وەرئەگیرێن (٣)ی ناوەندی ئەخوێنن(٣)ی بلێین ئامادەییش ئەخوێنن(٢)ی پەیمانگاش ئەخوێنن (٨)ساڵ پاش سەرەتایی دەخوێنن ئەمە ئەبێ بە(إمام) دەکرێ بە(إمام) یان بە (قارئي ومؤزن) واتە: قورئان خوێن و بانگدەر بەڵام نابێ بە(خطيب)، (خطيب) دەبێ دەرچووی کۆلیج بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ڕوونکردنەوەیەک، دەرچووی قوتابخانەی دینیی کەسەر بەوەزارەتی ئەوقافە بڕوانامەی پەیمانگایان هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بڕوانامەی پەیمانگای دەبێ، چونکە ئەگەر هەمووی تەواو کرد بێ و تەنیا ئەبێ لەکۆلیجی خوێندنی ئیسلامی یان کۆلیجی شەریعەت پەسەند کرابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە ئەمانەی کە ئەم مادەیە دەیانگرێتەوە ئەگەر بەو شێوەیە بێت و بەپێشنیارەکەی جەنابت بکەین ئەبن بەدەرچووی پەیمانگا.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاشان دەبێت بێت بەدەرچووی ناوەندی، نەک پەیمانگاکە، چونکە (٦)ی ناوەندیش هەیە، دووی پەیمانگاش هەیە، (الأعدادية الدينية التابعة لوزارة الأوقاف) ئامادەیی خۆی (المدرسة الدينية)، بەڵام قوتابخانە دینیەکە (٣) قۆناغی هەیە، قۆناغی ناوەندیی، قۆناغی ئامادەیی، قۆناغی پەیمانگای هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری ئێوە چییە ئێستاکە؟!، چونکە لێرە بەناوەندی هاتووە (ثانوية دراسات الأسلامية). واهەموار کراوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم بلێین (تعدل بشهادة الاعدادية الدينية التابعة لوزارة الأوقاف) نازانم لە لایەنی یاسایی، بۆ ئەمە برادەرانی یاسایی چ دەڵێن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە، وەکتری ئێوە لەگەڵ پرۆژەکەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ، بەڵام بەو دوو مەرجە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا حکومەت ڕاتان لەگەڵ پرۆژەکەیە، پاش ئەوەی کە ئەوهەموارەی ئەخرێتە سەری، ئێستاکە ئەو دوو پێشنیارە هەیە و با دەرگای گفتوگۆ بکەینەوەو پاش ئەوەی کەبزانین ئەوانەی کەئەیانەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن کێن، ئەوەی لەگەڵ پرۆژەکەیە ئەوە هیچ وئەوانەی کە لەگەڵ نین، یان کە لەگەڵ دوو پێشنیارەکەی مامۆستان باقسە بکەن، ئەگەر لەگەڵیش نین باقسە نەکەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەو پرۆژەیە زۆر دەمێکە هەیە، کاتی خۆی لەنووسراوێکی وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە بەژمارە (١٤٧٦) لە ١٩٩٣/٦/٢٤ بۆ ئەوەی هەمواری ئیجازە نامەی چەند زانایەک بکرێت، دیاری کرابوو نەبوو بوونە پرۆژەیەک ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لە ١٩٩٣/١٢/١٥دا پرۆژەیەکمان پێشکەش کرد وەئیمزاشمان بۆ کۆکردەوە وپێشکەش بەسەرۆکایەتی بەڕێزمان کرد. دیار بوو پرۆژەکەشمان دوایی پێشکەش کرد، ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کرابوو برادەران ئیمزایان کرد لە ١٩٩٣/١١/٢١دابوو، پرۆژەکەی تریشمان کەپێشکەش کردووە لە١٩٩٣/١٢/١٥ بووە، لێرە جەنابی وەزیر هەندێ قسەی کرد بەڕاستی زۆر جیاوازیان هەیە لەگەڵ بنەڕەتی ئەو پرۆژەی کەمەبەستەو بۆیە پێشکەش کراوە، چونکە ئەمە هەر جگە لەوەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان نووسینگەی ڕاپەڕاندن، هەوڵێکی زۆرو ڕەنج وتەقەلایەکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن لەماوەی خۆیاندا دەرگاکانیان بۆ لەسەر پشت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بخوێنن ولەشوێنێکی داخراویا لەبازنەیەکی بەتاڵدا نەسووڕێنەوە، وەکو ئەڵێن ئەوەی جەنابی مامۆستا مەلامحەمەد ئەیلێ ئێمە ئەوەمان داوا نەکردووە حەز دەکەن پرۆژەکە دەخوێنینەوە، چونکە دەستکاری کراوە پرۆژەکەی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بەم جۆرەیە (تعدل الأجازات العلمية الممنوحة لعلماء الدين الاسلامي من قبل أحد العلماء المشهورين بالعلم) چارەسەری ئەم مەسەلەیەشمان کردووە کە مامۆستا مەلا محەمەد ئەڵێ هەندێ کۆلکە مەلا خۆیان بەمەلا لەقەڵەم دەدەن ومەلانین. لەگەڵ ڕێزم دا بۆ مامۆستا محەمەد، خۆی لای ئەو مەلایانە خوێندویەتی، جا حەز دەکەم زۆر ڕێزیشی هەبێ بۆ ئەو مامۆستایانە، ئێمە وتومانە (من قبل الاتحاد مصدقة من قبل إتحاد علماء الدين الأســلامي) کەواتە مادام نوسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی زانایان ڕاستاندنی بکات ئێمە لەو

کێشـەیە رزگـارمـان دەبێت، چارەسـەری ئەوەمـان کـردووە، چونکە مـادام لەیەکـێتی زانایان ئەو مـامۆسـتایە راسـتـاندنـی(تصدیقی) ئیـجازەکەی کرابێ، واتە مـامۆسـتاکە زانایە، عـالمە، فـاضلە، ومیزە، دەتوانێ ئیجازە بدات، تێبینی یەکی تریشم هەیە، ئەوەیەکە ئەوەی جەنابی مامۆستا ئەیلێ من ئێسـتـاش تێنەگـەیشـتم چییە، واتە نازانم خوێندنی ناوەندیی ئیسـلامی یە نازانم ئامـادەییـە، ئەوەی کـەلەوەزارەتی ئەوقـافـە تائێسـتـا ناوەکـەی نازانم بەتەواوی چییـە، ئێـمـە ئەوەمـان ناوێ بۆ (تعـینیـشـمـان) دامـەزراندنیـشـمـان ناوێ جاحەز دەکەم برادەران ئەوەیان زۆر زۆر چاک ئاگالێ بێ لەناو مـەلایانا بەرێزان پیـاوی ئەوەندە گـەورە هەڵکەوتوە هیچ زیادەڕۆیی نـاکـەم ئەگـەر بڵـێم ئەو بروانامەیەی زانایان پێویستە هەموار بکرێ لەگەڵ بروانامەیەکی دکتۆرا، سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

هیچی تێدا نییە پەیوەندیی بە(تدریس وتعین)ەوە نییە.

**بەرێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

(لغـرض التدریس والتـعین) ئێمە وامـان نووسیوەو پێشکەش کردووە و داوای ئەوەشمان کردووە تەنیـا بۆ (مـجلس علمي)، ئەگەر ببورن ئێمە گوتومانە: تاقی بکرێنەوە نە ئیمتحان، چونکە ئیـمتحان مـواصفـاتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام أختـبار ئەو چاوپێکەوتنە کە ئاسـانتر ئەکرێت، سوپاس.

**بەرێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی پرۆژەکە لەهەر دوو لایەنەوە هاتووەو ئێمە زۆر دەستکاری پرۆژەکەمـان نەکردووە، بەڵام بەبۆچوونی من ئەو بۆچوونەی کە بەرێز وەزیری ئەوقـاف بۆی چوو تا رادەیەک لەوانەیە ڕاست بێ، چونکە بەراسـتی دەبێ دیاری بکرێ مـەلا ئەوەی کـە ئیـجـازە دەدات ناسـراون و ناودارن، بەڵام بێگومان لەگەڵ ئەوەش نین وەبڵێین (المجازین من قبل وزارة الأوقاف)، چونکە وەزارەتی ئەوقاف ئیـجـازە ناداتە مـەلایان، مـەلا خۆیان مـجـازن ئەوانی کـە ئەو جۆرە شـتـەیان هەیە هەرچۆنێ بێ هەمـوارێکی وەها دابنێین (المعترف بهم من قبل وزارة الأوقـاف) کـە پابەندیان بـکات وەزارەتی ئەوقاف، بێگومان ئەوانە شایستەی ئەوەنی کە مۆڵەت بدەن.

دووەم ، ئەو بۆچوونەش ڕاسـتـە، بەڵام مـامـۆسـتـا بەداخـەوە نەیتـوانیـوە وەک پێـویسـت روونی بکاتەوە، چونکە بێگومـان ئەوان سێ قۆناغیـان هەیە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا، ئێمە دەبێ بڵێین بروانامەیان هاوکێشە(معادلة) بۆ خوێندنی ناوەندی ئیسلامی(ثانوي ودراسات دیني) لەو قوتابخانەیەی سەر بە وەزارەتی ئەوقافە، سوپاس.

**بەڕێز د. عــیــزەدین مـــســتــەفــا ڕەســـول:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەرچەندە من وتم قسە ناکەم لەو مەسەلە، بەڵام مامۆستا مەلا محەمەد کۆمەڵێ شتی فەرموو کە مەسەلەکە تێکچوو لەلای منیش بەڕاستی تەنیا یەک وەڵامم هەیە، مۆڵەت ئەبێ مامۆستا مەلا محەمەد ئەوە بزانێ مەلایەک ئیجازەی نەبێ، ناتوانێ ئیجازە بدا، چونکە ئەوەی کە لەمزگەوت پێی ئەوترێ (عن فلان وعن فلان)، تەنیا ئەوەیە لایەنێک دابنێین کەئەم ئیجازەیە ئەدا دەبێ خۆی مۆڵەتی هەبێ، واتە ئەگەر مۆڵەتی نەبێ چۆن مۆڵەت ئەدات سوپاس ئەوە مەلاکانیش بەرگری لەخۆیان دەکەن هەرچەن لەگەڵ پرۆژەکەدان.

**بەڕێز مـەلا تاهیـر مـحـەمـەد تـاهیـر زین العـابدین:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بێگومان ئەو پرۆژە لەبەر خاتری ئەوەی کەوا مافی مەلایانی ئایینی ئەوەی کەوا خاوەنی مۆڵەتی زانستی یە بەڕاستی نەفەوتێ، چونکە وابەهیواین هیچ توێژیک لە کوردستان مافی نەفەوتێ، پرۆژەکە جێگەی خۆیەتی لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابی مامۆستا وەزیری ئەوقاف لەگەڵ ئەوەم کەوا یەکێ لەزانایانی ناودار بەڕاستی مەرجی دەستەبەرکردنی(مۆهلاتی) ببێ، بێگومان هەموو کەسێ با مۆڵەتدراویش بێت وەکو جەنابی دکتۆر وتی (عن عن) هەر ئەڕواتەوە هەتا وتی تا ئیمامی عــەلی بەڵام هەتا جــبــریلیش ئەڕوات. ئەوە بۆ زانیــاری بەڵێ ئەو زانایانەی مــەرج و دەستەبەرکردنی(مۆهلاتی) ببێ لەئەوقافەوە ئەتوانرێ ناودار بێ لەسەرانسەری کوردستانیشا شوکور بۆ خوا مەلا باشەکان زۆر نەماونەتەوە، واتە کەمێ ماونەتەوە ئەو کەمەی کەوا ماونەتەوەش بابڵێین بتوانن مۆڵەت بدەن کە مۆڵەتیشیان دا بەشی دووەمیشیان خوێندنی ناوەندی ئیسلامی (ثانوی دراساتی ئیسلامی) روونە خوێندنی ناوەندی ئیسلامی ئەو پەیمانگایەیە کەوا (٦) ساڵ قوتابی دەوامی تێدادەکات، مەبەستی مەسەلەی تعین ودراسەت لێرانە مادەکە بەرەهایی هاتووە، واتــە (المطلق یعـمل به علی اطلاقـه) لەکاتێکا ئەگەر ئاڵۆز نەکرێ ئەمە خۆی واتای هەرکە دەستکاریت نەکرد بۆ مەبەستی دامەزراندنیش (إدراک)یش هەردووکیان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســەعــیــد عــەلی خــان سلێــڤــانی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

قسەکانم کرا بەڵام (من قبل أحد علماء) لەباتی(أحد) بالیژنەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز مــەلا مــەحــمــود فندی دێرشــەوی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەو پرۆژەی کە ئێستا باس کرا، لەگەڵ بەڕێزانی لیژنەی یاساش گفتوگۆم کرد دوو مەبەستی تێدایە مەبەستێکی بۆ دامەزرانە، لەوانەیە ئێمە چی بڵێین جەنابی وەزیری ئەوقاف

رازی بێ لەلای ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف تاقی بکرێنەوە بۆ دامەزراندن، بەڵام گرنگ بینینی مامۆستاکانە، و ئەمە داوای ئێمەو مامۆستایانیشە کە چۆن مۆڵەت وەربگرن، راستە توانایەکی باشیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو توانایە هەمووی بەفیرۆ بڕوات زەرەرمەند دەبین بۆیە ئێمە ویستمان داوابکەین ئەو بڕوانامەیەی هەیە ئەو مۆڵەتەی هەیە بەرابەری بێ لەگەڵ خوێندنی ناوەندی ئیسلامی بەمەبەستی تدریس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە زۆر دووبارە ئەبێتەوە، (لغرض التعين والتدريس) کە مرۆڤ بڕوانامەکەی بەرابەر کرد ئەو بڕوانامەیە چ ئیمتیازێکی هەبێ بۆ خەڵکی تر ئەویش ئەبێ بۆ ئەوی تریش هەیبێت، هەق نییە مامۆستایان زۆر ئەوە دووبارەی بکەنەوە ئەگەر شتێکی تر نییە واتا ئەگەر یاسایەکی تر نییە، من حەز دەکەم کاک عوسمان دزەیی ئەگەر تۆزێ بدوێی لەسەر ئەو بابەتە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە، وابزانم بڕوانامە ئەگەر بەرابەر کرا ئیتر هەموو مافێکی ئەو بڕوانامەیەی هەیە بۆ دامەزراندن وبۆ وانە گوتنەوەش.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەڵڵا من لە بابەتیی هەڵبژاردنی ئەو مامۆستایانە لەلایەن زانایەکی دینی تەواو ڕێگای ڕاستی خۆی گرتووە، بەڵام نەک تاقی بکرێتەوە لەوەزارەتی ئەوقاف بەڵکو لە پەروەردە تاقی بکرێنەوە، ئەوجا ئەو بڕوانامەیەی پێ بدرێ، کە بەرابەرە بەبڕوانامەی خوێندنی ئیسلامی. بڕوانامەی ئامادەیی باس ئەکات مامۆستای بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەڵێ ئامادەیی دینی و، ئامادەیی دینی لەگەڵ ئامادەیی ئیسلامی هەر دووکی جیاوازیی نییە، مادام ناوی وشەی ئامادەییمان هێنا کەوا بوو قۆناغێک لەهەردوو باردا یەکتر دەگرێتەوە پاش ناوەندی ئامادەیی دێ، ئەو ئامادەییەی چ ئامادەیی دینی بێت چ ئامادەیی ئیسلامی بێت کە بڕوانامەکەمان بەرابەر کرد بەبڕوانامەی ئامادەیی ئیسلامی، ئەو مامۆستایە سەرپشکە لەهەر شوێنێ بخوێنێ نەک ئەو دام و دەزگایەی کەسەر بەوەزارەتی ئەوقافە بەڵکو وەزارەتی پەروەردەش لەهەر شوێنێ بێت کەبتوانێ ئەو دراسەیە لەوێ تەواو بکات، بەڵام تەنیا لەمەسەلەی ئیسلامەتی وکۆلیجی شریعە نەک لەمادەیەکی دیکەدا و مەسەلەی (تحويل) کردنیان مەسەلەی دەرس گوتنەوە ومەسەلەی دامەزراندن و مافی هەیە هەر بەو بڕوانامەیە خوێندنیش تەواو بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضرکوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکانی من مامۆستا مەلا تاهیر بەدرێژی باسی کرد، تەنیا مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین ئەوەی کەدەڵێ ئەو پرۆژەیە لەگەڵ پرۆژەی ئێمە جیایەو دەستکاری کراوە، جا نازانم ئەوە تاچ رادەیەک

دەستكاری كراوە، ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد گوتی بڕگەی یەكەمی من لەگەڵیمە بەڵام بەمەرجێك بەهەموارەكەی كەدەڵێ(من قبل وزارة ألاوقاف) هی دووەمینیان لەگەڵی نیمە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە كەهاتەلای لیژنەی یاسا، ئەوا خاڵێكی بچووك گۆرانێكمان تێدا كرد، وەكو بەڕێز كاكەرەش گوتی ئەویش كەلەلایەن یەكێتی زانایانی ئایینی یەوە پەسەند بكرێت لەلای ئێمەوە یەكێتی زانایانی ئایینی رێكخراوە لەوانەیە بمێنێ، لەوانەیە نەمێنێ، لەوانەیە هەموار(تعدیل) بكرێت ئەوجا وتمان یاسا نەبەستینەوە بەشتێ كە سەقامگیرییەكی هەمیشەیی نەبێ. جا هەر ئەوە بووە مەبەستمان و، ئەگەر ئەندامی پەرلەمان پێیان باشە، پێیان چاكەكە پەسەندیی یەكێتی زانایانی ئایینی لێ وەرگیرێ چ لاریەكی یاسایی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من پشتگیری پێشنیارەكانی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەكەم، لەگەڵ تقدیرەكەی بەڕێز كاكە رەش ئەوەی مەسەلەی لادانی ئەوەی كە راستاندراو بێت لەلایەن یەكێتی زانایانی ئایینی كوردستانەوە بەڕاستی ئێمە بە مافی خۆمان زانیوە كە ئێمەی لیژنەی یاسایی لای بدەین، چونكە ئەوە لایەنێكی رەسمی یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتە رێكخراو نابێ لەیاسا دابی، ئەوە شتێكی پەیڕەوكراوە.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەو پرۆژەیە زۆرە، لەزۆر كۆنا ئێمە خەریكی تۆژینەوەین من بەڕێزان مامۆستایانم دیوە ئەوەی كەئێمە دیمان وقسەمان لەگەڵ كردن زیاتر قسەیان ئەوەبوو بابەتیی دامەزراندن بوو، تا لەزۆر مزگەوتەكانی كوردستاندا كە ئێستا بێ مەلان، ئێمە ئەمەمان بردە وەزارەتی پەروەدە، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەدرێژی باسمان لەگەڵدا كردن ئەوان بۆ ئەو بابەتە هیچ لاریەكیان نییە، ئەگینا سەبارەت بە هەمواركردن (تعدیل)ەوە سەبارەت بە دامەزراندنەوە بۆ دامەزراندن هیچ كێشەیەكی تێدا نییە، بەڵام سەبارەت بە دراسەوە بەشێوەیەكی ئاسایی لەدراساتی ئیسلامیش ناوەندیەكانی ئیسلامیش قوتابی لەكۆلیجی شریعە وەرناگیرێت، تەنیا یەكەمەكان نەبن، واتە یەكەم و دووەم وسێ یەم یاخود نمرەكانیان لە(٨٠)بەرەو ژوورتربێت ئەگینا ئەوانی كە لەكۆلیجی شریعە وەرناگیرێت وجیاوازیی قوتابخانەی ئەوقاف ودراساتی ئیسلامی هەیە، چونكە ئەوان بەزۆری لەكۆلیجەكان وەرئەگیرێن بەڵام قوتابخانەی ئەوقاف تائێستا وەرنەگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەزهەر عـــەلی كـــاكی هیـــرانی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بەڕێزان پرسیارەكەی من بۆ بەڕێز وەزیری ئەوقافە، لەكاتی خۆی ئەوەبوو ژمارەیەك لەمامۆستایان ئیمتحان كران لەوەزارەتی ئەوقاف لیژنەیەكیان دامەزراند، ئەو لیژنەیە خەڵكێكی زۆری لەپیاوە تاقی كرانەوە تاقیكردەوە لەوانە پێم وایە(١٠٤) مەلا بوون و سەركەوتن و دەرچوون، ئایا ئەو مامۆستایانە چ چاوەڕوان ئەكەن كەوا بەرابەری بڕوانامەكەیان بكرێت، ئایا ئەوانە دەبێ دووبارە تاقی بكرێنەوە لە لایەن ئەو  لیژنەیەی كە پێك دێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بەڕاستی دڵ وگیانی من لەگەڵ ئەو برادەرانەیە پێك دێت كە بەراستی توانای زانستیان هەبێ، ڕێگەیەك بۆ ئەوان دابنێ وئیجازەی بۆ دابنێ بەڵام وەكو بەڕێز وەزیری ئەوقاف گوتی ئەبێ سنوورێك هەبێ لەنێوان سۆزو ومەسەلەی زانستی، چونكە بە باوەڕی من ئەگەر بێتو برادەرێك شایستە نەبێ وئیجازەی پێ بدەن ئەوە بەم جۆرە خزمەتی ئایین ناكەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد شـێخ تاهیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئەوەی ئاشكرایە كە ئەو مزگەوتانەی لەكوردستان هەبوون لەكۆنەوە بنكەی ئەدەبی و فكری وكوردایەت وزانیاری بوون، لەكوردستان دا نەزانكۆ هەبووە ونەقوتابخانەكانی ترهەبوون مەلای (١٢)عیلم ڕۆڵی خۆی دیوە لەو مزگەوتانە، كوردستان سەرتاسەر ئەوەی كە خوێندنی لەوێ تەواو دەكرد دەڕۆیشت بۆ مەهاباد ئاگامان لێیەو ئەو مەلایانە یەكەم عالم بوون وكاتی خۆی هەموو ساڵێ كەوەجبە وەجبە ئەو مەلایانە دەردەچوون ئاهەنگیان دەگێڕا، دەهاتن ئیجازەی زانستییان وەردەگرت لەسەر دەستی ئەو زانا گەورانە، باشە ئێستا ئەوە بۆ بزربێ ئەو ڕەنجەو ئەو ماندوو بوونەی ئەو زانایانە پێویست بەوە ناكات بزربێ بەڵكو ئێستا چاوەڕێی ئەوە بوین ڕۆژێكی وابێ كەئەو مەلایانە یان ئەو زانایانە ڕێگەیان لێ نەگیرێ ورێگەیان پێ بدرێ خوێندنی خۆیان تەواو بكەن و، ئێستاش داوای ئێمە وەكو لیژنەی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی ئەوەیە كەڕێگە بدرێ بەوەزارەتی ئەوقاف لیژنەیەك لەو زانا بەڕێزانە دروست بكات، بۆ ئەوەی تاقی بكرێنەوە و لە ماوەی هەفتەیەك بەرنامەیەكی ڕێكوپێك دابنرێ ئەوانەی كە دەرچوون لەوتاقی كردنەوەیە مافی ئەوەیان هەبێ بچن خوێندنی خۆیان تەواوبكەن لەزانكۆكان دا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

ئەو برادەرانەی كە ویستیان قسە بكەن تەواو بوون، ئەگەر تێبینییەك هەیە لەلایەن بەڕێز وەزیری ئەوقافەوە با كەرەم كات.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا هەندێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان لەسەر قسەکانی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین، قوتابخانەی نوێ یەو کۆلیجەکانی خوێندنی ئیسلامی(دراساتی ئیسلامی) شەریعەیە، زانکۆی ئیسلامی لەزۆر وڵاتان پەیدا بوون و بوونەتە نظامی ورەسمی ئەمە سەردەمێکە وگوزەشت و بەسەر چوو، ئیتر وردە وردە ئەوی ماویشە پاش ماوەیەکە تەواو دەبێ ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ ڕێی لێ بگرین ویان ڕێی لێ نەگرین حەزمان لێ بێ و یان حەزمان لێ نەبێ ئەمە مەسەلەی مێژووە، مەسەلە جوڵەیە مەسەلە پێشکەوتنی کۆمەڵگایە ئێستاش مەلای باشمان ماون و من خۆم لەمەلایەتیم خوێندوە وەکو مەلا محەمەد ئەمین دەڵێ لای کۆڵکە مەلایانم نەخوێندوە من یەکەمین مەلای کە لەلام خوێندوە باوکم بووە کە مجازو مدرسی مەلا سالحی کۆزەپانکە بووە کە ئیجازەی وەرگرتووە لای مەلا سالحم خوێندوە ولای مەلا ئەبو بەکری کۆییم خوێندوەو لای مەلا سدیقی نۆغەرانی ومەلا گەورەکانم خوێندوە، لای ئەوکۆڵکە مەلایانەی کە کاک مەلا محەمەد ئەمین لای خوێندووە من لەلای ئەوانم نەخوێندوە، بەڕاستی من لەلای مەلا گەورەکانم خوێندوە بەشانازیشەوە واناڵێم، چونکە ئەو وای گووت بۆیە وادەڵێم، من گووتم لەگەڵ پرۆژەکەمە بەڵام بەو دوو مەرج. قوتابخانەکانی ئەوقاف زۆر بەداخەوە کاک مەلا محەمەد ئەمین ئەبێ لەمن چاکتر لێی بزانێ ئەوجا نەیزانی قوتابخانەی ئەوقاف چییە؟ قوتابخانەی ئەوقاف وەکو کاکە رەش گوتی یاساییە بەڵام ئەو باشتری زانی لە هەردووکمان، بێگومان قوتابخانەی ئەوقاف (٣) قۆناغی هەیە قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی ناوەندی هەیە، بێگومان ئەمە هەر مەلا دەیڵێنەوە واتە کتێبە کۆنەکانی مەلایانە بەڵام پێشتر (قەدیم) یەک یەک دەیان خوێند ئەمە وەکو بازنەیە دابەش کراوە(١٥)کەس یان (١٠)کەس لە پۆلێکە دەرسەکە دەخوێنن ئەوە (٣)ی ناوەندی دوای ئەوە(٣)ساڵیش ئامادەیی دوای ئەوەش دووساڵ پەیمانگا، وەک کتێبەکانیش هەمووی کتێبی ئایینینە دیار کراوە لە قۆناغی ناوەندی ئەم کتێبانە لە قۆناغی ئامادەییش کتێبەکانی دینیی کۆن ئەوانەی کەمەلا کۆنەکان خوێندویانە دەیان خوێنن لە دوایش دا لە پەیمانگاش ئەم کتێبە کۆنانە دەخوێندرێن، بەڕاستی دەڵێم ئەگەر لە (١٠٠) مەلایان (٢) مەلا نەماوە ئەم کتێبانە بزانن بلێنەوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا جەنابت لەسەر ئەو ڕایەی کەلەلایەن لیژنەیەکەوە تاقی بکرێنەوە و، بڕوانامەکەیان بکرێت بەبڕوانامەی دەرچووی خوێندنی ئامادەیی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هەیە، کە وەزیری ئەوقاف فەرمووی ئەو مەلایانەی کەئیجازە ئەدەن ئەبێ وەزارەتی

ئەوقاف ئیجازەیان پێبدات ئەدی ئەو مەلایانەی کەمردوون وئیجازەشیان داوە چۆن زیندویان بکەینەوە وەزارەتی ئەوقاف ئیجازەیان بداتێ؟

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە کەئێمە پێشکەشمان کردووە بەناوی خوێندنی ئیسلامی پێشکەشمان کردووە لەبەر ئەوەی کە فەقێ بتوانن لە هەموو کۆلێژەکان وەربگیرێن دووەمینیش ئەو مامۆستایانەی کە ناوبانگیان هەیە بەئیجازەدان لەهەولێر زۆر بەناوبانگن لەسەری ڕێکەوتوون کە ئیجازەکەیان هەتا ئێستا پەسەند بووەو بەبڕوانامەش پەسەند کراون، دووەمین ئەگەر بڵێین کۆڵکە مەلایان چەند شتێکی کەیە ئەوە لیژنەیەکی (عیلمی)زانستی دادەنیشێ پرسیاریان لێ دەکات ئەگەر توانای نەبێ ئەوکاتە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ ئەگەر تواناشی هەبێ وەردەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا، ناکۆکی لەسەر ئەوانە نییە بەس تەنیا ئەوەی نەبێ کە (زانای ناودارن) ساغ بکرێتەوەو دەبێ یەکێک، یا لایەنێک هەبێ بڵێ کە کێ زانای ناودارە؟ ئەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف بەجێ دەهێڵرێ و ئەو دەسنیشانی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مەلای (مەشهوور) ناودار ئەگەر هەڵبگیرێ، چونکە ئەوەی کەمن بیستوومە یەک مەلای ناودار هەبووە ئەوەش جحایە، مەلا ناسراو بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بەو شێوەیەکە بڕگەیەک بخرێتە سەری، ئێستا ئەیخوێنینەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أحد علماء المعترف به من قبل وزارة الأوقاف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەمە مامۆستا؟

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

( خريج ثانوية الدراسات الاسلامية) ئەبێتە (خريج اعدادية الدراسات الإسلامية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم دوو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی یەک لای بکەینەوە، چونکە زۆر وتووێژی لەسەرکرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم وشەی (معترف) بڕێک لەگەڵ دەقەکەی نایە پێم وایە بیکەنە ( أحد علماء المقَّيمين)، واتە (تقيم )کرابێ، هەڵسەنگێرابێ لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە نەک (معترف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەئێمە یاسا دائەنێین بەڕای من ئەو پرۆتۆکۆلەی ناوێ، چونکە کە یاسا دائەنێین وەزارەتێکمان هەیە پێی ئەڵێین وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئەم وەزارەتە هەموو مەلایەک لەم کوردستانە ئەم وەزارەتەی ئێمە ئیعتیرافی پێ بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو رستەی (ثانوية الدراسات الاسلامية) إمتیازی ئەوەی ئەداتن کەتەعین بێ، بەڵام إمتیازی تدریسەکەی ناداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا نەهاتووینەتە سەر ئەو بڕگەیە کاک ئەیاد جارێ لە بڕگەی زانای موجازین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أحد علماء المجازين من قبل وزارة الأوقاف) ئەبێتە (أحد علماء المعترف به من قبل وزارة الأوقاف).

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوانەی کە تاقیکردنەوەیان پێدەکرێ یان ئەو مەلایانەی کە دەسنیشان دەکرێن هەمووی لەوەزارەتی ئەوقاف ئەنجومەنی زانیاری (علمي)(٤) (٥) زانای پلە (دەرەجە)یەکی ئەوانەی ئێمە کە بەباشیان دەزانین ناودارن ئەوان تاقیکردنەوەیان پێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی؟...کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری یەکەم پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەرچووی (ثانوية الدراسات الأسلامية) ئەبێتە دەرچووی (إعدادية الدراسات الإسلامية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیارەکەی مامۆستا بوو کەگفتوگۆی لەسەر کراو تەواو بوو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە ؟...کێ لەگەڵ نییە ؟...بەزۆرینەی دەنگ ئەویش پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تعادل الاجازة العلمية الممنوحة لعالم الدين من قبل أحد العلماء المعترف به من قبل وزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية بشهادة خريج الإعدادية الإسلامية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگەی یەکەمە ؟... کێ لەگەڵ نییە ؟...بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، لایەنی زمانەوانی (لغوي)با لیژنەی یاسا تەماشایەکی بکات، ئەوە گرفت نییە، گرنگ بنەماکە پەسەند بکرێ، کەروونە ئەمانە بەو بڕوانامەیە پەسەند بکرێن.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا /سکرتێری ئەنجوومەن:**

ثانياً: يقوم المجلس العلمي لوزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بإجراء الامتحان الأصولي لحامل الاجازة في الفقرة أعلاه لغرض التعادل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بڕگەی(٢)کەباس کرا وابزانم روونە ئەو گفتوگۆیەش کرا بۆ نموونە ئەبێ لیژنەیەک هەبێت (امتحان) تاقییکردنەوە بکات و کەسیش نکولی لەوە ناکات. مامۆستاش باسی لیژنەکەی کرد کە چۆن دروست کراوە و،کە کۆمەڵێ زانای ناسراوتن کەلەوەزارەت دەسنیشان کراون و ئەوانەش دێن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن و تاقییان دەکەنەوە. کێ لەگەڵ بڕگە(٢)ە؟... کێ لەگەڵ نییە ؟...بەزۆرینەی دەنگ ئەم بڕگەیەش پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

ثالثاً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر سێیەم چ تێبینییەک هەیە ؟. کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەیە ؟ کێ لەگەڵ نییە ؟ بەزۆر بەی دەنگ ئەو بڕگەیەش وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

رابعاً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(چوار)، ئەگەر چ تێبینی نییە؟. کێ لەگەڵ برگە(٤)ە وەکو و خۆی بمێنێتەوە؟... تکایە برادەران دەستی خۆیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوەی لەگەڵە ببینین... سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

خامساً: ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(٥)، چ تێبینی یەک نییە، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە...؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. وەکو بریار پاش ئەوەی کە خوێنرایەوەو دەنگ دانی لەسەر کرا، کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. داوای لێبوردنیش لەبرادەرە وەزیرەکانمان دەکەین، چونکە ئێستا (٥-٦) وەزیر بەجارێک لەناو ئەم بەرنامەیەن کە ویستمان بیکەن بەدوو بە(٢) دانیشتن، بەڵام وادیارە نووسراوەکە گشتی دوێنێ رۆیشتووە ئێمە سبەینێ پێش نیوەڕۆ دانیشتنی ئاساییمان هەیە بۆ تەواو کردنی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرۆگرامە، رۆژی دوو شەممە لەوانەیە یەکێکتان سەعات(١٠)بێت ئەوی تر بەلانی کەمەوە نیوسەعات (٣) چارەگ دوای ئەوبێ بۆ ئەوەی سوود لەکات وەربگیرێت.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاست ئەکەین لەگەڵ ئەوەشا کاتێکی زۆر بەسوود بوو، واتە بۆ گوێ گرتنمان لەو گفتوگۆ پرسوودە، ئەگەر بکرێ من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژەی یاسایانەش پەیوەندی بەوەزارەتی شارەوانییەکانەوە هەیە کاتێ بێ کەمن بتوانم ئامادە بم، چونکە منیش ڕەنگە هەندێ تێبینیم هەبێ لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەتوانی دابنیشی لە گەڵگماندا لەم دانیشتنەی ئێستادا، چونکە دوای ئەمە راستەوخۆ خاڵێکمان هەیە پەیوەندی بەگەشتوگوزارەوە هەیە کە خاڵی(٤)ەو ئێستا باسی دەکەین. جا ئەگەر جەنابت لاریت نەبێ ئەوە وەزیری کشتوکاڵیش لێرەیە بائەویش دابنیشێ بەلانی کەمەوە هاوکاری کافیە خانیش بکەن باشە برگەی(٤)یش تەواو ئەکەین(٥و٦و٧) دەهێڵینەوە بۆ رۆژی سێ شەممە، چونکە کاتەکەی وایە بالەسەر بەرنامەی خۆمان بڕۆین، وابزانم مامۆستا تێبینی یەکی هەبوو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاست دەکەم هەق وابوو هەر زوو ماوەم بدەیتێ، چونکە بەڕاستی ماموستا مەلا محەمەد هێرشێکی زۆری کردە سەرم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نانا، ئەوە هێرش نییە، ئەوە گفتوگۆکردنە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەوێ پیشانی برادەرانی خۆشەویستی خۆم بدەم دیارە هەموو لێرەبوون ماموستا مەلا محەمەد قاعیدەیەک هەیە ئەڵێ (البادئ أظلم) بەڕاستی باسی ئەو برادەرانەی کرد کە ئەو ئیجازانەی لەلایەن هەندێ کۆڵکە مەلایانەوە دەدرێن بۆیە من پێم چاک نەبوو، چونکە ئەو مەلایانە ئیجازە ئەدەن ئەو ماموستایانە گەلێکیان باس کرد ئەو مەلایانە پێ یان ناوترێ موجاز پێیان ئەوترێ موجیز، واتە خۆیان خاوەن ئیجازەن مەلای موجیز ئێستا لەهەولێرا دوان یان سێیان زیاترمان نییە، چونکە ناودارن بەعیلم وسەلاح و هەموو رەوشتێکی باش لەبەر ئەوە من واتە بۆ خۆشم وبۆ خەڵکی تریش بەئەرکی ئەدەبی ئەزانم خوانە خواستە ئەوانە بەکۆڵکە مەلا ناو بنرێن بەڕاستی ماموستا مەلا محەمەد هەر ئەیەوێ پاڵی پێوەبنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نانا، مەبەستی ئەوەیە کە کارەکە تەواو بێ، چونکە لەمێژە، لیژنەی ئەوقاف لەدووی ئەو پرۆژەیەیەو، ئێوەش مافی خۆتانە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ببوری واتە بەڕاستی من بۆ شتی باش پاڵ ئەنێم خوا بکەم ماموستا بۆ شتی تر پاڵ نەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەرنامەی کار خاڵی چوارمان پەیوەندی بە پرۆژەیەکەوە هەیە کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزارەوە هاتووەو پاش ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی کردووە ناردویەتی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئێمەیش داومانە بە لیژنەکان و ئامادەیە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەوەی گەشت وگوزار واتا خاڵی چوارەم راستە وخۆ پەیوەندی بەئێمەوە نییە بەشی(٥)پەیوەندی بەئێمەوە هەیە لەبەشی پێنجەم دا بێگومان ئامادە دەبم بەڵام ئەوی پابەندنیم ئامادەبم.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەرەتای کۆبوونەوەکان دا لەتازە بابەتدا داوامان کرد کەوا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری ناوخۆ بێن بۆئێرە ئەو داخوازی یە چی لێ هات، واتە پێویست بوو ئەو مەسەلەیە دووبارە بکەینەوە ئەگەر ئێستا ناتوانن پاش نیوەڕۆ پێویستە (موعید)کیان بۆ دابنێن، چونکە ئەو مەسەلانە مەسەلەی گرنگن و پێویستە زوو بەزوو ئەمڕۆ باس بکرێن و پەیوەندی بەئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەوە هەیە و ئەبێ لەو بارەیەوە بزانین حکومەت چی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو لەسەرەتاوە گوتم باسی ئەو بابەتەمان کرد، کە بەڵێن وابوو سەعات(١٠)سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بێ و تا دوێنێش بەتەلەفون پێمان گوت کە هاتنی بۆ باس کردنی ئەم خاڵە بوو و دەبوایە ئامادە بوو بێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ نەبێ داوایان لێ بکەین وەڵامان بدەنەوە بزانین دێن یان نایەن، لەوبارەیەوە پێویستە بزانین و، کۆبوونەوەکە ئەگەر بخرێتە ڕۆژی سێ شەممە بۆ ئەو مەسەلەیە من بەدرەنگی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش زۆر بەدرەنگی ئەزانم ئەبوایە ئەمڕۆ بهاتنایە، خۆزگە ئەمڕۆ بهاتنایە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو پرۆژەیەک نییە لەبارەی گەشت وگوزارەوە ئەوە مەسەلەیەکە پێویستە لەئێستاوە بزانین ئایا حکومەت هیچ هەنگاوێکی ناوە یان نا؟ جا من تکا ئەکەم کەپەیوەندی یەکیان پێوە بکەن وئاگادارمان بکەنەوە بزانین کەی ئامادە ئەبن و وەجارێکی تریش ئەیڵێمەوە پێویستە ئەمڕۆ ئامادەبن، واتە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ هەر ئاگادارمان بکەن کە چیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر بەڕێز وەزیری شارەوانی ڕازی بێ کە ئەوەش بکەوێتە ڕۆژی سێ شەممە ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەستە، پێم وایە خۆشی پێویستی بەوەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەیەوێ گفتوگۆیەک بکات، ئەوکاتە ئێمەش خۆمان باشتر ئامادە دەکەین بۆئەوەی سێ شەممە گفتوگۆکە باشتر بێت. جا ئەوە پێشنیارێک لەلایەن وەزیری شارەوانییەوە کەخاڵی (٤) دوابخرێت بۆ ڕۆژی سێ شەممە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر ئەوە دوابخرێ و ئەم پێشنیارەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک باس بکرێت.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئێستا خەبەرێکم بۆ نارد.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵێ واتە ئەگەر ئێستا دەرفەتێک بدرێ چارەگە سەعاتێ..

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڵێ چارەگە سەعاتێ حەسانەوەیەکی بۆ ئەکەین وخەبەرێکمان ناردوو، و ئەگەر وەڵامێکی ئیجابی هەبوو ئەوە بۆشم نووسیوە ئەگەر دوای نیوەڕۆش بێت لاریمان نییەو برادەران ئامادەن کە لە دانیشتنەکە ئامادە بن. جا بابزانین کاتی ئەوان چۆنە، جارێ با لەسنووری چارەکێک بحەسێینەوە ئەگەر هیچ وەڵامی تر نەبوو ئەوە مانای ئەوەیە دانیشتنەکەمان دەخەینە سبەی. تکایە ئەو لیژنەیەشی کەدەسنیشان کرابوو بۆ (N.G.O)کان با ئەو برادەرانەی کەدەسنیشان کرابوون سبەی ئامادەبن، چونکە دانیشتنێکیان لەگەڵ ئەکەین و هەندێ تێبینیمان هەیە پێیان بڵێین لەسەرەتای دانیشتنی ئەمڕۆش پێشنیارێک لەلایەن کاک د.کەمالەوە کرا بۆ ئەوەی لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان باس بکرێ وەبرادەرانی فراکسیۆنی پارتیش پشتگیریان لەو پێشنیارە کرد وەکو تازە بابەت جا، ئێستاش با کاک د.کەمال بفەرموێ پێشنیارەکەی بە کورتی باس بکات.

**بەڕێز د.کـەمـــال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا ئەو کۆبوونەوەیە نهێنی بێ. و دووەم داوا لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وبەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم ئامادەبن وحەزم دەکرد وەزیری ناوخۆش لێرە بوایە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەویش لێرەیەو ئێستا دێ.

**بەڕێز د. کـەمـــال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەبارەی ئەو هەنگاوانەی کەناویانە بۆ وەستان بەرامبەر بەو هەڕەشەو گورەشانەی کە ئەکرێت لەلایەن ڕژێمی بەغداوە چیان کردووە هەتا ئێستا و ئەگەر بتوانن لەو بارەیەوە زانیاری یەکی پێویست پێشکەش بەبرایانی ئەندامانی پەرلەمان بکەن بۆ ئەوەی بزانین ئێمەش چی بەرەو ڕوومان

ئەبێتەوە هاوکاریان بکەین و ئەوەندەی پێویست بێ خۆمان بۆ ئەو بارە نوێ یە کەچاوەڕوان ئەکرێ ئامادە بکەین، پێشنیاریش دەکەم کە لێرەوە دانیشتنەکە بە نهێنی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارێک لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنی کەسەکەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە لە دانیشتنەکە بکەین بە دانیشتنێکی نهێنی، جا ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە...؟ کێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کە ئەم دانیشتنە نهێنی بێ، بۆ سبەیش دانیشتنمان نییە، با ڕاگەیاندن بۆ دوو سبەی سەعات (١٠) ئاسایی بێنەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دیارە ئەو بارەی ئێستا لەعێراق هاتۆتە پێشەوە لەئەنجامی هەڕەشەکانی سەرۆکی ڕژێمی عێراقی سەدام حسێنە، ئەوەش ئێمە پێمان وایە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەدام گەیشتۆتە حاڵەتێک کەدەبێ شتێک بکات، چونکە باری ئابوری زۆر زۆر خراپە وەهەروەهاش پێمان وایە لەوانەیە شتەکێ ببینتەوە کە نەمانی خۆی تێدا دەربازبکات بەگوێرەی ئەو دەنگ و باسانەی کە لەڕۆژنامە ڕاگەیاندنەکان باسی ئەوە دەکەن گشتیش دەڵێن ئێمە لاریمان نییە کەوەری بگرین وەکو پەنابەری سیاسی وەکو خەڵکی تر و. هەروەها کەم کەردنەوەی بیتاقەی کەلوپەلی خۆراک بۆ خەڵکی عێراق و وەشێوانی باری ناو بەغداو خوارو و، سەدام ناچار دەبێ شتێ بکات جگە لەوەش کە ئەو بڕیارەی داوەو هەڕەشەی کرد لەپاش کۆبوونەوەی خۆیان کەئێستاکە مەحفەلی دوەلی والێ کرد کە هەربیر لەوە نەکەنەوە کە سەدام جارێکی دی ئابلوقەی لەسەر هەڵبگیرێ، چونکە بەوکارەو بەو هەرەشەیە پێمان وایە لەو مانگەدا ڕوودانی شتێک دەبێ و، ڕووداویش لەباری عێراق دەبێ و سەدامیش کابرایەکە واتە حیساباتی ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕاست ودروست وبابەتی لەسەر بکەی، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر ئەگەر لێک بدەیەوە بۆ ئەوەی کەسەدام چی دەکات ویان چی ناکات؟ سەدام ئێستاکە هێزێکی سەربازی وگەورەی بردۆتە خوارووی عێراق وسەر سنووری کوێت کە پەلاماری کوێت بدات ئەوە گەرێکیانە بەڵام ئەگەری هەرە زۆری ئەوەیە ئێمە پێمان وایە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان کەپەلاماری (مثلثی حدودی)سێگۆشەی سنووری بدات کە زاخۆو ئەو ناوچەیە و لێتان ناشارینەوە وبەدووریشی نازانم کەماوەیەکە شلیەک لەحکومەتی ترکیا هەیە لەبۆ ئەوەی کەلێنێکی بدەنێ و بۆری نەفتی بڕوات و، ئەو دەرگایە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دابخات وکە هێشتاش کوردستان قاعیدەیەکی لە بۆ ئۆپۆزیسیۆن لە بۆ (I.N.C) لە بۆ ڕووخانی سەدامیش کەئەو بارە لەکوردستانی ئێمە تێک بدات شتێکی تریش حاڵەتێکی تریش ئەوەیە دوور نییە بۆنموونە هەر فەرمانبەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەغدا دەربکات و وەک بڵێ ئەو ئیجرائەی کردووە وەکو هەست ڕاگرتنێکە بزانێ نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان (حلفاء) کاردانەوەیان

چ دەبێ بەرامبەر بەوە، جا لەگەڵ ئەوەی ئێستاش بۆ نموونە ئەمەریکاش لەسەر بنچینەی زانیاری هێزەکانی خۆی کۆکردۆتەوە، وەهەروەها ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە، کوێت ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە دوەلی ئەنجوومەنی یارمەتی دانی کەنداو ئیحتیاتی خۆیان وەرگرتووە هەموو ناوچەکان ئێمەش کە بەڕاستی لەهەموو کەس زیاتر مورەشەحین ئێمەش وەکو کورد وەکو کوردستانی عێراق پێویستە ئیحتیاتی خۆمان وەربگرین لە هەموو حاڵەتەکان، و ئێمە پێمان وایە، واتە لەوانەیە لەکوێت مرەشەح ترین لەوەی کە کوێت داگیر بکات، چونکە (سەدام) ئامانجی ئەوەیە کە ئابڵوقەی لەسەر هەڵبستێ، ئابڵوقە لەسەر هەڵستانیش دەبێ جوڵە بکات. بۆیە ئێمە وەکو لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانی و وەکو حکومەتیش کۆبوونەوەک دوێنێ لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرا، نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکان ئامادە بوون و بەسەر پەرشتی بەڕێز مام جەلال وبەڕێز ئەحمەد چەلەبی و باسی ئەو بابەتەمان کردووە و ئەمڕۆش سەعات (٣) کۆبوونەوەمان هەیە. لایەنەکانی بەرەی کوردستانیش دێن لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەین کە تەگبیری خۆمان چۆن بکەین و، سوپاکانیش چۆن دابەش بکەین وەهێزکانمان چۆن کۆبکەینەوە لەبۆ حاڵەتی بەرگریش و لەبۆ حاڵەتی ئەگەر شتێ ڕوویدا لەعێراق ولەلێدانی سەدام ئێمە هەر ڕانەوەستین تەماشا بکەین بزانین چ دەبێ یان چ نابێ ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەی سەعات (٣)قسەی لەسەر دەکەین وبەرنامەیەک دادەنێین وناوچەکان دابەش دەکەین وئەو هێزانەی کەهی هەموو لایەکە هی یەکێتی وپارتی وبزووتنەوەی ئیسلامی وبەرەی کوردستانیش و، هەروەها هێزەکانی(I.N.C)لەبۆ باری ناوخۆش ئەمە خۆمان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە دەبێ لەناوەوەش سەرپەرشتی کارەکانی خۆمان بکەین تابووری پێنجەم وئەو خەڵکانەی کە تا ئێستا پەیوەندیان بەڕژێمەوە هەیە حیسابێکیان بۆ بکەین. لەناو شارەکانیش هێزی ئاسایش وپۆلیس وچەکداری حزبی لایەنە سیاسیەکان ئەوان لەناو شارەکان کەرت بە کەرت دابەش بکەین لەحاڵەتێکدا ئەگەر بۆنموونە دوژمن پەلاماری دا لەکاتێکا ئەگەر ئێمە بارێک هاتە پێشەوە و شارەکانی خۆمان ڕزگار بکەین ودەست بەکاربێن لەو حاڵەتانەش دا مسئولیەتیشمان لەئەستۆی ئەو لایەنانە بێ و، بیپارێزن و ماوە نەدەن کەشەڕی ناوخۆ بێ جا بەکورتی ئەوە بارەکانە و کاکە د. ڕۆژیش لەوانەیە وتەی زیادەی هەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە و وەزیری ناوخۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، جارێ شتێکی چاکە کە بانگتان کردووین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە و باس کردنی، چونکە لە ڕاستیدا پێویستە بەهەموومان لێی بکۆڵینەوە چ پێویستە بکرێ ودرێغی تێدا نەکرێ، ئەوەی ئاشکرایە سەدام حسێن جووڵاوەتەوە چاکە لەخۆمان بپرسین کەبۆچی ئەو جوڵەیە ئەکات ئەیەوێ چ کەڵکێکی لێ وەرگرێ چ سودێکی لێ ئەکات ئەگەر ئەوها بەشێوەیەکی سادە سەیری کەین لەوانەیە بڵێین پەلاماری کوێت بدات زەرەر ئەکات،

پەلاماری زاخۆ بدات زەرەر ئەکات یان هەر شتێکی کەی سەربازیی بکات زەرەر ئەکات لەناحیەی ناوچەییەوە ئەگەر بۆی بچین وەکو دوێنێ لەکۆبونەوەکەی دا باس کرا (منطق) لای سەدام حسێن نییە هەموو شتێکی لێ ئەوە شێتەوە کەئەمەریکا ئیحتیاتاتی وەرگرت پێویستە ئێمە پێش ئەو ئیحتیاتات وەرگرین ئیحتیاتەکە بەس ئەوەی لەراستیداتا ڕەچاو ئەکرێ زیاتر بۆ بەرگری کردن لەکوێتە ئەوا ئێمە لێ ئەدەین ونابێ هێرش بکات وئەوە لەبیر خۆی ئەباتەوە کەهەڵوێستی ئەمریکی چییە وهێزەکانی ئەمریکا چەندن گوێمان لەو قسانە ئەبێ بەس تائێستا گوێمان لەوە نەبووە کەمەترسی لەسەر کوردستان هەبێ بەس ئێمەش چاک ئەزانین پێش ئەوەی سەدام پەلاماری کوێت بدات لەوانەیە زووترو ئاسان تر بۆی بلوێ پەلاماری کوردستان بدات لە کۆبوونەوەکەیا زۆرمان لێکداوەتەوە و، وتوومانە ئەگەر خوانەخواستە هاتوو سلێمانی گرت یان هەولێری گرت قازانجی نابێ کەڵکی نابێ بەڵکو زەرەری ئەبێ بۆ ڕژێم ئەرکی ئەو خەڵکە ئەکەوێتە سەرشانی ئەبێ ئازوقەی بۆ پەیدا بکەن ئەبێ دەرمانی بۆ پەیدا بکات ئەبێ ئیدارەی بارەکە بکات ئێستا ئەو لەبارێکایە پێویستی بەوەیە ئەو ئەرکانە کەم کاتەوە لەسەر شانی بەس لەوانەیە بیرو نیازێکی وای هەبووبێ، بتوانین بەڕاستی بەرگری لەکوردستان بکەین وئەو ئەرکانە دابەش بکرێن، ولەراستیدا مەسەلەی ناوخۆ دەبێ حسابێکی هەرە گرنگی بۆ بکرێت ئومێدەوارین ئەمرۆ لەکۆبوونەوەی سەعات(٣)ی پاش نیوەڕۆ ئەمە هەمووی دەسنیشان بکرێت وئەرکەکان دەسنیشان بکرێن و ، هەرکەسێک بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ ئەگینا دوایی دوور نییە بەلای منەوە من وای بۆدەچم کوردستان زیاتر لەشوێن وجێگایەکی کە بکەویتە بەر ئەو دەست درێژییە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئیحتیاتاتی خۆمان وەربگرین وخۆمان بەرگری لەخۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆچوونی خۆیان باس کرد جائەگەر تێبینیەک هەیە بۆ برادەران ئەوەی ناونوس بکەین . بەڵام تکایە، کات کەمەو، وابزانم سەعات(٢) ئەبێ برادەران لەئەنجوومەنی وەزیران بن وەکو سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری کردن، بۆیە ئەگەر تۆزێ بەچڕی قسەبکەن و، ئەگەر برادەرێکیش قسەیەکی کرد، با دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوشک وبرایانی بەڕێز ئەوەی ڕاستی بێت من شتێکی دیکەم نییە بیخەمە سەر بۆچوونەکانی بەڕێزان کاک عەبدوڵلا وکاکە ڕۆژ لەو بۆچوونانە یان ئەمانە بۆچوونی هەموو لایەکە، بەڵام ئەوەی گرنگە وەکو ئاماژەی پێدرا ئێمە ئەبێ وەکو کوردستان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ کە ئەو نیازی لێدانی کوردستانی هەبێ بێ گومان ئەو کۆبوونەوەی کە دوێنێ کرا لەئەنجوومەنی وەزیران شتێکی زۆر زۆر باش بوو وئەمرۆ ئەم کۆبوونەوە بەردەوام ئەبێ ئومێدەوارین کە بتوانین بەتێکڕایی بە(پ.م) بەحکومەت بە جەماوەر ئەگەر حکومەت بیر لەوە بکاتەوە بچێ زاخۆ

بگرێت، ئەو ڕێگای دەولیەکە بگرێ ڕێگا بکاتەوە لەگەڵ تورکیا ولەهەمان کاتیشا ماوەی ئەوەی هەبێ ئەگەر مناوەڕێکی سەرکەوتوو بکات ئەوە نەوتەکەی خۆی دەرباز بکات و هەموو ئەوئیشەی بۆ ئاسان بێت و قازانجی لێ بکەن هەرچەندە ئەوەش لە ڕاستیدا (إحتمالی) ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئەمریکا و هاوپەیمانان لێی بدەن، چونکە ئەوان دووبارەیان کردۆتەوە بۆ لێپرسراوانی ئێمە لەدهۆک کەئەگەر هاتوو ڕژێم هاتە پێشەوە لێی دەدەین بێ دەنگ نابین هەرچەندە لەدەنگ وباسا گوێمان لەوە نابێ بەس ئەو ڕێنمایانەیان داوە، بۆیە بەکورتی ئەو ئەگەرانە ئەوەیە یەکەم پەلاماری کوێت بدات ئەوا لێی ئەدرێت دووەم پەلاماری زاخۆو کوردستان بدات ئەوا لێی ئەدرێ، بەس لەوانەیە درەنگ تر لێی بدرێ، چونکە بەتاکید لەسەر ئێمە درەنگ تر لێی دەدرێ وەکو ئەوەی لەسەر کوێت لێی بدرێت ئەوشتەی کەدیاری کراوە زۆر تر کاردانەوەیان لەسەر بەهێز تر ئەبێ، ئەگەرێکی کەش هەیە مرۆڤ ئەگەر بیری لێ بکاتەوە ئەو ڕەوشەی کەلە کوردستان خولقا بەکێشانەوەی ئیدارات وبەوەی کە ئیلتزاماتی خۆی بەرامبەر بەکوردستان نەهێشت ڕژێم ئەو بارەی بۆ خلقاندکە ئیلتزاماتی کەمتر بێ سەبارەت بە میللەتی عێراقەوە توانی بارە ئابوورییەکەی هەرچەندە زۆر خراپە ئەم ماوەی(٣- ٤) ساڵە ئیدارەی پێ بکات لەوانەیە ئەم تحرکە سەربازییە بۆیە بکات بۆ ئەوەی سەبەینێ پێ خۆش حاڵم بێ بەوەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری هەموو لایەنەکان و، لە گەڵ(I.N.C)بیریان لەمەسەلەکە کردۆتەوە و، لە هەنگاونانان بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی یەکان لەحاڵەتێکدا ئەگەر بارێکی وا هاتە پێشەوە کە ئێمە تووشی شەڕ ببین وپەلامار بدرێین لەلایەن حکومەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناخۆ ئەکەین بۆ ئەو ڕوون کردنەوانەی کەوا پێشکەشیان کردووە، ئەو ڕوون کردنەوانە وا ئەزانم بووە هۆی دڵنیایی ئەندامانی پەرلەمان کەحکومەت بەرامبەر بەهەڕەشە وگوڕەشەی حکومەتی عێراق کردوویەتی ئەوەی پێی کراوە هەتاوەکو ئێستا ئیجرائاتی وەرگرتوە و ئەیەوێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ئیجرائاتانەش ئەوەندەی لەتوانای دا هەیە ئەوەی کەوا ئێمە بەپێویستی ئەزانین دەبێ هێزی بەرگریمان هەبێ لەو ڕێگایانەی کەوا بەرەو هەولێر دێن لە هەردوو لاوە لە کەرکوک و لەموسڵەوە هەروەها بەرەو دهۆک ئەچن وبەرەو سلێمانی ئەچن لەکەرکووکەوە پێویستە لەو شوێنانە هێزی بەرگریمان هەبێ وئەرکێکی سەرەکی بەرەو بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەبێتەوە کە ئەمن وئاسایشی ناو شارەکان وهەموو ناوچەکانی کوردستان بپارێزێ لەکاتێکدا ئەگەر خوا نەخواستە تووشی شەڕ بووین و، ئەرکێکی سەرەکی تریش ئەوەیە کەوادنیای دەرەوە ئاگادارین وەکو بەڕێزان ڕوونیان کردەوە ئەوەیان کردووە وخەریکی ئەرکەکانی بەرگرین بەشێوەیەکی باش وئەوەندەی لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە جێبەجێی بکەین بەپێی ئەو هەواڵانەی

کەوا بڵاو دەکرێنەوە بیرورای جیاواز هەیە یەکەم ئەوەیە زۆری لایەنەکان لە فروفیشاڵی حکومەتی عـێـراقی تێ ئەگـەن ئەڵێن لەوانەیە کـە هەروا هەڕەشـەو گـورەشـەیەک بێت ئەیکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەک بنێتە ناو وڵاتەوە وخەڵکەکە دوور بخاتەوە ئێستا زۆر لەبارێکی ناخۆشی و برسیەتیا دەژێن دووریان بخاتەوە لەوەی بیر لەو کێشانە بکەنەوە، واتە کێشەی تازەیان بۆ دروست دەکات بۆ ئەوەی برسێتی وئەو بارە ناخۆشەی کەوا هەیانە لەبیریان بچێتەوە و لەلایەکی تریشەوە هەندێ لەرۆژنامەکان نوسیویانەکە وادیارە سەدام عەقڵی تێکچووە ئەگینا چۆن مرۆڤ لەبارێکی وادا بێت پێـویستی بەبڕوانامەی (حسنی سلوک)وخوڕەوشتی چاک هەیە، کـەچی ئەو کـارێک ئەکات کـە هەمـوو مـەسـەلەکـان ئەو ئەگەرە دابنێین لەوانەیە پرشکی ئەو شـەڕە ئەگـەر هەڵگـیرسـا ئێـمـەش بگرێتەوە ئینجا ئەگەر زەختێکیـان لێ کرد و، هاتوو لە نـاوچەی خواروو وئەوانە کێشـایەوە و لێی بلێ بەزۆر پێیـان کـردووم خۆی لەخـەیاڵیـان دا نیـیـە بکێـشـرێتـەوە لەباشووری وناوچەی بـاشـوور وئەوانە، واتە واز لەو ئیلتزاماتانە بێنێ بەرامبەر بەباشووری عێراق وئەوە بکات بەبیانوو و بڵێ ئەوە من هێزم کۆ کردەوە وام کرد ویستم لە ئابڵۆقە رزگاریم ببێ و زەختیان لێ کردم ناچاریان کردم کـە ئەوە باشـووریش بەجێ بێـڵم ئەمـانە هەمـووی بەکـەڵکی ئێـمـە نایەن ئێـسـتـا حـاڵی حـازر ئەو هەنگاوانە پێویستە کە بیهاوێین بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین و، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشـەکی دووبـارە سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیران وجێگری سـەرۆک ئەنجوومـەنی وەزیران و بـەڕێز وەزیری ناوخـۆ دەکـەم بۆ ڕوون کـردنەوەی ئەو لایەنە گـرنگە، ڕاسـتـە ئێـسـتـا ئاژانسـەکـانی دەنگ وباسی جیـهـان بەچرو پری سـەر قـاڵی ئەو لایەنەن، بەڵام ئێمە ئەگەر بێتوو بەمەنـتـیقی سەربـازی سـەیری بکەین یەکـەم بردنەوە ئابووری دەسنیـشـانی ئەکات، دووەمـیش ئەو توانایەی سوپای عێراقی هەیە ونییـە کـەئەو شـەڕە بکات وئەوکارە ئینتحاریە، حاڵەتێکی دوورە ڕەنگە پەلە قاژەیەک بێ بۆ لە ئابلۆقە دەرباز بوونەکەیان، سیناریۆیەک بێ بۆمەبەستێکی تر، دوور لەو مەبەستە، بەهەر حاڵ ئێمە ئەگەر بێتوو بێینە سەر لایەنی هێزەکانیش ئایا هێزەکانی ئێـمـە مـەگـەر تەنیا وەک ورە بتوانێ بەرەنگار بێ ئەگینا وەکو میـکـانیکی ڕەنگە دەرهەق نەیەت بۆیە لێرەدا سـەرنجێک هەیە پێویستـە وریای ئەوە بین باری خەڵکەکە خۆی تەواو نییـەو تازە ئەیەوێ خـۆی بگرێتـەوەو لەبارێکی ناهەمـواری یە لەبەر ئەوە خـسـتنە رووی ئەم کـێـشـەیە لەناو مـیـللەتا مـەبەسـتـمـان ورەیە ئەترسین بەخـراپ بشـکێنەوە لەبەر ئەوە ئەبێ زۆر ئاگـادار بین لە هەمـوو ڕکێفـەکـانی ڕاگەیاندن وجۆری کـارکردن بۆی، ئەوە بگەیەنین کـەئێـسـتـا شـتـەکە دوورە بـەتایبـەتی وەزیری دەرەوەی کوێت لە وتارێکی دوێنێ شـەودا شـتـەکـەی ئاسان کرد لـەسـەر باری خـەڵـکەکە و دەری خست بەو شێوەیە لێی بترسێن، سوپاس.

**بەڕێز شـــــالاو عـــــەلی عـــــەبدوڵلا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئاماژەیەکی بچووک بەوە درا کە لەوانەیە ڕێکەوتنێک هەبێت کەتورکیاش بەشداری ببێ، بەڵام ئەگەر پیاداچوونەوەمان بەم چەند ڕۆژەمان کردبێ بەڕاستی وەزیری دەرەوەی ترکیا زۆر هەڕەشەی کرد ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بەرامبەر هەر هێرشێکی ڕژێمی بەغدا ئەی ئەگەر ڕێکەوتنەکە وابێ کە تورکیا بێ ئەو دیو زاخۆ بگرێتەوە لەگەڵ سوپادا لێکی بداتەوە لەو حاڵەتە ڕامان چی ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز شـەفـیـقـە فـەقێ عـەبدوڵلا حـەسـەن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هیوادارم لەوەی کەسەرکەوتووبن وبتوانن پلان دابنێن بۆ بەرگری کردن لەکوردستان ولەهەموو کاتێک ولەهەموو جێگەیەکدا پرسیارەکانی من لەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە ئایا پەکەکە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئێمە دایە ئایا بەرگری سەربازیی لەکوردستان ئەکات یان نا؟ (٢) ئایا تحشداتی سەربازی لەلایەن ڕژێمەوە بەرەو کوردستان هەیە وەکو کەبەرە وباشور ئەڕوات؟ (٣) ئایا هەر تەنیا سوپا کۆکردنەوە، واتە مەترسیمان هەر لەسەر زاخۆ هەیە یان لەسەر ناوچەی کوردستانیش وەکو باسی ئەکەین ئەو شوێنانەی کە نەوتی تێدایە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نامق مـــــەجـیـــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕێزان بەڕاستی من یەک کۆمەڵە پێشنیارم هەیە وادیارە لەوانەیە هەندێ جار مێژوو خزمەتی هەر میللەتێ بکات لەهەندێ ڕووداوی لابەلا، ببێتە مایەی ئەوەی چەند دەستەیەک کە هەلی خۆی ببینێ کەدروست بێت لەوانە یەکەمیان ئێمە زۆر لەمێژە پێویستمان بەئەنجوومەنێکی ئەمنی هەرێمی هەیە بەڵکو ئەو هەلە گەر خوا حەزبکات، هیچ شتێ ڕوو نادات بەڵام ببێتە هەلێک بۆ دامەزراندنی ئەو دەستەیە. دووەم شت لەپاڵ سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی(پ.م)سەرکردایەتی فەرعی ڕاستەوخۆش دروست بکرێ و(٣) سەرکردایەتیەکی مەدەنی گشتی بۆ بەرگری مەدەنی دروست بکرێت و، هەر پارێزگایەک لەشارەکان دا ئەوان بۆ خۆیان سەرکردایەتی ئەو شتانە بکەن ئەو سەرکردایەتیە مەدەنییە فرعیانەی شارەکان و پەیوەندییان بەوەزارەتی ناوخۆوە هەبێت، چوارەم شت دەست بکرێ بە ئامادەسازی سەربازی بەڕاستی وەک سپێر لێدان وئەوانە هەتا ئەگەر شکلیش بێت شتێکی زۆرباشە و حالەتی کتوپڕی واتە (تەواری)ش لە کوردستان دا بنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەباوەڕی من جووڵانی سەدام وەکو ئیجرائێکی ئیحترازی یە بۆمانا خۆ، چونکە لەڕاستیدا ئابووری وەکو برادەران کاک عەبدوڵلا وکاک د.ڕۆژ وکاک یونس باسیان کرد بارێکی ئابوری زۆر ئاڵۆزە

هەرەشەی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا دەکات، من پرسیارێکم هەیە ئەگەر برادەران رێگەم بدەن بیخەمە روو وحەز دەکەم وەڵامی بدەنەوە ئەو ئەگەرەی برادەران کاک عەبدوڵڵا وکاک د. رۆژو کاک یونس کە گوتیان لەوانەیە هێرش بۆ زاخۆ بکەن زۆر واردە، چونکە لەراستیدا ئەوە سوودی ئەوانی تێدایە و گرتنا هەولێرێ و سلێمانی و هەتا لایەنی دیکەش دەبێ حیسابی بۆ بکرێ و حکومەتی هەرێم هۆشیار بێت، سوپاس.

**بەرێز بەکر مستەفا سەعید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم کۆبوونەوەیەدا هەق وابوو یان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە یان جێگری وەزیری کاروباری پێشمەرگە یان نوێنەرێکی وەزارەتی کاروباری (پ.م) لێرە ئامادە بوایە، چونکە دیارە مەسەلەکە مەسەلەی بەرگری کردنە زیاتریش ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی هێزی (پ.م)، بەڵام من چەن پێشنیارێکم هەیە حەز دەکەم بیان خەمە بەردەمی حکومەتی کوردستان تا ئەوان رووبەرووی هێزی (پ.م) کوردستانی بکەنەوە ئێمە ئەگەر ئاوڕ لەمێژووی دێرینی گەلەکەمان بدەینەوە لەکاتی عوسمانیەکان ولە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول ولە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دوژمنەکانمان هێرشیان لە دەروازە مێژوویەکانەوە کردۆتە سەر کوردستان لەوانە بۆ نموونە کەلەکی یاسین ئاغا زۆر گرنگە، پردێ (ئاڵتون کۆپری) زۆر گرنگە پردی (تەق تەق) زۆر گرنگە هەروەها دەربەندی (بازیان) زۆر گرنگە دەربەندی (سەرگرمە)و (دەربەندی خان) ئەو شوێننانە شوێنی ئیستراتیجی سەربازی زۆر گرنگن بۆیە هەق وایە هێزی(پ.م)ی کوردستان بەزووترین کات هێزەکانی بنێرێ بۆ ئەو شوێننانەو ئامادە سازی چاک بکرێن وبۆئەوەی کە هەر هێرشێکی رژێم کرایە سەر کوردستان بەشێوەیەکی وابشکێتەوە کە جارێکی تر نەتوانێ ناما قولی وا لەکوردستاندا بکات وەدڵنیاشم رۆڵەکانی میللەتی کورد ئەتوانن گەورەترین زەبری لێ بدەن، چونکە لەشکری رژێم هیچ ورە وهیچ بیرو باوەرێکی نییە، سوپاس.

**بەرێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ـ لێرە باری ئابووری نرخی (جنونی )شێتییە ئایا پینگاڤە حکومەتێ چییە بەرامبەری؟.

(٢ )پرسیارەکا وەکو سیاسی ئەگەر جەنابتان مەیلێ بدەنە من ئەڵێم ئەگەر هاتوو حکومەتی عێراق، رژێما بەعس پەلاماری کوردستانی دا چ ئامادە باشییەک کراوە بۆ بەرگری کردن لە کوردستان؟ سوپاس.

**بەرێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو لایەنانەی کەبۆی چوون وشیارانە لێکیان داوەتەوە

بێگومـان (شـوکر هوشیـاره مـحوی تێ ئەگات دنیـا خـراباتە) بەو جۆرە لێکی بدەنەوە دیارە ئەو شتـانەش کەلەتوانایدا بێ بـەجێی ئەهێنن لەبەر ئەوە ناچێنە ئەو صنفەوە کە چی بکرێ وچی نەکرێ بەلام تەنیـا ئـەوەندە زیاد ئەکـەم کـە سـەدام حسـێن تا ئێـسـتـا زۆربـەی کـارەکـانی نامـەنتـقی بووە بەعـەقلی خـۆی بیـری کـردۆتەوە ئێـمـە ئەزانین چی چاک بـووە بۆ ئەو کـەچی ئەوەی کـە کـردویەتی هەمـووی ئەوەیە کە خراپ بووە لەبەرئەوە ئەو لایەنە مەنتیـقیـانەش لێک بدرێتەوە وابزانم کـارێکی خـراپ نیـیـە تەنیـا ئەوەی وابزانم پەیوەندی بە ئێـمـەوە هەیە کـە بلێـم مـەسـەلەی ڕاگـەیاندن لەتەلەفـزیۆن وڕادیۆکـانمان بۆ ئەوەی ڕای گـشـتی بە دەرەوەش و عـێـراقـیـشـەوە ڕابکێـشین بەلای خۆمانا و، باری یەکێتی وتەبایەکەمان یەک بخەین، واتە ئەمە زیان لەوە ناکەین کەئێمە چاوەڕێی هێرشێکین ئەگەر ئەو نیازەش نەبێ، چونکە نیازی بێ هەر هێرش ئەکات، ئێمە هاوار بکەین یان نا، ئەو دەم بەهاواریە لـەهەمـوو تەلەفـزیۆن وڕادیۆو ڕۆژنامەکانمان دا ئەوە ریزەکـانی خـۆشـمـان پتـەو دەکات و، ئەوەش دەر ئەخات کەدوژمنی سەرەکی ئێمە کێ یە؟، سوپاس.

**بـەڕێز سـەرتیپ مـحـمـد حـسـێن:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دیارە سـەرۆکی ئەنجـومـەنی وەزیران وجـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەنی وەزیران وبەڕێز وەزیری ناوخـۆش ئەوەیـان ڕوون کـردەوە کـە ئەو کـۆبوونەوانەیـان کردووە و ئـیـحـتـیـاتاتی پێـویسـت ڕەنگە وەرئەگیرێ ولە دوێنێ وەباس کراوە لەو بابەتانە بەلام ڕەنگە من لەگەڵ بەڕێز کاک د.عیزەدین یەک نەگـرینەوە ئەو ڕەنگە لە لایەنی ڕاگەیاندنەوە من لەگـەڵ ئەو ڕایە نیم لە ڕاسـتـیدا کـاک ئەحـمـەد سـالاریش ئـامـاژەی پێدا کەباری دەروونـی خەڵکی ئێمە زۆر خراپە ئێسـتـاش ئەگەر ئەو مەسەلەیە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بوروژێنرێ وابزانم شتێکی باش نییە کاریگەرییەکی ڕەنگە سەلبی هەبێت لەسەر دەروونی خەڵک کەئەوە بلێین هێرش هەیەو ئەو جۆرە شتانە بەلام لەجیاتی ئەوە ئەو ئامادە باشـییانەی کەوا پێویستن بکرێ لەبەرەکانی بابلێین تەماس لەگەڵ ڕژێم دا لەسەر ئاستی شـارەکان لەناوەوە ئەو ئـامـادە باشـیـانە وەکـو پێـویست وەربگیـرێ ئەوە یەک، دووەم لەسـەر ئـاسـتی دەرەوە وپەیوەندی لەگەڵ دەرەوە یا بەتایبەتی لەگەڵ (m.c.c)ئەو خەڵکانەی کەوا بەرپرسن لەو کێشەیە ئیشێکی چاک بخرێتە ڕوو مەترسیەکی گەورە بخرێتە ڕوو ئەمە کارێکی باشە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەو برادەرانەی کـەویسـتـیـان قـسـە بکەن تەواو، ئینجـا ئێـسـتـاش **چاوەڕێی وەلام دەکـەین لە** ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز عـەبدوڵلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاسـتی بەڕێزان سـەبارەت بە دەرەوە ئەوە پەیوەندی ڕۆژانەی **هەیە لەگـەڵ دەرەوە ولەگـەڵ**

هاوپەیمانەکان و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا ئەم سێ ڕێگایەی کە ماونەوە بۆ حزبەکان ئەو لەڕێگای (I.N.C)و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و، ئەو کۆبوونەوەی دوێنێش هەر پێیان ڕاگەیاندراوە بەناوی هەموو حزبەکان ئەوە بە تێکڕای بڕیارمان داوە لەهەموو حاڵەتەکان لەبەرگری ولەهێرش دا بەیەکەوە بین، لەسەر مەسەلەی زاخۆ خوشکە شەفیقە پرسیاری کرد لەزاخۆ ئیحتیاتات وەرگیراوە و ئێستاکە لەشکری (پ.م)حازرو سازو ئامادەیە و دوێنێ لێپرسراوەکانی زاخۆ کەلەوێ بوون هەر زوو بڕیاردرا کە بگەڕێنە بۆ ئەوەی کەچەندی زووترە لەوێندەرێ بن هاوپەیمانەکان بەرگریمان لێ ئەکەن یان نا بەگوێرەی بڕیاری (٦٨٨) دەبێ بەرگریمان لێ بکەن و، پێشم وایە لەو هێزانەی تەیارەکانی ئەمریکا ئەو تەیارانە بۆ ئەوەیە کە بەرگری لەکوردستان بکەن، بەڵام خۆتان ئەزانن، واتە ئەو برادەرانەی کە سەربازینە بەتایبەتی (پ.م) زابتەکان لەوانەیە هەموو دنیا بزانێ، واتە حەسمی شەڕەکە دەکات واتە هێزی ئاسمانی تۆپ وئەوانە لەبەر ئەوە ئێمە خۆشمان دەبێ بەرگری بکەین، ئەگەر هاتوو هێرشی ئاسمانیمان هەبوو وە پێشم وایە ئەگەر ئێمە خۆمان کەهێزەکانی خۆمان باش ئامادە بکەین ورەی سوپای عێراقی لەهەموو حاڵەتەکانی زۆر زۆر خراپە لەهەموو بارێکەوە، واتە لەباری ئابووری توانای وەکو جاران نەماوە و ئەگەر بێتوو کە فڕۆکەی ئەمریکاش پشتیوانیمان لێ بکات ئەوە هەر بەئاسانی دەتوانین بەرگری بکەین سەرکردایەتی مەیدانی لەبۆ هەموو شوێنەکان ئەمڕۆ بەتەواوەتی دەسنیشان دەکرێت وهەرکەسەو بەرپرسیاریەکی خۆی وەردەگرێت، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش ئێمەش هەر ڕامان وایە کە ئیحتیاتات لەهەموو شوێنەکان وەرگیرێت، چونکە ئەگەر هەر لەزاخۆ بێ یاسای سەربازی، وایە مشاغبە دەکات لەشوێنەکان لەمشاغبەکەی سەرکەوتوو یەکسەر ئەوەش جێبەجێ دەکات لەگەڵ هەدەفەکەی ئەوە ئیحتیاتی بۆ دەکرێ لەخانەقینەوە هەتاکو زاخۆ ئەبێ ئیحتیاتی خۆمان وەرگرین نابێ، بۆنموونە بڵێین لەفلان شوێن فۆتۆگرافمان هەیە وەکو برادەران سێ چوار کەس باسیان کرد کەسەدام لەدەرەوەی بۆچوونە واتە هەندێ شت دەکەن، چونکە ئەگەر بەمنطق بوایە دەبوایە لەکوێت بکشابابەوە ئەگەر بەمنطقی عەقلیش بێ نابێ ئێستا پەلاماری کوێت بدات یان پەلاماری زاخۆ بدات بەڵام سەدام هەموو شتەکانی نا یاساییە ئەوەمنیش ڕام وەکو کاک سیروانە ئەمە پێویست ناکات میللەتەکەی خۆمان بترسێنین وئەگەر بیان ترسێنین لەوانەیە زۆر خەڵک هەیە هەر ورەی دەروخێ ونرخی شتومەک بەرز دەبێتەوە لەسەر مەسەلەی بڵاوکردنەوە بەڕای من ئەمە هێزە ئەساسیەکەی خۆمان ئەوە ئێمە بکەوینە سەر نەوعی، چونکە لەسەردەمی ڕاپەڕین چ لەگرتن وچ لەکشانەوەو ئەو هێزە زۆرەی کە هەموو لایەنێک ڕستەیەکی منطقی وڕاجیمە لێی دەدا کە مەعنویاتی هێزە پاشەکەشی دەشکاند بەڵام ئێمە خۆمان کەدیینە حاڵەتی هێرش کردنەوە ئەو تەعبیرە زۆر زۆر گرنگە، ڕاگەیاندن گرنگە داوا بکەین کەشارەکانی کوردستان ڕزگار بکەین کەئەوان پەلاماری زاخۆ یان دا ئێمە لەشوێنێکی تر پەلاماری مووسڵ بدەین وای بۆ ناچیین کەئێمە هەر لێی بگەڕێین کەئێمە هەر دابنیشین بڵێین بێت لەبۆمان، ئێمە دەبێ نەخشەی سەربازی لەبۆ

سەربازییەکان بەجێ بێڵێن باشترە. سەبارەت بە بەیان دەرکردن بەرای من لەو حاڵەتە بەیان دەربکەین لەحاڵەتێک کە شەڕ دەستی پێ کردو سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بەیان دەردەکەین وبەهەزاران و(١٠)یان هەزارو خەڵکێکی یەکجار زۆر پشتیوانی لەهێزی(پ.م)دەکات ئەوکاتەی کەبینی سەرکەوتووە بەڵام کەزانی تێکشکاوە ئەوە دەبێ حسابی ئەولاش بکەین بەڵام ئەو جارە (أنشاء الله) ناشکێین و هێزەکەشمان ئێستا زۆر جیاوازی هەیە لەچاو سەردەمی ڕاپەڕین و کۆرەوەکە و حکومەتیش جیاوازی هەیە ئەو دەمە واتە بەڕاستی چرای شۆڕشیان وەرگرتبوو کەسەدام بروخێنێ وتەیارەی ئەمریکیمان لەسەر نەمابوو، بەڵام ئێستاکە هەڵوێستی هاوپەیمانانمان بۆ ڕوون بوویەتەوە هەڵوێستی ئەمریکاشمان بەباشی لا ئاشکرایە و خۆشمان هێزەکانی خۆمان دەزانین ئێستا چەندیان شەڕدەکەن وچەندیان شەڕ ناکەن ئەو دەمە بەو شێوەیە نەبوو کاک مەلا شاخیش باسی هەندێ خاڵی کرد حەقمەن ئەوە حسابی بۆ دەکرێ لەبۆ ئەو شوێنانەی حکومەت لە کوێوە دێ ولە کوێوە نایە وەزیری(پ.م) ئێستا لێرە نییە و ئێستا ئەو سەرکردانەی کەدای دەنێین ویان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەوری وەزارەتی(پ.م)جێبەجێ دەکات وەکالەتی لە ئیش و کارەکانیدا دەکات بەرەسمیش پێشتر کە کاک جەبار ئیجازەی وەرگرتبوو من وەکالەتی کاک جەبارم وەرگرتبوو لەبۆ ئیش وکارەکانی، برادەرێک پرسیاری کرد کاک شالاو دەڵێت تورکیا. تورکیا شوێنی خۆی هەر عایدی خۆیەتی وگرتیتی چیتر قابیلە خۆ نایەتە ناوەوەو جێگەیەکی ترمان لێ بگرێ دووەمین تورکیا ئەوە ناکات وەکو کاکە ڕۆژیش باسی کرد بەڵام لەوانەیە لەدڵی خۆی دا پێی خۆش بێ ئێستاکە نەوت بڕوات وکێشەی ئێمەشی لەکۆڵ بێتەوە بەڵام ئەوە بەپێ خۆش بوون ئەو نییە بەئارەزوو ئەو نییە ئێستا لایەنێک دژی سەدامە کەسەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات ،ئەمریکایە سەدام هەروەکو باسم کرد وەکو مرۆڤێکە لەژوورێک عاسێ بووە هەردەزانێ دەرکەی لێکراوە دەیکوژن دوو سلیە تەقەی دەکات یان دەردەچێ یان دەیکوژن، واتە ئەو حاڵەتەی کە سەدام دەیکات هەر ئەوەیە، واتە هیچ مەنتقێکی کەی تێدا نییە ئەویش دەرکەیان لێ گرتوە دەڵێ دوو سلیە دەتەقێنم ئەگەر دەرچووم دەرچووم، دەرنەچووم هەر دەکوژرێم دەکوژرێم بامحاولەکی وابکەم کە ئەکوژرێم دەنا سەدام دەزانێ وا ووردە ووردە واتەواو دەبێ و دەمرێ، واتە هیچ ئەگەرێکی وا نییە کە سەدام موفق بێ وچ لەکوێت و ئێمەش ئامادە باشی خۆمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕۆژو وەزیری ناوخۆیش قسەیان هەیە بابفەرموون. بەڵام وادیارە ڕونکردنەوەیەکی گچکە لەلایەن کاک د.عیزەدینە وە هەیە با ئەویش قسەبکات.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن من مەبەستم ترساندنی خەڵک نەبوو مەبەستم ئەوە بوو کەهەڵێکە بۆ یەکخستن بەوەی چۆنی

ئەنووسین وچۆنی بڵاو دەکینەوە مەبەستم ئەوەیە کە خەڵکەکەی پێ یەکخەینەوە کەوا دوژمنێکمان هەر هەیە ئەگینا لەگەڵ ترساندن نیم.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیـم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایە بووم کە نهێنی بێ، چونکە ئێمە خۆمان شارەزایی شتی(پ.م)هەین لە ئێستاوە ئیستگە بیکات بە هەرا جارێ هەر لە ئێستاوە خەڵک ڕائەکات و ئەڕوات ئەژنۆی (پ،م)ە کانیش ئەشکێ ئەوە لێ گەڕێن بۆ ئیشی(پ.م)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ سوپاستان دەکەین و سبەی کۆبوونەوەی لیژنەکانە و دووسبەی سەعات(١٠)دانیشتنێکی ترمان دەبێ. برادەرانی لیژنەی (N.G.O)کانیش سبەی ئەیان بینین.

| | | |
|---|---|---|
| **ئەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

سێ شەممە رێكەوتی ١١/١٠/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ سێ شەممە رێکەوتی ١١/١٠/١٩٩٤

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١١/١٠/١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ پرۆژەی بڕیاری بە موڵک کردنی زەوی وزاری ئەمیری کە بۆ گەشت وگوزار تەرخان کراون لەلایەن وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزارەوە.***

***٢ـ پرۆژەی بڕیاری ئیفراز کردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی.***

***٣ـ پرۆژەی بڕیاری دووبارە تۆمار کردنەوەی زەوی وزاری کشتوکاڵی بەناوی خاوەنەکانیان وبەناوی وەزارەتی داراییەوە بۆ مەبەستی چاک کردنی کشتوکاڵی.***

***٤ـ راگرتنی بڕیارەکانی ژمارە(٤٤٥)ی رۆژی ١٩/١٢/١٩٩١و(٧٧٤)ی رۆژی ٢١/٩/١٩٨٨و (٢٣٧)ی ٢٠/٧/١٩٩١و(٨٧٥)ی ٢١/١١/١٩٨٧ویاسای ژمارە (٢٣)ی ١٩٧٩ یاسای هەموار کردنی باجی موڵک وخانووبەرە (ضريبە العقار).***

***٥ـ بابەتی ئامادە نەکردنی بودجەی ١٩٩٤ کە وەک تازە بابەتێک لە کۆبوونەوەی ژمارە(٤)ی رۆژی ٢٥/٩/١٩٩٤ی فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کردبوو.***

***٦ـ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکرێن.***

***٧ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی ئەمڕۆمان شەش خاڵە، وەزیری کشتوکاڵ نازانم دێت یان نا؟ بەڵام بەڕێز کافیە خان لێرەیە، خاڵی(٥)پەیوەندی بەوەزیری داراییەوە هەیە ئەو نامەیەکی بۆمان ناردووە دەڵێ ئەگەر

دەکرێ ئەوە دوابخەن بۆ سبەی لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کۆبوونەوەی گومرگمان هەیە، وکاتیش زۆر پێشتر دیاری کرابوو، بەڕێوەبەرەکانیش لەشوێنی دوورەوە هاتوون و، تکام وایە برگەی ژمارە(٥)ئەو برگەیەی کە پەیوەندی بە بودجەی حکومەتەوە هەیە بیخەنە هەفتەی داهاتوو زۆر باش ئەبێ هەتا لەو لێکۆڵینەوانەو لە بڕیارە گرنگان بێ بەش نەبین، ئەوە پێشنیاری وەزیری ئابوورییە دیارە کۆبوونەوەیەکی هەموو گومرگەکانی هەیە. ئەمڕۆ دوو وەزارەت هەنە کە دەبێ کاروباریان تەواو بکەین، دوای نیوەڕۆش سەعات سێ کۆبوونەوەیەکمان هەیە دەربارەی پرسیارەکان، ئەو برادەرانەی کە پرسیارو شتیان کردووە با ئەمڕۆ ئامادە بن، بۆ خاڵی(٥)یش کە هاتینە سەری ئەوکاتە قسەیەکی لێ دەکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی(خاڵی پێنج)دوای دەخەین یادوای ناخەین، بەڵام خاڵی چوارەمیش هەر پەیوەندی بەوەزیری داراییەوە هەیە چونکە راگرتنی بڕیارەکان هەر پەیوەندی بەو هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، خاڵی(٥) بەرنامەی کاری دوێنێەو کە هاتینە سەری حەزدەکەن باسی دەکەین، جارێ وابزانم دوو بابەتمان هەیە هەتا ئەوە تەواو بکەین خوا گەورەیە، تازە بابەت ئەگەر شتێک هەبێ کاک د.کەمال فەرموو..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیستوومانە دوێنێ هەندەک لە ئەندامانی پەرلەمان ئۆتۆمبیلەکانیان وچەکدارەکانیان چەک کراون لەلایەن پارێزگاری شاری هەولێر ئینجا تکامان وایە کە هۆیەکانی باس بکەن کە ئەو مەسەلە بزانین هۆیەکانی چین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد ئەم بەیانییە لەکاتی هاتنی بۆ ئێرە تەلەفۆنێکی کرد بەس بەڕاستی ماوەم نەبوو کە پەیوەندی بکەم بەکاک خورشیدەوە، ئەوان بڕیارێکیان هەیە وابزانم کاری پێدەکرێ هەر یەک، هەر چەکدارێک مۆڵەتی هەڵگرتن وحیبازەی نەبێت دیارە بڕیاریان داوە چەکەکەی حجز بکەن بەڵام حیمایەکانی ئەندامانی پەرلەمان وابزانم وەرەقەیان پێیە، ئێستاکە پەیوەندیی بەکاک خورشیدەوە دەکەین بزانین چۆن چارەسەری ئەم بابەتە بکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەپێشنیاری کاک د.کەمال دەکەم لەسەر ئەوە نییە کە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان پێ نییە بڕیاریان دایە ئەو کەسانەی کە جلی پۆلیس لەبەر نەکەن چەک دەکرێن پاسەوانی ئەندامانی

پەرلەمـان کـەس جلی پۆلیس بۆ دابین نەکـردووە بلـێ لەبەر ناکـەین، ئەو خـەڵکەی کـە دەکـرێ بە پۆلیس، حکومەت ناچارەو ئەبێ جلکیان بۆ دابین بکات، جلیان بۆ دابین نەکردووە پاسەوانی کاک فەرحان موفەووەزە، هەویەی موفەووەزیشی نیشان داوە ئنجا چەکیان کردووە من تەلەفۆنم بۆ کاک خورشید شێرە کرد وتی چەکەکانیان دەدەینەوە، باشە گوتم بۆ لەکلکەوە دەستی پێ دەکەن بۆ لە میلیشیاتەوە دەست پێ ناکەن، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دوو پاسەوانی لەگەڵ ئەوەی زۆری لەگەڵ بێ سێیە یا چوارە نینە، بۆ ئەو خەڵکەی کە(١٠٠) کەسی لەگەڵە چەکی ناکەن بۆ ئەو حزبانەی کە میلیشیاتیان هەیە دەست بەوان ناکەن؟ یانی ئەوەی کەدێ یان چووە موراجەعەتی کردووە پێی گوتووە من پاسەوانی ئەندام پەرلەمانم جوابیشی نەداوەتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی بێمە سەر بەرنامەی خۆمان با ئەو برادەرانە، ئەو ئەندامانەی پەرلەمان یەقەی ئێمە دەگرن کە پاسەوانەکانیان چەک کراون کاک عەبدولخالق، کاک ئەیاد، کاک فەرحان، کاک مەلاهادییە، کە هەریەکە دوو نەفەری هەیە دوێنێ کاک عەبدولخالق بێ نەفەر وبێ ئەوە نووستووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتم لەگەڵ پارێزگار قسە دەکەین و ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین وئەگەر پێویستی بەوەرەقەی تایبەتی هەڵگرتن بێت بۆیان دەکەین وئەو ئیجرائاتە وەکو گوتم دوو سێ ڕۆژە خەریکین و لەوانەیە جێبەجێ کردنی هەندێ کێشەی تێدا بووە، بەڵام بایەک دوو سەعاتی تر سەیر بکەین ئەویش چارەسەر دەکرێت، وابزانم بەسترپێرێ پارێزگای هەولێر باسی ئەوەی کرد کە(١٥٠)کەسیان چەک کردووە، وبەشێکیان داون بە دادگا وەکو من بیستم، گرنگ ئەوەیە ئێمە داوامان کردووە ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێ بۆیە دەڵێم لە سەرەتاوە با تۆزێ نەفەس درێژ بین بەڵام دوایی ئەو ئیجرائاتانە چاک دەکەینەوە. سەعات سێ ئەگەر هەر کێشەیەکیش هەیە ئەوە وەزیری ناوخۆ سەعات(٣)دێت بۆ ئێرە، بەڵام بەڕای من ئەو بابەتەو چی ترتان هەیە لەگەڵی گفتوگۆ بکەن، مافێکی زۆر سروشتییە، بەڵام بابزانین چ بووەو باتێبگەین. با خەڵکیش بەرگری لەخۆی بکات.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی نیزامییە هەر دوو فراکسیۆن ئەو خاڵەیان تەرح کردووە حەقە جەنابتان بیدەنە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ ئایا قسەی لەسەر بکەین یان نا؟ چونکە پێشنیاری هەردوو فراکسیۆنە شتێکی نیزامیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، بەڵام ئەی ئەگەر کەسێک نەبێ باسی بکات؟! سەد جار ئێوە ئەو پێشنیارەتان کردووە، کاک کەمالیش کە باسی کرد ڕووداوێکی وابووە پێشنیاری ئەوەی نەکرد کە بیخەینە تازە بابەتەوە وگفتوگۆی لەسەر بکەین، بابەتێکی وابووە ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم هیچی لێ نازانم وەزیری ناوخۆیش لێرە نییەو سەعات سێ دێتە ئێرە، لێرە یەخەی بگرن وبیکەنە تازە بابەت

چی تێدایە؟! بەهەر حاڵ، کاک کەمال خاوەن پێشنیارەکە بوو ئەگەر بیکەینە تازە بابەت وەکو خاڵێک گفتوگۆ لەسەر بکرێ وبخەینە دوای نیوەڕۆ.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەمەسەلەی تازە بابەتدا باسم کرد کە گوتتان تازە بابەت هەیە ئەوکات دەستم بەرز کردەوە پێشنیارم کرد وەکو تازە بابەت بێت، بەلام بەلای منەوە گونجاوترە ئەگەر بکرێتە دوای نیوەڕۆ، چونکە ئەوانەی مەسەلەکەیان رووبەڕوو دەبێتەوە ئامادە دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، ئێستا ئێمە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بابەتە باس بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەوە دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، دوای نیوەڕۆ واتا دوای دانیشتن پەیوەندی دەکەین بەهەموو لایەکەوە بۆ ئەوەی، پەیوەندیدارن لەوێندەرێ بەرگریی لەخۆیان بکەن، یا بزانن بۆ واکراوە.

خاڵی یەکەم پرۆژەی بریاری بەموڵک کردنی زەوی وزاری ئەمیری کە بۆ گەشت وگوزار تەرخان کراوە کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزارەوە پێشنیار کراوە، ئێستا ئەخوێندرێتەوەو پاشان کە تەواو بوو ئەگەر جەنابی وەزیری شارەوانی روون کردنەوەیەکی هەیە دەیخاتە سەری، چونکە پرۆژەکە لە وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزارەوە بۆمان هاتووە و، ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسەندی کردووەو ناردوویەتی بۆ ئێرە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت ئێستا با بخوێندرێتەوە، ئەگەر پاشانیش گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير البلديات والسياحة ووافق عليه مجلس الوزراء اصدر المجلس الوطني لكوردستان العراق القرارالآتي:

اولاً: تملك كافة الاراضي الاميرية الصرفة في اقليم كوردستان العراق المخصصة للاغراض السياحية الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة بدون بدل استثناء من احكام القوانين النافذة.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی باشتروایە کە یەکجار هەمووی بخوێندرێتەوە دوای ئیتر جار جار مادە، مادە بخوێندرێتەوە جارێ بۆ ئەوەی پێشنیارێکی گشتی وەربگیردرێ دەربارەی بڕیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە باشترە وای لێ دەکەین، فەرموو..

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

ثانيا: تعامل الاراضي الموزعة للاغراض السياحية بموجب قرار (مجلس قيادة الثورة) رقم (٣٥٣) لسنة ١٩٨٠على الشكل التالي:

١. يحق لصاحب المشروع او المرفق السياحي المنجز بيعه الى الغير دون الارض وبموافقة وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة.

٢. يحق لصاحب المشروع او المرفق السياحي غير المنجز التصرف به بالبيع الى الغير دون الارض بموافقة وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة على ان ينجز في كل الاحوال خلال مدة لاتتجاوز ثلاث سنوات من تاريخ تنفيذ هذا القرار وبعكسه يملك بدون بدل الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة.

٣. تعاد كافة الاراضي الموزعة التي لم يباشر اصحابها بالبناء عليها لحين تنفيذ هذا القرار الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة.

ثالثا: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

رابعا: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

خامسا: ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر کافیە خان چ روون کردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەم بڕیارە، بابفەرموویێت.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هاندانی گەشتوگوزارەوە بڕیاری(٣٥٣)هەیە کە ئێمە لەسەر بڕیارەکە هیچ رەخنەم نییە، بەڵام ئەوەی زیاتر پاڵی پێوەناین ئەوەی کە هەموار بکرێ لەم بارە هەندێ هۆی تایبەتی بوو یەکێک لەوانە بەڕاستی ئەو بڕیارەمان جێبەجێ نەدەکرا تەنانەت لەگەڵ وەزارەتەکانی تریش داو بەپێی بڕیاری(٣٥٣)موڵکێکی صرف کە هەیە هی ئەمیری صرف یانی هەر ئەبێ بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار بێ بەبێ بەدەل. تەنانەت لەو شوێنانەش کە دەستمان بەئیشێک بکردایە ئەیان گوت ئەمە بڕیارێکی حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان دابندرێ نەک بە بڕیارێکی رژێم و، هەندێ کێشەی تایبەتی کە ئێستا هەمانە لەسەر ئەم بابەتە لەسەر جێبەجێ کردن ئەویشمان چارەسەر کردووە،

یەک لەوانە زۆری لەو زەویانە کە دابەش کراون بەسەر ئەو کەسانەی کە بەکاروباری گەشت وگوزارەوە خەریکن یا بەسەر هەندێ خەڵکی تردا زۆریان نەیان کردووە یان بەنیوە چلی بەجێیان هێشتووە. بۆ چارەسەریەکی ئەم بابەتانە بۆ ئەوەی کە تەواو بکرێت بەسێ خاڵ دیارمان کردووە ئەوەش یەک لەوانەیە، ئەوەیە ئەتوانن بیفرۆشن بەڵام بەمەرجێک زەوییەکەی لەگەڵدا نەبێ، یان ئەوەتا تەواو نەبووە دیسان ئەتوانن بیفرۆشن بەڵام موڵکەکەی لەگەڵ نەبێ و، ئەوەی ئەشکرێ لەماوە سێ ساڵدا تەواوی بکات وهەر کەسێ لەماوەی سێ ساڵدا ئەوەی هەیەتی تەواوی نەکات دیسان جارێکی تر لێی وەردەگیرێتەوە وئەوەشی کە دەستی پێ نەکراوە دابەش نەکراوە ئێستا هەر یەکە وەکو دەست بەسەر داگرتنێک ئیتر تۆ ناتوانی هیچ تەصەروفێکی پێ بکەی یانی بەناوی ئەو کەسانەی دانراوە نە ئەچن بەلایانا نەتەواوی ئەکەن نەئیشی پێ دەکەن نەئێمە دەتوانین هیچیان لەگەڵدا بکەین ئەمانەی ئەوانەش بگەڕێتەوە بۆ گەشتوگوزار وئەگەر خاڵی تریش هەبوو ئەتوانین روونی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کافیە خان، دێینەوە سەر مادەکان، مادە بەمادە، فەرموو..

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

اولا : تملك كافة الاراضي الاميرية الصرفة في اقليم كوردستان العراق المخصصة للاغراض السياحية الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة بدون بدل استثناءً من احكام القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە یەک، چ تێبینیەک هەیە لەسەر یەکەم؟ تکایە ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن با دەست بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بیان بینین کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شێوەی کە من دەبینم راستە لە گفتوگۆ کردندا هەروەکو پێشانیش پێشنیارمان کردووە ئەبوایە پرۆژەی وەزارەت پێشتر بخوێندرێتەوە مادام گفتوگۆکە وای لێ هات ئەوە مافمان نییە راستە بەرگری لە پرۆژەی وەزارەت بکەین ئێستا ئەوەی پێشکەش کرایە پرۆژەی لیژنەی یاسایە وەزیرە نابێ بەرگری لە پرۆژەی یاسا بکا، دەبێ بەرگری لە پرۆژەکەی خۆی بکات ئنجا رایەکەی لیژنەی یاسایی بخاتە روو وگفتوگۆکە بەو شێوەیە بەرێوە ببەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.:**

ئەم پرۆژەیە هاتووە بۆ پەرلەمان، پەرلەمان داویەتی بە لیژنەکان، لیژنەکان دراسەتیان کردووەو بەم شێوەیە خراوەتە پێش چاو، ئەگەر وەزیر رەخنەیەکی هەبێ لەسەری گفتوگۆی لەسەر دەکات، بەڵام ئەگەر رازی بوو بەو پرۆژەیە ئەوە ئەگەر تێبینیەکیش لەسەر برگە یەک هەبوو، ئەوە بەرگری لەپرۆژەکەی خۆی دەکات، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاستی سەبارەت بە منەوە زۆر شارەزا نیم لەو بابەتەوە بەڵام یەک مەترسیم هەیە مەسەلەی زەوی ئەمیریە زۆر کێشە لەوە دایە من وا بۆی دەچم بەکارهێنانی خراپی زۆری تێدا دەبێ لەو مەجالەدا استغلالیش دەکرێ بەخراپی زۆر دابەش دەکرێ لەسەر بەرپرسەکان وخزمەکان وکەسەکانی نزیک بەرپرسەکانەوە ودەبێتە کێشەیەک لەناو کۆمەڵگا ومیللەت ئنجا ئەم بابەتە سەبارەت بە منەوە بەڕاستی زۆر ڕوون نییە پێویستە وەزیری شارەوانییەکان پتر ڕوونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ئـەکـرەم عـزەت نـەجـیـب:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەمەوە(تملك كافة الاراضي الاميرية الصرفة الى وزارة البلديات) خۆی ئەوە شتێکی ڕاستەو دەشمان ویست وەزارەتی شارەوانی دەست بەسەر هەموو پرۆژەکانی گەشت وگوزارییدا بگرێت، ئایا لەسەر زەوی ئەمیری صرف کرابێ یان لەسەر زەوی تر هەمووی پێویستە دەستی بەسەرا بگرێ ئەمێنێتەوە بەوشێوەی ئێستا (بدون بدل) شتێکی زۆر ڕاستە ئێمە لەکاتی خۆیدا لەلیژنەی کشتوکاڵ دراسەتی ئەمەمان کردووە بڕیارمان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلاهادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

منیش وەکو کاک عەبدولخالق پێویستە ڕوون بکرێتەوە چونکە(سوء استعمال) ئەبێ لە بەکارهێنانی ئەم زەوییانە پاشی ئەبێ بەبەدەل، من لەگەڵ ڕای کاک ئەکرەم نیمە ئەو زەوییانە ئەبێ بێ بەدەل بێ چونکە هەموو ئەو مونشەئاتی وەزارەتی گەشتوگوزار ئەوە موڵکی شارەوانییە، بەڵام بەڕای من وایە زیاتر ڕوون بکرێتەوەو دراسەت بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیارێکی دیاریکراوت هەیە، کاک مەلاهادی؟

**بەڕێز مـەلاهادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێش ئەوە نەدراوەتە لیژنەی ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە، ئاگاداری ئەوەش نین شتی تازەمان بۆ ئامادە کردووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

حەزدەکەی بگەڕێینەوە بۆ دەفتەر(ذمە)بزانن دراوە یان نەدراوە، چونکە عادەتەن ئەدرێت..

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنە، ئەوەی تایبەتە بە لیژنەی ئێمەوە پەیوەندیدارە لەگەڵ لیژنەی کۆمەلایەتی وخزمەت گوزاری پێویستە رای ئێمە وەرگیرابا، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە بۆ خاکی کوردستان بەتایبەتی بۆ ناوچەی ئێمە چونکە تەسویە نەکراون زۆر کێشە پەیدا دەکات گەر ئەو بڕیارە ئەبێ جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەک بڕگە(یەک)لەم مادەیە بەڕای من مافی هەندێ وەزارەتی دیکە ئەڕوات ئەگەر بەم وەزعە بڕوا چونکە لەزۆر ناوچە زەوی هەیە هەر هی ئەمیرییە لەژێر تەسروفی وەزارەتی تر دایە بۆ نموونە ئەمیریە لەژێر تەسەروفی پیشەسازی دایە ئەمیریە لەژێر تەصەروفی کشتوکاڵ دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حەمید بە رووخسەتت باکەمێک قسەکەت پێ ببڕم چونکە دیارە ئەڵێ(المخصصة للاغراض السیاحیة)..

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا باعەرزت بکەم ئەوەش باسی دەکەم(المخصصة للاغراض السیاحیة) شارەوانی تەرخانی دەکات بۆ مەبەستی گەشتوگوزار، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەوەی کاک عەبدولخالق دەکەم کە وتی لەهەمان کاتدا باسم لەوەیە کە ئەگەر بڵێین تەرخان کراوە بۆ مەبەستی گەشتوگوزار ئەمە وەکو تەرخان کراوە بۆ تەملیکی موڵکی خۆیەتی ئەمە یەکەم و، دووەمیش لەبارەی(بدون بدل) بۆ چی بدونی بەدەل بۆ چی؟ سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا ئەمەوێ ئەگەر ڕێگە بدەن روون کردنەوەیەکی بچووک بکەم لەسەر ئەو پرسیارانەی لەسەر پرۆژەکە کراون، بەداخەوە دەڵێم بابەتەکان هەر دوورن لەیەکتریەوە کە باس ئەکرێن وپێشم ناخۆشە کە ئەشی لێم ئەوە ئێمە باسی ئەو پرۆژەیە دەکەین بابەتێکی تری لا بەلا تێکەڵاو دەبێ هەموو کەسێ مافی هەیە پرسیار لەبارەی هەمووی بکات بەڵام هەر شتە لەکاتی خۆیدا ومن هیچ

پێشم ناخۆش نییه ئەو پرسیارانه وەڵامی هەموویان بدەمەوە بەڵام ئەوە لەکوێ ئەوشتانەی باس دەکرێ لە شوێنێکی ترە ئێمە باسی زەوی گەشتوگوزار ئەکەین بۆ هاندانی گەشتوگوزارو وەبەرهێنانی گەشت وگوزار وئەو موڵکە گوزاریانەی کە تا ئێستا ناتوانی بەکەسێک بڵێی وەرە کاکە یا بیگێڕەوە یا بمدەرەوە خۆم دەیکەم. یا خۆم ڕای دەگەیەنم بەموزایەدە تا بدرێ بەخەڵک هیچ نەبێ بتوانین بیگێرنەوە ئەوانە بۆ شوێنی خۆی لەلایەکی ترەوە بتوانین ڕێگا بە خەڵکی بدەین بڵێین بابە تۆ ناتوانی بیکەی بایەکێکی تر بیکات پێی بفرۆشێ نەک زەوییەکەی یانی زیاتر سێ خاڵی سەرەکی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە وئەوەش باسی زەویی ئەمیری صەرف دەکرێ بەبێ بەدەل ئەو بابەتە هەیەو باسی دەکرێ، خۆ ئەگەر ئێمە زەوییەکی گەشتوگوزار بێنین بمانەوێ لەوەزارەتێکی تریشی بکرینەوە وەزارەتی دارایی ئەو زەوییە ئەبێ پارەکەمان بۆ دابین بکات یانی خۆی حکومەتە و وابزانم هەر ئەوە نییە هەر وەزارەتێک حکومەتی هەبێ بەتەنیا چۆن وەزارەتێک مافی وەزارەتێکی تر دەخوات یانی ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی تا ئەو رادەیەی بەڕاستی مەیلی ئەوەم نییە روونی بکەمەوە وەزارەتی دارایی پێویستە لەکاتی اطفای زەوییدا لەکاتی بەموڵکردندا لە بودجەکەی خۆی پارە تەرخان بکا بۆ ئەو مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کافیە خان ئەو زەوییانە ئەوەی ئەمیریە، دابەش کراون؟

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک سانتیم زەوی گەشت وگوزار لەوەتی حکومەتی هەرێم دانراوە بەهیچ کەس نەدراوە ویەک کەس ڕێگەی پێ نەدراوە بیفرۆشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو زەوییانەی کە ئێستا ئەمیرییەی صرفن بینایە وشتی لەسەر د.یە؟!

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زەوییانەی شارەوانی وگشتوگوزار هەمووی گەڕاوتەوە بۆ شارەوانی وگشتوگوزار گۆتیتمان(جمیع ممتلكات مؤسسة السياحة) لە یاسا بۆ ئەوان بوو بەس ئێستا لێرە تەبیعی دەمەوێ برادەران راستیەک بزانن ئەوە هیچ مونشەئات ناگرتەوە یانی وا دانێین بەیانی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن (دار استراحة) لە(مصیف صلاح الدين)ی هەیە یان لەگۆیژەی هەیە ئەوە ناگرێتەوە ئێمە دەڵێین(الاراضي) یانی زەوییەکانی ئەمیرییە یانی ئەوە نییە خانوەکان ومەنشەئاتی لەسەری کراوە ئەو مەنشەئات و ئەوانە بروا ئەو زەوییانەی کە ئێستا بەتاڵن بەیانی شارەوانییەکان دەیانەوێ لەکۆرێ مەرفەقێکی گەشتوگوزار بکەن بۆی دانراوە ناوچەیەک دیاری بکات، کە دیاری کرد بێگومان نەخشەی بۆ دەکرێ و چەند پارچەو کەرتێک دەگرێتەوە لەو پارچە

کەرتانە. لەوانەیە هەندێکی هەیە مـوڵکی هەندێ وەزارات بن، ئەوەی مـوڵکی وەزارەتەکـان بێ بەلاش دەبیا ولەوانەیە هەندێک زەوی خەڵکی تێدایە مەملووکە بۆ دەولەت(مثقل بحكم التصرف) ئەبێ ئەو کاتە لەرێگەی اطفائەوە داوای بکا بۆ ئەوەی لێکی بدات لەگەڵ ئەوەی مافی خەڵکەکە بزر نەبێ لەسەر ئەو بنەمایەش پرۆژەی وەزارەت بەهەڵە هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وابزانم ئەو روون کردنەوانە کافی بوون، ئێستاش دێینەوە سەر ئەو ماددەیەی کە تەواو بوو وەدەڵێین: کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً: تعامل الاراضي الموزعة للاغراض السياحية بموجب قرار(مجلس قيادة الثورة) رقم (٣٥٣) لسنة ١٩٨٠على الشكل التالي:

١- يحق لصاحب المشروع او المرفق السياحي المنجز بيعه الى الغير دون الارض وبموافقة وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة.

٢- يحق لصاحب المشروع او المرفق السياحي غير المنجز التصرف به بالبيع الى الغير دون الارض بموافقة وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة على ان ينجز في كل الاحوال خلال مدة لاتتجاوز ثلاث سنوات من تاريخ تنفيذ هذا القرار وبعكسه يملك بدون بدل الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة.

٣- تعاد كافة الاراضي الموزعة التي لم يباشر بالبناء عليها لحين تنفيذ هذا القرار الى وزارة البلديات والسياحة/الهيئة العامة للسياحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بزانین کێ تێبینی هەیە، باناوەکان بنووسین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی بەڕێز ئەم ماددەیە کە بۆ ئێمە هاتووە بەیەک بڕگە هاتبوو و تێکەڵاو بوو، بەڵام ئێمە سێ حاڵەتمان جیا کردووە لەساڵی ١٩٨٠بەپێی بڕیاری(٣٥٣)ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زەوی گەشت وگوزار دراوەتە کۆمەڵە خەڵکانی ئەوکاتی بۆ ئەوەی پرۆژەی گەشت وگوزاری لەسەر بکەن، ئەوەش ئەم پرۆژانە سێ حاڵەتی هەیە، ئەم پرۆژە تەواو کـراوە بینایەکـەی تەواو کـردووە ئنجـا چارەسەری هەر بڕگەیەکیمان بەتەنیا کردووە، حاڵەتی یەکەم ئەگەر پرۆژەیەک تەواو بوو مافی خۆی هەیە بیفرۆشی بەمەرجێک بەپەسەند کردنی وەزارەتی شارەوانییەکان وەربگری و، زەویەکەشی هەر موڵکی وەزارەتی شارەوانییەکان بێ دەبینی ئەوەی کە نیوەی کراوە ونیوەی نەکراوە، لە ساڵی

١٩٨٠تاكو ئێستا زۆر كاول ماوه ئێستا وەكو كاولگەو جێگەی یاری كردنی مندالآنە یان دوور لەرووتان ئاژەڵی لێ بەخێو دەكەن، ماوه پرۆژەی گەشت وگوزار نەمان ویست ئەوەش وا بمێنێتەوە ئەوەش مافی هەیە بیفرۆشێ بەمەرجێک ئەگەر بیفرۆشی ئەگەر لای خۆشی بێت مێژووی جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارە سێ ساڵی دی ئەگەر بەتەواوی بینای نەكرد بیێتە موڵكی حكومەت لەبۆ ئەوەی ئەو خەڵكە هان بدەین ئەو بینایە تەواو بكات وابە كاولگەیی نەمێنێتەوە، حاڵەتی سێیەم زەوییەكە ئەگەر بە بەتاڵی بمێنێتەوە مانای وایە پێی نەكرایە لەساڵی(٨٠) وتاكو ئێستا بۆ حكومەت بگەڕێتەوە موڵكی حكومەت بێ، لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی نازانم كێ ئەو بڕیارەی بەو شێوەیە دارشتووە؟ ئێمە نەمان دەتوانی بەشێوەیەک دای بڕێژین كە ناوی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی تیا نەبێت؟ ئەتوانین ئەو شتەی كە دەمانەوێ بڕیارەكە بەو شێوەیە بنووسین ومن زۆر رەخنە لە لیژنەی یاسایی دەگرم كە هەمیشە هەر لەفەلەكی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەسوڕێنەوە تا ئێستا لەناو یاسایەكان یانی ئەتوانن هەمان بڕیار دابڕێژن بەڵام ناوی ئەنجوومەنێكی وا تاوانبار نەیەت، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەرووی سیاسیەوە لەوانەیە قسەكە وەردەگیرێ رێككەوتین، ئەوە چارەسەری زەوییەگ دەكەین زەوییەكە دابەش كراوە بە بڕیارێک بڕیارەكەش تا ئێستا هەڵنەوەشاوەتەوە تا ئێستا رانەگیراوە ئەگەر چارەسەری شێوەكەی نەكەین خۆ ئێمە لەتوانامان‌دا هەیە یاسایەكی دی دابڕێژین قەیدی ناكا ئەمما بەو بڕیارە دابەش كراوە ئەبێ ئەوەی چارەسەر بكەین ئەبێ ناوی بنێین، ئەوجا ئەگەر لای ببەین، ئەگەر چی لێ بكەین ولەبەر ئەوە كێشەمان بۆ دروست دەكات، سبەی خەڵكێک هەیە مافی ون دەبێ و داوا دەكات بەگوێرەی یاسایەكی دیاری كراو ئەگەر ناوی نەینین، تەقدیری نەكەین بەهەر جۆرێكی دیاری كراو لەوانەیە بەیانی شكات دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاكەرەش، وابزانم ئەو ناحیە یاسایەكەی مولزەمین لێرە، لەوەی تریش وابزانم هیچ خیلافێكمان لەگەڵ دكتوردا نییە.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باشە ئەگەر مەسەلە وایە چونكە لێرە باس كرا ئەگەر وەكو كرێ بێ یانی بەكرێی باس كراوە لێرە بیان گوتبایە بۆنموونە( یلغی قانون رقم) یا بڕیاری ژمارە ئەوەندە وئەم مەسەلە بەم شێوەیە ئەبێ دەمان توانی ناوی ببەین بەڵام بەشێوەیەكی ئیجابی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند بەدواداچوونێکم هەیە لەسەر قسەکەی جەنابی د.کەمال کە برگەی سێ لەکۆتایی دا دەڵێت ( لایعمل بأی نص یتعارض واحکام هذا القرار) ئەوە مانای ئەوەیە بڕیاری ژمارە(٣٥٣)خۆی ڕاگیراوە یا لابردراوە، ئەوە کار بەو بڕیارە ناکرێ وەکو کاکەڕەش فەرمووی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی دا خۆی لە بڕیارەکەی سەرەوە(٣٥٣)هەتا ئەو چارەسەری تەواوی ئەوەیان نەکردووە، ئێستا ئێمە بەندێکی تازەمان داناوە چونکە ئێمە نامانەوێ ئەو کاولانە هەر وەکو خۆیان بمێننەوە یان شارەوانی خۆی تەواوی بکات، یا خاوەنی خۆی تەواوی بکات، لەڕاستی دا تێبینیەکان زۆر جوان بوون کاک د.اثارەی کرد، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی، ویستیەتی هەتا زەوی خۆماڵی دەکرێت بە بۆچوونی من چونکە خاوەنی ئەو پڕۆژانە کاتی خۆی قەرزیان وەرگرتووە لەمەسرەفی خانوو بەرە وا بکەین باشە کە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایشی پێ بدرێت چونکە هەیە هەتا لە(٨٠٪)پارەی ئەو بینایانەی وەرگرتووە ئەوەیەک، خاڵی دووەم سەبارەت بەو بڕیارەی کە هاتووە دەڵێ(٣٥٣)ساڵی ٨٠ پێویستە وایە ئەو بڕیارە بخوێندرێتەوە هەتا بزانین مەفهومەکەی چییە و ناوەڕۆکەکەیشی چییە؟ کێ وەرگرتووە؟ یاسایەکە بەو جۆرە دادەڕێژرێ یا بە جۆرێکی باشتر، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی «٣»دەڵێ(تعاد کافة الاراضي الموزعة التي لم يباشر اصحابها بالبناء عليها) ئەوە غەدری تێدایە بۆ زۆر کەس، چونکە زۆر هەیە ماوەی نەبووە بارودۆخی استثنائی هەبووە بەتایبەتی خۆت دەزانی لەکوردستان ئەم ساڵانە ماوەی نەبووە بیکات لەبەر ئەوە دەبا ماوەیەکی بدرێتی، ئاگادار کردنەوەیەکی بدرێتێ تا ماوەی تێ دەپەری ئەگەر دەست بەکار نەبوو ئەنجا ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەباشی دەزانم ئەم برگەیەی بخرێتە سەر( بقرار مایسمی بمجلس قيادة الثورة العراقية رقم٣٥٣) وبۆ برگەی یەکەم سیاحی(منجز بيعه) ئەوکاتە لەساڵی ١٩٨٠لەکوردستان زۆربەی ئەوانە هی رژێم بوون جیاوازی گەشت و گوزاریان پێ ئەدرا ولە مەسەلەی گەشتوگوزار جا بەم برگانە چارەسەری ئەوانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەرکاک د.کمال دای، بەڵام شتێکم هەیە بۆ ئەوەی ئەو برگەیە هەموار بکرێت هەر ناوی نەهێنن ئێمە پێکهاتنی بریارەکەمان هەیە ئەویش ئەڵێ(تعامل الاراضي الموزعة لاغراض السياحة على الشكل التالي لانه..) ئێمە ئەو سێ خاڵەمان تەرکیز کردووە لەسەر دابەش کردنەکەی پێویست نییە ئێمە ئاماژە بکەین بۆ هەموو بریارەکە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر پێویستە لێرە ئاماژە بدرێ سەبارەت بەو بریارەی پێشوو چونکە ئەوە ئی (مرفق سياحي)یە ئەگەر سیاحی بە موتلەق بێ هەموو شتێک فراوان دەبێ ئەویش دەگرێتەوە دوایی نازانم یاساکانی عێراقی زۆربەی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوون، هەمووشی جێبەجێ دەکەن لە(٩٥ ٪)، بەڕاستی ئێمە ئەو توانایەمان نییە دەستکاری هەموو یاساکان وبریارەکان بکەین چونکە ئەو یاسایانە ئەگەر دەستکاری بکەین هەر بنی نایەت عێراق لەساڵی ١٩٥٣یاسای مەدەنی دەرکردووە هەتاکو ئێستا ویستی بیگۆڕی پێی نەگۆڕا ئەوشتە هەموارکردنی تری بەسەر داهاتییە، هەتا ئێستا ئەوەندە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناونانی ئەو لایەنەش گرنگە لەیاسادا، وا نییە؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئەگەر بڵێ بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە زیکری نەکەی کە حوکمی تەشریعی هەیە مانای ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عەزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو زەویانەی کە کاتی خۆی تەرخان کراون بۆ مەبەستی گەشت وگوزار وبۆ بەرژەوەندی گشتی کراوە ئەوە بۆ شتێکی تاکی نەکراوە، کە ماوەی ئەوەی تێدابێ کرین وفرۆشتنی لەسەر بێت یانی ئایا وەزارەتی شارەوانی رەزامەندی بکات بۆ ئەم کرین وفرۆشتنە یان نەی کات بەرای من شتێکی تەواو نییە، من دەڵێم کرین وفرۆشتن نەبێت لەسەر پرۆژە سیاحیەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی خۆی رەنگە هەمووتان دیبێتتان یانی بە تایبەتی ئێستا لەقەشقۆڵی ولەسەرچنار بە دەیەها لەو هەیکەلانە هەر هەیکەلە دانراوە یانی من زەلام دەناسم توانای نییە لە کاتی خۆیدا

کابرایەک نەوطی شەجاعەی وەرگرتووە شۆڤلی وشتی لێ خوربیە هەر جادەی دروست کردووە ئەو زەویان داوەتێ پارەشیان داوەتێ ئەوەیان پێ دروست کردووە، جا تۆ ئەگەر ئەو رێگەیە بگری نەتوانی بیفرۆشێ بلێ مەبەستەکەمان لەمەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوشتانە ئاوا نەمێننەوە بۆیە لێرانە هەر هەیکەلەکە دانراوە ماوەی ئەوەی بدەنێ کابرا بیفرۆشتەوە بۆیە یەکێکی تر کە بتوانێ بیکرێ وتەواوی بکا یاخود ئەگەر هەر تەواویان نەکرد ئەو کاتە بگەرێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ئەوان بتوانن تەواوی بکەن یابیدەن بەیەکێکی دیکە کە دەسەلاتدار بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بنچینەی بڕیارەکەی کە زەوی پێ دابەش کراوە، ئەوەی تێدا نییە کە کابرا نەتوانێ تەسەروف بەوە بکا بەس بە بابەتی زەویەکەیە بەاعتباری شارەوانی دایتێ، دووەم چ مانای نییە ئەتو ئەو بینایەی بە(عەقدێکی کاثۆلێکی) لەکابرا مارە بکەی هەتا هەتایە. یانی قابلە کەی زەوی و خانووی وا هەیە؟ دوایی ئازادی مرۆڤ، مافی مرۆڤ ئازادی تەمەلوک ئازادی فرۆشتنی ئەوانە هەمووی ئازادی مرۆڤ گرنگ ئەوەیە ئێمە دەلێین رەزامەندی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار لەو کەسەی کابرا لەبەر چاو بگیرێ(بنظر الاعتبار)کابرایەکی لەمانە لێبوەشێتەوە یانی بابەتەکە ومرفەقەکە لەکار کردن رانەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگە(٢)هەر سێ بڕگە لام وایە لیژنەی یاسایی شێوازی زۆر جوانی داناوە ودەبێت ئاماژە بدەینە(٣٥٣)وچونکە زەوی گەشت وگوزار کاتی خۆی بەگوێرەی ئەم بڕیارە دابەش کراوە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێ بەلام وەکو پێش ئێستا گوتم لەدواوە جێگیر بکرێ (لايتعارض واحكام هذا القرار) ئەوە یەک بەلام من یەک خستنە سەرم هەیە لەسەر بڕگە یەک ودوو و سێ بڕگەیەک لام وایە( على ان يتخذ) ئەوە لێرە پرۆژەکە دەفرۆشرێ (على ان يتخذ المشروع لنفس الاغراض التي شيدت من اجلها) ئەوە یەک یانی بۆ ئوتێل دانراوە بچی بیکاتە شتێکی تر، دووەمین بڕگە(٢)من دەلێم سێ سالێ زۆرە، دووسالێ بەسە، بڕگە(٣)«الغاء كافة الاراضي الموزعة التي لم يباشر اصحابها بالبناء عليها» لێرە رام وایە ئاگادار کردنەوەیەک بدەنە خاوەن زەویەکە لەماوەی ئەوەندە دەست بەکار بێت وماوەی ئەوەندەش تەواوی بکات ئەوە رای منە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بە رێنمایی ناکرێ بە ئاگاداری وئەو شتانە وابزانم باشتر، بێینەوە سەر ئەو سێ پێشنیارەی کە ئێستا کراونو، بزانین وەزارەتی شارەوانی خۆیان رایان چییە لەبارەی ئەو بابەتانەوە، چونکە هەندێ شت وەلام درایەوە جا ئەگەر شتێک هەیە دەربارەی ئەو بابەتانە بیلێن، دەنا یەک بابەت ماوە، دابەش نەکراوە کە مەسەلەی قەردەکانەو هەندێک هەیە قەردیان کردووە، ئایا ئەو قەردانە لە

وەزارەتی دارایی وەرگیراون؟ شارەوانی ئەگەر روون کردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەو بابەتە با پێشکەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پشتگیریی گەشت وگوزار زۆر کراوە لەبەر ئەوە پارە دراوە بەتایبەتی زۆریان هەیە لە(٦٠٪)ی پارەکەی دەعم کراون بۆ ئەوەی کە بینای بکەن ئێستا ئەو پارانە لەلای ئەو کەسانەی قەرزیان کردووە نەپارەکە بە ئێمە ئەدەنەوە، نە بینایەکەشیان تەواو دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمەش ئیجرائاتمان کردووە بۆ ئەوەی کە داوای پارەکەمان کردووە بیدەنەوە یان ئاگەداری وەزارەتی دارایی بکەینەوە بۆ ئەو بابەتە تەقریبەن وەکو خۆی ماوەتەوە ئێمەش هیچ سوودێکمان لەوە وەرنەگرتووە وئێمە داوای ئەوە دەکەین کە بڕیارێکی وا بدرێت کە بەزووترین کات ئەو پارانە یان ئیشەکەیان دەست پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە رایەک هەیە ئەڵێن ئەگەر ئەو قەرزەی هینی وەزارەتی دارایی بێت، ئەوە پێویستی بەڕاو رەزامەندی دارایی هەیە، بەڵام ئەگەر لە رێگەی وەزارەتی شارەوانیەوە بێت، ئەوە پەیوەندی بە شارەوانییەوە و ئەوکاتە پێویست بە هیچ ناکات.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە مەبەستەکانیان لە دەزگای گەشت وگوزارەوە وەرگرتووە، واتە نەعەقاری پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبووە، نەوەزارەتی شارەوانی، لەناو تەرخانکراوی دەزگای گەشتوگوزارییەوە لە ناو بودجەی خۆیان پارەکەیان سەرف کردووە ئەوە ئێستا لەبەر ئەوەی بڕیارمان دایە کاتی خۆی لە یاسایەکە هەموو ئەو مافانە دەگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، شارەوانییەکان دەتوانێ ئێستا ئاگادار کردنەوە بداتە ئەو کەسانە بەگوێرەی ئەو بڕیارەی کە لەسەریان دابەش کراوە لەوانەیە کرابێت بەقیست لەسەریان ئەو قیساتانە گەر نەشیاندا کە کاتی فرۆشتنیان بەاعتبار (بموافقة وزارة البلديات) ئەو کاتە لە پارەی خۆیان سوود وەردەگرن ئەوجا رەزامەندی لەسەر موڵکییەتەکەی دەربڕن بۆی تەحویل دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاکەرەش فەرمووی، واتە بەڕاستی ئەوە بنچینەی خۆی هەیە پێویست ناکات لێرە ولەوێ باس بکرێ ولێرە چارەسەر بکرێ ئەگەر دەیفرۆشێ ئەوە یەخەی ئەگرن چی لەسەرە لێی ئەستێننەوە ئەگەر تەواوی دەکات ئەوە قستی خۆی لەسەرێتی و ئەگەر بار ئاسایی بوو بەچاکی بارەکە رۆیشت ئەوانە چارەی خۆیان هەیە پێویست بەوە ناکا لێرە باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، لێرە ئەو بابەتە تەواو بوو، ئێستاش دێینەوە سەر خودی مادەکە لەگەڵ ئەو دوو سێ پێشنیارە.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

نازانم پێشنیارەکەی من چی لێ هات، واتە ئەبێت رێگایەک بدۆزینەوە بۆ ئەوە یان بنوسرێ (مایسمی) یان نێوان دوو کەوانەی بچکۆلەوە کە بزانن ئێمە دان بەوشتە دانانێین، بەڵێ بیخەینە نێوان دوو کەوانەی بچکۆلەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لەمەولا لیژنەی یاسا ئەگەر دیتیان نووسرابوو( ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) با بخەنە نێوان دوو کەوانەی بچووکەوە، ئەمە کێشە نییە. کاک ئەیاد لەوانەیە تێبینی هەبێت.

**بەڕێز ئەیادحـاجی نامق مـەجـید:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

واتە ئەوشتە زۆر جا لەناو لیژنەی یاساییش دەمانخاتە کێشەوە بەڵام ئەگەر ناوی لێ بنێن(الصادر من السلطة المركزية، او من الحكومة المركزية) ئەوکاتی لەوانەیە ئەو کێشەکە نەبێت بەڕاستی ئەو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کێشەمان بۆ دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەوە برادەرە یاساییەکان باسیان کردو لەمەودوا ئەیخەینە نێوان دوو کەوانەوە، دوای کەوانەکەش خوا کەریمە، ئەوە خاوەن پێشنیارەکە رازییە، بەوە.

بابێینەوە سەر سێ پێشنیارەکە، لەڕاستیدا لەسەر مادە(٣,٢,١)لەلایەن کاک حسێنەوە کراوە وابزانم یەکێکیان ئەوەیە کە لەیەکەم رستە بوترێ (على ان يتخذ المشروع)، ئەمە وەکو پێشنیارێک.

**بەڕێـز حـسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەلای منەوە ئەو پێشنیارە پێویست ناکات خۆی گەشت وگوزارە خۆی(لأغراض سياحية) تەرخان کراوە بۆ گەشت وگوزار ئنجا دەیکاتە گازینۆ یان شتێکی تری گەشت وگوزاری هەر شتێک بێ ئەوە بەخۆی ئازاد دەبێ چونکە ناتوانێ بیکاتە سەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی سێ ساڵ پێشنیارێک هەیە کە ئەگەر بکرێ ببێ بەدوو ساڵ..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من سێ ساڵەکەش کەمە لەڕاستیدا کەرستەی بینا وەک شیش نییە، جەمەنتۆ کەمە یانی سێ ساڵ ئەگەر بتوانێ تەواوی بکات خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆ برگەی سێیەمین ئاراستەکردنی ئینزار، وابزانم وەزیر وتی کە ڕێنمایی دەردەچێ و، ئینزار دەکرێ ئەوە کێشە نییە، وەکو ڕۆتین خۆی دەکرێ، دەمێنێتەوە یەک ودوو، ئەوە ڕەئی هەیە دەڵێ پێویست ناکا ئەو رستەیە زیاد بکەین، بۆیە پێشنیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەوە بەڕێنمایی کردن ناکرێ چونکە لێرە دەقی داناوە کە هیچت نەهێشتووەو تەواو، وتە دەگەڕێینەوە لەبەر ئەوە ئاگادار کردنەوەی کاک محەمەد لەجێی خۆیەتی کە ئاگادار بکرێ بۆ ئەوەی مافی نەفەوتێ، بەڵکو کابرا بتوانی خۆی جێبەجێی بکا لەبەر ئەوە دەقی ئاگادار کردنەوەکە پێویستە هەبێ ئەگەر بمانەوێ، چونکە ئەوە ئیشی ڕێنمایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاگادارکردنەوەی پێویست ناکات، چونکە ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوەیە بیکەی یا نەی کەی، هەڵی بژاردووە بۆ شتێک تۆ هەڵی نابژێری لەوەی کە زەوییەک لەجێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی هیچی لەسەر دروست نەکرابێ دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، لەبۆ وەیە هانی بدەی کە بیکات وشێوەی وەرگرتنەوەکەشی بەپێی (تنظیمات) لەسەر ئەو یاسایە وبەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێنماییەکان خۆی تەواوی دەکات. جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە کە بڵاوکرایەوە لەپەرلەمان، لەو ڕۆژەوەیە کە لەرۆژنامەی پەرلەمان بڵاوکرایەوە ناتوانی چیتر بچێ شتی لەسەر دروست بکات بڵێ ئەوە پابەند نییە یەکسەر دەبێتەوە موڵکی دەوڵەت ئاگادار کردنەوەی بۆ چییە بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم وتەواوی دەکەین:ـ ئەو(ڕۆژنامە)یەی کە پێشنیار کرا زیاد بکرێ، ئەو(علی ان يتخذ المشروع لنفس الاغراض) ئەوە پێویست ناکات، پێشنیارەکە ئەڵێ پێویست دەکات، پێشنیارێکی تریش هەیە کە ئەم رستەیە زیاد بکرێ و بنووسرێ (لنفس الاغراض التی شيدت من اجلها). کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. کە واتە یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ

لەگـەڵ نیـیـە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکـو خـۆی مـایەوە. دێینەوە سـەر خـاڵی دووەم وبا جـارێ پێشنیارەکە تەواو بکەین.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بڕیاری(٣٥٣)ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە...

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دەنگمان لەسەر داوە، لەسەر ژمارە(٢)وپێشنیارەکە بەو شێوەیەیە کە بکرێ بە(٢)ساڵ، خۆی (٣) ساڵە، دەڵێن دەبێ بکرێ بە(٢) ساڵ، ئێستا کێ لەگەڵ پێشنیارەکەیە کە بکرێ بە(٢) ساڵ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە (٣) ساڵ واتە خاڵی(٢)، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. خاڵی سێیەم پێشنیارێک هەیە ئەڵێ ئینزارێک بدرێ بەوەی کە ئەو پرۆژەیەی لەزیممەت دایە.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕای من ئاگادار کردنەوە پێویست ناکات چونکە هەر وەزارەتێک ئەمڕۆ شەخصیەتی مەعنەوی خۆی هەیە، ئیجرائات چۆن سەبارت بە کەسێک دەکرێ ئەویش دەتوانی هەمان ئیجرائات بکات لە ڕاستە ئیشی هەموو وەزارەتێکە یانی لەناو یاسایەک یان ئەوە کێ ذکر بکرێ مافی ئاگادار کردنەوەی هەیە ئەوە پێم وایە هیچ پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێرە باسی باجی داهات دەکات دەڵێ(٥)ساڵە ئەو پرۆژەیە ئەگەر تەواو بێ لێ بووردراوە لە باجی دەخل، هەروەها دەڵێ باجی خانووبەرەش(١٠)ساڵ لێ دەبووردرێت، ئێستا ساڵی ١٩٩١یە، واتە(١٤)ساڵە ئەو زەوییە دابەش کراوە مانای وایە هەردوو باجەکە لەسەر ئەو پرۆژەیە موستەهەقە لەو حاڵەتەی کە من پێشنیارم کرد کە وتم پێویستە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی وەربگیرێ، واتە بنەمای هەبوو هەروەها لە برگە یەک دا دەڵێ بانقی خانووبەرە پارەی داوەتێ لە(٦٥٪)پرۆژەکە ئەو حیمایەیە بۆ خەزینەی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

هێشتا بوار ماوە بۆی زیاد بکەین، ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک سەعید پێشنیارەکە بەتەواوی چییە؟

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەبوو کە داوام کرد دەقێک لەمەو پێش کە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وەربگیردری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە«٣٥٣» ساڵی ١٩٨٠) نووسراوە لەوێ هەیە؟ باشە سوپاس ئەو روون کردنەوەیە لە جێگای خۆی بوو، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من رەزامەندی وەزارەتی دارایی ناوێ بە دەلیلی ئەوەی هەر مامەڵەیەکی فرۆشتن مانای وایە کە ئێمە دەڵێین رەزامەندی وەزارەتی شارەوانی خۆ مانای وایە بۆ شەخصەکەیە، بەڵام هەموو مامەڵەی فرۆشتن بە شارەوانی ئاسایی دەڕوا، بزانین قەرداراە یان قەردار نییە؟ بە فەرمانگەی باجی خانووبەرە دا دەڕوات بزانی خانووبەرە قەرداراە یا قەردار نییە هەموو هەنگاوەکانی بە باجی داهات دا دەڕوات ئەگەر ئەوانە هەمووی لەسەری رازی نەبن مامەڵەکە ئاسایی فرۆشتنەکەی ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد سەعید بۆ پێشنیارەکەت ئەوە وەلامەکەیەتی، ئینجا پێشنیارەکەی کاک حەسەن، واتا برگە سێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاس.کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

ثالثاً:لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سێیەم، چ تێبینی نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

رابعا/على الوزواء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر برگە چوارەم نییە، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

خامسا/ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێنجەم چ تێبینی نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. وەکو بریار پاش ئەوەی دەنگ لەسەر برگەکانی درا. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بریارە بەگشتی وەکو خوێندرایەوە ودەنگی لەسەر درا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ

نیـیـه؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕیارە پەسـەند کـرا. سوپاسـتـان دەکـەین. ئێسـتـاش دێینەوە سـەر خاڵی/٢ی بەرنامەکەمان پرۆژەی بڕیاری ئیفراز کردنی زەوی وزاری کشتوکاڵیەو زیاتر پەیوەندی بەوەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، وابزانم کشتوکاڵیش بەشێکی تێدا هەیەو هەر وەزیریش دیارە کە لێرەن.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

بسم اللة الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

قرار

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم/١ لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير البلديات والسياحة، ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٤ اصدار القرار الاتي:-

اولاً: يجوز افراز الاراضي الزراعية وغير الزراعية والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً والاراضي الغير الزراعية والبساتين الموقوفة وقفاً خيريا صحيحا الواقعة ضمن حدود التصاميم الاساسية للبلديات بما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لها.

ثانياً: يمنع افراز الاراضي الزراعية او البساتين مما كان صنفها خارج حدود التصاميم الاساسية لاغراض غير زراعيةوتستثنى من ذلك المشاريع الحكومية وبما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لتلك الاراضي بموجب التصاميم الاساسية وبعد موافقة وزارة البلديات والسياحة تبعاً لموقع الاراضي.

ثالثاً:

أ- يطفأ حق التصرف في الاراضي الزراعية وغير الزراعية المملوكة للدولة الواقعة ضمن حدود التصاميم الاساسية للبلديات ويعوض اصحاب الحقوق التصرفية بنسبة(٨٪) من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فيها وذلك بعد تصحيح جنسها ويحق لهم افراز المساحة المذكورة الممنوحة لهم بما لايتعارض مع الاستعملات المقررة لهم ويتم التعويض بالنسبة المذكورة اعلاه من القطع السكنية اذا كانت الارض مطفأة حق التصرف فيها واقعة في المناطق السكنية او غير السكنية.

ب- اذا كانت الارض المطفأ حق التصرف فيها خاضعة لضريبة عقارات او صاحب التصرف فيها قد تبع عنها او تحققت عليها بسببها مبالغ عن اجور تبليط اوفرضت عليها اية رسوم بأعتبارها ارضا عقارية وتسجيل المبالغ المدفوعة من قبله فعلاً للاغراض المذكورة ايرادا للدولة وتشطب الرسوم او الضرائب والاجور وفوائدها غير المستوفاة.

رابعاً:

أ - يمنع افراز الاراضي الزراعية والبساتين الواقعة في التصاميم الاساسية للاغراض غير الزراعية اذا كانت التصاميم المذكورة تقرر لها استعمالات زراعية ولايمنع ذلك من افرازها للاغراض الزراعية او البستنة.

ب- لايجوز تسجيل التصرفات العقارية على البساتين والاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً للاشخاص الطبيعيين والمعنويين« دوائر الدولة والقطاع العام والمنظمات الجماهيرية والمهنية » الواقعة ضمن التصاميم الاساسية اذا كانت التصاميم المذكورة تقرر لها الاستعمالات الغير الزراعية وتملك الى الدولة وتسجل بأسم البلديات ذات العلاقة تبعا لموقعها ويتم التعويض عنها بنسبة (١٠٪) من مجموع مساحات الاراضي التي ستسجل بإسم البلدية بعد تصحيح جنسها ويحق لهم افراز المساحة المذكورة الممنوحة لهم بما لايتعارض لهم مع الاستعمالات المقررة لهم.

ج- يطبق حكم الفقرة(ب)ثالثا من هذا القرار على الاراضي المستملكة.

خامساً: تقدر قيمة المنشآت الثابتة على الارض الزراعية المملوكة للدولة المقرر اطفائها حق التصرف فيها او المملوكة ملكاً صرفاً للاشخاص بأعتبارها قائمة اذا كانت قد احدثت لاغراض الاستعمال الزراعي بما في ذلك دار سكن صاحب حق التصرف والعاملين في الارض، اذا كانت احداثها قد تم في ظل التشريعات الاخرى التي كانت غير ذلك وتقدر مستحقة للقلع اذا لم تكن قد احدثت لاغراض الاستغلال الزراعي او ثبت بأنها اقيمت خلافاً لاحكام التشريعات النافذة.

سادساً: تقوم وزارة المالية والاقتصاد بتخصيص الاعتمادات اللازمة في الميزانية لدفع مبالغ التعويض المستحقة بموجب هذا القرار.

سابعاً: تستثنى من الاستهلاك العرصات الغير قابلة للافراز من حيث مساحتها والقطع غير المشيدة المسجل افرازها من دوائر التسجيل العقاري للاغراض السكنية او العمرانية الاخرى. وان اشارت سنداتها الى كونها ارض زراعية واقعة ضمن التصاميم الاساسية وتفرض عليها ضريبة العرصات باستثناء قطعة سكنية ضمن العقار لكل شخص على ان لاتزيد مساحة القطعة الواحدة عن(٦٠٠) م٢

وفي حالة الشروع تفرض الضريبة الاضافية على مجموع السهام التي تزيد على مساحة قطعة لكل شريك.

ثامناً: تخصص الاراضي والبساتين المستملكة والاراضي المطفأة حق التصرف فيها بمقتضى احكام هذا القرار لاغراض مشاريع الدولة والقطاع العام واقامة المشاريع السكنية العامة والتصرف بما يفيض عن ذلك وفقاً للقوانين والانظمة المرعية.

تاسعاً: تسري الضريبة الاضافية اعتبارا من ١٩٩٥/١/١ وتزداد على المشمولين بالنسبة(١٪) سنويا.

عاشراً:

أ- جوز افراز الاراضي المملوكة ملكاً صرفاً للاشخاص الطبيعيين او المعنويين الخاصة التي تشير سنداتها الى كونها ارضاً غير زراعية اذا كانت واقعة ضمن التصاميم الاساسية وبما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لها ويتم تصحيح جنسها قبل صدور قرار(٢٢٢)لسنة ١٩٧٧ وتخضع لصنف الضريبة الاضافية المنصوص في البندين سابعاً وثامناً من هذا القرار حتى يتم افرازها وشمولها باحكامها.

ب- تعتبر كافة الاراضي التي تم تصحيح جنسها بعد قرار(٢٢٢)الاراضي التي تشملها البندين ثالثاً أ- ورابعاً - ب - .

الحادي عشر: تعامل الاراضي الزراعية وغير الزراعية والبساتين الموقوفة وقفاً ذرياً الواقعة ضمن حدود التصاميم الاساسية للبلديات معاملة الاراضي والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً لاغراض هذا القرار.

الثاني عشر: تعتبر باطلة كافة البيوع الواقعة خارج دائرة التسجيل العقاري المتعلقة بالاراضي المستملكة والمطفأ حق التصرف فيها بمقتضى احكام هذا القرار.

الثالث عشر: على وزارة البلديات والسياحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرار

الرابع عشر: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

الخامس عشر: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

السادس عشر: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت، دێینەوە سەر ئەم بڕیارە بابزانین برادەرانی لیژنەی یاسا روون کردنەوەیان هەیە، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە یەکەم برگەدا بڕەک زیادە هاتووە وخوێندرایەوەو راست نەکرایەوە لای کاک فەرسەت، حەزدەکەم ئەوەی تەئشیر بکات «یجوز افراز الاراضي الزراعية والبساتين» دوای«الموقوفة» ئەوەی تر هەمووی سڕاوەتەوە نازانم یەکەم برگە (يجوز افراز الاراضي الزراعية والبساتين الموقوفة وقفا خيريا) ئەوەی تر ئەو بۆشاییەی نێوانیان ئەوە هەمووی سڕاوەتەوەو زیاد هاتووە کاتی خۆی لە بڕیارەکەی ئەواندا نەهاتبوو نەمان زانی وئێستا راستیان کردوەتەوە ئەوە واقعە دەمێنێتەوە. دووەم لە(رابعا/ب) پاشی (المهنية) راستیان کردۆتەوە بأستثناء (لجمعيات التعاونية للاسكان) نووسراوە (يجوز تسجيل التصرفات العقارية على البساتين والاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفا للاشخاص الطبيعيين والمعنويين دوائر الدولة والقطاع العام والمنظمات الجماهيرية والمهنية

بأستثناء الجمعيات التعاونية للاسكان) ئەوجا ئەوەی تر خۆی دەخوێندرێتەوە تێبینییەکی بۆ برادەران، یەک دوو تێبینی گشتی هەیە لەڕاستیدا ئەو بڕیارەی کە ئێستا دەرچووە، برادەران بۆچوونیان وا نەبێ، کە شتێکی تازەیە ئەوەیە دوو بڕیاری(مجلس قيادة الثورة) ئەوەی کاک د.کەمال دەفەرمێ لەنێوان دوو قەوس و(٢٢٢)و(٨١٧)تا ئێستا ئەوانە هەردووکیان کاریان پێ دەکرێ وبرادەرانی وەزارەتی شارەوانی یاخود ستافی وەزارەتی شارەوانی ئەو دوو بڕیارەیان دەمج کردووە لەگەڵ یەکتر بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی دوو مەبدەئی تازە زیاتر هاتووە کە لەوانی تر نەبووە یەکێکیان لە بڕیارەکانی کۆندا هەیە دەڵێ قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکەنەوە (بالاراضي خارج اراضي البلديات) یانی (اراضی الاصلاح زراعی) لەبەر ئەوە ئێمە زەوی کشتوکاڵیمان نییە لەبنچینەدا خۆمان کێشەی زەویمان هەیە سەبارەت بە جووتیار وشت وا نەمان ویست ئەو پارەیە بخەینە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ چونکە لەکێ بیهێنێ بۆ خاوەنی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو دوو یاسایە پێویست ناکات هەڵبوەشێندرێنەوە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر چونکە ئێستا ئەو ئاماژەیەمان بۆ ئەوە تەواوە، تەقلیدمان کردووە ئەگەر حکومەتێک هەبێ گوتمان (لایتعارض) ئەگەر شتێکی هەبوو( تعارض)ی لەگەڵ بوو بۆ خۆی پابەند دەبێ ئەگەر تەعاروزیش نەبوو کار پێکراوە واتە: (نافذ المفعول)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بادەرگای گفتوگۆ بکەینەوەو، برادەران ناونووس بکەین بەڵام ئەگەر جەنابی وەزیرکافیە خان روونکردنەوەیەکی هەیە، پێش ئەوەی گفتوگۆ بکەینەوە بابفەرمووێ.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا کاکەڕەش وابزانم بەباشی روونی کردەوە، پێشتریش چەندین کۆبوونەوە کراون لەنێوان وەزارەت ولیژنەی یاسا بوو بۆ ئەو مەبەستە ومنیش هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە ئەوە دەمجی نێوان بڕیاری(٢٢٢)و(٨١٧)یە، لەبەر ئەوە ئێمە نەمان دەتوانی زەوییە کشتوکاڵیەکە دابین بکەین، یان روونتر بڵێین وەزارەتی کشتوکاڵ دابینی بکات بۆ تەعویز، ئەو خەڵکانەی کە زەویەکانیان ئەکەوێتە سنووری شارەوانی لەبۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی بنچینەیی پێویستمانە، ئەوەیەک لەکێشەکانی چارەسەر کردووە لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بەو زەویانە کە بنرخێندرێ بەپارەیەک بە نرخی ئێستا وەزارەتی داراییش ئەو پارەی بۆ دابین نەدەکرا لەبەر ئەوە باشتر وابوو لەجیاتی پارەی وەزارەتی دارایی وزەوی کشتوکاڵی وەزارەتی کشتوکاڵ ئێمە بتوانین بە رێژەیەک لە زەوییەکانی خۆیان قەرەبووی ئەو خەڵکە بکەین، کە زەویەکانیان دەکەوێتە سنووری شارەوانی

و، بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی بنچینەیی پێویستمانە وبەتایبەتیش ئەوەی پێشوو رەخنەیەکی زۆری لەسەر هەیە یانی ئێستا خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە زەویەکانیان بە بڕیاری(٢٢٢)اطفاء کراوە رۆژانە موراجەعەی وەزارەت دەکەن وابزانم زۆر بیرخەرەوەیان داوە بە پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران وهەموو لایەک، ئینجا پێمان باشە ئێستا ئەم دەمجە بەشێوەیەک بێ کە دیسانەوە چارەسەری ئەو کێشەیەشی کردبێ، یانی هەر دەمجێک نەبێ بەتەنیا بەڵکو دەمجێک بێ کە مافی خەڵکی تیا نەخورێ، نەوەزارەتی شارەوانی دەستی بەستراو بێ نەتوانێ هیچ ئیشێک بکا، بۆیە ئەگەر گفتوگۆیەکی باشی لەسەر بکرێت ومافی هەموو لایەکی تێدا پارێزراوبێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی مەبەست لەو یاسایە دەستی وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ شارەوانییەکانی شارەکانی کراوە بێت بۆ ئەوەی ئیفرازی زەوی وزار بکرێت، زەوی دابین بکرێ وبدرێ بەوانەی کە موستەحەقن بەپێی مەرجی تایبەتی بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ لە(٩/١١) ئەوەمان پێ گەیشتووە ئەم لەوەزارەتی شارەوانی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە لە(٩/١١) پێمان گەیشتووە ولە(٩/١٦)رای خۆمان لەسەر داوە، ئێمە گلەییەکەمان ئەوەیە، ئەوان گوێیان نەداوەتە ئێمە یەکسەر لەجیاتی ئێمەش یا بۆیان نەنارد بایە یان بەلایەنی کەمەوە ئێمە لە(١١/١٦)بۆمان ناردبوون دانیشتنێکمان بکردایە هەردوولا لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی لەیەک بگەیشتباین راکانمان ئالوگۆڕ بکردایە، ئەوان خۆیان کردووە بەنوێنەری هەموو لیژنەکان، مەبەستم لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری، رای خۆیان داوە رای ئێمەیان وەرنەگرتووە ئەویش لێرە بوایە کاک عەدنان هەر هەمان قسەم دەکرد ولەبارەی بابەتەکەی ئێمەوە ئێمە رامان داوە رایەکەمان وایە ئەوە یاسایەکی زۆر گرنگە بەڵام خۆم رام ئەوەبوو گفتوگۆی لەسەر نەکرێ بەڵام ئێستاکە بابەتەکە وایە با گفتوگۆی لەسەر بکرێ بەڵام ئەبوایە رای ئێمەمان وەربگرتایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا دیارە لێیان کۆڵیوەتەوە جا ئەگەر کەسی تر رەخنەی لەوە نییە، بابێینەوە سەر ئەوەی کاک کەمال گوتی، من نامەیەکی وەزیری دارایی و ئابووریم بۆ خوێندنەوە، ئێستاکە حەزدەکەن دووبارەی دەکەمەوە ئەوان ئاگەدار کراون و بەم پرۆژەیە ئەزانن پێش وەخت، دوێنێش لێرە بوو پێمان گوت، ئەوە وەزیری کشتوکاڵ لێرەبوو کافیە خان لێرەبوو کێشەمان لەگەڵ ئەو مادەیە نییە تەنها مادە(٥)ی دوێنێ نەبێ کە دەکاتە مادە چواری ئەمڕۆ ئەوان خۆیان حەزیان کرد دوای بخەن بۆ کاتێکی ترو بەڵام لەگەڵ ئەم ماددەیەشدا هیچ کێشەیان نییە.

**بەڕێز کاک کەرەم محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونی لیژنەی کشتوکاڵ لەپنچینەدا ئەو بابەتە پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە نییە

چونکه کشتوکاڵ هەر دەچێتە سنووری شارەوانی. کشتوکاڵ مانای وایە جوتیاران و زەوی ئەوە زیاتر پەیوەندی بەوە هەیە، لیژنەی خزمەتگوزاری ئەوەی پێویست بوو لیژنەی خزمەتگوزاری رای خۆی لەسەر بدات سەبارەت بەوە، ئەمە تەنیا خۆی وەزارەتی کشتوکاڵ کە وەزارەت لەوانە بوو بتوانی ئەو رەخنەیە بگرێ ئەگەر بێتو زەوییەکانی لە دەرەوەی سنووری شارەوانی قەرەبوو کرا یا ئەو ئەگەرە هەبوو وەزارەتی کشتوکاڵ ئیعتیراز بگرێ و بڵێ: نیتم من زەوی بدەم چونکە کێشەی ناکۆکیم هەیە کێشەی زەویم هەیە ئەوە کرداره کرایە رزگار کردنی وەزارەتی کشتوکاڵە لەو کێشەیەی کە هەموو جارێ شارەوانی داوای لێ دەکات وزۆر سوء تەصەروفیش لەوە دەکرا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بم بوورن یانی پارچە زەوییەک لەناو سنووری شارەوانی مەزندە کرا بەسەدان هەزار دینار وبەرامبەریش دۆنمی دەرەوە تەقدیر دەکرا نرخێکی زۆر کەم وەردەگیرا ئەوە زەرەرێکی زۆر بوو بۆ ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە، سوپاس.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەو روون کردنەوەی کاکەرەش کردی ئێمە بەوە مەمنوونین کە داوای زەوی کشتوکاڵیمان لێ نەکەن بەرامبەری بۆ قەرەبووی وبەشی دووەمیشی برگەی(٤-ب) **(يجوز تسجيل التصرفات العقارية المملوكة ملكاً صرف)** دوای ئەوە لە کێشەیەکی زۆر گەورە **رزگارمان دەبێ، سوپاس.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ناوەکانمان نووسیوە، ئەوەی ناویشی نووسیوە مەرج نییە ئیللا قسە بکا، فەرموو ئەوە بیست وئەوەندە ناو نووسراوە، لەوە زیاتر چی بکەین دوو سێ جار دەڵێین دەستتان بەرز بکەنەوە، جا من هیوادارم برادەرانی سەرۆک فراکسیۆن ئەم بابەتەمان بۆ چارە بکەن.

**بەرێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خەریک بووم ئێستا لەو بارەیەوە نامەیەک بۆ جەنابت بنووسم، مەرج نییە هەموو کەسێک لەسەر هەموو بارێک قسە بکات با لەبارەی مەسەلەیەک قسەبکات کە لێی دەزانی یان لەو لیژنانەی کە ئێمە هەمانە لەو لیژنانەی کە هاتوون وبەپێوە بێ کە لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە لەبارەی ئەو پرۆژانەی کە لەبەر دەمانن هی بریار بێ هی یاسا بێت دەستنیشان کراون چونکە ئەگەر بەو شێوەیە زۆر دوورو درێژ دەبێتەوە، جا هیوادارم لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا پەیرەوی ئەو ئامۆژگاریانە بکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاتی خۆی ئێمە لەسەرەتاوە وتمان هەر پرۆژەیەک بڵاوکرایەوە بەسەر برادەراندا، هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئازادەو مافی خۆیەتی قسەی لەسەر بکات خوا بکات لەسەر هەر پرۆژەیەک هەر(١٠٥)ئەندامەکە ناویان بنووسن و بڵێین قسە دەکەین، ئەوە گرفت نییە باشتریش وایە کە

پێش گفتوگۆ کردنی پڕۆژەکان بەرۆژێک ناوەکانمان بدەنێ و بڵێین ئێمە لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەین بۆ ئەوەی ئێمە کە دێینە ناو هۆڵەکەوە بزانین چەند کەس قسە دەکات و کاتەکەی بۆ دیاری بکەین.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر روون کردنەوەکانی کاکەڕەش لەبارەی هەڵەکانی چاپ، لام وایە برگە(٧) هەڵەی چاپی هەیە ئەڵێت (في حالة شروع) وا ئەزانم ( شروع) زاراوەیەکی یاسای جەزائییە.(في حالة شيوع) ئەوە بۆ ئاگاداری فی حالە (شيوع) شروع نییە لە یاسای مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەخوێندنەوەدا، کاک فەرسەت راستی کردەوە..

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم بڕیارە پەیوەندیی بە زۆر بڕیار ویاسای ترەوە هەیە، بۆنموونە: پەیوەندیی بە بڕیاری (٢٢٢)و بڕیاری(٨١٧)و بڕیاری( ٦١٠)و بڕیاری(٨٧)و یاسای(٥٣)ئێمە کە دوێنێ پێمان گەییشتووە، ئێمە دەبێت بتوانین گفتوگۆی بکەین، برادەرانی لیژنەی یاسا ئەوە هەموویان دیویانە، لێیان کۆڵیوەتەوە ئێمە ناتوانین وا زوو بەپەلە گفتوگۆی بکەین من پێشنیار دەکەم ئەمەدوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە کاتی خۆی دراوە بە لیژنەکان کە لیژنەی پسپۆڕن ئەوانە پێویست بوو بڕۆن خۆیان ئەو یاسایانە بدۆزنەوە، بابزانین ئەنجامیان چییەو ئەوجا گفتوگۆی لەسەر بکەن، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

انا اضم صوتي الى صوت الاستاذ محمد حسن للقرار، هذا متعلق بعدد من القرارات وتطبيق تلك القرارات حقيقة له اثار سلبية كبيرة، تحدث عنها ايضا الاستاذ محمدحسن في القرار السابق فيفضل ان يؤجل هذا القرار للاطلاع على بقية القرارات التي تأتي في(٢٢٢) وفي(٨١٧) وشكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

باشە بزانین كەی ئەم پرۆژەیە بڵاو كرایەوە بەسەر فراكسیۆن وبەسەر لیژنە تایبەتیەكاندا، بابزانین كەی پێیان دراوە..؟!

**بەڕێز مەلاهادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ رای ئەو برادەرانەمە كە دوابخرێت چونكە دابەش كردنی ئەو یاسایانە وەكو پێویستە وابزانم نەگەیشتووەتە دەست برادەران، بۆنموونە: ئێمە دوێنێ راپۆرتێكمان بەدەست كەوتووە لیژنەی یاسا ئاراستەی ئێمەی كردووە ئێمەش وەڵاممان داوەتەوە دەڵێین بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەن نووسراوتان ژمارە(٦٢١١)لە ٢٢/١٠/١٩٩٤لیژنەی كاروباری یاسایی كەوێنەی گەیشتووەتە لامان داوای رای لیژنەكەمان دەكات لەسەر نووسراوی بەڕێزتان ژمارە(٤٦٦)لە ٢١/٨/١٩٩٤ ئەوە دەقی نووسراوەكە بەناوەڕۆكەوە پێمان نەگەیشتووە تكایە **بۆمان بنێرن بەڵكو رای خۆمانی** لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئنجا كاكە مەلاهادی ئەو نووسراوە لە٨/٢١ وەكو جەنابت دەڵێی **تەحویل كراوە، بەڵام ئێستاكە** ١١/١٠یە واتا زیاتر لە دوو مانگە لەنێوان لیژنەی خزمەتگوزاری **ولیژنەی یاسادا جێبەجێ** نەكراوە ئەمە كەی رەوایە؟! تكایە با شتی وا بەجیددی وەربگیرێ.

**بەڕێز مەلاهادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من بەرگری لەخۆم ناكەم..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

٨/٢١ ئاگەدار كراونەتەوە لەم بابەتە، ئایا نە ئەكرا هەوڵ بدەن ئەوەی كە پێویستە پەیدای بكەن، بەڕاستی یانی هەندێ مەسەلە هەیە هەق نییە بەو شێوەیە لەكۆڵی خۆمانی بكەینەوە ئەگەر حەزدەكەن بەجیددی گفتوگۆی لەسەر بكەن، موتابەعەی بكەن، بگەڕێن بەدوای یاساكاندا، لەدوێنێوە و لەپێرێوە ئەم پرۆژەیە هەیە ئەگەر نیتانە نووسراوێكتان بكردایە بتان گوتبایە داوا دەكەین دوابخرێت بەڵام ئەوە واچۆتە ناو بەرنامەی كارەوەو ئێستاكە دێینە سەر گفتوگۆیەكەی، كە چی ئینجا ئێوە دێن داوا دەكەن دوای بخەن، ئەمە بەو شێوەیە نابێ.

**بەڕێز مەلاهادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەبوایە رای هەموو لیژنەكان وەربگیردرێ..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

باشە، قەیناكە ئەیخەینە بەردەمی برادەران بابزانین لیژنەی یاسا رایان چییە؟ كاك سەید فەرموو.

بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێم وایە وەکو جەنابت وەڵامت داویەوە ئێمە لیژنەی یاسا بەرپرس نین لەوەی کە لیژنەکانی دیکە وەڵامان نادەنەوە یان بەدەستیان ناگات بەراستی ئێمە یەک داوامان هەیە لە لیژنەی یاساو لە بەڕێزتان لەمەودوا هیچ پرۆژەیەک بۆ ئێمە نەنێرن هەتا رای لیژنەی تایبەتی لەسەر نەبێ ئنجا بۆ لیژنەی یاسا بنێردرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لە پەیڕەوی ناوخۆ(١٠)رۆژی داناوە کە وەڵام بدەنەوە، تکاتان لێ دەکەین شت لەکاتی خۆیدا بکەن. کاک فرەنسۆ فەرموو.

بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە بەرنامەمان زۆرە یانی وەنەبێ کە ئەوە دواخرا دەوەستێ مادام داوایەکی زۆر هەیە بۆ دواخستن ودواکەوتن خاڵی تر هەیە لەبەر دەستمانە، دەتوانین با ئیشەکانی خۆمان بکەین، من پێم وایە زۆر برادەرانی خۆشمان بۆ منیان نووسی دەڵێن حەزدەکەین دوابخرێ ئەوە چونکە دوو رۆژە یاسێ رۆژە گەیشتۆتە فراکسیۆن، هەر چەندە من خۆم اعتماد لەسەر رای کاکەڕەش دەکەم بۆ ئەو قەزایەی کشتوکاڵی وزۆر شت هەیە من رای ئەو وەردەگرم بەڵام برادەران زۆر الحاح دەکەن و ماددەی تریشمان هەیە ئەگەر دوا بخرێت چی تێدا نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڵێ مامۆستا مەلامەحمود فەرموو..

بەڕێز مەلامەحمود دێرشەوی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی من دوو سێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو بابەتە، یەک کە چۆن جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی هاتینە کرنی بابەتێکی تر کە تابعی ئەوقافیە گەلەک حەزمان کرد، وەزیری ئەوقاف لێرە ئامادە نییە، دووەم ژی دەربارەی موڵکی ئەوقافی ئەز دبێژم یاسایەکی تایبەت هەیە داوایەکی تایبەت کاتی خۆی دامانە پەرلەمان پێشنیارمان کرد کە ئەو یاساو بڕیارە هەڵوەشێتەوە کە بەعس موڵکی ئەوقافی دەفرۆشت، سوپاس.

بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

نازانم برادەران زۆربەی بابەتەکەیان لەملی مە ئالاند، خۆی پرۆژە پرۆژەی حکومەتە یانی ئێستا ئەو پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە، لە وەزارەتی شارەوانی، تەنیا کاری ئێمە کاری دارشتنە لەوانەیە زۆرشت هەیە ئەگەر کەم وکوریەک هەبێ، لەگەڵ شارەوانی پەیوەندیان کردووە و هاتوون

لەگەڵماندا لەیەکتر گەیشتووین ئەوجا هەموارمان کردووە، ئەگەر هەموار کردنی ویست بێ هەمووی ئێستا لەسەر ئێمە حسێب کراوە، گوایە ئەوە یاسامان دروست کردووە نەپرۆژە ئێمە دروستمان کردووە نەهیچ هاتیە، لەوێ هاتیە چارەسەرمان کردووە ئەوەیەک. دوو مافی کەس پارێزراو نییە بەڵام مافی ئەوقاف پارێزراوە بەو یاسایە چونکە لە یەکەم مەرجدا دەڵێ: هیچ کەس بۆی نییە ئیفرازی بکات تەنیا ئەوقاف بۆی هەیە یانی موڵکەکانی خۆی دەتوانی ئەوەی وەقفی خێر بێ ئیفراز بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی لەسەر مەسەلەی هاتنی فلان وەزیر یان فلان وەزارەت یان رای فلان وەزارەت بەڕاستی ئەنجوومەنی وەزیران هەتا لە دانیشتنەکانی خۆیان دا گفتوگۆی ئەو پرۆژانەیان کردووە ورای وەزارەتی شارەوانییەکانی (بناءاً علی ماعرضه وزیر البلدیات ووافق علیه مجلس الوزراء) یانی هەق نییە مەرجەکان بەو شێوەیە بن، ئێستاکەش من پێم وایە هەتا وەزارەتی شارەوانییەکان تەقریبەن دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک نوێنەرایەتی هەموو ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەکات، لێرەدا رای حکومەتە، بەڵام لە تایبەتمەندی شارەوانییەکان لەوێندەر بەرگری لێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گلەییمان لێ دەکەن لە دیوان دەڵێن زۆر جار بەریدەکە کەس نییە بیکاتەوە ببیبات، ئێمە هەر یەکەو سندوقێکمان کردۆتەوە بۆی، بۆ ئەوەی بەریدی خۆی بچێتە ئەوێ، بەڵام باوەڕدەکەن هەندە برادەر هەندێ بەدوو مانگیش جارێ سندوقەکە ناکەنەوە، بەڵام لەوەیە هەندێ برادەر نەزانێ سندوقەکەش لەکوێیە، جا ئەو پێشنیارەی جەنابت باشە من ئەڵێم لەمەودوا پرۆژەکان هەموو دابەش دەکەین بەسەر لیژنەکاندا، بەڵام با بدرێ بەهەمموو ئەندامانیش یانی ئەوە کراوە کە ئێمە ئەیدەین بە فراکسیۆنەکان هەموو ئەندامانی لیژنەکانیش لەوێن لەمەودوا داوا لەبرادەران دەکەین بەتایبەتی کاروباری ئەنجوومەن لەماوەی(١٠)رۆژدا وەڵامەکانیش وەربگرێتەوە، دەنا ناچارین بەرەسمی ئەوە بسەپێنین.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆچوونەکەی من لەبارەی خاڵێکەوەیە، کە پەیوەندی بە نەخشەکێشانێکی گشتی کوردستانەوە هەیە ئێمە ئەم یاسایە تەنیا نەخشەی شارەکان دەگرێتەوە مانای ئەوەیە ئێمە شارەکان گەورە دەکەین بەبێ ئەوەی امکانیاتمان بێ لەو رۆژەوە بتوانین خزمەتگوزاری بۆ دابین بکەین ئەو خزمەتگوزاریەی کە هەمیشە کەمتر ئەبێتەوە لە ئەنجامی ئەو کۆچەی لەدیهاتەکانەوە روو دەکاتە شارەکە بەڕاستی ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەموو دنیادا عادەتەن شاری بچوک باشتر

خزمەتگوزاری تێدا جێبەجێ دەکرێت یا دابین دەکرێ یانی بەڕای من ئەبوایە بۆ نەخشەی بنچینەیی ئەم شارانەش پەرلەمان رایەکی هە بوایە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم تێکەڵییەک هەیە لەنێوان رای برادەران ولە نێوان ئەو دەقەی کە هاتووە، برادەران بۆچوونیان وایە بەحوکمی ئەو یاسایانە ئەوقاف دەتوانێ زەوییەکانی خۆی بفرۆشێ تەبیعی ئەوان دژی ئەوەنە کە بفرۆشرێ و منیش دژی ئەوەمە کە ئەوقاف زەوی بفرۆشێ، چونکە کابرای واقف مەرجەکەی داناوە پێویستە بۆ لایەنێکی خێری استمراری ئەو خێرە بکا بەس لێرە مادام بابەتەکە فرۆشتن نییە بابەتەکە افرازە با بەیانی بڵێین پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی ئەوقاف هەیەتی لەسەرەوەی نەخۆشخانەی رزگارییە دەیەوێ قوتابخانەیەکی دینی لەسەر بکات جائزە لەوێ لە بۆ ئەوقاف ئەوە افراز بکات لە زەوییەکی کشتوکاڵی بکرێت بە زەوییەکی ئامادەکراو بۆ خانوو وقوتابخانەکە لەهەمان کاتدا لەوانەیە بچێ پارچە پارچەی بکا پارەی پێدەوێ بیفرۆشی لەمزگەوتێکی سەرف بکات لێرە ئامانج ئەوەیە ئەگەر برادەران رایان ئەوە بێ ئەوقاف زەوی دەفرۆشی، لێرە لەو یاسایەدا چارەی ناکرێ ئەوە پەیوەندی بەوە نییە بابەت افراز کردنە چونکە دەستکاری موڵکی ئەوقاف نەکراوە، موڵکی ئەوقاف نەدراوەتە کەس نەحوکمی ئەو یاسایەشە، تەنیا عەملیاتی افرازە دەتوانی وەکو خەڵکی تر کە چی لە فەرمانگەی تر مەنع کراوە فەرمانگەی تر ناتوانی ئیفرازی بکات بەڵام شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕیار ئەدرێ گفتوگۆی لەسەر نەکرێ بانەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ با تێبینییەکان تەواوبن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕیارانەی کە هەمووی برای بەڕێزم کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد، لەڕاستیدا ئەو دوو بڕیارەیە وبڕیارە سەرەکییەکە بڕیاری ژمارە(٢٢٢)بەڵام لێرەدا بڕیارێکی دیکەش بەشداری هەیە لەگەڵی ئەویش بڕیاری لە ژمارە(٨٠٠)ەوە قەرەبووی داناوە لەبۆ ئەو زەویانەی کە دەستی بەسەردا

دەگیرێ وقەرەبووەکە بەشێوەیەکی رەها هاتووە یان نەقدی یا هەمان ئەو لایەنەی کە اطفای دەکات موخەیەرە بەلاَم لێرەدا ئیلزامی کردووە کە خاوەن زەوی قەرەبووی عەینی وەرگری، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم محەمەد سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وابزانم کەوا ئامانجی سەرەکی لەو بریارە نەخشەکێشانی بنچینەیی شارەکانی پێ دابەش بکرێ ئیفراز زیاد بێت زەوی دابەش بکرێت بەسەر هاوولاَتیاندا، من وای بۆ دەچم کەوا ئەوە هۆیەکانی موجیبیەیە بۆ دەرهینانی ئەم بریارە، لەبەر ئەوە من دەزانم واتێ دەگەم کەوا ئێستا کاتی ئەو بریارە نییە ئەبێ ئەم بریارە ئێستا دوابخرێ ئیفرازکردن لەناو شارەکان بوەستێندرێت لەجیاتی ئەوە ئەبێ بریارێک هاتبایە یان مسوەدەی بریارێک لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هات باو هانی خەلَکی دابا کەوا گەرابانەوە بۆ دێهاتەکان لەجیاتی ئەوە ئیفرازی شارەکان بکەین ئیفراز بووەستێ ئەبێ ئیجازەدان بووەستێنین فەسخی ئیجازەی بینا بکرێ تاکو کەرەستەی بینا هەرزان بێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئێمە پرۆژەکەمان پێ گەییوە کۆبوونەوەشمان لەسەر کردووە، رای خۆشمان دەربریوە بۆ سەرۆکایەتی هەر دوولا، بەلاَم ئەوەی بەڕاستی کێشە بووە بۆ ئێمە کێشەی ئەو زەویانەیە، کەوا وەقف کراون، بەڕێزتان دەزانن برادەران چاکیان ئاگا لێیە کەدوو چەشنە وەقفمان هەیە وەقفێکی مەرجدارمان هەیە کە تایبەت دانراوە کاتێکی رەهامان هەیە کە سەر بە هەموو موسلَمان وەقف دەکرێن، بۆ نموونە ئێستا پیاوێک زەوییەکی دیار کردووە لەبەرژەوەندی مزگەوتێکی دیاریکراو، ئەوە زەوییەکە وەقفە لەسەر فلان مزگەوت بەڕاستی ئەوە بە گوێرەی شەرع ناشێ، هیچ کاری تیا بکرێت، دیارەکاتی خۆی رژێمی عێراقیش هەر ئەوەی کردووە یانی شتێکی وای کردووە لەو بابەتە ئەوقاف زەوییەکانی فرۆشتووە ئێمە لەگەلَ هەموو ئەوانەدا نین چونکە ئەبێ زەوییەکانی ئەوقاف بپارێزین، بەلاَم ئەوەی گرنگ بێ لای ئێمە ئەوەیە کەوا ئەو زەوییە راگیراوانە ناوی لێ نراوە، نابێ دەستکاری بکرێن ئەگەر دەستکاری بکرێن ئەوە تەعاروز دەکات لەگەلَ شەرعیەت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر یاسایەکە، یەکەمیان ئەوەیە: کە مافی هاوولاَتیان لێرە نەدراوە کە بۆ ئەوەی ئیعتراف بکەن لەبەر دەمی دادگادا ئەگەر زەوییەکانیان اطفاء کرا، ئەوە لایەک دووەمیش بە بۆچوونی من ئەبوایە ئەو پرۆژەیە بلاَو کرابایەوە بۆ هاوولاَتیان بۆ ئەوەی لەرۆژنامەکاندا رای خۆیان بووتایە وماوەیەک دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لەلیژنەی دارایی کە پرسیاریان لێ کردین، ئێمە رای خۆمان دا نووسیمان بۆ سەرۆکایەتی کەوا ئەو یاسایە یاسایەکی گشتییە پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە هەیە، پەیوەندی بەوەزارەتی دادەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتەکانی تریشەوە هەیە، بۆ ئەوەی پێویستە بدرێتە رۆژنامەکان، بدرێتە پسپۆران لە یاساییەکان و یاسا ناسەکان ئەوەی پەیوەندی بە زەوی هەیە، رای هەمووان وەرگیرێ ئنجا تێبینیەکان بخرێنە بەردەم لیژنەی یاسا دای برێژێ ئەوجا بخرێتە گفتوگۆ واقرار کردنی هەروەها، من قسەکم هەیە لەگەڵ لیژنەی یاسا کەوا دەڵێ ئەو زەوییانە کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە کە پەیوەندی بەوەزارەتی کشتوکاڵەوە نییە، من پرسیارێکم هەیە باشە کێ دەیکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان دەربارەی ئەم بابەتە قسە بکەن، گشتیە قسەیان کرد، رای هەموو لایەک روون بوو

کەوا دوای بخەین ودرێژی بکەینەوە خراپ نییە، بەڵام رایەک هەیە کە لە رۆژنامەکاندا بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی پسپۆرانیش ئاگادان لێ بێ و سنوورێکی زەمەنی بۆ دابنێین، مادام بابەتەکە لەکاتی گفتوگۆ کردندا دەردەکەوێ زۆر لایەن گرنگی بەم یاسایە داوە ولایەنێکی ئەوقافمان هەیە لە لایەکەوە برادەرانی لیژنەی ئابووری هەیە دیارە لەزۆر لاوە گرنگی پێ دەدرێ بە یاساوە، جا ئەوە وابزانم هیچ دەقیێک نییە رێگەمان لێبگرێ لە بڵاوکردنەوەی بەپێچەوانەوە ئەگەر بڵاوی بکەینەوە سوودی زیاتر دەبێ.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڵاو کردنەوەی زیاتر ولێکۆڵینەوە لێی و رای شارەزایان لەسەری وپسپۆران شتێکی زۆر باشە، بەڵام من یەک روون کردنەوەم هەیە سەبارەت بە ئەوەی کە هەندێ تەفسیری کەی بۆ دەکرێ یان حەزدەکەم هەر لەکاتی دیاری کراودا بڵاوی دەکەینەوە جارێکی تریش هەموو لایەکمان دەرسی دەکەینەوە بەس لەو دیراسانە ئەوە لەلای خۆیان لابەرن کە ئەمە بۆ ئەوە بێت کە خەڵک برژێتە ناو شارەکان. حەزدەکەم بەو چاوە سەیری نەکەن چونکە ئێمە زۆر جار کێشەی گەڕانەوەمان هەیە لەسەر ئەوەی کە ناتوانین لەناحیەک یان لە بڕیارێک بەخەڵکەکە بڵێین بگەڕێنەوە زەوییان نییەو جاری واهەیە لەسەر کێشەی زەوی چەشنەها کێشەی وا دروست دەبێت بەڵام ئەگەر بۆ سنووری ئەو ناحیە، ئەوان هەر سەیری مەرکەزی ناوشار دەکەن سنووری ناحیەک کەتۆ دایدەنێی یاسنووری قەزایەک، ئەو کاتی خۆی موغلەق بوو کە رژێم هیچ کاتێک نەی ویستووە وهەوڵی تەرحیلی داوەو ئێمە سەر لەنوێ. هەمووی نەخشەی نوێمان بۆ کردوون، ئەوەی کە تەواو بووە،

ئەوەی تەواویش نەبووە ڕەنگە هەندێ کێشە هەبێ ئێستاکە لەتەواو بوون دایە لەبەر ئەوەی کێشەی زەوییەکان نوێیە تاکێشەی زەوییەکە چارەسەر نەکەین چۆن دەتوانین ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکەین یا جێبەجێی نەکەین و بەزۆری تەجاوزات وخروقات کە دەکرێت لە کوردستان هۆیەکەی ئەوەیە ئێستا ئەو زەوییانەی کە هەنە ئێمە ناتوانین هیچ تەصەروفێکی پێ بکەین بۆ نموونە ڕەنگە باشتربێ ئەگەر باسی بکەین چونکە قسە زۆرە بیکەین، خەڵک داوای زەوی دەکات تاکو پرۆژەی پیشەسازیی لەسەر بنیات بنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەزیری کشتوکاڵ ئەگەر روون کردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەم باسە بابفەرموون. ئەمانە هەموویان کێشەن و رووبەڕوومان دەبنەوە.. بە رای من ئەمە ئەگەر دوای بخەین بۆ ماوەیەکی تر زیاتر دەوڵەمەند بکرێت بە گفتوگۆ لەسەر کردنی ودوو رایەشی لەسەر هەنە ئەگەر بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی زیاتر خەڵک لێی ئاگاداربن. کاکەڕەش وابزانم قسەی هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەوە مانع نییە کە بڵاو بکرێتەوە وبا زۆر بمێنێ لێی بکۆڵینەوە، تەبیعی هەردوو یاسا کە نەهاتە ئێرە هەردووکی کاریان پێدەکرێ نازانم ئەو برادەرانە تا ئێستا بۆ بیریان لێ نەکردۆتەوە یەکی هەڵبوەشێننەوە ئەگەر ناگونجێ یا نیشی پێ ناکرێ و ئەگەر شتێکی خراپە لای بەرن، یا هەمواری بکەن تا ئێستا شارەوانی ئیشی بەو یاسایانە کردووە، کەچی ئێستا ئەو بارودۆخەی شار لەڕاستیدا بەو شێوەیە تێکچووە چونکە زەوی کشتوکاڵی لەناو شار تۆ ماوە نادەی خاوەنەکەی افرازی بکات لەبەر ئەوە تەماشا دەکەی گەڕەکێک دەگوازرێتەوە دەچێتە ئەولای بۆشاییەکی ئێرەو دنیایەک لەنێوان ئەو گەڕەکە پەیدادەکات وماوەیەک نییە بۆ خاوەنەکەی افرازی بکات زەوییەکەش نەبۆتە هی شارەوانی تا بتوانێ شارەکەش رێک بخا، رووبەرێکی ئێجگار بەتاڵ هەیە تەماشای ئەکەی(٧)ی نیسان هەیە لەولایە کەچی لەنێوان(٧)ی نیسان وهەولێر مەسافەیەکی گەورەیان جێ هێشتوە زەوییەکە کە هی خەڵکە هی کشتوکاڵیە دەبێ افرازی بکات نە دەیکەنە شتێک لەو گۆڕەی دەمێنێتەوە، جوانی شارەکەش نامێنێ بابەتەکەش بەو شێوەیە ئاڵۆز نییە، خەڵکەکە بۆچوونی وایە خۆی کابرایەک خاوەنی موڵکەکان زەوی کشتوکاڵییان هەیە شارەوانی بەشێک لەو زەوییە دەدات بە خاوەنەکانیان ئێوەش بۆ خۆتان زەوییەکە بفرۆشن بیکەنە پارچە، هیچی تری تێدا نییە چ مەبادیئی نوێ نەهاتۆتە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی مامۆستا کاکەڕەش دەکەم چونکە نەزیەتی کێشاوە بە یاساکان، بەڵام بۆ ئەوەی کەوا

ئەزانێ ئاگای لێ نییە وابزانم پارچە زەوی ناتوانم بڵێم لە(١٠٠٪)بەڵام زۆرکەم ڕەنگە بە دەگمەن مابن، کە لەو زەویانەی ئێمە بەپێی بڕیاری ژمارە(٨٠)ساڵی ١٩٧٠داوامان نەکرد بێتەوە تەنانەت لە وەزارەتی دارایی کە داوای ئەکەینەوە وەڵامەکەی بە ڕەفز بۆمان ئەنێرنەوە، یانی ئێمە ئەوەلیاتمان هەمو هەیە هەمووی داوا بکەینەوە لەوە دەچێ وابێت پێیان خۆش بێت بڕیارێک لەپەرلەمان دەرچێ، دوایی ئێمە داوای هەموومان کردۆتەوە یەک لەوانە وەزارەتی پیشەسازی ئەو زەوییانەی کە هەیەتی ئێمە بەپێی ئەو بڕیارە داوای ئەکەینەوە ئەو لەولاوە ئێمە ئەپەڕێنێ و یەک نووسراو هەڵ ئەدات بۆ شارەوانی سلێمانی ودەڵێ بۆمان افراز بکەن یانی وەزارەت، بەڕێوەبەری گشتی دەپەڕێنێ بەڕاستی ئەمە وەزع نییە ئەگینا بە بڕیارەکانی دەزانێ هەمووی داوامان کردووە بە نووسراو«کتابنا وکتابکم» زۆریش هاتووە ڕۆیشتووە لەپرێکدا وەڵام دێت بۆ ئێمە کەوا ئەڵێین نایدەین وەکو ئەوەی کە بە ئارەزووی خۆیان بێت جا لەبەر ئەوە ئەمە ئەڵێم و، لەوەش زیاتر بەڵام مەسەلەیەکی سەرەکیش لەوەدا هەیە ئێستا پارە نییەو زەوی کشتوکاڵی نییە بۆ مەسەلەی ڕێژە ڕەنگە زۆر حەزیش بکەن بڵاو بێتەوە خەڵک لەسەر ڕێژەکە قسە بکات چەند بدرێ بەخەڵک جا نازانم ئەوە ئەگەر درێژ بێتەوە لەسەر ڕێژەکە کێشە دروست دەکات، نایکات ئەوە ڕای پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من پێویست نییە لەوەزارەتی دارایی داوا بکرێ بەحوکمی یاسا مەفروزە ئێستا وەزارەتی شارەوانی ئەو زەوییانەی دەستی دەکەوێ ئەوی ماڵی خەڵکییە ئەمیری صرفە هەمووی بەنووسراو بنووسرێ بۆ تاپۆ. نیشانە بە یاسای ژمارە(٨٠)ئەوە تۆمار بکەن وهەمواری قەیدەکە بکەن بەناوی فلان لایەنەوە بیکەن بەهی شارەوانی بۆ ئەوەی بتوانی تەسەروفی پێ بکات، بۆ لەبەر خەڵک بپارێتەوە وەزارەت ڕاستەوخۆ تاپۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ڕوون کردنەوەکەم زۆر تەواو نەبوو بێت بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی بەڕێز کاکەڕەش، تۆماری عەقاری بۆمان تۆمار ناکات ئەو موافەقەتی پێ ناکات، عەقاریش تۆماری ناکات بۆیە ڕەزامەندی وەزارەت داوا دەکەین نەک لەبەر ئەوەی نازانین کە ئەڵێ نەخێر هەردوو وەزارەت ڕازی بن کەچی عەقاری تۆماری ناکات لەبەر ئەوە وابزانم کێشەیەکی دروست کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارین ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، کاک حەسەن تێبینی هەبوو، جا تکایە بابەتەکە باکۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ناکەم هەر لەسەر کاکەرەش وقسەکانی کاکەرەش قسەبکەم کە دەڵێ بڕیاری(٢٢٢و٨٧) ئەوانە هەمووی ئاشکران دەبێت بیگەڕێنینەوە، یانی پێویست ناکەن، ئایا کاکەرەش کە لیژنەی یاساییە ئەم پرۆژەیەی بۆ هاتووە لەوەزارەتی شارەوانی ونەگەڕاوەتەوە بۆ بڕیاری(٢٢٢)بۆ بڕیاری (٨٧) بۆ ئەی یاسای تر کە پەیوەندیدارە بەوەوە، تا بتوانن بەشێوازێکی باش ودروست دەربهێنین بۆ پەرلەمان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بۆ جەنابت هێشتراوەتە، نەک بۆ کاکەرەش.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر کاکەرەش وای فەرموو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتە، پرۆژەی کاکەرەش نییە.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش دەڵێ صیغەم داناوە و ایجاب ناکات برادەران بچنەسەر یاسایەکی تر ئەوەیەک ومن پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەت، بۆ حکومەت ئەبێ یاسا پێشکەش بێت ئەی پرۆژە دەبێت هۆی موجبەی هەبێت مەبەست لە یاسا چییە بۆ وەزارەت هۆی موجبە بۆ پرۆژە دانانێ بۆ ئەوەی وەزیر باسی بکات ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم گوت موراجەعەی یاساکان مەکەن وتیان بۆ ئەوە ئاشکرا بکرێ تاکو پسپۆران رای لەسەر بدەن، خەڵک رای لەسەر بدەن، دەڵێم ئەو دوو بڕیارەی(٢٢٢)و٨٧ دەمێکە کاری پێدەکرێ لەساڵی(٧٠) وە دەبینم بەڵام برادەران نەیان خوێندۆتەوە شتێکی ئەوتۆ هەیە پێویستی بەهەموار کردنە یا ناگونجێ لەگەڵمان ئەوە ئەرکێکە لەسەر ئێمەیە خۆ لەسەر جەنابی کاک محەمەد پێویستە ئەگەر سزای دابانێ ئەو بڕیارە ناگونجێ، دەمێک بوو ئەندامی پەرلەمان کە پرۆژەیەکی پێشکەش بکردبایە بیگوتبایە (٨٧)و(٢٢٢)خەلەلێکیان تێدایە ئێمەش مەمنوونی دەبووین و ڕێنماییەکەیان جێبەجێ دەکرد، ئێمە نەمان گوت موراجەعە نەکەن بەپێچەوانەوە من ئیعتیرازم لەوە کرد کەبۆ موراجەعەتیان نەکردووە، چونکە هەردووکی کاریان پێدەکرێ ئێستاش شارەوانی لەسەری دەڕوات ئێستاش بەڕێز وەزیری شارەوانی دانیشتووە لەوانەیە زۆر بڕیاری جێبەجێ

کردووه لەسەر(٢٢٢) ئێستاش هەر دەیکات، بەپێچەوانەوە موراجەعەتی برادەرانی پەرلەمان زۆر پێویستن لەو یاسایانە، بەڵام نەک لەوکاتەی پرۆژەیەک یاسایەک (١٥)رۆژ تەواو بووە، ئنجا دێن وەڵڵا فلان یاسا اطلاعمان لەسەر نەکردووە ئەوەی حقوقی بێ لێرە هەمووی اطلاعی لەسەرە لەهەر سێ بڕیارەکان، چونکە لە کاتی پارێزەریی هەموومان دیومانە وبڕیارەکانیش دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ئەگەر وەزارەتی شارەوانی توانای ماددی هەبایە قەرەبوو بدات بەو خەڵکە چ پارە چ بە زەوی ئەو پرۆژەیان پێشکەش نەدەکرد وئێستا من ئەو پرسیارە لەبەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم ئایا هۆی پێشکەش کردنی ئەو پرۆژەیە نەبوونی داراییە یان نا؟.. لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەسەرجەم گفتوگۆی ئەندامانی بەڕێز ئەوە هاتووە کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە چۆن گرانی لەسەر شارەکان هەڵگرین، بەتایبەتی شاری هەولێر وسلێمانی ودهۆک هەقە بیر لەوە بکەینەوە کە نەخشەی قەزاو ناحیەکان نەخشەی بنچینەییان بۆ زیاد بکرێت بۆی جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە هاتوونەتە ناو شارەکان، بگەڕێنەوە بۆ لادێیەکانیان، هیچ نەبێ لەقەزاو ناحیەکان بتوانن لەوێ نیشتەجێ بکرێن قورسایی لەسەر شارەکان هەڵبگیرێ بە بۆچوونی من ئێستا لەم قۆناغەنین کە ئەو پرۆژەیە پەسەند بکەین لەوانەیە هاندانی خەڵکی تێدابێ کە زیاتر لە شارەکان بمێننەوە، کەس نەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانیان جا باهەوڵێکی ئەوە بدەین، بزانین نەخشەی بنچینەیی قەزاو ناحیەکان تەواو بەردەوام بێ، وجێگیر بێ بۆ ئەوەی خەڵکی گرانیی لەسەر شارەکان هەڵگرن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە بۆچوونی ئێمە ئەم بڕیارە دوا بخەین بۆ دانیشتنێکی ئایندە بۆ ئەوەی هەم وەزارەتی تایبەت لەگەڵ لیژنەی یاساو لیژنەکانی تریشدا قسەی لەسەر بکەن بەڵام زۆر نەخایەنێ، ئەگەر هەفتەی ئایندە ئەنجامێکمان پێ بدەن بەڵکو بیخەینە بەرنامەی کارەوە، باوەڕ دەکەم لەکاتی گفتوگۆشدا زۆرشت روون دەبێتەوە کە هێشتاکە ماوە، هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش چ پێشنیارێکی هەیە تکامان وایە بیدەن بە لیژنەی یاسا هەتاکو کۆتایی ئەم هەفتەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش چاوێکی پێدا بخشێنن، پاشان لەگەڵ لیژنەی یاسا قسە دەکەین ئەگەر پێویستیش بوو ئەوە سبەی ئەیدەین بە رۆژنامەکان بابڵاو ببێتەوە بۆ دوای هەفتەی ئایندەش بڕیارێکی لەسەر ئەدەین کە بیخەینە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لێکۆڵینەوە زیاتر سوودی هەیە، ناڵێین سوودی نییە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دامان ڕشتووە و، هەر لیژنەیەک کە تێبینی خۆی هەیە بابیداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی تێبینی لەسەر پرۆژەکەیە هەموو ئەندامانی پەرلەمان با دەرسی بابەتەکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو تێبینییانە ئامادە دەکەین تا ڕۆژی پێنج شەممە بگا بەئێوە بەڵام کارێکی وا بکەن تا ڕۆژی پێنج شەممە، کە دوایی کەس گلەییمان لێ نەکات بڵێ تێبینی ئێمەیان وەرنەگرتووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتو ئەو پرۆژەیە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە یانی حەقە سەقفێکی زەمەنی دابندرێ لە بۆ وەڵامەکانیان، پێم وایە ئەوە تا ڕۆژی پێنج شەممە بۆ ئەویش سەقفێکی زەمەنی هەبێت هەروەکو یاسای حزبەکان وکومەڵەکان کە پەیوەندییان بەمانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بڵاو کردنەوە بڕیارمان نەداوە، تەنیا بۆ دواخستنەکە بڕیارمان داوە، بۆ بڵاکردنەوە دوایی ڕای لیژنەی یاساش وەردەگرین، برادەرانی وەزیریش لێرە دەبن لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ ڕای ئەوانیش وەردەگرین، بەڵام ئەمڕۆ سەعات(٣)کۆبوونەوەیەکی ترمان هەیە بۆیە بڕگەکانی تری بەرنامەکەمان دوا دەخەین بۆ سبەی بەتایبەتی خاڵەکانی(٣-٤)پەیوەندیان بە وەزیری داراییەوە هەیە، داوا دەکەین ئەگەر حازربێ بەڵکو سبەی تەواوی بکەین ئەمڕۆکەش سەعات سێ دێینەوە بۆ ئێرە لەگەڵ وەزیرەکان دا ئەوانەی موکەلەفن بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەگەڵ ئەوانەشدا کە پرسیاریان کردووە ئامادە ئەبن، کۆبوونەوەی یەکەمی ئەم دانیشتنە لێرەدا تەواو بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەنەوە، سوپاستان دەکەین.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٦)

## کۆبوونەوەی دووەم/ سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/ ١٠/ ١٩٩٤

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم دانیشتنە کە بەردەوامی دانیشتنی پێش نیوەڕۆیە، دوو خاڵمان هەبوو خاڵێک ئەوەی تازە بابەت کە کاک د.کەمال پێشنیاری کردو فراکسیۆنی پارتی پشتگیری لێ کرد، خاڵی دووەمانیش کۆمەڵێک پرسیارە پێش ئێستاکە ئاراستەی جەنابی وەزیرەکان کرابوون، ئەو برادەران ژمارەیەکی باشیان لێرەن، پرسیارەکانیش پێویستە وەڵام بدرێنەوە، بەڵام پێشەکی بۆ خاڵی یەکەم ئەوەی کە پێشنیار کرابوودەربارەی ئەو ئیجرائەی کە ئێستاکە لەپارێزگای هەولێر دەستی پێ کردووە و، بەداخەوە یەک دوو ئەندامی پەرلەمان دوێنێ ئیجرائاتی لەگەڵ حەرەسەکانیان کراوە کە بەچەکەوە گیرابوون ئەویش بەپێی ئەو ڕێنماییەی کە لەلایەن لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستانەوە دەرچوون، لیژنەی ئاسایی کردنەوەی هەولێر، کۆمەڵێک بڕیاریان داوە کە دیاردەی چەکداری کەم بکەنەوە لەناو شار بەپێی بەرنامەیەک، ئەوە(٥)ڕۆژیشە، چەند جارێک لەتەلەفزیۆنەکانی هەولێرەوە ئەوشتە بلاو دەکرێتەوەو دەخوێندرێتەوە وپارێزگار خۆیشی چەند کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری کردووە وتەبلیغی کردووە بەرنامەکەیان چییەو لەکەیەوە دەستی پێ دەکات جگە لەمانە لەشەوی(٥)لەسەر(٦) کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری تەلەفزیۆنییان بەستووە کە بەیانی دەستی پێ دەکەن، ڕۆژی(٦)مانگ بەپێی ئەوە بەرنامەیە وەکو خۆیان ئەڵێن لەشەقامی سەد مەترییەوە پاشان دێنە شەست مەتری، دیارە دوێنێ گەیشتوونەتە(٦٠)مەتری وهەندێ بنەمایان داناوە بۆ قەدەغە کردنی یاکەم کردنەوەی دیاردەی چەکداری، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەیەک دوو برادەری ئەندامی پەرلەمانەوە هەیەو بووە مایەی ئەوەی کە ئەو پێشنیارە بکرێت وبکەوێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە، ئەو برادەرانە وابزانم دوو سێ برادەرن کاک فەرحان، کاک عەبدولخالق وابزانم دوو حەرەسی کاک ئەیادیش تووشی ئەو کێشەیە بوون لەبازار، دیارە مەفرەزەکانی کۆنترۆڵ کردنی دیاردەی چەکداری ئەوانەیان بینیوە جلی مەدەنییان لەبەر بووەو چەکیان پێ بووە ئەوانیش ئیجرائاتی خۆیان لەگەڵیاندا کردووە وەکو پۆلیس، کە ناوەڕۆکی یاسای ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکەن کە پەرلەمان پەسەندی کردووە، چەندین جارمان ئێمە یەخەی حکومەت و وەزیری ناوخۆیش گرتووە وداوامان کردووە کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێ، بەڵام بەداخەوە وابوو ئیتر دوو حەرەسی یەک دوو ئەندامی پەرلەمانی ئێمە ئەو ئیجرائاتانەیان بەر کەوتووە ، من لێرە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی حەز دەکەم دوو خاڵ ڕوون بکەمەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

١ـ ئێمە هەموومان ئەندامی پەرلەمانین ئێمە حەصانەمان هەیە بۆ هەڵگرتن وحیازەی چەک، بەڵام

حەرەسەکانمان حەصانەیان نییە ئەوکاتە حەصانەیان هەیە کە لەگەڵ ئێمەن، واتا ئەو کاتە حەصانەیان هەیە کە پێکەوە حیمایەی ئێمە دەکەن، بەڵام ئەگەر بەتەنها بچنە ناو جادە یاسواری سیارەیەک بن، یا لەناوچەیەک، لیا لەجێگایەکەوە بچن بۆ جێگایەکی تر یا بەکارێکی ئێمەش بچن، بەڵام نابێ هەمان حەصانەیا ئێمەیان هەبێ و لەهەر کوێ بن نابێ کەس پرسیاریان لێ بکا.
بەڵام لەبیرتان نەچێت کە مەبەستی یەکەمی بریارو یاسا جێبەجێ کردنە، و ئەبێ ئەندامی پەرلەمان لەهەموو کەسێک زیاتر بەرامبەر جێبەجێ کردنی یاسا مل کەچ بن وپشتگیری لێ بکەن و هەموومان ئەبێ لەراستیدا پشتگیری لەجێبەجێ کردنی ئەو بریارە بکەین کە خۆمان داومانە، هاوکاریان بکەین و هیچ کاتێک نابێ ئێمە بۆ یەک لەحزەش چییە پشتگیری خۆمان لەیاسا تۆزێک لەکەدار بکەین، بەپێچەوانەوە ئەبێ سوپاسیان بکەین وپیرۆزباییان لی بکەین کە لەهەولێر دەستیان بەجێبەجێ کردنی یاسای قەدەغەکردنی چەک کردووە، کاک یونس فەرموو.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایانی بەڕێز، هەروەکو بەڕێزتان روون کردنەوەیەکتان کرد لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەراستی ئەمە زیاتر لەساڵ ونیوێکە من باری ناوخۆم بەدەیان جار هێناوەتە ناو ئێرە وبەردەمی بەڕێزتان جەختتان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردۆتەوە کە خاڵێک لەخالەکانی ئەو دیاردە چەکدارییە وبەتایبەتی لەشاری هەولێر بۆ چارەسەر ناکرێ، بێگومان لەبەر ئەو بارودۆخەی کە هەبووە لەکوردستان لەوانەیە نەمانتوانیوە وەکو پێویست ئەو دیاردەیە چارەسەر بکەین، بەڵام خۆشبەختانە پاش ئەو رووداوەی چەند مانگی رابوردوو بە پەرۆشەوە بەم دواییە لیژنەکانی ئاسایش ولیژنەی ئاسایشی بەرز کە دروست بوو یەک لەخاڵەکان ئەوە بوو کە بارەگای چەکداری لەشارەکانی کوردستان وشاروچکەکان نەمێنن هەموو بچنە دەرەوە هەروەها هەمان لیژنەی باڵاو لیژنەکانی تری ئاسایش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئێمە استغلالی ئەو دەرفەتە بکەین لەکاتێکدا کە بارەگای پێشمەرگە لەناو شارەکان نامێنێ، ئێمە هەوڵ بدەین وبەتایبەتی لەشاری هەولێری پایتەخت دیاردەی چەکداری نەهێڵین، بەڕێزتان ئاگادارن ئەم دوو ساڵەی رابردوو بەتایبەتی ئەو رووداوانەی لەناو شار وبەتایبەتی لەشاری هەولێر کە روویان دا هەموویان لەئەنجامی ئەو دیاردە چەکدارییە بوو ئەو دزی ورێگرییەی کە دەبوو بەراستی دزی ورێگری نەبوو چەکداریی هەبوو وپێشمەرگە وخەڵکی تری چەکدار دەیان کرد ئەو بریارە لەکۆتایی مانگی دوو لێرە لەشاری هەولێر درا ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان وخۆشم وەکو وەزیری ناوخۆ جەختم کردەوە لەسەر پارێزگاری هەولێر کە دەبێ هیمەتێک بکەن بۆ چارەسەری ئەم وەزعە لیژنەی ئەمنی شاری هەولێر وپارێزگار چەندین نەدوەی تەلەفزیۆنی وچەندین دیانەی تەلەفزیۆنی ورۆژنامەگەری لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد. کە دوایی ئەوە بوو کەتا ١٠/٥ ئەبێ چەکدار قەدەغە بن لەناو شاری هەولێردا ولە(٦)ی مانگ دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ یان بلێین هی پارێزگای هەلێر بەراستی کەوتنە هەڵمەتێکی رێک

وپێک وورده وورده ئەو دیاردانە کەم بوونەوەو، دوێنێ کە لەمەرکەزی شاربوو کەوتنە سەر شەقامی شەست مەتری وپارێزگار خۆی بەشدار بووە لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر وجێگرو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرو جێگری وخەریکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بوون بێگومان ئەو بڕیارانە لەلایەن بەڕێزتانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئێمەی حکومەتی هەرێم دەردەچێ، ئێمەش وەکو دەزگایەکی جێ بەجێ کردن مل کەچین بۆ جێبەجێ کردنی، بێگومان لەهەر ئیجرائاتێکدا لەوانەیە کەم وکوڕیەک هەبێت، بەڵام کەم وکوری قابیلی چارەسەر کردنە، ڕاستە وەکو جەنابتان فەرمووتان ئەندمانی پەرلەمان حەصانەی تایبەتی خۆیان هەیە، وەزیران حەصانەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە هەتا رادەیەک، بەڵام ئەم لیژنەیە کە دەکەوێتە ناو شار کاتێک کە بەڕێزێک لەئەندامانی پەرلەمان یان وەزیرێک یان لێپرسراوێک حەمایەی بەدوایەوە بێت بێگومان ئەو مەفرەزانە رێی لێ ناگرن، بەڵام شاراوەش نییە، ئێمە هەر حسابی حیمایەکان بکەین ئەوەی هی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی هی حکومەت جگە لەحزبەکان من دەڵێم بەس هی حکومەت وپەرلەمان بەسەدەها خەڵکی پێویستە، وابوو برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان وحکومەت هەتا حزبەکان کاتی کە دەوام تەواو دەبێ، دەبێ ڕێگا لە پاسەوانەکانی خۆیان بگرن بە چەکەوە بگەڕێن وبسووڕێنەوە لەناو شاردا ئەگینا لەوانەیە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێ ئیجرائاتەکەش ئەوەی کە دوێنێ کرا دیارە چەند پاسەوانێک هی هەندێک لەبرایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بوون کەوتنە بەرو من ئێواری دوو پاسەوان هاتنە لام کە هی بەڕێز کاک فەرحان بوون گوتیان حال ومەسەلەکی وا هەیە ئێمە چەکەکانیان لێ ورگرتین من هەستام تەلەفۆنم کرد بۆ پارێزگار، پارێزگارم دەست نەکەوت بەڕێوەبەری پۆلیس وجێگری بەڕێوەبەری پۆلیسم دەست کەوت، کتوپڕ هەر دووانم نارد گوتم بڕۆن چەکەکانی خۆتان وەربگرنەوە، بۆیە من لێرەدا داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەم کە پێویستە هەروەک ئێمە جێبەجێ کەری ئەو فەرمانانە وئەو یاسایانەی بەڕێزتانین کە دەری دەکەن، ئێمە داوای پشتگیری ویارمەتی لەئێوە وەردەگرین نەک ئەگەر حالەتێکی وابوو تووشی تووڕە بوون ببین، تووشی ناخۆشی ببێ، ئەگینا بەڕاستی هیچ کار بەدەستێک ناتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات وهیچ کەسیش بەدوور نییە لەهەڵە بەتایبەتی لەحالەتی وادا ئەو فەوضایەی کە لەناو شاری هەولێردا بووە ئێستاکە ئێمە دەمانەوێ وورده وورده ئەو فەوضایە نەهێڵین ووابزانم تا رادەیەکیش هەر هەموو لایەک هەستیان بەوە کردووە ئەو دیاردەی چەکداریە بەو شێوەیە نەماوە وهەتا ڕووداویش کەمتر بووە، ئەبێ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وسەرۆکایەتی پەرلەمان بەگشتی پشتگیری لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ،ئەو مەبەستە وئەوەش لەڕاستیدا بڕیاری لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی کوردستانی و بڕیارێکە بۆ گشت شارەکانی کوردستان ئەبێ بارەگای چەکداری، بارەگای پێشمەرگە لەشارو شارۆچکەکان نەمێنێ، ئەوانیش خەریکن ئەو دیاردە چەکداریە نەهێڵن کە ئومێد دەکەین لێرە ئەگەر ئێمە سەرکەوتوو بین لەم کارە بتوانین پاش ئەمە دەست بەجێ یاسای چەک جێبەجێ بکەین، بەڵام ئەگەر بەو شێوە بڕوا

بەنارەحەتی وئەوانە بەڕاستی ئەو برادەرانەی بەرپرسیارن لەوانەیە سارد ببنەوە لەکارەکەی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ ئەو پرسیارەی کە من پێش نیوەڕۆ کردم وبەڕێز فراکسیۆنی زەرد پشتیوانی لە پرسیارەکەی من کرد ئەوە بوو وەکو تازە بابەت تۆمار کرا لەسەرەتای کۆبوونەوەکەی پێش نیوەڕۆدا دوو ئەندام لە ئەندامانی فراکسیۆنی ئێمە هاتن وتیان شتێکی وا روویداوە وداوای ئەوەیان کرد کە پرسیار بکەینەوە وئەو مەسەلە روون بکەینەوە لەپێشەوە حەز دەکەم بڵێم ئێمە زۆر سوپاسی وەزیری ناوخۆ و وەزارەتی ناوخۆ وپارێزگاری شاری هەولێر دەکەین کە زۆر بە چالاکی وبەدڵسۆزانە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کەوا بڕیارەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکەن وبەڕاستی ئەوە جێگەی سوپاسە وڕێزی هەموو لایەکمانە لەبەر ئەوەی مەسەلەکی وا روو بدات، بۆیە ئێمە داوای روون کردنەوەمان کرد کە ئەو مەسەلەیە بۆ چی واهاتۆتە پێشەوە، بەڵام وەکو پێش نەختێک بیستمان کەوا ئەندامانی پەرلەمان لەوە دڵ زویر بوون وتەلەفۆنیان کردووە بۆ وەزیری ناوخۆ هەروەها بۆ پارێزگارو لەو بارەیەوە نارەزایی وتوڕەیی خۆیان پیشان داوە، بێگومان پاش پێشکەش کردنی ئەم روون کردنەوانە لەلایەن بەڕێز وەزیری ناوخۆ مەسەلەکە وابزانم لای هەموومان روون وئاشکرایە ولەوانەیە رووداوی تریش بێتە پێشەوە لەو بابەتە پێویستە ئەندامانی پەرلەمان لەو بارەیەوە پرسیاری خۆیان بکەن زۆر بەهێمنی بەو شێوەیەو هۆیەکەی چی بووە، ئینجا ئێستا پاش روون کردنەوەکانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ مەسەلەکە لای ئێمە روون بووە و، جارێکی تر زۆر سوپاسی دەکەین هەروەها سوپاسی بەڕێز پارێزگاری هەولێر دەکەین وئەگەر قسەیەکی وا کرابێ لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە من لێرە بەناوی ئەندامانی فراکسیۆنی کەسکەوە قسە دەکەم، ئەگەر قسەیەک کرابێ کە دڵی ئازار درابێ داوای لێبوردنیان لێ دەکەین وهیوادارین هەروەکو چۆن دەستیان داوەتێ ئاوا بە چالاکی لەهەوڵ وکۆششی خۆیاندا بەردەوام بن بۆ ئەوەی شارستانی بگەڕێننەوە بۆ ناو شارەکان بۆ ناو هەرێمی ئازادی کوردستان زۆر سوپاستان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان نەهێشتنی ئەو دیاردە دزێوە. داوای ئەنجومەنی نیشتمانیی بووە دیاردەی چەکداری بە دیاردەیەکی دزێوی دوور لەشارستانیەت وبەشتێکی ناشیرینی ئەبینین وسەرچاوەی گەلی کاری ناهەموار ونا بەجێیە ئەوەی وابزانم رەنگە لەهەندێ شت روویدا بێ کە جێی نیگەرانی بوو بێ، پاسەوانەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە پۆلیسن ووابزانم مافێکی خۆیانە کە بتوانن چەکدار بن، وابزانم گلەیی ئەوەیان لێ کراوە کە بەرگی پۆلیسی یان نەپۆشیوە لێرەش ئێمە داوا دەکەین کە ئەوەیان بۆ زامن بکرێ کە هەموو پۆلیسێک، بەرگی پۆلیسی هەبێ و بیپۆشێ تاوەکو جیا

بکرێنەوە لەخەڵکی تر، چونکە ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ومالّ ومنداڵیان لەکاتی دیکەشدا ڕەنگە پێویستیان بەوە هەبێ کە بپارێزدرین، جارێکی کەش ئێمە پشتگیری ئەم کارە دەکەین وجێبەجێ کردنی بە کارێکی پێویست وداوایەکی پێویستی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەزانین وسوپاسیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ڕێنمایی ئەوەی کە کاک یونس، جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی کرد پێش ئێستا لەو ڕێنماییەی کە پارێزگاری هەولێر لەرێگەی( T.V )بڵاوی کردبۆوە، یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە ئەبێ پۆلیس بەجلی ڕەسمییەوە بن، چونکە ئەوەی بەجلی مەدەنییەوە چەکی پێ بگیرێت، ئەوان ناچارن ئیجرائاتیان لەدژ وەرگرن.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا ئاغا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیری ناوخۆ دەکەم بەس هەردوو حیمایەی من موفەوەزن ولەناو ئۆتۆمبیلەکەیان چوونەتەوە ماڵ، نەچوونەتە سەر شەقام یان پیاسەیان نەکردووە، یان اهانەی کەسیان نەکردووە، بەڵام ئێوە ئەگەر بەڕاستی بەرگری لە یاسا بکەن جارێ یەکەم (BKC) و دۆشکە لەو بارەگایانە بێننە خوارێ ئەوەی دزی وتەشقەلە دەکەن بیانگرن، ئێمە هەموو بێ چەک دێینە هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

موفەوەز هەقی هەیە چەک هەڵگری، پۆلیس هەقی هەیە چەکی خۆی هەڵبگرێ و، ڕێنمایی پارێزگار لەم بارەیەوە روونە، ئەڵێ ئەوەی بەجلی مەدەنییەوە بێ ئێمە ئەیگرین وقەدەغەیە، واتا ئەبێ ئەو حەرەسەی جەنابت گوێ ڕایەڵی یاسا بێت، ئەو موفەوەزە ئیجرائاتی خۆی کردووە وئەگەر ئیشتباهێکی کردبێت لە جێبەجێ کردندا پێویست بەو تووڕەییە ناکات، بارەگای حزبەکان ئەوە عائید بە لیژنەی ئاسایی کردنەوەیە، ئەوان بەرنامەیان داناوەو خۆیان دەزانن چۆن ئەو بەرنامە جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئەوەی کەپەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەکو ئەندامی پەرلەمان دوو ڕاستی هەیە من لەسەرەتاوە باسم کرد یەک ئەوەیە ئەو ئیجرائاتە کراوە بەپێی ڕێنماییەک کە بڵاو کراوەتەوەو دەبێ ئێمە پێش هەموو کەسێک گوێ ڕایەڵی ئەوشتە بین، چونکە ئەوە جێبەجێ کردنی بەشێکە لەو یاسایەی کە ئێمە ساڵ و قسوورێکە داکۆکی لەسەر جێبەجێ کردنی دەکەین مەفرەزە، پۆلیس یاسا جێبەجێ دەکات، نازانێ ئەمە ئەچێ بۆ ماڵ یان بۆ ئیش، یا ئەڕوا بۆ جێگەیەکی تر، پۆلیس ڕێنمایی کراوەو ڕێنماییەکەش روونە ودنیاش خراپ نەبووە، جەنابت پەیوەندیت کردووە بەوەزیری ناوخۆوە و ئەویش هەر هەمان شەو ئیجرائاتی کردووە، ئیتر پێویست بەو تووڕەییە ناکات، فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا ئاغا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستاش هەنە بەجلی مەدەنی ئەمڕۆ ئێستا من هاتمە پەرلەمان (٦، ٧) کەسم دیتوە بەجلکی

مەدەنی بەکلاشنکۆف لەسەر جادده ودوێنیش هەبوون وەحتی حیمایە گیرا دوو سەیارەی لاندکروزەر چەکدار بوون بەجلی مەدەنی نەگیران، چونکە دوو سەیارە بوون، بەڵام دوو کەس بن ئەتوانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو ئۆتۆمبیلی چەکدار؟!. ئەوان دیسان دەڵێم ڕێنماییەکەیان روونە وچەکدار ئەگەر مەسؤولێکیان لەگەڵ بێ، ئەوە شتێکی دیکەیە، پارێزگار ئەمڕۆ بۆ ئێمە باسی کرد کە ڕێنماییەکەیان چییە، ئەوان بە لێپرسراوانی خۆیان وتووەکە چۆن تەسەروف دەکەن، بەڵام دوو کەسەکە دوو کەسی چەکدار بوونە، ئەو ڕێنماییە نایانگرێتەوە، جێبەجێ کردنی یاساش ئەوەندە ئاسان نییە کاک فەرحان، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران وهەموو لایەکمان رامان ئەوەیە کە دیاردەی چەکداری نەمێنێ بەڕاستی شتێکی زۆر ناخۆشە هەمووشمان داوا دەکەین کوردەواری دەڵێن قسە هەزارە دووانی بەکارە ئەوە تەنیا ئەمانەمان دەوێ بۆ حیمایەکان جلکەکەیان بۆ پەیدا بکەین ئێمە ئامادەینە پێشی هەموو کەسێک ڕێنمایی جێبەجێ بکەین، تەنیا ئەوەمان لا گرفتە بەڕاستی جلەکانیانمان پێ پەیدا نابێ ئێستا جلەکان بۆ پەیدا بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر چوونە دەرێ بێ جلی رەسمی بیانگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی یاسا کاک یونس، ئەندامی پەرلەمان چەند حەرەسی هەبێت دوو یان سێ، ئێمە لایەنی کەم دادەنێین و دوای دانیشتنەکە لەگەڵ وەزیری دارایی باسی دەکەین، کێشە نییە چەند ئەبێ لەسەری ڕێک دەکەوین لەگەڵ فراکسیۆنەکان، کاک ئەرسەلان فەرموو، کاک یونس بابرادەران قسەی خۆیان بکەن.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک پرسیار هەیە بەڕاستی هەموو جار برادەران خۆیان ئەو پرسیارە دەکەن ئەویش ئەو دیاردەی چەکداریەی ناوشار باشە یان خراپە؟ ئایا ئەندامانی پەرلەمان دەیانەوێ ئەو دیاردە چەکداریە بمێنێ؟ یان نەمێنێ؟ مەسەلەی نەهێشتنی چەکداری ئەمڕۆ نییە لەوەتی ئەو شەڕەی ناوخۆ دروست بووە چەندین جار ئێمە خۆمان چووینە ناوشارەکان لەگەڵ لیژنەی ئەمنی ناوشار بۆ ئەوەی دیاردەی چەکداری نەهێڵێن وخۆمان برادەرەکانمان چەک کردووە، دوای هەفتەیەک چەکەکانیان داونەتەوە جا ئەگەر پرسیارەکە وەڵامەکەی ئەوە بێ دیاردەی چەکداری ناوشارەکان بمێنێ باهەموو بڕۆنەوە ناوشارەکان، بەڵام دوو سێ شت هەیە بەڕاستی ئەویش ئەوەیە وەزیری ناوخۆ یان پارێزگار پێشتر دیاریان بکردایە یەکیان ئەوەیە ئەو چەکدارانەی کە دەڕۆن بەئیشی لێپرسراوەکان بۆ نموونە

لێپرسراوەکان دەچن بۆ فەرمانگەیەک بۆ شوێنێک ئیشی ئەوان جێبەجێ دەکەن ئەوان چۆن دەتوانن بڕۆن؟، دیارە من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیمە، وەکو رای شەخصی خۆم بە پیادە هیچ کەسێک لەناو بازاڕبێ، ئێستا باس دەکەن دەڵێن بەجلی رەسمی بێت من دەڵێم بەجلی رەسمیش حەقە چەکدار نەبێ، چونکە(١٠٠)ئەندامی پەرلەمان هەیە لەناوشاری هەولێر(٤٠-٥٠)وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی هەنە هەر یەکی چوار پێنج حیمایەی هەبێ ئەوە دەکاتە دوو هەزار کەس لەناو شاری هەولێرەوە هەموو بەچەکەوە بابەجلی عەسکەری بن ئەوەش حەق نییە، بەڵام یەک شت هەیە وەزیری ناوخۆ یان پارێزگار هەندەک خەڵک لەدەرەوەی شار دێن مەسەلەن لەنەقلیات دێن لەوێ چەکیان دەکەن حەقە ئەوە حسابەکی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم هەر تەئکیدە لەسەر قسەکانی کاک ئەرسەلان یانی ئەبینی ئۆتۆمبیلی خۆم لەگەڵ حیمایەکان بەئیشەک دەنێرم لە بۆ شوێنێک، بەڕاستی من ناتوانم هەردەم لەگەڵیاندا بم ئەوە لەرێگە گیران؟، با حسابەک بۆ ئەو مەبەستە بکرێت، ئەگەر بێتو جلکی رەسمی هەبێ یان مۆڵەتێک هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وابزانم کاک خورشید لە تەلەفزیۆن باسی کرد وکاک یونسیش ئەتوانێت وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی برای بەڕێزم کاک ئەرسەلانم لەراستیدا ئەو فەرمووی، گوتی لەوانەیە دوو هەزار حیمایەمان هەبێت بەناوی پەرلەمان وحکومەت ولێ پرسراوان من ئەڵێم بەڵکو زۆر زیاتریش، ئێمە ئەو رۆژە لەگەڵ پارێزگار قسەمان کرد پێم گوتووە سبەینێ بێن بەراستی هەندێ مەسەلە دیاری بکەین، من لەگەڵ ئەوەم کە برادەران ئەندامانی پەرلەمان یان حکومەت ئیشێکیان دەبێت لەناوشاردا نەفەرەک یا دوو نەفەر ئەنێرن چەکدارن پێویستە رێگایەک بدۆزینەوە، وەرقەیەک شتێکیان پێ بێ اتفاقی لەسەر بکەین ئەگینا ئێمە هەموو حیمایەمان بەردا ناو شار وەکو خۆی لێ دێتەوە، لێتان ناشارینەوە لەوانەیە زۆر رووداو ئەم دووساڵە روویان داوە لەوانەیە زۆر لەحمایەی ئەم وەئەویشی گرتەوە لەژێر چەتری ئەو حزب وئەم حزب، ئێمە مەسەلە ئەوە نییە هەر جلی عەسکەری لەبەر بێ، من ئەڵێم جلی عەسکەری ئەگەر دەوام تەواو بوو ئەو حەرەسە بەبێ ئیش ئەچێ پیاسە دەکات لەناو بازاردا پێویست ناکات چەکی لەشان بێ. بەڵێ بەئیشێک دەنێردرێ بە ئۆتۆمبیلی بەڕێز ئەندامی پەرلەمان یا وەزیر مەترسی لەوەدا هەیە نەوەک دوو کەس رێی لێ بگرن سیارەکەی لێ بفرێنن بەڵێ یادوو کەسی تێدابێ حیمایەش بن، بەڵام ئەبێ تەرتیبێک بکەن وەرەقەیەک، شتێکی پێ بێ، من تکام ئەوەیە لەبرایانی بەڕێز کە بەراستی دەبێ

هەر هەموو ڕێگە لە پاسەوانەکانی خۆمان بگرین سەربەخۆ بەناو شەقامەکانی شاردا نگەڕێن بەچەکەوە، ئەوان حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان ووەزیرن پارێزگاریی ئەندامی پەرلەمان و وەزیر دەکەن ئەگەر خۆی دەرچێ وپیاسە دەکا لەناو جادە پێویستی بە چییە چەکی پێ بێ؟، چونکە بەڕاستی ئەمە تووشی کێشەمان دەکات، لەبەر ئەوە تکام ئەوەیە وجەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە هەموو برایان ئەو ڕێگەیە نەدەن وانشاءالله ئەمە بۆ سبەینێ بێ وهەر پێشنیارێکی تر لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستە هەبێ حەز دەکەم بۆمان بنێرن ئێمەش بەڕێزەوە وەری دەگرین ودەرسی دەکەین لەگەڵ پارێزگار جێبەجێی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دیاردەی چەکداری خراپترین دیاردەیە لەکوردستان وخراپترین دەردە ئێمە تووشی بووین، ئێمە بەهەموو قووەت وهێزمانەوە دەبێ لایەنگیریی ئەوەبین کە ئەو دیاردەیە نەمێنێ، بەڵام یەک شت هەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان پێشتر ئاگادار بکرێنەوە کە ئەوها تەبلیغی حیمایەکانتان بکەن، ئێستا من پێم خۆش بوو نەک حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان گیرابایە، حەزم دەکرد دوو حیمایەی مام جەلال ودوو حیمایەی کاک مەسعود بگیرابان هەتا بیان گوتبایە ئەوە هی ئەوان دەگرن خەڵکی تر چەک دابنێن زۆرم پێ خۆش بوو کە بگیرابان لە بۆ ئەوەی خەڵکی تری پێ عاقل بایە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من پێم وایە یاسا یەکەم جار لەسەر گەورەترین کەس جێبەجێ بکرێت، ئەوجا پاشان دەست پێ بکەن بەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید من نەم گوت لێپرسراوان لێپرسراو نین وتم پارێزگا بەرنامەیەکیان هەیە، ڕێنماییەکیان داوە بەپۆلیس کە چۆن تەعامول بکەن لەگەڵ لێپرسراوی حزبێک، یا وەزیرێک، یا بریکاری وەزیرێک، ئەوان ئەزانن ئەوە لێپرسراوەو حیمایەی لەگەڵە مەبەستم ئەوەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مەفرووز وایە یاسا جێبەجێ بکرێ لەسەر هەموو کەسێک، چونکە وابزانم ئەندامی پەرلەمان چی لەو کەسانە کەمتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر هیچی کەمتر نییە بەپێچەوانەوە حەصانەشی هەیە، بەڵام من وەکو لە سەرەتاوە گوتم، دەڵێم ئەگەر حەرەسەکەی ئێمە لەجێگەیەک بەپێی ڕێنماییەک گیرا، نابی پەست بێ، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

حقيقة منع ظاهرة التسلح مطلب مهم نحن طالبنا به فهو مطلب جماهيري وعمل كبير انما برأي انا ادعو وزارة الداخلية وبالذات السيد وزير الداخلية الذي هو موجود الى تنظيم ندوات بالنسبة للاخوان بالنسبة للشرطة او منتسبي الامن وتنظيم ندوات طوعية بهذه المهمة الكبيرة وهو واجب كبير ووطني لانه مطلب وطني هذه المسائل اعتقد بأنها جداً ضرورية وانا اعتقد بأن كاك فرحان انسان ملتزم جداً بهذا المجال لكن صار ضحية لأول تطبيق، لكنها مسألة عادية ونحن يجب ان نساهم كلنا كأعضاء البرلمان ان نتحمل بعض الشيء في مثل هذه الحالات في سبيل ان نكون قدوة لبقية الناس وشكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان و روون كردنەوەیەک هەیە، كاک یونس فەرموو.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاک سەید حەسەن فەرمووی بەڵێ لەو چەک كردنی خەڵكدا لەو ماوەیە لەوانەیە ئەوانەی كە فەرمووت هی ئەوانیشی تێدا هەیەو تێدا هەبووە ،بۆ ئاگاداری جەنابت ئەوەی كاک سەعید فەرمووی ئێمە ئێستا وەكو باسم كرد دیاردەی چەكداری زیاتر لەناو شاردا ئەو خەڵكەی كە نامەسئولە وەكو پێشمەرگەیەک وەكو پۆلیسێک وەكو كۆمەڵە كەسانێک پێكەوە ئەگەڕێن وئەسووڕێن لەناو بازاردا ئێمە نەمان گوتووە هەندێ خەڵک بەرپرسیارن وخەڵكێكی تر نە ئەندامی پەرلەمانە(٥)سەیارەشی بەدواوە بێت كەس پێی ناڵێ بۆ كوێ ئەچێ، بەڵام كاتێک(٥)سەیارە بگەڕێن بەناو شاردا كەسی بەرپرسیان لەگەڵدا نەبێ بێگومان ئەو مەفرەزەیە رێگایان لێ دەگرن ئێمە كۆمەڵێک بڕیارمان هەیە لە لیژنەی ئاسایی كردنەوە دەرچووە وحكومەتیش خەریكە پیادەی بكات دیاریكردنی بارەگاكان لەناوشاردا دیاریكردنی چەكداری لەناوشاردا ئەمە هەمووی ئومێدەوارین هەرچی زووتر بتوانین هەمووی پیادە بكەین ئەوكاتە ئەو بیكەیسی و ئەو ئۆتۆمبیلە زۆرانەش بەدوای یەكدا لەوانەیە نەمێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام هەر جەنابتان دەستتان پێكرد، پرسیارێک لە پرسیارەكانی ئەمرۆش ئاراستەی جەنابت كراوە، كاک سەفەر پرسیارێكی لەجەنابت هەیە حەز دەكەم كاک سەفەر بفەرمووێ پرسیارەكەی بڵێ.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پرسیارا من پەیوەندی بەچەند پێشمەرگەیەكی كۆنەوە هەیە كە ئاشكرایە بەگوێرەی رێككەوتنامەی «١١»ی ئازار لەساڵی ١٩٧٠دوازدە فەوجی حرس سنوور پێک هێندران لەو

پێشمەرگانەی شورشی ئەیلول کە ئەوەی زیاتر خزمەت وچالاکی هەبوو لەوکاتە حکومەتی مەرکەزی مەعاشی هەبوو ئەوەی گرنگە ئەوە بەردەوام بوو تا پاش نەکسەی حەفتاو پێنج یانی پاشی ئەوەی بووە شەڕ مەسەلەکە تێکچوو ودەبینین بۆ نموونە ئەو کەسانەی سەربە سوپا وهێزی ئاسایشی ناوخۆی پۆلیس وهەموو ئەوانە ئێستا هەموو تەقریبا گەڕانەوە وابزانم ئەوان ئەو پێشمەرگە هەرە کەمە بوون ئەوان ئەو وەختە(٦) هەزار بوون لەوانەیە مابن، وابزانم مافێکیان هەیە کە تەقدیرێکیان پێ بدەین وچارەسەرێکی بۆ بکەن وابزانم هیچ کەمتر نینە لەگەڵ پیاوانی سوپا وئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی برای بەڕێز کاک سەفەر کردی بەڕاستی من بەش بەحالی خۆم پشتگیری لێ دەکەم وبەڕاستی ئەزانم ئەو پێشمەرگانە ئەتوانم بڵێم نوخبەی پێشمەرگە بوون ئەوکاتە کە لەساڵی ١٩٧٠ داخلی ئەم فەوجانە بوون، بەڵام ڕاستە زۆر ڕێنمایی و زۆر یاسا کە لێرە دەرچوون سەبارەت بە پۆلیس سەبارەت بە ئەفسەرەکانی تری سوپا هەبوو بەداخەوە لەوکاتەوە لێرە ئەو بڕیارە دەرنەچووەو ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە وئەو بابەتە لەئەنجومەنی وەزیران لەژێر لێکۆڵینەوەیە، ئومێدەوارین هەرچی زووتر بتوانین بگەینە ئەنجامێک، ئەو کاتە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاست دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا دێینەوە سەر وەزارەتی ئابووری، کە سێ چوار پرسیارمان بۆ ئامادە کردووە وئەرکیشی تیا نییە، کاک ئیبراهیم دوو پرسیاری هەیە لەوەزیری دارایی کە یەکێکیان دەربارەی«ضريبه علیٰ اصحاب العقارات» دووەمیان «تخفيض الضريبه المقرره»ە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دووکی پەیوەندی بە باجەوە هەیەو لە دنیا هەموو دەوڵەت پشت بەباج دەبەستێت کەچی لە کوردستاندا ئێمە داهاتمان هەر لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیلە هیچ هەوڵێکمان نەداوە کەوا داهاتمان زیاد بکەین. لەعێراق حکومەتی مەرکەزی پێشتر ڕژێم اعتمادی تەواوی لەسەر واریداتی نەوت بوو، ئنجا خەڵکێکی زۆری بەخشی لەباج دان. دوو پرسیارم هەیە یەکیان مەسەلەی سەرقوفلانەی دوکانەکانە، لە یاسادا وابزانم یان برادەرانی یاسایی پێی دەڵێن«الاتفاق بالباطن» لەنێوان خاوەن دوکان وئەو کەسەی کە لێی بەکرێ دەگری «مؤجر ومستأجر»، بەڵام لەلای ئێمە

لەدوای راپەڕین دەبینین کەوا موزایەداتی ئاشکرا لە سەرقوفلانەی ئەو دوکانە دەکرێ یانی کرێی ئەو دوکانانە لە تەلەفزیۆن رایدەگەیەنێ اعلانێک لەوێ هەڵدەواسن و دەڵێن رۆژی فلان مزایدە هەیە خەڵکێک دەچێتە ئەوێ ورەنگە بەمەلایین دینار بگات بە خاوەنی عمارە، کەچی باجی عەقار هیچ پارەی لەوە وەرناگرێت هەمووی بۆ گیرفانی دەچێت رەنگە دوکانێک سەرقوفلانەی دەگـــاتە دووســـەد هەزار دینار، سێ ســـەدهەزار دینار هەتا چوارســـەد هەزار دینار رەنگە(٢٠)دوکانێک بەجارێک ئەوە(٤)یان(٨)ملیۆن دینار دەکا، کەچی هیچ پارە بۆ باجی عەقار ناچی ئەوە یەکێکیان، هی دووەم مەسەلەی(بازرگانە)ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کەوا باج لەسەر بازرگـان زیاد بێت، چونکە حکومەتی هەرێم هەرچی ئاسانکارییەک هەیە بۆ ئەم بازرگـانانەی کردووە تاکو مۆڵەتی کەل وپەل هێنانیان دەدەنێ هیچ لارییان نییە، کەوا هەر مادەیەک لەدەرەوە بێنن، جگەرە بێت، مەشرووب بێت، خۆراک بێت، هەرچی تر بێت بۆیان ئەکرێ ئەوی تر هیچ نرخیان بۆ دانانێ کەچی دەیهێنن، بڕیارێکم لای خۆم نووسیوە، بەڵام ژمارەکەی لەلام نییە رادەی باڵای باجی وەزارەتی داراییـان هێناوەتە خوارەوە لە(٧٥٪)کـردوویانە بە لە(٣٥٪)وابزانم ئەوە مەسەلەکەیە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە مادام تەشریعیە مادام یاسایە مەسەلەکە وابزانم ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی نییە لەجیاتی ئەوە کەوا واریدات زیادی بکەن کەچی کەمی کردۆتەوە ئەو هی سەرقوفلانەیە، ئەوەی تر«تم تخفيض الضريبە المقررە بموجب المادە(١٣) من الفصل التاسع من قانون ضريبە الدخل رقم (١٣) لسنە ١٩٨٢وحيث اعتبر حد اعلێ تصاعديە للضريبە لغايە(٣٥٪) بدلا من(٧٥٪) وە ئەمەش وابزانم ئەبێ تەشریعێکی لەپەرلەمان پێ دەرچی هەر چەندە من لەگەڵ زیاد بوونم نەک لەگەڵ کەم کردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی یەکەمی کاک ئیبراهیم دەربارەی باج کە بخرێتە سەر سەرقوفلانە، کاک ئیبراهیم جەنابی خۆی گوتی کە ئەوە پێی دەڵێن(الاتفاق بالباطن) یانی ریک کەوتنێکی نا ئاشکرا(باطنی) یانی شاردراوەیە، ئەگەر رێک کەوتنەکە خۆی شاراوەبێ جا من چی بکەم چۆن بزانم ئەوە چەندی لێ دەست دەکەوێت، چونکە ئەگەررێک کەوتنی ئاشکرا بێت ولای دادنووس بنووسرێ ئێمە ئەوکاتە وەک باجی دخل بۆی حساب دەکەین وبەپێی ئەوە باجەکەی لێ دەستێنین، بەڵام بەراستی ئەوە رۆژانە سەدان کڕین وفرۆشتن و شتی لەو بابەتە ئەبێ نەک تەنیا لەو بابەتە تەنانەت کرێیەکانی ئەم وڵاتە هەمووی بەلاش دەڕوات چونکە ئەو خەڵکانەی کە ئەچن عەقدی ئوتێلێ، چێشتخانەیەکی گەورە، دوکانی گەورەو ئەوشتانە ئیمزا دەکەن لەسەر عەقدەکە شتێک دەنووسن کە ئەوەی ئێمە دەتوانین باجی لێ وەرگرین ولەڕاستیدا پارەیەکی تر لەنێوانیاندا لەسەری رێککەوتوون، ئەوە مەسەلەیەکە ئەبێ بتوانین بەپێی یاسا وبەهۆی دام ودەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانەوە چەند حـاڵەتێکی وەها کـەشف بـکەین بیگرین وبیبدەینە دادگـا ئەویش

بەشەرتێک ئەبێ یەکێک لە لایەنەکان هاریکار بێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەگینا مومکین نییە بۆمان کەشف بکرێ، سەبارەت بە پرسیارەکەی دووەمی بەڕێز کاک ئیبراهیم من پێشەکی وەڵامێکی سەرپێیم هەیە، بەڵام داوای لێبوردن لەکاک ئیبراهیم دەکەم بۆ هەفتەی داهاتوو یا داوای لێبوردن لەکاک ئیبراهیم دەکەم بۆ دانیشتنی ئاینده هەندێک لەو زانیاریانەی کە پێویست دەکا بۆی دێنم، چونکە ئێمە کاری واناکەین کە دەستکاری یاسا بکەین، ئێمە رەنگە هەندێ برگەکانی یاسا هەبێ کە نەرمییەکی تیا بێ لە وەزارەتی دارایی ئێمە بتوانین لەو ماوەیە هەندێک دەسەڵاتی خۆمان بەکار بێنین بۆ ئەو ئاسکانکاریانەی کە بکرێ بۆ بازرگانی وشتی وا ئەی کەین. بەڵام خۆی خودی یاساکە ئێمە هەرگیز بەبێ پەرلەمان کوردستان دەستکاری ناکەین وناشمانەوێ شتی وا ببێ، بەڵام براینە حەز دەکەم بزانن ئەو یاسایەو ئەو یاسایانەی عێراقی کە کاتی خۆی بۆ باجی دەستکەوت (دخل) دانراوە دەقاو دەق ئەگەر پیادە بکرێ باوەڕتان بێ هەم کوردستان خۆی دەبوژێتەوە، چونکە ئەوە یاسایەکە تەصاعودیە وەکو هەموو یاساکانی تری دنیای دەرەوە وایە هیچ جیاوازێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا رەنگە رێگریشی لە بزاوی بازرگانی بۆ نموونە کابرایەکی بازرگان بچی بۆ تورکیا شتومەک بێنێ وبێتەوە خواردەمەنی دێنێ بۆی تەقدیر بکەی ئەگەر لە(٧٥٪)ی قازانجەکەی بەری بۆ خۆی لە(٢٥٪)ی بۆ بمێنێتەوە باج دابەشی دەکا، دەڵێ ئەوە بۆ من هیچ ناکا وازی لێ دێنێ ورەنگە وڵاتیش بەجێ بێڵێ، ئێمە ناڵێین وازیان لێ بینین ناڵێین ئەوە بکەن، بەڵام ئێمە دەستکاری یاسامان نەکردووە دواییش باشتر بۆتان روون دەکەمەوە وئەو رێنماییەی کە دەریشمان هێناوە ئامادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان وا باوە، ئەوەی کە پرسیار دەکات ئەو مافی هەیە بەدوایدا بچێ، مەسەلەکەش لە نێوان خۆی ووەزیر دەمێنێتەوە با بۆ خۆیان گفتوگۆی خۆیان بکەن.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن هەر لەسەر پرسیاری یەکەم شتەکە بە ئاشکرا دەکرێت نەک بەنهێنی ئاگاداری لەسەر دوکانان دادەنێن دەڵێن فلان رۆژ موزایەدەیە ولەبەرچاوی خەڵک موزایەدە دەکرێت یەک لەسەر یەکێ زیاد دەکات نەک بە باطنی دەکرێت، خۆی مەسەلەی سەرقوفلی بە شاردراوەیە، بەڵام ئەوە بە ئاشکرا دەکرێ بانگەواز لەتەلەفزیۆن بڵاو دەکرێتەوە لافیتەش هەڵدەواسرێ خەڵک دەچێت لەوێ موزایەدە لەسەر یەکتری دەکەن مانای ئەوەیە بە ئاشکراییەو بەنهێنی نییە، هەتا ئەگەر بەنهێنیش بێت لەدنیا رێگاکانی باج وەرگرتن موخبری خۆی هەیە دەیهێنی بۆ ئەو مەسەلانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ دارۆ وەزیری دارایی.. ئەوە پرسیارەکەیە ئەگەر بفەرموون وەڵامی کاک ئیبراهیم بدەنەوە.

**بەڕێز دارۆشێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعقیبێکی بچووکم هەیە لەسەر مەسەلەی بە نووسین و راستەوخۆ ئێوە لەسەر پرسیارەکان لێرە نووسیوتانە راستەو خۆ ئنجا من ئەمەوێ بزانم ئەوە وچۆن وچییە؟.. بم بوورن من رایەکم هەیە لەسەر بابەتەکە ئەبێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە پێشکەش بکات، ئایا ئەو پرسیارانە ئەشێن یان ئەهێنن لە دانیشتنێکی ئاشکرا بووترێ یاخود ئەوە بە نووسینێک وەڵامەکە وەربگرێتەوە مەبەستم لەو پرسیارانە نییە حەز دەکەم واتێ نەگەن مەبەستم لەو سێ چوار پرسیارەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو هەموو جارێ، ئێمە قاعیدەیەکمان هەیە کە لەسەری دەڕۆین ئەگەر جەنابی وەزیر زانی کە ئەو مەسەلەیە نهێنی تێدایە ئەوە دەتوانێ داوا بکات لەناو ئەو چوارچێوەیەی کە لە بەرژەوەندیدایە قسە بکات وئەتوانێ بە تەنها لەگەڵ ئەندامی پەرلەماندا قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات چونکە ئەو پرسیارە عائیدی ئەوە کەسەیە کە پرسیاری کردووە وەزیری تایبەت چۆن رێک دەکەون باشەو ئەگەر رێکەوتنەکە بەنووسین بێ ئەویش خراپ نییە، ئەوە شتێکە پەیوەندی ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە.

**بەڕێز دارۆشێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو وتم من مەبەستم لەو پرسیارانە نییە، بەڵام هەندێ پرسیار هەنە هەندێ جار دەکرێن رەنگە پێویست بکات بە سەردانێکی بچووک یانی لەنێوان ئەندامی پەرلەمانەکەو وەزارەتەکە لەوانەیە ئەگەر بەد حالی بوونێکیش هەبێ چارەسەر دەکرێت، ئەگەر ئەو حەقە بتوانین بەکار بێنین رەنگە ئیشمان زۆر ئاسان بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانن لەنێوان ئێوە وئەندامی پەرلەمان بەتەلەفۆن، یا بەسەردان، یا چۆن حەز دەکەن با وابێ، گرنگ ئەوەیە ئەو ئەندامی پەرلەمانە وەڵامەکەی دەست بکەوێتەوە باشە کاک ئیبراهیم، ئەوە وەڵامەکەی وەزیر بوو تەواوکەری پرسیارەکەت دەمێنێتەوە دوایی بۆ نێوان خۆت و وەزیری ئابووری.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام وەڵامی پرسیاری یەکەم باوەڕەم پێ نییە، یانی لەمەولا ئەگەر موزایەدەکی لەو جۆرە بوو خەڵکی خۆیان ببینن ئەو مەزادە چۆنەو چۆن دەوەستێ چ لەسەر ئەو خەڵکە بەچ نرخێک بە چ پارەیەک، چ تقدیرێک؟ یا هەروا ئەڕوا وەکو ئەوانی تر کە رۆیشتن؟، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو پرسـیـاره رەنگە دوو بەش بێ بەشـێکیـان پەیوەندی بەوە هەیە، ئەگـەر ئەو پارەی دەست خەڵکەکە دەکەوێت وەک دەخل بۆی حساب بێ داهاتی شەخسی کابرا بێت مافی ئەوەمان هەیە بڵێین کاکە تۆ لەساڵێکدا دوو عـەمـەلیـەتی وات کـردووە(٤٠٠)هەزار دینارت دەست کەوتووە ڕێژەی باجەکەت ئەوەندەیە ئەوەندە پارە بدە بەشەکەی تریشی ئەگەڕێتەوە زیاتر بۆ ئەو کەسەی کە خاوەنی دوکانەکانە ئەوە لە تەنیشتم دانیشتووە لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین تەنیا لەسەر بنەمای ئەو عەقدەی لای دادنووس پەسەند دەکرێ ئێمە ئیجرائات بکەین ئێمە ناتوانین بڕین بە لایەنێک لە موزایەدەی شکلی، رەنگە کە زانیان وەزارەتی دارایی ئەبێتە بەشێکی چاودێری دەڵێن: سوحبەتمان کرد شتی وامان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر ویستتان ئەوە لەگەڵ وەزیر باس بکەن ئێستا دێینە سەر پرسیاری(٣-٤) کە دوو پرسیاری ترن و لەلایەن کاک جەمیل عەبدیەوە کراون. فەرموو.

**بەڕێز جــــەمــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرسـیـارا من ژ بەڕێز وەزیری ئابووری ئەوەیە کـو بەری مـاوەیەک بەڕێز نەوزاد کـاکـەرەش بە ناونیشانی بریکاری بەڕێوەبەری گومرگە لە ئیبراهیم خەلیل هاتە دامەزراندن وپێش هەندێ چەند هاتە سەرف کردن بۆ ئوتومبێلی؟ پرسیارا دی ئەوەیە کە مانگانە خانو بەکرێ گیراوە (٦٥٠٠) دینار ئەوە دوو موخالەفەیە یەکەمی سەرپێچی یاسـاییـە، مەسەلەی دامـەزراندنی ئەو برادەرە سەرپێچی کردنی یاسایە، دووەم سەرپێچیەکی داراییە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی واردات ئەو پارە تەرخان نەکراوە بۆ تەخصیصەکە، بۆ مادەی کرێی خانوو، من ئەو پرسیارە پێشکەشی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەکەم، پاشان پرسیاری دووەم دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

باهەردوو پرسیارەکەی بخوێنێتەوە، هەر وەکو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز جــــەمــــیـل عـــــەبدی ســـــندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەر پرسـیـارێکی بەتەنیـا باز زۆر باشـتر بوو، چونکە لەوانەیە دوورو درێژی بکەوتێ، بەڵام ئەگەر وابێ قـەیناکە. پرسـیـارا دووی ژبەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ئەوەیە ئەو دەسـەڵاتە«تم تشکیل محکمە گمرگیە من الوزارە» لەگەڵ هەندێ کە ئەمە لە یاسای وەزارەتا دارایی وئابووری دانینە ئەو دادگـایە مە دوێت بزانین چ یاسـا چ دەسـەڵات هاتە پێکهـێنان کـو یاسـای وەزارەتی خـۆ دەڵێت

«لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون» بەری ئەوە ولەمەرکەزی وەزارەتی ئەو دوو ساڵە دەگۆڕێ لەڤی دەبێ جهازێ ئەلکترونی هەبێت ئەو کو جهازی حاسیبەی ئەلکترونی تێدابێ تا ئێستا دروست نەکردووە ویا دووی ژ مودیریەتا تجارە خارجی کو مودیریەتا تجارە داخلیە دناڤ تەشکیلاتی وەزارەت بێت و لەپرۆژەی وەزاەتدا ئەڤە هاتبوو پەرلەمانی، هاتە پەسەند کرن ئەوژی هەردوو تا ئێستا بەجێ نەهینانە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومــــــەن.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم ئەڵێ«کیف تم تعیین نوزاد بعنوان وکیل مدیر گمرگ» پێم وایە ئەوە مەسەلەیەکی خودی حکومەت خۆیەتی ودەیان وسەدان بەڕێوەبەر ویاریدەدەری بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری گشتی ئەوانە هەمووی دامەزراون و، ئەو برادەرەش یەکێکە لەوانەو بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابی ئەوە یەکێکە لەو برادەرانەی لەسەر لیست دامەزراون، چونکە بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کاتی خۆی کراوە بەڕێوەبەری گومرگ لەهەر لایەنێک بێ جێگرەکەی لەلایەنەکەی تر دەبێ بەو شێوەیە ئەوە لەسەر ئەو بنچینە دامەزراوە هی دووەمیان کە خانووی بۆ گیراوە بە(٦)هەزارو(٥٠٠)دینار، مؤسەسە ونازانم چییەو ئەوە ئێمە شتی وامان نەکردووە بۆ کاک نەوزاد و ئێمە راستی لەوێ لەئیبراهیم خەلیل دار ضیافەیەکمان هەبوو لەناو حەرەمی گومرگی بۆ فەرمانبەری گومرگی بۆ ئەو کەسانەی کە لەشوێنی دوورەوە لەوێ کار دەکەن کە لەوێ بحەوێنەوە ئەو بینایە ئێستا لەلایەن حزبێکەوە بەکار ئەهێنرێ وەک ڕێکخراوی خۆی لەبەر ئەوە خانوێکی ترمان بە کرێ گرتووە لە بری ئەوە، چونکە ئەوەیان بۆ چۆل نەکردین، ئنجا کەی انشاءالله ئەوە چۆل کرا ئێمەش ئەو خانوەی تر کە بۆ فەرمانبەرانی دەرەوەی زاخۆ کە هاتوونە و دوورن وەکو (دار الضیافە) ئەی گوێزینەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێمە دادگای گومرگی بەپێی یاسای خۆمان دانەناوە، بەپێی یاسای وەزارەتی دارایی یانی ئەو یاسایەی کە بۆ ئیش وکارەکانی وەزارەتی دارایی ئێوەی بەڕێز دەرتان کردووە ئێمە بەپێی ئەو یاسایە ئەوەمان نەکردووە، چونکە ئەو اشارەتی تێدا نییە بۆ دادگای گومرگی تەنیا ئەو یاسایەو بریارانەی پەرلەمانیە لەیەک برگە لەمەسەلەی قاچاخ وقەدەغە کردنی کەل وپەلی تایبەت واجهزە ومەکائن کە کاتی خۆی پەرلەمان بریاری لەسەر داوە باسی ئەوە کراوە، ئەڵێ ئەو دەعوایانەی کە کە لەسەر کەل وپەلە قاچاغانە دەکرێت دادگای ئاسایی ئەی بینی هەتا دامەزراندنی دادگای گومرگی ئنجا دادگای گومرگی بەپێی یاسای عێراقیە کۆنەکە کە چۆن دائەمەزرێ لە یاسایە عێراقیەکەدا هەیە کە ئەڵێ ئەبێ وەزارەتی دارایی داوا لە وەزارەتی داد بکا دادوەرێک دابنێ بۆ ئەوەی بێ بە دادگای گومرگ وەزارەتی داراییش نوێنەری خۆی دەنێری ولەوێ دەبێتە ئەندامێک ودادگای تەمییزی گومرگی هەیە کە بریتیە لە دادوەرێکی تەمییزی کە دادگای تەمییزی باڵا دەستنیشانی ئەکا وئێمە ئەو هەنگاوانەمان هەمووی لەگەڵ وەزارەتی داد کردووە

وئێمه دادوەر ودادگامان دانەناوە، ئەوە وەزارەتی داد داینا‌وە وەکو بەشێک لەئەرک و واجیباتی خۆی ئەوانەی دادگاکان ئەتوانن دروست بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی دادگای گومرگی تایبەتمەندە بە ئیش و کارەکانی ئێمە، داوامان لێ کردن پەلەی لێ بکەن تەنیا ئەوەندە لەسەر ئێمە بووە، ئنجا بەشی دووەمی پرسیارەکە دەڵێ ئەمە دروست کراوە کە لە ئیشی خۆیاندا نییە وەی یاسایە بۆچی ئەوەی خۆتان نەکردووە ئەوەی خۆمان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن حەز دەکەم بزانن لە وڵاتی ئێمەدا ئەو سیاسەتەمان نەبووە کە خۆمان هەموو شتێکی ئەو وڵاتە استیراد بکەین وئێمە بیفرۆشینەوە حکومەت مەبەستمە ئەوە کاتی خۆی کە لە وڵاتانی وەکو عێراق و وڵاتانی تردا ئەوشتە کراوە حکومەت خۆی هێناویەتی خۆشی ناردوویەتی بۆ دەرەوە، لەبەر ئەوە بازرگانی دەرەوەو ناوەوە ناوناوە کراوە، من ئێستا لە وەزعی ئەوە نیم بەوێ بڵێم ئەو غەلەتە چۆن کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی من خۆتان دەزانن پاش دەرچوونی یاساکە دەستم کردووە بەو کارە بە نزیکی ساڵێک و یاساکە هەبووە هەیکەلەکە دانراوە ئینجا من دەستم پێ کردووە، بەڵام ئەو برادەرانەش کە لەوێ کاریان دەکرد وایان بۆ من باسم کرد کە ئەوە تا ئێستا، هێشتا پێویستی بوونی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

ڕێزو احترامم بۆ لیستی هەردوو حزب هەیە، یان گەر ئەو ئیدارەدەرە تەعیینی کر با بەعنوانی بەڕێوەبەر یان یاریدەدەری بەڕێوەبەر من چ گلەییم نەدەکرد، وەک سێ یاریدەدەری دی لێرە هەن بە ناونیشانا بریکاری بەڕێوەبەر، ناونیشانا بریکاری بەڕێوەبەر لاوازە ولە یاسای خزمەتی مەدەنی نییە ئەوە سەرپێچییەکی یاساییە بریکاری وەزیر هەیە، بەڵام بریکاری بەڕێوەبەر نییە، مەبەستم ئەوە سەرپێچی یاساییە ئەوە یەکەم، دەربارەی تەرخان کردنی(٦٥٠٠)دینار بۆ کرێی خانووی مؤسەس، کە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی ئەمە وا نییە بەڵکو لەدار ضیافە بوون ئەمە پێش ئەو ڕووداوانە بە(٦)شەش مانگ زیاتر خاوەنی ئەو خانووەش هەڤاڵ (کامەران عەبدولحەکیم)ە مانگانەش ئەو پارەی لە گومرگی وەرگرتووە ئەم شتەشم نەدەزانی تا مانگی(٥-٦)یاڵلا زانیمان یانی ئەوە تەئکیدە بۆ جەنابی ئەکەم کە ئەوە یەک خانووە دوو خانوی تریش کرێیان دەکاتن(١٤٥)هەزار دینار فەرمانگەی گومرگ بەرگەی ئەو کرێی سوکنایە دەکات، ئەوە نە لەماددەی کرێی خانوو لە بەڕێوەبەری گشتی واردات ئەو پارە هەیەو ئەوە سەرپێچی یاساییە.
دەربارەی پرسیاری دووەم ڕێزم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری کە فەرمووی ئەو دادگایەی کە پێکمان هێنا بەپێی یاسای بەغدای وەزارەتی دارایی لەناو یاسای بەغدای وەزارەتی دارایی معاونیاتی گشتی هەیە لەموصل لەبەغدا لەبەصرە لەتەشکیلاتەکەی ئێرەدا گومرگ هەیە ئەو گومرگە ئەبێتە بەشێک لەومعاونیەتەی گشتی وپێکهاتنی دادگای گومرگیش چۆنە بەپێی مادەی(٤٥) یەکەم«تشکل محاکم گمرگیە ویحدد مکانها و اختصاصها وذلک بقرار من وزیر العدل» یانی بڕیارەکە لەوەزیری داد دەردەچێت نەک لە بەڕێز وەزیری دارایی بەرێککەوتن« مع

وزير الماليه» هى دووهم «تتألف المحكمه الگمرگيه من القاضى المتفرغ لاتقل درجته عن الصنف الثانى يسميه وزير العدل وعضويه موظفين اثنين من الگمارگ حائزين علىٰ شهاده جامعيه اوليه فى القانون لاتقل درجتاهما عن الدرجه الثالثه يسميهما وزير الماليه بناءا علىٰ اقتراح من المدير العام».لێرەدا بەڕێوەبەری گشتی گومرگمان نییە، بەڵام بەڕێوەبەری گەمارگی هەرێممان هەیە ئەو هەردوو فەرمانبەرانەی کە تەنسیب دەبن بۆ ئەو فەرمانگەیە هەردووکیان کارمەندی گەمارک نین، یەکیان بەڕێوەبەری کۆمپانیای تەئمینی نیشتمانییە ودووەمیان فەرمانبەری حقوقیە لەدیوانی وەزارەت، یانی سەر بە دیوانە، ئەویش هەر دووکیان کارمەندی گومرگ نینە، ئەوە دەربارەی گومرگ، دەربارەی دووەم چۆن وەزارەت تاکو ئێستا تەشکیلاتی خۆی ئەوەی یاسا دایناوە جێ بەجێی نەکردووە؟ یەکێک لەوانە حاسیبەی ئەلکترۆنیە دووەم بازرگانی دەرەوەو بازرگانی ناوەوە، بەڕێز فەرمووی کە کاتی خۆی کە حکومەتی بەغدا بەخۆی ئیستیراد و تەصدیری ئەکرد، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرایەتی هەبوو ئەم پرۆژەیە لەوەزارەتی دارایی وئابووری هاتووە بەخۆی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆی تێدابوو بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی دەرەوە ئێستاش گەر بەدروستی هەیە ئەوە مۆڵەتی استیراد ئەدات ئەوە ئاسانکاری ئیشی بازرگانان بۆ دەرەوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من نامەوێ بەو ووردەکاری وئەو تەفاصیلە، ئەوە وەڵام بدەمەوە، بەڵام لەمەسەلەی ئەوەی کە بە بریکار دانراوە بریکار نییە لەشتی وادا، ئەوا ئێمە هەشت بەڕێوەبەرایەتی گومرگمان هەیە هەموو بەڕێوەبەرێک جێگرێکی هەیە، هەموو بەڕێوەبەرێک دوو یاریدەدەری هەیە، حەز دەکەم بزانن یانی ئەوە بەو شێوەیە کراوە لەفلان لیستە بێ لە لیستەکەی دیکە بێت دوو یاریدەدەریکەش یەکەکیان لەلیستی(أ) ئەوەکەی تر لە لیستی(ب) بەو شێوە سستەمەکە هاتۆتە خوارەوە، ئەوە نییە بەتایبەتی بۆ کەسێکی دیاری کراوو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی دیاری کراو کرابێ وئێوە خۆتان ئەتوانن پرسیار بکەن لەهەر شوێنێک ولەوانەیە لەمانای وەرگێڕانەکە ئەمە روویدابێ، چونکە ئێمە ئەو بڕیارو ئەوشتانە هەندێکی بەکوردی ئەبینی یەکیان ناوی جێگرە کە بەرامبەر بە یاریدەدەر دامان ناوە، یاریدەدەری بەڕێوەبەر لەگەڵ موساعیدی بەڕێوەبەر یانی شتێکە لەو بابەتە جێگری بەڕێوەبەر کوردیەکەی بەو شێوەیە، جێگری بەڕێوەبەر لەگەڵ یاریدەدەری بەڕێوەبەر، ئەوەی مەسەلەی خانوو کرێی خانووەکە ئەوە مەسەلەیەکی وایە باوەڕتان بێ ئەوەندەمان رەچاوی ئەوە کردووە کە شتێک بۆ یەکێک بکرێ بەرامبەرەکەشی لەولاوە بۆ یەکێکی تر بکرێ ئاوا کراوە لەوێ بەو شێوەیە بۆ ئەو برادەرانەی کە لەشوێنە دوورەکانەوە چوون وامان کردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رانیەش لەبەر ئەوەی فەرمانبەری خەڵکی ئەوێ نین چونەتە ئەوێ بۆ نموونە لەدهۆکەوە چوونەتە ئەوێ هەمان شتمان بۆ کردوون بۆ ئەوەی کەسێک نەڵێ بۆ ئەوە کراوە بەو شێوەیە مامەلە کراوە، ئنجا من پرسیارەکەم لەئێوەی بەڕێز هەیە، یانی وەزارەت ووەزیر وشتی وا، وای لێهاتووە مافی

ئەوەی نەبێ بڕیار بدات خانوو ئامادە بکا بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکانی بۆ بکەن، بەراستی ئەوەش بە مافێکی خۆمانی دەزانین لەبارەی پێکهاتەکەی ناو وەزارەتەوە، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە ئێمە جیاوازیمان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق دا وڕێزم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو یاسایەی وەزارەتی دارایی کوردستانیان داناوە تۆزێک زیاتر بەلای هەیکەلەکەی لای ئەوانەوە ڕۆیشتوون بەپێی پێویستیەکانی ئێمە نەبووە، ئێمە نیازمان وایە هەندێک هەموار کردنی پێشکەش بەئێوەی بەرێز بکەین، بۆ ئەوەی بکرێتە سەر یاسای وەزارەتەکەمان بۆ بەڕێوەبردنی ئاسانکردنی ئیش وکاری وەزارەتەکەی خۆمان و، ڕەنگە لەوانەش ئەو بەشە بێ، پاشان من حەز دەکەم ئێوە لەوە دڵنیابن ئێمە بۆ ئەو کارانە مەسەلەی لایەنگیریی وئەوانە نییە، کام بەڕێوەبەرایەتی کێیە کام بەڕێوەبەرایەتی کێ نییە، هەموو ئەو شتانەمان لەدەستی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی خۆیدا کۆ کردۆتەوە بۆ ئەوەی شتەکە زیاتر مەرکەزی بێت مەسەلە مۆڵەتی ئیستیرادمان نەداوەتە دەست بەڕێوەبەرایەتی دەزگا ووتوومانە با جارێ بەڕێوەبەرە گشتییەکە بیکا، چونکە ئێمە تازەین لەم کارە هەروەها بۆ شتەکانی کەش لەبەر ئەوە هیوادارم ئەو روون کردنەوە بەس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل یەک تەعقیب زیاتر نییە، تەواو ئوسولەکە وایە ودابودەستوورەکەمان لێ تێک مەدەن، پرسیارێک دەکەی کە تەواوبوو مافی تەعقیبێکت هەیە، جەنابی وەزیریش وەڵامت ئەداتەوە ئەویش حەقی یەک تەعقیبی هەیە ئەو قاعیدەیەمان لێ تێک مەدەن با لەسەری بڕۆین ئەوە تەواو.ئێستا پرسیارێکی دیکەی هاوبەش هەیە لەجەنابی وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار لەلایەن کاک جەمیل ولەلایەن کاک سەعیدەوە کراوە، ئینجا کامیان حەز دەکەن با کەرەم بکەن، کاک جەمیل فەرموو وابزانم کاک سەعید هەمان پرسیاری هەیە، فەرموو باکاک جەمیل پرسیارەکە بکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو احترامم هەیە بۆ کافیە خان سلێمان وەزیری شارەوانی، کو لە هەردوو کابینەکەدا بەشدارە وبەردەوامە هەر ئیش وکاری وەزارەتە. داخوازی سەر کەفتنی وبەردەوامی بۆ دەکەم گەر ئێمە بێین وبەرێ خۆ بدەینە تجاوزات زۆرن، هەندێ جار موتابەعە دەکەین دەبینین ماوەیەکی رادەوەستی هەم شتەکی پێشی هەیڤەکی دەبینی دیسان تەجاوزات بەردەوام دەبێ وزۆرە دیاردەی دی هەنە وەکو زەوی وزاری شبارەوانی، پارچەیەکی مومتازی مەرکەزی شارو پارچەیەکی رکن دەبینی هەندەک کەسی موستەغیل بەناوی تۆماری موجەدەد کو تۆماری تاپۆی کاتی ڕاپەڕین کە گوایاسووتاون هەندەک مروڤی هەن وەک کارێکی ڕۆتینی لە ڕۆژنامە بڵاوی دەکەنەوە ودوای مانگێک

پشكيننه‌كى ئاسايى ده‌كه‌ن هه‌مووشى ده‌زانن ئه‌وه‌ زه‌وى شاره‌وانييه‌ به‌ناوى خه‌ڵكى مشه‌خۆر تۆمار ده‌كه‌ين بۆ ئه‌مه‌ش به‌رزه‌فتى زۆرون بۆ وه‌زاره‌تى شاره‌وانى به‌شێوه‌يه‌كى تايبه‌تى بۆ موڵكه‌كانى حكومه‌تى هه‌رێما به‌شێوه‌يه‌كى تايبه‌ت من ده‌ڤێتن به‌رێز كافيه‌ خان بۆمه‌ باسى بكاو بخرێته‌ به‌رچاومان، سوپاس.

**به‌رێز كافيه‌ سليمان/وه‌زيرى شاره‌وانى:**

**به‌رێز سه‌رۆكى ئه‌نجومه‌ن.**

به‌رێزان ئه‌و پرسياره‌و ئه‌و روون كردنه‌وه‌ى كاك جه‌ميل هه‌مووى وايه‌و، ئه‌وه‌ به‌تايبه‌تى له‌زاخۆ وپرسياره‌كه‌شى هه‌ر له‌سه‌ر زاخۆيه‌ وبه‌گشتى كه‌ له‌شوێنى تر هه‌بێ ئه‌و زه‌ويانه‌ى كه‌ موڵكى شاره‌وانينه‌ كاتى خۆى تۆمار كراوه‌ به‌ناويه‌وه‌، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ى ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ى كه‌ هه‌نه‌ كه‌ له‌تۆمارى عه‌قارى نه‌ماون وهه‌روه‌ها له‌ شاره‌وانييش نه‌ماون، ئێستا هه‌ندێ خه‌ڵك هه‌ن استغلالى ئه‌وه‌يان كردووه‌ داواى تۆمار كردنى ده‌كه‌ن به‌ناوى تۆمار كردنى سه‌ر له‌نوێ، هه‌ر چه‌نده‌ پێويسته‌ ئه‌وه‌ به‌و شێوه‌يه‌ نه‌بێ، چونكه‌ تۆمار كردنى سه‌رله‌نوێ ته‌نيا بۆ ئه‌و موڵكانه‌يه‌ كه‌ له‌سنوورى شاره‌وانينه‌ وبه‌ناوى هيچ كه‌س تۆمار نه‌كراون، به‌ڵام ئێستا كه‌ له‌مه‌و پێش تۆمار كران به‌ناوى شاره‌وانى يا به‌هه‌ر ناوێكى تر ئيستغلالى نه‌مانى ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ كراوه‌ تا ئێستا (١٣٣) پارچه‌ تۆمار كراون هه‌ر له‌زاخۆ وچه‌ند پارچه‌ى تر بڵاوكرايه‌وه‌ كه‌ تۆمارى بكه‌ن ولێره‌ پێويسته‌ شاره‌وانى به‌رهه‌ڵستى هه‌بێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ نوێنه‌رى شاره‌وانى له‌هه‌موو جاده‌كاندا نه‌چێت ئيعتيرازى خۆيشى ئه‌گرێت، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ى هيچ موسته‌مسه‌كێكى ره‌سمى پێ نييه‌ وشايه‌ديان لێ قه‌بوول ناكرێ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ تۆماره‌كه‌ ده‌كرێ ئێمه‌ش هه‌ر ئه‌و داوايه‌مان هه‌يه‌ كه‌ نه‌كرێ دياره‌ بۆ ئه‌وه‌ ئێمه‌ له‌و ماوه‌يه‌ى كه‌ ئاگامان لێيه‌ زۆر موراسه‌له‌ هه‌بووه‌ له‌نێوان شاره‌وانى و وه‌زاره‌تى شاره‌وانى، پارێزگاى دهۆك قايمقاميه‌تى زاخۆ ،تۆمارى عه‌قارى، وه‌زاره‌تى داد، ئه‌وه‌ى پێويست بێت كراوه‌، به‌ڵام نه‌بووه‌ به‌هۆى ئه‌وه‌ى كه‌وا ئه‌و تۆماره‌ بوه‌ستێ ئێمه‌ له‌مانگى شه‌شدا پێشنيارى ئه‌وه‌مان كرد، پێشنيارێكمان هه‌بوو ياخود بڵێين پرۆژه‌يه‌كمان هه‌بوو ناردمان بۆ ئه‌نجوومه‌نى وه‌زيران بۆ ئه‌وه‌ى بێته‌ په‌رله‌مان هيچ نه‌بێ به‌لانى كه‌م بۆ ئه‌م بارودۆخه‌ تۆمار كردن بووه‌ستێ، ته‌بعه‌ن ئه‌و وه‌ستانه‌ش ته‌نيا به‌ بريارى په‌رله‌مان ده‌بێ داوامان كردبوو بۆ ماوه‌ى ساڵێك، به‌ڵام ئێستا ئه‌وه‌نده‌ زيادى كردووه‌ ئێمه‌ داواكه‌ى خۆمان ره‌نگه‌ بيكه‌ين به‌دوو ساڵ يا بڵێين تا ئه‌وكاته‌ى موسته‌مسه‌كات ئه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ تاكو ئه‌وشتانه‌ تۆمار بكرێته‌وه‌ هه‌ر به‌ناوى شاره‌وانى وبه‌تايبه‌تى داواى ئه‌وه‌ ده‌كه‌ين هيچ ئيجرائاتێك له‌سه‌ر ئه‌و زه‌ويانه‌ نه‌كرێت كه‌ تۆمار كراونه‌ته‌وه‌ جارێكى تر به‌ناوى ئه‌شخاص وئه‌وانه‌ى ئيستغلاليان كردووه‌، چونكه‌ ئه‌ويش ئه‌گه‌ر به‌ينى خۆى كرين وفرۆشتنى جارێكى تر بكا له‌گه‌ڵ خه‌ڵكدا كێشه‌كه‌ له‌وه‌ گه‌وره‌تر ده‌بێ له‌به‌ر ئه‌وه‌ هه‌ر چۆنێك بێ بريارێكى وابدرێت يه‌كه‌م بووه‌ستێت دووه‌ميش ئه‌وه‌ى كه‌وا تۆمار كراوه‌ يان هه‌ڵبوه‌شێته‌وه‌ يان ئه‌گه‌ر هه‌ر هه‌ڵنه‌وه‌شێته‌وه‌ داواى ئه‌وه‌ ده‌كه‌ين كه‌ هيچ ئيجرائاتى له‌سه‌ر

نەكرێت تا ئەوكاتەی روون دەبێتەوە ئەم موڵكانە هی كێن؟، هەر چەندە ئێمە لێشمان روونە، بەڵام موستەمسەكمان نەبێ لەدادگاش هیچ وەڵامێكی ئێمە نادرێتەوە بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كافیەخان، بەڵام ئایا ئەو پرۆژەی بڕیارە یاساییە لەلایەن شارەوانییەوە تەواو بووە، ناردووتانە بۆ ئەنجوومەن؟

**بەرێز كافیە سلێمان/وەزیری شارەوانی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵێ داوامان كردووە لە مادەی(٤٣)هەتاكو(٥١) یاسای ژمارە(٤٣) تۆماری عەقاری ئیشی پێ نەكرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

تا ئێستا نەهاتووە بۆ ئێمە، هەر كاتێك هات بەتەئكید پەلەی لێ دەكەین.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ كافیە خان وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار بەڵی لە بەر هەندێ دەعوا تۆمار بكرێ لەسەر ئەوكەسە مشەخۆرانە، بەڵكو ببێت بەدەرس بۆ ئەوان و، داخازی من ئەوەیە كە بەرێز وەزیری داد لێرەیە نووسراوێك لەوەزارەتی داد دەربچێت بو هەموو دادگا و لیژنەی تۆمار كردنی سەر لەنوێ كە تابعی جەنابینە ئەگەر شارەوانی یان فەرمانگەیەكی تر دان پیانان لەسەر معاملاتەكی شتەكی، هەبێت، ئەم ماوە تۆمار نەكرێ تا ئەم موستەمسەكاتە بەشێوەیەك بەدەست بكەوێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس كافیە خان، هیچ بەدواداچوونێكی تر نییە ئەوەش تەواو بوو، دێینەوە سەر پەروەردە، كاك عوسمان پرسیارێكی هەبوو لەجەنابی وەزیری پەروەردە كە لێرەیە، ئنجا باكەرەم بكا..

**بەرێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا پرسیارەكان سێ پرسیارن بەناوی منیشە، بەڵام خۆی لەخۆیدا پاش كۆبوونەوەیەك لەگەڵ لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان ئەو سێ پرسیارەمان هەڵبژارد كە لە بەرێز وەزیری پەروەردە بكەین. بەرێزتان ئاگادارن كە ساڵی خوێندن دەست پێ دەكات وپێداویستی هەرە گرنگی هەیەو لەو پێداویستیانە كتێبە وئەگەر پارە نەبێ وچاپخانەی نەبێ وكادر نەبێ امكانیەت نەبێ كتێبیش تەبعەن نابێ، بەڵام ئەگەر ئەو سێ مادە سەرەكییە هەبێ پێویستە پەلە لە چاپی كتێب بكرێ لە مانگی(٩)ی ساڵی ١٩٩٣(١٤ملیۆن)دینار تەرخان كراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ كرینی كتێب ولیژنەیەكیش دروست كراوە بەسەرۆكایەتی وەزارەتی پەرەوەردە ١٩٩٣/٩/٢٥لە

بەڕێزان جوهر تاهیر عەبدوڵلا قەرەنی خوشکە جانێت بۆ ئەوەی کاغەز بکڕن ولە ١٩٩٣/١١/٦عەقد کراوە لەگەڵ موتەعەهدێک کە کاغەزمان بۆ بێنێ بۆ چاپی کتێب پاش شەش مانگان فەسخی ئەو عەقدە کراوە، پاش(٦)مانگ لە ١٩٩٤/٤/١٦ ئەوەش نوسخەی عەقدەکە لامە پاش شەش مانگان پێیان گوتیە ئەو شەرتانەی کە لەگەڵ تۆمان کردووە بەو مەرجانەی ناتوانین ئێستا ئامادەی بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە فەسخی عەقدەکەمان لەگەڵ تۆ کرد وتەئمیناتەکەشیان لەبۆ گەڕاندۆتەوە بەهەمان مەرج لە هەمان مانگ عەقدیان لەگەڵ کابرایەکی تر کرد بەهەمان مەرج لەهەمان مانگ لە ٤/١٦/فەسخیان کردووە پێش شەش ڕۆژ عەقدێکی تریان کردووە ئەویش نوسخەم لایە ئەوە عەقدی دووەم پێش فەسخی عەقدی یەکەم بەهەمان مەرج تۆزێک مەرجی جزائیان زیاد کردووە، عەقدی دووەم، بەڵام عەقدەکەیان نوێ کردۆتەوە لەگەڵ کابرایەکی دی کە چەند هەزار بەندێک کاغەزمان لەبۆ بێنێ(٣ملیۆن) دیناریشیان دایتە ئەو موتەعەهیدە کە کاغەز بێنێ هەتا مانگی(٨) کابرا یەک بەندە کاغەزی لەبۆ نەهێناین پاش مانگی (٨)بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاک کۆسرەت زانیوویەتی بەپێی ئیجرائاتی یاسایی بانگی کابرای کردووە کاغەزەکانی پێ هێنایە ولە کۆبوونەوەیەکیشدا لەگەڵ کاک حەسەن بەڕێوەبەری چاپخانە گوتی ئێمە بەهەموو کاغەزێک دەتوانین چاپ بکەین، ئێستا ابداعێکمان لەناو مەکینەکانی خۆماندا کردووە دەتوانین بۆ کاغەزی تەنک لەڕۆژی سەرماو لەڕۆژی گەرما چاپ بکەین، جگە لەوەش پارەکە دیسان لەپەرلەمانی نەمسا(٧٥)هەزار دوولارمان لەبۆ هاتووە و گەیشتە دەست بەڕێزی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وئاگادار کرایەوەو وەزارەتی پەروەردە لەو(٧٥)هەزار دولارەکە دەبێ کاغەزی پێ بکرێ ولە بروسکەیەکی بانقی دهۆک لە ١٩٩٤/٨/٣دەڵێ هەروا پارەکە لای ئێمەیە دەستی لێ نەدراوە بروسکەکەشم لایەو نووسراوی بروسکەی بانقی دهۆکم لایە، دەڵێ پارەکەمان هەروا لا ماوە ئەو پارەیە دەستی لێ نەدراوە هەتا بەڕێز وەزیری پەروەردە خۆی چوو کاغەزی پێ کری یانی نەک لیژنەی(مشتریات) لیژنەی کڕینی کاغەز جەنابی وەزیر خۆی چوو ولەکاغەزێکدا بۆ بریکاری وەزیر دەنووسێ ئەو پارە سەر بە ئێمە نییە، ئەویشم لایە دەڵێ بەڕێز برێکاری وەزیر ئەو پارەیە نەعایدی ئێمەیە وسەر بە ئێمە نییە، بەڵکو سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە و، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا لەگەڵ بەڕێزتان باسی ئەوەمان کرد گوتم نەخێر عائیدی ئێمە نییە، پارەکەمان دا بەوان وئەگەر بمان زانیبایە ئەو پارەیە بەچ درا چۆن سەرف کرا؟ ولە بۆ پەرلەمانی نەمسامان بنووسیبایە لەوانە بوو دوو ئەوەندەی دی پارەمان لەبۆ بنێرن لەبۆ کڕینی کتێب. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزان(٢٨٧)کتێبی مەنهەجیمان هەیە بەملیۆنەها کتێبمان دەوێ، سێساڵی خوێندن ٩١-٩٢، ٩٢-٩٣، ٩٣-٩٤ کتێبمان نەبووە، هەر کتێبمان وەرگرتوونەوە بەو پەڕپووتیەی دایتمانەوە قوتابیەکان ئەوە(١٣)مانگ بەسەریدا ڕۆیی پارەمان هەیە چاپخانەمان هەیە کادرمان هەیە خەڵکمان هەیە بەڵام وەزارەتی پەروەردە هەڵناستێ بە چاپکردنی کتێب وئەگەر ئەو ساڵیش ئەو

ملیۆن وهەشت هەزار کتێبەمان لەبۆ نەهاتبایە دەبوایە بەڕاستی بڵێم واز لەخوێندن بێنن نەتوانین ساڵی خوێندن بە باشی بیبەینە سەر لەبەر ئەوەی داوا لەبەڕێزی دەکەم وەزیری پەروەردە ئەو پرسیارەمان وەڵام بداتەوە ئەگەر دەڵێن ڕێگاشم دەدەن پرسیارەکانی تریش بکرێ حەزم لێیە برادەرانی تری لیژنەی پەروەردە بەشداری بکەن، پرسیاری دووەم لەسەر اشرافە. پارەکە لە ٢٣/١٠/١٩٩٣لیستەیەکی اشراف دەرچوو لە بۆ ئەوانەی پێشکەشیان کردووە لە سەرەتای دەست پێ کردنی وەرگرتنی کاغەزی موشرفین یان تۆمار کردنی ناویان من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم سەرەڕای ئەوە بەهەڵە مەسەلەکە هەموو کرا وچووە سەرێ قائمەیەکیش دەرچوو، بەڵام ئەو قائمەیە لەلایەن بریکاری وەزیرەوە هەڵوەشاوەتەوە ئەوانیش قائمەیەکی تریان دەرکرد تا١/١٠/١٩٩٤ئەو کێشە چارەسەر نەکرا لە ٢٣/ ١٠/ ١٩٩٣(٥١)موشریف ئەوان (٥-٦)یکیان زێدە کردووە ئەگەر ئەو(٥-٦)ە لابەین لەوانەیە(٤٥)مشرف ناویان دەرچوو فەرمانیان دەرچوو لە قوتابخانەکانی خۆیان دەستیان هەڵگرت چوون لە فەرمانگەی اشراف دەست بەکاربوون، بەڵام ئیشیان نەدانێ لەوێ دەوامیان دەکرد ڕۆژانە قوتابخانەی خۆیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام لەاشراف هیچ کاریان پێ نەسپێردرا بوو لەبەر ئەو دوو لیستەیە یەکێک لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردە یەکێک لەلایەن بەڕێز جێگری وەزیر دەرچوو بوو هەر دووکیان مابوونەوە، هیچ چارەسەرێکیان لە بۆ نەدیتنەوە، چەندین کۆبوونەوەشمان کرد لەبۆ چارەسەر کردنی ئەو بابەتە چارەسەر نەکرا بەڵام لە ١/١٠/پێش ئەو ڕۆژانە دابێ ١/ ١٠/١٩٩٤ ئیشەکە چارەسەر کرا، پرسیارێکم هەیە لەو بابەتە ئایا ئەو ساڵەی کە ئەو (٥٤)مامۆستایە لەاشرافن بۆیان بەخزمەتی اشراف حسێبە یان خزمەتی فێرکردن وتەدریس بۆیان حسێبە؟ ئەوە پرسیاری دووەم، پرسیاری سێیەم مەسەلەی پەیمانگا، برایان پار(٣٧)ڕۆژ پەیمانگا دەوامی نەکرد قوتابییانی پەیمانگا(٣٧)ڕۆژ دەوامیان نەکرد لەبەر کێشە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان، لەبەر ئەوەی بەڕێز بەڕێوەبەری پەیمانگا وەکو پێویست وەکو مامۆستایانی پەیمانگاو قوتابییانی پەمانگا باسیان دەکرد کە ناتوانێ پەیمانگاکە بەڕێوە ببات بەو(١٢٠٠)قوتابی تێدایە وکێشەکانی ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو وکاتێک گوتمان دەبێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ وئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە بگاتە ئەنجامێک. لیژنە لێکۆڵینەوەکەش کە پێک هاتبوو وگەیشتنە ئەنجامی ئەوەی چەند خاڵێکیان تۆمار کردو پێشنیازیان کرد کە بەڕێز وەزیری پەروەردە جێبەجێی بکات، بەڵام بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەویشی جێبەجێ نەکرد ولە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا لەگەڵ جێگرەکەی خۆی، لەگەڵ مامۆستایان وئەو نوسخەیەشم لایە کە هەموویان ئیمزایان کردووە کە ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەن لە٢٥/٢/١٩٩٤کێشەکانی پەیمانگای مامۆستایانی مەرکەزی چار بکەن، بەڵام کێشەکانی تا ئێستا چارە نەکراون وەکو خۆیان ماوەنەتەوە، ئەوە پرسیاری سێیەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە روون کردنەوەیەکمان هەیە، چونکە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان

و سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران هات دەربارەی ئەوەی نەمسا ،دەمەوێ روون كردنەوەیەكی گچكە بكەم راستە لەلایەن سەرۆك پەرلەمانی نەمساوە هەندێ پارەیان نارد وەك دیاری و وەكو پیتاكێك بۆ هەندێ پرۆژە كە لەپەرلەمانی ئەوێ، نەمساوییەكان خۆیان دیاریان كروودن ونوێنەری خۆیشیان یەك دوو كەسیان هاتبوون، كۆمەكەكەش بەشێكی بۆ دەرمان بوو، بەشێكی بۆ كتێب بەتحدید بۆ چاپی كتێبی قوتابخانەكان بوو، بەشێكی تریش بۆ موعەوەقین وهەتیمەكان، بۆ رێكخراوە كۆمەلایەتیەكانی وەزارەتی تەندروستی بوو، راستەكە بەرێگەی ئێمەوە نێردراوە، بەلام جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی ئامادە بوون و، ئێمە تەنیا ناقل بووین بەشایەدی ئێمەو بە بەرچاوی ئەوانەوە ئێمە دامان بەو لایەنانەی كە دیاری كرابوون، یەكێك لەوانە وەزیری پەروەردە بوو بۆ چاپی كتێب، راستە كە وابڕیار بوو ئەوان لەماوەیەكی دیاری كراودا ئاگادارامان بكەنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش ئاگاداری پەرلەمانی نەمسا بكەینەوە ومن ئێستاش لەو باوەڕەدام ئێمە لەمەسائلی وادا ئەبێ زۆر ورد بین وپەلە بكەین لەئەنجامدانی، چونكە كار لە پیتاكەكانی ئایندەمان دەكات، هەر ئەو روونكردنەوەیەم هەبوو، حەزم كرد روون بێ كە ئێمە تەنها نەقلمان كرد بۆ ئەوەی شاهید بین لێرە دامان بەدەستی ئێوەوە بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان بەدوایدا بچن، جەنابی وەزیری پەروەردە فەرموو..

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەی راست بێ پرسیاری یەكەمی بەرێز مامۆستا عوسمان كە باسی كرد لە پرسیارەكەی كە بۆ منی ناردووە وانییە، چونكە لێرە پرسیار دەكات و ئەلێ و روونكردنەوەیەك ئەدا ئەلێ سالی خوێندنی ٩٤-٩٥ خەریكە دەست پێ دەكات، بەلام كتێب بۆ قوتابی وخوێندكار چاپ نەكراوە، سەرەڕای پارە دانان بۆ ئەو مەبەستە چاپخانەیەكی بەتواناشمان هەیە وكادرێكی لێ وەشاوەی زۆریشمان هەنە، پرسیارەكەشی ئەوەی هۆی چاپ نەكردنی كتێب بۆ هەموو قۆناغەكانی خوێندن چییە؟ ئەو روونكردنەوەی ئەو باسی كرد وئەوە هیچی بۆ من نەهاتووە، تامن بەو شێوەیە وەلامی بدەمەوە لەگەل ئەوەشدا ئەوەی بەرێزی دیاری كرد كە گوایە(١٤ملیۆن)دینار لەسالی ١٩٩٣وە دیاری كراوە، یەكەم (١٤ملیۆن)دینار نییە بۆ ئەوەی زانیاریەكەی دروست بێت(١٠ملیۆن دینارو(٣٠٠)هەزار دۆلار بوو، بەلام ئەو دەمە ئەو(٣٠٠)هەزار دۆلارە بە(٤ملیۆن) دیناریان قەرساندووە كە بوو بە(١٤ملیۆن) ئەو(١٤)ملیۆنەش هی سالی ٩٢-٩٣ نەك ٩٣-٩٤ بوو، حەز دەكەم بەرێزی بزانی تا ئەمڕۆ لە بودجەی سالی ٩٣-٩٤ ئێمە یەك فلسمان لەحكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بۆ لە چاپ دانەوەی كتێب وەرنەگرتووە و بەداخەوە بۆشمان تەرخان نەكراوە ئەو پارەیەش هی سالی ٩٢-٩٣ بووە، كە لەسالی ١٩٩٣دا بلێین دیاری كراوە بۆ ئێمە بۆ دوایی ٩٢-٩٣ ئەوە بووە ئەوەندەی كە پێمان كراوە. سەبارەت بە كرینی كاغەزو لەچاپ دانەوەی كتێبەكانمان تا ئەوەندەی كە ئامادەم كردووە، ئێمە ئەوەندەمان لەتوانادا بووە لەچاپی بدەین بە

پارەکە نەک بەهەمووی بەڵکو بە بەشێک لەو پارەیە، تاکو ئێستا ئێمە(٢٦)مادەمان سەر لەنوێ لەچاپمان داونەتەوە بۆ قوناغەکانی سەرەتایی وناوەندی وبەپێی ئامارێک دابەشمان کردوون بەسەر بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان وپەروەردەی هەر چوار پارێزگا جگە لەوەش ئێمە(٦)مادەی ترمان هەبووە بەرەوامان نەزانیوە اهمالیان بکەین بەڵکو دەستکاریەکی کورتمان کردووە، کە ئەم کتێبا نەمان زیندوو کردۆتەوە کۆی هەموو ئەو کتێبانەی کە ئێمە دابینمان کردووە لەماوەی ئەم ساڵەدا (٩٧٤) هەزار و(٤١٧)کتێب بووە ئێمە لەو کتێبانە تاکو ئێستا (٣٧٩)کتێبمان دابەش کردووە بەسەر ئەو قوتابخانانە وقۆناغەکانیان کەوا باسم کردن وقۆناغی سەرەتایی وناوەندییە.

سەبارەت بەوەی کە ئێمە چەند پارەمان وەرگرتووە چەندمان سەرف کردووە؟ ئەو لیژنەیە یەکەم من نازانم ئەو زانیاریەی لەکوێ هێناوە؟ بەلام ئەگەر پێویست دەکا من دەتوانم دەقی زانیارییەکەی بۆ دێنم سەبارەت بە دووەمیش کە ئێمە پارەمان پێ داوە لە(٣٠)مانگی چوار بووە خۆتان ئەزانن لە ٥/١ چ کارەساتێک روویداوە من هەر ئەوەندە دەڵێم لەکاتێکی ئەوها کە شەرێکی ناوخۆ دروست بوو ئەو برایەش نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا، ئەو کاغەزە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کوردستان بەداخەوە ناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دێنێ کە گوایە ئەو ناچاری کردووە، ئەگەر بێتە سەرباری حەقیقەت بەچ مافێک ئەو برایە ناچار دەکات هەر چەندە کە تاکو ئێستاش ئەو بەڵێن نامەیە جێبەجێ نەکراوە وەکو پێویست، ئەو دەڵێ جێبەجێ کراوە، بەلام بەداخەوە وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە وئێستاش ئێمە کێشەمان ئەوەیە چۆن ئەو کاغەزە لەگەڵ ئەو بەڵێندەرە بی پێوین یا بیژمێرین بۆ ئەوەی دەورو تەسلیمی لەگەڵدا بکەین.

مەسەلەی(٧٥)هەزار دۆلارەکە بەرێزی دیسانەوە زانیاریەکانی پاش ئەوەی کە لە فەرەنساگەرامەوە ئەو پارەیە وەرگیرا بوو، کە گەرامەوە پاشان ئاگادار کرامەوە ئەوە بوو لە٢/٧ توانیان ئەو پارە بە برووسکە لێرە وەرگرن، لیژنەیەکمان نارد بۆ کرینی کاغەز بەو برەپارەیە، بەلام بەداخەوە دوای ئەوەی کەزانیمان نرخی کاغەز چەندێکە چۆن ئەکردرێ چۆن چۆن ئەبێ، ئێمە هەموو شتێکمان ئامادە کرد لەئەنجامدا گوتیان ئەگەر رەزامەندی (U. N)نەبێت کاغەز لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناگات ئەوە بوو لەکۆتایی مانگی چواردا ئێمە هەوڵماندا بەرێگەی(U.N)رەزامەندی نامەیەکمان بۆ وەرگرن بۆ ئەوەی کاغەز لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەو پارەیە بکرین و، بیگەیەنینە کوردستان. چونکە پێمان حەیف بوو ئەو(٧٥)هەزار دۆلارە لەدەستمان بچێت ونەتوانین کاغەزی پێ بکرین. ئەوە بوو کاتێک کە ئێمە رەزامەندیان بۆ هات لە ١٩٩٢/٦/٩بوو، بەلام کە من ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییم کرد، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەمان بدەنەوە گوتیان ئەو پارەیە نازانین چی بەسەر هاتووە، ئێمەش هەوڵمان دا بەرێگەی بانقی رافیدەینی دهۆکەوە لەرێگەی بانقی ئێرەوە لەرێگەی وەزارەتی داراییەوە، دوای دانوستانێکی زۆر، بۆمان دەرکەوت کە ئەو پارەیە لە ١٩٩٤/٤/٢٣ لەسەر

داوای وەزیری دارایی یان بڵـێین بەراسـتی بەهۆی بریکاری وەزارەتی پەروەردە بەرێگەی ئەوەوە داوا لەوەزیری دارایی کـراوە، دیارە وەزیری داراییش ئەو پارەیەی بە بروسکە سـەحب کـردۆتەوە لەدهۆکەوە بۆ هەولێـر ئەو پارەیە جـا من نازانم لە بنەڕەتدا پارەکە رەوان کـراوە بۆ دهۆک یان نا، بەڵام بەپێی ئەو برووسکەیەی ئەو ئاماژەی بۆ ئەکات ئەڵێ ئەو پارەیە لای ئێـمەوە وەرنەگیـراوە لەلایەن حاجی خەسرەوەوە ئەگەر ئەو بروسکەکەیە باش بخوێنێتـەوە وا نووسراوە یانی نوێنەری ئێمەش حاجی خەسرەو بوو«مامۆستا خەسرەوعەبدولحەمید»ئەو ئەم پارەیەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە وەرنەگرتووە. بەڵگەشمان بۆ ئەوەی کە ئەو پارەیە لەدهۆک نەبووە بەڵکو هەر لەسەرەتاوە لەهەولێـر مـاوەتەوە بۆ ئەوەی مـەعلومـاتەکەی راست بکەمـەوە من لە(١٤)ی مـانگی(٩)دوای رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران وخودی وەزیری دارایی لە سەعات(١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی(١٤)ی مـانگ ئێـمە چووین لە بانقی هەرێمی کوردسـتـان بانقی مـەرکەزی هەرێمی کـوردسـتـان لەهەولێـر وەرمـان گرتووە بەمەرجێک هەرچی دۆلاری کـۆنە ژمـارەکـانم هەمووی لەلایە هی سـاڵی١٩٧١تا ١٩٨٨ ئەوانەیان بە ئێمە کۆ کردۆتەوە ئەو(٧٠)هەزار دۆلارەیان بەئێمەدا ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا قبـوولـمـان کـرد، وەرمـانگرت ولە ئەنجـوومـەنی وەزیراندا باسی ئەوە کـرا چۆن ئەو لیـژنە دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کـاغـەزە بکردرێت، چوار وەزیری بەڕێز لەسـەرەتای ئەوە باسی ئەوە کـرا کـە چوار وەزیری بەڕێز لەڕاستیدا ئەم لیژنەیە ولیژنەکارییە بۆتە کێشەیەکی زۆر بۆ ئێمە من هەر لەو کـۆبوونەوەیە هەر چەندە لـەراگـەیاندنیـشـا باس کـرابوو، کـە چوار وەزیر بوو بۆ دابین کـردنی ئەو کـاغـەزانە دروست دەکرێ، بەڵام من لە ئەنجـوومەنی وەزیراندا بە پەسـەندم نەزانی وداوام لەبەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن وبەڕێز کـاک یونس ئەو کـاتە لەجیـاتی کـاک د.رۆژ جێگرایەتی سـەرۆکی ئەنجـوومەنی دەکرد داوام لێ کردن ئەوە خۆمـان جێبەجێی دەکەین ورەزامەندی ئەوانمان وەرگرت ورۆژی پاشتر رۆژی(١٥)ی مانگ خۆم لەگەڵ یەک دوو لێپرسراودا کە شارەزان لەکاغەزو ئەوانە رۆیشـتـوومـە بۆ دهۆک، دوایی چوومـەتە زاخـۆ لەرێگەی بەڕێوەبەری گومـرگی ئیـبـراهیم خـەلیلەوە پەیوەندیمان کردووە بە چەندین شوێنەوە کە بەچەندی ئەو کاغـەزەمـان بۆ دێنن دوای ئەوەی کامـەیان باشترە لەلایەنەکی سیاسی کە دەستی لەوێ دەڕوا خۆی بەخۆی تەنێک کـاغـەزی بەو دوو هەزار دۆلارە کـڕیوە ئێـمـە تەنێک کـاغـەزمـان دوای دانوسـانێکی زۆر بە (١٩٥٠) دۆلار لەو لایەنە سیـاسیـەی کـە دەسـەڵاتدارە(٥٠)دۆلار کـەمـتـریان کـڕیوە، وابزانم ئەوەی ئێـمـە کـردوومـانە لەو بارەیەوە، یەکەم ویستمان ئەو پارەیە کە خەلاتە یان هاوکارییە لەلایەن پەرلەمانی نەمساوە جێی خۆی بگرێ، دووەم بەداخەوە مـشـتـومـڕێکی زۆر دوورو درێژ هەبـوو (٧)ی ئەم مـانگەش ئەم مـاوە یاسـاییـەی کـە لەلایەن(U.N)بۆ ئێـمـە دیاری کرابوو ئەبوایە کاغـەزەکە بگەیشـتبـا، بۆیە من بەپەرۆشم بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەم کاغەزەیە بگەیەنمە کوردستـان، خۆش بەختـانە ئێستا ئەو کاغەزە گەیشتۆتە کوردستان تا ئەمەش هەموو موستەمسەکاتی رەسمییە جگە لە پارەکەی ئێمە کردوویەتی بە«٣٨»تەن، بەڵام هەندێک پیـتـاک هەبوو لەلایەن جەماوەری سەربەرزی دهۆکەوە ئەو

پارەیەشمان کردووە بەدۆلار وهەروەها (١٢٠)هەزار دیناریشمان بەقەرز لەبەڕێز پارێزگاری دهۆک وەرگــرتووە بۆ ئەوەی بتــوانین(٤١)تەن و(٣١٨)کــیلۆگــرام کــاغــەزی پێ بکرین تا ئەوە موستەمسەکە(٨٠)هەزار وپێنج سەد و حەفتا دۆلارە کە داومانە بەو کاغەزە ووەجبەی هەر کاغەزێکی بە(٣)لۆری هاتووە، یەکی چەندە حمولەکەیەتی و ژمارەی ڕۆلی کاغەزەکانی لایە بەو جۆرە جێبەجێمان کرد. مەسەلەی ڕێگە کە بەڕێزی دەڵێ ئەگەر ئەو کتێبانە لەبەغداوە نەگەیشتیان ئەبوایە چیمان بکردایە ئەبێ بەڕێزی باش بزانێ ئەمەش مەکرەمەی (السید الرئیس) نییە وەکو دەڵێن کــە بۆ ئێمــە هاتووە بەڵکو ئەمــەش لەئەنجــامی هەوڵ و کــۆشــشــێکی ئێمــەیە لەگەڵ(U.N)هێشتا بەڕێز ولسن لێرەبوو هی هێزەکانی(U.N)هەوڵماندا بەو ڕێگەوە کە بتوانین گوشارێک بخرێتە سەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی ئەو کتێبانەمان بۆ بنێرن، ئێمە ماوەیەکی زۆرە بەو کێشەوەین هەتا لەئەنجامدا ئێمە لەگەڵ یونیسێف ونوێنەرێکی مانگی سوور ئەوانیش هاتبوون لێرە دانیشتین ورێککەوتین کە چۆن چۆنی ئەو کتێبانەمان بۆ بێنێ کێشەی ئێمە تەنیا ئەوە بوو ئەوان وەکو دوو پەیوەندیدار لەگەڵ یونیسێف ئێمە لایەنی سێیەم بووین، کە شتەکە بۆ ئێمە هات یانی مەرجەکانی کە پەیوەندی بەئێمەوە هەبوو ئێمە مەرجەکانی ئەوانمان قبووڵ نەکردووە حەز دەکەم بزانن ئەو مەرجانەشی کە پەیوەندیان بەیونسێفەوە وبەخودی یونسێفەوە هەبووە هەڵبەت لەبری ئەو کتێبانە ئەوان کاغەزیان ئەدەنێ پێداویستی تری چاکیان ئەدەنێ چیان ئەدەنێ ئێمە گوتوومانە ولاریمان نییە، گرنگ ئەوەیە کتێبەکانی کە ئێمە پێویستمان پێیان هەیە بگەنە دەستی ئێمە ئێستاش بۆ خوێندنی کوردی چونکە ئێمە دوو جۆرە خوێندنمان هەیە خوێندنی کوردی وخوێندنی عەرەبی، بۆ قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی لەیەکی سەرەتاییەوە تادوا پلەی ناوەندی، نزیکەی سێ مادە نەبێت هەموو کتێبەکانمان بۆ هاتووە کۆی ئەو کتێبانەی کە گەیشتوونەتە ئێمە لە هەولێر ملیۆنێک و(٧٥٥)هەزار(٣١٩)کتێبە جگە لەمە، ئەو کتێبانەی کە وەکو گوتم خۆمان لەچاپمان داون چاپمان کردوون. هەندێک قۆناغ ئەمێنێ هێشتا وەکو پێویست دابین نەکراون، بەڵام بەتەئکید کە بەشێکی زۆری لەکێشەکەی ئێمە چارەسەر کرا، ئێمە ئەو دەمە دەتوانین بەشەکەی تریش لەچاپ بدەینەوە وچارەسەری بکەین، بەڵام کێشەی ئێمە تەنها دابین کردنی پارە نییە، تەنها دابین کردنی کاغەز نییە، بەڵکو پێویستیەکانی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەش وەکو پێویست ڕەچاو بکرێت ئەو پێویستیانەی کە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەیەتی بەداخەوە خۆزگە ئێستا وەزیری دارایی لێرە بوایە کە ئاگادارم بکردایە یاروو بەڕووی ئێوە باسم بکردایە کە چۆن تاکو ئێستا چەندین نووسراو لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی چاپخانەی وەزارەت، چونکە ئەگەر چاپخانەیەک چوار ساڵە یان سێ ساڵە وەکو پێویست ادامە نەدرێت، هەڵبەت ئەویش کۆن دەبێت پێویستی پێ هەیە لەکار ڕادەوەستێ، ئێمە پێویستمان بەو بەردەوامییە هەیە ئومێدەوارم وەزارەتی داراییش ئەو نووسراوانەی، یان ئەو فەرمانانەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی

وەزیرانەوە بۆی هاتووە جێبەجێی بکات وپێداویستیەکانی چاپخانەشمان بۆ دابین بکەن بێگومان ئەگەر کاغەزیشمان هەبێ دەزگاکاغمان رابوەستێ ناتوانین وەکو پێویست جێبەجێی بکەین، پرسیاری یەکەم وابزانم تەواو بوو.

مەسەلەی سەرپەرشتی هەر لەسەرەتاوە بەداخەوە ئەوە کێشەیەکە نەک تەنها دووچاری وەزارەتی پەروەردە بۆتەوە، ئەوە کێشەیەک هەر لەخودی ئەم رۆژەوە کە بەڵێن درا وەزیر وبریکار هەردووک یەک دەسەلاتیان هەبێ، ئا لەو رۆژەوە ئەو کێشانە تەشەنەیان کرد زیادیان کرد ئەگینا چۆن ئەبێت بریکارێکی بەرێز خۆی سەرۆکی لیژنە بێت پاش ئەوەی سێ ئەندامەکە لەگەڵ ئەودا ئیمزای بکەن لیستەکیان ئامادە کردووە پاش ئەوەی لیستەکە ئامادە کراوە، هەر چواریان ئیمزایان کردووە هاتۆتە لای وەزیر، وەزیر فەرمانی وەزاری پێ دەرکردووە ئەوجا پاش(٢٠)رۆژ یان(٢١)رۆژ دێت پەشیمان دەبێتەوە فەرمانی وەزاری هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئەو بریکاری وەزارەتە بە فەرمانی وەزاری فەرمانی وەزیر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو کێشەیە لەو رۆژەوە پەیدا بوو، بەلام خۆتان دەزانن چەندین جار ئەو کێشەیە هاتۆتە بەردەست ئێوە لەشوێنی تریش باس کراوە، بەلام بەداخەوە نەمانتوانی وەکو پێویست چارەسەری بکەین پێش ماوەیەک پێش چەند رۆژێک ئەوە بوو سەر لەنوێ بانگمان کردنەوە، دانیشتین خۆی چەندین جار دانیشتنی بۆ کراوە، بەلام دوا جارەکەی لەرۆژی ٩/٢٦ دانیشتینەوە دوا بریارمان لەسەر ئەوەدا کە لیستی یەکەم کە وەکو خۆی بروا تەنها چەند دەستکاریەک کە بریکاری وەزارەت سوور بوو لەسەری وئێمەش بۆ ئەوەی(أهون الشرین) بێت و، کێشەمان کەمتر بێت، گیروگرفتەکاغمان چارەسەر بکرێن ئێمە قبوولمان کردووە فەرمانێکی وەزاریمان بۆ دەر کردووە کێشەی سەرپەرشتیاران ئێستا چارەی کراوە.

کێشەی پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایانی هەولێر بەرێزی ئەڵێ پێشنیارێک هەبووە بەلام پێشنیارەکەی جێبەجێ نەکردووە یان، وەکو پێویست، بەرەو رووی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە نەرۆیشتووە، ئەوە پێشنیارەکەیە کەوا لێرە نامەوێ بخوێنمەوە بەلام اصلی مەبەست ئەوە بووە ئەو لیژنەیە پاش لێکۆڵینەوە داوای کردووە هەر چی پەیوەندیدارە بەو کێشەیە ئەبێ لاببردرێ بە بەرێوەبەرەوە،بە یاریدەدەرکانەوە بەو قوتابیانەی کە ئێستا سەرکەوتوون یان ماوە دران بخوێنن و سەرکەون ئێستا ئەوانەش دەرنە ئەچوون راسب ئەبوون هەندێک کێشە هەبوو هەمووی بەسترا بوو بەیەکەوە، بەلام لەبەر بەرژەوەندی گشتی دوای ئەوە مامۆستایان چووین بۆ پەیمانگای ناوبراو لەوێ دانیشتووین هەر هەموو مامۆستایان پێکەوە بەیەک دەنگ دژی ئەو رایە بوون کە دەستکاری بکرێت گوتیان ئێمە نامانەوێ هیچ شتێک دەسکاری بکرێ، ئێمە لەناو خۆماندا کێشەکان چارەسەر دەکەین پێویست ناکات بە دەستکاری کردن، یان بەگۆرانی هیچ کەسێک ئەو کێشەیە بریاردرا تا کۆتایی هاوین بەو شێوەیە بمێنێتەوە وەکو چارەسەر، ئێستاش هیچ کێشەیەک نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بریکاری وەزارەت دانیشتووین بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەکان، یەکێک لەوانە کێشەی پەیمانگای مەلبەندییە، بەلام بەو شێوەیە نییە وەکو بلێین

هەرای لەسەر خولقاوە، وابزانم نەمانگرتن هەیە نەکەس باسی دەکات ئەگەر خوانەخواستە گیروگرفتەکە بێنێ پێش هەموو کەسێک روو بەرووی ئێمە دەبێتەوە، هەر چۆنێک بێ ئەوەش ئێمە هەڵوێستی خۆمان هەیە چارەسەری گونجاومان بۆ دۆزیوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من داوام کرد دکتۆر وەڵامی نەدامەوە دەڵێ عوسمان ئەو پرسیارەی کردووە، بەڵام من پرسیارم نەکردووە، لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان پرسیاری کردووە، بەڵام ئەو دەڵێ ئەو پرسیارە نەوشتانەی تێدا نییە، بەڵێ تێدایە دەڵێم چاپ نەکراوە سەرەڕای تەرخان کردنی پارە، کەوا بوو پارە هەمووشت دەگرێتەوە، دۆلارەکانیش ئەو(١٣)ملیۆن دینارەش دەکا کە تەرخان کراوە بۆ کڕینی کتێب ئەو بەلای هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنامەکە نەچوو کە شەش مانگی مایایە هیچ باسی نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.. ئەڵێ، لە پرسیارەکەدا باسی نەهاتووە عەقدەکە، هەڵیگرە بۆ دەرفەتێکی تر، چونکە روونی کردەوەو گوتی لە پرسیارەکەدا نەهاتووە دیارە خۆی ئامادە نەکردووە.

**بەڕێز عوسمان حسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ ئەو پارەیە نەماوە من دەزانم ئەو پارەیە ماوە، ئەو(١٠)ملیۆن دینارەی کە پار دایان، هێشتا ماوە دەتوانن سەرفی بکەن، ئەگەر سەرفیشیان نەکردووە دەڵێن نەماوە لەکەم تەرخەمی خۆیانە، بەڵام پارەکە ماوە ئەو پارەی تریش دەڵێ بروسکەکەی دهۆک، ئەوە بروسکەکەی دهۆکە، دەڵێ «من حسابکم المفتوح لدینا»یانی ئێستا ئەوەکەی تر نازانم باشی بخوێنمەوە، بەڵام دهۆک دەڵێ«من حسابکم المفتوح لدینا» یانی ئەو رستەیە بەسە، لە بۆ ئەوەی دکتۆر بزانی ئەو پارەیە لەوێ بووە ولە مێژووی١٩٩٤/٨/٣ دەڵێ (یرجئ ملاحظە برقیتنا العدد«١١٥٨٣٩» فی ٤/٢٤ المتضمنە بعدم صرف المبلغ) (٧٥)هەزار دۆلار لەدرێژەیدا دەڵێ «من حسابکم المفتوح لدینا» ئەوە لەبەر ئەوەی کاکە دکتۆر دەڵێ لای من نییە باسی دابەش کردنی(٢٨)کتێبی مەنهەجی دەکات کە لە(٢٨٧)کتێبی مەنهەجی (٢٨)کتێب مەنهەجی چاپ بووە سەرۆکی پەرلەمان (٩)ملیۆن(٦٩٦)هەزارو(١٤٦)کتێبمان دەوێ لە بۆ هەموو سەرەتایی وهەموو ناوەندی وهەموو دواناوەندی، من ئەو ژمارانەم باس نەکرد بۆ ئەوەی بە مەرجێک لە هیچ مەخزەنێک کتێبی پێشەیی نییە، ئایینی نییە، پەیمانگای هونەرە جوانەکان نییە، پەیمانگای مامۆستایان نییە، پەیمانگای ئامادەی مامۆستایانی کچان وکوڕان لەگەڵ پەیمانگای مامۆستایانی مەرکەزی، سێ پەیمانگای مامۆستایانی مەرکەزیمان هەیە شەشی ئەوانی تریشمان هەیە سێ هونەرە جوانەکانمان هەیە یەک کتێبیشیان نییە لەبۆ قوتابییەکانیان لەکۆگا لەبەر ئەوە ئەو(٢٦)کتێبی مەنهەجییە کە

چاپ کراون شتێکی زۆر کەمە لە پارساڵ لەمانگی ٩/٩٣ تا ئێستا دەمانتوانی ئەو هەموو کتێبانە دابین بکەین ئەو پارەیەش سەرف بکەین، دوو ئەوەندەش کتێب ئامادە بکەین. باسی مەسەلەی چاپخانە دەکات کە وەزارەتی دارایی یارمەتی چاپخانە نادات وەڵڵا حەقی خۆیەتی، منیش لەگەڵ ئەوەم وەزارەتی دارایی یارمەتی ئەو شارە گەورە بدات. شارە چاپخانە نییە، برۆ سەیر بکە بزانە، باوەڕ ناکەم لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو چاپخانەی وەها هەبێ، پێویستە گرنگی پێ بدرێ وموخەسەساتیان بدرێتێ وپارەشیان لەژێر دەستدا بێ بۆ ئەوەی بتوانن ئیدامەی مەکینەکانی خۆیان بکەن مانای ئەوە نییە کتێب چاپ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئەوەندە دەڵێم بە بەڕێز مامۆستا عوسمان ئەگەر پارەکە لەدهۆک بوایە چۆن بانقی مەرکەزی هەولێر ئەو پارەی بەمن ئەدا؟ ئایا ئەو پارەیە لەدوای ١/٥ گەیشتووتە ئێرە مانای وایە پارەکە لێرە بووە وبۆیە رۆژی ١٤/مانگ بەڵگەم هەیە رۆژی ١٤/مانگ وەرم گرتووە بەو شێوەی کە باسم کردووە، هەڵبەت کە رۆژی ١٤/مانگ کە وەرم گرتووە من لەو پارەیە سوودم لێ وەرنەگرتووە، نەم توانیوە هیچی پێ بکەم، هیچی پێ بکەم تازە کاغەزەکەم پێ تاکرێ ئەو پارەیەش کە بەڕێزی دەڵێ نەماوە من نەم وتووە نەماوە من دەڵێم لەو پارەیە ئێمە توانیومانە ئەو کاغەزە ئەوەندە کتێبە لەچاپ بدەین ئەوەی کە تاکو ئێستا لەچاپمان داوە بەو وەزعە نا لەبارەی کە خۆشی ئێستا اعترافی پێ دەکات کە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە شارێکە پێویستی بە ئیدامە پێ دان هەیە کە ئەوان هاریکاریم دەکەن من بە چ شێوەیەک ئەتوانم جێبەجێ بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو پرسیارەش تەواو، دێینەوە سەر دوا پرسیار وەزیری دادو مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین پرسیارێکی هەیە لەسەر بابەتی دادوەر، تکایە پرسیارەکە بە مورەکەزی بکەن، چونکە وابزانم لە کاتی خۆمان نزیکەی سێ چارەگە تێدەپەڕین.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکو برایانی بەڕێز تکام وایە کە پەلەم لێ نەکەن، چونکە هەندێک پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، دیارە شاری چەمچەماڵ خۆتان دەزانن وجەنابت شارەزای کە شارێکی بەڕاستی کێشە وشتی زۆر زۆرە، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە عەشائیریەی دەوروبەر کە هاتونەتە ناوشار بریتین لەو خەڵکانەی کە لەشوان وشێخ بزێنی و جەباری زەنگەنەو جاف وئەوانەوە هاتوون هەموو کێشەی عەشائری لەمەو پێشیشیان هەیە وهەروەها پاش ماوەی ئەنفالەکان زۆریان لەوێن ئەو شارە تا ئێستا بەداخەوە لەدوای راپەڕینەوە دادوەری نییە لەکابینەی یەکەم هەوڵماندا وئەو نوێنەرانەی کە دەچووینە ناوچەکە، داخوازی جەماوەری ناوچەکە ئەوە بوو کە پێشەکی پێویستیان زۆر بە دادوەر

هەیە، چونکە موعامەلاتێکی زۆری هەیە وخەڵکەکەش زۆری نەدارەو دەست کورتە ودەبێ بۆ ئیمزایەک بچن بۆ سلێمانی، ئەوەش بەڕاستی خەڵکێکی واهەیە کە نانی ڕۆژێیی نییە، ئەو پارەی لەکوێ بوو هەموو جارێ بچێ بۆ سلێمانی ئیمزایەک بکات لەلای دادوەری ئەوێ، بەڵام بەداخەوە کەس ئامادەیی نەبوو لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ خەڵکی وپیاوە ماقولانی چەمچەماڵ وقائمقامی ئەوێ کۆبووینەوە وامان بەباش زانی هەوڵ بدرێ یەکێ لەو دادوەرانە اقناع بکرێ کە بێتە چەمچەماڵ دیارە ئەو خەڵکە هەوڵی خۆیان داو توانیان یەکێک بدۆزنەوە کە بریکاری داواکاری گشتی سلێمانیە، بەڵام جێی داخە ئەویش لەپێش خەڵکی چەمچەماڵ کاتی خۆی انتداب بووە لەاصلا لەزاخۆ بووە دوایی انتداب بووە لەسلێمانی وانتدابەکەشی هەڵوشاوەتەوە و، هەر لە ١٢/١/١٩٩٤ ئەمری هەڵوەشاندنەوەکەی دەرچووە بەڵام بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوای کردووە لەشوێنی خۆی بمێنێ بۆ ئەو مەبەستە، هەر دوابەدوای ئەوەش لە ١٧/٥/١٩٩٤ لەبەر ئەوەی فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردووە، اعتبار کراوە بە کارکەناری لەوەزیفەکەی، ئێمە پەیوەندیمان زیاتر بەوە نییە، بەڵام دیارە بۆ ئەو مەسەلەیە چوین یەقەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانمان گرت وتمان بەڕاستی ئێمە ناتوانین وەکو نوێنەری ئەو ناوچەیە کە دەچینەوە باشە پێمان دەڵێن لەو هەموو کوردستانە ئێوە دادوەرێکتان نییە بینێرن بۆ چەمچەماڵ؟ ئەو هەموو کێشەمان هەیە چووین بەڕێز کاک کۆسرەتمان ئاگادار کردەوە کە هەوڵ بدا لە ڕێگەی خۆیەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد دا بتوانن دادوەرێک دەستنیشان بکەن بۆ چەمچەماڵ دیارە دوای ئەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاغەزێکی تایبەتی نووسی بوو بۆ بەڕێز وەزیری داد داوای لێ کردبوو کە ئەو برادەرە لەباتی ئەوەی بنێری بۆ زاخۆ بینێرێ بۆ چەمچەماڵ و، هینەکەشی ئەوەیە ئەڵێ داواکارین ئەمری انفکاکی هەڵبوەشێننەوە یان رایگرن چونکە ئێمە هامیشمان لەسەر نووسی بوو ئەوە بوو انفکاکی پێ بکەن. دوو ئەگەر ئەتانەوێ بگوازرێتەوە بابکرێ بە دادوەر لەچەمچەماڵ، چونکە ئەو شارە پێویستیان بە دادوەر هەیە، بەڵام داخەکەم ئەوەش هەر نەبوو بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری داد دەکەم کەوا روونکردنەوەیەک دەربارەی ئەو بابەتە لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز قــــادر جــــەباری/وەزیـری داد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

دەربارەی پرسیارەکەی مەلامحەمەد ئەمین ژمارەی دادوەر لەکوردستاندا بەگشتی ولەناوچەی سلێمانی وکەرکوک بەتایبەتی کەمە، ئێمە هەتا ئێستا ناوی چەند کەسێکی لێوەشاوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێم پەسەند کراون ژمارەیان دەگاتە (٧) کەس بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ولەدوای زیاتر ساڵێک ئەم ناوانەیان مەرسومی هەرێمییان بۆ دەرنەچووە یان لەسەر سوێند خواردن گیریان کردووە ولەگەڵ ئەوەی بەخۆیان ئامادە بوونە بۆ دەست بە ئیش کردن، بەداخەوە نەیان توانیوە دەست بەکاربن لەبەر ئەو هۆیانەی کە وتران وئێستاش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز بکەین هەتا برگەی (٣٥) لە یاسای دەسەڵاتی

دادوەری ژمارە(١٤)ساڵی ١٩٩٢هەموار بکات بۆ ئەوەی سوێند خواردنی دادوەر تەنها لەبەردەم ئەنجوومەنی دادوەری بێت ودەربارەی دەرکردنی مەرسومی هەرێمی بۆ دامەزراندنی دادوەر پێشنیار دەکەین یان دەستەی سەرۆکایەتی کۆببێتەوە یاخود دەست بەکاربێ یاخود ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە سەرۆکی پەرلەمان یا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر بێتو ئەوکارانە جێبەجێ بکرێت ئەوە دادوەر بۆ هەموو قەزاکاندا دابین ئەکرێ بە چەمچەماڵیشەوە. دووەم دانانی بەڕێز «رەشید عیسی» بە دادوەری چەمچەماڵ وەکو لە پرسیارەکەی بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین داهاتووە، لەو بارەیەوە ئەمەوێ ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەم کە هەموومان دەزانین دەسەڵاتی دادوەری واتە«السلطه القضائیه» سەربەخۆیی خۆی هەیە، هەروەکو لەبڕگەی(١)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە(١٤)ساڵی ١٩٩٢دا هاتووە کە ئەڵێ« المحاکم مستقله لا سلطان علیها لغیر القانون ولایجوز لأیه سلطه اوشخص التدخل فی استقلال القضاء او التدخل فی شؤون العداله» بەپێی یاسای ئاماژە پێ کراو ویاسادانان ودامەزراندنی دادوەر بەپێی یاسا لە ئەستۆی وەزارەتی داد وئەنجوومەنی دادوەرییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەعقیبێک هەیە، بەڵام ئەوەی کە جەنابت فەرمووت، مەسەلەی هەموار کردنی ئەو یاسایەی کە باست کرد بۆ سوێند خواردن کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادەوە بێ، ئەگەر پرۆژەیەک بنێرن بۆ ئەوەی ئێمەش بیدەینە لیژنەی تایبەت و ئەگەر هەموار کردنەکە زۆربە رازی بوون لەسەری هیچ گرفتێک نییەو، لەوەیە شایستە تریش بێت، بەڕاستی (قضاء) دەبێ خۆیان سوێندی کارمەندی خۆیان بدەن چونکە ئەوە شتێکی پرۆتۆکۆلییە.

**بەڕێز قادر جەباری/وەزیر داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەم بارەوە قسەمان کردووە لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسای پەرلەمان وامان قسە کردووە کە بەم زووانە ئێمە پرۆژەیەک پێشکەش بکەین ولەلایەن ئەوانیشەوە لێی بکۆڵرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەستتان خۆش بێ ئەم شتە هەر شایستەی ئەوانە و، با ئەوان شتێکی پرۆتۆکۆلی بکەن و هەر ئەوانیش ئەو مەراسیمە بکەن باشترە و، ئیشەکە ئاسانتریش دەبێ. دیارە مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین بەدواداچوونێکی تری هەیە، بەڵام با زۆر بەمورەکەزی باسی بکات.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی قاعیدەیەک هەیە دەڵێ«ان الضروریات تبیح المحظورات» برادەرانی یاسایی چاک دەزانن ئەمە لەبابی زەرورییانەو لەبابی «تدخل» نییە وسەرۆکی وەزیران وابزانم سەرۆکی هەموو

حکومەتەکەیە ئێمەش وەکو نوێنەرانی پەرلەمان، نوێنەری ئەو جەماوەرەین و بچین بۆ لای کوێ ئەگەر ئەوە خوانەخواستە بە تەدەخول حسێب بێت یانی ئەوە لەلایەک و، لەلایەکی تریش مادام ئەو برادەرە مەرجی یاسایی تێدایە وئێستا من نووسراوێکم لەلایە «٥٦»پارێزەر لەسلێمانی ئیمزایان کردووە لەبارەی نەزاهەت ودڵسۆزیی ئەو پیاوە کارێک نییە کە یاسایی نەبێت، شەرعی نەبێت ئیتر بۆ نەکرێ «لاسلطان علیٰ القانون» باشە بەڵام خۆ تکای لێ ئەکرێ ئەوە دوو، سێیەم شتێکی گشتیم هەیە سەبارەت بە هەموو برا وەزیرە بەرێزەکانەوە کە دێنە ئێرە وئەو پرسیارە بەرەو رووی جەنابت دەکەمەوە مەبەستم بەرێز وەزیری داد نییە بەتایبەت، بەڵام ئەگەر لەکاتێکدا ئەندامێکی پەرلەمان پرسیارێکی کردو دوایی بە وەڵامەکانی بەرێز وەزیر قەناعەتی نەهات لەو حاڵەتە نازانم چی ئەکرێ، ئێستاش من ئەبینم پرسیار دەکرێ وەڵام ئەدرێتەوە دوای وەڵام دانەوە برادەران ئەڕۆن حەز دەکەم ئەوەش روون بکرێتەوە هەر ئاوا پرسیار نەبێ وەڵام بێ ئیتر بڕوات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئیجازە بدە تۆ بابەتێک لەمێشکت دایە حەز دەکەی روون بکرێتەوە وبیزانی، تۆ پرسیارەکەت ئەکەیت و وەڵام ئەدرێتەوە، ئینجا قەناعەتت بێ، یان قەناعەتت نەبێ ئەوە هێشتراوەتەوە بۆ جەنابت، یان ئەو برادەرەی کە پرسیار ئەکات ئەگەر مەسەلەیەکی تری هەیە ئەوە با بیکات بە پرۆژەیەک و بێت بڵێ ئەوە پرۆژەکەیە، ئەوکاتە چارەسەر دەکرێت.

**بەرێز قادر جەباری/وەزیری داد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێزان یانی نازانم من دەقێکی یاساییم هێنایەوە، من دەڵێم هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە ئەوەش خۆی پەرلەمانی بەرێز دای ناوە یاسای ژمارە(١٤)نە سەرۆکی حکومەت نەکەس دەسەڵاتێکی نییە بەسەر ئەنجوومەنی دادوەری سەربەخۆ دەسەڵاتێکە وەکو پەرلەمان و وەکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ خۆیەتی خۆی دادوەر دادەنێ خۆی نەقلی دەکا لەو حاڵەتە دامان نا هەر شتێکی ئیداری باس بکەین باشە ئەو برادەرەی بەرێز مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین فەرمووی ئەگەر هاتو داشمان مەزراند خۆ(٧)کەسی تر مورە شەحن لەسەر سوێند خواردن ماون مەعقولە بێن پێشبڕکێی بۆ بکەین پێش(٧)کەسەکەی تر بیکەین بە دادوەر وبیبەین بۆ چەمچەماڵ ئەگەر(٧)کەسەکە دەرچوو دادوەر لەچەمچەماڵ دانەنرا ئەو کات مافی گلەییتان هەبێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا ئەم بابەتە تەواو بوو کە جەنابی وەزیری داد خستیەڕوو، هیوادارین دادو دادپەروەری بەو شێوەیە بێ کە نەڵێین «لاسلطان علیه» و ئەندامانی پەرلەمان خیلافیان لەسەر ئەوە نییە. لێرەدا

پرسیاره و وەڵامەکانی تەواو بوون، زۆر سوپاسی برا وەزیرەکانمان دەکەین بۆ ئەو ئەزیەتەی کە خواردیان و ئەو روون کردنەوانەی کە دایان. سوپاسی ئەو برادەرانەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە بەپەرۆشەوە موتابەعە دەکەن وئەو پرسیارانەیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران وبرا وەزیرەکان کرد، بەرنامەی سبەینێی خۆمان ئەیخەینە سەعات(١١)، ئەگەر لاریتان نەبێ، واتا سەعات(١١)لەجیاتی(١٠)، چونکە هەندێ برگەمان هەیە بە باشمان زانی سەعات(١١) کۆبینەوە، جا ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەوە درەنگە سەعات وقسوورێک لە کاتەکە رۆیشت، بۆیە ئەیخەینە بەیانی تکایە لیژنەی ئابووری سەعات(١٠)کۆ بێتەوە وئەو برادەرانەی لیژنەی یاساش ئەگەر هەموویان نین بەلایەنی کەمەوە دوو سێیەکیان بێن، بەڵام لیژنەی ئابووری هیوادارین هەموویان بێن، مامۆستا عوسمان ومامۆستا عەفانیش دەبێ بۆ لیژنەی پەروەردە ئامادە بێ، بەڵکو سبەی تەواوی بکەین، وەزارەتی ئابووریش پێشنیاری باشیان ناردووە وسبەی خوا حەزبکات ئەگەین بە ئەنجام و، سەعات(١١)دادەنیشین. سوپاستان دەکەین دانیشتنەکەمان تەواو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمان**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

چوارشەممە رێكەوتی ١٢/ ١٠/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢/ ١٠/ ١٩٩٤

**کات ژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٢/ ١٠/ ١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی ١٩٩٤ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١ـ پرۆژەی بڕیاری دووبارە تۆمارکردنەوەی زەوی وزاری کشتوکاڵی بەناوی خاوەنەکانیانەوەو وەزارەتی دارایی، بۆمەبەستی چاک کردنی کشتوکاڵ.**

**٢ـ ڕاگرتنی بڕیارەکانی ژمارە (٤٥)ی ١٩/ ١٢/ ١٩٩١و(٧٧٤)ی ٢١/ ٩/ ١٩٨٨و(٩٧)ی ٢٠/ ٧/ ١٩٩١، (٨٧٥)ی ٢١/ ١١/ ١٩٨٧و یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩، یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە (ضريبة العقار).**

**٣ـ بابەتی ئامادەنەکردنی بودجەی ١٩٩٤کە وەک تازە بابەتێک لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ڕۆژی ٢٥/ ٩/ ١٩٩٤فراکسیۆنی پارتی پێشنیازی کردووە.**

**٤ـ بابەتی گۆڕینی ئەندامانی لیژنەکانی ئەنجوومەن لەسەرداواکاری فراکسیۆنی سەوز بەپێی نووسراوی ژمارە(بێ)ی ڕۆژی ١١/ ١٠/ ١٩٩٤.**

**٥ـ تازەبابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. ببوورن ئێمە لەلایەک بە هۆی کارەبا ولەلایەک لەگەڵ لیژنەی ئابووری ویاسا وپەروەردە تۆزێ دواکەوتین، لە بارەی ئەو پرۆژەی کە لە بەردەم دایە، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تا ڕاددەیەک تەواو کردنی بەرنامەکانە، هەندێ زیادەشی هاتۆتە سەر، خاڵی یەکەم لەبارەی تۆمارکردنەوەی زەوی و زاری کشتوکاڵ بەناوی خاوەنەکانیانەوە. دووەم ڕاگرتنی چەند بڕیارێک، (٣)یەم دەربارەی بودجەی(٩٤)ە، ئەوە لەناو تازەبابەت بڕیارمان لەسەر دابوو، کە بکەوێتە بەرنامەی کارەوە لە سەر داخوازی وەزیری دارایی کە داوای کرد دوای بخەین بۆ ئەم دانیشتنە. کە دەکەوێتە ڕۆژی

یەک شەممە، لەوانەیە ببێ بە خاڵی یەکەم لە پرۆگرام، چونکە بە زنجیرەیە، ئەبوایە خاڵی یەکەم بوایە، بەڵام دیار بوو ئێمە لە ڕۆژی یەکەمدا وەک زنجیرە لە بیرمان چوو، هەروەها وەزیری دارایی وئابووری داوای کرد ئەگەر مومکین بێ ئەم هەفتەیەش دوابخرێت، چونکە خۆیان بۆ ئامادە نەکردووەو، وامان بەباش زانی وەکو پێشنیارێک بیخەینە ڕۆژی یەک شەممەی ئاینده، بۆیە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر چ تێبینی یەکیان هەیە با پێشکەشی بکەن، ئەوە وەزیری دارایی خۆیشی لێرەیە لە ڕۆژی یەک شەممە با بکرێ بە خاڵی یەکەم یا دووەم، ئەگەر پرۆژەکەی تر تەواو بێ ڕۆژی یەک شەممە، گرنگ ئەوەیە لە یەکێک لەو خاڵانە باس دەکرێ، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئاگاداری ئەوەبن لەو ڕۆژەش دا وەزیری دارایی وئابووری ئامادە دەبێ، چونکە بەڵێنی داوە لەو ڕۆژە دا ئامادەبێ، واتە لە سەرەتای هەفتەی ئایندەدا، عادەتەن ئێمە یەک شەممە کۆبوونەوەمان هەیە، مادام وایە خاڵی (٤)مان پێش کات دوواخستووە بۆ کۆبوونەوەی ئایندەمان، خاڵەکانی تر پیایاندا دەچینەوەو دەستیان پێ دەکەین، بەڵام ئەگەر تازە بابەت، شتێ هەبێ بۆ ئەوەی جێگیری بکەین، ئەگەر نا، بابگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی کار. ئایا تازە بابەت هیچ هەیە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی گۆڕینی ئەندامانی لیژنەکانی ئەنجوومەن، ئەوە خۆتان پێشتان خست، وابزانم هەندێ شتی تێدایە تازە بابەت نییە، ئەوە خاڵی(٤)تان پێش خست و، وتیان دەیکەین بە ژمارە یەک، چونکە ئەمەی ئەمرۆ هی ڕۆژی کۆبوونەوەی ئێستامانە کە ١٠/١٢ یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر ببوورن خاڵی(٣) هەڵی دەگرین بۆ ڕۆژی یەک شەممە، چونکە خاڵی (٣) پەیوەندی بە بوجەی ساڵی(١٩٩٤)ەوە هەیە، وەکو وتم لە سەر داخوازی وەزیر کردمانە ڕۆژی یەک شەممەی ئایندە کە باس بکرێت، چونکە ئەوان داوایان کرد، بەڵام خاڵەکانی تر وەکو خۆیان دەمێننەوە ودوا ناخرێن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە، تەنها خاڵی چوارەم کە بابەتی گۆڕینی ئەندامانی لیژنەکانە، ئەوە ناتوانین پێشی بخەین؟ چونکە ئەوە زوو ڕزگاری دەبێ و زوو لێ دەبینەوە، لیژنەکانیش یەکالا دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باوەڕم وایە ئەمرۆ تەواوی دەکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمرۆکە تەواوی دەکەین، هەر نەکەوێتە ڕۆژێکی تر، واتە هەفتەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

نا .. نا، ئەمـرۆ ئەبێ ئەم بەرنامـەیە تەواو کـەین، چونکە بە ئومـێـدی ئەوەین یەک شـەممە کۆبوونەوەمـان هەبێ، ئەگەر ئەمرۆ ئەم بەرنامەیە تەواوکەین، ئەم (٣) برگـەیە، کە وای بۆدەچم تەواو بکرێن، ئەوە لە کۆبوونەوەی داهاتوومـان شتێکی وامان نامێنێ، تازە بابەت نییە وخاڵی یەکـەمـیـشـمـان پرۆژەی بڕیارە لە بارەی تۆمـار کـردنەوەی زەوی وزاری کـشـتـوکـاڵ بە ناوی خاوەنەکانیانەوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری یەوە ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وپەسەندیان کردووە وناردوویانە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت ولیژنەی یاسا ولیژنەکانی تریش وابزانم ئیشیان تەواو کردووە و، ئێستاش لە بەر دەمتان دایە وبا ناوی خوای لێ بێنین وەدەست پێ بکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم شعب كوردستان

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

**قرار**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٤ إصدار الأتي:

١- تسجيل مساحة (١٨٥٢) دونماً من القطعة المرقمة ١/١١ من المقاطعة (٥٦) جديدة زاب بأسماء أصحاب الحقوق التصرفية في القطع المرقمات (١/٤، ١/١٢، ١/١١) مقاطعة (١٣٨) كردز، قوشتەپە، كل حسب سهامه الواردة في آخر صورة قيد السجل العقاري للقطع المذكورات.

٢. تسجل القطع المرقمات ١/٤، ١/١١، ١/١٢ مقاطعة (١٣٨) كردز ـ قوشتەپە كردز والبالغة مجموع مساحتها (١٨٥٢) دونماً اميرية صرفة باسم وزارة المالية لأغراض الإصلاح الزراعي.

٣. تسجل مساحة (١١٥) دونماً و(٥) آولكاً من القطعة المرقمة ١/١١ مقاطعة (٥٨) كورين المطفأة بأسماء أصحاب الحقوق التصرفية في القطعتين ١/١٣ مقاطعة (١٣٨) كردز و١/٦ مقاطعة گومەگرد كل حسب سهامه الواردة في آخر صورة السجل العقاري للقطعتين المذكورتين.

٤. تسجل القطعتين المرقمتين ١٣/١ مقاطعة (١٣٨) كردز والقطعة المرقمة ١٦/١ مقاطعة (١٤٤) گومەگرد والبالغة مساحتها (١١٥) دونماً و(٥) أولكاً أميرية صرفة باسم وزارة المالية لاغراض الاصلاح الزراعي.

٥. لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

٦. على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

٧. ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر جەنابی وەزیری کشتوکاڵ وئاوەدێری چ تێبینی یەکی هەبێ با بفەرمووێ؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کێشەیەکی زۆرمان لەسەر مەسەلەی(أطفاء) هەیە، بە زۆری لەسەردەمی ڕژێمدا بۆ مەبەستی سەربازی کراوە وئەو زەویانە لە خاوەنەکانیان سەندراون، بەبێ ئارەزوو وئیرادەی خۆیان وهەندێکی لەوانەی کە زەویان لێ سەندراوە قەرە بوی کاشیان وەرگرتووە، هەندێکیشیان بەجۆرێکی(عەینی) قەرەبو کراون ولەوانەی کە قەرەبوی عەینیان وەرگرتووە تووشی کێشە بوون لە پاش ڕاپەڕیندا. ئێمە لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕێنمایی ژمارە (٢)مان هەیە کە دەڵێ: هەموو ئەو جووتیارانەی کە خانوویان بەسەردا ڕمێندراوە لە سەردەمی ڕژێم ودێهاتەکانیان پێ چۆڵ کراوە، پێویستە بەبێ هیچ مەرجێک بگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی یەکانی خۆیان. حاڵەتی وامان بۆ دروست بووە و، چەند حاڵەتێکی ترمان هەیە، لە کاتێک دا کە قەرەبوی عەینیان لە پارچەی تردا وەرگرتووە، بۆ نموونە کەرتی (١٣٨)ی (قوشتەپە، کەردز) ئەو زەویانەی کە وەریان گرتووە، پێشتر زەوی جوتیاران بووە، بەڵام ئەو جووتیارانە ڕاگوێزراون و، پاشی دەرچوونی ڕێنمایی ژمارە (٢) جوتیارەکان گەڕانەوتەوە سەر زەوی خۆیان ئێستا ئەوان ئەمیشیان چووە، بۆیە ئەگەر وا وەصفی بکەین، وەکو عقدێک لە نێوان حکومەت وئەو میراتگرانە. ئێمە وەکو حکومەت نەمان توانیوە پابەندبوونی خۆمان جێبەجێ بکەین بەپێی ئەو ڕێنمایەی ژمارە (٢)، بۆیە ئێمە بەڕەوای دەزانین، ئەم مەسەلەیە بگەڕێتەوە جێی خۆی، واتە ئەو میراتگرانە بگەڕێنەوە سەر ئەو زەویانەی کە لە ئەصلدا هی خۆیان بووە. من گۆڕانێکی بچووکم لەسەر داڕشتنەکەی هەیە، بۆ نموونە سەبارەت بە ژمارە (١)ی بڕیارەکە، چونکە ئەو زەوییە لە بنەڕەتدا هی ئەوان بووە، بۆیە جوانترە بنووسری(یعاد تسجيل مساحة... بأسماء أصحاب الحقوق التصرفية بدلاً من المساحات المطفأة في القطع المرقمات)... یان تەنیا وشەی (یعاد تسجيل) بنووسرێ وخاڵی دووەم بنووسرێ (یعاد تسجيل) ومن لەمە زیاتر هیچ زیادکردنێکی ترم نییە. تەنها یەک پێشنیارم هەیە وهیوادارم لە

داهاتوویەکی نزیکدا بتوانین جێبەجێی بکەین، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لەو ماوەیە جۆرەکانیان نەگۆڕاوە ومونشەئاتیان لەسەر دروست نەکراوە وتەنیا پێویستی بە بڕیارە، لە بنەڕەتدا ئەوە بەپێی بڕیاری (٥٣)ی اطفـاء لە دەسەڵاتی وەزیرە، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە کە (اطفاء واستبدال) رابوەستێ، بۆیە ئێمە دەستمان بەستراوە وناچارین بۆ هەموو حاڵەتەکان بێتەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بۆیە بە باشی دەزانین کە ئێمە پێشنیارێک بکەین کە ئەو حاڵەتانەی لەوە دەچن دەسەڵات بدرێ بە وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی بەپێی یاسا ئیشەکانی خۆی بکات بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بۆ چوونەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ زۆر ماقووڵە، چونکە لەتوانادا نییە ئێستا إطفاء لەلای ئێمە ڕاگیراوە ولە پەرلەمان بڕیار دەرچووە بۆ ڕاگرتنی، ئاسایی ڕاگیرانەکەش ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو. بەڕاشکاوی دەمەوێ برادەران بزانن کاتی خۆی لە ناو سنووری شارەوانی هەندێک زەوی اطفاء دەکران بەبێ ئەوەی شارەوانی پێی بوێ وئەوە قەرەبو دەکراوە کە کۆمەڵێک زەوی باشتر لە ناوچەی بازرگانی و(ڕوکندا) هەبوون، تا وای لێ هات زەویەکانی شارەوانی خەریک بوو تەواو بن وبیبر لەوە کرایەوە کە کرداری کوژاندنەوە ڕابگیرێ ولێرە لە پەرلەمان بڕیار دەرچووە کوژاندنەوەو بەموڵک کردن (استیملاک) هەر دووکیان ڕاگیراون، تەنیا لە بەر ئەوەی ئەو بابەتە بەڕەوا دەزانم وەزیری کشتوکاڵ وئاوەدێری پرۆژەیەک پێشکەش بکات، لە پەرلەمان داوا بکات ئەو زەویانەی کە کەوتوونەتە ژێر سەربازگە یان کەوتوونەتە ژێر ئۆردوگای زۆرەملێ، تەخویلمان بکەن بە کرداری کوژاندنەوە هەستین تا بتوانین چارەسەری ئەو شتانە بکەین وداواشمان وایە پرۆژەکەمان زوو بۆ بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە/ وەزیری کشتوکاڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاکەڕەش دەفەرمووێ کە کێشەی ئیدارەی زەوییەکان بەتایبەتی ئێستاکە لە کوردستان لە بەر ئەوەی کە یاسای ژمارە (٩٠) کە بۆ ئێمە تائێستا (کاری پێ دەکرێ)، تەنیا لەو ناوچانە ئیشی پێ دەکرێ کە پێشتر پێیان گوتووە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام سەبارەت بە ناوچەی ئاکرێ وشێخان ورۆژ ئاوای دیجلەو ناوچەی تر، یاسای ژمارە (١٧٠) وبەشێکیش لە خانەقین یاسای ژمارە (١١٧)یان بەسەردا پیادە کراوە، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاوەدێری هەرگیز بۆی ناکرێ بەو دوو یاسایە جیاوازە ئیدارەی زەوییەکان بکات لە یەک هەرێمدا، بۆیە ئێمە داوامان کردووە لە ئەنجوومەنی وەزیران کە بە زووترین کات لە ئەنجوومەنی وەزیران دا بخرێتەروو، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چوونەکەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ زۆر زۆر ڕاستە، ئەم کارە بە دوو جۆرە یاسا ناکرێ، هەفتەکەی تر من پارێزگارم دی، هاتە سەر تەلەفزیۆن وباسی یاسای کرد وگوتی:

من کە وەکیل وەزیری کشتوکاڵ بووم، یاسامان ناردووە ولە پەرلەمان تا ئێستا تەشریع نەکراوە و دەشگەڕێین لای ئێمە نییە ودەڵێن دەبێ خەڵکەک هەبێ بەئانقەست ئەو یاسایە لەوێ گل بداتەوە.

بابەتەکە تەنیا ئەو ڕوون کردنەوەیە دەنا بە دوو یاسا ئیش ناکرێت، پێویستە یەک بخرێن، چونکە هەندێ کەس بەگوێرەی یاساکە نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتەی یاسا لە ڕۆژنامەکانیشدا نووسرابوو، وابزانم لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێریش بەڕەسمی ڕەدێکی ڕۆژنامەکانیان داوەتەوە، کە گوایە ئەو یاسایە لە بەردەمی پەرلەمانە، ماوەکەشیان گوتووە کە لەو مێژووەوە لەوێ یە. بۆیە هەقە وەزیری کشتوکاڵ لێدوانێک بدات وبڵێ: ئەو یاسایە هێشتا نەچۆتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ولە لای حکومەتەو تەواو نەبووە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە گلەییمان لێ نەکەن.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەری گشتی زەوی وزار بەشی یاسایی لە وەزارەتی کشتوکاڵ با بەدوای یاساکەدا بکەوێ وهەروەها لەوە بکۆڵێتەوە کە بۆ تا ئەو ماوەیە دواکەوتوە؟ ئێمە خۆشمان ڕوون کردنەوەیەکمان لەو بابەتەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر مادەکان، کێ لەسەر ئەم بڕیارە تێبینی هەیە؟ ئەوەی تێبینی لەسەر خاڵی یەکەم هەیە با ناو نووسی بکەین، دیارە (٤) کەسن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر خاڵی یەکەم نییە، بەڵام تێبینیم لەسەر پێشەکی یەکەم هەیە وهەر بۆ ئەمەم نییە بەڵکو بۆ گشتی یە. کە لێرەدا دەگوترێ: «استناداً لأحكام فقرة» ئەوەندە ودەگوترێ «وبناءاً علی ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء» زۆر جار وەزیرەکان دەڵێن ئێمە ئاگامان لێ نییە، ئەگەر لێرە ڕۆژو مێژووی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی وەزیران دابنرێ ئەو کێشەیە لای وەزیرەکان کۆتای دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە ئەوە لەمێژە لەدەستەی سەرۆکایەتی ئەو تێبینییەمان کردووە، چونکە ئەو کێشەیە هەموو جار تووشی دەبین ولەگەڵ پێشکەش کردنی هەموو پرۆژەیەکدا دەڵێن ئێمە ئاگادار نین وگلەییش دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە بە نووسینیش داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە کاتێک ئەو جۆرە پرۆژانە باس دەکرێن وکە دەینێرن، ژمارە ورۆژی دانیشتنەکەشمان بۆ بنووسن، بۆ ئەوەی لەو کێشەیە ڕزگارمان بێت، کە هەتاکو ئێستاکە بەداخەوە ئاگایان لەوە نەبووە کە لەوانەیە ئەم پرۆژەیەش تۆزێ کۆنە دەترسم هەمان کێشەمان بۆ دروست بێ، بۆیە جارێکی تریش جەخت دەکەمەوە ژمارەو ڕۆژەکەمان بۆ دابنێن و وا دوو وەزیریش لێرەن، هیوادارم ئەمە بە ئەنجوومەنی وەزیران ڕابگەیەنن، تاکو ئەم پرۆژانە وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بمێننەوە و، سبەی بگەڕێینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم یاسایانە، ئەوەش زۆر کارەکەمان ئاسان دەکات.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی(١) (تسجيل مساحة ١٨٥٢ دونماً من القطعة ١/١١) ئایا ڕووبەری پارچەی ١١/١ (١٨٥٢) دۆنمە یان زیاترە؟ وزیادەکەی عائیدیەتی بە ناوی کەسانە یان بە ناوی وەزارەتی دارایی یە؟ چونکە لێرەدا ئەگەر بە ناوی وەزارەتی دارایی یەوە بێ یان دەبێ ژمارەی بدەینێ واتە بەو زیادەیەی یان دەبێ بە(مشاع) تۆماری بکەین بە ناوی وەزارەتی دارایی و بە ناوی ئەشخاص بە جۆرێکی وا زیان نەگاتە خاوەن هەقی تەسەروف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تۆمارە وابزانم دەکرێ بە(تعاد تسجيل)، و وەزیر پێشنیاری کرد وکەسیش بەرهەڵستکاری ئەو پێشنارە نەبوو ونەمان خستە دەنگدانەوە، چونکە ئەوە بۆ داڕشتنی دەمێنێتەوە، لیژنەی یاساش هیچ تێبنییەکیان نەبوو، مانای ئەوەیە بە(يعاد تسجيل)دەڕوا، دەمێنێتەوە سەر ئەو پێشنیارەی کاک حەسەن، جا نازانم جەنابی وەزیر چ تێبینییەکی هەیە؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە ڕاستیدا ژمارەی تەواوم نییە دەرباری ئەو پارچەیە، چەند دۆنمە وچەند دۆنمی ئیزافی یە، بەڵام ئەوە زەوییەک نییە ئێستا بە ناو بکرێ، بۆیە وشەی(يعاد) زیاد دەکەم، ئەو زەوییە لە بنەڕەتدا هی وان بووە، پاش ئەوەی ئەو پارچانەی کە دەیانگرێتەوە جیا کراونەتەوە، تەنیا ئەوەی کە لێرە نووسراوە، ئەو پارچە زەویانە ئەو ڕووبەرانە کە هی میراتگرانی ناوبراو بووە، ئەوە ئیشێک نییە کە تازە بیکەین، ئیشەکە لە بنەڕەتدا کراوە، بۆیە وشەی(يعاد التسجيل) من خستمە سەری، سوپاس.

**بەڕێز كاكە ڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوە خۆی وەكو جەنابی وەزیر فەرمووی، لە بنەڕەتدا بڕیارەكەی دا، دەڵێ (تدفع مساحة ١٨٥٢ دونما) لەو پارچەیە، بێگومان ئەو پارچەیەش زۆر نزیكە لە كەلەكی (یاسین آغا) وناوچەی خەبات و وا نییە لە ناو نۆردوگا بێت، بەڵكو لە ناو ناوچەی خەباتە وئەم پارچەیەی (١٨٥٢) دۆنمە ئێستا هەمان شت دەگەڕێنینەوە ئەوێ. بەڕێز كاك حەسەن دەفەرمووێ ڕووبەری پارچەكە بزانین شیوعە، یان ئەمیری یە؟ لە هەردوو باردا ئێمە دەسەلاتی ئەوەمان نییە ئیفرازی بكەین وژمارە بدەینە پارچە، چونكە ئەوە تایبەتمەندی ئێمە نییە هەتا ئیفرازی بكەین، بە پارچەیەكی سەربەخۆ ژمارەی بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من كۆمەڵێك تێبینم هەیە لە سەر پرۆژەی بڕیارەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

تێبینی با لە سەر بڕگە(١) بێ، چونكە ئێمە جارێ گفتوگۆ لەسەر بڕگە(یەك) دەكەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من داوای لێبوردن دەكەم واتە مەسەلەكە، مەسەلەیەكی یاسایی صرفە، بەڕاستی خۆی(١): لە داڕشتنی پرۆژەكە دەبوایە بەشێوەیەكی دیكە چارەسەری ئەو مەسەلەیە بكرابایە، جا بۆیە من دێمە سەر ئەو مەسەلانەی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ كە باسی كردن، ڕاستە ئێمە كێشەیەكی زۆرمان هەیە. لە كوردستان خەڵك هەنە زەرەرمەند بوون لە ئەنجامی هەڵسوكەوتی ڕژێمی بەعس ولە ئەنجامی سیاسەتی (الأرض المحروقة) ولە ئەنجامی دەسنیشان كردنی (مناطقي محظورة). ڕاستە ئەوانە ڕاستن ومنیش وەكو ماف پەروەرێك لەگەڵ ئەوەدام كە مافی خەڵك بگەڕێتەوە، بەلام لێرەدا من لاریم لەسەر كۆمەڵێك شت هەیە ورێگا چارەشم بۆیان هەیە، بۆ ئەو چەشنە كێشەیە ئێمە لە پەرلەمان كاتی خۆی بڕیارمان لە سەر داوەو، پێویستە لەو ڕێگەیەوە بێت نەك بە پرۆژەی سەربەخۆ بێت، یەكەم: سەبارەت بە ئەوەی ڕێنمایی ژمارە(٢) كە لە بەرەی كوردستانی یەوە دەرچووە، خۆی ئەو ڕێنمایانە لە سەر ئەو بەرپرسیە خەلەلێكی یاسایی تێدایە، لێرەدا مەبدەئێك لە یاسادا هەیە ودەڵێ: (المبني علی باطل هو باطل) خۆی ئەو عقدانەی كە بەرەی كوردستانی دروستی كردوون، كاتی خۆی بەپێی ئەو ڕێنماییە پێچەوانەی یاسایە، لە بەر ئەوەی ڕاستە بەرەی كوردستانی دەستەی ئەمری واقیع بووە وئەو دەسەلاتەشی لە شەرعیەتی شۆڕشگێڕیەكەی وەرگرتووە، بەلام ئەمە لێرەدا مافی مەدەنی یە، واتە یەك كۆمەڵە مافی ئەشخاصە. باشە بەرەی

کوردستانی ئەو ڕێنماییەی کە دەری کردووە بەچ مافێک هەستاوە عەقدی کشتوکاڵی لە سەر موڵکێک کردووە کە موڵکی حکومەتیش نەبووە؟ واتە بڵێ من ئیدارەی ئەو هەرێمە دەکەم وەدەتوانم تەصرف بەموڵکی حکومەت بکەم لە نێو دەسەڵاتی خۆم، وەکو ئەو موڵکانەی کە تۆمار کراون بە ناوی چەند کەسانێک وئێستا لێرە چەند شتێ دێنە پێش، یەکەم ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا بەم شێوەیە هاتوە پەیوەندی بە (ایقافی استملاكات والاستبدالات)ەوە نییە، دەبوایە لە مەتنەکەی لە پێشەوە ئاماژەی پێبدرایە بەدەر (استثناءا) لە بڕیاری پەرلەمان کە استثنایەکی کردووە وەدەڵێ: ئەگەر هاتوو داوایەک هات، ئەو کاتی دەکرێ پەرلەمان بە بڕیارێک بیکات، دەبوایە ئەوە ملکەچ بێت بۆ ئەو بڕیارە ودیسان پرۆژەیەکی (استبدال) بکرابایە، چونکە لە ڕاستی دا داوا لێرەدا ئەوەیە چارەسەر کردنی کێشەیەکی کشتوکاڵی بکرێ، واتە خەڵکێک بەپێی بڕیارێکی حکومەتی ناوەندی بێ بەری بوون ونەیان توانیوە بگەڕێنەوە سەر زەوی خۆیان و دەستی بەسەرداگیراوە و کراوەتە ئەستۆی (مەحزوورەی ئەمنی) وئێستا ئەوان کە دەگەڕێنەوە سەر زەوی خۆیان کە پێشتر لەوێ بوون هیچ کێشەیان نییە. جوتیاری ناوچەی دیکەش پێشتر کە دەگەڕێتەوە هیچ لاری بونێک نییە لە نێوان هەر دوو لایەن، ودووەم شت، ئێستاکە ئەگەر بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت من پێم وایە دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە، بەڕاستی بەهیچ جۆرێک لە نێوی دەرناچین، باشە ئێمە سەبارەت بە ئەو زەویانەی ئێستاکە لە ژێر دەستی حکومەتی بەعسدان ولە ناو هەرێمن، بەڵام ناوچەی نا موحەرەمەیە باشە ئەوان چ لێ بکەین؟ چۆن چارەسەری ئەوان دەکەین، جا بۆیە من داوای ئەوە دەکەم بۆ ئەو پرۆژەیە برگەیەکی تێدابێ وئێستا بخرێتە سەری یاخود چاوپێخشانێک لە دارشتنەکەی بکرێتەوە لە ڕێگەی بەدەرکردن لە بڕیاری پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەروان محەمەد ئەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برگەی(١) هەق وابوو شتێکی گشتگیر بوایە، ئەمە بەڕای من شتێکی تایبەتمەندە ولە سەرتاسەری کوردستاندا کۆمەڵێ کێشەمان بەو وێنەیە هەیە، بۆ نموونە لە ناوچەی سلێمانی یان شوێنێکی کە حکومەت کاتی خۆی دەستی بە سەردا گرتووە هەر هەمان بابەتە و بەو شێوەیە، یاخود گوێزراوەتەوە بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێ، لەوانەیە قەرەبووی وەرگرتبێ، جا ماقوول نییە هەموو کاتێ ئێمە دانیشین وبڕیارێکی تایبەتی دەرکەین بۆ یەکێک ولە بەر ئەوە ئەگەر بڕیار دەرکەین با بڕیارێکی گشتی بێ، بەڕاستی هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات. دووەم: لەوانەیە کۆمەڵێک خەڵک کاتی خۆی قەرەبوویان وەرگرتووە، ئنجا با بەڵگەنامەی یاسایی پێشکەش بکەن، ئەگەر قەرەبووی وەرنەگرتووە هەقە زەوییەکەی بۆ بگەڕێننەوە، جا من پێم وایە باشترە ئەوە گشتی بێت نەک شتێکی تەنیا تایبەتبێ بە پارچەیەک، لە نێوان جدیدە زابی گەورە، ئەمە کێشەیەکی گەورەی تر لەسەرتاسەری کوردستان دروست دەکات، جا ئەگەر دەکرێ با گشتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەممەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە موداخەلەی بەڕێز کاک ئەیاد ئەندامی پەرلەمان، ڕێنمایی ژمارە(٢) لەلایەن وەزارەتەوە خودان کراوە وئیشی پێ کراوە تاکو ئێستاو، یەک لەو ڕێنماییانەیە کە زۆربەی زۆری کیشەکانی بۆ چارەسەر کردووین، ئێمە لە کاتێکدا بڕیار دەدەین کە دێیەکان ئاوەدان بکرێنەوە وجووتیار بگەڕێنەوە سەرجێی خۆیان وهەروەها کشتوکاڵ پێش بخرێ، بەبێ ئەوەی دێ ئاوەدان بکرێنەوە وبەبێ ئەوەی زەوی بۆ خاوەنی بگەڕێتەوە، دێ ناتوانرێ ئاوەدان بکرێنەوە، خەڵک لەوێ چۆن دەژین ئەگەر زەوی نەبێ؟ پێم وایە ئەو بڕیارە دژی ئەو بڕیارە ناهەموارە بوو کە دوێنێ ڕاگوێزرابوون، زەویەکانیان بە زۆری دابەش کرابوون، لەم بارەدا یان لە باریی هاوچەشنی ئەوە، ئێمە هیچ شتێکمان نەکردووە، هەزار دۆنمان لێرەدا داوەتە جوتیارو وئەو هەزار دۆنمەی کە کابرا هەڵسوکەوت دەکات یان خاوەنە ئەصلی یەکەی هەڵسوکەوتی دەکرد لە بەرابەری ئەو هەزار دۆنمە ئەصلیەی خۆی کە لە کاتی خۆیدا بە زۆری لێی سەندراوە، دووبارە و ڕەتمان کردۆتەوە بۆی وشتێک نییە سەرپێچی بێ یان شتێکی دیکەمان لە خەڵکی تر سەندبێتەوە. سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە قەرەبوویان وەرگرتووە کاک سیروان دەڵێ، هیچ کەسێک نیە یان زۆر کەم هەنە لەوانەی قەرەبوی وەرنەگرتبێ، ئەگەر قەرەبووی عەینی وەرنەگرتبێ، ئەوا قەرەبووی کاشی وەرگرتووە، بۆیە ئێمەش ناتوانین بەگشتی وەری بگرین، ئەگەر لە بارێکدا وەزارەتی کشتوکاڵ دەسەلاتی بۆ بگەڕێنەوە یان یاسا بەدەری بکات، لەو بارانە ئیش بکات، ناچارین ئێمەش هەر بارێک بە باری خۆی مامەڵەی لەگەڵ دادەکەین، لە بەر ئەوەی ئەو حاڵەتانە لە یەکتری جیاوازن ناتوانین یەک بڕیاری گشتی بۆ هەموویان بدەین. چونکە لەو ماوەی ئەو(٦.٥) ساڵی ڕابوردوودا بەشێکیان وەکو وتم: جۆریان گۆڕاوە، مونشەئاتی لەسەر دروست کراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی تازەمان بۆ دێنێتە پێش کە پێویستە بە یەک حاڵەت سەیر بکرێ وئەو حاڵەتەش قەرەبو بکرێتەوە بەو توانایەی کە ئێمە لەم کاتەدا لە ژێر دەستمانە، بۆیە پێم وایە ئەو یاسایە وەکو هاتووە بەو شێوەیە بڕوات لە جێی خۆیەتی و، بەو خستنەسەرانەی کەمن گوتم، ئەگەر خەڵکیش هەیە حاڵەتی لەو بابەتەی هەیە، هەندێ پیاداچونەوەیان کردوە خەڵکی تریش پیادا بچێتەوە، ئێمە دەزانین لە زاخۆوە تاکو خانەقین شتی لەم بابەتانەمان هەیەو، ڕۆژانە ئێمە کێشەمان هەیە لە سەر ئەو بابەتانە، بەلام هەندێکیان وەکو گوتم: یان قەرەبووی عەینی وەرگرتووە، یان قەرەبووی کاشی پێ دراوە. ئەوەی وەریشی نەگرتبێ یان لە دەرەوەی هەرێم بووە ونەیتوانیوە بێ وەریگرێ، یان(٥) حاڵەتمان هەیە لە هەولێر، ئەصلەن ڕەفزی کردوە پارە وەرگرێ وقەرەبووی عەینی وەرگرێ، ئەو حاڵەتانە ئاشکران ودەبێ بنێردرێنەوە بۆ جێگەی بنەڕەتی خۆیان، تاکو بیان سەلمێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە ناو نووس کران قسەیان تەواو بوو وەلامەکانیش تەواو بوون، ئێستا دێینەوە سەر

خاڵی یەکەم تەنیا ئەو (یعاد تسجیل)ـە مەسەلەی دارشتنە و وابزانم هیچ ناکۆکی لە سەر نییە. دێینەوە سەر برگە(١) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، تەنیا ئەو هەموارکردنەی ئەکەوێتە سەری کە(یعاد التسجیل)ـە وئەو دوو سێ تێبینییە ئەگەر جەنابی وەزیر پاشان بەنووسین پێمان بدات بۆ ئەوەی بیدەین بە لیژنەی دارشتن دایبرێژنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢- تسجل القطع المرقمات (١/٤، ١/١١، ١/١٢) من مقاطعة (١٣٨) كردز والبالغة مساحتها (١٨٥٢) دونماً أميرية صرفة باسم وزارة المالية لأغراض الأصلاح الزراعي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ژمارە (٢)ش (یعاد تسجیل)ـە یان تەنیا تۆمارە؟، (یعاد التسجیل)ـە، باشە. ئێستا ژمارە (٢) چ تێبینییەکی لە سەر هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم لە سەر برگە کە نییە، من پرسیارێک لە وەزیری کشتوکاڵ دەکەم ئەگەر ڕێ هەبێت، لە قسەکانی ئەو واهات کە گەلێک لە خاوەنی ئەو پارچە زەوییانە لەوانەیە قەرەبووی کاشیان وەرگرتبێ، ئایا ئەو قەرەبووە کاشە بۆ ئەو پارچانە دەبێ پاشان چارەنووسی چ بێ؟ ئەوە یەک. دووەم: ئەگەر کاک ئەیاد ڕێ بدات کە ئەندامی لیژنەی یاساییە وکارگێڕی لیژنەکەیە لە بارەی سەرپێچی یاسا، ئەوان ئەو دارشتنەیان داناوە، من نازانم یەک نەبوونەی لیژنەی یاسای چیە؟ لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ بۆ ئەوەی دووەم، من لە جیاتی کاک ئەیاد وەڵام دەدەمەوە، چونکە زۆر باسی ئەو بابەتە کراوە، ئەوە ئەندامی لیژنەیەکە وئەندامی پەرلەمانیشە، بە تێکڕا پابەند نین وئەوانە ڕای خۆیان دەڵێن، ودەڵێ بەڕای من، لەویش لەوانەیە بەرهەڵستی کردبێ، لەوانەیە ئەوە شتێکی تربێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرسیارەکەی کاک د. ڕزگار(د. قاسم)، ئەم بابەتە بابەتی کوژاندنەوە بوو بۆ مەبەستی سەربازی، ئێستا قەرەبووی عەینی یان نەقدی وەرگیرابێ ئیجرائاتێکی ناهەقە، کاتی خۆی کراوە، ئەمڕۆ یەکێ لەو کێشانەی کە هەمانن، کێشەی مشوور خواردنە بۆ ژیانی خەڵک وبژێوی خەڵکەکە وتەنیا سەرچاوەیەکی جێگیرکە لە کوردستان هەمانە زەوی وزاری کشتوکاڵی یە، هەروەها ئەم بابەتە موسەجەل بوو وبەشێکی ئەو زەویانە لە وەزارەتی بەرگری تۆمار کراون ومن پێم وایە بەرەو

رووی وەزارەتێک دەبێتەوە و، کێشەیەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دەوام دەکات وئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا، دەبێ رۆژێک هەر گفتوگۆ لە سەر ئەوە بکەین کە ئەو زەوییانە بۆ خاوەنی خۆیان بگەڕێندرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەم خاڵی دووەمە ئەو چەند پارچەیە دەگرێتەوە کە بۆ وەزارەتی داراییە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەزارەتی داراییە ودابەش کراوە بە سەر جووتیارە راستەقینەکان کە کاتی خۆی دواخراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکانی کاک دوکتۆر ئەوە بوو دەڵێ: ئەوانەی کە قەرەبووی کاش کراونەتەوە لە بری ئەو پارچە زەوییانە ئەوانە چۆن مامەڵە دەکرێن؟.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ئەوانەی کە لەم پارچانە ناویان نووسراوە، مەسەلەکە وایە، بۆ نموونە لە ناوچەی گەرمیان دێیەکان هەموویان چۆڵ کراون، حکومەت خۆی دەستکاری ئەو ناوچەیەی کردووە وچۆنی ویست بێ ناوچەیەکی دیاریکراوی پێویست بووبێ، ئەوە بووە بە فرۆکەخانەو سەربازگە وئەو زەوییەی کە مولکی منە لە منی ستاندووە ولە بەرابەری ئەوە زەوی پیاوێکی تری داوە بەمن لە دێیەکی تر. زرووف سووڕاوە، راپەرین هاتووە، کابرای جوتیار گەڕاوەتەوە وپێیان گوتووە: بڕۆوە سەر دێ یەکەی خۆت وزەوی یەکەی خۆت بکە، بەڵام زەوی یەکە حکومەت چەند ساڵێک پێشتر داویە بەمن کە کاتی خۆی ئەوی لە سەر دەرکردووە، ئەو زەوی خۆی لەوێ کرد وئێرەش فرۆکەخانە دەبێ، دەبێ یەک لەوانەم پێ بدرێتەوە، بەهەمان رووبەرو بە هەمان قەبارە بۆیە کە دەڵێین(یعاد) واتە: دەدرێتەوە کەسێک نییە، بەڵام ئەوەی کە قەرەبووی نەقدی وەرگرتووە ئەو کەسانەن کە دیسان زەوییەکانیان لێ وەرگیراوە بۆ مەبەستی سەربازی وبۆ نیازی دروست کردنی مونشەئاتی حکومەتی، بەڵام بەرابەری زەوی تر وەریگرێ، پارەی لە جیاتی زەوی وەرگرتووە، بۆ ئەو کەسانەی کە پارەیان لە جیاتی زەوی وەرگرتووە دەبێ ئێمە رۆژێک گفتوگۆی لە سەر بکەین، بەڵام ئێستا حاڵی حازر رووبەری یەگجار زۆر وچاندراویش هەیە، بەشێکیان رەنگە کێشەیەکی یەگجار زۆر لەگەڵ جوتیاران و بەرژەوەندی گشتی دا پەیدا بکەن لەوەدا نییە ئێستاکە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا تێبینی یەکم هەیە ودەڵێم بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو برادەرانە روون

بکەمەوە. کرداری گوژاندنەوە خۆی بەسێ شێوە کراوە، یەکێکیان هەیە قەرەبووی کاشی وەرگرتووە، ئەوە لە توانادا نییە لەو پرۆژەیەدا باس بکرێ، چونکە ئەتۆ ناتوانی بڕیارێکی گشتی دەربچوێنی و بڵێی ئەوەی گوژاندنەوەیە هەڵوەشێتەوە، چونکە کۆمەڵێک گرفت دروست دەکات، هەندێک هەیە کەوتۆتە ژێر کۆمەڵگاکان، لەتوانادا نییە کابرای بگەڕێنینەوە سەر بنەڕەتی زەوی خۆی، چونکە ڕۆیشتووە ولە توانادا نییە بیدەیەوە، دەبێ بە حاڵەتێکی سەربەخۆ، یەک هەیە پارەی وەرگرتووە بەرامبەری وئێستا عەقدی لە سەر کراوە، لەگەڵ گەلێک جوتیار وئەو جوتیارانە چوونەتە سەر زەویەکەیان داوای زەویەکە دەکەن، دەبێ وەزارەتی کشتوکاڵ توانای هەبێ بۆ ئەو جوتیارانە زەوی دابین بکات، لە جێگەیەکی تر، ئەوجا بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر ئەو زەوییە بگەڕێنیتەوە چونکە لەوانە نییە کە بەو شێوەیە بیان گەڕێنیتەوە، واتاکەی وایە دروست کردنی کێشەیەکە، پیاو هەیە قەرەبووی عەینی وەرگرتووە وزەویەکەی بەتاڵە، ئەوی کە وەریگرتووە هی جوتیاران نەبووە، ئێستا سەبارەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ چ گرفتی نییە، کابرا چوەتە سەر زەویە تازەکەی کە دراویەتیێ، دەتوانێ کۆنەکەی تەسەروف پێ بکات وبیداتە جوتیاران، چونکە لەبنەڕەتدا زەویەکە هی کەس نەبووە وچۆڵ بووە ولەوانەیە گوندی هاوچەرخ بووە یان وەکو عەردێکی بەجێهێشتراو بووە وتەعویز کراوتەوە. ئا لەو حاڵەتەی کێشەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەوانەیە لەولایە زیاترە، ناتوانێ ئەوە چارەسەر بکات، دەبێ ئەو خۆی دەرسی بکات، لە بەر ئەوە باشترین چارە ئەوەیە ئەو پێشنیارەی کە خۆی ئەو دەستەڵاتەی بدرێتێ، ئەو حاڵەتانە تاک تاک چارەسەر بکات و، هەر کەسە زرووفی بابەتی یەکەی دەرس بکات وبزانێ لە هەنگاوەکەیدا کێشە هەیە یان نییە؟ بەو شێوەیە هەنگاو بنێ. برادەران لە سەر بابەتی گۆڕینەوە ڕۆیشتن، دەبێ بۆچوونیان وانەبێ ئەگەر زەوی گۆڕاوە بە زەوی ناوی گۆڕینەوەیە، ئەمە دوو کرداری زۆر جودانە کردارێک هەیە بە بڕیاری یاسای(٥٣) دەکرێ، ئەوە پێی دەگوترێ گۆڕینەوە، بەڵکو پێی دەگوترێ اطفاء وخاوەنی قەرەبووی عەینی کراوە وئەوی تر بە بڕیاری گۆڕینەوە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە (٢٧٦)ـە کە لە ساڵی ١٩٧٣دا دەرچووە. ئەو کرداری گۆڕینە ئێستا لە زرووفی کوردستان لەتوانادا نییە بکرێ. چونکە یاساکە دەڵێ: دەبێ بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی بالا بێت، ئنجا ئەو کردارەی گۆڕینەوەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم سەیرە هەندێ برادەری ماف پەروەرمان هەیە ودەیانەوی مافی دەوڵەت ونەخشە کێشانی دەوڵەت هەرس بکەن، باشە ئێمە پێویستمان بە ئۆردوگاکان نابێ؟ پێویستمان بە کەرتی گشتی نابێ؟ پێویستمان بە زەویەک نابێ سبەی پرۆژەیەکی لە سەر بکەین؟، ودوایی ئەوەی اطفاء کراوە یاخود ئەوەی گۆڕینەوەی عەینی بێت یان ئەوە بێت، هەمووی زەوی ئەمیری یەی صرف بووە ومافی تەسەرفی لە سەر بووە، لەو پارچەیە چۆتە پارچەیەکی دیکە، ئێمە بۆ وا بەو ڕووانینە

گشتگیرییه تەماشای بکەین، زەویەک حکومەتی بەعس بۆ سوپای داناوە و ویستوویەتی خەڵکی پێ سەرکوت بکات، ئێمە بۆ سوپایەکی هاوچەرخ دانە نێین تاکو پارێزگاری هەرێمەکەمان بکات وخزمەتی خەڵکی بکات؟ ئەمە شتەکان وا لێ دەکات بە دوو شێوە بەکار بێت. دەتوانین بۆ شتێکی خراپ بەکاری بێنین بەڵام دەشتوانین بۆ شتێکی چاکیش بە کاری بهێنین. سوپا لە حوکمی بەعس بۆ سەرکوت کردنی خەڵک بووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کە وەزارەتی (پ.م) دروست بووە، ڕێژەیەک ئۆردوگامان پێویست دەبێ، ڕێژەیەک فرۆکەخانەمان پێویست دەبێ. واتە با ئەو شتانە لە بیر نەکەین، واتا: سبەی لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەک دابنێ بۆ داچاندن وکشتوکاڵ ودەزگایەک دروست بکات بۆ دەزگای شەهیدانی(پ.م) بۆ پشتگیری ئەو دەزگایە و واریداتی خۆی دەبێت، واتە شتەکان بابەم جۆرە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە کە شتی یاسایی مافی هاوولاتییان نەخرێتە ناو کۆشش و کێشەی نێوان ماف پەروەرەکان. باشە خۆی لە بنەڕەتدا مەسەلەی اطفاء دروست کردنی ئۆردوگاکانە لە کوردستان، لە شەرگاتەوە تاکو دەگاتە حاجی ئۆمەران(٨) تەوەر دروست کراوە لە سەر باشترین زەوییەکانی کشتوکاڵی وهۆکەشی زیاتر سیاسی یە، بۆ ئەوەی هاوولاتییان لە کوردستان سوود لە باشترین زەوی وزاری کشتوکاڵی وەرنەگرن وسەرچاوەی ژیانییان نەمێنێ وئەو ئۆردوگایانەی کە دروست دەکرێن وردە وردە ڕابگوێزرێن وکوردستان کاول بکرێ، ئەگەر نا ئێمە لە تێکڕای(٩٧٠) هەزار دۆنم لەو کۆمەڵەیە لە نێوانی (٤٠٠ تا ٧٠٠) هەزار دۆنم زەوی شاخاویمان هەیە کە بەکەڵک ئۆردوگا نەبێ بۆ هیچ شتێکی تر دەست نادات. بۆ ناچێ ئۆردوگاکان لەوێ دروست بکات؟ گەر لەکەس نەزانەوە دەست پێ بکەین زیاتر لە چەندین هەزار دۆنم زەوی شاخاویمان هەیە کە بە زاراوە (اصطلاح) دەگوترێ بە کەڵک چاندن نایەن، بۆ ناچێ لەوێ ئۆردوگاکان دروست بکات؟ لە ڕەشکێن و لەوانە زیاتر لە (٢٥٠ تا ٣٠٠) هەزار دۆنم تا دەگاتە سەر إفراز زەوی شاخاوی هەیە، بۆ لەو جێ یانە ئۆردوگاکان دروست ناکات؟ بۆ دەچێ خەریکی (کلیسە، ودۆغان وماستاوە وعەلیاوە) دەبێ کە باشترین زەوی کشتوکاڵی یە دەچێ ئۆردوگا لەوێ دروست دەکات. من پێم وایە ئەو بابەتە زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە باشترە، ئەوە یەکێکیان بوو، هی دووەمیان: ئێمە لێرەدا باسی شتێک ناکەین کە یەکێ مەغدوور بکرێ ویەکێ مەغدوور نەکرێ، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە مەغدوور نەکرێ وهاوولاتیەک زەوی لێ سەنراوەتەوە لە بەرامبەری ئەوە زەوی دراوەتەوە وعەقدێکی هەیە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، لەگەڵ حکومەت و، حکومەت پابەندی بە بەشەکەی خۆی ناکات ورێنماییەکی دەرکردووە بە ناوی ڕێنمایی ژمارە(٢) ئەوەی کە قەرەبووی ئیشەکەی پێ کردووە لێی سەندۆتەوە، ئەوە شتێکی ئاسانە تێی بگەی وزەحمەتیش نییە، بۆ من پابەندیم بەبەشەکەی خۆم نەکردووە؟ بۆیە ئەویش هەقی هەیە پابەندی نەکات، لێرەدا تەنها من ئەمەم باس

کردووه، مادام من ناتوانم پابەندی بکەم، بەشێک لەو عەقدەی کە هی منە، ئەویش هەقی هەیە پابەندی نەکات وبەپێی یاسا مافەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وایە لێرە باس لە چەند خاڵێکی دیاریکراو دەکەین نەک شتی گشتی، من پێم وایە ئەگەر باسی ئەو شوێنانە بکرێ ئایا کێشەیە ئەو شوێنانە دووبارە تۆماریان بۆ بکرێ؟ یان ئەگەر قەزیەی گشتی بێ؟ با لە دانیشتنێکی تر لە پرۆژەیەکی تردا باس بکرێت، چونکە لێرەدا پێم وایە کاتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن کـــانەبی خـــضـــر بلـبـــاس:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەو سوڕاغە پشتگیری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم بۆ ئەوەی کێشە بۆ چاکسازیی کشتوکاڵیش نەبێ، لەلایەک زەوی بۆ جوتیارەکان دابین دەکات ولەلایەکی تر خۆی ڕزگار دەکات لە خاوەن زەوی، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی(٢) وەکو باس کرا وروون کرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تسجل مساحة (١١٥) دونماً و(٥) أولكاً من القطعة المرقمة ١/١١ مقاطعة (٥٨) كورين باسم أصحاب الحقوق التصرفية في القطعتين المرقمتين ١/١٣ مقاطعة (١٣٨) كەردز و ١/٦ مقاطعة گومەگرد كل حسب سهامه الواردة في آخر صورة للتسجيل العقاري للقطعتين المذكورتين.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەسەر خاڵی(٣) چ تێبینی هەیە؟ مادام چ تێبینی نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئە دوو تێبنی یەی(یعاد) وئەوی تریش.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٤/ تسجيل القطعتين المرقمتين ١/١٣ مقاطعة (١٣٨) كەردز والقطعة المرقمة ١/١٦ مقاطعة (١٤٤) گومەگرد البالغة مساحتها (١١٥) دونماً و(٥) أولكات أميرية صرفة بأسم وزارة المالية لأغراض الإصلاح الزراعي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی(٤)، چ تێبینی لە سەر نییە؟..

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٣)دا دەڵێ: ٦/١ پارچەیە گومەگرد وکەچی لە بڕگە(٤) دا دەڵێ ١٦/١ پارچە (١١٤) گومەگرد ئایا ئەوە هەر گۆمەگرد وهەمان پارچە یە؟ لێرەدا پارچەکان (١٦)ن یان (٦)ن، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین با ساغی بکەینەوە، لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دەبێ ئەوە هەڵەی چاپ بێ ولە هەردوولا دەڵێ (١٦)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک (٦/١)ە ویەکیان ١٦/١یە، ئەمە گۆمەگردەو ئەوی تریش هەر گۆمەگردە جا ئەوە کێشەیەکی گەورە نییە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەلیاتی لەوێندەرێ دەقەکەی زەبت دەکەین بەپێی ئەو ئەوەلیاتەی کە هاتووە، خۆ ئێمە ناتوانین دەسکاری کەرتەکە بکەین، ئەو حیسابە کە لە بنەڕەتدا هاتووە وا نییە، برادەرانی لیژنەی یاسا ئەمە لەلای خۆتان بچەسپێنن پاشان ساغی بکەنەوە. بەلاّم ئایا وەکو مادە چ تێبینی هەیە بەرامبەری تا لێیەوە بدوێین؟ کەواتە: کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەکە وەخۆی بێنێتەوە؟ بەلاّم ئەم لە نێوانی دوو کەوانەدا بێنێتەوە تاکو جێگیر دەکرێ، سوپاس... کێ لەگەڵ دایە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، بە مەرجێ ئەم تێبینییە بچەسپێ و چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٥)، چ تێبینی یەکی لەسەرە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لە سەر ئەم مادەیە هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، پاش ئەو تێبینی یەی کە باسمان کرد لە خاڵی(٤). کێ لەگەڵ ئەوەیە

ئەم بڕیارە بەگشتی وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕیارە پەسەند کرا.
ئێستا کۆمەڵێک بڕیارمان هەیە لەنێوان دووکەوانەدا کە (بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ـ مجلس قيادة الثورة)ن، داوا دەکرێ ڕابوەستێنرێ ورابگیرێن. جا با دەستی پێ بکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە هەندێک بڕیاری لەگەڵە، هەندێکیان هەر پێویست ناکەن، بۆنموونە وەکو بڕیاری ژمارە(٢٣٧)، بۆ ئاگاداری ئەندامانی بەڕێز، بڕیاری (٢٣٧) کە دەڵێ (يوقف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة) ئەوە خۆی لە سەر ئەوەیە کە بتوانن دووبارەی نرخ وکرێ بکەنەوە، ئەو جا ئەوەی بڕیاری (٢٣٧)ـە کە خۆی لە بنەڕەتدا لە مێژووی کارپێکردنی دەرچووە، لە بۆ یەک ساڵ واتە(لمدة سنة واحدة)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەست لەوە چییە؟ ئەمە بڕیارە ودوایی دێینە سەری و گفتوگۆی لەسەر دەکەین و، ئەوە هەندێ تێبینی لە سەرە، بۆنموونە هی پزیشکەکان کە دووبارە باجیان بخەنە سەر. ئێستا پێم وایە باش نییە، لە بەر ئەوەی پزیشکەکان خۆیان لە مانگرتن دان وزیاد کردنی مووچەیان دەوێ، هەندێ بڕیاری دیکەش لەگەڵ بڕیارەکە یەو، پێشنیارەکەت بەتەواوی چییە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە جارێ با دووا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو پێشنیار دەکەن دووا بخرێ بۆ کاتێکی دیکە. بەڵام هۆی دواخستنی چییە؟ واتە بۆ دووای بخەین؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم کۆمەڵە داوا کارییانەی ئێمە هی زیاتر لە ساڵێک پێش ئێستایە، ڕاستە ئێستا هەندێ باری ئابووری بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە، هەندێ ئاڵ وگۆڕی بووە لەم بارە ئابووری وسیاسییەدا، کە ڕەنگە پێویست بکات لە هەندێ بڕیاردا (تأني) بکەین و زیاتر لە سەری بوەستین، بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئێمە کاتی خۆی کە داواکاری گۆڕانکاریمان هەبووە. لە هەندێ یاساکانی عێراقی هەر تەنیا ڕانەگیراوە، گۆڕانکاریشمان هەبووە هەموار کردنیشمان هەبووە لە

سەر برگەکان، بەڵام وا دیارە کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە یان لە لیژنەی یاسا ئەوە کراوە، تەنیا لەبارەی ڕاگرتنی یاساکە باس کراوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە وەزارەتی دارایی یەوە پێشکەش بە ئێمە کراوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ناردوومانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتۆتەوە، جا ئەڵێم لەو ناوەندەدا هەندێک برگەی ئێمە داوای هەموارکردنیمان کردووە، وباسەکەی لەم پرۆژەیەدا نەهاتووە، بۆ نموونە: ئێمە لە باسی خاوەن کارگەکاندا، ویستوومانە ئەو ماوەیەی بۆ لێبووردن دانراوە کەمی کەینەوە، نەک هەر ڕای گرین ولە یەک ڕۆژی دروست بوونی کارگەکەوە باجی دەستکەوتی لێ بسەندرێت جا بۆیە من ئەو پێشنیارە بە پەسەند دەزانم کە دەڵێن ئەم باسە یا جارێ دووا بخرێت بۆ ماوەیەکی کەم وئێمە ئامادەین جارێکی دیکە سەرلەنوێ پرۆژەیەکی نوێ بە هەموارکردنەوە پێشکەش بکەینەوە، بۆ ئەوەی لە کاتێکی وادا بێ کە بگونجی لەگەڵ باری ئابووری کوردستاندا، لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لە فراکسیۆنی خۆمان دەرسمان کردووە ولەگەڵ ئەوەش دابووین کە جارێ ئەمە دوا بخرێ. لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕای منیش هەر ئەوە بووە کە دووا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە مادام ڕاتان بەو شێوەیە، یا وەزارەتی ئابووری چاوێک بە پرۆژەکەیدا بگێڕێتەوە وئێمەش گفتوگۆی لەسەر دەکەین. فەرموو کاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من نابێ، چونکە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی پرۆژەیەکی نوێ بە هەموارکردنەوە دەنێرین، واتە مادام وایە بۆ ئەوە دوا بخەین؟ ئەگەر ئەم پرۆژەیە پێویست نییە؟ با هەر لە پەرلەمان هەڵیوەشێنینەوە، چونکە دوو پرۆژە دووا بخەین، ئەی ئەوەی دی چ لێ بکەین؟ چونکە دوو پرۆژەیە، ئەگەر ڕاتان وەهایە، پێشنیارێکیش هەیە ئێستاکە لە فراکسیۆنی زەردەوە هاتووە ودەڵێ: دوا بکەوێ وجەنابی وەزیری داراییش فەرمووی من پرۆژەیەکی نوێ دەنێرم بە

هەمواركردنەوە واتە وەكو پێویستە ڕازی نییە لە سەر ئەوەی كە هەیە. بەڵكو پرۆژەیەكی نوێ كە دەنێرێ سەرلەنوێ مامەڵەتی لەگەڵدا بكەن، ئەوە نابێتە دوو پرۆژە لە قەزییەكی دیاریكراودا، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومــــەن.**

مەبەستەكەی من لەوەدا نییە كە ئەم پرۆژەیە هەڵوەشێتەوە، چونكە ئەو پرۆژەیەی كەدەبێ هەڵوەشێتەوە دەبێ بكەویتە خولی داهاتوو، ئنجا بۆمان هەیە جارێكی كە پرۆژەیەكی تر دابنێین و، ئەم پرۆژەیەی ئێمە هەندێ بڕگەی نەگەیشتۆتە دەست لە بەر ئەوە ئێمە داوای هەمواركردنی پرۆژەكە دەكەین نەك هەڵوەشاندنەوەی وداوای دواخستنی گفتوگۆ لە سەركردنی دەكەین بۆ كاتێكی تر وئەو كاتە ئەو گرفتە چارە دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــومــــەن:**

جا ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژیە دوادەخەین ودەگەڕێینەوە بۆ لیژنەی یاسا بۆ گفتوگۆ كردن لە كاتێكی تردا ئەیخەینە بەرنامەی كارەوە، وئێوە ئەگەر چ تێبنی یەكتان هەیە لە كاتی گفتوگۆ كردنیدا ئەوە دەری ببڕن، وتێبینی یەكانتان كۆبكەنەوە، لە دانیشتنێكی تردا كە كەوتە بەرنامەی كارەوە ئەو كاتە دەكەوینە گفتوگۆ كردنی، وئەو كاتەش تێبنی یەكانتان دەخرێنە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان وئەگەر پەسەند كران دەستكاری ئەم پرۆژەیە دەكرێت وهەموار دەكرێ، ئەگەر دەستكاریش نەكرا ئەوە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، مادام وایە ئێمە ئەم خاڵەمان دواخست بۆ دانیشتنێكی تر. سوپاستان دەكەین ئەمە خاڵی دوو بوو. خاڵی (٣) شمان دوا خست بۆ ڕۆژی یەك شەممە، كەواتە ئەمێنێتەوە خاڵی چوارەم.

هەندێ گـۆڕانكارییان كردووە لە لیژنە هەمیشەییەكانی نێو پەرلەمان وئنجا وەكو پرۆژەیەك ناردوویانە بۆ ئێمە. بڕگە بە بڕگە پرۆژەكەی فراكسیۆنی كەسك دەربارەی ئاڵوگۆڕ كردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەیی یەكانی ناو پەرلەمان وناوەكانیان دەخوێنینەوە كە دەبێ دەنگیان لەسەر بدەین.

خاڵی یەكەم: بەڕێز سەلاحەدین حەفید لە جیاتی بەڕێز كەمال شاڵی بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە. بەتێكڕای دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند كرا.

دووەم: بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە لە جیاتی بەڕێز شاڵاو عەلی عەبدوڵڵا بۆ لیژنەی دارایی وئابووری. كێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

سێیەم: بەڕێز سەعید سلێڤانی لە جیاتی بەڕێز عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەبدوڵڵا، بۆ لیژنەی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی، كێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

چوارەم: بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر لە جێی بەڕێز سالار عەزیز بۆ لیژنەی ناوخۆ، هەروەها بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی لە جیاتی بەڕێز عەلی ڕەسول بۆ هەمان لیژنە واتە: بۆ لیژنەی ناوخۆ. كێ

لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
پێنجەم: بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی لە جیاتی بەڕێز عەلی ڕەسول بۆ لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. شەشەم: هەروەها بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی لە جیاتی بەڕێز شەوکەوت حاجی موشیر بۆ لیژنەی پێشمەرگە. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.
حەوتەم: بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی لە جیاتی بەڕێز عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەبدوڵڵا بۆ لیژنەی کشتوکاڵ، هەروەها بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵڵا لە جیاتی بەڕێز کەمال شالی بۆ هەمان لیژنە، واتە لیژنەی کشتوکاڵ، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.
هەشتەم: بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا لە جیاتی بەڕێز د. فازڵ قەفتان بۆ لیژنەی پیشەسازی. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئەمەش تەواو بوو، سوپاستان دەکەین ولێرەدا بەرنامەی کاری ئەمڕۆشمان تەواو، دانیشتنی داهاتوویشمان لە سەعات (١٠)ی ڕۆژی یەک شەممە دەبێ. خاڵی یەکەممان بودجەی ١٩٩٤ دەبێ وداواش دەکەین لە لیژنەی یاسا بەڵکو ئەمڕۆ وسبەی پرۆژەی زیاد کردنی مووچەمان بۆ تەواو بکەن بۆ ئەوەی ڕۆژی یەک شەممە ئەویش بخەینە بەرنامەی کارەوە سوپاستان دەکەین.

| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٦/١٠/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٦/ ١٠/ ١٩٩٤

***سەعات ( ١٠ )ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٦/ ١٠/ ١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ بابەتی ئامادە نەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ کە وەکو تازە بابەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ڕۆژی ٢٥/٩/١٩٩٤دا فراکسیۆنی پارتییەوە پێشنیاری کرد بوو.***

***٢ـ پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە چاک کردنی باری گوزەرانی فەرمانبەران.***

***٣ـ تازەبابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دووخاڵی سەرەکییە، خاڵێک لەبارەی ئەو پێشنیارەیە کە کاتی خۆی خرایە بەرنامەی کار،ەوە لەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٤ کەتا ئێستا دواکەوتووە، پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە چاککردنی باری گوزەرانی فەرمانبەران و خاڵی سێیەم کە تازە بابەتە، ئەگەر تازەبابەت شتێ هەبێ؟

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەک وەکو تازەبابەت وەکو پێشنیارێک، لەبەرئەوەی زۆرلە ناوچەکانی کوردستان لە ئاسایی کردنەوە چەقیوە وەکو پێویست بەڕێوە ناچێ، ئێمە پێشنیار دەکەین لیژنەکانی پەرلەمان کەپێشتر پێک هاتبوون هەریەک بچن بۆ ئەو ناوچانەی کە بۆیان دیاری کرابوو لە زاخۆ هەتا وەکو خانەقین ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەن تیایدا دیاری بکەن لە کوێ ئاسایی کردنەوە چەقیوە و جێبەجێ نەبووە هۆیەکەشی چیە؟، بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ چارەسەری بکرێت. دووەم ئێمە پێشنیار دەکەین کە خاڵی دووەمی بەرنامەی کار بێتە پێش، زووتر قسەی لەسەر بکرێ بەڵکو کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــــجـــــید:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە لە تازەبابەتدا بابەتێک هەیە کاتی خۆشی سووکە ئاماژەیەکیشی پێ درا، سەبارەت بەو کۆمەڵگا نیشتەجێیانەی کاتی خۆی پاش ئەنفالە بەدناوەکان خەڵکی ناوچەی پشدەر و ناوچەی گەرمیان و شوێنی تر کە بە زۆر هێنایانن لەو ئۆردووگا زۆرە ملێیانەدا لە (جدیدە و کەور گۆسک و خەبات و بنەصلاوەو دارەتوو باینجان و بازیان) و ئەو کۆمەڵگایانە نیشتەجێ کراون ئەوانەی کە بڵێین کاسبکار بوون وەزیفەی حکومەتیان نەبوو، مووچە خۆر نەبوون (٤٠٠٠) دیناریان بەقیست دراوەتێ واتە قستی بانکی خانووبەرە، ئەوی تر هی فەرمانبەران (٦) هەزار دیناریان دراوەتێ، ئێستاکە ئەو فەرمانبەرانە پارەی قستەکەیان لەمووچەی مانگانەیان دەبڕن، ئەوەی کە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان و ئەوەی نەشگەڕاینەوە، جا ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەو بابەتە پاش ئەوەی بخرێتە ئەستۆی لیژنەی دارایی یەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک بکات ئەگەر بکرێ، پرۆژەی لێ خۆشبوونی هەموو ئەو خەڵکانەی کەلەو ئۆردووگا زۆرە ملێیانە دانراوون و ئێستا گەڕاونەتەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لە تازە بابەت وەکو پێشنیارێکە بۆ ئەو شتەی کاک ئەیاد باسی کرد، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کارەوە ئەبێ بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە وەکو پێشنیارێک لەبارەی کۆمەڵگا زۆرە ملێکان بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟. ئێمە ئێستاکە ناچینە ناوگفتوگۆ تاکو دەیخەینە بەرنامەی کار ئەو کاتە کە لە بەرنامەی کار داندراو هاتینە سەر گفتوگۆ، ئێوە رای لەسەر بدەن. کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ خرایە بەرنامەی کار، پاشان کە هاتینە سەری ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین. خاڵی دووەم ڕێکەوتین لەسەری، ئێستاکەش سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی ئیش وکاریان هەیە بۆیە خاڵی یەکەم جارێکی دیکەش دوا دەخەین و خاڵی دووەم پێش دەخەین، دەست دەکەین بە مەسەلەی چاککردنی باری گوزەرانی فەرمانبەران وپرۆژەکمان لەبەر دەستدایە و پێشتریش بڵاوکراوەتەوە بەسەرتاندا.

**بەڕێز ئەکـــــرەم عـــــاشـــــور عــــــەودیش:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دەمەوێ باسی ئەو بارەگایانەی ناو عەنکاوە بکەم، گرفتێکی زۆری بۆ خەڵکی عەنکاوە دروست کردووە، ئەمڕۆ سەعات (٦)ی سەر لەبەیانی (TNT) لەناو خانوێک تەقیبیەوە، نازانین ئەم پیاوانە چین و کێن؟، کە هەریەک سەربەخۆ دێت و، بارەگایەک دەکاتەوە. سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

جا حەزدەکەی شتێکمان بۆ بنووسە پاشان داخلی کەین و قسەی لەسەردەکەین، ئێوە دەزانن پرۆژەیەکی زیاد کردنی دەرماڵە (مخصصات)ی فەرمانبەران و مامۆستایان لە مێژە جێگەی باسە

لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنەوە، کاتی خۆی لە گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٤دا لەسەرەتاوە داوا کرا کە هەوڵ بدرێ بەهەر شێوەیەکە مووچەی کارمەندان زیاد بکرێ، ئینجا دەرماڵەیان زیاد بکەین، ئەوە لەو کاتەوە و هەتا ئێستا، لەوەیە پێش ئێستاش ئەم بابەتە باس دەکرێت چ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، چ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە یان لەلایەن لیژنەکانمانەوە، بە هەر حاڵ ئەنجامی ئەو تەقەللایە گەیشتە ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادەکراوە باس بکرێ، ئەوە بوو لەگەڵ حکوومەتدا باس کراو، جەنابی وەزیری دارایی چەند جار بەشداری دانیشتنەکانی کردو ئەو پرۆژەیەی پێشکەش کرا، بووە جێی رەزامەندی ئەو و هەتا ئەنجوومەنی وەزیرانیش و، لە کۆتایی هەفتەی رابردووگەیشتن بەو دارشتنەی کە ئیستاکە لە پێشتانە و دەخوێندرێتەوە، ئێوەی بەڕێزیش ئەبێت بریارێکی لەسەر بدەن، هیوادارین ئەمە بریاری لەسەر بدرێ و ببێ بە یاسایەک، دوای ئەوە هەنگاوی تریش بەرێگەوەیە بۆ چاکردنی باری ژیانی خەڵکی کوردستان، پێش ئەوە کە ئێمە بریاری لەسەر بدەین بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی یەوە، سوپاسی هەموو لایەک دەکەین بۆ ئەو ذان بەخۆ داگرتنە و ئەو گفتوگۆیەو بۆ ئەو رەنجەی کە داویانە تاکو تۆزقاڵێک لەباری گرانی خەڵکی کوردستان ئاسان بکەن، هیوادراین بتوانین لەمەودوا زیاتر ئەو بارە بەرەو چاکی ببەین، جا با ئێستا پرۆژەکە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب.

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم/١ لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٦/١٠/١٩٩٤ اصدار القرار الآتي:

١ـ منح كافة الموظفين و منتسبي حكومة اقليم كوردستان العراق المبالغ المدرجة تفاصيلها وعلى الوجه التالي:

أ- مبلغ (١٥٠) ديناراً شهرياً إضافةً الى الراتب الشهري.

ب - مبلغ (٢٠) ديناراً شهرياً إضافةً الى مخصصات الزوجية.

ج - مبلغ (٥) دنانير شهرياً إضافةً الى مخصصات كل ولد ولحد (٥) أولاد.

د- مبلغ (٥) دنانير شهرياً عن كل سنة من سنوات الخدمة.

٢- على الوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرار.
٣- لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
٤ ينفذ هذا القرار اعتباراً من ١٩٩٤/١١/١ وينشر في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەقی ئەو پرۆژە بڕیارەیە كە خوێنداریەوە، ئێستاش دێین خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر دەكەین و دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینیەك هەبوو گفتوگۆی دەكەین، خاڵی یەكەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منح كافة الموظفين والمنتسبين في حكومة اقليم كوردستان العراق المبالغ المدرجة تفاصيلها ادناه اضافة الى الرواتب والمخصصات الشهرية التي يتقاضونها وعلى الوجه التالي:

١- مبلغ (١٥٠) ديناراً شهرياً اضافةً الى الراتب الشهري.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو...

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی (١٠) بڕگە (ب) كە نووسراوە (مبلغ «١٥٠» ديناراً شهرياً اضافةً الى الراتب الشهري)، ئەوە جۆرێك لەو صیغەیە گرفت دروست دەكات، چونكە مووچەی مانگانە، بەرزترین ونزمترینی هەیە و بەگۆڕین كاری ئەوە دەرگایەكی زۆر فراوانتر دەكریتەوە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەكەم ئەوە بەو شێوەیە بگۆڕێ (اضافة «١٥٠» ديناراً شهرياً كمخصصات مقطوعة) یاخود («١٥٠» دينار شهرياً اضافة الى ما يتقاضاه الموظف او المنتسب)، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی ئەگەر بمانەوێت پرۆژەكە ببێتە دەرماڵەی بڕاوە هەر لە بڕگە (ب)و بنووسین (منح كافة موظفين ومنتسبي حكومة اقليم كوردستان المبالغ المدرجة تفاصيلها ادناه كمخصصات مقطوعة اضافةً الى الراتب) واتە ئەوانی خوارێ هەمووی دەرماڵەیەكی بڕاوە حیساب دەكرێ و، كە پارە نەما توانا هەیە ببڕدرێ ئەگەر پارەش هەبوو بەردەوام دەدرێ، یەكەم بڕگە بڵێت كە دەرماڵەی بڕاوە واتە ئەوانی خوارێ هیچ پێی ناوێ دەستی لێ بدەین وەكو خۆشی بڕوات هەمووی ئاسایی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی خەڵكێكی زۆر چاوەڕێی ئەو زیادەیە دەكات و ئەم هەواڵەش لە زوێكەوە بڵاوبۆتەوە، من

چەند لایەنێ گفتوگۆ دەکەم، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو زیادەیە زۆر زۆر پێویستە لەگەڵ باری ژیان و گوزەران و تەکالیفی رۆژانەی هاووڵاتیان بەتایبەتی فەرمانبەران بگونجێندرێ، من ئەو (١٥٠) دینارە کە تەرخان کراوە دەهێڵمەوە بۆ خەملاندنی ئەنجوومەنی وەزیران کە خۆی لەگشت لایەنێک باشتر دەزانێ واریدی گومرگی چەندەو بودجەی چەندەو، دەتوانێ چەند تەرخان بکات، بەلام دوو سێ خاڵم هەیە لەسەر بابەتی زوجیە و مناڵ، بەراستی ئەو ژمارانەی دانراون بۆ ئەوانە شتێکی زۆر کەمە، (٢٠) دینار بۆ زەوجیە، بەرای من زۆر زۆر کەمە ئەبێ بکرێتە (٥٠) دینار، سەبارەت بەمنداڵیشەوە(٥) دینار بەشی هیچ ناکات، رادەیەک دانراوە بۆ (٥) کەس بۆ پێنج مناڵ بەرای من ئەو بابەتەش بکرێ بە (١٠) دینار زۆر باشترە بۆ باری گوزەرانی فەرمانبەرانمان ئەمێنێتەوە بۆ خاڵی دووەم کە پەیوەندی بە خانەنشینەکانەوە هەیە، خانەنشینەکان توێژێکی زۆرن لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی و ئەو توێژەیش زۆر چەوساوەن، بەشێکی ئەوەی کە خانەنشینی لە حکوومەتی ناوەندی وەردەگرێ کە ئێستا زۆربەی وەری ناگرێ بێ بژێوییە بەشەکەی تریش خانەنشینی هەرێمن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش کە لەو ژیانە ناخۆشەدا دەژیان بەراستی ئەبێ ئەوانیش حیسابێکیان بۆ بکرێت، خاڵی سێیەم کە لە هەموان گرنگترە ئەوە پەیوەندی بە گرانی لە بازارەوە هەیە، واتا ئێمە ئەگەر بتوانین سنوورێک بۆ ئەو گرانییەی کە لەبازاردا هەیە دابنێین، هەروەهاش ئەوەی چاوەروان دەکرێ دوای زیادەکە کە سەربەخۆ هەرچی دوکاندار هەیە نرخی شتەکان بەرز دەکاتەوە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوەی وەریدەگرێ ئەبێ بیداتە دووکانەکە بەهیچ شێوەیەک زیادەکەی سودی نابێ، ئینجا لەبەر ئەوە بەرای من ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورێک دابنێ، واتە بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان لە رێگەی وەزارەتی دارایی یەوە یان لە رێگەی وەزارەتی ناوخۆوە بێ ئەبێ کۆنترۆڵی بکات، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەکانم کاک عەبدولخالق کردنی کە، لەسەر خانەنشینەکان بوو، جا هەقە شتێکیش بۆ ئەوان بکەن دەمێکە باسمان کردوە نازانم دەیانگرێتەوە یان پەیوەندی بەو خانەنشینانەوە نییە، سوپاس.

**بەرێز عەبدوللا رەسول عەلی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەسەرەتاوە وەکو بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی باسی کرد، پرۆژەی زیادکردنی دەرماڵە یان مانگانەی فەرمانبەرانی کوردستان و مامۆستایانی کوردستان ئەوە پێشی شەرە خۆکوژییە بە چەند مانگێک قسەی لەسەر کراوە، ئەو سەردەمە کە بەراستی باسی ئەوە کراوە کە لە ٥٠٪ی مووچەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستان زیاد بکرێ و ئەو پارەیەی کە تەوفیر کرا لە بانقەکان یان لەلایەن وەزارەتی دارییەوە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە باری گوزەرانی خەڵکی پێ چاک بکەین، بەلام بەداخەوە لەسەرەتای مانگی (٥)ە وە ئەو بارانە هاتە پێشەوە کە ئەوە هەموومان

هەوڵماندا کە بەراستی حکومەت و پەرلەمان بارەکەمان لێ تێک چووبوو، نەمان توانی کەبێین باسی ئەو بابەتە بکەین، بۆیە کە ئێستاکە پاش ئەوەی کە بارەکە تارادەیەک ئارام بوویتەوە لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمان و هەروەها وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو پرۆژەیە ئامادەکرا، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پرۆژەمان گفتوگۆکردووەو گەیشتینە ئەوەی ئەو دەقەی کە بەڕێز کاک فەرسەت خوێندیەوە ئەوە لێرە بڕیاری لەسەربدەن، چونکە ئێستا توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر ئەوەیە و حەزیش دەکەم هەمووتان بیزانن و لە ڕێگای ئێوەشەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بیزانن هەتاکو ئێستاکەش داهاتی گومرگ نەهاتۆتەوە گەنجینەی ناوەندنییەوە وەکو چۆن کاک فرەنسۆ پێشنیاری کرد، کە لەهەندێ شوێن ئاسایی کردنەوە وەکو پێویست تەواو نەبووە، ئەندامانی پەرلەمان بچن و لەمە بکۆڵنەوە، واتە ئێمە بەناوی حکومەت و لە ڕێگەی حکومەتیشەوە داوا لە پەرلەمانیش دەکەین کە گوشار لەسەر حزبەکان بکەن کە داهاتی هەموو گومرگەکان بێنەوە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پایتەختی لە هەولێرە، ئەو کاتەش دیارە مەسەلەی خانەنشینەکان و مەسەلەی دەرماڵەی فێرکردن کە ئێستاکە مامۆستایان دەبوایە جیاوازیان لەنێواندا بکرێ لەگەڵ فەرمانبەرانی کوردستان کە لێرە جیاوازی نەکراوە لە ماوەیەکی تر خانەنشینەکانیش بێگومان ئەوەش لە ماوەیەکی کورتدا دەبێ، ودەرماڵەی فێرکردن لە بۆ مامۆستایانی کوردستان بەگشتی دەبڕێتەوەو هەروەها بۆ خانەنشینەکانیش ئەوانی کە ئێستا لە کوردستانن بە گشتی، واتە نەک بەوەی کە بڵێ جیاوازی تیادا بکرێت ئەوانیش مووچەیەکی بڕاوەیان بۆ دەبڕێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێ پەرلەمانیش ڕەزامەندی لەسەر بدات و هیواداریشم لێرەدا بەراستی ئەندامانی پەرلەمان حسابی ئەوە بکەن کە ئێمە چمان هەیە و چمان نییە، دەنا ئێمە پێمان خۆشە مانگانەی هەر مووچەخۆرێک کە لە هەرێمی کوردستانە (٦)هەندەی ئەوە وەربگرێ کە ئێستا دەیدرێتێ، پێمان خۆشە باری ئابووری خەڵکی کوردستان چاک بکەین، واتە ئەمە سەروەریەکە، هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم بۆ پەرلەمانیش، بەڵام ئێمە دەزانین ئەگەر چمان نەبێ ناتوانین بیکەین و هەقیشە هەموو موچەخۆرانی کوردستان یان مامۆستایانی کوردستان ئەم ڕاستیە بزانن و، ئێمە لاریمان نییە هەموو توێژەکان هەتا سکرتاریەتی مامۆستایان کارمەندانی سەندیکای پزیشکان و پارێزەرەکان و هەموو ئەوانی تر بێن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکەن، بزانن چیمان هەیە و چیمان نییە، چونکە شتەکانی ئێمە شاردراوە نییە لەو توێژانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یان لەپەرلەمان هەتاکو بڵێین بە زۆر ئێمە دەمانەوێت دەرماڵە، یان مووچە زیاد بکەین، ئەوحکومەتە لەلایەن پەرلەمانێکەوە متمانەی پێ دراوە ئەو پەرلەمانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵیبژاردووە و هیچ پەرلەمان خۆی لە خۆیەوە دروست نەبووە و هەروەها ئەو حکومەتەش هەر کاتێ لەسیاسیەتی هەرێم و یان لەیاسا لابدات پەرلەمان دەتوانێ و دەسەڵاتی هەیە، کە بڵێ ئەوە

بەپێچەوانەی یاسایە و گفتوگۆی لەسەر بکات، جا هیوادارم ئەندامانی پەرلەمانیش ئەم مەسەلەیە چاک بزانن، چونکە مەسەلەیەکی سۆز ئامێز نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەرەتادا حەزم نەکرد باسی ئەو دووخاڵە بکەم، هێشتمەوە بۆ برایانی حکومەت. مەسەلەی خانەنشینەکان و مەسەلەی مامۆستایان مەسەلەی دەرماڵەیان. بۆچی؟ چونکە لە پرۆژەکەیان باسی ئەوەش کرابوو، بەڵام لە دوا کۆبوونەوەی هەرسێ لیژنەکەدا، واتە لیژنەی ئابووری و، لیژنەی یاسا و، برایانی لیژنەی پەروەردە لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی و جێگرەکەی و شارەزایانی وەزارەتی دارایی وا ڕێکەوتن کەمەسەلەی دەرماڵەی مامۆستایان و دەرماڵەی گشتی لەگەڵ مەسەلەی خانەنشینان جیابکرێتەوە، وەزارەتی دارایی لە ماوەی هەفتەی داهاتوو لەگەڵ شارەزایانی خۆی تۆێژینەوەی بارەکە بکات، پاشان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانا باس بکرێ دواتر لەگەڵ ئەو لیژانانە دابنیشنەوە جارێکی تر پرۆژەیەکی وا ئامادە بکرێ، واتە لەرووی مەبدەئەوە لەوەدا جیاوازی بیرورا نییە، کە هەم بۆ مووچەی خانەنشینەکان و هەم بۆ دەرماڵەی مامۆستایان، کە ئەوانیش بڕیارێکیان بۆ دەربچێ، بەڵام وەکو دەزانن ئەم بابەتانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەک هەیە جابزانین باری خانەنشینەکانیش چۆنە، ئێمە دوو جۆر خانەنشینمان هەیە، جۆرە خانەنیشێکمان هەیە خانەنشینی کاتی سەردەمی حکومەتی هەرێمە، خانەنیشەکەی تریان لەدەرەوەی حکومەتی هەرێم خانەنشینی حکومەتی ناوەندین کە هێشتاکە یارمەتی ومووچەکە وەردەگرن و ئەو دەەرماڵەش وەکو باسیان کرد برادەرانی شارەزا، دوو سێ دەرماڵەیە و بە یاری خوا ئەو بەڵێنەدراوە، هیوادارین لە ماوەی ئەم هەفتەیەی داهاتوودا شتێ گەلاڵە بکرێ، ئەویش بڕیارێکی لەسەربدرێ، چونکە لەرووی مەبدەئەوە هاودژی لەسەر ئەوە نییە، تەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوە بڕیارێکی مژدە بەرەو مزگێنی یەکی گەورەیە و گەلەک خۆشە بۆ فەرمانبەرانی هەرێم، هیوامان ئەوەیە کە بتوانین کەمێک یان بەشێک لەبارە گرانەکەی لەسەر شانیان لادەین، گومان لەوەدانییە ئەمە چەند ساڵێکە لە بارێکی ناخۆشدا دەژین بۆ ئەوە جێگەی سوپاس و نرخ لێنانە، لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەبێ وەزارەتێک یان هەر لایەک کە پرۆژەیەک پێشکەش دەکات بۆ پەرلەمان وەکو پێی دەڵێن پرۆژەی بڕیار، لەڕاستیدا ئەبێ ئامارێکی تەواوی لەگەڵ هەبێتن، نووسراوێکی وا بە تەنیا وابزانم بەس نییە بۆ ئەندامانی پەرلەمان کەوا بەروونی دەنگی لەسەر بدەین، ئەگەر ئێستا ئامارێکی تەواوی لەگەڵ هەبا وابزانم ئێمە دەمانتوانی بەشێوەیەکی باشتر بڕیارێکی باشی لەسەر بدەین، واتە زانیاری وئاماری تەواوی تێدا با، سەبارەت بە ژمارەی فەرمانبەرانی کوردستان لە هەر پارێزگایەکدا، چەندیان فەرمانبەری ترن، هەروەها ساڵەکانی

خزمەت لە (١) ساڵی بۆ (٥) ساڵی کە ژمارەکانیان ئەوەندەیە، موعەدەل ئەوەندەیان هەیە. لە(٥) ساڵی بۆ(١٠)ساڵی و هەروەها هەمووشتێ بەو جۆرە روون با، ئامارێکی تەواو هەبا تا بمانزانیبا ئەو زیادەیە دەکاتە چەند و لە بودجەیدا چەندی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــــمـــــەد عـــــەلی دزەیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئەوەی من دەمویست بیڵێم کاکەرەش گوتی «منح كافة موظفي ومنتسبي حكومة إقليم كوردستان العـراق» نـەک (مبالغ شهرية ومخصصات مقطوعة إضافةً الى الراتب والمخصصات الشهرية التي يتقاضاها وعلى الوجه الآتي: مخصصات مقطوعة) نەک (المبالغ المدرجة تفاصيلها). سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەراستی وەکو جەنابی ئاگادارە و ئێمە هەموومان دەزانین فەرمانبەرانی وڵاتی ئێمە توێژێکی زۆر گرنگن، لەوانەیە نزیکی (١٠٣) هەزار هاوولاتی ئێستا مووچەی خۆیان لە حکومەتی ئێمە وەردەگرن کە ژیانیان لەسەر ئەو مووچەیەیە کە وەری دەگرت، بۆیە پێویستە ئێمە هەموو هەوڵ بدەین بەلانی کەمەوە نزمترین رادە بۆ ئەوان دابین بکەین کە پێ بژین، چونکە بەراستی کارمەندی ئێمە باری ئابوورییان زۆر خراپە لەوانەیە هەندێکیان هەتا خێریان پێ بشێ، زۆر لەوانە شتی خۆیان فرۆشت، ناوماڵیان نەماوە، بەکورتی دەڵێم باریان زۆر خراپە من بەتەواوی هاودژی قسەکەی کاک ئیبراهیم کە دەڵێ ئەوە مزگێنییەکە بۆ فەرمانبەران، ئەمە بە مافێکی رەوای ئەوانی دەزانم وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی پێویست بوو پێش ئێستا ئەوە کرابا هەرچەندە ئەو رووداوانەی دوایی وای کرد ئەمە دوا بکەوێ ئەمە بە مافێکی رەوای ئەوان دەزانم، برگە (٢) (١٥٠)دینار من زۆر بەکەمی دەزانم، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە (٢٠٠) دینار کەمتر نەبێ، چونکە بەراستی بەگوێرەی نرخی ئێستا ئەوە تەماشاکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

دیارە ئیلتباسێک هەیە لای برادەران، ئێستاکە ئەو مووچەیەی کە خەڵک وەریدەگرن وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەستکاری ناکرێ، (٥) دینار بۆ یەک مناڵ نییە بۆ هەر منداڵێ (٥) دینار دانراوە، جا ئەوە جەنابی وەزیری دارایی ئەگەر روونی بکاتەوە خراپ نییە، بۆ ئەوەی برادەران دەنگی لەسەر بدەن.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیری دارایـی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

خۆی بیرۆکەی زیادکرنەکە یەکەم، لەبەرئەوەیە کە جیاوازیەک هەبێ لەنێوان ئەو کەسانەی کە خزمەتیان زیاترە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تازە دامەزراون و هیچ خزمەتیان نییە، لەنێوان ئەو کەسانەی کە ماڵ و منداڵیان هەیە و خێزانیان هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەڵتن، بێ خێزانن جا ئەمە بیرۆکە بنەرەتییەکەیتی، لەبەرئەوە ئەو زیاد بوونە ئەم جارە هەم داوای ئێمە وابوو هەم رای

لیژنەکانیش دوای گفتوگۆ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێوەدایە کە ئەو زیادی یەی ناومان نابوو سەلەیەک یان سەبەتەیەک یان گوڵدانێک کە پێشکەش دەکرێن، ئەوانە هەریەکە هەقی خۆی تیا کۆبکرێتەوە هەم ساڵی خزمەت کاری تێ بکات هەم ژمارەی منداڵ و هەم بوونی ژن، بەڵام لە هەمان کاتیشا بیرمان لەوەش کردۆتەوە کە ئەم زیادانە بەهیچ شێوەیەک کارناکاتە سەر ئەو شتە بنچینەییانەی کە خۆیان وەریدەگرن، بۆ نموونە لە یاسای عێراقیدا هاوسەری (٢) دینارە ئێمە کە ئەڵێین (٢٠) دنیار بۆ هاوسەرییە مەبەستمان لەوە نییە (٢) دینارەکە هەڵدەوەشێتەوە (٢) دینارەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمجارە ئەوەی کە ئێمە پێشکەشی دەکەین (٢٠) دینار زیادەی تێدایە بۆ سەر ئەو (٢) دینارە هەروەها سەبارەت بە منداڵەوە بۆنموونە منداڵ بەپێی یاسای عێراقی، منداڵی یەکەم ئەوەندە دینار زیاد دەکات، منداڵی دووەم وا ئەبێ سێ یەم دووقات ئەبێ، برێک زیاد دەکات ئێمە دەستکاری ئەوەش ناکەین ئەوەشیان وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەمە یەک زیادەی تایبەتییە بە هۆی باری ئابووری تایبەتی ئێستای کوردستانەوە، هەروەها بۆ مەسەلەی ساڵانی خزمەت ئەوە گفتوگۆیەکی زۆر زۆرمان لەسەر کردووە، واتە زیاد بوونی زانین و شارەزابوون لە کاروباری بەرێوەبردن، واتە ئەوەش لایەنێکە کە ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان رەچاوی بکات، بۆیە وامان بەباش زانی کە جیاوازیەک هەبێ و بۆیەش وامان دانەنا لەیەک ساڵ تا (١٥) ساڵ ئەوەندە و لە (١٥) ساڵ تا ئەوەندە ئەوەندە بێ بۆ ئەوەی هەموو ساڵێکی خزمەت جیاوازیەک بۆ فەرمانبەرەکە دروست بکات و وانەبێ ئەوەی کە (١٤) ساڵ خزمەتی هەیە وەکو ئەوە وابێ کە(١) ساڵ خزمەتی هەیە، بەڵام کە بوو بە (١٥) ساڵ دووقات یاسێ قات ئەوی کە زیاد بکا، ئەم جۆرە زیاد بوونەی ئەمجارە پێشنیار کراوەو وتووێژێکی زۆری لەسەرکراوە راستە لەیەکەم سەیرکردنیا رەنگە هەندێ ئاڵۆز دیار بێ، بەڵام یەکسانی پیشان ئەدات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەهلە خان فەرموو..

**بەرێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو زیاد کردنە بۆ ئەوەیە کە ژیانی گوزەرانی خەڵک بەرەو چاکی بروات، بەڵام لێرە من دوو پرسیارم هەیە هەندەک مۆڵەت هەیە کە بەمووچەی تەواو وەردەگیرێ، ژنان پاش منداڵ بوونی وەکو مۆڵەتی دایکایەتیان هەیە، شەش مانگ بە مووچەی تەواو و شەش مانگیش بەنیو مووچە، ئەو مووچە تەواوە ئیسمی یە کەواتە لێرە کە دەسنیشانیان کردووە ئەوانە هەموو دەرماڵەیە، لێرەوە ئایا ئەوان ئەو زیادی یە دەیان گرێتەوە یان نایان گرێتەوە؟ ئەوە پرسیاری یەکەمە، پرسیاری دووەمم ئەوەیە ئەوی پاش ئەو زیاد بوونە داوای خانەنشینی دەکات و موعامەلەی خانەنشینی دەکات ئەوەش وەک دەرماڵە بێ ئایا ئەوە دەیگرێتەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکانی من بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی دانەوە، بەڵام من زیادەیەکم هەیە سەبارەت بە خێزانی شەهیدان ئەوانی کە مووچە وەردەگرن، ئێمە قەرزاریانین؟ پێم وایە ئەوان پێش هەمووان، حیسابێکیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی خێزانی شەهیدەکان ئەو بابەتە جگە لەوەی کە لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە نووسینگەی سیاسی هەردوولا قسەکراوە، واتە لای یەکێتی و پارتی باس کراوە کە پێشنیارێ بکرێ لەلایەن ئەنجوومەنی وزەیرانەوە بۆ پەرلەمان پاش ئەوەی کە دەستکەوت چاک دەبێ، خێزانی شەهیدەکان مانگانەکەیان لە (٢٥٠) دینارەوە بکرێتە هەزار دیناری براوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانم بەڕێز کاک عەبدولخالق کردنی، بەڵام من دەمەوێت جەنابی وەزیری دارایی بۆمان دیاری کات کە کۆی برەکەی ئەوە دەبێتە چەند؟ دووەم دیاری منداڵ بۆ (٥) منداڵ ئایا ئەوە بۆ هاندانی دیاری وەچەیە یان شتی ترە؟ من حەزدەکەم بە ڕەهایی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من رای خۆم ئەخەمە پاڵ رای د.رزگار سەبارەت بە خاڵی (٢) برگە (ب) ئەو (١٥٠) دینارە، پێشنیار دەکەم بکرێ بە (٢٠٠) دینار ،چونکە بەپێی ئەم پێوەرەی کە ئێستا لێرەدا هەیە، ئەگەر فەرمانبەرێک (٢٠) ساڵ خزمەتی هەبێ سەرجەمی ئەو پارەیەی کەوەری دەگرێ ئەبێتە (٢٩٥) دینار و ئەو امتیازاتانەی کە (ب، ج،د)ە، هەندێ فەرمانبەر دەگرێتەوە، فەرمانبەرەکانی تر ناگرێتەوە، جا بۆ ئەوەی بوار برەخسێ هەموو فەرمانبەران سوود لەوە بکەن، لەوانەیە هەندێ خەڵک هەبێ سەڵتە یان منداڵی نییە، بەڵام باری ژیانی خراپە یان دەیەوێ خۆی پێک بهێنێ

هەرچەندە ئەوە شتێکیش ناکات، بەڵام رەنگە سوودی لێ وەرگرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو (١٥٠) دینارە بکرێ بە (٢٠٠) دنیار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پیرۆزبایی لەو پرۆژەیە دەکەم ،بەو پارەیەی گومرگ کەوا تاکو ئێستاکە نەگەڕاوەتەوە گەنجینەی حکومەت جورئەت هەیە ئەو پارەیە زیادبکرێ بەراستی جێگەی شانازی یە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆنترۆڵی بازاڕبکرێ لەگەڵ زیادکردنی مووچەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئێستا بابەتەکەمان مەسەلەی ئەو ژمارانەو ئەو مووچەیەیە، تکایە ئەوەی تر هەڵدەگرین بۆ تۆزێکی تر.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک سەعید باسی کرد ئاساییە دەربارەی رێژە، دیاری نەکرێ و سەبارەت بە منداڵ بوونەوە بۆ ئەوەی کەوا چری دانیشتوانی کوردستان هەندێ بەرەو زیادبوون بڕوات. قسەکانی دیکەم برادەران کردیان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە هەمووومان دەزانین باروگوزەرانی فەرمانبەران ئاسایی شتێکی زۆر ناخۆشە پارە بەهیچ ناچێ، بەتایبەتی ئێستا لەو کاتەی کەوا بازاڕ بۆتە (١٠) قات و (١٥) قات، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم هەرچەندە باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی باری خۆیان دەزانن بەڵام (٢٠٠) دینار بایە باشتر بوو لە (١٥٠) دینار، دووەم کە دەڵێ (٥ دنانیر شهرياً إيضافةً الى مخصصات كل ولد لحد خمسة أولاد) لەڕاستیدا لەمە دەسنیشانی رێژە نەکراوە تائێستا لە کوردستان ئەگەر یەکێ دوانزە منداڵی هەبێ و یەکێ دوومناڵی هەبێ یەکێکی تر سێ منداڵی هەبێ واتا جیاوازی لەنێوان ئەوە نەبوو ئەدی ئەوانی تر نان ناخۆن؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش پێشنیار کرا کە پێویستە (٥) منداڵ دیاری بکرێ.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (ب)، لەجیاتی ئەوە (٥) دینارە بکرێتە (٧) دنیار بۆ ساڵانی خزمەت بۆ

ئەوەی جیاوازی ببێ بۆ ئەو کەسانەی کە خزمەتیان زۆرترە، (٧) دینار باشترە لەوەی (٥) دینار بێ. چوارەمین خاڵ ئەوەیە لەباتی (١١/١)، (١/ ١٠) حیساب بکرێت، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ (٤٥) رۆژی تر ئەو خەڵکە چاوەڕوان بکات من پشتگیری ئەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەکرەم.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو سێ قسەی دیم هەیە، یەکەم گرنگییەکی تایبەتی بدرێ بە مامۆستایان، چونکە هەموو منداڵەکانمان لەژێر دەستی ئەو مامۆستایانە گەورە دەبن، ئەوەی دەیەوێ شارێک خراپ بکات، ئەگەر گرنگی نەدات بە پەروەردە و مامۆستایەکان واتە ئەو شارە خراپ دەبێت، پێشنیار دەکەم خۆراکیان بۆ دابین بکەین. پرسیارێکی تریش هەیە ئایا ئەو زیادە لە بۆ وەزیرەکانیشە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر فەرمانبەر نییە، ئەوە دوایی جەنابی وەزیری دارایی وەڵامتان دەداتەوە، بەڵام ئێستا من بۆ روون کردنەوە دەڵێم مەسەلەی مامۆستایان ئەم بڕیارە ئەوانیش دەگرێتەوە، وەکو هەر کارمەندێکی ئەم حکومەتە، فەرموو مەلا تەڵحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لەو فەرمانبەرانە دەکەم کە ئەو مووچەیان بۆ زیاد دەکرێ، لەو کاتە ناسکە بێ پارەییەدا، دەمەوێ شتێکی دیکەی بخەمە سەر، میللەتی کورد دوو بەشە یان ئەوەتا فەرمانبەرە یان فەرمانبەر نییە، ئەوەی کە فەرمانبەرە ئەمڕۆ مزگێنیەکی زۆر خۆشی پێ دەگات و زۆر دڵی پێی خۆش دەبێ، بەڵام دەستەیەکی هەژار هەیە کە فەرمانبەر نین هیچی نییە، داوا دەکەم لە بەڕێزتان کەوا ئەوانیش هەوڵی ئازوقەیان بۆ بدرێ کەدڵنیابن زگیان بە خۆیان ئەسووتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو، وابزانم ئەوانەی کەناوونووس کرابوون هەموو قسەی خۆیان کرد، ئێستاش قسە بۆ جەنابی وەزیری داراییە، بۆ روونکردنەوەی ئەو پێشنیارانە یان ئەو پرسیارانە کە برادەران کردیان، بەڵام پێشنیارەکان لە دووشتی سەرەکیدا خۆی ئەبینێتەوە بۆ ئاگاداری جەنابی وەزیر، (١) لە زیادەی پارەکان بەتایبەتی دەرماڵەی هاوسەری و ساڵانی خزمەت و منداڵ، چەند برادەرێک پێشنیاریان کردووە، (٢) جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ١١/١ نەبێ لە ١٠/١ بێ ئەوە تەقریبەن ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو تێبینییانەیە کە هاتوون، هەرچەندە بۆ مووچەی براوەش یەک دوو برادەر داوا دەکەن زیاد بکرێ، جا ئەگەر جەنابت ئەمانەمان بۆ روون بکەیتەوە، تەماشای توانای خۆتان بکەن و دوا رای خۆتانمان پێ بدەن تاکو ئەم خاڵە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو پێشنیـارانەی دەربارەی زیاد کردنی ئەو پارەی تەرخان کراوە بۆ سالآنی خزمەت یان بۆ منداڵ یان بۆ خێزان بۆ ژن و مێرد هەردووکی ئەگرێتەوە، چونکە ئەگەر ژنەکە فەرمانبەر بوو ئەتوانێ بۆ مێیردەکەی ئەگەر بێکار بوو وەربگرێ و بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەوە هەر بۆ روون کردنەوەیە، چونکە کاک ئیبراهیم پرسیـاری کردووە، ئایا ئەگەر هەردووکیـان فـەرمانبـەر بوون، هەردووکیـان دەیان گرێتـەوە یان نا؟ ئەوە هەر یەکێکیـان خۆی ئەو دەرماڵانەیان دەبێ تەنها ئەوەی هاوسەریەتی. هەروەها پرسیـارێکی کەش برادەران لە خەیاڵیاندا هاتووە ئایا ئەمە وەزیرەکان دەگرێتەوە یان نا؟ ئەوەش حەزدەکـەم دڵنیاتـان کـەم کە ئەوە پلەی تایبەتی ناگرێتەوە ئەوانەی کە بەبڕیاری تایبەتی دادەمەزرێن هەم وەزیرە هەم بریکاری وەزیرە هەم ئەو خەڵکانەی تریش ئەوەی کە پێی دەڵێن پلەی تایبـەت نایانگرێتـەوە، سـەبارەت بەوەش کـە بۆچی ١/ ١٠ نییـە لەباتی ئەوەی کـە ١/ ١١ بێ بەڕێزان ئێوە خۆتان ئاگادارن ئێمە لە (١٥)ی هەمـوو مـانگێکەوە دەست دەکەین بەدابەش کردنی مووچە واتە لە دوێنێوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەستی پێ کردووە، لەبەرئەوە ئێمە ئێستا بۆمـان نـاکـرێ خـۆمـان ئامـادەکـەین یەکسـەر گـۆڕانکاری لە لیسـتی مـووچە و شتی وا بکەین، لەبەرئەوە هەر بۆیەش کاتی خۆی داوای ئەو مـەوعیـدەمـان کرد بۆ ئەوەی ئەو (١٥، ٢٠) رۆژەمان هەبێ کە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و لەسەری مانگەوە دەستی پێ بکەین سەبارەت بەو زیادانەوە کە برادەران باسیـان کـردووە حـەزدەکـەم ئەوە روون بـکەمـەوە کە هەمـوو زیاد کردنی دینارێک لە کـۆتاییـدا دەبێ حسـابی بۆ بکەی کە چەند کولفەی زیاد ددکات، واتە تەنیـا ئەوە نییـە و، هەر سـەبارەت بەو پرسیـارانەی کە بەڕێز کـاک ئیبراهیم هەی بوو کە دەڵێ بۆچی ئاماری لەگەڵ نییە؟ ئەم پرۆژەیە پرۆژەی یاسایە و پرۆژەی یاساکە پێشکەش بەپەرلەمـان دەکرێت دوور لە هەموو ئامار و زانیاریی ترە چونکە یاسا یاسایە نابێ ئەو درێژە پێدانەی تیا باس بکرێ و چونکە لە لیژنەکاندا باس کراون، خـاوەنی چەند سەر خێزانەو سنووری ناوەندی منداڵ چەندە لەخێزانێکدا ئـەوانەمـان هەموو رەچاو کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئایا ئەمە بێجگە لەوەی خانەنشینان و دەرماڵەی مامۆستایان، بە چەند مەزەندە دەکرێ؟.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

خانەنشینەکان کە ئێستا لە ناو رژێم پارە وەردەگرن لە سنووری (١٠ تا ١٢)ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێ، بەمـەرجێ ئەو مـووچانە بێ کە ئێسـتـا وەری دەگرن، هەروەها بۆ ئەوانەی کە لەهەرێمیش خانەنشین کراون ئەویش ئێستا نزیکی (٥ر٤) ملیـۆن دینارە، ئێمە مانگانە ئەو مووچانە ئەدەین و دەرمالـەکـانی تریش کـە بەتەمـاین بیـدەین ئەویش لە سنووری (٣تا ٥) ملیـۆن دینار ئەکـات، واتە

بەگشتی پارەیەکی زۆرە حەزدەکەم بزانن، بۆیە دەستکاری کردنی دینارێک زیاد دینارێک کەم هەمدیسان کاردەکاتە سەر هەموو پارەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئێستا تەنیا ئەم پرۆژەیەی کە لەبەردەستەو نیاز وایە ئەبێ ببێ بەبڕیار (٢٧تا ٣٠ ملیۆن) مانگانە تەکیلیفی بودجەی ئێوە دەکات؟.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەوە روون کردنەوەکان بوون، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی کە فەرمووی پلەی تایبەتی ناگرێتەوە، چونکە ئەوە فەرمانبەر نییە نایگرێتەوە، بەلآم ئەوەی مونتەسبی هەرێمە، ئەوانیش هەر کارمەندن دەیانگرێتەوە، بەلآم ئەگەر مەبەستمان ئەوەبێ نەیانگرێتەوە بلێین هەموو فەرمانبەرەکان و کارمەندانی هێزی ئاسایش و ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری (پ.م) وتا ئەو کاتی پلەی تایبەت ناگرێتەوە کەوا بوو ئەوان فەرمانبەر نیینە، لە راستیدا بەگوێرەی یاسای خزمەتی شارستانی (قانون الخدمة المدنية) نییە بەس گوتمان فەرمانبەر واتە پارێزگار فەرمانبەری هەرێم نییە و ئەو پلەی تایبەتە وەکیل وەزیر پلەی تایبەتە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە پلەی تایبەت بێ نایگرێتەوە، ئەوە کۆتایی پێ هاتووە، تەنانەت (٣٠) دینارەکەی پێشووش کە زیاد کرا بێ ئەوەی دەقی یاسایی تێدابێ، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە جۆری ئیشی ئەو خەڵکەوە هەیە کە بەپلەی تایبەت دادەنرێت، یەکەم هیچ حیسابێک بۆ خزمەت و ساڵانی خزمەت و ژمارەی منداڵ و ئەوانەی بۆ نەکراوە وەکو خەڵکی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمێنێتەوە بۆ کاک شێخ دارۆ.

**بەڕێز مزهەر کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەدی پرسیارەکەی من......؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیار نەماو تەواو....

**بەڕێز مزهەر کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتێک هەیە لەبیر کراوە....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ لەبیر نەکراوە گفتوگۆ تەواو بوو، ئێستاکە ئامادەین بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز مزهەر کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە تۆزێ پێویستە، خەڵکێکی زۆریش هەیە لەوەزارەتی ئەوقاف بە مووچەی براوە دامەزرێنراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە یاساکە روونە و ڕێنماییەکان روونن (على وزير المالية أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار) ئەوە لەوێندەرێ وەزیری دارایی دەسەڵاتی دراوەتێ ئەگەر هەر ڕێنماییەک ڕێک نەکەوت لەگەڵ ئەو بڕیارە ئەو کاتە یەخەی وەزیری دارایی بگرن و لێرە بانگی کەن و پێی بڵێین کاکە بۆ ڕێنمایی وات دەرکردووە دژ بەم بڕیارە. ئەوە روونە چونکە بڕگەی (٢) ئەڵێ (على وزير المالية والاقتصاد أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار) کەواتە هەر کاتێ وەزیری دارایی ڕێنماییەکی دەرکرد دژ بەو بڕیارەی کە ئێستاکە ئێوە دەنگی لەسەر دەدەن دەبێ بە بڕیار ئەوکاتە یەخەی بگرن ئەوە زۆر روونە، ماوەتەوە ئەم بڕیارە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان گۆڕانکاری بخەینە سەری، خاڵی (١)بڕگەی (ب) باسمان کردووە و خاڵی یەک بڕگە (ب،ج،د) مان هەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیە دەنگدان روون نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، خوێندرایەوە. بەهەمووارکردنەوە، خوێنرایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە کاکەرەش پێشکەشی کرد کە بڕگە (أ) (منح كافة موظفي ومنتسبي حكومة أقليم كوردستان العراق المبالغ المدرجة تفاصيلها أدناه كمخصصات مقطوعة إضافةً الى رواتب و مخصصات شهرية التي يتقاضونها وعلى الوجه التالي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وا خوێندرایەوە ئەو هەموارە بوو کە خرایە سەری لەسەر داخوازی برادەران، جا لەبەرئەوە

هەرچەندە ئێمە دەنگمان لەسەریدا، بەڵام جارێکی تر با دیاری کەن، چونکە ئێمە گوتمان وەکو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە (١) لەگەڵ (أ،ب،ج) وەکو خوێندرایەوە پەسەند بکرێن؟ سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. دووجاریش وتم وەکو خوێندرایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على وزير المالية والاقتصاد أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ روون کردنەوە، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرمووی دەرماڵەی هاوسەری لە بەغدا دوو دینارە لە ٦/١٢ ساڵی ١٩٩٤ بڕیاری زیادکردنی دەرچووە،(٥٠) دیناری تر زیادەی خراوەتە سەر بۆ دەرماڵەی خێزانی، بۆ منداڵیش هەر یەکێک (٥) دیناری تر زیاد کراوە، بەڕێز فەرموو بۆ دەربارەی دەرماڵەی هاوسەریی ئەگەر هەردووکیان فەرمانبەربن، (الزوج والزوجة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاک جەمیل ئێمە دەنگمان لەسەر ژمارە (یەک) دا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بۆ روونکردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگمان لەسەرداو تەواو، ئیتر ئەوە ئەگەر روونکردنەوەیە، پاشان حەزدەکەی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا ئەوە ئازادن روونی کەنەوە، ئێستا خاڵی (ب) ئەیخوێنینەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەندامێکی پەرلەمان من ئیمزام کردو پێشکەشم کرد لە ١٩٩٤/٧/٢٨ دوو خاڵی دی هەبێ لە پرۆژەی ئێمەدا بەپێویستی دەزانم هەردوو مادده بخرێتە سەری، ماددەی زیادکردنی مووچەی خانەنشینان بە ڕێژەی (١٠٠) دینار مانگانە ماددەی تر دەسنیشانکردنی دەرماڵەی فێرکردن و بکرێتە «١٥٠» دنیار لە جیاتی «٧٠» دنیار، چونکە ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی باسی کرد دەرماڵەی ئەوە جیاوزان لەگەڵ ئەمە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک جەمیل ئەوەمان باس کرد، لەسەرەتاشدا وەکو وتم پرۆژەی تریش و خاڵی تریش هەبوون ئەوە لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا لەسەری ڕێکەوتین، کە وەزارەتی ئابووری لێکۆڵینەوەیەک لەسەرئەو دووخاڵەی تر بکات، چ خانەنشینان چ دەرماڵەی فێرکردن، ئەو کاتە ئەو پرۆژەیە دێتەوە جارێکی تر باس دەکرێت و ئەمڕۆش جەخت کرا لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵێینیاندا کە بەزووترین کات لەو بابەتە بکۆڵرێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لیژنەکان بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێت، واتا لەوەدا ناکۆکی نییە.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد یەعقـوبی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پرسیارەکەم کێشایەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی (٢)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ خاڵی (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار)، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەسەر بڕگە(٣) چ تێبینیەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار)، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

چ تێبینیەک هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(ينفذ هذا القرار اعتباراً من ١/١١/١٩٩٤ وينشر في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەسەر ئەم خاڵە چ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری وای نیشاندا کە لەبەر کێشەی لیستە و ئەوانە پێرا ناگەن لە ١/١٠وە بێ، ئینجا من پێشنیار دەکەم لەمانگی (١١)، مانگی (١٠)و (١١) پێکەوە سەرف بکرێن ئەو کاتە لیستەکانیش جێبەجێ دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم بەراستی ئەگەر لە ١/١٠ وە خەرج بکرێ باشە، ئەگەر نەکرا هەردووکی لە مانگی (١١) بۆیان خەرج بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منییش پشتگیری لەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتکیری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو برادەران هەمان رایان هەیە، بەڵام ئەگەر رایەکی جیاواز هەیە لەگەڵ ئەوپێشنیارە، بفەرموون؟

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی لیستەی مووچە کراوە، بۆیە ئێمە ناتوانین ئێستا دەست بەو ئیشە بکەین، بەبڕوای من ئەوەی لەوێ خەرج کراوە ئەوە رۆیی، ئەوەی بۆی خەرج نەکراوە بۆی بکرێ، لە بۆ ئەوانی تر مانگی ناتەواویەکەیان بۆ دانێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێمەش پێشنیارەکەمان وەک ئەوەیە، باشە کاک جەمیل تۆش هەمان رات هەیە، باشە سوپاس مادام وایە دیارە هەموو برادەران لەو رایەن کە بکرێت بە مانگی (١٠-١١).

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، بەڵام ئەبێ بزانین ئایا گەنجینەی حکومەت چی تێدایە، با داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و ئەوانە بگەڕێنەوە نەک مانگی (١٠) لە مانگی (٩)وە بێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەم دانیشتنە لەتەلەفزیۆن نیشان نەدەین، بۆ ئەوەی بە موزایەدە لەقەلەم نەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دارایی داوا ئەکرێت لە ١/١٠ وە بێت نەک لە ١/١١وە، فەرموو بۆمان روون بکەنەوە لەگەڵ توانا و باری خۆتان.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان من لایەنە هوونەریی و کارگێڕییەکەی روون دەکەمەوە یەکەم لە پێشا بۆم روون کردنەوە کە ئەوە لە تواناد‌ا نییە، کە لە ئێستاوە لەم رووەوە دەست بکەین بە لیستەی مووچەکان، چونکە ئێمە لە دوێنێوە مووچەمان دەست پێ کردووە، ئەوە لایەنێکیەتی، لایەنەکەی کەشی مەسەلەی توانای داراییە، واتە من حەزدەکەم ئەوە بزانن ئەوە نزیکی (٣٠) ملیۆن دیناری تێ دەچێت (٣٠+٣٠) ئەکاتە (٦٠) ملیۆن دینار لەیەک مانگدا خەزینەی ئێمە بەرگەی ئەوەی نییە بەیەک جار پارەی وا بدات، چونکە خۆتان دەزانن ئێمە اعتمادمان لەسەر گومرگەکانە گومرگەکانیش داهاتیان رۆژانەیە، (١٠) رۆژ کۆئەبێتەوە ئەوجا ئەتوانین مووچەی مانگێکی پێ بدەین لەبەرئەوە تکام وایە وەکو خۆی بیهێڵنەوە بۆ ئەوەی هەم لەرووی ئیدارییەوە سەرمان لێ ناشێوێ هەم گوشارێکی زۆریش لەسەر گەنجینەکان دروست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەو پێشنیارە هەیە، ئەگەر برادەران سووربن لەسەری ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوو را هەیە، رایەک هەیە دەڵێ لە ١/١١وە رایەکی تریش هەیە دەڵێ لە ١/١٠ وە، جا ئەو پێشنیارە ئەگەر ناکێشرێتەوە ئەوە ناچارین چارەی بکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئاشکرایە ئێمە لە دانیشتنێکی فراوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، بەڵکو بڵێین نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە پێک هاتبوو لەبەڕێز وەزیری دارایی و

ئەندامانی (٣) لیژنەش لەوێ بوون کەدەکرێ بڵێین ئەوانیش کە نوێنەری هەردوو فراکسیۆنەکەن هەق بوو لەوێ ئەو مەسەلەیە باس بکرایە و یەکلا بکرابایەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاگام لەوە نییە کە ڕێکەوتوون یان نا، پێشنیارەکە مافێکی سروشتی خۆمە پێشنیارم کردووەو ناشی ناکێشمەوە حەزدەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاگاداری یان ئاگادار نیت ئەوە کێشەیەکی ترە، چونکە لە مێژە پرۆژەیەک ئامادە دەکەین گفتوگۆی لەسەردەکەین کە لەبار باری گوزەران مووچە زیاد بکەین لەبۆ مووچەخۆرانی کوردستان، واتە بەگوێرەی باردۆخی خۆمان، خۆ ئەوە نییە وەکو زەمانی پێشان حکومەت و پەرلەمان دژبن لەگەڵ میللەت، یان نوێنەری میللەت نەبن، لە ڕاستیدا پرۆژەی ئەم بڕیارە لەلایەن (٣) لیژنەو بە ئامادەبوونی حکومەت یان وەزیری دارایی و جێگرەکەی و شارەزایانەوە ڕێکەوتوون لەسەر ئەم دارشتنەی کە ئێستا دەخوێندرێتەوە، بەتایبەتی لەسەر ژمارەکەو کەی بدرێ؟، باشتر وایە بەردەوامبین بکرێت لەسەر ئەو شتانەی لەلایەن لیژنە شارەزاکانەوە لەسەری ڕێک کەوتوون.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حقيقةً صارلنا أشهر نتحدث عن زيادة الرواتب، أنا شخصياً تعهدت للناس حتى قلت لهم هذا الشهر أكيد تزداد الرواتب وأن قرار شهر (١١) أعتقد مردود . وشكراً.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا کاک شەمائیل جەنابت بەڵێن ئەدەیت کە نوێنەرت هەبوو؟ نوێنەرانی برادەرانی لیستی مۆر لەلیژنەکە هەبوون، ئەبوایە کە تەواو بوون ڕات وەربگرتانایە و بت گوتبایە لەسەر چی ڕێکەوتوون لەو لیژنەیەدا؟ پێکەوە ئەڵێین لە ١١/١ ئەو کاتە هەوڵتان بدایا، واتا ئەوە نییە برادەرێک ڕایەکی داوە لەلای کۆمەڵێک خەڵک ئیتر ئەو ڕایە ببێ بەبڕیارێک لە پەرلەمان، وەکو وتم پێشنیارتان ماقوولە، پێشنیاری خۆتان بکەن، بەڵام وا ڕێکەوتووە لە ڕووی مەبدەئەوە من و جەنابی سکرتێر لەوێ بووین وابزانم جەخت لەکەس نەکراوە و بە زۆریش شت نەسەپێنراوە بەسەر کەسدا، سکرتێری پەرلەمانمان لەگەڵە، منیش لەوێ بووم منیش هەستم نەکرد چ زەختێک لەلایەن کەسێکەوە کراوە لەسەر کەس، هەق نییە بەو شێوەیە شت باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئەوەی کە لە پێشا هاتووە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ئەمجا دوای ئەوە پێشنیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاکەرەش یەکەم جار خرایە دەنگدانەوە، دەبوایە یەکەم جار پێشنیاری ئێمە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە هەمیشە بەو شێوەیە راستە، پێشنیارێک هەیە کە لە ١/١١ەوە دەست پێبکرێ، بەلاّم لێرە پێشنیار کراوەو لە لیژنەکان لەسەری رێکەوتوون و، داوا دەکرێ بکرێ بە ١/١٠ واتە لە ١/١٠وە ئەم دەرمالّەیەی کە دیاری کراوە بەپێی برگە (١) بدرێ بەکارمەندان.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەگەر خوانەخواستە هۆکارێکی هونەری هەبێ، ئێمە هەق نییە لەسەری بڕۆین، هەمیشە ئەوەی کار پێکراو بووە یەکەم جار بنچینەی پرۆژەکە خراوەتە دەنگدانەوە، ئەوجا پێشنیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلّێ کاک ئەیاد هەمیشە واباوبووە ئەگەر لەسەر پێشنیارەکە سووربن ئەیخەینە دەنگدانەوە جیاوازیش نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو فراکسیۆن ئێمە ئەگەر بکرێت ئەو (٣٠) ملیۆن دینارە باشە بۆ نەیکەینە دەستە گوڵێکی دیکە، با بتوانین پشتگیری توێژی مامۆستایان بەوەجبەیەک ئارد بکەین، پشتگیری خێزانی شەهیدان بکەین بە هەندێ ئازووقە، واتە باشە بۆ ئەو (٣٠) ملیۆنە هەم وەکو دەڵێ باری حکومەت گرانتر دەکەین، خۆ ئەگەر کەس لاری نییە بۆ چاککردنی باری گوزەرانی خەڵک، واتە ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە لە ١/١١ بکرێ بە ١/١٠، واتا لە ١/١٠ ەوە، ئەو دەرمالاّنە بدرێن بەکارمەندان، بۆیە ناچار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێ بە ١/١٠؟سوپاس ... کێ لەگەڵ نییە؟.. واتە کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ واتە (٣٠) بە (٣٤) دەنگ

واتا (٣٤) دەنگ لەگـەڵ ئەوەیە بکرێ بە ١/١٠، (٣٠) دەنگیش لەگـەڵ ئەوەیە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، بۆیە بڕیارەکە لە ١/١٠/١٩٩٤وە جێبەجێ دەکرێ، لێرەدا ئەم بڕیارە تەواو ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو بڕیار پاش ئەو هەمـوارە سەرەکـیـەی کە کەوتە سەری، کێ لەگـەڵ ئەو هەمـوارەی دوواییەیە پاش ئەوەی کە خاڵی (٥)ی خرایە سەر؟، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ ئەم بڕیارە بەگشتی پەسەند کرا. ئەمێنێتەوە خاڵی دووەم، بابەتی بوودجەی ساڵی ١٩٩٤.

**بەڕێز عـەبدوڵلا ڕەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من دەڵێم باداهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بێتەوە ئێرانە، ئەگەر نا ئێمە ناتوانین مووچەی ئەم مانگە سەرف بکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڵێ قـەیناکـە وەکـو سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران یان، وەکـو ئەندامی پەرلەمـان مـافـی ئەو پێشنیـارەت هەیە، بەڵام ئەوەی تر ئەبێ لە ئێمـە ببووری چونکە لە دەستـەی سەرۆکـایەتی ئێـمە ناتوانین پێشنیارێک ڕەت کەینەوە، ئەگەر خاوەنەکەی نەی یکێشێتەوەو، ئەگەر پێشنیاری تری لە پێش نەبێت.

**بەڕێز عـەبدوڵلا ڕەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵێ بەس لەسەری ڕێکەوتبووین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڵێ، جا وەکو روونم کردەوە لە لیژنەکەش لەسەری ڕێکەوتبوون.

**بـەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوە دووسێ جارە باسی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەکرێ، هەر کاتێ پارەی توتن کە فرۆشراوە ئەو پارەی بە ملیۆنەها لە خەڵک وەرگیراوە ئەو پارەیەی بە ملیۆنان لە گومرگی کەرکوک و سلێمانی و رانیە و ئەوانە هاتن بۆێرە ئەگەر ئیبراهیم خەلیل نەهات، ئێمە بەرپرسیارین، بەڵام هەق نییە باسی ئیـبراهیم خەلیل بکرێت و واز لە هەمـوو کـوردستـان بێنین، بڕیارەکە دراوە، ئەگـەر ناتوانن بیکەن دەتوانن دەست لەکاربکێشنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا ڕەسـول عـەلی/سـەرەک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوە لەپەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ کاک فەرەنسۆ هەقی نییە بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە بکا، وا من دەڵێم هەموو بازگەکان لە دهۆک هەتا دەگاتە خانەقین و، هەموو بازگەکانی تر لەژێر کۆنترۆڵی حکومـەتن، دووەمین کـەبڕیارێک لێرە دەدرێ پێـویستـە حیسـابێ بۆ خـەزینە بکەین

کەچەندی تێدایە، منیش لەگەڵ ئەوەمە لە ١/٥ وە هەموو لایەنەکان بەحیساب لەسەری ڕێکەوتوون، کێ چەندی پارە وەرگرتووە ئەو پارانە حیسابی لەسەری بکرێ چ لە بوودجەکەی ببرێ و چ بگەڕێندرێتەوە گەنجینەی حکومەتی هەرێم، ئینجا هی تووتنە، هی ئیبراهیم خەلیلە، هی بازگەی رانیەیە ـ قەڵادزێ یە، پارەیە، هەرشتەکە، واتە مەسەلەکە هەر بەتەنیا حیساب ناکرێ، بەڵام خۆتان دەزانن هەموو بازگەکان بەقەدەر بازگەی ئیبراهیم خەلیل نییە، ئەوە وەزیری دارایی لێرەیە و ئەوەش بۆ خەڵکی کوردستانە، مەسەلەکەش ئەوە نییە، واتە جەنابی کاک فەرەنسۆ دەیەوێ مووچە زیاد بکات و ئێمە نامانەوێت!، مەسەلەکە دەمانەوێت ئێمە خۆمان باسی ئەو مەسەلەیە بکەین و لەسەری ڕێکەوتووین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرۆکایەتی حکومەت و هەم لیژانەکانیش گوایە لەبۆ ئەوی ئێمە ئێستاکە پسوولەی ئازووقەمان نییە لەبۆ ئەو هاووڵاتیانە لەسەر ئەو بنەمایە بووە واتە حکومەتیش ئەگەر دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەوە نوێنەری ئێمە نییە ئێمە خۆمان لێپرسراوی خۆمانین، واتە ئەگەر هەڵکەوت هەبێ کە هەندێ شت هەیە کە باوەڕمان پێ نەبێ، واتە لە بەرژەوەندی میللەتەکەو لە بەرژەوەندی حکومەت و پێشکەوتنی نەبێ، ئەوە ئەو کاتە ئازادین بە ئارەزوی خۆمان دەست لەکاردەکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی گومرگ و بابەتی تر بەرای من ئەوە لە دەرەوەی ئەو دانیشتنەیە، ئێمە لە باسی زیادکردنی مووچەین، ئەگەر جەنابتان پێتان خۆشە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە دەکەین و لاریمان لاری نییە، حەزدەکەی ئێمە دوای ئەم دانیشتنە کاتێکی بۆ دائەنێین وەک بابەتێکی تازە، ئەگەر وای بۆ دەچن حکومەت توانای نییە پارە بدات دیسان حکومەت ئەتوانێ بە یادداشتێک یان نووسراوێک ، ئەوشتە روون بکاتەوە، بۆیە ئێمە ئەو بابەتە کۆتایی پێ دێنین، چونکە دەنگی لەسەر دراوەو تەواو بووە دەبێ ئەنجامەکەی پەسەند کەین، ئەگەر چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بابەتانە جەنابت دەتوانی بە یادداشتێک روونی بکەیتەوە، چونکە هەموو بڕیارێکیش شیاوی گۆڕینە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی کە بودجە هاتە ناو پەرلەمان من پێشنیارم کرد لە ٢٠ ٪ی بودجە دابشکێ بۆ ئەوەی ئازووقە و خۆراک بکرن بەسەر خەڵکەکە دابەش بکرێت، ئێستاش وا ساڵ تەواو بوو حەزمان دەکرد بزانین بودجەکە چەندە؟ چونکە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە، کە لە ٢٠ ٪ بودجەی ئەمساڵ تەرخان بکرێ بۆ کرینی ئازووقە، ئینجا حەز دەکەین بزانین بودجەکە چەندە بۆ ئەوەی لە ٢٠ ٪ ی لێ ببرین و ئازووقەی پێ بکرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من حەزدەکەم روون بێت، بابەتی گفتوگۆی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ یان بابەتی گفتوگۆی ٢٠ ٪ی کە

ئێستـا راستـاندراوە، نازانم ئێـمـە ئەو بڕیـارەمـان کـەی وەرگـرتووە؟! بۆ خـەرجی لە ٢٠٪ ئێـمـە بڕیارێکمـان لەپەرلەمـانەوە وەرنەگـرتووە کـە لە ٢٠٪ ی بودجـە بدەین بە خـۆراک، چونکـە خـۆی بودجەکە هەتا ئێستاکە پەسەند نەکراوە ئیتر دەبێ لەکوێ بڕیارماندا بێ؟... .

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بڕیاری لەسەردراوە جەنابت پێشتر لە دانیشتندا باست کرد کە بڕیاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

نەخـێـر بڕیاری لەسـەر نەدراوە، چونکـە ئەوکـاتە بڕیار ئەدەین جـەنابیـشـت دەزانی کـە بودجـەیەک راستاندرا بێت، بودجەی ساڵی ١٩٩٤ هەتا ئیستاکە پەسەند نەکراوە، ئیتر لە کوێ بڕیارمان داوە؟!. چۆن بڕیارێک لەکوێ بدەین لە سەرشتێ دەدرێ کە پەسەند نەکرابێ؟... .

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـوڵ عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

پێشـینار دەکەم ئەم بابەتە دوا بخرێت بۆ رۆژێکی تر کە گفتوگـۆی لەسەر بکەین، چونکە یەکەم بودجـەی سـاڵی ١٩٩٤ ئێـوە خـۆتان دەزانن لەبەر بارودۆخ پەسـەند نەکـراوە و ئێـسـتـاکـە ئەوە ساڵی١٩٩٤ تەواو بوو، ئەوجا ئەگەر رۆژێکی تر لەدانیشتنێکی تر وتوویژ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز شــــــاڵاو عــــــەلی عــــــەبدوڵڵا:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ (خەنجەر لەکادان) جا ئەگەر خەنجەر لەکادانەکە بێ موزایەدەش بێ بەسەر یەکترا هەمووشمان دەزانین یەکێ پێشنیاری ئەوە دەکات (١٥٠) دینار زیاد بکرێ یەکێ کە ئەتوانێ بڵێ (٥٠٠)دینار زیاد بێ تۆ لەگیرفانەکەتا هەزار دیناری تێدایە کە تۆ داوای هەزار دینـار شت ئەکـەی، من رام وایە هەرشـتێ دەخـرێتـە روو لەمـەودوا هەر برادەرێک دەیخـاتە روو بابزانێ لە لایەنی تایبـەت بپرسێ کە لەئەنجـومـەنی وەزیران بۆ هەرشـتەو وەزیرێ دانـراوە با لێی بپرسن بزانن، ئایا وەزارەتی دارایی توانای ئەو شـتەیان هەیە یان نییە؟ بەڵام ئـەگەر هەر موزایەدە بێ و لەبەرچاوی تەلەفـزیۆن قـسـە بۆ تەلەفـزیۆن بکـەن ئەمـە ئەبێ ئەوەندە زیادی کـەن جـا مـنیش پێشنیـار دەکەم پارەی خانەنشینان یەکی هەزار دیناریان بۆ زیاد بکەن ئایا ئەکرێ؟ ئەمە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەندامانی پەرلەمان پێویستیان بە موحازەرە و رێنمایی خەڵک نییە، ئێمەش هەموو شت دەزانین، خۆم پێشنیـارم کرد ئەم دانیشتنە لە تەلەفزیۆن پیشان نەدرێت بۆ ئەوەی نەبێتـە موزایەدە، من باسم کرد، من موزایەدە ناکەم و لەوە بەرزترم موزایەدە بکەم، ئەو شتەی بروام پێ نەبێ، ئەو شتەی لە

واقعی دڵی خۆم نەبی من باسی ناکەم، لەبەرئەوە دووبارە و سێ بارەی دەکەمەوە لە تەلەفزیۆن دەرنەچێ، چونکە پێویستیمان بە موحازەرە و نەسیحەت نییە نەسیحەتمان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من یەکەم جار حەزم دەکرد قسە بکەم، بەڵام ناوم نەنووسی بوو، هەقی خۆمە کە قسەم نەکردووە هەقی جەنابیشتە کە ڕێگەت نەداوم، بەڵام من حەزدەکەم لەرووی جەنابتاندا هەندێ شت هەیە زۆر بە راشکاوی بیلێم، ئەویش ئەوەیە ئێمە چارەکانمان بەراستی چارەی بنەڕەتی نینەو بیرکردنەوەکانمان ئەوەندە گەورە نییە، فراوان نین، کە بەتەواوی هەموو شتەکان بگرێتەوە بەراستی ئەوە چارە نییە بۆ مەسەلەی ئێمە، ئەگەر برادەرێک مامۆستایەکی قوربەسەر (٢٠٠) دیناری بۆ زیاد بکرێ یان (٣٠٠) دیناری بۆ زیاد بکرێ لەگەڵ مووچەکەشیدا ناگاتە تەنەکەیەک رون، هەرگیز من ئەوە بە چارەسەر نازانم و ئەگەر ئەویشمان چارەسەر کرد ئەی ئەو کرێکارەی کە هیچی دەست ناکەوێ؟ نە کارگە هەیە و نەکۆمەڵەی هەرەوەزی هەیە هیچ شتێ نییە، لەم کوردستانە خەڵکی وا هەیە سواڵ دەکات واتە ئینجا نانەکەی ئێوارە پەیدا دەکات، من حەز دەکەم هەندێ شت بە راشکاوی بڵێم و بیرکردنەوەکانیشمان بەراستی فراوان بێت و، شەرمیش لە هیچ کەسی نەکەین، چونکە ئێمە نوێنەری ئەو جەماوەرەین و من هەرگیز لەوە ناترسێم، رای من هاودژی هەموو رای برادەرانە بەراستی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەش دانیم، چونکە ئەوە بە چارە نازانم، بەراست و راشکاوی من ئەوە بەچارە دەزانم کە سەرۆکی پەرلەمان داوا بکات بزانین ئێمە بودجەمان چەندە؟، کە ئێستا برادەرێک باسی کرد و چەند ئەدرێ بە حیزبەکان ئەو حیزبانەی کەسایەتی وا هەیە بە ویژدانەوە نایەوێ لەگەڵ حیزبێکی دیاریکراودا بێ، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنەکەی تر لێی ئەرژێ جێی نابێتەوە ناچار ئەبێ ئەچێتە لایەنێکی دیکە، چونکە ئەو پارەی تری، هەیە بەش کراوە ئەم سیاسەتە (٥٠بە٥٠)یەی کەلە ناو ئێمەیە پیادە بووە بەراستی لەوەوە هاتووە کەشتەکان بەش کراون نیوەی لای پارتی یەو نیوەی لای یەکێتی یە ئەگەر یەکێتی پڕبووە دیارە جێی نابێتەوە و ئەچێتە لایەکی کەوە ئەگەر لەپارتی جێی نەبووەوە دەچێتە لایەکی تر، چونکە کەس نامێنێ ئەوە سیاسەتی(٥٠بە٥٠) شی دروست کردووە ودەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا بکەین لە دانیشتنێکی ئایندەدا ئەو بابەتە باس بکەین و بیکەین بە پێشنیار، ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێزتان هەر حزبێک دەستنیشان دەکەی پارتی یان یەکێتی، پێم وایە لە

حكومەت دەوڵەمەند ترە، چونکە خەڵکەکە زیاتر بەلای حیزبەکانەوە رادەکەن حزبایەتی وەکو بەرنامەیەکی لێهاتووە ئێستا من حزبێک هەڵدەبژێرم بڕوام بە بەرنامەکەی هەیە وا ئەزانێ ئەو حزبە دەتوانێ میللەتەکە پێش بخات و سەربخات و بیگەیەنێتە ئاستی میللەتانی دنیا، بۆیە ئامادەم لە ماڵی خۆشم لە گەڵیابم جاران ئێمە پیتاکمان کۆ دەکردەوە و ئابوونەمان ئەدا بە حزب، حزب لەسەر ئەو ئابوونەیەی ئێمە ئیشەکانی خۆی دەکرد ئەو کارانەی خۆی ئەنجام ئەدا، یەکێ نەخۆش ئەبوو یارمەتی ئەدا ئێستاکە ئەبێ من ئەگەر لە حزبێ بم حزب یارمەتیم بدا پارەبخاتە گیرفانمەوە کێشەکان لەمەوە پەیدا دەبن و دەبێ چارەسەر بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتانە ئێمە دوو ڕێگەمان هەیە و ئەگەر پێشنیارێکی تر هەیە بۆ هەر بابەتێ چ بەنووسین بێ چ بە تازەبابەت بێ تکایە لە دانیشتنەکاندا پێمان بدەن، ئەیخەینە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، ئینجا ئەوەی پەیوەندی بە بودجەوە هەبێ، پەیوەندی بە بودجەی حزبەکانەوە هەبێ، پەیوەندی بەهەر شتێ هەبێ ئەوە هیچ گومان لەوەدا نییە بەلایەنی کەمەوە یاسا وا دەڵێ، جا ئەگەر ڕێز لەو یاسایە بگیردرێت ئەبێ پەرلەمان پێش هەموو کەسێک بزانێ بودجە چەندەو چۆن دابەشیش دەکرێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەوە دانیشتەکەمان هی ئەو بابەتە نییە، کە دانیشتین ئێمە دوو خاڵمان هەبوو کە وتووێژیان لەسەر بکەین، یەکێکمان باس کردووەو تەواو بووە، دووەم گەیشتینە سەری، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کرد دوا بخرێ و بڕیاربدەن چ پێشانی پەرلەمانی بدەن چ دەستەی سەرۆکایەتی ڕازی دەبێ دوای بخات، بەڵام بابەتی ئەو وتووێژە هەمە لایەنییە، هەر لایەک بێگومان هەموومان دەتوانین لە هەموو بابەتێک قسە بکەین، بەرای من با دانیشتنی تایبەتی بکەین بۆ ئەم شتانە کە دەمانەوێ و برادەران داوای بکەن و، با لە بابەتەکان دەرنەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چۆنی بێ ئێمە ناچارین دوای بخەین، چونکە ئەو پێشنیارەی کە کراوە پەیوەندی بە بودجەی ساڵی ١٩٩٤ وە نییە پەیوەندی بە مەسەلەی لە(٢٠٪)ی بودجەکەوە هەیە، کە تائیستا پەسەند نەکراوە بۆیە ناچارین کە دوای بخەین بەبێ ئەوەی کە وتووێژی لەسەر بکەین. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەدەستەی سەرۆکایەتیدا، ئەم خاڵە دوا دەخەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەراستی پیاداچوونەوەیەک لە دەنگدانەکە بکەنەوە، کە پارە هەبێ حەزدەکەن

داوا بکەن لە ١/١وە سەرف بکرێت، بەلام هەقە تەماشای گیرفانی حکومەت بکرێت برادەر پێشنیاری کردووە، وادەزانێ پارە هەیە، بەلام کە نەبێ ناتواندرێ پەیدا ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام لەم دانیشتنەدا هەرچۆنی بێ نابێ، بەلام وەکو گوتم، دەبێ ئێوە خۆتان پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن لەبارەی ئەم بابەتەوە، ئێمەش دەیخەینە روو، بەلام ئێستاکە دەنگمان لەسەرداوە، ئایا ماقوولە جارێکی تر دەنگ لەسەر ئەم پرۆژەیە بدەینەوە؟!....

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە بڕیاری لەسەر درا، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رایەکی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران توێژینەوەی باری دارایی لەسەر دەکات، پاش توێژینەوەی باری دارایی هۆکارێک بۆ ئەوە پرۆژەیە دروست دەکات دەڵێ ئەو بڕیارە لە پەرلەمان دەرچووە، چونکە دەبێ ڕێز لە دەنگدان بگیردرێ، ئەو بڕیارە لە پەرلەمان دراوە لەبەر ئەوەی ناتوانین و بودجەکەمان بەرگەی ناگرێت داوا دەکەین سەرف کردنەکەی بگۆڕێ بکرێتە ١/ ١٠ لەجیاتی ١/١١، وتووێژ دەکرێتەوە هیچ کێشە نییە، چونکە لە ئێستادا هەتا مانگەک، مانگێک یان مانگ و نیوێکی تر واتە (٢٠)ی مانگی (١١) ئەوجا لیستەی مووچە دووبارە دەکرێت، چونکە لیستەکانی مانگی (١١) کراون، بەلام ئێستا بڕیارێک دراوە لەوانەیە ئەو بڕیارە دەبێ بە پرۆژە دابڕێژرێتەوە، چونکە بووە بە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە وابزانم بوو بەیاسا، ئەوە رای لیژنەی یاسا بەو شێوەیەیە ئەگەر برادەرانیش پرۆژەیەک بەرامبەر ئەوە پێشکەش بکەن، ئەوە قەی چی ئەکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاکەرەش گوتی برگەی (١) و برگەی (٢) ئێمە جارێکی تریش دەنگمان لەسەر پرۆژەیەک داوە بەپێی یاسای ژمارە(٢) بە اعتبار دەردەچێ، نەخێر دەرناچێ دەتوانین دوو جار بۆ ئەنجوومەنی بنێرینەوەو بەو برگەیەدا بچینەوە، ئەگەر یاسای ژمارە(٢) پیادەکردو لای ئێمە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم بڕیاری پەرلەمان زۆر روون بوو کە داهاتی گشت گومرگەکان بگەڕێتەوە گەنجینەی حکومەت و هەروەها بڕیاری لیژنەی ئاسایی کردنەوە هەروا بووە، ئینجا من ئەو جارە کە دەنگ لەسەرشتێ بدەم لەبەرئەوەی کە باوەڕم هەبێ ئەو بڕیارە ئەبێ جێبەجێ کرابێ، من نازانم بۆ ئێمە

بابەتەکان ئەوها بەوشێوەیە تێکەڵاو بکەین، رای من وایە ئەوجارە کە دەڵێین ۱/ ۱۰ رایەکمان هەیە باوەڕمان هەیە، میللەتەکە پێوستی بە یارمەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بوو بە یاسا وەکو برادەرانی یاسا دەڵێن، ئەوە کێشە نییە، ئەگەر هەر جۆرە پێشنیارێک هەیە یان شتێ هەیە بۆ گۆڕینی برگە (۱) و هەموار کردنی ئەوە، ئەوە دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران لە رێگەی خۆیانەوە بیخەنە پێش چاو لە پەرلەماندا، ئێمەش دەیخەینە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم ئەگەر بابەتێ تەواو بوو، دەتوانرێ لە کۆبوونەوەیەکی تر دووبارە باس بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق گومرگ بابەتێکی ترە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بە بەرژەوەندی زانی با پرۆژەیەک پێشکەش بکەن و ئاگادارمان بکەنەوە، ئێمە دانیشتنی بۆ دیاری دەکەین و وتووێژی لەسەر دەکەین، زۆربەی دەنگیش چ بڕیاریدا، ئەو بڕیارە وەردەگرین.

لێرەشدا دانیشتنەکەمان، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٩)

سێ شەممە رێكەوتی ١/١١/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/١

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

*١- پڕۆژەی بڕیاری ئیفراز کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی.*

*٢- پڕۆژەی بڕیاری لێ بووردنی گشتیی (کە لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٣ لەبەرنامەی کار دابوو و دواخرا).*

*٣- بابەتی ئامادە نەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ (کەوەکو تازە بابەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ڕۆژی ١٩٩٤/٩/٢٥دا) فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کرد بوو.*

*٤- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکرێن.*

*٥- تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان چەند خاڵێکی سەرەکییە. خاڵی یەکەمیان: پڕۆژەی بڕیاری ئیفراز کردنی زەوی و زارە.

خاڵی دووەم: پڕۆژەی لێ بووردنی گشتییە، ئەوە بوو لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٣دا کە لە بەرنامەی کار دواخرا، ئەو پڕۆژەیەی کە لەلایەن وەزارەتی دادەوەو لەڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نێردرابوو بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێت.

خاڵی سێیەم: بودجەی ساڵی١٩٩٤ کەوەکو بابەتێک لەکۆبونەوەی ژمارە(٤) ی ڕۆژی ١٩٩٤/٩/٢٥لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە پێشنیار کراوە لەسەر داخوازیی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری لەکۆبوونەوەی پێش ئێستاکە. دوامان خست. جا ئەوە هێشتاکە بڕیارمان لەسەر نەداوە.

خاڵی چوارەم: مەسەلەی پرسیارو پرسینەوەیە، کە ئەویش چەند پرسیارێکە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرابوو و، کە بۆمان ناردن، جا وابزانم دوێنێ سێ وەزارەت و ئێمە رێکەوتین بیخەینە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بۆ ئەوەی وەزیرەکان بتوانن ئامادەبن و ئەگەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بەگورجی بڕوات دەنا دەتوانین بیخەینە سبەی سەعات( ١٠ )، لەگەڵ جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەسەری رێککەوتین، وابزانم بەباشی زانی کە بخرێتە سبەی، ئەگەر ئەمڕۆ بەگورجی تەواو بن، پاشان باسی لێوە دەکەین.

خاڵی پێنجەممان تازە بابەتە ئەگەر شتێک هەبێ باسی لێوە دەکەین کاک فرەنسۆ فەرموو...

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ژمارەیەکی زۆر لەکوردە ئاوارەکانی تورکیا هاتوون، ئێستا لەناوچەی دهۆکن و واپێ دەچێ کە(U.N) خەریکە ئۆردوگایەکیان لەناوچەی ئەتروش بۆ دروست دەکات، ئێمە وەکو فراکسیۆنی زەرد ئێستا پێشنیاز دەکەین کەپەرلەمان دەستی یارمەتی بۆ ئەو ئاوارانە درێژ بکات و ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئامادەین کە بەشێک لەیارمەتی خۆمان بۆ ئەم یارمەتی دانە تەرخان بکەین، کە پێشکەش بەو ئاوارانە دەکرێن، برادەران داوایان کردووە کە ئەوە بخرێتە تازە بابەت و قسەی لەسەر بکرێ. لەگەڵ رێزو سوپاسم دا .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

پێشنیارێک هەیە، کە یارمەتی بدرێت بە ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا، کە ئێستا لەناوچەی دهۆکن، وەکو پێشنیار قسەی لەسەر بکرێ و دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کار. جا با بگەڕێینەوە بۆ خاڵی یەکەم کە پرۆژەی ئیفراز کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵییە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین جێی خۆیەتی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەڵام نووسراوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە. بەرای زۆربەی زۆری برادەرانی پسپۆری ئێمە دەبوایە ئەم نووسراوە لەناو ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە پرۆژەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و ئێمە وەختمان نەبوو لێی بکۆڵینەوە، چونکە ئەمڕۆ یا دوێنێ بەدەستی جەنابتان گەیشتووە ئەو نووسراوەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە دەرس نەکراوە، یان دەبێت دوا بخرێ یان دەبوایە وەکو ووتم: وەزیری کشتوکاڵ لەناو ئەنجوومەنی وەزیران قسەی لەسەر بکردایە وپێشنیارەکانی خۆی لەوێ بچەسپاندایە، نەک ئێستا ئەمڕۆ کە بەدەست ئێمە گەیشتووە دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. فەرموو کاک ئەکرەم..

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کاک فرەنسۆ فەرمووی، ئەم پێشنیارانەی وەزارەتی کشتوکاڵ کەدوێنێ پێمان گەیشتوون و دەرس نەکراون، لەبەر ئەوە بەباشتری دەزانم ئەگەر بوارێکی تێدا بێت بۆ ئەوەی بتوانین لێی بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیەی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەری بڕی، ڕاستە جێی خۆیەتی، کاتی خۆی کە ئەم گفتوگۆیە کراوە، ئەو یاسایە دارێژراوە، پێش ئەوەی بنێردرێ بۆ پەرلەمان باسی لێوە کراوە، بەڵام خۆشتان دەزانن(زەمەن کەفیلە) بەوەی کە مرۆڤ تێبینی نوێ و شتی تازە بێنێتە کایەوە، بۆیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنەیەکی شارەزا دانیشتوون و جارێکی کە سەر لەنوێ هەندێ تێبینی دیکەیان نووسیوە، لەبەر ئەوە منیش ئەوە بەباش دەزانم کە دوا بخرێ بۆ ئەوەی برایانی لیژنە تایبەتیەکانی پەرلەمان جارێکی کە دانیشنەوە و چاوی پێدا بخشێننەوە، بۆ ئەوەی یاسایەکی تێروتەسەڵ و هەمەلایەنەی مەسەلەکە پڕ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. خاڵی یەکەم لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵ و لەلایەن حکومەتەوە داوای دواخستنی کراوە، جا دوای دەخەین ئەگەر چ گرفتێک نەبێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمە دوابخرێت؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ ئەم خاڵە دواخرا، بەڵام وەکو تێبینیەک بۆ برایانی لیژنە پسپۆڕەکان و لیژنەی یاسا هەقە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی وابکەن، ئایا دەکرێت لەکاتی پێشکەش کردنی پرۆژەیەک بۆ دانیشتنی پەرلەمان، وەزارەت پێشنیار یا ڕای خۆی بدات؟. با لەمە بکۆڵرێتەوە، چونکە دەتوانرێ لەکاتی گفتوگۆکردندا وەزیر بێت ورای خۆی بڵێت، نەک کە هەموو شت تەواو دەبێ، پرۆژەیەکمان تەواو بووە و دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئنجا سێ چوار لاپەرە پێشنیار دەنێری، ئەوە وەکو باس کرا دەشێ لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو گفتوگۆیانە بەتێروتەسەلی بکرێت، ئەگەر تێبینیەکی هەبێت، لەکاتی گفتوگۆی یاسایەکە وەزیر هەقی خۆیەتی بەرگری لەگۆشەنیگای خۆی بکات ، ئەگەر هەتا لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەرباز نەبووە تکایە با لە لیژنەی یاسا و لە لیژنەی تایبەتی بیرێک لەو شتە بکەنەوە.

خاڵی دووەم: پرۆژەی بڕیاری لێ بوردنی گشتی وەکو وتمان لەکۆبوونەوەی ۱۹۹٤/٥/۳ دا لەبەرنامەی کار دواخرا و ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی دادەوە دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەمەش ڕەزامەندی لەسەر کردووە و ناردوویەتی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی

بڕیارێکی لەسەر بدات و ئەوە ماوەیەکە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، لەبەر بارودۆخی کوردستان.
داواکرا هەردوو فراکسیۆن و دەستەی سەرۆکایەتیش لەگەڵ ئەو رایەدا بوون کەجارێ دوابخرێت لەبەر بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان نەوەک لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێ، ئێمە ئێستاکە بەرەو کۆتایی ئەم خولە دەڕۆین، زۆرمان نەماوە، ئەگەر بڕیارێکی لەبارەیەوە نەدەین ئەو کاتە لەوانەیە بەپێی یاسا و ئەم بڕیارە تووشی بارێکی تر بین، بۆ ئەوەی دەست بە بەرنامەی کارمان بکەین تاکو بڕیارێکی لەسەر بدەین بۆیە ئەیخەینە بەرنامەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار/

تأريخ القرار/

قرار

إستناداً لاحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة(١٩٩٢) وبناء على ماعرضه مجلس الوزرا،. قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩٤ إصدار القانون الاتي:

قانون رقم( ) لسنة ١٩٩٤(قانون العفو العام).

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً المحكومون عما تبقى من مدة محكومياتهم سواء إكتسبت الاحكام الصادرة بحقهم درجة البتات أو لم تكتسب عند صدور هذا القانون.

المادة الثانية: يستثنى من أحكام المادة الاولى من هذا القانون المحكومون عن الجرائم التالية:
١ـ الجرائم الماسة بأمن الاقليم. ٢ـ الجنس. ٣ـ المتفجرات. ٤ـ المخدرات. ٥ـ القتل العمد. ٦ـ السرقة. ٧ـ اللواطة. ٨ـ الزنا مع المحارم. ٩ـ اغتصاب السندات والاموال. ١٠ـ الاغتصاب. ١١ـ الاختلاس. ١٢ـ الرشوة. ١٣ـ التزوير. ١٤ـ قتل الاجانب والعاملين في منظمات الامم المتحدة
والمنظمات الانسانية.

المادة الثالثة: تسري أحكام المادة الاولى من هذا القانون على المحكومين عن جرائم القتل العمد أو الشروع فيه شرط ثبوت وقوع المصالحة أمام القضاء وقت صدور هذا القانون.

المادة الرابعة: يشمل العفو العام المتهمين بجرائم القتل العمد والشروع فيه، الواقع قبل صدور هذا القانون شرط وقوع المصالحة وتنازل ذوي العلاقة عن الشكوى خلال مدة ستين يوماً من تأريخ نفاذ هذا القانون.

المادة الخامسة: لايشمل العفو المحكومين بالاعدام ومن خفضت عقوبة الاعدام الصادرة بحقهم.

المادة السادسة: تختص محكمة الجنايات في محافظات الاقليم بتطبيق احكام هذا القانون.
المادة السابعة: على وزير العدل تنفيذ أحكام هذا القانون.
المادة الثامنة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا پێش ئەوەی بکەوینە گفتوگۆ مادده بەمادده با وەزیری داد شتێکمان لەسەر ئەم یاسایە بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز قادر جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەم پرۆژەیە کاتی خۆی ئێمە لەرۆژی١/٥ پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، بۆیە تێبینیەکی وامان نییە، کاتی خۆشی بەپرس ورا وریکەوتنی ئەنجوومەنی قەزا ئەم پرۆژەیە بێشکەش کراوە، تەنها ئەوە نەبێ ئەوانەی کەسولح دەکەن لەو(٦٠) رۆژەی کەدانراوە بۆ لەمەولا لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایەوە ئەوە لەلای ئێمە باسمان لێوە نەکردووە، پێم وایە ئەوە یەک بابەت هەیە ئەویش ئەوەیە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، لەوانەیە هەندێک هەنە زۆر بکار دەهێنرێن، وەکو زۆرییەک لەکەس و کاری ئەوانەی کەکوژراون بێتە کردن بۆ ئەوەی کەسولحیان لەگەڵ دا بکەن، ئەمما ئەوەی کەتا ئێستا بۆ خۆیان صولحیان کردووە، چونکە ئەم لێبوردنە لەکایەدا نەبووە پێم وایە لەسەر زەمینەیێکی ساغلەمە وهیچ داواکارییەکی تۆڵە سەندنەوەی نییە. چونکە ئەوسا ئەم بابەتە لەئارادا نەبوە. بەڵام ئەمەی کەلەمێژووی ئەم یاسایانەوە مادام(٦٠) رۆژی داناوە، لەوانەیە لەوەدا هەندێ کێشە دروست بێ، ئەویش ئەوەیە لەوانەیە هەندێک بەرازەمەندیی هەردوو لابێت، بەڵام هەندێکیشی لەوانەیە چاو سوور کردنەوە و هەڕەشە و شتی لەم بابەتەی تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر تەنیا تێبینی ئێوە لەسەر(٦٠) رۆژەکەیە؟. چی لێ بکەین؟، پێشنیارت چیە بۆ ئەو بابەتە؟ تاکو چارەسەر بکرێت وگرفتی نەمێنێ؟

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشترە بۆ ئەوەی کەهیچ کێشەیەکی لەدوا نەمێنێ بوترێ (حتى صدور هذا القانون) چونکە ئەوی تر کەتائێستا کردوویانە کە ئەم بابەتە لەکایەدا نەبووە و لەسەر زەمینەیەکی ساغلەم کردوویانە، بەڵام ئەوەی لەئێستاوە بەدواوە بێت بزانێ یاسایەک هەیە و بەپێی ئەو یاسایە دەبووردرێت، لەوانەیە هەندێ بەرەزامەندی بێت، بەڵام لەوانەشە چاو سوورکردنەوە و ئەوانەشی تێدا بێتە کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای وەزیر بوو، و ئێستا دێینەوە سەری و مادده بەمادده، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە و زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد، تەنیا یەک پێشنیاریان هەیە لەلایەن وەزارەتی دادەوە، کە لەسەر ماوەی(٦٠) رۆژەکەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الاولى: يعفى عفواً عاماً المحكومون عما تبقى من مدة محكوميتهم سواء اكتسبت الاحكام الصادرة بحقهم درجة البتات إولم تكتسب، عند صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی لەسەر مادده (١) هەیە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ قسەکانم لەسەر مادده(١) نییە، پێش ئەوەش زۆر جار دەستم بەرز کردۆتەوە، بەلأم چاوتان لێم نەبووە، نازانم بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها وەزیری داد و لیژنەی یاسا لەپەرلەمان چاویان بەو سەرنج و تێبینیانە کەوتووە کە ئەمڕۆ لەکوردستانی نوێ لەلایەن هەندێ لەداد وەرەکانەوە پیشان دراوە؟، من وەکو بەپەلە چاوێکم پێداخشاند بۆم دەرکەوت کە ئەوانیش هەندێ سەرنج و تێبینیان هەیە، ئنجا من لەو بارەیەوە حەزم دەکرد بەتایبەتی وەزیری داد و هەروەها ئەندامانی لیژنەی یاسا بیروڕای خۆیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە دەربارەی یاساکە، یان دەربارەی نووسینەکە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان حەز دەکەن کەوا سەرناوەکەتان بۆ بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بزانن دەربارەی چییە؟ دەڵێ ئایا کاتی لێ بوردنی گشتی بەندکراوەکان هاتووە؟ حاکم رەشید دەڵێ: من وەکو سەرۆکی دادگای پیاچوونەوەی هەرێم، ئەم پرۆژەیەم نەدیوە. حاکم (ناظم) دەڵێ: پەرلەمان دەسەلأتی دەرکردنی بڕیارەکانی نییە، دەبێ مادده (٤٠٦) لە لێبوردنەکە دەربهاوێژرێ، حاکم (ئەمیر) دەڵێ: ئەم پرۆژەیە زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە، بەرلەوەی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز قادر جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وشەی لێبوردنی گشتی بێت، ئەوە مانایێکی فراوانتر دەدات، واتا زۆر جاری وابووە نزیکەی حەپسخانەکان هاتۆنەتە خالی بوون، بەلأم ئەوەی کە شتە ئەساسییەکان بێت، تاوانکاری بێت بەهەقی میللەت و مافی گشتی ئەوە لەمەدا بەدەر کراوە، رەنگە ئەگەر ئەمانەی کەبەدەر کراون،

لیبوردنەکە، هەر حاکمێک بیبینێ باوەڕ ناکەم تێبینیەکی وای هەبێ لەسەر ئەم یاسایە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا .

**بەڕێز د. فائق محمد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە خۆی بڕیارەکە لێبوردنی گشتییە، بەلام چواردە حاڵەتی داناوە کە شمولی نەوانە ناکات. ئەی شمولی چی دەکات؟ خەڵک لەسەر چ شتی تر دەگیرێ ئەگەر ئەو هەمووەی لەگەڵدا نەبێ؟، هیچی تیا نامێنێ. من پێشنیازم ئەوەیە تەنها (٤) خاڵی یەکەم خەڵک لێی بەدەر بکرێ(تجسوس، ئەمنی قەومی، مخدرات وەنازانم بڕیارەکەم لا نییە...) و، سوپاس.

**بەڕێز د. محمد فوئاد معصوم خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەراستی وەک دەڵێ(خالی ذهن) کەمن هاتم ئاگام لەپێشەکی بابەتەکە نەبوو، ئەوەی کوردستانی نوێ و ئەوەی د.کەمال ئامازەی بۆ کرد ئەویشم نەدیوە، بەلام بەراستی من وەکو د.فائق ئەو هەموو لێبەدەرکردنانەم دیت. نازانم چ ماوە؟ لەگەڵ ئەو تێبینیەی بەڕێز وەزیری داد دەری بڕی بەتایبەتی لەبەغدا هەندێ شتی وا دەردەچێ، هەمان ئەو لێبەدەرکردنانەی تێدایە، بەلام لەوێ بەدەیان هەزار خەڵک لەسەر شتی سیاسی گیراون، زۆربەی لێبەدەرکردنە گشتیەکە ئەو سیاسیانە دەگرێتەوە یان ئەوانەی لەسەر سیاسەت گیراون، ئەوانە پێی بەردەبن، ئایا لەکوردستان کەسمان هەیە لەسەر مەسەلەی سیاسی گیرابێت؟، وابزانم شتی وامان نییە لێرە. ڕەنگە بواری تر هەبێ، بابڵێین تیرۆر هەبێ، گومان هەبێ، بەلام کەدێینە سەر هی حکومەت ئەو شتانە لەگۆڕێدا نییە، ئەوجا لێرەدا ئایا شمولی چەند حاڵەتێک دەکات؟. مەفروز ئەوەیە شتە کە گشتی بێ ئەنجا چەند إستثنائێکی لێ دەربکرێ و ئەوەی کە بەدەر دەکرێ دەبێتە کەمینە (اقلیە) بەنیسبەت هەمووی. بەلام ئەمن وابزانم ئەوەی مابێتەوە لێرە، ئەوە چەند حاڵەتێکی تایبەتی بێت، ئەوجا بۆ ئەو حاڵەتە تایبەتیانە دەکرێ شتێک پێشکەش بکرێت بۆ پەرلەمان، ئەو کاتە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، چونکە ناوی لێدەنێ عەفووی گشتی، کەچی گشتی نییە، من پێم وایە زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە وچەند حاڵەت هەبێت کە ئەو لێبوردنە گشتییە نەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێبوردن دەکەم و تێبینیەکەی منیش هەروەکو تێبینیەکانی کاک د. فوئاد و کاک د.فائقە، بەلام من زیاتریش لەوە دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئەم یاسایە تەنیا ناوەکەی مەسەلەکانی هەموو گۆڕیوە، کە وتت یاسای لێبوردنی گشتی دەبێ ئەوجۆرە لێبەدەرکردنانە تەنیا مەسەلەی هێمنی هەرێم و ئەو شتانە بگرێتەوە وەکو (مخدرات)، بەلام ئەم یاسایە بەرای من بۆ ئەو دوو بڕگەی تر هاتووە کە پێی دەڵێن مەسەلەی ئاشت بوونەوە(موصالحە)، لەبەر ئەوەی کەدوو

لا پێکەوە بن و صولح بکەن، دوایی دادگاش مافی گشتی خۆی هەیە، دەیەوێ بڕیارەکە هەر بدات، ئەوە بۆ ڕێ گرتنە لەوەی کە(مافی گشتی) لەمەودوا لەیاسا دا نەمێنێت، ئنجا بۆیە من پێم وانیە کە ئەم یاسایە دەرئەچێ نابێ ناوی«قانون العفو العام» بێت. من خۆم یەکێک بووم لەزیندانیەکان کاتی خۆی کەلێبوردنی گشتی دەرچووە، گەلێک خەڵکی پێ بەربووە، لەگەڵ هەمان یاسا دا لێبەدەرکردنەکانی ئەوە نەبووە یانی هەروەکو د.فائق ئاماژەی بۆ کرد، ئەوان هەموو لێبەدەرکردن بن، دووسێ حاڵەت دەمێنێتەوە، بەڵام خۆی لەواقیع دا وەکو وتم: بۆ ئەوەیە ئەو بڕگەیەی کە لەدوایی دا هاتوون خاڵی (٣ـ ٤) کەمەسەلەی ئاشت بوونەوەیە، ئەوە باچارەسەرێکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە پەرلەمانی بەڕێز بڕیار بدات کەچۆن ئاشت بوونەوە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێبوردنی گشتی و لێبوردنی تایبەت، جیاوازێکی ئێجگار زۆری هەیە، لێبوردنی گشتی مانای ئەوە نییە لە هەموو تاوانێک لێبوردن دەبێت لێبوردنی گشتی سەبارەت بە خودی تاوانەکەیە. لێبوردنی تایبەت، یەکێک عەفوو بکرێت مانای وایە ئەگەر تەبەعیەی ئەو مادەیەو شتی تری هەبێت، دەسەت بەسەرداگرتنی لەسەر ماڵی هەبێت، ئەوانە عەفوو ناکرێن، بەڵام ئەگەر لێبوردنی گشتی بێت لەهەمووی عەفوو دەکرێت، عەفووی تایبەتیش هەموو هەڤالان دەڵێن چ ماددەیەک دەگرێتەوە، ئەوە (٤٠٥) و(٤٠٦ ــ ٤٤٤) دەگرێتەوە کە دەربارەی دزی و کوشتنە، ئەوانە دەگرێتەوە،(٤٠٠)ەکەی پێشتری هەمووی دەگرێتەوە،(٢٥) مرور ئەوانەی حوکم بوونە بەکوشتنی بەهەڵە هەموویان دەگرێتەوە ، بەسەدان داوا دەگرێتەوە، لێرە کێ دەگرێتەوەو کێ ناگرێتەوە؟

لەپاشان لەسەر قسەی بەڕێز د.کەمال ئەو دادوەرانە ئایا ئەو پرۆژەیان دیتوە کەپێشتر لە ١٩٩٣/٦/١٩ بۆمان هاتبوو؟ سەرۆکی لیژنە جەلال زیوەر عومەر، ئەندام ئەمیر عەبدولکەریم حەویزی ئەندام عادل محەمەد ئیبراهیم کە ئەندامی دادگای جنایاتەو یەکێکیان جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەیە، ئیمزایان کردووە لە١٩٩٣/٦/١٩بۆ ئێمە هاتووە، ئەوە تەبیعی دووبارە ڕەوانمان کردۆتەوە بۆ ئەوان لە١٩٩٤/١/١٦و دووبارە بۆ ئێمە هاتۆتەوە کەوەزارەتی داد هەندێک گۆڕانکاری تێدا کردووە، ئەمە لەبارەی کێ هاتووە؟ کێ ڕەوانی کردووە؟، لەپاشان لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە زۆر کراوە و بەڕێز وەزیری داد و دادوەرە بەڕێزەکان هاتن لەگەڵ ئێمە زۆر دانیشتن لەگەڵ لیژنەی یاسا قسەی لێ کرایەوە و شتەکە هەڵسەنگاندرایەوە، ئەوجا ئەو پرۆژەیەی بۆ دەرچووە وەکو بە جەنابتانم ڕاگەیاند لە١٩٩٤/١/١٩دا لە ئەنجومەنی وەزیران هاتووە (عەفووی مەحکومین) ئەوانە کە پلەی بنەبڕیان وەرگرتووە، واتا حوکم کرابێ عەفو دەکرێت لەو تاوانانە نەبێ کەدیارمان کردوون. کە (١٤) تاوانە وبەدەر کراون لەو لێبوردنەدا، ئەو(١٤) تاوانە هەمووشیان تاوانی وان کە کەرامەت و ئاسایشی هەرێمی کوردستان زەدە دەکەن، وەزارەتی داد لەکاتی خۆی داوای کردبوو، بڕگەی ئێستاشی داوا کردبوو. وەزارەتی داد بۆ خۆیان دەڵێن(٥٠ ٪)

ی حوکمدراوەکانی دزی ماددەی(٤٤٤ ــ ٤٤٦) ئەوانیش عەفوو بکرێن. وەزارەتی داد بۆ خۆی داوای کردبوو بە ئیمزای وەزیری داد و لەلامانە، تەبیعی(٤٤٤ ــ ٤٤٦)بۆ ئاگاداریتان دوو ماددەی دزی سووکترن، یەکیان(٤٤٤) حوکمی(٧) ساڵە و(٤٤٦)یش حوکمەکەی یا حەبسە یان غەرامەیە، تەبیعی سووکترین ماددەی دزییە داوایان کردبوو ئەوانیش لە(٥٠٪) عەفوو بکرێن طبعا" ئەوە دزیمان لەناو نەهێشت، چونکە لەبەر باری ئێستای کوردستان کەباری گشتی کوردستان هی ئەوە نییە ئەتۆ ئەمرۆ دز عەفو بکەی، چونکە دەبێ تەشدید لەسەر دزی بکەین لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، پشتگیری پرۆژەکەیان کرد، ئەوان یەک خاڵیان هەبوو کە لەپرۆژەکەدا نەهاتووە، ئەویش داوایان کرد بوو مێرد منداڵان (احداث) کەدزییان کردووە ئەوانیش بگرێتەوە، مەسەلەی کوشتن ئێستا کوشتنی بەهەڵە دەگرێتەوە پەیوەندیەکی پێوە نییە، دەمێنێ کوشتنی بەئانقەست، (قتل العمد) هەیە(القتل العمد مع سبق الاصرار) هەیە. کە کوشتنی بەئانقەست دەگرێتەوە ئەوانەی کەصولحیان کراوە لەپێش دادگا، چونکە دادگا لەحوکمی دا وەرەقەکانی لەبن دەستدا نەماوە بەپێی یاسا قەدەغەیە ئەو ئەوراقە دووبارە بچێتەوە بەردەستی ئەو دادوەرە، ئەوانەی کەصولحیان کردووە دوایی دێتە سەر قەتلی عەمد ئەویش(الشروع فیه) بە ئەوانەی کە ئێستا تاوانبارن، ئەوە زۆر چاک دەزانین وەکو بەڕێز وەزیری داد گوتی: کە زۆر کەس لەوانەیە بەچاو لێ سوور کردنەوە بچێ صولح بکات. بەڵام ئەوە بەدەریە، ئەوە شازە، ریسا لەسەر ئەو شازە دروست ناکرێت، لەوانەیە(٥) کەس وابکات(٩٥)کەس بەئاسایی بیکات ئەگەر بزاڤێکی صولحی وابکەوێتە ناو میللەت، ئێمە هەموومان باوەشی بۆ دەکەینەوە، نەوەک بچێ تۆڵە بکاتەوە. وابزانم ئەو بنەما گشتیە کەپتر لەبەرژەوەندیی میللەتە، نەک بنەمایێکی بەدەر لە بارەکە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر مەسەلەی (الحق العام) لەبەغداش نەماوە، ئێستا کابرایەک لە چەمچەماڵ کوژرا و صولحیان کردووە بە(٤٠٠) هەزار دینار، بەهەزار حاڵ(٢٠) هەزاری داونەتەوە و، یانی(٣٨٠) هەزاری وەرگرتووە، کەچی کابرایان(١٥) ساڵ حوکم داوە. یەکێکی تر پۆلیس بووە لەبەردەمی بانکدا تەقەی لەدزێک کردووە کەچووە بانکی بریوە کوشتوویەتی، کەچی لەباتی ئەوەی پاداشتی بدەنێ چوون حوکمیان داوە، بەهەزار حاڵ و بەزم و رەزم کردیان بە حەوت ساڵ، یانی هەقە شتێک بۆ ئەوانە دابنرێ، ئیتر پۆلیس چۆن پارێزگاری ئەم بینایە بکات؟، دەبێ ئاگاداری ئەو لایەنەش بین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمە دەمێکە ئەو یاسایە هاتۆتە ئێرە، بەراستی وەکو برادەران باسیان کرد عەفوو واتە عەفوو، باشە ئەمە(١٤ــ ١٥) برگەی تێدایە، وەکو برادەران وتیان، زۆربەکەی عەفوو نییە.

عەفووش بۆ یەکێکە کە گوناهی کردبێ، باشە لەو دنیاش کە خوا خەڵک عەفوو دەکات دیارە گوناهێکی هەبووە بۆیە عەفووی دەکات، ئەگەر گوناهی نەبێ لەچی عەفووی بکات؟ لەبەر ئەوە خەڵکەکە هیوایێکی زۆری هەیە ودوایی ئەم عەفوە دەبێ سەرەتایەک بێ بۆ پیادەکردنی یاسا لەکوردستاندا، هەڵمەتی راگەیاندنی چاکی بۆ بکرێ و ئێمە دەمانەوێ میللەتەکەمان باش بکەین و، من پێم وایە ئەوەی کەهاتووەتە ئێرە، زۆر دەمێکە لەماڵەوە دامانناوە، بەراستی چونکە کەپرۆژەکە ئێستا ئەمرۆ کەوتووەتە بەردەستمان تاکو ئەمرۆ گفتوگۆی لەسەر بکەین. بەراستی هەق وایە ماوەی زیاتری پێ بدرێ بۆ گفتوگۆ کردنی وزیاتر بەدوای دا بچین و ، پرس وراش بەخەڵک و بەپسپۆران بکرێت، پێم وایە ئەو پرۆژەیە ئەگەر دوابخرێت زۆر چاکترە، بۆ ئەوەی زیاتر بوار بمێنێ، جا مەسەلەی کوشتنی عەمدی یە.. مەبەستم لەعەفوەکە دەبێ بوارێک بۆ خەڵکەکە بهێڵینەوە جا پێشنیارەکەم ئەوەیە، داوا دەکەم دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ لەبرادەران هێشتا دەست بەرز دەکەنەوە، ئێمە وتمان: تەنها ئەوانە مافی قسەیان هەیە کەناونووس کراون، بەڵام برادەران لەسەر روون کردنەوەی جەنابی وەزیری داد قسەیان کرد کە هەندێ مەسەلەی گشتی بوون، ئەوەی بەگشتی قسە دەکات کێیە؟ بۆ ئەوەی بچینە ناو کارەکەوە؟.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر شتیان خستەڕوو، لەوانە جەنابی د. فوئاد بوو، هەروەها مەلا محەمەد ئەمین بوو، ئەوانە لەسەر بابەتی لێبوردنی گشتی و لێبوردنی تایبەتی قسەیان کرد، ئەو لێبوردنە گشتییە برادەران وا تێ دەگەن لەلایەنی زمانەوانی یەکەی ئەگەر زۆر کەس بگرێتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە لێبوردنی گشتیە و ئەگەر کەم کەس بگرێتەوە ئەوە لێبوردنی تایبەتی یە. کەچی بابەت ئەوە نییە، (عەفووی عام یا عەفووی خاص) بێت کاک سەید حەسەن ئاماژەی بۆ کرد، مانای وایە کابرا لەهەموو شتێک عەفوو دەبێت لەسزاو لەسزاکانی (تەبەعی)، لێبوردنە تایبەتییەکە تەنیا لەئەسڵی سزاکە دەبوردرێ. ئەو شتەی کەبەڕێز د.کەمال فوئاد ئاماژەی بۆ کرد کە لەکوردستانی نوێ دا هاتووە، یەک لە دادوەرەکان دەڵێ: پەرلەمان ئەگەر ئەو هەقەی نەبێ، دەبێ کێ هەیبێ؟ ئەو هەقەی هەبێ کە یاسای لێبوردنی گشتی دەربکات، بەڵام بەراستی هەق نییە دادوەرێک ئەو قسەیە بکات، دووەم برەک جیاوازیم هەبوو لەگەڵ کاک سەید حەسەن لەسەر بابەتی گشتی کەبوار بدەینە ئەوانەی حوکمدراویشن کەوا صولح و شتی وای تێدا بکەن، چونکە وەکو سیستەمی دەعواکاری خێڵەکی کۆنمان لێ دەکات، مانای ئەوەیە خەڵکەکە ئەو سیستەمە بگەڕێنێتەوە هەموو تووشی بارێکی نارێک دەبن. بۆی هەیە دادوەریی ئەو شکۆمەندییەی نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بێینەوە سەر مادده، مادده، ئێستا مادده(١) خوێندرایەوە. فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی سەبارەت بە ئەو مەسەلەی یاسای لێبووردنی گشتی، ئەوەی لێرەدا هاتووە خۆی راستە کۆمەڵە تاوانێکی زۆر ترسناکی لێ بەدەر کراوە کە ئەو تاوانانە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی کەمن یانی ئەوەندە زۆر نینە واتا: ئەوەی بەڕێزان دادوەرەکانی کوردستان کە کاردانەوەیەکیان بەرامبەری هەیە سەبارەت بە مەسەلەی لێبوردنی گشتی کەنەمانی شکۆمەندی دادوەریی و نەمانی هەیبەتی بڕیارەکانی دادگاکانە، ئەمە لەلایەکەوە هەقیانە، بەڵام لەلایێکی تریشەوە مەسەلەی لێبوردن یاخود مەسەلەی سزا چارەسازییە (إصلاحه) وسزا تۆڵەکردنەوە نییە، یانی ئێمە کەسزای خەڵکێکی سەرپێچکەر دەدەرێ لەلایەن دادگاکانەوە بۆ ئەوە نییە تۆڵەی لێ وەرگرین، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو سزایە ببێتە (رادعێک) بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر مادده(١) کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ نییە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟...

کێ لەگەڵ نییە؟ ... بەزۆریەی دەنگ مادده(١) پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الثانية/ يستثنى من أحكام المادة الاولى من هذا القانون، المحكومون عن الجرائم التالية:

١ـ الجرائم الماسة بأمن الاقليم.

٢ـ الجنس.

٣ـ المتفجرات.

٤ـ المخدرات.

٥ـ القتل العمد.

٦ـ السرقة.

٧ـ اللواطة.

٨ـ زنا المحارم.

٩ـ الاغتصاب.

١٠ـ اغتصاب السندات والاموال.

١١ـ الاختلاس.

١٢ـ الرشوة.

١٣ـ التزوير.

١٤ـ قتل الاجانب و العاملين في منظمات الامم المتحدة والمنظمات الانسانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده(٢) کێ تێبینی هەیە تا ناوی بنووسین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ویستم پرسیار بکەم لەپێشەوە ڕێگە بدەن بەکاک د.فوئاد، چونکە تێبینی هەبوو لەسەر لێکۆڵینەوەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکسەر جەنابتان کەوتنە سەر خوێندنەوەی ماددەکان وگفتوگۆ لەسەر کردنیان، بەلام ئەو گفتوگۆیانەی پێشوو ئەنجامەکانیان چی بوون؟ چونکە داوایەک هەبوو دوابخرێ تاکو زیاتر لێی بکۆلرێتەوە، چەند رایەک درا ن ئایا ئەنجامی ئەو رایانە چی بوو؟ ئەوجا بێینە سەر ئەوەی مادده مادده گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئەنجامی ئەوەیە کە کەس پشگیری لەپێشنیارەکە ناکات، ئەوەی رەد درایەوە و ئەوەی باس کرا، هەمووی گشتی بوون. گفتوگۆی ئەو مەسەلەیە نەبوو، شیکردنەوەی تەعلیقێک بوو لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیری داد، نەچووینە ناو گفتوگۆ کردنی ماددەکانەوە، ئەوە ئێستا دەچینە ناو گفتوگۆ کردنی قانونەکەوە ئەوەی تا ئێستا کرا قسەی گشتی بوو، چاوپێخشانێکی گشتی بوو لەسەر ئەو یاسایە. ئەم بابەتە لە(٢/٥) پێشکەش کراوە و، ئێمە حەز ناکەین قسە کۆنەکان دووبارە بکەینەوە، زۆر برادەر دەلێن ئێمە ئاگامان لەبابەتەکە نییەو ئەلێن پرۆژەکەمان لەمال لێ بەجێماوە، ئەوە نزیکەی سالێکە ئامادە کراوەو لەپێش ١٩٩٤/٥/٢دابەش کراوە بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکاندا، ئەوەی من ئاگادار بم تا ئێستاکە دوو جار بۆ لیژنەکان چووە و، هاتۆتەوە، چەندەها دانیشتنی بۆ کراوە، ئەم بریارە لەنێوان لیژنەی یاساو وەزارەتی داد بووە و وەزیری دادیش وابزانم جەنابی ئاماژەی بۆ کردووە، جا تازە بێینە سەر ئەو بابەتەو جارێکی تر بلێین گشتی چیە و تایبەتی چیە؟ بریارەکە ئەگەر بەوردی بیبان خوێندبایەوە، هەرچەندە برادەران و وەزیری داد جەختیان کرد کە مادده/٤ کێ دەگرێتەوە و کێ ناگرێتەوە «يشمل العفو العام المتهمين بجرائم القتل العمد أو الشروع فيه الواقعة قبل صدور هذا القرار» ئەوەی دیاری کردووە، جا ئەگەر رایەکی تر هەیە بەرامبەر ئەوە بابزانین، ئەوەی کە باس کرا هەمووی گشتی بوون، ماددەیەکمان خستە دەنگدانەوە، تەنها یەک دوو برادەر لەدژی بوون زۆربە لەگەل مادده (١) بوون، مانای ئەوەیە شتێکی وانەبووە، ئێستاش دوای دەخەین، دەستمان کرد بەدەنگ لەسەردانی، ئێمە بوارێکمان هەیە دوای بخەین، گفتوگۆیەکە لەکاتی ئیقرار کردنە لەسەر بریارەکە، دیسان داوا دەکرێت دوابخرێت و دوادەخرێت، گرفتەکە ئەوەیە ئێستا دەستمان کرد بەدەنگدان

لەسەر ماددە(١). ئەوە ماددە (١) پەسەند کرا، بەزۆربەیەکی تەواو، تەنها دوو سێ برادەر لەگەڵی نەبوون ئیتر زۆربەی تەواو لەگەڵی بوون.
ئێستا دێینە سەر ماددە(٢)، هێشتا ماوەی دواخستنمان ماوە و، دەتوانین ماددەکان تەواو بکەین و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، پاش ئەوە وەکو بریار دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوکاتە دەتوانین دوای بخەین و دەنگی لەسەر بدەن ئەوە سەربە ئێوەیە. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم بەرامبەر برگە/٥ماددە (٢)کە قەتلی عەمدی بەدەر کردووە لەلێبوردنی گشتی، من پێم وایە، مادام قەتلی عەمد بەدەر بوو، دەبێ (شروعیش) بەدەر بێت وبرگەکە دەبێ وابێت(القتل العمد أو الشروع فیه). لە ماددە/٣و٤ شروع هاتووە کەسەرەیانی لێبوردنەکەی لەسەر هەیە، ئەگەر هاتوو ئاشت بوونەوەی تێدا بوو ئەگەر هاتوو لەناو(٦٠) ڕۆژەکەدا بوو لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا ئەو تێبینیەمان هەیە، باشە لێرە بەدەر کراوە، بەڵام لەماددە/٤ دا دەڵێ(یشمل العفو العام المتهمین بجرائم القتل العمد) نازانم قانوونیەکان ئەمەیان داناوە ؟ جەنابی وەزیری داد ئەگەر چ تێبینیەکی لەسەر هەبێ. لەخاڵی/٥ لە ماددە/٢ دا دەڵێ:(یستثنی من أحکام المادة الاولی من هذا القانون) کەلێبوردنی حوکمدراوەکانە، کاک شێروان چ وەڵامێکی هەیە، یان دەبوایە کاک شێروان ئەو کێشەیەی لەلیژنەی یاسا چارەسەر بکردایە پێش ئەوەی بێتە ئێرە. بابزانین جەنابی وەزیری داد چ تێبینیەکی هەیە، دەنا لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسایەکە بەردەوام دەبین.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەدەرکردنەکانی ئەو ماددەیە واهاتووە، من پێشنیاز دەکەم خاڵێکی بخرێتە سەر، ئەویش (اغتیالاتی سیاسییە)، چونکە راستە لەوانەیە لەناو(القتل العمد)یش هەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی دیاری بکرێ، یەکەم رێکەوتن نەکرێ لەسەر ئەو یاسایە و ئەو بریارە، دووەم بەراستی دانی پیابهێندرێ کە تیرۆری سیاسی لەو وڵاتەدا بووە، چونکە ئێستا زۆر کەس گیراوە لەسەر تیرۆری سیاسی لەکوردستان دا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی شەشەمدا من قسیەکم هەیە، دەمەوێ داوا بکەم چونکە(دزین گشتییە) لەپیاو لەژن لەهەموو کەسێک، بەڵام دەمەوێ منداڵی لێ جودا بکرێتەوە، چونکە منداڵ بەپێی شەرع موکەللەف نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم برادەرانی لیژنەی یاسایی باسی ئەوەیان کردووە، دیارە مەسەلەی بەدەر کردنی (أحداث)ە ئەمە پێشنیارەکەی جەنابتە مامۆستا؟.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە(٥)ی ماددە/٢ من پشتگیری کاک شێروان دەکەم(القتل العمد) أو(الشروع فيه) ئەویش شروع بەقەتلی عەمدە بەدەر بکرێت، مادام (القتل العمد) بەدەر کراوە، بەڵام رایەک دەدەم بەنیسبەت بڕگە(٦) و مەسەلەی(السرقات)، لێرەدا دزین بەشێوەیەکی رەها هاتووە، واتا (كافة أحكام مواد السرقة) بەدەر کراوە، بەرای من دزی تەقیید بکرێت، بەدوو ماددە(٤٤٣و ٤٤٤) ئەوانی تریش با ئەو لێبوردنە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە پێشنیارە..؟.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەمە پێشنیارە (سرقات) بەرەها هاتووە(٤٤٦ـ ٤٤٥)من ئەمەوێت (سرقات) تەقیید ببێ، تەرخان ببێ، بەڵام بۆ دوو ماددە(٤٤٣ـ ٤٤٤)(يستثنى أحكام السرقە وفق أحكام المادتين ٤٤٣ ـ ٤٤٤)، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر زرووفی تایبەتی، من دەبینم دەبێ سینگێکی فراوانتر هەبێت، پێویستە ئەم لێبوردنە خەڵکێکی زیاتر بگرێتەوە، ئەگەر لێبوردن هەبێت زۆر باشترە، ئاشتبوونەوە بکرێ باشترە، با مەسەلەی سیخوڕی وبەرتیل خواردنیش بگرێتەوە با لێبوردەییەک لەگەڵیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە /١ دەنگی لەسەر درا، شەرعیەتی تەواوی وەرگرتووە، ئێستا لای ئێمە بوو بەیاسا، وابزانم ناتوانین دەست کاری بکەین وماددە دوو دەنگی لەسەر نەدراوەو، من پێشنیارێکم کرد، ئەوە بوو کە دوابخرێ. بەڕێزتان نەتان خستە دەنگدانەوە، بەپێی یاساش کە ئەندامی پەرلەمان پێشنیار دەکات یا دەبێ پێشنیارەکە بکێشێتەوە، یان دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، داوادەکەم بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مامۆستا لەراستیدا ئەمە عوزر نییە وئێستا دیسان جەخت دەکەمەوە، ئێمە پرۆژەیەکمان

پێش۲/ ٥ دابەش کردووە. دەبێ ئەندامانی پەرلەمان لێیان کۆڵبیبێتەوە و رای خۆیان دابێ. دووەم پێش(٤٨) سەعات ئێمە بەرنامەمان راگەیاندووەو دزاوە بەفراکسیۆنەکان، ئنجا ئەگەر برادەرێکی ئەندامی پەرلەمان خۆی سەیری نەکردووە و، بەدوایدانەچووە، ئەوە خۆی بەرپرسە، ئێمە بەرپرس نین، ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە، هێناومانەتە پەرلەمانەوە وخستوومانەتە بەرنامەی کارەوە، لەبەر یەک هۆ، ئەویش ئەوەیە ماوەیەکی دوور و درێژە لەسەر پێشنیاری لایەنەکان وەختی خۆی دوا خراوە، واتە لەسەر پێشنیازی هەردوو فراکسیۆن و ، ئێمەش دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتین و گەیشتینە ئەو بڕیارە کەدوا بخرێ، هەتاکو ئەم بارودۆخە هێمن دەکرێتەوە، نەوەک خراپ لێک بدرێتەوە و لە ئەنجامدا ئێمەش خستمانە بەرنامەی کارمانەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ بۆ دوایدەخەن؟ بۆ نەخرێتە دەنگدانەوە؟ پێشەکی بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەم پرۆژەی پێشنیاز کراوە دوابخرێ، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کۆتایی بێت. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە دوابخرێ؟.... کێ لەگەڵ نییە؟ (١٢) کەس لەگەڵ دواخستنەو زۆربەش لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم گفتوگۆیە بکرێ، بۆیە ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ، دێینە سەر تەقدیری بڕیاری کۆتایی ئەم پرۆژەیە، دیسان دەڵێین کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەناعەتیان پەیدا نەکرد کەیفی خۆیانە، مادده/ ۲بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ لەسەر کردنی، مادام وایە لەسەر مادده/ ۲ کێ قسە دەکات؟ مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک مادده مرۆڤ بەرامبەری دوو دڵە باسی بکات؟، باسی نەکات؟. چونکە لایەنی چاک وخراپیان هەیە. دەربارەی دزی، بێگومان ئێمە دژی دزینە و دزی پیسترین تاوانە، هەتا لەشەریعەتی ئیسلام دا زۆر حیسابی بۆ کراوە و لەزەمانی خەلیفە عومەر کوڕی خطاب هەرچەند دەق هەبووە بەرامبەر بەدز کەدەڵێ(السارق والسارقه فاقطعوا أيديهم) واتە دەستی دز ببردرێ. لەگەڵ هەندێش حیسابی پێویستی و ناچاری ئەو کەسانە کراوەو، بێگومان کەسی واهەیە لەهەژاری و ناچاری دزی دەکات. بۆیە بەرای من مەسەلەی گوناهی دزیش لێبوردن بیگرێتەوە، نەک لەعەفوو کردن بەدەر بکرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاز کرا بۆ دزین تەنیا دوو ماددەی یاسایی بەدەر بکرێن و، جەنابت دەتەوێ هەموو بەدەر بکرێت وئەوە رای تۆیە؟

**بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو ماددەیە(٤٤٣ـ ٤٤٤)بیت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازم ئەوە بوو برگە/٦ (سرقات) بەس بۆ دوو ماددە بێت و بەدەرکردنەکە تەنیا ماددە (٤٤٣و ٤٤٤) بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە/٦هی دزی وهی تزویر، ئەو پێنج خاڵانە،پێویستە لەهۆیەکانی تاوانەکەیان بکۆڵینەوە وبزانین کابرایەک کە ئاسایش وژیانی بۆ دابین نەکرێ لەوانەیە تاوانی دزی بکات، بۆیە پێشنیارم ئەوەیە ئەوانە لێیان ببوردرێ، نەوەک بەدەر بکرێن لەعەفووەکە، یان رێژەیێکیان بۆ دابنرێت بۆ سوککردنی سزاکانیان لە١٠٪ یا ١٥، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هی کێ؟

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی برگە/٦ (سرقە) دزی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت چییە؟ بۆمان دیاری بکە.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە/٦ دزین، سزاکەی لە١٠٪و ١٥٪ کەم بکرێتەوە، (٦) سرقە و(١٢) إختطاف سندات والاموال ١١ـ الاختلاس . ١٢ـ الرشوە. ١٣ـ التزویر. ئەوانە سزایان سووک بکرێ، چونکە هەندێک لەو تاوانبارانە زرووفەکەیان وای لێ کردون کە ئەو تاوانانە بکەن، دەنا لە باری ئاسایی ئارەزووی ئەو کارەیان نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەختی خۆی لە لیژنەی ناوخۆ پێشنیازمان کرد کەنەوجەوانان(أحداث) لێبوردنەکە بیان گرێتەوە بەحوکمی ئەوەی ئەو تاوانە دەکەن وەک حەسەن ئاماژەی بۆ کرد، رای لیژنەی ئێمە ئەوەبو و ئێستاش جەخت لەسەر ئەو شتە دەکەین و بەباشی دەزانین کەلێبوردن منداڵ بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من وابزانم برادەران کردوویانە، بەڵام من تیشکیان دەخەمە سەر و دەڵێم دزی ڕاستە کە هۆیە بۆ سزا و ڕاستە لەئیسلام دا حەددی بۆ داندراوە، بەڵام وەکو لەمێژووی ئیسلام بیستوومانە لەباری وادا سزای دزی هەقی کەم کردنەوەی هەیە و ئەو دوو ماددەیەی کەکاک سەید حەسەن پێشنیاری کردووە، من نازانم دوو ماددەکە چینی؟، بەڵام حەق وایە بە شێوەیەکی گشتی بیرکەنەوە کەهۆی دزی یەکە چییە، ئەگەر (إحترافە) و کردوویە بە پیشە و هەر دزی دەکات، حەق وایە عەفووەکە بەشێوەیەکی گشتی بیگرێتەوە، چونکە دزی لەسەردەمی برسیەتی عومەری کوڕی خەتتاب(خ ، ر) ئەو حەددەی لەسەر لابردووە . بۆ (إختلاس و رشوە وتزویریش) ئەگەر بکرێن تەنیا رادەیەکیان بۆ سووک بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پێشنیارەکەت بەتەواوی چییە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین لعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:.**

دزی بەبەر عەفوو بکەوێ و، قەزیەی(إختلاس ورشوە وتزویر) یش بەبەر سووک کردن بکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەعید ئەحمەد یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم، قسەکانی من هەموویان کران.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یاساکە یاسایەکی ڕێکو پێکە و تەواوە و ئەو برادەرانەی پێشنیار دەکەن بۆ سووک کردن بۆ ئەوە دەتوانن( ١٠ ) کەس یان(١٥ ) کەسیان پرۆژەیەک پێشنیار بکەن دوای ئەوە بۆ سووک کردنی ئەو شتانەی کەپێویست بەسووک کردنە، من پێم وایە ئێستا ناتوانین شتی تازەی بخەینە ناو لەبەر ئەوە ئەو برادەرانەی کەدەیانەوێ هەندێ شت نەیگرێتەوە یان هەندی حوکم سووک بکرێن، پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ تاکو بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەو پێشنیازەی برای بەڕێزم کاک محەمەد حەسەن بالتە بەجێ دەزانم ولەجێی خۆیەتی، چونکە بۆ دزی زیاتر ئەو ماددانە چ جۆری تاوانەکە و چ سزاکەی زۆر توند و تیژن وەک ماددە (٤٠،٤١،٤٢،٤٣) (چوار سەد)م مەبەستە واتا(٤٤١،٤٤٢،٤٤٣) حوکمەکانیان

لەبنچینەدا(١٥)ساڵ و هەمیشەییە، بەڵام لەم رۆژگارەی شەڕی عێراق و ئێرانا توندی خرواتە سەر وکراوە بەئیعدام، ئیتر لەوە بەدوا(٤٤٤تا٤٤٧) هەمووی دزی سووکە وەکو ئەوانی تر ئاوا قورس نین، واتە لەوانەیە دزی یەکی سووک و سادە بێ حوکمەکەی رەنگە(٦) مانگ، ساڵێ یان(٢) ساڵ یان(٣) ساڵ بێ، لەبەر ئەوە من دەڵێم زۆربەی ئەو دزیانەی کەهەنە، زۆر لەوانەی کەحوکمدراون ئێستا لەو بابەتە نە، و ئەوانی تر بێگومان ژمارەیان کەمترە لەدزی یە سادەکان کەدزی سووکە، لەبەر ئەوە من ئەم پێشنیازە بەجێ دەزانم پێم باشە پەسەند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستاکە ئێمە(٩) پێشنیازمان لەپێشە، لەراستیدا مانای ئەوەیە بیگەڕێنینەوە بۆ لیژنەی یاساو دەبێ بزانین رای وەزارەتی دادیش لەم بارەیەوە چییە؟

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە بەڕێز کاک محەمەد حەسەن باڵتە و برادەرانی تر پێشکەشیان کرد، ئێمە لە پێشنیارەکەمان دا داوامان کردووە ئەوانەی کە حوکم دراون بەپێی ماددەکانی (٤٤٤.٤٤٦) کە حوکمەکانیان سووکە ئەوانە(٥٠٪) حوکمەکەیان لەسەر هەڵگیرێ، تەنیا ئەوانە نەبن کە ئۆتۆمبیلیان دزیوە لەگەڵ ئامێری تری وەکو شۆفل و، ئەو شتانەیان بردووە، ئەوەکانی تر بیانگرێتەوە و حوکمەکەیان لە(٥٠٪) سووک بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لەم پرۆژەی بەر دەستماندا نەهاتووە.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێمە پێشکەشمان کردووە لێکۆڵینەوەی زۆری لێ کراوە لەنێوان ئێمەو و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و دوو سێ جار کۆبوونەوەمان بۆ کردووە وپرس و را بەزۆر کەس کراوە، واتە بە لێکۆڵینەوە ئەم پێشنیارە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتم: ئێمە تەنیا(٩) پێشنیارمان لەبەر دەست دایە، هەر برادەرێک پێشنیازێکی دیاری کراوی کردووە لەسەر یەکێ لەم چواردە خاڵانە، زۆربەیان داوای سووک کردن دەکەن، لەوانەیە برادەرانی تریش پێشنیاری دیکەیان هەبێ، ئێمە لەبەردەم دوو ئەگەر داین، گفتوگۆکردنمان لەسەر ئەم بابەتە دواخست بۆ سبەی، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە پێشنیارەکانی خۆیان بدەن بە لیژنەی یاسا و پێشنیارێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەم یاسایە و ، ئەگەر هەر شتێکی تری ویست، پرۆژەی دیکەش پێشکەش بکرێ و لەکاتی خۆی دا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئێمە ئەم دوو پێشنیارەمان ئێستاکە لەلایە ئەبێ یەکێکیان جێبەجێ بکەین، ئەگەر

ئەو برادەرانە پێشنیارەکانی خۆیان نەکێشنەوە. ئەوەی کە ئێستاکە دەستیان بەرز کردەوەو پێشنیاریان کرد، ناچارین پێشنیار بەپێشنیار بیان خەینە دەنگدانەوە وبیانخەینە ناو ئەم پرۆژەیەوە، چ بە ئیجاب و چ بەرەفز، ئەگەر دەیکێشنەوە، یا ئەگەر رازین بەوەی کە پێشنیارەکەیان بەنووسین بدەن بەلیژنەی یاسا، ئێمە گفتوگۆی ئەوەی ماوە دوای دەخەین تاکو دانیشتنێکی تر، یان دوو دانیشتنی تر.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم دەکێشمەوە وبەنووسین دەیدەمە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەیدەمە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی دەربارەی کوشتنی سیاسی کەکاک قادر پێشنیاری کردووە.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانم و داوا دەکەم لێرە دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی یاسا ئامادەین بۆ هەموو پێشنیارێک کە هەڵیان سەنگێنین، بەڵام ئێمە پێشنیاری (دووئەندام) مان بۆ هاتووە، کە یاساکە هەموار بکەین جا سەبارەت بە ئێمەوە یاساکەمان تاوتۆ کردووە، با ئەوانەی پێیان وایە ئێستا تاوتۆ ناکرێ با(٢) رۆژیان بۆ دوابخرێت و لێکۆڵینەوەیەکی باشی بکەن و لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایێکی ترەوە پێشنیارەکەی بەڕێز قادر عەزیز پێشنیارێکی رێکو پێکە، بەڵام لەرووی یاساییەوە بڕێک لەنگی تێدا هەیە، چونکە ئێمە لەیاسای سزادان کە ئەوە لەلامانە، کوشتنی سیاسی تێدا نییە، کەبڵێ عەفووی بکەین، کوشتنی بە هەڵە وکوشتنی عەمدی ولەگەڵ(سبق الاصرار) هەرسێ پلەی کوشتن و ئەوانەشمان تێدا باس کردووە، بالەسەر داوای ئەوانە و لەسەر رەزامەندیی جەنابتان و رای برادەران بادوو سێ رۆژ بۆیان دوابخەین و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە بکەن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە ئەم پێشنیارە پەسند دەکەین و دوایدەخەین بۆ دانیشتنی ئایندەو دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، بەڵام تکایە ئەو برادەرانەی کە تێبینیان لەسەر ئەم ماددانە هەیە، با بەنووسین، ئەمڕۆ و سبەی بیدەن بەدەستەی سەرۆکایەتی، چونکە بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی یاساییە و گرنگە و

یەکەم حاڵەتە ئێمە کەتووشی بین لەپەرلەمانی کوردستانی و پرۆژەیەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆمان هاتووە و وەزارەتی داد لێی کۆڵیوەتەوە، بۆ ئەوەی وەزعەکە بەتێر و تەسەلی باس بکرێ و، باشترە بەبڕیاری چاک بگەین و ئەم پرۆژەیە ئەگەر پێویستی بەهەر گۆڕانکارییەک بوو، لەئەنجامی کۆتایی بیگۆڕین، یان وەکو دەڵێ دەوڵەمەندی بکەین. ئێمە داوا لەو برادەرانە دەکەین کەدەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، لەدانیشتنی داهاتوودا کە خستمانە بەرنامەی کارەوە لە ئەمڕۆوە تاکو سبەی ناوی خۆیانمان پێ بدەن و باسی ئەو برگانە بکەن کەدەیانەوێ قسەیان لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی هەم وەزارەتی داد و هەم وەزارەتەکانی تر و لیژنەی یاساش ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەم بابەتە.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم بۆ گفتوگۆی سبەینێ یان دوو سبەی، پەرلەمان داوای سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریش بکات، چونکە ئەمە تایبەتمەندی ئەوانە. ئەوان وەکو دەستەلاتێک، یەکێکن لەجیاکردنەوەی دەستەلاتەکان و مەبدەئی فەسلی دەستەلاتەکان لەلای ئێمە هەیە ئەوانیش ئامادەبن لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ناومان پێ بدەن و لەگەڵ جەنابت کێی تر دێن، ئێمە داوایان دەکەین.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیر داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک رەشید عەبدولقادر سەرۆکی دادگای پیاچوونەوە، دەستەلاتی دادوەریی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بۆ دانیشتنی ئایندە داوای دەکەین بێتە ئێرە و بەشداریی بکات.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری دواخستنمان خستە دەنگدان؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دواخستنی پرۆژەکە نەک گفتوگۆ کردنی.

**بەڕیز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دوا دواخستنی پرۆژەکە نەک هی گفتوگۆکە، کەگوایە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت یان دوانەخرێت، پەرلەمان بڕیاری دا کە دوانەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دواخستنی پرۆژەکە جیاوازە لەگەڵ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر کردنی. ئێمە گفتوگۆمان لەسەر مادده

(١) كردووه، ئێستا ئێمە لەم دانیشتنەدا بوار دەدەین بۆ دانیشتنێک یان دوو دانیشتنی تر، بۆ ئەوەی هەموو تێبینیەک لەو بارەیەوە کۆبکرێتەوە، چونکە برادەر هەیە دەڵێ من لەمانگی(٥)ەوە ئاگادارنیم. بۆ ئەوەکەی تریش پێشنیاری تر ئەکات و ئەبێ ئەوە بگەڕێتەوە بۆ دەقی یاسایی، کە ئایا دەبێ یان نابێ؟.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆژەکە من ئەوە بە پێشنیارێکی باش و ڕەوا دەزانم، چونکە ئەو لێکۆڵینەوەیەی لێرە بووە، هەموو ئەو باسانەی کەلێرە باس کراون، ئەوە دەگەیەنن کە ئێستا ئەو پرۆژەیە زۆر بەباشی دانەڕێژراوە ونەچۆتە قاڵبێکی یاسایی ڕێکو پێکەوە وهەتا ئەو تێبینیەی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەری بڕی، هەر دیسان ئەوە دەگەیەنێ، ئەگەر ئێمە ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، لەپاشان پێشنیار بکەین بۆ ئەوەی هەندێ گۆڕانکاری تێدا بکەین، دیسان ئەوە دەگەیەنێ کە پرۆژەکە تەواو نییە، لەبەر ئەوە زۆر کارێکی باشە ئەگەر بێتو لێکۆڵینەوەکە لەسەری دوابخرێ، بەڵام نەک پرۆژەکە، بەڵکو هەوڵ بدەین لەم هەفتەیەدا، کۆتایی پێ بێنین و حەز دەکەم سەرنجی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش بۆ ئەوە رابکێشم کەماددەی هەرە گرنگ لەم پرۆژەیە یان بڵێین مەبەست لەدانانی ئەم پرۆژەیە بۆ یاسای لێبوردنی گشتی، ماددەی(٣، ٤)ە واتە بەتایبەتی ماددەی(٤) و ئەوە لەپێش سەرکردایەتی حیزبەکانیش باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە وەزارەتی دادەوە هاتووە بۆ لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام مەبەستەکە ئەوە بووە، ئەویش تاکو ئەو مەسەلانە زۆر تر تەشەنە نەبن و نەبنە هۆی پەرە سەندنی، واتە بۆیە حەز دەکەم بەسەری دابچنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد کە بابەتەکە بڕوات و ئەو برادەرانەی کە پێشنیاری تریان هەیە(١٠) ئەندام پرۆژەیەک پێشکەش بکەن بۆ شتێکی تر. هەق بوو پێشنیارەکەی منیش بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە پرۆژەکە دواناخەین تەنیا گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەم بابەتە دوادەخەین بۆ دانیشتنێکی ئایندە بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی کە کراون، هەموویان دەرس بکرێن و وەکو گوتمان تکا لە برادەران دەکەین ئەمڕۆ و سبەی هەر پێشنیارێکی کە هەیانە بەنووسین پێشکەشی بکەن بۆ ئەوەی ئاگاداری وەزارەتی داد بکەین، هەروەها ئاگاداری لیژنەی یاساش بکەین بۆ ئەم بابەتە.

**بەڕێز محەممەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکەم پەیوەندی بە وەزیری دادەوە هەیە کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بانگ بکرێ، من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە (ئیستئناف) و سەرۆکی دادگای (جیانایاتی) هەولێریش ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزیری داد دەسەڵاتی خۆیەتی داوای ئەوانە بکات و ڕەزامەندیی دەستەی سەرۆکایەتی وەربگرێت و هەر شارەزایەک لەگەڵ خۆیدا دێنێ بابهێنێ و، ئەو موکەللەفەو ئێمە موکەللەف نین، ئەو خاوەن پرۆژەکەیە، ئەودەزانێ پێشنیازیان هەیەو دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر ئەم پرۆژەیە، تکایە ئەمڕۆ، یا سبەی ناوەکانمان پێ بدەن، تاکو بڵێین ئەمانە لەدانیشتنی داهاتوودا قسە دەکەن، تاکو ئەم پرۆژەیە بەرێکو پێکی بڕوات. ئێستاش تازە بابەتێک خرایە ڕوو، ئەویش مەسەلەی بودجەی ساڵی(١٩٩٤)ە و فراکسیۆنی پارتی لەکۆبوونەوەی ژمارە(٤) ی ڕۆژی(٩/٢٥) پێشنیاری کردووە .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تکایە ڕێگە بە شێخ یەحیا بەرزنجی بدەن تاکو ئەو لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شێخ یەحیا فەرموو...

**بەڕێز شێخ یەحیا محەممەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی ساڵی(١٩٩٤) بەڕاستی بووە بەچیرۆک و تەواو نابێ، پار لەمانگی(٦)ـەوە واتە لەساڵی (١٩٩٣) وەئێمە پێشنیارمان پێشکەش کردووە وەکو لیژنەی ئابووری بۆ وەزارەتی دارایی، کەبودجەی ساڵی (٩٤) مان بۆ ئامادە بکات و لەمانگی(٧) دا جەختی لەسەر کرایەوە و لەمانگی(٩) ئەمەی وەزارەتی دارایی هاتۆتەوە ئەڵێ لەمانگی(١١) پێتان ئەگات، بەڵام(١١) بوو بە(١٢) ومانگی(١٢)ش بوو بە(١) و لە١٩٩٤/١/٢٥ بودجەی(٩٤) گەیشت ودوای ئەوەی کە گفتوگۆ لەسەرکردنی تەواو بوو لەسەرەتای مانگی(٣) بابڵێین پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرا تاکو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەکەوتنە سەر گفتوگۆی بەڕێز وەزیری دارایی نەیان توانی ئامادەبن بۆ گفتوگۆی بودجەکە، بەڵام سەیر بوو، چۆن بەڕێز وەزیری دارایی چ شتێک بەلایەوە دەبێ گرنگتربێ لەبودجەی حکومەتی هەرێم؟ بەهەرحاڵ دوا خرا و لەسەرەتای مانگی نیسان دا لەگەڵ ڕاسپاردەی لیژنەی ئابووری دا گەڕاندرایەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ، چەند جارێکی تریش داوامان کردۆتەوە و جارێکی تریش بە شەخسی خۆم

قسـەم لەگـەڵ بەڕێز وەزیری دارایی دەربارەی ئەم بابەتە کـرد و بەڵێنی پێ داین کە گـوایا چەند ڕۆژێکی دیکە سەفەرێکی هەیە لەمانگی(١٠) دەیکات بۆ دهۆک و دەگەڕێتەوە، بودجەکە دەگاتە ئێرە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دا، بەراستی بودجەی ساڵی(١٩٩٤) نازانم بۆ وای لێ هات و بەڕێز وەزیری دارایی چۆن دەتوانێت وەزارەتەکەی بەڕێوەبەری بە بودجەیەک کە بڕیاری لەسەر نەدراوە؟ ئەوە گەیشتینە مانگی(١٠) و ئێستا سەرەتای مانگی(١١) یە و ئێمە چەند جارێ داوای حیساباتی کۆتایی ساڵی(١٩٩٣) مان کردووە، نەحیساباتی کۆتایی ساڵی(٩٣) ونەبودجەی ساڵی(١٩٩٤) تاکو ئێستا بڕیاریان لەسەر نەدراوە ونەتەماشامان کردووە، بەراستی ئەمەش ئێمەی وەکو لیژنەی ئابووری تووشی هەڵوێستێکی سەیر کردووە، ئەگەر باسی بودجە دەکرێت ڕەنگە وامەزەندە بکرێت ئێمە هەڵپەیەکمان هەیە بەرامبەر بە بابەتەکەیان و بەرامبەر بەوەزارەتەکە، بەڵام لەراستیدا وانییە، ساڵ بگاتە مانگی(١٢) و بودجەی ئەو ساڵە هەتا ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر نەکرێ بەراستی ئەمە لەجێی خۆی دا نییە، بۆ یە تکا دەکەم لەبەڕێز وەزیری دارایی هۆیەکانی دواخستنی بەم ڕاددەیە هەتا ئێستا بۆمان ڕوون بکاتەوە و داوا دەکەم بەزووترین کات حسابکاری کۆتایی(١٩٩٣) مان پێ بگەیەنێ و ئەو خەرج کردنەی ئەم زەمانەش کردوویەتی لەسەر چ بنەمایەک کردوویەتی؟ ئایا لەسنووری١/١٢دەرنەچووە ولە چ سنوورێک دەرنەچووە؟ سوپاس.

**بەڕێزدارۆشێخ نووری/وەزیری دارایی و ئابووری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە مەسەلەی بودجە کێشەیەکە، ئەوە نزیکی ساڵێکی خایاندووە، ڕاستە هەندێکی دووا کەوتنەکەی لەوەوە بووە کە ئامادەکردنی ژمارەکان لەناو فەرمانگەکانی وەزارەتی دارایی دواکەوتووە. ئێمە بەڵێنمان دا بوو لەمانگی(١١) بێ و، بەڵام توانیمان لەمانگی(١٢) بینێرن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکی گەورەیە هەر تەنیا لەسەر شانی ئێمە نییە، چونکە هەموو فەرمانگەیەکی لاوەکیش لەکوردستان دا دەبێ خۆی بودجەی خۆی ئامادە بکات و بیداتە بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانیش دەیدەن بەمەرکەزی وەزارەتەکانیان و مەرکەزی وەزارەتیش کۆبوونەوەی لەسەر دەکات ودەینێرێ بۆ ئێمە، ئێمەش دادەنیشین و لێیان دەکۆڵینەو و شتەکە دبێ پێ بە پێ بێت، ئنجا دەچێتە ناو بودجەکەوە کە ئێمە بەرزی دەکەینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ولەرێگەی ئەوانیشەوە بۆ ئێوە دێت ورەنگە ئەو دواکەوتنەی کە لەبری مانگی(١١)، ئێمە توانیومانە مانگی(١٢) ئامادەی بکەین. ئەویش ئەو هەنگاوە رۆتینیانەیە ئێمەیان دوا خستووە و ڕەنگە هەندێکیش لەبەر ئەوەبێ کە هەندێ لەفەرمانبەران شارەزای ئەوە نەبن کەبودجە چۆن دادەنرێ. دوای ئەوەش وەکو خۆتان ئاگادارن هەندی دواکەوتن بووە لە ئەنجوومەنی وەزیران تاکو پرۆژەکە بەرەسمی گەیشتۆتە لای بەڕێزتان،

بەڵام پێش ئەوە بەشێوەیەکی نارەسمی پرۆژەکە لەلای لیژنەی ئابووری بووە، واتە ئێمە بە شەخسی گەیاندوومانەتە دەستیان، بۆ ئەوەی پێشتر سەیری بکەن و فیکرەیەکیان لابێ پێش ئەوەی کە گفتوگۆ لەسەرکردنی دەست پێ بکات، لەئەنجوومەنی وەزیراندا هەندێ دواکەوتن بۆیە لەمانگی(١) گەیشتە لای ئێوەی بەڕێز و پاش ئەوەش پشووی پەرلەمان هاتە پێشەوە، ئنجا دەست کرا بە گفتوگۆ کردنی. کەدەڵێن: وەزیری دارایی چ کارێکی لەوە گرنگتری هەبووە کەنەیەت بۆ گفتوگۆکردنی بودجە؟، ئەوە مەسەلەیەکە کاتی خۆیشی لەگەڵ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەوەمان کرد کە گرفتێک بووەو، من لەگەڵ وەفدێکی باڵای حکومەتی لەسلێمانی بووم، ئاگاداری ئەو مەوعیدە نەبووم و هەندێ جار ئەو گرفتە لەمەسەلەی پێ نەوتنەوە دروست دەبێ، بۆ نموونە: ئەگەر دوێنێ پێیان نەوتبام ئەمرۆ کۆبوونەوە هەیە من نەم دەزانی کەپێویست دەکات ئەمرۆ لێرەبم، یان پرسیارێک هەیە کەپەیوەندیی بەمنەوە هەیە، ئنجا ئەوە هەندێ لەو شتانە روو دەدات، لەوەوە نیە کەبودجە بەلای منەوە گرنگ نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەلای منەوە گرنگترین کاری ئێمەیە، بەتایبەتیش کە پەرلەمان داوای من بکات، ئەمە گەورەترین رێزی هەیە لەلای من، چونکە پەرلەمان گەورەترین دەستەڵاتی یاسایی هەیە، لەبەر ئەوە هەرگێز شتی وانیە کەمن پەیوەندیم بەپەرلەمانەوە بێ و دوای بخەم، دوای ئەوەش خۆتان دەزانن کارەساتی شەڕی ناوخۆ لەکوردستان دا بەرپابوو، بەداخەوە کە ئەوە نەک هەر بودجەی دواخست وەزەرەری لێ داین، بەڵکو زەرەری گەورەترمان لێ کەوت، واتە ئێمە جگە لەو زەرەرانەش خوێنێکی زۆرمان لێ رژا، جگە لەوەش ئێمە کە بودجەمان پێشکەش بە ئێوە کردووە خەمڵاندنێکمان هەبووە کە ئەوەندە ملیۆنە دەتوانین لەساڵێک دا دەستکەوتەمان بێت، بەڵام ئەوە بۆ(٧.٦) مانگ دەچێ ئێمە ئەو دەستکەوتەمان نەهاتۆتە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە خەمڵاندنەکانمان هەموویان بەهەڵە داچوون، واتە تووشی هەڵەی کردووین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو ماوەیەش کەبەرێزتان داواتان کردووە جارێکی کە سەر لەنوێ مەسەلەکان دووبارە پێشکەش بکرێنەوە و خەریکی ئەوەین بزانین چۆن تەرتیب دەبێ، واتە ئێمە ئەو ماوەیەی پێشوو هەمووی لە یەدەگی (ئیحتیاتی) گشتی وەزارەتی دارایی خەرجمان کردووە، بودجەش کەدەڵێن بەچی بەڕێوە چووە؟ وەک باوە ئەو بودجەی کە لەسەری رێک دەکەون وبڕیاری لەسەر دەدەرێ بۆ وەزیری دارایی هەیە بڕیار بدات١٢/١یان ٢٠/١یان٣٠/١ ئەو بودجەیە قابیلی خەرج کردنە بۆ ئەوەی فەرمانگەکان ئیشیان نەوەستێ، هەتاکو بڕیاری لەسەر دەدرێ، ئیش و کارەکانی ئێمە بەو شێوەیە رۆیشتووە و بەوەش رۆیشتووە کە(تەقەشوف) ئەکەین و لەدەم دەگرینەوە، بۆ ئەوەی ئیدارە بکەین، هەتاکو وەزعەکە ئاسایی دەبێتەوە و ئەو کاتەش ئێمە یادداشت وژمارەکان و ئەو شێوەیەی کەداواتان کردووە، ئامادەمان کردوون، ئەگەر ئێوە پێتان باش بێت ئەوە حەفتەی داهاتوو وەکو ئەمرۆ ئێمە هەموو شتەکان لە رێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەگەرێنینەوە بۆ ئێوە، تاکو مەسەلەی بودجەکە کۆتایی بێت، ئینجا ئەکەر لەساڵی داهاتووش دا بێ، ئێمە هەر دەبێ داوای تصدیق کردنی بودجەکە بکەین، چونکە

فەرمانگەکان کێشەی مناقەلەو جێ گۆرکێی ژمارەیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەیە و ئەوەش لە دەستەڵاتی ئێمەدا نییە، هاتاکو جەنابتان بڕیار لەسەر یاسای بودجە نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی حەفتەی داهاتوو بڕیار بدەن کەبخرێتە باسەوە، ئەو پرۆژەیە دەبێ بێتە لای سەرۆکایەتی و لەرێگەی ئەوانیشەوە لیژنەی ئابووری بیبینێ، ئنجا بکەوێتە بەر گفتوگۆکردن، ئنجا لەراستیدا وەلامی بابەتی حساباتی کۆتاییەکەی ساڵی(١٩٩٣) ی باس نەکرد و، بەراستی ئیستەش نووسراو کراوە بۆ بودجەی(٩٥)، تکا دەکەم بودجەی ساڵی(١٩٩٥) پێش مانگی(١٢) پێمان بگات.

**بەڕێزدارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە عەفووم کەن، لەبیرم چوو مەسەلەی حساباتی کۆتایی باس بکەم، کەکاک شێخ یەحیا باسی کرد، هەروەها هەمان وەلامیشە بۆ مەسەلەی بودجەی(٩٥)، من حەز دەکەم زۆر بێ پێچ وپەنا باسی ئەوە بکەم، دوای شەڕ و پێکدادان و ئەو کارەساتە ناوخۆیی یەی کەتووشی گەلەکەمان بوو، هەتا ئێستاش پەیوەندی ئێمە و دائیرەکانی پارێزگاکان بەتەواوی رێک نە کەوتووە وداوای مەسرەفەکانمان لێ کردوون و داوای ئامادەکردنی بودجەی(٩٥) مان کردوو، هەندێکی گەیشتووە و هەندێکیشی هێشتا نەگەیشتووە، ئێمە ناتوانین نیوە بودجە یاچارەگە بودجە پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز بکەین، لەبەر ئەوە ناچارین هەر چاوە روان بکەین و خێرا خێرا جەختی لەسەر بکەین وتکا دەکەین بۆمان بنێرن، واتە ئەوە لایەنێکی ئەو وەزعە دروستی کردووە ولایەنەکەی تریشی هی پاش وەزعەکەیە کەهێشتا وەکو جاری جارانی لێ نەهاتۆتەوە وهەر کاتێ ئەوە ئامادە بوو بۆتانی ئەنێرین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو شێخ یەحیا فەرمووی لە١٩٩٣/٦/٢٣ دا داوای بودجەی ساڵی(١٩٩٤) مان کرد ، لە ١٩٩٣/١٠/١ ئەو پرۆژەیەی بودجەی(١٩٩٤) مان گەیشتە پەرلەمان، ئەو کاتە بەڕێز وەزیری دارایی داوای کرد لەجێگەی١٠/١ ببێتە ١١/١ لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٠/٢٥ بەشێوەیەکی رەسمی بەدەستی ئێمە گەیشتووە، لەدوای ئەوەش دا لە(١٢) ی شوبات هەندێ هەموارکردن هەن لەراپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی بۆ بودجەی(١٩٩٤) نەهاتوون ، لەگەڵ ئەم هەموو شتە و لەگەڵ ئەوەش دالە٤/١٢ کە هەر بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری پێشنیازی کردووە بگەڕێتەوە تاجارێکی تر لێی بکۆڵرێتەوە، لە٤/١٢ تا ئێستا کە١١/١ یە ئەوە(٧) مانگی بەسەردا رۆیشتووە تاکو ئێستاکە نەگەڕاوەتەوە، بەڕێزی فەرمووی دواکەوتنی بودجە هەموو لەسەر شانی

ئێمە نییە، ئێمە دەڵێین هەموو لەسەر شانی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، چونکە لەیاسادا لەکۆتایی مانگی(٦) دەبێ بۆمان بێ وەخۆیان پێشکەشی بکەن و هەموو فەرمانگەکان دەستی پێ بکەن لەوەختێکی وەزارەتی دارایی و لەوەختی لەبار بگاتە پەرلەمان تاکو بڕیاری لەسەر بدرێت و دوا نەکەوێ، لەیاسادا(١٢/١) ی داوە نەک زیاتر، بەڕێزی فەرمووی ئەو شەڕەی کە قەوما کاریگەری لێ کردووە کەواریداتەکە بەچاکی نەگات، ئەگەر دهاتەکە نەهات یان کە راوەستا، چۆن وەزیری دارایی ئەو سەرفانەی رانەوەستاندووە، کە شەڕ بوو؟، کە واریدات راوەستا دەبێ باجی خەرجکردنیش راوەستێ،کە ئەو بابەتەش تصدیق نەکراوە، وەبوایە بەڕێزی خەرجکردنەکانیش راگرتبا، بەتایبەتی ئەگەر خەرجکردنێکی یاسایی نەبێ، لەبەر ئەوە داوا لەبەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کە لەم رۆژانە پرۆژەی بودجە بەدەستمان بگات و لیژنەی داریی و ئابووری بەدرێژی لێی بکۆڵێتەوە و پاشان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان بودجە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ حوکمڕانی ولات، کاتی خۆی پێش (٢)مانگ من داوام کرد کەبڕیارێکی پەرلەمانی بدەین بۆ گەڕانەوەی ئەوداهاتەی کە لەماوەی (٦) مانگی براکوژی دا رووی داوە بەخەمڵاندنێکی سەرەتایی ئەو داهاتە لەنێوان (٧٥٠) هەزار تا ملیۆن دینار دەکات، ئەبوایە کاتی خۆی لەسەرەتادا کە دەستمان کردووە بەکۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەو بڕیارەمان بدایە، بۆ ئەوەی ئەو داهاتە بگەڕاباییەوە و لایەنێکی تریش هەیە، بەچ مافێک ئەو رەصیدەی کەلەبانقی هەرێم دابووە، سەرف بووە؟ بێگومان ئەوەبۆ ئەوە سەرف کراوە بۆ ئەوەی مووچەی پێ بدرێ. ئەو رەصیدە پێویست بوو بۆ رۆژی تەنگانە دابندرێ، یا هەندێ شتی پێ دروست بکرێ وەکو پالافتگە وەکو کرین وهێنانی کەلوپەل. جابودجەکە بەرای من کەگفتوگۆی لەسەر بکەین، دەبێ ئەو دووخاڵەش بخەینە بەرچاو، یەکەمیان گەڕاندنەوەی داهاتەکەی سەرانسەری کوردستان بەبێ جیاوازی، لەکفری و کەلارەوە تاکو دەگاتە ئیبراهیم خەلیل، ئەوە جێبەجی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەلار نییە، کفری و چەمچاڵە، چونکە کەلار هیچ گومرگی نییە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە لەسەرانسەری کوردستان بەبێ جیاوازیی، ناڵێم تەنیا یەک شوێن یان یەک ناوچە، لەبەر ئەوە ئەم دووخاڵە زۆر گرنگن، بەراستی بۆ بودجەکەمان بەچاکی دابنرێ و تصدیق بکرێ، پێش ماوەیەک باسی یاسامان کرد و، باسی ئیختلاسمان کرد، باسی بەرتیلمان کرد، ئێمە حکومەتمان و

پەرلەمانمان داناوە، کەواتە هەموو تێپەڕکارییەک بۆ سەر فلسێکی بودجە اعتبار دەکرێ بەیەکێ لەو تاوانانەی کە ئێمە باسمان کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت وتت گفتوگۆ لەسەر داهات بکرێ و بڕیارێکی پێ وەرگرین، وابزانم ئێمە پێش ئەوە بڕیارێکمان لەپەرلەمان داوە، لەرۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥ بەتێکڕای دەنگ داواتان کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ لەسەرتاسەری کوردستان دەوری خۆی ببینێ، وابزانم کەئەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان ،واتە داهاتی کوردستان لەناو ئەوەدایە، پاشان بڕیاری پێویست نییە داهاتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوە بەشێکە لەئەرک و وەزیفەی حکومەت و ئەگەر نەگەڕێتەوە نا یاساییە و بڕیار درا هەموو شت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران، لەسەر ئەوەش ئێمە رۆژێکمان دانا بۆ گفتوگۆکرن لەسەرئەو بابەتەی کە جەنابت باسی دەکەی ، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادە نەبوون، ناچار بووین ئەو بابەتە گفتوگۆ نەکرێ و ئێوەش داواتان کرد دوا بخرێ و هیچ گوناهێکی پەرلەمان لەو بابەتەدا نییە، ئەگەر بابەتیانە تەماشای بکەین، چونکە ئێمە بە بەردەوامی ئەخەینە بەرنامەی کارەوە و ئێوە حکومەتیش بەبەردەوامی یا لە دانیشتەکان دوا دەکەون، یا داوای دواخستنی بابەتەکە دەکەن.

**بەڕێز دارۆ شیخ نوری/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی راگرتنی خەرج و رانەگرتنی خەرج، ئەوە هەمووتان ئاگادارن، لەدەست پێ کردنی شەڕەکانەوە ئێمە هەموو مەسەلەکانمان راگرتبوو، نەک رادەی بەرزی سەرف کردن بۆ هەرکارێکی زۆرگرنگ بووبێ لە (١٠)هەزار دینار تێپەڕ نەکراوە، تائێستاش لەهەندێ بواردا ئیشی بێ دەکرێ و هەندێ بڕگەی بودجەی فەرمانگەکانمان بەراگرتن راگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانین نەفەقات و خەرجی کەم بکەینەوە بە باشترین شێوە، ئەوەی پێویست بووە کردوومانە تا رادەی ئەوە بووە خەڵکی هاتوونەتە سەرمان، برادەرەکانی وەزارەتەکان هاتوونەتە سەرمان وتوویانە ئێمە هیچ ئیشێکمان بۆ ناکرێ، وەڵاممان نەبووە، وتوومانە وڵات بە بارێکی نائاسایی دا تێپەر دەبێ و ئێمە ناچارین ئەو کارانە بکەین وتا ئیستاش لەم کێشانە رزگاریمان نەبووە، داوا کاری بودجەکە هەروەکو بەبەڕێزتانم وت، ئێمە دەیگەیەنینە لای بەڕێزتان، ئەو کاتە لیژنەی دارایی و ئابووری دەیەوێ پێشتر تێبینیەکانی خۆی دەربڕی و ئەوەش ئیش و کاری پەرلەمان خۆیەتی و دەبێ ،ئێمە ئەوە جێبەجێ دەکەین، لەیەکێ لەقسەکانی بەڕێز د. سەلاح دا دەڵێ بەچ هەقێک مووچە دراوە لەپارەی ئیحتیاتی؟، من پێم وانییە لەمووچە گرنگتر هەبێ لە ئیش و کاری داریی دا کە ئەوە ژیانی(١٥٠) هەزار کەس بەستراوە بەو مووچە کەمەی کە ئەتوانێ وەری بگرێ لەهەرێمی کوردستان کە ئەوەی نەما، واتە حکومەت نەما وحەز دەکەم ئەوە زۆر بە ئاشکرایی بڵێم حکومەت واتە ئەو هەیکەلە ئیدارى یەی کەبەڕێوەی ئەبات کە ئەو نەتوانێ ئەوان بژیەنێ واتە

لەحکومـەتایەتی دەردەچێ. لەبەر ئەوە ئەو ئیـحـتـیـاتەی گلمـان داوەتەوە بۆ ڕۆژی ڕەش لەوە مـووچەمـان داوە، بۆ ئەوەش نەبووە کـە پالاوتگەی نەوتی پێ بکڕین، چونکە بە دە ئەوەندە ئیحتیاتەی ئێمە جێبەجێ ناکرێ، ئێمە هەر ئەوەندەمان پێ کرا کە مووچە بدەین و ئیشە هەرە گرنگەکانی وەزارەتەکان بەڕێوە بەرین. لەبارەی گەڕاندنەوەی داهاتیش کەکاک جوهر باسی کرد، من لەو کـۆبوونەوەیە بەداخـەوە نەم توانی ئامـادەبم، بەلام لەگـەڵ ئەوەش دا خـۆتان دەزانن کەپەرلەمان گرنگترین بڕیاری داوە لەسەر باری ئێمە، ئەوەیە کە ئاسایی کردنەوە لەسەرتاسەری کوردستـان دا ببی. کـەدەڵێ ئاسایی کردنەوە هەبێ، مەسەلەی گومرەگەکان و داهاتەکان جیا ناکرێنەوە لەئاسایی کردنەوە، واتە ئەوە پێم وایە ئەگەر شتی مەرکەزی و بنەڕەتی نەبێ، ئیتر لەوە گرنگتر نییە، هەر بۆیەش ئێمە چاوەڕوانین لەم نزیکانە و بەزوترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، ئەگینا وردە وردە بەرەو ئەزموونی کوشندە دەڕۆین بەتایبەتی کە بەڕێزتان بڕیارتان لەسەر زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران داوە و، پرۆژەی مامۆستایان و خانەنشینان پێشەکەش بەئێوە کـراوە، بۆیە دەقی ئەم مـەسـەلەیە زۆر بەگـرنگی وەربگیـرێ وبەهەر شـێـوەیەک بێ وابکەین کـە داهاتەکان وەربگیرێن و بدرێتەوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر چ تێبینیەک نییە لەبارەی ئەو پێشنیارانەی کە کراون لەسەر گفتوگۆکردنی بودجەی(٩٤) ، لێرەدا کۆتایی بەم دانیشـتنەی ئەمـڕۆمـان دێنین و سبەی سـەعـات(١٠) دادەنشینەوەو، ئەو دانیشـتنە تەرخان کراوە بۆ وەڵامدانەوەی برا وەزیرەکان کەدێن بۆ ئێرە و وەڵامی ئەو پرسیـارانە دەدەنەوە کەلێیـان کـراوە، یان لێیـان دەکرێ، ئەگەر برادەرانیش چ تێبینیەکیان هەیە لەسـەر مەسەلەی لێبووردنی گشتی با بەنووسین پێشکەشی بکەن، تاکو سبەی بڕیارێکی لەسەر بدەین و بیخەینە بەرنامەی کارەوە .ئیتر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

چوارشەممە ڕێکەوتی ٢/١١/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢

کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١- وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکرێن.

٢- گفتوگۆکردن دەربارەی پەنابەرانی کوردستانی تورکیا لە دهۆک و داوای یارمەتی دانیان لەلایەن پەرلەمانەوە کە فراکسیۆنی پارتی لە کۆبوونەوەی ١٩٩٤/١١/١دا وەک تازەبابەت پێشنیاری کرد بوو.

٣- تازەبابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەکییە، یەک وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێزان وەزیرە پەیوەندارەکان کراون، هەر چەند بڕیار بوو دوێنێ سەعات(٣)دانیشتنەکە بکەین بەڵام وەکو ئاگادارن دوامان خست بۆ ئەمڕۆ سەعات دوو دەربارەی ئەو پێشنیارەی دوێنێ دەرهەق بە ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا کرا کە ئێستاکە لە ناوچەی دهۆکن. تازە بابەت ئەگەر شتێک هەبێت. کاک دوکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە بابەت حەز دەکەم کاتێک تەرخان بکەن بۆ لێدوان وباس کردن لە بارەی ئەو ڕووداوەی کە دوێنێ لە نزیک چەمچەماڵەوە ڕووی داوە وبۆ ئەوەی لەو بارەیە وە بڕیارێک وەربگرین کە بە پێویستی بزانین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

پێشنیارێک هەیە لەبارەی ڕووداوەکانی چەمچەماڵەوە کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە وقسەی لەسەر بکرێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا لە ناو پرسیارەکانیشدا سێ پرسیارمان هەیە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وبۆ وەزارەتی دارایی دوو پرسیارە، پرسیارێکیش بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یە وهەمووش لێرەنە، بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەست پێ دەکەین کاک د. رزگار وابزانم دوو پرسیاری هەیە باکەرەم بکا.

**بەڕێـز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پترۆڵ گرنگی خۆی هەیە، هەر لەسەرەتایی دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، چ کابینەی یەکەم بێ یان کابینەی دووەم زۆر باسی پاڵاوگەی نەوت کرا، کە دەربهێنرێ وبپاڵێودرێ، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ولەبیرم بێ ئەم بابەتە سەرچاوەیەکی سەرەکییە، کاتێ مام جەلال سەردانی ئێرانی کرد بەڵێنیان دا بووێ کە یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن تاکو کارگەیەکی پاڵاوتنی نەوت دابمەزرێنی، وهەروەها بەڵێنەکانی دوستانی میلەتی کورد ـ وەک دانیال میتران ـ کاتێ کە سەردانی کوردستانی کرد کە ئەو بابەتە باس کرا، گوتی فەرەنساش هەوڵ دەدات کە یارمەتی هەرێم بدات تاکو کارگەیەکی پاڵاوتنی بچوکی نەوت دابمەزرێنین، کەچی تاکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، دەمانەوێ بزانین ئەم پرۆژەیە چی بەسەر هات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە حەز دەکەم ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە پترۆلەوە هەیە نهێنی بێت، هۆی تایبەتیمان هەیە دەربارەی ئەوە بە چاکی دەزانم نهێنی بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

پێشنیارێک هەیە کە ئەم دانیشتنە بکرێ بە نهێنی: بەتایبەتی ئەو بابەتەی کە جەنابی جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کرد. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ ئەم دانیشتنە کرا بە نهێنی، جا تکا دەکەم ڕاگەیاندن مۆڵەتمان پێ بدەن و بچنە دەرەوە، بابەتێکی تریش جەنابی وەزیری ئابووری و، پاشان وەزارەتی ڕۆشنبیریش هەمان پێشنیاریان هەبوو، مادام وایە دەیکەین بە نهێنی وجەنابت وەکو حکومەت داوات کرد بەردەوام دەبین ئەگەر خۆتان حەزتان کرد بیێت بە ئاشکرا ئەوە شتێکی ترە، فەرموو.

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە بەرنامەی ئەمڕۆ خاڵی تر هەیە کە پێویست بە نهێنی ناکات، لەبەر ئەوە ئەگەر یەک دوو پرسیار نهێنی بن قەیناکا، هەقە بەراگەیاندن بگوترێ نەڕۆن، چونکە خاڵی تر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەکەم، کە هەندێک مەسەلە هەنە ئێمە بەلامانەوە واباشە کە ئاشکرا بێت نەک نهێنی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئاگاداری راگەیاندنەکان بکەن.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی نەوت پێویست ناکات باسی گرنگی و پێویستی بکەین هەر چەندە بابەتەکە لە بنەڕەتەوە بابەتێکی نهێنی یە وبەشێوەیەکی نهێنی دەست پێ کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ماوەیەی کەمن لێرە نەبووم، لە تەلەفزیۆن بەردەمی رۆژنامەگەری کەوتووە و باس کراوە، هۆی باس کردنی ئەوە لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێ کە ورەی جەماوەر بەرز بکریتەوە یا هەر هۆیەکی هەبێ، من ئەوە بەشتێکی راست نازانم، لە راستیدا بنەڕەتی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە ئێمە لە کوردستاندا نەوتمان هەیە ومافێکی ئاسایی میللەتی خۆمانە ئەو داهاتی ئەرزی خۆی بۆ خۆی بە کاری بێنێ، ئەگەر بتوانی ئەگەر ماوەی هەبێ، مافێکی سروشتی خۆمانە ولە بەرژەوەندی خۆمانە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پارێزەوە دەستمان بەو پرۆژەیە کرد، پێشەکی لیژنەیەکمان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دروست کرد من خۆم سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکەم وەزیری دارایی تێدا ئەندامە بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە ئەندامە لەو لیژنەیە لەگەڵ وردکارێکی ئەم لیژنە کە لە راستیدا خۆی ئەندازیارێکی نەوتە پێشەکی لێتۆژینەوەی ئەم بابەتەمان کرد کە ئێمە چەند بیرە نەوتمان هەیە چ لە گەرمیان چ لە ناوچەی زاخۆ چ لە ناوچەی کۆیە بەتایبەتی ئەو بیرانەی کۆیە نەوتەکەی هەر ئاوا بە ئاسانی دێتە دەرەوە وبیری چاکن وتۆژینەوەی لەسەر بووە پێش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بێت کۆمپانیاکان هاتوون سەریان لەو بیرانە داوە قسە لەبارەیەوە کراوە هەندێ لە شارەزاکان پێمان وتوون حسابی بکەین ئەو بیرە بیزانین چی لێ بکەین، وکام بیر لە بیرەکانی تر ئاسانتر دەتوانرێ نەوتی لێ دەربهێنری وئەو نەوتە بەکار بێت ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەو بیرانەی کە لە کۆیەن لە هەموویان ئاسانترن بۆ دەرهێنان، سێ بیری لێ یە ئەو سێ بیرە لەوانەیە دوانیان بەکار هێنانیان زۆر ئاسان بن، چونکە بیری ئامادەن، تەنیا بە کۆنکریت داخراون ئەمیش لە قووڵاییەکی تایبەتی داخراون بە کۆنکریت پێویستمان بەوە هەیە ئەو کۆنکریتە هەڵتەکێنین وچاکی کەین ئینجا ئەتوانین نەوتی لێ دەربێنین ئەویش بە مەرجێک ئامێروکەل وپەلی تایبەتیمان هەبێ، واتە ئامێری بیر هەڵکەندنمان هەبێ کادری تایبەتی هەبێ ئەو ئامێرانە وەکو ئامێری بیرەکانی ئیرتیوازی نییە، بەڵکو قورسترە، ئەبێ تەحەمولی زیاتر هەبێ، تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پەیوەندی بە بیرەوە هەیە، زائدا چەند بیرێکی تر کە لە حاڵەتی نەوت

دەرهێنان لە حـالـەتی گـەیشتن بە نەوت شـتێ هەبێ بەربەسـتی تەقـینەوەی ئەو بیـرانە بکات هەمووتان لە فیلمدا لەوانەیە بینیوتانە کە بیر هەڵکەن لە پڕا سەیر ئەکەن ئاگر دەگرێ گرئەگری تەقـینەوەی تێدا روودەدات، ئێـمە هاتین پاش ئەوەی ئەوەمـان بۆ دەرکەوت ئەگەر نەوتمان دەرهێنا نەوتی رەش بە تەنیـا لەوانەیە بەکەڵکی کـارگەی سـەرچنار بێت بلـێین لە کـارگـەی چمـەنتـۆی تاسلوجەکە بە نەوتی رەش ئیش دەکات لەوانەیە بتوانین ئەو بیرە لەقۆناغی یەکەم دا ئەگەر نەوتمان دەرهێنا هەر نەوتە رەشەکە خۆی لە کارگەی تاسلوجە بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی دەست پێ بکەین بەوە ولە هەمـان کـاتدا ئەگـەر نەوتمان هەبوو پێـویسـتـە ئێـمـە بیـر لەوە بکەینەوە پاڵاوتگەیەکیشـمان هەبێ، قـسـەیەکی زۆریش هەبوو فلان بەلـێنی دابوو نازانم کێ بەلـێنی دابوو ئەمانە هەمووی قسە بوون، هیـچی بنچینەیی نەبوون، چونکە جێبەجێ کردنی لەگەڵ نەبوو ئێمە هاتین لەو لیـژنەیە دوو لیـژنەی فـەرعـمـان دروست کـرد یەکـێکیـان بۆ بابەتی کێـلـگەییـەکـان بۆ مەسەلەی پاڵاوگەی نەوت وئەو ئەندازیارانە پسپۆڕانەی کە لە کوردستان هەمانن هەر یەکە بەپێی توانا ئەو ئیـشـەی کـە هەیەتی بەپێی ئەو پسـپـۆڕەی کـە هەیەتی دابەشـمـان کـردن، لیـژنەی کێڵگەییمان(حقول)مان لە هەولێر دانا لیژنەی پاڵاوگە(مصفات) لە سلێمانی دانا هۆی دانانی لیژنەی (مەصفات) لە سلێمانی چی بوو لە سلێمانی کارگەیەکی شەکر هەیە ئەو کارگەیە زۆر لە ئامـێرەکـانی زۆر لە کەل وپەلی لەوانەیە بەکار بێنرێ بۆ پاڵاوتن و بکرێ بە پاڵاوگـەیەکی نەوت، پسپۆڕەکانمان ئەوانەی شارەزابوون هەتا چەند پسپۆڕێکی ئەمریکی هاتن سەیری ئەو بابەتانەیان کرد ئەو کەل وپەلانە ئەو شوێنانەیان بۆ دەسنیشـان کردن، وتیان ئەگەر کەل وپەلی کارگەی شەکری سلێـمـانی بەکار بێنن کـاتی خۆی لە شەڕی ئێران وعـێراق لیدراوە ئەو کـارگەیە لەگـەڕ کەوتووەو بەرهەمی نییە، بە ئێمە چاک ناکرێتەوە، بەلاّم ئێمە دەتوانین سوودی لەو بارەیەوە لێ وەرگرین، هۆی دانانی لیـژنەی پاڵاوتن(مـصـفـات) لە سلێـمـانی بە رادەی یەکـەم ئەوە بوو دووەم ئەو ئەندازیارانەی کە زیاتر شارەزای پاڵاوتنن هەر لە سلێمانین، هۆی دانانی لیژنەی کێڵگەیی(حقل) لە هەولێر ئەوەیە کە بیرەکان لە کۆیەن نزیکی هەولێرە لە هەمان کات ئەندازیارێکی چاکمان لێرە هەیە وهەرچی شارەزایی بیرەکانی ئیرتیـوازی هەیە بەهۆی وەزارەتی کشـتوکاڵەوە لێرەن، تاوەری تایبەتی دەوێ کە بیرەکانی ئیرتیوازی پێ دەکەن، ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو وەکو وتم کەل وپەل بکرین مـواصـەفـاتی ئەو تاوەرانە بگۆڕین کـە بتـوانین ئەو بیـرانە پاک بکەینەوە پاش ئەوەی کـە بیرەکـانمان پاک کردەوە ئەگەر پاڵاوگـەکـەمـان دروست کـرد ئەوە ئەتوانین نەوت بپـاڵـێـوین بەپێی حسـابـاتی بەرایی کـە هەمـانـە ئەگـەر هەر دوو پرۆژەکـە سـەرکـەوتووبێ لە سنووری( ٦٠ ٪ ) تا( ٧٠ ٪ )پێویستی کوردستان لە نەوت وگازوایل وبەنزین دابین بکەین. پرۆژەکە لە دوو قۆڵەوە دەستی پێکرد، رەنگ رێژی وئەوانە لە سلێمانی ئامادە کران کەڵ وپەلەکان جەرد کران چ کەل وپەل هەیە چ پێویستە چ پێویست نییە ویەکەم راپۆرتی لیژنەی سلێمانی کە بۆ من هات کاتی خۆی پێش ئەوەی من دوور کەومـەوە لە بابەتەکە ئەوە بوو کـە بەپێی ئەو شـتـانەی کـە هەیە بەپێی ئەو

مەوادەی کە هەیە بەپێی ئەو شارەزاییەی کە هەیە ئەتوانرێ ئەو پالآوگەیە دروست بکرێت، ئەمە راپۆرتی یەکەمی پسپۆران بوو ئەوانەی کێلگەیی(حقل) لە هەولێر پاش ئەوەی گەران بەدوای کەل وپەلدا بۆری تایبەتیان دۆزیەوە بورجی تایبەتیان دۆزییەوە قورسایی تایبەتیان لەولا لەولا پەیدا کرد، شتیان کری کەل پەلیان کری گەیشتنە ئەنجامێک کە ئەتوانن تاوەرێک بەو مواصەفاتە دروست کەن کە بتوانن ئەو بیرە نەوتەی پێ پاک بکەنەوە نەوت بهێننە دەرێ تەبیعی تاوەرەکە خراوەتە ژێر تاقیکردنەوە بەوەی کە قورساییەکی تایبەتی پێوە هەڵواسن بزانن ئایا بەرگەی ئەو قورساییە دەکات یا نایکات، تاوەرەکە سەرکەوت و ئەمە رادەی پێشکەوتنی ئەو ئیشانەیە تا ئێستا کراوە سەرەرای ئەو بارودۆخەی بە سەری هات، لە راستیدا سەبارەت بە پالآوگەکە بارودۆخی شەر، ئەو شەرە ناخۆشەی کە روویدا ئەو رووداوانەی کوردستان ئەو بابەتەی لە سلێمانی هەتا لە کۆیە دواخست، ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەو پرۆژەیە بەو ناوەی جارێکی تر سەیری ئەکەینەوە، وەبزانین چەندیان پێ ئەکرێت چەندیان پێ ناکرێ؟ چیمان کەمە لەوانەیە لە مەسەلەی هێنانە دەرەوەی نەوتەکە هەندێ ئامێرمان هێشتا کەم بێ هەر پێویست بکات، کە ئێمە لە دەرەوە بیهێنین چ بەهۆی قاچاغچی بێت یا بەهۆی شتێکی تایبەتی بێت یا بەهۆی نەتەوەیەکگرتوەکان بێت ویا بەهەر هۆکارێک بێ بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین نەوتەکە دەربینین پالآوتگەکەش وەکو باسم کرد ئەندازیارانی ئێمە بەڵێنەیان داوە ئەو پالآوتگە سەرکەوتووە وئەبێت ئاسایی ئێمە لەوە و دوا بەردەوام بین لەو ئیشەدا، بۆ زانیاریشتان ئەو ئیشە بە هەموو ئامێرەکانیەوە وبە هەموو هاتووچۆ مەسرەفەوە کەسالێک زیاترە ئیشی تیا ئەکرێ لە سنووری (٧٠) ملیۆن دۆلار ئەوا (١٠) ملیۆنی تیا خەرج کراوە، لەوەی زیاتری تیا خەرج نەکراوە وهەمووشی بەپێی ئوسولی حکومی بەپێ مووچە ودەرماڵە وئەو شتانە بەپلەی یەکەم هەمووی کەل وپەل کرینە وە هەموو بەشەکانی زانراوە چۆنە وچۆن نییە ئەوە بابەتی نەوتە، ئاسایی ئەمە کێشەی هەیە بۆیە حەزم کرد نهێنی بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئێستاش کاک رزگار بەدواداچوونێکی هەیە.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەنگی خۆم دەخەمە سەر دەنگی تۆ، سوپاسی بەرێز کاک د. رۆژ دەکەین کە ئەو وەلآمەی داینەوە وەلامێکی تەواو وگشتگرە، لەبارەی پرسیاری دووەم بابەتی ئەوە پەنابەرانە تازەیە و بابەتێکی دیارو تایبەتە، نزیکەی سالێکە زۆر خوشک وبرای کەس وکاری ئێمە لە کوردستانی تورکیا لەبەر ئەو سیاسەتە شۆڤینیەی حکومەتی تورکیا کوچیان کردووەو هاتونەتە کوردستانی باشوور وهیچیان نینە، پێویستە زوو چارەسەری کێشەکەیان بکرێت و بەگورجی یارمەتی بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی خێزانەکانی ئاوارەی کوردستانی تورکیا کە هاتونەتە کوردستانی عێراق بابەتێکە تازە نییە بەڕێز د. رزگار باسی کرد بابەتێکە لە راستیدا سەرەنجی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە چەند بارێکەوە راکێشاوە، یەکەم لە لایەنی مرۆییەکەوە، دووەم لە لایەنە نەتەوەییەکەوە، سێ یەم بوونی ئەو خێزانانە لە ناوچەکانی سنووریی لە هەندێ شاری کوردستان بە شێوەیەکی نارێک بووە ترسی ئەوە هەیە کێشەیەکی ئاسایش زۆر دروست بکات، بۆیە هەر لە یەکەم رۆژەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوەی داوە ئەو کێشەیە چار بکات وبە شێوازێکی وا چارسەری بکا کە لە هەر سێ لایەنەکەوە ناتەواوی نەمێنێت وبۆیە ساڵێک زیاترە پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە لە راستیدا هەر کاتێک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ماوەی هەبوو بێ من ماوەم هەبوو بێ هەر کاتێک وەزیرە پسپۆڕەکان بەتایبەتی هی مرۆڤایەتی تارادەیەکیش دارایی ماوەیان هەبووبێ لە ناو رێکخراوە دەولەتییەکان دا ئەوە باس کراوە تەرکیز کراوەتە سەری بەتایبەتی لە یەکەم رۆژەوە لەگەڵ (MCC) باسی ئەم بابەتەمان کردووە، وئەوان بەدەنگەوە هاتنێکی زۆریان هەبوو بۆ بابەتەکە ئەوانیش فکرەیان وابوو ئەو خێزانانە لە جیاتی بلاوبن هەمووی کۆ بکرێنەوە لە ئۆردوگایەک دا دابنرێن وئەوان لە کاتی خۆی بەلێنیاندا کە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن یارمەتی ئەو خێزانانە بدەن وتەبیعی ئیشەکە زیاتر بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە بوو ئەو خەڵکانە هاتنە شوێنێک پێویستیان بەوە دەبێت رێگا وشوێنیان هەبێ و ئاویان هەبێت باری تەندروستیان دابین بکرێ وخواردەمەنیشیان بۆ دابین بکرێ لەگەڵ قوتابخانە، واتا مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەتی لەبارێکدا کە ئێمە خۆمان ئاوارەو پەنابەرمان هەیە، ناتوانین یارمەتی پەنابەری خۆمان بدەین ئاوارەکانی کەرکوکی خۆمان ئێمە لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یارمەتیان ئەدەین، جگە لە ئاوارەکانی ترکە تازە پەیدابوون ئەوانەی لە ئیرانەوە دێنەوە، ئنجا ئەو بابەتەشی هاتە سەر لە راستیدا ئەبێ بزاندرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی راستەوخۆ بەتاقی تەنیا هەر چەندە شت ئەکات، بەلام ئەو کارانەی ئەو لەو رادەیە نابێت کە بلێین هەموو پێویستیەکانی ئەو پەنابەرانە جێبەجێ بکرێ. بۆیە ئێمە هەوڵی یەکەممان ئەوە بوو رێکخراوە مروییەکانی یارمەتیمان بدەن وتاولو پێداویستیەکانی سەرەتایی بدەنە ئەو خێزانانە نەتەوەیەکگرتووەکان پەیمانی داوە کە خۆراکیان ئێمە لە هەمان کاتدا پەیوەندیمان لە سەر ئەو بنەمایە کردووە کە ئەو ئاوارانە ئەگەر بە رێزلێنانەوە وەربگیرێنەوە ومەترسیان لەسەر نەبێت و بتوانن بچنەوە دێهاتی خۆیان وپەیمانی ئەوە هەبێ کە دەست درێژیان نەکرێتە سەر، لەوانەیە بەشێکی زۆریان بچنەوە وڵاتی خۆیان، ئەوە لە لایەکەوە لەوانەیە کێشەکە بەشێوەیەکی تر چارە بکات، هەم پەیوەندی تریشمان کردووە وهەر چەندە تورکیا بەڵینی ئەوەی داوە لێپرسراوانی تورکیا باسی ئەوەیان لەگەڵ کراوە وپەیمانی ئەوەیان داوە کە ئەوانیش هەولێکی ئەوە بدەن

بەشێوەیەکی ماقووڵ وڕێک وپێک وەریانبگرنەوەو ڕێزیان بگرن، بەڵام هێشتا لەو لایەنە هیچ شتێک دیار نییە، ئەوەی دیارە ئێستا بە هۆی کارگێڕی پارێزگاری دهۆکەوە نەتەوەیەکگرتووەکان یارمەتی ئەو خێزانانە دەدات و هەوڵ ئەدا هەموویان لە شوێنێکدا کۆ بکاتەوەو خۆراک و دەرمان و سووتەمەنیان بۆ دابین بکات لەگەڵ پێویستەکانیان، کێشەی بنەڕەتیمان ئەوەیە ئەو ناوچەی کە بۆیان دانراوە ناوچەی(شێخان)ە، شارەزایانی نەتەوەیەکگرتووەکان وایان بینی و برادەرانی خۆشمان لە پارێزگای دهۆک بە هەمان شێوە، ناوچەی شێخان مرۆڤ ئەتوانێ چەند خێزانێک لەوێ جێگا بکاتەوە بەتایبەتی لە هاوین هیچ گرفتێک نییە، ناوچەکە سارد نییە دارستانێکی زۆری هەیە وخەڵک تیایدا ئەحەوێتەوە، بەڵام ئەگەر زستانی بەسەرداهات زستانی ئەوێ ساردە لە ناوچادردا جێگایان نابێتەوە، پێویستە خانوویان بۆ بکرێ، لە هەمان کات دا وردە گرفتی تر هەیە کە پەیوەندی بە ژمارەی خەڵکەوە هەیە، دەبێ دوو هەزار خێزان جێگا بکەینەوە زەویەکی زۆری دەوێ ئەو زەویە لەوانەیە خاوەن زەویەکان لاریان هەبێت، ئاوێکی زۆریان دەوێ هەر بۆ ئاو خواردنەوەی خۆیان لەوانەیە ئەوەی جوتیار بێ بەدڵی نییە ئەو هەموو خەڵکە بێ ئاوە کە بخواتەوە بەشی کشتوکاڵەکەی نەمێنێ لەوانەیە لە ناوچەی شێخان ژمارەیەکی زۆرکەم یانی لە ژمارە نەبێ بڵێین دوو هەزار خێزان بەڵکو لەوانەیە (٣٠٠-٤٠٠) خێزان بتوانین بە استراحەت جێگایان بکەینەوە، بەڵام ئەوانی تر کێشەیەکی گەورە دروست دەکەن، بۆیە ئێستا هەوڵی ئەوە ئەدرێ بیر لەوە ئەکرێتەوە لەوانەیە لە سێ چوار شوێن دابەش بکرێن بیر لەوە کرابێتەوە ئەگەر بکرێ هەتا بیان هێنینە پارێزگای هەولێر، بۆ نموونە بۆ (چەژنیکان) بیر لەوە کراوەتەوە ئەوە ئەڵێن خانوو هەیە شت هەیە لەوانەیە جێگەی چەند خێزان بکرێتەوە بیر لەوە کراوەتەوە ئەو قەڵایانەی کە هەیە لە کاتی خۆی ڕژێم دروستی کردوون ئێستا پێشمەرگەی تێدایە لە سلێمانی هەیە لە هەولێر هەیە لە ئاکرێ هەیە لەوێشدا دەکرێ جێگەی چەند خێزانێکی تێدا بکرێتەوە، ونەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی ئەوە دەدات دەرگا وپەنجەرە چاک بکاتەوە شوێنەکانیان بۆ چاک بکاتەوە ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێم ئەوەی لە دەستمان بێ لە لایەنی قوتابخانە ولە لایەنی دوکتۆر ولە لایەنی خۆشمانەوە جار بە جارێ ئەو یارمەتیانەی کە لە توانای ئێمەدا بێ درێخیان بۆ ناکەین ئەمە بە کورتی باری پەنابەرانی کوردسانی تورکیا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. رزگار ئەگەر چ بەدواداچونێکت هەبێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی د.ڕۆژ دەکەم، بەڵام هەندێ شت هەیە ئەگەر مسۆڵەتم بدات، من دەڵێم دوور نییە (U.N) خۆی ببوێرێ یان لەوانەیە دوابکەوێ هەر وەک کۆمەڵگای ئەتروش، وەکو دەزانن ئەم هاووڵاتیانەش هەژارن، دەڵێین کەی ئەم بەڵێنانە جێبەجێ دەکرێن؟ هەرچەندە وەکو د.ڕۆژ

فەرمووی فعلا پەناگە هەیە ئەوانە هەژارن و گوزەرانیان باش نییە، لەسەر ئێمە هەموومان واجبە کە بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بدەین پێویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی کاک د. رزگار وتی هەمووی راستە، ئێمە هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی جێبەجێی بکات، وئەوان تائێستا نەیان وتووە جێبەجێی ناکەین، ئامادەن بۆ یارمەتی وئەو شتانە چەند جارێک مراجعەیان کردووە، لەوانەیە سەرۆکی پەرلەمانیشیان دیبێ باسیان بۆ کردبێ. ئێمەشیان دیوە کە چوار جارم دیون کە باسی ئەم بابەتەم لەگەڵیان دا کردوون، لێپرسراوانی هەولێر ودهۆکم دیوە قسەم لەگەڵیاندا کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ زیادی زانیاریتان ئەمڕۆ رێکخەری (U.N)مان بینی کە راستە وخۆ بەر پرسیارە بەرامبەر بەم بابەتە، پێمان گوتن ئێمە(١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد خێزانی کوردی ئاوارەی تورکیامان هەیە لە ناوچەی زاخۆ (٢٠٠) خێزان لە ناوچەی ئامێدی (٥٠)ی تر لەم رۆژانە هاتوون، وەکو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش باسی کرد جێگەیەکی باشیان هەیەو(٥٠٠) خیوەتی زستانەیان هەڵداوە وئەوان لە مێژە بەقسەی خۆیان بەرپرسن لە دابین کردنی خۆراک ودەرمان ئاو ومەسەلەی تەندروستی بۆیان، لەم رۆژانە لوقاح (دەرمانی کوتان) یان بۆ دابین کراوەو ئێستا سێ رێکخراو بەرپرسن لە سەرپەرشتی کردنی ئەو بارودۆخە جگە لە (U.N) لەوانەش رێکخراوێک بۆ مەسەلەی دابین کردنی ئاو بۆ ئۆردوگا، رێکخراوێکی تریش بۆ بابەتی تەندروستی، رێکخراوێکی تریش بەرپرسیارە لە لەمەسەلەی جێگە، ئەوەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەسەر کردو پێشنیاری ئەوان وابوو کە هەوڵی بۆ بدەین، هەروەها زۆر سوپاسی پارێزگاری دهۆک دەکەن کە زۆر هاوکاری کردوون لەم رووەوە، لە دابین کردنی ئەو جێگایانە وکەرەستەی دابین کردنی جێگا وەکو شۆفڵ وگرێدەر بۆ رێگاکان، جەختی لەسەر ئەوە کرد وەکو خۆی وەصفی کرد لە ساڵێکدا...(١٠) مانگ لەوانەیە لەو ناوچەیە مرۆڤ تا رادەیەک بژیت، بەڵام ئەڵێ زۆربەی زۆری ئەوانە منداڵن بۆیە جەختی دەکرد کە ئەگەر بکرێت لە جێگایەک لە کۆمەڵگایەک کۆ بکرێنەوە، چونکە کۆمەڵگاکان خانوویان هەیە، ئەگەر هەندێ ناتەواویشی هەبێ ئەوان پڕی بکەنەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو زیادە زانیارییەک وەکو خۆتان فەرمووتان منیش حەزم کرد ئەوە بڵێم کە بەهاری رابردوو لە رێگەی گەرانەوەمان بۆ وڵات، لە سلۆپی هەردوو نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی وپارتی

لەویٚ چاومان بە کۆمەڵێک لێپرسراوی تورکیا کەوت یەکێک: لەوسێ باسەی لەگەڵ ئێمە کردیان مەسەلەی ئەو پەنا هەندانە بوو، ئەوان داوایان لە ئێمە کرد کە ئێمە هەول بدەین ئەوانە بگەڕێنەوە زۆر نارەحەت بوون، لەوەێ (U.N) وڕێکخراوە خێرخوازەکان خۆیان بەوانە خەریک کردووە ولەوە ئەترسن مەسەلەکە تەشەنە بکات، وەکو مەسەلەی پەنا هەندەکانی فەلەستینی لێ بێت ولە لایەن( P.K.K)ئەو مەسەلەیە بەکاربێت وبێگومان ئێمە لە وەڵامدا ئەو کێشەیەمان بۆ روون کردنەوە وتمان گەرانەوەی ئەوان چۆن ئەبێت ئەوان ئەگەر بگەڕێنەوە شوێنەکانیان گوندەکانیان هەموو کاولکراون، بگەڕێنەوە بۆ کوێ؟ وپاشان ئەوانە ئەترسن لەوەی راوبنرێن وبگیرێن وتووشی دەردەسەری بن، ئەوان وایان راگەیاند کە ئەو بەڵێنە دەدەن کە راونان وگرتن ولێپرسینەوە نەبێت، بەڵام بۆ مەسەلەی نیشتەجێ کردنیان هەوڵ دەدەن چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە، ئێمە لە کۆتایی دا وتمان کە بەستراوەتەوە بە بڕیاری خۆیان، ئێمە ناتوانین ئەوانە ناچار بکەین کە خاکی کوردستانی عێراق بەجێ بهێلین، چونکە ئەمە مافێکی رەوای هەموو ئەو کەسانەیە کەوا راوئەندرێن، ئەبێ مافی ئەوەیان هەبێت بتوانن بچنە ولاتێکی تر وئێمەش رێز لەو مافانە ئەگرین، بەڵام قسەیان لەگەڵ دەکەین ئەگەر هاتوو خۆیان بەقەناعەتی خۆیان گەرانەوە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەوجا من لەو بارەیەوە حەز دەکەم بلێم ئەو پەنا هەندانە کە لە کوردستانی عێراق یاخود لە هەرێمی کوردستانن کێشەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە وکاریش دەکاتە سەر پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دەرو دراوسێ، ئێمە لەو بارەیەوە پێویستە زۆر بەووردی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی مافی ئەوانیش بپارێزین کە بێگومان لە دەست زوڵم وزۆرداری رایان کردووە، لە هەمان کاتدا کارێکی وابکەین کە ئەو دەوڵەتە دەرووردراوسێ یانە بەشێوەیەکی واله خۆمان نەوروژێنین کە مەترسی پەیدا بکات بۆ سەر هێمنی وئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ئەم پرسیارە لێرە تەواو. دێینە سەر پرسیاری سێ یەم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن کاک سەفەر محەمەد حسێن.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە کە پاش سەرهەڵدانی پیرۆز ساڵی ١٩٩١ کە زۆر خێزان چوونەتە ناو خانووی حکومەت وهەتا ئێستاش لە ناون وبڕیارێک هەیە کە دەربچن لە ناو ئەو خانوانە، هەروەها بوونە هۆی ئەوەی زۆر کەسی موستەحەق مان بێ خانوو بن، لەلایەکی ترەوە هەتا ئێستا لەوانەیە ئەوە چوار ساڵە هیچ کرێیەکیان لێ وەرنەگیراوە، پێشی ساڵێک لێرە لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتەمان خستەروو ئەوکاتە بەڵێنی دا کە چارەسەریەکی بۆ ئەو کێشەیە

بکەن، وابزانم هەتا ئێستا ئەو کێشەیە بەردەوامە و چارەسەر نەکراوە دەمانەوێ چارەیەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باڵەخانەی حکومەتی لە ڕاستیدا هەمووی بەپێی یاسا مولکی وەزارەتی داراییە، بەڵام چاکە ئەوە بزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم بارەی ئێستا هەیەتی پرۆژەی بینا دروست کردنی نییە وتوانای ئەوەی نییە خانوو بۆ هەموو فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات، واتە ئەو حسابەی جاران دەکرا پێش ڕاپەڕینەکە نابێ ئەو حیسابە بۆ حکومەتی کوردستان بکرێ، دووەم ئەو خانوانەی خەڵکیان تێدا دانیشتووە حەز ناکەم بیشارمەوە ئەوانە یان پێشمەرگەنە یان خێزانی شەهیدن چۆن ئەوانەیان گرتووە؟ و بەشێکی زۆر کەمی شایستەی ئەوە نین بۆ نموونە ئەگەر یەک خێزان دوو خانووی گرتووە یان سێیانی گرتووە یەک لێپرسراو دوو سێ خانووی داگیرکرد ئەوە شایستە نییە، بەڵام خێزانی شەهیدێک چۆتە ماڵی یەکێک کە سەر بە ڕژێم بوە سەر بە دەزگای استخبارات بووە، سەر بە ئەمن بووە یان سەر بە حکومەتی عێراق وسەربە بەعس بووە، لە بەر ئەوە ئەبێ ئێمە ئەم بابەتە جیا بکەینەوەو بزانین کێ شایانی ئەوە نییە لەو خانووانە دایە دەربکرێت، بۆ نموونە فەرمانبەرێک بێت بڵێ منیان بە زۆر لە خانوەکە دەرکردووە کە خانووی حکومەتییە ومن بێ جێ ورێ ماومەتەوە وهاتووم وپێشمەرگە هاتووە لە ماڵی من دانیشتووە، ئەگەر حاڵەتی واتەرح بوو بێ، لەوانەیە لەرێی پارێزگارەوە لە شوێنی خۆی دا چارەسەر کراوە دوو سێ کێشەمان هەبوو سەبارەت بە خانووەکە لە ڕاستیدا پێویستی بەوە کرد ئیجرائات وەربگیرێ و چارەسەر بکرێ، یەک خانوەکانی حکومەت وپەرلەمان بوو لێرە لە هەولێر ئەویش بۆ ئەوەی جێگەی وەزیرەکان وئەندامانی تیا بکەینەوە، بوو بە کێشەیەک کە هەمووتان ئاگاداری ئەم بابەتەن کە هێشتا تەواو نەبووە، زەحمەتە ئاسان نییە، چونکە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییە کێشەکانی تر یەکیان مەسەلەی خانوەکانی زانکۆی (دهۆک)ە ئەوەی تریش خانوەکانی زانکۆی سلێمانی یە، خانوەکانی زانکۆی سلێمانی وەکو من ئاگادارم لە کاتی خۆی کە زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە هەولێر خانووی حکومەت بووە، خەڵکی تریان تیا داناوە، هەم دیسان بە فەرمانبەر و خێزانی ئەفسەران دراوە، ئێستا ئەوەی من ئاگادارم پارێزگاری سلێمانی لیژنەیەکی دروست کردووە لە سلێمانی ئاگاداری ئەوانەی هەموو کردووە کە خانوەکان ئەبێ چۆڵ بکەن وتەسلیم بەزانکۆی بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن مامۆستایانی زانکۆی تێدا نشتەجێ بکەن، بۆ دهۆکیش مەسەلەکە هەمان شتە ومن دڵنیام هەوڵ ئەدەن چارەسەری بکەن، چونکە مامۆستایانی زانکۆ ئەبێ جێگەیان بۆ دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک د. ڕۆژ وەڵامی دایەوە من کەمێک تەواوکەری ئەو قسانەم هەیە، لە زەمانی حکومەتی

بەعسدا کە دۆلاری نەوت ئەرژایە ناو عێراقەوە ئەو کاتەش بریارێکی عێراقی نەبووە کە هەموو فەرمانبەرێک خانووی خۆی هەبێ، خانووی حکومی هەبێ، واتە بیدرێتێ هەندێک پرۆژەی گرنگ وەک کارگەیەکی گەورە بۆ فەرمانبەرو کرێکارەکان بۆ ئەوەی لە تەنیشت خۆیەوە بێت نزیکی ئیشی خۆیان بن وەک کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە، هەندێ خانوویان کردووە لە نزیک ئەوەوە حوکمی خۆجێیەتی کاتی خۆی کۆمەڵێکی کەمیان خانوو دروست کرد بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە زۆر پێویستە هاوکاریان بکرێ ونشتەجێ بکرێن ئەویش ئەدرا بە مامۆستای قوتابخانەکان لەگەڵ هەندێ سەرۆک فەرمانگەکان پاش ئەوە عێراق بەرە بەرە پاشە کشێی کرد لەو سیاسەتە، وورده وورده کەوتنە فرۆشتنەوەی خانووەکانی بەو کەسانەی کە تێدا دائەنیشن یا بەو کەسانە ئەچنە موزایەدەوە و دەیکرن، واتە ئەو پلانە کە عێراق کاتی خۆی بەکاری هێنا بۆ دروست کردنی خانوی حکومی ئەوەی بیدا بە فەرمانبەر ئەویش خۆی پەشیمان ببوبوه وه، ئیتر نامەوێ پتر درێژە بە قسەکانم بدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر بۆ جەنابی روون بێت لە ناو پرسیارەکەدا مەسەلەی بەکرێدان هاتووە و دەڵێ ئەوە دوو ساڵە ئیجارەکانیش وەرناگیرێنەوە لە زۆربەی زۆریان، لەوەش زیاتر ئەگەر روون کردنەوەیەکی تر هەیە فەرموون.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەرەسمی تیایەتی لەلایەن حوکمی خۆجێیەتی پارێزگاکان و وەزارەتەکان دراوە بە فەرمانبەرەکانی خۆیان هەمووی کرێ وەردەگیرێن، بەڵام کرێیەکەیان رەمزین پارەی زۆر کە من بۆ نموونە هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان فەرمانبەرن ولە خانووی حکومەتن کرێ کانیان مانگانە (٢٥٠) دینارە هی هەموویان ئەمە شتێکی رەمزیە ئێمە ئەبێ چاویک بەوەدا بخشێنینەوە بۆ ئەوەی وابێ هیچ نەبێ بەشی چاک کردنەوەی ئەگەر هەمووشی نەکات سەری نیوەی خانووەکانی پێ چاک بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەی بەڕێز جێگری ئەنجوومەنی وەزیران من مەبەستم خێزانی شەهیدەکان نییە یان چەند لێپرسراوێکی گرنگ، وابزانم لیستەیەک لەلای منە بەسەدو هەندە خانووە، وچەند کەس کرێی نەداوە، لەوانەیە لە سەد کەس سێ چوار کەس کرێ نادات دەبێ هەوڵ دەین ئەو کرێیانە هەموویان وەربگرین و چی دی ئەم کارە بە بەرەڵلایی نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە گومانی تێدا نییە ئێمە بەپێی توانای خۆمان و حکومەتەکەمان هەوڵی ئەوە دەدەین بەدوای

ئەو بابەتەدا بچین وئێمە بەیاری خوا لە داهاتوودا وادەکەین ئەو کەسانەی تا ئێستا کرێیان نەداوە کرێیەکانیان لێ وەربگرین ورەنگە ئەندامانی پەرلەمانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو بابەتەش تەواو، سوپاستان دەکەین بۆ وەڵامدانەوەکانتان، وبابەتێکی ئاوارەکانمان هەیە، جا ئەمێنێتەوە سێ پرسیاری تر، دووانی ئابوورییە، بێن جەنابی وەزیری ئابووری وای بەباش زانی کە لەسەر پرسیاری پێنجەم قسە بکا پێش ئەوەی کاک شێخ یەحیاش دەست بکات بە پرسیارەکەی دەڵێم ئێمە بەردەوامین لەسەر نهێنی ئەم دانیشتنە. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرسیارەش هەر سوربوونە لەسەر بەرژەوەندی گەنجینەی حکومەت، پاش پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ئاشکرایە کە بەدەها کۆمپانیای بازرگانی لە هەرێم دامەزراون، ئەو کۆمپانیانە مامەڵە دەکەن تەنیا بازرگانی نا بەدەیەها ملیۆن دینار ئەگەر بەسەدەها ملیۆن دینار نەبێت، خواردنەوە و بازرگانی گشتی خواردەمەنی زۆرە لە کوردستان، ئێستا ئیش وکاری ئەو کۆمپانیانە بەجۆرێکی یاسایی پێویستە مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی ئابووری، بڕوانامەی دامەزراندن هەبێ پاش تۆمارکردن لە وەزارەت عەقد هەبێت لەگەڵ وەزارەتی ئیش وکاری وان درێژە پێدانی تێدا هەیە، ئەو کۆمپانییانە پێویستە ئەنجوومەنی کارگێڕیان هەبێت یا بەڕێوەبەری موفەووەزی هەبێت، هەروەها راوێژکاری یاسایی هەبێ ژمێریاری هەبێ هەروەها مل کەچ بن بۆ جۆرێک چاودێری و وردکاری رەسمی، ئەم ئیشانە بۆ وەرگرتنی باج، بەتایبەتی باجی دەرامەت زۆر گرنگن ئەو شتانە، بەڵام تاکو ئێستاکە ئەمانە رێک نەخراون دەبێ بۆ چاک کردنی باری داراییمان رێک بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەداخەوە ئەیلیم هەندێ رەخنەم لەسەر شێوازی نووسینی پیشەکی قسەکانی کە نووسراون هەیە، بۆ نموونە دەڵێ (إلا إنه يظهر أن الوزارة في شدة كرمها اكتفت بمنح الأجازة فقط قد يكون لعدم حاجتها للأموال أو حالة الرفاه والادخار) ونازانم چی نووسراوە (للمستوى المعاشي لمنتسبي حكومة أقليم كوردستان)، واتە ئەوە هەر بەڕێزێک لە بەڕێزان پرسیارێکی دیاری کراویان هەیە، ئێمە ئامادەین بە هەر شێوەیەک پێویست بکات وەڵامی بدەینەوە بە کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ بەڕێزتان روو بەروو، بەڵام بەو شێوانە نا، چونکە ئێمەش ئەو کاتە مافی خۆمانە بە هەمان شێوەزار وەڵامی بدەینەوە وئێمە ئەوەمان پێ باش نییە، بەڕێزان مەسەلەی کۆمپانیاکان، کە دەستمان بەکاری حکومەتی یان اداری کردووە لە کوردستاندا پاشماوەیەکمان بۆ ماوەتەوە کە

کۆمپانیاکان کاتی خۆی لە زەمانی حکومەتی رژێمدا مۆڵەتیان هەبووە ئیجازەی رەسمە تۆماری کۆمپانیاکان هەموو شتێکیان کردووە، ئێستا بەڵگەنامەی تەواوی خۆیان هەیە کە ئەوانە بەپێی یاسای عێراقی تۆمار کراون ئێمە ئێستا مافی ئەوەمان نییە مافی کارکردنیان لێ بسێنینەوە، تەنیا ئەوە نەبێ بۆ اجراءات بۆ ئەوەی جارێکی کە ئێمە کونترۆلی ئەوانە بکەین سێ جار لە رادیو و تەلەفزیۆن ورۆژنامەکاندا بانگەوازمان دەرکردووە بۆ ئەو کۆمپانیانەی لە کوردستاندا کاروباری بازرگانی ئەنجام دەدەن، بە زووترین کات بێن پەیوەندی بە وەزارەتی ئابووری ودارایییەوە بکەن، بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانیان رێک بخەین، هەندێک بە دەنگەوە هاتن هەیە، هەندێکی نایکات، ئینجا ئێمە هەندێ جار ناتوانین ئیجرائاتی راستەوخۆ بکەین، بۆ نموونە بڵێین کۆمپانیای فلان کە ئەوە تابلۆکەی هەڵواسیوە بە قەدەر چەند مەتر دووجا گەورەیە، لەسەر جادە نووسیویەتی کۆمپانیای نازانم چی بۆ بازرگانی گشتی، ئێمە هەندێ جار ئیجرائاتمان مەحدود دەبێ بۆ ئەوەی رێگە لە بزوتنەوەی بازرگانی نەگرین، چونکە ئێمە خۆمان لە قەیراندا دەژین ئێستا، ئەگینا ئێمە زۆر بە ئاسانی ئەتوانین لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل قسە بکەین وبڵێین ئەم کۆمپانیانە یاساغن لەوەی کە کاروباری بازرگانی بکەن، هەتا نەیەن وتۆماری کۆمپانیاکانیان نەکەین، هەوڵدەین یەک هەفتە خەڵک نەچێ بۆ ئەوەی خواردەمەنی وکەرەستەی پێویست بێنێت بۆ کوردستان نرخی هەموو شتێک ئەفرێ، ئەڵێن بۆ واتان کرد؟ لەبەر ئەوە ئێمە ئەو شتانە هەنگاو بە هەنگاو ئەکەین وئەوکۆمپانیانەی کە تازە دائەمەزرێن لە کوردستاندا دێنە لای ئێمە بەپێی ئەو وەسفانەی بەرێز کاک سەفەر نووسیویەتی بەو هەنگاوانە هەمووی جێبەجێ ئەکەین، تۆماریش ئەکرێن وعەقدیشیان هەیە رسومی خۆشی ئەدا ئینجا ئەچێتەوە کاروباری خۆی ئەکا، ئەوە بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە تازە دائەمەزرێن هەندێ کۆمپانیاش هەنە وەک باسم کرد کۆن دامەزراون مەسەلەی باجی دەسکەوت، ئەگەر ئەو برایانە بفەرموون کاتی خۆشی ئێمە هەر لێرە باسی ئەوەمان کرد کە چەند کات باجی دەسکەوت لە کوردستان زیادی کردووە، واتا داهاتەکەی زیادی کردووە ئەو زیادە داهاتانە هی ئەوەیەکە ئێمە بزاڤی بازرگانی باجی دەسکەوت وەردەگرین، ئەگەر وانەبێ خۆ ئێمە لە یەک فەرمانبەری ئەو وڵاتە باج وەرناگرین، لە یەک جوتیاری ئەم وڵاتە باجی دەسکەوت وەرناگرین، ئەی کێ مایەوە؟ باجی دەسکەوت لە بازرگان وەرنەگرین وئێمە حەوت سەد جار بە قەدەر سالآنی پێشوو باجی دەسکەوتمان زیادی کردووە لە کوردستان، هەر چەندە ئەو پارەیە زیاد بکات هەر ناگاتە ئاستێک کە پشتی پێ ببەسترێ، هەموو دکتۆرەکانی ئەم وڵاتە لە باجی دەسکەوت عەفوو کراون، هەموو خاوەن عیادەکان هەموو خەستەخانە تایبەتییەکان، شتێک نەماوە ئێمە باجی دەسکەوتی لێ وەربگرین، بۆیە هەر ئەو پرۆژەیە کاتی خۆی پێشکەشمان کردبوون بۆ چاوپیاخشاندنەوەی مەسەلەی باجی دەسکەوت بوو، لە بەر باری ئابووری جارێ ئەویشتمان دواخست ئەگینا باجی دەسکەوتیش وەردەگیرێ وبەتایبەتی ئەمرۆ لە کوردستاندا باجی دەسکەوت تەنیا لە بازرگانی هەژار وەردەگیرێ، چونکە کەسێ کە بەو شێوەیە ئەو توانایەی لە ژێر

دەست نییە ئنجا ئەو کۆمپانیانەی کە باسی دەکا هی جگەرە و خواردنەوە هی ئەو بازرگانە عێراقیە گەورانەن کە ئێستا لە تورکیا دانیشتوون خوێن مژینەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو ساڵ ونیو رەت بوون بەسەر تەمەنی حکومەت کافیە، کە شتی وابێت کار لە باری بازاڕ بکات. دەبوایە زۆر پرۆژەی کۆمپانیای هەرێم جێبەجێ بکرایا و کۆنترۆڵی نرخی ئەو سەرمایەدارانە کرابا کە وادەست بەسەر بازاڕدا دەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ بەدواداچوونێک لای وەزیر نییە، ئەو پرسیارەشمان تەواو، پرسیاری پێنجەم لەلایەن کاک شێخ یەحیا بەرزنجیەوەیە، با گوێمان لە تێبینییەکەی بێت. کاکە شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەمەوێ ئەوە بگەیەنم دە دیناری وپێنج دیناری وەکو دراوێکی تایبەتی وایە ئەمڕۆ تەنها لە کوردستانی عێراقدا مامەڵەیان پێ ئەکرێت، شتێکی کە ئەمەوێ بێنمەوە یادی بەڕێزتان، دەربارەی نرخی(٢٥) دیناری پێش هەڵوەشاندنەوەی نرخی زیادی کرد، وای لێ هات هەزار دیناری(٢٥)دیناری گەیشتە(١٢٥٠-١٣٠٠) ماوەی پێشتر هیچ مامەڵەیەکی بازرگانی بۆ گۆڕینەوەی شتومەک بە پارە (١٠) دیناری و(٥) دیناری وەرنەدەگیران، ئێستا ماوەیەکە شان بە شانی دۆلار دەیی وپێنج دیناری وەرئەگیرێن، ئەمەش ڕۆژ بەڕۆژ کەم کەم نرخی دینار بەرز ئەبێتەوە بەرامبەر بە دۆلار، بەراستی ئەمە وەکو سەرەتایەک ئەبینم بۆ ئەوەی(١٠- ٥)ی بە هەمان دەوری (٢٥)یەکەدا بڕوات هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەکێشرێتەوە ئەمڕۆ تەماشا ئەکەی لە بازاڕ (٥ -١٠)دیناری ئەگەر لە بازرگانەکان لە خەڵکی ناو بازاڕ پرسیار بکەن بە ئاشکرا پێت ئەڵێن (١٠- ٥)ی کەمی کردووە لە بازاڕدا، بۆیە ویستم ئەوە بخەمە بەردەمی بەڕێز وەزیری دارایی، ئەو هەوڵەی کە ئێستا ئەدرێ بۆ کێشانەوەی (١٠-٥)دیناری بەڕێزتان چ ئامادەییەکتان هەیە؟ هەروەها بۆ ئەو کاتەی بۆ ئەوە چاوەڕوانییەی کە ئەکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی(٥ -١٠) دیناری، بەڕێزتان چ ئامادەکاریەکتان وەرگرتووە؟ لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو کێشەیەی کە بەڕێز کاک شێخ یەحیا خستی یە پێش چاو پرسیاری دەربارەی ئەوە کردووە کێشەیەکی یەکجار گەورەی ئەو وڵاتەی ئێمەیە، کێشەی هەموومانە کێشەی ئابووری وڵاتەکەیە ئەمە مەسەلەیەکە هی هەڵوەشاندنەوەی(٢٥)دیناری یەو، ئەو ماوە پەیدا بوو کە

ئەگەری ئەوە هەیە مادام رژێم بویری ئەوەی کرد بە شتێک لەو پارەی کە کاتی خۆی لە بازاردا لە ئاڵ وگۆردا بوو بکێشێتەوە، هەڵبەت هەر رۆژی بیەوێ ئەتوانێ ئەو جۆرە پارانەی کە لە وڵاتی ئێمەدا بە کاردێن بکێشێتەوە، وەبرادەران لە چاپکردنی هەڵەیان کردووە نووسیتیان دیناری سویدی لە جیاتی سویسری، ئەوەش ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هەیە، خۆی ئەو دیاردەیەی کە کاک شێخ باسی کرد سەرنج راکێشە، کە لە کاتی خۆشی دیسانەوە جۆریک لە چرپە هەبوو بە نا رەسمی ئێمەشیان بانگ کرد بوو، بەڵام کاتەکە وا کەوتبوو ئێمە فریانەکەوتین بچین بەشداری بکەین داوامان کرد کە کۆبوونەوەیەکی تر بکرێ وئێمەی تێدا بەشداری بکەین مەسەلەیەکە هەم لای خۆمانەوە گرنگی تەواوی پێدراوە هەم لە دەرەوەیش و هەم لە لەلایەن دۆستەکانمانەوە گرنگی پێ دراوە، چونکە دەزانن ئەوە ببێ ئێمە چیمان پێ ئەکرێت وچی ئەکەین، کاتی خۆی ئێمە بیرمان لەوە کردەوە ئەگەر پێیان بکرێ یەدەگێکی دۆلارمان هەبێت بۆ ئەوەی لە رۆژی لێ قەومساندا پاڵپشتی هەر بریارێک دەبێ کە ئێمە بیدەین وا پێشنیار دەکەم لیژنەیەک لە پسپۆرانی وەزارەتی دارایی و پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان کۆببنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رازیم بەو پێشنیارە دابنیشین لەگەڵ وەزارەت وپسپۆرەکان قسەی لێوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پرسیارو وەڵامانەی کە لە پەرلەماندا دەخرێنە روو زۆر باش دەبن ئەگەر بگەینە ئەنجامێک، ئنجا ئەو پێشنیارەی لە دواییدا بەڕێز وەزیری دارایی پێشکەشی کرد بەلای منەوە پێشنیارێکی زۆر باشە، لە جێی خۆیەتی، کەوا پسپۆرەکانی وەزارەت وپەرلەمان وهی دەرەوەی وەزارەت وپەرلەمان کۆببنەوە بۆ ئەوەی لەو کێشەیە بکۆڵینەوە، پار زۆر کۆبوونەوە لەو بارەیەوە کرا من حەز دەکەم تەنیا پرسیاری ئەوەی لێ بکەم ئێمە بۆچی لە مەولا مامەڵە بەو پارەی حکومەتی عێراقیش نەکەین کە چاپە؟، بۆچی ئەوەش نەهێننە ناو بازار بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە کەم ببێتەوە، واتە بەو نرخەی کە لە بازار هەیتی، چونکە ئەگەر بەوشێوەیە بێت مەسەلەکە وەکو مەسەلەی (٢٥) دیناری لێ دێت، مەسەلەی (٥ ـ ١٠) دیناری لە پڕ کە حکومەتی عێراق بیان کێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، بەڵام وابزانم وەزیری دارایی ئازادە خۆی ئەگەر وەڵام بداتەوە، هەمیشە ئەو بابەتانە تەنیا پەیوەندییان بەوانەوە هەیە کە پرسیارەکە دەکەن، بەڵام ئەگەر وەزیر خۆی بیەوێ ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێـز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بێگومـان من پێم باشە ئەگەر بەڕێز د. کەمال رازی بێت، ئەوەش بەشێکە لەو لێتوێژینەوەیە کە لەگەڵ لیژنەی ئابووری وپسپۆران دەکرێت، ئەو کاتە وەڵامەکەی هەمووی ئەهێننەوە بۆ بەردەمی ئێوەی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر باشە پاشان وەکو وتمان جێگا ورێگای بۆ دیاری بکرێ ودەعوەتی پسپۆڕان بکرێ، دوا پرسیار لەوەزارەتی رۆشنبیرییە، کاک ئەحمەد پرسیارێکی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــید:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرسـیـارەکەم ئاراسـتەی بەڕێز وەزیری رۆشنبـیـرییـە، لەبەر ئەوەی شوێنەوارەکـان لە ئەسـتـۆی وەزارەتەکەی بەڕێز دایە، شوێنەوار و خانەکان و یادگارییە دێرینەکان شانازی و بەهایەکی گەورەی مێژووین و بایەخێکی گەورەی نەتەوایەتییان هەیە، چونکە بروام بەوە هەیە گەلێک چاو لە ئاستی رابردوودا بنوقێنێ ئەوا بێگومان چاو بە داهاتویەکی تاریک هەڵدەهێنێ، تەماشا دەکەین قەڵاکە نیشانەیەکە بۆ شارێکی هەرەدێرین لە جیهاندا کە تا ئێستا شارستانی وژیاری تێدا بەردەوامە، بەڵام رۆژ بەرۆژ بەرەو وێرانە بە کـەلاوەیی دەمـێنێـتـەوە یاخـود زۆر ئاسـەواری ترمـان هەیەو دەردەهێنرێن و ئاو دیو دەکرێن، ئایا وەزارەتی رۆشنبـیـری لەم بارەیەوە بۆ قەدەغـەکـردنی ناردنە دەرەوەی ئەو ئاسەوارانە چی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـــال عـــەبدول/ وەزیری رۆشنبـیـــری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشەکی ئەمەوێ سوپاسی بەڕێز کاک ئەحمەد سالار بکەم کە ئەو پرسیارەی ئاراستە کردم، لە راستیدا دەمێک بوو خۆم بەرنامەیەکم لە بارەی ئەو کێشەیە وگیروگرفتانەی کە هاتوونەتە رێی وەزارەتی رۆشنبـیـری وئەمـویست پاش ئەوەی ئەو هەوڵ وکـۆششـانەی کـە بۆ جـێبـەجێ کـردنی وهێنانەوەی ئەو خواست وداخوازیانەی کە پێویست بوو کردم وهەندێکیان تا ئێستاش بێ بەرهەم وبێ سوود بو و وتم پەنا بەرمە بەر ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێز، بۆ ئەوەی کە ئەو مەترسیانە بخەمە بەرچاو داوای کۆمەک وهاوکاریەکی دلسۆزانەیان لێ بکەم بۆ ئەوەی کە خۆیان چاویان بەو مەترسییە بکەوێت بەتایبەتی مەترسی شوێنەوار، بۆیە داواشم کرد وحەزیشم کرد کە دانیشتنەکە نهێنی بێ، چونکە لە راستیدا گەلێک شتی تێدایە کە رەنگە مەترسی ترسناک کردنی کێشەکەی تێدا بێت، ئنجا پرسیارەکەم پێ گەییشت، لە راستیدا بەنووسین وەڵامم دایەوە ئەگەر رێگام بدەن حەز دەکەم بەخێرایی بیخوێنمەوە، چونکە رەنگە کۆمەڵێک خاڵی گونجاوی تێدا جێگیر کرابێت وبۆ ئەوەی بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان:-

راپۆرتەکەی خوێندەوە، ئەوە وەکو تەواو کردنێکی باسەکە شتێکی گرنگ کە لەم ڕۆژانە دوێنی وپێری هاتە ڕیمان بیخەمە بەرچاو بۆ زیاتر بایەخ پێدانی باسەکە کە ئەویش ئەوەیە بێگومان پێویست بەباس کردنی هەندێ شت ناکات کە پیلانێکی گەورە هەیە بۆ لە ناو بردنی شوێنەوارەکانی کورد بەتایبەتی لە موزەخانەکانی عێراق، ئنجا ئەمە پیلانێکە پیلانێکی هەرێمی یە دەتوانم بڵێم بەتایبەتی ڕژێمی عێراق لەگەڵ ئێران لەگەڵ هەندێک کەسی بازرگان کە هەموو شتێک ئەکا بەداخەوە تەنانەت لەم ڕۆژانەدا (٣٩) پارچەیەیان بردووە یەکێ لەوانەی کە زۆر گرنگە کە للە سەرەکەی مرۆڤی نیاندرتاڵ بوو کە لە ئەشکەوتی شانەدەرا دۆزرا بووەوە کە یەکێکە لەو بەڵگە مێژوویانەی کە کۆنییەتی کورد ئەسەلمێنێ وشارستانیەتی کورد لە مێژووی میزۆپۆتامیا ئەسەلمێنێ بە(١٥٠)هەزار دۆلار فرۆشراوە وجگە لەوە خۆیان (٣٩) پارچەیان لەو بابەتانە هێنابوو، وراپۆرتێکی دوورو درێژم لایە کە لەو بارەیەوە نووسیویانە خۆیان قوتابی بوون لە زانکۆی بەغدا وخستوویانە بەر چاو کە نیاز وایە لەم نزیکانەدا هەندێک شوێنەوار هەیە لای دەربەندیخانەوە کە بە هاوکاری هەندێ کەس و ناوەکانیشیان لایە بە ڤیدیۆ بەگەڵێ شتی تر وێنەیان گرتووە و لەڕێی پێنجوینەوە نێردراوە بۆ ئێران ونیازوایە کە بەشارەزایان خۆیان بێن وئەوانەی لە سەر نرخ و شت ڕێک بکەون عەقدیان لەگەڵدا بکەن وشوێنەوارەکانمان تاڵان بکەن وگەلێ دەنگ وباسمان لە زۆر شوێنی ترەوە بۆ هاتووە کە وابزانم هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەوەن لەوانە لە بیتوێن مرۆڤی مۆسیا کراو دۆزراوەتەوە کە ئەمە ڕەنگە هی سەردەمی فەرعونیەکان بێ و دوور نییە کۆنتریش بێت، بەڕاستی میللەتێک کە شوێنەواری خۆی نە پاراست، واتا میللەتێکی هۆشیار نییە، حەز دەکەم بڵێم ئەمە شتێکی ترسناکە، پێویستە هەموو کارێک بکرێت لە پێناوی پاراستنی شوێنەوارەکانی خۆمان لە چنگ فەوتان و ناردنە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی وەزیری ڕۆشنبیری بەڕێز ئەکەین بۆ مشوورخۆری وخەمخۆری، دڵنیای کردینەوە وئێمەش هەمیشە ئەوەی کە فەرمووی پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئێمە بتوانین لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان وەزارەتی ڕۆشنبیری یا بە هەموو لایەک کەوا بانگەشەیەکی جیهانی بکەی بۆ کۆمەک کردنمان بۆ پاراستنی وچاک کردنەوە ودروست کردنەوەی ئەو شوینەوارانە بەتایبەتی کە ڕێکخراوی یونیسیف کە ئەرکەکانی بریتییە لە پاراستنی ئەو شوینەوارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، ئێستاش بە دواداچوونێک هەیە لەلایەن جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری. فەرموو.

**بەڕێز جەمال عەبدول/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەر بەو بۆنەیەوە پێشنیار دەکەم و دەیخەمە بەردەمی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئنجا ئەگەر ئێوەش بفەرموون کە پشتگیرمان بکەن پۆلیسێکی تایبەتی دابنرێت بۆ پاراستنی شوینەوارە تایبەتییەکان، چونکە وەکو وتم بە هیچ جۆرێک نەبەنووسین نە بەسەردان نەبە چوونە لاو روو بە روو بوونەوە کەس نایەت بەدەنگمانەوە، ئینجا یان هیچ نەبێ ئەگەر یارمەتیمان بدرێ لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کە حەزم کرد کاک دارۆ خۆشی لێرە بوایە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان هیچ نەبێ پاسەوان بگرین، ئینجا من پێشنیار دەکەم کە پۆلیسی تایبەتی لەجێگای شوێنەوارەکان دابنرێ لە خەڵکانی رۆشنبیر وخویندەوار بن ولەو خەڵکانەی کە بێ ئیش دەسورێنەوە ورێزی شوینەوار دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر، ئێستاش کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالارعەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەکەین کە لە هەموو شوێن و وڵاتان دا پۆلیسی تایبەت هەیە بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان ئەو پۆلیسانە هەڵ ومەرجی تایبەتییان هەیە کە لە بارن بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، لە بەر ئەوە هەر بەناوی لیژنەی رۆشنبیریشەوە لە پەرلەمان داوا دەکەین کە بریارێک بدات بۆ دانانی ئەو جۆرە پۆلیسی شوێنەوارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیری رۆشنبیری پرۆژەکەی ئامادە کرد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەگەر پێویستی بە بریارێکی پەرلەمان بوو، وابزانم گوێت لێ بوو کاک ئەحمەد بەگەرمییەوە پشتگیریت دەکات، ئەمە هەر کاتێک ئەو شتانە ئامادە بوون ئەوە باوەڕ ناکەم لێرە درێخی بکرێ، سوپاسی جەنابی وەزیری رۆشنبیریش دەکەین بۆ ئەو وەڵامە، سوپاسی برایان ئەکەین کە هەموو لایەک تێبینی و پرسیاری خۆی کرد، وابزانم ئەو خاڵەش تەواو بوو و، ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی دووەم کە گفتوگو کردنە لەبارەی پەنا بەرانی کوردستانی باکوورەوە لە دهۆک، وداوای یارمەتی دانیان لەلایەن پەرلەمانەوە کە فراکسیۆنی پارتی لە کۆبوونەوەی ١٩٩٤/١١/١ دا وەک تازە بابەت پێشنیاری کردبوو، وابزانم ئەو پرسیارە پێویستی بە باسکردنی نهێنی نییە، جا ئێمە لێرەوە دانیشتنەکەمان بە ئاشکرا دەبێ، ئاگاداری راگەیاندن بکەنەوە تا بێنەوە ژوورەوە، بەڵام پێش ئەوە ئەگەر برادەرانی وەفدەکانی پەرلەمان بۆ شەرگەکان و بۆ شارەکان کاتی خۆی، ئەگەر دوای دانیشتنەکە سەردانمان بکەن، چونکە ئێمە سبەی دانیشتنێکمان هەیە باپێشتر یەکتر ببینین کێ لێپرسراوە، وابزانم کاک حازم لێرە نییە، کاتی خۆی بۆ میحوەری رانیە برادەر هەبوو بۆ هەولێر، بۆ

سلێمانیش جا برادەران با لە نێوان خۆیاندا یەکێک یا دوو کەس دەستنیشان بکەن ئەگەر زەحمەت نەبێ، یا حەز دەکەن بەیەکەوە، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆن، دانیشتنێکی گچکەمان هەیە لەگەڵیاندا.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پێشنیارەکە دەنگی لەسەر دراوە لەوانەیە برادەران هەبن کە قسەی لەسەر بکەن، مەبەست ئەوە بوو، ئەو کوردە ئاوارەی کە لە تورکیا ئاوارە بوون وهاتوون ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو پەرلەمان دەستێکی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین و، وەکو ئەندامانی پەرلەمان هەر یەک بەپێی توانای خۆی شتێک تەبەروع بکات وداوا لە حکومەتیش بکەین کە یارمەتیەکمان بدات، جا حەز دەکەین ڕێگا بدەی بە برادەرانی تر ئەوانەی کە حەز دەکەن ناویان بنووسن قسەی لە سەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

پێشنیارەکە بەو شێوەیە، کە پەرلەمان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات، حکومەتیش مشووریان بخوات ودەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆتۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

وەفدێکی پەرلەمان سەردانیان بکات و یارمەتیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بۆ وەفدەکە، ئێمە وەفدێکی پەرلەمانیمان هەیە بۆ ئەو ناوچەیە، گەر هەر ئەوانیش ئەو ئیشە بکەن، ئەوە شتێکی باش دەبێ.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

وابزانم ئەو پێشنیارە زۆر پێشنیارێکی باشە، لە جێگەی خۆیەتی ورەنگە هیچ پێویستی بە زۆر لەسەر ڕۆیشتن نەبێت هەر یەکسەر بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئێمە هەڵمەتێکی یارمەتی کۆکردنەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەست پێ بکەین وپاش ئەوەی کە ئەو هەڵمەتە هی ناو ئەندامانی پەرلەمان کۆتایی هات وەفدێکی پەرلەمان بچێت ئەو یارمەتیانەیان پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەوانەی کە قسە دەکەن ناو نووسیان دەکەین، با دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە.. خاڵەکان ئاشکران کە ئەوەیە یارمەتییەک بدرێن ودووەم هەوڵ بدەین حکومەت پشگیریان بکەن، وابزانم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەندێ شتی باس کرد دەربارەی ئەوەی کە چیان کردووەو هەتا ئێستاش بەردەوامن، مایەوە وەفدێکی پەرلەمان سەردانیان بکات، کاتی خۆی باسێکی وامان کرد ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان هەیە لیژنەیەکی ئاسایی کردنەوە بەر لەوەی بگەڕێنەوە خراپ نەبوو

ئەگەر هەر ئەوان ئەو ئیشەمان بۆ بکەن، ئێستاش ئەوانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە باسەکەی وەلامی هەندێ لە پرسیارەکەی دامەوە، بەلام ئەگەر بوار هەبێ هەندێ شتی تر باس بکەین، ئەو خوشک وبرا ئاوارانە کەس و کاری ئێمەن، بەهۆی سیاسەتە شوڤێنستەکەی حکومەتی تورکیا لە خراپ کردن و ویران کردنی دیهاتەکانیان وسوتاندنی دەغڵ ودانیان ئاوارە بووینە و روویان کردۆتە کوردستانی ئێمە، روویان کردۆتە کوردستانی ئازادو فیدرال، کۆمەکی ئەوانە وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی ومرۆییە ئەرکێکی سەرشانی ئێمەیەو پێویستە ئێمە جولە بکەین بۆ ئەوەی پێویستەکانی ژیانیان بۆ دابین کەین، یارمەتیەکی باشیان بدەین، وەکو باسم کرد پەنا هەندەکی یەکجار زۆر لە دوو میحورەوە روویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، میحوەری زاخۆو میحوری شیلادزێ، دەبێ ئێمە بە هەموو جۆرێک یارمەتیان بدەین، دەبێ هەلمەتی پێبەخشینیان بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عیزەدین.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەگەل پالپشتی هەموو ئەو شتانەی کە باس کرا بۆ هاریکاری و یارمەتیدانی ئەو کوردە ئاوارانەی باکور وبۆ ئەوەی ئێمە ئاوارەی سالی ۱۹۹۱ شتێک لە وەفاداری بەرامبەر بەو کوردانە پێشان بدەینەوە، یەکگرتوویی کوردیش لە گۆشەیەکەوە نیشان بدەین، لەگەل هەموو ئەو پێشنیارانەم بەلام لە پال ئەو یارمەتیە داراییانە پێشنیارێکی ترم هەیە وەک بیستم لەگەل ئەو ئاوارانەدا کۆمەلێ قوتابی هەنە لە پلەی جیاواز و رەنگە زۆریش نەبن، ئێمە کە ئەمڕۆ تەنیا ئەمڕۆ لیستەی وەرگرتنی، قوتابیانی زانکۆکانمان دەرچووە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان پێشنیارێک بدابە وەزارەت کە بە خێرایی قوتابیەکانیشیان لە زانکۆکانمان وتەنانەت لە قوتابخانەکانیشمان وەربگیرێن وائەزانم لەرووی مەعنەویەوە کارێکی زۆر ئەکاتە سەر ئەو قوتابیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەهۆی باری شۆرش گەلی کوردستانی عێراق لەمێژە پارچەکانی تری کوردستان بونەتە شوێنی حەوانەوەو یارمەتی دانمان، بۆ چەندین سال هەزارەها خێزانی ئەم دیویان بە خۆوە گرتبوو کە

باشترین بەڵگە لە کۆرەوەکەی، ساڵی ١٩٩١ دا بە دەرکەوت، بۆیە لە جێی خۆیەتی ئێمەش بە هەمــوو توانەیەکی دارایی ومـەعنەوی پیـشـتـگیـری لە برایان ئاوارەکـانی پارچەکـانی تر بکەین بەتایبـەتی برایانی باکوور کـە ئێـسـتـا لە ناوچەی بادینانن، وەکـو پەرلەمـانـی کـوردسـتـان واچاکـە بەدەنگیـانـەوە بچین وسـەردانیـان بکەین، تاکـو ئەوەی لەتوانادا بێ پێـشـکەشیـان بکەین ولە گـەڕانەوەی ئەو لیــژنەدا راپۆرتێکی دوور و درێژ دەربارەی باری ئەو ئاوارانە پێـشـکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

سوپاس، فەرموو کاک حەسەن.

**بەڕێز حـــەســـــەن کـــانەبی خـــضـــر بلبـــاس:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

جەنابی جێگری سەرۆکی وەزیران و د. رزگار زۆر باسی ئەو بابەتەیان کرد ومن زۆر پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم کە ئێمە لە پەرلەمان دەستی یارمەتی درێژ بکەین بۆ ئەمان، ئەمە ئەرکێکی مرۆیی ونەتەوایەتی بەجێ دەگەیێنین، ئێـمـە قـەرزاری ئەوانین بەتایبـەتی ناوچەی بادینان قـەرزاری ئەو کوردانەن، هەر ناوچەی بادینان ئەزانن کەکاتی سەرهەڵدان ئاوارە بوون ئەوانە چیان بۆ ئەوخەڵکە کرد، ئەو جەمـاوەرە جا پارێزگاری دهۆک وجەماوەری دهۆک بەراستی کـەم تەرخەمیـان نەکردووە ئێستا بەردەوامن، بەڵام ئێمەش وەک پەرلەمان دەبێت هەڵوێستێکی ایجابی وەربگرین، یەکەم وەکو کـاک فـرەنسـۆ فـەرمـووی خـۆمـان پیـتـاک بدەین وپەرلەمـان خـۆی برە پارەیەک دابنێ، لیـژنەیەکی پەرلەمانی بچێ سەردانی ئەوان بکات، بەڵام ئێستا ئێمە لە سەرەتای وەرزی زستانداین، ناوچەی ئەتروش خـۆم بەڕێوەبەری ناحیـە بووم لە ئەترووش ئەزانم ئەو جێگەی ئەوان لێی نیـشـتـەجێ کراون سـاردە و بەفـری لێ ئەبارێت (٤٠٠-٥٠٠) خـێـزان لەوێ دانراون راسـتـە چادریان بۆ دابین کـراوە، بەڵام بەڕای من چادر بەس نییـە وناتوانن لەو چادرانەدا بژین ئەوانەی ناوچەی زاخـۆش وهەرچەند جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوانەی ئەویش دیسان ناتوانن لەوێ بژین، بەڕای من ئەو لیژنە پەرلەمانیەی کە دەچن لەگەڵ پارێزگاری دهۆک گفتوگۆ دەکەن جێگایەکی تر بۆ نیشتەجێ کردنیان دابین بکەن، من پێشنیار دەکەم قەڵایەک لە ئاکرێ هەیە بیاندەنێ بۆ ئەوەی تیایدا نیشتەجێ بن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جــــــەمـــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بەبێ هیچ جۆرە سۆزێک ئێمە راستیـەک هەیە دەبێ بیلێین ئەویش ئەوەیە ئەوانە بوونەتە قوربانی شـــــەڕیی(p.k.k) و تورکـیـا، بەهۆی ئەم شـەڕە سـەرومـالیـان لەمـەترسـیـدایە لە ترسی کـوشتن وسـوتاندنی مـاڵومـولک هاتوونەتە کـوردسـتـانی ئازاد کـراو، بۆیە دەبێ بەهەمـوو توانایەک

یارمەتیان بدەین، ئەم یارمەتیەش بەدوو رێگا دەبێ، رێگایەک ئەوەیە حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات ئەوانە لە ناوچە سنوریەکان بگوازێتەوە بۆ ناوەوەی هەرێم ـ هەولێر. رێگایەکی تریش ئەوەیە لە ئاستێکی بەرزەوە، وەک پارێزگاری دهۆک پەیوەندیی بە بەرپرسانی تورکیا یان لەگەڵ پارێزگاری (شەرناخ) یان (جوولە مێرگ) بکرێ قسەیان لەگەڵدا بکرێ کە ئەگەر ئەوانە بە نیازی خۆیان دەگەرێنەوە ژیانیان بۆ دابین بکرێ ومەترسیان نەبێ وهیچ لێپرسینەوەیەک نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک بەکر.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێویست ناکات پێشەکیەک لەو بارەیەوە بڵێم، تەنیا بە چەند خاڵێک دەست پێ دەکەم یەکەم پێشنیار دەکەم حکومەت بودجەیەک تەرخان بکات بۆ یارمەتی دانی ئەو ئاوارانەی کوردستانی تورکیا هاتۆنەتە ئێرە، هەروەها بۆ ئەو ئاوارانەش کە لەم رۆژانە لە کەرکووک وشوێنەکانی تر هاتۆنەتە سنووری هەرێمی کوردستان، دووەم لە لایەنی مانگی سووری کوردسانەوە هەڵمەتێک بکرێ لە شارو شاروچکەکان لە گۆڕەپانەکاندا خێوەت هەڵبدرێ، داوای کۆمەک بکرێ لە سندوقێکی تایبەتی کۆبکرێتەوە بۆ هەمان مەبەست، سێ یەم داوا لە وەزارەتی ئەوقاف بکرێ کە لە رێگەی مامۆستا ئاینیەکانەوە لە رێگەی إمام و خەتیبەکانەوە لە رۆژانی هەینی لە مزگەوتەکاندا داوا لە خێرخوازان بکەن بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هەمان مەبەست، هەروەها لێرە حکومەتی هەرێم داوا لە مانگی سووری تورکی بکا کە دەوڵەتی تورکیا کە خۆی بۆتە هۆی ئاوارەکردنی ئەو خەڵکانە دەبێ چارەسەری ئەم کێشەیەش بکا، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کوتلە وابزانم ئەو بابەتەی خستمە پێش چاو ولە تازە بابەت باس دەکرێت دەڵێن فلان کەس ئەم بابەتەی خستە روو، هەرچەندە پێشتر د. رزگار لە پرسیارەکەی کە نزیکەی هەموو وەڵام درایەوە و بابەتەکە بە تەواوی لەوێ گفتوگۆ کرا، بەڵام من حەز دەکەم قسەی لەسەر بکەم، وادیارە کە قەدەر هەتاکو ئێستا بۆ ئەو میللەتەی نووسیوە تووشی ئازارو وناخۆشی ونەگبەتی ودەربەدەری ببێ، نزیکەی (١٠) هەزار کەس کوردی کوردستانی تورکیا خاکی خۆیان بەجێ هێشتووە ورویان لە کوردستانی ئازاد کردووە، لێرە لیستەیەکی موفەوزییەتی باڵای (المفوضیه العلیا) کاروباری پەنابەرانی سەر بە(un)م پێیە بە ژمارە تیایەتی، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە گەیشتوونەتە چەند شوێنێک هەر بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین (١٩٨٨) خێزان گەیشتووەتە کوردستان بەژمارەی (١٠٥٣٠) کەس لەوانە (٥١٨٠) کەسیان منداڵن. دەبێ بەزووترین کات یارمەتی

ئەوانە بدرێت لەلایەنی نیشتەجێکردنیان و دابین کردنی ئازووقە بۆ یان و ئاگاداریی (U.N) بکرێت کە کۆمەکێکی تەواویان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو پەریخان.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم هەر یەک خاڵی بخەمە سەر، ئەویش ئەوەیە ئێمە بەڕاشکاوی دەڵێین کێشەی کوردی باکوور..... تەنیا بۆ مافی مرۆڤ نییە، میللەتی ئێمە لەوێ هەردەم ژێر دەست بووە، هەردەم لە ژێر تیرۆردا بووە ، مانگی پێشوو نوێنەری مافی مرۆڤ لە ئەمریکا هاتوەتە تورکیا چۆتە دیار بەکر ونوێنەری دووەمی لیژنەی هیلسنکی لەکۆنگریس ئەویش چاو پێکەوتنیان لەگەڵدا نەکردوە، واتە ڕەوانەیان کردوتەوە ،بەراستی ئەم کێشەیە زۆر گەورەیە، هەر تەنانەت (تانسۆ چیلەر) خۆی لێدوانی داوە ئەڵێ هیلیوکۆپتەر (پ.ک.ک)ی بۆردومان کردووە، هەرچی ڕۆژنامەوانییە دژی وەستاوون، واتە ئێمە بۆ چی نەڵێین میللەتی ئێمەیە لەوێ بەراستی مافی یان پێشێل دەکرێ، بۆچی ناوی (P.k.K) بێنێت کێشەکە کێشەی میللەتێکە، واتە قەزییەکی ئاسان نییە، کێشەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە بەڕای من پەرلەمان با داوا لە حکومەتی تورکیا بکات کە ئەم تیرۆرە بوەستێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کێشە نییە، بەڵام کێ دەیخوێنێتەوە، ئەوانەی کەویستیان لە سەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو بوون ئەو پێشنیارەی کە کراوە، (١) یارمەتییەک وەکو پیتاک لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێیان بدرێ. (٢) لەلایەن پەرلەمان خودی خۆیەوە بڕێک پارە دەسنیشان بکات. (٣) لە وەزارەتی تەندروستی پەلە بکرێ لیژنەیەکی پزیشکی کە بە هاواری ئەوانەوە بروا، (٤) قوتابییەکانیان لە قوتابخانەکانی ئێمە وەربگیرێن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە قسە بکرێ، (٥)حکومەتی هەرێم جێگایەکیان بۆ دابین بکات، چونکە ئەو جێگایانەی کەلێی نیشتەجێکراون جێی دڵنیایی نین، (٦)حکومەت بودجەیەک بۆ ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا وکەرکووک دیاری بکات، (٧) مانگی سووری کوردستانی هەڵسێ بە کۆکردنەوەی کۆمەک بەشێوەیەکی ڕەسمی لە شارەکانی کوردستاندا، (٨) وەزارەتی ئەوقاف لە نوێژی هەینی بانگەوازێ بکات و داوا بکات لە خێرخوازان کە کۆمەک کۆبکەنەوە بۆ ئاوارەکان، (٩) داوا لە مانگی سووری تورکی بکرێ کە هاوکاری ئەو ئاوارانە بکەن ئەمە پوختەی ئەو پێشنیارانە بوو کەتا ئێستا کراون، هەمووشی وابزانم بەجێیەو هەمووشی لەوەیە بتوانین ئێمە هەوڵی بۆ بدەین، ئەوەی کە پێمان کرا بیکەن بۆ ئەم بابەتە وەکو وتم ئێمە لیژنەیەکمان هەیە، بۆ ئاسایی کردنەوە کە ئەڕوات ئیش و کاری ئاسایی کردنەوە دەکات، لیژنەکە لە هەموو لیستەکانی تێدایە، لە هەموو شارەکانیشی تێدایە، کاتی خۆی

وامـان بریاردا کـه ئەندامـانی پەرلەمـان لە ناوچەی ئاکـرێ ودهۆک وئەوانە هەمـوو لایەنەکـان با هەموویان وەکو لیژنە لەگەڵ ئەو برادەرانە هەوڵ بدەن سەردانێکیان بکەن وبەرنامەیەک بۆ سەردانی کـار بەدەسـتـانی ئەوێ دابنێن و ئێـمـەش بۆ یارمـەتی دانی ئەو ئاوارانە لە هەمـوو ڕوێکەوە پشتگیریان دەکەین، فەرموو کاک سەید حەسەن.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بێگومـان هەمـوو ئەندامی پەرلەمان ئامادەبن بۆ ئەوەی بەشدار بن، من وام پێ پەسندە شتێکی براوە دابنێین، ئەوانەی کە دەشیانەوێ زیاتر بدەن با بەپێی توانایان قەرەبووی ئەو ئاوارانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

جگە لەو پێشنیازانەی کە ئەوە پەرلەمان خۆی پارەیەک تەرخان ئەکات و داوا لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەگشتی بکەن هەر یەک لە فراکسیۆنەکان شتێ پێشکەش بکات، جگە لە ئەندامان هەر کەسە وبەپێی توانای خۆی، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

هەر یەک بەپێی توانای خۆی، جا ئەوە حەز دەکەن ئەمڕۆ هەریەکەو وەرەقەیەکمان بۆ بنێرێ بڵێ من ئەوەندە توانام هەیە، واتە ئەوەندە تەبەروع دەکەم و ئەمە باشترە، لەوەی کە بگوترێ ئەوەندە براوەتەوە، ئێمەش بریار ئەدەین شتێ بخەینە سەری و ئەوە فراکسیۆنەکانیش و لیستەی مۆریش لێرەیە ئەگەر حەز ئەکەن شتێکمان بۆ بنووسن بڵێن ئێمەش ئەوەندە ئەدەین بۆ ئەوەی ئێمەش ئەو شتانە هەمووی دابین بکەین وبەزووترین کات ئەو لیژنەیە بچێتە سەردانیان و ئەو پیتاک و یارمەتییەیان پێ بدات، فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز پەریخـان کردی سەبارەت بە یادداشتەکە ئەو یادداشتەی کە بەناوی پەرلەمان پێشکەش بە پەرلەمانی تورکیا یان حکومەتی تورکیا بکرێت، وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئەگەر نەشخوێندرێتەوە قەیدی ناکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئنجا ئەگەر ئەوە بیخەینە دەنگدانەوە؟ با هەردوو فراکسیۆن تێبینی خۆیانمان بۆ بنێرن، ئێمەش دەیکەین بە یادداشتنامەیەک بۆ ئەو لایەنانە، لێرەدا ئەم خاڵەش تەواوو، دێینەوە سەر خاڵی

کۆتای کە بابەتی روداوەکانی دوێنێ، یان ئەم دواییەی چەمچەماڵە، کە بەتێکڕا دەنگی لەسەر دراوە باس بکرێ لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، جا پێشنیارەکە لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە کاک د. کەمال باسی کرد با بفەموێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ کاتی ئێوارە ئێمە هەواڵێکی ناخۆشمان بیست کە دەستەیەک ڕێگر لە ڕێگەی چەمچەماڵ بەرەو دەربەندی بازیان تەقەیان لە ئۆتۆمبیلی چەن لێپرسراوێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کردووە وەلەنا ئەوانەشدا ئۆتۆمبیلەکانی بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا وهەندێ برادەرانی یەکێتییە، ئەوەش لادانێکە لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان، بۆیە من داوا ئەکەم کە پەرلەمان لە وبارەیەوە ئەو وەفدەی کە کاتی خۆی ناردی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی ئەو ناوچەیە دەست بەجێ ڕەوانەی بکاتەوە بۆ ئەوەی لەو شوێنانە لە ڕاستی مەسەلەکان بکۆڵێتەوە ولەو بارەیەوە ئاگادارمان بکەن وهەروەها پەرلەمان بەخێرایی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە دوای ئەو مەسەلەیە بکەوێ و، هەوڵ بدات لە کاتێکی نزیکدا مەسەلەکان روون بکاتەوە، تاوان باران بگیرێن ودادگایی بکرێن، هەروەها داوا لە هەموو لایەن ورێکخراو وکۆمەڵە سیاسییەکان بکرێ کە لەو بارەیەوە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی تاوانباران دەستگیر بکرێن، وهەوڵی ئەوەش بدەن کەوا ڕووداوی وا جارێکی تر نەیەتە پێشەوە، چونکە باری ولات تێک ئەدات وئەو ئاشتی وئاسایشەی کەوا تا ئێستا پاش هەوڵ وکۆششێکی زۆر تا ڕادەیەک جێگر بووە، وئەو هەوڵ وکۆششانەی ئێمە هەڵئەوەشێنیتەوە و، ئەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر شەڕ هەڕەشەمان لێ بکات و ئاڵۆزی وناخۆشی وناکۆکی ناوچەکە بگرێتەوە، کە وابزانم ئەوەش گەورەترین مەترسی یە کە ئێمە بە ڕەنگاری دەبین وداوا دەکەم بایەخێکی تەواو وتایبەتی بەم مەسەلەیە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی ڕۆڵی پەرلەمان حەز دەکەم یەک دوو خاڵ بخەمە بەرچاوی بەڕێزان، کە چی کراوە، بێگومان ئێوە ئەزانن کە دوا شت کە کردمان ئەوە بوو کە(٣) لیژنەی سەرەکی دروست بوو بە سەرپەرشتی بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، جەنابی مام جەلال لە سلێمانی وکەرکووک، قەلادزێ ورانیەش لەسەر ئەو میحوەرە دانراوە کاتی خۆی وبۆ هەولێر جەنابی کاک مەسعوود سەرپەرشتی ئەو لیژنەیەی دەکرد بۆ ناوچەی دهۆک ونەینەوا پێش تریش ئەوە بوو کاک فازڵ وکاک عومەر فەتاح دەست نیشان کران، کۆمەڵێ بڕیاردرا، کۆمەڵێ شت دیاری کرا، دوا شت ئەوە بوو سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی هەیە بە سلێمانی وکەرکووکەوە مێژوێک دانرا، کە تا ٧/٢٧ ئەو خاڵانە جێبەجێ بکرێت، خاڵەکانیش دیاری کران و وەکو ئێوە ئاگادارن لە ڕۆژنامەکانیش بڵاوکرایەوە، هەروەها دەکرێ لەبەر سەفەری جەنابی کاک مەسعوود یەک دوو کۆبونەوە دواکەوتبن،

بەڵام پێش ماوەیەک هەر لەگەڵ گەڕانەوەی، کۆبوونەوەیەک کراکە بڕیارە لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەر چی ئەو بڕیارانەی کە جێبەجێ نەکراون جێبەجێ بکرێت، بە(٣) ڕۆژ، ئەمڕۆش وابزانم ڕۆژی سێیەمە یان دووەمە وسبەیش کۆبوونەوەیەکی دیکەیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخە، ئێمە کە لە سلێمانی بووین ڕێک کەوتین کە دوای(٢٧) ی مانگ مام جەلال تەشریفی بێنێ بۆ هەولێر، کۆبوونەوەیەک دەکرێ لەنێوان هەردوو بەڕێزان، پاشان وا ڕێک کەوتین کە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان لە پەرلەمان بکرێت هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان وهەم بۆ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان، ئێمە چاوەڕوانی ئەو هاتنە بووین لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیمان کرد بە ئەندامی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان وپێشنیار کرا، کە سبەی سەعات(٣) کۆبوونەوە بکەین، لەو کۆبوونەوەیە بێگومان باسی کۆمەڵێ خاڵ دەکرێ، ئەمەی کە رووی داوە تەنیا لە چەمچەماڵ نییە بەڵکو لە قەلادزێ و لە ناوچەی پشدەریش دوێنێ شت رووی داوەو خەڵک تووشی شەڕ وپێک دادان بووە وئەگەر ئەم بارە بەو شێوەیە بڕوات بەرەو دوامان ئەباتەوە، لەگەڵ رای برادەرانم کە ئەبێت ئێمە بەردەوام بین لە ئاسایی کردنەوەو دەبێ چارە سەرکردنی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی زەرد ئیدانەی ئەو رووداوە دەکەین، ئەوەی کە لە ناوچەی چەمچەماڵ رووی داوە، نەک هەر تەنها ریسوا کردنی ئەوە دەکەین، بەڵکو هەموو جۆرە رووداوێکی لەم جۆرە ریسوا دەکەین ومن پشتگیری لە برای بەڕێزم کاک کەمال دەکەم کە بەزووترین کات لیژنەی پەرلەمان بچێ بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە، وەکو جەنابتان گوتتان ئەمە جاری یەکەم نییە پێش دوو سێ ڕۆژ لە خەلەکانیش کەمینیان دانابۆوە، لە ناوچەی قەلادزێ لە خەڵکیان داوە، حەقە پەرلەمان زوو ئەو رووداوانەی کە روو دەدەن زەرەر بەخەڵک دەگەیەنن وەفدێک بنێرن بۆ لێکۆڵینەوە، بەڕای ئێمە ئەگەر برادەرەکانی ئێمە ئەو کارەیان کردبێ وکەمینیان دانابێ من کەمین دانەرەکان بە پیلانگێر لە دژی پارتی دەزانم، ئەگەر هی ئێمەش دایان نابێ دژی برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی، نازانم چونکە زیان وزەرەرەکە بۆ هەر دوولا لەوانەیە بۆ ئێمە زیاتر بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە من درێژەی رووداوەکەم لا نییە، دوێنێ بروسکەی بەڕێز مام جەلال وکاک مەسعودم بینیوە کاک مەسعود پێش بروسکەی مام جەلال بێت دیارە زانیاری پێ گەیشتبو کە شتی کراوە بروسکەی بۆ مام جەلالی کرد دوایی بروسکەیەکی دوورودرێژی مام جەلالی پێ راگەیاند کە گوایە کاک عماد وکاک شالاوو هەندێ برادەرانی مەلبەندی کەرکوک وئەوانە کەوتوونەتە ناو کەمینێک وتەقەیان لێ کراوە وبەپێی بروسکەی مام جەلال لەوانەیە تا درەنگیش شەڕەکە بەردەوام بوو بێ وراوی یەکتریان نابێ، ئەوان راوی ڕێگرەکانیان ناوە، ڕێگرەکان راوی ئەوانیان ناوە، نازانم بەڵام بە

باشی دەزانم بە زووترین کات لیژنەی پەرلەمان بچێ، هیچ نەبێ هەندێ زانیاری بۆ پەرلەمان بێنی، سوپاس.

**بەڕێ مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئاسایی کردنەوە دەبێ گورجی کەینەوە و، من زۆر پشتگیری لێ دەکەم، بەڕاستی پێویستە سارد نەبینەوە یەکێ لەو خالانەی کە لە کارنامەکەی پەرلەماندا هاتووە کە راگەیاندن دەبێ کار بۆ ئەو شتە بکەن، ئێمە راگەیاندنمان هیچ، تەلەفزیۆنەکان نابینم بەشێوەیەکی دیار وئاشکرا کار بۆ برایەتی و ژیانی تەبایی بکات، هاو شانی ئەو ئاسایی کردنەوانەی کە دەیکەین کار بکەن، چونکە بەڕاستی ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە ئنجا بەڕاستی چەمچەماڵیش کێشەی زۆر زۆری تێدایە، تەنانەت ئێستا هەندێ جوتیار ناتوانن بچن زەویەکانیان بکێڵن، چونکەکۆمەڵێ چەکدار لەو ناوچەیە هەنە، بۆیە ناتوانن بچن زەویەکانیان بکێڵن، بەڕاستی ئەوە زەرەرێکی گەورەیە، هەم ئەگەڕێتەوە بۆ دەراماتەکەش لە ناوچەکەدا ئەمانە هەموویان ئەنجامی ئەوەن کە لە راستیدا ئێمە کێشەمان بە تەواوی چارەسەر نەکردووە وبە نیوە چڵی بەجێمان هێشتووە، بۆیە دەبێ ئەم کێشانە بنبڕ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕناکەم لە لیژنەکانی پەرلەمان کەم تەرخەمی هەبێت، یان شتێ هەبێت، کە لیژنەکانی پەرلەمان و وەفدەکانمان بۆ ئەو میحوەرانە دیاریکراون و ئیش وکاری خۆیان بە هاوبەشی کردووە وبەشێوەیەکی زۆر رێک وپێک ئەنجامیان داوە، دوای ئەوە لەم پەرلەمانە وەکو ئاگادارن لە سەرەتاوە وەکو وتم چەند لیژنەیەک پێک هاتووە، (٣) لیژنەی سەرپەرشتی پێک هاتووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە، هەر شوێنێ مێژووی دیاری کراوی بۆ دانراوە(٢٧)ی مانگ بۆ سلێمانی وکەرکووک، ئەمڕۆ یاخود سبەی ناوچەی ئێرەش تەواو ئەبێت لەسەر ئەو بنچینەیەی لە ناوچەی دهۆک هەموو شتی تەواو بووە، جا ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارانەی کە ئێوە داوتانە وبۆ هەر پارێزگایەک لیژنەی ئاسایی کردنەوەی تایبەتی خۆی بۆ پێک هاتووە، خەڵکی تیایدا بەشدارن و گوایە ئەو خالانە بەدوایان دابچن بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، ئێمە دووشتی سەرەکیمان ماوە، یەکێکیان نرخاندنی ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەیە، دووەمیش ئێمە بڕیارمان داوە بیکەین ئەویش ئەوەیە کە هەڵوێست وەربگیرێ بەرامبەر ئەو رووداوانەی کە روو ئەدەن، لە ئەنجامی کۆتایی و پاش نرخاندن، وەکو لە سەرەتاوە وتم بڕیار دراوە کە مێژوویەکی کۆتایی دیاریکراو بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان دانراوە، ئێستا ئێمە چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکین کە لەو پەرلەمانە بکرێت بۆ ئەوەی بزانین چی جێبەجێ کراوە وچی جێبەجێ نەکراوە، ئێستاش ئەم رووداوانەی روویانداوە بەتایبەتی ئەم دوو رووداوەی دوایی کە لە ناوچەی چەمچەماڵ رووی داوە لیژنەکانی ئاسایی کردنەوەی ئەم ناوچە ئاگادار کراوون کە بەپەلە سەرپەرشتی بارەکە بکەن و،

ئاگاداری هەموو لایەک بکەنەوە، لەو بارەیەوە وەکو وتیشمان ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ وەفدەکانی پەرلەمانی میحوەرەکان قسە ئەکەین، دوای ئەم دانیشتنە چی بە باش بزانین بێگومان ئەوە ئەکەین بۆ ئەوەی پەرلەمان جارێکی تر ئەگەر پێویستی کرد وەفدەکانی خۆی بنێریتەوە بۆ ئەو میحوەرانە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو گیروگرفتانە بکەن، بەلاَم با لە بیری نەکەین وەکو وتمان بەپێی بڕیارەکانی پەرلەمان ئێستا ئەو لیژنانە سەرپەرشتی بارەکە دەکەن وئەبێ بڕیارەکان جێبەجێ بکەن، هەنگاوی نرخاندنی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان ئەبێت پاش ئەو کۆبوونەوە بێ کە لێرە ئەکرێ، پاشان کە ئەو بارودۆخە هەڵئەسەنگێندرێ ئەمێنێتەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر پێویست بوو هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن. لێرە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو وتمان برادەرانی وەفدی میحورەکان لێرەن تکایە نەڕۆن بۆ ئەوەی نیو سەعاتێک دابنیشن لەگەڵ یەکدا وچارەسەری ئەو بارودۆخە بکەین، هیچ شتی ترمان لە بەر دەستدا نییە ئێستاکە، هەر کاتێ شتێکی تر هەبوو بۆ دانیشتنی ئایندە ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە وەکو هەموو جارێک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## پێنج شەممە رێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٤ـ کۆبوونەوەی یەکەم

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***ئامادەبوونی بەڕێزان کاک مسعود ومام جەلال و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (INC) و بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لەپەرلەمانی کوردستان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئاڵۆزی بارودۆخی هەرێمی کوردستان وچۆنیەتی چارەسەر کردنی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەڕێزان جەنابی کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال تالەبانی، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (INC)، برایانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، برایان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێزان جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران و برادەرانی ئەندامی پەرلەمان، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین، سوپاسی هەموو ئامادە بووان دەکەین کە تەشریفیان هێناوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەکو ئاشکرایە لەسەرەتای ئاڵۆز بوونی بارودۆخی کوردستان و لەم دواییەدا هەموو دڵسۆزانی ئاشتی وبرایەتی وهێزە سیاسییەکان، برایانی (INC) ورێکخراو و کۆمەڵە و گروپ و ریش سپی وپیاو ماقوڵی کوردستان هەموو تێکڕا بێ وچان هەوڵی ئەوەیان دا کە ئەو شەڕە خۆکوژییە رابگیرێت و کۆتایی پێ بێت، لەپەرلەمانی کوردستانیش پاش زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی پەرلەمان کە ئەنجامی بڕیارەکانی ٧/٢٥ و ٨/١٥ بوون و دوایسەردانی لیژنەکانی پەرلەمانیش بۆ ناوچە ئاڵۆزەکان، هەروەها پشتگیری یاداشتی ئەنجوومەنی وەزیران و یەکخستنی هەموو توانایەک بۆ ئاسایی کردنەوەی کوردستان، هەروەها پاش دامەزراندنی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کوردستان بەتایبەتی پاش ئەوەی بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال راستەوخۆ

سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان کرد، بەشاهێدی خەڵکی کوردستان ولایەنە سیاسییەکان و دۆستانی گەلەکەمان پەرلەمان لەرێگەی لیژنە مەیدانیەکانیەوە ،یەک هەڵوێستی ئەندامانی دژی ئەو شەرە خۆکوژییە وەستان، لە هەوڵ و تەقەللایان بۆ خاو کردنەوەی باری ئاڵۆزی کوردستان وچەسپاندنی پرۆژەی ئاسایی کردنەوە وگیانی برایەتی وتەبایی درێغیان نەکرد، ئەویش بەپێی کی بڕیارەکانی ٧/٢٥ و ٨/١٥ی پەرلەمان ویاداشتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٨/٢٥دابینابوو ئەویش بەهاوکاری هەموو لایەک وپشتگیری سەرکردەی هەردوو حزبی فەرمان ڕەوا و بەپێچەوانەی هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرانەی کە کەوتنە رێگای پرۆژەی ئاسایی کردنەوە سەرکەوتوو بوو و، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پاش ماوەیەک کۆبوونەوە و دانوساندن ،لەرۆژی ١١/٢١ رێکەوتننامەیەکی هاوپەیمانیان مۆر کرد بەبۆنەی ئەم هەنگاوە پیرۆزەوە، سوپاسی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی دەکەم، هەروەها سوپاسی برایانی بزووتنەوەی ئیسلامی و گشت رێکخراو وکۆمەڵ وشەخصەکان دەکەین کە بەشداریان کردووە لەبەدی هێنانی ئەم رۆژە، سوپاسی خەڵکی کوردستان بۆ برایانی (INC) وهەموو دۆستانی گەلی کورد لەپشتگیری وهاوکاریان بۆ نەهێشتنی باری ئاڵۆزی کوردستان و بەم بۆنەیەوە داوا لە بەرێزان کاک مەسعود ومام جەلال دەکەین کە باسی ناوەرۆکی ئەو رێکەوتننامەمان بۆ بکەن و راستەوخۆ وەکو مژدەیەک بۆ گشت گەلی کوردستان ودۆستانی گەلەکەمانی رابگەیێن هەر شادو سەرکەوتوو بن.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخێر هاتنی بەرێزان کاک مەسعود ومام جەلال و برایانی سەرۆکایەتی هەموو حزبە کوردستانیەکان و دۆستانی خۆشەویستی بەرەنگاری کاری عێراقی (INC) دەکەم، بەخێر بێن بۆ ئەم کۆبوونەوە گرنگەی پەرلەمان وبۆ ئەو رێکەوتننامەیەی کەلەنێوان هەردوو حزبە سەرەکییەکە ئەنجام دراوە، بێگومان ئەمە لەپاش وەستاندنی ئەم شەرە خۆ کوژییە بوو کە وەستاندنی لە ئەنجامدانی هەندێ هۆی بوو، وابزانم لەهۆی سەرەکی حیکمەتی کاک مەسعود و مام جەلال ودوور بینیان کە ئەم باری ناکۆکییە هەموو ئەزموونەکەمان لەکیس ئەبا و، هەروەها دەوری جەماوەر کە بەراستی نەیەویست لەو شەری خۆکوژی وبراکوژییە دەوری هەبێ، دۆستەکانمان لەدەرەوە کە هانیان ئەدایین بۆ ئەوەی ئەم بارە ناهەموارە بوەستێنرێ، من لەمانگی (١١)ی ١٩٩٢ لەساڵرۆژی یەکەمی پەرلەمان لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیشا باسی ئەوەم کرد کە برایەتی وتەبایی نێوان کاک مەسعود و مام جەلال، یەکێتی و پارتی بەردی بناغەی ئەم ئەزموونەیە وخۆ ئەگەر ئەوە لەق بێ گومانێکی زۆر هەیە هەرچی ئەو دەست کەوتانە هەیە لەکیسمان بڕوات، من پێموایە ئێستا ئێمە بەرەنگاری ئەرکێکی زۆر گەورەی مێژووین، ئەویش ئەوەیە بیسەلمێنین کە میللەتی کورد سوود لەم هەڵە مێژووییە وەردەگرێت وەدەتوانێ حوکمرانی خۆی بکات، ئەوە بەرپرسیاریەتی

بسەلمێنین بۆ ئەو نەوانەی کە لەپاش ئێمە دێن، ئەوەش بەبروای من ئەبێ زۆر شت هەیە پێم وایە کەبیریشی لێکراوەتەوە کە بگەینە ئەوەی کە بەرژەوەندی جەماوەر لەپێش بەرژەوەندی حزبەکانەو، حزب هۆیەکە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی جەماوەر وداخوازییەکانی گەل جێبەجێ بکات، پێویستە هەمووهەوڵێ بدات بۆ ئەوەی دامودەزگای پەرلەمان و وەزارەت پتەو بکرێن وکارەکانیان لەپێناوی جەماوەرەدا بێت، پێویستە حوکم لەسەر بنەمایەکی شارستانی دامەزرێ دوور لەحزبایەتی تەسک، حوکمی یاسا بێ، حوکمی دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ بێ، زۆر گرنگە لەم کاتەدا هەیبەتی حکومەت بچەسپێنرێت و بپارێزرێ وئەمن وئاسایش بۆ جەماوەر دابین بکرێ، لەم بارە دژوار وناهەموارە ئابوورییە کە سەدەها هەزار فەرمانبەران خانەنشینان و کەس وکاری شەهیدان لەژێر سێبەری هەژاریدا دەژین وزۆریان ناچار بوون کە کەل وپەلی ناو ماڵیان بفرۆشن پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی ئەو بارەیان چاک بکرێت، برایان ئەم رێکەوتننامە ستراتیجیە لەنێوان دوو حزبەکە نابێت بەهیچ جۆرێک کە مونافەسە لەنێوان ئەو دوو هێزە سەرەکیە بوەستێنرێت چونکی وەستاندنی مونافەسە واتە وەستاندنی ژیانە وەستاندنی پێشخستنە، بەڵام مونافەسەکە ئەبێ بۆ ئەوە بێ کێ زۆرتر خزمەتی جەماوەر دەکات، کێ زۆرتر پاکسازیی لەو هێزانە دەکات کەبەراستی ئێستا هێمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان تێکداوە، پێویستە بەسیاسەتێکی تەقەشوف برۆین بەرێوە ئەو سیاسەتی تەقەشوفە دەبێ بەراستی لەکادیرەکانی حزبی لە بەرپرسانی گەورە دەست پێبکات، بەم جۆرە ئەتوانین کارێکی وا بکەین کە لەخزمەتی جەماوەرکەش بێت، کە ئەم رێکەوتننامە رێکەوتن نامەیەکە کەدەچەسپێندرێ، شتێکی کەش هەیە دەبێ بەراشکاوی باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە کەلەسەر زاری هەموو خەڵکێکە ئەویش ئەوەیە کە برایان کاک مەسعود و مام جەلال دەورێکی رەسمیان ببێ لەم پرۆسەیەدا ولەم حوکمە دا وئەگەر لەبەر هەرچی هۆیەک بێ سەرۆکایەتی وەزارەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرنەگیرێت، بەڵام وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کە هەردوو برایان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن وئەمە شتێکە داخوازییەکی بەراستی هەموو خەڵکێکە وهی هەموو حزبێکە وئیتر ئۆمێدەوارم ئەم رێکەوتنامەیە سەرەتای ژیانێکی ئاسوودەیی پڕ لەهێمنی وئاسایش وپڕ لەپێش کەوتنی ئابووری بێ بۆ جەماوەرەکەمان یا خوا بەخێر بێن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جارە لەم هۆڵەدا برایانی بزووتنەوەی ئیسلامی، مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا مەلا محەمەد بەرزنجی ئامادە ئەبن و، بە یاری خوا هاتنیان ئەبێتە مایەی زیاتر چەسپاندنی برایەتی و تەبایی. بەخێر هاتنێکی گەرمی مامۆستا عەزیز محەمەد دەکەین، کە لەراستیدا دەورێکی باڵای هەبوو لەمیانەی ئەو بارەی کەدروست بوو بۆ ئەوەی گیانی تەبایی وبرایەتی بچەسپێ لەکوردستاندا وزۆر بەخێر بێ لەگەڵ برایانی تر، جا ئێستاش فەرموون.

**بەڕێز کـــــاک مـــــــســــــــعـــــــود بارزانی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

زۆر پێ خۆشحاڵین بەم کۆبوونەوەیە لەم شوێنە پیرۆزەدا، دەمەوێ پێشەکی بەخێر هاتنێکی گەرمی مێوانە بەڕێزەکان بکەم، ئومێدەوارم کە بتوانین ئەمڕۆ مژدەیەکی زۆر خۆش پێشکەش بەگەلی کوردستان بکەین. برایانی بەڕێز پێشتر چەند جار برای بەڕێزم مام جەلال ومنتان بانگ کرد بۆ ئەو شوێنە بۆ ئەوەی بەهاوکاری هەموو لایەک ڕێگایەک بدۆزینەوە کە لەو بارە ئاڵۆزەی بەسەرماندا هات رزگار ببین وڕێگەی ئاشتی و برایەتی بدۆزینەوە وچارەسەری گیروگرفتەکان بکەین، کۆبوونەوەکانی پێشوو هەمووی باسی ئەوە بوون چۆن لیژنەکان دابنرێن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شەڕ بکەن لەفلان خاڵ و فلان شوێن گیروگرفت رووی داوە چارەسەری بکەن و وەک چاودێر بوەستن بۆ ئەوەی شەڕو پێکدادان روونەدەن، سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ هەوڵ وتەقەلای ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان و هەموو خێر خوازانی تر کەهەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی ئەو کارەساتەی کە دوژمنان تەمەنایان دەکرد تاسەر بمێنێ ومیللەتەکەمان تێیدا بسووتێ سەری نەگرت وئیمرۆ کۆبوونەوەی ئێمە بۆ ئەوەیە پیرۆزبایی لەخۆمان و لەئێوەش بکەین ولەڕێگەی ئێوەوە موژدە بەگەلی کوردستانیش بدەین، کە ئومێدمان وایە وبە یاری خوا چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان دۆزرابێتەوە، بێگومان گیروگرفت کە لەنێوان پارتی و یەکێتی روویدا هەموو میللەتی کورد زەرەری تێدا کرد، گیروگرفتەکانی پێشتریش لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی دیسان میللەتی کورد زەرەری کرد، بەڵام بێگومان کە شەڕوپێکدادان لە نێوان پارتی ویەکێتی بوو، زەرەرەکە زۆر بەرچاو بوو وهەموو بارەکە بەرەو مەترسیەکی تەواو ئەڕۆیشت، بەخۆش حاڵییەوە پاش چەندین دانیشتن وپاش ئەوەی کە تاقیکردنەوەیەکی زۆر دەوڵەمەندمان لەدوایەوە بۆ بەجێ ما توانیمان بەهاوکاری برای بەڕێز مام جەلال و سەرکردایەتی هەردوو حزب بگەینە ڕێکەوتنێک بۆ ئەوەی چارەسەری گیروگرفتەکانی دوو قۆڵی بکەین، هەر بۆیەش ڕێکەوتنەکە دوو قۆڵی بوو، بەڵام بێگومان ئەمە ڕێگا خۆشکەرە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان، پێموایە ئێستا ئێمە دەتوانین بەدۆستەکانیشمان بڵێین لەدەرەوە کە ئێمە میللەتێکی کۆڵنەدەرین، بەڵێ ئەگەر تووشی گیروگرفتیش ببین تووشی شەڕیش ببین، بەڵام لە ئەنجامدا هیواو ئاوات وئامانجمان ئەوەیە دەبێ ئاشتی و برایەتی بێ و میللەتی کورد بەختەوەر بێ، هەر چەندە ئەم شەڕو پێکدادانە بەراستی زەیانێکی ئێجگار زۆر گەورەی لێدا این هەلێکی زۆر گەورەمان لەپێش بوو خەریک بوو لەدەستی بدەین وهەموومان بەرەو هەڵدێرێک بیات کە کەس نازانێ بۆ کوێ دەچین بڕۆین، بەڵام ئێستاش هەلێکی ترمان لەپێشە بۆئەوەی بیسەلمێنین بۆ میللەتی کورد و بۆ دۆستەکانمان لەدەرەوە کە ئێمە ئەگەر تووشی ئەو گیروگرفتانە بووین، بڕوامان بەدیموکراسیەت ویاسا هەیە، بڕوامان بەبرایەتی وتەبایی هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر چی زۆر بەشەرمەزارییەوە ئەگەر پرس لەئێمە بکرێ، بۆ ئەم شتە کرا؟ بەراستی زۆر زەحمەتە، وەڵامێکی وامان پێ بێ بتوانین قەناعەتیان پێ بێنین یان قەناعەت

بەخۆمان بکەین، بەلاّم دەتوانین بلّێین ئێمە توانیمان کۆنترۆڵی بارەکە بکەین، دەتوانین پێیان بلّێین ئەم شەڕەمان پێ ناخۆش بوو دەتوانین بلّێین ئەنجام مەرجە، ئەنجامەکە هەموو گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە شەڕ رێگەی چارەسەر نییە، ئاشتی و برایەتی وڕێز لێنانی یاسا ئەمە رێگەی راستەو رێگەی چارەسەری گیروگرفتەکانە و ئێستا ئێمە ئەو رێگەیەمان گرتۆتە بەرو بڕیاری کۆتاییمان داوە کە دەبێ ئەمە رێگەی هەموو لایەکمان بێ، پێم وایە ئیمڕۆ دەبێ رۆژی یاسا بێ رۆژی ئاشبوونەوەی نیشتمانیی سەرتاسەری بێ، ئومێدەوارین کەبەفراوان کردنی بنکەی حکومەت هەموو حزبەکانی کوردستانیش بەشدار بن وهەموو پێکەوە بەرپرسیاریەتی بگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی بتوانین بەرێکوپێکی خزمەتی میللەتەکەمان بکەین کە مافێکی یەکجار زۆری لەسەرمان هەیە ئیتر ئومێدەوارم پاش فراوان کردنی بنکەی حوکمڕانی ئیتر حکومەت هەموو دەسەلاّتێکی خۆی بەکار بهێنێ و، هەموو حزبەکان پشتیوانی لەحکومەت بکەن وپشتیوانی لەیاسا بکەن و ئومێدەوارین پەرلەمانیش بەردەوام بێ لەسەر رۆڵی پیرۆزی خۆی وچاودێری حکومەت وحزبەکان وهەموومان بکات، چونکە ئەو حەقە میللەت پێی داوە هەروەها ئومێدەوارین حزبەکانی هاوپەیمان وبراش هەموو بەیەکەوە دەست بدەینە دەستی یەک وپشتیوانی لەحکومەت بکەین بۆ ئەوەی هەموومان لەژێر سێبەری یاسا بەئاسوودەیی بژین وئومێدەوارین کە گەلی کوردستانیش هەڵوێست وەرگرێ بەرامبەر هەر کارێکی ناراست، با ئەم هەلە لەدەست نەدەین و پەڕەیەکی تازە بکەینەوە وئەمجارە عیبرەت وەرگرین لەهەڵەکانی پێشوو بۆ ئێمە مایەی سەربەرزییە وەکو کورد کە کوردستان بۆتە قەلاّی ئازادیخوازان وبۆتە ئومێدی هەموو خەڵکی عێراق وئێمە بەشەرەفێکی گەورەی دەزانین کە کوردستان بۆتە مۆڵگەی برا عەرەبەکانمان کە لێیان قەوماوە ، یاخود ناتوانن لەشوێنەکانی ژێر دەسەلاّتی رژێم بژین و لەکوردستان بەسەربەستی و ئازادی دەژین، ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ میللەتی کوردو ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە میللەتی کورد بڕوای بە برایەتی کورد و عەرەب هەیە و بڕوای بەوە هەیە کە لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا بەمافە رەواکانی بگات وزۆر کەسی وا هەیە ئێمە وەکو کورد بەوە تاوانبار دەکات کە دەمانەوێ عێراق پارچە پارچە بکەین، یان جیای کەینەوە یا دژی فیدڕاڵین، بەراستی ئێمە ئەگەر داوای فیدڕاڵی بکەین رەنگە، تەنازول لەمافێکی گەورەتر بکەین بۆ ئەوەی ئێمە عێراقێکی دیموکراسی بپارێزین و برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوریش لەو چوارچێوەیەدا پتەوتر بکرێ وهەموومان پێکەوە وەکو برا بژین وهەموومان یەکسان بین و، دەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە کە ئەو تومەتانەی دەخرێنە پاڵ میللەتەکەمان بەهیچ شێوەیەک بنەڕەتی نین، ئێمە لەگەڵ یەکێتی عێراقین، بەلاّم عێراقێکی دیموکراتی نەوەک عێراقێکی دیکتاتۆری. ئیتر من نامەوێ لەوە زیاتر درێژە بە قسەکانم بدەم داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین، داوای بەختەوەری بۆ گەلی کوردستان ورزگار بوون بۆ هەموو گەلی عێراق دەکەین وئومێدەوارین کە ئیتر جارێکی کە لێرەدا دانەنیشینەوە بۆ ئەوەی باسی گیروگرفتەکانی وەکو پێش چەند مانگێک بکەین، بەڵکو هەمیشە دانیشین بۆ ئەوەی چۆن

پرۆژەی رێکوپێک پێشکەش بە میللەتەکەمان بکەین و، خزمەتیان بکەین و، چۆن برایەتیمان پتەوتر بکەین. هەر بژین و سەرکەتوو بن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەرێز مەسعود بارزانی، فەرموو بەرێز مام جەلال.

**بەرێز جەلال تالەبانی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الاخوة الاكارم اود ان ابدأ كلامي او على الاقل قسماً من كلامي باللغة العربية وذلك بمناسبة حضور الاخوة الافاضل من المؤتمر الوطني العراقي الموحد. هذا المؤتمر الذي يجسد وحدة العراق شعباً وأرضاً، والذي يعلق عليه شعبنا العراقي آمالاً كبيرة للتحرر من الدكتاتورية وإقامة البديل الديمقراطي الإئتلافي المنشود وإن حضور الاخوة من المؤتمر الوطني العراقي دليل على الاخوة الراسخة جذورها في التأريخ بين الشعبين الشقيقين العربي والكردي كما هو دليل على وحدة النضال في العراق مثلما يجسد هذا الحضور حقيقة تأريخية اشار اليها الاخ الفاضل الاستاذ مسعود البارزاني، ان لنا نحن كرد العراق الشرف بأن كردستاننا المتحررة تحولت الى قلعة عراقية للديمقراطية للقتال من أجل تحرير سائر اجزاء العراق واقامة البديل الديمقراطي للأئتلاف المنشود، ومرحباً بالاخوة الاكارم من قادة المؤتمر الوطني العراقي الموحد وكذلك احيي قيادة الجبهة الكردستانية العراقية، هذه الجبهة المناضلة التي اسهمت بدور كبير بعد الانتكاسة في رفع معنويات شعبنا ورص صفوفه ومن ثم في قيادة الانتفاضة الشعبية المجيدة، وارحب ايضاً بالاخوة في الحركة الاسلامية الكردستانية الذين لعبوا دورهم في الثورة ضد الدكتاتورية ويلعبون دورهم ان شاء الله في توليد الحكومة الاقليمية الكردستانية والبرلمان الكردستاني وفي توطيد الاخوة والكفاح المشترك على النطاقين الكردستاني والعراقي، املنا كبير بأن يكون هذا الاجتماع فاتحة عهد جديد ليس في كردستان العراق فحسب، بل وايضا في العراق العزيز الذي طال ليل الدكتاتورية عليه، ففي هذه اللحظة التي ننعم نحن في كردستان بالحريات الديمقراطية يسوم الحكم الدكتاتوري الموغل في الاجرام شعبنا العراقي مرّ عذاب نظامه الفاشي ويتعرض اخوتنا العرب الشيعة في جنوبَ العراق الى اهوال حرب إبادة حقيقية كذلك يتعرض اخوتنا في الوسط وفي بغداد عاصمتنا الحبيبة وفي سائر انحاء العراق الى مظالم قل مثليها في التأريخ وأملنا كبير بأن يكونَ هذا العهد الجديد فاتحة تجديد النضال وتوحيد الجهود من اجل الاسراع في إنهاء الدكتاتورية الغاشمة واقامة البديل الديمقراطي الإئتلافي العراقي المنشود وكما اكد الاخ الاستاذ مسعود بعبارات صريحة حقيقة ان الشعب الكردي قد اختار بإرادته الحرة العيش مع شقيقه العرب في العراق ومع اخوته التركمان والآشورين فأننا ايضاً يجب ان نؤكد وخاصة بوجه الدعايات المغرضة، بأننا لسنا دعاة تقسيم العراق بل دعاة توطيد وحدته الوطنية، ان الذين يقسمون العراق هم الذين يقيمون الدكتاتورية ويفرضون الاضطهاد القومي

على الكرد والاضطهاد الطائفي البغيض على اكثرية عرب العراق الشيعة اما الذين يناضلون من اجل الديمقراطية فإنهم يناضلون من اجل تعزيز الوحدة الوطنية للعراق وكذلك كما اشار الاخ العزيز الاستاذ مسعود فإن الفيدرالية ليست الا وسيلة لأقامة وحدة عراقية راسخة على اسس متينة قادرة على الصمود بوجه الاعاصير والاهوال، فالفدرالية جاءت في التأريخ من اجل توحيد الاقاليم وتوحيد القوميات ولكن على اسس المساواة والديمقراطية ضمن كيان دولة واحدة، وهكذا ستكون فدرالية كردستان خطوة على طريق تعزيز الوحدة الوطنية العراقية ونأمل ان تكون خطوة على طريق تعزيز النضال لإنقاذ عراقنا من المخاطر الجدية التي اوجدتها الدكتاتورية والتي تهدد حقيقة عملا لا قولا فقط وحدة العراق واستقلاله وكرامة شعبه مرحبا بأخوتنا العرب، اخوتنا في الدين، اخوتنا في التأريخ واخوتنا في النضال المشترك و أخوتنا في العراق الديمقراطي في الغد القريب الذي نتطلع اليه، واملنا ان نلتقي إن شاء الله في القريب العاجل في بغدادنا، عاصمتنا نحن، لاوكر الدكتاتورية.

سەرۆكايەتی بەڕێزی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان دەگەڕێمەوە بۆ زمانی كوردی بۆ ئەوەی دوو شت بڵێم یەكێكیان پشتیوانی تەواوی هەموو فەرمایشتەكانی برای خۆشەویستمان كاك مەسعود بكەم، كە بەراستی هەمان هەست وبیروڕامان هەیە لەسەر هەموومەسەلەكان، كە ئەوەش خۆی لەخۆیدا نیشانەیەكی تری سەركەوتنی ئەو ڕێكەوتنەمانەیە، خاڵی دووەمیش ئەوەیە كە باسی خەبات وتێكۆشانی هەموو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەكورتی وبەستایشەوە بكەم، كە بە جیاوازی بیروڕایە سیاسیەكانیان وجیاوازی ڕێكخراوە دیموكراتیەكانیان و، بەجیاوازی كەسایەتیەكانیان و، بەجیاوازی ئەو كۆمەڵ ودام ودەزگایانەی دروستیان كرد لەكاتی ئەم شەڕی برا كوژیەدا بۆ دوایی هێنان بەو شەرە. دەورێكی گرنگیان گێرا لەپێناوی چەسپاندنی ئیرادەی ڕاست ورەوای كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، ئیرادەی ئاشتی و برایەتی وپاراستنی ئەو تاقیكردنەوە دیموكراتیە گرنگەی كە گەلەكەمان بۆ یەكەم جارە لەمێژوودا بەم جۆرە بۆی دێتە كایەوە، دڵنیام كە ئەم ڕێك كەوتنە دەچەسپێ و هیوادارین سەركەوێ وجێبەجێ بكرێ، چونكە هەم هەل و مەرجەكانی بابەتی وهەم هەل ومەرجەخودییەكان وهەم هەل و مەرجە تایبەتیەكانی، لەگەڵ ئەوەدان بگرە دەسەپێنین ودەی سەلمێنین كەدەبێ هەموو بەندەكانی بەگیانێكی برایانەوە جێبەجێ بكرێن، پێمـوایە هەمووماین عاقل تر بووین وباشتر لەراستیەكان گەیشتین وچاكتر ئەرك وفەرمانەكانی خۆمانمان زانی، بۆیە دڵنیام كە ئەو ڕێك كەوتنەمان ڕێك كەوتنێك دەبێت وەك كاك مەسعود فەرمووی كە بۆ سەرەتای ئەوەبێ كە ئەگەر جارێكی كە لەگەڵتان دانیشتینەوە بۆ ئەوە بێ باسی چۆنیەتی گەشەپێدانی كوردستان ورزگار كردنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بكەین لە ناهێمنی وتەنگ و چەڵەمەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش كە فراوان دەكرێت وگەشەی پێدەدرێ وبەرەی پێدەدرێ دەسەڵاتی تەواوی دراوەتێ لەلایەن برای بەڕێزمان كاك مەسعود وبەندەی موخلیستانەوە و هەم ئێستا دەتوانم بڵێم لەلایەن سەركردایەتی هاوبەشی

هەردوو حزب، کە پێکهاتووە بۆ ئەوەی بەراستی ببێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان وهەمووکارەکانی خۆی بەراستی جێبەجێ بکات و، یاسا بسەپێنێ بەسەر سەرتاسەری کوردستان دا، دیموکراسی بپارێزێ بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەوڵ بدات پرۆژەکانی ئاوەدانی وپێشخستنی کۆمەڵایەتی وهۆشیاری وخوێندەواری و .... هتد بەچاکی وگورج وگۆڵی جێبەجێ بکات، دیارە لەم ئەرکە پیرۆزەشیدا پێویستی بەپشتیوانی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان هەیە کە بەشێکی گرنگیان بەیاری خوا هاوبەشی لە کابینەی نوێدا دەکەن و دەوری خۆیان لەخزمەتی گەلەکەیاندا دەبینن لەرێی حکومەتیشەوە ئیتر لەخوای گەورە دەپارێینەوە کەهەموومان بخاتە سەر رێگای راست و هیدایەت، ئێوەش خوشک و برایانی خۆشەویست هەمیشە هەر شادو سەر بەرز وسەرکەوتوو بن، زۆر سوپاسیش بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان کەبەراستی ماوەیەکی باشە بەدەوری راستەقینەی خۆی هەڵدەستێ، ئەو دەورەی کە هیوادارین گەشەی پێ بدات هەروەک حکومەت گەشەی پێ دەدرێ چالاکیەکانی پەرلەمانیش گەشەیان پێ بدرێ لەپێناوی هەڵسان بەئەرکەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، الكلمة الان لسماحة الدكتور محمد بحر العلوم.

**بەڕێز د. محمد بحرالعلوم:**

بسم الله الرحمن الرحيم

سلام من الله عليكم ايها الاخوة والاخوات ورحمته وبركاته، في هذه اللحظة التأريخية التي نلتقي فيها ببرلماننا، برلمان اقليم كردستان نسمعُ ما يثلج الصدر ويطمئن الخاطر بأن الظرف الشاذ الذي مر على هذه المنطقة الحبيبة من وطننا الغالي قد انتهى الى غير رجعة ويسعدنا ايضاً ان نسمع من الاخوين الكريمين مايؤكد على هذه الحقيقة من ان الوحدة الوطنية لهذا الوطن سوف تتأكد اكثر مما كان في السابق وهو حقيقة واقعة فالحمدلله علت لغة السلام وانتهت لغة الحرب وان الله سبحانه وتعالى وفقنا جميعاً على ان ماحدث نعتبره ظرفاً غير طبيعي ساعد النظام الدكتاتوري لاتلاف هذه المنطقة التي انعقدت عليها آمال كل العراقيين وتجربتها الرائدة التي نأمل ان تمتد الى كل الوطن في القريب العاجل عندما يسقط النظام وتنتهي هذه الفترة والتي لم ترَ فيها كل خير وانعدمت فيها القيم الانسانية، هذه اللحظة اراها مجيدة بالاقوال وبالعمل وامل من الله سبحانه وتعالى ان يعضدها بالاعمال التي تحقق الامال من المواطنين لتصبح كما اشار اليها الاخوان الكريمان هذه البقعة من هذا الوطن الكبير لكل العراقيين مأمناً وملاذاً حتى نتمكن من خلالها ان نسحق الدكتاتورية ويتم اسقاطها فاليد الواحدة لن تصفق والذي يطلبه منا شعبكم العراق اخوانكم واخواتكم في الداخل يأملون ان تكون الانطلاقة لتحرير هذا الوطن من هذا الجزء من الوطن الغالي الحمدلله اكررها بأن هذا العهد القادم سيكون عهداً زاهراً مقروناً بالعمل والدعاء لإرساء قواعد الاخوة والمحبة والسلام ونعمل

جاهدين جميعا يداً واحدة وصفاً واحداً في ترسيخ قواعد هذه التجربة وان نرى في المستقبل ان شاء الله في هذا البرلمان قد اجتمع الاخوة الكردستانيون بكل فصائلهم وبكل ايديولوجياتهم وبكل قواعدهم في بناء هذا الوطن. دعائي الى العلي القدير ان يسدد الخُطى ويوفق الجميع لإرساء هذا الواقع الذي يأمله كل العراقيين في هذا الوطن ويأخذ بيد العاملين وفي مقدمتهم الاخوين الكريمين الكبيرين الى العمل الجاد في سبيل ترسيخ هذه المسيرة النضالية التي تحمل راية السلام والمحبة وتحفظ عقيدتنا من التدخل من كل جانب شكراً لكم والف شكر، والسلام عليكم ورحمته وبركاته.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً لسماحة الدكتور محمد بحر العلوم، الكلمة الآن للأستاذ احمد چلبي.

**بەرێز د. احمد الچلبي:**

بسم الله الرحمن الرحيم

حضرة السيد رئيس البرلمان الكردستاني، سماحة السيد محمد بحر العلوم والاستاذ جلال الطالباني والاستاذ مسعود البارزاني ايتها الاخوات الكريمات ايها الاخوة الاكارم يسرني ويسعدني ويشرفني ان اكون اليوم بينكم في برلمان كوردستان لنحتفل بالسلام بإتفاق السلام الذي جاء نتيجة لعملية مخاض عسير وطويل بعد القتال وبعد التجربة المُرة التي مرت علينا من خلال الصيف المنصرم ويزداد سروري عندما استذكر الجلسة الماضية التي عقدناها في هذه القاعة لأول مرة بعد بداية القتال في كردستان وكيف كنا وكيف اصبحنا الان وقد صفت النفوس وتطورت الافكار واتجه الجميع نحو السلم ويسرني كذلك في اليوم بان انوه بالادوار المشرفة التي قامت بها القيادات الكردستانية وكذلك الافراد وقيادات المؤتمر الوطني العراقي الموحد في احلال السلام وفصل القوات ولن انسى ابداً ماكنت الاحظهُ وانا اعايش الاستاذ مسعود البارزاني اثناء القتال من الالم الذي كان يحيط به والحزن والقلق على مصير الشعب الكردي من هذا القتال وكان دائما يردد في اللحظات الحرجة كيف استطيع ان اصدر الاوامر بالقتال ونحن نقاتل ابناء شعبنا ولكنه في المحصلة النهائية اتجه نحو الصلح واتجه نحو السلام واستوعب كل التحديات والضغوط وكذلك لن انسى الموقف الشجاع التأريخي الذي اتخذه الاستاذ جلال الطالباني عند عودته حينما امر بسحب قوات الاتحاد من جانب واحد من كل الجبهات وهو يعلم انه يدخل في مخاطرة ويأخذ عملية مغامرة ولكنها مغامرة نحو السلام ولن انسى كذلك موقف سماحة الشيخ عثمان عبدالعزيز المرشد للحركة الاسلامية في كردستان العراق الذي اصدر اوامره بايقاف القتال بعد ان اشتد في المناطق الحدودية في قلعة دزه وحلبجة وكذلك اتجه نحو السلام واما موقف الاستاذ كوسرەت رئيس الوزراء الذي كان دائماً شجاعاً من الناحية المعنوية قبل الناحية البدنية والجسدية الذي سيطرت على قراراته الوطنية الكبيرة وحبه الكبير للشعب الكردي والشعب العراقي والذي لم تكن قراراته مفهومة او مقبولة عند

كثير من اوساط الطرفين اثناء القتال ولكنه جنح نحو السلام وانوه كذلك بدور الريادي الذي قام به المهيب الركن حسن مصطفى نقيب في مشاركته ورعايته لعملية فصل القوات واحلال السلام في كردستان ان هذه الاتفاقية التي نحتفل بها اليوم لها مقومات النجاح فهي تتصف بشمولية اذ انها تشمل جميع الاطراف السياسية والمجموعات السكانية المتميزة في كردستان العراق وهي كذلك تتصف بالتفصيلية حيث انها جاءت ليس فقط لاعلان المبادىء العامة بل ادخلت تفاصيل الحل ونحن نعلم ان المشكلة هنا في كردستان العراق ليست مشكلة هنا في كردستان العراق ولكنها مشكلة التفاصيل العملية، والشيء الثالث الذي تتضمنه هذه الخطة انها جاءت من بعد ان رأى الجميع شفا الهاوية لقد وقفنا على شفا الهاوية ونظرنا الى القاع العميق الذي كنا نسقط فيه جميعا لولا سيطرة الحكمة وحب الوطن وقوة الشعور الوطني على القيادات السياسية لكن القول ان هذه الاتفاقية فيها مقومات النجاح ليس ضماناً لنجاحها فالعمل المستمر الدؤوب نحوتطبيقها ونحو تطبيق تفاصيلها هو ضرورية جداً وماكانت هذا التجمع لمحاميين كوردستانين في بهو البرلمان عند دخولنا حيث جاؤوا ليعربوا عن حزنهم لمقتل زميلهم الا تذكاراً واضحاً للمشاكل التي تواجه هذه الاتفاقية ان الاتفاقية لنجاحها يجب ان نركز على اربعة جوانب، اولاً المسؤولية السياسية في تنفيذها وثانياً المسؤولية الامنية وثالثاً المسؤولية المالية ورابعاً المسؤولية الاقتصادية، فهذه الامور يجب ان تراعى بشكل تفصيلي لتنجح الاتفاقية وأن ادخل وأتوسع قليلاً في هذا الموضوع لاني حريص جداً لان تنجح هذه الاتفاقية ويستقر الأمن والسلم وترسيخ الحياة الطبيعية في هذه الارض العزيزة في كردستان العراق لنكون جميعاً مهيأين للأنقضاض على النظام الدكتاتوري وتحرير العراق. ان الشعب الكردستاني في العراق له فضل وله شرف كبير في استضافة قوى المعارضة العراقية في هذه القطعة من أرض العراق أن الشعب في كردستان العراق قد أخذ مخاطر كبيرة عندما وافق وقرر عن طريق قيادته السياسية وعن طريق حكومته وبرلمانه في ان يكون قائد العمل السياسي المعارض لتحرير العراق وأن الشعب العراقي لن ينسى هذه المبادره وهذه الخطوة التأريخية التي نحن في السنة الثالثة من تجربتنا فيها ولذلك اجد ان من الواجب ان اذكركم بحرص على تنفيذ هذه الاتفاقية، أن تحرير العراق يبدأ من الاراضي المحررة في العراق وليس من خارج العراق ان تحرير العراق لا يبدأ من العواصم الاجنبية او العواصم القريبة الاسلامية والعربية بل يبدأ من ارض العراق وقد اثبتنا جميعا ان عملنا في هذه البقعة من ارض العراق هو تعزيز للوحدة الوطنية العراقية وتعزيز الاخوة العربية الكردية التركمانية الاشورية في العراق نحن هنا اثبتنا اننا باستطاعتنا الوصول جميعاً وبشكل مشترك وصيغة حضارية جديدة توحد العراق الديمقراطي التعددي الذي يحترم حقوق الانسان عن طريق الفدرالية ان الفيدرالية ليست اداةً لتقسيم العراق ولكنها هي الطريق المضيء لتوحيد العراق الذي قسمه صدام حسين بحكمه الدكتاتوري نحن هنا كذلك اثبتنا ان استطعنا ان ننشيء المؤسسة العراقية السياسية تعتمد

الصيغ البرلمانية لتتماثل اعتى حكم دكتاتوري ونستطيع الاستمرار في عملنا من أرض العراق لسنوات طويلة وشاقة وقد نجحنا والحمدلله في المحافظة على وحدة مؤسستنا المؤتمر العراقي الموحد وتعزيز هذه الوحدة رغم التحديات الكبيرة التي واجهتنا، واننا كذلك نعلن من هنا من البرلمان اننا في المؤتمر الوطني العراقي الموحد نرحب بجميع من عارض صدام، نعمل معه سوياً سواءً من شخصيات أو أحزاب أو منظمات سياسية ونحن نعلن كذلك أننا نتمتع بأقصى صفات المرونة للعمل ضد النظام الدكتاتوري مع كل من عارض هذا النضال ابتداءً من عمل من داخل المؤتمر الى التنسيق الميداني والسياسي بين الاطراف المختلفة وكذلك نعلن اننا قد اثبتنا اننا متمسكون بوحدة العراق وارجو ان تصل هذه الرسالة الى كل من كان يعتقد ان عملنا هو تهديد لوحدة العراق وان عمل المؤتمر كان يؤلف خطراً على وحدة العراق وبالتالي خطراً على الدول الاقليمية ونحن ندعو اخواننا وجيرتنا من الدول الاسلامية والعربية لفهم مشكلتنا في العراق وفهم حاجتنا الاساسية الى التعددية ليفهم اننا نريد وحدة العراق ونريد ان نقيم افضل العلاقات الطبيعية مع جيران العراق وننبذ سياسة العدوان التي اتخذها صدام حسين أداةً لبقائه في السلطة ان العدوان الخارجي والاضطهاد الداخلي هما وجهان لعملة واحدة وهذه العملة هي صدام حسين لقد ظن العالم ان صدام حسين قد وقع في قفصٍ بعد حرب الخليج وأنه لن يستطيع التحرك نحو تهديد جيران العراق ولكن هذه المقولة ذهبتٌ في مهب الريح في الشهر الماضي عندما حشد صدام عشرات الالوف من حرسه الجمهوري نحو الكويت واضطرت دول العالم الى ارسال الالاف وعشرات الآلاف من الجنود والالاف الطائرات الى منطقة الخليج للتصدي لصدام حسين وقد أثبت العالم ان الاضطهاد في العراق وعدم تنفيذ القرار (٦٨٨) الذي يدعو الى منع حكومة العراق من اضطهاد الشعب العراقي يعني ان صدام سيستمر في عدوانه على الشعب العراقي وعلى جيران العراق ان حركة التغيير في العراق ستحصل من قبل الشعب العراقي ونحن ندعو الجيش العراقي وجميع القوات المسلحة العراقية الى الاتفاق معنا نحو تحرير العراق ونحن كذلك قد أعلنا في المؤتمر العراقي عفواً عاماً شاملاً عن كل من أرتكب جرائم ضد العراق عدا الحفنة القريبة من الدكتاتور العراقي وبطانته المباشرة ونحن كذلك يجب علينا ان نستذكر الظروف الموضوعية القائمة الان للخلاص من صدام حسين وتعبئة جميع القوات الدولية والاقليمية الى جانبنا فنحن الان نستطيع ان نطالب بتنفيذ القرار (٦٨٨) بعد ان اخذ مجالاً بصفة الالزامية عن طريق صدور قرار (٩٤٩) الذي صدر تحت الفصل السابع الذي يطلب فيه مجلس الامن من العراق عدم التدخل والتعرض لعمليات الامم المتحدة في العراق وشعبها والحكومة المؤقتة كطريق لتحرير ان هذا العمل متميز وضروري ومهم بالنسبة لتحرير العراق وهو كذلك عمل شجاع ولكننا اذا اردنا ان نخرج هذا الشعار الى حيز الوجود يجب علينا ان نأخذ المبادرة في طرح مشروع متكامل يتمتع بصفة حياتية لها وجود في الحقيقة وفي الواقع السياسي العراقي ونحن كذلك يجب علينا ان نسعى للحصول على تأييد الاصدقاء

والجيران الاشقاء لهذا المشروع حتى يكتب له النجاح. أيها السيدات والسادة اختم كلمتي هذه بالتمنى لأتفاق السلام في كردستان النجاح وبالتمنى والدعاء لتحرير الشعب العراقي من الدكتاتورية المريرة التي تلم به والسلام عليكم ورحمته الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شكراً للأستاذ احمد چلبي، ئێستاش مامۆستا مەلا عەلی بابفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا عەلی/ نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی:**

بسم الله الرحمن الرحيم .(واعتصموا بحبل الله جميعاً ولاتفرقوا واذكروا نعمة الله عليكم اذ كنتم أعداءً فألف بين قلوبكم فاصبحتم بنعمته اخوانا وكنتم على شفا حفرة من النار فأنقذكم منها كذلك يبين الله لكم آياته لعلكم تهتدون) صدق الله العظيم. مقام رئاسة مجلس البرلمان لأقليم كردستان، سيادة الاستاذ الكبير مسعود البارزاني، سيادة الأستاذ مام جلال الطالباني، سيادة الدكتور محمد بحر العلوم، سيادة الاستاذ دكتور أحمد الچلبي، رئيس المجلس التنفيذي، حضرات السادة أعضاء البرلمان ورؤساء الاحزاب وقادة الاحزاب والحركات جميعاً في كردستان وفي العراق كافة والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته، نهنئكم جميعاً ونهنيء الشعب العراقي بهذا اليوم السعيد الذي نرى بأن مختلف الاحزاب والهيئات وقادة الحركات والاحزاب في برلمان كردستان الذي هوكان من امنياتنا منذ القرون، نجتمع اليوم مع المعارضة العراقية التي تستهدف تحرير العراق و إقامة حكم عادل ينسجم مع جميع القوميات، ومع جميع الجماعات فنكرر تحياتنا اليكم والى الشعب الكردي بوجه خاص والى الشعب العراقي ونبشر الشعب العراقي بمستقبل زاهر سعيد، وبعون الله تعالى و بأيمان هذا الشعب وبقوة ابنائه البررة من مجاهدين سوف تتحرر العراق و نعيش متكاتفين متعاونين من الجنوب الى الشمال ومن الغرب الى الشرق وسوف يكون عراقنا مضرب الامثال في التقدم واستقرار الامن وإعادة الحرية والمساواة التي سلبت بأيدي الحكام الظالمين فيا اهلا ومرحبا فأنني نيابة عن المرشد العام للحركة الاسلامية سماحة الشيخ عثمان عبدالعزيز ووكالة عن اخواني أعضاء المكتب السياسي وأعضاء مجلس الثورة وجميع المجاهدين نرحب بهذا المجلس والبرلمان وبالحاضرين ونؤكد مساندتنا المطلقة واسنادنا المطلق والتزامنا المطلق بكل قراراتٍ تأتي لصالح المجتمع ولصالح الشعب الكردي ولصالح الشعب العراقي عامة ونحن كلنا وما زلنا نعتبر انفسنا اداةً للخير والاصلاح وان المكان الذي ملأته الحركة الاسلامية لايمكن ملؤه بغيرها وان الاستاذ مسعود حفظه الله هو على علم مباشر بأن جل اهتمامنا منذ تلك الفترة القاسية وكل جهودنا ان لا تؤثر تلك الحوادث على مسيرة البرلمان والحكومة والمعارضة العراقية التي اتحد من ارض كردستان المحررة مطلقاً لها لكي تقوم بواجبها تجاه الشعب العراقي وفي الحقيقة فقد تطرق اخواننا الاعزاء الذين تكلموا قبلي في كثير من مواضيع فلا حاجة للأطالة في الكلام وأخيراً اكرر تحياتي لهذه الجلسة المباركة وأرجو من الله سبحانه وتعالى ان لا تكرر مثل تلك الحوادث

التي رأيناها وان نرى شعبنا في العراق وفي كردستان سعيداً متكاتفاً متعاوناً مع ابناءها ونعيش جميعاً في ظل سلام وامن ورفاهية (وقل اعملُ فسيره الله عملكم ورسوله والمؤمنون) والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەین ئێستاش جەنابی کاک عەزیز محەمەد با بفەرمووێ.

**بەڕێز عەزیز محەمەد:**

سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەبێ پاشی ئەو هەموو شتانەی کە گوتران ئەبێ پیاو چیتر بڵێ؟، ئەگەر بەیانێک بایە زۆر بەسادەیی تەوقیعمان لەسەر دادەنا ودەمان گوت دەست لەدەست وهێز لەخوا، بڕوا ناکەم مرۆڤ هەر چەند هەوڵ بدات شتێ لەو شتانەی کە گوترا باشتر بڵێ، دەبێ پیرۆزبایی لەخۆمان و لەمیللەتی کورد و لەپەرلەمانی کوردستان و لەمیللەتی عیراقیش بکەین، چونکە گەیشتینە رۆژێکی ئاوا کارێکی گرنگە، بەڵام لام وایە لەو کارە گرنگتر جێبەجێ کردنی ئەو کارەیە، رەش بین نیم، بەڵام ئەوەش رێکەوتنی یەکەم نییە، ئەوجا پێویستە ئەو شتە بەبیری خۆمان بخەینەوە ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکرێت، بە ئەزموونی خۆم هەر سیاسەتێک هەر چەندە راست بێ هەر رێکەوتنێک هەر چەندە دروست بێ، ئەبێ بۆ چارەسەرکردنی و بۆ جێ بەجێ کردنی میللەتی لەدوابێت، ئەبێ هێزی لەدوابێت، ئەگینا ئەتوانین بەیانێکی راستەوخۆ دەربێنین قسەی باش باش بکەین و لەرۆژنامەکان و لە تەلەفزیۆن ورادیۆ بڵاوی بکەینەوە تەماشا بکەین سبەینێ خۆی تەرجومە بکات ئێمە پێویستیمان بەوەیە هەموولایەک وبنکەکانی هەموو حزبەکان، میللەتەکەمان رادیۆکانیان تەلەفزیۆنەکان و رۆژنامەکانیان هەموویان هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو رێکەوتنامەیە، رەنگە هەندێکیان تا ئێستا بەتەواوەتی نەیان زانیوە ئەو رێکەوتنامەیە دەبێ چی بێ، ئیتر لەمەودوا ئاو لەئاشی دوژمن نەکەین، قسە زۆر دەکرێ لەسەر لابردنی دکتاتۆریەت بەش بەحاڵی ئێمە لەکوردستانا لابردنی دکتاتۆریەت بەچ رێگایەک تێ دەپەڕێ؟ بەچەسپاندنی ئەو ئەزموونە، با زۆر نەڕۆین باباسی کۆڵانەکانی ئاسمان نەکەین، باسی ئەو هەنگاوانە بکەین کەلەسەر زەوی هەڵدەگیرێن ئەوەندەی بتوانین ئێمە ئەو ئەزموونەی کەهەمانە لەسەر زەمیندا بیچەسپێنین، ئەوە رێگایە بۆ لابردنی دکتاتۆریەت بەش بەحاڵی خۆمان گوێ بیستی گەلێ کەس بووم لەوانەی کەلەبەغدان هاتوونەتە دەرێ توشی نائومێدی هاتوون، گوێیان بەخۆیاندا بەرداوەتەوە ئەڵێن ئەوەمان هەبوو ئەوەش وای لێهات، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە ئەو ئەزموونە بچەسپێنین جارێکی تریش پیرۆزبایی لەهەموو بەڕێزان دەکەم تەبیعی پیرۆزبایی لەسەرۆکایەتی خۆمان دەکەین سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی، پیرۆزبایی لەهەموو ئەوانە دەکەین کەدەورێکیان بینیوە بۆ ئەوەی بەم رۆژە بگەین، بەڵام دیسانەو عیبرەت لەجێ بەجێ کردنە نەک بەوەی کە گوتوومانە ئیتر زۆر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی مامۆستا عەزیز محەمەد دەکەین ئێستاش وتەی بەرەی کوردستانی لەلایەن بەڕێز کەریم ئەحمەدەوە.

**بەڕێز کەریم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەڕێزان میوانەکان لەبرا عەرەبەکانیشەوە سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین کە ئیمڕۆ ئەو خەڵکەی لێرە دەعوەت کردووە جێگری ئەوەبین کە ئەو ڕێک کەوتنەی لەنێوان هەردوو حزب (P.D.K)ی یەکگرتوو لەگەڵ (P.U.K) پێک هاتووە پێشەکی پیرۆز بایی لەخۆمان دەکەین، چونکە گەیشتینە ئەوڕۆ تا قەدەرێک لەوەو پێش هەر هاتوو چۆمان دەکرد، لەو لا لەم لا لیژنەمان دادەمەزراند، ژووری عەمەلیاتمان دادەمەزراند هاتووچۆ دەکرا لەبۆ بەرەکانی شەڕ، کە شەڕ رابگیرێ، ئیمڕۆ ئەوە لێرە کۆبووینەوە کە ئاسەواری شەڕ نەماوە، بەڵام دیسان دەڵێین ئەو ناکۆکیەی کە بوو لەنێو بەرەی کوردستانی بوو، ئێمە هەموومان لەناو بەرەی کوردستانی بووین و ئەو ناکۆکییە کەبوو خەلەلێکی خستە نێو بەرەی کوردستانی، بەڵام ئەو دوو حزبەی کەشەڕیان دەکرد ئەوانی تر هەوڵیان دەدا کە ئەو شەڕە رابگیرێ ونەهێڵدرێ، بەتایبەتی حزبی زەحمەت کێشان وبزووتنەوەی ئاشووری لەگەڵ حزبی شیوعی کوردستان هەوڵێکی زۆریان سەرف کرد بۆ ئەوەی کە ئەو شەڕە رابگیرێ وکۆتایی پێ بێ، دووبارە بگەڕێینەوە دۆخی جارانمان، بەرەی کوردستانی بەکاری خۆی هەڵبستێ بەرەی کوردستانی وازی لێ نەهێنرێت هەر چەندە خەلەلیشی کەوتێ، لەو ماوەیە پێویستە لەسەر بناغەیەکی توند وبەتین تر ئەم بەرەیە دابمەزرێتەوە لە رووی ئەوەی کە تەجاوبی هەبێ لەگەڵ بارودۆخی ئێستامان تا ئێستاش ئەو ڕێکەوتنامەیەی کەکراوە لەنێوان هەردوو حزبی ئێمە پێ خۆش حاڵی خۆمان پیشان دەدەین، بەڵام تائێستا نەمان زانیوە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنامەیە چییە، هێشتان ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئەگەر ناوەڕۆکەکەشی لێرە خوێنرایەوە و زانرا، بەڵام ئەرکی بەجێ هێنانی وجێبەجێ کردنی ئەکەوێتە سەر بەرەی کوردستانی، پێویستە کارایی ئیش کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنەی بەرەی کوردستانی ببێتە ئامێرێ ببێتە ڕێکخراوی هەرە بنەڕەتی، ببێتە چاودێریەک بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان هەردوو حزب پێک هاتووە، ئالێرەدا پاش خوێندنەوەی ئەو ڕێکەوتنە دەبێ بەرەی کوردستانی دەوری خۆی ببینێ بۆ ئەوەی چ کەم وکوری یەک هەیە لەوڕێکەوتنەو، چۆن جێبەجێ بکرێ، ئەو مەسەلەیە بخرێتە سەرشانی بەرەی کوردستانی، دەوری خۆی ببینێ لەجێبەجێ کردنی ئەو هەنگاوە پیرۆزەی ئەو هەنگاوە گەورەیەی کەهاوێشترا بۆ راگرتنی ئەو شەڕە ونەهێشتنی ئەو شەڕە ونەهێشتنی گفتوگۆ لەنێوان ئەو دووحزبە، هەر گفتوگۆیەک بەو شێوەیە بکرێ زیان وزەرەری هەرە بنەڕەتی بۆ گەلەکەمان و بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیمانە بۆ بەرەی کوردستانییە، بۆ هەموو لایەنێکە لە عێراقدا. ئالێرەدا دەڵێین پێویستە ئەو

مەسەلەیە بەچاوێکی ورد تەماشا بکرێ، جارێ واز بێنن لەو ململانێیەکە ئیمرۆ رۆژی ململانێ نییە، ئیمرۆ رۆژی ئەوەیە کە هەموومان شان بەشانی یەک هەوڵ دەین بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانی میللەتەکەمان چارەسەر بکەین، بزووتنەوەکەمان بەهێز بکەین، زیاتر توانامان سەرف کەین بۆ رووخاندنی رژێمی صدامی دیکتاتۆری بەغدا، ئیتر پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەین، لەهەموو برادەران دەکەین، لەکاک مەسعوود ولەمامی خۆشەویست دەکەین، کە ئێمە گەیشتینە ئەو رادەیەی بتوانین ئیمرۆ بەو شێوەیە کۆببینەوە واز بێنین لەلوولەی تفەنگ، واز بێنین لەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان بەرێگەی تفەنگ، دەبێ لەرێگای گفتوگۆوە بەشێوەیەکی برایانە مەسەلەکانی خۆمان چارەسەر بکەین ئیتر زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز/جێگری سەرۆک:**

زۆر سوپاسی بەرێز مامۆستا کەریم ئەحمەد دەکەین بۆ ئەو وتەیەی بەناوی بەرەی کوردستانییەوە پێشکەشی کرد وئێستاش برای خۆشەویست سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران با بفەرمووێ.

**بەرێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

میوانە بەرێزەکان خوشک وبرایانی خۆشەویست بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ویەکە یەکەی برا وەزیرەکان پیرۆزبایی لەهەموو لایەک دەکەین بە بۆنەی ئەو رێک کەوتنە مێژووییەی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)ی یەکگرتوو، بەراستی ئەمرۆ رۆژێکی مێژووییە لەخەباتی گەلەکەمان دا کە پاش ئەو هەموو کارەساتە ناخۆش وماڵ وێرانیەی بەسەر میللەتەکەمان دا هات بە بڕوای هەردوو لاو، هەموو لایەنەکان گەیشتینە ئەو راستیەی کە دەبێ برایەتی وتەبایی جێگای شەڕو ناکۆکی وگیروگرفت بگرێتەوە و، ئەو شەڕو ناخۆشییەی کەلەکوردستان روویدا زیانێکی زۆری لەگەلەکەمان دا چ لەناوەوە چ لەدەرەوە، هەروەها ئەو عەقلیەتەی کەلەچەند ساڵی رابردووش کەئیشی پێ دەکرا لەلایەن هەموو لایەکمان ئەوە بوو کە گەیاندینە ئەو ماڵ وێرانیە و ئەو شەڕە ناوخۆییەی کەلەکوردستان رووی دا، چونکە عەقڵیەتی پاوان کردنی کوردستان ویان تاک رەوی لەحوکمرانی لەکوردستان ئەوە کارێکی زۆر خراپە، هیوادارین ئەو رێکەوتنامەیە بە کردەوە جێبەجێ بکرێت، لەسەرانسەری کوردستان و ئەو دەزگا شەرعیانەی کەلەکوردستان دا هەنە چ حکومەت، یان پەرلەمان هەنە ببنە دەزگای راستەقینە وئەوان بڕیار بدەن کە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەنگی داوە بەپەرلەمانی کوردستان و ئەو پەرلەمانەش بڕوای بە حکومەتی هەرێم داوە، ئومێدەوارین لە داهاتوودا هەموو خەڵکی کوردستان چۆن ئەمرۆ دڵیان خۆشە بەراگەیاندنی ئەو رێکەوتنامەیە لەکارکردن ورەنگ دانەوەی هەموو لایەکیش هەست بکەن کەبەراستی ئەو رێکەوتنە مێژووییە رێکەوتنێکی راستەقینەیە وکە ئەو جارە هەموو لایەک پێویستە بە برایەتی وتەبایی کار بکەین لە کوردستاندا نەک بەتاک رەوی و باوەڕمان بە دیموکراتیەت هەبێ باوەڕمان بە یاسا

هەبێت باوەڕمان بەمافی مرۆڤ هەبێت، چونکە دیموکراتیەت گەشە ناکات لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتت هەبێ باوەڕت پێ نەبێ، لەو شوێنانەی کە لاوازی باوەڕت بە دیموکراتیەت هەبێت هەروەها دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێگای پێ بدرێت کە کار بکات، بەراستی لێتان ناشارمەوە لەبەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستان کە بەرنامەکان بۆکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشکراو روونە کە زۆر شتی تێدا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنە لەهەموو لایەنەکان دەگیرێ بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، لەزۆر وەزارەتەکان ئیشوکارەکان گیروگرفتیان لەپێش بوو، یان برا وەزیرەکان نەیان دەتوانی کاربکەن وئەو بەرنامەی کە هەیە وەکو وەزارەت جێبەجێ بکرێت، ئێستا لەوانەیە گلەیی وگازاندە هەبێت لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، دووجاری تر ئیستقالەمان داوە چونکە ئیشوکارەکان بەو شێوەیە ناڕوات، بەڵام ئەو جارە لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی هەموو لایەک و بەتایبەتی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کەبەڵێن درایە ئەو برا وەزیرانەی کە ئەمجارە لەکابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری دەکەن، یان ئەو برایانەی تریش کە لایەنەکانی تر لەحکومەت بەشداری دەکەن وچ وەزیر بێت، یان جێگری وەزیر بێت نەک گیروگرفت بۆ یەکتری دروست بکەن، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران هەمووی جێبەجێ بکرێت لەسەرانسەری کوردستان ویاسا لەسەرووی هەموو شتێک بێت نەک حزبایەتی ،یاخود حوکمڕانی تاکە کەسی، هیواداریـن ئەو ڕێکەوتن نامەیە ببێتە مایەی پەیمانێکی تازە لەسەرانسەری کوردستان ولاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە لەمێژووی خەباتی گەلەکەمان وبرایەتی و تەبایی بەرقەرار بێ، هەروەهاش هەر یەکێتی و پارتی ئیستغلالی هەموو جێگاکان نەکەن وحوکم نەکەن و بەشداری لایەنەکانی تریش بکەن، چۆن ئێستا کە ئەو کابینەی دادەمەزرێت لەپانزە وەزارەت دروست دبێت (٥)یان بۆ لایەنەکانی تر دەبێت (١٠) یان بۆ هەردوو حزبەکە دەبێت ولەدام ودەزگاکانی تریش دەستە دادەمەزرێت بۆ هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی خەڵک واتە پیاوی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو دابنرێت وهەموو لایەکمان هەوڵ بدەین خزمەتی گەلی کوردستان بکەین و ئەو برینەی کە رووی داوە سارێژی بکەین ولەبەردەمی جیهان ولەدەرەوەش کە خەڵک دیدێکی خراپی لێوەرگرتبووین کە ئەم بارودۆخە هاتە پێشەوە بە شێوەیەکی وانیشان بدەین کە وەکو بەرێز کاک مەسعوود باسی کرد، ئەگەر گیروگرفتیشمان هەبێت دەتوانین لەناوخۆ چارەسەری بکەین، کەجێگای خۆش حاڵییە، لەکۆتایی دا سوپاسی هەموو ئەو لایانانە دەکەین کەبەشداریان کرد لەوەی کە پرۆسەی ئاشتی سەر بگرێت بەتایبەتی (INC) ولە ڕێزی پێشەوەشیان برای بەڕێزمان دکتۆر ئەحمەد چەلەبی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ برای بەڕێزمان سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران، ئێستاش فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئەگەر بەم بۆنەیەوە شتێکیان هەیە، با بفەرموون.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

میوانانی بەڕێز ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەوەی راستی بێت بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن کە وتەکەی پێشکەش کرد بەناوی هەموومانەوە ئەو وتارەی پێشکەش کردن لەگەڵ ئەوەش دا کە ئێستا ماوەی ئەوەتان پێ داوم کەچەن وتەیەک پێشکەش بکەم، سوپاستان دەکەم پاش ئەم هەموو وتنە جوانانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا پێشکەش کرا، شتێکی وا نامێنێتەوە بۆمن وبۆ غەیری من کەباسی بکەن، ئەوە نەبێ کەوا جارێکی تر پیرۆز بایی لەخۆمان ولەهەموو خەڵکی کوردستان ونەتەوەی کورد بکەین بە بۆنەی ئەم رێکەوتنە پیرۆزەوە کە زۆر جار ناوی برا بەرێکەوتنێکی مێژوویی و کۆبوونەوەیەکی مێژوویی من هیوادارم کە ئەم کۆبوونەوەیە بڕیارەکانی هەردوو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی کوردستانی و کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی یەکگرتوو ئەو بڕیارانە لەمەولا تەنیا مێژووی نەبن، بەڵکو جوگرافیش بن بەمانای ئەوەی کە ببن بەبناغەیەک بۆ دەست پێکردنی کار بەشێوەیەکی فراوان لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پێناوی رزگار کردنی سەرتاسەری عێراق، هەروەکو برای بەڕێزمان مامۆستا عەزیز محەمەد فەرمووی زۆر جار بڕیارمان داوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەوا ئێمە ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکەین، هەروەکو فەیلەسوفێکی ئەڵمانی ئەڵێ (فەیلەسوفەکان بەزۆر شێوە جیهانیان لێک داوەتەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەوا بیگۆڕین) ئێمەش زۆر بڕیاری باشمان داوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جێبەجێیان بکەین، هیوادارم هەموومان بەشدار بین لەم پرۆسە گرنگە دا لەم پرۆسە مێژووییەدا وهەموو ئەرکی سەرشانمان بەشێوەیەکی باش ورێک وپێک جێبەجێ بکەین وهەوڵ بدەین کە ئەو بڕیارانە بگەنە بە ئەنجام، ئیتر زۆر سوپاستان دەکەم وهیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی کاک د.کەمال فوئاد دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من پێمروایە درێژە پێدانی قسەکانی مامۆستا عەزیز محەمەدە، چونکە منیش کۆنە هەرامەم؛ منیش پێموابوو ئەبوایە یەکەم شت رێک کەوتنەکە بخوێنرێتەوە خەڵکەکە گوێی لێ بێ رێکەوتنەکە چییە، ئینجا پیرۆزبایی بکات، ئینجا پشتگیری لێ بکات خۆزگەشم دەخواست هۆڵەکەی پەرلەمان نەختێک لەوە گەورەتر بوایە بۆ ئەوەی هەموو ئەوکەسانەی کەدەوریان دێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی ئا ئەڵێرە بەشداریان بکردبایە، هاوبەشیان لەگەڵ ئێمەدا بکردبایە، بەڵام داوای لێبوردنیان لێ دەکەین لەوە زیاتر هەڵ ناگرێ رێکەوتنی ئەمجارە جیدیە وراستە، داوا لەکادرەکان وئەندامانی هەردوو حزب ولایەنگرەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرەکانیان

دەکەین ڕێز لە ئیمزای کاک مەسعود ومام جەلال بگرن، داوا لەکاک مەسعود ومام جەلالیش دەکەین کە ڕێز لە ئیمزای خۆیان بگرن، هەر کەسێ لەهەر لایەک لەهەر ئاستێک دژی ئەم ڕێکەوتنە وەستا سنووری بۆ دابنێین، بەمە ڕێز لە ئیمزای خۆیان دەگرن، هەروەها داوا لەلایەکانی بەرەی کوردستانی ودەرەوەی بەرەی کوردستانی دەکەم زۆر لەوە نەترس کەیەکێتی و پارتی زۆر لەیەک نزیک بنەوە ئیتر ئەوان قووت دەدرێن، زۆر جار وابیر دەکەنەوە ئەمجارە لێک نزیک بوونەوەی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەیە بەرەی کوردستانی بەهێز بێ (INC) بەهێزتر بێ برایەتی و تەبایی لەسەرتاسەری کوردستان بچەسپێ، کاک مەسعوود فەرمووی شتەکە ئەوەندە خراپ بوو شەرمێ دەکەین، ئەگەر لێمان بپرسن هۆی چ بوو بۆ وای لێ هات وەلاممان نییە بلێین سووچی فرەنسۆ بوو، ئینجا دەسەلاتێکی تر هەیە دەسەلاتی چوارەم لەکوردستان کە ڕۆژنامەگەرییە، گولانیش بەشێکە لەو دەسەلاتەی چوارەم، گولان ئەو کەسانەی دژی ئاشتی و برایەتی وتەبایی دەجولێنەوە دەیان خاتە ژێر چاودێریەوە ولەقاویان دەدات وئابرویان دەبات بۆ بەرژەوەندی سەرخستنی پرۆژەی ئاشتی و تەبایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، دیارە دەیانەوێ ڕێککەوتننامەکە بخوێننەوە، ئێمەش وای بۆ دەچین ئەگەر مۆڵەت هەبێ بۆ خوێندنەوەی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە، واپێشنیار کرابوو کە ئێمە دوای ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی پەرلەمانمان هەیە لەوێندەرێ ئەوە بەخوێنرێتەوە و بەند بەبەند باس بکرێ لەراستیدا لەپێشەوە نەخوێنرایەوە، جا ئەوە پێشنیارەکە بەوشێوەیە دەخەینە ڕوو، ئێستاش لێرە ئەم کۆبوونەوەیە تەواو کرا، بۆ چەند وەختێکی تریش وتوویژ لە نێوان خۆمانا بکەین، سوپاسی هەموو لایەک دەکەین و سوپاسی ئەو برایانە دەکەین کەبەم بۆنەیەوە ئەم وتە بەنرخەیان پێشکەش بە پەرلەمان و بەخەڵکی کوردستان کرد، هەموو لایەکمان داوای سەرکەوتن دەکەین فەرموون سەعات (٤) برایانی پەرلەمان وئەگەر برایانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرە ئامادە بن بەخێر بێن زۆر سوپاستان دەکەین.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٤ـ کۆبوونەوەی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەمان دوو خاڵە، خاڵی یەکەم پێشکەش کردن وخستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەلەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، پاشان ئەو ڕێکەوتننامەیە بەدووروودرێژی دەخوێندرێتەوە کە لەنێوان هەردوو حزب وەکو پێشنیارێک کرابوو، جا بەرنامەی کاری ئێمە، لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم دوو خاڵەیە ئەگەر تازە بابەت و شتێ نەبێ بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین، ئێستاش لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یادداشتێکمان بۆ هاتووە دەربارەی دەست لەکار کێشانەوەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمە، هەروەها پێشنیارێکی تریان هاتووە کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و، دامەزراندنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، ئەوی تریش هەمموارکردنی یاسای ژمارە (٣)یە کە پاشان ئەدرێ بە لیژنەی یاسا، ئێستا گوێمان لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ با بفەرموون ئەو یادداشتەی کەپێشکەش کراوە ئەخوێنرێتەوە پاشان بۆ دەنگدان ئەیخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتای پێکهاتنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەموو هەوڵ وکۆششێکمان داوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان، ئەو بەرنامەیەش کە پێشکەش بەئێوەی بەڕێز کراوە باوەڕی خۆتان پێ دا، بەشێکی گرنگیمان جێبەجێ کرد وبارودۆخی نائاسایی کوردستان وناوچەکە ڕێگری ئیش وکارو بۆ پێشەوە چوونی بارەکە بوو بەگشتی، بەتایبەتی کارەساتی شەڕی ناوخۆی خۆکوژی هەموو بەرنامە وپلانی کابینەکەی ئیفلیج کرد، بەڵام لەئەنجامی هەوڵی دڵسۆزانەی خێرخوازانی گەلەکەمان حزب و ڕێکخراوە دیموکراسی و جەماوەری یەکان ئەو کارەساتە کۆتایی پێ هات و قۆناغێکی نوێی پڕ لە گەش بینی وئاسۆی ڕۆناک تر هاتوتە کایەوە، جا بۆڕێ خۆش کردن بۆ گەشەپێدانی حکومەت وزیاتر بەجیددی گرتنی و نەهێڵانی دوو مەڵبەندەیس، بڕیارو فراوان کردنی بنکەی هاوبەش کردنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی ٢٤/١١/١٩٩٤ بڕیاری دا ئیستقالەی خۆی پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە پێویستیانەی لەسەرەوە

باسمان کرد، هەر بەم بۆنەیەوە لەبەردەم پەرلەمانی بەڕێزدا دەمانەوێ سوپاسی خۆمان ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و برا وەزیرەکان وخوشکە کافیە وەزیری شارەوانی بکەین بۆ هاوکاریان لەگەڵماندا.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**جێگری سەرۆک وەزیران**

**کۆسرەت ڕەسول عەلی**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین ئەو یادداشتە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە جا پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات؟ دیارە کەس نییە تەنها شێخ عەدنان نەبێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی کابینەی دووەم بەسەرۆک و هەموو ئەندامانیەوە دەکەین، بەڵام لەراستیدا ئەوەی باوە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئیستقالە پێشکەش دەکات پاساو وهۆیەکان دەسنیشان دەکات، لەبەرچی ئێمە تەنها ئەوەمان دی تەنیا ئیستقالەکە پێشکەش کراوە، پێمان خۆش بوو ئەگەر شتێکی وای تێدا بێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن هۆی ئیستقالەکە چی بوو؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پێشکەش کردنی ئیستقالە، بەراستی وەکو باسمان کرد لەناوەرۆکی ئیستقالەکەدا هاتووە لەبۆ فراوان کردنی بنکەی حکومەتە ولایەنەکانی تریش بەشداری دەکەن، هەتاکو ئێستاکە تەنیا (١٢) وەزارەت هی یەکێتی و پارتی بووە (٣) وەزارەت تەنیا بۆ لایەنەکانی تر بوو، ئێستاکە وا پێشنیار کراوە کە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێنج وەزارەت بدرێتە هەموو لایەنەکانی تر، ئەو لایەنانەی لەناو بەرەی کوردستانینەو ئەوەی لە دەرەوەی بەرەی کوردستانیە، تەنیا (١٠) وەزارەت لەبۆ ئەو دوو لایەنە، یەکێتی و پارتی دەمێنێتەوە وهەروەهاش زیاتر دەربارەی ئەو بارودۆخە کە هەموو لایەک بەڵێنیان داوە چۆن ئەوڕۆش قسە کرا لەکۆبوونەوەی بەیانی کەبەجیددی ڕێگا بدەن بەحکومەت کە کار بکات، چونکە خۆتان لەلاتان ئاشکرایە بەتایبەتی ئێوەی بەڕێز کە پەرلەمان چاودێری ئیشوکارەکانی حکومەت دەکەن ئەو شتانەی کە نەکراون لەلایەن حکومەتەوە هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە وەزیرەکان بێ توانان، بارودۆخەکە وعەقڵیەتەکە وابووە کە هەریەکە بەلایەکی دا رای کێشاوە، ئەنجامەکەش تووشی ئەو

شەڕە ناوخۆییە بوون،کەسیاسەتی گشتی هەموو لایەک واتە سیاسەتێکی ناراست بوو، جا هیوادارین کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی یاسا و عەدالەت بێ وڕێگەی پێبدرێ کە حکومەت ڕۆڵی خۆی ببینێ لەسەر ئەو بنچینە بووە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو لامان ئەزانین کە ئەمە ڕێکەوتنی هەردوو لایەنە سیاسییەکە بووە لەبارەی هەموارکردنی وەزاری، یان دەست لەکارکێشانەوە، بەڵام من وەکو تێبینی خۆم تەوقیتی ئەو ڕۆژەم لەگەڵ اعلان کردنی ئەو ڕێکەوتنامەیەی نێوان هەردوو حزبەکە لەپەرلەمانی کوردستان دا پێموایە تەوقیتەکە لەلایەکەوە دڵی خەڵک خۆش دەکەین بەڕێکەوتنێکی ستراتیجی نێوان هەردوو حزبەکە، لەلایەکەی تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لەکاربکێشێتەوە کە وەکو کاک عەدنان گوتی پاساوی وا باس نەکراوە کە یادداشتەکە هۆیەکەی چییە؟ هەردوو حاڵەتەکە یەکێ دڵ خۆش کەرەیە یەکێ کۆمەڵێ نائومێدی ئەدات بەخەڵک، وەکو پێشنیاری خۆم ئەوەیە، دەبوو لەکاتێکا کابینەی ئامادە کراو بۆ جێگەی ئەم کابینەیە کەدەست لەکار ئەکێشێتەوە ئامادە کرابێ ئەوماوە بۆشاییەکی دیار لەکوردستانا دروست نەبێ جا بۆ ئەو مەبەستە حەز دەکەین بەڕێز سەرۆکی وەزیران روون کردنەوەیەکمان لەو بارەیەوە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی خەڵکیش ئاگاداری ئەو دەست لەکار کێشانەوەو هەموارە وزرایە بێت، سوپاس

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی کاک شەوکەت، خۆی ئێمە ئەوە ئیستقالەمان دایتە پەرلەمان حەز دەکەن ئێوە رازی مەبن وخۆشی لەهەموو دنیا واباوە ئەو حزبانەی کە لەحکومەت بەشداری دەکەن خۆیان دەتوانن ئەوان نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، ئەوە مەسەلەکە ئەوە نییە بڵێی وەڵڵا مفاجئەیە، یاخود دەبوایە دانیشتنەکە تەوقیتی جۆرێکی تر بایە، دەتوانن بڵێین ئیستقالەکەمان رەفز کردەوە، دەتوانین بڵێین داواتان لێ دەکەم بەردەوام بن هەتاکو کابینەیەکی تازە دادەنێین لەحکومەت، ئەوە دەگەڕێتەوە لەبۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک شەوکەت دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ئاشتی و برایەتی و تەبایی هاوشانە لەگەڵ ئەم یەکێتییە لەگەڵ ئەم ڕێکەوتنە، بۆ ئەوەی دەستی هەموولایەنەکان ئاوەڵە بێ بۆ ئەوەی ئەنجوومەن، یان کابینەیەک پێک بێتن لەگەڵ گیانی ڕێکەوتنەکەدا بگونجێ، بۆیە بەبۆچوونی من دەست لەکار کێشانەوەیان جێگای خۆش حاڵییە جەخت دەکەم کەتەفاعولە لەگەڵ گیانی تەبایی و برایەتی، بەپێی یاسای

ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەپێی یاسای خۆیان پەرلەمان دەست لە کار کێشانەوەیان قەبوڵ بکات، بەردەوام دەبن لەسەر کاروباری ئیداری خۆیان تا کابینەی تازە پێک دێ، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو زانیاریانەی تازە پێمان گەیشتووە(٥) وەزیر پارتینە (٥) یەکێتینە (٥) لە لایەنەکانی تری سیاسیی، باشە نازانم لەکابینەی تازە باسی بێ لایەنەکان نەکراوە، ئایا هیچ پۆستێک دەدرێتە بێ لایەنەکان؟، من پێشنیار دەکەم بەراستی سەبارەت بە وەزارەتی داد هیچ لایەنێک وەری نەگرێ بەڵکو کەسێکی بێ لایەن وەری بگرێ، بۆ ئەوەی لەژێر گوشاری هیچ حزبێکی سیاسی نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سـیـروان مـحـەمـەد نەوروڵی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دێمە سەرباسکردنی ئەو پۆستەی کە کاک شێروان ئێستا وتی، بەراستی سەبارەت بەو خەڵکەی کەوا بێ لایەنە، واتە ئێستا کۆی ئەو (١٢) وەزارەتە سیانی هی حزبەکانی ترە کە دووانی کەی ئەمێنێتەوە بۆ ئەو حزبانەی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی، ئەی بێ لایەنەکان هیچیان بۆ دیاری نەکراوە؟ ئەمە یەک، دووەم پرسیارێکیشم هەیە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، لە کابینەی داهاتوودا چەند مەرجێک هەیە بۆ ئەوانەی کە ببن بە وەزیر، ئایا ئەو مەرجانە چین کە دەبێ تیایاندا هەبن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. مـحـەمـەد فـوئاد مـەعـسـوم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی وشەی دەست لەکارکێشانەوە راست نییە، کەبەکاری دێنین دەست لەکار ناکێشنەوە وەزارەتەکە ئیستقالە دەکات، بەڵام نازانم چ وشەیەکی کەی لەجێ دادەنرێ دەست لەکارکێشانەوە واتە لەئێستاوە بڕۆنەوە ماڵی خۆیان وحەقیان بەهیچەوە نەما، وانییە، عادەتەن وەزارەت کە ئیستقالە دەکات داوای لێ دەکرێ خەریکی ئیش وکاری خۆی بێ، بەردەوام بی هەتاوەکو ئەو رۆژەی کابینەی تازە دادەنرێ، جاری وا هەبووە بەتایبەتی لەئیتالیاش شەش مانگ وەزارەت ئیستقالەی داوە، کەوتووە، بەڵام بەردەوام بوونە لەسەر ئیشی خۆیان، واتە ئەوە نییە هەر کەس بچێتەوە ماڵی خۆی ودابنیشێ و وەزارەتی خۆی بەجێ بێڵێ، بەڵکو یەک بەیەک هەموویان بەرپرسیارن پێکەوە وتاکە تاکەش بەرامبەر بەئیش وکارەکانی خۆیان، ئەوە یەک، دووەم، حەز دەکەم لێرەش شتێ روون کەمەوە، چونکە بەشدار بوومە لەگەڵ هەندێ لەو بەڕێزانەی کە لێرەنە لەو کۆبوونەوانەی کە هەیە وانییە تانووت لەوەزارەتەکە درابێ، لەو کۆبوونەوانەی کە کراوە تانووت لەهیچ کەسێک نەدراوە، لەوانەیە ئەگەر هەندێ تێبینی لەسەر وەزیرێکیش هەبووبێ، بەڵام لەئەنجامدا بە رێز لێ گرتنەوە تەماشایان کراون، واتە وانییە مەسەلەکە وا دابنرێ کە بگووترێ

خوانەخواستە وەزارەتەکە بێ کەڵک بووە، یان وەزیرەکان بێ کەڵک بوونە، نەخێر شتی وەها نییە، بەڵام ئەو جارە هەوایەکی ترە، یان جەوێکی ترە کە وەزارەتەکەی تێدا دروست دەکرێ هەر کەسە رای خۆی دەردەبڕێت ئیتر بۆ ئەوەی کە هیچ پابەندیەکی پێشوو نەمێنێ، ئەوجا پێکەوە هەردوولا دابنیشین بۆ ئەوەی ڕێکەوتن بکەن ئەوەش وانییە بڵێی شتێکە تایبەت بێ بە ئێمە لەهەموو دنیا کەچەند حزب بەشدار دەبن لەپێکهێنانی وەزارەت پێکەوە دادەنیشن و هەر کەسە بیرو بۆچوونی خۆی ورای دەردەبڕێ . ئەمە بەو جۆرە واتە وانەزانیت ئێمە تەنیا لە کوردستانین کە حزبایەتی دەکەین لە بواری وەزارەت دانانا لەهەموو دنیا چەند حزب پێکەوە یەک دەگرن و دادەنیشن لەنێوان خۆیاندا ڕێک دەکەون، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک د.فوئاد کردنی، بەڵام خستنەسەرێکم هەیە بۆ بەردەوام بوونی وەزارەت، دەقی یاسامان هەیە بڕگە (٢) مادە (١١) لەیاسای ئەنجومەنی وەزیراندا دەڵێ: هەر کاتێک وەزارەت ئیستقالەی دا دەبێ بەردەوام بێ لە ئیشوکارەکەی هەتا کابینەی دوای ئەو دادەمەزرێ، ئەوجا ئەوە بەپێی یاسا ئەوان بەردەوام دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین تەنها یەک تێبینی تر هەیە، کە کاک سیروان پرسی بوونە مەرجی وەزیر چییە؟ وابزانم ئەوە لەیاسادا دیاری کراوە کەمەرجەکانی بونە ئەندامی پەرلەمانە، هەمان مەرج بەسەر وەزیریشا جێبەجێ دەبێت، لەیاسادا دیار کراوە هەر بۆ روونکردنەوەو چی تر نا، با بەڕێز سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران تێبینی تری هەبێ با وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی پرسیارەکەی کاک شێروان ئەوا خۆی مەرج نییە وەزیری داد بێ لایەن بێ، بەڵام پێمان وایە لەم قۆناغە لەو دووحزبە نەبێ نەلە (ی.ن.ک) بێ نە لە (پ.د.ک) بێ، بەڵام حزبەکانی تر هەر یەکە کە چ لەوانی کە لەناو بەرەی کوردستانینە، یان لەدەرەوەی بەرەی کوردستانینە پۆستی وەزارەتی داد وەربگرن ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەبوو لەجەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران واتە ئەو مەرجە چییە کە وەزیر مەرجی تیا مەوجوود بێ؟ دیارە سەر لەبەیانی قسەی برادەران و بەڕێز مام جەلال وکاک مەسعوود ئەوەیان راگەیاند کە گوایە سەرکردایەتی حزبەکان دەسەڵاتی حکومەتی داهاتوو ئەگرنە دەست. جا من دێمەوە سەر ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە بهێنینەوە وامان دانا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بوو

بەفلان وەزیر، ئەگەر مالّی لەهاندەران بێ دوای ئەوە ئیشوکاری وەزارەتیش لێرە ئەبا بەرێوە وەکۆبوونەوەی مەکتەبە سیاسی یەکانیش واتە بەردەوام ئەکرێ، واتە بەراستی بەمعدل بەدوادەکەوێ دەبێ لەئیش وکارەکەی جا من پێم وایە مەرجێکی بۆ دابنرێ، لەراستیدا بۆ ئەوەی ئیش وکارەکە بروات حکومەتەکە فەشەل نەهێنێ سەر لەنوێ واتە هیچ نەبێ با ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ واز لەسیاسەتەکەی بێنێ ئەو ماوەیە وە یاخود بەلّێن بدات سەر لەمالّ و مندالّی نەداتەوە لەدەرەوە یاخود مالّ ومندالّەکەی بێنەوە، جا من داوای ئەوە دەکەم ئەگەر شتێکی وابێ خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێزعەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم ئێمە باسمان کرد سبەینێ جەنابی مام جەلال و جەنابی کاک مەسعود وهەموو لێپرسراوەکان وتیان مەسەلە بارودۆخەکە بوو پەیوەندی بەحکومەتەوە نەبوو کە حکومەت فەشەلی هێنا بێ، بەلاّم پەیوەندی بەوە هەبووە کە پابەند بوون نەبووە بە بریاری حکومەتەوە، نەیان هێشتووە حوکم بکەن وچەندین جار ئێمە باسیشمان کردووە ئەوە لێرەش جەختی لەسەر دەکەینەوە حکومەت تەنیا (سەنەوی) بەناوی ئەنجوومەنی وەزیران بووە دەنا وەکو ئۆتۆمبیلێک بووە خەلّکی تر لێیان خوڕیوە تاوانی پێ کردووە وسەنەویەکەشی لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حساب بووە، ئەوجا هەر کەسە لەجێی خۆی هەلّبستێتەوە بلّێ حکومەت فەشەلی هێناوە یاخود وابووە وابووە قسەی بازارییە، حکومەت هیچ فەشەلی نەهێناوە، بەلّکو لایەنە سیاسیەکان سیاسەتێکی ناراستیان گرتۆتە بەر بەرامبەر بەوەی کە حکومەت نەهێلّن ئیش بکا، مەسەلەی تریش کە هەلّ و مەرج بۆ وەزیر دابنرێ ئەوە تەمەن دانرایە و لەیاسای پەرلەمانایە، ئەو هەلّ و مەرجە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە کەچ سیفەتێ لەوەزیردا بێ یان لە ئەندامی پەرلەمان دا بێ، بەلاّم مەرجەکانی بۆ دادەنێی فلان دەروات یان فلان ناڕەوات ئەوە دەگەرێتەوە بۆ حزبەکەی خۆی، هەموو حزبێک حەز دەکات کە باشترین وەزیر دابنێ کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەر بکات کەلە هەلّبژاردنی داهاتوودا بلّێ وەزیرەکەی من سەرکەوتوو بووە و خزمەتی زۆری کرد وخەلّکی زۆریشی لێ رازی بوون، دیسانەکە ئەوە لەپەرلەمان رۆژی حکومەت دەتوانن بانگی فلان وەزیر بکەن بلّێن بۆ سەرکەوتونەبووی لە ئیشەکەی خۆت و لەئێستاوە لەبۆ وەزیرەکان مەرج دانانرێ، سوپاس.

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ئاشکرایە و لەیاسایشدایە، هەر وەزیرێک خراپ بوو ئەوە پەرلەمان دەتوانێ متمانەی لێ بکێشێتەوە ، جا ئەوە گرفتێک نییە، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئێمە خۆمان و جەماوەریش هەر هەموویان ماوەیەکی زۆرە لەدەستی دیاردەی پەنجا بەپەنجا

نارەزایی خۆیان دەردەبڕن و بەراستی ئەم ئیستقالە کردنەی حکومەتیش چارەسەرێکە بۆ ئەوەی دیاردەی پەنجا بە پەنجا نەمێنێ، چونکە نیاز وایە حکومەتێکی ئیتیلافی دابمەزرێنین، لەبەر ئەوە حەز دەکەم زیاتر ئەم صیغەمان لێرەدا هەبێ، باشە کەناوی ئیستقالەی حکومەت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیا هەمان شتیشی لەگەڵا بڵێین کەتەکلیفی بەڕێزان کاک کۆسرەت وکاک د.رۆژ دەکرێ بەدامەزراندنی حکومەتێکی ئیتیلافی، بۆ ئەوەی دەرەوە و ناوەوەش بزانن کە ئێمە چارەسەری دیاردەی (٥٠) بە (٥٠) مان کردووە و، سیغەیەکی جوان و رێکوپێکە بەلای منەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەیانی وئێستاباسی (١٥) وەزارەت کرا ئەوە دووسێ جار دووبارە کرایەوە کەوا (١٥) وەزارەت پێک دێن، (٥) بێ لایەنن (٥)ی پارتی و(٥) ی یەکێتی رێکەوتن لەسەر ئەو (٥)ە واتە چی بۆ پارتی بێ چی بۆ یەکێتی بێ چی بۆ لایەنی تر بێ، یاخود ئەوە جەولەی تری دانیشتنی دەوێ تاکو لەسەری رێک بکەون؟، سوپاس.

**بەڕێزعەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەڵامم بۆ پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم رێکەوتووین لەسەر ئەو وەزارەتانە کێ وکێیە هیچ جەولەی تری ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە تەواو، ئەوەی کە پێشکەش کراوە بەئێمە، ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە کە ئیستقالەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی (٢)ە، کێ لەگەڵ ئەوەیە قەبوڵ بکرێت؟ سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتا بەزۆربەی دەنگ ئیستقالەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان قبوڵ کرا، سوپاستان دەکەین، خاڵی یەکەم ئەوە بوو کە بڕیارتان دا کە ئیستقالەی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێ و ئەوەبوو بەزۆربەی دەنگ قبوڵ کرا، داوا دەکەین کە ئەم کابینەیە بەردەوام بن لە ئیشوکاری ئیداری خۆیان تاکو دامەزراندن ومتمانە پێدانی پەرلەمان بەکابینەی سێیەم. سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین وداوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین بە یاری خوا کابینەی سێیەم بەزووترین کات لەلایەن حزبەکانەوەپێک دەهێنرێت و ئێمە رۆژی شەممە سەعات (١١) کۆدەبینەوە بۆ ناو لێنانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی سێ، جا سەعات (١١) لێرە بۆ ئەم مەبەستە کۆئەبینەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەوانەی کەوا لەگەڵ ئەوەدا بوون کەوا ئەو وەزارەتە بمێنێتەوە چەند کەسێ بوون و، سێ کەس بوون، حەقە ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشوو سوپاستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوایی حسابێکی بۆ ئەکەین ئەوە بەلاش نییە، خاڵی یەکەم تەواو، ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان خاڵێکی تریان نییە، ئەوە خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە ڕێکەوتنامەکە لێرە دا ئەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری بن، تەنها ئەو خاڵەمان ماوە جا ئێوە ئازادن.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکۆتایی دا زۆر سوپاستان دەکەین و بەردەوام دەبین لەئیش وکارەکان، هەتاکو کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک دێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش سوپاستان دەکەین داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین جا حەز دەکەن دابنیشن ئەوە ئازادن، بۆ خاڵی دووەم پەلە مەکەن، ئەیکەین بەکوردی، بۆ پەرلەمان ئەبێ بە بەڵگەنامە، ئێستا دێینەوە سەر ئەو ڕێکەوتنامەیە و ئەخوێنینەوە، وابزانم هەر تەنیا ئەیخوێنینەوە، چونکە بۆ گفتوگۆ ئەوە ڕێکەوتوون و ئیمزا کراوە ئێمە تەنیا داوای سەرکەوتن دەکەین وداوای ئەوە دەکەین کەجێبەجێ بکرێ و پشتگیری لێ بکەین. ئەگەر جەنابی سکرتێری ئەنجومەن بفەرمووێ با بۆمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

ميثاق التحالف بين الاتحاد الوطني الكوردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد.

لقد برهنت التجارب التي مر بها شعبنا واكدت الاحداث المأساوية الأخيرة حقيقة هامة لابد من ادراكها واستيعاب مضامينها، والعمل بمتطلباتها ... الا وهي ان الاقتتال بين الاتحاد الوطني الكردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد هو انتحار ذاتي لكل منها، وتدمير للحركة التحررية الكوردستانية وتفتيت لأرادة شعبنا الموحد، مثلما هي تضييع لمكتسبات شعبنا في الداخل والخارج وتشويه لسمعة الحزبين والحركة التحررية الكردية اقليمياً ودولياً. وتأكد من جديد ان تطور الحركة الكردستانية والحفاظ على حكومة اقليم كردستان، والمجلس الوطني الكوردستاني، والجبهة الكردستانية، وروحية شعبنا النضالية.. مرهون بأتحاد وتعاون الطرفين الاتحاد الوطني الكردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد.. اولاً، وبوحدة الصف الوطني الكردستاني بما فيها الجبهة الكردستانية واشتراك جميع الاطراف الكردية الاخرى في المسيرة الديمقراطية السياسية القائمة في كردستان العراق.. ثانياً، أصبح جلياً واضحاً ان المصلحتين الوطنية والحزبية تحتمان ايجاد احسن العلاقات الطبيعية والنضالية والتعاونية بين الحزبين، فهذا هو قدرهما، وهذا هو مصيرهما، وهو وحدة ضامن ببقائهما قوتين جماهيريتين، وكفيل بتسخيرهما في خدمة الشعب والوطن، لذلك كله اجتمع المكتبان السياسيان للأتحاد

الوطني الكردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد بحضور الاخوين البارزاني والطالباني وبجميع اعضائهما الموجودين على ارض الوطن، وبعد التداول والبحث والحوار قرروا بالاجماع مايلي:

اولاً: تحريم وتجريم الاقتتال بين الاحزاب والقوى السياسية في الاقليم، وبشكل خاص بين الاتحاد الوطني الكردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد واعتباره جريمة وطنية كبرى لايجوز اللجوء اليها، بل يحتم الواجب الوطني تجنبها وشن حملة فكرية واسعة ضدها في صفوف الحزبين لتنقية النفوس والأذهان ومن اجل فرض ذهنية حضارية ونشرها في صفوف اعضاء وكوادر وقيادات الحزبين ذهنية ديمقراطية تؤمن بالتآخي والتلاحم الكفاحي وبالحلول السياسية والسلمية للمشاكل والخلافات وتدين اساليب العنف والاقتتال والاغتيال والضغط والاكراه لغرض فرض الاراء والمواقف، او لحل الخلافات والمشاكل التي قد تنجم خلال المسيرة النضالية والديمقراطية الجارية في كردستان العراق وتحريم وتجريم الالتجاء الى الدول الاجنبية في النزاعات الداخلية ضد بعضهما البعض، وتحريم اهدار الثروة الوطنية، بل تؤكد على حل جميع المشاكل والاختلافات بين الحزبين او قواعدهما، او منظماتهما بالطرق السلمية و الاساليب الودية والحوار والنقاش والانتقاد الاخوي، بحيث يغدو حتى مجرد التفكير في اللجوء الى السلاح وهما موحشاً ونظرة سقيمة ومكروهة ومحرمة، وحتى اذا ماحدث خلاف او نزاع في محله او قرية او مدينة فيجب الاسراع في السيطرة عليه ومنع انتشاره وتعميمه كواجب اساسي للقيادتين عموماً وللأخوين مسعود البارزاني وجلال الطالباني خصوصاً، كما يجب تربية اعضاء وكوادر وقيادات الحزبين بروحية التآخي والتلاحم الكفاحي و بادراك حقيقة ان مستقبلهما ومصيرهما مشترك، وكل نصر او هزيمة لأحدهما هو نصر وهزيمة للاخر ايضاً. ويجب الاصرار على نشر مبادىء حقوق الانسان والاساليب الحضارية والحزبية والمنافسة الشريفة للكسب الحزبي في صفوف جماهيرها وكوادرهما، ويعمل الطرفان بصورة مشتركة على سن قانون من قبل المجلس الوطني الكردستاني بتحريم وتجريم الاقتتال الداخلي.

ثانياً: تجنب كل ما من شأنه خلق الاحتكاك والاصطدام بينهما وذلك بمراعاة مايلي:

١ـ الانتخابات:

أ ـ الاسراع في انجاز الاحصاء العام من قبل اللجنة الحكومية المكلفة بذلك على ان يتم ذلك الاحصاء قبل انتهاء الدورة البرلمانية الحالية.

ب ـ اجراء انتخابات حرة ونزيهة والتمهيد لها بأنجاز الاحصاء العام والتطبيع الشامل وتوفير الحريات العامة لضمان حريتها، وتعديل قانون الانتخابات اذا استوجب الامر ذلك.

جـ ـ السعي لأقامة إئتيلاف حكومي مع الاطراف الوطنية الاخرى بعد الانتخابات العامة القادمة

ووفق نتائجها.
د - ينبغي دراسة آلية اجراء الانتخابات حسب الاتفاق.
هـ - الاتفاق لأقامة منظمات موحدة للشرائح المهنية مثل الاطباء والمهندسين ... الخ.
و - التعاون بين الحزبين والاحزاب الاخرى لتجنب الاحتكاك في انتخابات هذه المنظمات واجرائها في جو ديمقراطي والالتزام بنتائجها.
٢ - تحريم الاحتكار في العمل الحزبي او النقابي او المهني في مناطق كردستان كافة، بحيث تكون حرية العمل الحزبي والنقابي والمهني مضمونة للجميع، وبحيث تدور المنافسة على كسب الجماهير باساليب حضارية وبالتباري في تقديم الخدمات للجماهير وتقديم الافكار الصائبة والشعارات السلمية.
٣ - تبادل العون والمساعدة من قبل الحزبين لبعضهما البعض من أجل انجاز مهامهما و واجباتهما الوطنية في جميع المجالات.
٤ - يمنح انتقال المنتسبين من حزبين وپيشمه رگه من أحد الطرفين الى الطرف الاخر.
٥ - يحرم الاحتكار في السلطة محلياً ومركزياً، وفي المؤسسات الحكومية وشبه الحكومية، ويسرع في إقامة المؤسسات الحكومية المقرة في اتفاقية پاريس (مجلس الخدمة، وديوان الرقابة المالية، مجلس التخطيط) لتمارس واجباتها وفق الاصول.
٦ - تنشيط الجبهة الكردستانية وتوسيعها بعد تعديل برنامجها وافساح المجال امامها للقيام بدورها السياسي و الأعلامي والجماهيري.
٧ - تشكيل لجنة تنسيق مشتركة لوضع ضوابط محددة للطرفين للأشراف على توجيه الاعلام وجهةً تخدم التحالف والتآخي ومهماتهما النضالية، وتبتعد عن الاستفزاز والاساءة والتشهير والقذف والاهانة، وكل ما يسئ الى العلاقات الودية المشتركة.
٨ - تنسيق العلاقات الاقليمية والدولية وتوحيد سياسات ومواقف الطرفين في هذين المجالين ايضاً وفق الصيغة الواردة حول هذا الموضوع في اتفاقية پاريس.

ثالثاً: تشكيل قيادة سياسية مشتركة تضم الاخوين مسعود البارزاني وجلال الطالباني والمكتبين السياسيين تجتمع دورياً وبصورة مستمرة لتنفيذ جميع الاتفاقات وللأشراف على الممارسة المشتركة للسياسات المتفق عليها، ولتعزيز وتنمية روحية التعاون والتآخي والتلاحم الكفاحي بين الحزبين بإستمرار وللإشراف على انجاز المهمات الوطنية المشتركة والعلاقات الاقليمية والدولية.

رابعاً: الألتزام باتفاقية پاريس ريثما يتم التوقيع عليها من قبل كاك مسعود ومام جلال.

خامساً: العمل الجاد لتنفيذ اتفاقية پاريس بصورة كاملة وحتى يتم ذلك يتفق الطرفان على:
١- التنسيق بين قيادة قوات الپيشمەرگة للحزبين وتوجيهها اساساً للدفاع بوجه العدوان ولحراسة حدود اقليمياً وتربية الپيشمەرگة بروح التآخي والتضامن والدفاع الوطني ضد

الاعداء.

٢ـ اعادة المليشيات الى اعمالها السابقة ومهنها الاصلية بصورة تدريجية.

٣ ـ ابعاد القوات عن المدن والطرق الداخلية العامة وتحشيدها في المناطق الضرورية للدفاع فقط.

سادساً: مساعدات عوائل الشهداء:

ان تكريم الشهداء ومساعدة عوئلهم هدف مركزي للحزبين وللأحزاب والقوى الوطنية الكردستانية كافة لذلك تقرر تحديد مساعدات عوائل الشهداء بصورة ثابتة وأصولية على الاسس التالية:

١ ـ تحدد مساعدات عوائل الشهداء على اساس تطبيق القوانين والانظمة ذات العلاقة على ان تدفع مساعدة شهرية قدرها (٥٠٠) خمسمائة دينار لكل شهيد حين انجاز معاملات الشهداء وفق ماسبق ذكره.

٢ ـ تشكيل لجنة برئاسة المحافظ وعضوية كل من نائبه ومسئوول فرع الحزب الديمقراطي الكردستاني ومسؤول ملبند الاتحاد الكردستاني لتدقيق مايتوصل اليه القسام الشرعي في كل محافظة.

٣ ـ ينبغي انجاز معاملة الشهداء خلال مدة اقصاها ثلاثة اشهر من تاريخ توقيع هذه الاتفاقية.

سابعاً: ارساء القواعد الحكم التشريعية والتنفيذية على اسس ديمقراطية وعصرية وحضارية بعيداً عن المنافسة الحزبية الضيقة والازدواجية في المناصب.

١ ـ يتفق الحزبان على التنسيق الكامل والشامل بين رئاستي البرلمان ورئاسة الوزراء، بحيث تتم الاجراءات والقرارات الهامة والاساسية بموافقة الطرفين.

٢ ـ يكون وكيل الوزارة اختصاصياً وخبيراً ويحدد الوزير صلاحياته.

ثامناً: وضع استراتيجية عامة لأقليم كردستان تشمل النواحي السياسية والأقتصادية والقانونية والتنموية وعلاقات كردستان بالدولة المركزية والدول الاقليمية والعالم، واتخاذ التدابير اللازمة لتحسين معيشة المواطنين والتأهيل الزراعي، واعادة تشغيل المعامل والدواجن والمؤسسات الزراعية، وبذل الجهود المشتركة لزيادة المساعدات الدولية وتوجيه المقرر منها نحو التنمية و اعادة البناء التحتي للمجتمع الكردستاني، واستخراج النفط والثروات المعدنية في الاقليم.

تاسعاً: القيام بحملة سياسية واعلامية واسعة لبيان حقيقة ان الفيدرالية التي تنشدها نقيضة الانفصالية وانها تعزز الوحدة العراقية والسيادة الوطنية، وان الطرفين يحرصان على وحدة العراق، ودحض الادعاءات الشوڤينية الزاعمة بأن الفيدرالية هي خطوة تقسيمية او انفصالية.

عاشراً: ريثما يتم دمج الجهازين (زانياري و التنظيم الخاص) وتسليمها الى حكومة الاقليم:

أ ـ يجري التعاون والتنسيق بين مسؤلي الجهازين.
ب ـ يمنح الجهازان من الفعاليات والنشاطات المعادية للطرفين وسائر القوى السياسية،
جـ ـ يركز الجهازان جهودهما على الاعداء والمخربين المأجورين لهم ولكشف شبكاتهم الجاسوسية ومخططاتهم التخريبية.
د ـ تحرم وتجرم عمليات الاغتيال والتفجيرات والاندساسات التخريبية والتجسسية.

**الحادي عشر:** يكون للطرفين موقف موحد من المؤتمر الوطني العراقي الموحد (INC)وقوى المعارضة الموجودة، ومن الجهود الرامية الى تخليص العراق من الدكتاتورية واقامة البديل الديمقراطي البرلماني.

**الثاني عشر:** تثبيت الحقوق القومية والديمقراطية للتركمان والآثوريين في قوانين الاقليم.

**الثالث عشر:** يستمر هذا التحالف ويعمل الطرفان بهذه الاتفاقية الى نهاية هذا القرن على الاقل.

**الرابع عشر:** الالتزام بهذه الاتفاقية الاستراتيجية عدا البنود التي لا تتفق مع هذه الاتفاقية.

التأريخ: ١٩٩٤/١١/٢١

| | |
|---|---|
| **مسعود البارزاني** | **جلال الطالباني** |
| **رئيس الحزب الديمقراطي الكردستاني ـ الموحد** | **الامين العام للاتحاد الوطني الكردستاني** |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، روون کردنەوەیەکی گچکە هەیە ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئەویش ئەوەیە، وەکو ئەزانن ئێمە ئەم ئەزموونە لەسەر بنچینەو بنەمای هاوبەشی دروست بووە، لەرۆژی یەکەمیەوە وهەتاکو ئەمرۆ وئەبێ ئەم ڕێکەوتنە بەیاری خوا هەتاکو بۆی هەیە بەردەوام بێت، لەسەر بنەمای هاوبەشیش روونە، کە لەکاتی خۆشیدا ئێمە لەسەری رۆیشتووین، ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەردووکیان پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ئەو ئیشە راپەڕێنن، جگە لە بەرپرسیارەییەتی پرۆتۆکۆلی نەبێت، ئێمە تەبیعی پێشانیش هەر ڕێک بووین ولەسەری رۆیشتووین لەوانەشە لەرێکەوتنەکەدا بەروونی ئاماژی بۆ نەکرا بێ، ئەویش لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە ئێمە لەبونیادەوە بنەمای هاوبەشیمان هەڵبژاردووە و پەرلەمانەکەمان (٥٠) بە (٥٠) یە ئەوە حکومەتەکەشمان لەنێوان ئەم دوو حزبە فەرمان ڕەوایە (٥٠) بە (٥٠) یە، کە بە گشتی شێوەی(٥٠ بە ٥٠) ناو لێناوە و، لەراستیدا وەکو دەڵێن هاوکاری کردن بەپێی ئەم ڕێکەوتنە بێگومان لەکابینەی سێیەم لەسەرەتای ئەم حەفتەوە بەڵکو ئیشەکەیان تەواو بێ و، مەسەلەکە بنبڕ دەبێت وکاروبارمان زیاتر تەبایی و برایەتی تێدا ئەدرەوشێتەوە، لێرە ئەگەر چ تێبینیەک نەبێ ئێمە تەنهاَ یەک شتمان هەیە ئەویش کە بەڵگەنامەکەمان خوێندەوە بۆگفتوگۆ نەبوو، ئەم ڕێکەوتنە تەنها

بۆ خوێندنەوە بوو، چونکە لایەنی هەردوو ڕێکەوتن ئیمزایان کردووە و، کێشەکە ئەوەبوو تەنها بۆ ئەوەی کە ئەو مژدەیە لەم ڕێگەیەوە بدرێ بەخەڵکی کوردستان و، ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین لەسەر شێوازی ئەو ڕێکەوتنامەیە وەکو وتم: ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکەین دەبێ نوێنەری حزبەکان لێرە بن وگفتوگۆیان لەگەڵا بکەین، ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن با لەگەڵ حزبەکانی خۆیان گفتوگۆ بکەن، چونکە لەراستیدا ئەم دانیشتنە دانەندراوە بۆ گفتوگۆکردنی ئەورێکەوتنامەیە و، پێشنیارێکی واشمان بۆ نەهاتووە بۆیە دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرە تەواو دەبێ ڕۆژێ شەممە وەکو گوتمان سەعات (١١) کۆدەبینەوە، یەک دووخاڵمان لەپێشە هەروەها من داوا لە لیژنەی یاسا ئەکەم ئەگەر چیان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی شەممە ویەک شەممە تەواوی بکەین، لەوەیە لە حەفتەیەک دوو ڕۆژێک بەوەی خەریک بین و، بەڵێنیش وایە لەماوەی ئەم حەفتە کابینەی سێیەممان دەسنیشان بکرێ ومتمانەی لەپەرلەمانی کوردستانەوە پێبدرێ زۆر سوپاس،کاک عەبدولخالق تێبینی هەیە، ئەوە لەدەرەوەی ئەم گفتوگۆیەیە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتە ئەگەر گفتوگۆ نەبوایە، حەق نەبوو بخوێندرابایەوە لەبەر ئەوەی خوێنرایەوە ئەوە بەرای من دەبێ بوار بدرێ بۆ چەند کەسێ بۆ ئەوەی تێبینی دەربڕین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر حەز دەکەی وەکوپێشنیارێک ئێمە بۆ دانیشتنێکی دیکە دەیخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی برادەران ئەوانەی کە پەیوەنددارن وەکو حزبەکان خۆیان ئامادە کەن، لاری نییە، بەڵام وەکو پێشنیار بابکرێ ئێمە لەدانیشتنێکی تردا باسی دەکەین، چونکە لەو دانیشتنە بڕیارمان داوە گفتوگۆی لەسەر نەکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە ڕێکەوتنێکە لەنێوان ئەم دووحزبە، نەهاتووە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر وەرگیرێت، حزبەکان بۆیان هەیە لەرۆژنامەکانی خۆیان ڕەخنەی لێ بگرن، شتی لەسەر بنووسن، پێشنیاری خۆیان بکەن، بۆ ئەوە نییە لەپەرلەمان گتفوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی خوێندنەوەی لێرە زیاتر بۆ توثیقە، نەک بۆ گفتوگۆ، چونکە لەرۆژ ١١/٢١ لەلایەن هەردوو لاوە مۆرکراوە وەکو کاک فرەنسۆش وتی ئەگەر حزبەکان یان خەڵکی تر بیروبۆچوونی تریان هەبێ تێبینییان هەبێ لەرێگەی ڕۆژنامەکانیانەوە دەتوانن گفتوگۆی بکەن، هەروەها لەرێگەی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی وکۆبوونەوەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها یەک تێبینی بچووکم هەیە، ئێمە بەیانی پیرۆزباییمان لەشتێ کرد دوای نیوەڕۆ زانیمان چییە. پێویست بوو بەیانێ لەگەڵ هاتنی ئەو برادەرانە بخوێنرابایەوە بۆ ئەوەی پیرۆزبایەکەمان بزانیایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە مژدە بدەینە خەڵک و، واتە پەرلەمان دەرکەوت کە بالاترین دەسەلاتە و خەڵکەکەش دلی پێ خۆش بوو کە ئەو دوو بەڕێزەش هاتن لێرە بەهەموو بەرەی کوردستانیەوە لێرە شتەکەیان خستەڕوو ئەم گفتوگۆیە زیادە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێکی تر دەڵێم مەسەلەیەکی نیزامییە، مادام خوێنرایەوە ئەبێ تێبینیش هەبێ لەنوێنەرانی گەلەوە دەربارەی ئەو رێککەوتننامەیە، جا لەبەر ئەوە بەرای من لەبەر ئەوەی تەداخولێ هەیە بلێی رێککەوتنی نێوان هەردوو حزبەکە لەگەڵ هەندێ مەسەلە پەیوەندی هەیە بە بەڕێوەبردنی کوردستان و حکومەتی کوردستان وزۆر شتیش لەو رێککەوتننامەیە هەقی داوە بە هەردوو حزبەکە کە ببنە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ولەوە زیاتریش ئەتوانم بلێم زۆر شتێکی سەیر بوو. لەلای من کەدوو حزب بڕیار وەربگرن (٥٠٠) دینار بدەن بەخێزانی شەهیدەکان کەئەوە لەدەسەلاتی حکومەت و پەرلەماندایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا وەکو وتم لێرە ئەم دانیشتنە تەواو دەبێت، رۆژی شەممە سەعات (١١) کۆ ئەبینەوە زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

**شەممە ریکەوتی ٢٦/١١/١٩٩٤**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٦/١١/١٩٩٤

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٦/١١/١٩٩٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ ناو لێنانی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق (کابینەی سێیەم).***
***٢ـ پرۆژەی بڕیاری زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی (المخصصات المهنية) بۆ مامۆستایان.***
***٣ـ پرۆژەی بڕیار دەربارەی مووچەی خانەنشینان.***
***٤ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (٣) خاڵە،(١) ناو لێنانی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. (٢) پرۆژەی زیادکردنی دەرماڵەی پیشەیی واتە: (مخصصات مهنية) بۆ مامۆستایان (٣) بڕیارێ دەربارەی مووچەی خانە نشینان و،(٤) تازەبابەت، ئەگەر شتێ تر هەبێ. وەکو لە دووا کۆبوونەوەشدا دەسنیشان کراوە بۆ دەستەی ئەنجومەنی وەزیران، لە دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنێک کرا لەگەڵ برایانی فراکسیۆنەکان، وتووێژێکمان لەبارەی ئەم بابەتەوە کرد و بڕیار درا بەم شێوەیە ناولە بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی بنرێ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. ئەم پێشنیارە عەرزی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟... کەواتە بە تێکڕای دەنگ ئەو ناولێنانە پەسەند کرا و ئێمە پیرۆزباییان لێ دەکەین بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی تەکلیف کردنی بەڕێزان کاک عەبدوڵلا و کاک د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ ئەم کارەیان، بۆ ئەوەی بە

زووترين كات ئەندامانى ئەنجوومەنى وەزيران دەسنيشان بكەن و لەپەرلەمان بيخەنەڕوو، بۆ ئەوەى متمانەى خۆيان پێ بدات ئەمەش بە پێى برگە (٤،٣)ە لەماددەى (٥٦) لە ياساى ژمارە (١)ى ساڵى ١٩٩٢. ئێمە لە كاتێكدا بەناوى دەستەى سەرۆكايەتى و پەرلەمانى كوردستانەوە پيرۆزباييان لێ دەكەين، بەڵێنى ئەوەش دەدەين ئەوپەڕى پشتگيريى و كۆمەكيان لێ بكەين بۆ سەرخستنى كارەكەيان، ديسان ئەوە دووپات دەكەينەوە كە بارودۆخى ئەمڕۆى كوردستان پێويستى بەوە هەيە يارمەتى بدرێ بۆ ئەوەى ئەنجوومەنى وەزيران كابينەى سێيەمى پێك بێت و پەرلەمان متمانەى خۆى پێ بدات و ئەنجوومەنەكە بكەوێتە سەر ئيشوكارى خۆى، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلى/ سەرەك وەزيران:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان، زۆرسوپاستان دەكەين بۆ ئەو بڕوا و متمانەيەى كە بە ئێمەتان دا بۆ چەسپاندنى كابينەى سێيەمى حكومەتى هەرێمى كوردستان، ئێمەش هەوڵ دەدەين لە ماوەيەكى كورتدا ناوى ئەندامانى كابينەكە بخەينە بەردەمى بەڕێزتان بۆ ئەوەى متمانەيان پێ بدەن، جارێكى تريش سوپاستان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوورى شاوەيس/جێگرى سەرۆك وەزيران:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجوومەن.**

ئەم ڕووداوانە واى كرد كە بەهاوبەشى هەردوو فراكسيۆنەكە لەهەردوو ئەنجوومەندا ياسا بچەسپێنين، من لەو باوەڕەدام ئيشوكارمان وابەئاسانى ناڕوات بەڕێوە، چونكە ئەو ئەركەى پێتان سپاردووين ئەركێكى گرانە، هيوادارم كە زۆر پەلەمان لێ نەكەن كە زياتر لە تواناى خۆمان كار بكەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەكەين. ئێستاكە خاڵى يەكەم تەواو بوو و دەچينە سەر خاڵى دووەم، مەسەلەى دەرماڵەى پيشەيى مامۆستايان كە وەك پرۆژەيەك پێشكەش بەپەرلەمان كراوە، جا ئەگەر جەنابى وەزيرى دارايى وئابوورى شتێكمان بۆ باس بكات.

**بەڕێز دارۆ شێخ نورى/ وەزيرى دارايى و ئابوورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجوومەن.**

هەروەك لەمەوبەر لەم هۆڵەدا باسى ئەوە كرا كە چاوێ بەبارى ماددى مامۆستايانى كوردستاندا بگێڕين. لە وەزارەتى دارايى و ئابوورى ليژنەيەكى تايبەتيمان پێك هێنا بوو بۆ ئامادەكردنى پرۆژەيەك بۆ زيادكردنى دەرماڵەى پيشەيى و هەندێ دەرماڵەى ناوچەيى تايبەت بە مامۆستايان لە پرۆژەكەى ئێمەدا هاتووە. كاتى خۆى پەرلەمانى كوردستان (٧٠ )دينارى براوەى بۆ سەرجەم مامۆستايان برى بۆوە ، ئێمە پێشنيار دەكەين كە ئەم (٧٠) دينارە ببێتە (١٥٠) دينار، هەروەها ئەوەى پێى دەڵێن دەرماڵەى خۆجێيى واتە: (مخصصاتى مەحەللى)بۆ ئەو كەسانە بێ كە لە

شوێنە جیاجیا و دوورەکان وانە دەڵێینەوە وەک گوندی زۆر دوورو گوندی نزیکتر و نزیک شارەکان و تەنانەت ناو شارەکانیش، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەو مەسەلەیەمان بەو شێوەیە چارەسەرکردووە: ئەو کەسانەی لە گوندی زۆر دوورن و لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانە، دەرس دەڵێنەوە کەهاتوچۆی زۆر زەحمەتە، ئەوە دەرماڵەیەکی تایبەتیان بدرێتێ لە ١٠٠٪ی مووچە بنەڕەتیەکەیان کە پێشتر هەیان بووە. ئێمە ڕێژەکەمان پێشنیار کردووە، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە لە گوندی دووردا کار دەکەن، بەڵام ڕێگەی هاتووچۆیان ئاسانترە لە گوندە سنووریەکان و هەرە دوورەکان، ئەوانەش لە ٦٠٪ی مووچەی خۆیان دەرماڵەیان دەدرێتێ و، ئەو کەسانەی کە لە مەڵبەندی قەزاو ناحیەکان و کۆمەڵگای نیشتەجێ بووندا کاردەکەن ئەوانە لە ٤٠٪ یان بدرێتێ، چونکە زۆربەیان نزیکی شارەکانن. هەروەها بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە مەرکەزی شارە گەورەکانی کوردستاندا کار دەکەن لە ٢٠٪یان بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەوەی هاتووچۆی نێوان ماڵی خۆیان و قوتابخانەکانیان بۆ ئاسان بکرێت، ئەوە کورتەیەکە لە مەسەلەی پڕۆژەی دەرماڵەی مامۆستایان و هیوادارین جێگەی ڕەزامەندیی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، فەرموو بەڕێز کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژەی زیادکردنی هەمواری دەرماڵەی پیشەیی فێرکردن، ئەم پڕۆژەیە لەلایەن (١٠) ئەندام و لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان دەسنیشان کرابوو، پاش دانیشتنێک لەگەڵ مامۆستایان کە هاتن سەردانی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد. ئەو پڕۆژەیە لیژنەی ئابووری و دارایی پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمانی کرد بە ژمارە ج/١١ لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٨، پاش چەند جار دواکەوتن لە کۆبوونەوەی (١٤)دا پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی کرا و بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیش لەوێ بوو، جەنابی وەزیری دارایش ئامادەبوو و لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/١٥دا بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی تەنیا دوو ڕۆژم مۆڵەت بدەن، من پڕۆژەیەکم هەیە و بەتێرو تەسەلی دانراوە وبۆتان دەنێرمە پەرلەمان تاکو پڕۆژەکە فراوانتر بێت. هەرچەندە پڕۆژەی وەزارەتی دارایی دواکەوت، بەڵام پێش هەفتەیەک گەیشتە پەرلەمانی بەڕێز، بۆیە دەڵێم بنەڕەتی پڕۆژەکە پڕۆژەی ئەندامانی پەرلەمانە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری پێشکەشمان کردووە وهیچ بۆچوونێکی جیاواز لە نێوان پڕۆژەی بەڕێز وەزیری دارایی و پڕۆژەی پەرلەماندا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی ئەوە بەشێکە لەوەی کە ئێستا پێشکەشی ئێوە کراوە، کاتی خۆیشی کە ئێمە پێشنیارمان کرد ئەم مەسەلەیە دووا بخرێ هەر بۆ ئەوە بوو کە ئەو جۆرە زیادکردنانەی

تریشی بخەینە پاڵ و ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە دەچنە گوندە دوورەکانی کوردستان بۆ دەرس وتنەوە ، لە سەر ئەو بنەڕەتە بوو ئێوەش بە ئێمەتان سپاردووە بۆ ئەوەی کە باش لە مێژووەکان بکۆڵنەوە وپێویست بەوە ناکات دەتوانین بزانین لە چ ڕۆژێکدا نووسراوی وەزارەتی دارایی بگوێزنەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئێمە لەو ڕۆژەوە ناردوومانە بۆ پەرلەمان، و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە هەر شێوەیەک بووبێ ئێمە سوپاسی هەموو هەوڵ و تەقەللایەک دەکەین و ئەم پرۆژەیە کە ڕەزامەندی پەرلەمانی وەرگرت و بەیاری خوا وەریشی دەگرێ، سوپاسی ئەرکی هەموو لایەکیش دەکرێ بەو شێوەیە کەباری ژیانی ئەم خەڵکە باش بکرێت. ئێستاش بۆ خاڵی دووەم وەکو گوتمان پرۆژەکە ئامادەیە، ئەگەر جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن بیخوێنێتەوە بۆ ئەندامان تاکو گفتوگۆی لەسەر بکەن و بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار :

تاريخ القرار :

قرار

إستناداً الى أحكام الفقرة (١)من المادة (٥٦)من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءً على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء واقترحه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ ... أصدر القرار الآتي :

اولاً- تعديل المخصصات المهنية للهيئات التدريسية والتعلمية لمراحل رياض الأطفال و الابتدائي و الثانوي و المدارس المهنية من (٧٠) ديناراً الى (١٥٠) ديناراً شهرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وتمان پرۆژەکە هەمووی بخوێنرێتەوە، پاشان دێینەوە سەری یەک بەیەک دەنگی لەسەر دەدەین .

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

ثانياً- تعدل المخصصات المحلية والنائية و الممنوحة للهيئات التدريسية والتعلمية لمراحل رياض الأطفال والأبتدائية والثانوية والمدارس المهنية وتكون نسبتها كالآتي :

ا - مخصصات القرى النائية ١٠٠٪ من الراتب.

ب - مخصصات القرى البعيدة والقرى القريبة من مراكز المدن والقصبات بنسبة ٦٠٪ من الراتب .

ج ـ مخصصات مراكز الاقضية والنواحي والمجمعات السكنية بنسبة ٤٠٪ من الراتب.
د ـ مخصصات مراكز المحافظات بنسبة ٢٠٪ من الراتب.
ثالثاً ـ لوزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.
رابعاً ـ لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.
خامساً ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.
سادساً ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من ١/١١/١٩٩٤ وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیەیەو دێینە سەری و مادده بە مادده و بڕگە بە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەرکرێ و ئنجا دەنگی لەسەر دەدرێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

اولاً: تعدل المخصصات المهنية للهيئات التدريسية والتعلمية لمراحل رياض الأطفال والابتدائية والثانوية والمدارس المهنية من (٧٠) سبعون ديناراً الى (١٥٠) مائة و خمسين ديناراً شهرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە با ناوەکان بنووسین.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەگووترێ (تعدل المخصصات المهنية للهيئات التدريسيية و التعلمية لمراحل رياض الأطفال والابتدائية والثانوية والمدارس المهنية) پێشنیار دەکەم وای لێ بکرێت (تعدل المخصصات المهنية للذين تشملهم تلك المخصصات). چونکە مەرج نییە هەر ئەوانە بیانگرێتەوە، بەڵکو خەڵکی تریش هەیە دەیانگرێتەوە کەچی لەم یاسایەدا دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الذين تشملهم تلك المخصصات) واتە ناوی (رياض الأطفال) و ئەو شتانە نەهێنین.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نا نەخێر، چونکە خەڵکی تریش لە إشراف و لە شوێنی دیکەش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیەی لیژنەی دارایی پێشکەشی کرد، هەروەها لەوەی وەزارەتی داراییشدا ئەوە هاتووە: (تعديل المخصصات المهنية التعلمية من «٧٠» ديناراً الى «١٥٠» ديناراً) و من ڕێزم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی ئەزانم ئەو بڕگەیەی چۆن زیاد کردووە، هەروەکو بەڕێز عوسمان دزەیی فەرمووی بەو شێوەیە بێت، بۆ نموونە لە زانکۆ هەیە، لە پەیمانگا هەیە لە هەندێ جێگای دیکە هەیە، بەخۆی

دەرماڵەی پیشەیی فێرکردن کە وەری دەگرێ (٧٠) دینارە بەو شێوەیە بێت، واتا بۆی زیاد ناکرێت، لەبەر ئەوە من دەڵێم بەو شێوەیە بێت، ئەو خستنەسەرەی پێ ناوێت: (تعديل المخصصات المهنية التعلمية من «٧٠» ديناراً الى «١٥٠» ديناراً شهرياً) هەروەک لە پرۆژەی لیژنەی ئابووریدا هاتووە و هەمان شێوەیشی لە پرۆژەی وەزارەتی داراییدا هاتووە، ئەمە گشتی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستیدا لە پرۆژەکەی حکومەتیشدا هاتووە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ هەموو زیادەکان دام کە توانامان هەبێ، ئەو زیادەیەی کە حکومەتیش بریاری لەسەرداوە ئەبێ لە توانایا هەبێ، من لەگەڵیام، بەڵام ئەگەر ڕێی قسەیەکی خۆشم بدەن.. لەکاتی نووسینی بڕیاردا بە عەرەبی هەندێ هەڵەی ڕێزمانی دەکەوێتە ناو، بۆیە جارەهای جارە داوا دەکەم کە لەمەودوا با پرۆژەکان بە کوردی بنووسرێتەوە و پێشکەش بکرێ و ئەگەر کوردیش نەزانین ئەوا ئەبێتە سێ ساڵ ئێمە گوێمان لە کوردی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەمێنێتەوە بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕەچاو بکەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین لعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پیرۆزبایی لەو هەنگاوانەی پەرلەمان دەکەین کە هەڵیاندێنێ ڕۆژانە جێبەجێی دەکات. ئەم دەرماڵە پیشەییە لێرە ڕوون نەکراوەتەوە تاکو ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەی ئایینی دەرس دەڵێنەوە و سەربە ئەوقافن ئەم دەرماڵە پیشەییە دەیان گرێتەوە یان نا؟ بەڕاستی ئەوانیش مافیان هەیە وەکو مامۆستایانی دیکە ئەو دەرماڵەیە وەرگرن و بیانگرێتەوە، و سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی من پەیوەندیی بە ڕوون کردنەوەکەی کاک د. عیزەدینەوە هەیە کە وتی بۆچی نووسیوتانە (سبعون) و نەنووسراوە (سبعين)، ئێمە لە پەرلەمان زۆر شتمان گۆڕیوە، ئەوە نییە وشەی کوردستانیش بە عەرەبی واوی بۆ دەنووسین، واتە ئێمە هەقی ئەوەمان داوە بە خۆمان کە دەستکاری ڕێزمانی زمانی عەرەب بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم ویست باسی بکەم، بەڵام ئەوە (سبعون و سبعين) هات، لەبەر ئەوەی بابەتی دەرماڵەیە

و، (مخصصات رفعه) بۆیە بە (رفع) نووسراوە... بەڵام وشەی (هیئات) لێرە بۆ (رياض الأطفال و الأبتدائية) بەکاردێ؟ بەڕاستی ئەوە پرسیارەکەمە، چونکە لەم بارەیەوە من زانیاریم کەمە، (الهيئة التدريسية)، وابزانم بۆ زانکۆکان بەکاردێ، ئایا بۆ باخچەی ساوایان و سەرەتاییش دەگوترێت؟ دووەمیش لەگەڵ ئەو ڕایە بووم کە بۆ دووەم پێی ناوێ هەموو جارێ دووبارە بێتەوە مادام برگەی (١)ئاماژەی پێ دراوە، بۆ کێیە، بۆیە لە برگەی (٢) پێویست ناکات دووبارە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا دوو پێشنیار هەیە کە دەرماڵە دەیان گرێتەوە، جا ئەگەرجەنابی وەزیری داراییش تێبینیەکی هەیە لەم بارەیەوە با بفەرمووێت، چونکە لە پرۆژەکەمانیشدا دیار نییە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی بۆیە ئەو شتەمان بە گشتی هێشتەوە، بۆ ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین وکە کێ ئەیگرێتەوە وکێ نایگرێتەوە، ئەمە خشتەیان هەیە و لە فەرمانگەی خۆیاندا دەزانن کێ ئەو جۆرە دەرماڵەیە دەیانگرێتەوە وکێ نایگرێتەوە. ئێستاش ئەگەر بکەوینە ئەو بارەوە لەوانەیە هەندێ (اختصاص) هەبن وەکو چۆن ئێستا ئەو مامۆستایە فەرمووی ئەوانیش بگرێتەوە و جا ئەمە مەسەلەیەکەو سەربە وەزارەتی پەروەردەیەو وئێمە ناتوانین بچینە شوێنی ئەوان و ئیشی ئەوان دەستکاری بکەین، بۆیە ئێمە لە دەقی پێشنیارەکەی خۆماندا نوسیومانە (٣)(مخصصات المناطق النائية المعمول بها حالياً و تحل محلها مخصصات) بە پێی ئەم دەقە ئێستا ئیشی پێ دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو کاتە زیادەو ناتەواوی لەوێدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم چی تر نییە، تەنیا ئەو پێشنیارەی کە دانراوە لە لایەن کاک عوسمانەوە و لیژنەی دارایی و ئابووریش لارییان نییە لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز مەلا محسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا لە بارەی ئەوەی کێ دەرماڵە دەیگرێتەوە و کێ نایگرێتەوە. ئەگەر وشەی قوتابخانەی ئیسلامیشی بخرێتە سەر کە هەموویان لەسەرتاسەری کوردستاندا (٥٠) مامۆستا ناکەن بیانگرێتەوە و ئەگەر داوا بکەین جەنابی وەزیر ڕای لەسەر بێ و ئەوە بکەین وابزانم شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی قوتابخانەی ئیسلامی کە هەردوو مامۆستای بەڕێز ئاماژەیان بۆ کرد سەبارەت بە ئەو

برگەیە دەیانگرێتەوە، چونکە (المخصصات المهنية للهيئات التدريسية) ئەوانەی ئەو دواناوەندییە ئاینیانە (تدریسین) دەیانگرێتەوە و ئەو قوتابخانانەی بەناوی سەرەتایی دینین دیسان دەیانگرێتەوە و ئەوەی تا ئێستا لە وەزارەت دەرماڵەی وەرگرتبێ دەیانگرێتەوە. ئەو قوتابخانانەی کە سەربە وەزارەتی ئەوقافن ئەوانە نایانگرێتەوە. لەوانەیە ئەوان باسی ئەوە بکەن، بەڵام هەرچی (تدريسي و تعليمي) تێدایە دەیان گرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو پێشنیارەی مامۆستایان دەیکەن بۆ خوێندنگا دینیەکان من بەش بە حاڵی خۆم هیچ لاریم نییە و زۆرم پێ باشە، بەڵام من پێشنیارێکی دیکەم هەیە، چونکە ئەم بڕیارە و ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، چاکتر وایە بڕیارێکی تایبەتی بدرێ بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانە ئاینییەکاندا وانە دەڵێنەوە سەربە وەزارەتی ئەوقافن، تاکو ئەو دوو شتە تێکەڵ بە یەکتری نەبن، چونکە بۆ نموونە ئێستا دەستەی (تدريسي) زانکۆ ئەم دەرماڵەیە نایانگرێتەوە، چونکە دەرماڵەی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ زانکۆ دانراوە، لەبەر ئەوە ئێمە شتێکی تایبەتمان بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و دواناوەندیی جیاکردۆتەوە و جا بۆ ئەوانیش پێشنیار دەکەم کە بە بڕیارێکی تایبەتی دەرماڵەیان بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەم برگەیەی جەنابی وەزیر بمێنێ. ئێمە ئێستاکە گفتوگۆ لەسەر برگەی (١) دەکەین ویەک کێشەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ناوی (رياض الأطفال) و ئەوانەی کە پێویست نەبن نەیەت، تەنیا بنووسرێ (تعديل المخصصات المهنية التعليمية) ئەوە پێشنیارێکی واکرا کە لە هەفتاوە بکرێ بە سەدو پەنجا دینار و ئەمە بە کورت و پوختەیی پێشنیارەکەیە وبا چیتر نەچینە درێژەپێدانەوە، جا ئەگەر ئەم پێشنیارە هیچی لەسەر نییە؟ بۆ ئەوەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کە ئەو شتەمان لێرە باس کرد، دوو ئامانجی سەرەکی هەیە. بەڵام یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکان ئەوەبوو، ئەومامۆستاو مدرسانەی کە مونەسەبن دەیانگرێتەوە؟ یان تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەریکی تدریس و تەعلیمن و ئێستا لەقوتابخانەکان ئیش دەکەن دەبێ ئەوانە بگرێتەوە؟ دووەم: دەبێ ئەو دەرماڵەیە وەکو بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی بەرەو زانکۆ نەڕوات؟، چونکە زانکۆ کێشەی خۆیان بە یاسای خۆیان چارەسەر دەکرێ بۆیە ناومان نا قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـمـد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

کاک عوسمان باسی شتێکی کرد کە ئەوە قوتابخانە ئاینیەکان دەگرێتەوە، بەڵام نایانگرێتەوە، لەبەرئەوی لێرەدا دیاری کراوە، چونکە دەڵێین (لمراحل ریاض الأطفال والابتدائیة و الثانویة والمدارس المهنیة)، جا و(الدینیة) شی با بخەینە پاڵ لەوەش رزگارمان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم محـمـد فـوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی پەروەردەی دەکەم، ئایا بۆچی بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی (هیئة تدریسي) بەکاردێت؟ یاخود هەر (هیئة تعلیمي)ە، چونکە ئەوەی من بزانم (هیئة تدریسي) بۆ مامۆستاکانی زانستگاکان بەکاردێت و ئێستا ئەوانەی سەرەتایی (هیئة تدریسي)ن یان (تعلیمي)ن؟، سوپاس.

**بەڕێز عـوسـمـان حـەسـەن دزەیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

وا پەیڕەوکراوەکە (تعلیمي) بۆ سەرەتایی بەکارهاتووە و (تدریس)یش بۆ ناوەندی و ئامادەیی بەکاردێت لە سەرەتایی مامۆستا پێی دەگوترێ (معلم )و کە گەیشتە ناوەندیی پێی دەگوترێ (مدرس)، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من ڕەخنەم لەسەر قسەکانی کاکەرەش هەیە، سەبارەت بە ئەوەی دیاری بکەین بە قوتابخانەکانی (ریاض الأطفال) و سەرەتایی و ناوەندیی و ئەوانە ، وابزانم کۆمەڵێ مامۆستا هەنە وەکو لە (رعایة الأحداث) هەیە ئەوانە یادداشتنامەیان داوە بە پەرلەمان و بە لیژنەی ئێمە کە زۆر بێ بەشن لە کۆمەڵێ شت، چونکە خۆیان لە (رعایة) کارەدەکەن و زۆر ماندوون و ئێستا بەو ئاڵۆزکارییە بێ ئەوان زۆر بێبەش دەبن، لەبەرئەوە بەڕای من ناو نەنرێ (ریاض الأطفال) و ئەو شتانە، هەر بووترێ دەرماڵەی پیشەیی، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیم فـەرەج شـالی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من دووپاتی قسەکەی کاک عوسمان دەکەمەوە و ئێمە سەبارەت بە قۆناغی سەرەتاییەوە پێی دەگوترێ (الهیئة التعلیمیة) و بێگومان ئەوەی ئیشەکەش دەکات (معلم)ە لە ناوەندیی و دواناوەندیش (الهیئة التدریسیة) پێ دەڵێین و ئەوەی ئەو ئیشە دەکات پێی دەڵێین (مدریس) و سەبارەت بە ڕای ئەو مامۆستایەش کە وتی: قوتابخانەی ئیسلامی و ئەمە هەر لەکۆنەوە قوتابخانەی ئیسلامی گرتۆتەوە، واتە هەرشتێ بۆ مامۆستای سەرەتایی و ناوەندیی بووبێ،

ئەوانیشی گرتۆتەوە. بەڵام سەبارەت بە ئەو قوتابخانانەی کە سەربە وەزارەتی ئەوقافن وابزانم ئەوانە نایانگرێتەوە، جا ئەگەر لە ئەوقافەوە شتێکیان بۆ بکرێت هەتا کێشەکەیان چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا پەیمانگای مامۆستایان و (دور المعلمين)یش دەگرێتەوە یان نا؟ من پێم وایە ئەگەر باخچەی ساوایان و ئەو ناوانە هاتن قۆناغەکانی خانەی مامۆستایانی تێدانەبوو لەوانەیە نەیانگرێتەوە یان ئەوەی دەڵێن (الهيئة التدريبية) وشتێکی وابکرێت ئەوانیش بەش خوراونەبن، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پەیمانگایانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەن دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی سەربە پەروەردە نەبن نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەڵامەکە هەر ئەوەیە پەیمانگاکان دوو بەشن، هەندێکیان سەربە وەزارەتی پەروەردەن ئەوانە دەگرێتەوە وەکو هەموو بەشێکی تر لە (هيئات تدريسي)، ئەوانی تریش کە پەیمانگان سەر بە دەستەی خوێندنی زانکۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەوەی ئێوە دەیڵێن، هی سەربە پەروەردە دەگرێتەوە. جا ئەگەر مۆڵەت هەبێ پێشنیارێک هەیە ئەویش ئەوەیە، دەڵێن بۆ دەستە سەرف ناکرێت و بۆ معلمين و بۆ مدرسين سەرف دەکرێ. ئنجا دووپات بکرێتەوە و بنووسرێ (للمراحل الأبتدائية والمتوسطة و الثانوية) و ئەگەر قوتابخانەی ئاینیش بنووسرێ تا بە روونی بیانگرێتەوە و ئەمە پێشنیار بوو مادام تەنیا بۆ وەزارەتی پەروەردەیە با دیاری بکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگوترێ (المعلمين و المدرسين) ئەو کاتە ئەوانەی ئیشی تێدا دەکەن یان دامەزرێنراون بۆ ئیشی ئەوان، ئەوانە ناگرێتەوە، بەڕای من بگوترێ (التعليميين و التدريسيين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی هەموویان؟ (الأبتدائية و المتوسطة و الثانوية)؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعليميين و التدريسيين) ڕەنگە ئەوە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە داوا دەکەم کە دەستەواژەی (لمراحل رياض الأطفال و الابتدائية و الثانوية والمدارس المهنية) نەمێنێ، گشتی بێ و بنووسرێ (تعديل المخصصات المهنية للمعلمين و المدرسين) هەروەکو د. فوئاد ئەوەی ئامانج بێ بۆ (تعليميين ) من (المعلمين و المدرسين) بەو شێوەیە بێ زۆر چاکە. وشەی (رياض الأطفال والأبتدائية والثانوية والمدارس المهنية) نەمێنێ ئەوەیەک. دووەم: بەڕێز فەرەنسۆ هەریری فەرمووی بۆ (معاهدو دور المعلمين)، ئەوە ڕاستە بەو شێوەیە ئەوانیش ناگرێتەوە. ئەوانیش هەموویان لەسەر وەزارەتی پەروەردەن. ڕاستە بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی ئەوانەی لە دەستەی خوێندنی زانکۆن، بەلام لەوانەیە ئاگادار نەبێ کە (معاهد و دور المعلمين) سەربە وەزارەتی پەروەردەن وئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە بێ (تعديل المخصصات المهنية والتعليمية للمعلمين و المدرسين من « ٧٠» ديناراً الى « ١٥٠ » ديناراً) هەموویان دەگرێتەوە، ئەوەی (تعليم و تدريس)ییە هەر دەیگرێتەوە و ئەوەی پێشوویان (٧٠) دینارە هەموار دەکرێ بۆ (١٥٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کێشە نییە، کێشە ئەوەیە هەندێک تەنسیب کراون و ئێستاکە ئیشوکاری تعليم ناکەن لە ئیدارەکان گوێزراونەتەوە، ئەوەیە بابەتەکە.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر یاساو پەیڕەوێک لە وەزارەتی پەروەردە دەردەچێ ڕێنمایی تایبەتی پێ دەردەچێ و ئەو ڕێنمایانە خوردی دەکاتەوە دەری دەبڕێ ئەو دەرماڵە پیشەییە کێ دەگرێتەوە و کێ ناگرێتەوە و ئێستا ئێمە ئەگەر بڵێین ئەو دەرماڵەیە لە (٧٠) دەکەینە (١٥٠) دینار بۆ ئەوانەی پێشتر دەیگرتنەوە، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو دەرماڵانەیان وەرگرتووە، ئێستا وابنووسرێ بدرێتە ئەو کەسانەی کە پێشتر بەپێی ڕێنمایی ئەو دەرماڵەیان درابێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە و دەڵێ(تعديل المخصصات المهنية للمعلمين و المدرسين المشمولين بها من « ٧٠» ديناراً الى « ١٥٠ » ديناراً شهرياً) ئایا ڕازین لەسەر ئەمە؟

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

(تعـديل المخصـصـات المهنيـة للـمـعلمين والمدرسين و المشـمـولين بـهـا من « ٧٠» دينـاراً الى « ١٥٠ »ديناراً شهرياً).

**بەڕێزد. مـــحـــمـــەد فـــوئـاد مـــەعـــســـوم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەو (واو)ەی پێش المشمولين زيادەيە بەڵكو بگوترێ (من المشمولين).

**بەڕێز مەلا محەممەد تاهير محەممەد زين العابدين:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ســـوپاس بۆ خـــوا ڕای هەمـــوو برادەران و ڕای وەزيری داراييش پەســـەندە بۆ ئەوەی كـــەئەو مامۆستايانەی كەژمارەيان لە (٥٠) تێپەڕ ناكات بيانگرێتەوە، وابزانم (الأحسان بالتمام) باشە و بنووسـرێ (تسرى أحكام الفقرة(١) على المدرسين للمدارس الدينيـة التابعة لوزارة الأوقاف) بێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزيری دارايی و ئابووری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

لە ڕاستيدا من بە ئاشكرا وتم من لەگەڵ ئەو پێشنيارەم، بەڵام داواكاريەكەی منيش بۆ ئەوەيە ئەم بڕيارە ئاڵۆزی تێ نەكەوێ. بابە بڕيارێكی جياواز بێ ومن خۆم ئامادەم بڕيارەكە پێشكەش بكەم. واتە مەسەلە هەر ئەوە نييـە، چاوەڕێی وەزارەتێك بكەين پێشكەشی بكات و ئێـمە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دادەنيشين وبەيەكەوە پڕۆژەی بڕيارێك ئامادە دەكەين، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەوە با (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشنيارێك پێشكەش بكەن، يان وەزارەتی دارايی، پێشنيارێ پێشكەش بكات، ئەو كاتە ئەوە دەكرێ، سوپاس بۆ وەزيری دارايی وئابووريش بۆ ئەو پێشنيارەی و ئێستا ئەم خاڵە بەم شێوەيەی لێ هات (تعديل المخصصات المهنية للمعلمين و المدرسين من المشمولين بها من « ٧٠» ديناراً الى « ١٥٠» ديناراً شـهرياً) ئەمە پێشنيارەكەيە و ئەمە لە خاڵی يەكەمدا دەچەسپێ، جا تكايە كێ لەگەڵ ئەم پێشنيارەيە؟ كێ لەگەڵ نييـە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

ثانياً: تعدل المخصصات المحلية والنائية الممنوحة لليهئات التدريسية والتعلمية لمراحل رياض الأطفال والأبتدائية والثانوية والمدارس المهنية وتكون نسبتها كالاتي:

أـ مخصصات القرى النائية ١٠٠٪ من الراتب.

ب ـ مخصصات القرى البعيمة والقرى القريبة من مراكز المدن و القصبات نسبة ٦٠٪من الراتب.

ج - مخصصات مراكز الأقضية والنواحي والمجمعات السكنية بنسبة ٤٠٪ من الراتب .
د - مخصصات مراكز المحافظات بنسبة ٢٠٪ من الراتب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا تاکو تووشی مشتومڕ نەبین، ئەم بڕگەیە دیسان ئەوانە دەگرێتەوە کە لە بڕگە (١)دا دەیانگرێتەوە وهیچ زیادەیەکی تر نایەتە سەر ئەمە. تەنیا ئەگەر وتووێژی ژمارەکانمان لەگەڵدا بکەن، چونکە هەمان بڕگەی(١)ە. جاکێ تێبینی هەیە، لەسەر ئەم خاڵە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لەپێشی ئەو ڕێژەیە لە سەدا چەند بوو؟ ئێستا چەند زیاد بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم دەکرد وەزیری پەروەردە لێرە ئامادەبوایە، ئەوە یەکەم، دووەمین: پیادەکردنی ئەو بڕیارە چۆنە، لەوانەیە لە ناحیە دانیشتووە، بچێتە (مەرکەز) دەرماڵە وەرناگرێ گەر قوتابخانەکەی لە مەرکەز بێ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جارێکی تر ڕوونی کەیەوە، چونکە برادەران بەباشی تێی نەگەیشتوون.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی مووچە مەبەستیان (راتبي أسمي)یە یان تێکڕای مووچەیە بە دەرماڵەوە؟، چونکە گەر (راتبي مطلق) بێ دەرماڵەی لەگەڵە، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیار دەکەم کە دەگوترێ مووچە، مەبەست (راتبي أسمي)یە یان (راتبي کوللي)یە؟ چونکە ئەمە گرفت پەیدا دەکات سەبارەت بە پەروەردەی دهۆک لەسەر (راتبي أسمي) حساب دەکات و دەرماڵەی کۆن سەبارەت بە هەولێرو پەروەردەی سلێمانی لەسەر هەموو مووچە بوو. ئێستاش وەهایە ئەگەر پەیوەست نەبن، با ئەوە ساغ بکەنەوە کە (راتبي کوللي) یان (إسمي)یە؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بڕیارێکی زۆر پیرۆزە بۆ مامۆستایان، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی دووەم (تعدل المخصصات

المحلية والنائية و الممنوح للهيئات التدريسية و التعليمية لمراحل رياض الأطفال والابتدائية والثانوية و المدارس المهنية و تكون نسبتها كالاتي): ڕێژەکان بە ڕێژەی لە ١٠٠٪ ئەمە شتێکی چاکە و پەسەندی دەکەین، بەڵام پێشنیار دەکەم لە جیاتی بڕگەی (ب) لە جیاتی لە ٦٠٪ بکرێتە ٧٥٪ و ئەوی تریان لە جیاتی ٤٠٪ بکرێتە ٥٠٪ و بڕگە (د) دەرماڵەی ناوەندی پارێزگاکان لە ٢٠٪ بکرێتە ٤٠٪، چونکە زۆر کەمە و ئەو مامۆستایانەی کەلە شارن لەوانەیە (٢٠) ساڵ زیاتر خزمەتیان هەبێ و خاوەن ماڵ و منداڵن. ئەوەی دووەمیش وەک برادەران ئاماژەیان بۆ کرد کە (من الراتب الأسمي) بکرێتە (الراتب الكللي)، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من هەندێکیان کران، بەڵام ئەوەی بڕگەی (ج) لە ٤٠٪ ببێتە لە ٥٠٪ یان ئەوەی مامۆستا هادی گوتی ٢٠٪ بۆ ئەوەی لەناو شارەگەورەکانە، مەسرەفیان زۆرە و بۆیان زیاد بکرێ و، پرسیارێکی تریشم هەیە لەبارەی (گوندی دوور) پێوانە چییە؟ ئەو گوندانە دەسنیشان بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا تێبینیەکم لەسەر دەرماڵەی مەرکەزی پارێزگاکان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بکرێ بە ٤٠٪، چونکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوانی تر، بەڵکو بە پێچەوانەوە قوتابخانەکانی ناو شاری گەورە گەلێک دوورترن. بۆیە من پێشنیار دەکەم ناوەندی پارێزگاکانیش وەک قەزاکان ڕێژەکەی لە ٤٠٪ بێ، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا دەمەوێ پێشەکی ئەو فکرەیەتان بۆ باس بکەم کە بۆچی ئەو ڕێژانە بەوجۆرە دانراون؟ هۆی یەکەم بۆ ئەوەیە مامۆستایان هانبدەین تاکو بەرەو گوندەکان بڕۆن، چونکە ژیان زەحمەتە، زۆربەیان دەڵێن ئیشێک پاش دەوام بدۆزینەوە و ڕەنگە لەناوشار ئیش دەست بکەوێ نەک لە گوندێکی دووری سەر سنوور، یاخود یەکێکی کەیان دەڵێ ئەگەر لە مانگێکدا یەکجار یا دووجار بێمەوە سەردانی کەس و کارم بکەم لەشاری گەورە ئەوە مووچەکەم بەشی هاتووچۆکەم ناکات، بۆیە لە هەردوو بۆچوونەوە دەبێ ئەو شوێنانەی کەدوورترین شوێنەکانن زیاتر دەرماڵەیان بدرێتێ، هەم بۆ هاندان و هەم بۆ یارمەتی دانیان و ئەمە بنەرەتی بابەتەکەیە. لەبارەی ئەو پرسیارەی کە کران و دەڵێن دیاریکردنی گوندەکان چۆن دەبێ و کامەیان بە دوور و کامەیان بە نزیکتر دادەندرێن، ئێستا بەرنامەیەکی وەزارەت هەیە، هەر لەسەری دەڕۆن کە کامە ناوچەی دوورە ڕێژەی ٦٠٪ یان داوەتێ هی نزیکتر ٤٠٪ و ئێمە دەستکاری ئەو بەرنامەیە ناکەین و شتی تازەمان هێناوەتە سەر کە پێشان نەبووە، بۆ نموونە ناوەندی قەزاو ناحیەکان وکۆمەڵگای نیشتەجێ بوون، پێشتر لەوانەیە

حیسـابی دووریان بۆ کرابێ. هەندێ شوێنی تر بۆی کراوە و هەندێ شوێنی تریش بۆی نەکراوە، جارانیش هیچ جۆرە دەرماڵەیەک بۆ ناو شار نەدەدرا و ئێستا مووچەی ئەوانە زیادکراوە و دەرماڵەی پیشەییشیان هەیە کە هەموو مامۆسایەک وەری دەگرێ، بۆیە دەڵێین: ئەمە زیادەیەکی زۆر تایبەتە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ هەقی هاتوو چۆی بۆ دەرکات وحیسابمان کردووە لەوانەیە مانگی (٣٠، ٤٠، ٥٠) دینار بکات. با جیاوازی دەرماڵەی ئەمانەش زۆر بێ لەگەڵ ئەوانەی لە گوندو دێهاتی دووردا دەرس دەڵێنەوە.

وەڵامێکیش هەیە بۆ مەسەلەی مووچە،ئەمە (راتبي إسمي) دەگرێتەوە، مەبەستیشمان لە (راتبي إسمي اجمالية) دوای (راتبي إسمي) جاران و (غەلای مەعیشەت) و هەموو شتەکان، نەک لەسەر خشتە کۆنەکە بڕۆین. پرسیارێکی تریش هەیە تەواوکەری ئەوەیە کە دەڵێ: ئایا ئەو دەرماڵەیەی کە پێشتر پەرلەمان بڕیاری لەسەردا ئەوە (راتبي إسمي)یە؟ یاخود ئەوە پێشتر زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەوە دەرماڵەیە واتە (مخصصات)ە زیادکراوە لەبەرگرانی باری ژیان، لەوانەیە باری وڵات باشتر ببێ ئەو دەرماڵانە وورده وورده کەم بکرێنەوە لەبەر ئەوە، ئەوە ناگرێتەوە وەتەنیا لەسەر (راتبي إسمي)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بواری گفتوگۆ لێرەدا تەواو بوو، چونکە ئەوانەی ناونووس کرابوون قسەیان کرد و وەڵام درانەوە لەلایەن جەنابی وەزیری دارایی و ئابوورییەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

(المخصصات المحلية والنائية للمشمولين بالفقرة أولاً اعلاه وتكون نسبتها كالآتي):

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێژەکان وەکو خۆیان هاتوون (٦٠٪، ٤٠٪، ٢٠٪) یەک دوو پێشنیار کرا بۆ زیاد کردنی ڕێژەکان، جا ئەگەر ئەو پێشنیارە بکێشرێتەوە و کاک فرەنسۆ ئەوەی خۆی کێشایەوە ومامۆستا مەلا تاهیر پێشنیارێکی هەبوو بۆ زیادکردنەکە ئەویش کێشایەوە. مادام ڕێژەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟ ...بەزۆریەی دەنگ بڕگەی دووەمیش پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

ثالثاً: لوزير المالية والأقتصاد أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە؟ ... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن.**

رابعاً: لايعمل بأي نصٍ يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لەسەر برگەی چوار، چ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆ بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟...
بەتێكڕای دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن.**

خامساً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەك لەسەر ئەم برگەیە هەیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟... كێ لەگەڵ نییە؟ بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا. چ تێبینیەك لەسەر برگەی (٦) هەیە؟ فەرمووجەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری / وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی مەسەلەی دەسنیشان كردنی ئەو مەوعیدەی كەلە كەیەوە جێبەجێ دەكرێ، ئەوە دیسان وەكو جاری پێشوو كەداوام لەبەڕێزتان كرد كە ئەو مێژووە كاریگەر نەبوو بۆ ئێمە. ئەوە ئێستا كەوتینە ناو كێشەوە بەڕاستی تا ئێستا فەرمانگەكان لیستەكانیان جێبەجێ نەكردووە، لەبەرئەوە با ئەو كێشەیە جارێكی تر دروست نەبێتەوە، لەبری ١١/١ ئەگەر بكرێ، بكرێتە ١٩٩٥/١/١ كارێكی باشە، ئەگەر نا هیچ نەبێ لەمانگی (١٢) جێبەجێ بكرێ، چونكە ئەوە بەڕاستی كێشەی ئیداری و هونەری بۆ ئێمە دروست كردووە ئەوە بوو پێشنیارەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیر پێشنیارەكەت بەتەواوی چییە؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لە ١/١/١٩٩٥دا جێبەجێ بكرێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

١/١١/١٩٩٤بەلایەنی كەمەوە مێژوویەكی باشە، بەڵام دواخستنی ئەم مێژووە بە هیچ شێوەیەك بە چاك نازانم، لەبەر ئەوە داوا دەكەم ئەو مێژووە وەكو خۆی بمێنێ ١٧/١١/١٩٩٤، گرفتێك نییە ئەگەر دواكەوت، مانگی ١٢)شی بەگەڵبدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە و داوا دەكا لەڕۆژی ١/١١/١٩٩٤ بكرێ بە ١/١/١٩٩٥.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیشدا من نازانم ١/١١ لەچیەوە هاتووە، چونكە لە پێشنیاری وەزارەتی داراییدا نییە

وهیچ پێشنیارێکی تریش پیشانی ئێمه نەدراوە کەدەسنیشان بکرێ، لەبەر ئەوە ئەو مێژووە هەقە بە بەتاڵی بهێڵدرێتەوە نەوەک بگوترێ ئایا ئەمەتان دەوێ یان ئەوی تریان؟ چونکە ئەوە جۆرە کێشەیەکی دروست کردووەو ئەمە لە پێشنیاری ئێمەدا نەهاتووە و کەسیش بە ئێمەی نەگوتووە ئایا ئەوەتان پێ باشە و پێشتر ئاگادارمان بکەن، لەبەر ئەوە من تکام وایە ئەو مێژووە لەم شوێنەدا بەبەتاڵی بەجێ بهێڵن، چونکە لیژنەی یاسا مێژوو دەسنیشان ناکات بۆیە نازانم چۆن ئەو مێژووە دەسنیشان کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەتاڵ بوونی عەمەلی نییە، دەبێ مێژوویەک دابنرێ کە کەی سەرف بکرێ؟ لیژنەی یاسایی بەدواداچوونەوەیەکی هەیە، کاک سەید حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە کە لە ١١/١مان داناوە، مێژوو نابێ دانەنرێ، دەبێ دابنرێ، چونکە ئەگەر دانەندرێ بە کراوەیی دەمێنێتەوە، پاشان ئێمە حسابی ئەوەمان کردووە قوتابخانەکان لەچ کاتێکدا بەراستی دەستیان پێ کردوە و، خەڵکی دێهاتەکان لە چ کاتێکدا چوونەوە و بەراستی پارەیان خەرج کردووە، ئێمە حسابی ئەوەمان نەکردووە ئایا لیستە دەکرێ یان ناکرێ، بۆیە وابزانم ١١/١ مێژوویەکی لەبارە ئەگەر بەرێزان دەنگی لەسەر بدەن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی ئەم مێژووە لە چییەوە هاتووە؟ زیادەی مووچە هەتا لە تورکیا، لە سوریا لە لوبنان لە عێراق سەیر دەکەین هەمیشە لەچ ڕۆژێک بڕیار دەردەچێ، لەیەکی ئەو مانگە زیادەی مووچە دەرچووە. هەروەک لە مانگی پێشوو لە ١٦/١٠ بڕیارێک لە پەرلەمان دەرچوو بۆ زیادەی مووچە و لە ڕۆژی ١/١٠/١٩٩٤ حیساب کراو ئەوە بە شێوەیەکی گشتی وا دەردەچێ، شێوەیەکی تریش هەیە دەبێ وەزیری دارایی ئاگاداری ئەوەبێ، هەمیشە بەرزکردنەوەو (علاوات) ئەگەر لە (٣٠)ی مانگیشدا دەربچێ کە دوا ڕۆژی مانگە یان لە (٣١)دا شایستەبێ، ئەوە هەر لە (١)ی ئەو مانگە بۆی حساب دەکرێ. لەبەر ئەوە ئەم مێژووە مێژوویێکی چاکە ١٩٩٤/١١/١، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر بۆ سەید حەسەن باس ئەکەم کە دەڵێ: نابێ بەبەتاڵی بمێنێتەوە، هەر لێرەدا چەند بەتاڵیەک هەیە کە وەکو پرۆژەیەک پێشکەش کراوە، (رقم القرار) جارێ دانەنراوە، (قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ) بەتاڵە و پڕ نەکراوەتەوە. با ئەوەش بەتاڵ بوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوە دەزانێ، چونكە تا دانیشتن تەواو دەبێ هەڵناسەنگێنرێ وبڕیارەكەش كە دەردەچێ ژمارە و ڕۆژی لەسەر دادەنرێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەم جۆرە بڕیارانە بنووسرێ (ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) باشترین چارەسەرە و هیچ جۆرە كێشەیەك دروست ناكات، بەزووترین كات هەوڵ دەدرێ ئەوە چاپ بكرێ و لەو كاتەوە دەبێ كە بڕیارەكە بڵاودەكرێتەوە ومافی یاسایی خۆی وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

تێبینی جەنابت لەجێی خۆیەتی، بەڵام ئەو پاساوەی كە لە لیژنەی یاسایی (سەید حەسەن)هێنایەوە تۆزێك مەنتقی تێدایە، چونكە ئەو مامۆستایانە ئێستا بەڕاستی لە ئیشدان و پارە خەرج دەكەن، بۆ لە ( ٥٠ ٪ ) ئەگەر مەكرومەیەكماندا ئەوە شتێكی باشە و وابزانم زۆریش نییە، ئێوە باشتان كردووە لەو بڕگەیە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران وابزانم مانگێكیش كێشە نییە، بۆیە با ناوی خوای لێ بێنین ولەسەر پێشنیارەكە ڕێك كەوین، ئێستا جەنابی وەزیر پێشنیارەكەی كێشایەوە. كێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٦) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا و سوپاستان دەكەین و ئێستا وەكو بڕیار بەگشتی، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە پەسەند بكرێ؟ كێ لەگەڵ نییە؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەقە ئەو وشەی بڕیارە لەسەری ڕاوەستین و پێیدا بچینەوە، چونكە لێرە یاسا دەردەچێ نەك بڕیار،، پەرلەمان پێویست نییە بڕیار دەربكات، ئەوە هی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشە پێی دەڵێن بڕیار، لێرەدا دەبێ یاسا بێ و من پێشنیار دەكەم لەجیاتی ئەوەی بنووسرێ بڕیار بنووسرێ یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جا حەز دەكەم با لیژنەی یاسا لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن وورد ببنەوە، ئەگەر پێویستی بە هەمواركردن بوو دەیگۆڕین و ئەگەر پێویست بوو لەسەری ساڵی ئایندەوە ئەم وشەیە هەڵدەگرین و ئەیكەین بە (یاسا)، جەنابیشت كاك دكتۆر لەگەڵیان بەو ئەگەر هەمواركردنێكی بچووك بكەن خراپ نییە، ئەو كات سكرتێری پەرلەمانیش با لەگەڵتاندا بێ و سوپاست دەكەین كە ئەم تێبینییەت دەربڕی. ئێستاش وەكو بڕیار وتمان كێ لەگەڵە؟ سوپاس... كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە بەتێكڕای دەنگ پەسەند كراو سوپاستان دەكەین.

دەمێنێتەوە خاڵی سێیەم. کێشەی مووچەی خانەنشینەکان. ئەمیش وابزانم زۆر ناخایەنێ، ئەگەر جەنابی وەزیر چ تێبینیەکی هەیە، حەزدەکەین گوێمان لێ بێ پێش ئەوەی دەست بکەین بە گفتوگۆکردنی ئەم بڕیارەش.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن کێشەی خانەنشینەکان کە پێشتر دەچوونە لای ڕژێم بۆ مووچە وەرگرتن بۆتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە، لەبەر دوو هۆ، خەڵکێکی زۆر لەوانە ناتوانن بچن مووچەکەیان وەرگرن یەکێکیان لەبەر ئەوەیە نرخی ئەو پارە چاپ کراوەی ڕژێم زۆر دابەزیوە وبەشی هاتووچۆکەیان ناکات، لایەنی دووەمیش لە بازگەکانی ڕژێم سووکایەتیان پێ دەکرێ، لەبەر ئەوە زۆربەی خانەنشینەکان ناتوانن بچن بۆ مووچە وەرگرتن جا لەبەر ئەوەی بتوانین یارمەتی ئەو توێژە بدەین کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناوی ئەم وڵاتەدا بەخت کردووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە مووچەکەیان لە وڵاتی خۆیان کە هەرێمی کوردستانە وەرگرن و ئەوە ئەو پرۆژەیەمان پێشکەش کردن، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم. بأسم الشعب، المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار... تأريخ القرار...

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة(٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير المالية والأقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء وما اقترحه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ... إصدار القرار الآتي:

أولاً: تصرف رواتب المتعاقدين الذين يستلمون رواتبهم خارج الأقليم، من خزينة كوردستان العراق ويكون الراتب التقاعدي لشهر مايس ١٩٩١ اساساً لأحتساب رواتبهم.

ثانياً: تصرف رواتب المتقاعدين الذين لم تحدد رواتبهم لغاية شهر مايس ١٩٩١ على أساس تقارير رواتبهم التقاعدية بعد ذلك و لغاية ٣١/١٠/١٩٩١.

ثالثاً: يصرف مبلغ خمسين ديناراً شهرياً كمخصصات مقطوعة للمتقاعدين كافة للذين يستلمون رواتبهم من خزينة الأقليم.

رابعاً: يجب أن لا يزيد الراتب التقاعدي عن خمسمائة دينار شهرياً.

خامساً: يجب أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم حالياً.

سادساً: لوزير المالية والاقتصاد أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەیە و ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم و، کاک حسێن عارف فەرموو.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە کە ئەویش پەیوەندی بەو خانەنشینانەوە هەیە کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن بەهەر هۆیەک دێنە ناو هەرێم، خۆی لە بنەڕەتەوە ئەوە مافێکی ڕەوایە کە هەر کەسێک خانەنشینە ئێستا جێی لە بەغدایە یا هەر شارێکی تری ژێر دەستی ڕژێم، لە حاڵەتێکدا دێتە ناو هەرێمەوە ئاسایی مووچەکەی خۆی نەقڵ دەکرد بۆ ئەو شارەی کە تێیدا نیشتەجێ دەبوو، جا ئێستا من پرسیاردەکەم لەبەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر هاتوو بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە ( خارج الأقليم) ئەوە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕێنمایی بۆ دەرچوو ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە شارێکی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دایە، ئایا کە دێتە ناو هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئەو مووچەیە وەربگرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی ئەو بڕیارەدا لە لایەن لیژنەی یاسا، پاش و پێشیان کردوە کە ئەوە لەگەڵ گیانی بڕیارەکەدا ناگونجێ. یەکەم ئەوە بۆ وەڵامدانەوەی مامۆستا حسێن، ئەوەی کە دەڵێ (أولاً تصرف رواتب المتقاعدين الذين يستلمون رواتبهم...) دەبێ لێکدانەوەکەی لەدوای خۆیدا بێ کە دەڵێ: (يجب أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم حالياً)، واتە بۆ ئەو کەسەیە کە ئێستا نیشتەجێی هەرێمی کوردستانە، دەبێ ئەمە بچێتە پێشەوە.

خامساً: دەبێ بچێتە پێشەوە، پێش ئەوەی باسی زیاد کردن وسنووری ئەو شتانە بکرێت ودابنرێ، چونکە ئێمە ناتوانین هەرکەسێک بڵێ من کوردم و خانەنشینم و بێت لێرە مووچەکەی وەربگرێ، ئەو کاتە نایەت لێرە دابنیشێ، دێت لێرە مووچەکەی وەردەگرێ ودەڕواتەوە. بۆنموونە لە شاری مووسڵ یان بەغداد یان لە هەرکوێ دانیشتووە (١٠ قات و ١٢ قات) دەکاتە پارەکەی ئەوێ ی و ئەمەش لە توانای گەنجینەی ئێمەدا نییە. بەڕاستی هەرکاتێک هەر خانەنشینێک هاتەوە هەرێمی کوردستان و سەلماندی کە ئەوە دانیشتووی فلان گەڕەکی فلان شار یان شارۆچکە یان گوندێکی ئەو هەرێمەیە، ئەو کاتە ئێمە ناچارین هاوکاری بکەین و یارمەتیەکەی بدەینێ، بەڵام هەر کەسێک بێت بڵێت من کوردم و ئەوە هاتمەوە، بەبێ ئەوەی بیسەلمێنێ، ئێمە ناتوانین ئەو پارەیەی بۆ خەرج بکەین و ئێستا ئێمە گیروگرفتی (٩٤) هەزار خانەنشینمان هەیە، ئەو کاتە دەبێتە کێشەی (١٩٤) هەزار خانەنشین، ئەوەش بە ئێمە ناکرێ. جا تکام لە لیژنەی یاسایەکە ئەو خاڵە بخاتە پێشەوە (اولاً و ثانیاً) قەی ناکات بەڵام (ثالثاً) دەبێ بێتە پێشەوە کە دەڵێ (يجب أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم حالياً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینییەکی تریش هەیە، وشەی (هەرێم) بۆ ئەم کوردستانەیە کە ئێمە بە هەرێمی کوردستانی دادەنێین، بەڵام بەشێک لەو هەرێمە هێشتا لە ژێر دەستی دوژمندایە . جا ئێستا با یاساییەکان ئەوە روون بکەنەوە گەر بەرێنمایش بێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوە باشترە بڵێین (من سكنة أقليم كوردستان) واتا ئەوەی کە لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کاک حسێن باسی کرد وەڵامی وەزیر بوو بەشێوەیەکی گشتی. ئێستا با بێینەوە سەر ماددەکان پاشان کە هاتینەوە سەر گفتوگۆکردن لێیان دەدوێین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

اولاً: تصرف رواتب المتقاعدين من خزينة أقليم كوردستان العراق و يكون الراتب التقاعدي لشهر مايس سنة ١٩٩١ اساساً لاحتساب رواتبهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانم لە بارەی ئەو پرۆژەیەی ئەم یاسایە نییە، ئەو زانیارییانەی کە ئێستا باس کرا من ڕایەکی تایبەتیم دەربارەیان هەیە، زۆرجاریش دووبارەم کردۆتەوە با ئەوەندە لێکۆڵینەوەکان درێژ نەکەینەوە، ئەگەر شتێکی گرنگ هەبێ با باسی بکەین و هیچ مەرجیش نییە ئەندام هەر دەبێ لە هەموو دانیشتنێکدا قسەبکات. ئەگەر شتێکی گرنگ نەبێ ئەوەندەی لەسەر نەڕۆن و، خەڵکەکە دەمێکە چاوەڕوانی دەرچوونی ئەم بڕیارەنە، بۆیە ئێمەش پێویستە زووڕای پەڕێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک د. کەمال، وابزانم چەند جار باسی ئەم بابەتە کراوە، ئێمە لێرەدا یەک دوو جار پێشنیارمان کردو وتمان ئالیەتێ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی برادەران ئەندامانی پەرلەمان بە باشترین شێوە بەشداربن لە داڕشتنی هەر بڕیارێ کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێ و، لە گفتوگۆ لەسەرکردنی، جا گەرخوا رەخساندی لە کۆبوونەوەی تایبەندەی پەرلەمان ولە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکاندا ئەم خاڵە دەچەسپێنین، هەندێ تێبینی هەیە دەیکەین بە خاڵ و پاشان لەرێگەی فراکسیۆنەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، ئەگەر پابەندی پێوە بکەین لەوانەیە هەندێ گفتوگۆمان بۆ کورت بکاتەوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من لەسەر پرۆژەکەیە و لە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەکەم، کە بۆچی مایسی ساڵی ١٩٩١ دانراوە بە بنەمایەک بۆ ئەم مەبەستە؟ ئەگەر مەبەست مەسەلەی خانەنشینی و کشانەوەی حکومەت بێ، ئەوە حکومەت لە مانگی (١٠)وە کشاوەتەوە، ئەگەر مەبەست ئەو بابەتە بێ حەزدەکەم ڕوون کردنەوەیەک لەو بارەیەوە هەبێ وبەڕێز وەزیری دارایی ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێ، . دووەمیش بۆچی هەر ساڵی ١٩٩١ دەسنیشان کراوە و چۆن بزانین هەندێ کەس لە پاش ئەو مێژووە هەڵاتووە بۆ ناو حکومەت یان حکومەت دەری کردووە؟ و هیچ راپۆرتێکیش بەدەستەوە نییە کە ئەمە وایە و مووچەکەی چەندە؟، تەنیا پێناسێکی پێیەو هەڵاتووە یان دەرکراوە، چۆن چۆنی ئەو مەسەلانە چارەسەر دەکرێن. تکام وایە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ئەمە ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار محەمەد جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا لەلامان ڕوون بووەوەکە خەڵکی وا هەنە ئەوانەی ئێستا کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون و پارەی خانەنشینان وەردەگرن، بەڵام کەسانێ کە لە ڕاپەڕینەکەوە لە کوردستان دابڕاون، بۆ نموونە بڵێین لە مووصڵ بوون یان لە کەرکووک هاتونەتە ناو کوردستان، لەو کاتەوە بە هیچ شێوەیەک نەچوونەتەوە تاکو مووچەی خانەنشینی لە مووصڵ یان لە کەرکووک وەربگرن. ئایا ئەوانە چۆن دیاری ئەو مووچانەیان بۆ دەکرێ و چۆن دەزانرێ چەند بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆمەسەلەی خانەنشینی حاڵیان زۆر شرە. من پشتگیری لەو داوایەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کە دەڵێ: بکرێ بە دوو جۆر، ئەوەی کە لەناو حکومەتدایە لەوێ وەری بگرێ، ئەوەی دیکە ئەوەی کە لەناو حکومەتی هەرێمە با حکومەتی هەرێم چارەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرسیارەی کە دەڵێ بۆچی مایسی١٩٩١کراوە بە پێوەر. لەبەر ئەوەیە مانگی مایس دووا مانگە کە لیستی مووچەی خانەنشینان لە کوردستان کراوە لیستەکانیان لێرەنە و مووچەکانیانی هەموو تێدایە. لەبەرئەوەیە ئەومانگە دانراوە، ئەگەر وانەکەین، ئەوا نازانین مووچەیان چەندە و سەرمان لێ دەشێوێ وهەر کەسێ دێو دەڵێ من مووچەی خۆم ئەوەندە بووە و دەبێ باوەڕیشی پێ بکەین، لەبەر ئەوە هیچ دەلیل و بەڵگەی ترمان نییە. باسێکی دیکە هاتووە کە دیسانەوە پەیوەندیی بە ١٩٩١/١٠/٣١ەوە هەیە ئەویش ئەومێژووەیە کە ئیداراتی ڕەسمی لە کوردستان

کێشراونەتەوە و لە پاش ئەوە هەرکەسێ کاری خانەنشینی هەبووبێ خۆمان بۆمان کردووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ ناو ڕژێم، بەڵام چەند کەسێ هەن کەوتوونەتە نێوان ئەو دوو مێژووەوە، لە ١/٥ هەتا ١٠/٣١ قەزیەکانیان هەندێکیان بە چارەنەکراوی ماونەتەوەو هەندێکیان خۆمان چارەسەرمان کردوون و ئەوەش بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە فەرمانگەکانیانەوە ئەیان هێنین تابزانین خزمەتیان چۆنە و چەندە، ئێمە پێشنیارمان کردووە کەبەو شێوەیە بۆیان چارەسەر بکەن، جگە لەوە خاڵێکی کەش هەیە کە لەدوای ئەو مێژووەوە کە ئێمە دەسنیشانمان کردووە، لەعێراق چەند جۆرە زیادکردنێکی مووچە کراوە، ئێستا ئەگەر ئێمە بیخەینە سەر ئەومووچانە و بڕیاری لەسەر بدەین ئەوە بڕەپارەیەکی زۆرە، واتە ئەوە هی گەورەترین فەرمانبەرە لە کوردستاندا کە ئێستا ئەو مووچەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کە دەڵێ: ئەو بڕگەیە بچێتە سەرەوە (على أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم حالياً) بەو شێوەیە داڕشتنەکە بەهێزتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەهاتینە سەر ئەو خاڵە حەزدەکەی پێشنیارێ بکە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەو تێبینیەی کە وتمان، ئێستا کە ئێمە وەکو خۆمان دەزانین هەرێمی کوردستان کوێیە و ئاسایی بەشێک لەو هەرێمە هێشتا لە ژێر دەستی ڕژێمدایە، ئەوکاتە کێشە لەلانی یاساییەوە دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە ئێستا دەڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەبەستمان لەحکومەتی هەرێمە لەو سنوورەی کەهەیەتی وپەرلەمانیش لەم سنوورەیە، پێم وایە هیچ کێشەیەک دروست ناکات، چونکە لەهەموو شتێ دەگوترێ ئەو هەرێمە کەئێستا ئازاد کراوە، ولەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مەسەلەی خانەنشینان شتێکی زۆر پیرۆزە، ئەوانەی کەمووچەیان تا ئێستا لەڕژێم وەردەگرت ولێرە دادەنیشن وەکو بەڕێزیان باسیان کرد، وەئەوانەی لەوێ دێن لێرە مووچەکەیان

وەردەگرن ودەگەڕێنەوە ئایا چ ئیجرائاتێک بۆ ئەوە کراوە؟ ئامارێک کراوە بۆ ئەوانەی لێرە دانیشتوون یان مووچە لەوێ وەردەگرن؟ یان حساب بۆ ئەوانە کراوە کە سبەی بەرۆژ رژێم تەنگیان پێ هەڵدەچنێ بە هەموو دڵەوە دێنە ئێرە؟ ئایا ئەوانە وەردەگرن یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم ئێستا کاتی ئەوە نییە، وەردەگرن یان نا؟ ئێستا ئەمە بڕیارێکە کەخانەنشینان یارمەتی بدرێن، ئێمە گفتوگۆی ئەوە دەکەین کەئەو یارمەتییە دەسنیشان کراوەو ئێستاکە دەچەسپێ، ئەوە شتێکی باشە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری دارایی وئابووری ئەوەی روون نەکردەوە کەئەوانەی دابڕاون، واتە ئەوەی گەلاوێژ خان پرسیاری کرد، پرسیارەکەی منیش هەر لەگەڵ ئەودا یەک دەگرێتەوە ودەڵێم: ئەوانەی کە دابڕاون چیان بەسەر دێت؟ بۆ نموونە هەیە لەدووای ئەو مێژووە حکومەت دەری کردووە یان خۆیان هەڵاتوون، ئێستا زانیاریمان هەیە خەڵکانێک هەنە لەهەرێم دانیشتوون وماڵیان لێرەیە وناشتوانن بچن مووچەی خانەنشینییان وەربگرن. رەنگە چەندساڵی بەسەردا چووە، ناتوانن بچن وەری بگرن ولە راستیشدا لێرەن، جا ئەو خەڵکە چی بەسەردێ؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵکانەی ناویان ناون دابڕاو، ئێمە کێشەی ئەوانە داتوانین بەئاسانی چارەسەر بکەین وسەلماندنی خانەنشینی ودەفتەری خانەنشینی خۆیان هەبێ یان عقد مووچەیان هەبێ و، ئەو شتانەی هەبێ کە سەلمێنراوی داواکەی بکات لەکوردستان لەچ کۆمەڵگایەکە؟ لەچ شارێک دانیشتووە؟ ئەو کاتە وەکو هەموو ئەوانی تر حیسابی بۆ دەکرێ. ئەو برایەی کەپرسی ودەڵێ: ئایا هیچ سەرژمێرێک کراوە؟ بەڵێ: سەرژمێری کراوە ئەو کەسانەی کەلە هەرێم خانەنشینن ناوەکانیا هەیە و، هەندێ لەوانە ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ سەر ئیشەکانیان، واتە ئەوەش هەیە، ئاگامان لەوەبێ کە خەڵکی وا هەبێ دووجار مووچە وەربگرێ، جارێک هی خانەنشینی وجارێکیش هی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

پرسیارێکی کەش هەیە وبرایەک بەنامە بۆی نوسیوم ودەڵێ: ئایا ئەو خەڵکەی ئەگەر لێرە بەوشێوەیە یارمەتیەکەماندا وهەربچێ لەرژێمیش وەربگرێ، ئەوە ئێمە دەڵێین مافی ئەوەمان نییە قەدەغەیان بکەین، کێ دەتوانێ بابچێ ئەو پارەیەش وەربگرێ وئەوە (نور علی نورە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو پرسیارە تەکنیکیانە لەراستیدا هەر هی ئێرە نین، جا تکاتان لێ دەکەین بابەتەکە زۆر روونە، خانەنشینەکانی ئێمە کەلە رژێم پارە وەردەگرن، وەکو جەنابی وەزیر روونی کردەوە تووشی

کێشە دەبن، بڕیار دراوە لێرە بیان دەنێ و، ئەو مەسەلە تەکنیکیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئیجرائاتی ڕەسمی، ئەگەر لەدوواڕۆژدا شتێکی وا روویدا ئەوە ئێوە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن چ بە پرسیار وچ بەپیاداچوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمدا چارەسەری بکەن، با ئێستاکە بێینەوە سەر تێبینییەکان، ئێستا یەک تێبینی خرایە روو لەلایەن جەنابی وەزیرەوە لەگەڵ دوو ئەندامی پەرلەمان پێشنیار کرا کە لەخاڵی یەکەم دا بنووسرێ(على أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم) جائەگەر ئەم پێشنیارەمان بۆ یەک لابکەنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا نین، چونکە تەنیا حصر دەبێ بۆ ئەو خانەنشینانەی کە لەرژێم مووچەیان وەردەگرت، ئێمە دەمانەوێ هەموو خانەنشینی (سكنة الأقليم) بێ، هەتا ئەگەر ئەوەی کە خانەنشینی بوێ ئەگەر لێرە نەما وەری دەگرێ، هەر لەبەر ئەوەش وازمان هێنا کە چەمکی گشتی ئەو بڕیارە شایەنی کەرتکردن نییە کە دەڵێ خانەنشین واتا هەموو خانەنشینێ، ئەگەر ئێمە بێینەسەر ئەوە ئەوخانەنشینانەی کەئێمە خۆمان خانەنشینمان کردوون، ئەگەر بڕۆنە بەغدا وبێنەوەش قەیناکە مووچەی خانەنشینی وەربگرن. لەبەر ئەوە وەکو خۆی هیچ عەیبی نییە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارای:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم پێشنیارەکەی خۆم بەم شێوەیە بگۆڕم، یەک خاڵی تێدایەو نووسراوە ٣-(يصرف مبلغ كذا)، ئەوە بێتە خوارەوە، لەپاش مەرجەکانی دیکە بێت. باهەموو مەرجەکان لەسەرەوە پێکەوە بن. چونکە ئەوە دوو شت تێکەڵاو دەکات، جارێ ئەوە بۆیە نەهاتووەتەوە سەر ئەوە کەبرادەران باسی دەکەن، چونکە ئەوانە بەزنجیرە باس دەکرێن، لەبارێکدا تۆ دەڵێی:(تصرف رواتب المتقاعدين...) ولە دواییدا کەدەڵێی (يصرف مبلغ ٥٠دينارا) ئەمە بۆکێیە؟ هێشتا لەسەر ئەمە رێک نەکەوتووین ودەسنیشان نەکراوە ئەمە بۆ کامانەیە؟ بۆ ئەوانەی لەهەرێم خانەنشین کراون یان هەموو خانەنشینەکان، ئەوە ئەگەر بێتە خوارەوە دوایین خاڵ بێت، ئیتر ئەوانی تریش بەزنجیرەی شیاو بێت، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لەبڕگە (٤)دا دەڵێ: (يجب أن لايزيد راتب المتقاعد عن «٥٠٠»دينار شهرياً) تۆ جارێ دەسنیشانی ئەوەت کردووە ومووچە دەدەی بەیەکێ کەلە دەرەوەی هەرێم تا ئێستا وەریگرتووە. دەسنیشانی مووچەی بۆ دەکەی، لەپێش ئەوە بەخاڵێ بۆی زیاد دەکەی، شتی واناکرێ، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو زیادەیە بێتە دوواوە، جارێ ئەو خاڵ وشتانە وا دائەنێی کەچۆن مووچە دەدەی بەو خەڵکانەی لە دەرەوەی هەرێم وەری دەگرن و لەناو هەرێم چۆن پارەیان بۆ خەرج دەکرێ؟، دوای ئەوە خاڵێکی کە هەیە کەئێمە لەپێشنیازەکانماندا وانیە هەر هەموو خانەنشینێ بگرێتەوە، ئەوانەی کە لەناو هەرێم خانەشین کراون، بۆیە خاڵێکی جیامان بۆ دانابوو لەدوای هەموو خاڵەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بایەکەم تەواو کەین.. تەنیا ئەو پێشنیارە هەیە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئەو رستەیە بخرێتە سەر ئەم برگەیەی یەکەم؟ (على أن يكون المتقاعد من سكنة الأقليم حاليا)، ئەمە تەنیا ئەوەی دەخرێتە سەر. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ دەخرێتە سەر ئەو برگەیە وسوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

٢-تصرف رواتب المتقاعدين الذين تحدد رواتبهم لغاية شهر مايس١٩٩١على أساس تقارير رواتبهم التقاعدية بعد ذلك ولغاية٣١/١٠/١٩٩١.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس وابزانم ٣١/١٠/١٩٩١جەنابی وەزیری دارایی روونی کردەوە وگفتوگۆشی لەسەر کراوە، دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ برگەی دووەم، کێ لەگەڵە کەئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟...کێ لەگەڵ نییە؟...بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

ثالثاً: يصرف مبلغ«خمسون» ديناراً شهرياً كمخصصات مقطوعة للمتقاعدين كافة للذين يستلمون رواتبهم من خزينة الأقليم بعد نفاذ هذا القرار.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داواکاری یەکەمم ئەوەیە خاڵی چوارەم بخرێتە شوێنی خاڵی سێیەم وخاڵی چوارەمیش ئەمەیە (يجب أن لا يزيد الراتب التقاعدي عن خمسمائة دينار شهريا)، چونکە ئەوە خاڵێکی مەرج دارە، بۆ ئەو کەسانەی کە نەم گوتووە مووچە لای ئێمە وەردەگرن، لە هەرێمی کوردستان، یا بیخەینە سێ یەم وئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکەین لەگەڵ سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە خاڵی چوارەم بێتە جێی سێیەم. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەبارەی خاڵەکەی پێشەوە قسەم هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەراستی هەموارەکە بە (٥٠٠)دینار برە پارەیەکی زۆر نییە لەو ژیانەی کەخەڵکی تێیدایەتی با زیادەکە ئاسایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەکە زیادەکە نییە، پێشنیارەکە ئەوەیە چۆن بخرێتە جێگەی سێیەم.

**بەڕێز كــاك ڕەش مــحــمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

هەمیشە ئیمتیازات هەمووی دەدرێن، ئەو جا دەڵێین (علی أن لایزید ...) بۆیە بەرای من معقول نییە پێشەکی بڵێین (علی أن لایزید عن خمسمائة دینار) خۆ ئەتۆ پەنجا دینارەکەی دەدەیتێ ودوا شت مەرجە (علی أن لایزید الراتب التقاعدي عن « ٥٠٠ »دینار) لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، ئەو داڕشتنە پەسەندکراو نییە، تۆ بڵێی لەوە زیاتر نەبێ، دوایی بیدەینێ، نەخێر هەموو ئیمتیازێکی دەدەینێ بەمەرجێک برگەیەکی لەسەر جێگیر دەکەین (علی أن لایزید) ئەوە ڕێسای ئسولی یە، سوپاس.

**بەڕێز د. عــیـــزەدین مــوســـتـــەفـــا ڕەســــول:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێستا ئێمە گفتوگۆ لەسەر بڕگەی چوارەم دەکەین یان سێیەم؟ سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

نەخێر چوار وسێ ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

**بەڕێز د.عــیـــزەدین مــوســـتـــەفـــا ڕەســــول:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

باشە کاتی گفتوگۆکردن، سوپاس.

**بەڕێــز حــــەســـــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

زیاد لەوەی کە بەڕێز کاکە ڕەش فەرمووی، ئەمە مەبدەئێکی گشتییە، هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی دەیەوێ گـفـتـوگـۆی لەسـەر بکات، ئایا ئێـمـە ئەو پارە زیادەیە تەنیـا دەدەینە ئەو خانەنشینانەی کە پێشان لەکوردستان خانەنشین بوون یان دەدەینە هەموویان؟ ئەگەر بدرێ بەهەموویان، جێی خۆیەتی ودەبێ لەجێی خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر بەهەموویانیش نەدرێ، دەبێ ئەو مەبدەئە گفتوگۆی لەسەر بکرێ وجێگاکەی بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێــز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بۆ گـۆڕین بەڕێز وەزیری دارایی مەبەستی خۆی زۆر روون نەکردەوە بۆ لیژنەی یاسایی، بەداخەوە لیـژنەی یاسـایی باش سـەیری پرۆژەی وەزارەتی دارایی نەکـردووە، وەزارەتی دارایی دەی گـوت: (٥٠٠)دینار بەرزترین رادەی مووچە بێ بۆ ئەوانەی لەناو رژێم مووچە وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە لیژنەی یاسایی باش سەیری نەکردووە، لەبەر ئەوە لەجێگای خۆیشیدا بمێنێت پێویستە بڵێین: (یجب أن لایزید الراتب التقاعدي للمذکورین في الفقرتین أولاً وثانیاً) نەک بۆ ئەوانەی لەناو هەرێمی کوردستان خانەنشین بوون ولەناو هەرێم وەری دەگرن، چونکە شەهیدمان هەیە مووچەی

خانەنشینی زۆرە، بۆ نموونە: مووچەی شەهیدی بەڕێز سالح یوسفی ڕێزمان لێناوە و ۲۵۰۰دینارە، بەپێی ئەم دەقە نابێت خێزانی بەڕێز سالح یوسفی ئەو مووچەیە وەرگرێ. لەبەر ئەوە لەجێگەی خۆیەتی لەدووەمەوە بێتە سێیەم: (من المذكورين في الفقرتين اولاً وثانياً)، چونکە لەپرۆژەی وەزارەتی داراییدا ئەوە هەمووی دەکاتە أولاً: (آ،ب،ج،د) نەک وەک لیژنەی یاسایی کردوویەتی بە (اولاً، ثانیاً، ثالثاً) بەو شێوەیە زۆر هەڵە دەبێ، بەڵام وەزیری دارایی دەتوانێ چارەسەری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەحمەد نەقشبەندیی، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوەی کە ئەو خاڵە هەر لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە باشە، بەڵام لەکاتێک کە پەیوەندی بەبڕگەی یەکەمەوە هەیە، بەڕاستی ئەو (۵۰۰)دینارە پەیوەندی بەبڕگەی یەکەمەوە هەیەو، ئێستا ئەم پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین وەدەڵێین: ئایا ئەوانەی لەژێر دەستەڵاتی ڕژێمن یان ئەوانەی لێرەن کامیان دەگرێتەوە؟ بەتەواوی بۆمان ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا (أولاً) هاتووە وبریتییە لەچەند بڕگەیەک، ئەوکاتە ئەو بڕگانە هەموویان (أولاً) دەگرێتەوە، بەڵام لە لیژنەی یاسایی وامان زانی کە گشتییە وهەموو خانەنشینەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئێوە مەبەستتان گشتی بووە، فەرموو جەنابی وەزیری دارایی وئابووری.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی دەبوایە من مەسەلەی ئەو(۵۰۰)دینارە ڕوون بکەمەوە، داوای لێ بوردن دەکەم ئەوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە بوو کە تا ئێستا لەڕژێم موچەکانیان وەردەگرن وبۆیەش وادانراوە، چونکە هەندێ خەڵکی سەربە حکومەت، کاتی خۆی هەزاران دیناریان بۆ مووچەی خانەنشینان بۆ بڕی بوونەوە. بۆ نموونە: یەکێک لەشەڕێکدا کوژراوە وجاش بووە یان ڕاوێژکار بووە، ئەو جۆرە خەڵکانە مووچەیەکی یەکجار زۆریان بۆ بڕاوەتەوە، ئەگەر ئەوە دەقاودەق بگوێزرێتەوە بۆ ناو هەرێم، ئەمە دەبێتە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان فەرمانبەرێک کەهەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی میللەت، مووچەی خانەنشینی (۱۰۰) دینارە، بەڵام یەکێکی تر بەهۆی بارێکی سیاسی وشتی تایبەتییەوە ئێستا حەوت یان هەشت یان نۆ هەزار دینار خانەنشینی بۆ بڕارەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە

پاش ئەوەی پرسیاریان کرد، سەیرمان کرد بەرزترین مووچەی فەرمانبەرێک کە کاتی خۆی خانەنشین کراوە، لە(٣٢٠)تا (٣٥٠)دینار زیاتر نەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە بەباشمان زانی کە ئەو رادده بەرزە دیاری بکەین بۆ ئەوکەسانەی کەلەمەودووا دێن ودەفتەری خانەنشینییان لێرەیەو دەڵێن: مووچەمان بۆ سەرف بکەن، ئەگەر نووسرابوو (١٠)هەزار دینار ئێمە (٥٠٠)دیناری بۆ سەرف دەکەین، لەبەرئەوە، ئەوە راددەی بەرزە وبۆ ئەوە دانراوە کە ئەو جیاوازییە زیاد کراوە. من سوپاسی کاک جەمیل دەکەم، کەقسەکانی لە جێی خۆیاندان. بۆ ئەو مەسەلەیەی (٥٠٠)دینارەکە، پێشتر باسم کرد، بەڵام روون کردنەوەکەم نەخستبووە روو کە ئەوە یەکێکە لەمەرجەکانی گەڕانەوەی مووچەی ئەو خانەنشینانە، بۆیە دەبێ ئەوە لەپێشەوە بێ، ئەوە پەیوەندی بە خاڵی یەکەم ودووەمەوە هەیە، یەک شتم ماوە ئەویش پەیوەندیی بە لیژنەی یاساوە هەیە، من چەند جارە تێبینی ئەوە دەکەم ئەوە شتێکی زۆر نائاساییە کە لیژنەی یاسا دەیکەن، دەچن دەسکاری ژمارە دەکەن بەبێ ئەوەی تەنانەت پرسێ بەلیژنەی ئابووری بکەن، نەک ئێمە، بۆیە من پێشنیارێکم هەیە پێشکەشم کردوون ودەڵێم هەر خانەنشینێک ئەوەندە دینارەی بۆ زیاد بکرێ لەو کەسانەی کە حکومەتی هەرێم خانەنشینی کردوون، کەچی ئەوان چوون هەم دارشتنەکەیان گۆڕیوە وهەم ژمارەکەشیان گۆڕیوە، ئەوە لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە، بەراستی تکا دەکەم جارێکی تر شتی وا نەکەن، چونکە ئەوە دوایی کە دێتەوە بۆ گفتوگۆکردن، لێرەدا ئێمە تووشی کێشە دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باناوەکان بنووسین.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی (٣٢٠)دینار راددەی بەرزی مووچەی خانەنشینانە، چونکە ئێستا دادوەرەکان بە هەزار ودوو هەزار دینار خانەنشین دەکرێن. من نازانم ئەو ژمارەی (٣٢٠)دینارەی لەکوێ هێناوە بۆ راددەی بەرزی مووچەی خانەنشینی، لەگەڵ سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد سەعید، جەنابی وەزیر دەڵێ: جاران وابوو، ئێستا با ئەو بابەتەی کە باس کراوە گفتوگۆی لەسەر بکەین، با ئەوە ببڕێنینەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مەبەست لە(٥٠٠)دینارەکەی برگەی یەک ودوو بێ نابێ، دەبێ بلێی (المشمولين في الفقرة أولاً وثانياً). چونکە ئەگەر گوتمان: (الراتب التقاعدي لايزيد عن خمسمائة دينار) بڕیارەکە بەگشتی هان نادرێ. دەبێ بلێی (المشمولين منَ الفقرة أولاً وثانياً، لايزيد رواتبهم عن «٥٠٠»دینار ) ئەوە یەکەم و، کاک سەعیدیش ئاسایی بۆی چوو، لە کۆنەوەش دادوەرەکان

مووچەیان زۆر بووە، چونکە ئەگەر (٣٠)ساڵ دادوەر خزمەتگوزاری دادوەری هەبایە خۆی خانەنشین دەکرد بە دەرماڵەوە بەتەواوی مووچەی خۆی وەردەگرت. لەبەر ئەوە بە رای من بلێین خانەنشینی لە (٥٠٠)دینار زیاتر نەبێ، جگە لەوانەی کە مووچەی تایبەتییان هەبێ ئەو هەمووە مووچەی خۆیان وەردەگرن، بەرای من ئەوە بلێین: (المشمولین من الفقرة الاولی والثانیة)، ئەگەر دوایی گفتوگۆی لەسەر دەکەین بزانین (٥٠)دینارەکەیان بۆ گۆڕیوە؟، چونکە ئەوەی کە گۆڕیومانە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری داراییە کەدای نابوو خانەنشینەکان کەلە کوردستان خانەنشین کراون لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێم(١٠٠) دیناریان بداتێ وئەوانی تر هیچی بۆ زیاد نەکات، بەرای من ئەوانەی ئێستا خانەنشین دەکرێن لەحکومەتی هەرێم، دەتوانم بلێم لەحکومەتی هەرێم وئیش کردن هەڵدێن. ئەوانی تر زۆر بەیان لەسایەی رژێمی بەعس لە ژێرگوشاردا بوون. بۆیە ئێمە هەستاین بۆ هەردوو جۆرمان کرد بە(٥٠)دینار وبەبۆچوونی ئێمە شتێکی خراپمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە چەند جارە لە شێوەی گفتوگۆ کردندا کێشە هەیە کە ڕاست نییە وئێستاش دەڵێم پرۆژەی بڕیار ڕاست نییە بەپێی پرۆژەی وەزارەت بخرێتە روو، پێویستە رای لیژنەی یاسایی بخرێتە روو وگفتوگۆی لەسەر بکرێت. دەبێ کەپرۆژەی وەزارەت دەخرێتە روو، رای لیژنەی یاسایی لەسەر دەربڕێ وئەندامێکی پەرلەمانیش مافی هەیە رای خۆی بدات، تاکو شێوەی گفتوگۆکەمان ڕاست بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئێمە ئەوە دوو ساڵ وپترە لیژنەی یاسامان لەسەر ئەم بەرنامەیە دەڕوات ونەمان گۆڕیوە، تەنیا ئەمڕۆ ئەم رەخنەیەمان لێ دەگیرێ لەسەر ئەم شێوەیە، ئەمە یەکەم، دووەمیش، لەسەر شێوەی گفتوگۆکردن پێش ئێستاش باسمان کرد، وتمان: ئێمە هەندێ تێبینیمان لەسەر ئەم بابەتە هەیە وپاشان لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن باسی دەکەین، بەڵام ئێمە ئەوە دوو ساڵ پترە هەر لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕۆین وهیوادارم بتوانین شێوەیەکی باش بدۆزینەوە بۆ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ڕاست بێ ئێمە لەلیژنەی یاسایی وامان دەزانی ئەو (٥٠٠)دینارە بۆ هەموو خانەنشینانە وبەراستی برگەی یەکەم ودووەم دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە دەقێکی وایان هێناوە نەهاتوون برگەکەی بگۆڕن وەزارەت وای هێناوە، ئینجا ئێمە بۆیە وامان داناوە وگوتمان بادەستکاری پرۆژەی وەزارەت نەکەین، ئەوەی لەپاشان بەڕێز وەزیری دارایی دەفەرموی کەلیژنەی یاسایی مافی نییە دەستکاری ژمارە بکات. باشە ئێمە مافمان هەیە کە راپۆرت بنووسین ورای خۆمان لەسەر شت بدەین، واتە حەصری شتەکە بکەین وئیمە رای خۆمان دەدەین، بەڵام شێوەی گفتوگۆکە دەتوانن بەڕێزان پرۆژەکەی وەزارەت پێشکەش بکەن وئەوەش رای لیژنەی یاساییە ئەوەش دابرێژن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکی بچووکم هەیە، لەسەر قسەکانی کاک سەید حەسەن. بەراستی لەبارەی کەم کردنەوە وزیاد کردنی ژمارە وابزانم من لەگەڵ هەندێ برادەرانی ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەوەشمان باس کرد، لەراستیدا لیژنەی یاسا وەکو لیژنەی پسپۆری ئابووری نییە، وەکو لیژنەی دارایی پسپۆری یاسایی یە، لەبەر ئەوە کە ژمارەیەک دێت هەقە لیژنەی یاسا زۆر بیری لێ بکاتەوە پێش ئەوەی ژمارەکە بگۆڕێ، وەزارەت دەڵێ (١٠٠)دینار، لیژنەی دارایی دەڵێ (١٠٠)دینار، لیژنەی یاســا دائەنیـــشێ ودەڵێ(٥٠) دینار یان (٢٠)یان (١٠) دینار، واتە ئەوە وابزانم وەک مەسەلەکەی نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب دابنرێ زۆر باشترە لەوەی کەلەگەڵ ڕێزمان بگۆڕدرێ بەو شێوەیەی کەباسمان کردووەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی جەنابی وەزیر وەڵامی برادەران بداتەوە، وابزانم تەنیا یەک **تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی** جەنابی وەزیر ئەویش ئەوەیە(**یؤخذ** بنظر الأعتبار) ئەگەر بنووسرێ بەم شێوەیە: **(یجب أن لایزید** المبلغ المصروف من راتب المتقاعد المشمول بهذا القرار عن **خمسمائة دینار شهریا) ئەوە تەنیا** تێبینییەکە و باجارێ گوێ لەگفتوگۆی وەزیر بگرین، بەڵکو **قەناعەتمان پێ دەکات.**

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو پێشتر ڕوونم کردەوە، مەسەلەی ئەو (٥٠٠)دینارە **ئەو کێشەیەی تێیدا ڕوویداوە کەپێشتر** کاک جەمیلیش ڕوونی کردەوە وئەوشتانەی کاک سەید حەسەن وتی ئەگەر وابێ، ئەوە کێشەکە خەریکە نەمێنێ، چونکە گەیشتینە یەک، بەڵام لەدارشتنەکەدا ڕاستەوا هاتووە ( یجب أن لایزید راتب المتقاعد عن «٥٠٠»دینار) کەواتە ئەگەر بەو شێوەیە بنووسرێ ئەوەی لە(٥٠٠)دینار زیاتر بێ، ئەوە هیچی نادرێتێ، بەڵام تەنیا بوترێ ( یصرف مبلغ «٥٠٠»دینار کحد أعلی)، واتە لەوە زیاتر بێ بۆی سەرف ناکرێ، ئەوە کێشەکە چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە ئێوە مەبەستتان ئەوەیە، مووچەی خانەنشینییەکەی چەند بێ کێشە نییە، ئەوە تەنیا راددەی بەرزەو پێی دەدرێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێوە فەرمووتان، ئێمە دوو ساڵ ونیوە لەسەر ئەم شێوەیە دەڕۆین لەراستیدا هەموو جار وانییە، واتە حەز دەکەم هەموو برایانیش لەبیریان بێ، کە زۆر جار هەیە ئەو جۆرە کێشانە أصلا دروست نابن، چونکە دەستکاری کردنی تێدا نییە، بەڵام هەرچی یەک لیژنەی یاسا لەشوێنی لیژنەی

ئابووری پەرلەمان خۆی لەشوێنی وەزارەتی ئابووری ودارایی بیر لەوە بکاتەوە کامەیان باشترە وکامەیان لەبەرژەوەند دایە بیخاتە ناو پرۆژەکەوە ئەمە یەکەم بوو. دووەمیش: پرۆژەیەک کە لەوەزارەتێکی کەوە دێت، لایەنێکی پەرلەمانی نییە، تەنانەت لیژنەیەکی تری ناو ئەم پەرلەمانە نییە بلێین لیژنەی ئابووری نییە ئەوان ژووریان بە ژوورەوە بێت، پێکەوە لەوانەیە رۆژانە یەکتری ببینن وبلێین ئەرێ ئەو گۆڕینە باشە؟، بیکەین یان نا؟ ئێمە پرۆژەیەک دەنێرین و وەکو خۆتان فەرمووتان مانگێک دوا دەکەوێ، مانگەکە لەدەرگەی ئەم ژوور وئەو ژوور بەسەر دەبات تاکو بڕیاری لەسەر دەردێ و دەچێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و تاکو لەوێ رزگاری دەبێ و دێ بۆ ئێرە ئەوەش دوا دەکەوێ وهیچ جۆرە بوارێکی واش نییە بلێی ئەرێ ئەوە ڕاتان چی بوو؟ بۆچی وتبووتان(١٠٠)دینار وئێستا دەڵێین (٥٠)، واتە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، خۆنابێ لیژنەیەک هەبێ لەبارەی ئابووری ودارایی وتەندروستی و پەروەردە کار بکات، هەر کەسە دەبێ بە کاری خۆی هەڵسێ وئێمە ئەرکێکی گەورەمان لەسەر شانە ئەو (٥٠٠)دینارە بۆ ئەو کۆمەڵەیە حساب بکەین کەدەکاتە چەند، ئەڵێین (٥٠٠)دینار بۆ هەمووی، ئێمە دەزانین ئەکاتە چەند، واتە تکامان وایە ئەو شتانە بکەین وچاکیان بکەینەوە، چونکە لەرێبیەکی دوور نین وهەمووشتان ئاگادارن کە ئێمە هەموو رۆژ ئامادەین هەرچی بیەوێ لەگەڵی دابنیشین و وەهەرکە رای خۆمانیان بۆ باس بکەین، وهەموو کێشەیەک نەهێڵین لە بەردەم ئێوەی بەڕێز وئەو هەموو کاتە زیادەی پێوە سەرف بکەین، ئینجا تاکو ئێستاکەش ئێمە یەک فلسمان نەداوە بەو خانەنشینانەی کەچوون لەرژێم وەریان گرتووە کە ئێستا هەرچییەکی بیان دەینێ ئەوە هەمووی شتێکی زیادەیە بەرپا بووە. بەڵام ئەوکەسەی کەپێشتر لەهەرێم خۆمان خانەنیشینمان کردوون ئەمە شیاوی زیادەیەکە، چونکە هەموو فەرمانبەرانی هەرێممان بە یاد کردۆتەوە وشتێکیان بۆ زیاد کردوون وئەوەی ئەوان، ئێستا بەرامبەری ئەوەیە کە بۆ ئەوانی دەکەین، ئەوان هەرچیان بۆ نەکردوون وئێستا ئێمە ئەوەیان بۆ دەکەین، حەز دەکەم لەوە ئاگاداربن کەلەگەڵ هەموو کێشەکانی خانەنشینان من لەگەڵ هەندێکیان دانیشتووم وقسەم لەگەڵدا کردوون وهەموو بەوە رازی بوون، نیوەی ئەو مووچەیان بدرێتێ. ئێستا ئێمە پێشنیارمان کردووە هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک تێبینی گچکە، بلێین خانەنشینێک ئەمرۆ چەندێک لەو (٥٠٠)دینارە زیاد بێ کە لەرژێم وەری دەگرێ، ئەگەر ئێستا حکومەتی هەرێم(٥٠٠)دیناری پێ بدات واتا (١٢)ە جار (٥٠٠)دیناری پێ دەدات کە دەکاتە(٦٠٠٠)دینار هەتا ئێستا باوەڕناکەم خانەنشینێک لەرژێم رادەی بەرزی مووچەکەی بگاتە(٦٠٠)دینار ئەو تێبینییەی جەنابی وەزیر کردی دەبێ رەچاو بکرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو کێشانەی کە ئەمرۆ لەسەر قسەکردن روویاندا ئەوە دەرچوونە لەبنەرەتی بابەتەکە،

لیژنەی دارایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئاگایان لەیەکتری نییە ولیژنەی یاساییش نازانێ مەبەست چییە؟ ئەگەر پێکەوە دانیشتبان ولەیەک گەیشتبان پێم وابوو پرۆژەیەکی زۆر رێک وپێک بەنیو سەعات کۆتایی پێ دەهات، بەڵام ئێستاش نیوەمان تێی نەگەیشتووین چییە؟ پرسیار لەکاک شێخ دارۆ دەکەم لەوانەیە لێرە بێ وەکو جەنابی دەڵێ: کاتی خۆی مرۆڤێکی نزیک لەرژێم خانەنشین کراوە بەمانگانەیەکی زۆر کە لێرەدا ئەو مووچە زۆرەش هەبێ، ئایا بۆ ئەوانیش وەکو هی بەغدایە یان جیاوازیی هەیە لەنێوانیان؟، کە پێم وایە نابێ جیاوازی هەبێ، چونکە ئەوانیش هەر وەکو ئەوانن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی من هەروەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی و وەکو کارگێری لیژنەی یاسا هەست دەکەم کە گوشارێکی زۆر خراوەتە سەر لیژنەی یاسایی، من داوای لێ بوردن دەکەم، کە هەق نییە بەو شێوەیە سەیری لیژنەی یاسایی بکرێ، چونکە تائێستا کە ئیشی هەموو لیژنەکان دەکات، دووەمیش شتێک سەبارەت بە داڕشتنەوە، هەموو نوسەرێک لەدیوانی لیژنەی یاسایی لەوەزارەتی دادەوە هاتووە کە خەڵکی پسپۆرن، بەڕاستی نەعەرەبی یەکەی عەرەبیە و نەکوردی یەکەشی کوردی یە، بروام پێ بکەن ئێستا پرۆژەیەکی وەزارەتی ئەشغال هاتووە تا ئێستا نەمان توانیوە سەری لێ دەربکەین وخەڵکی تایبەتمەندیشن، هەیە هەر هاتووە ونازانی چییە؟ ئەوەی نووسیویانە نازانن چییە نەکوردی یە ونەعەرەبی یە، سەبارەت بە چاوخشاندنەوەبە چۆنیەتی گفتوگۆ کردن، بەڕاستی ئێمە مافی ئەوەمان نییە ئەگەر بەپێی ئەو شێوەیەی پێش یاساکە رۆیشتووین، بەڕاستی هەمواری ژمارەمان نەبوو، بەڵام بەم هەفتەیە وای لێهات، پێشدان دەهاتن لەوێ دادەنیشتین و زۆر شتمان روون دەکردەوە لەسەر دەقی پرۆژەی یاسایی، و پرۆژەی حکومەت، ئێمە ئەو شتەی کە یاسایی بوو روونمان دەکردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەشی یەکەمی پێشنیارەکە جێبەجێ کراوە وبەشی دووەمی ماوە، رادەی بەرزی لەگەڵ پێشنیارێکی تر بۆ رادەی نزمی (٥٠٠ تا ١٢٠) دینارە وئەمە لەخاڵی چوارەمدا هاتووە کە دەڵێ (يجب أن لايزيد الراتب التقاعدي عن «٥٠٠» دينار شهرياً) ولقێک هەیە دەڵێ (٥٠٠) دینار بۆ رادەی بەرز و (١٢٠) دیناریش بۆ رادەی هەرە نزمی بێ، بەڵام سەبارەت بە زیادەکە دوو پێشنیار هەیە، یەکێک دەڵێ بەگشتی(٥٠) دینار زیاد بکرێ ورایەکی تر هەیە دەڵێ (١٥٠) دینار، ئەمەش دەبێ ببڕێندرێتەوە، جارێ با مەسەلەی (٥٠٠ تاکو ١٢٠)ەکە ببڕێنینەوە. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە زۆر لەسەر ئەم بابەتە قسە کراوە، دەڵێن: ئێمە بابەتی (٥٠) دینارەکەمان گفتوگۆ

کردووە، ئەگەر خانەنشینان بگوێزرێنەوە یان نەگوێزرێنەوە ئەمە بریارێکی سیاسییە و وا راستە بگوێزرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوێزراونەتەوەو دەنگی لەسەر دراوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با من قسەکەت بۆ بکەم، چونکە بابەتەکە لار بۆوە، وا نالێ و لەبەڕێز وەزیری داراییمان پرسی ئایا تا چ رادەیەک ئیمکانیان هەیە؟ چونکە ئەو پسپۆرە بۆ توانای وەزارەتی دارایی و وەکو بەڕێز وەزیری دارایی بۆی روون کردینەوە، بۆی تەرخان کردوون وماوە هەیە ئەگەر بەیەکسانی (٥٠) دینار بۆ هەر خانەنشینێک تەرخان بکرێ و، وەزارەتی دارایی خاوەنی ئەم بابەتەیە، دەبێ رای ئەو دەوری خۆی هەبێ ودەمەوێ بۆبرادەران روون بێت ئەگەر هەر بەخۆزگەو ئاوات بێت، بڕوا بکەن حەز دەکەین هەر یەکێ هەزار دیناری بۆزیاد بکرێ، بەڵام ئایا لەتوانادا دەبێ؟. سوپاس

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت دەڵێی رادەدەی هەرەبەرزی (٥٠٠) دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نالێم، پێشنیارەکە دەڵێ رادەدەی هەرەبەرزی (٥٠٠) دینارە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە، پێشنیارەکە دەڵێ بەو شێوەیە (٥٠٠) دینار رادەدەی هەرەبەرزی و (١٢٠) دیناریش رادەی هەرە نزمیەتی، کە رادە هەرە نزمەکەمان ببێتە (١٢٠) دینار، ئەوە خۆی زیادەکەیە ئێستا وتوویژ لەسەر ئەوەیە ئایا رادەدەی هەرەنزمە کەلەسەر (١٢٠) بمێنێ یان (٥٠) دینارەکە بۆهەموو خانەنشینێک زیاد بکرێ؟ ئەوە گفتوگۆکە لەو دوو خاڵەدا کۆبۆتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای جەنابتە، بەڵام رای تر هەیە وپێشنیارێکی ترمان بۆ هاتووە وجارێ با ئەمە ببڕێنینەوە، پاشان وەرەوە سەر ئەم بابەتە ورای خۆت لەسەر ئەو پێشنیارە بدە بۆ ئەوەی ئایا لەگەڵی، یان لەگەڵیدا نیت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە دێینە سەر (٥٠) دینارەکە، ئێمە تا پێشنیارەکە نەکێشرێتەوە، ناچارین وەری گرین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (١٢٠) دینارەی رادەی هەرەنزمی پەیوەندی بەو زیادەیەوە نییە، چونکە ئەوە بەپێی ئەو لیستەیەی لەمانگی مایسی ١٩٩١ هەیە، هەندێ خانەنشین هەنە کە کرێکار بوون، مووچەکەیان (٥٧) دینار بووە لەبەر ئەوە پێشنیار کراوە ئەو رادده هەرەنزمە بکرێت بە (١٢٠) دینار و ئەوە پەیوەندی بە (٥٠) دینارەکەوە نییە کەئێمە باسی دەکەین، ئینجا ئەگەر مادده چوار بکەین بەمادده (٣) وەدەنگی لەسەر بدەین، بەو پێشنیارەی کە هەیە (علی أن لایزید عن «٥٠٠» دینار) دێینە سەر زیادەکەو، حەزیش دەکەم کاک جوهریش ئەمە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا ئەمە گفتوگۆی زۆر لەسەر کرا، ئێمە با ئەو بابەتە یەکلا بکەینەوە، پێشنیار هەیە دەڵێ: رادەی هەرە بەرزی مووچەی ئەوانەی لەرژێمەوە دێن وئێستاکە خانەنشینن (٥٠٠) دینار بێت و، راددەی هەرە نزمیش (١٢٠) بێت، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا وئێستاش دێینە سەر زیادەکە ودوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە کە پێشنیار کراوە کە (١٥٠) دینار بێ، پێشنیارێکی تریش هەیە کە دەڵێ (١٠٠) دینار بێت، هەنە دەڵێ با (٥٠) دینار بێت، بەڵام بەتەنها بدرێت بەوانەی کە لەناو هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، پێشنیارێکیش هەیە کە بدرێت بە هەموان، واتا ئەوانەی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە، لەم خاڵەتەشدا ئێمە ئەم خاڵە دەهێڵینەوە بۆ لیژنەی یاسا کە بۆ سبەی بەشێوەیەکی تر دایبڕێژنەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە، کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەم مادەیە سەر لەنوێ دەبێ دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن بەر لەوەی ئەم پێشنیارە بخرێتە دەنگ دانەوە، من سەرنج رادەکێشم بۆ ئەو قسانەی کە د.کەمال کردنی، ئەو زیادەیەی کە دوێنێ باسی ژمارەی(١٠٠) هەزار خانەنشین کرا، ئینجا ئەوە دەبێ وەزارەتی دارایی بۆ ئەو زیادەیە بڵێ ئایا دەتوانێ ئەم ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆی کە بتوانی (١٥٠) دینار زیادە بداتە ئەو خانەنشینانە؟، ئێستا وەکو باسیان کرد رەنگە (١٥٠)ش هیچ نەبێ، بەڵام واباشە پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ باش بیر لەوە بکەینەوە، نەک بەحەماسەتەوە بڵێین دە با (١٥٠) دینار زیاد بکرێ ویەکی تر بڵێ با (٢٠٠) دینار بێت وئەوی تریان بڵێ با (٥٠٠) دینار بێت، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەیە: کە ئەو زیادەیە بکرێ بە (١٥٠) دینار بۆگشت خانەنشینان، ئەوە دوایی دێینەوە سەری، بەڵام (١٥٠) دینارە کە ئێستا هەیە.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نـوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من تێ ناگەم بۆ پێشنیاری من قەت ناخرێتە دەنگدانەوە؟ هەردەم کە پێشنیارێک لەپڕ دێتە پێشەوە و ئەوەیان دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە مافێکی ڕەوای منە، من مافی پێشنیارم هەیە، من پێشنیارێ دەکەم ئەکەوێتە دوواوە، ئێمە دەزانین چ بڕە پارەیەک زیاتر بوو ئەوە دەنگی بۆ دەدرێت، چونکە زەمانەکەی وایە (١٠)دینار زیاتر بێ ئێستا هەموو دەست هەڵ دەبڕن و، ئێمە لە لیژنەی یاسایی باسمان کردووە وئەمڕۆکەش لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووری دانیشتن لەسەر ئەو بنەڕەتە، من وتم ئەگەر (٥٠) دینارەکە بێ یەکسانی تێدایە ولەبەر ئەوەی ئەو کاتە (١٢٠) دیناری رادەی هەرەنزمەکە نەدەما کەئێستا ئەو هەڵوەشایەوە دەبێ بێیەوە سەر پێشنیارەکەی من کە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە ئێستا لەناو هەرێمن کە (١٥٠) دینارە، هەر یەکسەر رازی دەبن، چونکە پێیان باشە بڕە پارەیەکی زیاد بوترێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێمە کەپێشنیارێ بکرێ ناچارین یان ئەبێ پێشنیارەکە بکێشرێتەوە یان دەبێ بخرێتە دەنگدان، ئێمە ئەوپێشنیارەمان هەبوو، خستمانە دەنگدانەوە، ئەوی تر دێینەوە سەری، کە هاتینەوە سەری ئەوساکە ئەو خاڵە گفتوگۆ دەکرێ. بەهەر حاڵ ئێمە لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین بەو هیوایەی کە لیژنەی یاسا بۆ سبەینێ، ئەم مادەیە بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژنەوەو بیخەنە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەسەر بدەین.. سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٧/١١/١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٧

***كـاتژمـێـر (١٠)ی سـەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شـەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١١/٢٧ ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی کـوردسـتـان بەسـەرۆکـایەتی بەڕێز جوهر نامق سـالم سەرۆکی ئەنجـوومـەن و، بە ئامـادەبوونی جێگری سـەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحـمـەد عـەزیز ئاغـا و، سکرتێری ئەنجـوومـەن بەڕێز فـەرسـەت ئەحـمـەد عـەبدوڵڵا، دانیـشـتنی ژمـاره (١٣)ی خـولی ئاسـایی دووەمی، سـاڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستـەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشـتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجـوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆی پرۆژەی بڕیار لە بارەی مووچەی خانەنشینان.***

***٢ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ تازە بابەت هیچ شتێک نییە، کەواتە دێینە سەر پرۆژەی مووچەی خانەنشینان، بەڕێز کاک جەمیل فەرموو بابزانین پرۆژەکە گەیشتە کوێ، ئەگەر ئامادەیە بیخوێننەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە سەر پرۆژەکە وا ڕێککەوتووین کە ئێمە پابەندیی ڕێککەوتنەکە بین، لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسا ڕای خۆی گۆڕی، جا تاوەکو ئێستا کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیر دارایی دەکەن و، تەواویان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل، دوێنێ لەسەر چی ڕێکەوتوون؟ یەک خاڵمان هەبوو ئەمەش، بابەتی ئەو (١٠٠) دینارە بوو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێککەوتنین لەگەڵ وەزیری دارایی (١٠٠)دینار بوو و، لەسەر ماددەی دووەم دەنگ درا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها ماوە کێشەی(١٠٠) دینارەکە، کەوا بیدەین بەهەموویان، دوێنێ لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەوا بەوانەی بدەن کە لە حکومەتی هەرێم خانەنشین کراون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەدی سێیەم (يجب أن لايزيد مبلغ التقاعد عن ٥٠٠ دينار شهرياً ولا يقل عن ١٢٠ دنيار للمذكورين في الفقرتين) ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو مادەدی چوارەمە(يصرف مبلغ ١٠٠ دينار شهرياً للمتقاعدين اللذين يستلمون رواتبهم من حكومة الإقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت ئەو کەسانەی کە خانەنشین کراون ، ئێمە کێشەیەکمان هەیە ئەویش خاڵی ئەو (١٠٠)دینارەیە،کە لیژنەی ئابووری گفتوگۆیان لەسەر کردووە کە تەنها بدرێ بەوانەی لە حکومەتی هەرێم خانەنشین کراوون، بەو بەڵگەیەی کە کاتی خۆی ئەو پرۆژەی کە هەبوو بڕیار نەبوو ئەوانەی کە لە حکومەتی مەرکەزی مووچەی خانەنشینی وەردەگرن مووچەی خانەنشینیەکەیان ئێستا بخرێتە سەر خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاتی خۆی ئەوان کێشەیەکی وایان هەبوو و، جا ئەو کێشەیە دوێنێ باس کرا یەک خاڵ مایەوە، ئەویش ئایا ئەو مووچەیە بۆ هەمووانە، یا تەنها بۆ ئەوانەیە کە لە حکومەتی هەرێم مووچە وەردەگرن؟ دوێنێ بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا لەسەر دوو خاڵی سەرەکی ڕێککەوتین، ئەویش کە بەرزترین رادە(٥٠٠)دینار بێت و، نزمترین رادەش (١٢٠)دینار بێت، چونکە وتیان زۆر کەس هەیە (٥٠) دینار وەردەگرێت، ئەویش لە حکومەتی مەرکەزی بەپارەی مزەوورە وەری دەگرێت، ئێستا وا ڕێککەوتین کە بۆیان بکەین بە (١٢٠) دینار بەپارەی سویسری، خاڵی دووەمیش ئەوە بوو، کە ئەو (١٠٠) دینارە بدرێت بەوانەی کە تەنها لێرە خانەنشین کراوون، ئەو دوو پێشنیارە هەبوو، بەڵام دیارە لیژنەی یاسا بە پەسەندی نازانن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاک جوهر باسی کرد، ئەو شتە بە ئامادە بوونی لیژنەی یاسا کراوە، ئەو دوو خاڵەش تەنها دارشتنەوەکەی نەبێت هیچی تری نەمابوو، با دانیشتنەکە لەمە زیاتر دوا نەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە لیژنەی یاسا پێش وەخت ئاگاداریان بکردینایەوە، کەوا تاوەکو ئێستا تەواویان نەکردووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی هەردوو لیژنەکە، لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاسا ئێمە داوای لێبوردن دەکەین، هەرچەندە بەڕێزکاک سەید حەسەن وەکو لیژنە مافی خۆی بوو کە بابەتەکە بگەڕێنێتەوە بۆ لیژنەکە، لەبەرئەوەی بابەتەکە لایەنێکی دارایی تێدایە، هەرچەندە لایەنە سیاسیەکەی فراوانتر و بەرچاوترە، پاشان داوای جەنابی وەزیری داراییمان کرد، بەڵام نەمانتوانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی

پێوه بکەین، پاشان توانیمان پەیوەندیی بە سکرتێرەکەیەوە بکەین و، لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی کۆبوونەکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێ پێشنیارەکە بەم شێوەیە بوو، لە نێوان ( ٥٠٠ تا ١٢٠ ) دینار رادەی بەرزی ونزمی ئەوانەی کە مووچەی خانەنشینی لە حکومەتی مەرکەزی وەردەگرن، ئەو( ١٠٠ ) دینارەش بدرێ بەوانەی کە لەحکومەتی هەرێم خانەنشین کراون. ئەوە پێشنیارەکە بوو. شێخ دارۆ فەرموو.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکوبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن روونی کردەوە، ئێمە دوێنێ پاش ئەوەی لەگەڵ بەڕێزی دانیشتن بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک ، ئەوە بوو کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کردو، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستی بەوە نەدەکرد کە جارێکی تر لەگەڵ هەردوو لیژنەکە دابنیشینەوە، بەڵکو بریار دراوە، بەڵام پێش سەعات (١١)بەچەند دەقیقەیەک ئاگاداریان کردین کە پێویست دەکات من ئامادەبم و، لە ئەنجامی گفتوگۆ کردن دا پێیان باشە کە ئەو رادە نزمەی کە باسمان کرد دەسکاری نەکرێت و، وەکو خۆی بمێنێتەوە و، زیادەکە بدرێت بە هەموو خانەنیشنەکان و، ئەو بەریزانە پێشنیارەکەیان کردووە، لایەنێکی یەکسانی تێدایە کە ئەویش ئەوەیە، هەندێ کەس هەیە بۆ نموونە (١١٨) دینار مووچەی خانەنشینییەکەییەتی، ئەوەی کە تۆ رادەی نزمەکەی بۆت کردووە بە ( ١٢٠ ) ئەو کەسە (٢) دیناری بەردەکەوێت، خەڵکی وا هەیە هەرخۆی ( ١٢٠ ) دیناری هەیە، واتە هیچی بەرناکەوێت و ئەوانی کەش هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە پێشنیاری ئەوان بەوشێوەیە بوو کە هەریەکە ( ٥٠ )دیناری بۆ زیاد بکرێت ئەو کاتە ئەوەی ( ٥٠ ) دیناری بۆی زیاد دەبێت ( ١٢٠ ) ئەبێ تبە ( ١٧٠ )دینار، بەلای منیش جۆرە یەکسانییەک دروست دەکات، لەو زیادەی کە دەکرێت، بۆیە هەندێ درێژە بە گفتوگۆکە درا منیش داوای لێبوردن دەکەم کە پەیوەندیم بە مەوعدی پەرلەمانەوە نەکردووە ، بەڵام من نەم ئەزانی ئێوە ئاگادارتان کردینەوە کە لیژنەکە کۆبوونەوەی هەیە، بەهەر حاڵ من لەوێش رای خۆم وادەربریوە کە ئەم جۆرە زیادکردنانە و گێرانەوەی مووچەی خانەنشینان لایەنە سیاسی و مەعنەوییەکەی زۆر گەورترە لە لایەنە مادییەکەی، چونکە ئەو مووچانە لە راستیدا هیچ ناگەیەنێ، هەروەها لایەنێکی مەعنەوییە بۆ نزیکی (٩٤) هەزار خانەنشین، کە بۆ ئەوانە جارێکی کە پەیوەندیی مادی و مەعنەوی و سیاسی دروست دەبێتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بۆیە بابەتی من لەبنچینەدا گواستنەوەی مووچەکانە، بە رای من زیاد کردنی مووچەکە لە هەمووی گرنگترە، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ رای پەرلەمان، جا بە رای من زیاد کردنی ئەو ( ٥٠ )دینارە لە هەموو رایەکانی تر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێش هەر هەمان پێشنیار هەبوو کە هەموو ئەندامان رایان وابوو لەئاکامی گفتوگۆ کردنی بابەتەکە دا سێ پێشنیار هەبوو، پێشنیاری حکومەت و پێشنیاری لیژنەی دارایی ئەوە بوو کە

(١٠٠) دینار بدرێ بەوانەی کە لە هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون، پێشنیارەکەی تریش ئەوە بوو کە بکرێت بە (٥٠) دینار بۆ هەمووان، واتە ئەندامانی پەرلەمان رایان وابوو کە ئەو (٥٠) دینارە بگۆڕێ، لایەنی سیاسی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەرچی خانەنشین هەیە لەوێ دەیانبەستێتەوە بە ئێرەوە، لە خەزینەی حکومەت پارەی پێئەدەی ،ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە تۆ ئەیدەی بە خانەنشینان و رزگاریان دەکەی لەو وزەعە و، ئەگەر لە رووی دارایشەوە بەراوردیشی بکەیت، ئەوە دینارێکی ئێرە بە (١٢)دیناری ئەوان بێت، واتە (١٢) جار تۆ یارمەتیەکەت زیاد کردووە ، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لێرە خانەنشین کراون تۆ هیچت بۆیان زیاد نەکردووە، (٥٠) دیناریان بۆ زیاد دەکەی و بە یەکسانیش، بڕیاردرا بکرێت بە کەمترین رادە، بکرێت بە (١٢٠)دینار ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێم مووچەی خانەنشینی وەردەگرن ئێستاکە ئەوانیش ناگرێتەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ رای بەڕێز وەزیری داراییمان وەرگرت، بەڕێزی رای وابوو کە ئەوانەی ئێستا لە هەرێم مووچەی خانەنشینی وەرناگرن ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە کە ئیتر لەمەولا مووچەی خانەنشینیان لە هەرێم وەربگرن، لەبەرئەوە پێویست بەزیادکردنی ئەو مووچەیە ناکات رایەکی تر هاتە پێشەوە لەلیژنەکانی دارایی، کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مایسی (١٩٩١) هەندێ کەس هەیە لە رژێم مووچەی خانەنشینیان وەردەگرت و ئێستا لێرەش وەری دەگرن، رادەی باڵایان (٥٠٠) بێت و، رادەی کەمیشی ببێ بە (١٢٠) بۆ ئەوەی ئەو (٥٧)شی بۆ زیاد بێت بە پارەی ئێرە ، جا بە رای من هەردوو پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە نەک تەنیا یەک پێشنیار، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەق نییە ئەوەندە باسی رێککەوتن بکەین، من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر زیادییەک دەکرێت هەموو خانەنیشنەکان کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارە وەردەگرن بیانگرێتەوە، ئەگەر نا دادوەری تێدا نییە، کەواتە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا کە کردیان عەدالەتی تێدایە، جا ئەگەر دەیکەنە (١٠٠) دینار هەر بۆ هەموویان زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوەی خانەنشین لە بەغداوە دێتە ئێرە، یان ئەوەی لێرە دەچێتە ئەوێ؟! من رێزم هەیە بۆ هەموو خەڵک بەڵام لەوانەیە یەکێک لەوێ مووچەی خانەنشینی وەربگرێ (١٠٠) دینار بێ وەریدەگرێ، یەکێکیش باری ژیانی وای لێ کردووە کە لە ناو رژێم دانیشتووە دوایی خانەنشینی لێرە وەربگرێت، کەسێکی زۆر بەڕێزیشە دێتەوە ئێرە، واتە ئەو جیاوازییە بۆ بکەین، ئەمما مەوزووعی ئەو حسێبە بکەین لەوێ دیناریان ئەوەندە دەکات لێرەش ئەوەندە دەکات، بۆ بەڕێوەچوون دێتە ئێرە وگوزەرانی باشتر دەبێت و هۆیەکەی ئەوەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

وەکو فراکسیۆنی کەسک تەئییدی قسەکانی بەڕێز فراکسیۆنی زەرد دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من تێبینیەکم لەسەر قسەکانی بەڕێز کاک فەرەنسۆ هەیە کە دەڵێت: هیچ ڕێککەوتنێک نییە، لەراستیدا هەرچی ڕێککەوتنێکیش بکەین ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە گفتوگۆی لەسەر بکەن و، ئەوان بڕیاری لەسەر ئەدەن وەریبگرن، یان وەری نەگرن، لەبەرئەوە ئێستا ئەڵێین شتێکی وا باس کرا بە سەیرمان زانی، پاش ئەوە بۆ باس کردنەوە ئەتواندرا لە ناو هۆڵەکەدا باس بکرێ و، لەبەر ئەوە هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان ئەوە بڵێین ڕێکەوتنێک ئەکرێ بۆ جەنابتان عەرز دەکرێ و نەمان وتووە ئەوە فەرزە و ئەبێت ببێت، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پاشی لێکۆڵینەوەکی دوورودرێژ لەگەڵ برادەرانی لیژنەی دارایی، پێویست بوو بە لیژنەی یاسایی بڵێین نوێنەرێکتان بنێرن، ئەو کاتە لەسەرمان حسێب بکەن، هەتا چاوەڕوانی بکەین، بە رای خۆمان ئێمە دادەنیشتین و بڕیارمان لەسەر دەدا، بەم دوایە وتووێژمان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی دارایی کرد کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی لێرە بوون، پاشان ئەندامانی لیژنەی دارایی بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ پرۆژە تازەکە بوون، کە ( ٥٠ )دینار بۆ هەموو خانەنشینەکان زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

پێش هەموو شت لێرە وتمان لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ئابووری لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی دابنیشن و ئەو پێشنیارە دابڕێژنەوە، چونکە گفتوگۆ کردنەکە بەو شێوەیە بوو کە ئەو سێ پێشنیارە لێرە بدرێت، ئەو دەسکەوتە کاتی خۆی لە پرۆژەکەدا بوو کە خراوەتە سەر بڕگەکە، دووەم ئەبوایە دوێنێ بەڕێز وەزیری دارایی هاتبایە و گفتوگۆتان لەگەڵدا کردبایە و بتان گوتبایە نەخێر، ئێمە دەمانەوێ ئەوپێشنیارە بکەین،ئێمە لیژنەیەکمان دروست کرد کە دایبڕێژنەوە، پاشان لیژنەی یاسایی وەکو لیژنەیەکی یاسایی تەماشای کێشەیەک دەکەن،لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزیری دارایی دانیشتن، مەسەلەکە ئەوە نییە چ ڕێککەوتنێک بکەن، یان چ ڕێککەوتنێک نەکەن، دوێنێ بڕیار بوو کە بابەتەکە دابڕێژنەوە، ئێستا کە کە گۆڕاوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت با ئەندامانی پەرلەمان رای خۆیان بدەن.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە دوێنێ ئەو بڕیارەمان دا کە سەعات ( ١٠ ) دانیشین ئەمڕۆ سەعات ( ١٠ ) دانیشتنمان هەبوو، ئێمە لیژنەی یاسایی و دارایی لەگەڵ جەنابی وەزیر، بەڵام دوێنێ کە ئێوە دانیشتبوون

هاتینە لای جەنابت هەرگیز ئێمە ئاگاداری ئەوە نیین، چونکە ئێمە ئاگادار کراوین لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنە کە ئەمڕۆ سەعات (١٠) دانیشتنمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ ئێمە بەرەو ڕووی لیژنەی یاسامان کردەوە، جێگری سەرۆکی لیژنە هاتووە نوێنەرایەتی ئەو لیژنەیە دەکات، لەراستیدا بەئێمەش ناکرێ بۆ هەموو شتێک هەموو لیژنەیەک کۆبکەینەوە و قسەیان لەگەڵدا بکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی داوای لێبووردن دەکەین کە ماوەیەک دواکەوتین، بڕواتان هەبێت نەمانزانی جەنابتان لێرە لە هۆڵی پەرلەمان دانیشتوون، ئەوە یەک، دووەم ئێمە بڕیارمان دا سەعات (١٠) لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی دانیشین و، کۆتایی بە مەسەلەکە بێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەیوەندیمان بەو بابەتەوە نییە، تەنها ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە مەسەلەکە بە عەدالەت بکرێت و، ئێمە ئەوەی بێتە پێش چاومان دەیدەین بە ئێوە و، ئەوەی کراوە باسی بکەین و ئەوەی لەسەری ڕێککەوتوون بیلێین، دەنا چۆن پێشنیار دەکەن عەرزی دەکەین و، چ پێشنیارێک بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو پێشنیارەین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت دەسکەوتێکی سیاسی گەورەیە بە خانەنشینەکان و میلللەتەکەمانی دەیدەین، ئەویش ئەوەیە کە مووچەکانیان لێرە بدەینێ، ئەوە بڕیارێکی سەربەخۆیە بە ڕای من پەیوەندیی نییە بەمەسەلەی زیادەوە، ئێمە ئەو بڕیارە وەردەگرین و دەڵێین ئەوەی دێ ئێمە بەرزترین ڕادەی دەدەینێ (٥٠٠) دینار ونزمترین ڕادەی (١٠٠تا ١٢٠)دیناری بۆ دادەنێین، نازانم ئەوەش بڕیارێکی سەربەخۆیە؟، مەسەلەی زیادەی خانەنشینان بەتایبەتی ئەوانەی کە خانەنشین کراوون لە کوردستان، پێش ماوەیەک لەکاتی گفتوگۆ کردنی مەسەلەی فەرمانبەران ئێمە مەسەلەی خانەنیشنەکانمان دواخست لەبەرئەوەی کە ئەوانیش وەک چینێکن لەم کۆمەڵەدا و پێویستیان هەیە بەو یارمەتییە، بە ڕای من خانەنشینەکان هیچ جیاوازیان نەبێت وزیادەکەشیان بدەینێ بۆ ئەوەی لە و ئەرکە گرانەی سەرشانیان سووک کەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە ئەو پێشنیارە لای خۆتان بنووسن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە مەسەلەکە عەدالەتی تێدا بوو و، پرۆژەکەی وەزارەتی دارایی لەگەڵ توانای گەنجینەی

کوردستاندا وبەرامبەر بە دوو بەش لە خانەنشینەکاندا دەگونجێت، ئەوانەی کە لە ناو رژێمدا مووچە وەردەگرن حکومەتی هەرێم هیچ پابەندێکی ماددی لەگەڵیاندا نەبوە، ئێستا چارەی بۆیان دۆزیەوە و لەسەر لیستی مووچەی مایس (١٩٩١)دا، پێش ئێستا (١٥٠) دینار مووچەمان زیاد کرد بوو بۆ فەرمانبەران، بەلایەنی کەمەوە دەبێت بۆ خانەنشینانیش لەناو هەرێم (١٠٠) دینار زیاد بکرێت، باسی عەدالەتیان کرد و هەقیش نییە لیژنەی یاسایی هیچ جارێک بەناوی لیژنەی ئابوورییەوە قسە بکات، باسی عەدالەتیان کرد ئایا عەدالەت لەکوێدایە خانەنشینانی هەرێم مووچەیان هەر لەوێیە ؟! ، جارێک هەقیانە ئەو مووچەیە وەربگرن، بەڵام ئەوانەی لە ناو حکومەتی هەرێم لە رێگەی حکومەتی هەرێمەوە خانەنشین کراون زیاتر لە مووچەی خانەنشینییەکەیان هیچ مووچەیەکی تر وەرناگرن، لەبەرئەوە کە (٥٠)دینار زیاد بکرێت بۆ ناو هەرێم زۆر کەمە با (١٠٠) دیناریان بۆ زیاد بکرێت، سەید حەسەن لە رێککەوتنەکەی دوێنێ رای گۆری کە (٥٠) دینار بۆ هەموویان خەرج بکرێت، چونکە لە پرۆژەکەی لیژنەی یاسایی وایان نووسیوە کە بۆ هەموویان (٥٠) دنیار زیاد بکرێت و، پرۆژەکەیان نارد و لیژنەی دارایش پرۆژەی خۆی پێشکەش کرد، بۆ ئەو خانەنشینانەی ناو هەرێم لە وەزارەتی دارایی هاتووە کە(١٠٠) دیناریان بۆ زیاد بکرێت، بەڵام ئەوانەی کە لەلای حکومەتیش مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، هیچ یەکسانی نییە کە ئەوانیش (١٠٠)دیناریان بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئەوانە دوو مووچە وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و کاک عەبدولخالق دام، چونکە مەسەلەکە سیاسییە، ئەگەر مەسەلەی پارە لەیەک بدەینەوە کە بەڕاستی پارەکە زۆر کەمە بەرامبەر بەم گرانییەی کە ئێستا هەیە ،مەسەلەی مووچە خۆری خانەنشین جیاوازی هەیە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرێک، چونکە مووچەی فەرمانبەرێک بەرامبەر کارێک دیدەیتێ کە دەیکات، جا زۆری دەدەیتێ کەمی دەدەیتێ مافی خۆی دەدەیتێ، بەڵام بۆ خانەنشین پارەی خۆیەتی بۆی کۆ ئەکرێتەوە و لەوێ خانەنشینەکان هاوکێشەیەکیان هەیە ساڵی خزمەت و دوا مووچە دابەش دەکرێت جاران (١٢٠) بوو بۆ مەدەنی بۆ دوا مووچەی دەردەچێت ئەوە مافێکی خۆیەتی، ئەوەی کەلای رژێمە دیسان مافێکە کە لێی گیرا بوو، کە رایگرت و هەڵیوەشاندەوە ئەتوانین هەڵمەتێکی سیاسی بکەین، لەبەرئەوە نرخی سیاسی مەسەلەکە تێک نەدرێ بە (٥٠و ١٠٠) دینارێک،لە لای حکومەت سێ چوار یاسایەک بۆ خانەنشینی هەیە، یاسای سەربازی هاوکێشەکەی جیایە یاسای دادوەرەکان جیایە خزمەتی زانکۆش جیایە و، رۆژنامەنووسانیش جیایە، ئایا ئەمە هەر هەمووی دەگرێتەوە، یان ئەوانە هەرکەسە بەپێی یاسای خۆی خانەنشین دەکرێت؟، چونکە ئەو (٥٠٠)ە بۆ دادوەرەکان و ئەفسەرەکان زۆر کەمترە، بروا بکەن گفتوگۆیەکی خۆڕایی دەکەین لایەنە سیاسیەکە وەکو دەستکەوتێکی سیاسی، بەڵام کێ دەڵێت ئەیاندرێتەوە کە رژێم نەما لەبەرئەوە وا ئەزانم سنوورێک دابنێین و، (١٥٠)دینارەکە کە زۆر باشە کە دایبنێین ئەو هەموو وتووێژەیشی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام کە زیادە هەبێت بۆ هەموو کەسێک، چونکە ئەگەر یەکێک ئەوەی لە حکومەتی مەرکەزی پارەی مزەوەر وەردەگرێت، بە رای من حکومەتی هەرێم ئەگەر لە توانایدایە ئەوە بۆ هەموو ئەو زیادەیە خەرج کات وەکو یەک، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە سێ رۆژە قەسەکان هەربەلاش دەڕوا، نیوەی توانجە و نیوەی داوای لێبوردنە، کێشەکان بە تەواوەتی نەدۆزراوەتەوە، ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی خۆی لێرەیە و پرسیاری لێبکەن کە خەزینەی هەرێم توانای چەندە، بۆ خانەنشین؟، هەرچەند زیاد بێت ئەوە باشترە، ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە چییان بۆ بکرێت؟ ئیتر ئەمە رزگاریان دەبێت لە سووکایەتی پێکردن؟ با هەمووی زیاد بکرێت و بە یەک چاو سەیریان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لیژنەی یاسا، دەسەڵاتی بە لیژنەی دارایی دا کە نیاز وا بوو گەمارۆی شتەکە بکرێت و، زیاتر گفتوگۆ نەکرێت، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان (١٠٠) دینار بێت، یان (٥٠) دنیار بێت؟ و، بۆ گشتیان بێت، یا بۆ هەندێکیان بێت؟ بە رای من با ئەوە بە دەنگدان بکرێت، ، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکە وادیارە دوو لایەنە، لایەنێکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەوا بڕیارێکی سیاسی ئەکێشێتەوە ژێر باڵی خۆیەوە بیبەستێتەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە باشە و بڕیارێکی پیرۆزە و رێکوپێکە، بەڵام لایەنەکەی تریشی لەلایەن حکومەتەوە لەهەمان کاتدا کە بڕیاری سیاسی لێرە وەربگیردرێ ئەبێت پێشبینی دەسکەوتی حکومەتیش بکرێت، کە بەرامبەر بەو خانەنشینانە چی دەکرێت، لەوانەیە ئەوانە جارێکی تر بچن لەوێ مووچەیەکی تر وەربگرن، بە رای من ئەگەر ئەو بڕیارەمان لێرە وەرگرت حکومەتیش لە خوای دەوێت کە کۆمەڵێک خەڵکی لە کۆڵ دەبێتەوە، خەزینەی تەحەمولی ئەو خەرجیە نەکات، رەنگە بڕیارێک وەربگرێت بەرامبەر بەوانە بڕیارێکی سیاسی کە نەیاندرێتێ، یا تووشی باری زۆر خراپتریان بکات، جا لەبەرئەوە ئەگەر زیادەکە ئەکرێت بۆ هەموو خانەنشینان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی خانەنشینەکان لای من ئەکرێن بەسێ بەشەوە، بەشێکیان ئەوانەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان خانەنشین کراوون ئەوانە یاسای خۆیان هەیە دیارە بەشێکی تریان ئەوانەن کە

کاتی خۆی لە حکومەتەوە خانەنشین کراوون، ئێستا لەبەر باری سیاسیی رەنگە نەتوانن بچن مووچەی خانەنشینی وەربگرن، پێویستە ئەوانیش بگرێتەوە، بەشێکی تریش هەیە ئێستا دامان ناوە، ئەویش ئەوانەن کە ئێستا رژێم خانەنشینیانی کرد و، هاتنە لای ئێمە چییان بدەینێ؟ پێشنیار دەکەم کە ئێمە دیاری بکەین، یاسایەکمان هەیە کە یاسای خانەنشینی یە ئەوانەی کەلای خۆمان خانەنشین کراوون بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە لیژنەی یاسایی دایناوە ئەوە دەیانگرێتەوە، ئەوانەی کە لەلای رژێمن و، بە هۆی سیاسی ناتوانن بچن بۆ لای رژێم هەمان یاسا دەیانگرێتەوە، بەلام ئەوانەی کە لەلای رژێم دێنەوە بۆ کوردستان خانەنشین کراون، ئەگەر ئەو قاپیە بکەینەوە کارێکی زۆر خراپە رەنگە نەتوانین خزمەتیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێویستە بڕیارێک وەربگرین کە بتوانین جێبەجێ بکەین و، مەسەلەکە بەو شێوەیە نابێت باس بکرێت کە (٥٠) دنیار زیاد بکەین، یان (١٠٠) دینار زیاد بکەین، بێگومان ئەگەر مەسەلە بێ بەدەنگدان هەموو کەس دەنگ لەگەڵ ژمارە زۆرەکە ئەدات، بەلام ئەگەر نەتوانین جێبەجێی بکەین چ نرخێکی هەیە؟ من وەکو بزانم وەزارەتی دارایی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و دارایی پەرلەمان کۆبوونەتەوە و لەوێ لەسەرئەوە رێککەوتوون، بڕیارێک بدرێت کە حکومەت ئەوەی لە توانایە جێبەجێی بکات و، لەوانەیە سبەینێ حکومەت توانای جێبەجێ کردنی زیاتری هەبێت، ئاوا زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ لیرەدا باسی ئەوە بکەین کەوا شتێکی تری بخرێتە سەر، جا ئێمە ئەو بڕیارە بدەین و، مەسەلەی بڕەکە نەخەینە دەنگدانەوە، چونکە هەموو کەس بڕیار لەسەر ژمارە زۆرەکە ئەدات، بەلام ئەو ژمارە زۆرە دەبێتە هۆی جێبەجێ نەکردنی، لەسەر ژمارەیەک رێک بکەوین وەکو رێککەوتوون ئەوەش بخرێتە بەردەم پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت، خەڵکی زۆر باسی بڕیاری سیاسی دەکەن، بەڵێ راستە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، جا با بڕیارێک وەربگرین، با بڕیارێکی سیاسی بێت، بەلام بتوانین جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هاتوون، پێشنیاری یەکەم بڕیارێک وەربگیرێت دەربارەی خانەنشینان، ئێستا بڕیاری سەربەخۆ بۆ خانەنشینان وەربگیرێ کە لەسەر حیسابی میلاکی حکومەتی مەرکەزی مووچە وەردەگرن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەکەیان پێ ئەدا بەمەرجێک رادەی بالای لە (٥٠٠) دینار زیاتر نەبێت، پێشنیاری دووەم تەنها ئەڵێت لە(٥٠٠)دینار زیاتر نەبێت و لە (١٢٠) دیناریش کەمتر نەبێت ئەمە وەکو بڕیارێک. دوو بۆ زیادەی مووچەی خانەنشینان بەگشتی بڕیارێک وەربگیردرێت مانگانە چەند ئەدرێت (٥٠یا ١٠٠) دینار.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

أنا شفت إنه كان الإتفاق وذلك بمناسبة الزيادة لكل المتقاعدين وأطلب الاتفاق بين السيد وزير

المالية واللجنة القانونية وبعض من أعضاء اللجنة المالية حول مبلغ (٥٠) دينار مقطوعة للكل، وأعتقد إن التصويت تحسم المسألة باسرع وقت لان هذا من حظ المتقاعدين وانهم شريحة مظلومة وشكراً.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە پێشنیار لەبارەی ئەوەی کە ئێمە دەنگمان لەسەریدایە پێشنیار ناکرێت، چونکە ئێمە دوێنێ لەسەر دوو مادە دەنگماندا‌وە و تەواو بوو (على أن يكون المتقاعد من سكنة الإقليم حاليا) مەسەلەی دەنگ لەسەر ئەوەی ٥٠ دنیارەکە بۆ هەموویان زیاد بێ، یان نا ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەواو بووە ودەنگمان لەسەر داوە، بەڵام پێشنیارێکمان بۆ هاتووە ئەڵێ (٥٠٠) دینار بەرزترین رادەی بێت و (١٢٠) دیناریش نزمترین رادەی بێت، ئەگەر خاوەن پێشنیارەکە کاک عەبدولخالقە ئەوە پێشنیارەکەی خۆی دەکێشێتەوە، ئەوە دەخرێتە دەنگدان بەڵێ، دوێنێ گفتوگۆ لەسەر مادەی (٤) کرا، ئەو پێشنیارە هەبوو بەشی یەکەمی پێشنیارەکە جێبەجێ کرا، جا دەنگی لەسەر دراوە، بەشی دووەمی مادەکە سەبارەت بە بەرزترین ونزمترین رادەیە لەگەڵ پێشنیارێکی تر بۆ ئەم رادەیە، لە خاڵی چوارەمدا دەڵێت:(يجب ان لايزيد راتب التقاعدي عن ٥٠٠ دينار شهريا) پێشنیارێک هەیە (٥٠٠) دینار بۆ بەرزترین رادە و(١٢٠)دیناریش بۆ نزمترین رادە بێت، ئێمە دەڵێین دوو پێشنیار هەیە، یەکەم بۆ هەموو خانەنشینەکان (٥٠) دینار زیاد بکرێت و، پێشنیارێکی تریش هەیە ئەڵێت(١٥٠) دیناریان بۆ زیاد بکرێت، دەبێت ئەمەش یەک لابکرێتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە زۆر لەسەر ئەو بابەتە قسەکرا، ئێمە بابەتی (٥٠) دینارەکە یەکەم وەکو بنچینە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد، ئایا ئەو خانەنشینانە بگوازرێنەوە، یان نا ؟، جا ئەمە بریارێکی سیاسییە ،لە بەڕێز وەزیری داراییمان پرسی، چونکە ئەو پسپۆڕە، بەڕێز وەزیری دارایی وتی ماوە هەیە، ئەگەر بەیەکسانی (٥٠) دنیار بە خانەنشینان بدرێت، هەرچەندە وەزارەتی دارایی خۆشی خاوەن پرۆژەکەی خۆیەتی دەبێ رۆڵی خۆی ببینێ، حەزدەکەین بۆ هەمووان (١٠٠) دینار زیاد بێت، بەڵام توانا دەبێت، یان نا ؟، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە دەڵێت (٥٠٠) دینار بەرزترین رادەیە و (١٢٠) دیناریش نزمترین رادەیە، ئێستا گفتوگۆکە لەسەرئەوەیە، ئایا نزمترین رادە(١٢٠)دینار بمێنێ، یان (٥٠)دینار بۆ هەموو خانەنشینەکان زیاد بکرێت، گفتوگۆکە خۆی لەسەر ئەم دوو خاڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای جەنابتە، بەڵام پێشنیارێکمان بۆ هاتووە جارێ با پێشنیارەکە یەک لابکەینەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نزمترین رادە(١٢٠)دینارە و پەیوەندیی بەو زیادەوە نییە، چونکە بەپێی ئەو لیستەیەی مایسی ١٩٩١ کە هەیە هەندێ لە خانەنشینان هەن کرێکار بوون مووچەکەیان (٥٧)دینار بووە، بیر لەوە کرایەوە کە ئەو رادە نزمەی تەنیا ببێ بە (١٢٠)دینار کە زۆربەیان مووچەیان زۆر کەمە، ئەمەیان پەیوەندیی بە (٥٠) دینارەکەوە نییە، جا ئەگەر مادەی (٤) بکەینە مادەی (٣) و دەنگی لەسەر بدەین، ئەو پێشنیارەی کە هەیە (على أن لا يزيد عن ٥٠٠ دنيار) وبلێین (على أن لا يقل عن ١٢٠دينار) ئەمە دەنگی لەسەر دەدەین، پاشان دێینە سەر زیادەکە، ئەگەر لەسەری رازی بوون، ئەوە باسی ئەو خاڵە دەکەین، پاشان دێینە سەر زیادەکە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێشنیاری یەکەم دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر پەسەند نەکرا، ئەوە دێینە سەر پێشنیاری دووەم، ئەگەر ئەویش پەسەند نەکرا، ئەوە دەرۆینە سەر پێشنیاری سێیەم. پاشان ئەو پێشنیار بەتەنها هی بەڕێز وەزیری دارایی نییە، بەڵکو هی وەزیر و لیژنەی یاسایە و هی کۆمەڵە خەڵکێکە، واتە هی کەسێک نییە، پێویست بوو یەکەم جار بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یەکەم شت پێشنیار نییە، بەڵکو لە ناو ئەم پرۆژەیەدایە کە لەبەر دەستماندایە، ئەوە پێشنیار نییە ئەوە پرۆژەیە، کە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت، ئێستا لە جیاتی ئەو خاڵە ئەم پێشنیارە دەچەسپێت، ئەوەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە پرۆژەیەکە، جائەمە پێشنیار نییە، بەڵکو پرۆژەیە کە دراوە بە ئێمە، دێینەوە سەر ئەو پێشنیارەی کە کراوە، ئەگەر خاوەن پێشنیارەکە سوورە لەسەر پێشنیارەکەی خۆی ئەوە پێشنیارەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک عەبدولخالق ئەوپێشنیارەت دەکێشیتەوە، یاخود بیخەینە دەنگدانەوە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی سەرمان لێشێوا، ئێستا سێ پێشنیار هەیە، پێشنیارێک دەڵێت:(٥٠)دیناریان بۆ زیاد کەین و، پێشنیارێکی تریش دەڵێت(١٠٠)دینار و، پێشنیارێکیش دەڵێت: (١٥٠) دینار، ئێستا لای من گرنگ نییە، کە پێشنیارەکەی من دەخرێتە دەنگدانەوە، یاخود پێشنیارەکەی ئەوان، بەڵام من لەگەڵ (١٥٠) دینارەکەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بەڕێزت پێشنیارەکەت دەکێشیتەوە، ئێستا ئەوەی کە هەیە ئەو پێشنیارەیە(٥٠) دینار

بدرێت بە هەمـوو خـانەنشـینەکـان و، هیچ جیـاوازییـەک لە نێـوان ئەو خـانەنشـینانەی کـە لەناو هەرێمن و ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن نەبێت، ئێمە ئەم پێشنیارە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئەم پێـشـنیـارەدایە؟ ..دەست بەرز کـرایەوە.. کێ لە دژە؟ کـەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەریەکـە ئەگـەر باسی خـۆی بکات ئەوە شـتـێکی ترە، بەڵام ئێـمـە دەنگمـان لەسەر ئەوە دا کـە بەرزترین رادە(٥٠٠)دینار بێت و، نزمترین رادەش(١٢٠)دینار بێت، ئەوە تەواو بوو و جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە دەنگمان لەسەری داوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ، تەنها خاڵی پێنجەم ماوەتەوە بابەتی (من سكنة الاقليم حالياً) وابزانم ئەوە چارەسەر کرا لەگەڵ مادە یەک و، دەنگدانیشی لەسەر کراوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سادساً: لوزير المالية والاقتصاد أصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کـەس تێبـینی نییـە؟، کـەواتە دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئەم برگـەیەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سابعاً/ لا يعمل بأي نص يتعارض أحكام هذا القرار.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کەس تێبینی نییە هەیە؟، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم برگەیەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەوبدڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ثامناً/ ينفذ هذا القرار إعتباراً من ١/١٢/١٩٩٤ و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کێ لەگـەڵ ئەم برگـەیەدایە کـە وەکو خـۆی بمێنێـتـەوە؟.. دەست بەرزکـرایەوە.. کێ لە دژە؟ کـەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسـەند کـرا. بیکەن بە ١/١٢/١٩٩٤، ئێـسـتـاش بەگـشـتـی وەکـو بڕیار، کێ لەگـەڵ ئەم بڕیارەدایە؟ .. دەست بەرزکـرایەوە.. کێ دژە؟ کـەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسـەند کـرا سوپاستان دەکەین. رۆژی دووشەممە وابزانم کۆبوونەوەی لیژانەکان، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا بەڕێز

سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرێ سەرۆک وەزیران، ئەگەر كابینەكەیان تەواو بكەن، دەعوەتتان دەكەین بۆ ئەو دانیشتنە و، بابەتی متمانەپێدان بە حكومەت دەسپێرین، هەتا ئەو كاتە وابزانم شتێكی وامان لەبەردەستدا نییە.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من دەگەڕێمەوە بۆ قسەیەكی كاك د.فوئاد كە دوێنێ كردی، چونكە لەهەموو نوسراوەكان نوسروان (ينفذ هذا القرار) وپێشنیار كرا كە ئەوەی لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر درا، ئەوە یاسایە و بڕیار نییە، جا ئێستا لەو كۆبوونەوەیە نا، بەڵام با یاسا ناسەكان بیر لەم مەسەلەیە بكەنەوە و، بڕیارێک لەوبارەوە بدەن و لە دانشتنێكی تردا ئاگادارمان بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بارۆژی شەممە گفتوگۆی لەسەر بكەین ئیتر بۆچی پێنج شەممە ئەندامەكان بێن و شەممەش بێن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەزانم كاک نەژاد، بەڵام ئەبێت وا بڕیار بدرێت كە ئەو مەسەلەیە تاكو پێنج شەممە تەواو بێت و، پێنج شەممەش ١ی مانگە، ئەگەر بێتو دوا بكەوێت لەوانەیە هەفتەكەی تریش شەممە نەتواندرێ، بخرێتە دوو شەممە ئەو مەسەلەی ڕێكخستنی كابینەی سێیەمی وەزارەتە و، خۆتان دەزانن و ئەندامانی لیژنەی یاساش دەڵێن بارەكە وا دەخوازێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە ئەندامانی لیژنەی یاسا لەمەو دووا ئەوەمان بۆ ڕەچاو بكەن، ئەگەر (بڕیار) بكەن بە (یاسا) ئەوە هیچ كێشەیەكی وا نییە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەكانماندا كاک ئەیاد دەڵێت: زۆر غەدر لە لیژنەی یاسا دەكەن، ئەمە دوو ساڵ و نیوە لیژنەی یاسا ئەو خاڵەیان ڕەچاو نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتەوە یادت یەک دوو ساڵێک لەمەوپێش كە وتیان ئەم مەسەلەیە چارەسەر بكرێ بۆ (تشريعى قوانين)، یان ئەبێت بیكەی بە یاسا، یان ئەبێ وازی لێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەگەر تەماشای پێڕەوی ناوخۆ بکەین مافی بڕیاردانیشمان هەیە، بەڵام بڕیاردان لەیاساکەدا نەهاتووە، ڕاستە بەڵام لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مەسەلەی یاسا و بڕیار کاتی خۆی ئێمە پرسیارمان لە ئەندامانی لیژنەی یاسا کرد و، لە دەرەوەش پرسیمان گوتیان ئەو بڕیارانە حکومی یاسایان هەیە، بۆیە مافتان هەیە بڕیار دەرکەن ،وەکو کاک شێروان فەرمووی ڕاستە لە پێڕەوی ناوخۆدا شتێکی وا هەیە، بۆیە ئەوەی کردوومانە هەتا ئێستاکە یاساییە و گومانی لەسەر نییە، ئەمە و لەمەودوا ئەگەر پێتان خۆشبێت هەرچی دەردەهێندرێت و دەردەکەوێت بەناوی یاسا ئەوە با لیژنەی یاسا، یاخود (١٠) ئەندامی پەرلەمان چۆن حەزدەکەن با ئاوا پێشنیارێکمان بۆ بکەن بۆ ئەوەی کە هەموار و پیادەی بکەین، سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆش، دانیشتنەکەمان کۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

**سێ شەممە رێكەوتی ١٣/١٢/١٩٩٤**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/١٢/١٩٩٤

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/١٢/٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ خستنە رووی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن، بەڕێزان:*

*أـ ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی.*

*ب ـ شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس.*

*ج ـ عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا.*

*د ـ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل.*

*٢ـ گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی یاسای ژمارە(٢)ی سالی ١٩٩٢(یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق).*

*٣ـ گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی مادە(٤٤)ی یاسای ژمارە(١)ی سالی ١٩٩٢.*

*٤ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خالی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، داوای دەست لەکار کێشانەوەی سێ ئەندامی فراکسیۆنی سەوزە، بەلام چوارەمیان جارێ دیار نییە، چونکە لە سەر داخوازی فراکسیۆنی سەوز ناوی چوارەم ئەمێنێتەوە بۆ سبەی. خالی دووەم: دەربارەی هەموارکردنی یاسای ژمارە(٣) یاسای ئەنجوومەنی وەزیران مادەیەک هەیە، خالی سێهەم: هەموارکردنی مادەی(٤٤) لە یاسای ژمارە(١) بۆ تازە بابەت، ئەگەر شتێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مانگی(٨)ی سالی ١٩٩٣دا کارەبای دهۆک بڕاوە، من ئەمڕۆ حەز دەکەم ماوەمان پێبدەن کە

لەسەر ئەو بابەتە بدوێین، چونکە ئەو مەکینانەی کە تائێستا کاریان پێدەکرد هەموو لە کارکەوتوون، بۆ ئەوەی چارەیەکیان بۆ بکەین وەکو تازە بابەت ئەوە دەخەمە بەردەمتان، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوی ڕاستی بێت منیش تازە بابەتێکم هەیە لە بارەی منداڵی ئەنفال کراوەکانەوە، لە کاتی خۆیدا پەنا بەخوا باسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ خاڵی یەکەم کارەبای دهۆک و ئەو ئامێرانەی کە لە کار کەوتوون، لە سەر پێشنیاری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین، پرسیارێک لە کاک فرەنسۆ دەکەین و، ئاگاداری بەڕێز وەزیری پیشەسازیش دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادە بێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی لێرەنە قسەکان زیاتر ئاراستەی ئەوان دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆری دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

پێشنیاری دووەم، سەبارەت بە منداڵە ئەنفال کراوەکانە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆری دەنگ خرایە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

خاڵی یەکەم، داوای دەست لە کار کێشانەوەی چەند ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوزە، کە بریتین لە بەڕێزان: ئەحمەد ئەبو بەکر، وازی لە ئەندامێتی پەرلەمان هێناوە، بۆیە دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە، وەکو پێشنیارێک ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە ئێمەش ئەیخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێزەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ دەست لە کار کێشانەوەکەی بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن پەسەند کرا. دووەم: دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز شێرکۆ بێکەس، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. سێیەم: دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

لە بەرنامەی کاردا ناوی چوارەمیش هاتووە، بەڵام ئەوەیان دوواخرا لە سەر داخوازی فراکسیۆنی سەوز خۆی.

خاڵی دووەم ،گفتوگۆکردنە لەسەر هەموارکردنی یاسای ژمارە(٣)یساڵی ١٩٩٢ یاسای

ئەنجـوومـەنی وەزیرانی هەرێمی کـوردسـتـانی عـێراق. پرۆژەکـە دەخوێنرێتـەوە لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆکردن دەکرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

استناداً الى أحكام المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١) لسنة/١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق وما عرضه رئيس مجلس الوزراء قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ//١٩٩٤ أصدار القانوني الأتي:

قانون التعديل الأول لقانون مجلس وزراء أقليم كوردستان العراق رقم(٣) لسنة/١٩٩٢ القانون رقم( ) لسنة/١٩٩٤

المادة الاولى/ تعدل المادة(٤) من القانون رقم(٣) لسنة/١٩٩٢ يجب أن تتوفر فيمن يعين رئيساً أو نائباً أو وزيراً الشروط المنصوص عليها في المادة(٢١) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة/١٩٩٢ باستثناء شرط العمر على أن يكون قد بلغ الحادية والعشرين من عمره.

المادة الثانية/ تجرى على المادة(٩) من القانون المنوه عنه في المادة أعلاه والتعديلات التالية.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کێ دەیەوێت قسە بکات لە سەر ئەم مادەیەی کە خوێنرایەوە؟.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەو کـاتەی کە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومـەنی نیشـتـمـانیی پرۆژەکەی دەخـوێندەوە بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران تێبـینیـیـەکی دایێ سـەبارەت بە ئەو هەمـوارکـردنەی کـە بابەتی دەسـتکاری تەمەنە، فەرمووی کە ئەو هەموار کردنە هی ئێمە نییە و، پرۆژەی ئێمەش نییە، لە راستیدا هەندێ جـار شـتـی بەپەلە تێکەڵاوی پەیدا دەکـات، خـۆی دوو هەمـوارکـردن بوو، من پەیوەندیم بە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشـتمانییەوە کرد و، ئەو ئاگادارە کە ئەو رۆژە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دانیـشـتـبووین بۆ ئەوەی شـتـەکە بەپەلە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت و ئێمە لێـتـوێژینەوەی لەسەر بکەین و پێشکەشی پەرلەمانی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـو تۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرۆژکـە پرۆژەی ئێـمـەیە وەکـو فـراکسـیـۆنی پارتی، ئێـمـە داوامـان کـردووە کـە تـەمـەنی وەزیر ئەگەر(٢١) ساڵیش بێت، ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی وەردەگیرێت، چونکە پلەی وەزیر پلەیەکی

سیاسیـیـه و، وەزیر بۆی هەیە چەند راوێژکارێک بۆ خۆی دابنێت، بەلای ئێمە لەو تەمەنەش بچوکتر بێت، دەتوانێ ئیشەکەی بە رێکوپێکی بە رێوە ببات، پێشنیار دەکەین کە مەرجی تەمەن لە(٣٠) سالْ بکرێتە(٢١) سالْ، سوپاس.

**بەرێز د. کەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەپێی زانیـاری من سنوور دانان بۆ تەمـەن نەک تەنهـا بۆ وەزیری دیاری بکرێت، بەلْکو بۆ زۆر کـاروباری تریش کـارێکی پێویسـتـە و، لە جیـهـانی ئەمرۆدا پێرەو ئەکرێت، منداڵ کە ئەچێتە قـوتابخـانە سنوورێک بۆ تەمەنەی دانراوە، هەروەها سـەبارەت بە تەمـەنی وەزیریش دەبێت بگاتە تەمـەنەێک کـە بتـوانێت بڕیار بدات و، پێـویسـتـە سنوورێک بۆ ئەو کـارە گـرنگانە دابنرێت بە تایبـەتیش بۆ ئەندامـیـەتی پەرلەمـان و، ئەندامـیـەتی ئەنجـوومـەنی وەزیران و، مـەسـەلەی سنووردانانیش بۆ تەمەن بۆ ئەو کارە گرنگانە وابزانم هۆی خۆی هەیە، هەتاکو«محەمەد» د، خ لە سـەر بێت هەتا تەمـەنی نەگـەیـیـە(٤٠) سـالْی «وەحی» بۆ نەهاتە خـوارەوە، واتە ئەم هەمـوو دەسـتـوورەی ئاینی و ئاسـمـانی وزەمنیـیـانە بەبێ هۆ نین بەبێ حـیـکمـەت نین، لەبەر ئەوە ئەوەی کـاتی خۆی بڕیارمان لەسەر داوە تا(٣٠) سالْ لەوانەیە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمـان زیاد بێت، بەلام بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر کەم نەبێ باشە، سوپاس.

**بەرێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بە رای من وادەزانم ئەگەر مەسەلەکە سیاسیش بێت ئەو کەسە کە سیاسەت مەداریش بێت، ئەبێت تەمەنێکی سیاسی هەبێت لە خەبات کردندا، لە بەر ئەوەی ئێمـە یاسای حزبەکـانمان وا دەلێت: ئەوەی ئەبێـتـە ئەندامی هەر حزبێک ئەبێت تەمـەنی لە(١٨) سالْ کـەمـتـر نە بێت، لە بەر ئەوە (٣٠) سی سالْ بەس نییـە بۆ کەسـێک بتـوانێ ببێـتە سـەرکردەیەکی سیـاسی بۆ ئیدارە کـردنی ولاتێکی وەک کوردسـتـان، هەروەها لە رووی زانسـتـیـشەوە، ئەو کـەسـەی کە زانکۆ تەواو دەکات تەمـەنی لە (٢٤)سالْ کـەمـتـر نییـە، ئەگـەر هاتوو بتـوانێت ئیـدارەی دەزگایـەک، یان وزارەیەک بکات، بە لای کـەمی ئەبێت شـارەزایی(١٠) سـالْی هەبێت، جا لە بەر ئەوە من نازانم هۆی ئەوە چییە؟ سیاسییە، یان هۆی ترە؟ ئەبێت ئەوەی کە وەزیرە، یان هەتا ئەگەر لەپەرلەمـانیش بێت، ئەبێت ئەوەندە تەمەنی هەبێت کە بتوانێ رۆلێکی تەواو بگرێت، سوپاس.

**بەرێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لە کۆنگریسی ئەمەریکیی و لە پەرلەمانی بەریتانی بۆ هەموو کەسێک هەیە خۆی هەلْبژێرێت گەر تەمەنی (٢٠) سالْی تەواو کردبێت، واتە ئەوە سیستەمێکی جیهانییە و، رێنماییەکی گشتی هەیە سەبارەت بە ئەو حالەتە، لە شـوێنی تر مـادام بەکـارهاتووە دیارە بەلْگەی ئەوەیە کـە لەو

تەمەنە خەڵک پێگەیشتووە، بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە، دەبێت لەلای ئێمەش لە کوردستان ئەو شتە ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە وڵاتێکی دواکەوتووین، من پێموایە هەڵە لەوەوە دەست پێدەکات، ئێمە خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەمەریکا ولەگەڵ ئینگلتەرا وئەمەریکای خاوەنی شارستانیەتێکی گەورە، بەراستی مرۆڤ لە تەمەنی(٢١) ساڵی گەنجە، بە چ ویژدانێک دواڕۆژی میللەتی کورد دەداتە گەنجێ کە لە تەمەنی(٢١) ساڵی دابێت؟، تا تەمەنە(٣٠)ی ساڵیش هەر بەچاوی خۆی تەماشای میللەتەکەی و کێشەی میللەتەکەی دەکات، ئەزموونی ژیان و ئەزموونی سیاسی وشوێنی لە ناو کۆمەڵەدا، هەموو ئەوانە کاریگەری خۆیان هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام مەرجی تەمەن کەم نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە وەزیردا هەبێت، هەمووی نەخوێنرایەوە ئێمە داوای گۆڕینی یەک مەرجمان کردووە، چوار پێنج مەرجی ترمان وەکو خۆی ماوەتەوە بەس داوای گۆڕینی تەمەنمان کردووە، بەهرە بە خۆرسکییە و، بە تەمەن نییە، بۆیە دەڵێم با بکرێت بە (٢١) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دیارە لە داڕشتنەکەدا کە وشەیەک سڕاوەتەوە ئەویش هەر وەکو پڕۆژەیەک هاتووە، دەبێت وابێت، دووەم ئەگەر مەسەلەکە، مەسەلەیەکی شەخسی بێت کە لێرە ئەو مەرجەی تێدا نییە من پێم باشە بڕیارێکی تایبەتی بۆ دەربچێت نەک یاساکە هەموار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەی یاسا لەوانەیە ڕایەکی تایبەتی خۆمم هەبێت، ئێمە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەژین، کە هەموو لایەک دەمانەوێت گیانی تەبایی لەناوماندا هەبێت من حەزم دەکرد بەو بۆچوونەوە سەیری مەسەلەکە نەکەین کە، ئەم بابەتە پێشنیاری فراکسیۆنێکە، بەڵکو بەگشتی سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین و ئەوەش بزانین کە تەمەنی پێگەیشتن (سن الرشد)ی شاهەکانیش(١٨)ساڵە، کەچی لێرە ئێمە داوای (٢١)ساڵی دەکەین بۆ تەمەنی وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی گرنگە، چونکە من ئەزانم ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەیە کۆمەڵێ زاناو پیاوی ئاینیی و پیاوی بەتەمەن وئەوانەی تیادایە، بەراستی من حەز دەکەم ئەو مەسەلەیە

گرنگییەکی زۆر گەورەی پێبدرێت وکەسانی بە تەمەن و شایستەی ئەو جێگایە دابنرێت، بە هەر حاڵ من گفتوگۆی ئەمڕۆمان بە تاقیکردنەوە دائەنێم، ئایا ئەندامانی پەرلەمان کە ئەمە یەکەم پەرلەمانی کوردستانە دروست بووە، خۆیان ڕێزی یاساکانی خۆیان دەگرن و بەرگری لێ دەکەن؟!، چونکە من ئەزانم ئەم یاسایە هەموار ئەکرێت بۆ یەک تاکە کەسێ لە کوردستاندا، واتە ئەوە شتێک نییە بۆ گشتیی بێت، بەڵام ئێمە یاسایەکمان داناوە ئەم یاسایەش هەر لەم ناو پەرلەمانەدا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەن کە تەمەن دەبێت ببێت بە(٢١) ساڵ و، زیاتر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە تەمەن دەبێت لە (٣٠) ساڵ بەرەو ژوورتر بێت، جا با باش بیر لەوتەمەنە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی من جارێک شتێ سەرنجی راکێشاوم ئەویش ئەوەیە یاسای ژمارە(٣) لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو یاسایەمان بۆ هاتووە و، لێرەش لە پەرلەمان گفتوگۆمان کرد ورەزامەندیمان لەسەر یاسای ئەنجومەنی وەزیران کرد و، لەوێدا ئەڵێن: مەرجی تەمەنی وەزیر دەبێت وەکو مەرجی تەمەنی ئەندامی پەرلەمان بێت، ئێستا (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە یاساکە هەموار بکەنەوە، جاپێویست بوو ئەنجومەنی و،ەزیران یاخود سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوان ئەو پێشنیارە بکەن و، بیخەینە بەردەمی پەرلەمانەوە، چونکە یاساکە یاسای خۆیانە وهەموار کردنەکەش سەربە خۆیانە، وەزارەتەکەش خۆیان دایدەمەزرێن و، من نامەوێت بچمە ناو ئەو خاڵانەی کە باس کران، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کە ئەو دوو برگەیەمان هێنایە برگەی یەکەم، پێشنیارەکەشی هی(١٠) ئەندامی پەرلەمانە ،بەڵام من وای بە پەسەند دەزانم کە ئەم گۆڕانکارییە بە بڕیار دەربچێت، چونکە تەنها گۆڕانکارییە لەم دوو مادیەدا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کە ئێمە پێشکەشمان کردووە زۆر روونە، کە ئێمە پێشکەشمان کردووە بەئامادەبوونی جەنابتان لە کۆبوونەوەیەکی هەر دوو فراکسیۆندا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا وتتان حکومەت پرۆژەکە دەنێرێت، ئەگەر حکومەتیش پروژەکە نەنێرێت، ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمان حەقی ئەوەمان هەیە کە(١٠) ئەندام پرۆژەیەک پێشکەش بکەین، ئێستا ئێمە پرۆژەکەمان پێشکەش کردووە بۆ هەموار کردنی تەمەن وحەز دەکەین دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی من لەگەڵ ڕایەکەی کاک فەرەنسۆ ناکۆک نییە، چونکە ئەوە شتێکی یاساییە کە(١٠) ئەندام هەرچی گۆڕانکاریەک بە سەر یاسایەکدا بکەن، بەڵام ئەوەی سەرەنجی ڕاکێشام بۆچی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوگۆڕانکاریەیان خستە ئەستۆی ئەو(١٠) ئەندامەی پەرلەمان، وابزانم ئەنجوومەنی وەزیرانیش نایانەوێت وەڵام بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی من گلەییەکم هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، خۆی ئوسووڵ وایە ئەگەر گفتوگۆ دەکەن هەقە وەکو ئەندامی پەرلەمان بێنە خوارێ گفتوگۆ بکەن ئەوە یەکەم. دووەم ئەو مەسەلەیە مەسەلەی فراکسیۆن نییە، بەڵکو فراکسیۆنی سەوز و زەرد پێکەوە پێشکەشیان کردووە، ئەو مەسەلە خۆتان گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەگەر نا ئێمە بەلامانەوە هیچ کێشەیەک نییە، تەمەنی زۆر بێت، یا کەم بێت ئەوە ئەو لایەنەی کە وەزیرێک دەسنیشان دەکات بۆ وەزارەت، ئەگەر وەزیرەکە شایستەی ئەو شوێنە نەبێت خۆی بەرپرس دەبێت، با ئەو مەسەلەیە نەبێتە مەسەلەی فراکسیۆنی سەوز وفراکسیۆنی زەردو نابێت پلەی وەزیریش لە گەڵ شاهدا براورد بکرێت، چونکە (شا)یەتی بە میرات وەردەگیریت، نەوەکو بە پێی تەمەن، جا ئەگەر بەراوردی وەزیر بە پلەی شاهی بکەین پێموایە بەراوردێکی بابەتی نییە و، وەکو دەڵێن مەسەلەکەش لە پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوە ئێوە ئازادن کە چۆن پێشکەشی دەکەن، بەڵام بە مەرجێک لەسەر ڕێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام یەک تێبینی هەیە ئەوە جارێکی تریش وابزانم هەمان گلەیی کرد، سەرۆکایەتی پەرلەمان مافی هەندێ مەسەلەی هەیە ئەوەی کە جەنابت ئەڵێیت تەنها لە حاڵەتی مەسەلەیەکی دیاری کراودا دبێت بێتە خوارەوە، ئێمە تا ئێستا کەسمان (ئیستجواب) نەکردووە وەکو پەرلەمان، هەرکاتێک یەکێک(ئیستجواب ) کرا ئەو کاتە دێینە خوارەوە، گشت ئەندامێکیش مافی ئەوەی هەیە کە ڕای خۆی دەربڕێت.

ئێستاگفتوگۆ کردن لەسەر ئەم خاڵە تەواو بوو و دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە تێبینییەکەی لیژنەی یاسا دەخوێنینەوە، ئەگەر جەنابی سکرتێرمادەی(١)مان بۆ بخوێنێتەوە، تاوەکو دەنگدانی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الاولى/ تعدل المادة(٤) من القانون رقم(٣) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالأتي: يجب ان تتوفر فيمن يعين رئيساً أو نائباً للرئيس أو وزيراً الشروط المنصوص عليها في المادة(٢١) من القانون

المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة/١٩٩٢ باستثناء شرط العمر، للوزير على أن يكون قد بلغ الحادية والعشرين من عمره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەقی مادەی(١)ە، پاشی ئەوەی کە وشەیەکی لێ سڕابووەوە، ئێستاش ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەقەی کە خوێنرایەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الثانية: تجرى على المادة(٩) من القانون المنوه عنه في المادة اعلاه التعديلات التالية:

١- إلغاء وزارة شؤون ال(پێشمەرگە) الواردة بالفقرة(٤) منها.

٢- تغيير أسم وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية الى وزارة الصحة.

٣- أستحداث وزارة بأسم وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە کە ئەمە بۆ بەیانی بمێنێت، لەسەر ئەو بنەڕەتەی کە پرۆژەکە نەهاتبۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تێبنییەکی هەیە، پاشان دێینەوە سەر مادەکە، ئەگەریش حەز دەکەن دوای دەخەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم دروست کردنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دوابخرێت، لە بەر ئەوەی ئێمە ئەو وەزارەتەمان سەر لەنوێوە دروست کردووە، بۆ ئەوەی لایەنەکانی تریش بەشداری حکومەت بکەن، ئەگەر بەشداری نەکەن، پێم وا نییە پێویست بێت ئەو دوو وەزارەتە لێک جیا بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە هاتووە و دراوە بە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش پرۆژەکەی ئامادە کردووە و، ئێستا لە بەر دەستماندایە، بەڵام ئێمە ئەتوانین بەشێوەیەکی تر چارەی بکەین، با بزانین رای ئەندامانی پەرلەمان چییە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم خۆتان وتتان ئەمە یەک پرۆژەیە، واتە نابێت سەر لە نوێ لەسەر پرۆژەیەک بریار

بدرێت و، ئەو هۆیەی کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشکەشیان کرد، دیسانەوە خۆی یەکێکە لەولادانە گەورانەی کە بەداخەوە لە سەری ئەڕۆین، ئێمە وەزارەتێک دروست دەکەین چونکە پێویستمان بەم وەزارەتە هەیە، واتە نابێت مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، ئەگەر پێویست نییە ئەوە ئەیگۆڕین ئەیخەینە سبەینێ و، ئەگەر پێویستیشە ئەوە بائێستا بڕیاری لە سەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەمە بۆ رازی کردنمانە، ئەگەر نا(١٥) وەزارەت و(٢٠٠) هەزار کارمەندمان ناوێت، واتە خۆتان دەزانن ئێستاکە کوردستان چەندی رزگارکراوە وچەندی لە ژێر دەسەلاتی حکومەت و پەرلەماندایە، لە بەر ئەوە بەگوێرەی ئەوە ئێستا هەندێک وەزارەت بەڕێوەبەری گشتیان هەیە، تەنها بۆ رازی کردنە، دەبێت ئێمە بابەتیانە بیر بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پرۆژەیە یەک پرۆژەیە وەکو باسمان کرد، یەک مادە ماوە کە تەواو بێت، زۆر جار گەلەیمان لێدەکەن، لە راستیدا زۆر جار ئێمە دەنگ لەسەر مادەیەک دەدەین و، پاشان دوای دەخەین بۆ ماوەیەکی تر، جا با بزانین ئەندامانیش چ رایەکیان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەو پرۆژەیە ئاسایی بڕوات و، بابەتی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتییش یاسای هەیە، کابینەی حکومەت دەتوانێت ئەو وەزارەتە پێشکەش بکات و شتێکی زۆر ئاساییە، ئەگەر رێک نەکەوت دەتوانن پاش ماوەیەکی تر بە بڕیارێک لێکی بدەنەوە لەگەڵ وەزارەتەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەویش چارەیەکی رێکوپێکە، با بمێنێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا ئەم خاڵەی تێدا نییە، بۆیە داوا دەکەین کە دوا بخرێ بۆ بەیانی، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوو پرۆژەمان هەبوو، پرۆژەکیان بۆ هەموار کردنی یاسای ژمارە(١) پرۆژەیەکیش بۆ هەموار کردنی یاسای ژمارە (٣) دوایی وا دەرچوو کە لیژنەی یاسایی هەردووکیانی کردووە بەیەک پرۆژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە روونە، کە وەزارەتێک لەنوێوە دابنێین، ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئەو پایەیە بە بەتاڵی بهێڵێتەوە، ئەگەر پڕ کرایەوە ئەوە زۆر باشە و خێری تێدایە و، ئەگەریش پڕ نەکرایەوە، ئەوە ئەتوانن دوای ماوەیەک کەزانیان پێویست نییە هەڵیدەوەشێنینەوە بە بڕیارێک.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە دوو بەشە، بەشێکی(١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە و، بەشێکی تریش ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە و، گفتوگۆمان لە سەر هی(١٠) ئەندامی پەرلەمان کردووە، ئەگەر حەز دەکەن دوابخرێت، با ئەم مادەیە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی یەک پرۆژەیە، دوو پرۆژە نییە، واتە روونە، ئەوان تەنها یەک بڕگەیان ئەوێت.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەر هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی(پ.م) تێبینییەکم هەبوو، بەراستی بەداخەوە لە پێشان ئێمە زۆر هیوامان هەبوو بە وەزارەتی پێشمەرگە کە سوپایەکی هاوچەرخمان هەبێت ،کەچی ئێستا ناخۆشە ئەو بڕیارە بدەین کە هەڵیوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من بزانم خاوەنی ئەم پرۆژەیە ئەنجومەنی وەزیرانە و، ئێستاش خاوەنی پرۆژەکە ئەڵێن دوا بخرێت، هەتا سبەینێ هەر چەندە من بڕوام نییە بەهۆی دواخستنەکەی، بەڵام ئەگەر خاوەنی پرۆژەکە داوای دواخستنی بکات ئەوە ئەتوانرێت دوابخرێ و، من پێشنیار ئەکەم لە جیاتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوی بنێین (وەزارەتی بێکاری وکاروباری کۆمەڵایەتی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارەکەی خۆیان نەکێشنەوە، ئەوە ئێمە ناچار دەبین کە پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە، پاشی ئەوە پێشنیار دەکەن کە ئەم خاڵە دوا بخرێ بۆ سبەی، چونکە وەکو پرۆژەیەک ئێمە دەستمان پێکردووە و، بەشی یەکەممان تەواو کردووە و، ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان هەیە لە سەر ئەم بابەتە و ئەڵێن کە پرۆژەیەک دەستمان پێکرد و دامان بە دەنگدان با تەواوی بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە خۆی پێشنیارێکە ئەڵێن بەشی دووەمی دوابخەن،بەڵام بابەتی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی

پێشمەرگە ئەوە بەرنامەی کاری ئەمڕۆتانە ولە سەری بڕۆن وگفتوگۆی لەسەربکەن ،بەڵام دروست کردنی ئەو وەزارەتە، بە رای من ئەگەر دوای بخەین بۆ چەند رۆژێکی تر هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەیەوێت پرۆژەکە نەکرێت، بە ناوی ئەوەی کە خاوەنی پرۆژەکەیە دەتوانێت هەمواریێک بخاتە سەر پرۆژەکەی خۆی، ئێستا دەتوانێت داوا بکات لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەو بابەتەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، یان ناو گۆڕینی وەزارەتی تەندروستی لەبنچینەی پرۆژەکە بێتە دەرێ وپێی دەگوترێ هەموار کردنی پرۆژە، بەڵام ئەگەر وەزارەتەکە دروست کاتەوە، واتە دەبێت دیسان بە پرۆژەیەکی دی وەزارەتەکەی دروستی کاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەتوانین دوای بخەین، کەواتە پێشنیار هەیە کە خاڵی دووەم و خاڵی سێیەم لە پرۆژەکە دوابخەین، ئێستا دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی دووەم و خاڵی سێیەم لەم پرۆژەیەدا هەڵبگیرێت؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ خاڵی (٢ و ٣) لە پرۆژەکە هەڵگیرا. واتە ئەمێنێتەوە تەنها هەڵوەشانەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، کێ قسەی لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من دەربارەی وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئێمە لە حکومەتە تازەکەماندا بە تەمای ئەوە بووین کە هێزی بەرگریمان بەرامبەر بە دوژمن بە هێزتر بکەین، من پێموایە لە بەر هەر هۆیەک بێت ئەگەر وەزارەتی(پ،م) هەڵوەشێتەوە، هێزی بەرگریمان نەک هەر وەکو خۆی نامێنێتەوە بەڵکو زۆر بەرەو دواوە دەچێت و، هێزی ملیشیا زیاتر ئەبێت، دەبێت وەزارەتی(پ،م) بەهێز بکرێت، یان لە جێگای وەزارەتی(پ،م) وەزارەتێکی تر دابنرێت، کە ئێمە نازانین چی لە هێزی پێشمەرگە وچی لەو هێزە دەکەن کە لە مەودوا بەرگری لە مانەوەی کوردستان دەکەن؟ خاڵی دووەمیان لەلای من ئەوەیە کە وەزارەتەکە هەڵوەشاوەتەوە بڕیاری لەسەردراوە خەڵک هەمووی زانیویەتی ئێستا دەی هێننە ناو پەرلەمان و، دەست بە ئێمە هەڵئەبڕن کە ئەو وەزارەتە هەڵبوەشێتەوە، یان هەڵنەوەشێتەوە؟، بەراستی ئەوە بڕیارێکە کە هەقە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قسەی لە سەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ لە کوردستان زیاتر لە(٣٠) هەزار پێشمەرگە بۆ دامەزراندنی وەزارەتی(پ،م) هەیە ،من پێشنیارێکم هەیە لەگەڵ وشەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی(پ،م) وشەیەکی تری بخرێتە سەر کە

چارەنووسی پێشمەرگەی پێدیاری بکرێت، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ سەر میلیشیاتی حزبێک و هەموو حزبەکانی بەرە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیش هەمووی دروستکردنەوە فەوجەکان وئەو شتانە چی بکرێت ئەو بۆشاییە چۆن چارەسەر دەکرێت؟!، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

من کە داوام ئەکرد ئەوە دوا بخرێت مەبەستم هەبوو، ئەمە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا نەبوو، ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان قسەمان لە سەر نەکرد بۆو، ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەڵوەشێتەوە ونەک پێشمەرگەکان بە یەکجار بەرەڵلا بکرێن، بەڵکو دەکەونە بەردەستی دەستەیەکی تر کە بەیاسایەکی تایبەتی دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵلا رەسـول عـەلی/ سـەرەک وەزیران:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەم پرۆژەیەی کە پێشکەشی پەرلەمان کراوە بۆ ئەوەی کە وەزارەتی(پ،م) هەڵوەشێنرێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا قسە لەسەر بابەتەکە کراوە کە دەستەیەکی ئەرکان دابنرێت و، ئەو دەستەی ئەرکانەش لە شارەزاکانی سەربازین، ئێمەش دەمانەوێت لە میلشیات رزگارمان بێت، چونکە بوونی وەزارەتی(پ،م) بوە هۆی نەمانی هێزی میلیشیات، هەروەها پاش ئەو بارە ناخۆشەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هات و، پاش ئەوەی کە قسەیەکی زۆر لەو بابەتە کرا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە دەستەیەکی ئەرکان دروست بکرێت و، جێگای وەزارەتی (پ.م) بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕیز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

نازانم ئێمە لەکاتی خۆیدا کە وەزارەتی(پ،م)مان دامەزراند لە کابینەی یەکەمدا، زۆر هۆی موجبیە هەبوو بۆ دانانی و زۆریش گفتوگۆمان لەسەر کرد، ئێستا من هیچ هۆیەکی وا نابینم کە ببێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، من وای بۆدەچم بوونی وەزارەتی پێشمەرگە بنەڕەتێکی سەرەکییە بۆ راگەیاندن و چەسپاندنی فیدرالیەتی کوردستان، سوپاس.

**بەڕیز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

لەگەڵ ئەو قسانەی کاک عەبدولخالق دام، کە هۆیەکی سەرەکی نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی(پ.م)، بەڕاستی هۆی نەکسەی وەزارەتەکە هەردوو دەسەڵاتەکەیە، دەستەڵاتی جێبەجێ کردن و دەستەڵاتی یاسادانان بەرپرسن لەم نەکسەیە. رۆژێک لە رۆژان لیژنەی (پ.م)ی ناو پەرلەمان نەهات بڵێت ئەم وەزارەتە چۆن کارئەکات و، کێشەکانی چییە و چی نییە و، یاساکەشی زۆر یاسایەکی رێکوپێک بوو، بەڵام بەداخەوە پێشێل کرا و من لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان هەموو حکومەتێکی دنیا کە دروست دەبێت، یا هەر دەوڵەتێکی دنیا دروست دەبێت پێویستی بە سوپایەک هەیە بیپارێزێت، یان دەبێت ئێمە بەتەمای حکومەتەکەی خۆمان نەبین وردە وردە وەزارەتەکانی لێبکەینەوە ئەوجا لە بەر خاتری هەر چی بێت وهەر کەسێ بێت، نازانم جیاوازی لە نێوان دەستەی ئەرکان و وەزارەتی پێشمەرگەدا چییە؟، کە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن بەدەستەی ئەرکان، ئایا عەیبەکە لە ناوەکەیە، یان لە شەخسەکانە، یان لەسیستەمەکەیەتی؟ منیش لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی (پ، م)دا نیم، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، وا ڕێکەوتن کە وەزارەتی پێشمەرگە هەڵبوەشێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی(پ،م) هیچ پرس ورایەکمان پێنەکراوە سەبارەت بەم هەڵوەشاندنەوە، هەروەها چ دەستەیەک و بەچ ناوێکەوە لە جێگای دادەمەزرێت ئەوە ئاگامان لێ نییە و، لە هەموو راپۆرتەکانیشدا نووسیومانە، ڕێزیشم بۆ قسەکانی کاک د. سەلاح هەیە کە ئەڵێت: گوێم لێ نەبووە، رەنگە گوێی لێ نەبووبێت، چونکە لیژنەی پێشمەرگە هیچ قسەیەکیان نەکردووە، ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە لە پەرلەمان لە سەر باری(پ،م)گفتوگۆ دەکەین و، لیژنەی پێشمەرگە یەکەم کەس بووین بەرگریمان لەو ناوە کردووە وپێشمان خۆش وپیرۆز بووە و، داواشمان کردووە کە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بە ڕێکەوتنە، ئەو ئێشە لەسەری ڕێککەوتووین کە هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر مەسەلە هەیە لە دەرەوە حزبەکان لەسەری ڕێک دەکەون، ئێمەش هەموو پێمان خۆشە هەموو کارێک بە ڕێکەوتن وئیتفاق بێت وبە دوو بەرەکی و ناکۆکی نەبێت، جا بۆیە منیش لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەم وەزارەتەدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارت چییە؟.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم چییە؟ من ئەڵێم ڕەنگە گەلێک لایەنی سەلبی لەم تاقی کردنەوەی وەزارەتی(پ،م)هەبێت، بەڵام چاک کردنی بە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی(پ،م) نییە، چاکردنەوە بە چاکردنی وەزارەتی(پ،م)بە و، ئەگەر دەستەی ئەرکان، یان شتێ بکرێت، با پێشمەرگە خۆیان

چیبیان پێباشه ئەوه بکەن، چیبیان پێباشتر بوو بۆ ڕێکخستنی کاری پێشمەرگە ئەوکاتە ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا دەبین، بەڵام ئێمە هیچی لێ نازانین، بۆیە دەنگ بۆ ئەوە نادەم کە وەزارەتی (پ،م)ی کوردستان هەڵوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی وەزارەتی پێشمەرگە لە سەر ئەوە بوو کە بەرگری لە دەست درێژی دوژمن بکات، ئایا لەو ڕۆژەوە وەزارەتی پێشمەرگەمان دروست کرد هیچ شتێ کرا بۆ کوردستان؟، ئاوڕێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزانەی کە ساڵەهایە بە چیاکان درایەوە؟ کەواتە لابردنی زۆر لە جێگەی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دروست بوونی وەزارەتی(پ،م) لە سەرەتاوە وەک ئەو هەیکەلە ڕێکخستنەی کە بۆی دانرا بەرێکوپێکی ئەڕۆیشت، بەڵام تێکدانی ئەم وەزارەتە لە لایەن هەردوو حزبە سەرەکیەکەوە بوو، کەوا هەر یەکە لیوایەکی تایبەتی لە سەرکردایەتی ناوچەکە بۆ خۆی دانا، ئەم بارەی بە سەرداهات کە ئێستا بەسەریدا هات، جا ئێستا پەنا ئەبرێتە بەر ئەوەی کە دەستەیەکی ئەرکان دروست بێت، واتە وەزارەتێک ئەگۆڕدرێتەوە بە سوپایەکی ئەرکان، ئێمە ئێستاش دەتوانین دەستەیەکی ڕێککخستن دروست بکەین، لە ژێر ناوی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم هەموو لەوە دڵنیا بین کە مەبەست وکرۆکی ئەم هەڵو شانەوەیە بۆ ڕێزلێنانی پێشمەرگەیە، بۆ پاراستنی ئابروی بەرزی پێشمەرگایەتی وبۆ ئەوەی شوێنی شیاو لە بارتر وگونجاوتر وچاکتر بە باڵای پۆشناخی پێشمەرگە و، بەشەرەفی بەرزایەتی وگەردنی بڵندی پێشمەرگە بێتە دی، لە بەر ئەوەی هەموو ئاگادارین لەو بارودۆخە وشێوازەدا کە هەیبوە بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە ونەیتوانیوە خزمەتی مەبەستەکانی(پ.م) بکات و، کارەکانی بەپاکی بکات، ئێمە کە باسی مشەخۆران دەکەین، باسی میلیشیات دەکەین، ئەوانە باربوون ومشەخۆربوون لە سەر بوونی ئەو وەزارەتە، واتە گۆڕینی ئەو شێوازە، سەرکەوتنە بەسەر نەهێشتنی میلیشیات ودیاردەی دزێو، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم زیاتر داڕشتنی مادەکەیە، مادام برگەی(٢و٣) لادرا ئەبێت سەرلە نوێ داڕێژرێتەوە، جا بۆ ئەوەی بەو جۆرە تێنەپەڕێت، ئەگەر پەسەند کرا، بە رای من بکرێتە(یلغی وزارة شؤون

ال« پيشمەرگە» الواردة في فقرة(٤) من مادة (٩) من قانون المنوه عنه في المادة الاولى اعلاه)
ئەبێ بەم شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر ڕێکەوتین لەسەر داڕشتنی کۆتایی ئەو کاتە ئەبێت هەندێ شت ڕێک بخرێت.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بڕیار دراوە، بەڵام ئەوە کۆتایی پێهاتووە و، بەڕاستی بڕیارەکەش بە ئێمە هەڵناوەشێتەوە، بەڵام بەویژدان قسەیەک دەکەم من دەڵێم ئەمە پاشە کشەیە لە یەکێک لە دەست کەوتەکانی میللەت، بەڕاستی پێشمەرگە سەر بەرزبوو بەوەی کە وەزارەتێک بە ناوی پێشمەرگە هەبوو، ئەمە ڕێزلێنان بوو بۆ پێشمەرگە، ئەگەر شەڕ بووبێت و، برا کوژیش بووبێ لە سەرۆکایەتی حزبەکانەوە بووە، لە وەزارەتی پێشمەرگەوە نەبووە، حەز دەکەم هەمووتان ئەو ڕاستیە بزانن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو قسەکاندا من تێبینییەکم لەلا دروست بووە، وادیارە ئەندامی پەرلەمان هەیە لە ناو ئەم هۆڵە ئاگای لیێ نییە کە دوو ساڵ زیاترە لێرە لە سایەی پێشمەرگەکانی وەزارەتی(پ،م) دانیشتووە و، ئێمە لێرە باوەڕمان بەوەیە کە پێشمەرگە سنوورەکانمان دەپارێزن، ئەوە یەک. دووەم بەڕاستی ئێمە بڕیارێکیمان لە پەرلەمان هەیە، ئەویش پاش ئەوەی کە بڕیاری فیدرالیەتمان ڕاگەیاند و، ئێمە حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان هەڵدەستین بە بەکار هێنانی چەند دەسەڵاتێک لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیی، یەک لەوانە مەسەلەی پاراستنی سنووری هەرێمە، ئایا ئەو مەسەلەیە چی بە سەردێت و، کارمەندانی وەزارەتەکە چارەنووسیان چی دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم کە وەزارەتی(پ،م) هەڵوەشێتەوە، دەنگیشم ئەخەمە پاڵ دەنگی ئەو ئەندامانەی کە داوایان کرد هەڵنەوەشێتەوە، ئەگەر وەزارەتی(پ،م) کەموکوڕیەکی هەبێت، وەزاردتەکانی تریشی بەش بە حاڵی خۆیان هەیان بووە، لەگەڵ قسەکانی بەڕێز کاک ئەرسەلانم، لە سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی هەردوولا ئەو ڕێککەوتنەیان کردووە، کەواتە ئەگەر ڕێککەوتوون بۆ دێن پرس بە ئێرە دەکەن؟ بڕیارەکە با هەر بڕیاری ئەوان بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەروەک ئەندامان باسیان کرد ئەو وەزارەتە هەڵوەشاوەتەوە و تەواو بووە و، ئێمەش ئاگاداری هیچ نین، بەڵام ئەوەندە دەڵێم با خەڵک بزانێ وئەندامانی پەرلەمانیش بزانن لە کاتی

بوونی وەزارەتەکە ئەو کەسانەی کەوا پێشمەرگە بوون وبە کوردایەتیەوە ماندوو بوون، ئەوان پارەیان وەردەگرت وموووچەشیان وەردەگرت، ژیانی ئەوان مسۆگەر کرا بوو و یاساش دەرچوو بوو و، هەروەها مووچەش بۆ ئەوانە برابووەوە کە شەهیدیان هەیە و، بۆ ئەوانەش کە کەم ئەندامن، بەڵام ئێستا بەوەی کە وەزارەتی(پ،م) هەڵدەوەشێتەوە ئەو پارە و توانایە کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت بە هەردوو حزبەکە، ئەوان لە جیاتی ئەوەی بە پێشمەرگە وخەڵکی نیشتمان پەروەر ودڵسۆزی بدەن، بە خەڵکێکی خۆفرۆش و بێ کەڵکی ناو کۆمەڵی دەدەن، دەبوایە سزای ئەو جۆرە کەسانە بدرایە نەوەکو لە جێگەی پێشمەرگە کۆنەکان پاداشتیان بدرێتێ، بەڵام ئەو خەڵکە خۆ فرۆش وخائینانەی کەوا تازە هاتوون بە خۆشەویستی پارە وەرگرتن هاتوون و، هەموو پارەکە هەر بەشی ئەوان دەکات، ئەوان هەڵیدەوەشێنن، با هەموو ئەندامانی پەرلەمان ومیللەتی کوردیش باش بزانن ئەو دەستەی ئەرکانە جێگەی وەزارەتی(پ،م) ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بڕیارێک دەربهێندرێ پێش ئەوەی فراکسیۆن لەسەری رێک بکەوێت و، لە هەموو جیهانیشدا پیادە کراوە، بۆیە فراکسیۆن دانراوە چونکە نوێنەری حزبەکانە لە پەرلەماندا،مەسەلەکەش، مەسەلەی سۆز نییە، ئەگەر مەسەلەی سۆزیش بێت، ئەوە ئەمە پێشمەرگەمان لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت و، پێشمان وانییە پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد پشت گوێ خرابن، ئێستاکە بەشێکیان لێپرسراون لە ئاسایش، بەشێکیتریان بەڕێوەبەرن لە گومرک و، بەشێکیتریشیان بەڕێوەبەری گشتین لە وەزارەتدا، بارەکانیش کە هاتنە پێش بۆ ئەمە نەهاتن کەتەقیمی وەزارەتەکان بکەین وخەتای کێ بوو شەڕ بوو شەڕ نەبوو، شەڕێک بوو لە کوردستان زۆر ماڵ ویران بوون هەمووومان ئیدانەمان کرد و، زۆرپێمان ناخۆش بوو، من دەتوانم لێرە بەڕاستی و بە قەناعەتەوە بەرگری لە بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود ومەکتەبی سیاسیش بکەم، کە شەڕەکان خەتای ئەوان نەبوو، وەکو ئەوەی کە کاک ئەرسەلان باسی کرد کە دەڵێت: خەتای مام جەلال وکاک مەسعود ومەکتەبی سیاسی بووە، من پێموا نییە ئەوە راست بێت، چونکە شەڕێک بوو رایان کێشاین خەڵکێکی نابەرپرس لە ناوچەیەکدا بەزمی دروست کرد، هەتاوای لێ هات ئەو ماڵ ویرانیە بە سەر میللەتەکەماندا هات، ئەگەرنا کێ حەز دەکات بە ئارەزووی خۆی ئاگر لە ماڵی خۆی بەر بدات، ئێستاش شوێنەواری شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا ماوە و، دەبێت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، بەڕاستی دەبێ لە سارێژ کردنی ئەو برینە کە رۆڵی کاریگەریتان هەبێت نەک لێرە مەسائیلی سۆز باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جگە لەوەی کە پشتگیری لە هەموو قسەکانی کاک عەبدوڵڵا دەکەم خاڵ بە خاڵ حەز دەکەم

ئەمەشتان بۆ بخوێنمەوە: بەڕێزان کاک عەبدوڵڵا وکاکە ڕۆژ سڵاو ڕێز دوای ڕێکەوتنی دوو قۆڵی لە پەرلەمان، بەڵام شێوەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ روحیەتی ئەو ڕێکەوتنە پیرۆزە ناگونجێت، ئەو هۆیەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی کرد ڕاستن، بەڵام ئەوە هۆ نییە؟ هۆیەکە خۆمانین ئەم قسەیە زۆر ڕاستە و لە ڕاستییەوە هەڵقوڵاوە من خەتای ئەو بارەش ئەخەمە سەر هەردوو فراکسیۆنەکەو سەر خۆمان، لە ڕاستیدا دوو شتی جیاواز هەیە، دەستەی ئەرکانی پێشمەرگە و وەزارەتی(پ،م) دوو شتی جیاوازن، هەقە ئێمە لەیەکتریان جیایان بکەینەوە، (پ،م) شایان وشایستەی هەموو ڕێز لێگرتنێکن، ئەو پێشمەرگانەی کە ئێمەیان گەیاندووە بەم ڕۆژەی ئیمرۆ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر هەمان ئەم پێشمەرگانەن کە سووتەمەنی و فاکتەری ئەو شەڕی خۆ کوژیە بوون، لە کوێ ئەو پێشمەرگانە ڕێکخراون؟ لە وەزارەتی(پ،م) ڕێکخراون، لە وەزارەتی(پ،م)ی پێگەیشت و نەبوو لە ئیشەکەی کە ئەو پێشمەرگە بکات بە پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ، بیانکان بە پێشمەرگەی حکومەتی وپەرلەمانی کوردستان، لە سادەترین باردا هەر پێشمەرگەیەکی پەڕۆکەکەی خۆی هەڵگرتووە وچووەتە لای حزبەکەی خۆی، واتە ئیشی دوو ساڵی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاستیدا لە چرکەیەکدا بوو بە سفر، بۆیە ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران پێش ئەوەش لە ڕێکەوتننامەکەی پاریس لەگەڵ برایان کەباسمان کردووە لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا باسمان کردووە، لە نێوان هەردوو حزبدا باسمان کردووە کە ئەوە عەیب نییە، ومافی خۆمانە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی بەو اسلوبەی کە تا ئێستا لەگەڵ (پ،م) ڕەفتارمان کردووە، ڕاست نەبووە ئێمەی نەگەیاندۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەمانوویست ،بۆیە بڕیاری ئەوە درا بەرگری کردن لە کوردستان بدرێتە دەست دەستگەیەکی ڕەسمی سەربازی ڕێکوپێک لە سەر بنچینەو شێوەی سەربازی کە بەچاکی بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی مەسەلەی وەزارەتی(پ،م) بۆ مانەوەی، یا نەمانەوەی بە تێرو تەسەلی قسەی لەسەر کرا، من حەز دەکەم ئەو قسەیە دووبارە بکەمەوە کە لە ڕێکەوتننامەی پاریسدا ئەوەی تێدایە و، هەروەها ڕێکەوتننامەی نێوان پارتی ویەکێتی کە هەردووکی پێشکەش بە پەرلەمان کرا ولێرە بڕیاری لە سەردرا و، ئەو بڕیارەش بەو دارشتنەی کە هاتبوو، ئەبێت بڕیارێکی سەرپێی بێت، بەڵکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی چەند مانگێ بووە کە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە لێرە ئەو مەسەلەیە بڕا بووەوە، واتە لابردنەکەی بە شێوەیەکی ڕەسمی وەکو یاسایەک دەرنەچوو بوو لە پەرلەمانەوە، بۆیە هاتۆتە بەردەمی پەرلەمان کە ئێستا لێی بکۆڵێتەوە وئەمانەوێت بڕیاری لە سەر بدەن، ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد، کە بۆچی ئەو بڕیارە دراوە کە وەزارەتی پێشمەرگە نەمێنێت و، ئەوەی پێویست بوو گوترا، بەڵام ئێمە هەموو کاتێک ئەندامانی فراکسیۆنمان ئازاردن لە بیروڕا وەرگرتن لە پەرلەماندا لە هەندێ مەسەلەی زۆر تایبەتی وگرنگدا

كە لە مەكتەبی سیاسی ، یا لە سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستاندا دەدرێت، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری لە سەر قسەكانی ئەوان دا ئەوە وابزانم هەمووتان ڕێزی لێ ئەگرن و، ئەگەر ڕەدیشی كردەوە، ئەوە ئەبێت ڕێز لە بڕیارەكەی پەرلەمان بگرێت، من وەكو ڕوونكردنەوەیەک بۆ بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران حەز دەكەم ئەو ڕاستییە بڵێم كە لە فراكسیۆنی سەوز ئێمە باسی ئەو مەسەلەیەمان كردووە و، لە پێشیشەوە كە بڕیاری لە سەر دراوە لە پەرلەماندا ولە هەمان كاتیشدا وتومانە كاتێ هاتینە سەر لێكۆڵینەوە وهەموو یەكێک ئازادە لەوەی كە بیروڕای خۆی بە ئەو پەڕی سەربەستییەوە دەربڕی، سوپاس.

**بەڕێز كەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من ڕێزم بۆ د. كەمال و گشت ئەندامان هەیە، ڕاستە ئەمە لەوێ باس كرا، بەلاّم بەتێرو تەسەلی وچڕوپڕی باسمان نەكرد، واتە شتێ باس كرا كە گوایە بەڕێز د. كەمال پاساوی هێنایەوە، بەلاّم من خۆم قەناعەتم بەو پاسادانە نەهات كە د. كەمال فوئاد هێنایەوە، بەڕاستی خۆی ئەگەر بێتەوە سەر باری دامەزراندنی وەزارەتی(پ،م)، بێگومان ئەمە دەستكەوتێكی گەورەی میللەتی كوردە ومن بەڕاستی ڕەخنەكەم ئەگەڕێتەوە بۆ سەر برادەرانی هەردوو حزبەكە وهەردوو مەكتەبی سیاسی، چونكە ئەوان بەڕاستی لە سەرەتادا پرسیان بە پسپۆڕ وشارەزایان نەكرد، بەلاّم بە قسەیان نەدەكردن، من زۆر لەو ئەفسەرو ڕوكنانەم ئەبینی ولەگەڵیان دائەنیشتم كە لە هەردوو فراكسیۆنەكەن ولە ئیشەكە ئەزانن، بەلاّم ئەندامان بەداخەوە بە قسەیان نەدەكردن، خۆی لەسەرەتادا لە ڕێككەوتننامەیەكدا نووسراوە گوایەكە(١٠) هەزار، یان (١٥) هەزار(پ،م)بن، لەبنەڕەتدا ئەوە ڕای ئەو برادەرە شارەزا وپسپۆڕانە بوو كە وتیان ئێستا ئێمە دوو ساڵ ونیوە لە جێگای خۆمان وەستاوین و، هیچ پێشكەوتنێک نەبووە ،ئەگەر ئەوان بە قسەی ئەو ئەفسەر وشارەزایانەیان بكردایە و چەند لیوایەكیان دابنایە، ئەم لیوایانەیان پڕ چەک وتەقەمەنی بكردایە و، گرنگییەكی چاكیان پێبدرایە، پاشان وورده وورده مەشقیان پێبكرابایە، بەلاّم ئەوان بەلێشاو خەڵكیان وەرگرت و، وەزارەتی(پ،م) نەیتوانی كۆنترۆڵی وەزعەكە بكات، گلەیی لە وەزارەتی (پ.م) ناكەم ، بەڵكو گلەیی لە هەردوو حزبە سەرەكییەكە دەكەم، بەرامبەر بەو دەستەی ئەو ئەركانەش گەشبین نیم، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕێز د. ڕۆژ دەڵێت: وەزارەتی(پ،م) هەركەسەوئالاّی خۆی هەڵگرت، ئەی باشە خۆ ئاسایش و پۆلیسیش ئالاّی خۆیان هەڵنەگرت؟ فەرمانگەكان ئالاّی خۆیان هەڵنەگرت؟ هەر كەسە جیابووەوە وچوونەوە شوێنەكانی خۆیان، خۆ هەموو چەک بەدەست نەبوون؟

باسی ڕێكەوتننامەی پاریس دەكەن، ئەوەی كە جێبەجێ نەكراوە و، ئیمزاشیان نەكرد.

سەبارەت بەم شەڕە ناوخۆیەیش لە سەرەتادا مەکتەبە سیاسییەکان هیچیان ئاگادار نەبوون، بەڵام ئەی بۆ کۆنترۆڵمان نەدەکرد؟، ئێمە نەمانتوانی بۆ چوار پێنج مانگێک کۆنترۆڵی بکەین، تا ئەم ساتەش کێشەمان ماوە تا ئێستا کە گومرکی ئیبراهیم خەلیل کە پارەکەی نەهاتۆتەوە، یەکێکە لە کێشەکانمان کە ئەوەش لە ئەنجامی شەڕەکانەوە رووی داوە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا کەس نەی گوتوە ئاسایش، یا پۆلیس سەرکەوتوو بووە لە ئیشەکەیدا و، باس و لێتوێژینەوەش لەوە دەکرێت، چارەسەری کێشە و هەڵەکانیش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باس لەسەر ئەم بابەتە کرا، ئێستا گفتوگۆی ئەم بابەتە رادەگرین و، دێینەوە سەر خاڵی بنەڕەتی، ئێستا مادەی(٢) ئەخەینە دەنگدانەوە، چونکە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، کێ لەگەڵ برگەی(٤)ی مادە(٢)دایە کە لە سەر هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەیە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الثالثة: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینەیەک لە سەر مادە(٣) نییە؟، کێ لەگەڵ مادەی(٣)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ ئەم مادەیە وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الرابعة/ على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لە سەر مادەی(٤)هەیە؟، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ مادە(٤) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الخامسة/ ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لە سەر مادە(٥) هەیە؟، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) وەکو خۆی مایەوە.

دێمەوە سەر ئەوەی ئەمە گۆڕانکاری کەوتە سەر ئەو پرۆژەیە و پێویستی بە داڕشتنەوەیەکی نوێ هەیە، ئەگەر ئیجازەمان بدەن دەیدەین بە لیژنەی یاسا بۆمان دابڕێژنەوە، چونکە دەنگی لەسەردراوە، جا ئەگەر چ تێبینی هەیە لە سەر مەسەلەی داڕشتنەوەکە هەیە فەرموون.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە تەماشای مادەکانی یاسای ژمارە(٣)بکەین دەبینین ئەنجوومەنی خوێندنی باڵایان تێدایە و، لەو دەستانەیە کە پەیوەندییان بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، با دەستەی ئەرکانیش بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە و، ئەوەش بخرێتە ناو پرۆژەکەوە، چونکە ئێمە کە دەستەیەک دادەمەزرێنین دەبێت دیسان یاسایەکی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران چییان هەیە بەرامبەر ئەو پێشنیارە با بفەرموون.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکە دووبارە دەکەمەوە ئێمە هەر وەکو دەستەی خوێندنی باڵا یاسای ژمارە(٣)مان لەوێ چارەسەر کردووە و، بە دەق دامان ناوە وگەڕاندومانەتەوە سەر ئەوەی کەیاسایەک چارەسەری دەکات، دوای ئەوەش یاسایەکمان بۆ دانا، یاسای دەستەی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، لێرەش پێویستە دەقێک هەبێت، ئەوجا بەگوێرەی ئەو دەقە ئێمە بتوانین پاش ئەوەی کە کابینەی سێیەم دادەمەزرێ ئەو کاتە ئەو پرۆژەی دەستەی ئەرکانە بێتە ناو پەرلەمان وەکو یاسایەک چارەسەری بکات، پێک هاتەکەشی هەمووی دابنرێت و، ئێمەش لێرەدا پێویست بەوە ناکات دیسان هەمواری یاساکە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیدا من وا تێگەیشتم کە پێشنیارەکەی کاک ئەیاد ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگانەی کە ئێستا هەنە سەر بە سەرۆکایەتی(پ،م) بوون دامودەزگاکانیان سەربە ئەنجوومەنی وەزیرانن لە هەمان کاتیشدا موڵک وشتیشیان سەربە ئەوان ئەبێت. بە شێوەیەکی وا ئێمە لەو ڕۆژەوە کە شەڕەکە دەستی پێکرد، پێشمەرگە وەکو وەزارەتی(پ،م) نەما و، هەر کەسە چووە لای حزبی خۆی، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا وایە و، موڵکومالیش نەبە حزبەکان و نە بە وەزارەتی(پ،م)ی کۆن حەسەر ناکرێت و، نە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش حەسر دەکرێت لە بەر ئەوە جارێ زووە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەو دەقە بدرێت، تاوەکو بیکەن بە یاسا وبیکەن بە ماڵ بە سەرمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو کاتەش بەپێی یاساکە دەستەکان دادەمەزرێن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی پێشکەش کردووە،

خۆی لە شوێنی ئەم وەزارەتە شتێکی تری هەیە، لە پرۆژەکەی خۆی کە دەینێرێت دەستەی ئەرکانە ویاسای بۆ دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێت ئەم بڕیارە بخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەدایە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟،کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا تەنها بڕگەیەکمان ماوە لە تازە بابەت کە دوو بەشە، ئەویش دوای دەخەین بۆ دانیشتنی سبەینێ، دانیشتنی سبەینێ لە کاتژمێر(١٠)ی سەرلە بەیانی دەبێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٣- استناداً الى أحكام فقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون رقم(١) لسنة(١٩٩٢) وبناءً على ما أقترحه العدد القانوني من أعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٤ أصدار القانون الأتي:

١- قانون التعديل الأول لقانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢ رقم () لسنة ١٩٩٤.

المادة الاولى/ تعدل مادة(٤٤) من قانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالآتي:-

إذا خلا أحد مقاعد المجلس حل محله مرشح آخر من القائمة ذاتها يختار من قبل جهة صاحبة القائمة وفق ما جاء بالفقرة(٢) من المادة(٣٧) من هذا القانون.

المادة الثانية/ لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر مادەی یەکەم.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەو وشەیەی (هذا) لە مادە(٣٧)دا لابدەین و، بگوترێت (المادة«٣٧» من القانون رقم«١»)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەرت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

تعدل المادة (٤٤) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالأتي: اذا خلا أحد مقاعد المجلس حل محله مرشح آخر من القائمة ذاتها يختار من قبل جهة صاحبة القائمة وفق ماجاء بالفقرة(٢) من المادة(٣٧) من قانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر مادەی یەکەم.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو هەموارکردنە خۆی کە دەڵێ ت:(تقرأ كالأتي ) واتە ئەوە ئەچێتەوە ناو یاساکە بۆیە وا راستە کە بگوترێت (من هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(من هذا القـانون)کە پێویستە، چونکە ئەو مادەیە دەچێتەوە ناو یاسای ژمارە(١)، واتە کە دەڵێن :(من هذا القـانون) مەبەستمان هەموارکردنی یاساکە نییە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتانیش مادەکە خۆی واهاتووە، لە کۆتایی مادەکەدا دەڵێت: (خلال مدة(٦٠) يوماً على أن لاتقل المدة الباقية للمجلس عن«٦» أشـهـر) تەنها ئەوە لە مادەکە لادراوە، ئەویش ئەوە بوو کە بۆ سیستەمێکی دائیری دانرا بوو، ئەگەر دائیری بێ هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە، بۆیە هەموار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە کۆتایی مادەکەدا دەڵێت: (مما جاء في الفقرة(٢) من المادة(٣٧) من هذا القانون) کە گوتمان: (هذا القـــانون) ئاماژەی بۆ ئێرەیە و، ئەو ژمارەیە بێگومـان دەچێتـەوە ناو یاسـاکـە و، بۆ لای مادەی(٣٧) لە یاسای ژمارە(٢)دا، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش رام لەگەڵ رای کاکەڕەشدایە، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەق بوو ئەو قسانەی کە لێرە دەیکەن لە جێگەی خۆی بیان کردبایە و، یاساکەیان بەم شێوەیە دابڕشتایەتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڵێ راستە، بەڵام ئێستا وەکو پێشنیارێک پێویستی بە هەموارکردنێکی بچووک هەیە.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ رای کاکەڕەشدام کە گوتمان «من هذا القـانون» ،واتە ئەم یاسایەی کە هەموار کراوە ،کەچی مادەی(٣٧) «من هذا القـانون»ی تێدا نییە، بەڕێز سەید حەسەنیش فەرمووی کە دەچێتە ئەو یاسایە، نەخێر ناچێتە یاسای ژمارە(٣) دێتە ئەم یاسایە و، (هـذا) لا ببـەن لە یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(من هذا القانون) دەچێتە ناو یاسایی ژمارە(١)، ئێمە ئەمەمان کردووە و، بڕگەی دواییشمان هەموار کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا چی تێدا بنووسین (من هذا القانون) ،یان یاسای ژمارە(١) لە ساڵی ئەوەندە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو بارە بنووسینەوە یاسای ژمارە(١)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە با گفتوگۆکە یەک لایی کەینەوە لە نێوان پێشنیارو لە نێوان ئەوەی کە کردوویەتی، دەنا من پێشنیارم نەکردووە، ئەوە پێشنیاری کاک ئەیاد و یاساییەکانە با ئەوان یەک لایی کەنەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێن (من قانون) بڵێین، یاخود (من هذا القانون) هەردووکی هەر یاسای ژمارە(١)دەگرێتەوە، جا بۆیە(من هذا القانون) کە دەقەکەی لە ناو یاساکەدا چۆن هاتووە نەیگۆڕین، چونکە ئێمە مەبەستمان گۆڕینی(٦) مانگەکەیە و، دەقی بڕگەکانیش وەکو خۆیان مانەوە وهیچیشمان نەگۆڕیون تەنها ماوەی(٦) مانگەکەمان گۆڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی کە هەموارکردنەکە هاتووە دەڵێت: (المادة الاولى تعدل المادة(٤٤) من قانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ تقرأ كالأتي) واتە پاش هەموارکردنەکەی، ئەو هەموارکردنەش دەچێتە ناو یاسای ژمارە(١) لەوێش وا دەخوێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕاستی لای منیش روون وئاشکرایە، چونکە من ئێستا هەر ئەمە کە لەسەری ڕێککەوتن وەک پارێزەرێک وەک یاساییەک ئەمە لێرە یەکسەر ئەیبڕم و ئەیخەمە جێگەی ئەو مادەیە، لەبەر ئەوەی زۆر ئاساییە، (من هذا القانون) ئەوە لەوێ حیسابی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادە(٢) کە دەڵێت: (لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون) ئەندامان

مەبەستیان کام یاسایە؟ ئەگەر مەبەستیان یاسایی ژمارە(٣٧) و ئەو (هـذا) یەیە کـە ئەوەش دەگرێتەوە بۆ (هذا)ی یەکەم، ئەوە ناگرێتەوە بۆ (هذا)ی دووەم ، ئەوە دەگرێتەوە بۆ (لایعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون)، دەبێت بڵـێین ئەو (هـذا)یە هەموار بکرێ لە مادە(٣٧)دا هاتووە (من المادة «٣٧» من قانون رقم« ١ »)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چوونەکەی بەڕێزان کاک حسێن وکاک سەید حەسەن زۆر راستن، لە بەر ئەوەی ئەو بڕگەیە دەچێتە ناو یاسای ژمارە(١) ماقوول نییە. ئەی لە یاسای ژمارە(١)دا بڵێین (وفق ما جاء بالفقرة(٢) من مادة (٣٧) من قانون رقم« ١ ») کە خۆی یاسای ژمارە(١)ە زۆر رێک و تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لە سەر ئەو رایەم کە (من هذا القانون) بێت، چونکە یاساکە لێە ئاماژەی پێداوە، مەبەستم ئەوەیە (من قانون رقم)... جیاوازە لەگەڵ (من هذا القانون) دا، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە(من هذا القانون)دا ئیجتهادات پەیدا بووە، بۆیە بە رای من بیکەینە (من القانون رقم) ئەوەندە ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەپرسم لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر ئەو یاسایە دەرچووە دەبێت دەبێ ژمارەی هەبێت؟ باشە ژمارەی تازەیان بۆ دانا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم گفتوگۆی برا یاساییەکان، کە دوو ئیتجاهی روونە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من (من هذا القانون) (الیف ولامەکە)ی لابەرین، چونکە ئەو (الیف ولامی تەعریفە)، جا ئەگەر بڵێین (من هذا القانون)هەر ئەم یاسایە دەگرێتەوە، ئەگەریش بڵێین( من قانون) هەر ئەم یاسایە دەگرێتەوە، جا بۆ ئەوەی رزگارمان بێت بڵێین: (من قانون)، سوپاس.

**بەڕێز شـــمـــائـيـل نەنو بنيــــامـين:**

**الـســـــيـــــد رئـيـس المجلـس.**

انا أوئيد رأي (كاكەڕەش) في تحليلاته، لكن هذه المرة أخالفه لأن هذا القانون وهذه الفقرة أراها ركيكة و الأصح الأشارة إلى رقم القانون وشكراً.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

من پێموایە لە سەر (من هذا القــانون) أو (قانون رقم...) کێشە دروست نەکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەمە جێبەجێ بکرێت، پاشان با لیژنەی یاسا دانیشن و دایبڕێژنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

با لیژنەی یاسا گوێی لە رای ئەندامان بێت، پێش ئەوەی دابڕێژنەوە.

**بەڕێز مـحـمـەد حـسـەن باڵتـە:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

ئەم مادەیە ناچێتە جێی مادەی(٣٧) لە یاسای ژمارە(١) (تعديل القانون رقم...) ئەوەندە پێی ناوێ بڵێین :(هذا القانون) ، بەڵکو بڵێین: (قانون رقم) ئەوەندەی هەموارکراو، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

لەسەر ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی گفتوگۆمان کرد، را وبۆچوونەکان هەمووی روونن، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

من هەر لە سەرەتاوە ویستم پشتگیری لە پێشنیارەکەی فراکسیۆنی زەرد بکەم، ئێمە لە سەر ناوەڕۆکی یاساکە رێککەوتووین، ئەگەر هەر تێکەڵچوونێک هەبێت، با یاساییەکان خۆیان کۆببنەوە وبڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن، جا ئەنووسن (من هذا القـانون) (من ذلك القـانون) بەکەیفی خۆیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز د.کەمال لەسەر شێوازێکی دیاریکراو ئەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەمەیان هێناوە بۆ ئێمە جا هەر هەمواریٚ بکەین لەسەر ئەم دەقانە ئەبێت لەسەری رێککەوین، لێرە با دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

یەکەم (اذا خلا أحد مقاعد المجلس حل محله مرشح أخر) بە رای من ئەمە پێویستە ببێتە (أذا خلا أحد مقاعد المجلس حل فيه عضو حل محل عضو سابق «مرشح أخر» ) ،چونکە حلولەکە لە جێگەی کورسییەکە نییە ، بەڵکو لە جێگەی ئەندامە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن بۆ ئەوەی بابەتەکە کۆتایی پێبێت، چونکە وەکو بنەما لەسەری ڕێککەوتووین، کە گۆڕینی ئەم مادەیە ئەبێت بەم شێوەیە بگۆڕدرێت، تەنها ماوەتەوە داڕشتنەکەی، با لیژنەی یاسایی دابنیشن داڕشتنی کۆتایی بکەن و، ئێمەش دەنگی لە سەر دەدەین ئێستا ئەم مادە تەواو ئەبێت، تەنها داڕشتنەوەی دەوێت، ئەگەر ڕێک دەکەون و، پێیان چاک ئەکرێت، ئەگینا ناچارین ئەم پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە، خاوەنی پێشنیارەکەش بەڕێز کاکەڕەشە، جا ئێستا پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە، یان ئەتانەوێت لیژنەی یاسایی دای بڕێژێتەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاریمان نییە لەوەی کە دایبڕێژینەوە و بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێمە ئەم پێشنیارە دوادەخەین بۆ دانیشتنی ئایندە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، پاشان دەنگدانی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ پێویست ناکات دوا بخرێت، چونکە ئەمە لە سەر بنەمایەکی گشتییە کە لەسەری ڕێککەوتووین، تەنها داڕشتنەوەکەی دەمێنێت کە پاشان لیژنەی یاسا دایدەڕێژنەوە، بەڵام با ئێستا بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ماوەی گفتوگۆکردن ڕائەگرین و سبەی بەردەوام ئەبین لە سەر ئەم بابەتە، ئێوەش لەنێوان خۆتاندا وتووێژێک بکەن، بۆ ئەوەی تەواوی کەن و، با بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیش بەشداریی بکات.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات، سبەی لە کاتژمێر(١١)ی سەرلەبەیانی دانیشتنی ئایندەمان دەبەستین، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤/١٢/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤/١٢/١٩٩٤

*سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤/١٢/١٩٩٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٥)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ی خۆی سازدا.*

*پاشان دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاند.*

*بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ تەواوکردنی گفتوگۆ لەسەر بابەتی برگە (٣)ی بەرنامەی کاری دانیشتنی (١٤)ی ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٩٤ پرۆژەی هەموارکردنی مادده (٤٤)ی یاسای ژمارە (١).*

*٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی کارەبای دهۆک (پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی) لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٩٤.*

*٣ـ گفتوگۆکردن لەسەر باری منداڵی ئەنفال کراوەکان (پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز) لە دانیشتنی (١٤)ی ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٩٤.*

*٤ـ تازەبابەت.*

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، پرۆگرامی ئەمڕۆمان وەکو لەبەردەمی بەڕێزتان دایە، ئەو خاڵانەیە کە باس دەکرێت، قبوڵ کردن و دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەڕێزان د. نەبەز عەبدولرزاق حەکیم و کاک فازڵ ڕەئووف سالح، تەواو کردنی بابەتی برگە سێی بەرنامەی کاری دانیشتنی ١٥ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٩٤، گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی کارەبای دهۆک و پێشنیاری فراکسیۆنی زەرد، گفتوگۆکردنی بابەتی منداڵە ئەنفال کراوەکان و پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز، جا ئەگەر هیچ تازە بابەتێک هەبێت ئەوە باسی لێ بکەین ئەگەر نەش بوو دەست بەکاری خۆمان دەکەین، نییە؟ خاڵی یەکەم ڕازی بوون لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی ئەندمانی پەرلەمان، یەکەم د.نەبەز عەبدولرزاق حەکیم فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هـریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هۆی دەست لەکارکێشانەوەی کاک د.نەبەز بۆ چوونە دەرە وەیتی کە نزیکەی سێ مانگ درێژە بەخوێندنی خۆی دەدات و نیازی گەڕانەوەی نییە. کاک فازڵ رەئووفیش بۆ چارەسەری خۆی چووە، ئەویش لەوانەیە لەساڵێک زیاتر دوابکەوێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کەکاک د.نەبەز عەبدولرزاق حەکیم وازهێنانەکەی پەسند بکرێت؟.... تکایە دەست بەرز بکەنەوە....کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا. کێ لەگەڵ ئەوەیە کاک فازڵ رؤوف وازهێنانەکەی پەسند بکرێت؟.... کێ لەگەڵ نییە؟ .... بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا، وابزانم هیچ پێویست نییە ئەوانەی لەگەڵدا نین لێیان بپرسین بۆچی لەگەڵدا نین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جــــــمــــــیل عــــــبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نەخۆشی شتێکە بەدەستی مرۆڤ نییە، هەر ئەندامێک ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشی هەیە و تووشی نەخۆشی بووە و لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانـدا هاتووە کە هەر ئەندام پەرلەمانێک دووچاری نەخۆشی بێت و چارەسەری لەناوەوەی وڵات نەبێت و لەدەرەوەی وڵات چارەبکرێت ئەوا لەسەر حیسابی پەرلەمان دەبێت. بەڕێز فازڵ رؤوف کە بریندار بووە بە گوللەی بەعسی فاشی لە ماوەی راپەرین، پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە، ئەندامی پەرلەمان مافی لەسەر پەرلەمان هەیە کە چارەسەری بکات و ماوەی بدرێتێ تاوەکو کاتی چارەسەرکردنی تەواو دەبێت، ئەوەجا بگەڕێتەوە، ئەگەر رۆیشتووە بۆ چارەکردن زۆر ئاساییە دەبێ ئێمە چاوەڕوان بین هەتا چارەسەرکردنەکەی تەواو بێت و بگەڕێتەوە، نەوەک هەر برادەرێکی ئەندام پەرلەمان تووشی نەخۆشیەک بوو یەکسەر دەستی لەکار بکێشرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

زۆر سوپاس، خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، دەست لە کار کێشانەوەی پێشکەش کردووە ئەگەر کاک فرەنسۆ بەدواداچوونێکی هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێـز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هـریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

کـاک فـازڵ رەئووف کـادری پارتی یە کـە چووە بۆ دەرەوە، پەرلەمـان یارمـەتی داوە بۆ چارەسەرکردنی، پارتی چارەسەرکردنەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، بەخێوکردنی خۆی و خێزانی دەگرێتە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوە هیچ کێشە نییە کە لە پەرلەمان دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

خاڵی دووەم تەواو کردنی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی برگەی سێی بەرنامەی کاری دانیشتنی (١٥)، رۆژی ١٣/١٢/١٩٩٤، دوێنێ لەکاتی گفتوگۆکردنی گۆڕانکاریەک لە مادده (٤٤) یاسای ژمارە (١) باس کرا، چونکە بەپێی ئەو یاسایە کە لە (٦) مانگ بمێنێ بۆ خولی پەرلەمان ناکرێ ئەندامی تازە پێشنیار بکرێت، ئینجا لەبەرئەوەی ئەندامانی تازە ئەم پرۆژەیە لەسەر ئەو بنەمایە هاتە پێش کە ئەو مەرجەی (٦) مانگە نەمێنێ و دوێنێ باس کرا ئینجا هیوادارم ئەمڕۆ بڕیارێک بدرێ، با زیاتر پەرلەمان نەکەین بە ژووری مەحکەمە، کە ئەوە وایە فەرموو کاک فەرسەت بیخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى/ تعدل المادة (٤٤) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالاتي: «اذا خلا احد مقاعد المجلس حل فيه مرشح اخر في القائمة ذاتها يتم اختياره من قبل صاحبة القائمة وفق ما جاء بفقرة ٢ من المادة (٣٧) من هذا القانون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

ئەمە زۆر باسمان کرد وابزانم تەنها ئەگەر بوار هەبێ دوو بەدووا داچوون هەیە ودەیان خەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاوەنی پێشنیارەکە بووم کە گۆڕانکارییەک لەسەر ئەوە ببێ، پاشی لێکۆڵینەوەی برادەران لەگەڵ لیژنەی یاسایی و بەرابەرکردنی دەقەکە لەگەڵ چەند هەموارکردنێکی یاسای عێراقی بەو شێوەیە هاتووە کە نووسراوە، لەبەرئەوەی کەمن خاوەن پێشنیارەکە بووم. پێشنیارەکەم دەکێشمەوە بۆ گۆڕانی بارەکە و داوا دەکەم بەو شێوەیە کە هەیە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

جا بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدووا داچونێکم هەیە هەر لەسەر ئەو بارەی کە هەیە، بابەت ئەوە نییە بچێتە سەر کورسیەکە دابنیشێ بەڵکو مەبەستی لایەنی مرۆڤایەتییە، من لەسەدان هەزار جار بەرچاوم کەوتووە هەر ئەڵێ «حل محله» یانی ئەچێتە جێگەی ئەندامەکە ناچێتە سەر کورسیەکە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

یانی ئەگەر بووترێ (حل محل عضو السابق مرشح اخر) ئەوە ئەبێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اذا خلا احد مقاعد المجلس حل محل العضو السابق مرشح اخر من القائمة ذاتها).

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

جا ئەم دارشتنەیەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بابەتە بەم شێوەیە پەسند بکرێ؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الثانية/ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

هیچ تێبینیەک لەسەر ئەوە هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی وەرگیرێ؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الثالثة/ ينفذ هذا القانون اعتبارا من صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

هیچ تێبینیەک هەیە؟ فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە، کەی «ينشر»ـەکەیە دەترسم ماوەکە تەواو بێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

باشە هەر من پرسیارێکم هەیە لێرە ئەگەر شتێکی بەکارهاتووتر هەبێ لەوە، چونکە ئێستا دەرچوونیمان هەیەو بلاوکردنەوەکەی هەیە. ئەگەر دارشتنێک ببێ کە بمانەوێ ئەمرۆ بۆ نموونە دەتوانین بڵێین (من تاريخ اقراره من قبل المجلس الوطني) ئەوە چاوەڕوانی دەرچوون وژمارە و دەستەکەشی ناکەین، حەزدەکەم رایەکەم لەسەر ئەوە بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەختێک لەسەر ئەم دەقە رابووەستین لەبەر هەر هەندێک کاروباری تر، چونکە بوارێک درا لەنێوان «اصدار» و«اقرار». ئەگەر یاسایەک وەکو پێویست دەرنەچوو لەناو پەرلەمان، یاخود

ئەگەر چەند ناتەواوییەکی تێدا بێت بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، لەبەرئەوەی ئەگەر بڵێین (مـــن تأريخ اقـراره) مانای وایە ئەو دەرفەتە ناهێڵێن کە لە بوارەکانی تری یاساکانی تردا هەیە. ئەگەر نا ئەوەی پەرلەمـان بڕیاری لەسەری دا، هەرچی پەرلەمـان بیـڵێ دەبیـتە یاسـا و کـەس ناتوانێ هاوودژی بێت و دەبێتە هەمواریش بۆ یاساکانی تر، ئەگەر بڵێین من (تأريخ اقراره). بەڵام خۆی شـتێکی راسـتەقـینە بووە، لەبەرئەوەی بۆ سەلامـەتی یاسـاکـە و ئەو مـاددەیە بگوترێت تاکـو «صدوره» ئەگەر کەمو کورتیەک هەبوو چارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

ئێستا ئەو یاسایەکە وەکو یاسا باسکرا کێ لەگەڵ ئەوەیە پەسند بکرێت؟... کێ لەگەڵ نییە؟...

سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

ئینجا دێینە سەر پێشنیاری لیستی زەرد، دەربارەی گفتوگۆ کردن لەسەر کارەبای دهۆک و خستمانە ڕوو، حەزدەکەم خاوەن پێشنیارەکە قسە بکات، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنـــــسـۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان کارەبای دهۆک لە مانگی «٨» ی ساڵی ١٩٩٣وە پچڕاوە ولێپسراوان و حکومەت زۆر هەوڵیـان داوە وچەند دەزگایەکی کـارەباو چەند موەلیـدەیەکی کـارەبایان پەیدا کردبوو ئیشـوکاری دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی ئەم موەلیدانەوە بەڕێوە دەچوو. موەلیـدەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان ئەوە ساڵێکە کاردەکەن لەکار کەوتوون پەکیان کەوتووە، ئێستا خەریکە تووشی قەیرانێکی خراپ دەبن ناتوانن پرۆژەی ئاو وەکو پێویست ئیشی پێ بکرێ، تا نەخۆشخانە و شوێنەکانی تر خەریکە تووشی کـێشـە دەبن لەبەرێ کـارەبایی، زۆر هەوڵ دراوە بەپارە هەندێ مـولیـدەی هەزار (K.V) پەیدا بکەن، ڕێکخراوی(OFDA) بەڵێنی دابوو کەچەند مولدەیێکی هەزار (K.V) لەدەرەوە بێنێ، بەڵام لیژنەی سزاکان کە ئابلوقەی لەسەرعێراق داناوە، ڕێگایان پێ نادات ئەو موەلیدانە لەدەرەوە بێنن یانی هێنانی مولیدە لەدەرەوە گرفتەکەی پارە نییە، گیروگرفتەکەیان بێ پارەیی نییە کەناتوانن بیـهـێنن بەڵکو لیژنەی سزاکـان ڕێگە نادات وەکو پێمان گەیشـتووەو، وەکو زانیاریمان پەیدا کردووە گوایە لە کارگەکـانی جگەرە و چیـمەنتۆ هەندێ مولیدەی هەزار (K.V) هـەیـەو بێکارن ولەوێ مـاوون، من داوا دەکـەم ئەوانە بەکـار بێنن. بۆیە دوێنێ گـوتم: جـەنابی سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە پێویست ناکات وەزیری پیشەسازی و ووزە بێت من ویستم قسەکانم ئاراسـتـەی ئەوان بکەم کـە ئەوان خـۆیان، بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران و جـێگرەکـەی هەوڵێک بدەن، بەڵکو کارێکی وا دەکەن ئەو دەزگایانەی کە هەنە بێ ئیشن ئیشیان پێ ناکەن و

بەتایبەتی ئێستا لە سلێمانی کێشەی کارەبا تا سنوورێک چارەسەکراوە، بەڵکوچارسەرێکی بەپەلە دەکرێ چەند مولیدەی هەزار (K.V) پەیدا دەکەن و ڕەوانەی دهۆکیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. کەمال.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بابەتی کارەبای دهۆک زۆر درێژەی کێشاو خەڵکی دهۆک و دانیشتوانی ناوچەکە زۆر بارگرانی بێ کارەبایی ئەکێشن، پێویستە هەرچی لە توانا دایە بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێ و ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم بابەتە لەناو وڵاتدا جێبەجێی بکەین وەکو بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشنیاری کرد لەشوێنێکی ترەوە یارمەتیان بدرێت بەمەرجێک پەکی کارەبای ئەم نەکرێ، واتە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری پەیوەندیدار لەو بارەیەوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە، کە ماوەیەکی زۆری خایاند دەچێتە ساڵ و نیوێک، ئیتر لەوە زیاتر بەردەوام نەبێت و خەڵکەکە زیاتر بەهۆی ئەوەوە ئەو بارگرانیەو ئەو زەحمەتە ئەکێشن. پێویستە لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کەوا بەشێوەیەک بتوانین لە دەرەوە چارەسەری بکەین بەتایبەتی گیروگرفتی ئەم ئابلووقەیە کە باسی دەکەن وەیا ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر بیانەوێ من لەو بڕوایەدام ئەتوانن ئەو کێشەیە چارەسەربکەن، تا ئەگەر بەناوی ئەوەشەوە بێ کە بۆخۆیان جێبەجێی دەکەن، و من لەو بڕوایەدام کەمەسەلەکە ئەو دەوڵەتانە نینە کە ئەمڕۆ ئابلووقەیان خستۆتە سەر عێراق، بەڵکو زیاتر لەبارەی ئەو بابەتانەوە هەرچی شتێک لە کوردستان پێویست بێت بەتایبەتی بۆ ئەوەی کەوا بنەمای ئابووری وڵاتەکە بخاتەوە گەڕو ئەو کێشانەی کەوا هەمانە نەیهێڵین کە لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاوە قەدەغە دەکرێ، ئەگینا ئەوشوێنانەی کە هەوڵیان لەگەڵ بدرێت بزانن بۆ بابەتێکی وا مرۆڤایەتییە، من لەو باوەڕم لارییان نابێت کەوا ئەو پارچەو کەلوپەلانە بنێرن بۆ جێبەجێ کردنی ئەوبابەتانەی کەوا بەراستی پێویستە و پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سوپاسی برای بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم بۆ ئەم بابەتەی کە لەتازە بابەتی بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا خستیەروو و ڕێزیشم بۆ ئەم برادەرە هەیە، بەراستی بابەتی کارەبی ناوچەی دهۆک بابەتێکی

له جێگای خۆیەتی، ئەمە چەند جارە ئەم گرفتە بێتە بەردەم پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و هیچ چارەیەکی بۆ نەکراوە، ئیمە وەکو نوێنەری خەڵکی ئەم ناوچەیە نزیکی (٦٠٠) تا (٨٠٠) هەزار مرۆڤ تیایدا دەژین، بەراستی هەست دەکەین وەکو پشت گوێ خستنێک یاخود کەم و کوڕیەک هەبێ لەناو بابەتەکە، دەبێ بەزووترین کات هەوڵی بۆ بدرێ، تاکو بەزووترین کات کێشەی کارەبای دهۆک چارەسەر بکرێ، هەرچەندە برادەرانی ئاشووری دریغییان نەکردووە بۆ پشتگیری کردنی ئیمە، چ بە پەسند کردنی و، چ بە پێک هێنانی لیژنەکان و، چ لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار، بەڵام وەکو دەسەڵاتی ڕاپەراندن و وەکو حکومەت وا هەست دەکەین کەوا کەم و کوڕیەک لە بابەتەکەدا هەیە، بەڵام سەبارەت بە ئیمەوە زۆر ئاسانە وەک ئەوەی کە باس کرا کەوا بەستنی ئاوبارە ئیرتیوازیەکان بە کارەباوە چونکە لەوانەیە لە وەرزی هاوین کەسمان نازانێ لە ناوچەی ئاکرێ چ تەنگژەیەک و گیروگرفتێک ڕوودەدات، بڕواناکەم کەوا هیچ کەم و کوڕیەک هەبێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە، ئەوە ساڵێک و چەند مانگێکە خەڵکی ئەم ناوچەیە بێ کارەبان، چی تیادایە ئەگەر خەڵکی ئەم ناوەچەیەش هەر نەبێ بۆ چەند کاتژمێرێک کارەبایان نەبێت، هەروەکو ناوچەکانی تری کوردستان، وە دەبێ بە زووترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی کارەبای دهۆک کێشەیەکی نیشتمانییە، بەڕای من کێشەی گشتمانە، لەبەرئەوەی ئەوە بەرەو دوو ساڵ دەچێ ئەم کێشەیە هەروەکو خۆی ماوەو چارەی نەکراوە و توێژێکی زۆر کە لە (٦٠٠) هەزار کەس زیاتر لەو ناوچەیە دەژین. کە دەبێ بە زووترین کات چارە بکرێت لەبەرئەوەی ئەو گیروگرفتە تەنیا میللەت ناگرێتەوە، دهۆک شریانێکی سەرەکی ی بازرگانیە لەو وڵاتە داو خەڵکێکی زۆر هاتوو چۆمان دەکەن و تاقیکردنەوەیەکیشە سەبارەت بە حکومەت و پەرلەمان بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان، بەڕای من کێشەکە دوو لایەنی تێدایە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە گیروگرفتی دەرەوە من زۆر بە پەیوەنداری نازانم بە بارو دۆخی دەرەوە بەقەد ئەوەی کە پەیوەندیی هەبێ بە باری ناوخۆمانەوە، من وابزانم ئێمە لەم ماوەیە پارەکی زۆرمان خەرج کرد لە زۆر شوێنی خراپیش و لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی پارەیەک تەرخان بکەین بۆ ئەوەی کە کارەبا بگەڕێنینەوە بۆ ئەو شارە و چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حــــەمـــیــد ســــەلیم مـــیـــران.**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەکو هەموو لایەک دەیزانین شاری دهۆک و دەوروپشتی ژیانێکی زۆر نارەحەتیان هەیە، ماوەی ساڵ ونیوێکە لەو بارە نارەوایەن، ئێمە وەکو لیژنەیەکی کاتی کە دروستیان کردبوو بۆ کارەبای دهۆک چووین لەو بابەتە بکۆڵینەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لەوێ ڕێکخراوی «OFDA» بەڵێنیان دا کە بە پارەی پارێزگای دهۆک لەسەر حیسابی ئەوان هەندێ مەولیداتی گەورە دێنن بۆ ئەوەی ئەگەر هەندێ لە مەولیدەکانی ئاو وەستا لەجیاتی ئەوان بەکاری بێنن، بەڵام وا دیارە هەتا ئێستا هیچیان نەکردووە ئەوەی کە من دەیخەمە ڕوو لەسەرەتای مانگی (٨)دا بوو ئێمە لە (٨/٣) دا ڕاپۆرتێکمان بۆ سەرۆکایەتی نارد لەبارەی ئەم بابەتە و تێیدا ڕوونمان کردۆتەوە کە پێویستمان بە کەلوپەلی یەدەگ وکەلوپەلی تر هەیە، داوامان کردووە لەشارەکان، لەهەر شوێنێک هەبێت بۆیان بگوازنەوە بەڕاستی هەتا ئێستا لەوە ناچێ کە هیچ شتێکیان بۆ کرابێ و بابەتی کارەباش بە مولیداتی کارەبای کاتی بەراستی بۆ هەتا هەتایێ نابێ. مولیدەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک دادەنرێن پێویستە چارەسەرێکی سەرکی بۆ بدۆزرێتەوە، چارەسەری سەرەکییەکەش، دەبێ کارەبایان بۆ رابکیشرێت لە خەلیفانەوە بۆ نزیکی سەرسەنگ، بەرای ئێمە و بەرای لیژنەی پیشەسازی هەردوولامان وا بۆی دەچین کە ڕاکێشانی ئەو هێڵە لە توانای خۆمان دایە وەکو چۆن هی دەربەندیخان ڕاکێشراوە ئەوانیش دەیانتوانی ڕایبکێشن، هیوادارم ئەمە جێبەجێ بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــومــــەن:**

سوپاس، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نەهلە مــحـــەمـــەد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کێشەی کارەبای دهۆک کێشەیەکی زۆر کۆنە چەندەها جار لەم هۆڵەدا باسی لێوە کراوە، لەسەرەتادا وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئەو بابەتەی وا لەقەڵەمدا کە هەرگیز ناکرێت، چونکە ئەو کەلوپەلانە هەموو دەبێ لەدەرەوە بێ و ئێمەش ئەو پارەمان نییە و هەروەها لیژنەی سزا نێو دەوڵەتییەکان ڕێگە نادات، بەڵام لەو کۆتاییدا ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە ئەو ئیشە لە کوردستان دەکرێ. لیژنەیەک بۆ ئەمە وەکو کاک حەمید باسی کرد، سەردانی دهۆکمان کرد و لەوێ وورد بوینەوە کە «OFDA» گوتی دەبێ ئەو کەلوپەلانە پەیدا بکەین کە زۆربەی کێشەی ئاو و کارەبای خەستەخانەکانمان بۆ دابین دەکات، بەڵام دیارە تا ئێستا نەکراوە وەکو باسی کرد. کە ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بە پەرلەمان کرد پێشنیاری خۆمان پیشاندا یەک لەو پێشنیارانە پێشنیاری کاک فرەنسۆ بووکە باسی کرد، ئەویش دابین کردنی مەولیداتی یەدەگ لە دەزگاکانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەکو گوتمان ئەوە هەموو چارەسەری کاتییە ئەگەر ئێستاش پەیدامان کرد لەوانەیە ساڵێکی تر هەمان کێشەمان هەبێ و لێرە باسی لێوە بکرێ کە موەلیدات دیسان پەکیان کەوتوە ولەکوێ بیهێنین؟. بەڵام ئەوەی کەمن تێی گەیشتوومە لەوەزارەتی پیشەسازی و وزە کە ئامادەییان هەیە، بەڵام کێشەکە پارەیە پێش دوو مانگ وەزارەتی پیشەسازی و وزە نووسراوێکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە داوای (٩٢)ملیۆن دینار دەکەن بە قۆناغ، بۆ ئەوەی تەوەرەکانی پێ دامەزرێنن لە نێوان دوکان و دهۆک، بێگومان جەردێکی تەواویان کردووە، چەند تەوەرەیان هەیە (١٣٢) کەیڤی و هەندەک هێڵی گواستنەوە هەنە، بەڵام ئەو هێڵەی کە هەیە (K.V١٢٣) دەتوانین ئەو هێڵانە لەوێ بگوازنەوە ئەو رێگایە ئیتر ئی(K.V ٣٣٠) دابنێین و لە زۆر جێیی تر شتی وا هەیە، بەڵام ئەو پارەی کە خەمڵێنراوە بۆ هەڵکەندنی تەوەرە و کرینی هەندێک کەلەوپەل بۆ ئەوەی یەک هێڵ لە نێوان دهۆک و دووکان دابمەزرێت وەکو بەرێز کاک فرەنسۆ وتی کێشەمان پارە نییە، بەڵام من دەڵێم ئێستاکێشەمان پارەیە و لەوانەیە هەموو لایەک لە تەلەفزیۆن دیمان هەڵمەتێکی راگەیاندنمان کرد وەزارەتی پیشەسازی و وزە یەکەم تەوەریان دامەزراندو، ووتیان ئەوە دەست بەئیش دەکەین بەڵام وابزانم ئەوە تەنیا هەڵمەتێکی راگەیاندن بوو ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە ئەو ئیشە دەکرێ، بەڵام پارە نییە ئەگەر پارە هەبێ بەرای من ئێمە لەدوو ئیشێک بگەرێین کە بەردەوام بێت شتەکی کاتی نەبێت چونکە هەر لەدوو شتی کاتی بگەرێین ساڵەکی تر هەمان کێشەمان تووش دەبێتەوە، سوپاس.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

زۆر سوپاس نەهلەخان، بەڵام تێبینیەک هەیە تکایە ئەو شتانەی کەباس کراون بادوو بارە نەکرێنەوە ئیتر باری دهۆک وایە کارەبا گرنگە ئیتر ئەوە هەر لەسەرەتاوە کاک فرەنسۆ کە باسی کرد بۆ ئەوەی خاڵی تازە چی هەیە باسی بکەین و بگەینە ئەنجامێک کەچی بکەین؟، فەرموو کاک ئازاد.

**بەرێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من کە باسی لیژنە دەکەن راستە لیژنە ئەبێ دروست بکرێ، بەڵام من پێشنیارێکم هەیە ئەیخەمە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو لیژنەیە بێ چونکە لیژنە جیاوازی هەیە، جا لیژنەی خاوەن دەسەڵات جیاوازی هەیە لەگەڵ لیژنەیەکی تر لەناو پەرلەماندا یا لەدەرەوە بێ، من پێشنیارێک ئەکەم ئەم لیژنەیە ئاوا پێک بێ: یەکێ لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت، وەزیری پیشەسازی وەزیری دارایی، پارێزگاری دهۆک لەگەڵ چەند ئەندازیارێکی لێهاتوو ئەمانە ببن بە لیژنە، لیژنەیەک کە خاوەن دەسەڵات بێت کێشەی ئەو خەڵکە چارە بکات، و سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کارەبای دهۆک باس کرا، زۆر دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی موەلیداتی کرد، من ئەتوانم قسەکان بکەم بەدوو برگە، یەکێکیان برگەی کارەبای دهۆک و ئەوەی تریان کە باس کرا برگەی ئەو موەلیدانەی کە ئێستا هەیە لە هەولێر و سلێمانی، لە کارگەکانی چیمەنتۆ و جگەرەو کارگەی دەواجن لە هەولێر، جا ئەگەر بکرێت ئەم موەلیدانە بە کاتی کەم بگوازرێتەوە بۆ دهۆک ئەوا شتێکی زۆر چاکە، چونکە ئێستا موەلیداتی ئاوەکان (٢٤) سەعات ئیش دەکەن یانی ئەگەر یەدەگ نەبێت مەترسی لە راوەستانی مولیدەکانیش دەکرێ، ئێمە وازمان لەکارەبا هێنا بەیانی ئاویش دەبڕێ، جا ئێمە ئەوساکە چی بکەین بەبێ ئاوی وبەبێ کارەبا، جا من پشتگیری لە قسەکانی کاک فرەنسۆ دەکەم کە هەوڵێکی زۆر بدەرێت بۆ ئەو موەلیدە هەزار (K.V)یانە کە لە سلێمانی و هەولێر هەنە بیان بەن بۆ دهۆک بۆ پرۆژەی ئاو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کارەبا زۆر گرنگە و بێگومان لە هەمسوو بوارەکانی ژیان گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەبواری تەندروستیدا. پێش چەند رۆژێک لەگەڵ پارێزگاری دهۆک و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک کە وەزعێکی تراژیدی وزۆر ناخۆشیان دەگێرایەوە، مرۆڤ نەیدەتوانی بەرامبەر قسەکانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە خۆی ڕابگرێت، چونکە ئەوەندە بەئێش و ئازارەوە هەستی خۆی دەردەبری لەسەر باری نەخۆشخانەی دهۆک، چونکە پشتیان بە موەلیدات بەستووە و ئەگەر بێتوو موەلیدە پەکی کەوت ئەوا نەخۆش لە نەخۆشخانە ڕادەکات و باری دەروونی پزیشکەکان زۆر خراپە، چونکە ناتوانن هیچ شتێک بۆ نەخۆش بکەن. ئینجا ئەگەر بکرێت ئێمە وەکو پەرلەمان لەبەر ئەم بارودۆخە ناخۆشە بانگەوازێک ئاراستەی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان بکەین، تاوەکو بێن بۆ ئێرە و سەیری نەخۆشخانەی دهۆک بکەن و وێنەی بۆ بکێشن و ئەو بارودۆخە ناهەمووارە بۆ وڵاتانی تر بگوێزنەوە، بەڵکو شتێکمان بۆ بکەن و چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

جاکاک ئیبراهیم ئەگەر بەتێکڕا بڕیار بدەن کە لیژنەیەک پێک بێت بۆ ئەوەو بیکا بە ڕاپۆرتێک و

بێـدات بەدەزگـای راگـەیاندنیـش و لیـرەش باس بکرێت و بەدوای دابـچن، ئینجـا خـۆشت وەکـو پسپۆڕێک ئەگەر لەو لیژنەیە بیت، فەرمووکاک شمائیل.

**بەڕێز شـــــمــــــائیـل نـەنـۆ بنیـــــامـین:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێش ساڵێک من باسی ئەم بابەتەم کرد ئەویش بەبەکارهێنانی موەلیدە ئەوکات برا ئەندازیارەکان گومانیـان لەقسـەکەم پەیدا کـرد. بەڵام بەپێی شارەزاییم لەم ناوچەیەدا ئەتوانین دابەشی کـەین بۆ چوار کۆمەڵگا«زاخۆ، سێمێل، دهۆک، سەرسەنگ» ، ولە سەرسەنگ ئێستگەی گۆڕین مان هەیە« محطة التحـویل » ، لەوانەیە لەکاتی ئامـادەکردنی دوو مـوەلیـدەی گـەورە ناوچەی«شـیلادزێ و مانگێش» کارەبایان بۆ بچێت لەرێگای سەرسەنگەوە هەروەها بۆ دهۆکیش ئەچێت، بەڵام کارەباکە بە پرۆگـرام ئەبێت. چونکە ئەم بابەتە کـارێکی خـراپی کـردۆتە سـەر دانیـشـتـوانی ئەم نـاوچەیە، بەتایبەتی ماوەیەکی زۆری خایەند بەهۆی پشت گوێ خستنی. پێشتر باس لە پرۆژەیەک کرا کە لە خەلیفانەوە کـارەبا بۆ سەرسەنگ بێت بەڵام ئەم پرۆژەیە زۆر دوواکەوت هەروەها بە ئێوەمان گوت کـەوا کـەرەسـتـەیەکی زۆر لەم ناوچەیەدا هەیە، جـا ئەگـەر سـوودی لێ وەرنەگـرین ئەوا هەمـووی لەدەست ئەچێت. بۆیە بەڕای من لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست بکرێت بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە تاوەکو لەماوەیەکی دیاری کراودا چارەسەری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دیارە ئەم کـێـشـەیە کـێـشـەیەکی کـۆنە و ئێـمـە لەمـاوەی رابردوودا لە جـێـبـەجێ کـردنی کـارەبای دەربەندیخان بۆ سلێمانی لە نزیکەوە ئاگامان لە هەندێ پرۆژە هەیە حەزمـان کرد ئاگادارتان بکەین هەر ئەو کـادیرانەو ئەو ئەندازیـارانەی کـە هەڵسـان بە و ئیـشـەی لەدەربەندیـخـان بۆ سلێـمـانی پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە بە کەمترین خەرجی و بەکەمترین کات و بەنزیکترین ڕێگەش. خوشکە نەهلە باسی بەشێکی کرد ئێـمـە ناوەرۆکی ئەم بابەتەمـانە لایە کە ئامـادەکراوە، ئێـسـتـا لای ئەو ئەندازیارانەیە لەلای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانییە لە سلێمـانی، ئەگەر ئێـسـتـا وزەی کارەبایی هەیە لە دەربەندیخان لە دووکان کەرەستەکەمان هەیە کادیرە هونەریەکانمان هەیە پارەیش «الحـمـد لله» لە زۆر شـوێن هەیە هێـزیش هەیە بۆ پاراستن، ئیـتـر پێـویـست بەوە ناکـات ئێـمـە شکایەت لەخـەڵک بکەین و هەقە شکایەت لە خـۆمـان بکەین ئێـمـە خـۆمـان ئیـشـەکـە ناکـەین، لەمـاوەی هەفـتـەیەکدا من دەتوانم هەمـوو ئەندازیارەکان بێنمە بەردەسـتی جەنابتان و سەرۆکـایەتی

وەزیران بە هەموو ئەو نەخشەیەی کە دروستیان کردووە بە ئامادەیی خۆشیانەوە، بەوەی کە لە دەربەندیخان و لە کفری و لە سلێمانی کردوویانە بەوەش ئامادەن هەمان ئیش بکەن بەمەرجێک ئاسانکاریی ئیشەکەیان بۆ بکرێت وەزارەتەکانیش ئامێریان بدەنێ بۆگواستنەوەی شتەکانیان و پاسەوانییان لە پارێزگای دهۆک و هەولێردا بۆ بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

سوپاس خۆمان مەبەستت لەدەزگای جێ بەجێکردنی پەرلەمانە؟، خۆ پەرلەمان ئیشی جێ بەجێ کردن ناکات، ئایا ئەو شتەی جەنابت گوتت دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران؟

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەگەڵیان باسکراوە، پێم وایە هەر بەشێکی من ئاگادارم وبڕیار وا بوو لەدانیشتنی رابردوودا نەخشەکان بێنن بۆ ئێرە، ئەندازیارەکان خۆشیان ئامادەن بێن لێرە باسی بکەن و ئەو بەرنامەی کە هەیانە بیخەنە بەر دەستی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ روون کردنەوەک بڵێم خاتوو نەهلە و کاک محەمەد حەسەن باڵتە هەردووکیان ئاماژەیان بەقسەی مندا، هەردووکیان راست دەکەن، من کە گوتم کێشەکە پارە نییە من کێشەی پارەم بۆ ئەوە گوتوە بۆ کڕینی چەند موەلیدە گوتم کێشەکە پارەیە باسی پرۆژەیەکی تایبەتیم نەکردووە، خۆشی دوو بەشە، من پێم وایە هەق نییە تێکەڵی بکەین ئەوەی من خستمەڕوو ئێستا هەندێ شتی بەپەلە خەریکە پرۆژەی ئاو دەوەستێ، خەستەخانە خەریکە باری زۆر خراپ ببێ ئەمە بەدەرە لەو پرۆژەیەی کە لێرەیە، لەو پرۆژەیە کارەبای دوکان بگەینینە ئەوێ، ئەوەی کاک شەوکەت گوتی راستە زۆر ئەندازیاری تریش هەن من ئاگام لێ یە کەپرۆژەیان پێشکەش کردووە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە داوایان کردووە کە بەکارەکە هەڵسن، بەڵام ئەوە دیارە کاتی دەوێ، نازانم بۆ دەست پێ ناکەن؟ بەڵام ئەوەی ئێمە دەیخەینە روو بەپەلە، هەندێ ئامێر من حەزدەکەم زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکرێ پاشان لەگەڵ حکومەت ئێمە دەتوانین دابنیشین بزانین بۆ ئیشەکە دەست پێ نەکراوە؟ ئەمە کاتی دەوێ، کاتێکی زۆری دەوێ تا بیگاتێ، بەڵام مووەلیدەکان من پێم وایە زۆری ناوێ لیژنەکەش بۆ ناردنی موەلیدە پێم وایە لیژنەی ناوێ لیژنەیەک پێک بێن جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی بانگی یەک دوو ئەندازیار و بەڕێوەبەری کارگەی

جگەرە و دەواجین و چیمەنتۆ بکەن لێیان بپرسن ئەگەر راستە هەندێ ئامێریان هەیە کە ئیشیان پێ نییە زیادە؟ بە شێوەیەکی کاتی پێمان بدەن تا پرۆژەکە سەردەکەوێ من ئەوەیە کە داوام کردووە، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مەلا هادی.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو کارەبایەی دهۆک شتێکی شاراوە نییە و ئێمە هەموومان لەگەڵ مەینەتی خەڵکی دهۆکین، بەڵام وەکو کاک فرەنسۆ گوتی جارێ ئێمە شتێک بکەین بەدووشت ئەوەی کە پەلەیە ئەوە بکرێ ئەوەی کەوا پلانە و پێویستی بە زۆر شت هەیە ئەوە دوایی نەخشەی تایبەتی بۆ دابنرێت، من پێشنیار دەکەم پێویستە وەزیر ئامادە بایە لەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئایا تواناى چ هەیەو چی کردووە و چی پێ دەکرێت؟ سێیەم دروست کردنی لیژنە ئەمە بەرپرسی لیژنەکانی کێشەی کازەبا ئیشەکەیان تایبەتە بەلیژنەی کارگوزاری، واتە لیژنەی خزمەتگوزاری کە تایبەتە بە ئیشی کارەبا، دەبوایە کە ئەو لیژنەیە دروست دەکرا، یەکێک لەلیژنەی پیشەسازی تێدا بایە، بەڵام ئیشە خزمەتگوزاریەکان دەبوایە لیژنەی کارگوزاری بەشداری بکردایە کەچی ئاگاداریش نییە لەو لیژنەی کە چووە چەند جاریش راپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاریی لەسەر کارەبای دهۆک نووسراوە وپێشنیاری تایبەتی هەبووە، زۆر کەس هەن وەکو برادەران باسیان کرد پێشنیاریان داوە نەخشەی ئەوەیان کردووە پەیوەندییان بەبرادەرانەوە کردووە بەوەزیران بەئەندامی پەرلەمان، بە ئەنجوومەنی وەزیران، کە ئامادەییان هەیە چ لەماوەی «٦» شەش مانگ تا ساڵێک بێت بیکەن بە نرخێکی گونجاو. ئەمە ئەگەر بێتو لێی بکۆڵردێتەوە شتێکی باشە، بەڵام پێشەکی هەوڵ بدرێت وەکو کاک فەرەنسۆ وتی چەند مووەلیدەیەک بکرێ بۆ ئەوەی بنێردرێ بۆ ئەوێ، نەک بۆ کارەبا بەڵکو بۆ ئەوەی پەکیان نەکەوێت بۆ ئاو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. عیزەدین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتەیان گوت بەرای من ئیشەکە پەلە کردنی پێ دەوێ، ئەوەی لە شارەزایانم بیستووە ئەوەی برادەران ئەیانویست ئەوەیە ئەو پرۆژەیە بەباشی دەست پێ بکەین،

وائەزانم لە تەلەفزیۆندا دیمان کەدەست پێکراوە لە دووڕیانی خەلیفان یەکەم تاوەر دامەزراوە دەتوانرێ لەم چەند شوێنەوە پارە ئامادە بکرێت، کادر ئامادە بکرێت، هەردووکی لەچەند شوێنێکەوە ئیشی تیا بکەن لەبەر ئەوە بە ماوەیەکی کەمتر ئیشەکە ئەکرێ، شارەزاکان ئەڵێن ئەوە نییە کە بڵێین بیگری لە ئاکرێ وە تا ئەگەینە دهۆک، نەخێر لەچەند شوێنێکەوە ئیشی تیا بکەین زوو بکرێ، ئەوی تریش پەلەی لێ بکرێ بۆ ئەم ماوەیە تا پرۆژەکە تەواو دەبێت پاشان ئێمە کۆمەڵێک کرێکاری بێکارمان هەیە لە هەموو شوێنێکدا ئەیانەوێ لەکارگەکانی ترەوە کۆمەڵێ کرێکارمان لە کارگەکاندا لە فەرمانگەکاندا فەرمانبەرمان هەیە ئیشیان نییە، ئەوەش کارێکی نیشتمانییە و مووچە وەردەگرن، ئیش بەوانە بکەن بڵێین کاری نیشتمانییە وەرن لەم پرۆژەیە ئیش بکەن هیوام وایە بکەوینە کارو ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو تێبینییانە، بەراستی وەکو وترا دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی کە بەپەلەیەو پێویستەکە بکرێ، ئەویش پەیداکردنی مۆلیداتە لەوەی کە لە کوردستاندا هەیە بۆ ئەو جێگایانەی کە پێویستیان پێی نییە یان پێویستییەکە کەمترە، ئەگەر لەوەی بۆ دهۆک بێت بۆ ئەوەی بتوانرێ پرۆژەی ئاوو خەستەخانەکانی پێ دابین بکرێت وەکو پێشنیارێک ئەگەر بەدڵتانە ناوەڕۆکی ئەم باسە بەنامەیەک بنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەزووترین کات ئەو مۆلیدانە دابین بکاو بگواسترێتەوە بۆ دهۆک، خاڵی دووەم ئەو پرۆژەیە کە کارەبا بڕوا بۆ دهۆک وەکو لە هەولێر هەیە وەکو لە سلێمانی هەیەو ئەوەش شتێکی بنەڕەتییە، بەڵام ئەمەیان نییە بۆ ئەوەی لیژنەیەک پێک بهێندرێت وەکو پێشنیار کرا لیژنەکەش پێویست نییە زۆر کەس بێت لەوانەبێ کە گرنگیان بە ئیشەکە داوە و لیزانینێکی هەیە، بەرای ئێمە وابزانم پێنج کەس بەسە و لیژنەیەک پێک بێت لەهەردوو فراکسیۆن و لیستی مۆریشی تیا بێت چونکە ئەوان لە بنچینەدا دەوری هەموو ئەوانەی کە دەوریان بووە شارەزاییان هەیە جا ئەگەر ئەو پێشنیارەتان بەدڵە ئەوە بەڵکو برادەرانی فراکسیۆن و ئەندامانی خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە دەستنیشان بکەن و هەروەها لیستی مۆریش، فەرموو کاک د.کەمال.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو مامۆستا مەلا هادی ئاماژەی بۆ کرد یەکێک لەکەموکوڕیەکانی ئەم کۆبوونەوەیەو ئەم وتووێژانە ئەوەیە کەوا نوێنەرێکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە نییە بەتایبەتی وەزیری پەیوەندیدار یاخود هەرکەسێکی تر کەوا پەیوەندییان بەو مەسەلەیەوە هەیە ئەتوانن ئەوانیش لەبیروڕای خۆیان و هەروەها لەو هەوڵ وکۆششانەی کەوا داویانە ئاگادارمان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پوختەی کەوا ئێوە

پێشکەشتان کرد بۆ ئەم مەسەلەیە «پەلەکە» ئەوەیە کە بە زوویی بتوانین فریایان بکەوین وچارەسەری کێشەکەیان بکەین، هەندێک هەنگاوی پێویست بنێرێ و بۆ مەسەلەیەکی تریش کە هەتاسەر ئێمە ناتوانین ئەو کێشەیە بەکاتی چاسەرەر بکەین وەکو پێویستە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزینەوە، ئەوەش ئەوەیە کە ئەو هێڵەی گەیشتۆتە خەلیفان لەوێوە درێژ بۆتەوە تاکو زاوێتە، وسوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز کە کردی راستە ئێمە لیژنەی هەمیشەییمان هەیە لیژنەی خزمەتگوزاریشمان هەیە دەتوانین لیژنەی خزمەتگوزاری و لیژنەی پیشەسازی چەند کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ ئەوەی بۆ خۆیان رێک کەون و، دەتوانن سەفەریش بکەن و راستەوخۆ سەیری بارودۆخەکەش بکەن، بەراستی ئەوە هەموو رۆژێک هەر لیژنەیەکی تایبەت پێک بێت باشە لیژنە هەمیشەییەکان دەوریان چییە و بۆچییە؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چوونەکەی برای بەڕێزم کاک د.کەمال زۆر لەجێی خۆی بوو، ئەو لیژنەی کەباسی کرد کۆبوونەوەیەک بکەن وەختەکە دیار بکەن ئەو برادەرانەی کە حەزدەکەن تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بەشدارییان لەگەڵدا بکەن بۆ دراسەتی وەزعەکە، هەقە دەعوەتیان بکەن بۆ نموونە کاک کەمال دووبرادەر دەستنیشان بکات کە بۆ یەک دوو دانیشتن بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی و وزە لەگەڵ ئەوان هاوکاری بکەن تاکۆتایی بەمە دێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

سوپاس، ئەوە وابزانم کراوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئەبو بەکر مستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو بابەتە دەمەوێ بڵێم زۆری دەدزرا و تێلەکان و فنجانەکان خەڵک دەیانبات، وەزارەتی پیشەسازی بابێن ئێمە یارمەتیان دەدەین و هاوکاریان دەکەین و پاسەوانیان بۆ دادەنێین بەڵام ئەوان با «عامود»ـەکان لە عەنبارێک یان لە جێگایەکی تایبەت بۆ خۆتان دایان بنێن. بەڵام هەر وەلامیشیان نەدایەوە باشە نابێ لێ پێچانەوەک هەبێت؟ هەر کەس بە ئارەزووی خۆیەتی دێ ساڵێک دوو ساڵ وەزیر دەبێ دوایی کە دەڕوا هەندێکیش بەبەژن و باڵای دا هەڵدەڵێن تازە پلەی

وەزیریشی وەرگرتیە کەس نابێ پێی بڵێ پێت خوار دانایە، وەکو پەرلەمان پێش هەموو شتێک وەزیری پیشەسازی بانگ بکەینە ئێرە وپێی بڵێین تۆ ساڵێک و (٨) مانگە لەکوێ بووی وچیت کردووە؟ لەدهۆک کەنەتان کردووە هۆی چییە؟ ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران وتیان نابێ بیکەن و پارەتان نادەینێ و پێمان خۆش نییە ئەو کات قسەیەکی ترە، بەڵام پێم وایە ئەنجوومەنی وەزیران بێت ئێمەش وەکو خەڵک دەڵێین حکومەت نایکات حکومەت کێیە باخاڵ لەسەر پێتەکان دابنێین، وەزارەتی پیشەسازی لەبەر ململانێ نەیتوانی ئیشەکەی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

جا لەوانەیە دارایی پارەیان نەدابێ؟ فەرموو.

**بەڕێز ئەبوبەکر مستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر هەموویان کۆک بن وەزیری دارایی لەو گۆڕەی حکومەتێکی سەربەخۆ نییە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

ئیتر وابزانم ئەو خاڵە زۆر باسی لێوەکرا تەنها ئەوە بوو کە پێویست بە تێبینی برایان د.کەمال، کاک فرەنسۆ ئەوە بوو کەپێویست بە لیژنەیەکی تایبەت ناکات، لیژنەی پیشەسازی و وزە کەئەوە ئیشیتی ئەو لیژنەیە بۆ هەموو ئەندامێک دەتوانن دابنیشن و ئامادەش بن و ئەوانەی کەدوای ئەو بابەتە کەوتوون ئەتوانن هاریکاریی لەگەڵ لیژنەی وزە و پیشەسازی بکەن راپۆرتێک بدەن بە ئێمە، ئێمەش لێرە دەیخوێنینەوە وپاش خوێندنەوەی داوای وەزیریش دەکەین لێرە ئامادە بێت و ئینجا ئەیکەین بە بڕیارێک کە بەقەدەر ئەوەی بتوانین جێبەجێ بکرێت ئەگەر ئێوە ڕازین، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆچوونەکەی جەنابت لەجێی خۆیەتی بەڵام پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەو لیژنەیە یەکەم کاریان کە دەکەن سەردانی مەیدانی ئەو شوێنانە بکەن کە گوایە مولیدەی هەزار(K.V) یان هەیە یان مولیدەی زیادیان هەیە ئەگەر وایە هەبێ لە هەندێ شوێن بزانن هەر راپۆرتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بنووسن بۆ ئەوەی ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، بەڵکو هەنگاوێک بهاوێژن بۆ ئەوەی ئەو مولیدە زیادانەی کە هەن بینێرین بۆ دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

زۆرباشە، بەڵام ئێمە لەم کۆبوونەوەیە داوای ئەو مولیدانە دەکەین لەچ جێگایەک هەبێت زیادە

بێت یان کارەکەی ئەوەندە نەبێت وەکو لە دهۆک جێ ئەگرێ ئەو داوایە ئەمرۆ لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەین و ئەوەی کە جەنابیشت ئەیڵێی کەیەکێک لە ئەرکەکانی ئەو لیژنەیە بزانن لە چ جێگایەک هەیە ئەمە شتێکی باش دەبێت وهۆکارێکی یاریدەدەرە، گفتوگۆکردن بۆ باری منداڵە ئەنفال کراوەکانمان پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز ئەگەر کاک د.کەمال بفەرمووێ.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو زانیارییەی کەوا پێمان گەیشتوە لەبەشی زۆری قوتابخانەکاندا منداڵە ئەنفال کراوەکان ئاگادار کراون کە ئەگەر هەتا نیوەی ساڵ ئەو ناسنامانەی کە پێویستە پێشکەشی نەکەن ئەبێت دەوام بەجێ بهێڵن ، لەم بارەیەوە حەزدەکەین کەوا پەرلەمان باسی ئەو مەسەلەیە بکات و بریارێک بدات کەوا لە هەر لایەنێکی باوەڕ پێکراوەوە ئەوانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیجازەیان هەیە باوەڕیان پێکراوە ئەگەر بەڵگەنامەیەک بهێنن ئەوە لەباتی ئەو ناسنامانە وەربگیرێ، ئەو ناسنامانەی کەوا پێویستە پێشکەشی نەکەن ئەبێت دەوام بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی ئەو منالانەی لە خوێندن دوور نەکرێنەوە هەتاوەکو ئەو بەڵگەنامانەی کەوا پێویستن بۆیان جێبەجێ بکرێ، چونکە وەکو بیستوومانە هەندێ لەبەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان ئاگادارکراونەتەوەئەگەر بێتو تاوەکو فلان رۆژ ئەگەر ئەو ناسنامانە نەهێنن ئەبێ قوتابخانەکان بەجێ بهێڵن، ئینجا لەو بارەیەوە حەزم دەکر ئەو خوشک و برایانەی کە زانیاریان زیاتر هەیە دەتوانن بەبەڵگە و بە نموونە ئەو باسانەمان بۆ بکەن، ماوەی قسەکردنیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین لەوبارەیەوە چ بریارێک بدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من روون کردنەوەیەکم دەوێ، ئایا کێشەکە لەسەر ناسنامەیە یا بڕوانامە؟ چونکە ئەگەر لەسەر ناسنامە بێت زۆر ئاسانە دەتوانن ناسنامە و شتی وا دروست بکەن، بەلاّم لەوانەیە لەسەر بروا نامە بێت ئینجا حەز دەکەم روونکردنەوەیەک لەسەر ئەوە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید جەباری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی خێزانە ئەنفالەکان هەریەکە ناسنامەیەکی بۆ کراوە کە ناسنامەی ئەنفالکردنە، بەلاّم وادیارە

ئەو ناسنامەیە وەکو بلێین بۆ قوتابخانەکان دەست نادات لەوانەیە داوای ڕەگەزنامەیان لێ بکەن یان «هويةالاحوال المدنية»یان لێ داوا بکەن لەبەرئەوە دەبێ ئیمە شتێکی وابکەین کە داوا بکەین لە حکومەت وەکو «تەعمیم» بۆ وەزارەتی پەروەردە یا شتێکی وا ئەو خێزانە ئەنفالکراوانە ئەوەی ئەو کارتانەی هەیە هیچ نەبێ بۆ داهاتوو هەوڵ بدەین ڕەگەزنامەیان بۆ دەربکەین یان هەوڵ بدەین ناسنامەکەیان لەقوتابخانەکاندا کاری پێ بکرێ و ئەو شتانەیان لێ داوا نەکەن. من بەش بەحاڵی خۆم لێپرسراوای دوو کۆمیتەم کە لە ایطالیا دامەزراوە یارمەتی خێزانە ئەنفال کراوەکان ئەدەن یانی ئەو خێزانە ایطالیانە بۆ ئەوەی هەستێکی مرۆڤایەتیان هەبێ کە یارمەتی خێزان ئەنفال کراوەکان دەدەن ئەو منداڵانە بەخێو دەکەن، باشە ئێمە خۆمان بۆ شتێکمان بۆ نەکرێ؟، کە بتوانین بەلانی کەمەوە گەر بەخێویشیان نەکەین ڕێگای خوێندنەکەیان لێ نەگرین؟ یانی من داوا دەکەم کە وەزارەتی پەروەردە «تەعمیم» بکات ئەوانەی خێزانی ئەنفالن خۆیان ناسنامەیان هەیە یان ناسنامەیان بۆ کراوە با ڕەگەزنامەیان لێ داوا نەکەن تاکو چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ یاسا هەیە ڕێگە لەوەدەگرێت کە ئەو منداڵە ئەنفالانە«هوية الاحوال المدنية»یان پێ بدرێ. دەرهێنانی ئەم ناسنامەیە پێویستی بە کۆمەڵێک«إجرائات» هەیە و پێویستی بە کۆمەڵێک پێداویستی هەیە. ئەوەی کە زانراوە لای ئێمە کە سەیری ئەم ناسنامەیە دەکەین لەسەرەوەی ژمارەی تۆمار و ژمارەی لاپەڕەی تیادایە. ئەو منداڵە ئەنفال کراوانە هەموو خێزانەکانیان زۆربەی زۆری دێهاتەکانیان ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەعس دانە، ئەو ناوچانە ئازاد نەکراوون و هەروەها «سجلات الاحوال المدنيه»دۆسیەکانی ئەو خێزانانە نەماون، فەوتاوە و هەر منداڵە ئەنفالێک ئێستا بەبێ دایک و باوک و بەبێ خێزان ماوەتەوە کە کەسێک نییە سەرپەرشتیان بکات، پێویستی بەوە هەیە کە ناسنامەی نوێیان بۆ دەربکرێت، هەرکەسێکیش ئەگەر هاتوو ناسنامەی نوێی لەبۆ دەرهات پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە باری شارستانی، ئەو لێکۆڵینەوەش بەراستی من چەندەها لێکۆڵینەوەی وام دیوە لەوانەیە بیێت بە کوراسەیەک بۆ ئەوەی سەر لەنوێ تۆمار بکرێت هەتاوای لێ بێت کە دەیگەڕێننەوە سەر یاساکانی ساڵانی ١٩٣٤و پاشتریش و هەروەها لەو «شاهیدانە»ی کە داوایان دەکەن لە لێکۆڵینەوەکە دەبێ تەمەنیان لەنێوان پەنجا و شەست ساڵیدا بێت. بەڵام ئەو منداڵە کە دایک و باوکی نەمابێ و دێهاتەکەی وێران بووبێ باشە ئەو لێکۆڵینەوە چۆن دەکرێ؟ بۆیە من پێم وایە پێویستی بە

بریارێک هەیە لەپەرلەمان کە چارەسەرێکی خێرایان بۆ بکرێت با ساڵی خوێندنیان لەدەست نەچێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە من پێشنیارم بەوەکرد کەدەردی ناسنامەو قوتابخانە یەکێکە لەدەردەکانی منداڵی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفالەکان، ئێمە کاتی خۆی وەکو لیژنەی کاتی ئاوارەکان لە راپۆرتی تایبەتیماندا چەند پێشنیارێکمان پێشکەش بە حکومەت کرد، لەوانە چەند پێشنیارێکی تێدا بوو لەسەر باری ئەنفالەکان. لەراستیدا ئێستاش بەشێک کراوەتەوە لە پارێزگای کەرکووک وەکو بڵێین بەشی ئەنفال بەڵام نازانین ئێستا دووبارە ئەو لیژنەی دووەممان ئەچێتەوە بۆ ئەوێ تا. بزانین ئەو بەشی ئەنفالانە لە پارێزگای کەرکوک چیان کردووە؟ بە هەر حاڵ ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا کە ئاماژەی بۆ بکەم، ئێمە تا ئێستا ژمارەیەکی ورد و تەواوی رێکوپێکی ئەنفالەکان نازانین ئەو ژمارەی (١٨٢) هەزار یا (١٨٠) هەزاری کە ئاماژەی بۆ دەکرێ بەراستی ژمارەیەکی مەزندەییە، پێش هەموو شتێک من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سەرژمێرێکی وردی ئەنفالەکان بکرێت ئینجا هی ئەو منداڵ وخێزانانەی کە لەپاشیان بەجێماون، ئەوەی خوشکە گەلاوێژ ئاماژی بۆ کرد شتێک بکرێت کە پەروەردە و قاوتابخانەکان ئیشی قوتابیانی ئەنفالکراو پاشماوەی ئەنفالەکان بەرێوەببەن وگرفتیان نەخەنە پێش، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کاک یەحیا ئیستا بابەتی تایبەتی ئەوەیە قەبووڵ کردنیانە لە قوتابخانە، فەرموو کاک یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ کە پێشنیار کرا تەنیا باسی ئەوە کرا کەباسی ئەنفال دەکەین باسی قوتابخانە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

خاوەنی پێشنیارەکە فراکسیۆنی سەوز بوو بۆیە بەڕێز د.کەمال هەڵسا و وتی ئەوە کێشەیە، ئینجا هەموو گفتوگۆیەکەش لەسەر ئەو دوو کێشەیە بوو، وتیان دوو کەس بۆچونی فراکسیۆنی سەوز دەردەخات ئەویشیان گەلاوێژخان و کاک ئەیاد بوو، جا ئەگەر ببووری ئەو بابەتە بابەتی دابەشکردن و ئەوانە ئەتوانین بیخەینە بابەتێکی ترەوە ئێستا ئەو کێشەیە هەیە پێیان وتوون ئەبێ قوتابخانەکانتان بەجێ بهێڵن جا ئەگەر لەسەر ئەوە جەخت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شـێخ یەحـیـا عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پشتگیری تەواوم بۆ ئەم پێشنیارە هەیە ئەگەر پسوولەیەک یا ناسنامەیەک یان شتێکیان هەبێ کە ئەوانە منداڵی ئەنفالکراوەکانن لەوانەیە قبوول بکرێن، ئەوە جێی خۆیەتی، بەڵام بەراستی لەگەڵ ئەوەشدا منداڵە بێ کەسەکان، کەسیان نەماوە، ئێستا بەدەیان منالمان هەنە بەسەدانیش بابڵێین لە چەمچەماڵ و کەلار کەسیان نەماوە ئەوانە پێویستە قوتابخانەی تایبەت وبەشی ناوخۆی تایبەت و یارمەتی تایبەتیان ببێ، ناسنامەیان بۆ دروست بکرێت، وسوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحـمـەدتاهیـر ئەحـمـەدنەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

دەربارەی ئەنفالەکان هەرچەندە لێی بدوێن وباسی بکەین کۆتایی نایەت، بەڕاستی ئەنفالەکان مافی ئەوەیان هەیە کەوا هەموو لایەک یارمەتیان بدەن و دەستی هاریکاریان بۆ درێژ بکەن و خزمەتیان بکەن. لەبارەی ئەنفالەکان ئەوەی کە پێویستە لەبارەی ئەو پڕۆژەی کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی کراوە ئەوەیە کە پەلە بکرێت، یەکەم لە قوتابخانەکان کە تا ئێستا وەرناگیرێن و دەریان دەکەن، دووەم لە دادگاکان تا مەسەلەی «القسام الشرعي»یان هەیە کە پێشکەشی دەکەن بۆ ئەوەی کە کچێک تەمەنی هاتووە شووبکات یان کوڕە دەیەوێ ژن بێنێ یان بێوەژنە ماوەتەوە دەیەوێ «قەسامی شەرعی» بۆ خۆی دەربێنێ ناسنامەی باری شارستانی نییە ڕەگەزنامەی عێراقی نییە هیچ پسوولەیەکی بەدەستەوە نییە، ئەوانە پێویستیان هەیە، بە بۆچوونی من ئەوەیە کە داوا بکرێت ئەنجوومەنی وەزیران «تەعمیمێک» دەربکا بۆ گشت وەزارەتەکان کە ئەگەر هات و کاری ئەنفالەکان هاتە بەردەستیان پەلەی لێ بکەن و یارمەتیان بدەن و ڕانەوەستن لەسەر پسوولە و لەسەر ناسنامە و لەسەر ڕەگەزنامەی عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەتوندی پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم و داوا دەکەم بە زووترین کات بڕیاری بۆ بدرێ و ئەو لیژنانەی پەیوەستن بەو کارەوە بەستراون وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و لیژنەی پەروەردە و لیژنەی ناوخۆ بتوانن لەگەڵ لیژنەی یاسا بگەنە ئەنجامێک و ئەو دامودەزگاو

ڕێکخراوانەی کە هەن و پەیوەستن و تایبەتمەندن بە کاروباری منداڵان بە تایبەتی منداڵە ئەنفال کراوەکانیش بتوانن کۆمەک بکەن لەگەڵ ئەو دەزگایانە بۆ ئەوەی بە زووترین کات چارەسەریان بۆ بکرێت، لەبەرئەوە داوا دەکەین بە زووترین کات بڕیار بدرێ بۆ ئەوەی ئەو زامە قووڵتر نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەبوبەکر.

**بەڕێز ئەبوبەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو برادەرانە زۆر شتی پەیوەندیداری ئەنفالەکانیان باس کرد، منیش دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە منداڵی ئەنفال کراوەکان لەسەر نەبوونی پسولە لە کەل و پەلی خۆراکی بێ بەش نەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

ببورە جەنابت ئەگەر دەرفەت بدەیت، ئەڵێین گفتۆگۆ کردن دەربارەی منالە ئەنفال کراوەکان، ئەو پێشنیارەی کە کرا سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دیاری کرد کێشەکە چییە، دوو کەسی دەستنیشان کرد کە باسیان کرد، بابەتەکەکێشەی ئەنفال کراوەکان نییە وەکو ئەوەی کێشەی ئەو منداڵانەیە کە لەقوتابخانەن دەریان دەکەن ئەوەی لەقوتابخانە نین نایەڵن بچن، چونکە هیچ بەڵگەنامەیەکیان پێ نییە، فەرموو.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەمن دەمەوێ باسی بکەم بێگومان ئەوە کۆتایی ساڵە، بەڵام سێ ساڵە لەبەر نەبوونی پسولەی شەخصی منداڵی ئەنفال کراوەکان لەکەلوپەلی خواردەمەنی بێ بەش کراون ئێستاش کۆتایی ساڵە چەند ڕۆژێکی تر سەری ساڵ دێ ئەگەر ئێستا باس نەکرێ بمێنێ بۆ کاتێکی تر من پێم وایە لەساڵی ١٩٩٥ ئەوە بێ بەش دەبن، ئەوەی من ئەمەوێ بیڵێم ئەوە کە بڕیارێک دەربچێت بۆ ساڵی داهاتوو ئەو منداڵە ئەنفال کراوانە بێ بەش نەکرێن، چونکە بەراستی ئەگەر چاوەڕێی پرۆژە بکەین چاوەڕێی کۆبوونەوەیەکی تر بکەین ئەوە دیسان سەری ساڵ لەگەڵ سەرژمێری ئەواندا دیسان بێ بەش دەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بەختیار.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برادەران چی وایان بۆ بەجێ نەهێشتین، من تەنها بەیەک دوو هانگاو بۆ ئیشەکە دەچم هەرچەندە برای بەڕێزم کاک سیروان هەمان بۆچوونی هەبوو کە پێک هاتبوو لە دوو شت (یەک) ئەوەبوو کە خوشکە گەلاوێژ پێشنیاری کردکارێک بکرێت کە ئەوانە لە قوتابخانەکانیان دەرنەکرێن. (دووەم) ئێمە ئامارمان لە پێشە لەو زووانە ئامار دەکرێ ئەگەر بکرێ دەتوانن لە قوتابخانەکان قبوولیان بکەن. ئەو پێشنیارەی خوشکە گەلاوێژ ئەو کاتە حسابێکی تایبەتیان بۆ بکرێ. بە رێکوپێکی سەرژمێر بکرێن و چی پێویستە بۆیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

سوپاس،فەرموو کاک مەزهەر.

**بەڕێز مزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان رژێم وەنەبێ هەر مەسەلەی انفالی کردبێ، گوندو دێهاتێکی زۆری لە کوردستان کاول کردووە، رژێم جگە لە ئەنفال کردنی مالی کوردی زۆری کاولْ کردیەو کیمیا بارانی زۆر شوێنێ کردوە، ئەوە بوویتە هۆی ئەوەی کە زۆر منداڵ بەبێ دایک و باوک بمێنەوە هیچ جۆرە ناسنامەیەکیان نەبێ جا ئێستا هەر ناوی ئەنفالی لێ نراوە، دەبێ ئەوەش ئەگەر ئەو بارە ئەگەر بێتە کایەوە ئەوە شمولی ئەوانە بکات یانی ئەو منداڵانە مشوریان بخورێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بابەتی منداڵە ئەنفال کراوەکان بەراستی ئەبێ ئێمە فێر بین لە خەڵکی تریش کە ئەو کێشە گەورانە ئەبێ بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی هەبێت سەر بە وەزارەتێک بێ ئینجا ئەو وەزارەتە، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیە یان ئەنجوومەنی وەزیرانە یان وەزارەتی ناوخۆیە. بەراستی ئەو کێشەیە گرنگە لەبەرئەوەی لایەنی مرۆڤایەتی تێدایە و لایەنی تایبەتی هەیە بۆ ئەوانەی دەرکراون. لە (جۆلان) من خۆم دیتم چۆن چارەسەری کێشەیان دەکەن ئێمە لێرانە بەداخەوە وەزاراتمان هەیە و لە ناویاندا وەزارەتی پەروەردە مامەلەی زۆر رۆتینی دەکا لەگەڵ

ئەوانە، لەبەرئەوە زۆر منالّ بێ بەش دەکەن. ئینجا ئەگەر بتوانین بەزووترین کات ئەو مەسەلەیە چارە بکەین بەراستی هەر لەگەڵیدا کێشەی گشتی ئەنفالەکان و دەرکراوەکانیش چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

زۆر سوپاس، رەنگە ئەوە لە وەزارەتی تازەی کاروباری کۆمەلایەتی لە تەشکیلاتی ئاوا پێک بێت، وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی و ئیستا وەکو تێگەیشتین ئێمە ئەوە بوو کە بەزووترین کات پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردە بکەین کە ئاگاداری قوتابخانەکان بکات کە ئەوانەی ناسنامەی ئەنفالەکانیان هەیە منالەکانیان قبوول بکرێن لەقوتابخانەکانی کە ئێستا هەنە دەرنەکرێن،فەرموو کاک محەمەد ئەمین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە پێشنیارێکی دیاری کراوە بۆ ئەوە هاتووە کە هەندێ منالّ هەن لەبەرئەوەی کە دایک و باوکیان ئەنفال کراون ئاوا ماونەتەوە، رەگەزنامەیان نییە لەقوتابخانە وەرناگیرێن، ئەمانەو یا وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکرێتەوە لیژنەی یاسا بریارێک دابرێژێ و وەزارەتی ناوخۆش بریارێک دەربکات تا ئەو کاتە چارەسەری ناسنامەیان بۆ دەکرێ و رەگەزنامەیان بۆ ئەکرێت نەک لە پەروەردە لە هەموو فەرمانگەکانی ترەوە کاروباریان نەوەستێ چونکە ئەوە هەر تەنها پەروەردە نییە ئیتر کە تۆ وتت هەموو فەرمانگەکانی دەولّەت نەوەستێ مانای وایە گیروگرفتی مارەیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. کەمال.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من شتێکی زۆر زۆر دیاری کراوە بوو قوتابی هەر لە قوتابخانەکاندا وەرگیراون ئێستا پێیان ئەلێن قوتابخانەکان بەجێ بهێلن، هەیە ئەیەوێ قبولّ بکرێ قبولی ناکەن لەبەرئەوە ئەو ناسنامانەی کە باستان کرد مەسەلەی ئەنفال مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە، مەسەلەیەکی زۆر دوورو درێژە ئەگەر دەکرێ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ ئەوەی کە من باسم کرد ئەوەیە کە ئەو قوتابییانە بێ بەش نەکرێن لە خوێندن و پەلەیان لێ نەکرێ و وەزارەتی پەروەردە ئاگادار

بکرێ کەلەو مەسەلەیە بوەستن هەتاکو چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزرێتەوە و ئەگەر برادەرانی تر ئەیانەوێ لەلایەنێکی ترەوە باسی مەسەلەی ئەنفال بکەن با هەڵیگرن بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر دوورو درێژە لە هەموو لایەنەکانیەوە پێویستە لێی بکۆڵینەوە، وەکو هەندێک لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێرەدا باسیان کرد، بەڵام من تکا دەکەم لە چوارچێوەی ئەم باسە نەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی زوو بگەین بە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە جیاتی وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی ناوخۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران «تەعمیمێک» دەربکات کە ئەو قوتابییانەی قبووڵ کراون دەرنەکرێن ئەوەی قەبووڵیش نەکراوە قەبووڵ بکرێن، و ئەو «تەعمیمەش» بەسەر هەموو وەزارەتەکان دابەش بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ هەردوو لایەن زۆر باشە، جا وابزانم بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو دەبێت و بەیانی کاتژمێر یانزە کۆبوونەوەی پەرلەمانمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٦)

پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٥

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار*

*(١)ـ سوێند خواردنی یاسایی ئەندامە تازەکان کە شوێنی ئەو ئەندامانە دەگرنەوە کە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە.*

*(أ)ـ لە فراکسیۆنی کەسک بەرێزان:*

*١ـ عومەر عەبدوللا (ملازم عومەر).*

*٢ـ خاتوو کافیە سلێمان عەبدوللا.*

*٣ـ سەعدی ئەحمەد محەمەد.*

*(ب)ـ لە فراکسیۆنی پارتی بەرێزان.*

*١ـ د. ئیدریس هادی.*

*٢ـ د. ناصح غەفور رەمەزان.*

*(٢)ـ خستنە روو و گفتوگۆ لەسەر کردنی راپۆرتی تایبەت بەو رێکخراوە مرۆڤایەتییانەی کە لە کوردستاندا دەست بەکارن.*

*٣ـ تازەبابەت.*

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

بەرنامەی کاری ئەمرۆمان دوو خالە: یەکیان ئەوەیە کە هەردوو فراکسیۆن دەسنیشانی چەند برادەرێکیان کردووە بۆ پرکردنەوەی ئەو جێگایانەی ناو پەرلەمان کە چۆلن وپێویستە پر بکرێنەوە، با ناویان بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئامادەن بۆ سوێند خواردن. کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە ئەو بڕگەیەی کە جەنابتان باسی دەکەن، بڕگەی سێ یەم تازە بابەتە و بۆ مەسەلەی تازەبابەتیش ئەگەر ماوەمان پێ بدەن بۆ ناوەکان، کاک سەعدی ئەحمەد پیرە ئامادە بووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ناوەکان دەخوێنمەوە، ئنجا ئەوەی ئامادەیە، ئەوە دەیکەین بەخاڵی یەکەم و، سوێند خواردنی یاسایی ئەندامە تازەکان کەشوێنی ئەو ئەندامانە دەگرنەوە کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، لە فراکسیۆنی کەسک بەڕێزان (عومەر عەبدوڵلا «ملازم عومەر»)، خاتوو کافیە سلێمان عەبدوڵلا و کاک سەعدی ئەحمەد پیرە. لە فراکسیۆنی پارتیش بەڕێزان کاک د.ئیدریس هادی و کاک د.ناسح غەفور رەمەزان. خاڵی دووەم ئەو راپۆرتە تایبەتییە یە کە دەستەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشیان لەسەر کردووە دەربارەی ڕێکخراوە بیانییەکان کە لە کوردستان ئیش دەکەن، وابزانم راپۆرتەکەیان ئامادەیە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێرەدا باس بکرێت و چ گفتوگۆیەک هەبێ لەسەری بکرێ وتەنیا ئەم دوو خاڵەمان هەیە، جا ئێستا لەتازەبابەت ئەگەر شتێکمان هەبێت؟ کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی مەسەلەی باری هێمنی شارەکانی کوردستان بۆتە خەمی گەورەی کۆمەڵانی خەڵک و بۆتە باسی سەرەکی هەموو دانیشتنێک و بۆ تە باسی ناو هەموو خێزانێک لە کوردستاندا. بە تایبەتیش باری هێمنی شاری هەولێر. وەک زانیومە هەر دوێنێ لە دەورو بەری (٢٥تا ٣٠) ئۆتۆمۆبیل لەم شارەدا دزراون، ئەگەر ئەو بڕگەیە پەسەند بکەن و بەتێر و تەسەلی باسی لێوە بکرێ و چەندان ئیجرائاتی راستەوخۆ وەربگیرێ وخەڵکی پەیوەندیدار لەوەزارەتی ناوخۆ و پارێزگارو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ئەوانە بانگ بکرێن و لە دانیشتنێکی تایبەتیدا لەم بارەیەوە بدوێن، تاکو بزانرێ هۆی ئەم مەسەلانە چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس کاک ئەیاد ئەمە وەکو پێشنیارێکە بۆ باس کردنی ئەم بابەتە ئەگەر شتێکی تریش نییە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێش ئەوەی بێمە ژوورەوە لەپێش جەنابتان ئەم بابەتەم باس کرد کە خەڵک هەراسان بوون و گەیشتونەتە بارێکی ئەوتۆ لەوانەیە هەندێ کەس کاردانەوەی خراپ نیشان بدات، بۆیە پشتگیری ئەوە دەکەم کە لەم بارە بکۆڵدرێتەوە و واز لەوە بێنین کە بڵێین خەتای پارتی یە یان یەکێتی یە،

کاربەدەستان لە هەولێر ناتوانن ئیشی خۆیان بکەن وەکو مامۆستا بەکر استقالەی دا، ووتی ناتوانم بە ئیشی خۆم هەستم بۆ یە دەستم لەکار کێشایەوە، من پشتگیریی لە پێشنیارەکەی دەکەم، و ئێمەش تازە بابەتێکمان هەیە، پێش ماوەیەک شاندێکی پەرلەمانی سەردانی ئاوارەکانی خۆمانی لەتورکیا کرد، وە هەمووشیان لێرە ئامادەن بۆیە داوایان لێ دەکەم با ئەو راپۆرتە پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، چونکە ماوەیەکی زۆرە چوون، و تا ئێستاش هیچ شتێک پێشکەش بە پەرلەمان نەکراوە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خالی یەکەم: باس کردنی باری هێمنی بەگشتی و بەتایبەتی شاری هەولێر، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، دووای ئەوە رێک دەکەوین کە چۆن ئەو بابەتە باس بکرێ و کێ بانگ بکرێ. کێ لەگەڵ ئەوەپێشنیارەدایەکە لە لایەن فراکسیۆنی سەوزەوە خراوەتە روو و فراکسیۆنی پارتیش پشتگیریی لێ دەکات کێ **لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارە** بخرێتە بەرنامەی کار؟ .... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نیە؟....، **سوپاستان دەکەین بە** تێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کارەوە، بۆ خالی دووەم، ئەوەی کە **کاک فەرەنسۆ پێشنیاری کرد** لەبارەی ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا کە لیژنەیەکمان بە پێی بڕیاری **پەرلەمان ناردبوو، بۆ ئەوەی** لە بارەکە بکۆڵنەوە و ئاگادارمان بکەنەوە. کەگەڕانەوە راپۆرتێکیان **ناردبوو بۆ ئێمە، وئێمەش** راپۆرتەکەمان گەڕاندەوە و وامان بەباش زانی کە لە دانیشتنێکدا **خۆیان راپۆتەکەیان بخوێننەوە** وگفتوگۆی لەسەر بکرێت، یان کورتەیەک لەو راپۆرتە باس بکرێت، **پاشان ئەویش دەخەینە** بەرنامەی کارەوە تاکو پەسەندی. بکەن ئێستا کێ لەگەڵ **ئەوەیە ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی** کارەوە؟سوپستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟....سوپاس، بەتێکڕای دەنگ ئەویش خرایە بەرنامەی کارەوە. بۆیە دێینە سەر خالی یەکەم ئەو ناوانەی کە ئێستا لە فراکسیۆنی کەسک ئامادەن تەنیا کاک سەعدی ئەحمەد محەمەد ئامادەیە بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات. فەرموو کاک سەعدی.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان سوێند بە خوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندی یە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر ئدریس هادی لە فراکسیۆنی پارتی.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندیی یە باڵاکانی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەخێر هاتنییێکی گەرمی بەڕێزان کاک سەعدی و کاک ئدریس دەکەین کە جارێکی تر هاتنەوە ناو پەرلەمان و پیرۆزبایی یەکی گەرمیش لە کاک د.ناسح غەفور دەکەین کە ئەمرۆ لە پەرلەمان لە ریزی ئەندامانی پەرلەمان دەوری خۆی ببینێ و جارێکی تریش بەخێر بێن سەر چاوان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە پێویست بوو رای پەرلەمان وەربگیرێ ئایاڕزاین بێن یان نا، واتە دەنگ لەسەر هاتنیان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی سکرتێری ئەنجوومەن دەفەرمووێ تەنها بۆ خاوەن فراکسیۆن هەیە هەڵیان بژێرێ، پێویستی بە دەنگدان نییە، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە ئەو رۆژە برای بەڕێزم کاک ئەیاد فەرمووی «پاشی باران کە پەنەک بۆ چییە؟!» من تەنیا دەمەوێ هەڵوێستێکی یاسایی بچەسپێنم، لەراستیدا کاتی خۆشی من یەک شتم کرد کە لەناو هۆڵەکە چوومە دەرەوە، بەرای من هەڵوێستە یاساییەکەی ئەم خۆکێشانەوە و هاتنەوە، شتێکی یاسایی نییە. تەنیا بۆ هەڵوێستێکی یاسایی ئەگەر مۆڵەتم بدەن، برایانی لیژنەی یاسا وەکو هەڵوێستێکی مێژوویی، لەگەڵ ئەوەی شتەکە بووە و ڕاستییێکە لەسەرمان سەپێندراوە، بەڵام لەلایەنی یاساییەکەی لە(١٠٠٪)هاودژی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ناڵێم رای سەرۆکایەتی چییە لەم بابەتەوە، بەڵام دەقێکی «مطلق» وەکو یاساییەکان دەڵێن هاتووە کە خۆکێشانەوە مافێکی سروشتی ئەندامانی پەرلەمانە کەیەکێک ئەندامیەتی نامێنێ لەناو پەرلەمان دا و لەلایەکی ترەوە مافی داوە بە خاوەن فراکسیۆن کە ئەو سەد ناوەی لە ناو لیستەکەیە هەڵبژێرێتەوە و بەرامبەر ئەوەش دەقێکی یاساییمان نییە. لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و دەقێکی واشمان نییە بەر هەڵستی لێ بکات، من وابزانم لەم هۆڵە شتێکی وامان باس کرد برا یاساییەکان وتیان: دەقێکمان نییە کە بەر هەڵستی ئەوە بکات، بۆیە ئەگەر ناتەواویەکی تەشریعی هەبێت هیوادارم بۆ خولی ئاینده کە بڕیارمان داوە چاوێک بە یاسای ژمارە

«١»دا بخشێنینەوەو، لەوانەیە ئەوسا چاو بە یاسای تریش دا بخشێنینەوە، بۆیە ئەگەر شتێکی وا هەیە ئەوە بە روونی بیکەن و سوپاس بۆ تێبینییەکەی کاک عەدنان، فەرمووکاک سەعدی.

**بەڕێزسەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یاسایی نیم ناتوانم باسی ئەوە بکەم، بەیاسا دەشێ یان نا، بەڵام من پێم وایە یاسایەک تەنها بۆ ئەو کەسانە شیاو نییە کە لە دەرەوەی ئەو سەد ناوەدان کە کاتی خۆی دەنگیان لەسەر دراوە، جگە لەوەی من مۆڵەت بەخۆم ئەدەم بە ناوی برادەرەکەی تریشم قسە بکەم ئێمە هیچ لاریمان نییە. بەڵام لەبەردەمی ئێمە گفتوگۆی ئەوە مەکەن وگفتوگۆیەکە تەواو بوو ئەوە سێ جارە بێین، چوارەمیش لاریمان نییە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی دووەم، ئەگەر کاک کەمال تێبینی هەیە؟

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی کە هەندێ برادەر لێرە گەڕانەوە وەک بەڕێزان کاک ئەحمەد سالار و کاک ئەکرەم و د.سەلاح، بەڕاستی من دەستم هەڵبڕی و دژی بووم، چونکە بەڕاستی هەندێ لە برادەرانی ئەندامی دادگای تەمییز و ئەوانەی برادەریمان هەیە لەگەڵیان ئەوانەی سلێمانیش دەڵێن: گەڕانەوە بۆ ئەو برادەرانە نییە، بەڕاستی کە خۆیان کێشاوەتەوە، دوایی ئەڵێن ئەمە یەکێکە لەوەی کە بەڕاستی پەرلەمان خۆی پێشێلی ئەو یاسایەی کردووە کە خۆی دایناوە، جا من کاتی خۆی هەڵسام و وتم: ئەگەر شتێکی وابێ ئێمە وەکو ئێستا جەنابت فەرمووت باگفتوگۆ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری دادگای تەمییز بکەین بۆ ئەوەی بەڕاستی لەلایەنی یاسایی وەڵامان بدەنەوە، ئەمە شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاتی خۆی من گوتم: لای ئێمە بووەتە ڕێو ڕەسمێک لەناو پەرلەمان دا، لەسەرەتاوە ئەوەمان کرد ئینجا برا یاساییەکان کاتی خۆی زۆر گفتوگۆیان لەسەر ئەم بابەتە کرد و هیوادارم ئەمە دوا جار بێت ومن بە پێشێل کردنی یاسای نازانم، دیارە برا یاساییەکانیش دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن. فەرموو کاک فرەنسۆ بابزانین برادەران چ تێبینییەکیان هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوێنەری بەرەی کوردستانی بووم لە لیژنەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کە دەستمان بە ئیشەکە کرد، ئێمە بۆ هەڵبژاردنی فەرمانگە دامانناوو بۆ ئەوە هەر بۆ هەڵبژاردنی فەرمانگەکە کە خۆی کێشایەوە بۆی نییە بگەڕێتەوە، ئێستا لەبەر ئەوەی ناوی لە لیستەکەدا هەیە، هەموو کاتێک خاوەن لیستەکە بۆی هەیە دەریبێنێ و ئیشی تری پێ بکات، کە ئیشی لەوێ تەواو بوو

خۆی بە نووسراوێکی رەسمی دەینێرێ و پێم وایە شتێکی ئاساییە و وەکو جەنابت وتت: هیچ ماددەیەکی ئاشکرا لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی دا نییە کە ئەو کەسەی دەرچوو نابێ بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، فەرموو کاک حەسەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان هیچ ماددەیەک نییە بڵێ ئەوەی خۆی کێشاوەتەوە ناگەڕێتەوە. دێینە سەر لێکدانەوەیەکی یاسایی ئایا یەکێک کە خۆی کێشایەوە مانای ئەوەیە دەڕوات؟ بۆ دێتەوە بۆ نەیەتەوە؟ ئەوە دەکەوێتە سەر لێکدانەوەی یاسایەکە، کە کاک فرەنسۆ کردی کە وەزارەت و وەزیر دەگەڕێنەوە، وبابەتەکە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن لیستەکە. بۆ هەستانە سەر پێ لەکاتی سوێند خواردن، ئەمە باوەڕ پێدانە بەو ئەندامانە، دوای ئەوەش سوێندیشیان خوارد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بۆ رێزگرتنە لە قورئانی پیرۆز، ئەبێ ئێمەش هەستینە سەرپێ، چونکە ئەمە رێورەسمێکە کە سوێند بە قورئان خورا دەبێ مرۆڤ هەڵسێ. فەرموو کاک بەختیار.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو گۆڕانکارییەی کە دەکرێ زۆر یاسایی یە و هیچ کێشەیەکی یاسایی تێدا نییە،ئەوە هەر دوێنێ بوو بنەماکەمان چەسپاند، بنەمایێک کە ئەو شتە دەچەسپێنێ، کە ماددە (٤٤)مان گۆڕی خاوەن لیست بۆی هەیە هەر پالێوراوێک بێنێتە ناو پەرلەمان. من لەگەڵ کاک سەید و کاک فرەنسۆ رێک ناکەوم کە پێویست بە برواپێدان دەکات. ئەندامی پەرلەمان پێویست بە متمانە ناکات، کە خاوەن لیستەکە پالاوتی، دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام سوێند دەخوات، ئەوەش کە کرا شتێکی زۆر یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا بڕیارمان لەسەر داوە و ئەو بابەتەمان تەواوکرد، بەڵام ئەمە تەنیا روون کردنەوەیەکی یاساییە بۆ برادەران، هیچ گرفتی تێدا نییە با روونکردنەوە یاساییەکە تەواو بێت. فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر وەکو برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ باسی کرد ئەوە لە پەیڕەوی دائیری پاش خۆکێشانەوە ئەندام ناتوانێ بگەڕێتەوە هەتا ئەوە بوو کە ئێمە دوێنێ هەمواری بەشێکی ئەو پەیڕەوە دائیریەمان کرد، لێرە لە پەرلەمانی کوردستانی کە نابێ پێش ئەوەی (٦) مانگ لە کۆتایی خولەکە ئەندام بێتە ناو

پەرلەمان، چونکە هاتنی ئەندامی پەرلەمان لە پەیڕەوی دائیری لە ئەوەی کە زۆربەی «موطلق»ـە، پێویست بەدەستەیێک دەکات کە لە ناوچەی هەڵبژاردنەکە دەنگی لەسەر بدرێ، بەڵام لێرە دەڵێ (صاحبة القائمة). من ئەندامێکم کە خۆم کێشایەوە بۆ ئیشێک یا بۆ هەر هۆیەک بێت یان بەهۆی شتی تایبەتیش بێت، خاوەن لیستەکە لەسیستەمی نیسبی دەتوانێ بم هێنێتەوە ئەوە شتێکی شیاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە ئاشکراو روونە و ئەو شتەی کە باسمان کرد و کاک فەرسەت فەرمووی کە هاتینە ناو پەرلەمان کەس دەنگی بە ئێمە نەدا، لیستەکان ناوەکانیان پالاوتووەو هاتۆتە ناو پەرلەمان، فەرموو کاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من بنەمایێک هەیە ئەگەر ئەو بنەمایە بگرین، لەوانەیە لەم کێشەیە دەربچین، واتە خاوەنی لیستەکان لەسەر بنەمای خۆلەکارکێشانەوە نەڕۆن، چونکە لە بنەڕەتەوە بنەمای«انتقاء» هەیە، و لەبەر ئەوەی بنەمای«انتقاء» هەیە واتا بنەمای گۆڕینیش هەیە و راستەوخۆ مەکتەبە سیاسیەکان کە خاوەن لیستن و ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوێ بیان گۆڕن راستەوخۆ بڵێین فلان کەسمان بە فلان بۆ بگۆڕنەوە، چونکە بنەمای«انتقاء» هەیە لەبەر ئەوەی خۆکێشانەوە شتێکی تایبەتە. کێشەکە لێرە دروست دەبێ و ئومێد دەکەم لەمەو دووا بەو ئیتیجاهە بڕۆن، مەکتەبە سیاسییەکان بڵێین فلانمان بە فلان بۆ بگۆڕنەوە بە حوکمی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی وەک برای بەڕێزم کاکەڕەش وتی و ئەوەی کە من بۆی ئەچووم دەتوانم بڵێم وەکو یەکن و لە بنەڕەتەوە بە خۆکێشانەوە یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامەتی دەکەوێت و کە لە ئەندامەتی کەوت ئیتر نابێتەوە بە ئەندام، بەڵام پێویستە لایەنە یاساییەکەی خۆمان چارەی بۆ بدۆزینەوە، ئەتوانرێ ناوی «استقالة»ی لێ نەنرێ، بوترێ گۆڕینەوە. تۆ (١٠٠)کەست هەیە هەمیشە (٥٠) کەست دەوێ چەند جار ئەم گۆڕینەوەیە دەکەی، حەز دەکەی ئەندامێک (١٠) جار بگۆڕی ئەگەر ناوی بنێی گۆڕینەوە و ناوی نەنێی «استقالە»، چونکە «استقالة» لە ئەندامیەتی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشەکی شانازی بەو برادەرانەوە دەکەم چ ئەوانەی کۆن و چ ئەوانەی تازە، بێگومان مەبەست ئەوان نەبوون و هەموویان برای خۆشەویستی منن و مرۆڤی خاوەن رابوردووی باشن، تەنیا من وەکو روونکردنەوەی لایەنی یاسایی ئەمەم گوت، من ئەو پێشنیارەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیم زۆر پێ باشە، لیژنەی یاسا دانیشن، لێی بکۆڵنەوە، چونکە لە ناو ئیشی ئاسایی هەر یاسایەک کەم و کورتی لێ دەردەکەوێ و مرۆڤیش نییە لەجیهاندا تووشی هەڵە نەبێت. من شتێکی مێژوویی دەگێڕمەوە و دەڵێ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی چەرچڵ لەگەڵ روزڤلت دانیشتبوون رۆزڤلت گوتی: من توانام هەیە کە تووشی هەر کێشەیەک بم دەتوانم خۆم رزگارکەم، چەرچڵ گوتی: (سیادة الرئیس)من توانام هەیەکە بەهیچ جۆرێک خۆم تووشی کێشە نەکەم. جا ئێمە کێشەیەکمان هەیە یاساییە. ئینجا بۆ چوونەکە راستە یان هەڵەیە، ئەگەر ماوەمان بدەن ئێمە لەگەڵ برایانی بەڕێز ئەندامانی لیژنەی یاسا لێی دەکۆڵینەوەو رایەکی یاسایی راست و دروستی لەسەر دەدەین و پێشکەشی سەرۆکایەتی دەکەین بۆ ئەوەی ببێت بەشتێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتە هەڵگرین بۆ لیژنەی یاسا بۆ کاتی خۆی ئەگەر هاتوو گۆڕانکارییەکمان خستە سەر ئەوە هیوادارم ئەمەش دووا گۆڕانکاریی بێت لەم بابەتانەی کە باسی دەکەن و ئێمە دڵنیاین کە پەرلەمانتاری کوردستانین هیچ پێشینەیەکی پەرلەمانیمان نەبووە، ئەوەی کە دەیکەین، و ئەوەی کە کردوومانە و ئەوەی لەدوا رۆژ دەیکەین هەمووی بە کۆشش دادەنرێت. هەرگیز سڵ لەوە نەکەین کە لەهەڵە بترسین، چونکە مرۆڤ عەیب نییە پێش ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی هەبێ هەڵە بکات، بەڵام عەیبەکە لەوەدایە کە بەردەوام بین لەسەری و هەڵەی بە ئانقەست بکەین ئەم بابەتە لەگەڵ خاوەن لیستەکان زۆر باس کراو من حەز ناکەم لێرەدا باسی بکەم. بەڵام وا بە بەرژەوەند زانرا و ئەو چارەیەی کە باسمان کرد بەو شێوە بێ و هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر بکرێت.

خاڵی دووەم: خستنە رووی ئەو راپۆرتەیە کە لەلایەن ئەو لیژنەیە ئامادە کراوە، ئنجا نازانم برادەران ئامادەن؟ یا یەک دووێکیان بفەرموون بۆ ئێرە، کاتی خۆی ئەگەر لەبیرتان بێت گفتوگۆ لەسەر باری ژیانی ئاوارەکانی کوردستان کرا و ئەوە بوو باسی کێشەی ئەو رێکخراوە مرۆڤایەتیانە کرا کە لە کوردستانن وگوتمان دووبەشن: بەشێکی کوردستانین و بەشێکی تریش بێگانەن، ئەوەبوو لیژنەیەک دروست بوو لەهەردوو فراکسیۆن ولەلیستی مۆر، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەویەکی ئەم بارە بکەن و خۆیان کرد بە دوو بەشەوە، بەشێک بۆ رێکخراوە مرۆڤایەتییە بێگانەکان و ئەوی تریش بۆ هی کوردستانی، جا ئەم راپۆرتە هی ئەو کۆمەڵە ئەندامانەی پەرلەمانە کە ئەم لیژنەیە ماوەیەکە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە کاروباری رێکخراوە مرۆڤایەتییە بیانیەکان. جا کاک د.سەلاح فەرموو.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنەیەکی کاتی پێک هات لە (١٦) ئەندام و بەفەرمانی ژمارە (٢٣٦) لە رۆژی ١٩٩٤/٩/٢٠ بەمەبەستی پەیوەندیی کردن بە رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان و خێر خوازانی بیانی و خۆ ماڵی کە لە کوردستان دا کار دەکەن، پاشان ئەم (١٦) ئەندامە دابەش کران بەسەر دوو لیژنە هەریەکەیان پێک هاتبوو لە (٨) ئەندام، یەکێک بۆ رێکخراوە بیانیەکان و یەکێکی تریشیان بۆ رێکخراوە کوردستانیەکان. لیژنەی رێکخراوە بیانیەکان پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە د.سەلاحەدین حەفید، فەوزییە عیزەدین، نەهلە محەمەد سەعدوڵلا، ئەیاد حاجی نامق، حەمید سەلیم میران، شەوکەت حاجی موشیر، د.حەسەن حسێن بەفری، و ئیبراهیم سەعید. لەسەرەتاوە دەستمان کردبە سەردانی چەند رێکخراوێکی بیانی وەکو (UNCF) رێکخراوی( CAER) لەشەقلاوە و لە عەنکاوە بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەمان بریارماندا کە کۆنفراسێک لەپەرلەمان ببەسترێت لەرۆژی ١٩٩٤/١٢/٥ بەمەبەستی رێکخستن و پتەو کردنی پەیوەندیی و هاوکاری لەنێوان ئەو رێکخراوانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دا بۆ یە دەعوەت نامە ناردرا بۆ زۆربەی رێکخراوەکان بۆ ئامادە بوونیان لەم کۆنفرانسەدا و هەموو پێداویستیەکانی ئەم کۆنفرانسە ئامادە کرا لە جێگەی خۆی و راپۆرتی هەمە لایەن بۆ ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان پاش پەیوەندیی کردن بە وەزارەتە پەیوەندارەکان، هەروەها لیستی پرۆژەکانی رێگاو بان لەگەڵ تێچونەکان و هەندێ زانیاری تر بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی هەمووی لەفایلێکدا دابەش کران بەسەر ئامادە بوواندا، رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٥ نوێنەرانی رێکخراوە بیانییەکان هاتن و راپۆرتەکەمان پێشکەش کردن و هەرچی هەبوو لەبارەی ئاوەدان کردنەوە لە هەموولایەنێکەوە لەو راپۆرتەدا نووسی بوومان و پێمانداان. هەندێکیان لیبوردنیان خواست بۆ هەندێ لەو رێکخراوانە بۆ چی ئامادە نەبوون؟ و، وتیان لەبەر کەمی ژمارەیان. لەبەر دووری شوێنەکانیان و لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئیشیان زۆرە. لەسەرەتای کۆنفراسەکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە ئاخاوتنێک لەبەردەم ئامادەبوواندا ستایشی رۆڵی ئەو رێکخراوانەی کرد لەئاوەدان کردنەوەی کوردستاندا وداواشی لێ کردن کە بەر دەوام بن لەسەر کارەکانیان بۆ بەتەنگەوە هاتنی باری سەختی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د.سەلاح و ئەمە ئەو راپۆرتە بوو کە ئەم لیژنەیە ئامادەی کردبوو. ئێستا بابزانین برادەران چ تێبینی یەکیان هەیە؟

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر لەهەر فراکسیۆنێک چوار کەس قسەبکات بەسە، چونکە بابەتەکە روونە و بۆ ئەوەی دووبارەکردنەوەی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو برادەرانەی کە حەز دەکەن لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، ئەو پێشنیارەی کە جەنابی جێگری سەرۆک کردی باشە و پێشەکی باگوێ لەجەنابی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی بەوەکالەت بگرین و کاک سەعدیش با لەو بابەتەوە شتێک باس بکات، پاشان ڕێگە دەدەین بە برادەران لەسەر ئەم بابەتە قسەبکەن، فەرموو کاک ئەیاد.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەرێز کاک نەژاد کردی زۆر باشە بەڵام لە ناو ئەو چوارە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەدەربن، ئەگەر بەدوادا چوونێک هەبێ هەر کەسە لەسەر حزبەکەی خۆی بێ و مۆڵەتیان بدەنێ قسە بکەن زۆر باشە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەعدی.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایانی بەرێز، من وەکیلی وەزیری مرۆڤایەتیم، بۆیە ناتوانم بەتەواوی وەکو وەزیری مرۆڤایەتی بەوەکالەت سەرتاپای یان لەسەرەتای هاوکاری وەزارەتی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە قسەبکەم. بەڵام وەکو وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بەشێکی گرنگی ئەو هاوکارییە بووم لەگەڵ ڕێکخراوە بیانی یەکان، من دەتوانم بڵێم لە خاڵی یەکەم چەند تێبینییەکم هەیە لەدواییدا دێینە سەری، بەڵام سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی جەنابت هەر وەکو خاڵی یەکەم هاوکاریی ڕێکخراوە بیانییەکان کە ژمارەیان لە کوردستان تا ڕۆژی ٣٠/ نوفەمبەر /١٩٩٤، (٧٨) ڕێکخراوە، بە توانای هەمەجۆر هاوکارییان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لە پێش شەڕە خۆکوژیەکەش زۆر بەرەو باشی چووبوو و هاوکاریەکی زۆرباش کرابوو، تەنانەت لە هەموو وەزارەتەکانی هەرێم جگە لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە بۆ هەرێم دەکرێ، لە هەموو وەزارەتەکان لیژنەی پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی کە خاوەن پەیوەندی یان خاوەن پرۆژەن پەیوەندیی بەوەزارەتی پەیوەندیدار هەیە، کۆبوونەوە هەبوو بۆ لێدوان لە پرۆژەکان بەلای کەمی ڕایان وەربگیرێ، پاش ئەوە دیارە هەندێ بروبیانوو دەرچوو، یەک لەوانە بابەتی مەسەلەی ئاسایشەیە کە لە دواییدا باسی لێوە دەکەین، بەڵام بەگشتی ڕێکخراوەکان لەسەرەتادا کە بە توانایەکی زۆر لێرە بوون، هەوڵ و تەقەلای زۆریان دەدا بۆ ئەوەی کە بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی کە لە کوردستانی عیراقدا هەیە، لەبەرچاوی یاسای نێودەوڵەتی یەوە دانی پێدا نەهێنراوە، بۆ یە ئەوان ناتوانن هاوکاری یەکی پتەو بکەن کە لە ڕاستیدا ئەوە ڕاست نەبوو، تەنانەت زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە یان زۆربەی ئەو دەزگایانەی کە مۆڵەتی هاوکاریی دەدەن یان نادەن لەبەردەم سەرۆکی پەرلەمان کە

سەرۆکی شاندێکی پەرلەمانی بوو لەدەرەوە لەوێ چەندین جار ئەوەیان دووپات کردەوە، نەخێر ئێمە دەسەڵاتمان لەسەر هیچ ڕێکخراوێک نییە کە هاوکاری لەگەڵ حوکمی دیفاکتۆ «ئەمری واقیع» لە کوردستان بکات. لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی وولات و ئاوەدان کردنەوەی بەبێ ستافی ناوخۆیی وبەبێ توانای ناوخۆیی و بەبێ شارەزای ناوخۆیی ڕەنگە ئەنجام نەدرێ، بەڵام بەشێک لە هاوکاری نەکردنی ئەو ڕێکخراوانە پەیوەندیی هەیە بەستافی ناوخۆیی ئەو ڕێکخراوانە یان ستافی نێودەوڵەتی ئەو ڕێکخراوانە کە ڕەنگە هاوکاریی ئەوانە لەگەڵ حکومەت ببوایە بەهۆی ئەوەی کە کۆنترۆڵی زیاتر بکرێ لە لانی خەرجیەوە بکۆڵێتەوە، چونکە دیارە هەر تەنها لایەنە گەش و بریقە دارەکەی نییە، بەڵکو لایەنی ڕەشی تێدایە، مەسەلەی یاری کردن بە نرخ ومەسەلەی دەست پاکی و مەسەلەی وون بوونی بەشێکی زۆری ئەو پارانە کە خۆیان دەبێ لە ئەستۆی بگرن لەو بەرپرسیەتییە، لە ئەنجامدا ئێمە بە ڕاپۆرت ئاگاداری دەزگاکانی سەرەوە کە ئەو ڕێکخراوانەیان پێوە بەستراوە کردوومانە، سەبارەت بە خۆشمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەر وەزارەتێکدا زۆر زوو نوێنەری حکومەتی هەرێم کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیاریکراو هەیە دەیگۆڕین، ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەتێرو تەسەلی نەتوانێ بەدوای ئیش وکاری ئەو ڕێکخراوانە بکەوێ، بۆیە ئەبێ بەدواداچوونی ئیشوکاری ئەو ڕێکخراوانە بکرێ، چونکە هەر ئیشێک ئەگەر بەردەوامی تێدا نەبوو، بەدواداچوونی بەردەوامی تێدا نەبوو، شارەزاییەکی پیشەکی تێدا نەبوو، ڕەنگە لە جێیەک سەرە دەزووەکە وون دەبێت ئەوکات ئەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکات، چەند جار لە سفرەوە دەست پێ بکەیتەوە؟ بەشێک لەو ئیش و کارەی ڕێکخراوەکان کە ماوەی سێ ساڵە دەیکەن وون دەبێ، بە گشتی ئاژاوەیەک هەیە لەمەسەلەی ئاوەدان کردنەوە لە کوردستان کە بەشی گرنگی دەتوانم بڵێم( ٧٠٪ )ی هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری نەکردنی ئەو ڕێکخراوانە. لەسەرەتادا ئاوەدان کردنەوە لە کوردستان ئێمە لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەلەمانیا لە پەرلەمانیش و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆمان کرد کە دکتۆر سەعید بوو، لەو گفتوگۆیەدا ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە ناتوانین لە دۆڵێک وەکو هیران، وەکو بالیسان وەکو خانەقا وەکو ڕوستێ دوو یا یەک دێ ئاوەدان بکەینەوە یان سێ چوار خانووی سپی بریقەدار لەسەر شەقامە سەرەکییەکان دروست بکەین بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان و شاندەکان کە دێن، بیبینن تا ئەمە کوردستان ئاوەدان کراوەتەوە و ئیش دەکەن، بەڵام دۆڵێک دەچێتە ئەودیو، کارەساتێک دەبینی هیچی ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئەوە کارێکی زۆر خراپ بوو، پێشمان وتن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتوانایدا نییە بتوانێ بۆ دۆڵی هیران یان سماقوڵی خزمەتگوزاری بگەیەنێ، بۆ دوو ماڵ یان بۆ سێ ماڵ، قوتابخانەیە، ئاوە، کارەبایە، پۆلیسە و دام و دەزگای ترە، ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە یەک یەک، دوو دوو، سێ سێ، بتوانن وەکو قۆنتەرات دەکرێ من ئەو دۆڵە لەماوەی ساڵێک ئاوەدان دەکەمەوە، ١٨دێ یە، یان ١٧ دێ یە، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین هەموو خزمەتگوزاری خۆمانی بیگەیەنینێ و ئەو بەرنامەیە لەبەر دەستی ڕێکخراوەکانە، و چەندین جار کۆبوونەوەیان لەگەڵ کراوە. ئەو مەسەلەیەی کە لێرە باس دەکرێ و

بادرێژه نەدەمە بابەتەکان، من دوو تێبینی بچووکم هەیە. یەکیان ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە کاتێ دێن خۆیان نایەڵن بەشێکیان لەوانە کەسەر بدەن لە وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ئێمە هاتووین ماوەی یەک ساڵ دەمێنین و بودجەمان ئەوەندەیە و ئیشە کەمان تەندروستی یە، کشتوکاڵە، پەروەردەیە...هتد. ئەوان دێن نابێ لێیان بپرسین بڕی ئەو پارەیەی کە هێناوتانە چەندە؟ ئەو ماوەیەی کە لەوێ دەمێننەوە چەندە؟ ستافی ناوخۆیی کە هەڵدەبژێرێن کە کێشەیەکی گەورەی «ئەمنی» ئەو ڕێکخراوانەیە، نابێ لێیان بپرسین چۆنە؟ داوامان لێ کردوون کارتتان بۆ بکەین کارتتان بە هاوکاری لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ، کە بە ڕێوەبەرایەتی ئاسایش و نوێنەری وەزارەتی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەر نوێنەری هەر پارێزگایەک سەرپەرشتی بکەن لەسەر دەسنیشان کردنی کێشەی «ئەمنی»، ئەو ڕێکخراوەی کە بارەگای سەرەکیەی هەر لە پارێزگاکەیە. هەموویان ڕازی نەبوون، کێشەیەکی تریان هەیە، کێشەی «ئەمنی» یە، دیسان حەز دەکەم بیڵێم بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی سەر بە (UN)، چونکە پێویستە ئەوان لە ڕێگەی بەغداوە بێن، زۆر جار لەبەشی موخابەرات کە سەرپەرشتی ئیشی ئەوان دەکات لە «شوعبە»ی سێ یە، وابزانم تا ئێستا دەستیان لە ئیشی ڕێکخراوەکان نەداوە هەوڵ دەدەن کە یەکێک لە بەغداوە ڕازی بێت و لەگەڵیان دا ئیش بکات و ئەوەش کارێکی خراپی کردۆتە سەر باری «ئەمنی» ڕێکخراوەکان، ئەگەر نا ئەو ڕێکخراوانە لە ئەفغانستان و لە سۆماڵ و لە زۆربەی زۆری بەشەکانی جیهاندا ئیش دەکەن، کوردستان لەچاو ئەو وڵاتانە بەهەشتە. لە کاتی شەڕەکەش دا بەهەشت بوو، ئەوە شەڕیشمان کرد، شەڕەکەمان بەو شێوەیە نەبوو، ئەگەر ئەوانە بڵێن ئێمە لە ڕووی «ئەمنیە»وە ترسمان لەسەرە؟ ئەمە ڕاست نییە و باوەڕناکەم ڕاست بکەن.

دووەم: مەسەلەی بۆچونی سیاسی ئەو ڕێکخراوانەیە، بۆچونی سیاسی حکومەتەکانیانە، هەوڵ دەدەن ڕێ خۆش بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ عیراقدا پێکی بهێننەوە، ئەوەیە بوویتە هۆی ئەوەی کە بیانوو بدۆزنەوە، بیانووەکەیان چییە؟ ئەوەیە کە ئێوە پێک نایەن و شەڕتان دەوێ، لە هەموو جیهاندا شەڕ هەیە ئەوانیش هەر ماونەتەوە. ژمارەی کوژراوەکانی ڕێکخراوەکانی بێگانە لە ئەفغانستان و لە سۆماڵ گەر سەیری بکەین ڕەنگە شیاوی بەراورد کردن نەبێ لەگەڵ ئەوەی لێرە هەیە وبەو بیانووەیان باوەڕ ناکەین و من کاتێک کە وەزارەت جێ دێڵم بۆ وەزیری داهاتووی مرۆڤایەتی چەند پێشنیارێکم هەیە کە بەیاری خوا پێشکەش بە پەرلەمانی دەکات و تێیی دا سەرکەوتوو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی بە وەکالەت و هاوکاریەکەی، ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسەبکەن لەسەر ئەم بابەتە ئەم بەڕێزانەن: کاک عەدنان نەقشبەندیی، کاک ئەیاد کاک، د.ڕزگار، کاک د.ئیدریس، کاک شێخ جەعفەر، کاک ئیبراهیم، کاک عەبدولخالق و کاک مەلاهادی، ئەمانە کەدەیانەوێ قسە بکەن، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی من دەمەوێ ئافەرینی ئەو بەڕێزانە بکەم کە کاروباری ئەو لیژنەیان ئەنجام داوە و لەراستی دا هەوڵێکی باش و راپۆرتێکی رێکوپێکیان پێشکەش کردووە، من لە یادمە کاتێ کە بڕیاردرا ئەم لیژنەیە دابنرێ لەناو ئەم هۆڵە پیرۆزەی پەرلەمان دا باسی ئەنجوومەنەکانی بیانی و ئەوانی تر کرا، ئەو رێکخراوانەی کە دێن، بێگومان کێشەکەیان لایەنی مرۆڤایەتی تێدایە ولایەنی سیاسی تێدایە، بەڵام من دەمەوێ لایەنە یاسایی یەکەی باس بکەم و هەڵێکی باشە کە بەڕێز وەکیلی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی لەگەڵماندایە، من وام پێ باشە ئەگەر لە رێگای ئەوانەوەو لە ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی یاسایەک پێشکەش بکرێ بۆ ئەوەی پەیوەندیی ئەو رێکخراوانە چ (NGO)یەکانی دەرەوە چ ئەوانی تر رێک بخرێن بە یاسایەک بۆ ئەوەی ئەوانیش جۆری پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم بزانن و پەیوەندیەکانی خۆیان دیاری بکەن لەگەڵ حکومەتی هەرێم و لەرێی حکومەتیشەوە پەرلەمان بتوانێ چاودێری و بەرپرسیاری خۆی ئەنجام بدات و بۆ ئەوەی ئێمە لایەنی یاسایی چارەسەر بکەین و لام وایە لە هەموو لایەنێک و لە هەموو وڵاتێکیشدا هەر حکومەتێک چ ناوەندی چ ناوخۆیی مافێکی سروشتی خۆیانە بزانن ئەو رێکخراوانە چۆن دێن و بەچ شێوەیەک کار دەکەن، چونکە من زۆر چاک لەیادمە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کەوتوونەتە بەر شاڵاوی خەڵک و ئەوە ناحەقیان نەبووە کە دەبینن «لۆری» دێن و دێنە هەولێر یان سلێمانی یان جێگایەکی دی، کەچی خەڵکەکەش هەربرسیەتی ، و خەڵک وای بۆدەچێ، ئەوە یان دەچێتە ماڵی سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی پەرلەمان یان یەکێک لە بەرپرسەکان. کەچی لە راستیدا ئەو رێکخراوانە بەئارەزووی خۆیان هەڵس و کەوتیان دەکرد، من نامەوێ بەرهەڵستیان بکەین، بەڵام لە هەموو شتێک دا رێکخستن پێویستە و دووبارە دووپاتی دەکەمەوە لەرێی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی یەوە دەبوایە لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل بکرایەو پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی یاسایەک بۆ ئەم شتە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە لیژنەکەدام بۆیە پێویست ناکات ئەوانەی پێشوو باس بکەین و من هەر ویستم دووپاتی قسەکانی کاک عەدنان بکەم کە پێویستمان بە یاسایەک هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە («NGO» بیانییەکان) رێک بخات. دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێت کە («NGO» بیانییەکان) لەگەڵ (ئەنجۆیە کوردییەکان) جیاوازییان هەیە وەکو ئێمە جیاوازمان کردوون، («NGO» کوردیەکان) وەکو کۆمپانیای مقاوەلات و ئەوان حەقە ئەو بابەتە لەوپرۆژەیەی

کە لەلایەن وەزارەتی مرۆڤایەتی یەوە پێشکەش دەکرێت، زۆر بەوردی لێی بکۆڵدرێتەوەو («NGO» بیانییەکان) ئیشیان کردووەو ئیش دەکەن، بەڵام ئێمە هیچ یاسایەک نییە وەکو ئەو کۆبوونەوەی کە کردمان لەگەڵیان دا، وەکو ئەو سەردانانەی رابوردووش کە کردوومانە لەجێگا و شوێنەکانیاندا کە قسەیان لەگەڵدا دەکەین هیچ یاسایەک نییە پەیوەندییەکانی ئێمەو ئەوان رێک بخات. لەبەر ئەوەی ئەوانیش ئارەزوویان بێت ئەوا وەڵامان دەدەنەوە و ئەگەر ئارەزوویان نەبێت وەڵامان نادەنەوە یان داوای راپۆرتیان لێ دەکەین هەیانە وەڵامت نادەنەوە، بۆ یە زۆر پێویستە جەخت لەسەر ئەو پێشنیارەی بەرێز کاک عەدنان بکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم ئیشە کاری حکومەتە، بەتایبەتی وەزارەتی مرۆڤایەتی دەبوایە ئەم کارە بکات، بەڵام وا دیارە نەیان کردووە، کە پەرلەمان ئەم کارەی کردووە ئیشێکی باشی کردووە، چونکە دەبوایە پەرلەمان داوا لەو وەزارەت بکات کە ئەوزانیارییانەی ئەوان ئێستا هێناویانە، وەزارەت پێی بدات. ئێمە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان پێویستمان بە نەخشەکێشان هەیە و پێویستیمان بە رێکخستن هەیە و پێویستیمان بە بەدواداچوون هەیە و لەلای خۆمانەوە دەبێ ئەو ئیشە بکەین، بەڵام وا دیارە ئەو رێکخراوانە دەیکەن نەخشەکەش ناوەندی نییە و زۆر کەم و کووری تێدایە، ئیشەکەمان وا دیارە بە رێگایەکی رێکوپێکی باشدا نەرۆیشتووە. جا من پێم وایە برادەرانی ئەو لیژنەیەی کە هەڵساون بەوکارەش، پەیوەندییان بە هەموو وەزارەتەکان نەکردووە لە بواری ئاوەدان کردنەوە، یەک لەوانە وەزارەتی خۆمە کە کەس نەهاتووە، چونکە ئەگەر دێ یەک ئاوەدان بکەینەوە هەر ئەوەنیە کە خانووی لێ دروست بکەین و بنکەی تەندروستی لێ بکرێتەوە بەڵکو پێویستی بە پەیوەندیی هەیە، پێویستی بە ئاو هەیە. جا پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەو بوارانەی کە ئاوەدان کرنەوە دەگرنە خۆ، چین کە ئەوان جەختیان لەسەر کردووە؟ پەیوەندییان بە چ وەزارەتێکەوە کردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین هاریکارییان بکەین؟ و سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مەزهەر.

**بەرێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە کاک سەعدی ئاماژەی بۆ هەندێک بابەت کرد بەڵام من دەمەوێ جەخت لەسەر هەندێک شت بکەمەوە، هەندێ لە رێکخراوەکان بەراستی تاکو ئێستا نەیان توانیوە بە یەکسانی بەکاری ئاوەدان کردنەوە هەستن لە ناوچە ئازاد کراوەکان دا. جا نازانم بەرێگای پەیوەندی شەخسی گوایا

هەندێ شت بووە، ئێستا زۆربەی ناوچەی وا هەیە تاکو ئێستا کە وەکو پێویست کاریان بۆ نەکراوە بۆ نموونە هەندێک گوند هەیە (١٥ یان ٢٠) ماڵە، لەوانەیە مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانەو هەموو شتی بۆ کراوە بەڵام گوندی واش هەیە (٢٠٠) ماڵ دەبێ تاکو ئێستاکە وەکو پێویست چی بۆ نەکراوە، جا بەراستی من وام پێ باشە ئامارێک بکرێ و دەسنیشانی ئەو شوێنانە بکرێن کە تاکو ئێستاکە نەیان توانیوە کاری ئاوەدان کردنەوەی تیادا بکرێ. چونکە بەراستی هەندێ ناوچە هەن و بۆخۆم ئاگادارم دەتوانم لەدواییش بە لیستە ئاگاداری برادەرانی لیژنە بکەمەوە کە هیچی بۆ نەکراوە، بەتایبەتی لەرووی ئاوەدان کردنەوەوە، ولەرووی ئابووری یەوە بەراستی دەتوانم بڵێم بەیەکسانی ئازووقە دابەش نەکراوە. هەندێ شوێن زۆر شتی باشیان وەرگرتووە، کە چی هەندێ شوێن وەکو پێویست ئازووقەیان وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێز شێخ عەدنان وسوپاسی برادەرانی لیژنەی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو ماندوبوونەیان، لێرەدا دەمەوێت وەکو خاڵێک ئاماژەبە بابەتێک بکەم. بابەتی هەماهەنگی لەنێوان حکومەت و رێکخراوەکانی مرۆڤایەتی کە ئێستا لە کوردستان کار دەکەن، چونکە نەبوونی هەماهەنگی زەرەرێکی گەورە دەگەیەنێت بە میللەتەکەمان، وەکو کورتێکی ئەم میللەتە کە هەستی پێ بکەم، گەلێک لەو رێکخراوە مرۆڤایەتیانەی کە بیانین ئێمە بینیومانە گەلێک کار و قسەی وایان کردووە کە ئامادەیی یان نیشان داوە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی ئێمە، بەڵام وەکو ئەوان ئەیڵێن کە حکومەتی ئیمە تاوەکو ئێستا کێشەی ئێمەی خستۆتە چوارچێوەی کێشەی کوردیدا. ئەو ئەورێکخراوانەی کە برای بەڕێز کاک سەعدی ئاماژەی بۆ کرد (٧٨) لەوانەیە زیاتریشبن، هەر لە ئێستاوە زۆربەی ئەو رێکخراوانە «لاوەکین» یان وەکو «بەڵێندەر» لەگەڵ چەند رێکخراوێکی سەرەکی کە لە کوردستاندا هەن کار دەکەن. رێکخراوی سەرەکی (OFDA)یە و (ABC) ئەڵمانیە و رێکخراوی سویدییە کە لێرە کاردەکەن. ئەو «مقاوەلاتی» وەکو ئەو رێکخراوانەی تر ئەگەر بێتو بەراوردیان بکەین لە لایەنی ئابووری دەبینین زۆر پارە بەخۆڕایی رۆیشتووە. لەهەر «مقاوەلەیەک» سەدان فەرمانبەر لەگەڵیان کاردەکات و وەکو من دەزانم مووچەی هەریەک لەو فەرمانبەرانە(٣٥٠) دۆلارە. باوەڕ ناکەم کەسێک لەوڵاتی ئێمە هەبێت مووچەی ئەوەندە بێ واتا لەسەرۆکی هەرێمەوە بگرە هەتا دێتە خوارێ نییە(٣٥٠) دۆلار وەربگرێ بۆیە پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو رێکخراوانە بکرێت و حکومەتی هەرێم ئاگاداری کاری ئەوان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا لە برایان ئەندامانی لیژنە دەکەم کە پشتگیری راپۆرتەکەیان بکەن و زیاتر هەوڵ بدەن لەگەڵ ڕێکخراوەکان دا دابنیشن، بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی لێی بکۆڵینەوە و لە هەمووکێشەکانی ئەو ڕێکخراوانە بدوێین، چونکە بەراستی کێشەیەکی گەورەیەو لە هەموو شوێنێکدا باس دەکرێ و زیاتر گرنگی بدەن بەوەی کە ژێر خانی ئابووری کوردستان چاک بکرێتەوە، ئەمەکێشەیەکی زۆر گرنگە زیاتر گرنگی پێ بدەن. دووەم: ڕەخنەیەکم هەیە، ئەو ڕێکخراوانە زۆربەی زۆریان ئیش وکاری کشتوکاڵی دەکەن، ئەبوایە ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵیان لەگەڵ دا بوایە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی ناوەکانمان دا بەلیستەکان ئەوان ئەو ناوەیان بۆ ئێمە نارد. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک با سوپاسی ئەو ڕێکخراوانە بکەین کە بەڕاستی یارمەتیمان دەدەن و یارمەتی زۆر باشمان بۆ دێن لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی بتوانین لەم بارە ناخۆشەی کە کوردستان تیایەتی رزگار ببین، بە تایبەتی ئەم ئابلۆوقەیەی کە حکومەتی عێراق خستوویەتی یە سەرکوردستان، هەروەها ئابلۆوقەی گشتیش لەسەر عێراق، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم دەبێ ئێمە ئەو پەڕی هەماهەنگی باشمان هەبێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەداو، هەروەها ئەو ڕێکخراوانە لە تاقیکردنەوەکانی گەلانی تریشەوە وا دەرکەوتووە کە دەبێ جۆرە ئازادی یەکیان هەبێ، و وا هەست نەکەن کە ئێمە چاومان خستۆتە سەریان و خۆمان ئەخەینە ناو کاروبارو ئیشی ئەوان. ئێمە وەک کاک شەوکەت وتی: دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەی دەرەوە کە یارمەتیمان دەدەن و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە کوردستانن و ئەوانەی کوردستانیش، ئەوە بۆ ئێمە ئەگەڕێتەوە. بەڵام سەبارەت بەو ڕێکخراوانەی دەرەوە دەبێ ئێمە هەردەم سوپاسیان بکەین وهەماهەنگیان لەگەڵ بکەین. لەم خاڵەدا من وای بۆ دەچم کەم و کوریەکە لەلای خۆمانە لەلای ئەو ڕێکخراوە بیانیانە نییە. ئێمە لەلای خۆمانەوە خاڵی بێ هێزمان هەیە لە ئیش و کارمان دا ئەویش ئەوەیە کە نەخشە و بەرنامەمان نییە. ئینجا لەبەر ئەوە نابێ لۆمەکە بخەینە سەر ئەوان، دەبێ ئێمە خۆمان نەخشەو پلانمان هەبێ و بەرنامەمان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی زۆر تەکنیکی و بەمرونەت رابهێنین لەسەر خزمەت کردنی کوردستان و ئاوەدان کردنەوەی. سەبارەت بە ئێمەوە من لەگەڵ بەڕێز کاک سەعدی نیم کە وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی یە بە وەکالەت، مەسەلە «ئاسایش» ئەوانە «مبالغە»ی تیا دایە، بەراستی سەبارەت بە ئەوانەوە لەو ماوەیە وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە و رووداوی زۆر رووی داوە. من خۆم دەزانم کە ئەو ڕێکخراوەی «مین»یان دەردەکرد لە شوێنەکەی خۆیان دەرکران و هەرەشەیان کران و ئەمە لە

راپۆرتی شاندی بەریتانی دا هاتووە و هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوی تر دەبنین کە ئەو کەرەستە پزیشکیانەی ناردوویانە بۆ نەخۆشخانەکانمان دەستیان بەسەر داگیراوە لەلایەن چەکدارەکانی پێشمەرگەوە، جا بۆیە مەسەلەی ئەمنیەتیان دەبێ زۆر بەگرنگی وەربگیرێت، تاکو بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ئەو شتانەی کە من دەم ویست باسی لێوە بکەم برادەران باسیان لەزۆریانەوە کرد، بەلام ئەوەی کە سەرنجمان رابکێشێ ئەوەیە ئامادە نەبوونی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتییە، کە ماوەی دوو سال و نیوە جارێک لە پەرلەمان ئامادە نەبووە راپۆرتێک بخوێنێتەوە و دەسنیشانی ئەو ئیشانە بکات کە کراون لە وەزارەتی مرۆڤایەتی و پەیوەندیی لەگەل چ ڕێکخراوێک هەیە؟ چی کردووە وچۆنی کردووە لە کوردستان؟ ئامادە نەبووە، تەنانەت جەنابی خۆشی نەهاتووە و جارێک راپۆرتێکیشی نە ناردووە. هەروەها پێشنیار دەکەم کە وەزیری ئاوەدان کردنەوە راپۆرتێک بەدووروودرێژی پێشکەش بکات تاکو بزانین لە ماوەی ئەم سال و نیوە چی کردووە و ئەم ڕێکخراوانە کامیان بە کاری باش هەستاون؟ چ کراوە بۆ کوردستان؟ کێ دەست پێشخەر بووە و کامیان کۆسپ بووە لەرێگای ئاوەدان کردنەوەی کوردستان.

سێ یەم: لەراپۆرتی بەڕێز د.سەلاح دا هاتووە دەڵێ ئەم ڕێکخراوانە داوای هاوکاری کردن دەکەن لە حکومەتی هەرێم، بە سەدان ئەندازیاری چالاک و بەکەڵک هەیە و دەسوڕێنەوە لە شەقامەکان بۆ دایاننامەزرێنن؟ تاکو بەگەڵ ئەوان بکەون و بچن ئیشیان پێ بکەن یان دەستکاریی لە ئیشەکانیان دا بکەن و ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە ئاوەدان کردنەوەیە دەسنیشانیان بکەن، کەچی دەبینی زۆر شوێن هەیە بە یەکسانی ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەگەڵیان ئیش دەکەن بە ڕاستی نایکەن. ئەوە ناوچەی چۆمان، ناوچەی باڵەک تا ئێستا زۆر دواکەوتووە و گوندی ئازادی کە جێگای شۆڕشی ئەیلوول بووەو بنکەی سەرکردایەتی پازدە ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، هەموو خەڵکی کوردستان سوودی لەوێ وەرگرتووە ورێگایەکی ستراتیجی یە و شوێنی گەشت و گوزارە و تا ئێستا هەوڵێکی زۆر دراوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتی نەتوانراوە ئەو گوندە تەنیا ڕێگا کەشی بۆ چاک بکەن، داوا دەکەین کە ئەمە ڕەچاو بکرێت.

چوارەم: ئەو لیژنەیەی کە دروست بووە و لیژنەی پەیوەندییەکانە دەبێ لیژنەیەکی پەیوەندی داربێ لەناوپەرلەمان نوێنەریان تێی دا هەبێت وەکو لیژنەی پەروەدە بۆ مەسەلەی ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانە و دروست کردنی قوتابخانەی نوێ بەشێوەیەکی گونجاو، ئایا ئەو گوندە چەند قوتابی دەبێ و چۆن لە قوتابخانەکەدا جێیان دەبێتەوە. لیژنەی کشتوکاڵیان هەیە بەلام لیژنەی خزمەتگوزاری پشتگوێ خراوە و نازانم ئەو لیژانانە چیان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنەیە، لیژنەیەکی کاتی بوو کاتی خۆی فراکسیۆنەکان بڕیاریان لەسەردا و ناوە کانیان نارد لە ناو ئەو ئەندامانەی کە ئێستا کە لە هەردوو بەشن، بەشی بیانیەکان و بەشی خۆماڵییەکان، بێگومان لەوەی کە تۆ باست کرد وا بزانم هەموو چەشنێکی تێدایە، من وای بۆ دەچم ئەوە کۆتایی پێ هات، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم هۆڵە پیرۆزەدا سڵاو لە گیانی پاکی ئەو کادیرە بیانیانە کە گیانی خۆیان بەخشی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان. داوا لە خوای گەورە دەکەین کە ئەوانەی بریندار بوون زوو چاک بینەوە و سوپاس بۆ ئەوانەی پیتاکییان داوە سوپاس بۆ هەرکەسێ بە ئەمانەت بەردێکی داناوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان. ئەم راپۆرتە کە لیژنە خوێندیەوە و د.سەلاح پێشکەشی کرد، بە راستی ئەمە دەرئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لەپەرلەمان کرا و راپۆرتەکەی بەدرێژی نووسراو وەریش گێڕاوە بۆ ئینگلیزی و دابەش کرا بەسەر رێکخراوەکاندا لەوێ هەر ئەندامێکی ئەو لیژنەیە بابەتێکی وەرگرتبوو، د.سەلاح لایەنی ئابووری وەرگرت، خوشکە فەوزیە لایەنی پەروەردە، وابزانم د.حەسەن لایەنی تەندروستی، نەهلە خان ئاوەدان کردنەوە، و کاک ئەیاد بابەتی یاساییەکەی. ئنجا ئەگەر ئەو راپۆرتە خوێندرابایەوە، وابزانم هەموو بۆچوونێکمان دیار دەبوو هیواو ئاواتمان چییە؟ وچارە چۆن دەدۆزینەوە بۆ کێشەی ئێمە؟ و رەنگە کورت تریش بایە بۆ ئەم مەسەلەیە.سەردانەکەمان کرد بۆ بارەگای (OFDA). کاک شمائیل و دکتۆر رزگار چوونەتە(OFDA) لە زاخۆ، لەراستیدا ئێمە گلەییمان کرد کەوا ئێمە هیچ شتێک دەربارەی پارەی ئەوان نازانین، چۆن سەرف دەکرێت؟ مووچە چۆن دەدەن؟ لەراستیدا لێپرسراوەکەیان لەگەڵ ئێمە ووتی: من لەسەدا سەد لەگەڵ ئێوەدام، ئێستا وادابنێین ئەگەر ئەمەریکا مەبەستی ئاوەدان کردنەوە نەبا، ئێوە هاتبان بۆ ئەمەریکا، بە ئێوەمان گوتبا چەندتان پارە هیناوە؟ ئێمەش بە ئێوەمان گوتبا مافتان نییە چەند و چۆنی و شێوەی سەرف چۆنە لەگەڵماندا بکەن و گوتبامان ئێوە مافتان نییە لە چۆنیەتی دابەش کردنی مووچە بەدەنگ بێن. ئنجا لە راستیدا بەزەییێکی تەواوی هەبوو بەرامبەر بە ئێمە و زانی کەوا ئێمە لەسەر حەقین. دەبێ ئەو راستییە بڵێین کە ئەو رێکخراوانە دەچن ئەو دێهاتانە ئاوەدان بکەنەوە کەلەسەر شەقامی گشتین، قەت ناچنە ناو قووڵایی، دەچن ئەو گوندە ئاوەدان دەکەنەوە کە لەبەر چاوە، کەچی هەندێ گوندی وا هەیە سەرچاوەی ئاوی زۆرە و زەوییێکی زۆریشی هەیە. ئەگەر بێتە ئاوەدان کردنەوە دەورێکی باشی دەبێ بۆ باری ئابووری ئێمە، بەڵام ئەوانە بە ئارەزوی خۆیان دەکەن ودەبێ چارەی ئەمە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تێبینی برادەران لەسەر ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایەوە تەواو بوو، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی حەزم دەکرد لەوکۆبوونەوەیەدا ئەندامان ئەم راپۆرتەیان بەپێشنیاری خۆیان دەوڵەمەند بکردایە، چونکە ئێمە ماوەیەکی دی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەو رێکخراوانە دەکەین بۆ ئەوەی ئاراستەیان بکەین و پێشنیاریان پێشکەش بکەین و بشتوانین وەڵامیان لێ وەربگرین، کاک ئیبراهیم سەعید باسی راپۆرتە دوورودرێژەکەی کرد کە پێشکەش بە رێکخراوەکان کراوە. بەڕاستی ئێمە وەڵامان نییە، چونکە هیچ وەڵامێکیان نەداینەوە و گوتیان ئێمە ئامادە نین تا ماوەیەکی تر وەڵامی ئەم پرسیار و تێبینیانە بدەینەوە ئەوە بەڕای من عەیبێکە لە خۆمانە، دەمانەوێ لەسەدا سەد پشت بە رێکخراوی بیانی ببەستین، ئەگەر خۆماڵی بێت یان بیانی بێت. ئەگەر بەتەواوی کارنەکەین ناگەینە ئەنجامێکی باش، هەندێک پێشنیارمان پێشکەش بە رێکخراوەکان کرد ئەوانیش وەڵامیان داینەوە وگوتیان: ئێوە داهاتتان هەیە دەتوانن ئەو ئیشەی کە ئێمە دەیکەین ئێوەش بیکەن بۆ نموونە: ئەو دەرمانەی کە ئێمە دەیکڕین و بۆتان دێنین، ئێوە دەتوانن بەدەستتان بکەوێ بە رێی قاچاغ، بەڵام لەوانەیە لەم جۆرە باشتر نەبێت، ئەو نەوت و گازەی کە ئێمە بۆتان دەکڕین، بەهەمان رێگە دەتوانن ئێوە بیان کڕن بەپارەیەکی کەمتریش لەسەرەتان دەوەستێ. لەراپۆرتەکان دا کە د.حەسەن باسی کردبوو لەلایەن تەندروستی یەوە باسی (ئەنتی جینات) و حەبی مەلاریای کرد، یەک لە رێکخراوەکان هەستا و گوتی: ئەی ئەو حەبانەی کە ئێمە بۆمان هێنان لەم دواییەدا چیتان لێ کردن؟ ئێمە ئەوەندە حەبی مەلاریامان هێنا چی بەسەر هات؟ بەڕاستی خەوشەکە لە خۆمانە ئەو شتەی دێت ناتوانین بەڕێوەی ببەین. باسی کارگەکانمان کرد کە ئێمە ئامێرمان دەوێ، سپێرپارتمان دەوێ: گوتی: ئێوە دەتوانن ئەو کەرەستانە پەیدا بکەن. وتمان: ناتوانین و سزامان لەسەرە، رێگا نادەن. گوتی: کەسەیری بازاڕ دەکەم دەبینم پڕی (سەتەلایت)ە ئەوەتان لە کوێ هێنا؟ دوایی ئەوە عیراق چەند ساڵە ئەو ئابلوقەیەی لەسەرە کەچی رێگای تایبەتی خۆی هەیە بەو رێگایە شت بۆ خۆی دێنێ. ئێوە بۆ ناتوانن؟ کە پارەتان هەبێ دەتوانن بیهێنن. دوایی عەیبێکی ترمان هەیە و لەگەڵ رێکخراوەکاندا باسمان کرد ئەویش ئەوە بوو، بەڕاستی نەخشەو پلانێکی ناوەندیمان نییە. هەر لێپرسراوێک لە خەڵکی ناوچەکە کە دەچێتە لای رێکخراوەکان، هەوڵ دەدات کە هەر ناوچەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، بەڕاستی ئەو ماوەیە وەک لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، چەند ئەنجوومەنێک لە ناوچەکان وەک ناوچەی گەڵاڵە هاتنە لامان و گوتیان: تا ئێستا هیچ قوتابخانەیەک لە لامان دروست نەکراوە و چ پرۆژەیەکی ئاو نییە و کاتی خۆیشی «ناحیە» بووە و ئێستا گرنگی پێ نەدراوە کەچی جێگەی تر کە زۆر بچووکترە قوتابخانەی لێ دروست کراوە و ئەوەندە پێویستی پێ نیە یان نەخۆشخانەیەکی گەورەی لێ دروست کراوە و ئەوەندە پێویستی نییە. ئێمە ئەوانەمان هەموو بۆ باس کردن. بەڵام هیچ وەڵامێکی وایان پێ نەداین و تەنیا گوتیان پاش ماوەیەکی تر دوای سەری ساڵ کۆبوونەوەیەکی تر دەکەین کە بتوانین وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم: باکاتەکەمان بەپیشەکی بەفیڕۆ نەدەین، هەقە هەر کەسێک کە هەڵدەستی یەکسەر بچێتە ناو بابەتەکەی. یەکەم: من پێم سەیرە لیژنەکە سەرەتای ساڵی نوێی داناوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان دانیشێ. تامانگی سێ پەرلەمان پشووی هەیە، مانگی یەک و دوو پشوو دەبێ. دەبوایە لەکۆتایی ئەم ساڵ دا دابنیشن. دووەمیش: من پێم وایە کاک عەبدولخالق ئەو ماوەیەی دوایی نەختێک لە ڕاستی لادەدا، ئێمە «موبالەغە»مان نەکردووە لە لایەنی ئەمنی، ئێستاش هیچ نموونەیەکی تر نییە کە لەکوردستان باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێکخراوەکان و نوێنەری (UN)بکات و ئەگەر نموونەیەکی باشتر لە کوردستان هەبێ باپێم بڵێن، ئەوە داوایان نەکرد بە یەکجاری بکێشنەوە، داوایان نەکرد هەندێکیان نیازیان هەبوو بەشێوەیەکی کاتی برۆن لەکاتی شەڕو ناخۆشی دا. بەڵێ نەخۆشخانەکان گیران ، ئەوان راپۆرتیان نووسیوەو، تەواوبووە. دیسان ئێمە هەموو جار جەخت بکەین کە نەخۆشخانەکان لەلایەن چەکدارەکانەوە گیران کارێکی ناتەواوبوو، من تکا لەجەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن دەکەم داوا لە برادەران بکات کە لەکاتی گفتوگۆ کردن لە بنەڕەتی بابەت دەرنەچن ومن رەخنەم لەبرای خۆم مەلاهادی هەیە. ئێمە ئێستا گفتوگۆی ئەو راپۆرتە دەکەین هەر کاتێک ئەو حەزی کردبا داوای وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی و هاوکاری کردبایە بێت بۆ ئێرە دەهات. ئێمە کەی داوامان کردووە و نەهاتووە؟ کێ داوای کردووە و نەهاتووە؟ ئەوکەم تەرخەم نییە بەڵکو خۆمان کەمتەرخەمین کە داوامان نەکردووە. بۆ کاک عەبدولخالق کە دەڵێ ئێمە تەدەخول نەکەین؟ بۆ تەدەخول نەکەین. بۆ حکومەتی هەرێم مافی نەبێت لەو ڕێکخراوانەی کە هاتوون بپرسین بزانین بودجەتان چەندە؟ بابزانین نیوەی یاسێ بەشی ئەو بودجەیان بۆ خۆیان سەرف کردووە یان بۆ کوردستان؟ ئەمە مافێکی سروشتی خۆمانە وەک حکومەت، ئێمە ڕێگرنین و حکومەتین و یاسامان هەیە بۆ نەتوانین بڵێین وەرە جەنابی (UN) یان جەنابی نوێنەری (OFDA)تۆ چیت هێناوە بۆ کوردستان؟ پارەکە چەندە و چەندتان بۆ ئێمە خەرج کردووە؟ و بزانین چیتان کرد لەو پارەیە کردووە کە هێناوتانە؟ ئەوی ترتان لەچی خەرج کردووە؟ ئەمە مافێکی زۆر سروشتی ئێمەیە و بێ ڕێزیشیان بەرامبەر ناکەین. ئێمە دەجار داوامان لێ کردوون فەرموون وەرن بائێمە خەڵکتان بۆ دابنێین ئێمە لێپرسراوی ئەمنی ئێوەبین کە کەستان نەکوژرێ وکەس هەرەشەتان لێ نەکات، دەڵێن: نەخێر ئێمە ئارەزووی خۆمانەو، خۆیان بەرپرسن لەوەی ئەگەر شتێکیان بێتە پێش و تووشی کێشەیەک بن، ئەوان بەرپرسن لە حکومەتی هەرێم بەرپرسە نەک هەردوو حزبەکە بەرپرسن. چونکە خۆیان ڕێگە نادەن بە حکومەت کە پارمەتیان بدات، خۆیان ماوە نادەن کە دابینی پاسەوانیان بۆ بکرێ و پێم وایە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی

نیشتمانیی داوای له هەردوو فراکسیۆن کردبوو بەڵام ناولێنانی لیژنەکانی کردبوو کە لەچ لیژنەو چ لیژنەیەک بێن؟ بۆیە ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دەسنیشانمان کردووە. من لەگەڵ خاتوو نەهلەم کە دەبوایە پێشنیاری پێ بدەن بەڵام تا ئێستا ئەو راپۆرتە پێشکەش بە فراکسیۆنەکان نەکرابوو کە دەرسی بکەن وپێشنیاری خۆیان ئامادە بکەن و دەوڵەمەندیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر ئێمە نەتوانین سنوورێک بۆ ئەو ڕێکخراوانەش دابنێین، ئێمە یاسای مانەوەی بیانییەکانمان هەیە کە کاتی خۆی لەمەرکەزەوە دەرچووە و بەپێی یاسای مانەوەی بیانییان دەتوانین هەندێ رادەو سنوور بۆ ئیشەکانیان دابنێین، هەم لەلایەنی ئەمنیش خزمەتی ئەو ڕێکخراوانە دەکات و هەم مەسەلەی پسپۆری دەرەوەی مەرکەز کەوتوەتە ئەستۆی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم دەتوانین ڕێکی بخەین و ئاگاداری هاتوچۆو هاتنە ناو هەرێم و دەرچوونیان بین، چونکە ئەوانە مەسەلەی پاراستنی گیانی ئەوانە، بمانەوێ و نەمانەوێ راستەوخۆو ناراستەو لە ئەستۆی ئێمەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ تێبینییەکەی کاک فەرەنسۆ، دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەندامی پەرلەمان لە سنووری گفتوگۆ دەرچووە، لەراستیدا دوو تێبینیم تۆمار کردبوو، چاوەرێم دەکرد تەواوبێت، یەکێ دەربارەی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی، وەزارەتی تر کە داوامان لێ کردون هاتوونەتە پەرلەمان و لە راستیدا لێرەدا چەند پرۆتۆکۆلێکمان هەیە ئەگەر کاک مەلا هادی حەز بکا بگەڕێتەوە سەری وسەیری بکات دەبینێ چەند جار وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی و هاوکاری، یان بریکاری وەزارەتێک بەوەکالەتی بانگ کراوە و هاتووە، دووەمیش بەوەی کە کاک د.ئیدریس گوتی من تێبینییەکم بۆ ئامادە کردبوو کە دەڵێ ئیشی حکومەتە. راستە ئەوە ئیشی حکومەتە، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان، یان پەرلەمان لەدانیشتنێکدا بڕیاری دا کە بەدوای ئەو بابەتەدا بچێ، بۆ ئەمەش وتمان لیژنەیەکی کاتی دروست بکرێ بۆ ئەوەی سەردانی ڕێکخراوەکان بکات و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن و بیروڕا و کۆمەڵێک زانیاری بۆ لیژنەی ئاوەدان کردنەوە کۆ کرایەوە و لیژنەکانی تری پەرلەمان ئاگادار کرانەوە، ئێمە دەرهەق بەو ڕێکخراوانە چ بیانی و چ خۆماڵییەکان هەرگیز بە نارێکی نەجوڵاوینەوەو و بەشی دووەمی پرسیارەکەش ئەوە بووکە دەبوایە زانیاری لە کاروباری مرۆڤایەتی و هاوکاریی وەک وەزارەت وەربگیرابایە و وابزانم لیژنەکە هەوڵیان داوە سەردانی وەزارەتەکان بکەن و ئەوەی کە پێویست بووە کردوویانە و من دووا وشەم ئەهێڵمەوە بۆ ئەوان. دیارە کاک عەبدولخالق بەدوواداچونێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری ئەو قسانەی کە کردی لەوانەیە لێکدانەوەیەکی باشی قسەکەی منی نەکردبێ من بڕوام وایە کەمەسەلەکە، مەسەلەی ئەمنی یە سەبارەت بە ئەوانەوە و زۆریش پێویستە و زیادڕۆیی کراوە و باری کوردستان بەو شێوە بووە و زۆر کاری کردۆتە سەر ئەوان و ئەگەر کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم لێرە بوایە و کاک سامی عەبدولڕەحمان لێرە بوایە و ئاگادارن کە ئێمە لە (I.N.C) دا کۆبوونەوەیەکی گەورەمان کرد لەگەڵیان دا لە بواری ئەو ڕووداوانە و شکاتی زۆریان کرد ومن دەڵێم لە ڕاستیدا میللەتەکەمان هاوارییەتی لەدەست باری ئەمنی و ئێمە ئێستا پێش ئەوە لە کۆبوونەوەدا لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی زەرد ئێمە گفتوگۆی باری ئەمنیمان کرد، ئنجا چۆن سەبارەت بە بیانییەوە، ڕووداو زۆرن ومن لەگەڵ ئەوەدانیم بقۆزینەوە تەلەفزیۆن کە زیادڕۆیی چەند بوون یان نەبوون و ئێمە دەبێ دەست بخەینە سەرو وچارەسەری بکەین و، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە من زۆر پێویستە برادەران بەو شێوەیە وەر یبگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینەوە سەر ئەو تێبینیانەی کە برادەران باسیان کردو، جارێ بابزانین وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی بەوەکالەت چ تێبینییەکی لەم بارەیەوە هەیە؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی و هاوکاری لە ڕێکخراوە بیانییەکان هەموو سێ مانگ جارێ ڕاپۆرتێکی لەو بابەتەی بۆ دێت و ئەوەمان بۆ دەردەبڕن کە چ ئیشێک دەکەن و چەندی یان لە فلان ئیش سەرف کردووە. بەڵام ئامادە نین گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن وەکو لەمەوبەر گوتمان کە بڕی ئەو پارەیەی کە هێناویانە چەندە؟ بۆ ئەوەی ئێمە وەکو وەزارەتی پەیوەندیدار چ پەروەردەیەو چ تەندروستی و چ وەزارەتێکی ترە بەپێی بڕی ئەو پارەیەی کە هێناویانە سەرپشکی خۆی دەسنیشان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان ئامادەنین بودجەی پرۆژەکەیان بەئێوە بڵێن، فەرموو.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ نموونە ڕێکخراوێک بڵێ من (٢٠٠)هەزار دۆلارم پێیە دەمەوێ ئەو (٢٠٠) هەزار دۆلارە لەسەدا سی بۆ کشتوکاڵ و لەسەدا بیستی بۆ تەندروستی و لەسەدا پەنجاش بۆ پەروەردە خەرج بکەم. ئەو کاتە ئەگەر ئەوە بڵێ ئێمە دەتوانین تەندروستی و پەروەردەو کشتوکاڵ کۆببینەوە و باسی پێداویستی خۆمان بکەین بۆ ئەوەی بیکەین بە پرۆژەیەکی تەواو، و خەڵکی ناوچەیەکی

دیاری کراو لەرووی تەندروستی و کشتوکاڵ و پەروەردەوە ئامادە بکەن، یان رووەتی پێ بدرێتەوە، لەجیاتی ئەوە دێن و دەڵێن: ئێمە پرۆژەیەکی ئاودێریمان هەیە، یان فستق دەچێنین لەقەد شاخێک کە هەرگیز خۆی گیاشی لێ شین نەبووە و نابێت، بە بڕی (١٠) هەزار دۆلار هاتووە و دەڵێ ئێمە دارمان کریووە بۆ رایەڵی خانوو دەرگاشمان کریوە و بایی (١٠)هەزار دۆلار بزمارمان کریوە، و من ئەندازەم خوێندوە دەزانم کە داری رایەڵ بزماری ناوێ، دەرگاش کە باسی کرد دیسان بزماری ناوێ، ئەوە گفتوگۆی ناوێ و زۆر ئاساییە یان (٤٢) هەزار لیتر (گازوایل)ی کریوە لەرۆژی ١٠/١١ لیتری بە (٢)دینار، لەهەمان رۆژ (٥٠) هەزار لیتری تری کریوە لیتری بە دوو دینار و نیو ئاخۆ لە رۆژێک دا لەهەمان جێ چۆن دوو دینار ببێتە دوو دینار ونیو، نارێکی لەو بابەتەدا هەیە، یان هەتا ئەگەر کاروکردەوەی نارێکیش دەکەن کاروکردەوەکە چ لە رێگای لێپرسراوی رێکخراوەکان و چ لەرێگەی ستافی ئەنتەر ناسیونال و ناوخۆییەکانەوە، دزی یەکانیان زۆر بە نازیرەکانەیە کەپیاوێکی ئەنتەرناسیۆنالی تێی دەگات، ئێمە وەنەبێ لەبەر خاتری رێکخراوەکان حەز بکەین ئاسایش هەبێ. بەڵکو لەبەر خۆمانە دەمانەوێ هێمنی بەرقەرابێ و کەس پێویستی بە چەقۆ نەبێ لەگەڵ خۆی دا هەڵبگرێ، تاکو تاقیکردنەوە دیموکراتی یەکەمان لە هەرێمی کوردستان سەرکەوێ و ناوی ئێمەش لەدەرەوە باشتر بێ و هەموو شتێکیش شیاوی بەراورد کردنی هەیە، کاتێک کە بەراوردی دەکەین دەبینین خراپ هەیە وخراپتریش هەیە، من ئاگاداربووم لەکاتی شەڕەکەش باری ئەو رێکخراوانە لە چاو وڵاتێکی وەک سۆماڵ و ئەفغانستان یان یوگسلاڤیاو بۆسنیا و هێرزگۆڤینیا باشتر بوو. من دەڵێم: ئەو رێکخراوانە کە دێنە ئێرە بۆمان هەیە لەکاروبار و بودجەیان بپرسین وگفتوگۆیان لەگەڵ دا بکەین. ئێمە نابێ بڵێین گەر گفتوگۆیان بکەین ئەوان راپۆرتی خراپ دەنووسن، ئێمەش راپۆرتی خراپیان لەبارەیەوە دەنووسین. حەز دەکەین واز لەوە بێنین کە لەزەمانی ئیستیعمارەوە بۆمان ماوەتەوە، هەرچی چاوشین وقژ زەردبێ و رووبکاتە ئەم وڵاتە، هەرچی وتی راستە و ئەوانی تر هەمووی درۆیە و ئەگەر ئێوە برواتان بە خۆتان هەبێ ئێوە لەوان زیرەکترن و شارەزاتریشن لە وڵاتی خۆتان بۆ کابرایەکی بیانی بێت فێرمان بکات؟ بۆ یە ئەو کابرایە نایەوێ تۆبچی تەماشای دەفتەری ژمێریاری بکەی و سەیری دزی یەکانی بکەی. ئێمە پێویستە رێگەی ئەوانە نەدەین لەسەرمێزی خواردنەوە یان لە کۆنفراسێک دا قسەی وابکەن، بەرامبەر بە ئەندامی پەرلەمان. کورد خاوەنی وڵاتی خۆیەتی مافی بەدواداچوونی کاری ئەورێکخراوانەی هەیە کە لەگەڵیان دابنیشن تاکو بزانین چیان هەیە و چیان کردووە و چ کێشەیەکیان هەیە؟ پێویستە ئێمە هەموومان بەرامبەر بەو رێکخراوانە یەک هەڵوێست بین، نەبادا کەمن وەزیری لیستی سەوزم، تۆژینەوەیان لەگەڵدا بکەم ئەوان بچن لە لیستی زەرد پەناگەیەک بدۆزنەوەو فەرمانێکی بۆ دەربچێت وبڵێن فلان کەس ئەزیەت مەدەن، من دەزانم نوێنەری بازاڕی هاوبەش کە لێرە گەڕایەوە بەسزا گەڕایەوە، هات سەردانێکی (صلاح الدین)ی کرد و چووە سەردانی مام جەلال گوتی: من گواسترامەوە بۆ سوڤیەت و هەموومان دەزانین کە سزای پێ دراوە،

چونکە ئیشی خراپی کردووە بە ئەرکی خۆی هەڵ نەستاوە. لێرەدا بەئارەزوی خۆی هەڵسوکەوتی کردوە وەکو سوڵتان عەبدولحەمید و هەزارویەک شەوەی سەردەمی هارون رەشید جووڵاوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەی چاوی شینە وقژی زەردە ئەو هەموو توانایەی بۆ مێز رازاندنەوەی خۆی بەکار هێناوە. ئاسایییە ئەگەر سەری رەش و مام جەلال پێشوازی لێ بکەن ئەوە گوێ لەقسەی وەزیری مرۆڤایەتی ناگرێ. بۆیە دەڵێم دەبێ هەوڵی ئێمە ئەوەبێ وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بکەینە وەزارەتێکی بە دەستەڵات وتوانا ولە یاسای وەزارەتەکەدا هاتووە کە بەڕێوبەرایەتییەکی هەبێ و ئەو بەڕێوبەرایەتییەش ئیشی هەماهەنگی کردنە لەنێوان وەزارەت و کاروباری رێکخراوەکان دا وهەروەها دەستەیەکیش هەیە، پێویستە لە کۆبوونەوەی هەموو وەزارەتێک لەگەڵ رێکخراوەکاندا ئامادە بێت، تەنیا بۆ دەربڕینی رای و لە هەمان کاتیش دا با ئەو بارەشیان لەکۆڵ بکەینەوە و بیرێک لەوە بکەینەوە کە ئەو بریارانەی داومانن بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نەخشەکێشانی ناوەندی بۆ دەسنیشان کردنی ئەولەوییەت لەکوردستان لە کوێ پێویستە چ بکرێ بیکەین؟ من بروام نییە رێکخراوێک لە پاریس یان لەستۆکهۆلم یان لە لەندەن لەوەزیری تەندروستی ئێمە باشتر بزانێ لە کوێ ئێمە نەخۆشخانەمان پێویستە. بۆ نموونە: ئێستا لە چەمچەماڵ لەچەند جێی تریش دوو تا سێ تا چوار نەخۆشخانە هەیە: هەمووی سنووری (١٠ــ ١٥)کم لێک دوورن ناوچەش هەیە لە ماوەی سەدو پەنجا کیلۆمەتر یەک نەخۆشخانەی لێ نییە. ئەو دابەش کردنە نارێکە لەوە هاتووە کە رێگە بە وەزیری پەیوەندی دار نەدراوە کە رای هەبێت دەبێ چارەسەری ئەم کێشەیە بە چاکی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارم بۆ قسەکانی کاک سەعدی تەنیا بارودۆخەکەیە. بەو ناوەی کە ئەو رێکخراوانە ئامادەنین بودجەی خۆیان دیاری بکەن بۆ لێپرسراوانی هەرێم، ئەگەر وەها بێت من ناکۆکم لەگەڵ بۆ چوونەکەی کاک سەعدی. چونکە من لەگەڵ ئەو برادەرانە دانیشتووم و ژمارەشیان پێ داوم و راپۆرتیشیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان بەرز کردۆتەوە. ئەگەر ماوەم بدەن من ئامادەم ژمارەکانیش بدەم کە بودجەی ئەوان چەندە و چەندی لە کوردستان خەرج کراوە، واتە ئێمە ئامادەییمان هەیە وەکو حکومەت و وەزارەت و لێپرسراوان قسەیان لەگەڵدا بکەین و هاوکاریمان لەگەڵ دا بکەن ئەوانە ئامادەییان نیشان داوە کە ژمارەمان بدەنێ. هەروەک لە راپۆرتێکیان دا کە بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی بەرز کردۆتەوە. لەو راپۆرتە ئەوەیان دەرخستووە کەکۆی ئەوروپی ئەوەندە و حکومەتی ئەمریکی هەندە و فلان حکومەت هەندەی خەرج کردووە لە کوردستان و ئەو ساڵ بۆ فلان مادده بودجە ئەوەندەیە، و سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

ئێستا دێینەوە سەر لیژنەکە. کاک د.سەلاح وخوشکە فەوزیە عیزەدین رەشید دەبێ ئەو تێبینییانەی وتران، وەلامیشیان هەبێ، فەرموو کاک د. سەلاح.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

تکام وایە لەپاش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ڕێگەی دام، ڕێگەش بدرێ بە ئەندامانی تری لیژنە، ئەگەر هەر کەسە چی لەلایە بیخاتەروو، ئەگەر شتێکم لەبیر چووبوو، ئەوەیش با دەری ببرێ و بیرو رای خۆی بلێت. بەڕێزان بێ گومان هەموومان دەزانین ئەمە کاری حکومەتە نەک کاری پەرلەمان، حکومەتیش تاکو ئیستاکە نەیتوانیوە ئەم کارە ئەنجام بدات. لەبەر ئەوە بووە کە بەرنامەو ئەنجومەنێکی نەخشەدانان نەبووە کەوا دەسنیشان بکرێ وبتوانێ ئەوە جێبەجێ بکات کە کوردستان چی پێویستە و چی پێویست نییە. ئێمە ولاتەکەمان ولاتێکی زۆر بەسەروەت و سامانە و هەمووشمان دەزانین، بەلام ئەوە بۆ دووسالّ و نیو دەچێ، ئەو دەزگا گرنگە نە هاتۆتە مەیدانەوە و دروست نەبووە، هەرچەندە زۆر جار دووپاتی لەسەر کراوە لە رای گشتی و لەرۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان دا، جا لەبەر ئەوە دەزانم کە پەرلەمانی کوردستان مافی هەیە چۆن چاودێری دەستەلاتی جێبەجێ کردن بکات ئاواش مافی چاودێری کردنی کاروباری ئەو رێکخراوانەی هەیە. هەر ئەوەش بوو کە بەڕێزتان بریارتان دا کە ئەم لیژنەیە پێک بێت، تاکو ئێمە بچین بۆ بەدووا داچوونی کارەکانیان و ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی کە رایان بکێشین زۆر پێ خۆشحالّین کە لێیان دەپرسێتەوە و سەیری ئیشەکانیان دەکرێت و ئێمە فۆرمێکی تایبەتیمان داناوە بە جۆرێک هەموو زانیارییەکی دەربارەی ئەو رێکخراوانە بگرێتە خۆ و خالّەکانیشی یەکە یەکە بۆمان وەرگێراو پێ خۆشحالّ بوو وگوتیان: هەموو شتەکانتان پێشان دەدەین، تەنانەت پارەکانیش. کەواتە ئەگەر لێیان بپرسین ئەوان ئامادەن. ئەوانەشیان دەسنیشان کرد کە چیان کردووەو چ دەکەن، برای بەڕێزم کاک ئەیاد لایەنەیاساییەکەی بۆ روون کردنەوە، باسی ئەوەشی کرد کە پێشنیار وایە کە یاسایەک دەربچێت ومنیش لەگەلّ رایەکەی برای بەڕێزم کاک عەدنان نەقشبەندییم کە ئێمە بمانەوێ کاروباریان رێک بخەین ئەوە یاسا کاروباریان رێک دەخات و ئەمە بەقسە نابێت. دەبوایە ئێمە یاسایەک دەربکەین بۆ رێکخستنی کاروباری ئەو رێکخراوانە. ئەوانە بێگانەن لێرە، دەبێ بزانێ مانەوەو یاسای مانەوە چۆن دەڕوات و دەستەلاتی چی هەیە و چی نییە؟ لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ پەلەی لێ بکەین و ئەو یاسایە شتێکی زۆرباشە. بەداخەوە کاتەکە کەم بوو دەبوایە ئەم راپۆرتە لە پێشدا خۆمان بمان خوێندایەوە بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئاگادار بوونایە، باسی چیمان لەوەدا کردووە لەبارەی گەشە پێدان و لایەنی ئاوەدان کردنەوە و ئەوە هەندێ ژمارەی تێدایە. هیوادارین لە کاتێکی تر بتوانین ئەم راپۆرتە بخەینە بەردەمی بەڕێزتان. ئەگەر ئێمە بەراستی بەخۆ بکەوین دەتوانم بلێیم یارمەتی ئەوانمان ئەوەندە پێ ناوێ، چونکە توانایەکی زۆرمان هەیە، ئەو ژمارانەی

کارگەکانتان بۆ بخوێنینەوە کە چ داهاتێکی وامان هەیە، پاش توێژینەوە ئەم ژمارانەمان بۆ هاتوون و، کەم و کوورییەکە لە خۆمانە. لە پێشەوە من هەر بۆ نموونە دەیلێم و هەمووشمان دەیزانین کە دەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٢٠٠) هەزار فەرمانبەری هەیە، ئەو فەرمانبەرانە و ئەو پسپۆرییانەمان هەموو پشتگوێ خراون واتە: هەموویان نەخراونەتە خانەی خۆیان بۆ ئەوەی ڕێگەیان بدەینێ وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە، بۆ نموونە (٢٠) هەزار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسمان هەیە و لەوانە (٣) هەزار ئەندازیاری جۆراو جۆرمان هەنە، (١٥) هەزار تەکنیکیشمان هەیە لە دەرچوانی پەیمانگاکان، کە ئەمە هەمووی بۆ وڵاتێک، ئەمەکاتی خۆیشی لە کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لەدەرەوە باس کرا وگوترا ئێمە دڵنیاین ئێوە هیچ کێشەیەکتان نییە، ئێمە وامان زانیوە وەکو وڵاتێکی ئەفریقین تەکنیکی و شارەزاتان زۆر کەمە. مادام ئێوە ئەوەتان هەیە. کێشەتان نیە، بەڵام بەداخەوە ئێمە خۆشمان دەزانین کە ئەو فەرمانبەرانە هیچیان خانەی خۆیان نەگرتۆتەوە و هیچ ماوە نەدراون بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکانی خۆیان بەپێی پسپۆری و شارەزاییان ببەن بەرێوە ئەمەیە خاڵی کەم وکوڕیمان لەم بوارەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو فەروزیەخان.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.سەلاح ڕەنگە ئەوەی لە بیر کردبێ، کە لە سەرەتای ئیشەکەماندا ئەم کۆنفرانسەمان بەست، هەرچەندە کۆنفرانسیش نەبوو، بەڵکو کۆبوونەوەیەکی فراوان بوو لەگەڵ ڕێکخراوەکان دا کردمان. بۆ ئەوەی بزانین راو بۆ چوونەکانیان چییە؟ ربەڵکو وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە دوورودرێژەمان بدەنەوە و ئێمەش بیکەین بەراپۆرت و بۆ بەرێزتانی بخوێنینەوە. بەڵام ئەوان ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕی بۆ وەڵام دانەوەی ڕاپۆرتەکان لەبەر ئەوە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان ئێستا نەخوێندەوە. سەبارەت بە برای بەڕێز د.ئیدریس هادی کە گوتی پەیوەندیی بەوەزارەتی گواستنەوەوگەیاندنەوە نەکراوە، هەر لە ڕاپۆرتە دوورودرێژەکەدا تیایەتی و باسی وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن کراوە، و هەندێ لە برادەران گلەییان کرد کە لەلیژنەکەمان دا گوایە ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و کشتوکاڵی تێدایە نییە، بەڵام ئێمە ئێستا ئەو ڕاپۆرتەمان نەخوێندەوە، چونکە ئیشەکەی تەواو نەبووە، ئەم ڕاپۆرتەشی کە خستمانە بەردەم جەنابتان و تەنیا باسی کۆبوونەوە فراوانەکە بوو، بۆ ئەوەی ئێستا گوێمان لە راوپێشنیارەکانی ئێوە بێت و هەروەها کە گەڕانەوە بۆ لیژنەکانی خۆتان پێشنیارەکانمان پێشکەش بکەن، ئەو کاتە دەیکەینە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەڵ و دوورودرێژ و بۆ جەنابتانی دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، وابزانم ئەم خاڵە لێرە کۆتایی پێ بێنین و ئەو تێبینییانە جێگەی ڕێزلێنانی

ئەرک و تەقەلای برایان ئەندامانی لیژنەکانە، وابزانم ئەوە چاوەڕێی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بیانیانە بەزووترین کات وەڵامی هەم راپۆرت و هەم پرسیارەکان و هەم ئەم ئەنکێتەی کە کردوویانە بدرێتەوە. دوای ئەوە بێگومان ئێوەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان یان وەکو لیژنە خراپ ئێمە ئەگەر هەرچی پێشنیارو شتتان دەربارەی ئەو بابەتە هەیە کۆتان بکردایەتەوە وبتاندایە بە لیژنەکە و ئەوەی کە شێخ عەدنانیش فەرمووی دەربارەی پرۆژەیەکی یاسا، باشە ئەگەر لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی و هاوکاری هەولێیک بدرێ بەلایەنی کەمەوە بۆ ساڵی ئاینده شتێکی ئاوا ئامادە بکرێ.

خاڵی دووەم مەسەلەی ئاسایشی باری هەولێر یان بەگشتی پەیوەندییمان بە جەنابی وەزیری ناوخۆوە کرد، وەزیری ناو خۆ دیارە کاری تری هەبووە بۆ یە داوای لێبوردنی کرد، ئەمڕۆ کاتەکەش تۆزێ دواکەوت، ئەمڕۆ پێنج شەممەیە وابزانم ئەگەر بەپەسەندی بزانن ئەم بابەتە لەگەڵ یەک دوو بابەتی ترمان هەیە ئەی هێڵینەوە بۆ رۆژی شەممە، لەوانە پرۆژەی یاسایەکمان هەیە دەربارەی لێ بوردنی گشتی وابزانم ئەو بابەتە دراوە بەلیژنەی یاسایی وەزارەتی داد لەسەر پێشنیاری کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان کە کاتی خۆی وتمان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا هەرچی زانیاری هەیە بیدەن بەلیژنەی یاسا، وا دیارە زۆر لەو پێشنیارانە نەگەیشتووە، وەزارەتی دادیش بەداخەوە هەتاکو ئیستا وەڵامی لیژنەی یاسایی نەداوەتەوە و ئەمڕۆ من دووپاتم لەسەرۆکی لیژنەی یاسام دووپاتکردەوە پێش ئەوەش لەگەڵ کاک سەید حەسەن قسەمان کرد بوو دیارە تا ئێستا هیچمان بۆ نەهاتووە، تاکو رۆژی شەممە خوا حەزبکات ئیش و کاری خۆمان تەواو دەکەین و ئەگەڕێینەوە ئەو کاتەکەش ئەگەر پێویست بوو بۆ پێکەوەنانی حکومەت، واتا ئەگەر شتێک هاتە پێشەوە ئەوسا خۆمان داواتان لێ دەکەین بفەرموون بۆ ئێرە، چونکە بۆ هاتن لەوانەیە کێشەی رێگە هەبێت بۆیە خوا یاربێ رۆژی شەممە هەرچی لەبەر دەست دایە تەواوی دەکەین. کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەگەر حکومەت کابینەی سێ یەمی دروست بێت من باری ئەمنی هەولێر لەکێ بپرسم و روو لەکێ بنێم. بە راستی وەزیری نوێ دێت یان وەزیری کابینەی دووەم تائێستاکە بەرپرسە بە ئیش و بەپێی یاسا پارێزگار هەیە، یانی لیژنەی ئەمنی هەیە لەناو شاری هەولێر. یانی بەڕاستی ئەگەر ماوەم بدەنێ ئەوە هەڵمەت بۆ سەر مزگەوتەکانیش دەستی پێ کرد، بۆیە پێویستە اجراءات لەم بارەیەوە وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەیاد سوپاس، بۆ ئەوەی ئێستاکە ئێمە لەو بابەتە گفتوگۆ بکەین، دەبێ وەزیری ناوخۆ کە بەرپرسیارە بەلایەنی کەمەوە ئامادە بێت، یا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەکلیف بکەین بۆ

ئەم بابەتە، ئێستا ئەمە شتێکی کتوپڕ بوو، باشە لەگەڵ کێ باسی بکەین؟! ئێمە دەمانویست لێرە باسی بکەین بۆ ئەوەی گوێ بگرین لە رای حکومەت. پێشنیارمان هەبوو پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ بکەین، بەڵام وا لێرە نییە و جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرە نییەو سەفەری کردووە ئیتر قسە لەگەڵ کێ داو بۆ کێ بکەین؟! فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە بۆ رۆژی شەممە گفتوگۆ لەگەڵ وەزیردا ناکەین. وەزیر لێپرسراوەکانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ خۆی دا دێنێ، پارێزگار، بەڕێوەبەری پۆلیس و کار بەدەستانی ئاسایش، وئەوانەی کە بەرپرسیارن، ئینجا قسە لەگەڵ ئەوان دەکەین، ئەوان بەرپرسی ئاسایش و هێمنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ، راستە ئێمە ناتوانین پارێزگار، یان بەڕێوەبەری ئاسایش، یان خەڵکی تر بێنین، چونکە رێورەسمێک لە پەرلەمان دا هەبووە کە وەزیر داوا دەکەین، وەزیری ناوخۆ خۆی کێ بە پەسەند دەزانێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، ئەو مافی هەیە وەکو دەڵێن کەگەورە لێپرسراوانی وەزارەت لەگەڵ خۆی دا بێنی بۆ ئێرە، ئێمە نەمان کردووەتە رێ ورەسم کە پارێزگار بێنینە ناو هۆڵی پەرلەمان و لێی بپرسین چیت کردووە؟ ئەوە کاری وەزیری ناوخۆیە و ئەو بەرپرسیارە کێ لەگەڵ خۆی دێنی بۆ ئێرە و ئەو خۆی دەسەڵات پێدراوە و زۆر جاریش ئەو شتەمان کردووە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و قسەمان لەگەڵدا کردووەو گوتوومانە: بابەتێکی وا هەیە. لێرەدا ئەم دانیشتنەمان کۆتایی پێ دێت و شەممە سەعات( ١٠ ) جارێکی تر دادەنیشینەوە، زۆر جاریش برادەران دەڵێن سەعات یازدە، با سەعات یازدە بێت، ئەوە گرفت نییە و زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

**شەممە ڕێکەوتی ١٧/١٢/١٩٩٤**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٧

***کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (١٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***
***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆ لەسەر کردن و خستنە ڕووی بارودۆخی ئاسایشی هەولێر، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ.***
***٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی( ٩٩٥)ی پەرلەمان.***
***٣ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات.
بەرنامەی کاری ئەمڕۆ سێ خاڵە:
خاڵی یەکەم وەکو بڕیارێکی پەرلەمان ئەوە بوو لیژنەیەکمان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی سەردانی ئاوارەکانی کوردستانی تورکیا بکات سەردانیان کردو، ڕاپۆرتێکیان دا بەئێمە، ئێمەش داوامان کرد کە ناوەڕۆکی، یان پوختەی ئەو ڕاپۆرتە لەدانیشتنی ئەمڕۆدا بۆ ئێوەی بەڕێز باس بکرێ کە بزانن چ پێشنیازو ڕاسپاردە هەیە بۆ ئەوەی ئەو بابەتەش کۆتایی پێ بێنن.
خاڵی دووەم: باری ئاسایشی هەرێم کە پێشنیارێک بوو لەلایەن فراکسیۆنی کەسکەوە خرایەڕوو ئەوە بوو دواخرا بۆ ئەمڕۆو، بەڕێز وەزیری ناوخۆش ئامادەیە.
خاڵی سێیەم: بودجەی پەرلەمانی ساڵی (١٩٩٥)ە.
تازە بابەتیش ئەگەر شتێک هەیە فەرموون؟ هیچ نییە، سوپاس.
ئەگەر ئەو خاڵانەمان تەواو کرد لەوانەیە چاوەڕێ بکەین ئەمڕۆ ئەنجامێک وەربگرین لە بارەی دامەزراندنی حکومەت و دەسنیشان کردنی وەزیرەکان و سوێند خواردنیانەوە، ئەگەر ئەمڕۆ شتێکمان زانی باسی دەکەین، مەزەندە دەکەم، بەلام ئێستا شتێکمان لەبەر دەستدا نییە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەوەی درێژە دانیشتنەکەمان بدەین تا ئەوان کاری خۆیان

ئەنجام دەدەن، بۆیە هەر کاتێک مەسەلەی حکومەت تەواو بوو، ئەوسا ئەتوانین بروسکەیەک بکەین کە بۆ ئەم بابەتە ئامادەبن. بەڕێز کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ خاڵێکمان هەیە ئەویش پەیوەندیی بە پەرلەمانتارە کوردەکانی تورکیاوە هەیە کە بەم دواییە دادگایەکی تایبەت بەتورکیا حوکمی داون. تکا دەکەین ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باری پەرلەمانتارەکانی کورد لەتورکیا کە حوکم دراون بکەوێتە بەرنامەی کارەوەو، باسی لێ بکرێ. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئەگەر یەک دوو ئەندام لەم لیژنەیەدا کەرەم بکەن بێنە سەر سەکۆ بۆ باسکردنی بابەتی پەنابەرەکانی کوردستانی تورکیا.

بەڕێز د. قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئێمە هەموو ئاگادارین پاش باس کردنی هاتنی پەنابەرانی کوردستانی باکوور بۆ کوردستانی باشوور پەرلەمان بڕیاری دا وەفدەک لە پەرلەمانی کوردستان سەردانێک بکات بۆ پارێزگای دهۆک بە مەبەستی سەردانی پەنابەرەکان وئەحوالیان بپرسن و، هاریکاریان بکەین و، پێویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەین و، پەرلەمان پاڵپشتیان بکات، ئەم وەفدەش لە دە ئەندام پێک هاتبوو، کە لە پارتی و یەکێتی و لیستی مۆر بوون،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە دکتۆر، فراکسیۆنی کەسک، فراکسیۆنی پارتی، لیستی مۆر. فەرموو..

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مامۆستا ببورە. وەکو سەرۆکی پەرلەمانی ئاماژەی کرد لە فراکسیۆنی کەسک و، زەرد ولیستی مۆر لیژنەیەک لە (١٠) ئەندام پێک هات، لەوێ لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری دهۆک و، بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی میللی کۆکردنەوەی پیتاک بۆ پەناهەندان، کاری وەفدی پەرلەمان ئەوەبوو هاوکاری پەرلەمانی بۆ ئەو کەسانە دیاری کرد، گوتمان ئێمە هاتووین لەگەڵ لێپرساوانی(U.N)ڕا دانیشین بۆ ئەوەی ئەوان سەرپەرشتییان بکەن ودەستی هاریکاریان بۆ درێژ بکەن، هەروەها کاتی لەگەڵ پارێزگاری دهۆک (بەسیفەتی سەرۆکی لیژنەی شەعبی) دانیشتین بە

دوورو درێژی باسی ئەو برادەرانەمان کرد کە لە چ حاڵەتێکدا دەژین. وەکو دەزانین لەدوو میحوەردا پەناهەندەکان هاتوونەتە کوردستانی باشوور میحوەرێکیان لە زاخۆیە ئەویتریان لە شیلادزێیە کە نزیکی دوو هەزار خێزان دەبن، پێویستە زوو بەهانایانەوە بچین و، هەروەها لە ناوچەی زاخۆ لە سنوور (U.N) ئۆردوگایەکیان بۆیان دروست کردوون، بەڵام ئازووقەیان پێ نەدراوەو هاوکاری نەکراون. من پێشنیار دەکەم ئەم ئۆردوگایە لەبەر بۆردومانی فڕۆکەی تورکی دور بخرێنەوە بۆ ناوچەکانی دووری سنوور بگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی دوور بخرێنەوە لە مەترسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە وەکو لە سەرەتادا وتمان ئەم بابەتە لەدانیشتنێکی پێش ئێستا بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، رای وا هەبوو کە ئەو لیژنەیە سەردانێکی ئەو پەنابەرانە بکەن و، کە گەڕانەوە رای خۆیان دەربارەی بارەکە دەرببڕن.

رای ئەو لیژنەیە لە شەش حەوت خاڵ پیشاندرا کە پوختەکەی ئەمەیە. جا وابزانم بابەتەکە روونە ئەگەر بە پەسەندی بزانن ئێمە ئەو خاڵانە خودان بکەین وەکو پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی بکەین بۆ ئەوەی بەپێی توانا جێبەجێ بکرێن. وابزانم لە پەرلەمان کاتی خۆی بڕیاردرا کە ئێمەش هەندێ شت تەرخان بکەین بۆ ئەوان.

ئەوە پیتاکی هەردوو فراکسیۆنەکان و لیستی مۆر هەیە ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان شتێک بخەینە سەری وبۆیان بنێرین و، خاڵەکانی تریش دەیدەن بە ئەنجوومەنی وەزیران خاڵ بەخاڵ بۆ ئەوەی لە رێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، بەڵکو کۆمەک وهاوکاری بکرێن و، بەدواداچوونی ئیشەکەش ئەندامانی پەرلەمان لێرە بیکەن، جا ئەگەر بەپەسەندی بزانن با وەکو راسپاردەیەک بڕیاری لەسەر بدەین وناوی خوای لێ بێنن.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جێگەی سوپاسە کە بادینان بە پارێزگار و حکومەت و خەڵکەوە ئەوەی لەسەریان بووە لەم بارەی خۆیاندا بەجێیان هێناوە ئێمە ئەتوانین وەک پەرلەمانی کوردستان داوا لە خەڵکی شوێنانی دیکەش بکەین هیچ نەبێ بۆ هەست دەربڕین چەند لۆریەک لە هەولێرەوە، لە سلێمانیەوە، ئەگەر بەجل وبەرگی تازە وکۆنیان بچێ شتێکی چاکە. تەنیا یەک مەسەلە هەیە کە د.رزگار ئاماژەی بۆ نەکرد ئەویش گوایا شوێنەکە بەفر نایگرێتەوە، من بەتەنیاش چوومە (تلکێف) لەبناری چیای تلکێفدایە، بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە کە لێرە نییە وئەندامی لیژنەکە بوو ماوەیەک بوو بەڕێوەبەری ناحیە بووە لەوێ، ئەڵێ بەفر ئەیگرێتەوە. بەڕێز پارێزگاری دهۆک ئەوەی فەرموو کە بەفر نایگرێتەوە من گوتم بە هیچیان نا، پێش ئەوەی تلکێف ببینم لەشیعری هەردوو شەهید ئەنور بایز وسالح یوسفیدا باسی سەرمای تلکێف ئەکرێ لە هاویندا جا ئەبێ لەزستانان چی بێ؟! لەبەر ئەوە بەراستی ئەو چادرانەی کە بۆیان داناون خەڵک لەسەرما ناپارێزێ. جا تواناکە ئەوەندە

بێ یانەبێ ئەوە ئەبێ قسە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ. پێشنیازێک هەبوو کە دوو قەڵا هەنە لای ئاکرێ و، ئەتواندرێ لەو قەڵایانە دابنرێن بۆ لانی ئاسایشیش ئەبێ پەیوەندییەک لەگەڵ تورکیادا بکرێت، چونکە مەسەلەی تورک کە ئەڵێ نابێ لە سنوورین ئەوان خۆیان رایان وایە لەسنوورەوە نزیک بن و، وڵاتی خۆیانە هاتووچۆ ئەکەن. رەنگە شتی سیاسی تیا بێت، رایان وایە کە دوور نەخرێنەوە، بەڵام کە توانا نەبێت چی بکەین؟. ئەوە شتێکە جێی گفتوگۆیە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەتوانێ گفتوگۆی لەسەر بکات، ئیتر وورد ببینەوە بزانین شوێنێکی تری چاکتر هەبێت باشترە، بەڵام ئێستا دیارە لەوە زیاتر نەکراوە. هیوادارم ئەم کێشەیە بەهەموو لایەک چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەردوو سێ روونکردنەوەم لەسەر قسەی برای بەرێزم د. قاسم هەیە:

یەکەم: پێشوازی وەفد بەگەرمی کرا لەلایەن برا پەناهەندەکان، زۆر پێخۆشحاڵ بوون بەوەی کە پەرلەمانی کوردستان ئەو بایەخەی بە ئەوان دایە، هەروەها زیاتر پێخۆشحاڵ بوون کە پێمان راگەیاندن کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان مەبلەغەک پارەیان بەخشیش کردووە بۆیان، ئەوانیش تەئکیدیان کردەوە کە پەرلەمانی کوردستانی باشوور بە پەرلەمانی خۆیان دەزانن.

دووەم: ئەو ماوەی لە دهۆکماینەوە سەردانی دوو جێگامان کرد لەگەڵ پارێزگاری دهۆک چووین سەردانی هەموو سەرۆک فەرمانگەکانی پارێزگای دهۆکمان کرد، ئەوەی پەیوەندیی بەئیش وکاری چادرگەوە هەیە کە پتر یارمەتیان بدەن وەکو فەرمانگەی تەندروستی دهۆک، سەرۆکایەتی تەندروستی و، ئەشغال وپەروەردە وهەموو فەرمانگەکانی تر، لەگەڵ هەموو نوێنەرانی رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە پارێزگاری دهۆک بوون و هەموو نوێنەرانی رێکخراوەکان ئەوانیش ئامادە بوون، بەرێز پارێزگاری دهۆک وتارێکی باشی خوێندەوە، پاش وتاری بەرێز پارێزگا کۆرێکی گشتی بەسترا وباسی باری ژیانی ئەو ئاوارانە کرا و بریاردرا ئەوەی لە دەستی بێ یارمەتییان بدەن وباری ئاسایشیان بۆ دابین بکریت نەک حکومەتی تورکیا هێرشیان بکاتە سەر، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرێز د.قاسم وابزانم بابەتەکە بەتێروتەسەلی باس کراو، خاڵەکان پێشنیار کران. فەرموو.

**بەرێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم هەر چەندە من درێژم کردەوە، بەڵام سەبارەت ئەو مەبلەغەی کە برادەران بەخشیان، ئەگەر ئەمرۆ، یان سبەی کۆبینەوە بۆ ئەوەی رەوانەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لێرە لە هۆڵی پەرلەماندا کاتی خۆی یاسای (کۆمەڵەی هەیڤی سووری کوردستانی)مان پەسەند کرد. واتا دەبوو راسپاردەیەک لە پەرلەمانەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بکرێت کە بە پەلە دەست بەو تەشکیلاتانە بکەن و، ئەگەر بکرێ حکومەتی هەرێمیش یارمەتییەکی بەپەلەی راستەوخۆیان بدات، یەکەم هەنگاوی پیرۆزی ئەو رێکخراوە بۆ برایەکانمان کە ئێستا ئاوارەنە لە بارێکی زۆر ناخۆشدان و، هەروەها لەرێگەی ئەو رێکخراوە دەست پێ بکرێ لەسەرتاسەری کوردستان یارمەتی وکۆمەک بۆ برایەکانمان کۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەیاد. وتمان ئەو پێشنیارانە هەموو ئەگەر ئەوە بێت دەینێرین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئینجا ئەو لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ مەسەلەی تەندروستی ومەسەلەی مانگی سووریش ئێمە ئەو پێشنیارانە وەکو باس کران پەسەند کران لەلایەن لیژنەکەوە، تێبینی کاک ئەیادیش ئەخەینە سەری وئەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەنجوومەنی وەزیران با لە رێگەی وەزارەتی تایبەتەوە ئەو ئیشە بکات. ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە مەسەلەی پیتاک و ئەوشتانەی کە کراوە ئەوە پەلەی لێ بکەن پاشان پێمان بدرێتەوە، جا ئەگەر لاریتان نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، یاخود پێم وایە پێویست ناکات مادام وەکو راسپاردەیەک ئێمە رای سەرۆکایەتی و، ناوەڕۆکی ئەم خاڵانە بەنووسراوێک ئەدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە چاودێری بکرێ بەتایبەتی لەو ناوچەیەدا، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئیشوکارتان وجێگەی رێزە.

خاڵی دووەم لەلایەن فراکسیۆنی کەسکەوە پێشنیار کراوە، کە بریتییە لە باس کردنی باری ئاسایش کە پێیان خۆش بوو ئەو بابەتە بێتە تازە بابەت و باسی لێوە بکرێت لەلایەن فراکسیۆنی پارتیشەوە پشتگیری لێ کرا و، بریار درا بخرێتە بەرنامەی کار و، دوامان خست بۆ ئەمرۆ بۆ ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆش ئامادە بێت کە ئەگەر کاک ئەیاد، وابزانم خاوەن پێشنیارەکە بوو شتێکی کەمان بە پوختی بۆ باس بکات بۆ ئەوەی پاشانیش دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، ئێستا فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە حەز دەکەم دوور لە مەسەلەی دابەش بوونی حزبی بەڕێوەبردنەکان و، دابەش بوونی حزبی وەزاراتیش یانی شتەکان داخلی بابەتەکان بن بەراستی ئێستاکە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەشاری هەولێر، ئەوە بەتەنها رای ئەندامانی فراکسیۆنی کەسکی شاری هەولێریش نییە، بەڵکو رای برایانمانە ئەوانەی کە دانیشتووی شاری هەولێرن ونوێنەرانی

شاری هەولێرن لەناو پەرلەمانی کوردستاندا لە فراکسیۆنی زەردیش و، لە لیستی مۆریش، گەیشتۆنەتە ئەو رادەیەی کە نارەزاییەک هەتا لەناو خۆشماندا دروست ببێت و، ببێتە مایەی ئەوەی ئێمە لە کۆبوونەوەی پێشتر بیخەینە تازە بابەت بۆ ئەوەی باسی لێوە بکرێ، ئەوەی دەبینرێ رووداوی کوشتن و رووداوی دزین بەهۆی چەکەوە دەکرێ هەروەکو پێی دەگوترێت (السطو المسلح) و، دروست بوونی چەند چەتەیەک لەناو شارەکاندا بەتایبەتی لەناو شاری هەلێردا و، چەتەکانیش ئەوەی کەبەناو زانراون وئەوەی بەناو تائێستا نەزانراون ئەوانیش هەر لەسێبەر ولەبن باڵی ئەواندا شتە ناشەرعی ونایاساییەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن. وای لێ هات بەرۆژی نیوەرۆ نامەی هەرەشە کردن بدرێتە دەست خەڵک و، لەدەرگەش بدرێت. ئۆتۆمبیلی چەکدار رابووەستێ لەپێش دەرگای خەڵک هەرەشە بکات بەکوشتن، یاخود بەرفاندنی کچی، یان منداڵەکانی، یاخود بەشەو بەسەریاندا بدەن هەروەکو بەدەیان رووداوی وا هەنە. لەسەر مزگەوتەکانی ناو شاری هەولێر من دوو مزگەوت بەنموونە دەینمەوە، یەکیان مزگەوتی (سەید عەزیزە) کە هیچیان لەناو نەهێشتیتەوە، ئەگەر بۆیان بکرابایە بینایەکەشیان دەگواستەوە، دووەمیان مزگەوتی (شەهید مەلاعەبدولرەحمان) کە حەرەسەکە لەترسان نەیتوانی بوو بەرپەرچی دزەکان بداتەوە کەدەستیان کردبووە رایەخەکان خستبوویانە سەرشانیان ووتبویان قسەش بکەی دەتکوژین، هەروەها بۆ مەسەلەی هەرەشە من یەکێک لەماڵەکان پێ دەزانم لەناو جەرگەی شاری هەولێردا لە گەرەکی تەیراوە لە ماوەی مانگێک دووجار، سێ جار بەسەریان داداون وداوای پارەیان لێ کردوون و، زانراویشە چەکدارەکان کێنە وکێ نینە. بەراستی باری ئاسایش لە شاری هەولێردا بۆتە مایەی ئەوەی کە خەڵک زۆر نیگەران بن، خەڵک لەناو ماڵی خۆی دڵنیا نییە لە ژیانی خۆی، لە ژیانی منداڵەکانی، بەراستی ئەوە بارێکی ترسناکە دەبێ چارەیەکی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دەمەوێ لێرە دابیلێم بەراستی ئێستا یاسا نییە بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانە بەهەموو جۆرەکانیانەوە بۆیە تاوان بڵاوبۆتەوە بەداخەوە یەکێک کە دەکوژرێت پارێزگاری شارەکەمان دێت دەڵێت من دەسەڵاتی پارتی ویەکێتیم نییە، نازانم پارێزگار چی کردووە؟ ئاسایشی هەولێر چیان کردووە پارتی بەرهەڵست بووە یان یەکێتی؟!. هەریەکیان بووە با بڵێ بۆ بەرهەڵست بووە؟ بەڵام ئەوانە دەستیان لەخۆ بەرداوەتەوە بەو ناوەی کە ناوێرن قسە بکەن، چونکە پارتی ویەکێتییە یان ئیسلامیە یان فلان لایەنە، نەخێر ئەوانە هیچیان نەکردووە تاکو مانع بن، نەخێر دامودەزگای هەولێر بەتایبەتی چونکە پایتەختی هەرێمی کوردستانە وەکو پیلانێکە بۆ ئەوەی بڵێن کورد ناتوانێ حوکمی خۆی بکات ناتوانێ ئاسایشی خۆمی بپارێزێت، ئەوە نانتان نەداینێ ئاسایشی بپارێزن بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە سەرنەکەوتووین لە ئیدارەکردن، فەرموو حکومەتی عێراقی چت دەوێ؟، دیارە دەستێکی وەها هەیە بەبێ ئەوەی ئەو حزبانەش ئاگایان لێ بێت بەداخەوە ئەمە

دەزانیّ چییە، هەتا ئیّستا نەتوانین میللەتی خۆمان ئەوەی توانای خۆمانە ئەوەی بۆ دابین بکەین. جا پیّشنیارەکەی من ئەوەیەو، ئەوە بەڕیّز وەزیری ناوخۆش لیّرەیە یانی ئاسایشی خەڵکمان دەویّ و، مەبەستیش ئەوە نییە وەزیری ناوخۆ پارتییە یان یەکیّتییەو، ئاسایشی خەڵکمان دەویّ بەهەموو حزبەوە بەبیّ لایەنەوە. ئەو خەڵکە ئیّستا ئەمین نییە لە ماڵی خۆی لە ناموسی خۆی، نازانیّ کە دەچیّتە دەریّ بەسەلامەتی دیّتەوە یان نایەتەوە؟.
ئایا تاکو ئیّستا چ تاقمیّکتان گرتووە حوکمتان دابیّ لەسەر تەلەفزیۆن عەرزتان کرد بیّت بڵیّن ئەو تاقمە وای کرد و، وای کرد؟ چتان کردووە؟ ئەوجا بۆیە حەز دەکەم با واز لەوە بیّنین و وباری ئاسایش و، ژیانی خەڵکی باش بکریّ، سوپاس.

**بەڕیّز سـەرۆکی ئەنجـوومەن:**

زۆر ئەندام ناوی خۆیان نووسیوە بۆ قسەکردن، جا تکایە با کەس قسەی ئەوی دیکەیان دووبارە نەکاتەوە، بەڕیّز ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕیّز ئەحمەد سالار عەبدولواحید ئەحمەد:**

**بەڕیّز سـەرۆکی ئەنجـوومەن.**

باری نا ئاسایشی وەنەبیّت شتیّکی دەگمەن بیّت شتیّکی باوە لە هەریّمی کوردستاندا، بەڵام لە هەولیّر لە هەمووی زەقترە لەبەر چەند هۆکاریّک، بەر لە هەموویان کە پایتەختە و شویّنی سەرەکی کۆبوونەوەیە، ئەو جۆرە دروست بوونەوەی کە لیّرەدایە جیاوازە دەنا کوردستان لەباری تریەوە وەک لایەنی سیاسی و ئابووری لەیەک بارودۆخ دا ئەژی. ئیّمە ئەگەر بیّت و ئەو ناتەواوی نا ئایسایشە بەتەنها بخەینە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ وابزانم خۆمان دەستخەڕۆ دەکەین وخۆمان ئەخەڵەتیّنن، چونکە ئیّمە دەزانین وەزارەتی ناوخۆ هاواری بووە لەدەست پیّداویستەکانی و، سیّ لایەن هەنە بۆ چاکردنی بارەکە. یەکەمیان رادەی چەسپاندنی یاسا، دووەمیان رادەی بەتەنگەوە هاتنی داواکانی و، سیّیەمیان رادەی کۆمەک کردنی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ لەلایەن هەمولایەکەوە. کەواتە هەموو بەرپرسیارین و، تیّکرای حزبەکان بە گەورە وبچوکەوە و، هەموو کەسیّ لەو کۆمەڵگایە کوردستانیەدا لیّپرسراوە و لە ئەستۆیدایە بۆیە ئەبیّ هەموو کەسیّک پیّشمەرگە بیّت، ئاسایش بیّت و پۆلیس بیّت بەتەنگ ئەم وڵات و نەتەوەیە وئەم گەلەیە بین، بەڵام ئەوەی جیّی سەرەنجە بەتایبەتی لەناوشاری هەولیّردا ئەو لیّپرسراوی دەزگایانەی ناوخۆ کاتیّک کە ئەگاتە رادەیەک کەتەواو دەستە کۆڵە ئەبن پیّویستە بکیّشنەوەو داوا بکەن بڵیّن ئیّمە چارەسەرمان پیّ ناکریّت، نامەویّ دریّژە بەم لایەنە بدەم. پیّشنیازی ئەوە دەکەم وەزارەتی ناوخۆ بەهیّز بکریّ بەهەموو شیّوەیەک و، هەموو ناتەواویەکی بنبڕ بکریّت و، بە لیّکۆڵینەوەیەکی تەواو بۆ ئەوەی بتوانیّ بە ئەرکەکانی خۆی هەستی، سوپاس.

**بەڕێز ئەبوبکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بمانەوێ باس لە ئاسایش بکەین پێویستە ئاماژە بۆ دادی کۆمەڵایەتیش بکرێ، من لێرە ئەمەوێ باسی ناعەدالیەتێک بکەم کە بە دووری نازانم چەند ناعەدالەتی لەو بابەتە بوون بە ماکی چەندین یاسا شکێنی، بوونی نا ئارامی لە سنووری هەولێر وشارەکانی تردا، ناوەرۆکی پرسیارێکە ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێتە هۆی دڵنیا بوونەوەی هەزاران خەڵکی ئاوارەو لێقەوماو، پێشی ماوەیەک لیژنەیەک لەپارێزگای هەولێرەوە بۆ سەر ژمێری چوونە ئۆردوگاکانی دەوری هەولێر بەبیانووی ئەوەی کە گوایە خەڵکێکی زۆر بە زیادە ناونووسی کراون کەچی دەربارەی ئەو لیژنەیە لەناو خەڵکدا مەقۆ مەقۆیە کە بەهەزاران ناوی زیادەتری جگە لەو زیادەی هەبووە تۆمار کردووە و زیادە نووسینە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێستا ماوەی چوار مانگە نان و، خواردن وژیان بۆ خەڵکی ئەو ئوردوگایانە نییە، لەم رۆژانەدا کە بەرنامەی زستانە دەستی پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بەڕێز ئەبوبەکر ئازووقە وئوردوگا چ پەیوەندییەکی بە باری ئاسایشی ناوشارەوە هەیە؟ تکایە لە بابەت دەرنەچن بابەتەکە دیاری کراوە. وەزیری ناوخۆ بانگ کراوە کەبۆچی ئاسایشی ناوشاری هەولێر لاوازە، چ پرسیارێکت هەیە لەوەزیر بیکە.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە دیاری دەکەم، خەڵکی ئوردوگای بنەسلاوە لەوە زیاتر بەرگەیان نەماوە وهاتوونە پەنایان هێناوە بۆ لای ئێمە، ئەگەر بێت و چارەسەری کێشەکەیان نەکرێت خۆ پێشاندانێکی گەورە لەسنووری هەولێر دەکرێ، بۆیە پرسیار دەکەم، بۆچی ئوردوگای بنەسلاوە کە خەڵکەکەی لەتێکۆشەرترین خەڵکی کوردستانن بۆ لە ئوردوگاکانی تر جیا کراوەنەتەوە؟ با بەڕێز وەزیری ناوخۆ وەڵامان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکاتان لێ دەکەم لەبابەت دەرنەچن. ئەم دانیشتنە تەرخان کراوە بۆ ئەمن و ئاسایشی ناوشاری هەولێر، وەزیری ناوخۆ لێرەیە بەدیاری کراوی پرسیارێکت هەیە، بە وەزیری ناوخۆ بڵێ، کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لای هەموومان روون و، ئاشکرایە کەباری ئەمنی لەشاری هەولێر بەرەو خراپی دەچێت ورۆژ بەرۆژ تاوانەکان زیاد دەکات و، دوکان برین زیاد دەکات رۆژ بەرۆژ هەڕەشە لە خەڵک

دەکرێت بەپارە وەرگرتن و، بەهەموو جۆرە هەڕەشەیەک دوا زانیاری ئێمە سەبارەت بە ئۆتۆمبیل دزین لە(١٢)ی مانگەوە تاوەکو(١٥)ی مانگ لەشاری هەولێر(٣٢) ئۆتۆمبیل دزراوە، لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان و، سەندیکای پارێزەران، بەڕێز بریکاری وەزیر ناوخۆ ئامادە بوو، هەروەها بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئامادە بوو پارێزگاری هەولێر ئامادەبوو، زۆر بەروونیەوە بەڕێز پارێزگاری هەولێر گوتی من ناتوانم چارەسەری باری ئاسایشی شاری هەولێر بکەم، چونکە ناتوانم بەرەنگاری پارتی و یەکێتی بم، بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی بەروونیەوە گوتی ئەو ڕۆژەی کە شەهید (نوری نانەکەلی) شەهید کرا یەک پۆلیسم لەجادە نەدی، هەروەها لێپرسراوانمان بانگ کردوون باسی باری ئاسایشی شاری هەولێرمان لەگەڵدا کردوون لەجیاتی ئەوەی چارەسەری باری ئاسایشی شاری هەولێر بکەن باسی ئازاری خۆیان دەکەن، دەڵێن ئێمە پۆلیسمان نییە، ئێمە تەقەمەنیمان نییە، ئێمە چەکمان نییە، ئێمە ئۆتۆمبیلمان نییە، ئێمە هۆی گەیاندنمان نییە. ئەمە باری لێپرسراوانی ئێمەیە، من لێرەدا دەڵێم ئایا بۆ مامەڵەی وا لەگەڵ شاری هەولێردا بکرێ؟ ئایا شاری هەولێر بەشداری لە شۆڕشەکانی کوردستاندا نەکردووە، یاخود شاری هەولێر(٢٠) ساڵ ئازارو ئەشکەنجەی بەعسی تەحمل نەکردووە؟ بەڕێزان، لێرەدا بەبڕوای من هۆیە سەرەکییەکەی نائارامی شاری هەولێر یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو حزبەکان، ئینجا بۆ حزبەکانی بەرەی کوردستانی کە ئەوان بەرپرسن، ئاسایشی ئەم شارە بپارێزن، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە، بەڕێزان، لێرە من کە تەماشا دەکەم هەتا ئێستا هیچ لیپرسراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوداویەکی لێ نەقەوماوە، چونکە بەدەیان پۆلیسی لەگەڵدایە پێویست وایە، ئێمە پاراستنی میللەت بکەین شارەکە بەرەڵلایە، ئەوە پێشنیارەکەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەمن و ئاسایش گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هەموو لایەک بۆ بووژاندنەوەی ژیانی ئابووری، بۆ ئاسایش بۆ سەقامگیری وهەروەکو پێش دوو ڕۆژ جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمن وئاسایش بەر قەرار نییە بەتایبەتی لەشاری هەولێردا، جا ئەم پێشنیارانەم هەیە:

یەکەم: چاو بە دەزگەی ئاسایشدا بخشێندرێت کەسی بێ توانای لێ دوور بخرێتەوە و، لەسەر بنچینەی یاسای پەیرەوکراو ورێنماییەکانی پۆلیس، باری ئاسایشی شارەکە دابین بکرێت.

دووەم: لە بودجەی (١٩٩٥)دا بەزووترین کات سەرپشکی بدرێ بە پێشخستنی ئەمن وئاسایش، واتە خەرجی هێمنی وئاسایش یەکەمین خاڵ بێت چەندی پێویستە هەقە بۆی تەرخان بکرێت، چونکە لەهەموو دنیادا کە بودجە پەسەند دەکرێت یەکەم شت سەرپشکی ئەدرێت بەو خاڵە، چونکە بەبێ ئەوە بێگومان ژیان ناڕوات خاڵەکەی تر سنوورەکانی هەرێم، بەراستی ئەمن وئاسایشی تێدا نییە، تکا دەکەین کە ئەمە چارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم باری شاری هەولێر ئێمەی ترساندووە کە ببێتە مافیاو، تاوانی ڕێکوپێک، ئەو کاتە زۆر زەحمەتە دەست بەسەر بارودۆخەکەدا بگرن. لە هەولێردا ڕووداوی کوشتن و تیرۆرکردن بەردەوامە دزینی ئۆتۆمبیل و، دوکانەکان و، هەتا گەیشتە کەلوپەلی زانکۆکان و، هەروەها هەتا لێدانی بارەگای حزبەکانیش کە ئەوە ترسناکترین شتە. ئیمڕۆ کاتژمێر(٧)ی بەیانی لەبارەگای بزووتنەوەی ئاشووریان داو، حەرەسیان شەهید کردو ودووسێ نارنجۆکیان فڕێدا ناو باخچەکەیان. هەروەها پێش ئەوە بارەگای حزبی نیشتمانیی تورکمانی لێدرا، ئینجا ئەو ڕووداوانە بەو شێوەیە بڕوا بەڕاستی مەترسێکی گەورەیە لەسەر باری ئاسایشی کوردستان، دەبێ زوو چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە من چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکێک لەوانە دەبێ وەزیری ناوخۆ بەگورجی هێزێکی تەواو دامەزرێنێ. دووەم، دەبێ خەڵکیش ڕای خۆیان بدەن لەبارەی ئەو تاوانانەی کە لە هەندێ شوێندا دەکرێن، کارێکی یەک لاکەرەوە بکرێ بەرامبەر تاقمی دزو تیرۆرکاری. سێیەم دادگایی ئاشکرایی ئەو تاوانبارانە بکرێ وحوکم بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە هەرێم بەگشتی بارەکەی نا لەبارە، بەڵام هەولێر بەتایبەتی بووەتە گۆڕەپانی سێ جۆرە ململانێ:

یەکەم: ڕژێم لەگەڵ هەرێم ودەزگاکانی.

دووەم: حزبەکان لەناو یەکتردا..

سێیەم: مافیا لەگەڵ خەڵکەکە. بەداخەوە ئەوەش لەبەر نەبوونی یاسا و، جێبەجێ نەکردنی یاساکانە، هۆیەکەش ئەوەیە کە حکومەتمان بەداخەوە تاکو ئێستا وەکو حکومەت کاری نەکردووە لێپرسراوانی حکومەت تەنها لەدوای سوودی کەسی دەگەڕێن، تەنها لە دوای پاراستنی کەسی خۆیان دەگەڕێن، کە ئیش هاتە سەر سوودی شەخسی بێگومان شتەکە لە بەرژەوەندیی گشتی دەردەچێ. من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی کە شتی عەمەلی بکرێ و، ئەو دیاردەیە نەمێنێ و، ئەوە ڕەچاو بکرێ بۆ پاشەڕۆژ.

یەکەم: سیستەمی پەنجا بەپەنجا نەمێنێ لە دەزگاکانی پاراستنی خەڵک وەکو پۆلیس وئاسایش، لەبەر ئەوەی کارگێڕ یا لێپرساوی ئەو فەرمانگەیە دەیەوێ شتێک بکات ئەوەی تر دەبێتە کۆسپ لەپێشی.

دووەم: سزادانی ئەوەی موقەسیرە لە لێپرسراوان، ئەگەر پێویست بوو لێپرسینەوەیان بکرێت.

سێیەم: دابین کردنی توانای باش بۆ دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش.

چوارەم: سزادانی تاوانباران و، هەتا ئێستا بەڕێکوپێکی ناکرێ، یەک لەوانە حوکمی لەسێدارەدان

جێبەجێ ناکرێ، کە ئەمەش بوویتە کێشەیەکی سیاسی. خۆتان باش دەزانن نامەوێ بچمە ناو درێژەی بابەتەکە، باشە دەکرێ بارودۆخی ئاسایشی خەڵک دوابخرێت لەبەر ئەوەی کە ململانەیەکی سیاسی هەیە؟!، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من تاوان بۆیە زۆر بووە، چونکە کابینەی سێیەم دانەمەزراوە و رانەگەیەنراوە وخەڵک بێ ئومێد بووە. من پێشنیار دەکەم بەزووترین کات ئەگەر بەڕێز سەرۆکی وەزیران، یان جێگری سەرۆک وەزیران کابینەی سێیەم رابگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیب محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من نامەوێ بچمە ناو درێژەی بابەتەکانەوە، چونکە ئەوە باس کرا، ئاسایشی هەولێر بەشێکە لە ئاسایشی هەموو هەرێمی کوردستان و، ئێستا لە بارێکی ئاڵۆزدایە، ئەگەر چی ئێستا لە هەولێردا بەزەقی شتەکە لەپێش چاو دیارە، بەرای من ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ ئەسلی سیستەمەکە وەزعەکە چۆن پێک هاتووە؟، دەزگاکانی حکومەت ئەو بارە ئاڵۆزەی کە خولقا بەتایبەتی لەدوایی (١/٥) بەولاوە، من دوو پێشنیازم هەیە بۆ ئەم بابەتە:

یەکەم: ئێستا ئێمە لە ماوەیەکی گواستنەوەدا دەژین بەحوکمی ئەوەی کە کابینەی سێیەم دەستی نەکردووە بەکار، داوا دەکەم پەلە بکرێ لە پێکهێنانی کابینەی سێیەم ئەگەر کێشەیەک هەیە لەسەر وەزارەتێکی دیاریکراو، لەسەر شتێکی دیاری کراو با ئەوە بمێنێ پەلە بکرێ لە پێکەوەنانی حکومەتەکە، دەست بەکارین.

خاڵی دووەم: مەسەلەی ئەو رێککەوتنە ستراتیجییەی کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا کرا گیانی بدرێتێ یانی بەرنامەکانی پیادە بکرێت، لیژنەی بۆ پێک بهێنرێت ئەوەی کە لەسەر شانی هەردوو حزبەکەیە پەیوەندیی هەیە بەبەرەی کوردستانی و حزبەکانی تریشەوە ئەوەش کە خۆیان بە بابەتە ببەستنەوە بە هەموو ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن وحکومەتی تازەش بەئەرکی خۆی لەو بابەتە هەستێ، پێموایە ئەوە شتێکی گشتییە ئەمە زیاتر هەموو بارەکە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوە بوو ئەگەر وەزیری ناوخۆ ئێستا رەزامەندی بکردایە پارێزگاری سلێمانی و، پارێزگاری هەولێرو، بەڕێوەبەری پۆلیس بهاتبان بەراستی زیاتر لێک ئەگەیشتن، چونکە لەوانەیە زۆر کێشە هەبێ ئەوان یەکسەر وەڵاممان بدەنەوە.

یەکەم: من لەرۆژنامەی برایەتیدا بوو بینیم لەکۆنگریەکی رۆژنامەگەریبیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی باسی ئەوەیان دەکرد، ئەگەر رێگەمان بدەن بەدوو رۆژ ئاسایشی هەولێر

چاک دەکەین. من حەز دەکەم ئەو پرسیارە لەوان بکەم: ئایا کێن ئەو کەسانەی کە ڕێگە نادەن بۆ ئەوەی ئاسایشی ناو هەولێر دابین بکرێ؟.

دووەم: پێشنیازم ئەوەیە وەزارەتی ناوخۆ پاکسازی بکات و، ئەو پۆلیسانە خانەنشین بکات کە کەگەڕاونەتەوە، دوایی دەورەیەکی(٩)مانگی ببینن، ئینجا پلەو پایەیان بدرێتێ تاکو بەراستی ببن بە پۆلیس.

لە سلێمانی دزینی ئۆتۆمبیل زۆربووە، پیاو کوشتن، زۆرە تەعدا لە خەڵک دەکرا، پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس و، جێگری ئاسایش هەڵساون سەعات(٤)ی بەیانی چوون لەسەر بانێکا دەوری ئەو شوێنەیان داوەو، تاوانبارانیان کوشتووە، پێویستە لێرەش کاری جیدی بکرێت بۆ دابین کردنی ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، دەربارەی پارێزگار و، ئەوانی تر کە بێن بۆ پەرلەمان ئەوە گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەوە وەزیری ناوخۆ خۆی موکەلەفە کێ لە یارمەتیدەرانی خۆی دێنێ، ئەوە گفتوگۆ لەگەڵ وەزیر دەکەین ئەو دەبێ وەڵامتان بداتەوە. کاک مزهر فەرموو.

**بەڕێز مزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برادەران بەراستی بەدرێژی باسی بارەکانیان کرد، بەڵام من دەمەوێ زیاتر ئاماژە بە خاڵێک بدەم ئەویش دیاردەی چەکدارییە کە گەلێک زۆر بووە بەتایبەتی دوای ئەو شەڕە خۆکوژییە، بۆیە پێویستە بەراستی دەست بەسەر ئەو بارەدا بگیرێ و، مەرکەزیەت هەبێ بۆ ئەو کەسانەی کەوا چەک هەڵدەگرن و، لەمەودوا هەوڵ بدرێت کەوا بەراستی پسولەی لایەنەکان وهەندێ لە فەرمانگەکان بۆ بابەتی چەک هەڵگرتن کار نەکات، چونکە ئێستا کۆمەڵێک چەکدار دەبینن کە پێناسی حزبی، یاخود هەویەی لایەنێکییان لایە، کێ دەڵێ ئەو پێناسە هەتا رادەیەک ساختە نییە؟، بۆیە من پێم باشە لەمەودوا خودی وەزارەتی ناوخۆ دەست بەسەر بارەکەدا بگرێت و، ڕێگە لە دیاردەی چەک هەڵگرتن بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باسی ئەو مەسەلەیە کرا من نامەوێ ئەوشتانە دووبارە بکەمەوە. دیارە لە پاش ئەوەی کە کابینەی دووەم دەستی لەکارکێشاوەتەوە دیاردەی چەکداری و کوشتن و دزی وجەردەیی و هەڕەشە کردن بەرەو وزیادی دەڕوات وپێشنیاری من ئەوەیە کە پەلە بکرێ لەپێکەوەنانی کابینەی سێیەم، چونکە ئێستا بۆشاییەکی ئیداری لەوەزارەتەکاندا پەیدابووە، وەزیرەکان وەکو پێویست ڕۆڵی خۆیان نابینن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵەکانم بە دیاریکراوی باس دەکەم:

یەکەم: بەقەناعەتی من ئەو کەسانەی کە لە ئاسایشن و، ناتوانن ئیشەکەی خۆیان بەڕێوەبەرن بیانگۆڕن.

دووەم: دانانی خاڵی ئاسایش لە هەموو گەڕەکەکان وئاسایش وەکو خەفەر بگەڕێ لەسەر گەڕەکەکان و شەقامەکان وپرسینەوە لە بەڵگەی یاسایی زیاتر لەسەر دزینی ئۆتومبیل کە لەشار دەردەچێت یان دێتە ناوشار ئەوە پێویستە زیاتر چاوێریی بکرێ.

سێیەم: دابین کردنی توانستی پۆلیس وئاسایش و، پێویستە کێشەکانیان چارە بکرێ ئەوکاتە دەتوانرێ لێپرسینەوەیان بکەین.

بەڕێز عەبدولخالق باسی ئەوە دەکا تەنیا پارتی ویەکێتی بەرپرسن، بەپێچەوانەوە ئێمە هەموومان بەرپرسین، هەموو حزبەکانی ناوبەرەی کوردستانی بەرپرسن، بەتەنیا پارتی ویەکێتی بەرپرس نین لەو بابەتە. هەر حزبێک بەپێی قەبارەی خۆی پێویستە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ و، ئەمن وئاسایشی وڵات بکات، چونکە ئەوانیش بەرپرسن، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ خاڵ هەیە دەمەوێ بیانخەمە پێش چاوی بەڕێزتان:

یەکەم: بەڕێوەبەرەکانی پۆلیس. زۆربەیان ئەچنە سەر تەلەفزیۆن ولەلایەن کۆبوونەوە گشتییەکان لە ڕۆژنامەکاندا ئەڵێن ئێمە ئیشەکانمان پێ ناکرێت لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەردەوامن لە سەرئیشەکەدا. ئەم حاڵەتە لەلای ئێمە نەبێ لەهیچ شوێنێکدا نییە.

دووەم: ڕێژەی تاوان زۆر بووە و، ئەو تاوانانەی کە دەکرێن هەموو تاوانبارەکان ناگیرێن بەو ناوەی کە توانستی پۆلیس کەمە، بەڵام ئەگەر ئەوانە بگیرێن وسزا بدرێن تاوان زۆر کەم دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برایان گەلێک قسەیان کرد لەبارەی ئەمن وئاسایشی شارەکەوە، بەڵام بیروڕای من وایە کە هەموو تاوانێک نەخرێتە سەر شانی وەزیری ناوخۆ، وەزیری ناوخۆ بەتەنیا بەرپرسی ڕاستەوخۆ نییە، چەند جارێک کۆبوونەوە کراوە لەسەر ئەو بابەتە وئەویش موعاناتی خۆی هەبووە، گلەیی هەبووە لە حکومەت ولە حزبەکان کە پشتگیری ناکەن، یەک لەوانە داوای ئۆتومبیلی کرد، داوای فیشەکی کرد، داوای چەکی کرد، وەزیری ناوخۆ کە پشتگیری نەکرێت لەلایەن حکومەت و حزبەکانەوە، بەراستی کە داوا دەکرێت ئیستقالە بدات و، بچێتەوە ماڵێ، بەڵام بەڵێ هەر کەسێکی

تر بێ هەمان شتی بەسەردێت. من دەربارەی باری ئاسایش پێم خۆش بوو دوومانگ لەمەو پێشتر بانگ بکرابایە، یاخود ئەوە بەجێ مابایە بۆ کابینەی داهاتوو ئەو کاتە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆی تازە قسەمان دەکرد و، پێشنیارەکەی من ئەوەیە: شاری هەولێر ئەگەر بتوانین بیکەینە چەند بلۆکێک و، هەر گەڕەکێک بەڕێوەبەری پۆلیسی بۆ دابنرێ، سێ ئۆتۆمبیلی بۆ دابنرێ و، چەک وپێویستیەکانی و ئامێری بۆ دابنرێ، بەڕێوەبەری پۆلیس بەرپەرس بێ بەرامبەر ئەو گەڕەکە، هەر تاوانێک لەو گەڕەکە بکرێت ئەو کات ئەو بەرپرسیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستی بۆ باسی هێمنی شاری هەولێر، من نازانم چ اشارەت بدەم، بەڵام حەز دەکەم بەشێوەیەکی ئەدەبی بەسەردا بچم وەکی گەلێ برادەر بەسەردا چوون لەبەر هەندێ یەکسەر ئەزێ بچەمە ناو بابەتەکەوە هەندەک هۆ هەنە برادەران گەلەک اشارەت دان نەک تەنیا حکومەتی کەلێنی تێدایە، بەڵکو کەسێک بەرامبەر بەو تاوان و خراپەکارییانە خۆی بە ساحێب نازانی.دەبێ هەوڵ بدەین دیاردەی چەکداری نەهێلین وپارتی و یەکێتی زیاتر هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارەی ژیانی میللەت و، باری ئەمن وئاسایشی میللەت چاک بکەن، هەروەها پشتگیری پێشنیاری بەڕێز ئەحمەد نەقشبەندیی دەکەم کە لە هەر گەڕەکێک بنکەیەکی پۆلیس هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم پرسیارێکی بەویژدانانە بکەم لەم هەموو برادەران بپرسم بڵێم:

توخوا راستە ئاسایشی و، هێمنی کە لەکوردستاندا نییە خەتای بەڕێز وەزیر ناوخۆ(کاک ملازم یونس)ە؟ من حەز دەکەم زۆر بە ویژدانەوە بۆ مەسەلەکان بچین. خەتای حکومەتە؟ نەخێر. ئەم پەرلەمانەی ئێمە بەرای من ئەگەر بێتو خەتاکان بکێشن من پێموایە خەتای پەرلەمانیشی تێدایە، جگە لەوەی کە خەتای هەموو حزبەکانیشی تیایە، ئێمە چەند یاسایەکمان لەم پەرلەمانەدا دەرکردووە وەکو یاسای حزبەکان و، یاسای چەک، من چەندین جار پێشنیارم کردووە لەم پەرلەمانەوە لیژنەیەک دروست بکرێت چاودێری یاساکان بکات، خۆ یاسا دەرکردن هەر ئەوە نییە یاسا دەرکەین وبیدەینە دەست حکومەت و، حکومەت خۆی جێبەجێ دەکات. نەخێر ئەگەر یاسای حزبەکانمان جێبەجێ بکرادایە پێیدا بچووباینەوە وپێمان دابگرتبایە لەسەری بمانگوتبایە یاسایی حزبەکان بەهەموو ناوەرۆکەکانییەوە دەبێ جێبەجێی بکەن. یەکێتییە. پارتییە پەیوەندیمان نییە هەر حزبێکی ترە، دەبێ مۆڵەتیان نەدرێتی مادام ئەویاسایە جێبەجێ نەکات، یاسای چەکمان دەرکرد کارمان پێ نەکرد، هەر لێشمان نەپرسییەوە. کێشەش لێرەوە سەری هەڵداوە، ئەگەر یاساکان جێبەجێ بکرێن وامان بەسەر نایەت، ئەگەر ئەو یاسایانە جێبەجێ کران ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ دەتوانێ زۆر بەئاسانی کۆنترۆلی هەموو ئاسایش بکات کەداخی گرانم لەم ماوەیەدا، لەم دوا

دوایە کار گەیشتۆتە ئەوەی پیاوی زانای ئایینی دەکوژرێ، پیاوی وەک (مەلاعەبدولڕەحمان) بەتەور لەناو میحرابی پێغەمبەردا لێی دەدەرێ، ئەمە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا نەبووە لە جێیان ڕێزی پیاوی ئاینی وهەموو موقەددەساتێک دەگیرێت تەنیا لای ئێمە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دەربارەی ئەوەی کە لیژنە دروست بکەین بۆ بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی یاساکان بەراستی ئەو داوایە جارێکی تریش لەم پەرلەمانەدا باسی کرا بەتێکڕایی دەنگ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە دواخرا، چونکە ئیشی پەرلەمان بەدواداچوونی یاساکانە، ئەمە ئیشی ئەندامانی پەرلەمانە، پاشان ئێمە لیژنەی هەمیشەییمان هەیە لەناو پەرلەماندا ئیش وکاریان ئەوەیە چاودێری جێبەجێ کردنی یاساکان بکەن، هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش موکەللەفە بە بەدواداچوونی یاساکان بکات وبەدەیەها دانیشتن لە پەرلەماندا کراوە بۆ بەدواداچوون و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکان، ئەوە ئەرکی ئێمەیە، ئەوە ئیشی پەرلەمانە، باشە بانگەواز بۆ کێ دەربکەین؟. بانگەوازێک لە تەلەفزیۆنەکان کراوە کە یاسا جێبەجێ نابێت و، یاسای چەک جێبەجێ نەکراوە، یاسای حزبەکان جێبەجێ نەکراوە، هۆیەکانیشی دیاری کراون چ لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان وچ لەلایەن نوێنەرانی حکومەتەوە لەم هۆڵەوە بۆیە بەراستی ئەوەی بەڕێزت باست کرد بەپێی توانا ئەو چاودێریە داوا بکەن ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان پتر چاودێری ئەم مەسەلەیە بکەن، کاک سیروان نەوروڵی فەرموو.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە چی پێداویستی پێشکەوتوو هەیە دابین بکرێ بۆ دەزگاکانی ئاسایش و، پۆلیس تاکو بتوانن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین لەبەر ئەوەی ئەو دوو شتە سەرەکیەی کە ئێمە دەرمانکردووە وەکو یاسای چەک ویاسای حزبەکان وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون و، ڕۆژ بەرۆژ بارەگای حزبەکان لەناو شاری هەولێردا زیاد دەبێت، جا بەراستی ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن بتوانین ئەم دوو یاسایە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من شێوانی باری ئاسایش لەناوشاری هەولێردا هەر وەزیر یان چەند لێپرسیراوێکی وەزارەتی ناوخۆ بەر پرسیار نین تاوەکو هەر ئەوان بخرێنە بەر لێپرسینەوە، بەڵکو ئەم ڕاستیە دەڵێم کە ئەم بارە نارێکە لە کابینەی یەکەمەوە تاکو ئێستا بە نارێکی ڕۆیشتووە لەسەر بنچینەی دابەش کردنی پلە و پایە لەسەر حیسابی نیوە بە نیوە کار بەڕێوە چووە لە نێوان هەردوو حزب وهەر دوو وەزیر بۆ هەر وەزارەتێک یانی پانزە وەزارەت و(٣٠)وەزیر دانراون داخوا لەم بارەدا چ چاوەڕوان دەکرێت لە وەزارەتێکی وەکو وەزارەتی ناوخۆ؟، ئەگەر بەڕێز وەزیر خۆی بە ئامادەیی

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەیەکەوە دان بەوەدابنێن کە دەسەڵاتیان لەسنووری شارەوانی هەولێر رەت ناکات؟ ومن ئەڵێم دەسەڵاتی لە دیوانی وەزارەتەکەش رەت ناکات و بەپێی ڕێساو دەستووری یاسا لە سیستەمی دیموکراتیدا لە هەموو جیهاندا وەزارەت بە سەرۆک و جێگری و هەموو وەزیرەکان بەیەکەوە بەرپرسیارن لەو بارە نالەبارەی روویداوە لە هەموو ناوچەکانی هەرێمدا بەتایبەتی لەشاری هەولێر. ئەمە بەرپرسیارییەتی سەرۆکایەتی هەردوو حزبەو شتێکی شاراوە نییە، چونکە خۆیان بەو شێوازە نارێکە یەکەم کابینەی وەزارەتیان دامەزراند و، دیارە هەر بەردەوامن لەسەر ئەو پەیرەوە و ئەوانی خراپی ودزی وجەردەیی دەکەن هەر روون وئاشکرایە کە هەموو سەر بەحزبەکانن بەتایبەتی پارتی ویەکێتی وخۆشیان دەیانپارێزن و، ئەگەر هەموو لایەنێک بیانەوێ ئەوبارە چارەسەر بکەن ئەبێ سیاسەت وهەڵس وکەوت وپەیوەندییان بگۆڕن لەگەڵ وەزارەت وبەڕێوەبردنەکانی حکومەتدا وگۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بکەن لەناو بەرپرسەکان لەهەموو وەزارەتەکاندا کە پەیوەندییان بەم بارەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر بەکورتی قسە دەکەم لێپرسراوی ئاسایشی هەولێر وەزیر نییە، لێپرسراوی ئاسایش هەولێر پارێزگارە، لێپرسیراوی ئاسایشی هەولێر بەڕێوەبەری ئاسایشە، لێپرسراوی ئەمنی هەولێر بەڕێوەبەری پۆلیسە، لقی دوو بەنوێنەری پارتی دەزانم لە هەولێر، بەرپرسەکانی مەڵبەندی سێ بەرپرسی یەکێتی نیشتمانین لە هەولێر من خۆم زانیاریم لەسەر لقی دوو هەیە بەهەموو توانا پشتگیری پارێزگاریان کردووە بەبروسکە، بەنامە، بەقسە من داوا لەکاک ئەرسەلان دەکەم کە موداخەلە بکات، پێم وایە قسوریان نەکردووە لەپشتگیری ئاسایش، پارێزگاری هەولێریش کە داوای کاک سەعد وکاک ئەرسەلانی کردووە کە ئامادەبن، باشە من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە کە (عەبدولموهەیمەن) پارێزگاری هەولێر بوو، (نەجات قەتێ) کە دەزانین پێشمەرگەیەکی کۆنی قارەمانی ئێمە بوو کاتی خۆی کە بڕیار درا هەر یەکە دزەکانی خۆی نەهێڵێ تەنیا (نەجات قەتێ) کوژرا یەک دز لەهەولێر نەما، هەموو هەڵاتن و ڕۆیشتن، لقی دوو پێشی لێ گرتن و نەیهێشت بیانکوژن یان بیانگرن؟ یان مەڵبەندی سێ چوو پێشی گرتن ونەیهێشت بیانکوژن؟ من هەموو جار قسەی هەقم کردووە ئێستاش لە هەموو وەختەک قسەی رەقتر دەکەم، ئەو لێپرسراوانەی کە لە هەولێرن لەپارێزگارەوە بیگرە تا دێتە خوارێ خۆیان هیچ ناکەن، ئەگەر نا دیسان دووبارەی دەکەمەوە کاک ئەرسەلان موداخلەیەک بکات ئایا هاوکاریان کردووە لەگەڵ لێپسراوانی هەولێر بۆ چەسپاندنی ئاسایش یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

- لە بارەی قسەکەی کاک فرەنسۆ بەراستی قسەکەی راستە لە رووی ئەوەی کە نە لق نە مەڵبەند

رۆژێک له رۆژان داوا نەکراوین لەلایەن پارێزگارەوە، گەر رۆژێک لەرۆژان لیژنەی ئەمنی شاری هەولێر داوای ئێمەی کردبێت ئێمەش چووین و ئامادە بووین وچیمان لەتوانادا بووبێ ئێمە هاوکاریمان کردوون، هەر له پیرۆزبایی وپشتیوانی لێ کردنەوە هەتا کۆبوونەوە لەگەڵیاندا تەنانەت وەختێک لەوەختەکانی ئێمە خۆشمان لق ومەڵبەند دەردەچووین له جادەکان شەوان خۆمان کەمینمان دەردەکرد، بەراستی ئەو کاتەی کە ئێمە خۆمان وەکو لق و مەڵبەند دەچووین مەفرەزەمان دەردەکرد بەراستی ئەوە پێموایە لەوانەیە وەزیر دەزانێ ئەو کاتە بارەکە ئارامتر بوو له ئێستا، بەلام من لەگەڵ یەک قسەی کاک فرەنسۆ رێک ناکەوم ئەویش ئەوەیە هۆیەکە بە راشکاوی دەگەڕێنمەوە بۆ حزبەکان مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو حزبە سیاسیەکە. بەراستی چەکداری وایان هەیە کە نە بە پارێزگار کۆنترۆل دەکرێت ونەبە ئاسایش، ئەمە راستیەکەیە خۆم لەناویدا ژیاوم بەراستی ئێمە له پەرلەماندا دڵنیاین لەوەی، کە هەتا ئەو پەرلەمانە نەبێتە یەک فراکسیۆن وباری ئێمە چاک نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەناو ئەم هۆڵەدا زۆرجار فراکسیۆنی پارتی و فراکسیۆنی کەسک ولیستی مۆر تێکەڵ بوونە له هەموو دنیاشدا له رژێمی دیکتاتۆریدا پەرلەمان تەنها یەک فراکسیۆنە، بەلام له سیستەمی دیموکراتیدا فرە حزبی دەبێت و خەڵکی بێ لایەنیشیان لەناودا دەبێت، وابزانم بەڕێزیشت لەزۆر شت ئاگاداری لەناو ئەم پەرلەمانەدا کە بەم شێوەیە کراوە، دوایی من رێزم هەیە بۆ قسەی بەڕێزت، بەلام ئەندام هەر ئەندامێکی پەرلەمان سەر بە حزبێکی دیاری کراوە هەر لەناو ئەم هۆڵەی پەرلەماندا لەسەر بەرنامەی ئەم حزبە هاتووە بێگومان پابەندی هەیە بەرامبەر بەو بەرنامەیە کە کاتی خۆی هێناویەتییە ئەم پەرلەمانەو، لێرەشدا رای خۆی دەردەبڕێ کە چەند پابەندە بەرای ئەم حزبەوە، و پەرلەمانتار له ناو پەرلەماندا نوێنەرایەتی حزبەکەی خۆی دەکات.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من جەخت لەسەر قسەکەی خۆم دەکەمەوە لەوەی کە دەڵێم ئێمە یەک فراکسیۆن بین لەسەر بنەڕەتی بەرژەوەندیی کورد، چونکە ئێستا کوتلەی حزبایەتیە و، هیچ رۆژێک له رۆژان سەرجەم پەرلەمان نەبوویتە کوتلەیەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کورد تەنها شتی رۆتینی نەبێت کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەحزبایەتیەوە نییە و، من کە مەسەلەی سیاسەتی قازم بەکار هێنا کە پێشتر داوای لێبوردنم له هەموو برادەران کرد پێش ئەوەی قسەکە بکەم مەبەستم لەوەیە کە وەکو قاز یەکێک قیراندی هەموو دەقیرێنن و، جەخت لەسەر قسەی خۆم دەکەمەوە و، داوای لێبوردن له برادەران دەکەم، بەلام بەراستی ناو پەرلەمان بەم شێوەیە، تا ئێمە بەحەقیقەت و واقعی قسە نەکەین لەناو پەرلەماندا ناخی دڵی خۆمان لەگەڵ بەرژەوەندیی کوردا یەک نەخەین باخۆشم بم، باهەرکێ بێ، لەتوانادا نییە ئەو پەرلەمانە، ئەو حکومەتە سەربکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــــرەنســــــــۆ تـۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێــز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی بەڕێز ئەرسەلان دام کە خەریکە بەرپرسییەکان لەسەر هەندێ لێپسراوانی ئێرە هەڵدەگرێ و، دەڵێ سوچی حزبەکانە، بەڵام دیسان لێرەدا لەگەڵیدا نیم کە سوچی حزبەکان بێ، پارتی، پارێزگاری هەولێری داناوە، یەکێتی لێپسراوی ئاسایشی هەولێری داناوە، کەی چووە بڵێ من پێم ناکرێ تۆ هاوکاریم ناکەی لەبەر ئەوە ئیش ناکەم؟، پێویستە ئەو برادەرانەی کە ئیشیان پێ ناکرێ خۆیان شەرمەزاری ئەو دنیایە نەکەن، شەرمەزاری ئەو خەڵکە نەکەن، بیانوو نەگرن بڵێن پارتی هاوکاریم لەگەڵدا ناکات، یا یەکێتی هاوکاریم لەگەڵدا ناکات. لەسەر هاوکاری نەکردن بادەست لەکار بکێشنەوە، ئەوەیەک.

بابەتێکی تر هەیە فراکسیۆن فراکسیۆنی حزبە، فراکسیۆنی لیست نییە، بۆیە فراکسیۆنی سەوز فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانییە بەمۆری ئەو دێت، فراکسیۆنی زەرد فراکسیۆنی پارتییە. ئێمە لە فراکسیۆنی زەرد هەر هەموومان بەمۆری مەکتەبی سیاسی پارتی هاتین و، راستە لەکاتی هەڵبژاردن لیستی ئێمە زەرد بوو، بەڵام ئێمە ئێستا فراکسیۆنی زەرد نین ئێمە فراکسیۆنی پارتین بەمۆری پارتی هاتووین، هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی کەسک کە لێرەن بەمۆری یەکێتی نیشتمانیی هاتوون، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

ئەوە ئیشی ئەوەیە ئێمە بەشێوەی رەسمی لەناو پەرلەماندا بە فراکسیۆنی کەسک وبە فراکسیۆنی پارتی وبە لیستی مۆر مامەڵەت دەکەین، چونکە لەناو ئەو لیستەی کە حزبەکان چ پارتی وچ یەکێتی چ خەڵکی تر پێشکەشی کردووە، ئەگەر تەماشای ئەو لیستانە بکەین ئێستاکە بەرووەتیان هەیەو لە پەرلەمان لەسەری ئەرۆین و لێی دەکۆڵینەوە کە ئەگەر حزبێک خاوەن فراکسیۆنە ناوەکەی تەدقیق ئەکەین کە ئەوەیە لەوێدا نووسراوە، یان کادری ئەو حزبەیە یان ئەندامی ئەو حزبەیە یاسەربەخۆیە، لەبەر ئەوە مامەڵەمان لەناو پەرلەماندا لەسەر بنەڕەتی ئەو حزبەیە کە خاوەنی فراکسیۆنەکەیە. تکایە ئەم بابەتە تەواو، با بێینەوە سەر خاڵی سەرەکی؟ بەڵام دیارە بەڕێز جێگری سەرۆک تێبینییەکی هەیە پاشان دێینەوە سەر وەڵامی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک**

**بەڕێــز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

بەراستی زۆر لە ئەندامان باسی ئەوەیان کرد کە پێویستە پەلە بکرێ لە پێکهێنانی کابینە و، یەکێ لە هۆیەکانی ئەم بەرەڵلاییە پێک نەهێنانی کابینەکەیە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، چونکە کە کابینە دەست لەکاردەکێشێتەوە مانای ئەوە نییە کابینە نییە، زۆر وڵات هەیە (٦)مانگ کابینەیان نییە ئەو وەزارەتەی کە دەستی لەکارکێشاوەتەوە هەموو کاروباری بەڕێوە ئەبا هەتاکو کابینەی نوێ پێک دێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە خێرایی نەکەن لە پێکهێنانی

کابینه و، وای بۆ دەچم شتێکی دڵخۆشکەرە کە ئەم کابینەیە لەسەر ئەو ڕێکەوتنامەیە پێک دێت کە لە نێوان هەردوو حزبە سەرەکیەکەدا هەیە کە حوکمی کوردستان دەکەن، بەڵام بڕوا ناکەم وەکو ئەڵێن بە (عەسایەکی سحری) کابینەی سێیەم بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی هەموو ئەوشتانە چارەسەر بکات و، ئەم بەرەڵڵاییە هەر لە ڕۆژی دەست لەکارکێشانەکەوە دەستی پێ نەکرد، بەڵکو لەپێشداش هەبوو، جا کاک بەختیار خاڵێکی وروژاند، ئەویش ڕاستە زۆر حوکمی لە سێدارەدان هەیە کە بەسەر گەلێک تاوانباردا دراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، وابزانم لەسەر ئەو هۆیەیە کە کاک بەختیار باسی کرد، بەڵام ئێمە ئەگەر ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە تەوسیقمان کرد لە پەرلەماندا ئەڵێ (پشتگیری کردنی ڕێککەوتنامەی پاریس بەتەواوی) لەوێ پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی هەیە کە بریتییە لە سەرۆکی پەرلەمان و، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، ئەمە پەیوەندی هەیە بەپێک هێنانی کابینە، چونکە ئەو نوێنەرانە وەکو پۆستەکەیە، ئینجا ئەوە دەتوانێ تا ئێستاش بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەم دەستەی سەرۆکایەتیە دەتوانێ بە ڕۆڵی خۆی هەستێ.
بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد باسی کرد وتی ئێمە بەڕاستی نابێ ببین بەقاز هەر سەرۆکی فراکسیۆن دەستی بەرز کردەوە ئیتر هەموو تەماشا بکەن دەست بەرز بکەنەوە ڕاستە فراکسیۆن سیاسەتێکی دیاری کراوی هەیە و، ئەو کەسەی کە چۆتە لیستی سەوز یان زەرد، فراکسیۆنی سەوز یازەرد یان لیستی مۆر لەسەر ئەو پرۆگرامە ڕێکەوتوون لەکاتی هەڵبژاردندا بڵاوکراوەتەوە و، ئەبێت بەشەرەفەوە بەرگری لەو پرۆگرامە بکات، بەڵام لەکاتی باس کردنی شتی ڕۆژانەدا، لەهەندێ بابەت، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەبێ ئەندامان هەموو چاویان لەدەستی سەرۆکی فراکسیۆن بێت وبزانن ڕازییە یان ڕازی نییە، یانی لە کێشەی سیاسی سەرەکی دەبێ هاوکاری یەکتربن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، لێرەدا ئەو ئەندامانەی کە ناونوس کران تەواو بوون، بابزانین وەڵامی بەڕێز وەزیری ناوخۆ چییە؟ چونکە یەک برگەی تریشمان ماوە، ئەگەر ئەتانەوێ بیخەینە دوای نیوەڕۆ، یان بەیانی؟ ئەگەر دەتانەوێ بیخەینە دوای نیوەڕۆ دەیخەینە کاتژمێر سێ یان چوار، ئەگەر دەتانەوێ بەیانی سەعات(١٠)با بەیانی بێ، با بەیانی کاتژمێر(١١)بێ؟.. باشە، وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆشحاڵ بووم بەو بانگ کردنەی من بۆ ئێرە، بۆ بەردەمی بەڕێزتان کە هەر چەندە بەڕاستی پێم خۆش بوو وەزیری تازەی ناوخۆی کابینەی سێیەم ئێستا لەبەردەم بەڕێزتان بوایە، چونکە من بۆ چەندین جار لەخزمەتی ئێوەدا بووم لێرە لە سەکۆی پەرلەماندا و، باسمان لە باری کوردستان بەگشتی وئاسایشی کورستان کردووە هیچ شتێک شاردراوە نییە، نە لەبەڕێزتان.و نە لە ئێمە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من بەخۆشحاڵیەوە بەشدار بووم و سەرەڕای سێ هەفتە ڕەت بوون بەسەر

دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین تا دواکات و بەتایبەتی لەسەر باری ئاسایشی کوردستان بەردەوام بین لەکاری خۆماندا. بێگومان ئەوەی بەڕێزتان باستان کرد چ لە پێشنیار چ لە ڕووداودا هیچ ناکۆکییەکم نییە لەسەری، بەڵکو ڕووداوەکان لەوانەیە زیاتر بن، پێشنیارەکانیش هەر ئەوەندەنە کە لەخەیاڵی کابینەی سێیەم و بەتایبەتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەخەیاڵی ئێمەش وایە، ئومێدەوارین ئەو پێشنیارانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە کابینەی سێیەم و بەتایبەتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ بچەسپێت، چونکە پێشنیارێکی گشتی بووە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەروەکو زۆر لە بەڕێزان باسیان کرد کێشەی سەرەکی ئێمە کێشەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ، کە ئەو بێ یاساییە هەیە، ڕاستە ئێمە دوو یاسای هەرە گرنگمان لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرکردووە و، بەلای منەوە جێبەجێ کردنی ئەم دوو یاسایە ئەتوانم بڵێم لەسەدا هەفتاوپێنجی کێشەی ئاسایش چارەسەر دەکات. یاسای چەک ئێمە کە ماوەی دوو ساڵە خەریک بوو بتوانین جێبەجێی بکەین و مۆڵەتنامەمان چاپ کرد، دامانە پارێزگاکان بۆ ئەوەی پڕ بکرێنەوە، وورده وورده ئەتوانم بڵێم تۆزێک بارەکە خەریک بوو بەرەو باشی بڕوات ئەم ڕووداوە گەورەی شەڕی خۆکوژیە، ئەوەی هەشبوو لێی تێکداین، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش ئەتوانم بڵێم باری ئاسایشی کوردستان خراپتر بووە هەروەک بەڕێزتان بەشداریتان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاسایی کردنەوە لەسەرتاسەری کوردستاندا کردووە، ئەو هەموو بڕیارانەی کەدران ودوا بڕیار لێرە کە لە پەرلەماندا درا بەداخەوە کە ئەتوانم بڵێم تاکو ئێستا جێبەجێ نەبووە، بەو شێوەیە یەک لەبڕیارەکان ئەوەیە کە دیاردەی چەکداری لەشارەکاندا نەمێنێ، بارەگای حزبەکان لەشارەکاندا نەمێنێ و، بارەگاکان لە شارۆچکەکانیشدا نەمێنێ. ئەتوانم بڵێم وەکو خۆیانن ئەگەر زیاتریش نەبووبن، بۆیە من ئەڵێم ئەگەر یاسای چەک جێبەجێ بکرێ، یاسای حزبەکان جێبەجێ بکرێ ئاسایی کردنەوە کۆتایی پێ بێت، یاسا حورمەتی هەبێت و، سەروەر بێت مەسەلەکان هەموویان چارەسەر دەکرێن، ڕاستە لەوانەیە کەموکوڕی مادی، بودجە هەندێ مەسەلەی تەکنیکی کەموکوڕی هەیە، بەڵام بەلای منەوە ئەوانە بەپلەی دووەم دێن هەرە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەم دیاردەی چەکدارییە نەمێنێ، ئومێدەوارم کە لە کابینەی ئایندەدا بتوانین بیری لێ بکەینەوە ئاسایش و، پۆلیس هەموو بەڕێزان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پاکسازییان تێدا بکرێت، بەڵام دیسان حزبەکان ماوە نادەن ئەو پاکسازییە بکرێت، بۆیە دەبێ حزبەکان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن تاکو ئیشوکاری پاکسازیی و ئاسایش و پۆلیس بەباشی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیادحاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی خۆی چەند خاڵێک هەیە لێرەدا کەس لاری نەبووە تا ئێستاکە سەبارەت بە بەڕێز وەزیری ناوخۆوە نەیکاتن، من دەپرسم کێ لاری لەوەیە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن یا ئۆتۆمبیلی تر بۆ

دەزگاكانی وەزارەتی ناوخۆ بكرێت؟ كەس لاری نییە، ئەوانە پارەی تەرخان كراوی خۆیان لەناو بودجەدا هەیە كەبەپێی پێویستیەكانی خۆیان پێشكەشیان كردووە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها بەڕێزی دەسەلاتی ئەوەی هەیە كە گواستنەوەش بكات لەنێوان بەشەكانی بودجەدا، یانی ئەگەر لە بەشێكدا ناتەواوی هەبێت هەتا دەسەلاتی ئەوەی هەیە داوا بكا بودجەكە هەڵبەسێردرێ (معلق) بێ، ئەگەر هاتوو ناتەواوی هەبوو، یانی هەرچەندە بودجەی ئێمە پەسەند نەكراوە، بەلام لەسەر بودجەی كۆن ڕۆیشتووین، مەسەلەی دابین كردنی چەك كێ لاری هەیە؟ یانی بڕوا ناكەم كەس لاری هەبێت، بازاری چەك هەیە، وەزارەتی ناوخۆ دەتوانی چەك بۆ ئەو كەسانە بكڕێ و بەسەر پۆلیسی فریاگوزاری وتەواری دابەش بكات و، پاسەوانی شەوانە دابەش بكات بۆ پاراستنی ئەمن وئاسایشی نێو شار، مەسەلەی چاودێری كردنی دوژمنانی گەلەكەمان، خەڵكی دزو جەردە هەتا ئەوەی كە لە دادگا دەردەچێ، پاش ئەوە دەبێ چاودێری بكرێ، با حەواڵە بەگەواڵە نەبێت، یانی من ڕێزم بۆ ڕایەكانی بەڕێزی هەیە، دوایی مەسەلەی كۆلێژی پۆلیس ئەوەش لێرە هی ڕایەكم هەیە دەكرێت بەپێی وەرگرتنی مەركەزی ببێت، وەزیری ناوخۆ نەیەلی هیچ حزبێك لیستی خۆی هەبێت و، وەزیر لە دەزگاكانی ڕاگەیاند ڕایبگەیەنێ كە حزبەكان دەست لەكاروباری كۆلێژی پۆلیس وەرنەدەن، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

من ئەو كەموكوڕیانەم بەشتێكی كەم دانا لە مەسەلەكانی ئاسایشی كوردستاندا، بەلام ئەوەی كە كاك ئەیاد دەفەرموێت ئەوە داوای لێبوردن دەكەم، چونكە وەزیری ناوخۆ ئەو دەسەلاتەی نییە هەر چی بیەوێ بیكات، وەزیری ناوخۆ لە سنووری بودجەدا كاردەكات ئەویش ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی بكات، ئەوجا بێتە وەزارەتی دارایی، كە چەندین جار ئێمە ئەوەی پێمان كراوە لەوانەیە بۆ هێزێك ئێستا بەناوی هێزی (مغاویر) ئەوە یەك ساڵی ڕەبەقە خەریكین تاكو توانیمانە شتێكی بۆ دابین بكەین، ئەوە نییە هەرچی وەزارەت ویستوویەتی بەكردەوە كراوە ودەكرێ، ڕاستە لەوانەیە لە بودجەدا هەیە، بەلام باری ئابووری كوردستانیش شتێكی تر بووە، هی حكوومەت ئەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێ، هەمیشە ئەوەش پێشكەش كراوە زۆری دواخراوەو نەكراوە، ئەگەر چەكە، ئەگەر پارەیە، ئەگەر مەفرەزەی پۆلیسی هەبوون، لیژنەی ئاسایشیش هەیە، بەلام من باسم كرد، هەر مەفرزەی با (١٠) پۆلیسی هەبێ، بەلام بەرامبەر بە دوو لاندگرۆزەری ئاربیجی وبیكەیسی كاك ئەیاد، ئەوە ناكرێت ئەگینا لەپلانی ئاسایشی پارێزگای هەولێردا دووسەد پۆلیس ئێستا لەكار و لە ئەركی شەوانە وڕۆژانەن، ئێمە بەو توانایەی لەبەر دەستمانە، ئەوەی پێمان كراوە بۆمان كردوون، هەرچەندە لەسەری مانگەوە تاكو ئێستا هەرچی مەسرەفە و، ئەوانەیە ڕاگیراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا گفتوگۆ رادەگرین، سوپاستان دەکەین بۆ ئەو گفتوگۆیانە، سوپاسی وەزیری ناوخۆ دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانەی و، ئەم دانیشتنە شتێکی باش بوو، ئەم پێشنیارانەی کە کران ئەو رایانەی لێرە دەربڕان زۆر باش بوون و، هیوادارین پوختەکەی بدرێ بەلیژنەی ناوخۆ، لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش وەکو راپۆرتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی بکات بۆ ئەوەی ئێمەش لەرێگەی خۆمانەوە ئاماژە بکەین بەم رایانە و بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، کە هیوادارین لە کابینەی سێیەمدا جێبەجێ بکرێن، داوا لەئەندامانی پەرلەمان بەجیددی چاودێری ئەم بارە بکەن و وەکو بەڕێز کاک ئەیاد پێشنیازی کرد ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بەردەوام ئەو بابەتە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدەین وپرسین و لێ پرسینەوەش هەبێت، سوپاس بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان، سبەینێش کاتژمێر (١٠) دانیشتنمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## دووشەمە ڕێکەوتی ١٩/١٢/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/١٩

*سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١٢/١٩) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللاسکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ئاسایی ژماره(١٨)ی خولی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*

*پاش ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاند. ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ گفتوگۆ کردن لەبارەی حوکمدانی پەرلەمانتارە کوردەکانی کوردستانی باکوور کە فراکسیۆنی کەسک لە دانیشتنی ڕۆژی (١٩٩٤/١٢/١٧) پێشنیازی کردبوو.*

*٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٥)ی پەرلەمان.*

*٣ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، وەکو بڕیار وابوو کە کۆبوونەوە ئەمڕۆ بەیانی بێت، بەڵام لەسەر داواکردنی ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد خستمانە پاش نیوەڕۆ، ئەو خاڵانەی لەبەرنامەی کاردا هاتوون هەمان خاڵەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٨)یە، جا لەبەر ئەوە تکایە تەنیا ژمارەکە بگۆڕن بە (١٩)و دەبێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ. خاڵەکانیش بریتین لە گفتوگۆکردن لەبارەی حکومدانی پەرلەمانتارە کوردەکانی کوردستانی باکور کە فراکسیۆنی کەسک لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٧دا پێشنیاری کردووە و، گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٥)ی پەرلەمان، تازەبابەت، ئەم خاڵە نییە وابزانم لە ڕۆژنامەی ڕەسمی باسی ئەوە کرابوو کە ئەمڕۆ باسی بروادان ئەکرێ بەوەزارەتی تازە، خۆی شتێکی وا هەبوو، بەڵام بەرەسمی نەبوو و لەسەر داخوازی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو خاڵە دوادەخرێ و، ئینجا ئێستا لە خاڵی تازە بابەتدا ئەگەر شتێک نەبێ ئەچینە سەر پرۆگرامی ئەمڕۆمان سبەینێش کاتژمێر (١٠) کۆبوونەوەمان دەبێ بۆ باسکردنی لەسەر داخوازی ئەنجوومەنی وەزیران، جا ئێستا لە تازەبابەتدا هیچ شتێک هەیە؟ فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــــید:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوو خاڵ هەنە حەز دەکەین بیانخەینە بەرچاوی بەڕێزتان، یەکەمیان ئەوەیە سەبارەت بە خاڵی گفتۆگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٥)ی پەرلەمان ئێمە وەکو فراکسیۆنی کەسک...

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن.**

ببورە ئەمە خاڵی تازە نییە کە هاتینە سەر گفتوگۆ کردنەکە باسی دەکەین، ئەگەر خاڵی تازە هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــــید:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵێ باشە ئەو کاتە باسی دەکەین. سەبارەت بە تازە بابەت کێشەیەک هەیە بەپیوێستی دەزانین کە باس بکرێت و رێگا چارەی بۆ دابنرێت، ئەو کێشەیەش لەلایەن فراکسیۆنی کەسکەوە بەڕێز (سەعدی ئەحمەد) باسی دەکات ئەگەر رێگای بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەبێ بزانین بابەتەکە چییە؟، ئینجا کاک سەعدی هەڵدەستێ بە دوورو درێژی باسی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن.**

ببورە بامن ئەوە روون بکەمەوە کاک ئەیاد هەندێ جار داوای ئەوەمان کردووە کە تازە بابەتەکە ئەو دەڵێ هی فراکسیۆنی کەسکە، بەڵام کاک سەعدی پێتان دەڵێ چییە، ئینجا ئەو کاتە ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین باسی بکەین یا باسی نەکەین؟ ئەگەر باس کردنی رەزامەندی لەسەر کرا ئەوە باسی دەکەین، ئەگەر پەسەند نەکرا ئەوە لای دەبەین، بەڵێ ئەگەر ببوری شێخ عەدنان قسەیەکی هەبوو فەرموو شێخ عەدنان.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ تازە بابەت ناونیشانێکی بۆ دادەنرێت بۆ ئەوەی لە میانی ناونیشانەکە ئەو بەڕێزانەی ناو هۆڵەکە بزانن بابەتەکە چییە، ئەوجا دەنگی لەسەر بدەن کە دەنگی لەسەر درا ئەبێت بە بەندێکی بەرنامە، چونکە لە ناو بەرنامەدا نییە بەو دەنگدانە دێتە بەرنامەکەوە، لەبەر ئەوە دەبێت بەڕێز کاک ئەیاد ناونیشانی بابەتەکە بڵێ، پاشان بەڕێزت بیخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــوومــــەن.**

جا رەنگە پێویست بەوە نەکا، فەرموو کاک ئەیاد بابەتەکە چییە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە وەکو گوتم کێشەیەک هەیە، سەری بابەتەکە کاک سەعدی باسی دەکرد ئەوجا دەخرایە دەنگدانەوە ئێمە لەباتی فراکسیۆنەوە من کە لێرە تەخویلی ئەندامێک دەکەم ئەو ئەندامە هەڵدەستێ کورتەی کێشەکە باس دەکا، ئینجا دەتوانیت بیخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ تەنیا بۆ سەرۆکی فراکسیۆن هەیە تازەبابەت پێشنیار بکات، بۆ نموونە من هەڵدەستم دەڵێم کێشەیەک لە ئاکرێدا هەیە و، کاک عەدنان نەقشبەندیی قسەی لەسەر دەکات، جەنابت بابەتەکە دەیخەیتە دەنگدانەوە، ئینجا ئێمەی ئەندامان ڕەزامەندی لەسەر دەکەین، ئینجا عەدنان نەقشبەندیی قسەی لەسەر دەکات تا ئێستا پێڕەو وا بووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی کێشەیەک لە ئاکرێ هەیە، دیارە ڕووداوی زۆر بە هێز بووە دەربارەی ئەو کێشەیە، ئەگەر ماوە بدەن کاک سەعدی قسەی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئینجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو کێشەیە باسی لێوە بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەو کێشەیە کەوتە بەرنامەی ئەمڕۆمان، زۆر سوپاس لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە هیچ تازە بابەت نییە. ئینجا با بێینەوە سەر پرۆگرامی ئەمڕۆ دەربارەی گفتوگۆ کردن لەبارەی حکومدانی پەرلەمانتارە کوردەکانی کوردستانی باکوور، فەرموو کاک ئەیاد ئێوە پێشنیارتان کردووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم کە ئێمە لە تازەبابەتی کۆبوونەوەکانی ڕابردوودا پێشنیارمان کرد خرایە ناو بەرنامەی کارەوە، بەڕێز پەریخان بەتێروتەسەلی ئەو مەسەلەیە باس دەکات، ئەگەر ماوە بدەن پاشان ئەگەر تەعقیبێک لەسەری هەبوو ئەندامان باسی لێوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئاشکرایە لە نیسانی ڕابردووەوە هەشت پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی تورکیا بەند کراون

وحەسانەی پەرلەمانیان لێ سەنراوەتەوە، یەکێک لەو پەرلەمانتارانە ژنە کەناوی (لەیلا زانا)یە، ئەوەش هەمـوومـان ئەیناسین، هەڵگرتنی حەسـانەی پەرلەمـانی لەسەر ئەوان ئەوە بوو کە خـرانە زیندانەوە بە تاوانی خیانەتی مەزن، بەوەی ئەمانە یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستانیان داوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئەمانە خرانە زیندانەوە نیگەرانییەکی زۆر گەورە دروست بوو لە هەموو رۆژنامەکـانی جیهـاندا و هەتا تەنانەت لە پەرلەمـانەکانی جیهان، یەکەم پەرلەمان، پەرلەمانی ئەورووپی بوو کە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی تورکیا بڕی. لە کاتێک ئەمانە زیندانی کران و تاکو رۆژی (١٢/٨) دادگا حوکمی ئەم کۆمەڵەیدا پێش ئەوەی حکوم بدرێن سەرەک (فرانسۆا میتران) پەیوەندیی بە هەموو سەرۆکەکانی دەوڵەتانی ئەوروپا کرد و نیگەرانی خۆی دەرخست و داوای کرد ئەگەر هات و حوکمی سێدارە درا بەسەر ئەم کـۆمـەڵە ئەندامـە ئەوا تورکـیا لە یەکێتی گـومرگی ئەورووپی دەردەکرێ، یاخود دانادرێ، لێرە واتە کۆمەڵێک سەرانی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش نارازی بوون و، لە هەمـان رۆژدا کـۆنگرەیەکی رۆژنامـەگەری زۆر گـەورەیان بەست ئەم مـەسـەلەیە گـەورەیە گفـتـوگـۆکـرا مـەسـەلەیەکی زۆر گـرنگ بوو تەنانەت (هیلمـەت کـۆڵ) لای ئەم مـەسـەلەی نەگرت، چونکە دژی مـافی مرۆڤ و دژی دیموکراسیـەتە لە جیهـاندا سەرۆکی لیـژنەی هیلسنکی نـاوی نـابـوو (یوم الحـزن الدیمقـراطي في ترکـیـا)و ناوی نا بەقـەزیەی ئاشـتی و ناویشی نا بەناسنامـەی نەتەوایەتی کورد ئەمانە بۆیە زیندان کران تەنها چونکە ناوی خۆیان نا کورد و(لەیلا زانا) کە ئەندامی پەرلەمـانی تورکیایە بۆی نییە قسە بکات، چونکە بە کوردی سوێندی خواردووە لەوێدا ئەم کێشـەیە کێشـەیەکی گەورە بوولە جیهـاندا سەدایەکی گەورەی پەیدا کرد بوو، چونکە ئەمـانە نوێنەری مـیللەتن و، خـەڵکی دەنگی داونەتێ چۆن بەند بکرێن و چۆن حەسـانەیان لەسـەر لاببرێ؟ بە گرنگی پێدانی هەموو دونیا لەسەر ئەم مەسـەلەیە دەردەکەوێ کە ئاییندەی کورد زۆر روناکە بۆیە هەمـوو جیـهـان ئەم مـەسـەلەیەی وا بەگـرنگی وەرگرت، بەڵام من پێشـەکی رەخنەم لە خۆمان هەیە، چونکە ئەمانە هەموو لە خێزانی کوردستـانە گەورەکەی خۆمـانن، هەیە (لەیلا زانا) بەرەمزی ژنی کورد دەزانێت کە یەکێک بوو لەو ژنانەی کە نەخوێندەوار بووە لە هاتووچۆی بۆ لای مێردەکەی لە زیندان فێری خوێندەواری بووە لەبەرئەوە کەوا بەکوردی قسەی کردووە لە پەرلەمان نەیان هێشـتـووە قسە بکات، بۆچی مەسەلەیەکی وا گەورە کە هەموو جیـهـان پشـتگیـری بکات، ئێـمە پشـتگیـری نەکـەین؟ یاخود باسی نەکـەین؟ من یەکـەم رەخنەم لەسـەرۆکـایەتییـە، دووەم لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنی سەوز، ئینجا هی زەرد، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گەورە بوو دەبوایە لە مێژە باسمان بکردبایە، نەک بۆ ئەوەی پاشی هەفتەیەک زیاتر بەسەریدا رۆیشتووە ئینجا ئێمە ماوەمان پێ بدرێ کە باسی بکەین. لێرە یەک شت هەیە دێتە بەرچاووم سەیری پەرلەمان دەکەم بە پەرلەمـانێکی زۆر مـوحـافـیـزم دێتـە بەرچاو لەوە ناچێ ئێـمـە پاش خـەباتی شـاخ هاتبـینە ئەم پەرلەمـانەوە لەوە دەچێت کە پەرلەمـانێکی زۆر موحـافـیـز بێت دەسـتـمـان گـرتووە بە کـڵاوەکـەی خۆمـانەوە با نەیبات، مـەسـەلەیەکی وا گـرنگ ئێـمە باسی نەکـەین هیچ نەبێ ئێـمە لەناو خۆمـاندا

گفتوگۆی لەسەر بکەین، جا پێشنیارم ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان نیگەرانی خۆی دەرخا بەرامبەر بە حکومدانی ئەمانە کە دوانیان بەربوون ئێستا شەشیان لە زیندان ماون، واتە ئێمە پێویستە هەڵوێستێکمان هەبێت بۆ مێژوو لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

زۆر سوپاس پەریخان، ئەو قسانەی بەڕێزت کردت زۆر راستن، بەڵام هەر ئەوەیە کە نازانم دەستەی سەرۆکایەتیت خستە ناوەوە لەیەکەم رۆژەوە تاکو رۆژی (١٢/١٧) (١٠٥) ئەندام هەیە دەستەی سەرۆکـایەتی سیـانن ،(١٠٢)ی ئەندام پەرلەمـانن هیچ پێنشیـارێک لەم بارەیەوە پێشکەش نەکراوە، لە (١٢/١٧) نەبێ ئەو پێشنیارەش هەر هەمان رۆژ قەبووڵ کرا و رەزامەندی لەسەر کرا کە باس بکرێ ، ئینجا کێ لەسەر ئەو بابەتە ئەیەوێ بدوێ؟ تکایە ناوخۆی بنووسێت، ئەگەر تێبینیەکتان هەبوو هەریەکە لە جێی خۆی دابنیشێ، ئێستا لێرە ناوی کاک ئەرسەلان دەرچووە کێ لە جێگای کاک ئەرسەلان دانیشتووە؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ناوەکان دەخوێنمەوە:

١ـ ئەبو بەکر محەمەد حاجی ئیبراهیم ٢ـ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی ٣ـ نەهلە محەمەد سەعدوڵلا ٤ـ کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی ٥ـ فەوزیە عیزەدین رەشید ٦ـ ئازاد قەرەداغی ٧ـ عەبدولخالق زەنگەنە ٨ـ ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی ٩ـ مەلا هادی خضر کوێخا.

**بەڕێز ئـەبو بەکـر مـحـمـەد حـاجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پێشنیارێکم هەیە هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان وەکو یاداشتنامەیەک بڵاوبکرێتەوە کە ئەم چەند خاڵەی من لێرە دیاری دەکەم لەو پێشنیارە رەنگ بداتەوە:

یەکەم: دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بە حکومدانی پەرلەمانتارەکان.

دووەم: داوا لە تورکیای دراوسێمان بکرێ لە کاتێکدا شەپۆلی دیموکراسی دکتاتۆری جیهان رادەماڵدرێ ئەوە رەوا نییە لەسەر دەربڕینی بیروڕا پەرلەمانتارانی کورد حوکم بدرێن و، ئەمەش پێشێل کردنی بەندی (١٩)ی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە کە دەڵێ «هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروڕا دەربڕینی هەیە».

سێ یەم: داوا لە کۆمەڵانی گەلان و لە تێکڕای حزب و رێکخراوە جیهانییەکان و دیموکراتخوازان و مافپەروەران بکرێت پاڵەپەستۆی زیاتر بخەنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی.

چوارەم: سوپاسی هەڵوێست و تێکۆشانی دۆستەکانی گەلی کوردستان بکرێ کە داکۆکیان لەوان کردوو نەیانهێشت ئیعدام بکرێن بەتایبەتی ٠خاتوو میتران) و سیناتۆری ئەمریکی (لیکۆت زینی) و نوێنەر (ستینی هۆبرس) و پەرلەمانی ئەورووپی و هەموو ئەوانەی تر کە لەسەر ئەم مەسەلەیە داکۆکیان کرد.

پێنجەم: داوا لە لەپەرمانی حکومەتی تورکیا و لە پەکەکە بکرێ کە دژی تیرۆر بوەستن و لە جیاتی چارەسەری سەربازی پەنا بۆ گفتوگۆ وچارەسەری ئاشتیانە بەرن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا حوکمدانی ئەم پەرلەمانتارانە جێی نارەزایی هەموو لایەکە بێگومان هەر کوردێک لە هەرپارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا کە ئێمە بە لە بنەڕەتدا یەک پارچە بووین دەستی ئیستعمار پارچەی کردووین و تا ئێستا دەناڵێنین و لە هەموو جێیەک هەوڵ ئەدەین و بەهەموو جۆرێک تەرازووەکە ڕابگرین و بتوانین ئەم پارچانە یەکتر بگرنەوە. بێگومان ئەم رووداوە دژی مافی مرۆڤە لە سەردەمێکدا کە سەردەمی مافی مرۆڤە لە هەموو دنیادا و مافی مرۆڤ رێزی لێ دەگیرێ و بیروڕای ئازاد ئێستا جێگای رێزلێنانی هەموو لایەکە دیسان جێگای شانازییە کە کورد لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکمان پەرلەمانێکی وای هەبێت کە ئێمە بتوانین بە ئازادی را دەربڕین بەپێچەوانەی جاران کە پێشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ خەڵک ئەچوون رۆژنامەی رزگاری خوازیان لەژێر میندەرو حەسیر دەشاردەوە، ئینجا ئەگەر هەڵوێستەکەمان تۆزێک دواکەوتبێ یا دوانەکەوتبێ ئافرەتێک بتوانێ دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە لەگەڵ خوشکەکەی خۆی و لەگەڵ براکانی تری کە پەرلەمانتارەکانن کە لەوێ گیراون، من بابەتەکە لەوە زیاتر ئەبینم کە هەستی مرۆڤایەتییان لێ قەدەغە کراوە، بابەتەکە لەوەدا دەبینم کە قەزییەکە تەنیا هی ئەم هەشت کەسە نییە، بەڵکو قەزیەی (٢٠) ملیۆن یا (٢٥) ملیۆن هاووڵاتی کوردە کە لە تورکیا بەهەژاری دەژین و، تا ئێستا کە هەویەی نەتەوەییان دەشاردرێتەوە، من داوا دەکەم کە ئێمە بە هەموو توانامانەوە نارەزایی خۆمان بە هەموو شێوەیەک دەربڕین دەربارەی ئەم حوکمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەک ئەوە مانۆڕێکی سیاسی بێت، چونکە ئەبێت هەستی نەتەوایەتیمان زۆر لە مانۆری سیاسی بەرزتر بێت، بەباشی دەزانم ئێمە بەپەلە ئەگەر پێشنیارەکەم لەلای بەڕێزتان باش بێ لیژنەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی بزاندرێت چ هەنگاوێک باوێین بۆ ئەو بابەتە، چی لەگەڵ هەلومەرج و باری هەرێمی ئێمەدا دروست بکەین؟، ئەگەر ئێمە نەیکەین کەمتەرخەمین وەکو لێپرسراوان، وەکو پەرلەمانتاری کورد بەرامبەر هەوڵەکانمان ئێمە وەکو برای بەڕێزم مەلا شاخی گوتی نامەوێ دووبارەی ناوەکان

بکەینەوە بێگومان زۆر سوپاسی ئەو لایەنانەو ئەو کەسایەتیانە و ئەو دەوڵەتانە دەکەین کە هیچ کات و سات کێشەی کورد ومیللەتی ئێمەیان فەرامۆش نەکردووە، لە کۆتاییدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ دەرس کردنی ئەم بابەت پێک بهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محـــمـــەد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

بەراستی پاش ڕووداوەکە بەماوەیەکی زۆر ئەو بابەتە هاتە ناو پەرلەمان کە ئێستا باسی لێوە دەکەین، پاش ئەوەی کە هەڵلایەکی زۆرگەورەی بەرپاکرد لە لەناو جیهاندا و گوشارێکی گەورەی زۆری خستە سەر تورکیا، پێش حوکمدانیان و پاش حوکمدانی ئەم برا پەرلەمانتارانە لە کوردستانی باکوور، بەڵام ئەگەر بهاتبا ئێمەش لێرە پێش دادگاکردنیان دانیشتنێکمان تەرخان بکردبایە بۆ باس کردنی ئەم بابەتە، هەروەهاش پاش حکومدانیشیان، ڕاستە هەموو جیهان گوشارێکی زۆریان خستە سەر حکومەتی تورکیا، بەڵام ئێمە ناتوانین گوشاری سیاسی بخەینە سەر حکومەتی تورکیا، بەڵام شتەکە مەعنەوییە باس کردنی ئەو مەسەلەیە کاریگەریەکی مەعنەوی هەیە کە لە پەرلەمانێکی کوردیدا باس لە پەرلەمانتارانی کوردی تورکیا بکرێت، بۆیە ئێستا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەیانێک لەم پەرلەمانەوە دەربچێ بەڵام لەچوارچێوەی پاراستنی مافی مرۆڤ، پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و، پاراستنی دیموکراتیەت و، ئاراستەی پەرلەمانی تورکیا بکرێت دەربارەی بەو پەرلەمانتارە کوردانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش محـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

زیادە لەوانەی کە برادەران فەرمووبیان بەراستی ئەو هەنگاوەی کە تورکیا هاوێشتی بەرامبەر ئەو پەرلەمانتارە کوردانە دژ بە دیموکراتیەتەو دژ بە مافی مرۆڤە، ئەوانە چ تاوانێکیان نەکردووە تەنها هەر ئەوەندە گوتراوە کوردین داوای چارەسەری مەسەلەی کوردیان کردووە، بەرای من هیچ تاوانێک دروست ناکات و شتێکی وا زەمانێکی زۆر ئاساییە سەبارەت بە ئەو برادەرانە کە داوامان کردووە و لە هیچ جێگایەکدا تۆزێک دیموکراتیەت هەبێ و تۆزێک مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێ ئەو شتانە بە تاوان داناندرێن، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لە حکومەتی تورکی زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات، زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ڕێز لێنان لە مافی مرۆڤ و، ڕێز لێنان لە دیموکراسیەت کە بەتایبەتی ئێستا خۆی داوا دەکات کە بچێتە ڕیزی دەوڵەتانی بازاڕی ئەورووپی هاوبەش، کە ئەوانیش چەند مەرجێکیان هەیە بەلایەنی کەمەوە دەبێ مافی مرۆڤ و پەیڕەوی کردنی دیموکراسیەت ڕەچاو بکەن بۆ ئەوەی قەبووڵی بکەن. داوا لە حکومەتی تورکیا دەکەین سوود لە تاقیی کردنەوەی دراوسێکانی وەربگرێ، کەس بەقەدەر حکومەتی بەعس و نیزامەکەی تۆقاندن و

حوکمی لەسێدارەدانی بەکار نەهێناوە لەئەنجامیشدا وەکو دەبینین پاشەکشەی کردووە، لەبەرئەوە داوامانە لە حکومەتی تورکی رێز لە دیموکراتیەت بگرێ و هەست بە لێپرسینەوە بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە رێزی لێ بگری و چیتر ئەو جۆرەکارانە بەکار نەهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە وەرگرتنەوەی حەسانەی پەرلەمانی لە هەر پەرلەمانتارێک پێشێل کردنی زەقی مافی مرۆڤە و، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دیموکراتیەت لە تورکیادا تەنها بەڕەواڵەتە، بێگومان حوکمدانی ئەو پەرلەمانتارانە بە تایبەتی کە ئافرەتێکی کوردیان لەنێوانیدایە کە ئێستا بەناوبانگترین ئافرەتی کوردە کە لە جیهاندا ناسراوە و لەوەتی لەزیندان دایە خاتو میتران چوار نامەی بۆ ناردووەو نامەکانی هەمووی ستایش و هەمووی پشتگیری و هاندانی خوشکی بەڕێزم (لەیلا زانا)یە، من نامەوێ لێرە باسی هەڵوێستی خۆم بکەم، چونکە لەکاتی خۆیدا لە رۆژنامەی برایەتیدا چەند دێڕێکم بۆ ئەم خوشکەم بەناوی خۆم و هەموو دەستە خوشکانم و هەموو ئافرەتانی کوردستانەوە نووسیوە.

پێشنیاری من ئەوەیە کە یاداشتێک لە پەرلەمانی کوردستانەوە بدرێت بەنەتەوە یەکگرتووەکان و، نارەزایی لە لابردن و حوکمدانی ئەو پەرلەمانتارانەی تیادا دیاری بکرێت، هەروەها پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز کاک عەدنان دەکەم کە لیژنەیەکی پەرلەمانی دابندرێت، لەو لیژنەیەدا باسی هەندێ شت دەکەین کە لەوانەیە لێرەدا باسی نەکەین لەوێدا باسیان بکەین و هەندێ هەنگاوی تریش بنێین بۆ ئەم مەبەستە، سەرفیرازی و سەربەرزی بۆ پەرلەمانتارە کوردەکانی کوردستانی باکور دەکەم بەتایبەتی دەستە خوشکم (لەیلا زانا) سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بڕوای من پێویست بوو بەر لە هەموو کەسێک پەرلەمانی کوردستان ئەم بابەتە باس بکات و، دەنگی نارەزایی بەرز بکاتەوە و، بەو شێوەیە تاکو ئێستا دوانەکەوێت، دۆستەکانمان لەدەرەوە هەنگاوێکی باشیان ناوەو دەنگی نارەزاییان دەربریوە، کە بەقەناعەتی من پێویست بوو، ئەمە ئیشی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو، دواییش لەپاش بریاری ئێمە نارەزایی خەڵکانی تریش بەرزدەبێتەوە، چونکە ئێمە واز لە هەموو شت بێنین نابێ واز لە هەستی نەتەوایەتی خۆمان بێنین لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئەمە شتێکە پێویستە لەسەر هەموو کوردێک کە ئەمە بکات، بەقەناعەتی من ئەو بریارە کە حکومەتی تورکیا لەسەر کوردەکان داویەتی دەربارەی ئەو شەش پەرلەمانتارە و گرتنیان و حوکمدانیان پێویستە ئێمەش دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ ئەو دەنگە

نارازییانە هەروەکو برایانی بەڕێزم باسیان کرد بەتایبەتی شێخ عەدنان، کە لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ ئەوەی بەزوویی لەم بابەتە بکۆڵدرێتەوە ئێمەش بە یاداشتێک، یان هەر شێوازێکی تر بێ، لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوی بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەو ئەرکە نیشتمانییەی کە لەسەر شانمانە بەرگرییان لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو بڕیارەی کە دەرچووە لە دادگای تورکیا بە حوکمدانی ئەو پەرلەمەنتارانە زۆر بڕیارێکی نارەوایە و هەروەها تەحەدایەکی ڕای گشتی جیهانییە لەبەرئەوەی کە بڕیارەکە دەرچوو بەبۆنەی (٤٦) ساڵ یادی جاردانی مافی مرۆڤ ئێمە لە کۆتایی سەدەی بیستەمداین کە ڕای دیموکراسی و ئازادی دروشمی سەردەمە، بۆیە پێشنیار دەکەم داوا لە تورکیا بکرێت بەزووترین کات بەریان بدات و نامەیەک ئاراستەی پەرلەمانی تورکیای دۆست بکات و پێیان بگوترێ کە ئەو بڕیارەی و حەسانە لابردنە لەسەر ئەو پەرلەمانتارانە لابردنە وحوکمدانیان شتێکی هەڵە بوو و لەگەڵ سەردەم و ئازادی بیروڕاو دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ ناگونجێ: هەروەهاش نامەش بۆ پەرلەمانەکانی جیهان بنێردرێ بەتایبەتی پەرلەمانی بازاڕی ئەورووپی وڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان دەربارەی ئەو بابەتە و هەروەها ئێمەش داوا بکەین کە کێشەی کورد لە تورکیادا بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێخ ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا وا دیارە مێژوو دووبارە دەبێتەوە لەساڵی (١٩٢٥) کە (٤٦) قارەمان لەسێدارە دران سەبارەت بەوەی تەنها داوای کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆیان دەکرد لەچوارچێوەی تورکیادا شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێیانی لەسێدارە دران لە ساڵی (١٩٢٥)دا، تەنها تاوانەکەیان ئەوە بوو کە کورد بوون و داوای سەربەخۆیی خۆیان دەکرد لە چوارچێوەی کوردستانی تورکیادا، بەڵام لێرە مێژوو دووبارە بوویتەوە ئەو هەشت پەرلەمانتارە قارەمانانە کەوا لە پەرلەمانی تورکیا داوای ئازادی و دیموکراتیەت دەکەن نەک هەر بۆ کورد بۆ تورکەکانیش بۆ ئەو میللەتانەی کە لە چوارچێوەی تورکیادانە، وا دیارە مێشکی عەسکەرتاریەتی کەمالییە شۆڤینیستەکان تاکو ئێستا پەندیان لە (سەدام حسێن) وەرنەگرتووە، پێویست بوو نەکو هەر ئەوان ئەو دیکتاتۆریانەی جیهان هەموو پەند لە سەدام حسێن وەربگرن. جا لێرەدا داوای من ئەوەیە کە پێویستە:

یەکەم: لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هۆڵێک دروست بکرێ بۆ بۆنەکان، لەناو ئەو هۆڵەدا تابلۆیەکی شەرەف هەڵواسرێ ناوی هەر هەشت پەرلەمانتارەکانی تورکیای تێدا تۆمار بکرێ.

دووەم: بەیانێک بەناوی پەرلەمانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە تیایدا نارەزایی هەر (١٠٥)

ئەندامی تێدا بێت بەرامبەر ئەو دادگایی کردنە ناڕەوایەی کەوا پەرلەمانی تورکیا دەریکرد بەرامبەر ئەو هەشت پەرلەمانتارانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضرکوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ویستم بیڵێم برادەران باسیان کرد زۆر سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مەلا هادی خۆزگە هەمووومان چاومان لەتۆ دەکرد فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەر هەموومان نیگەرانین بەرامبەر بەو کێشەیە، بەڵام لە راستیدا کێشەیەک بەشاردنەوە چارەسەر نابێت ئەبێت بەجورئەتانە بڕیارێکی لەسەر بدرێت و، ئەوەی کە برادەران باسیان کرد لێرە وەکو بەرنامەیەک با نەکەوێتە بەیانی، با هەر ئیمڕۆ بۆ ئەوەی تازووترە بەرەو پیری کێشەکەیان بڕۆین، پێموایە هەڵوێستێکی زۆر زۆر گرنگ و گەورەیە سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان، هەق وابوو هەر لەیەکەم رۆژەوە ئەم هەڵوێستەمان بەرامبەر بەو کێشەیە ببوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پەرلەمانی کوردستانیش رای هەبێت لەم بابەتە، ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەوەندە کۆتایی دێنین، ئەمە راستە کە پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی تری هەرێمی کودرستان بەرپرسیاریەتی هاوکاتیان هەیە بەرامبەر بەو رووداوانە و نابێ حسابی جیرانەتی و دروست بوونی کێشەیان بۆ بکەین، ئێمە ئەندام پەرلەمانین بۆمان هەیە هەڵوێستی خۆمان بە ئازادی دەربڕین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعدی دیارە تۆ ئەفکار دەخوێنیەوە، چونکە ئەو شتە جارێ باس نەکراوە چی بکەین، لەپاشان لە پەرلەمانیشەوە بەڕاستی لەو کاتەی کە حکومەتی تورکیا و ئێران و سوریا کۆبوونەوەی دەورییان دەکرد بۆ باس کردنی کێشەی کورد ئێمە لێرە یاداشتنامەمان نارد بەناوی پەرلەمانەوەو لێرە خوێندمانەوە، یاداشتنامەی نارەزاییمان نارد لەسەر ئەوەی کە ئەوە دەست تێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی، ئێمە لە پەرلەمان ئەو هەڵوێستەمان هەبووە، من نازانم رەنگە لێرە نەبووبم، بەڵام کاک فەرسەت ئەوە دەزانێ کە پەرلەمانی ئێمە کاغەزێکی نووسیوە لە کاتی خۆیدا بۆ پەرلەمانی تورکیا نارەزایی دەربڕیوە لەسەر لابردنی حەسانەی پەرلەمانی ئەو پەرلەمانتارانە، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شـەفـیـقـە فـەقێ عـەبدوڵڵا حـەسـەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی خوشک و براکانم کە هەموویان لەم هۆڵەدا ئامادەن بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر گرتنی ئەو هەشت پەرلەمانتارە کوردە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، زۆر سوپاس و ڕێزیشم هەیە بۆ هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی جیهان و لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئێستا رای خۆیان دەربڕی و، ئەو کەسانەی کە داوا و داکۆکی لەمافی مرۆڤ دەکەن وەکو کلنتۆن و خاتو میتران، ناڕەزاییەکی زۆرم هەیە بەرامبەر بەگرتنی (لەیلا زانا)، چونکە بیرەوەریم لەگەڵیدا هەیە جگە لە هۆڵی پەرلەمـان، دەزانم باری تەندروسـتی زۆر ناتەواوە بۆیە داوا لە حکومـەتی تورکیا دەکەم کە هیچی دی هەقی کوردەکان پێشێل نەکات و، داخوازیان ڕەچاو بکات و چاوێک بخشێنێتەوە بەو حوکمەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـول:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پار کە تەلەفزیۆنی پاریس نووسەری گەورە (یەشار کەمال)یان دیبوو کە نووسەرێکی گەورەی بەرەگەز کـوردە، لە جیـهـانا بەنووسـەری تورک ناوی دەرکـردووە، هەواڵی پەکـەکـانی دەپرسی وەڵامەکەی ئەوە بوو کە ئەڵێ من کـوردم ئەم هەمـوو ڕۆمـانەم نووسـیوە کە بە زۆربەی زمانەکـانی جیهان بڵاوکراونەتەوە ئەمە یەکەم جارە ئەوێرم بڵێم کوردم زمانی زگماکم باش فێر نەبوومەو نازانم پێی بنووسم. (یەشار کەمال) کەلە نووسەرە گەورەکانی جیهانە، ئەمە یەکەم جارە بەرێزی بڵێ کـوردم ئەویش لە دەرەوە، ئەبێ ئـەگـەر چەند کـوردێک هەرچی بکەن بەرامـبـەر بەو رژێمـە بۆچی دەبێت گوناهبار رژێمەکە نەبێت ئەو کوردانە بن؟ ئیتر وەڵامی هیچی ترتان نەداوەمەوە، هەرچەندە هەڵوێستی ئەو پەرلەمـانتـارانەی ئێـمە جیـاوازیشە لە زۆر شـتی تر کـە حکومـەتی تورک داوای دەکات، رێگای پەرلەمانیان گرتووە لە ئیشوکاریان رێگای دیموکراتیەتیان گرتووە لەکاری حزبیانە بە جۆرێک کـە ئێستـا هەمـوو ڕای جیـهـان هەڵسـتاوە بەرامبـەر بەو کردەوە ناپەسندە و بەرامبەر بەگرتن و موحاکەمە کردنیـان، زۆر ڕەوایە ئێـمە دەنگی خۆمان بەرزکەینەوە کـاتی ئەوەش هاتووە وەکو پەرلەمان و، کۆمەڵە حزبێکی کوردستـانی و، حکومەت ئەو هاوکێشەیە چارەسەر بکەین کە ئێـمە دۆستی وڵاتـانی دراوسێ و حکومەتەکانی دراوسێن یان میللەتانی دراوسێبن مانای وا نییە دوژمنی کوردەکانی خۆمان بین دەنگمان بەرز ناکەینەوە بەرامبەر بە چەوسانەوەی کورد لە هەر پێنج پارچەی کوردستـاندا ئێمە هەموومـان دیمەنی (ئەحمەد تورک) و (لەیلا زانا)مان لە پێش چاوە کە هاتنە ئەم پەرلەمانەوە هەروەک دیمەنی مەهدی زانامان لەبەر چاوە کە مێردی لەیلایە ئەویش ئێستا لە بەندیخـانەیە و لەساڵی ١٩٩٠ لە جیـهـاندا بەبەندی سیـاسی جیـهـان ناسرا، چونکە بەتەنیـا لەسەر ئەوەی کە خۆی پاڵاوت بۆ سەرۆکی شارەوانی دیار بەکر (١٠) ساڵ چووە زیندانەوە ئێستـا دیسـان لە زیندانەیە بە تاوانێکی ترەوە دادگـایی دەکـرێ، لەبەرئەوە ئێـمـە لێـرە بیـرمـان لەوە

نەکردۆتەوە رۆژێک ئەم هەموو هێرشە ئەبەینە سەر حزبەکانی خۆمان ئەو دوو حزبەی کە بەلیستی ئەوان هاتۆتە ناو ئەم پەرلەمانەوە باسی حکومەتی خۆمان دەکەین باسی وەزیرەکانمان دەکەین زۆر رەواترە کە بتوانین دەنگی خۆمان بەرامبەر حوکمێکی نارەوا دەربڕین بەرامبەر کۆمەڵە پەرلەمانتارێک کە رێگای دیموکراتیەتیان گرتۆتە بەر، لێرە ئاماژە بە هەڵوێستی زۆر کەس کرا پێش هەمووان (مادام میتران)، بەڵام من دەمەوێت باسی هەڵوێستی پیاوانەی سەرۆکی پەرلەمانی تورکیاش بکەم کە هەڵوێستی پیاوانە بووە لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ بڕیاری حوکمدانەکە نەبووە کەواتە ئێمەش هیچ نەبێ بەقەد سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا دەنگمان بەرزکەینەوە، هیوام وایە هەر رێگایەک بەباش دەزانن بیگرنە بەر، بەڵام دەنگی پەرلەمانی کوردستان بڵند بێ و سوپاستان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێناگەم بۆ برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان خۆیان تاوانبار دەکەن کە ترسنۆکن ناوێرن قسە بکەن؟، من نازانم کێ بەرهەڵستی کردووە کێ تاوانبار دەکەن کە ترسنۆکن ناوێرن قسە بکەن لە هەردوو فراکسیۆن؟ بۆ خۆمان بە کەمتەرخەم یان بە ترسنۆک لە قەڵەم بدەین؟ من پشتگیری ئەوە دەکەم کە یاداشتنامەیەک بنووسن هەرچەندە توندیش بێ. تەنها لەگەڵ یەک خاڵی بەڕێز ئەبو بەکر حاجی نیم ئەویش نامە ئاراستەی (P.K.K) بکەین، چونکە (پ.ک.ک) تا ئێستا دانی بەپەرلەمانی کوردستاندا نەهێناوە، هەر کاتێک دانی بەپەرلەماندا هێنا ئەو کاتە نامەشی بۆ دەنووسین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ ئەو نامەیە ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی بکەین لەوانە رێکخراوی مافی مرۆڤ و هەروەها رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەموو دنیادا رێکخراوی رەسمی و، نارەسمی، هەروەها پەرلەمانەکانی جیهان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێستا داواکاریەکی زۆر هەیە کە یاداشتنامە بنووسرێ، ئەوجا ئەو یاداشتنامەیە بۆ کوێ ئەنێردرێت باس بکرێت، لەگەڵ پێشنیارەکەی شێخ عەدنان، جا بە بڕوای من ئەگەر پێشنیارەکەی شێخ عەدنان و کاک سەعدی لەگەڵ هەموو ئەو هەستەی کە دەرمان بڕی بەخێرایی دوو کەس لە

فراكسیۆنی زەرد و دووانیش لە فراكسیۆنی سەوز هەر ئەمڕۆ یاداشتنامەیەک ئامادە بکەن بەیانی لە دانیشتنی پەرلەمان دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی هەمووتان ئاگاداربن، وابزانم ئەوە کێشە نییە ئەم شەو دەتوانن دانیشن بەیانیش پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بیخەینە روو لە پەرلەماندا، ئەگەر ئەوەتان بەدڵە لەناو خۆتاندا هەر فراكسیۆنێک و، ئەندامانی لیستی مۆریش دابنیشن و شتێک ئامادە بکەن، سبەینێ ئێمە باسی لێ دەکەینەوە فەرموو کاک فەرەنسۆ:

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زیادەیەکم هەیە لەسەر قسەی بەڕێزت، ئەگەر کاک فەرسەتیش لەگەڵیان بێ لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕێکخستنی یاداشتنامەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە لە سەرۆکایەتیەوە هیچ تێبینییەک نییە، ئەگەر لایەنی ئێوە هیچ نارەزاییەک نەبێ ئێمە ئەمە بە پێشنیارێکی زۆر باش دەزانین، جا وابزانم ئەگەر بەمە ڕازین ئەوا ئەو خاڵە تەواو بوو. دێینە سەر خاڵی دووەم بەڕێز د.عیزەدین دەڵێ توخوا مەڵێ خاڵ بڵێ نوقتە، ئەو حەقیشیەتی، چونکە جارێکیان کاک ئیبراهیم ئەحمەد وتی ئەڵێن خاڵ، بە هەموو عەقڵیان وادەزانن خاڵ کوردییە خاڵ، خاڵیشە و نوقتەشە هەر کوردیە، بەڵام نوقتە، کە ئێمە دەیڵێین باوکی عەرەبی نازانێ ئەوە نوقتەیەکی خۆمانە. نووقتەی دووەم گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٥)ی پەرلەمان فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە بە تکاوە داوا دەکەین ئەو خاڵەی دووەم دوابخرێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، چونکە بەراستی ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز چاوەڕوانی ئەوە بووین کە حسابکاری کۆتایی ساڵی (١٩٩٤) بگاتە دەستمان بۆ ئەوەی بەگوێرەی ئەو حسێبانەوە هەندێ ژمارە هەیە ئەم ساڵ لەوانەیە پێویست نەکات بەو زیادییە ئەوە بێتن، هەندێ ژمارە هەیە پێویست بەوە بکات زیاد بکرێن بۆ ئەوەی ئەو کاتەی ئێمەش ڕای لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە دواکەوتنەکە دەکەم، هەرچەندە ڕاستە پەرلەمان حەقیتی بودجەی تایبەتی خۆی دابنێ، بەڵام لە بنەڕەتدا کە هەموو بودجەیەک دادەنرێ دوو لایەنی هەیە یەکەمین خەرجی دووهەمین داهاتەکان، پەرلەمان خۆی داهاتی نییە خەرجی هەیە لەلایەن گەنجینەی حکومەتەوە

تەمویل دەکرێ، لەبەرئەوەی کە تا ئێستا ئێمە نازانین داهاتەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (١٩٩٥)دا چۆن ئەبێت، کەواتە ناتوانین سنورێک بۆ خەرجی خۆمان دابنێین واتە ئەو خەرجییانەی دامان ناون لەوانەیە (٣٠ ــ ٤٠) ملیۆن دینار بێت، ئەگەر نەبێ ئەبێ کەمی بکەینەوە کەواتە سەرپشکی ئەدرێ بە داهاتەکان، ئینجا بزانین خەرجییەکانمان چەندە؟ بودجەی پەرلەمانیش بەشێکە لە موازنەی گشتی کە عەرز دەکرێ جا من وای بەباش دەزانم دوابخرێ تاوەکو وەزیری دارایی لێرە ئامادە بێت بۆ ئەوەی بەراشکاوی و بە ئاشکرایی باسی ئەو گیروگرفتەی داهاتمان بۆ بکات کە تائیستا هەیە، چونکە بەرای من داهات زۆر گرنگە کە ئێمە بزانین داهات تاوەکو ئێستا دیار نییە وەکو وتمان هەمووی بریتییە لەیەک ئیرادی سەرەکی کە گومرگە، گومرگەکانیش کێشەیان لەسەرەو ئەبێ ئەو داهاتە بەتەواوی بزاندرێ بۆ ئەوەی بێتە ئێرە بزانین لەساڵی (١٩٩٥) چ توانایەک هەیە؟ چیمان هەیە؟ لەبەر رووناکی ئەوە بتوانین خەرجی پەرلەمان و، خەرجی حکومەتیش گفتوگۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە جەنابت لەگەڵ ئەوەدای ئەو خاڵە دوابخرێت؟ فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوە نیم دوابخرێت و، ئەوە لەبەرنامەی پێشوش دانرابوو ئەو برادەرانەی ئەو تێبینییەیان هەبوو دەبوایە پێش ئەوەی ئەم بابەتە بچێتە بەرنامەی کارەوە بچوبانە لای دەستەی سەرۆکایەتی ئەم تێبینیانەیان بکردایەو ئەو کاتە نەدەچووە بەرنامەی کارەوە، ئێستاش چووتە بەرنامەوە، ئێمە چەند رۆژێکمان ماوە پشووی پەرلەمان دەست پێ دەکات لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوە دانین دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زانین کاک ئەیاد هەمیشە حسابکاری کۆتایی هەر ساڵێک داوا دەکرێتن یان پێشکەش دەکرێتن لە کۆتایی ئاداری ساڵی باشتر ئەوە رێنمایی و پەیرەوی خۆی هەیە، بەڕێز د.سەلاحەدین حەفید زادە بۆ خۆی ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابورییە لە هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی دارایی ئامادە بووە و هیچ بەرهەڵستییەکی لەسەر گفتوگۆ، یان دەرسکردنی بودجەی پەرلەمانی ساڵی (١٩٩٥) نەبووە کە پێشکەشی ئێوە نەکرابوو جەنابی ئیمزایشی کردووە لەگەڵ ئێمەو راپۆرتەکەش هەیە. دەبوایە بودجەی حکومەتیش پێش ئێستا واتە مانگی تەمووز دەستیان پێ کردبایە هەروەکی لە (٩/٢٧)دا داوامان کرد لە (١٠/١٥)دا لامان بێت با بیدەن ئەویش دەرس بکەین و، گفتوگۆی

لەسەر بکەین و پێشکەشی جەنابتانی بکەین  کە لە دانیشتنێکی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکەین و پەسەند بکەین و، پێش (١٢/٣١) نەک دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم لەسەر قسەی بەڕێز د.سەلاحەدین هەیە، کە باسی داهاتی کرد ئێمە پار وپێراریش بودجەکەمان بودجەی بەمەزەندە بوون، لە (١٠٠ ٪) عجزیان هەبوو، واتە ئێمە نەمان دەزانی داهاتمان چەندەو چەند دەبێ هەتا بەگوێرەی ئەوە پەسەندی بکەین، بەڵکو پەسەند کردنەکەمان لەسەر بنچینەی ئەوە بوو کە هەرچی دێ ئەوە خەرج دەکەین. خاڵی دووەم پار دیسان بودجەی پەرلەمان بەپێش خرا پەسەندمان کرد، بەڵام بودجەی حکومەت هەتا ئێستا نەهاتووە، ئەوە ساڵی (١٩٩٤) تەواو بوو لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کاک ئەیاد مافی یەک تەعقیبت هەیە ئەگەر دەتەوێ بیکەی؟ چونکە خاوەنی پێشنیارەکەی فەرموو:

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەق بوو کاک جەمیل مەسەلەی حیساباتی کۆتایی بەو شێوەیە باس بکردبا، چونکە ئەو، کاتی خۆی لە لیژنەی دارایی ئەمەی ئاراستە کرد، لەگەڵ ئەوەی داوای ئەوەی کرد کە حساباتی کۆتایی ساڵی( ١٩٩٣) بێتن باشە ئێستا بۆ ئیعتراز لەسەر مەسەلەی حساباتی کۆتایی پەرلەمان دەگرێ ئەوە یەک، دووەمیان ئێمە زۆر جار لەناو هۆڵی پەرلەماندا پێویستی ئەوها هاتۆتە پێش کە پرۆژەی یاساش دوابخرێ بۆ چەند دانیشتنێک، هەتا ئێستا چەند پرۆژەیەکی یاساییمان بەدەستەوەیە کە دواخراوە بۆ ئەوەی بە تێروتەسەلی دەرس بکرێن بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی لێک بدرێنەوە، لێرەشدا ئێمە وەکو ئیعتراز هیچ لاری بونێکی تێدا نییە، ئەوە ئەبێتە مایەی ئەوەی کە هیچ لاری بونێکی لێ نەگیرێ، دەبوایە بەرەسمی وەکو فراکسیۆن و سەرۆکایەتی فراکسیۆن داوای ئەوەم بکردبایە، بەڵام من چاوەڕوانی ئەوە بووم کە حیساباتی کۆتایی بێ، نەمزانی کە ناگات ئێستاش بە تکاوە داوا دەکەم ئەو خاڵە دوابخرێت و حیساباتی کۆتایشمان پێ بگات، ئەوجا لە ماوەی چەند ڕۆژی دادێ گفتوگۆی لەسەر بکرێتن لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاریم لەوە نییە کە کاک جەمیل باسی کرد من ئەندامی لیژنەم لەگەڵ هەموویان ئیمزام کردووە

لەگەڵ بودجەی پەرلەماندا لەگەڵ هەموو خاڵەکاندا لەگەڵیدام، بەڵام لە وتوویژکردندا گوتم لایەنی خەرجی یە و پەرلەمان داهاتی نییە، من ئەڵێم ئامادەبوونی وەزیری دارایی پێویستە، چونکە ئەو بەرپرسیارە لە تەموویلی خەرجی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ئەو خاڵە تێنەگەیشتم کە بەڕێز ئەیاد باسی کرد، بەراستی دەمویست کاک جەمیل روونکردنەوەیەک بکا، چونکە کاتێک هاتینە ئێرە بودجەی ساڵی(١٩٩٣)ی پەرلەمان باسی بکەین کە ئیعتیرازی لێ گیرا لەسەر ئەوە نەبوو کە وەزارەتی دارایی زانیاری تەواوی نەداوە، بەڵکو دوو لاری بوون هەبوو ئیعتیرازی یەکەم کە کاتێک بودجە باس کرا لەبەر هەرچی هۆیەک بێ وەزیری دارایی لێرە نەبوو کە نابێ بودجەی وەزارەتێک بخرێتە گفتوگۆوە ئەگەر وەزیری دارایی خۆی ئامادە نەبێ.

خاڵی دووەم: کە بووە هۆی ئەوەی بودجەکە باس نەکرێ، ئەگەر لە بیرمان بێ پاش یەک دوو دانیشتن ئێمە کەوتینە ئەوەی کە ئەو ژمارانەی کە لیژنەی دارایی بەدڵی نییە بێن ئەو ژمارانە باس بکەین ئەمجا چاوپۆشی لەو ژمارانە بکەین گرنگە یان گرنگ نییە بۆنموونە بەرگری شارستانی ئەنجوومەنی وەزیران (٥) هەزار یان (١٠) هەزار بێ، بۆ خانووی ئەنجوومەنی وەزیران بە هەموو شتێکەوە ملیۆنەک یان نیو ملیۆن بێ، پاشان گەیشتینە ئەوەی لێرە ئەندامانی پەرلەمان وتیان ئەگەر بەم جۆرە وتوویژی بودجە بکەین بەراستی رەنگە بە دوو مانگیش تەواوی نەکەین، لەبەرئەوە پێشنیار کرا جۆری گفتوگۆ بگۆڕین لەپاش بڕیاردان لەسەر گۆڕینی جۆری گفتوگۆ لە بارەی لیژنەی دارایی ئێمە ئەو رایەی لیژنەی داراییمان نارد بۆ وەزارەتی دارایی ئەویش کۆمەڵە پێشنیارێکی کردبوو ئەو پێشنیارانە یەکێکیان ئەوە بوو کە حیساباتی کۆتایی ئەوەندەی ئەوێ، بەڵام لەکاتی خۆیدا کە بەڕێز سەرۆکی لیژنە ئیمزای کرد ئێستا ئەڵێ ئاداری ساڵی پاش ئەوە، ئینجا بۆی هەیە بیهێڵێ جا ئەوەیان تۆزێک سەرنجی راکێشام ئەگینا دەربارەی ئەوەی من بەرپرسیارم لەو پێشنیارەی بودجە، چونکە ئێمە پێشکەشی لیژنەی داراییمان کرد ئێمە بودجەکە دەکەین، ئەگەر بودجەکە بەدڵتان نەبوو کەم و زۆری تیدا بوو ئەوا دەتوانن گفتوگۆی لەسەر بکەن ئەگەر رای ئێوە وایە ئەمڕۆ دوای بخەین و فەرموو دکتۆر ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەو بودجەیە لیژنەیەکی تایبەت ئامادەی کردووە، لیژنەی دارایی ئەگەر ئەوان یەک دوو مانگ ئیشیان کردووەو، هەموو ئیشەکەیان ئامادەیە و لێرە ئامادە بووە بۆ گفتوگۆ کردن نازانم لەبەرچی دوای بخەین، چونکە ئەوە ئیشی رۆژێک نییە، پێشتر ئەوان راسپێردراون دیارە خراوەتە بەرنامەشەوە کە ئامادەیە، ئەگینا خۆ داوایان دەکرد دوابخرێ ئەوە یەک.

دووەم: ئێمە کە بودجەمان هەبوو لەکاتی خۆی ئیشمان کردووە کە ئەمە هی ساڵی (١٩٩٣) برە پارەیەکمان داناوە کە پارە نەبوو لە (١٠٪)ی ئەو برە ماوەی ساڵەکە خەرجمان نەکردووە نەفەقاتی پێویست هەیە وەکو خەرجییەکانی بەنزینە و ئەوراقە و هەندێ شتی پێویست خەرجمان کردووە، بەڵام کە داوای ئەساسمان کردووە، داوای سەیارەمان کردووە گوتوویانە پارە نییە کە پارە نییە خەرج نەکراوە، ئەگەر وابێ هی پەرلەمانیش وەکو ئەوەیە، شتی پێویست هی بودجە کە پەسەند کرا مانای ئەوە نییە ئەو پارەیە کە داهات نەبێ خەرج دەکرێت جا پێموایە ئێمە لێرە بوودجەکە تەواو بکەین ئەو کاتە داهات چۆن بوو بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دواخستن لەسەر حیسابی کۆتایی بێگومان دەکەوێتە مانگی شەش، چونکە بەڕێزتان لەوانەیە بزانن پارەکە لە مانگی سێ ئێوە فریانەکەوتن ئەمرتان دەرچوواند ئەمەیان کرد تا مانگی شەشی لە ساڵی (١٩٩٤)، چونکە تا مانگی شەش نەتانتوانی ئامادەی بکەن، بەڵام ئەگەر بڵێین لەبەر ئامادەنەبوونی وەزیری دارایی یە لەوانەیە تارادەیەک گۆشەنیگایەکی تێدابێ، ئەمە ئێستا حیساباتی کۆتایی ناکرێ، چونکە تا (١٢/٣١) خەرج دەکەن، حیساباتی کۆتایی چۆن خەرج بکرێ و تا ئێستاش بەردەوامە؟ ئێستا (سولفە موستەدیمە)یە لای خەڵک ماوە هەتا (١٢/٣١) هەقی ئەوەیان هەیە کار بەو سولفانە بکەن تاکو پاکتاو دەکرێ لە حیسابی کۆتایی لەبەرئەوە بودجەکە بڕوێن وەکو برادەران فەرموویان، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک خاڵی بچووکم هەیە حەزدەکەم جەختی لەسەر بکەم، مەسەلەی بودجە واتە ئەوەیە کە وەزیری دارایی بێتە ناو پەرلەمان بەخۆی و جانتاکەی کە بودجەکەیەتی ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە ساڵی پار ئێوە گفتوگۆی بودجەی پەرلەمانتان کرد بەڕێز وەزیری دارایی ئامادە نەبوو و ڕەخنەی خۆشی گرت لە دەستەی سەرۆکایەتی و، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ڕەخنەکەی بە گونجاو دانا وتی ڕاستە کەمتەرخەم بووین، لەبەرئەوە من تکا دەکەم ئەوە جارێکی تر دووبارە نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا نازانم پەریخان لێرە ئەوە پەیوەندیی بە بابەتەکەوە نییە.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستم ئەوەیە وەزیری دارایی ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردنی بوودجە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، مەبەستم هی پار بوو.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هی پارکرا و، داخرا، نامەوێ ئەو هەڵەیە دووبارە بکرێتەوە با ئەم ساڵیش هەڵەیەکی تر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لە مەسەلەی داوایەکە، داوای لێبوردن دەکەم، من تووشی گرفتێک بووم لە مەسەلەی ناونانەکە، ئەوا بەئاشکرا پێت دەڵێم دانپێدانیش بە هەڵە (فەزیلەیە)، من داوای حسێبی راستەقینە دەکەم واتە پارچیمان خەرج کردووە لەسەر رۆشانیی ئەوە بیکەین. بەراستی من وا چاوەڕوان بووم ئەمەبێ بۆمان، بەڵام من ئەوا دوو رۆژە چاوەڕوانم نەهات، کە نەهات ئێمە گفتوگۆکردنی خۆمان ئەوانەی کە لە لیژنەی داراییێن خەڵکێک هەنە نوێنەرایەتی فراکسیۆن دەکەن، راستە لەوێ گفتوگۆ کراوەو، رای خۆیان لەسەر داوە، بەڵام هەندێ شتی نوێ هاتۆتە گۆڕێ بۆیە داوا دەکەم دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێک هەیە کە ئەم خاڵە دوا بخرێ، پێشنیارێکی تریش هەیە بەردەوام بین لەسەری، دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە دانیشتنەکە دوابخات، ئەگەرنا ئەبێ بدرێتە دەنگدانەوە، ئایا دوای بخەین یان بەردەوام بین؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا رای لیژنەکە ئەوەیە دەڵێ با وەزیری دارایی لێرە بێت رایەکی تریش هەیە کە ئەمەی لیژنەی دارایی دەرسی کردووە بخرێتە روو، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بابەتی ئامادەبوونی وەزیری دارایی، من کاتی خۆی باسم کرد دەستەی سەرۆکایەتی گوتی مەرج نییە لێرە بێت بۆ گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەت کە خۆی وەزارەتی دارایی دایناوەو بۆ ئێمەی ناردووە، ئەوە من دیسان تەئکید دەکەمەوە دوو را هەیە، یەک دەڵێ دوابخرێ ئەوی تر

دەڵێ دوانەخرێ، ئێمە لە فراکسیۆنی زەرد لەگەڵ دوانەخستنین بەڕێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتتان هەیە بڵێین دانیشتنەکە دووا خرا نەک مادەکە دواخرا، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەرنامەیەی کە دراوەتە ئێمە ناتەواوە ئێمە چۆن بتوانین گفتوگۆی بکەین؟ لەکاتێکدا دوا خەرجی ساڵی (١٩٩٤)ی لەگەڵ نییە، ئێمە چۆن بتوانین بەراوردی لەسەر بکەین و، گفتوگۆی لەسەر بکەین؟ با دوای بخەین بۆ دانیشتنێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر فراکسیۆنێک (٥ـ ٦) دانە لە ڕەش نووسی بوودجەی وەرگرتوو، ئینجا فراکسیۆن پێویستە لەسەر ئەو نوسخەیەی کە لایان هەیە کۆبوونەوەی خۆیان لەسەر کردبێ و لێییان کۆڵیبێتەوە، ئەو کاتە ئەو پێنج دانەیە ئەو دەست وئەم دەست دەکات بۆ ئەوەی ئەندامان لە کاتی دانیشتن ئاگاداربیان هەبێ لە ناوەڕۆکی بوودجەکە، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ کۆبوونەوەمان لەسەر ئەمە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

فراکسیۆنی کەسک ئێوە کۆبونەوەتان لەسەری کردووە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پەیوەندیی بە مەسەلەی کۆبوونەوەی فراکسیۆنەوە نییە، بەڕاستی ئێمە پێنج دانەمان بۆ هاتووە ئەوە هیچ ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەسەر ژمارەکە بەتەواوی ڕانەوەستان، ئەگەر باسیش کرابێ باسێکی سەرپێی بووە لەسەر ئەو ژمارانەو هەر یەکە سەر پێی تەماشای کردووە، مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی ئێستاکە دوا دەخرێ، ئێمە لەبەر شتێکی هونەری دەمانەوێ دوا بخرێ ئێمە وەکو فراکسیۆن وەکو ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەمان هەیە بزانین حساباتی پارەکە چۆن خەرج کراوەو بەناوی چی خەرج کراوە؟، ئێستا ژمارە هەیە زیادی کردووە، یاخود کەمی کردووە مەسەلەکە شتێکی هونەریی یەو بەس، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی زەردو ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ڕاستیدا پێمخۆش بوو

پێش ئەوە هەر فراکسیۆن لە ڕێگای نوێنەرەکانی لە لیژنەکاندا خۆیان ئیشوکاری خۆیان بکەن دوایی نوێنەرەکانی ئەوان لە لیژنەی دارایی ئەو بارە ڕەچاو بکەن و، لەگەڵ ئەوەشدا من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز فەرەنسۆ دەکەم دانیشتنەکە هەمووی دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئێمە ئەم دانیشتنە دوا دەخەین بۆ سبەی و، داوا دەکەم لە لیژنەی دارایی کە حیساباتی پەرلەمان هەتاکو (١١/٣٠) بە فراکسیۆنەکان بدرێت. ئێمە سبەی دەتوانین بۆ هەر فراکسیۆنێک (١٠) ئامادە بکەین.

دانیشتنی سبەی کاتژمێر (١٠) یە بۆ ئەوەی بڕوا بە کابینەی نوێ بدرێ ئەم خاڵە و دوو خاڵی تریش کە ماون سبەی باسی دەکەین، ئەگەر بەیانیش تەواو نەبێت ئێوارەش بۆی دادەنیشین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٠

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار :***

***١ـ باوەر پێدان بە کابینەیی سێهەمی ئەنجوومەنی وەزیران .***

***٢ـ گفتوگۆ کردنی بوودجەی ساڵی ١٩٩٥ی پەرلەمان .***

***٣ـ تازە بابەت :***

***باسکردنی ڕووداوەکانی ناوچەی ئاکرێ .***

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

پێشنیار هەیە کە ئەم دانیشتنە داخراو بێ، واتا نهێنی بێ وئەمەش دەبێ دەنگی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دواخستنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی ئەمرۆ دەبێ بەرەزامەندی پەرلەمان بێ، چونکە لەناوبەرنامەدا هەیە وخراوەتە ڕوو، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی هەیە کە هەموو دانیشتنەکە دووا بخات، بەڵام کەبوو بە خاڵێک، دەبێ پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

لەبەر ئەوەی کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بروایان پێ دراوە وداوایان لێ کراوە وەزارەتەکە دامەزرێنن، ئنجا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو خاڵە دوا بخرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو خاڵە دواخرا. ئێستا کە گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵی ١٩٩٥ دەکەین، وەکو ڕێ ورەسمێک دەبێ لەدانیشتنێکی داخراودا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەڵام ئێستاکە لەپێشا باسی ڕووداوە تازەکانی ناوچەی ئاکرێ دەکەین، ئینجا دێینەوە سەر باسی بودجەی ساڵی ١٩٩٥.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

به هەردوو حاڵەت دەبێ ئەگەر گفتوگۆ لە بودجەی پەرلەمان بکەین دەتوانین ئێستا دانیشتنەکە بکەین بەنهێنی، کەتەواو بووین دێینە سەر خاڵەکەی دی ئینجا بانگی ڕاگەیاندن دەکەین کە ئامادەبن و بەئاشکرا شتەکە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

لەهەردوو حاڵەت دا ئەبێ، جا ئەوەی من پێشنیارم کرد شتێکی واقیعتره لەوەی کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بڕۆن ولێرە نەمێنن ولەپاشان کەتەواو بووین بڵێین وەرنەوە لەوانەیە زۆر نەخایەنێ، جا ئەگەر ڕاتان لەسەرە کە ئەو خاڵە بخرێتە پێشەوە لەپاشان دانیشتنەکە بکەین بەنەهێنی مادەم هەردوو حاڵەتەکەدەبێ، باشە دوێنێ لەهۆڵی پەرلەمان دا گفتوگۆ لەسەر قەزیەی پەرلەمانتارەکانی کوردی تورکیا کراو باسێکی تێروتەسەل لەسەر ئەوە کرا وبڕیارتاندا کە لیژنەیەک پێک بێ، ئەو لیژنەیە چۆنی بە باش دەزانێ ئاوا یادداشتنامەیەک دابڕێژێ، لەئەنجامدا لیژنەکە گەیشتنە ئەوەی کە نامەیەک ئاڕاستەی سەرەک کۆماری تورکیا وسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆماری تورکیا و سەرۆکی وەزیرانی تورکیا بکات ونامەکەش بەم جۆرە لیژنەکەی کە خۆتان داتان نابوو وهەردوو فراکسیۆنەکان تێدا بەشدار بوون نووسراوە و دەڵێ :

**السيد رئيس الجمهورية التركية المحترم:**

**السيد رئيس المجلس الوطني التركي المحترم.**

**السيدة رئيسة الوزراء المحترمة.**

في الوقت الذي يسعدنا ان نهديكم تحيات المجلس الوطني لكوردستان العراق، لايسعنا الا أن ننقل اليكم مشاعر القلق والحزن التي انتابت اعضاءه والتي عبر عنها في الجلسة المنعقدة بتاريخ ١٩/١٢/١٩٩٤ جراء الأحكام التي صدرت بحق برلمانيين كورد كل من ليلى زانا وأحمد تورك و أورهان لغان وخطيب دجلة و سليم سادات وسادات يورتاش، أن صدور الحكم بالسجن لمدد طويلة بحقهم بسبب أرائهم السياسية أو اتجاهاتهم ومشاعرهم وأنتمائهم القومي يتنافى وأبسط مباديء حقوق الانسان التي أوصى بها الشرائع السماوية ونصت عليه القوانين الوضعية والدساتير قديمها و حديثها وكذلك العهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان وضمت لها غالبية الدول الاعضاء في الامم المتحدة، واننا في الوقت الذي نعلن عن بالغ حرصنا على علاقات الجيرة مع الجمهورية

التركية والارتقاء بها وتوطيد أوامر الاخوة بين شعبنا والامتناع عن التدخل في الشؤون الداخلية، نرى بأن الأحكام الصادرة بحق پرلمانيين كورد لاتنسجم وروح التـأخي بين شعبينا ومبادىء التعايش المشترك الممتد بينهما منذ مئات السنين وتعتبر ماساً بالتقاليد الديمقراطية السائدة في العالم المتحضر،
إننا نأمل باخلاص ان يسود منطق السلم والستامح مع أشقائكم الكورد في سبيل حل المشاكل القائمة لما فيه خير الكورد والترك ونضم صوتنا ونداءنا الى أصوات أنصار الديمقراطية لحقوق الانسان والسلام في توركيا والعالم ونناشدكم لممارسة مالديكم من صلاحيات دستورية وقانونية لألغاء الأحكام الصادرة بحق البرلمانيين الكورد وإطلاق سراحهم وفسح المجال أمامهم لاستعادة عضويتهم في المجلس الوطني التركي وحصانتهم البرلمانية كي يمارسوا حقوقهم المدنية والسياسية وتقبلوا فائق التقدير والاحترام.

**هيئة الرئاسة للمجلس الوطني**
**لكوردستان العراق**

ئەوە بەرهەمی ئەو گفتوگۆیە بوو، جا ئێستا با بێینەوە سەر خاڵی باسکردنی ڕووداوە تازەکانی ناوچەی ئاکرێ، ئەوە تەواو بوو وهەردوو فراکسیۆن نوێنەری خۆیان داناوە وگەیشتنە ئەو صیغەیە وفاکسەکان نێردران.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئاماژەیەکی پێ بدرێ کەدەڵێ، هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیان زانی با، ئێمە دەیدەینە لیژنەکانی مافی مرۆڤ و پەرلەمانەکانی دنیا وڕاگەیاندنی جیهان، هەق بوو ئەوانیش ئەوە بزانن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**
جا ئەوەش دەکرێ، ئەوەش دەدرێ بە هەموو ئەو لیژنانە. ئینجا بابێینەوە سەر کاری باس کردنی ڕووداوە تازەکانی ناوچەی ئاکرێ کە پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز بووەو پشتگیری فراکسیۆنی زەردی لەسەر بووە، کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ باس کردنی کورتە باسێک یاخود بە درێژی باسی ئەو بابەتە بکەین ئەگەر مۆڵەت بدەن بەڕێز ئەندامی پەرلەمان مەلا بەختیار باسی ئەم بابەتە بکات، سوپاس.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕووداوێک لەم ڕۆژانە لەناوچەی ئاکرێ بەرامبەر بەبەشێکی زۆر لەعەشیرەتی هەرکی قەوماوە، پێمان خۆشە لەپەرلەماندا وەکو پێویست قسەی لەسەر بکەین وهەڵوێستی لەسەر وەربگرین، ئەوە دوو سێ ڕۆژە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی وپارتیش سەرقاڵی ئەو مەسەلەیەن هەر یەکە لەڕوانگەی حزبی خۆیەوە لەبابەتەکەی کۆڵیوەتەوە وتۆژینەوە کەوتۆتە ئاراوە بۆگفتوگۆ کردن لەگەڵ خەڵک دا ئایا ئەو مەسەلەیە چۆن بوە وچۆن نەبووە؟ بێگومان ئەوە کێشەیەکە وڕەنگە کێشەی گەورەتری لەناوچەکە لێ بکەویتەوە، چونکە ۲۰۰ کەسێک لەو عەشیرەتە سەردانی بەڕێز مام جەلالیان کردووە، لەدوای سەردانەکەش دەست بەجێ ئیجرائاتێکی ئەوتۆ کراوە لەمێژووی سێ چوار ساڵی ڕابوردووی دووای ڕاپەرین تا ئێستا ئیجرائاتی وا بەرامبەر بەهیچ کۆمەڵی بەشەری نەکراوە جا عەشیرەتی بووبێ، شاری بووبی، لادێی بووبێ شتی وارووی نەداوە، بەڕاستی ئیجرائاتەکە نامۆیە بەعورفی ئێمە وبەدیموکراتی یەتی ئێمەو بەسیاسەتی برایەتی وهەموو ئەو یاسا وئوسولەی تائێستا پەیڕەوکراون لەنێوان ئێمەدا، خۆتان دەزانن لەدوای ڕاپەڕینەوە لێ بووردنی گشتی دەرچوو بۆ هەموو ئەوانەی ناویان دەنێن جاش، ناویان دەنێن فرسان، ناویان دەنێن چەکدار، هەر ناوێکی لێ دەنێن لێیان بنێن، بەلام لێ بووردنی گشتی دەرچووە، ئەو لێ بووردنە گشتی یە، هەریەکە بەجۆرێ تەعامولی لەگەڵدا کردووە و داڵدەی هێزی چەکداری داوە، داڵدەی عەشریەتەکانی داوە، داڵدەی ئەو تاقمانەی داوە، قسە هەیە کە گوایە ئەوانە بە پیلان هاتوونەتە ناوچەی ئاکرێ، لەبەر ئەوەی پیلانێکیان بەدەستەوەیە تا ناوچەکە تێک بدەن بەهۆی ناوچەکەشەوە ناوچەکانی تریش تێک بچێ، بۆیە ئیجرائاتێکی وا کراوە، هەر ئەم شەو ئێمە لەگولاندا گوێمان لە تۆژینەوەیەک بوو لەگەڵ بەڕێز قایمقامی ئاکرێ، ولەگەڵ بەڕێز لێپرسراوی لقی ئاکرێ قسەیەک لەوە کراوە کە گوایە مانگ وشتێکە زانیاری ورد دەربارەی ئەوانەوە هەیە کە بەپیلانە وزیانێکی زۆری بۆ ناوچەکە هەیە، بۆیە ئەو ئیجرائاتە کراوە وقایمقامیش جەختی کردەوە کەبەبێ یاسای پارێزگاکان ئەوان بۆیان هەیە ئیجرائاتی ئاوا بکەن. ئێمە قسەکەمان ئەوەیە، یەکەم: ئەگەر بەڵگەیەک لەو بارەیەوە هەبووە، بۆچی وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار نەکراوە، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دابنرێ لەو بارەیەوە و، بەپێی بڕیارێکی هاوبەش ئەو مەسەلەیەو پیلانی ئاوا بەتاڵ بکەینەوە، ونەهێلێن

پیلانی وا ڕوویدات، ئەوەیەک، وخۆشیان گوتیان مانگێک وچەن ڕۆژێکە هاتوون ئەوکەسەی کە لەموسلەوە هاتووە پیلانی داناوە و وای کردووە و وای کردووە، چەن ڕۆژە بەڕێز کاک مەسعوود دیوینی وقسەیان لەگەڵ کراوە ولقی ئاکرێ دیوینی وقسەی لەگەڵ کردوون، قایمقام دیوینی قسەی لەگەڵ دا کردوون، هەوڵیان لەگەڵ دراوە کەببن بەپارتی وهەوڵیان لەگەڵ دراوە ببن بەلیستی زەرد، هەوڵیان لەگەڵ دراوە کەوا امتیازاتیان بدرێتێ وهەموو ئەوانە ئاشکرایە ئێمە هیچ نکۆلیەکمان لەوە نییە، ئێستاش ئەگەر بەڵگەیەک دەربارەی پیلانی ئەوان هەبێ بۆ تێکدانی ناوچەی ئاکرێ وناوچەکانی تر، ئێستاش بخرێتە ڕوو، ئێستا لیژنەیەکی هاوبەش دابنرێ بۆئەوەی ئیجرائاتی پێویست دەربارەی ئەو مەسەلەیە بکرێ، بەڵام قسەمان لەوەیە بۆچی ئەو ڕۆژەی ئەو کۆمەڵەیە سەردانی بەڕێز مام جەلال دەکەن، بەبێ پرس کردن بەئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەلەلای سکرتێری گشتی ئێمە میوان بوو بەبێ پرس کردن بە حکومەتی هەرێم و، وەزارەتی ناوخۆ؟ بۆچی بەبێ ئەوەی بچووکترین لێ پرسراوی ئێمە ئاگادار بکرێت ئیجرائاتێکی ئەوتۆ دەکرێ؟ بەڕاستی ئەمە پێویستی بەهەڵوێستێک هەیە وپێویستی بەوە هەیە کەپەرلەمان لێی بکۆڵێتەوە ولیژنەیەکی بۆدابنرێ ولێی بتۆژێتەوە، ئەگەر ئەوانە بەڕاستی شایستەی ئەو ئیجرائاتەن کە ئیجرائاتێکی ئێجگار سەر سوڕهێنەر بوو لەم ماوەیەدا، هەق وایە ئێمە وەکو پەرلەمان وحکومەتی هەرێم هەموو دامودەزگاکانی ئێمە ومیللەتی ئێمە بەبەڵگەوە ئەو ڕاستییە بزانن، ئەگەر ئەوانە شایستەی نەبوون وهەر لەبەر ئەوەی هاتوونەتە ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان یان چوونەتە لای بەڕێز مام جەلال ئیجرائاتێکی ئاوا کراوە وئێمە داوا دەکەین پەرلەمان لیژنەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە دابنێ ولێتوێژینەوەیەکی ورد بکات وچی پێویستە بیکات لەبارەی ئەم مەسەلەیە بەپێی مەنتیق و بەپێی ئوسولێک کە تائێستا پەیڕەوکراوە لەناو ئێمەدا، بڕیارێک بدرێ بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێت ونە لەناوچەکەو نە لەناوچەکانی تریش ئەم کێشەیە تەشەنە نەکات، هیچ لایەنێک لەلایەنەکانی ناو پەرلەمان وناو حکومەتی هەرێم وناو بەرەی کوردستانی ئاگاداری ئەوە نین کەهەندێ کار بەدەستی ناوچەیەک سیاسەتی هێمنی خۆی بەجۆرێک پیادە دەکات بەبێ گوێدانە ئوسوول ودابێک کە ئێستا هەموو لایەکمان ڕەچاومان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فــــــرەنســــــو تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

حەز دەکەم بەکورتەیەک باسی ڕووداوەکەی ئاکرێ بکەم بۆ وای لێ هاتووە، (عەزێ) ئەوەی لەتەلەفزیۆنی برادەرانی یەکێتی نیشتمانی ناوی بەکاک عیزەدین دەبەن، لەساڵی ١٩٣٣وە جاش بووە، خۆی وبنەماڵە وعەشیرەتی کەلە ١٩٣٢ بارزانی شۆڕشی کردوە جاش بوون، تا مانگێک پێش ئێستا هاتوونەتەوە وداوای کردووە بگەڕێتەوە وئەمەش شتێکی ئاسایی و سروشتی یە

هەرکەسێکی بیەوێ بێتەوە بۆی هەیە بگەڕێتەوە، بەڵام کە گەڕایەوە نابێ کێشە دروست بکات، کە گەڕایەوە هات بۆ لای ئێمە کاک مەسعوود بەخێر هاتنی کرد وگەڕانەوە شوێنی خۆیان، گۆران هاتن گوتیان خەریکن تەعەددامان لێ دەکەن، خەریکن گوندەکانمان لێ دەستێنن، من تەلەفۆنم بۆکاک مەسعوود بارزانی کرد وگوتم: کاک یونس ڕۆژبەیانی وەزیری ناوخۆ تەلەفۆنی کردووە کە(عەزێ) تەعەددا لەگۆرانەکان دەکات ودەیەوێ ١٥ گوندنیان پێ چۆڵ بکات، کاک مەسعوود، گوتی: بەکاک یونس بڵێ با پێیان بڵێ بگەڕێنەوە، من دێم بۆناوچەی دهۆک وسەردانی ئاکرێ دەکەم وئەوانە مادەم هاتوون وعەفوو بوون، حەقیان چیە دەبێ حەقەکەیان بدەینێ، بەڵام ڕێگای دەست درێژی کردن نادەین، پێم گوتن، بگەڕێنەوە کاک مەسعوود سەفەری دهۆکی کردو، سەردانێکی تایبەتی بۆ ئاکرێ کرد، بۆ چارە سەرکردنی ئەو کێشەیە بانگی عەزێی کرد، لەگەڵ موشیر اغای گۆران تا ناکۆکیەکە لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن وهەردوو ڕدێن سپی بوون وپێی گوتن ئێوە بەچی ڕازین ئێمە ئێستا لیژنەیەکی حکومەتی پێک بێنین لەپسپۆڕ وشارەزا یان بەپێی یاسا هەقی کێ بو بیدرێتێ ئێوە ڕازین؟ وتیان بەڵێ وکاک مەسعوود پێی گوت ئەوەی بەبڕیاری لیژنەکە ڕازی نەبێ، ئەوە پارێزگار دانیشتووە وقایمقام لێرەیە، وهەموو دەستەڵاتێکیان هەیە ئیجرائاتی لەگەڵ بکەن، گۆران بەقسەی لیژنەکە نەکات. ئیجرائات لەگەڵ گۆران بکەن، هەرکی یان (عەزێ) بەقسەی لیژنەکە نەکات ئیجرائاتی لەگەڵ بکەن. لیژنەکە پێک هات وچوون نەک(عەزێ) پێشوازی نەکردن بەڵکو جوونیشی پێ دان وئیهانەشی کردن وگوتی: من هیچ دان بەلیژنەکەدا نانێم ودەبێ پازدە گوندم بۆ چۆڵ بکەن، ئیجرائاتەکە کراوە وەک برام کاک مەلا بەختیار فەرمووی، لەگەڵ زۆربەی هەرکی یەکان نەکراوە، لەگەڵ دوو یان سێ خێزانی جاشی عەریق کراوە، ئەوەی کە کاک مەلابەختیار دەڵێ: پارتی زۆر جار داوای لێ کردن بێن بەپارتی، ئێمە نامانەوێ ئەوان بێن بەپارتی وهەرچەندە پارتی تاوانبار دەکرێ بە بەحزبێکی خێلەکی، بەڵام جێگای (عەزێ)لەناو پارتی نابێتەوە، ئێمە عەزێمان ناوێ، غازی فەیسەڵ و عەزێ کەدوێنێ شەو بەشانازی یەوە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی دەیان گوت ئێمە دوژمنی بارزانیەکانین، دوژمنی کورد نین، ئێمە ئەگەر هاوپەیمانین برادەرانی یەکێتی نیشتمانی هەق نییە دوژمنی بارزانیەکان لای خۆیان ڕاگرن، هەق نیە چەکیان بداتێ، (غازێ) دەڵێ: چەکەکان ١٠٦. دوو دۆشکە وچەند هاوەن هەموو هی یەکێتی نیشتمانین، بروا ناکەم یەکێتی نیشتمانی چەک بدات بەغازی تاکو تەعەددا لەجوتیار وئەوانە بکات و ١٥ گوندیان پێ چۆڵ بکات، ئێمە داوامان لەغازی ولەعەزێ نەکردووە ببنە پارتی وناشیانکەینە پارتی، غازی ئەو ڕۆژەی کەشەهید ڕێباز شەهید بوو نەک هەر ئاڵای زەردی هەڵگرتبوو هاتبووە لای کاک مەسعوود ئۆتۆمبێلەکەی خۆیشی زەرد کردبوو وسمێڵەکانی خۆیشی زەرد کردبوو و هاتبووە لای کاک مەسعوود داوای کرد کە

بەرپرسییەتی پێ بدرێ کەچی بەرپرسییەتی پێ نەدرا، کەهیچی بۆنەکرا جارێکی تر ناچار بوو بێت وپەنا بباتە بەر برادەرانی یەکێتی، ئەو اجرائاتانەی کە کراون اجرائاتی ناوخۆن نازانم بۆ بانێک ودوو هەوا بێت؟ کاک سالاری پارێزگاری سلێمانی هەموو رۆژ مەفرەزە دەردەچووێنێ بۆ شارەزوور وخەڵک دەگرێ، خەڵک دەکوژێ کەی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرتووە وئەم بانێک ودووهەوایە بۆ ئەو هەیە هەرچی دەیکا بیکا وبەوەزیری ناوخۆ نەڵێ، بەڵام قایمقامی ئاکرێ و پارێزگاری دهۆک نابێ بەبێ وەزیر ئاو بخۆنەوە، شتەکە نزاعە لەسەر زەوی، پێم وایە ئیشی وەزارەتی ناوخۆ نییە، ئیشی کاربەدەستانی خۆجێیەتی یە، ئیشی پارێزگاری دهۆک وئیشی قایمقامی ئاکرێ یە وبۆی هەیە بۆ پاراستنی هێمنی ناوچەی خۆی هەر اجرائاتێک بکات زۆر شتێکی ئاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لیژنەیەک پێک بێت بۆ لێتوێژینەوە باهەق بدرێتە خاوەن حەق، گۆرانەکان لەساڵی (١٩٦١) ەوە پێشمەرگە بوون، ئەو وەختە تەبیعی رێکخستنی پارتی یەک رێکخستن بووە لەکوردستان وبە ناو هەموو پارتی بوون، ئەوەی لەدەرەوە چەکدار بووە پارتی بوون ویەکێکیان جاش نەبووە، ئەمانە جاش نین، ئەوانە هاتوون ئەو کاتە بەخورتی پازدە بیست گوندی گۆرانەکانیان داگیر کردووە ولەو کاتەوە خواردوویانە، دوای راپەرین بواریان نەبوو، بۆیە رۆیشتن، ئێستا (عەزێ) هاتووە بەهەمان شێوە لەسێبەری حکومەتی بەعس وحکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی عێراق دەست درێژی لەگۆرانەکان کردووە ودەست درێژی لە جووتیارەکان کردووە، ئێستا دەیەوێ لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە وبەهەمان رێباز دەست درێژی لەجوتیارەکان بکەن، من پێم وایە ئەوەنەک ئێمە بەڵکو هیچ کوردێکی نیشتمان پەروەری دڵسۆز نابێ رێگە بدات، ئەگەر قسە بکرێ قسەی تریشمان هەیە بیکەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

من نازانم، بەڵام بەدواداچوونێک لەلیستی کەسک هەیە، هیوادارم بەکورتی باس بکرێ بۆ ئەوەی لەوە رزگارمان بێت.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشەکی زۆرمان پێ خۆشە کاک فەرەنسۆ داوای پێکەوەنانی لیژنەی لێ توێژینەوە دەکات، چونکە بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنەیە دەتوانین بەشێکی زۆری ئیشەکە لەرێی یاساوە بکەین بۆ مەسەلەی ئەوەی عەزێ وئەوانە لەسەر تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەوەیان کردبێ وگوتبیتیان ئێمە دوژمنی بارزانیەکانین، ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە قبووڵ ناکەین نەئەوان ونەهیچ لایەنێکی تر دژبن، ئەگەر قسە کردنیش بۆ (عەزێ) لەسەر تەلەفزیۆنی ئێمە قەدەغەیە، قسە کردن بۆ هەموو

کەسێ لەتەلەفزیۆنەکانی تر قەدەغەیە دژی کاربەدەستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لێ پرسراوانی حکومەتی هەرێم، روونیشە کە تەلەفزیۆنەکانی تر چۆن قسە دەکەن، ئەگەر بابەت ئەوەیە (عەزێ) جاش بووە، من داوا دەکەم لیژنەیەکی لێ تۆژینەوەی بۆ دابنرێ، لیژنەیەکی بەسەر کردنەوە (جەرد) دابنرێ لەسەرانسەری کوردستاندا لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) تا بزانین چ لایەک زۆرترین کەسی وەکو عەزێ ی لایە، ئەو لایەنە بۆی نەبێ ئیترلەپەرلەمان لەسەر ئەم بابە تەقسە بکات، مەسەلەی کاک سالار ئەو دزی هێناوەتە سەر تەلەفزیۆن ودزی گرتووە ودانیان پێدا هێناوە کە دزییان کردووە و ۱۱ ئۆتۆمبیلیان دزیوە، هەموو دزەکانی هێناوەتە سەر تەلەفزیۆن وئەو نەچووەتە سەر هیچ عەشیرەتێ وشەریش لەنێوان عەشیرەتەکان رووی دابێ کاک سالاری پارێزگاری سلێمانی چووە صولحی پێ کردوون ومەسەلەی تەعەددا کردن لەجوتیار و ئاغا وئەوانە، بۆ خۆتان دەزانن کێشەیەکی گەورە لەنێوان ئاغاو جوتیاردا لەسەرانسەری کوردستاندا هەیە، هەر ئەوێ نییە، ئەگەر بەرگری کردنە لە جوتیار، دەبێ لەپشدەریش بەرگری لە جوتیار بکرێ، دەبێ لە ناوچەی نەهلەش بەرگری لەجوتیار بکرێ ولەهەموو ئەو ناوچانەی کە جوتیار بەدەستی ئاغاوە دەناڵێنن، یاخود لەشوێنی وا هەیە هەندێ ئاغاش بەهۆی سەرچڵی جوتیارەوە ئەو کێشەیەیان هەیە ودەبێ ئەو کێشانە هەموویان چارەسەر بکەین، نەک لەشوێنێ (غەفوور ورەحیم بێ ولەشوێنێکی تر شەدیدولعیقاب )بێ، سەبارەت بە جوتیارەوەو لەبەر ئەوە دەبێ هەموو ئەو مەسەلانە چارەسەر کەین نەک لەوێ ئیجرائاتێکی ئاوا بکرێ، زۆر سەیرە لەکاتێک دا لەشوێنی تر کێشەی زۆر گەورەتر لەنێوان جوتیار وئاغا رووی داوە هەربێ دەنگی لێ کراوە وتێش پەڕیوە ودەست درێژی زۆر گەورەش کراوە، بۆیە دیسانەوە جەخت دەکەینەوە کە لیژنەیەک دروست بکرێ ولێ تۆژینەوەیەکی ورد لەو مەسەلەیەدا بکرێ، دەبێ نەخرێتە ئەو قالبەوە کە(عەزێ)چەند ساڵە جاشە وجاش نییە، بادووسێ کەس لەگەڵ (عەزێ) بانگ بکرێن بۆ لێ تۆژینەوە، بۆیە لیژنەکە زۆرپێویستە قسە بکات وئەنجامی چوونی لیژنەکە و تۆژینەوەی لیژنەکە بێتە ئێرە وقسە بکات لەسەر رۆشنایی تۆژینەوەی ئەو ئێمە بتوانین حوکم بدەین لەسەر مەسەلەکە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کاک فەرەنسۆ وابزانم ئەم بابەتە زۆر باس کراو مادەم هەردوو لا رێک کەوتن لەسەر پێک هێنانی لیژنەکە پێویست ناکات ئەوە درێژەی پێ بدرێ ونەبرێتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابڕێتەوە با نەبڕێتەوە، قابیلە بێ دەنگ بین، من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک مەلا بەختیار دەکەم ئەو لیژنەیەی پێک دێ بۆهەموو کوردستان بێ تەنیا بۆ (عەزێ) نەبێ، عەزێ لەوە کەمترە

که ئێمه لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێک بێنین، بزانین لەو ناوچەیەی که ئەو باسی دەکات ئێمه دەست درێژیان لەجوتیار کردووه؟، کێ دەست درێژی لێ کردووه؟ بۆیەمن پێشنیارەکەی ئەو پەسەند دەکەم، بۆ ئەوەی لیژنەکه تەنیا بۆ عەزێ نەبێ بۆ قەڵادزه وبۆ چەمچەماڵ وبۆگەرمیانیش بێ، بۆ هەمووجێ یەک بێت، من لەگەڵ ئەوەدام وهەردەم پشتگیریشی لێ دەکەم، مەسەلەی تەلەفزیۆنەکانیش، ئاشکرایه تەلەفزیۆن دیمانەی لەگەڵ شەخسی کاک مەلابەختیار کردووه وهەرچی ویستوویەتی بیلێ گوتوویەتی، تەلەفزیۆن دیمانەی لەگەڵ کاک شەوکەتی حاجی مشیر کردووه هەرچی ویستوویەتی گوتوویەتی، ودیمانەی لەگەڵ مام ڕۆستەم کردووه بەئارەزووی خۆی هەرچی ویستوویەتی گوتوویەتی، به پێچەوانەوه ئەو تەلەفزیۆنەی ئەو مەبەستی یەتی لەهی خۆیان زیاتر دیمانەی لەگەڵ کەسی تر نەکردووه، بۆ مەبەستی خۆی یەک کەس سوودی لێ وەر نەگرتووه، بەڵام تەلەفزیۆنەکانی ئێمه شەخسی خۆیشی دیمانەی لەگەڵدا کردووه وچی ویست بێ به پارتی بڵێ گوتوویەتی، من لەگەڵ ئەوەدام وهەمواری پێشنیارەکه دەکەم که ئەو لیژنەیه پێک بێت بەڵام هەر تەنیا بۆ (عەزێ) نا بەڵکو بۆ سەرتاسەری کوردستان بۆ ئەوەی بزانین کێ بەرگری لەجوتیار دەکات؟ من لەگەڵ ئەوەدام بەم شێوەیه بخرێته ڕوو، سوپاس

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

ڕێ بدەن منیش مداخەلەیەکی بچووکم هەیه، ئەویش ئەوەیه ئێستا کێشەیەک ڕووی داوه لەئاکرێ و، ئەو کێشەیه بەڕاستی شتێکی ناخۆشه هەرچی یەک بێ هۆیەکەی ولەچ جێگایەک ڕووی دابێ ئەوا لیژنەیەکی پەرلەمانی دەڕوات بۆ لێکۆڵینەوەی و بەرپرسێتی دیاری بکرێ وپێشنیارەکانی ئەو لیژنەیه بێته پەرلەمان وگفتوگۆی لەسەر بکرێت وبدرێن به دەستەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ئەوەی بەپێی یاسا چارەسەری ئەو کێشەیه بکات و، لێی بکۆڵێتەوه وحەقیش نیه بەدەربڕینی وشەی وەکو ئەڵێن جەنگی سارد چارەسەری کێشەکه بکرێ ولەهەموو جێگایەک شتی ناخۆش ڕوو دەدات، ئەگەر لەجێگایەکی دیکه شتی وا ڕوویدات، ئەوا لیژنەی لێ تۆژینەوەی بۆ دەنێرین و، ئێستا ئەو کێشەیەی که هەیه و ئەو پێشنیارەی کرا کەلیژنەیەکی لێ تۆژینەوەی فراکسیۆن دەسنیشان بکەن ولیستی مۆریشی لەگەڵدا بێ، بۆ ئەوەی بچێ له بابەتەکه بکۆڵێتەوه وپێم وایه ئەو قسانەی که هەموو کەسێ ئازاده له پەرلەمان بیان کات، نابێ ببێته هۆی ئەوەی کەئامانجی پێک هێنانی لیژنەکه بگۆڕێ، جا ئەوەی تریش لەپەرلەماندا دەوترێ بەشێکی لەتەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامان بڵاودەکرێتەوه وئازادن لەو کارەیان، بەڵام من پێم وایه له پەرلەمان دەبێ هەموو شتێ بەهێمنی بێ و، لەچوارچێوەی ئەو ڕێکەوتننامه ستراتیجیه دابێ بۆ پاراستنی قەزیەکی زۆر گەوره که قەزیەی ئەم هەرێمەیەو، ئەم دەسکەوته مێژوویی یەیه، جا من ئەگەر یارمەتیم بدەن بابەتی پێک هێنانی لیژنەکه بۆ ئەو مەبەسته دەی خەمه دەنگدانەوه ودەرگای گفتوگۆکردنمان نەکردۆتەوه،

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە فراکسیۆنی سەوز خاڵێکی دانابوو، لەسەر ئەو خاڵە ڕای خۆی دا، تەعقیبی فراکسیۆنی زەردی لەسەربوو، وئێستاکە پێشنیارێک هەیە لەبارەی ئەم کێشەوە، دەستەی سەرۆکایەتی دەیکات، پێش ئەوەی بێینە دانیشتنەکەوەو ئێمە لەگەڵ برادەرانی فراکسیۆنی زەرد وفراکسیۆنی سەوز کۆبووینەوە بەاتجاهی ئەوەبوو کە ئێمە لیژنەیەک پێک بهێنین، هەتا باسی ئەوکەسانەمان کرد کەلە لیژنەکەشدا بن، باسی شێوەو جۆری و وەڵام دانەوەی نابێ لەکێشەی سەرەکی دوور کەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لیژنەیەکی پەرلەمانی ببێ وەکو جاری تر کردمان بۆ قەڵادزێ کەکێشەکانی قەڵادزێ چارەسەر بکات، جا مامۆستا بەکر ئەگەر دەتەوێ وتووێژ بکەی، ئێمە دەرگای گفتوگۆمان نەکردۆتەوە وناشی کەینەوە، ئەوەی کەبشزانم ڕێکەوتنامەیەک هەیە، ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لێرە تەوثیق کراوە ومایەی دڵخۆشی هەموو جەماوەری کوردستانە وهەموو ئەو کێشانە بەاتجاهێکی وا باس بکرێ کەدەبێ لەچوارچێوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەگیانێکی ئەو ڕێکەوتننامەیە باسی لێ وە بکرێ وچارەسەر بکرێت، ئینجا ئەگەر ئەوقسانەی کە کاک مەلابەختیار کردنی مافی خۆیەتی بیکات، بۆ ئەوەی کێشەکە لەو چوارچێوەیە دەربکەین و بیخەینە سەر سککەیەکی ڕاست، من ئەو پێشنیارە بخەمە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەو شتە پێک بێ وئەو لیژنەیە ڕاپۆرتەکەی بهێنێ بۆ پەرلەمان، ئەگەر پێشنیاری بەرامبەریش هەیە لاری نییە ئەو بخرێتە دەنگدانەوە، جا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو لیژنە پەرلەمانی یە پێک بێت بەو ڕوحیەتەی کەباسمان کرد بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بچێ؟ وداوا لەهەردوو فراکسیۆن دەکەم کە ئەم بابەتە نەبێ بە بازاڕی عوکازو تکا دەکەین ئەم کێشەیە بەڕوحیەتی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کەبەستراوە چارەسەر بکرێ ومن پێشنیارم وایە کە لیژنەیەک پێک بێت وخۆتان دەسنیشانی بکەن وهەر فراکسیۆنە دەسنیشانی دوو ئەندام بکات لەگەڵ فراکسیۆنی مۆریش ئەندامێ دابنێ، جا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم لیژنەیە بەم جۆرە دابنرێ. کاکە شێخ عەدنان گەر جەنابت قسەیێ بکەی، مامۆستا بەکریش دەیەوێ قسە بکات چونکە تازە ویستی، ماوە نەدرا چونکە دەرگای گفتوگۆ ناکەینەوە ئەو مەسەلەی لیژنەیە بەو ڕوحیەتە پێک بێ، هەردوو فراکسیۆنی تێدا لەگەڵ ئەندامێک لەفراکسیۆنی مۆر بچێت بۆ لێکۆڵینەوەو بێتەوە ئینجا گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکەی بکرێ، با لیژنەکە لە (٥) کەس پێک بێت لەم لادوو، لەو لا دوو ولەولایەک، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم لیژنەیە بۆ ئەم مەبەستە پێک بێت؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هیچ شتێک بەم جۆرە دەمارگرژییە چارەسەر ناکرێ، واتە بەڕاستی وای لێ هاتووە ئەندامی پەرلەمان کەنەتوانێ تەعبیر لەڕای خۆی بکات، یاخود تەعبیر لەبۆچوونی خۆی بکات،

زۆر ڕێزم بۆ کاک فەرەنسۆ هەیە، هەق نەبوو بەو دەمارگرژییە شتەکان بخاتە ڕوو، ئێمە کە لێرەدا باسی مەسەلەکان دەکەین، هەتا لەسەرەتای پێشنیارەکەش ئەوەبوو من مەدخەلی قسەکانم بۆ دۆزیەوە بۆڕێگە چارەیەک، واتە لێرەدا کەس مافی ئەوەی نییە خەڵک دوور بخاتەوەو، خەڵک دەربکات دادگا وفەرمان وحوکمی دادگا نەبێ، مەسەلەش عەزێ نییە، ئەگەر مەسەلە عەزێ بێ خەڵکی زۆردەست ڕەش وخائینی تر هەنە، بەخەباتگێڕ وبەکاکیش ناو دەبرێن، بۆ مەسەلەی پێوانەکردنیش ئەگەر بەڕێز کاک فەرەنسۆ پێی وابێ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی لەکارەکانی خۆیدا هەڵەی کردووە کە بەئەمری دادگا چووەتە سەر چەند دزێک وجەردەیەک، باشە ئەو چاوی لێ نەکردبایە، واتە بەڕاستی ئێمە لێرە وەکو پەرلەمانی کوردستان، وەکو نوێنەرانی خەڵک، هەوڵی ئەوە دەدەین کە دەمارگرژییەکان چارەسەر بکرێن وئێستا داوا دەکەین ئەو پێشنیارەی کەهەیە لیژنەیەکی پەرلەمانی پێک بێ بۆ ئەوەی بچێت لەوێندەر تۆژینەوەیەک لەمەسەلەکە بکات وبێتەوە لێرە ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەش بەپەرلەمان بکات، تاکو لەبەر ڕووناکی ئەو لێ تۆژینەوەیە بڕیارێکی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک ئەیاد دەڵێ: **ئەندامی پەرلەمان ئازادە** بەچ شێوەیەک وچۆن تەعبیر لەڕای خۆی دەکات بیکات، بۆیە **من ئازادم بەم شێوەی** کە خۆم بەموێ دەی وروژێنم، بەو شێوەیەی کەخۆم حەز بکەم وپێم باشە، کەس ڕێگا بە من پیشان نادات، شێوەی قسەکردن کەس فێری من ناکات بەو دوایی عومرە تازە فێری شێوەی قسەکردنم دەکەن؟ جەنابت لەژووری خۆت لەگەڵ من وات خستەڕوو بەو شێوەیە من لەگەڵ جەنابت ڕێک کەوتم وگوتم: بەو شێوەیەی کەجەنابت دەڵێی ئێمە قسەمان نیە! بەڵام دوای ئەوەی کە قسە کرا تەنیا لە(ئاکرێ)شتی وا نەبووە، بەڵکو لەسەرتاسەری کوردستان گەلێک شتی وا رووی داوە بەڵکو لەوەش خراپتر کراوە، لەبەر ئەوە دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین تەنیا بۆ یەک کێشە لیژنەیەک پێک بێنین و لەگەڵ ئەوەداین ئەو لیژنەیەی کە پێک بێت بۆ سەرتاسەری کوردستان بێ، هەر لەکەلارەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە زاخۆ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کاک فەرەنسۆ ئەو لیژنەیە چ بکات؟ کاری چی بێت؟

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئاکرێ دانراوە هەرچی بکات، هەمان شتیش لەقەڵادزێ و، لەچەمچەماڵ بکات وهەمان شتیش لەکەلار بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

من وەکو شتی دیاری کراو ئێستا لەخاڵی تازە بابەتی کەدەنگی لەسەر درا، باسی کێشەی ئاکرێ کراو هەر بەو اتجاهەش بوو کە کێشەیەک هەیە، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە تەشەنە نەکات وبۆ ئەوەی نێوان ئەو دووهێزە سەرەکی یە لەسەر کێشەیەکی ئاوا تێک نەچێت ونەبێ بەمەترسی لەسەر هەموو ئەزموونەکە وخەڵک تووشی نائومێدی نەبن، بڵێ ئەمڕۆ ڕێک دەکەوین وسبەینێ بەجۆرێکی تر دەبێ، فکرەکە وابوو، کە ئێمە لیژنەیەک پێک بێنین، ئەو لیژنەیە لەهەردوو لا پێک بێ وبچێ بۆ ئەو ناوچەیە وتاکو بزانێ کێشەکە چییە ولیژنەیەکی فرە حزبی دەبێ وبەو شێوەیە باسی ئەوە دەکەن، ئەوەی جەنابت وتت هەموو ئەندامێ مافی ئەوەی هەیە بەو شێوەیەی کەخۆی بروای پێ یەتی بیروڕای خۆی دەربڕی وئەوە بەسەر جەنابیشت دا پیادە دەبێ بەسەر کاک مەلا بەختیاریش وبەسەر یەکێکی تریشدا، ئێستا من باوەڕم وایە ئەگەر دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشەیە بکەینەوە، لەجیاتی ئەوەی بگەینە ئەوەی چارەیەک بۆ ئەم کێشە نالەبارە بدۆزینەوە، دەکەوینە بارێک کە زیاتر لێک دوورکەوینەوە، جا لەبەر ئەوە جارێکی کەش تکا دەکەم کە ئەم مەسەلەیە بەچاکی وەرگرن ومن ڕایەکەم وابوو کە لیژنەیەکی پەرلەمانی بڕوات ئەگەر بۆ مەسەلەی زەوییە، مەسەلەی ئەرز لەکوردستاندا ئەوەندە ئاڵۆزە نەبەساڵێک ونە بەدوو ساڵ چارەسەر ناکرێت وهەندێ قەزیە لەقەڵادزێ بوو بەکێشە، ئەگەر بوارم بدەی کاکە نەمان وت مادام کاک شێخ عەدنان وسەید حەسەن وئەوان بۆ قەڵادزێ ڕۆیشتن، دەبێ بشچن بۆدهۆک وبۆ کەلار.

**بەڕێز فــــــرەنســــــۆ تــۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

ئەگەر ئەمە بۆ ئەوە نەبوایە گرژی دروست بکرێ، ئەوە لەجەرگی دەسەڵاتی حکومەتەو، لەڕاستیدا پەرلەمان پەیوەندی پێوە نییە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەبوو دوێنێ وپێرێ وپەسر پێرێ لیژنەیەک پێکەوە بنێ لەنوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی وکام وەزارەت کە خۆی حەزی لێ بوو، دەیتوانی لیژنەکە بنێرێ وکارەکە بکرێ کە لێرە خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەیە لەپێش تەلەفزیۆنەکان قسە بکەین، بۆ ئەوەی لەپێش تەلەفزیۆنەکان موزایەدە بکەین کامان بەرگری لەجوتیار دەکەین؟ وکامیان ئاغایەتی دەکات، بۆیەدەڵێم ئەوەی لێرە خراوەتە ڕوو ڕاستە ئیشی حکومەتە نەک پەرلەمان، حکومەت لیژنەیەک پێک بێنێ وبۆخۆی بچێ بزانێ چ بووە وچ دەکات وچ پێشنیار دەکات؟ ئەگەر پێویست بەیاسا بێ ئەو کاتە حکومەت پڕۆژکە پێشکەش بەپەرلەمان بکات بۆ ئەوەی یاسایەک بۆ (ئاکرێ) دەربێنێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کاک فەرەنسۆ پەرلەمان لەکاتی خۆیدا بەکاری ئاسایی کردنەوە هەستا، ڕەنگە ئیشی حکومەت

بوو بێ چەکداران لەشارو شارۆچکەکان دەربکات، بەڵام کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوە نەگرت کە لیژنەی باڵا هەبێ لەپەرلەماندا و، پەرلەمان لیژنە دابنێ بچێ بۆئاسایی کردنەوەی باری ئەو ناوچانە، ئەمە بارێکی بچووکە سەبارەت بە ئەوەوە، ئینجا ئەگەر دەتانەوێ دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە، یا حەز دەکەن هەمووتان لەسەر ئەوە برۆن، بەڵام من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە، پێشنیارێکی دیاری کراویش هەیە ئەویش ئەوەیە دووبارەی دەکەمەوە و ڕەنگە روون نەبووبێ، ئەویش ئەوەیە لیژنەیەکی (٥) کەسی پێک بێت بچێ وبزانێ ئەو کێشەیە چییە وچۆنە؟ ئەوە هیچ شتێکی تێدا نییە،کەس نالێ ئەمە خەتای ئەوە یان خەتای ئەوەی ترە؟ بزانن ئەو کێشەیە چییە وچۆن چارەسەر دەکرێ؟ ئەو کاتە ئەو پێشنیارانەیان دەهێنرێتە ئێرە وئێمە ئەیدەین بەدەستەڵاتی جێبەجێ کردن وئەیدەین بەجێگای تریش ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەوەی بڵێن کە ئەم کێشەیە ئاوایە..

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە شتێکی شاراوە نییە کە پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی خۆی دیوە چ لەناو کوردستان وچ لەدەرەوەی وبەڕاستی جێی شانازی هەموو لایەکمانە کەهەر کەس لەئێمە توانی لەئاست خۆی ڕۆڵێکی وا ببینێ کە شەڕی خۆکوژی یان براکوژی نەیەڵێ، بەڕاستی من پێش ئەوەی بێینە ناو هۆڵی پەرلەمان، برای بەڕێزم کاک فەرەنسۆ ئاگاداری کردم کە لەگەڵ جەنابت وبرادەرانی تر باسیان کردووە، بابەتەکە بەم شێوەیە بخرێتە ڕوو کەلیژنەیەک دابنرێ، بەڕاستی من دەمەوێ بەبیری برادەران بهێنمەوە کە ئێمەدەبێ بەهەمان نەفەس وهەمان گیانی پەرلەمانی کاربکەین وهەروەها شت ئاماژەی پێ بکرێ بۆ هەر برادەرێ بەبێ گرژیی باس بکرێ، چونکە پەرلەمان جێگەی ئومێدی خەڵکە وبۆ ئەوە هەڵبژاردراوە تاکو گرژی نەهێڵێ کەلە ناخۆشترین بار هەوڵبدرێ هەردوو لا لێک نزیک بکاتەوە، من لەو ڕایە دام تەرحەکە بەم شێوەیە بکرابایە، لایەنی جێبەجێ کردن کە ئەنجوومەنی وەزیرانە لیژنەیەک دروست بکات کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە هاتەوە ئێرە، ئەو کاتە قسەی لێ بکرێ، هەموو بەبەڵگەو بەبێ گرژی باس بکرێت وبەتەبیعەتی حاڵ شتی تێدا دەخرێتە ڕوو و کاردانەوەی دەبێ و وەڵامی دەدرێتەوە، ئێمە نامانەوێ وەکو مەسەلەی کابرایەکەمان لێ بێ وبەبیری خۆمان بخەینەوە کە ئێمە چەن نارەحەت وپەست بووین کەشەڕی خۆکوژی هەبوو، پەرلەمان دەوری دی وئەو دەورەی خۆمان لە بیر نەکەین، با ئێستا بە هەمان بێن وبەهەمان گیان قسەی لێوە بکەین، با وەکو مەسەلەی کابرامان لێ نەیەت کەچووە لای مەلایەک وگوتی: دوعایەکم بۆ بکە، گوتی: بۆچی؟ گوتی: وەڵڵا مامۆستا خۆڵ دەخۆم، گوتی: گەورەو پیاوێکی تەمامی وخۆڵ مەخۆ! ئێمە خۆمان هەموومان ئەوە جەخت دەکەینەوە کەشەڕی برا کوژی

وابوو وابوو، من تکام ئەوەیە، هەموو بابەتێک چارەسەری خۆی هەیە گرژیی نواند، بەبێ ئەوەی کێشەکە بەم شێوەیە بخرێتە ڕوو. لیژنەیەک پێکەوە دەنرێ ئنجا ئایا ئەو لیژنەیە لێرەیە یان حکومەتییە دوای ئەوە ئەو لیژنەیە کەدێتەوە کێ خاوەن هەقە هەقی بدەینێ بۆ ئەوەی پەرلەمان جێی ئەوەبێ کە هەرکەسێ هەقی خوراوە پێی بدرێتەوە و ماوەی موزایەدە کردن نەدرێ، بلێ فلان وایە وفلان وانیە، بڕوا بکەن بابەتیی جاش، من خۆم لەو ڕایە دام ئەوەی ڕۆژێ جاشەتی کردبێ حەز ناکەم هەر ناوچە وانیشی ببینم، بەڵام لەهەموو لایەکیش جاش هەیە، پێشمەرگە کۆنەکان چ لەبەرنامەی ئاوێنە وچ لەبەرنامەی ترکەلەسلێمانی پێشکەش دەکرێ، هەموو لایەک گلەییان هەیە و هەموو میللەتی کورد دەزانێ و پێم وایە ئەوەی مەغدوور بێ پێشمەرگە ڕاستەقینەکانن، باکێشەکانمان بەبێ گرژی چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حکمەت محەمەد عەبولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمیشە لێرەدا وا ڕۆیشتووە کەلەشوێنێ کێشەیەک بووبێ لیژنەیەک لێرەوە نێردراوە بۆ ئەوێ، واتە بەدرێژایی چەن مانگی ڕابوردوو هەر کێشەیەک لەناوچەیەک بووبێ لێرەوە لیژنە نێردراوە وهەرگیز نەناردراوە بۆ لیژنەی جێبەجێ کردن و ئەنجوومەنی وەزیران، کە زۆر کێشەی سەربازیی ڕووی داوە پەیوەندیی بەوەزارەتی بەرگری یەوە بووە، وەزارەتی بەرگری لێرە نەخوێنراوەتەوە وپەیوەندیی بەوەزارەتی ناوخۆوە بووە، وەزارەتی ناوخۆ لێرە نەخوێنراوەتەوە، هەر وەزارەتێک کێشەی بووبێ لیژنە لێرە پێک هاتووە وچووە لەناوچەکە لێ تۆژینەوەی کردووە وئەنجامەکەیشی بۆ هێناوین ئەوە یەک، سەبارەت بە تەلەفزیۆن و مزایەدەکردن و ئەوانە کەوەک کاک فەرەنسۆ دەیلێ من پێم وابێ نەمن، نەهیچ برادەرێکی تر باسی جوتیارمان نەکردوە، ئەو باسی کرد کەدەست درێژی لە جوتیار کراوەو داوا کراوە و ئێمە قبوولمان نەکردووە، ئێمە ئەوەمان نەخستوەتە ڕوو بلێین کێشەیەک لە نێوان ئاغا وجوتیار نەبووە و وابووە وابووە، ئەو خۆی باسی کرد گوتی بەرگری بۆ لە جوتیار ناکرێ وابکەین و وابکەین، ئێستاش ئەگەر مەسەلەکە لێ تۆژینەوەیە لەنێوان جوتیار وئەوە، ئەوە ئێمە هیچ قەناعەتێکمان نیە، با لیژنە بۆ هەموو کێشەکانی جوتیار کە لەناوچەکاندا هەیە دابنرێ، بەڵام ئێستا کێشەیەکی دیاری کراو هەیە کەڕوو بەڕووی بووینەوە، دەست بەجێ لیژنەکە بۆ ئەوێ بڕوات دووای ئەوە بۆ کێشەکانی تر هەر لێ تۆژینەوەیەک دەکرێ هیچ تەگەرەیەکی نییە ئەمە دوو بابەتی جیاوازە، کێشەیەکی گشتی کوردستان هەیە دەتوانرێ پەرلەمان قسەی لێوە بکات، کێشەیەکی دیاری کراو هەیە کە پەیوەندی بە ناوچەیەک، بەعەشیرەتێک بەشوێنێکەوە هەیە کە ئیجرائاتی بەرامبەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز بەکر موستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم لێرە ئەوەیە، ئەوە دیارە ئەو کێشەیەی کە باس کرا هەیە وهەموو

کەسێ دەیزانێ وکێشەیەکیشە پێم وایە کەسمان ناتوانین لەهەردوو فراکسیۆن ولەهەردوو حزبەکە و لەهەموو حزبەکانی تریش بەرگری لەو کێشەیە بکەین وبڵێین ئەو کێشەیە نەبووە یان شتێکی چاک بووە یان یاسا کردوویەتی یاخود ئاسایش وپۆلیس کردوویەتی یاخود ئەو چەکانە لەرژێم هاتووە، یاخود (عەزە) هاتووە وناوچەیەک تێک بدات، ئەوانە پاساوەکانیان دیارە وئێمە هەموومان شارەزای یەکتری بووین کەلایەکمان هەڵەیەک دەکەین بەرامبەر بەمیللەت پاساوی باش باشی بۆ دێنینەوە، بەڵام هەر جەماوەرەکەی خۆیشی و حزبەکەی پێی بروا دەکات خەڵکی تر پێی بروا ناکات، وا دەزانێت ئێستا لەهەولێر ١٠٠کەس زیاتر وا لەناو شاری دەسوورێتەوەو ناتوانێ بچێتەوە ناوچەکەی خۆی، خۆ هەموویان جاش نەبوون و(عەزێ) نەبوون تانەتوانن بچنەوە ناوچەکەی خۆیان؟،غازی فەیسەڵ و عەزێ نازانم کێ ئێستا نازانێ بچنەوە کوێ وماڵ ومنداڵیان لەکوێ یە؟ لەگەڵ ڕێزوسوپاسمدا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

نا نەخێر گفتوگۆ دەرگای نەکراوەتەوە، تەنها شێخ عەدنان قسەی کرد، ویستم هاوسەنگی ببێ لەنێوان زەرد وسەوز، جیاوازی چیە لەو لابێ یان لەولا بێ؟..

**بەڕێز بەکر موستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەکە دوولایەنی هەیە. لایەنێکیان ئەوەیە، ئەو کێشەی جاش و، ئەو لا ئەو لاو وەکو کاک فەرەنسۆ باس دەکات ئەوە لایەکیانە، چی لێ دەکەن ناکەن کێشەی دووەم کە زۆر ترسناکە زۆر گەورەیە ئەوەداوای ئەوە دەکەین باس بکرێت، ئێمە باسی تەبایی وبرایەتی دەکەین لەنێوان ئەم دوو حزبە وباسی ڕێزی مام جەلال وکاک مەسعوود دەکەین وباسی ئەوە دەکەین ئەو تەبایی وبرایەتی یە لەنێوان ئەم دووحزبە بپارێزرێ کاتێ کە ئەوانە سەردانی مام جەلال دەکەن وماڵ ومنداڵیان لەوێ ڕاگوێز دەکرێ وفرێ دەدرێنە بازگەی حکومەتی عێراق وئەوە ئیهانەیە بۆ (ی.ن.ک). ئەوە شتێکی زۆر ناشیرینە بەرامبەر بە مام جەلال کراوە، ئێمە دەمانەوێ لەمە بتۆژینەوە واتە پارتی بە چ مافێک وبەچ ڕەوایەک ئەوەی کردووە؟ ئێستا کاک فەرەنسۆ هەق وایە بۆخۆی ئەوە پەسەند نەکات بەرامبەر مام جەلال شتی وابکرێ، میوانی مام جەلال لەو لا لەرێگا بێ، لەو لایەش ژن ومنداڵەکەی فرێ بدرێتەوە لای حکومەت، مەسەلەی ئەوەی کە عەزێ ڕەفزی ئەو لیژنەیەی کردووە یان نەکردووە ئێمە ئاگامان لێ نییە، ئەوە لەنێوان خۆیان بووە، نە حکومەت ئاگای لێ یە، نەپەرلەمان ئاگای لێیە، کەس ئاگای لێ نییە، ئەوە لیژنە وشتێکی حزبی و ناوخۆیی بووە، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە دەچنە کن مام جەلال ئێمە ئەوە داوا دەکەین ئەو شتە ناشیرینەی بەرامبەر بە بەڕێز مام جەلال کراوە، لێی تۆژیوەتەوە وئەو لێپرسراوانە ببینن تا بزانن

بەچ مـافـێک ئەوەیان کردووە؟ ئێـسـتـا یەکـێک لەناوچەی گـەرمـیـان یان سلێـمـانی سـەرۆک عەشیرەتێک بێتـە کن کاک مەسـعوود بارزانی ولێپرسراوێکی یەکـێتی بچێ ڕێگای پێ بگرێ لەگـەڕانەوەیدا وهەر پێی بلێ بۆ چوویە لای کـاک مـەسـعـوود شـتـێکی ناشـیـرینە بچێ مـاڵ ومنداڵەکەشی فرێ بداتە بازگەی ڕژێم، ئینجا ئەوە لایەکـیـانە حەز دەکـەین هەمـووی بەیەکـەوە ببەستنەوە، هەرچی سـەرۆک عـەشـیـرەت و جاش هەنە پێکەوە لیـژنەی بۆدانێین، دیارە نامـانەوێ کـێشـەکـە چارەسـەربکەین، بۆیە ئێـمـە دەمـانەوێ جـارێ لێ تۆژینەوە لەوە بکرێ، چونکە ئەوە تێکدانی برایەتی یە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

جا من گفتوگۆ دەوەستێنم وحەز دەکەم سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن کۆببینەوە لەپاشان دێین گفتوگۆی لەسەر دەکەینەوە، چونکە ئەمە ئاوێکی زۆر دەکێشێ، بۆیە بڕیارماندا دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێت، وئەم خـاڵانەی کە دەبوایە باسیـان بکـەین بچێـتە کـۆبونەوەی دووسبـەی چونکە سبەی دانیشتنی متمانەپێدانە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران وسوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢١

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ( ٢٠ )ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ باس کردنی ڕووداوە تازەکانی ناوچەی ئاکرێ .***

***٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر بوودجەی ساڵی ١٩٩٥ی پەرلەمان .***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆی ئێمە، دوو خاڵە: خاڵێکی هی دوێنێیە کە دوامان خست بۆ ئەمڕۆ، خاڵی دووەمیش باس کردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٥ـ ی پەرلەمانە، خاڵی سێیەمیش تازە بابەتە.بەڵام ئەوەی دوێنێ دیسان کەجێگەی باس بوو بۆ کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دواخرا بۆ سبەینێ. هیوادارین دوای نیوەڕۆ ئەنجام بدرێ، لە دواییدا دێینەوە سەری، پاش ئەوەی بەرنامەی کارمان تەواو دەکەین . کاک د.کەمال فەرموو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ لێرە نەبووم ،وابزانم ئەو خاڵە لەسەر داخوازی فراکسیۆنی کەسک هاتۆتە بەرنامەکەوە ،جا ئەو لێکۆڵینەوە لەو خاڵە وا باشترە بکەوێتە کاتێک کەوا، لیژنەیەک دروست بووبێ بڕوات بۆ ناوچەکەو لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکەن، وبەراپۆرتێکەوە بگەڕێنەوە .ئەو کاتە بخرێتە بەردەستی پەرلەمان وئەتوانین لەو بارەیەوە قسە و باسی خۆمانی لەسەر بکەین و لێی بکۆڵینەوە وبگەینە بڕیارێکی گونجاو .ئەوەی ئەیڵێم تەنها بۆ ناوچەی ئاکرێ نییە بۆ هەموو ئەو ناوچانەیە کەوا کێشەیان تێدایە، ئێمە باشتر وایە ئەو لیژنانەی کە دروستمان کردبوون ،بیان خەینەوە گەڕ

،یان لیــژنەی تازە دروست بکەیــن بۆ ئەوەی بڕۆن بـۆ ئەو شــوێنانەو لێکۆڵینەوەی خــۆیان بکەن وبەزانیارێکی نوێ وە بگەڕێینەوە. لەبەر ئەوە من پێشنیـار دەکەم کە ئەو خاڵە لەبەرنامەی ئەمڕۆ لابرێ بەوشێوەی کە گوتم باسی لێوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــەن:**

کەواتە ئێمە خاڵی یەکەم باس ناکەین ،ولەسەر پێشنیاری کاک د.کەمال، سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک، ئەم خاڵە دوادەخەین بۆ کاتی خۆی .دێینەوە سەر خاڵی دووەم، کاک د.فەرموو:

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــەن.**

مەبەستم ئەوەبوو کەوا بۆ ئەو مەسەلەیە و مەسەلەکانی تر لیژنەی تایبەتی دروست بکرێ، جا یان ئێستا دروستی بکەین یان هەڵیگرین بۆ کاتێکی تر ئەوە بۆ خۆتان ئەگەرێتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەو خاڵەی کە لێرەدا نووسراوە بڕیارمان داکەوا بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە، لەو ناوچانە لیژنەی تایبەتی دروست بکرێت و رەوانە بکرێن ،یان کۆمیتەکانی خۆشمان بخەینە گەڕ، جا چۆن بەباش زانرا باوای لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــەن:**

بەبڕوای من، ئەگەر لێـمان قـەبووڵ بکەن ،من پێشنیـارێکم هەیە . ئەگەر فـراکسیـۆنی پارتی بابەتێکی دا بەئێمە لەناو پەرلەماندا ،بێ گومان ئەمە بەشێکە لەو کێشەیەی کە تووشی بووین. ئێمە چوار لیژنەی سەرەکیمان هەیە بۆ چارسەرکردنی هەر بارێکی ئاڵۆز و نائاسایی بەئاگاداری خـەڵک و هەمـوو لایەنێ ئەو لیـژنانەی ئێـمـە، دەورێکی بالایان هەبووە بۆ هێـور کردنەوەی ئەو کـێشـانەی کە لەناوچەکـاندا روویان ئەدا، هەروەها بـۆ هەڵسـەنگاندن ودانان وئامـادە کـردنی، سورەتێکی باش بوو، بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەسەر هەرکێشەیەک لەو کێشانە بڕیاری دروست بدات.

**بـەڕێـز فــــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجـــــــومــــــەن.**

من دووبارەی دەکـەمەوە کە ئێـمە لەگەڵ ئەوەنین لیـژنەیەکی تایبەتی بۆ (عـەزێ) پێک بێ .کـاتێ عـەزێ بچێـتە سەر تەلەفزیۆن و بڵێ : «من دوژمنی بارزانیـەکـان بووم، ئێـمـە لەبەر بارزانیـەکـان ڕۆیشـتین ،پەیرەوی بارزانیەکان خراپ بوو بۆیە ڕۆیشـتین» ئەبێ بچێتە سەر هەمان تەلەفزیۆن وبڵێ من هەڵەم کرد، من مافی ئەوە بەخۆم نادەم لێرە ،لەکوردستانێکی ئازاد دا ئەو قسانە بکەم » ،ئەو کـاتە بیـر لەوە دەکـەینەوە کـە لیـژنەیەکی لیکۆڵینەوەی راست و دروست بۆ(عـەزێ)و بۆ ناوچەکـە دابنێین بۆ ئەوەی حەق ،بداتە خەڵکەکە، ئێستـا بالیژنەیەک پێک بێ ،یەکـەم جار بچنە قەڵادزێ

وچەمڵچەماڵ، بۆ چارەسەر کردنی کیشەکان، کە کێشەی ئەوان گەلێک گەورەترەلە کێشەی ئاکرێ، دیسان دووپاتی ئەکەمەوە کە عەزێ ئەوە ناهێنێ کە لیژنەی تایبەتی بۆپێک بهێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ئێمە باسی لیژنەی تایبەتیمان نەکرد ،باسی پێشنیارەکەی کاک د.کەمال، مان کرد کە ئاشکرایە وئەڵێ :کە چەند لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ گیروگرفتەکانی سەرتاسەری کوردستان .ئێمە لەناو پەرلەماندا (٤) لیژنەی سەرەکیمان هەیە ،هەر لیژنەیەک بۆ پارێزگایەک دەستنیشان کراوە، بۆ چارەسەر کردنی کیشەکانی ناوچەکە. ئەو کاتە ئێمە دائەنیشین و تاووتوی دەکەین،بەلام ئێستا کاتی ئەوە نییە ، چونکە ئێمە بارودۆخێکی ترمان لەپێشە، ولەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی کەسک تاووتو کردنی خاڵی یەکەم دوا ئەخەین .هەروەکو گوتم لەگەڵ هەر دووفراکسیۆن ودەستەی سەرۆکایەتی وئەو برایانەی کە لێپرسراوی میحورەکان بوون ڕێک کەوتوین ،بۆ ئەوەی ئەو لیژنانەی پەرلەمان باشتر بتوانن کاری خۆیان بکەن و برۆن سەردانی ناوچەکان بکەن ،چونکە بێ گومان، هەر ناوچەیەک ، گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەیە، پاشان ئەوان دێنەوە سورەتێکمان پێ ئەدەن .خاڵی یەکەم بەو شیوەیە کۆتایی پێ دێنین . دێینەوە سەر خاڵی دووەم، لەبەرنامەی کاری ئەمرۆمان.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەبارەت بە خاڵی یەکەم ،کەمێک پەلەی لێ بکرێ باشترە . وابزانم بەیانی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەمان نییە، پاش نیوەڕۆ هەمانە.هەروەها سەبارەت بەوپێشنیارەی کەوا ئێوە پێشکەشتان کرد، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆن و ئەو کەسانەی کە بەکۆمیتەکانەوە خەریک بوون، ئەگەر لەو کۆبوونەوەیە بەیانی ئامادە بین، پێش نیوەڕۆ زۆر باشە، بۆ ئەوەی ئێمە لەوێ لیژنەکان دروست بکەین، و کاروباری خۆیان بزانن ،پاش نیوەڕۆ،ش بەرنامەی خۆمان دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە حەز دەکەی ئێمە دوایی دادەنیشین و قسەی لێ دەکەین ،چونکە بەیانی بابەتێکی ترمان بەدەستەوەیە کە باسی لەسەر بکەین .پاشان لەنێوان خۆماندا دوایی ڕێک دەکەوین .

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من هەر هەمان پێشنیارە، بەلام داخوازیەکەم ئەوەیە پەلەی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێ گومان پەلەی لێ دەکەین، وابزانم سبەی زۆرشتمان بۆ روون دەبێتەوە کاک د.کەمال. سەبارەت بەو بابەتانە دوای پشودان رێکی دەخەین چونکە لیژنەکان زۆربەیان لەئەندامانی پەرلەمانن ودەبێ بکەونە رێ بۆ ئەو ناوچانەی کە دیاری کراون بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان .پێم وایە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو شتانە لەلامان روون دەبێتەوە و لیژنەکانی خۆمان ئەکەونە ئیش ،زۆر سوپاس بۆ خالّی یەکەم.

دێینەوە سەر خالّی دووەم: گفتوگۆ کردن لەسەر بوودجەی ١٩٩٥ی پەرلەمان .سەبارەت بە خالّی دووهەم ، هەروەکو باوە دانیشتنەکانی ئێمە، دەبنە دانیشتنێکی نهێنی وپێویستمان بەدەنگدان هەیە بۆ چەسپاندنی ئەم پێشنیارە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە بکەین بەنهێنی؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس. داوا لەبرادەرانی راگەیاندن دەکەین ئێرەمان بۆ چۆڵ بکەن. لیژنەی ئابووری کەرەم بکەن بفەرموون بۆ ئێرە، وابزانم لەدانیشتنی تر بوودجە خرایەروو کە دواخرابوو بۆ ئەمرۆ، جا فەرموون لیژنەی ئابووری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراسپاردەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەمانگی تەمووزی ١٩٩٤، ولەیاسای بەرێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان و چاودێری بەرێز سکرتێری پەرلەمان دەست بەدانوساندن کرابوو بۆ ئامادەکردنی بودجەی پەرلەمان بۆ سالّی ١٩٩٥. هەموو بەشەکانی دیوانی پەرلەمان وکاروباری پەرلەمان بەشداربیان تێدا کرد، من وبەرێز پەریخان پرۆژەی موازەنەمان دانا و پێشکەشی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان وسکرتێری پەرلەمانمان کرد، و جارێکی تر تێبینی و راسپاردەکانی بەرێزان لەسەر پرۆژەی بودجە خرانەروو .پاشان یەکێک لەو دوو موازنەیە پێشکەشی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن کرا. پاشان لیژنەی ئێمە، ئابووری ودارایی دەستی بە لێکۆلّینەوەی پرۆژەی موازەنە کرد. هەروەها بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن لەدانیشتنەکە ، لەکۆبوونەوە (١) لە لیژنەکە ئامادە بوو کە ئەوەش شانازییە بۆ ئێمە چونکە بەراستی موازەنەی پەرلەمانی سالّی ١٩٩٥ زۆر رێکوپێک بوو، تەنیا گۆڕانکاریمان لەدوو فەصلدا کرد، لەو دوو فەصلەش تەنیا چوار مادە گۆڕانکاریمان تێدا کرد ،ئەوەی تر هەروەکو خۆی مایەوە و ئێستاش پێشکەش بەئێوەی دەکەین ،(جدول التغيرات التي توصي بها لجنتنا على الموازنة التخمينية للبرلمان لعام ١٩٩٥) ،فەصلی یەکەم لەخەرجییەکانی هاوولاتی لە خودی پرۆژەکەدا (١٣.٩٩٣٠٠٠)دینار، بەلاّم لەدوای گۆڕانکاری ئێمە، بووە (١٥.٢٩٣٠٠٠)دینار تێبینیەکانی ئێمەش ئەوەیە: دەرمالّەی پیشەیی، تەکنیکی (٥٠.٠٠٠)دینار، لیژنەکە بەپێویستی زانی بیکاتە (١٠٠/٠٠٠)دینار، چونکە دەرمالّەی پیشەیی و تەکنیکی زۆر کەمە وزۆربەی سەندیکاکان و یەکە،کانی ئەندازیاران داوا

دەکەن ئەو دەرماڵەیە زیادبکرێ ،لەبەر ئەوە بەباشمان زانی بیکەین بە (١٠٠) هەزار لەجێگەی (٥٠) هەزار .دەرماڵەی تایبەتی هی فەرمانبەران (٥٠٠) هەزارە ،کەواتە هەر زیادەیەک بکرێ بۆ ساڵی داهاتوو، ساڵی ١٩٩٥ بەش ناکات .لەبەر ئەوە لیژنەی (پ.م) (٧٥٠) هەزار دینار بێ «دەرماڵەی عەدوا» (٥) هەزار دیناریان داناوە ، دەرماڵەی عەدوا هەموو کرێکاران وفەمانبەرانی پەرلەمان دەگرێتەوە ،ئەوانەی بەئیشی پاک کردنەوە هەڵدەستن لێکماندایەوە (٥) هەزار دینار کەمە، پێشنیاری لیژنەی ئێمە ئەوە بوو کە ببێتە (٨٥) هەزار دینار. دەرماڵەی جل وبەرگ هیچیان دانەنا بوو ئەوە هەقی کرێکارە، هەقی منظفە(پاککار)ە ،لەبەر ئەوە بەپێی لێکدانەوەی ئێمە پێشنیار کرا (٢٠) هەزار دینار بێ، دەرماڵەی دابەش کردن شتێکی یاساییە بەو کەسە ئەدرێ ئەوانەی بەئیشی دابەش کردنی پێویست هەڵدەستن هیچ پێشنیاریان نەکردبوو، لەبەر ئەوە لیژنەکەمان پێشنیاری کرد (١٠) هەزار دیناریان بۆ دانان. مادەی تر پاداشتی هاندانی کرێکاران، لەپەرلەمان (١٠٠) موچەخۆر زیاتری هەیە، جگە لەفەراشەکان،کەواتە (١٠٠) هەزار زۆر کەمە، پێشنیارمان کرد (١٥٠) هەزار بێت .پاداشت ودەرماڵەی ئەندامانی پەرلەمان (٥) ملیۆن و (٤٠٠) هەزارە، ئەمە دانراوە بۆ (١٠٥) ئەندام ، لێکماندایەوە زیادە. ،ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە (١٠٠٪ لە ١٠٥) زیاتر دەکات ،ئەبێ بە (١١٠، ١١٥ یان ١٢٠) ئەندام ،لەبەر ئەوە ئەو پێنج مانگە حسابی موچە و پاداشتەکان بۆ (١٠٥) ئەندام دەکەین، بەڵام(٧) مانگی تر دەبێ ئێمە حیسابی بکەین کە (١١٥) ئەندام دەبی یان (١٢٠) ئەندام دەبێ، لەبەر ئەوە بەپێی حیساباتی ورد (٥ ملیۆن و ٤٠٠) هەزار دینار بووە، لیژنە پێشنیاری کردوە، (٦) ملیۆن ببێ دەرماڵەی مێوانداری ئەندامەکان (٢ ملیۆن و ٥٢٠) هەزار دینار بوو بەهەمان شێوە، بەرێزان حیسابی (١٠٥) ئەندامیان کرد وحیسابمان کرد راستە (٥ )مانگی یەکەمی پەرلەمان (١٠٥) ئەندامە، بەڵام پاشان بۆ هەڵبژاردن کە (١٠٠٪) زیاد دەکرێ ، لەبەر ئەوە حیساباتی ئێمە بووە (٢ملیۆن و ٧٣٠) هەزار دینار، دەرماڵەی لیژنەکانی پەرلەمان (٨٠٠) هەزار دیناریان دانابوو، بەڵام ئەو زیادەیە ئێمە حیسابمان کرد دەبێتە (٩٠٠) هەزار نزیکەی (٩١٠) هەزار دینار بوو، بەڵام (٩٠٠) هەزارمان نووسی ئەمە لەگۆڕانکاری لیژنە لەخەرجییەکانی فەرمانبەران وموچەکانیان، لەبەر ئەوە لەجێگەی (١٣/٩٩٣٠٠٠)دینار دەڵێین (١٥/٢٩٣٠٠٠)دینار ئەمە رای ئێمەیە، هەروەها رای ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە فەصلی یەکەم بوو ، جا بۆ فەصلی یەک ئەگەر چ تێبینییەک هەیە حەز دەکەین برادەران ناونووس بکرێن ، هیچ تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوئەوەی پێشنیار کراوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

فەصلی دووهەم: پێداویستیەکانی کاڵایی (سلعی) ،هەندێ جار پێی ئەڵێن پێداویستیەکانی خـزمـەت گـوزاری لەئەسـڵی پرۆژەکـە،(٨/٧٤٨/٠٠٠)ە (٥٠هەزار) دۆلار هاتووە دوای گۆڕانکاری ئێمە دەبێتە (٨٩٠٦٠٠٠)دینار، واتە لەجیاتی(٥٠هەزار) دۆلار ئەبێتە(١١٠) هەزار دۆلار، ئەو گۆڕانکاریەش هی یەکەم (٨٧٤٨٠٠٠) دینار بوو بەپێشنیاری لیژنەی ئێمە بوو بە (٨٩٠٦٠٠٠) دینار. ئەو جیاوازیانەی کە ئێستا ئێمە ئاماژەی بۆ ئەکەین هی دۆلارە، لەجیاتی (٥٠) هەزار دۆلار بووە بە (١١٠) هەزار دۆلار .ئێستا ئەو گۆڕانکاریەش بۆ جەنابتان روون دەکەمەوە .دەرماڵە وخەرجییەکانی سەفەر ملیۆن ونیوێک دینار بوو، لیژنە وای بەچاک زانی بیکاتە (٢/٥) ملیۆن دینار، بەڵام دەرماڵە و خەرجییەکانی ئیفاد لەجیاتی (٤) ملیۆن ببێتە (٣) ملیۆن دینار، واتە ملیۆنێک دینار ئیفاد بگەڕێتەوە ،لەسەر ملیۆنێک دیناری سەفەر، چونکە سەفەر بۆ هاتووچۆ لەناو هەرێمە ملیۆن ونیوێک حسابمان کرد کەمە ببێتە دوو ملیۆن و نیو، بەڵام هی ئیفاد ئەو چوار ملیۆنە دەبێتە (٣) ملیۆن، بەڵام دەیخەینە سەرئیفادی دەرەوە کە تەنیا (٤٠) هەزار دۆلار یان دانابوو،کە لیژنە ئەم پارەیەی بە کەم زانی . ئەم ساڵی ١٩٩٤ بەداخەوە ئیشوکاری پەرلەمان لەناو هەرێم زۆر بوو، بەڵام بۆ دەرەوەی هەرێم ،لە ئەمریکابۆ نموونە وجودی پەرلەمان زۆر لاواز و کەم بوو، نوێنەرانی پەرلەمان کەسیان بەشێوەیەکی رەسمی نەرۆیشتووە ،نەبۆ ئەوروپا، نەبۆ ئەمەریکا. دەورەی ساڵی ١٩٩٥، دوو دەورەیە، هەر دەورەیەک حسابمان کرد دوو نوێنەری پەرلەمان برۆن بۆ دەرەوە. هەر دەورەیەک بەلای کەمەوە (٢٠) هەزار دۆلاری پێویستە ،واتە(٥٠) هەزار دۆلار بۆ دوو نوێنەر بۆ دەرەوە. لەدەوری یەکەم لەجێگای (٤٠) هەزار دۆلار پێشنیاریان کرد ببێتە (١٠٠) هەزار دۆلار، دەربارەی کرێی پارێزەر (١٢) هەزار بوو، بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە کەجەنابی پارێزەرێکی کۆنە گوتی(١٢) هەزار زۆر کەمە پێشنیاری کرد، ببێتە(٢٠) هەزار. بۆ لیژنەکانی پەرلەمان (١٥٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە، کە زۆر کەمە. ساڵی پار لیژنەکانی پەرلەمانی فەرمانی «نەثریە»یان، بۆ دەرنەچو بوو، بەڵام ئێستا هەر لیژنەیەک مانگانە (٢،٠٠٠) دیناریان بۆ داناوە. ئەگەر ئێمە (١٢) مانگ حیساب بکەین دەکاتە (٢٨٠) هەزار دینار، کەواتە لەجیاتی (١٥٠) هەزار دینار پێشنیارەمان کرد بکرێتە (٣٠٠) هەزار دینار، بریاریش، بریاری پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم خاڵە هەیە؟

**بەڕێز ئازاد عـــــەبدولقــــــادر قــــەرەداغـی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من تێبینیەکم هەیە ،ئەویش ئەوەیە ،کە پێویستە بوودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان له ژێر رکێف و چاودێری خودی پەرلەمان دا بێت ،واتە سەرۆکی ئەنجوومەن خۆی سەرپەرشتی بکات ،نەک له بانک بێت و له ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بێت ،ونابێ هیچ پەیوندییەکی بە حکومەتەوە بێت ، سوپاس .

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سەبارەت بەو بابەتە کاتێ هاتینە سەری گفتوگۆی لە سەر دەکەین، ئێستا لێرە بەتەنها باسی فەسڵی دووەم دەکەین، ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەو ژمارانە با قسەی لەسەر بکەین ،هەروەها سەبارەت بە خودی بوودجەکە ئەگەر چی تێبینیەک هەبوو لەسەری، ئەوا دای ئەنێین بۆ دوایی ،چونکە ئێستا کاتی ئەوە نییە. لیژنەی ئابووری رای خۆی دەربڕی، ئەگەر تێبینیەک هەیە فەرموون، ئەگینا ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەراستیدا زۆرباش لەو حیساباتە تێ نەگەیشتم ،چۆن بەوردی وای لێ هات؟ (٩٠٦ و ٧٤٨) کەمێک بۆمی شیی بکەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر سەرنجی خۆت بدەیتە ئەو پڕۆژەیە کە پێشکەشی لیژنەی ئابووری کرا، لەجێی خۆیدا (٨٫٧٤٨) ملیۆنە. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەو تێبینیەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی، چۆن (٨٫٤٧٨) ملیۆن دەرچووە؟ ئەوە سەرجەمی فەسلە(کۆی گشتی فەسڵە) ، واتە فەسلی دووەم نزیکی (٥٠٫٤٠) مادەیەکۆی گشتی ئەو ژمارانە دەرئەچێ، ئەو مەوادانەی لەناو پڕۆژەکەدا بەڵێ دەسکاری ئێمە لەگەڵ (٥٠) هەزار دۆلار ئەوە سەرجەمی گشتیە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

سوپاس کاک جەمیل، جا پرسیارێکی تر هەیە لەسەر کێشەی دۆلار، سەرجەمی دۆلاری تەرخان کراو (١٠٦) هەزارە وەکو تێگەیشتم بەمەزەندە وخەمڵاندنی (١٠٠) هەزار بوو، جا لەگەڵ هەموو تێگەیشتنێکدا بۆ ئەوەی کە کاک جەمیل باسی وفودی کرد شتێکی تر هەبێ رەچاو بکرێ،

ئەویش ئەوەیە: ساڵی رابردوو کە ئەبێ بیگەڕێنینەوە دەبێ لەلایەنی داراییەوە بزانێ لەراستیدا چی خەرج کراوە لەماوەی ساڵێک دا. ئێمە لەماوەی ساڵێک دا نزیکەی(٥٦) هەزار دۆلارمان خەرج کردووە ، واتە سەرجەمی ئەو دۆلارە لە (٥٦)ە وە بووە بە (١٦٠) هەزار، واتە سێ قات بووە، وابزانم کرێی تەلێکس و فاکس (١٠)هەزار بوو، بەڵام(٣٠) هەزار دانراوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو بابەتە ئەگەر دەرفەتم بدەنێ روونی دەکەمەوە، کە کاک نەژاد باسی کرد، تەنها یەک بابە، ئەویش زۆربەی زۆری بۆ ئەندامانی پەرلەمانە لەکاتی خۆشیاندا. دووەم ئێمە کێشەیەکی «مەراجیلمان» ، هەیە، پێویستی بەشمەکی یەدەگ، هەیە کە لەدەرەوەی وڵات بۆی بێ. وابزانم ئەوەی گەرم وسارد ئەوەی مەکینە گەورەکان، بەڵام هەتا ئێستاکە بۆمان رێک نەکەوتووە بتوانین چارەسەری بکەین، چونکە ئەوە هەندێ «اجرائاتی» ، پێویستە .

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە راستە مەسەلەی «مەراجیل» ، وئەوانە، کاک جوهر ، بە حیسابی دینار دایناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئەوەی ئێمە حیسابمان کردووە ئەوەیە کە هەندێ شمەکی یەدەگی ئەبێ لەدەرەوە بۆ بێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام بەدینار دانراوە بۆ ئەوەی دینارەکە لەپاشان نوێ بکرێتەوە لەبەر ئەوەی بودجەی پارمان (٢٦) ملیۆن بووە، ئەمساڵ کردوومانە بە (٣٠) ملیۆن، من پێم وایە حیسابی ئەو شتانەی کە جەنابت فەرمووت کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا من ئاگادارنیم ،تەنها ئەو حیسابە روون دەکەمەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من ئاگادارم، جا منیش بۆیە ئەمەوێ ئەم روونکردنەوەیە بکەم، لەبابی کرێی تەلکس وفاکس، تەلکس نییە، ئێستا فاکسە، دوو ژمارە لێرە دانراوە، ژمارەیەکیان (١٠) هەزارە ،و لەژێرەوەش (٣٠) هەزارە، ئەوەش هەندێ پێویستی بە روون کردنەوە هەیە ئایا سەرجەمی (٤٠) هەزارەکەیە یان (٣٠)هەزارەکەیە ،یا خود (١٠)هەزارەکەیە، کامیانە؟ ئەوەش لەماددەی (٧)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ڕوونەکردنەوەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئێستا وەلامی جەنابت دەدەمەوە دەربارەی چۆن ( ١٠٠ ) هەزار دۆلار بووە بە ( ١٦٠ ) هەزار دۆلار، لەبارەی «حەقلی» یەکەم بۆ«عیلاج» ، بەڕێزان ( ٥٠ ) هەزار دۆلاریان دانابوو لەحەقلی یەکەم، دەستمان لێ نەداوە هەروەکو خۆی ماوەتەوە . هەروەک ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆک ڕوونی کردەوە ئەمساڵ (٥٦) هەزار دۆلار بۆ ئەو مەبەستە خەرج کراوە. مانای ئەوەیە ئەو ( ٥٠ ) هەزار دۆلارەی کە هەیە وئێمە دەستمان لێ نەداوە بۆ چارەسەری، واتە کەمە، زیاد نییە دەربارەی فاکس ( ١٠ )هەزار دۆلار پێشنیار کرابوو، هەر دیسان دەستمان لێ نەداوە ( ٣٠ ) هەزار دیناری ترمان بۆ تلکس زیاد کرد ، هەروەها( ١٠ ) هەزار دۆلارەمان بۆ فاکس زیاد کرد . لەجیاتی ایفادی ( ٤٠ ) هەزار دۆلار کردوومانە بە( ١٠٠ ) هەزار دۆلار. ئەمساڵ (١٩٩٤) هیچ وەفدی پەرلەمانی نەرۆیشتووە بۆدەروەی هەرێم وەکو ناردنە دەرەوە. لە تەلەفزیۆن بینیمان کە هەندێ لە حزبەکان یا کەسانێک خۆیان پیشان دا کە ئەوان نوێنەری کوردن رۆیشتوون بۆ «محافل دولی». هیوامان ئەوەیە، وەکو هیوای هەموو شۆڕشگێڕانی میللەتی کورد، نوێنەری کورد، پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەنێوەندەکانی دەردوە لە هەموو ڕێکخراوەکانی سەر بە(UN) لە هەموو کۆبوونەوەکانی نێو دەوڵەتاندا چ ئەوروپا بێت چ ئەمەریکا بێت پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بەشداری بکەن. لەبەر ئەوە بۆ ئیفادی ساڵی ١٩٩٤ بەداخەوە هیچ شاندی پەرلەمانی نەرۆیشتووە و دینارێک خەرج نەکراوە. پێشنیاریان ( ٤٠ ) هەزار دۆلار بوو بۆ ساڵی ١٩٩٥، ( ٤٠ ) هەزار دۆلار من زۆر بەکەمی دەزانم. بەلای کەمەوە (٢) دەورەی پەرلەمانیمان هەیە بۆ ساڵی ١٩٩٥ ،دەوری یەکەم ڕاستە ئێمە دەمێنین، بەڵام دەورەی دووەم هەڵبژاردن دەکرێت و لەوانەیە فراوان بکرێت هەندێک خەڵکی تر دێنە ئێرە. دەبێ پەرلەمان لەدەرەوەش دەوری خۆی ببینێ، لەبەر ئەوە لیژنە وای بەباش زانی لەهەر دەورەیەک دوو وەفدی پەرلەمانی بچێتە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی کێشەی ورد لە ئەوروپا وئەمەریکا باس بکەن، هەر وەفدێک ( ٢٥ ) هەزار دۆلارمان داناوە بۆی، لەبەر ئەوە گۆڕانکاری تەنها لەبەشی ئیفادە، لەئیفاد ( ٤٠ ) هەزار دۆلارمان کردە ( ١٠٠ ) هەزار دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڵام من وەکو یەکێک لەدەستەی سەرۆکایەتی کەبودجەکەمان پێشکەش کردووە، وئێمەش باسمان لێ کردووە ئەوە ڕای تایبەتی خۆمە. ئێمە شتێک دەکەین بە ( ١٠٠ ) هەزارکە لە ڕاستیدا ناکرێ، با ( ١٦٠ ) هەزارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو..

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو (١٠٠) هەزارەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، ئاماژەی بۆ دەکات، لەراستیدا ئەو (١٠٠) هەزارە سەرجەمی دۆلارەکانە، واتە (١٠) هەزار هی تەلەکس و فاکسە ،هەروەها (٥٠) هەزاری هی نەخۆشییە، (٤٠) هەزاری بۆ دەرەوەو و ئیفاد دەمێنێتەوە، بەراستی من داوا لەبەرێزی دەکەم، کە ئیفادی ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەرەوەی وڵات وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیارەکەی لیژنەی ئابووری (١٠٠) هەزارە ،نەک بکرێتە (٤٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هیوادارم لەساڵی ١٩٩٥ دا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەواوی نوێنەرایەتی راستەقینەی میللەتی کورد بکەن. تا ئێستاکە ئێمە لەگەڵ دەرەوە پەیوەندیمان کەم بووە، بۆ نموونە ئەوساڵ وەفدەکە رۆیشت (٣٠) هەزار دۆلاری لەگەڵ خۆی برد، ئەگەر ئێمە لەو ساڵە بەلای کەمی بڵێین دوویان سێ جار برۆن وابزانم ئەو پارەیە بەش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاشان من پێت دەڵێم ئەگەر چاو لەوەفدی ئێمە بکەن کە ئەو شەش حەوت وڵاتە گەڕاوین، دەنا بەدوو ئەوەندە پارەش دەرباز نابن. حەز دەکەم دڵنیابن، چونکە زۆر بەسەختی کردمان. من خۆم حەز ناکەم وەفدێکی پەرلەمانی بەو شێوەیە بنێرینە دەرەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولقادر محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تکام وایە لەدانانی بودجەدا، بەقسەی داراییەکان و ئابووری زانەکان نەکەن کە کاک نەژاد خۆی یەکێکە لەوان، چونکە ئەوانە زۆر رەزیلن ،حەز ناکەن پارە خەرج بکەن وهەمیشە هەوڵ دەدەن ئەوەی دادەندرێ کەمی بکەنەوە. لەبەر ئەوە لام وایە پەرلەمان دەنگ لەسەر پێشنیارەکەی کۆمیتەی دارایی بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس د.کەمال، ئەگەر چ تێبینی نییە ئەو پێشنیارەی لیژنەی ئابووری دەخەینە دەنگدانەوە، یان هەموو فەسلەکە بەیەکەوە؟.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بودجەی ئێمەیە ،وەکو ئەوەی هاتووە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە دەخرێتە دەنگدانەوە، جا حەز دەکەن تەنیا دۆلارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، یان فەسڵەکە هەمووی بخەینە دەنگدانەوە؟. فەسڵەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی کە لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس .

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەبیرم دێ لەپەسەند (تصدیق)کردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٣، لە(باب)ی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی هەندێ «تەقدیراتەکان» بەدۆلار دانرا بوون، پێویستە بەرامبەرەکەش بەدینار بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ناتوانین بیخەملێنین، دوێنێ ئەگەر دۆلار بە(٤٠) دینار بوو بێت ئەوە ئەمڕۆ دەبێ بە(٣٠)، جا چۆن تەقدیری بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دەکرێ، ئەوە برادەرانی ئابووری بیکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک پرسیارێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەکرێ با بخەملێنرێ، وابا(تخمین)ی بکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای بەڕێز محەممەد حەسەن باڵتە کە پارێزەرێکی کۆنە وشارەزاییەکی ئابووری یە، لەگەڵ منە، گوتی مادام نرخی دۆلار سەقامگیر نییە، وەکو بانقی عێراق دەڵێن (٣١٠) فلسە ثابتە، ئێستا (٩٠) دینارە لای خۆی هەروای نووسیوە لەبەر ئەوە لای ئێمە ناتوانین تەقدیری بکەین، چونکە سەقامگیر نییە، ناشتوانین ئەو پابەندییە بخەینە سەر بانقی هەرێم وبڵێین بۆ کاروباری ئێمەیە، ناتوانین بە (٣٠ یان ٣٥) دینار حیسابی بکەین، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وابزانم ژمارەکان تەواو بوون، با بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێـز جـــــەمـــــیل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

فەسلی سێیەم «مستلزماتی سلعی»، (١) ملیۆن وحەوت سەد هەزار دینارە، هیچ گۆڕانکاریمان لەسەری نییە. فەسلی چوارەم پەزێرایی کردنی بەردەستەکانە (صیانەالموجودات)، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن حەزدەکەی جەنابت فەسل، فەسل، بیانخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

فــەسلی (٣) دەڵـێ :(المستلزمات السلعیـة) هیچ گـۆڕانکاریەکیـان لەسـەر نەکـردووە، خـۆت بیخوێنەوە کاک جەمیل.

**بەڕێز یەحـــیـا مـــحـــمـــەد عــــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(المستلزمات السلعیه) ،ملیۆنەک و حەوت سەدو هەشتا هەزار بووە (١٫٧٨٠٫٠٠٠) دەستکاری نەکراوە هەروەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەمە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.سوپاس .

**بەڕێز یەحـــیـا مـــحـــمـــەد عــــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(نفقات الرأسمالیه) سێ ملیۆن وشەش سەدو شەست هەزار (٣٫٦٦٠٫٠٠٠) بووە و، دەستکاری نەکراوە هەروەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.سوپاس .

**بەڕێز یەحـــیـا مـــحـــمـــەد عــــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(صیانە الموجودات) (١٫٢٣٠٫٠٠٠) دەستکاری نەکراوە وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

چ تێبینی هەیە؟ کاک د.ئیدریس تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بەپەزێرایی کردنی بەردەستەکان( صیانە الموجودات)، ئایاخانووەکانی پەرلەمان دەگرێتەوە یان نا، چونکە بڕیارێک ئەگەر ئێستا بدرێ کە ئەو خانووانە سەربەپەرلەمان بن بۆ پەزێرایی لێکردن (صیانە) وشتی وا دەبێ ئێستا پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێ، بودجەی بۆ دابنرێ ئەوەیەک، سەبارەت بە وەزارەتی گواستنەوە پرۆژەیەکی تەواو بووە، بەڵام لە سەر بەداڵەکەی ماوەکە، (٢٠) هەزار دۆلاری بۆ ساڵی ١٩٩٥ بۆ دابنرێ، بۆ ئەوەی هەر ماڵێک هێڵی تایبەتی خۆی هەبێ. (١٠٠) ماڵ هەر هێڵێک نزیکەی (٢٠٠) دۆلاری دەوێت، کە هەمووی دەکاتە (٢٠) هەزار دۆلار، ئەگەر بخرێتە سەری خراپ نییە و هەر لە ئێستاوە حیسابی بۆ بکرێ. خاڵی سێیەم، برادەران باسی پەرلەمانیان کرد گوتیان، تا مانگی حەوت لەوانەیە (١٥ تا ٢٠) ئەندام زیاد بکا، کەواتە بۆ ئەوان ئەبێ مووچە وپێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێ. هەروەها دەبێ تەلاری پەرلەمان لەوەی ئێستا گەورەتر بکرێ، ئەمەش پارەی دەوێ و دەبێ ڕەچاوی ئەم بابەتە بکرێ.

سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک د. ئیدرس ، بابەتی خانووەکان لەڕاستیدا باش بووخرایە ڕوو، چونکە من لەبیرم نەبوو، چ تێبینیەکیان هەیە؟ دوایی بەدواداچوونێکم لەسەر ئەو بابەتە هەیە.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ خانووەکان کەی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی بڕیارمان هاتە سەر ئەو حاڵەتە و کەی ئەو خانوانەی پەرلەمان بڕیاری وەرگرت کە خانووەکان ببێتەوە موڵکی پەرلەمان لەگەڵی دا دەتوانین پێشنیاری ئەوە بکەین کەچەندێک بۆ چاکسازی وپەزێرایی بەش دەکات لەگەڵ ئەو پێشنیارە وئەو بڕیارەش وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من وەکو لەبیرم بێ وابزانم ئەندامانی پەرلەمانیش لەبیریانە، ئەو کاتەی کە بڕیارمان دەرکرد کە ئەم خانووانە ببن بەموڵکی وەزارەتی دارایی ئەویش چاک بکرێتەوە و پاشان ببیدات بەپەرلەمان .بۆ ئەندامان موڵکایەتییەکەی هەمان موڵکایەتی دەمێنێتەوە، بەڵام پاراستنی ئەو خانووانە پەرلەمان دەیکات. نەک وەزارەتی دارایی، سوپاس .

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بەراستی ئەوە گرفتێکی گەورەیە مادام باس کرا با من هەندێ گرفتی خۆشمتان بۆ روون بکەمەوە، لەگەڵ برایان ئەندامانی پەرلەمان، کە من ڕێزم هەیە بۆ باری گووزەران و ژیانیان کەتێیدا دەژین. یا خوود ئەوانەی کە تائێستا خانوویان نییە ولە بارووەدۆخێکی نائاسایی داد دەژین. بەراستی جوان نییە کە ئەندامێکی پەرلەمان هەموو مانگێک بێت داوای پەنجەرە یا کومبار و رایەخ بکات کە زۆر جاریش سەرەرای هاتووچۆکەی بۆی ناکرێ و نایدەنێ. لە راستیدا ئەمە بووەتە سەرئێشەو کێشە بۆ هەموو لایەکمان. مادام بڕیارێکی پەرلەمان هەیە ئەو خانوانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بێت، مافێکی سروشتی خۆیانە ئەو خانووانەیان پێ بدرێ. من دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەم، کە ناکرێ ئەندامێکی پەرلەمان لەسلێمانیەوە یا لە دهۆکەوە یالەکەلارو کفریەوە بێت و لە هوتێل بخەوێت. چونکە لەوانەیە کۆمەڵێک کێشەی بۆ دروست بێ، تەنانەت لە رووی ئەمنییەوە. بڕواتان بێت من زۆر جار دەترسێم کە خوانەخواستا ئەندامێک تووشی شتێک بێت، ئەو کاتە لەوانەیە بەسەرمان بشکێتەوە و دەنگێکی زۆر بداتەوە. تائێستا نەمان توانیوە ئەم کێشەیە بە تەواوەتی چارەسەر بکەین. چەندەها لیژنەمان دروست کردووە، من ڕێزم هەیە بۆیان کە بەراستی خۆیان ماندوو کردووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەنجام و هەتا ئێستا ماوەتەوە. هیوادارم لەکابینەی سێیەم ئەم کێشەیە چارە سەر بکرێت. وەک د.کەمال، فەرمووی لە هەموو دانیشتنێک دا، کەحکومەت ئامادە دەبێ دەڵێین، خانووەکان چی بەسەر هات . بەش بەحاڵی خۆم لەدەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر مۆڵەتم بدەن لەلایەنی ئەوانیشەوە قسە دەکەم، بەراستی پێمان خۆش نییە کە ئەندامێکی پەرلەمان یەک مانگ چاوەڕوانی ئیمزایەک بکات ،مافێکی سروشتی خۆیەتی کە بۆیان بکرێت. چونکە بڕیارێکتان داوە کە ئەو خانووانە سەر بە وەزارەتی داراییە، و ئەبێ ئەوان چاکی بکەن یا بیپارێزن . ئێمە بڕیارمان دا ئەو برادەرانەی کە دەچنە ناو خانووەکانەوە، هەندێ پێداویستیان دەوێ کە خەمڵاندرا بە پەنجاهەزار، ئێمە کردمان بەشەست هەزار، بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان دابین بکرێت ،کەدەچنە ناو ئەو خانووانە . هەر چەندە پارساڵ ئێمە لەبودجەماندا ئەوە نەبوو. سەبارەت بەوەی کە کاک د.ئیدریس، باسی کرد مەسەلەی بەداله ئەوە شتێکی باشە .کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێـز ئەیـاد حـاجی نـامق مـجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

من پێم وایە حسابێکی ئامێرەکانی ئەلکترۆنیش بکەین. دەزگایەکی (مایکروفلیم) مان، پێویستە بۆ پەرلەمان بۆ ڕێکخستنی کارەکانمان. هەروەها پێویستمان بەئامێری فۆتۆکۆپی، جۆری نوێ هەیە، چونکەئێشمان زۆر بە ئامێری فوتۆکۆپییە. ئەگەر بکرێ بۆهەر فراکسیۆنێکیش، یەکێک تەرخان

بکرێ زۆر باشە، لەوانەیەئیشی ئیدارەش کەم بکاتەوە .هەروەها ئامیرێکی ئەلکترۆنی تەلەفۆنەکانی ناوەوەی پەرلەمان مان ئەوێ، ئەویش پێویستی بە پارەیە هەیە، چونکە هەموو رۆژێک تەلەفۆنەکان لەتێک چوون دانە. من یەک تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی کە گوتم تەخمینی شتەکان بەپارەی دیناری عێراقی بکرێ، لەبەر ئەوەیە من چاوم لەزەرەرەکەیە. واتە ئێستا بڵێین دۆلار بە (٣) دینارە ئەگەر نرخی دۆلار بێتە خوارێ، ببێتە دینارو نیوێک، ئەوا ئێمە لەوجیاوازی (١٦٠) هەزار دۆلارەکە دەکاتە چوار ملیۆن هەشت سەد هەزار دینار، کەجیاوازیەکەی ئەگەر ببێتە (١٥) دینار، دەبێتە دوو ملیۆن وچوار سەد هەزار دینار. راستە ئەو کاتە هەمان نرخی هەیە و بەپێچەوانەکەشی راستە، لەوانەیە دۆلار بەرزببێتەوە ئێمە نەتوانین بەو پارەیە دۆلار بکرین . بەڵام ئەوەی زانراوە دۆلار کەوا رۆژ بەرۆژ بەرەو نزمی دەڕوات بەحوکمی ئەوەی نەفتی عێراق دەردەچێ بەهەر شێوەیەک بێ، جا من حیسابی ئەوەم کرد بۆیە من گوتم دۆلارەکە دیناری بەرامبەر دابندرێت ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی دەربارەی ئەم خانووانە ئەگەر مۆڵەت بدەن من هەندێ تێبینیم هەیە. سەبارەت بەو خانوانەی کە هەندێ برادەرانی پەرلەمان چوونەتە ناوی، هی وا هەیە ئەوە دوومانگە کەشف چۆتە سەری لەلایەن ئەو لیژنەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران ەو نێردراون ،هەموو حسابێکی تەواو بووە ،لەسەر ئیمزایەک ماوە کەبنێردرێت بۆ وەزارەتی دارایی .بۆ نموونە : مامۆستا محسن، کاک سیروان کاکەیی، کاک مەلا محەمەد ئەمین، (٣٥ .٤٠ )رۆژە ئیشەکەیان دواخراوە، لەسەر ئیمزایەک ، بەمەرجێک لیژنەی خۆیانە و خۆیان ناردوویانە. بەراستی ئەوە بەشتێکی نارەوا دەزانم، هەندێ لەبرادەران ئێستا وەکو خانووی شاخ یاخود هی لادێ هەر یەکە قاپێکیان داناوە لەبەر دڵۆپە نەوەک ئاو بێتە سەر شتومەکیان. بەراستی حەق نییە ئەندامانی پەرلەمان خانوویان نەدەنێ، یاخود کەخانوومان ئەدەنێ وا رەزیلمان مەکەن . هەموو رۆژێ بچین بۆ لای «حەسەن طەویلە» ، نازانم چی یە لەئەنجوومەنی وەزیران بەئارەزووی خۆی ئەجوولێتەوە، ئەیکات یان نایکات .حەز دەکەین کەمێک رێز بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەبێ، یاخود من بچم داوا لەکاک جوهر، بکەم یان لەکاک نەژاد، بڵێم تەلەفۆنێکم بۆ بکە بۆ فلان کەس ئەو ئیشەم بۆ بکات، واتە بەراستی ئەوە حەق نییە. کەمێک چاودێرێ ئەندامانی پەرلەمان بکەن وئەگەر خانوویان نادەنێ بڵێین خانوو نییە، ئەگەر خانووش هەیە حەق وایە بۆمان چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەی گواستنەوەی خانووەکان، بۆ سەر پەرلەمان لەبەر هیچ شتێ نییە. لەبەر ئەوەیە

کەئەندامانی پەرلەمان لێرەن هەموو کاتێ دەنگیان دەگاتە لای ئێوە و، دەتوانن بگەنە لای ئێوە. هەر برادەرێک بێتە جێی ئێوە لەداهاتوودا، هەمیشە دەتوانن بچن بۆ لایان سکالای خۆیان بکەن، هەرچەندە بۆ من وانییە، بەلام بۆ برادەران وەکو باسی دەکەن، زۆر جار فەرمانبەرە بچوکەکان لەوێ رێگا لەئەندامانی پەرلەمان دەگرن، ناهێلن ئیشیان بۆ بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ عەفان، فەرمو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوی کاک ئازاد وتی ،حەزدەکەم زیادی بکەم ،سەبارەت بەو خانووانە .ئەم خانووانە اهلی نییە کە کرێ چی لە سەر حیسابی خاوەن ماڵ چاکی بکاتەوە ،تا ئێستا دیار نییە کە کێ بە چاک سازی ئەم خانووانە هەڵدەستێ.پێویست بوو لیژنەیەک هەبێ کە ئەم خانووانە وەربگرێت ، وا بۆ ئەمرۆ بۆ (٣) مانگ و (١٠) رۆژە، واتە (١٠٠) رۆژە، ئێمە خەریکی چاک کردنی خانووین بەڵام بە کردەوە تا ئێستا هیچمان نەکردووە، بەپارەی خۆمان کارەبامان چاک کردووە، پەنجەرەکانمان چاک کردووە، بەپارەی خۆمان گیزەرمان چاک کردووە،و دەیان گرفتی تر .سوپاس .

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرفەتێکی باشە کە باسی بارودۆخی نائاسایی ئەندامانی پەرلەمان بکەم . هەندێ شت زۆر پێویستن کەبەداخەوە تائێستا نەکراون. یەک لەوانە ئەوە بوو کەکاتێ خۆی ئێمە هاتینە لای بەڕێزتان، وەکو سەرۆکایەتی هەردوو لیست، داوامان کرد کە داینەمۆیەکی کارەبایی گەورە بکڕن بۆ ئەو خانووانە. چونکە خۆتان دەزانن بەراستی کارەبا لێرە نییە، ئەندامانی پەرلەمان دیارە راپۆرتیان هەیە ،نووسینیان هەیە، خوێندنەوەیان هەیە.لەم رووەوە گوزەرانمان باش نییە. بەراستی خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەتەواوەتی رۆژنامەکانیشم بۆ ناخوێندرێتەوە، چونکە کارەبا وەکو پێویست نییە. بڕیاریش وەرگیرا، جەنابتان ئامادەیشتان نیشان دا وەک سەرۆکایەتی، کەنیوەی ئەو پارەیە بدەن و حکومەت نیوەکەی تریشی بدات، بەلام تائێستا نەکراوە، ئەمە یەک. دووهەم، مەسەلەی «زێراب»ی ئەو خانووانە، کە بووەتە دەردێ ئێستا. ئێمە لەگەڵ جەنابی کاک ئەحمەد سالار، وکاک سیروان کاکەیی، بڕیارمان دا، خۆمان ئەرکی پاک کردنەوەی بگرینە ئەستۆ. چەن جارێک ئێمە هەر لەسەر حسابی خۆمان پاکمان کردۆتەوە. بەراستی کەس خۆی بەخاوەنی ناکات وپاک ناکرێتەوە، یان ئەبێ خانووەکە چۆڵ کەین، یان بەراستی بە کەڵکی ئەوە نەماوە کە لەو خانووانەدا دا نیشین. بابەتێکی تر هەیە حەزم کرد کەوا ئاماژەی بۆ بکەم و گلەیش بکەم، لە

کاتی خۆی پێش ئەوەی کە ئێمە جێگیر بین لە ناو ئەم خانووانە دا، چەند پۆلیسێک مان لە ناویاندا دانابوو، بەڵام بە بێ مووچەو یارمەتی ، پێیان ووتین کە دوای ئەوە چارسەری دەکەین، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هیچ نەکراوە، خۆم شخصیا (١٣) هەزاردینارم هاتبۆوە سەر دیارە یارمەتێکی خۆمیشم لەسەر دانا. هەروەها مەسەلەی پەرژینیش ئێمە تا ئێستا چەند جار لێرە لەپەرلەمان داوامان کردووە ، پەرلەمان ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دارایی، تەنانەت من خۆم خەریکی ئەم ئیشە بووم چووم بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەڵێن پارەی بۆ تەرخان نەکراوە، نایکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کێشانەی کە برادەران باسیان کرد، زۆر راستە سەبارەت بەو کەسانەی کە خانوویان هەیە ،ئەی ئەوانەی کە خانوویان نییە؟ بۆنموونە من خانووم نییە، راست وایە کە بیرێکیش لە ئێمە مانان بکرێتەوە ،چوونکە بەراستی ژیانمان لەمەترسی دایە، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە بابەت ئەوە نییە، چونکە بابەت هەر لەسەر خانووی پەرلەمانیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرفەتمان بدەن بۆ ئەوەی ئەم بابەتانە کۆتایی پێ بێ .پاشان بابەتەکان تاوتۆ دەکەین ،و باسی لەسەر دەکەین ،هیچ کێشە نییە ،سوپاس .

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت مەبەستی منت نەزانی ، شەفیقە خان باسی کرد وجەنابیشت،ئاماژەت بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر بتوانین «دار ضيافه»یەکیش، زۆر باشە هەم بۆ حەسانەوە، هەم بۆ میوانداری پەرلەمانیش و، پاش هاتنی ئەندامانی پەرلەمانی «بریتانی» ، دەبێ زۆر بە باشی هەوڵ بۆ ئەم مەبەستە بدرێ، جا ئەگەر بودجەیەک تەرخان بکرێ شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ مزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوخانووانەی پەرلەمان بەراستی ئەگەر بێتو بڕیارەک وەرنەگرین، ئەوا هیچمان پێ

ناکرێ. جەنابی مامۆستا، دەڵێ ئەوە پەرژین بکرێ، یاخود موەلیدەی کارەبای بۆ دابین بکرێ، بەراستی ئێستاکە (٦٠٪) ی خانووەکان چۆڵ کراون، ئەوی دیکە کەس نازانێ کێی تێدایە، و ناکرێ بە ئاسانی دەریان بکەین. ئەگەر بێتو بڕیارێک وەرگرین بۆ ئەوەی هەندێ پارەیان بدەینێ و پاشان دەریان بکەین، ئەوا ئەوتووانین دەریان بکەین. ئێمە پێمان وتن (١٠) هەزار دینارتان دەدەینێ ئەو خانووانە چۆڵ کەن، یان ئامادەینە کرێی ساڵێکتان بۆ بدەین ئەگەر خانووەکان چۆڵ کەن، هیچ کەسێک گوێی نەداینێ. یەکێ دەڵێ من جامم تێخستووە، ئەو دەڵێ چاکم کردووە. بەراستی پێویستە حیسابی ئەوەش بکەین و چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە و ئێستا بڕێکی پارە دیاری بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی پێیان چۆڵ بکەین. هەروەها پێویستە موەلیدەکیش بۆ بینایەی پەرلەمان دابین بکەین بۆ کاتی بێ کارەبایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم حیسابی موەلیدەی ئێرە کراوە. با بێینەوە سەر مەسەلەی ژمارەکان، با سەرەتا ئەو ژمارانە تەواو کەین، پاشان دێینەوە سەر دووسێ خاڵ کە ئێستا باستان کرد، وئەگەر پێویستی بە «تخصیصات»، بوو ئەو کاتە حەز دەکەن، بڕیارێکی لەسەر دەدەین، بەڵام گرنگ نییە باخاڵەکان تەواو کەین. گەیشتینە خاڵی (التحویلە).

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(صیانە الموجودات) (١,٦٣٠,٠٠٠) ئەمە دەستکاریمان نەکردووە. وەکو خۆی ماوەتەوە وهیچ پێشنیارێکیش نەبوو کەزیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە وەکو باس کرا بۆ ئەوەیە کە ئەگەر پێویست بوو گۆڕانکاری بکەین، بەتایبەتی بۆ خانووەکان وهەندێ پرۆژەی تر کەئێستا باس کران. پاشان هەر لێرە بڕیارێکی لەسەر ئەدەین. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ، پەسەند کرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(نفقات التحویلیە) (١١٠) هەزارە دەستکاری نەکراوە، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاستان دەکەین، بەتێکڕایی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی تایبەت (٥٠٠) هەزارە، بێ دەستکاری وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم خاڵە، نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی گشتی بودجەی پەرلەمان (٣١ر٥٦٩ر٠٠٠) دیناری عێراقیە، لەگەڵ (١٦٠) هەزار دۆلار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بودجەیە وەکو خۆی کە باسمان کرد، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ بودجەی پەرلەمان پەسەند کرا بۆ ساڵی ١٩٩٥، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی، کاک ئازاد ،دەربارەی بودجەی پەرلەمان کە ئاماژەی بۆ کرد ئێمە حەزدەکەین بیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان . بەراستی بودجەی پەرلەمان وادەزانم لەیەکەم ڕاپۆرتیشدا، لەڕاپۆرتی یاسای تایبەتی پەرلەمان ئاماژەی بۆکراوە، کە بودجەی پەرلەمان ئەبێ تەرخان بکرێ و تایبەتمەندە بەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە. کێشەی ئەم چەند ڕۆژە شتێکە لەوانەیە هەموومان پێی دڵگران بین. کە ئایا مووچە هەیە، نییە .سەرۆکی پەرلەمان ئەبێ داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بکات، وەزارەتیش بۆ بانقی هەرێم. خۆی لە بنەڕەتدا ئەو پارەیە تەرخان کراوە کە پەیوەندی تایبەتی بەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەیە، پێویست بەوە ناکات مانگانە نووسراو بکرێ بۆ وەزارەتی ئابووری و بانقی هەرێم. ئێمە حەز دەکەین ئەوە بخرێتە پێش چاوی بەڕێزانیش بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئەم بابەتە ڕوون دەکەمەوە. مەسەلە مەسەلەی حکومەت وپەرلەمان نییە ،بەڵکو مەسەلەیەکی یاساییە. یەکەم جارە لێرە باسی دەکەم بەگشتی و لەگەڵ برای عەزیزم کاک نەژاد، پێش ماوەیەک باسم کرد. جەنابی وتی بۆ بە منت نەگوتووە، سوورم لەسەر بابەتەکە. باوەڕبکەن باسم نەکردووە. ئەوا چوار مانگە هەندێ شت بۆ ئێمە خەرج ناکرێ، ئەمە بەراستی

شتێکی باش نییە. لەبەر ئەوە دەڵێین ئەو شتانە دەرباز نابێ لەرووی یاساییەوە. هەمووتان ئاگادارن یاسا روون و دیارەو چییە تەنانەت لەرووی دەستەڵاتیشەوە . دەسەڵاتیش روونەکە چۆنەو چی دەڵێت. بەبڕوای من ئەمە جیاوازییە، کار دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان هەردوو ئەنجوومەن. بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بودجەیەکی سەربەخۆیە، و نابێ بکەوێتە ناو هەندێ مەسەلەی رۆژانەی ئێمەوە ،ئەوە رای منە و لەگەڵ وەزیری ئابووری و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا باسم کردووە. کێشەکان وا چارەسەر ناکرێن. ئەگەر هەردوو حزب کێشەوگرفتیان هەبێ، نابێ ئێمە بەشێوەیەکی دیکە دەری ببڕین، ئەوە کاردەکاتە سەر کارەکانمان بە گشتی. چونکە ئەمە لە رووی یاساییەوە دروست نییە، هەموو جارێک پەرلەمان داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابوری بکات و نووسراوی بۆ بکات و ئەویش فەرمان دەرکات کە بۆ نموونە ئەوەندە پارە بڕوات بۆ حیسابی پەرلەمان. جاری وا هەیە لەسەر هەندێ مەسەلە نزیکەی هەفتەیەک راوەستاوین .لەکاتێکدا کە بودجەی ئێمە موصەدەقە و پەسەند کراوە، ئەو دۆلارەی کە هەبووە وهەیە وخەرج کراوە لای ئێمەوە، لە دوای دوومانگ هاتۆ چۆکردن وتکا کردن، پاشان خەرج کرا. بۆیە من دەڵێم ئەم پەیوەندییە دیاریکراو بێت ولەپەرلەمان بڕیارێکی روون و ئاشکرا دەربچێت و رزگارمان بکات لەو جۆرە مامەڵە کردنە کەشتێکی دروست نییە و تووشی کێشەمان دەکات. لێرەدا بەراستی مەبەستم پلەو پایە وهەیبەتی ئەم پەرلەمانەیە، بە پرۆتۆکۆلیش بێت، لەسەر کاغەزیش بێت، دەسەڵاتێک بۆی نییە لەسەر بەسەر دەسەڵاتی پەرلەماندا خۆ بسەپێنێ .

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بۆ پەرلەمان دانراوە ولێرە بڕیاری لەسەر دراوە، بێینە سەر حسابی پەرلەمان پێویست ناکات بەدرێژاییساڵ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی. ئەوبودجەی کە دانراوە بۆ پەرلەمان ، بەپێی پێویستیەکانی خۆی ئەو پارانەی کەوا پێویستی پێیەتی، رای ئەکێشێت و، هەموو شتێکیش بە حیساب وکتابە، پێویستە هەوڵ بدەین کە لەئێستا بە دواوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئەم کێشانە هەنە، بەڵام دەبێ چارەسەری بکەین، هەروەک وتم ئەمانە پەیوەندیی بە هەیبەتی پەرلەمانەوە هەیە.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبڕوای من ئێستا بڕیارێکی بۆ وەربگیرێ، کەهەر کاتێ سەرۆکی پەرلەمان پێویستی بە پارە

هەبوو، راستەوخۆ ئەو پارەیە لە بانک رابکێشێت، و پێوستی بەوە نەبێ کە چەک بنووسێ بۆ بانق و لە ژێرکۆنترۆلی خۆی دا بێت. هەروەها مەسەلەی خانووەکانی پەرلەمانیش چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو بابەتە دوو مەسەلە هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایەکەس نارازی نییە لەسەر ئەو دووخالانەی کە هەیە و جێ بەجێ کراوە، هەموو کۆکین، بەلام پێشنیارەکە چییە؟ وچۆن بخرێتە روو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە بەم شێوەیە بوو، مەسەلەی خانووەکان ئەوانەی پەرلەمان بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان و پەرلەمان خۆی لێی بەرپرس بێت، ئێوەش لەگەڵ ئەوەن. ئەوە پێویستی بەپرۆژیەکە کە بدرێ بە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاسا خۆیان لێرەن، ئەگەر پێیان بکرێ هەر سبەی بۆمان ئامادە بکەن. بابەتێکی تر ئەوەیە هەروەکو کاک د.کەمال، فەرمووی ئەلێ: دەقێکی یاسایمان پێویستە و دەبێ بڕیارێک بۆ بودجەکە دەرچێ، بۆ ئەوەی کە ئەو بابەتە چیتر پێویستی بە ڕۆتین نییە، ئەگەر کۆکن لەسەری با لیژنەی ئابووری دەقێکمان بۆ ئامادە بکات.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێکم هەیە ،بەداخەوە لیژنەی یاسا لێرە نییە. لەکاتی خۆی دا کەخانووەکانمان گەڕاندەنەوە بۆ وەزارەتی دارایی ئەوە باس کرا کە ئەو شتانەی کە لە خانووەکەدان هی وەزارەتی داراییە. وابزانم هەر لەسەر ئەو بنەمایە وابڕیار درا کە هی وەزارەتی داراییە. بەلام بێجگە لەوەزارەت و ئەندامانی پەرلەمان بۆ کەسی تر تەرخان ناکرێ بڕیارەکە لەسەر ئەو بنچینەیە درا. پاشان حەزدەکەم لە پیاچوونەوەی بڕیارەکان کەمێک بە قوولی لێکی بدەنەوە. ئەمە لانێک. لایەنی دووەم، دەربارەی تەرخانکردنی پارەیە. هەروەک کاک د.کەمال، ئەلێ: کار نادرێتە دەست کەسێک کە لێی بزانێ. من پرسیارێکم هەیە لێرە لەلایەنی داراییەوە، کە بودجەی حکومەت کەبودجەیەکی تێرە، بەشێکە لەبودجەی حکومەت بەپێی یاسا تەرخان دەکرێ، ئایا ئەو پرۆژەیەی کە تەرخان ئەکرێ بۆ هەموو وەزارەتێ وهەروەها بۆ پەرلەمانیش هەموو پارەکە ئەخرێتە بانقەوە لەحساباتەکانیانان دا یاخود بەپێی ئەوداهاتە ئەوە تەرخان دەکرێ ئەلێ وەزارەتی پەروەردە (٤٠) ملیۆنە با بخرێتە بانقەوە ئەو ڕۆژەی کە بۆی تەرخان ئەکرێ بلێ ئەوە چل ملیۆنەکەی تۆیە، یان

ئەوە (٣٠) ملیۆنەکەی پەرلەمانە یان ئەوەیە، واتە من وەک لایەنی دارایی پرسیارم بۆ برادەرانی ئابوورییە ئایا ئەوەیە یاخود ئەوەی کە تەرخان کراوە؟ پەرلەمان حەقی هەیە لەناو ئەوە بەپێی تەرخان کراوی مانگانە پارە لە بانق سەحب بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک نەژاد و منیش کە ئابووری ناسێکم بای ئەوەش ئیشم کردووە، لەلایەنی ئابوورییەوە ،بەپلەی یەکەم ئەوە مەسئولیەتی منەو مەسئولیەتی جەنابتە. کاک دکتۆر سلاح ،کاتی خۆی وەزیری دارایی بوو. لەگەڵ کاک د.ڕۆژیش هەمان شتمان هەیە. بودجەکەی ئێمە بکەن بەچەند قیستێک .بەشی ئێمە بنێرن بۆ بانقی هەرێم یان بانقی ئاراس. ئێمە تائێستا کێشەمان نەبووە. بەڵام ئەوەی کە کردوومانە لەم دواییەدا، بەشێوەیەکی ڕێک و پێک نەبووە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەموو جارێک دەبێ نووسراو بکەین بۆ بەڕێوەبەری دارایی ، ئەوجێ بە جێی بکات. جاری حەفتەیەک یان (١٠) ڕۆژ چاوەڕوان دەکەین ،تاکو جەنابی ئیمزایەک دەکات و دەینێرێت بۆ بانق. ئەوە مەسەلەیەکی بیروقراطیە ودروست نییە. بەڵام من دێمەوە سەر ئەوەی تر، کەس ناڵێت ئەمرۆ هەموو بودجە بچێتە بانقێک، یادوو یا سێ، چەندە کەحسابی ئێمەی تێدایە، پێویستیش ناکات ئەو داوایەش نەکراوە.بەراستی پەسەند نییە کە، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، حساباتی دەسەڵاتی ڕاپەراندن ڕابگرێ .لە دونیادا ئەوە قبوڵ ناکرێ. بۆچی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی خۆی بەکار دێنێ مووچەی وەزیرەکان دەدات مووچەی فەرمانبەرانی ئەنجوومەنی وەزیران دەدات، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان دەبێ چاوەڕێی بکەن وفەرمانبەرەکانیشی دەبێ چاوەڕێی بکەن، فەرمانگا هەموو چاوەڕێی بکەن، ئەم کارە کارێکی دروست نییە، ئێمە ناڵێین دەبێ بەیەک جار (٣٠) ملیۆن خەرج ببێ ، دەڵێین ئەو حساباتەی کە سەربە ئێمەیە، بانقی هەرێم هەیە، ئێمە ئیشی لەگەڵ دەکەین، لەگەڵ حسابی خۆمان پاشان مانگی ملیۆنەکی لێ ڕادەکێشین دووی لێ دەردەکەین. ئەو ڕاکێشانەی ئێمە دەمانەوێ، دەبێ لەحسابی ئێمەدا هەبێ کەپەسەند کراوە. وەزارەتی دارایی لەسەرێتی چۆن دابەشی دەکات، لەگەڵ ئێمە حەز دەکات دابنێشی ،مانگی دوو ملیۆنمان بداتێ، یان سێ ملیۆنمان، بۆدابین بکات یان چوار ملیۆنمان بۆ تەحویل بکات. ئەوەبە ئارەزووی خۆیەتی. بەڵام نامانەوێ ڕابوەستێن بەرامبەر بە بەڕێوەبەرێکی گشتی، بەرامبەر بەبریکاری وەزیرێک، بەرامبەر بەوەزیرێک، سێ چوار ڕۆژ، هەفتەیەک، دوومانگ، تەنها لەبەر ئەوەی ئیمزایەک دەکات، ئەمە شتێکی ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی دەبێ ڕاستی بکەینەوە و نەبێتە کێشەیەکی گەورە .

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە کاک جوهر، جەنابت بابەتەکەت وا لێ کرد ،کە کێشەکە لەنێوان من وتۆ دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر،وانییە ، ئەم گووتوە کێشەکە لە نێوان من و تۆ دایە .

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لەبنەڕەتدا جیاوازی نییە لەوەدا ، بەڵام خستنەرووەکە وادەردەخا ، لەوانەیە هەندێ ئەندام وا تێ بگەن کە (٣١) ملیۆن، چل ملیۆن، تەرخان کرا بخرێتە بانقەوە، من ویستم ئەو لایەنە روون بکەمەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ کاک جوهر تەنها یەک ناکۆکیم هەیە ، ئەویش ئەوەیە: **کە لە قسەکانیدا دەڵێ کێشەکە** بۆ منە ، بەڵام لە راستیدا ، هی من و ئەوە ، هەروەها دەڵێ من قبووڵ **ناکەم، بەڵام باشتر وایە بڵێ** :قبووڵ ناکەین، چونکە بە تەنها ئەمە کێشەی ئەونییە ، بەڵکوو بە **پێچەوانەوە هی هەردووکمانە.**

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا قسەکانم هەمووی کران، هیوادارم کە ئەم **کێشەیە چارەسەر بێت. گرفتی ئێمە لەو** پەری ناخۆشیدایە .بەراستی ئەندامێکی پەرلەمان **شایستەی ئەوە نییە کە وا لە لایەن** فەرمانبەرێکی سادەوە ،کێشەی بۆ دروست بکرێت و **لێی بپرسێتەوە و رێگەی پێ نیشان بدات .** ئێمە شەرمان بەخۆمان دێ نەک وەکو ئەندامێک، بەڵکو وەکو مرۆڤێک رێزمان لێ بگیرێت .لەبەر ئەوە تکامان وایە کە بە زووترین کات چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت .سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئێوە ماوە ئەو بڕیارە بدەن، ئێمە لەسبەینێوە دەستی پێ دەکەین، کێشە نییە.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدوواداچونێکم لەسەر قسەکەی کاک نەژاد هەیە ، کە گوتی ئایا یاسا ماوە دەدات موڵکایەتی وەزارەتی دارایی بێت؟ وەکو بڕیارمان داوە کاتی خۆی موڵکایەتی هی ئەو بێ، بەڵام چوونە ناو ئەو خانوانە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بێ، ئێستا لەم هەولێرە لەسنووری (٧٥٠ - ٨٠٠)خانوو هەیە.هەروەها لەهەموو کوردستانیش هەیە. ئەوەی ئێمە لەئامار ئاگامان لێی بێت، ئەشغال - پەروەردە - تەندروستی - زانکۆ و ئیدارەی خۆجێیەتی ،خانوویان هەیە ،سەربەخۆیانەو فەرمانبەری خۆیشی تێدایە ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە دامەزراوەکان هەنە، خانووی خۆیان هەیە،بۆنموونە زانکۆ، کارگەی چنین و ...هتد .پەرلەمانیش مافی خۆیەتی وەکو ئەوان کەلەوانیش بالاترە،کۆمەڵە خانوویێک بەناوی خۆی تۆمار بکات. بەلام لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەبیرم دێ لەکابینەی یەکەم فەرمانێک دەرچوو،خانوو و دامەزراوەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن و راپەڕاندن (تشریعی و تنفیذی) بەناوی وەزارەتی داراییەوەیە. بەلام ئەوە، ئەوە ناگەیەنێ کە بڕیار لێرە دەدرێ لەپەرلەمانەوە، بۆ گەراندنەوەی خانووەکان بۆ پەرلەمان، ئەمە ناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئاسانە و دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر کەس گوتیان مەیکەن، بەلام بەقسەمان نەکردن، کاتی خۆی بۆچوونمان بەشێوەیەکی تر بوو، جا لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو. بۆ ئەو دووخالەی کەباسمان کردن،دوو پرۆژە ئامادە کراون، دەیانێرین بۆ لیژنەی یاسا، زوو بۆمان بنێرنەوە بۆ ئەوەی پێش کۆتایی ئەم بارودۆخە رزگاربین. سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ، سبەی کاتژمێری (٣)ی ئێوارە لێرەبن ،چونکە ئومێد وایە کەئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکرێ وبڕوای پێ بدرێ، زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢١)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٢/١٢/١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢١)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٢

***كاتژمێر (٣)ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- بروا دان بە كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان.***
***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات. وەكو پێتان ڕاگەیەنرابوو قەول بوو ئەمڕۆ سەعات (٣) ئەم دانیشتنە دەست پێ بكرێ، تەنها یەك خاڵیشمان دیاری كرد بوو كە لەبەرنامەی ڕۆژانی پێشووشدا چاوەڕێی بووین، ئەم خاڵەش بروا دان بوو بە كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەبەر ئەو باردۆخەی دوێنێ و پێرێ و ئەمڕۆش وای كرد ئەم خاڵە دوابخرێت، لەم بارەیەوە دوو ڕا هەبوو، ئێمەش پێش نیوەڕۆ دانیشتنێكی بچوكمان كرد لە نێوان هەردوو ئەنجوومەن و برایانی مەكتەبی سیاسی هەر دوو لا لێرەن و، دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونی یەكەم ئێمە بۆچی بروا نادەین بەكابینە ؟!، بۆچوونی دووەمیش لەبارەی بارودۆخی ئێستاوەیەكە لەوەیە نەتوانین ئەم خاڵە ئەنجام بدەین و. پێرێ و دوێنێ شتێك گەلاڵە بوو و، بوو بە بڕیارێك لەبۆ ئەمڕۆ كە هەردوو بەڕێزان كاك مەسعود و مام جەلال تەشریف بهێننە ئێرە، لەكاتی بڕوا دان بە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی زیاتر لە نزیكەوە هەم ئەندامانی پەرلەمان و هەم كابینەی سێیەمی حكومەت و هەم خەڵكیش پشتگیری تەواو لەم حكوومەتە یان لەم كابینەیە بكەن، بەڵام لەبەر باردۆخی ئێستا مام جەلال نەیتوانی سلێمانی بەجێ بێڵێت، چونكە دیارە لەوێ بەدوای وەزعەكەدا دەچنەوە، بەڵام لەڕاستیدا دوێنێ بەتەلەفۆنیش قسەمان لەگەڵدا كردو وتی ئەگەر بتوانم و بكرێت ئەگەم، ئەگەر بۆ سەعاتێكیش دوابكەوێت گرفت نییە، بەڵام دیسان جەختی لەسەر ئەوە كرد كە ئەگەر بۆی بكرێت لەوانەیە

سبەی بتوانێ ئامادەبێت، یان هەر کاتێک دێت ئێمە هەر دانیشتن دەکەین، جا وەزعەکە ئێستا بەو شێوەیە بەچارەنەکراوی ماوەتەوە، هەموو لایەکیش هەوڵ دەدەین بەڵکو بەزووترین کات کابینەی سێیەم دابمەزرێت و بڕوای پێ بدرێت و بکەوێتە ئیش، لەراستیدا ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆچوونێکمان هەیە لەبارەی ئەم وەزعەوە، وابزانم نەک تەنها ئەندامان لەوانەیە خەڵکانێکی زۆری تریش لەو قەناعەتە بن کە چەند زوو بڕوا بدرێ بە کابینەی سێیەم و بکەوێتە ئیش لەوەیە کاریگەری ئیجابی زیاتر هەبێ لەسەر ئەم بارە، چونکە ئێستاکە هەم حکومەتمان هەیەو، هەم حکومەتمان نییە، ئەو بەرێزانەی کە وەزیر بوون بەرەسمی بوو دوێنێ وابزانم دوا کۆبوونەوەیان کرد کە وەکو بڵێین خوا حافیزیان کرد، ماوەیەکە وەزعیان بەو شێوەیە بە(موعەلەقی) ماوەتەوە، ئەوانەی تازە دەستنیشان کراون ناوەکانیان بەرەسمی هاتووە بۆ پەرلەمان تەنها ماوەتەوە بێنە پەرلەمان سوێند بخۆن و دەست بکەن بەئیشوکاری خۆیان، لەبەر ئەوە خاڵی یەکەم دیسان دوادەخەین و، دێینە سەر خاڵی دووەم، ئەویش تازە بابەتە ئێمە لە هەموو دانیشتنێک تازەبابەتمان هەیە، ئەگەر چ پێشنیارێک هەبێت ئێمە ئامادەین گوێی لێ بگرین، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عــەدنان مــحــمــد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر ماوەم بدەی قسەکەی من تازە بابەت نییە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دانیشتنێکمان کردو، کۆمەڵە پێشنیارێکمان هەبوو لەم بابەتەدا، لەراستیدا چاوەڕێی برایانی بەڕێزم (د.کەمال)و (کاک ئەیاد)م کرد، دیارە ئیشوکارەکانیان وای لێکردن کەوا دواکەون، بۆیە من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەڵوێستمان یەکە لەبارەی ئەم بابەتە و ئەگەر بەڕێزتان ماوە بدەن، ئێمە لەبارەی ئەو بابەتە چەند قسەیەک بکەین و چەند پێشنیارێکیشمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادام ئەم مەسەلەیە بووە بابەتێک کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوە دەبێتە تازەبابەت، جا ئەگەر تازە بابەتە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کارەوە؟.

**بەڕێز عــەدنان مــحــمــد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من بۆیە ناوی نانێم تازە بابەت، . چونکە مەسەلەیەکە کە پەیوەندی هەیە بە چارەنووسی میللەتێک و وڵاتێک، بەراستی من وای بۆدەچم زۆر لەوە مەزنترە کە لەژێر ناوی تازە بابەت باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڵێ، بەڵام لەسەر چ بنەمایەک بیخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە؟ پەرلەمان بەرنامەی هەیە.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەو ماوەی کە باسی کابینەی سێیەم دەکرێت، کە گومانم هەیە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ ناکرێت، ئینجا ئەگەر بابەتێکی تر هەیە با باسی بکەین، چونکە بڕواپێدانی کابینە قسەی لەسەر ناکرێت، بابەتێک هەبێت باسی بکەین و بیکەینە خاڵێک، بۆ ئەوەی بکەوێتە بەرنامەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لاری نییە، با تازە بابەت بێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جا ئەگەر زەحمەت نەبێ بابەتەکە چییە؟ بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی ئەو هەل ومەرجەی کە ئێستا کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ، ئەوە پێشنیارێکە لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە، دەربارەی بارودۆخی ئێستای کوردستان کە باسی بکەین، داوا دەکەن کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە، ئێمەش دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کارەوە، سوپاس. جا کاک عەدنان ئێستا فەرموو:

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من لەراستیدا وشەیەک نابینمەوە کە بتوانم ئەو هەستەی پێ دەربڕم، ئەو کارەساتەی کە لەمانگی(٥)ی رابردوو روویدا، هەموو لایەکمان بەتایبەتی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کەدەوری خۆیان بینیوە وئەرکی سەرشانیان بوو، بۆ ئەوەی ئەو هەل ومەرجە ئاسایی بکەنەوە، کە ئەو کاتە ناومان لێنا شەڕی خۆکوژی، (خۆکوژی) شەڕێکە مرۆ خۆی تێدا دەفەوتێ، بەڵام من دەمەوێ ئەمجارە ناوی لێ بنێم شەڕی میللەت کوژی و قەزییەی میللەت کوشتن، لەراستیدا لای هەموو

لایەکمان ئاشکرایە لە زۆرەها جێ تەقەو ئاشووب دەستی پێ کردووەو بە پێچەوانەی ئەوە کە زۆرەها لەسەرکردەی حزبەکان وایان دەزانی کە جارێکی تر ئەو کارەساتەیان هەڵەیە یان ئەوەی کە ئێمە ناوی لێ دەنێین بەناچاری هەندێ نەفام دەستی پێ دەکەن، یان پەرەی پێ دەدەن، من نازانم بۆ نەفام لە زانا زیاتر بن لە هەموو کاتێکدا؟ من دەمەوێ لێرەدا لەبەردەمی پەرلەمان ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی کۆمەڵێک شتمان هەیە لەگەڵ ئەوەدا ئێمە ئەوپەڕی نارەزایی خۆمان دەردەبڕین لەبارەی ئەم بابەتەوەو هەندێ پێشنیارمان هەیە، پێمان باشە ئەگەر بتوانین باسی لێوە بکەین.

پێشەکی ئێمە کاتی خۆی بەڵگەنامەیەکمان دروست کرد لەم پەرلەمانەو بەتێکرای دەنگ هەموو برادەران بەگەرمییەوە دەنگمان لەسەرداً کە ناومان نا «بەڵگەنامەی پەرلەمان»، کە ئێمە شەڕی برا کوژی کە ئێستا من ناوی لێ دەنێم «شەڕی میللەت کوژی» ئێمە ئیستنکاری بکەین و بەتاوانی دابنێین، داوا دەکەین کە بگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگەنامەیەو جەختی لەسەر بکەین و لەسەر هەردوو حزبە سەرەکییەکەیە بەتایبەتی سەرۆکی حزبەکان بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود کە پێویستە پابەندی پێوە بکەن و هەر لادانێک و پابەند نەکردنێک بەو بەڵگەنامەیە، لەراستیدا ئێمە بە خیانەتێکی نیشتمانیی دەزانین و ئەوەشمان لەناو پەرلەماندا اقرار کرد و بەهەموومان دەنگمان لەسەردا، لەهەمان کاتدا پێشنیار دەکەین کە هەردوولا بەزووترین کات جێبەجێی بکەن و پابەند بن بەو ڕێکەوتنامەیەی کە ناومان لێنا «ڕێکەوتنامەی ستراتیجی» نێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کە هەموو دۆستانی میللەتی کوردن میللەتی کوردیش بەتێکرا چەپڵەیان بۆ لێداو ئافەرینیان لێ کردن، لەهەمان کاتدا ئێمە داوا دەکەین بەناوی پەرلەمانەوە بانگەوازێک دەرکرێ بۆ هەردوو سەرکردە، هەرچەندە دوێنێ لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانا لە هەندێکیان ئەم بانگەوازەمان گوێ لێ بوو، بەڵام بەداخەوە کە هیچی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوەو، ئەنجام نەدراوە، هەر بۆیەش خاڵی سێیەم دێنینە پێشەوە کە دەڵێین داوا دەکەین هەردوو حزب دوو هێز دروست بکەن لەو خەڵکانەی کە رابردوو پاکن و پێشمەرگەن بەماناو بە ڕەوشت پێشمەرگە بن و هەردووکیان خۆیان سەرکردەی ئەو هێزە بکەن، کە ئێستا دیارە لەگەڵ ئەو بانگەوازەش سەر کوتکەری ئاشوب گێران هەروا بەردەوامە بەهۆی ئەو هێزانەوە، بتوانن دەستنیشانیان بکەن و بیانگرن بۆ ئەوەی سزای ڕەوای خۆیان بدرێتێ، لەهەمان کاتیشدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی داوا دەکەین بە زووترین کات بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کە جەنابت باست کرد پڕ بکرێتەوە، بەبۆچوونی خۆم بەبۆشایی دانانێم، چونکە هەر حکومەتێک تا ئەو کاتەی کە حکومەتی تازە دروست دەبێت، مافی خۆیەتی ئیشوکاری خۆی بگێڕێ هەرچەندە ئەگەر خوا حافیزیان لێ کرا بێت و، لایەنە یاسایی ولایەنی مێژوویییەکەی بەرپرسن تا ئەو کاتەی کابینەی سێ دروست دەبێت، لە هەمان کاتیشدا ئێمە داوا دەکەین پەلە بکرێ لەوەی کەکابینەی تازە دروست بکرێ بۆ ئەوەی لایەنی مەعنەوی خەڵکەکەمان

بەلانی کەمی تۆزێک نیگەرانی کەم بێتەوە، لە هەمان کاتدا داوا لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە بۆ جاری دووەمیش هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن بە هەڵوێستێکی ماقوول بتوانن هەڵوێست وەربگرن دەربارەی ئەم بابەتە تازەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەدنان، پێش ئەوەی ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناونووس بکرێن، من یەک دوو تێبینی دەخەمەوە بیری برادەران، لەراستیدا ناوی (تەحریم) هات، (حەرام) کراوە لەبەڵگەنامەی ٧/٢٥ ئێمە (حەرامان) کردووە، بەڵام ئایا جارێکی تر حەرام کردنێکی تری بکەین؟ لە رێکەوتنامەی ستراتیجی لە ١١/٢١ی مانگ (حەرام) کراوە، داواش کراوە وەکو ئاماژەیەکی وا هەیە وەکو یاساش حەرام بکرێت، ئەوە بۆ مەسەلەی حەرام کردن، بەڵگەنامەیەکمان هەیە جەختی لەسەر بکرێت خراپ نییە، بەڵام لەلایەن پەرلەمانەوە حەرام کراوە، خۆ تەحریمی دووەمیش ناکەین؟!بۆیە دەڵێم ئەگەر جەخت لەسەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە هەمانە بکرێتەوە خراپ نییە، بۆ بانگەوازیش وای بۆ دەچم ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە ٧/٢٥ دا مۆرکرا هەر ئەوە بەسە ئایا بەڵگەنامەیەکی لەوە زیاترمان هەیە بیخەینە سەری؟ ئەگەر هەیە بابیخەینە سەری خراپ نییە، چونکە ئەو بەڵگەنامەیە پەیوەندی بەو بارەیەوە هەیە کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین، خاڵی تریش ئێمە لە ٨/١٥ ئەم پەرلەمانە بەرنامەیەکی ئاسایی کردنەوەی رێکوپێکی خستەڕوو خودان کراو لەسەری رۆیشتین. ئایا بەرنامەیەکی ترمان هەیە لەوە باشترە ئێمە زیادی بکەین؟!. لیژنەیەکی باڵای ئاسایی کردنەوە دروست بکرێ، چوار لیژنەی پەرلەمانیمان هەبوو بۆ ئەم ئیشوکارە ئەویشمان هەیە، لەپەرلەمان ئەویشمان کردووە، بۆ بانگەوازیش: ئەم دانیشتنە خۆی بانگەوازە، ئەوە ئێستاکە ئەیلێین خۆی لە خۆیدا بانگەوازێکە، لەراستیدا بەڵگەنامەی ٧/٢٥ جەخت لەسەر کردنی ئێستایە، جارێکی تر بانگەوازێکە ئەوانە هەموو لەلایەن پەرلەمانەوە کراوەو، دوێنێ ئەو بانگەوازەو ئەو بروسکەیەی کە بۆ بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال کراو، کە هەردوو بەرپرسی ژمارە یەکن لەم کێشەیەدا کە ئێستا ئێوە باسی دەکەن، بروسکەکە روون و، بانگەوازێکی توندو رێکوپێک بۆ هەموو لایەک کە ئەوە بکەن، دەتوانم بڵێم ئێستا بارەکە بەرەو باشتر دەڕوات یانی کۆنترۆڵ کراوە لە زۆر جێگادا و پێش نیوەڕۆ تاکو سەعات (١) قەول بوو لیژنەیەکی تایبەتی بڕوا بۆ شەقڵاوەو، لیژنەیەکی تایبەتیش بڕوا بۆکۆیە و تەق تەق بۆ ئەم. بابەتانە لەسەرچاوەوە شت راوەستاوە دوو وەزیرمان ئێستاکە لەوێن بارودۆخەکە تاکو سەعات (١-٢) لەوێ هێمن بۆتەوە و خەریکن چارەسەری ئەم رەوشە ئەکەن، ئەمانە هەموو کراون. فەرموو کاک د.کەمال.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی پشتیوانی لەو پێشنیارانە دەکەم کە بەڕێز جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشکەشی کردن و، هەروەها ئەو روونکردنەوانەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی راستی بێت

لەو بارەیەوە واتە بۆ چارەسەرکردنی باری ئالۆزی کوردستان، تائێستا ئێمە کۆمەڵێ بریارمان وەرگرتووە بەتایبەتی لەچەند مانگێکی رابردوواو ئەو برایانە بەشی هەرە زۆری با بڵێین بەشە هەرە گرنگەکەی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هەتا ئێستا ئێمە کۆبووینەوە تاکو بریاری تازە لەو بارەیەوە بدەین، جا باشتر وایە ئێمە هەوڵ و کۆششێک بدەین و هەموو توانای خۆمان بخەینە کار بۆ ئەوەی بیرێک لەرێگاو شوێنێک بکەینەوە کە چۆن دەتوانین ئەو بریارانە جێبەجێ بکەین و، لەو بارەیەوە پێشنیازمان چییە؟، بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئەتوانین بریارەکانی پێشوومان جێبەجێ بکەین وچی بکەین؟، ئەگینا هەر شتێکی تر بڵێین لەوەو پێش وتومانە هەرچی ئەڵێین وتراوە، من پێشنار دەکەم کە باسی ئەمرۆمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین کە چۆن بریارەکانی پێشووی پەرلەمانمان جێبەجێ بکەین، چونکە ئەو بریارانە دەبێ جارێکی تریش باس کرابێ، بەڵکو چەند جار دووبارە کراوەتەوە لە ٧/٢٥ و ٨/١٥ و ٨/٢٠ و لە ٨/٢١ و هەروەها رێکەوتنامەی پاریس، هەروەها باسکردنی هەموو ئەو رێکەوتننامانەی پێشوو، هەموو بریارەکانی پێشوو و رێکەوتنامەی پاریس لە مانگی (١١) رێکەوتن لەسەر (میثاق تەحالوف) کە لەنێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان باسکراو، ئەگەر ئەوانە جیبەجێ بۆنایە بێگومان ئەو بارە ئالۆزەی کوردستان ئێستا بەو شێوەیە نەدەبوو، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین بەلای کەمەوە هەنگاو بنێین بەرەو جێبەجێ کردنیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە لەکاتی قسەکردندا ئاگاتان لەکات بێت، چونکە ناو زۆر نووسراون، ئەو برادەرانەی کە قسە دەکەن با کەمێک بە کورتی قسە بکەن.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە ئەو بریارەی کە لەکاتی خۆیدا دامان، بریار نەبووە، راگەیاندنی (مەبادئ) بووە لە لایەنی پەرلەمانەوە دەرمان کردووە و شتەکە شانازی پێوە دەکەین، مادەی یەکەم ئەڵێ «ادانـة الاقتتال الداخلي وتحريم اللجوء الى القوة والعنف والارهاب كوسيلة لحل المنازعات والخلافات.. الخ والالتجاء الى وسيلة سلمية وان اى انتهاك لهذا المبدأ من اي جهة كانت تعد جريمة وطنية كبرى بحق مكتسبات شعب كوردستان» ئەوە راستە ئێمە وەکو راگەیاندنی مبادیء کردوومانە، بەڵگەنامەیەکی ترمان هەیە ئەو بەڵگەنامەیەو ئەو رێکەوتنە ستراتیژییەی نێوان دوو هێزە سەرەکیەکەیەو سەرەتا ئەو بەڵگەنامەیە کە لە پەرلەمان مۆر کرا، ئەڵێ «تحريم وتجريم الاقتتال بين الاحزاب والقوى السياسية في الاقليم وبشكل خاص بين الاتحاد الوطني الكوردستاني والحزب الديموقراطي الكوردستاني واعتباره جريمة وطنية كبرى لا يجوز اللجوء اليها بل ويتحتم الواجب الوطني تجريمها وشن حملة فكرية و.. الخ وحل الخلافات وايجاد الحلول السياسية والسلمية لمشاكل والخلافات ويدين اساليب العنف والاقتتال والاغتيال» ئەوە ئەروا ئەگەرێتەوە کە بەڵێن

ئەدەن کە هەموو شتێک بە «الوسائل الودية والحوار والنقاش والانتقاد الاخرى بحيث يغدو حتى مجرد التفكير في اللجوء الى السلاح وهما موحشا ونظرة سقيمة ومكروهة ومجرمة وحتى اذا حدث خلاف او نزاع في محلة او قرية او مدينة فيجب الاسراع في السيطرة عليه ومنع انتشاره وتعميمه كواجب اساسي للقيادتين العموميتين وللاخوين مسعود البارزاني وجلال الطالباني خصوصاً» جا ئێستا ئەوەی کە ئێمە ئەیلێین راستە کە ئێمە لەراگەیاندنی مبادئی پەرلەماندا بلاومان کردۆتەوە و لە بەڵگەنامەو رێککەوتننامەی ستراتیجی لەپەرلەماندا مۆر کراوە، بەلام ئەوەی کە ئێستا ئەبێ بەپێچەوانەی ئەوەیە، راستییەک هەیە کە ئێستا لە هەندێ جێگە ئەو مبادئە بەکار نەهێنراوە خەڵکیش کوژراوە، ماڵ ومولکیش هەیە کە دەست درێژی کراوەتە سەری، ئینجا ئەگەر ئێستا کاک مەسعود و مام جلال بۆیان بکرێت بۆ جەماوەر هەڵوێستێک وەربگرن پەرلەمان داوایان لێ بکات بەزووترین کات هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن، جا ئەوە ئەگەر هەمان هەڵوێست بێ، ئەمە چ گۆڕانکاری نییە لەگەڵ ئەوەی کە لەپێشوودا لە مانگی حەوتدا شتێکی وا وتراوە، هەروەها لەمانگی (١٠) و(١١)ش شتێکی وا وترا، ئەمرۆ دەبینین کە خەڵکێکی زۆر کوژراوە، ئەمە راستییەکە ئەمرۆ کە بازگەی نا شەرعی دانراوە، ئەندامانی پەرلەمانیش لە بازگەکانی نا شەرعی چەک کراون و سووکایەتیان پێ کراوە، بازگەی تر هەیە لە جێگای تر خەڵکی لێ گیراوە، ئەمە راستییەکی تاڵە، دڵ تەزێنە، هەموو خەڵک دەستی لەسەر دڵیەتی، ئایا ئەمە بەرەو کوێمان دەبات؟، ئینجا ئێمەش وەکو پەرلەمان، من پێم وایە هەڵوێستێکی هەبێ بلاوکراوەیەک دەربکات، هیچ ناکۆکیەک نییە لەنێوان راگەیاندنی مەبادیء وئەو راگەیاندنە ئیستراتیجیەی کە لەنێوان هەردوو حزبدا هەیە لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێکی تر ئەبێ بگەڕێینەوە و پرسیارێک بکەین و بلێین کوردستان بەرەو کوێ دەبەین؟ و ئەو بارەودۆخە چییە؟ بەرای من ئێستابەکردەوە شەڕی ئەهلی هەیە لە کوردستان و، پێشێل کردن رۆژ بەرۆژ زیاد دەبێت و بوار ئەدرێت بە ئەوانەی کە دەست درێژی دەکەنە سەر یاسا، گەیشتە ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمان بگیرێ لەبازگەکان و سووکایەتیان پێ بکرێ، ماڵی مام جەلال هێرشی بکرێتە سەری و تالان بکرێت، من بۆ ماڵی مام جەلال ناگریم بەڵکو بۆ خۆم دەگریم کە ئەندامێکی پەرلەمانم بەیانی ئەگەر هاتوو هێرش کرایە سەرم، سەر ماڵی من هەی هاوار بۆ کوێ دەڕۆی؟ نزم بوونەوەی ئاستی ئابووری نیگەرانیەکی تەواوی لەناو میللەت و فەرمانبەران دروست کردووە ،مووچە نەدراوە رۆژ بە رۆژ نیشانی دەدەین بەرامبەر میللەتەکەمان و بەرامبەر دۆستەکانمان لەدەرەوە کە ئێمە شیاو نین بەداخەوە کەچە بتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین، بەرای من ئەوە گەورەترین پیلانە لەسەر میللەتەکەمان، میللەتی کورد میللەتێکی مەزنە میللەتێکە کە توانای هەیە خۆی

بەڕێوە بیات، بەڵام بەداخەوە دەڵێم بۆچوونی ئەو دوو حزبە بەرەو کوێمان دەبەن؟ ئایا بگەڕێینەوە جارێکی تر بکەوینەوە بن دەستی ڕژێمی بەغدا؟ ئایا جارێکی تر عوسمانییەکان کوردستان کۆنترۆڵ بکەن؟ دیارە بەرەو ئەو ڕێگایەمان دەبەن، ئێمە چەند ڕێکەوتننامەیەکمان مۆر کرد با هەوڵ بدەین ئەوانە جێبەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخــــا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێـویست ناکات بەدرێژی باسی بکەم، بەراستی ئەم هێزانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ دروست بوونی گێرە شێوێنی بە فەرمانی چ لێپرسراوێکە؟ و لەیەکەم خاڵ چ هێزێک یا چ لێپرسراوێک دەست بەو گێرەشێوێنی یە دەکات؟ بۆ سزا نەدراوە؟ تا ئێستا هیچ کەسێک لێی نەپرسراوتەوە، دووەم خاڵ پەلەکردن لە دامەزراندنی وەزارەت بەرای من شتێکی زۆر پێویستە، چونکە دانەمەزراندنی وەزارەت بۆشاییەک دروست دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کەملیۆنەها گێرەشێوێنی دروست بێت لەوڵاتەکەماندا، جا پێشنیاز دەکەم بەزووترین کات ئەگەر بکرێ لەسبەی تێنەپەڕێ بڕوا بدرێ بەکابینەی سێ یەم، بۆ ئەوەی هەر کەسە بەدەوری خۆی هەستێ وئەرکی خۆی بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دیارە هەموومان دەزانین چەند جار وتمان، چ هەردوو سەرکردەکان، چ حزبەکان، لە هەموو ڕاستیەکانیش ئەگەن، هەمووش چارەسەرەکەی دەزانن چییە؟، بەڵام بۆ چاری ناکەن؟ تا وامان لێ هاتووە بەزمانی شاعیری عەرەبییەوە بڵێین «لقد اسمعت لو نادیت حیاً ولکن لا حیاة لمن تنـادي؟» ڕەنگە پێتان خۆش نەبێ کەبەدرێژی باسی بکەین و، پێشنیازمان ئەوەیە بەراستی با پەرلەمانەکە وەک حزبایەتی نەبێت، من جارێکی تر ئەیلێمەوە ئەگەر یەکێکی تر وەڵامم بداتەوە، تکایە ڕێم بدەن منیش وەڵامی بدەمەوە، باقسەی ئەم هۆڵەمان لەگەڵ قسەی دەرەوەمان و ناو حزبەکانمان یەک بێت، هەموومان ئەڵێین شەڕ خراپە، برا کوژی خراپە، خۆ کوژی خراپە، هەموو دەڵێین ئەمە زیان بە مەسەلەی کورد دەگەیەنێ، مەسەلەی کورد زۆر لە پارتی و یەکێتی و فلان و فیسار و ئەم حزبانە گەورەترە، مەسەلەی مێژووی کوردە، وا خەریکین هەموو مەسەلەی مێژووی کورد ئەدۆڕێنین، جا قسەکەمان بۆ ئێرەیە کە پەرلەمانە، ئەگەر بتوانین شێوەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو حزبانە ناچار بکەین کە شەڕ ڕاگرن، من نایەمەوە سەر ئەوەی کە بزانم خەتای کێ زیاترە و خەتای کێ کەمترە، چونکە لە قەناعەتی هەر یەکێکماندا شتێک هەبێ دەربارەی مەسەلەکە بەدوورودرێژی باسی بکەین وکاتی خۆی نەمانکردو ئێستا ئەو دادگایە بکەین، من وا ئەزانم ئەگەر ئەو جارەیان بەهەڵوێستێکی یەکگرتووی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە خۆیان بە نوێنەری میللەت بزانن، بەنوێنەری حزبەکان ئەزانن، مەبەستیان ئەوە نییە پاکانە بۆ حزبەکان بکەن، بۆ

کەموکوریان بپارێنەوە، یەکەم ئێمە داوا لە هەردوو حزبەکەو هەردوو سەرکردەکە بکەین کە لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوەو هەر ئەم شەو با بڕیاری خودی خۆیان بدەن، نەک بڕیاری دادگاو دادگایی کردن، ئەوەی کەدەستی پێ کردووە ئەوەی کە خەتابارە سزا بدرێن و بەقسەی هەردووکیان بێ و، بەقەناعەتی هەردووکیان بێ، تا دەگەنە یەک ئەبینین بەدەمی یەکەوە پێ ئەکەنن رێکن لەگەڵ یەکدا کە ئەیانبینین لێرەدا بەم گیانەوە دابنیشین ئەوەی گوناهبارە گوێی نەدەنێ لەچ حزبێکە کێیەو پلەی چییە سزا بدرێت، بەڵام لەجیاتی ئەو بلاوکراوەیەی کەدوێنێ گوێمان لێ بوو، گوێمان با سزای ئەو کەسانە بدرێت کە ئەمەیان هەڵگیرساندوە ئەیانەوێ زیاتر هەڵیگیرسێنن. دووەم باسی سامان و گومرگ و ئەمانە ئەکرێ یەکێک ئەڵێ، بەم هۆیانە بەو هۆیە هەر هەمووی بدرێتەوە حکومەت ئەوەی خواردوویەتی تاوانبار بکرێت، ئەگەر مەسەلە لەسەر فلانە یان فیسارێکە کە هاتوونەتە کوردستانی ئازادەوە، من وا ئەزانم شەرمە هەندێ کەس لە پەرلەماندا ناویان بهێنن، کەواتە ئەمە گیانێکی پێشمەرگایەتییەو پێویستە لەم بنایەدا مانبگرین، ئەگەر بەجێیان نەهێنا ئەم شەو بڕیارێکی (حاسم) بدەین نەک ئەو جۆرە بەیاننامانە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستی زمانی من وەختێ دێتە گرتن لەمە، ئەڤ ڕاستییە بێتە بەرچاوی مە، بەکورتی نامەوێ بچمە ناو درێژەی بابەتەکە، بۆیە جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکەم، ئێک ئەو بڕیارەی ئەوان داویانە دیاری بکرێ کە لە ماوەی (٤٨) سەعاتا جێبەجێ بێت، دوو ئێمە زۆرمان گوتووە پەرلەمان هەڵوێستی خۆی وەربگرێت، ئەڤ هەڵوێستە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە جارێکی تر شەڕی ناوخۆ بەرۆکمان دەگرێتەوەو، لەناوچەیەکیش نییە، بەڵکو لەسەرانسەری کوردستانە، من پێم وایە پەرلەمان هەروەکو جاری پێشوو دەرکەوت کە ئەتوانێ دەورێکی باش بگێڕێ لەراوەستاندنی شەڕ لە ژیاندنەوەی ئومێدێک لەناو ئەو میللەتەدا، ئێستاش دەبێ پەرلەمان نائومێد نەبێ ئەگەر شەڕەکەش لەوە قورستر بێت، بگرە ئەگەر ناخۆشییەک لە دەوروبەری خۆشمان دابمەزرێ ئەبێ پەرلەمان نائومێد نەبێ، چونکە دوا هیوا دوا پەنای ئەو میللەتەی ئێمە ئەو کلۆلییەی کە تێی کەوتووە ئەم شوێنەیە، کە ئێمە قسەی تێدا دەکەین، ئینجا پێمان دەکرێ پێمان ناکرێ ئەوە وەزعێکی ترە، پێم وایە ڕاستگۆیی هەر دەزگایەک لەناو میللەتدا ئەوەیە تا چەند دەتوانێ چاودێری بڕیارەکانی خۆی بکات، ئێمە نەیەک جار نە دوو جار نەسێ جار، نەلایەنێک نەدووان، نە ڕێکەوتنێک نەدووان نەسێ جارە ڕێکەوتووین، لە تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامەکان بلاویان کردۆتەوە و حزبەکان و بێگانەکان هەموومان هێناوە

ئەنجامەکەش ئێستا لە جاران زیاتر ترسمان گەیشتۆتە سەر، ئێمە بڕیاری گشتی ئەدەین بەبێ ئەوەی چاودێری بڕیارەکانی خۆمان بکەین، ئەمە مەسەلەیەکە کە حەقی وایە ووردبین لێی قسەیەکی تیا بکەین من وادەزانم ئەم شەڕانەی کە ئێستا ئەیانکەین و ئەم پەلامارانەی کە ئێستا ئەیدەین بەپەلاماردانی دووهەمین جاری ماڵی بەڕێز مام جەلال ئەوانە ئەنجامن، ئەمانە هۆکار نین، هەمووی ئەنجامن سەرچاوەی هەیە بناغەی ئەم کێشانەو ئەزمەکەی ئێستا لە کوردستاندا مەسەلەی داهاتی کوردستانە، مەسەلەی داهاتی کوردستان سەرچاوەی هەرە سەرەکی کێشەکانە، هەر لایەک بێ جیاوازی یەکێتی بێ یا پارتی بێ هەرلایەک لەم ڕۆژەوە لەم پەرلەمانە بڕیارمان داوە لەو ڕۆژەوە یەکێتی و پارتی بەشایەتی حزبەکان ڕێکەوتوون دەستی بەسەرچاوەی گومرگ و داهاتی کوردستانا گرتبێ، هەر لایەک زۆر یا کەم لەم گومرگە لەسەرانسەری کوردستان بڕیاری ئەم پەرلەمانەی جێبەجێ نەکرد بێت ئەو لایەنە زیاتر لە هەموو لایەک بەرپرسترە لەو کێشەی کە ئێستا دروست بووە، ئەمە ڕاستی مەسەلەکانە، ئەگەر خۆمان لەمەسەلە سەرەکییەکان لانەدەین، ئێستاش کە ئەم ڕووداوەی کە ڕوویداوە ئەنجامی ئەوەیە، سەرچاوەکەی لەوێوە لێڵە، بۆیە ئێمە ناتوانین بە ئاسانی ئەو ئاوە بخۆینەوە ئێستا شەڕ ڕوویداوە، ئێمە لەو پەرلەمانە هەموو دانیشتووین فەرموو بزانین ئەگەر ئەتوانین ئێمە چاودێری باری میللەتەکەی خۆمان بکەین لیژنەیەک پێک بێنین بزانین چ لایەک هێزی کۆکردۆتەوە، یەکەم جار بەپێی لائحەی پەرلەمان موحاسەبەی بکەین، لیژنەیەک پێک بێنین بزانین چ لایەک یەکەم جار تەقەی کردووە لێتوێژینەوەی لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ئەوەی مەلا بەختیار فەرمووی سەبارەت بە کێشەی گومرگ من ئینکاری ئەوە ناکەم، لەوانەیە کێشەیەک هەبێ چ لێرە چ لەوێ، بەڵام لەبارەی کێشەکەی ئێمە من لەگەڵ ئەوەدا بەتەواوی هاودژم، هۆیەکانی گومرگ لەوانەیە بەشێکی سادە بێت لە بابەتەکە، من دەگەڕێمەوە بۆ بابەتی یەکەم کە جەنابت فەرمووت ئەم شتانەمان کردووە، بەڵێ هیچ چار نەماوە، بەڵام ئێمە ئەو شتانەمان کە خستەڕوو، هەندێ پێشنیاری دیاریکراومان بەناوی فراکسیۆنی پارتییەوە دیاری کرد بۆ لێ وردبوونەوە (ترکیز) «إنما الذکری تنفع المؤمنین»، ئەوەی کاک مەلا بەختیار فەرمووی دەربارەی باری گومرگ من باوەڕ ناکەم ئەگەر حزبەکان وایان لێ بێت لەسەر پارەو گومرگ شەڕ بکەن، بەبۆچوونی من ئەو بەهایە بەرزانەی کە خەڵک ژیانی خۆی لە پێناوی دائەنا ئەوانە شیاوی ئەوە نین، زۆر سەرچاوەی پارە هەبووە کە خەڵک پارە کۆبکاتەوە، بەڵام یەکێکی وەکو مەلا بەختیار ئەچێ ببێ بە پێشمەرگە و ژیانی بخاتە مەترسییەوە، لەوانەیە دوور بووە لەو بوارەی کە بتوانێ داهات و پارەی باش پەیدا بکات، هەر یەکێک لە ئێمە نەک هەر ئەویش بە بۆچوونی من لەوانەیە ئەوە بەشێک بێت لە کێشەکە، بەڵام ئەوە هۆی سەرەکی نییە، بێگومان لە هەموو

دنیاشدا ئێمه ئەگەر تەماشا بکەین ڕێکخراوەکانی ڕزگاریخوازی فەلەستینی جۆراوجۆر (١٩) ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی هەبوو، شەڕیش هەبوو، ناخۆشیش هەبوو، هەوڵی تیرورکردنی یاسر عەرەفاتیش ئەکرا، باڵی چەپ هەبوو، باڵی ڕاست هەبوو، پێکدادانیش هەبوو لەهەموو وڵاتانی دنیا کە حزبی هەمە جۆر هەبێ، بەڵێ شتێکی زۆر باشە ئێمە بۆیە دەڵێین هۆکەی ئەوەیە نەمان توانیوە یاسا جێبەجێ بکەین، ئێمە ئەگەر بمانتوانیبا یاسا جێبەجێ بکەین، یاسای چەک جێبەجێ بکەین ئەوا ئەم کارەساتانە ڕوویان نەدەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبارەی گومرگەوە، بەدواداچوونێکی بچوکم هەیە، یان با د.کەمال ڕوونکردنەوەیەکی بچوک بدات، چونکە لەڕاستیدا کە ئێوە باسی گومرگ دەکەن پێش ئەوە تەقەللاییەکی زۆر دراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە و بارودۆخە، لەڕاستیدا ئەتوانم جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئێمە بە ئەنجامێک گەیشتین دەربارەی ئەم بابەتە، تکام وایە گفتوگۆی ئەمڕۆ **تەنها تەرخان بکرێت بۆ یەک** شت، ئێستا هەندێ جێگا بارودۆخی ئاڵۆزە، لەهەندێ جێگای **تری کوردستان پێشمەرگە** بەرامبەر پێشمەرگە ڕاوەستاوە، دیسان جارێکی ترو لە هەندێ جێگا **شەڕە، ئەرکی بنەڕەتی ئێمە** جارێ ئەوەیە کە ئاگر بکوژێندرێتەوەو، دووری کەین و هەوڵ بدەین چ **کێشەی تر هەیە دوای ئەوە** ئێمە دەست نیشانی بکەین و، چارەی بۆ بدۆزینەوە، چونکە ئەمڕۆ **شەڕە لە هەندێ جێگا.**

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە قسەکانی پێشوومدا پێشنیازم کرد، کە ئێمە باسی ئەوە **بکەین بۆچی بڕیارەکانی پێشوومان** جێبەجێ نەکراون؟ چونکە هەرچی لەم بارەیەوە وتراوە ئێمە بەزیادەوە لە کۆبوونەوەکانی پێشوومان‌دا باسمان کردووە، بڕیارمان لەسەرداوە بۆچی تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراون؟ بالەوە بکۆڵینەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەداهاتی گومرگەوە هەیە، ئەبوایە لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی هاوبەش بکرابایە کە لە کۆبوونەوەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان پێک هاتووە، لەسەر ئەوە لەوێ لەو بارەیەوە بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە و هەموو لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین ئەوەی لە پەرلەمان‌دا بڕیاری لەسەر دراوە کە هەموو داهاتی گومرگ پێویستە بچێتەوە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ئەوە جێبەجێ بکەین، ئینجا ئەمە بەجێ هێڵرا بوو بۆ دانیشتنێک ئەبوایە بکرابایە، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕووداوانە هاتە پێشەوە کارێکی وای کرد کەوا ئەم دانیشتنە تا ئێستا نەکرێت، من هیوادارم ئەو دانیشتنە لەوە زیاتر دوا نەخرێت چ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی داهاتەکانی گومرگ کە ئەو داهاتانە بخەنە ناو گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە ئاڵۆزە ڕێگەو شوێن دانانێک بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە کارانە نەمێنێت و چارەسەرێکی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەڤالان ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد ئێمە بەرەو کارەساتێکی زۆر خراپ دەڕۆین و، من لەگەڵ قسەکەی برای بەڕێزم کاک عەدنان نیمە، کە گوایە باری ئابووری پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، بەڵکو بڕبڕە و کۆڵەگەی پشتی هەموو دەوڵەتێک و هەموو حکومەتێک کە دادەمەزرێ ئابوورییە، ئابوورییەکەی لێ بستێنی یانی دەیروخێنێ، ئەوە هەموو کەسێک لەگەڵ ئەو مەبدئە گشتییە دایە، بەڵام باسی کێشەکە ناکەم، چونکە زۆر باسکراوە بەڵکو دەچمە ناو بابەتێکی دیاریکراو، ئێمە وەکو پەرلەمان نەهاتووین بەرگری لەسەر خانووی بەڕێز مام جەلال بکەین، خانووی بەڕێز مام جەلال وەکو خانووی هەر هاوڵاتیەک تالان کراوە، لەلای من زۆر شتێکی خراپ و بێ یاساییەو، ئەگەر لەراست هاووڵاتیش کرابێ هەر بێ یاساییە، بەڵام وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لێپرسراوی ئەم کوردستانەین، ئێمە یاسادانەری ئەو کوردستانەین، کۆمەڵێک بڕیار و یاسامان دانایە یەکێکی جێبەجێ نەکراوە، ئایا ئێمە چی بکەین؟ مەبەست ئەوەیە بڵاوکراوەیەک دەرکەین، لە یەک خاڵ دوو خاڵ زیاتر نەبێ بڵێین ئەبێ مام جەلال، ئەبێ کاک مەسعود، مەکتەبی سیاسیەکانیش ناڵێین بەماوەی بیست و چوار سەعات ئەو شەڕە رابگرن، ئەو داهاتەی کوردستان هەر لە کفری و کەلار هەتا زاخۆ دێتەوە پەرلەمان هەتا بیستوچوار سەعاتی تر مان دەگرین، دوای مانگرتنەکەش گەر پێک نەهات، مان دەگرین لە خواردن، ئێمە دوو شتمان لەپێشە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئایا گۆڕەپانەکە چۆڵ کەین و بچینەوە ماڵێ و دەست لەکار بکێشینەوە؟ هەرگیز میللەتی ئێمە ئەوەی ناوێ، ئێمەی بۆ ئەوە هەڵبژاردووە ناوبانگی بپارێزین، ئەوە بەسە، بەڵام هیچ بڵاوکراوە دەرنەکەین، بەڵکو ماوە بدەین بۆ ماوەی (٢٤) سەعات ئەوە دەکەن یان ناکەن؟ هاتوچۆ لە هەموو شوێنێکدا رادەگرن، داهاتی کوردستان هەر لە کفری و کەلار هەتا زاخۆ دەگەڕێتەوە میللەتەکەمان وای لێ دێت کە بەبێ مووچەیی دەمرێت، دەیدرێتێ یان نایدرێتێ؟ بەلای منەوە ئەو پێشنیارە ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە وکاتێکی دیاری کراوی هەبێت بۆ جێ بەجێ کردنی، ئەگەر نەبوو ئێمە دانیشین لەناو پەرلەمان و هۆڵی پەرلەمان بەجێی نایەڵێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە جاری یەکەم نییە ئەو حاڵەتە گرژ بێ و شەڕو پێکدادان رووبدات، ئەوە چەند جارە دووبارە دەبێتەوە، ئەمن پێم وایە ئێستا دوو کاری بنەڕەتی لەپێش پەرلەماندایە، یەک: کارێکی دەست بەجێیە کە ئەو گرژی و شەڕو پێکدادانە بەهەر جۆرێک بێ و بەهەر حاڵەتێک بێ ئەبی رابگیرێ، ئەوەش بە ئیجرائاتێک کە لە پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، دوو ئەوەیە ئێمە لە هۆکارە راستییەکان بکۆڵینەوە، ئەو هەموو کاتانەی کە ئەو گرژی و شەڕو پێکدادانەی

روویان داوە هۆکارە راستییەکان چییە؟ دەبێ پەرلەمان بەڵگەنامەیەکی هەبێ بپچەسپێنێ، بۆ نموونە حاڵەتی یەکەم هۆیەکانی لەوانەیە لەگەڵ حاڵەتی دووەم جیاوازی هەبێ، ئەوکاتە دەبێ چارەسەری بۆ دابنێین، چونکە کە نەخۆش دەچێتە لای دکتۆرێک لە نەخۆشیەکەی دەکوڵێتەوە، لەوانەیە ئەگەر لێی کوڵیەوە ئەوا چارەسەری بۆ دەنوسێ، ئەگەر چارەسەریەکە واتا تەواوی کۆرسەکە بەکاری نەهێنێ دەردەکەی گرانتر دەبێ، ئەگەر لەسەر چارەسەرەکە نەڕۆیشت ئەوە دەمرێ، جا ئێمە دەبێ کێشەکانی خۆمان دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە چەند جار بەڵێن دەدەین بەم میللەتەی خۆمان لەم مینبەرەوە لە رێکەوتنامەی حزبەکانەوە، کوردستان ئاوەدان دەکەینەوە، دەڵێین خەڵک تێر دەکەین، برسی تێردەکەین وا ئەکەین وا دەکەین، داخەکەم هیچیشی ناکەین بێ هیوایەکی زۆر گەورەمان لەناو دڵ و دەروونی ئەو جەماوەرەی کوردستان دروست کردووە، میللەت حەقیەتی هەر چیمان پێ بڵێین بەراستی ئەمە کار نییە، بەراستی شوورەییەکی زۆر گەورەیە بەرامبەر بە مێژووی کورد ئەیکەین، بەرامبەر بەخوێنی شەهیدان دەیکەین، بەرامبەر بە کوردستان دەیکەن و، بەرامبەر بەو دۆستانەشمان کە هاتوونەتە ئێرە خزمەتی کورد دەکەن و رایدەگەیەنن و ئەڵێن ئێمە ئیتر لەمەو دوا خزمەتی گەلێک ناکەین، گەلێک ناپارێزین کە خۆیان یەکتر بکوژن، جا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن من نامەوێ بەدوورو درێژی بچمە ناو مەسەلەکانەوە ئەوانەی بەلای منەوە کە پێویستە بکرێن ئەمانەن:

یەکەم: بەیاننامەیەک دەربکرێت ئەم بەیاننامەیە لێرەوە داوا بکرێ لە بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال لەو ماوەی وەک ئەم بەڕێزانە دیاریان کردووە کە لەماوەی (٢٤) سەعات شەڕ لە هەموو بەرەکاندا رابوەستێنن و خۆشیان بێنە پەرلەمان بۆ ئەوەی کابینەکە رابگەیندرێ و مژدەیەک بدەین بەو جەماوەرە زۆر لێکراوەی کە تا ئێستا دڵی لێ ئەدا، واتە رەنگە هیوای هەبێ ورازی بێ کە لەبرسان بمرێ، بەڵام بڵێ کاکە توخوا ئێوە یەکتری مەکوژن نانیش مەدەن بە ئێمە قەیناکە ئەوە یەک، دووەم باسی یاسای (تحریم و تەجریم) کرا ، راستە من جارێکی تریش لێرە باسم کردووە، ئێمە وتومانە (تەحریم و تەجریمی) براکوژی لە کوردستاندا بکرێ، بەڵام ئەوەمان نەکردووە بە یاسا، کاتێک ئەوە دەکرێت، ئەبێ بکرێت بە یاسا، واتە چۆنیەتی روودانی ئەو تاوانە نیشتمانییە چییە؟، ئەبێ بکرێ، بڵێ ئەمانە چۆنیەتی بوونی تاوانە نیشتمانییەکەیە، ئەوە یەک و ئەمەش سزاکانیەتی ئەبێ سزاکانی لەم پەرلەمانە دیاری بکرێت ئەوە دوو، سێ لەکاتێکدا کەشەری براکوژی گەیشتۆتە ئەو پەری توندی کە پەرلەمان بوو بەیەک لیست و کە رایگەیاند مەسەلە حزبیەکانی وەلاوە نران، توانیمان موعجیزەیەک دروست بکەین، یانی بەراستی خەڵک بە تەمای ئەوە نەبوو کەچی دووبارە بڕوامان دا بە پەرلەمان، بەناوی پەرلەمانەوە هیواخوازم ئەم حزبایەتیە و

ئەو لیست و لیست بازییە لەناو پەرلەماندا نەدەمان، تاکو ئەو هەموو کێشانە بەچاکی چارەسەر دەکران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حکومەت، دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام ئێمە داوامان لە برا وەزیرەکان کردووە، بە کابینەکەی تریشەوە ئێستا ناوەکان لە پەرلەمانن تەنها ماوە بڕوایان پێ بدرێت، مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دڵنیام لەوەی کە لەو پەرلەمانەی کوردستانەوە مژدەیەک ئەدرێت، من هیوام وایە ئەو مژدەیە کە بەگەلی کورد بەدۆستانی میللەتی کورد بدرێت، نەک مژدە بە ناحەزانی گەلی کورد بدرێت، ئەوە هیوای منە، جا من مەبەستی خۆم کورت دەکەمەوە، داواکارم لەوەی کە لەبەیاننامەیەکدا داوایەک لە هەردوولایەن و هەردوو سەرۆکی بەڕێز بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا بەزووترین کات بگەنە چارەسەری بابەتەکە وهەوڵ بدرێ کە بەزووترین کات ئەو کۆمەڵە بڕیارانەی کە لەمانگەکانی رابردوودا دراوە جێ بەجێ بکرێت، ئەو بڕیارانەی کە هێنراوەتە ناو پەرلەمان و پەسەند کراوە لەم هۆڵە و شێوەی جێبەجێ کردنەکەشی کاتێکی دیاری کراوی بۆ دابنرێ و، چۆن جێبەجێ بکرێ، دووەمیش ئەگەر نەکرا ئێمە ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی مرۆڤ زیاتر لەمە خۆی بەرامبەر گەلی کورد و خوا ریسوا نەکات، بەراستی ئێمە براینە با هەموو بزانین ئێمە ئێستا پشت بەخۆمان دەبەستین، بەڵام مرۆ پشت بە خوا ببەستێ باشترە، شتێک خوانەیکا بۆ مرۆڤ هەموو دنیا هەڵسێ بۆی ناکرێ، بەڵام خوا پشتیوانیمان بێ ئەمجارە بەڵکو لەسەر وەزعەکە زاڵ بین و رزگارمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شێخ عەدنان باسی ئەوە دەکات کە ئەو شەڕانە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی یاسایە، بەڵێ منیش پشتگیری لێ دەکەم و جەختیشی لەسەر دەکەم، ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی یاسایە، ئەو شەڕانە دروست دەبێت و یەکێک لەو شتانەش ئەوەیە کە دەستانێک هەبن دەست لەسەر داهاتی میللەت دانێت و قورقوراگەی بگوشێت و بێ بەشی بکات هەتا لە مافی ژیانیشی، باسی ئەوە دەکرێت دەڵێن حکومەت پێک ناهێنرێت، باشە چ حکومەتێک ئەگەر بێ پارە بێ و، بێ داهات بێ، چۆن پێک دەهێنرێت؟ من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم و بەباوەڕەوە ئەو قسەیە دەکەم، ئەو شەڕە شەری داهات و داگیرکردنی قووتی میللەتە، داگیرکردنی نانی میللەتە، ئەگەر ئێمەش نوێنەری راستەقینەی میللەتین با بەرگری لە ژیانی میللەت بکەین، با بەرگری لەسەر سامانی ئەو میللەتە بکەین ئەوجا من پێشنیارەکەی خۆم دیاری دەکەم، ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە.

یەکەمیان ئەوەیە: داوا بکرێت نەک بۆ ماوەی (٢٤) سەعات، بەڵکو دەست بەجێ شەڕ رابگیرێ لە هەر خاڵێک بێت.

دووەم: خاڵی تایبەت بەتەسلیم کردنی داهاتی گومرگەکان ئەویش دەست بەجێ جێبەجێ بکرێت کە لەناو رێککەوتنەکـان و بەڵگەنامـەکـانی پەرلەمـاندا هاتـووە، هەروەها لیـژنـەیەکی هاوبەشی پەرلەمانی بەشداری نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بێت، بچێت هەموو گومرگەکانی سەرتاسەری کوردستان دیاری بکات و حیساباتەکان پێشکەش بکات بۆ شوێنی یاسایی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەراستیدا دەمەوێ شتێک روون بکەمەوە، من نەمگوت ئابووری پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، یەکەم من دەرچووی کۆلێژی مافم، لە کۆلیژی مافیش ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی کە دەخوێنرێت کە برایانی بەڕێزم کاک سەیدو کاک ئەیادیش دەرچووی کۆلیژی مافن، لەوەش زیاتر حەزدەکەم سەرمایەی (کارل مارکس)یش بخوێنمەوە کە لەوانەیە لە هەندێک لەبڕگەکانی باش تێدەگەم، جا بۆیە من هەرگیز وام نەوت، من دەمەوێ ئەوەی لەناو دڵمە بەتەواوی دەریببڕم، تەعلیقم لەسەر قسەکەی بەڕێز مەلا بەختیارە، بێگومان من بەرپرسم بەرامبەر قسەکەی خۆم کە هەموو داهاتی حکومەتی هەرێم لەو سەرەوە تا ئەو سەر بدرێتە حکومەتی هەرێم، چونکە لایەنگیری ئەوەم کە ئێمە حکومەتێکی یاساییمان هەبێت، من مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام گوتم بابەتی گومرگ و دارایی ئەمە کێشەیەکە لە کێشەکان و، تەنها هۆی سەرەکی ئەم شەڕو شۆڕە نییە، بەڵێ حکومەتێک، بێ داهات بەڕێوە ناچێت، بێگومان من لەگەڵ ئەوەدام هەموو داهاتێک داهاتی سلێمانی و کەرکووک و پێنجوین و زاخۆش و هەموو جێگایەک بدرێت بەوەزیری دارایی، بگرە کە خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم دەستم بەرزکردەوە متمانەم داوەتێ ولێی پەشیمان نیم، هەڵوێستی من ئەوە نەبووە، بەڵام ئەوەی گرنگە کەوا کێشەکە درێژەی پێ نەدەین و نەکەوێتە بارێکی ئاڵۆزەوە، بابەتی سەرەکی ئێمە ئەمانەوێ لەم کاتەدا شەڕ راگرین و، هەموو توانای خۆمان لەوە خەرج بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـاڵ عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

مەسەلەیەک هەیە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە، حەز دەکەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەوە ئاگادار بن کە ئێمە ئەمڕۆ نیوەڕۆ بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکانیان کاک د. فوئاد و من بروسکەیەکمان نارد بۆ هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود و داوامان لێ کردن بەزووترین کات پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و رێک بکەون لەسەرکاتێک کە کەی دەتوانن بێن بۆ پەرلەمان؟ هەتا ئەوەشمان دانا ئەگەر ئەمڕۆش فریانەکەون

سەبینێ هەینیە لەوێدا ئامادە بن، لەو بارەیەوە ئێمە بروسکەیەکمان ناردووە ئێستا چاوەڕێی وەڵام دەکەین، بروسکەکە دەوروبەری سەعات (١) بوو ئەویش پاش ئەوەی کەوا کۆبووینەوە لەو بارەیەوە هەندێ وتووێژمان کردو ئەوەمان بەباش زانی، جا زۆر لە قسەی برادەران هات کە داوای شتێکی وا دەکەین ئێمە بەناوی ئەم کۆبوونەوەیە پشتیوانی لە ناوەڕۆکی ئەم بروسکەیە بکەین، جا حەزم کرد ئەندامانی پەرلەمان لەم بارەیەوە دڵنیابن کە ئێمە ئەو کارەمان کردوو، ئەوانیش ئەگەر پشتیوانیان لێ کردین ئەوە سوپاسیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد بابەکرئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم پەرلەمان سەبارەت بە ئێمەوە هیچ شتێک نەماوە کە لەوەوپێش بڕیارمان لێ نەدابێ چارەسەری کێشەکانمان دانەنابێ، بەڵام هەموومان دەزانین کە ئێمە هیچ دەسەڵاتمان نییە وەکو هێز، هێز بەدەست ئەو حزبە سەرەکیانەوەیە بەتایبەت پارتی و یەکێتی، ئێ ئێمە تەنها هاوارە، ئێمە داوا لەگەلی کورد دەکەین داوا لە هەموو لایەک دەکەین کەپشتیوانی لەپەرلەمان بکەن بۆ ئەو هەڵوێستانەی کە پەرلەمان وەریان دەگرێ، منیش داوام وایە کە مانبگرین لەناو ئەم پەرلەمانەدا، ماوەیەکی زەمەنی دابنێین و بۆ هەردوو بەڕێزان بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ هەردوو حزب کە ئەو شەڕە بوەستێنن، ئەگەر نەوەستێ ئێمە هەڵوێستمان توند تر بکەین، حەزیش دەکەم شتێک بڵێم سەبارەت بەماڵی مام جەلال کە تالان کراوە، من لەپێش هەموو شتێکدا ناڕەزایی خۆم بەرامبەر بەوە دەردەبڕم، بەڵام مام جەلال و کاک مەسعود و ماڵی کاک مەسعودیش لەوانەیە تووشی مەترسی بێت و، زۆر چاک دڵنیابین ئەو خەڵکانەی کە ئەوان لەدەرەوەی خۆیان کۆ کردۆتەوە زۆر باش ئیشیان ئەوەیە ماڵیان تالان بکەن، لەو جۆرە شتانە دەگەڕێن، دڵنیایان دەکەم کە ئەوانە پشتیوان و هێز نین، مەرامی تایبەتی خۆیان هەیە کە سەرکوتکردنی میللەتی کوردە، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران پوختەی بابەتەکانیان باس کرد، بەڵام من پێم وایە هەتا زووە هەوڵ بدرێت ئەو بارە لێی بکۆڵرێتەوە، بوار نەدرێت ئەم کارەساتە دووبارە بێتەوە، بەڵام لەراستیدا هەندێک راستی هەنە بە حوکمی ناوچەکە، لەوانەیە ئاگادار بم وەکو پێش ئێستا چەند برادەرێک لام بوون، گوایە دوو رۆژە شەڕە لە شەقڵاوە، بەراستی ماڵ کاولی ماڵ وێرانی خەڵکەکەش ئەتوانم بڵێم لە رادە بەدەرە، واتا خەڵکەکەش تێدا کوژراون ئەزیەتی زۆریان بینیوە، باشە خۆ قەزای شەقڵاوەش هەندە دوور نییە بڵێین لە هەردوو مەکتەبی سیاسیەکە چ مەکتەبی سیاسی پارتی چ مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەتایبەتی مەکتەبی سیاسی پارتی و جەنابی کاک مەسعود بارزانی کە خۆی نزیکە لەوێ، من پێم

وایە لە ماوەی دوو ڕۆژ دەتوانرا زۆر بەئاسانی شەڕی شەقلاوە رابگیرێ و زۆر بەئاسانی ئەو هێزە بێگانانە کە هاتوونەتە ناو شەقلاوە ئەتوانرا دوور بخرێنەوە نەک ئێستا، پێم وایە ئێستا دەتوانرا ناوچەی هیران و شەقلاوەو ئەو سنوورە پڕ کرابا لە هێزی تر ئەگەر مەبەست شەڕ بوایە، بەڵام ئێستاکە لەناو شەقلاوە هێزێکی زۆری بێگانەی تێدایە، ئێستاکەش دەتوانرێ بەزووترین کات لەماوەی (٢-٣) سەعاتی دیکەدا بلاوە بەو هێزەی شەقلاوە بکرێت، وسوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەم هۆڵەدا زۆر باسی ئەم کێشەیە کراو، چەندین یادداشت و بەیاننامەو بانگەواز لەماوەی ئەم چوار پێنج مانگەدا دەرچوون و، ئێمەش هەمووما‌ن راستییەکە زۆر بە باشی دەزانین و، بارودۆخەکەش زۆر دژوارە، چاوەڕوانی ئەوەش ناکات خەریکی لیژنە دانان و بانگەواز و هەندێ شت بکەین، باشترین شت بەبۆچوونی من نووسراوێکم بۆ جەنابتان ناردووە، پێش هەموو شتێک ئێمە لەئێستاوە بڕیار بدەین ئەم هۆڵە بەجێ نەهێڵین هەتا هەردوو بەڕێزان ئەگەنە ئێرە، ئینجا سبەی ئەگەن، دووسبەی ئەگەن، سێ سبەی ئەگەن، ئێمە ئەم هۆڵە بەجێ نەهێڵین. داوایان لێ بکەین لە سەعات (٦)ی ئێوارەوە شەڕ لە سەرتاسەری کوردستان رابگیردرێ، بەهاتنی ئەوانیش، بەبۆچوونی من ئەو کاتە باشتر چارەسەری کێشەکان ئەکرێت نەک دوور بن لەیەکتری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بۆ ئەو برادەرانەی کە قسەیان لەم بابەتەدا کرد، ئێستاش قسە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بەرای من ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر مێژوویییە لە هەمان کاتدا ڕۆژێکی خەتەر ناکە لە مێژووی گەلەکەماندا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەبێت بەویژدانەوە قسە بکات و راستیەکان بخاتە روو، هەم لە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، هەم لە بۆ ئێوەی بەڕێز کە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانن، دیارە ئەو شەڕانەی کە لەمانگی پێنجەوە روویان داوە شەڕی زۆر ناخۆش بوون، کە دروستیش بوو پێم وایە ئەو سەردەمە بە ئارەزوو و خواستی هیچ لایەک نەبوو، بەڵام شەڕەکە پەرەی سەند چەند مانگێکی خایاند کە بووە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان شەهید بێن و ببنە قوربانی سووتەمەنی ئەو شەڕە و، هەروەها هەموو داهات و سەروەت و سامانی میللەتەکەشمان بەفیڕۆ بڕوات لەماوەی (٦) مانگ زیاتر لەپێناوی ئەم شەڕە خۆکوژییە دا ئەوە بوو بە پیلانی هەموو لایەک و بەتایبەتی حکومەت و پەرلەمان و

(INC) و خێرخوازانی گەلەکەمان و پیاو ماقوڵان و لیژنەی ئاشتی و برایانی لێپرسراوی زانکۆو راگری کۆلیژەکان ویەکێتی زانایان و عەشیرەتەکان و هەموو دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان شەڕەکە کوژایەوە، لەو هۆڵەدا چەندین کۆبوونەوە کرا لەلایەن سەرکردایەتی هەردوولاوە بە ئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود و چەندین رێکەوتننامە کراو، هەروەها لیژنەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی هەردوولا چوونە پاریس و بریاریش بوو ئەوپرۆتۆکۆلەی لەسەری رێک دەکەون بە ئامادەیی سەرۆک میتران ئیمزا بکرێت لە پاریس، بەلاّم بەداخەوە ئەوەش کۆسپی خرایە پێش و سەرکەوتوو نەبووین کە ئەمە شتێکی زۆر گەورە بوو بە ئامادەبوونی سەرۆک میتران کۆنگرەی رۆژنامەگەری بگیرێ، رێکەوتنی دوولایەنی کوردی ئەوە خۆی لە خۆیدا دان پێدا هێنانێک بوو بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە و سەروەریەکیش بوو بۆ میللەتەکەمان و بۆ رێزی پێشەوەش لە بۆ بەرێزان مام جەلال و کاک مەسعود. ئینجا من نامەوێ لێرە بچمە ناو درێژەی بابەتەکەوە، کێ بەرپرسەو کێ بەرپرس نییە، ئەوە نەکرا دوایی لێرە رێکەوتننامە کران خەڵک زۆر زۆر پێی خۆش بوو چەندین رێکەوتننامە کران رێکەوتننامەی ستراتیجی هەتا ساڵی دوو هەزار لێرە هەموو پیرۆز باییان لێ کرا و خۆشمان گەیشتینە ئەو باوەڕەی خوا حەز بکات کە هەتاکو ماوەیەکی دوور گرفت دروست نابێتەوە، یا هەتا وەکو ئەو رۆژەی میللەتەکەمان لەمەترسی دەچێتە دەرێ و ئەو تاقیکردنەوەیە بە دوا قۆناغی خۆی دەگات. بەلاّم بەداخەوە ئەو رێکەوتنامانەی کە کران وەکو پێویست جێبەجێ نەکران و هەر دیارە لەسەرەتاوە رێکەوتنامەکە لەبۆ چاوبەستەکێی خەڵکی کوردستان بووە، ئەگەر نا لەسەری رێکەوتن وپێویستە هەموو لایەک لەسەر ئەو رێکەوتننامانە برۆین و ئەوجا لە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ چ لە جێبەجێ کردنی یاسا بێت و چ لە ئازادی و دیموکراتی بێت لەسەرانسەری کوردستاندا و، لێرەش ئەمن چەندین جار داوام کرد لەبەر ئەوەم نەبوو کە خۆمان بەلاواز بزانین، چ منیش چ کاک جوهر دووبارە لەسەر ئەو بنەڕەتەش ئێمەیان هەڵبژاردووە، بەلاّم داوام کردووە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود یەکیان ببنە سەرۆکی پەرلەمان و یەکیان سەرۆکی حکومەت لە بۆ ئەوەی کە بێنە ناو شەرعیەت لەدەرەوەی شەرعیەت چ نەمێنێ، بەلاّم بەداخەوە ئەو رێکەوتنامانە جێبەجێ نەکران وتەقەلای زۆریشمان دا کە رێکەوتنامەکان جێبەجێ بکرێن، ئەمن لێتان ناشارمەوە لەگەڵ کاک د.رۆژدا چووین بۆ خزمەت بەڕێز کاک مەسعود لەوێندەری بینیمان و کۆبوونەوەمان کرد، دواجار هاتینەوە هیچ شتێکمان باس نەکرد و ئێستاش هەر نامەوێ باسی بکەم، چونکە ئومێدم زۆرە پەنا بەخوا چارەسەر ببێ و لێرە کاک جوهر کاک فازڵ چوون و قسە کرا کە چارەسەر ببێ، بەلاّم بەداخەوە رووداوێکی بچووک لەشارەکی نزیکی بەڕێز کاک مەسعود یانی نزیکی پایتەختی هەرێمی کوردستان لە شەقلاوە دروست دەبێت چوار رۆژ ناکوژێتەوە شەڕەکەش لەسەر کێیە؟ حەزدەکەم لەبەر ئەوە زۆر بەرگری بکەم شەڕەکە لەسەر حکومەتە، قایمقام (٨ ـ ٩) پۆلیسی لەگەڵە، بەڕێوەبەری پۆلیسە (٨ ـ ٩) کەسی لەگەڵە، معاونی ئاسایشە بەرپرسی کۆمیتەیە هەموو هێزەکانی کە لەوێندەرێن بلێین لەسەر لیستی سەوز حیسابین لە (٦٠) کەس

تێپەڕ ناکات، هەزار کەسی لێ کۆبێتەوە ئەوە زۆر کارەکی ناخۆشە، من ئەو قسانەی کە کردیشم بە تەلەفۆن بە بەڕێز کاک مەسعودیشم گوتیە لە دوێنێکەوە چەندین جار پەیوەندییم کردووە، یانی ئەوە مانای وایە ڕێز لەیەکتر نەگرین، ڕێز لەیاسای خۆمان نەگرین، ڕێز لەڕای یەکتری نەگرین، ئەویش مەسەلەی ئەوە بوو کە میوانەکانی مام جەلال نەگەڕانەوە تالآن کرا، دەربەدەر کران، ژن و منداڵیان خرانە دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر مەمنون دەبین، ئێستاش لێرەوە داوا لەخەڵک دەکەین بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی هەموو ئەو کوردانەی کە لەژێر دەسەلآتی ڕژێمن لەشارەکاندا ئێستا بارودۆخیان خراپە بگەڕێنەوە کوردستان، کوردستان موڵکی هەموو کوردێکە خۆ ئێمە پێشمەرگەین خەباتمان نەکردووە تەنیا لە بۆ ئەو کەسانەی پێشمەرگە بووینە، خۆشتان دەبینن چەندین خەڵکی تر ئێستا بەرپرسی هەیە لە حکومەتیش و لەپەرلەمان، لەوانەیە حزبایەتیشیان نەکردووە تەنیا لە بۆ ئەو کەسانەی پێشمەرگە بووینە، بەلآم پیاوی دڵسۆز بوون و کاتی خۆشی کە ڕاپەرین کرا هەموو خەڵکی کوردستان کردی، ڕاستە هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسیەکان و بەرەی کوردستانی هەوێنی بوون، بەلآم هەموو خەڵکی کوردستان ڕاپەڕینی کرد، لەبەر ئەوە کە ئەو خەڵکەش دێنەوە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە نیمە هەستی هیچ کەسێک بریندار بکەین ودەبێ ئێمەش باوەڕمان بە ئازادی و دیموکراتی هەبێ و دەبێ چۆنمان پێش وەخت پێ خۆشە لە بۆ خۆمان لەبۆ بەرامبەرەکەشمان پێ خۆش بێ، ئا بەو عەقلیەتە دەتوانین ئیدارەی وەزعی میللەتی خۆمان بکەین وکوردستان بەڕێوە ببەین و میللەتەکەمان ئازاد و سەر بەرزبێ و بەو عەقلەیەتە ناتوانین لە هیچ شوێنێک سەیتەرە بکەین و بەخەڵک بڵێین دەبێ هەموو شتێک بەقسەی ئێمە بێ، چونکە ئەوە سەری نەگرت لە بۆ ستالین لە بۆ بلۆکی ڕۆژهەلآت لە بۆ ئەو سەدامە زل وزەبەلاحەی کە گەورەترین سوپای هەبوو، ناوچەکە لە بۆ کەسی تریش پێم وا نییە سەر بگری، ئەوجا باشترین ڕێگایە کە ئێمە باوەڕمان بەدیموکراتیەت هەبێ باوەڕمان بەڕای بەرامبەرمان هەبێ و، ئێستاکەش من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئێستا ئێمە دەبێ مەسەلەکە ئاگر بڕ بکەین، ناکرێ بچینە ناو درێژەی بابەتکەوە، فلآن گومرگی نەداوە، فیسکە گومرگی نەداوە، دەبێ گومرگ بدرێتەوە چونکە ئەوەی گومرگ نەداتەوە دەبێ باج بدات لەناو میللەتیش و لەناو خەڵکی دەرەوەش و لەناو حزبەکانیش ئەو پارەیە نەهی مام جەلالە، نەهی کاک مەسعودە، نەهی کاک جوهرە، نەهی کاک کۆسرەتە، هی خەڵکی کوردستانە، بۆچی لەسەر سنوورەکان بوون(١٠) دیناریان نەبوو هەتا کوردستان ڕزگار نەبوو نەیانتوانی حکومەتیان هەبێ، گومرگیان هەبێ، داهاتیان هەبێ، کوردستانیش هەبوو خەڵکی کوردستان بەشداری کردووە لە ڕاپەڕینا و ئەو ڕاپەڕینەش لەمێژووی میللەتەکەماندا وێنەی نەبووە، ئەوە شتێکی گەورەیە، ئەوجا ئەمن ئێستاکە پێشنیاز دەکەم لێرە ئەو بارە چارەسەر بکرێ، ئەوە ئێستاکە من قسەم لەگەڵ برادەران لە مەصیف کردووە، کاک ئەرسەلان و مامۆستا سەعد چوون، بەلآم هەتا ئەم ماوەیەی کە ئەمن هاتیمە ژووریَ ئەو دووسێ

هەزار کەسە لەسەر ئەو (٦٠) کەسە کۆبووینەوە، هەر شەڕیان لەسەرە، یەکێکیان قایمقامەو، ئەوی تر بەڕێوەبەری پۆلیسەو، لەگەڵ معاونی بەڕێوەبەری ئاسایش، ئەوانەی لە شەقلاوەن و خەڵکی شەقلاوەش زۆر جێگەی داخ و شەرمە لە بۆ هەموو کورد لە پێشەوە بۆ کاک مەسعود و مام جەلال ئەمڕۆ خۆپیشـانداینیـان کـردووە، گـوتوویانە: (نەیەکێتی نەپارتی، عـارەبەکی پێپـەتی)، ئەوە بەڕاستی سەر شۆڕیە لەبۆ هەموومان پێویست نییە یانی خەڵک رامان کێشێ لەبۆ ئەوەی کە ماڵی مـام جـەلال دەگـیـرێ مـاڵی فـلان کـەس دەگـیـرێ، چونکە مـاڵی مـام جـەلال چەندین جـار لەپێشمەرگایەتی بردراوە، سووتاوە ئەو کەسەی ماڵی مام جەلال دەگرێ پێم وا نییە پێشمەرگە بێت یان مـاڵی مـام جـەلال ئەگـەر چار حـەرەسی لێ بێت لە شـەقـلاوە چۆڵ کـرابێ ئەوە نابێتـە شـانازیی، مـاڵم بردرا هەر باسیـشم نەکـرد، مـاڵی سـەرۆک وەزیران بوو پێـویست بوو پـەرلەمـان ئیدانەی بکات، دوو یاساولی تێدا بوو ئەگەر ئەو ماڵانەی کە هێزی زۆریان لێیە بابێن بیانگرن ئەگەر پیاوی ئازانە، بەڵام بەڕاستی من نامەوێ زیاتر بچمە ناو درێژەی مەسەلەکە، دەمەوێ لێرەدا ئێمە سنوورێک دابنێین لەبۆ ئەو مەسەلەیە و من پشتگیری ئەوە دەکەم، جارەکەی تریش باسم کرد گلەییم لێتان کرد گۆتم دەکرا لەدەشتەوە کۆبوونەوە بکەن، لە هۆڵەکی دی کۆبوونەوە بکەن، لێرە کۆبوونەوە بکەن، کوردستانیش لەگەڵ پەرلەمانەو ئێستاکە دەست بەجێ داوا بکەن بەناوی هەموو پەرلەمانەوە ئەو شەڕەی شەقلاوە رابگیرێ، ئێمە داوامان کردووە شەڕی سەروچاوە راوەستاوە، شەڕیش لەکۆیە هیچ نییە، لەتەق تەق راگیراوە تەنیا شەڕی شەقلاوەیە، بەڵام ئەگەر پشیلەیەکیش لە جێگەیەک غەدری لێ بکرێ دەبێ بەرگری لە خۆی بکات، ئێستا من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر ئەو شەڕە رابگیرێ مەسەلەکان چارەسەر دەبن و منیش پشتگیری ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و هەردوو فراکسیۆن دەکەم کە داوایان کردووە و ئەو دوو بەڕێزانە کە ئامادە بن لێرە من لەگەڵ د.ئەحمەد چەلبی قسەم کرد و لەگەڵ برادەرانی تری مەکتەبی سیاسی پارتی قسەم کرد وگوتم هەقە بە هەر شێوەیەک بێت لە ماوەی (٤) سەعات هەموو مەرکەزی بڕیار بێ لە پەرلەمان دابنیشێ، چونکە ناکرێ بیروبۆچوونی وابدرێ، من لێتان ناشارمەوە ئەو شەڕە بە دووسێ هەزار کەس ناکرێ، بە مەفرەزەیەکە فەرماندەی مەفرەزەیەکە فلانە، خەڵک تاوانبار مەکەن بە بڕیاری مەرکەزی هێزی گەورە دەجوڵێ و ئێستاکە من لە بۆ ئەوەی کە دەمەوێ ئاگرەکە بکوژێتەوە باسی ناکەم ئەگەر نا بەڵگەش هەیە بە بڕیاری رەسمی ئەو شەڕانە دەکرێتەوە، ئەوجا هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئەو جارە هەڵوێستی هەبێت ئەگەر نا میللەتەکەشمان تێ دەچێت (غالب و مەغلوب) لەو شەڕەشدا نییە، ئەگەر ئێمە کیانێکمان هەبووبا و کیانەکەمان لە مەترسی نەبایە مرۆڤ گوێی پێ نەدەدا، بەڵام ئێمە کیانمان نییە وەختمان لەبەردەم نییە بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیمان نییەو لەدەرەوەش داوامان لێ دەکەن بەرەسمی داوایان لە هەردووکیان کردووە، لەکاک مەسعود و مام جەلال وپێیان گوتوونە ئەگەر بێتو ئەو شەڕانە رانەگرن ئەوە بەڕاستی چیتر هاوکاریتان ناکەین، ئیدانەی ئەو شەڕە دەکەین و لە لانی زۆر باڵاشەوە پێیان گوتووین، ئەوجا

حەقە بەگوێی ئەوان بکەن، هەم بەگوێی پەرلەمان بکەن و من لێرەش داوا دەکەمەوە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەکان چارەسەر بکەین دانیشتن وگفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی بکرێ، بۆ نموونە برا تورکمانەکان و برا ئاشورییەکان، هەندێ گیروگرفت هەبوو هی ئەوان چارەسەر کرا، ئێستا حکومەت لیستێکی ناردووە بۆ پەرلەمان تەنیا ماوە رابگەیەندرێ، بەڵام لێتان ناشارمەوە کە بەحکومەتیش ناکرێ تەنها بەدەست بەتاڵی حکومەت ناکرێ، تەنها لەبینایەی ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەبێت دەبێ حکومەت هەموولایەک دان پێدانی پێ بکەن وبەرگری لێ بکەن، بەرگری لەیاسا بکرێ و، کەس نەتوانی سەرپێچی یاسا بکات، ئێمە داوا کراین لەبۆ حکومەت، بەڵام جارێکی تریش داوا دەکەم بەرژەوەندی کورد ئەوە دەخوازی ئەو دوو برادەرە بێنە حکومەت وپەرلەمان، چونکە بەو رێگایە ناکرێ مەرکەزی بنەڕەتی لەدەرەوەی شەرعییەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، پێم باش بوو ئەو زنجیرە راستیانە کە بەبەڕێز سەرۆکی وەزیران باسی کردن، تەنیا تیشکی خستە سەر ناوچەی شەقڵاوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان وخەڵکی تریش وانەزانن تەنها گیروگرفتی ئێمە لەشەقڵاوە دەستی پێ کردووە، راستیەکەی ئەوەیە کە سەرەتا لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجەدا دەستی پێ کرد، پاش ئەوە مەڵبەند و لق وبرایانی تر دوو رۆژ کەوتنە ئیش وئێمە رۆیشتین لەگەڵ کاک فازڵ چووینە لای مام جەلال، لەوێندەرێ وەکو هەموو جار بەفەرمانی خۆی توانی ئەو بارە لەوێ رابگرێ، بەتەقەللای هەموو لایەک لەوێ وەزعەکە تەشەنەی نەکرد، دوای ئەوە راستەوخۆ رۆژی دووەم لەرانیە تەقیەوە لەرووداوێکی گچکەوە وردە وردە گەورە بۆو لەوێش بەکۆششی هەموو لایەک هەوڵی تەشەنە نەکردنی درا، رۆژی یەکەم دوای ئەوە بەشەو بوو یان بەرۆژ بوو رۆژی دووەم بوو لەناوچەی سەروچاوە دەستی پێ کردەوە، کە هاتینەوە لە رێگا تۆزێ گرژی هەبوو لەکۆیە ئێمە لەگەڵ برایانی کۆمیتە وبرایانی ناوچە لای قائمقام کۆبووینەوە، وەزعەکە زۆر هێور کرایەوە تۆزێ گرژی لەتەق تەق هەبوو لەوێ بووین دوێنێ یان پێرێ هەواڵی شەقڵاوە هات، کە لەشەقڵاوە دەستی پێ کردووەو تەقە بووە وئەو دوو رۆژە هەموو لایەک خەریکن ئەو وەزعە هێور بکەنەوە، دوای ئەوەش هەمان شەوی (٢٠/٢١) دیسان جارێکی تر پێکادان لەدەربەندیخان و ئەو ناوە دەستی پێ کردەوە، بەڵام وائێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوا هەڵوێستی دا کە باری سەروچاوە و رانیە هێور کراوە، لەسەرەتاشدا باسی ئەوەم کرد وبۆ تەق تەقیش قەول بوو برایان برۆن، چونکە لەدوێنێوە لەتەق تەق شەڕە، سەعات (١)ی شەو سەعات (٧)ی بەیانی مەترسی هەبوو کە پێش نیوەڕۆ شەڕ بێت، ئەوەبوو باسمان کرد بڕیار درا دوو برادەر بەپەلە بگەنە ئەوێندەرێ، بۆ شەقڵاوەش قەوڵ بوو لیژنەیەک بۆ ئەوێ بڕوات کە وادیارە وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد تا ئێستاکە لە شەقڵاوە تەقە ماوە، هیوادارین لەوێندەریش بەشێوەیەکی بن بڕ رابوەستێت وکێشەکانی چارەسەر

بکرێن وەکو باسمان کرد ئەبێ هەموو لایەک پابەندی ئەو بڕیارە بن کە تا ئێستاکە دەرچووە و، تەنها حەزم کرد ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکەم لەسەر ئەو ڕووداوانە، ئێستا کاک سیروان نەورۆڵی ویستی قسە بکات، فەرموو:

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ قسەکردن من یەکەم کەس قسەم کرد دەستم بەرز کردەوە، لەبارەی ئەم شەڕە ناوخۆیەی کە ئێستا ڕووی داوە، لەڕاستیدا من دەمەوێ یەک شت بڵێم وەکو شەڕەکانی پێشو نەهاتووە، ئەمە یەکسەر کوردستان کاوڵ دەکات، کوردستان ئەبێ بەئوردوگایەکی شەڕ، من پێم وایە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەش بووە بەسەریاندا ئیتر ئەگەر بۆ نموونە عێراق و سوریا چی هێزیان هەیە بیدەن بەپارتی، هەروەکو ئێران و تورکیاش بیدەن بەیەکێتی هیچ لارییان نییە بەبێ ئەوەی کەس بڕوا بەرەو پیریانەوە چ (ترسانەیان) هەیە لەم کوردستانەدا سەرف دەبێت، کۆتایی بەژیانی ئێمەش دێت وکۆتایی بەژیانی ئەو حزبانەش دێت کەوا لەپارچەکانی تری کوردستاندا کاردەکەن، جا ئەوە بۆ زیاتر لەپەنجا ساڵێک نەتەوەی کورد دوا ئەخا، ئێمە بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدانین، ئێستا ئێمە نووسراو بۆ بەڕێز مام جەلال بنووسین و یا بۆ کاک مەسعود بنووسین کە بێنە ئێرە، من باوەڕم وایە تەنیا لەڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە ڕایبگەیەنین، لەئێستاوە ئێمە مانمان گرتووە بۆ ئەوەی حاڵەتێکی ناهەموار لەکوردستاندا جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شێخ جەعفەرشێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو کاتەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بوو زۆر هەوڵمدا کە قسە بکەم کەچی ماوەیان نەدام، کاتێک کەباسی کۆیەی کرد، لە کۆیە قایمقامی حکومەتی کوردستان کێشەی بۆ دروست بووە، دەبوایە باسی قایمقامی کۆیەش بکرایە ئەمە یەک، دووەمین بنەڕەتی بابەتەکە کە لەسەر ڕووداوەکەی ئێستایە، ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بڕوانامەیەکمان دەرکرد (١٩) خاڵە، هەر (١٩) خاڵەکەی پێویست بووە، بۆیە هەمووی باس کراوە ئەگینا لەیەک خاڵ کۆکراوەتەوە ئێستا برادەران خاڵێکیان وت باسیان کرد وەکو خاڵی گومرگ من دوایی دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە، خاڵێکی لەوە گرنگتری لێ باس دەکەم کە بەڕێز کاک نەژاد ئاماژەی بۆکرد کە لەڕێکەوتنامەکەدا هاتووە، لەبڕوانامەکەدا هاتووە لەهەر شوێنێک ڕوداوێک ڕووی دا ئەبێت لەوشوێنە دەورەی بگرێت و نەچێ بۆ هەموو شوێنەکانی کوردستان ڕووداوێک لەئاکرێ ڕووی دا لەگوندێکدا ڕووی دا کەسی تیا نەکوژرا بۆ گەیشتە سلێمانی؟ بۆ گەیشتە کەلار؟ بۆ گەیشتە کفری؟ بۆ گەیشتە دەربەندیخان؟ بۆدەوری نەگیرا لەوێ؟ ئەوە ئەسلی مەسەلەکە دروست دەکات،

لەبەر ئەوە پێویستە لەشوێنکدا حاڵەتێک روویدا لەوێ دەوری بگیرێ نەک لەهەر شوێنێکدا هەر کەسێک بۆی کرا لەوێدا کێشەیەک دروست بکات، ئێمە ئەگەر داوا بکەین ئەو خاڵە بەتایبەتی جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی شەڕی وا نەبێ، بۆ مەسەلەی گومرگ من لەگەڵ ئەوەدام هەموو گومرگەکان تەسلیمی حکومەتی هەرێم بکرێت، بەڵام بەوانەش بەو دەزگاو بەو ئامێرو وبەو شتانەی بەوکەل ویەلانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوا کارەساتی (٣/٥)ە وە کەرووی دا ئەوانەش بگەڕێنەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک بەتەنیا گومرگ هەر شتێک موڵکی حکومەت بووە موڵکی ئەم میللەتە بووە، فرۆشراوە، ئاودیو کراوە، هەمووی دەدرێتەوە بەحکومەت پارەکەشی بخرێتە بانقی حکومەت وبۆ گەلی کورد خەرج بکرێ، نەک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی کەزیاد لە (٩٠٠) هەزار دۆلار خەرج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو بارەی کەرووی داوە بەراستی جێی داخە، جێی کەسەرە، بۆ هەموو لایەک، دوایی ئێمە بەراستی ئەوەی کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین و پێشنیاریشم هەر ئەوەیە، هەر کاتێک هەر شتێک دەیکەین لەو پەرلەمانەدا بەیەکگرتوویی بیکەین، واتە هەر بریارێک دەردەچێ لەو پەرلەمانەوە یا بڵاوکراوەیەک کە دەدرێتە راگەیاندن بەیەکگرتوویی دەردەچێت، چونکە هەڵوێستمان هەبووە و ئەو هەڵوێستە با بەردەوام بێت وهەموو کاتێک هەڵوێستی پەرلەمان دیار بووە ودیاریش بێت لەداهاتوودا، من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک نەژاد دەکەم کە بەزووترین کات بڵاوکراوەیەک دەربچێت بۆ راگەیاندن بنێردرێت لەبارەی ئەو کێشەی کە روویداوە، بەراستی ئەوە لەلایەک هەروەها داوا دەکەم کەوا لیژنەیەک پێک بێت بۆ بەدواداچوونی ئەو بارەی شەقلاوە بەزووترین کات، واتا ئەگەر هی محوەر بێت هی کۆن یاخود تازە، بەدواداچوون بکرێت. کە بارەکە بەسەرکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ چی یە وچ نییە وئەو دوو پێشنیارەم هەیە دەربارەی بارودۆخەکە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم سەیرە، کە باسی ئەوە بکەین بڵێین شەڕمان لەسەر پارەیە، زۆر بەداخەوە، راستە کێشە هەیە لەسەرپارە لەسەر دەسنیشان کردنی بانقەکان لەسەر داهاتەکان، لەفڵان شوێن لەئیبراهیم خەلیل نەهاتووە لەسلێمانی نەهاتووە لە بانقی هەرێم پارە دیاری نەکراوە، وەکو من ئاگادارم لیژنە دامەزراوەو لەسەریشی رێک کەوتوون لەنێوان هەردوو سەرکردایەتییەوە کە ئەو کەل ویەل وکەرەستانەی هەموو بانقەکان دیاری بکەن، ئەوەی کەوتە لای هەردوو حزب پێویستە جێگیر بکرێ لەسەری، ئەوە رێککەوتنی لەسەر کراوە باشە ئەوە جێبەجێ نەکراوە، گرنگ ئەوەیە

کەجێبەجێ نەکراوە با مەسەلەکە بەهەموو لایەنییەوە وەربگرین، ئەوە بەشێکە لە کێشەکە، من پشتگیری کاک شێخ عەدنان دەکەم کەبەشێکە لەبێ یاسایی، لەبێ حکومەتی ئێمە، پێویستە وەکو حکومەت هەڵس وکەوت بکەین نەک وەکو حزب، پێویستە ئێمە رەچاوی یاسا بکەین لەسەر یاسا برۆین، ئەگەر بێتو پابەند نەبین بەیاسای حکومەت و ئەو یاسایانەی کە خۆشمان دامان ناوە بیکەین، بێگومان دەگەینە ئەنجامێک ئەو کاتی هیچ داهاتێک ناچێتە هیچ شوێنێکی تر، دەچێتە شوێنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی ئەمرۆکە پەرلەمان وحکومەتی ئێمە بەرێ رەنج وخوێن وتێکۆشینە، هەزاران تێکۆشەر خەباتکەرێ گەلی ئێمە، ئەمرۆکە بەرەو مەترسییەکی راستەقینە دەچن لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئەمرۆکە پەرلەمان هەڵوێستێکی کاریگەر وەربگرێت، بەبۆچونی من ئەو هەڵوێستە وەکو بەڕێز کاک شێخ عەدنان کە رای فراکسیۆنی دەربڕی ئێمە ئەڤرۆکە وەکو پەرلەمانی وەکو نوێنەری گەل رای ئەو گەلە دەردەبڕین ئەڤرۆکە هەمی پێکەوە پەیوەندی بە مکتەبی سیاسیا هەردوو پارتا بکەین وگوشارێکیبیا بخەینە سەرو ماوەیەک دیاری بکەین، ئەگەر نا هەر کەسەکی بچێتەوە ماڵی خۆی چ دەکەن با بیکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆیەو بۆ ئەو پێشنیارەی کە کرا لەلایەن برادەرانەوە، بە بۆچوونی ئێمە ئەو پێشنیارانە لەوەیە لە چەند خاڵێکدا خۆی کۆبکاتەوە، ئەگەر وەکو بڕیارێک وەکو ئەوە پەرلەمان پەسەندی بکات یەکێک لەوانەش ئەوە بوو ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد جەختیان لەسەر کرد کە پێویستە هەردوو بەڕێزان ئامادەبن لە پەرلەمان، دیارە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تاقی کردنەوەکانی پێش ئێستاکە، کە هاتن بۆ ئێرەو یەکسەر بروسکەیان کردو شەڕ ڕاگیراو کاریگەرییەکی تایبەتیایان هەبوو، ئەوە داخوازیەکە وابزانم هەموو برادەران جەختیان لەسەر کرد، وەکو کاک د.کەمال جەختی لەسەر کرد پێش ئێستاکە دەوری سەعات (١)بوو کە بروسکەیەکی ترمان بۆ پشتگیری ئەو بروسکەیە هاوبەشیمان کرد لەبارەی ئەو بابەتەوە چاوەڕوانی وەڵامێ ئەکەین، جا ئەگەر بەباشتان زانی بۆ پشتگیری ئەو بروسکەیە وەکو د.کەمال وتی یان وەکو خاڵێک جێگیری بکەین وابزانم ئەوە هاوبەش بوو، کە لە زۆر قسەی برادەراندا هاتبوو، خاڵی دووەم زۆر جەخت دەکرێت ئەگەر لە جێگایەک شەڕ ماوە، راستەوخۆ رابگیرێ بۆ ئەوەش زۆر برادەر باسی (١٢) سەعاتی کرد، هەشبوو داوای (٢٤) سەعاتی کرد، مانای ئەوەیە داخوازیەکەش هەیە کە لە هەر جێگایەک شەڕو پێکدادان هەبێت دەست بەجێ رابگیرێ وپاشان حەز دەکەن برادەران تەئکیدی لێ دەکەینەوە کە دەست بەجێ بێت، (٢٤) سەعات بێت، (١٢) سەعات بێت

گرنگ ئەوەیە بە هەرچ شێوەیەک بێت شەڕەکە رابگیرێت. خاڵی تر ئەوەیە، کە ئەوەی بۆتە مایەی تاوان وئەو بارەی دروست کردووە یاخود تاوانیان کردووە دەبێ بگیرێن وسزا بدرێن و بدرێن بەدادگا ئەویش لە زۆر لە قسەی برادەراندا هاتووە و جەختی لەسەر کراوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان بە دیاری کراوی لەو جێگایانە بمێنێننەوە کە پێویستە، پاش ئەوەی هەردوو بەڕێزان ئەگەنە ئێرە وبڕیاری راگرتنی شەڕ ئەدرێت، ئەویش خاڵێکە کە لە قسەکاندا هاتووە، وای بۆ دەچم ئەمە خاڵانەیە کە جەختی لەسەر کرا کە پەلە بکرێ لە راگەیاندنی بڕوادان بە کابینەی سێ یەم ئەویش خاڵێک بوو باسکراو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش جەختی لەسەر کرد کە ئەمڕۆ دەبوایە ئێمە رامانبگەیەندبایە بەپێی ئەو خاڵەی کە ئێستاکە لە بەرنامەی کاردا هاتووە، بەڵام دیارە ئەم رووداوانە وای کرد کە کارەکە نەبێت. بەڵام زۆر لە برادەران جەخت دەکەن لە سەر ئەوەی کە کابینە ئەبێ زوو رابگەیەندرێ و رۆژی سێ شەممە دواکات بێ، کابینە بڕوای پێ بدرێ، کابینە ناوەکانیان ناردووە بۆمان، بەڵام کە خۆیان ئامادە نەبن ئێمە ناتوانین باسی لێوە بکەین، ئێستا کاک د.کەمال فەرموو.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان هەموو کۆبوونەوەیەک وهەموو لێکۆلینەوەیەک ئەبێت ئەنجامێکی هەبێت، جا ئەنجامەکانی وەکو ئێوە باستان کرد لەم خاڵانەی خوارەوە دەنوێنن:

یەکەم: پشتگیری لە بروسکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران وهەردوو فراکسیۆن بکرێ بۆ دەست بەجێ کۆبوونەوەی پەرلەمان بە ئامادە بوونی هەردوو بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال.

دووەم: دەست بەجێ ڕاگرتنی شەڕ لە هەموو ناوچەکاندا.

سێ یەم: دەست بەجێ تاوانباران بگیرێن وسزا بدرێن.

چوارەم: لیژنەکانی پەرلەمان دەست بەکاربن بۆ نەهێشتنی شەڕو ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان.

ئەو چوارەیە ئینجا پاشان ئەگەر پەرلەمان رازی بێت لەسەر ئەمەو بڕیاری لە سەر بدرێت لە پاشان سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە وبلاوبکرێتەوە، ئەو کاتە باسی ئەوە کرا کەوا پەلە بکرێت لە دروست کردنی کابینەی سێ یەم، با ئەوە لەم خاڵانەدا جێگای نەکرێتەوە، بەڵکو بکرێت بە خاڵێکی تایبەتی، چونکە ئەمە تەنیا بۆ ئێستایە با بەمەسەلەیەکی ترەوە نەی بەستینەوە، جا ئەوەش دەتوانن بە جیا بڕیارێکی لە سەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پشتگیری لەو خاڵانە دەکەین کە بەڕێز کاک د. کەمال خستیەڕوو، بەڵام بەبۆچوونی من

پێک هێنانی کابینه بەشێکه لە ئاسایی کردنەوە ئەمە یەک، دوایی ئێمە کاتێکی دیاری کراو هەبێ، ئەگەر ئەمە نەکرا ئێمە چی بکەین؟ چونکە ئێمە ئێستا بەرامبەر پرسیارێک دەبین دەپرسین هەڵوێستی پەرلەمان چۆن بێت وەکو مامۆستا دێرشەوی وتی، ئایا سەقفی زەمەنی دابنێین یان دانەنێین؟ نازانم کاک د. کەمال ئاماژەی بەوە نەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ سەقفی زەمەنی کەوا دەست بەجێ کە کاتێک بۆ ئەوە دائەنێین، بەڵام بۆ ئەو مەسەلانە کەوا من باسم کرد، ئەبێ لە ئێستاوە دەستی پێ بکەین وئەگەر زۆر بەپێویستی ئەزانن کاتێکی دیاری کراوی بۆ دابنێین هەتا وەکو ڕۆژی شەممە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن من تەنیا تێبینییەکم هەیە، لیژنەکانی پەرلەمان ئەبێ دەست بەجێ بکەونە کار، ئەگەر بیبەستنەوە بە دانیشتنی ئەو دوو بەڕێزەوە لەڕاستیدا لەوەیە عەمەلی تر بێت، چونکە ئەوان بڕیارەکە ئەدەن، لیژنەکان بە هۆی دەسەڵاتێکەوە زیاتر ئەتوانن ڕوو بکەنە ئەو جێگایانەی کە گرژی تیایە، تەنیا ئەو تێبینییە بوو، ئەگینا ئەو چوار خاڵەی کە جەنابت باست کردن ناوەڕۆکی قسەکانی ئەندامانی پەرلەمانن ناکۆکیش لە نێوان جەنابت و هەردوو فراکسیۆندا نابێ، بۆ مەسەلەی کابینەش پێویستە بە بڕیارێکی ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێ و پەلەی لێ بکرێت، ئەگەر حەزیش دەکەن با دوا کاتی ڕۆژی شەممە بێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا تێبینیەکم هەیە، بەڕاستی پێم وایە ئەگەر بابەتی پێشکەش کردنی کابینەی سێ یەم بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی متمانەی وەربگرێ بە بڕوای من متمانەیەک ئەدا بە خەڵک و ئێستا بۆشاییەکی فراوان هەیە، ئێستا ڕاستە لەڕووی یاساوە ئەم وەزارەتە ئیش بەڕێوە دەبا، هەموو شتێک دەکا تاکو وەزارەتی تازە پێک دێت، بەڵام هەتا وای لێ هات لە ڕۆژنامەکاندا هەموو ڕۆژێ بڵێین ئەها سەعات (٣) خۆی پێشکەش دەکا، ئەها سەعات (٣) کە بوو بەر ڕۆژی چوارشەممە بوو بە پێنج شەممە، باماوەیەکی دیاری کراو بۆ ئەوەش دابنرێ کە ئەویش ببێ بە ڕۆژی شەممە وەکو پێشنیارێک ئەگەر لاریتان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو چوار خاڵەی کە بەڕێز د.کەمال فوئاد خوێندییەوە و ئەوەی دەربارەی کابینە گوتی، ئەگەر بە پەسەندی دەزانن بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەفدی پەرلەمانییەوە، من پێشنیاز دەکەم هەر ئێستا وەفدی پەرلەمانی بۆ نزیکترین جێ کوێیە بڕوا، چونکە ئێمە دوو دەوڵەتی هاوپەیمان نین بڵێین هەتا هێزەکان دەکێشنەوە، چەند پێشمەرگەیەکی پیادەن ودەتوانن هەر کەسە سواری لاندگرۆزەرەکەی خۆی بێت و، هێزە بێگانەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، من پێشنیار دەکەم وهەر ئێستا وەفدێکی پەرلەمان پێک بێت بۆ شەقلاوە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو هەڵوێستەت، بەڵام ئەو برادەرانە تاقیکردنەوەیان هەیە لە کاتی ئاڵۆزیدا، ئەزانم مەترسی زۆر هەیە، لەسەر مەسەلەی جێبەجێ کردنی، ئەرکەکانیان، لە بەر ئەوە پێویستە سەرکردایەتی ئەو دوو لایەنە ئێستا بڕیارێک بدەن ئەوکاتە ئەو لیژنەیەی کە ئەڕوات، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە ئەڕوات کە هەر دوولا ڕێکەوتوون لە سەری وهەردووک لایش فەرمان دەدەن بەهێزەکانی خۆیان کە شەڕ رابگرن و، ئێستاکە بۆ ئەم ئیشە هەردوولا لیژنەی تایبەتیان ناردووە وقەولە ئێستا لە شەقلاوە بن بۆ ڕاگرتنی ئەو بارودۆخەو، ئەگەر چوار ئەندامی پەرلەمانیش بڕۆن بۆ ئەوێ ئەوە باشترە کاک عەدنان فەرموو:

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت ئێستا لیژنەی حزب وحکومەت چووە، پارێزگار چووە، هەردوو حزبیش چوون، بۆ ئەوەی کەڵێنەکە دیار بێت، ئەگەر بە قسەی وانیان نەکرد (انشاءالله) ئێمە جارێکی تر دەتوانین شەڕەکە ڕابگرین، تا خەڵک بزانن پەرلەمان رای چییە، تکا دەکەین ئەمرۆ کاری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا کاک د.کەمال لەسەر ئەو خاڵە چ تێبینیت هەیە؟ یا بیخەینە دەنگدانەوە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان هەتا پەلە بکرێ لە شەڕ ڕاگرتن باشە، چونکە هەر ساتێک دوابخرێ لەوانەیە لە بەردەوام بوونی شەڕەکە کێشەی تازە بێتە پێشەوە وبۆمان چارەسەر نەکرێت، ئێستا بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بە ئێمە گەیشتوون کە لە هەموو ناوچەکان شەڕ ڕاگیراوە، نامەوێ باسی ناوچەکان هەمووی بکەم برادەران باسیان کرد من دڵنیاتان دەکەم بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلای ئێمە هەن لە هەموو

ناوچەکان شەڕ ڕاگیراوە، تەنیا لە شەقلاوە نەبێت، بەڵام ئەو لیژنەیەش کە لە هەردوو لێپرسراوی مەڵبەندو لق وپارێزگارو حکومەت وحزبەکانی چوون بۆ ئەوێ ئێستا گەیشتوونەتە شوێنی شەڕەکان، لەوێ بەپێی ئەو زانیاریانە کە تۆ دەڵێی بەڵام شەڕەکە بەردەوامە ومەسەلەکەش وایە وەکو کاک عەبدوڵڵا ڕوونی کردەوە کە هێزێکی زۆر لەسەر بارەگاکانی یەکێتی کۆبۆتەوە وئێمە تاکو ئێستاش نازانین مەبەست لەوەدا چییە، بۆچی کۆبوونەتەوە، بۆچی شەڕیان لەگەڵ دەکەن، بۆچی شەڕیان پێ دەفرۆشن، چونکە ئەوانە (٥٠ ــ ٦٠) کەسێکن لە بارەگاکانی خۆیان دەست درێژیان لە هیچ لایەنێک نەکردووە، ئنجا ئێستا لیژنەکە لەو شوێنەوە بروسکەیەکیان بۆ ئێمە ناردووە وتاوەکو ئێستا بەلای منەوە ڕوون نییە، نازانم ئەگەر بەلای خەڵکی ترەوە ڕوون بێت کە ئەو هەموو هێزە بۆچی لەوێ کۆکراوەتەوە و، ئەگەر بتوانین وەفدێکی پەرلەمانیان فریا بخەین ئەوا باشترە، بۆ ئەوەی کەوا ئەم شەڕە دەقیقەیەک زووتر بوەستێت هەر وەکو وتم لە بەر دەوام بوونی شەڕەکەوە لەوانەیە کێشەی تر دروست بێت، ئیتر شەڕەکە لە شوێنی تردەست پێ بکات. بۆیە حەز دەکەین کەوا ئەو شتەی کە نوسیمان بکرێ بە بلاوکراوەیەک ودەست بەجێش بلاو بکرێتەوە، ئێستا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا وبلێین وەفدێکی پەرلەمانیش ئەتوانێ لە کۆتاییەکەدا بەرەو ئەو شوێنانە بڕوات کەشەڕی لێیە، ئەتوانین بەو شێوەیە بیکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لەبارەی ئەو چوار خاڵەوە زۆرمان قسە کرد، پێویست ناکات چیتر لە سەر ئەم بابەتانە بڕۆین وچوار پێنج خاڵ جێگیر کران. وەکو هەموو جارێکیش ئەیدەین بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن، یان ئەیکەین بە بروسکە بۆ لایەنەکانیش ئەینێرین، واتا پێویستە ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە، یاخود تێکڕای دەنگی لە سەرە؟ وابزانم پێویستی بەوە هەیە بەنووسین بینووسین و بیڵێین لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا کە تەرخان کرابوو بۆ باس کردنی بارودۆخی کوردستان بڕیاردرا پشتگیری لەم خاڵانەی خوارەوە بکەین ئایا پێویست بەدەنگدان دەکا؟، باوەڕ ناکەم پێویست بەدەنگدان بکات، هەموو لایەک ڕازین. ئەمە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەمانە ئەگەر پێویست نەکا بە دەنگدان ئەوا ئەو چوار پێنج خاڵە کە باسمان کردن ئێستا بۆ هەردوو لایەنەکەی دەنێرین ودەیدەینە ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی یەکسەر ئەمشەو بخوێندرێتەوە، ڕۆژی شەممە کۆدەبینەوە و لەوێندەرێ ئێمە (لائحەی مەبادئمان) هەیەو ئەگەڕێینەوە بۆی، ئەوکاتەش هەڵوێست وەردەگرین بەرامبەر ئەو کێشانە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتەوە یادتان ئێمە لە بروسکەکەماندا نووسیبوومان ئەمڕۆ یا سبەینێ هەینییە، جا لە نێوان دوو کەوانەدا نووسی بوومان(هەینی) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر لێی تێ نەگەن، با ئەندامان

هەموو ئامادە بن ڕێ وشوێنیان زانراوە، ئەگەر پێویست بوو ئێمە سبەی ئاگاداریان دەکەین لەو کاتانەی کەوا داوایان دەکەن دێن بۆ پەرلەمان ئامادە دەبن، بەڵکو ئەو کاتەش ئەو دوو هەڤاڵە بەڕێزە دێنە پەرلەمان لەگەڵمانا کۆدەبنەوە، سەبارەت بەو خاڵانەی کە خوێندمانەوە وا دیارە لاریبیان لەسەر نییە، لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین کەوا پەرلەمان بەگشتی ئەم داوا کارییانەی هەیە، مەسەلەکە ئەبڕێتەوە، بەلآم سبەینێ ئەندامان ئاگادار بن کە هەر کاتێک داوایان بکەین پێویستە بێن بۆ پەرلەمان وەکو بڕیارە سبەی دێن بۆ ئێرە، کەوا شتێکی ئاساییە بێن بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**